واتە

3
کۆواریێکی ڕۆشنبیریی گشتییە
تشرینی یەکەم ٢٠١٠

هەوالنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35

واتە بۆ ئەوانەیە کە
دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان

هەوالنامەی کێبڕکێ

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
جێگری سەرنووسیار: سەباح ئیسماعیل
بەڕێوەبەری نووسیاری: چنوور نامیق
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد. بۆکان نووری. ئاریان ئەحمەد

سەروتار

بەدران ئەحمەد حەبیب

کۆواری واتە بایەخ بەو پرسانەدا کە بخوێنی کوردی دەبێ ئاگاداریان بێ و زانیارییان لەبارەوە بزانێ. ئەو پرسانەش یەکجار زۆرن. بایەخەکانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا زۆر تەنیوەتەوە و ئەگەر لەژێر سەردێر و تایتلی سەربەخۆدا بنووسرێتەوە ڕەنگە ئەو سەردێر و تایتلانە بگەن بەسەدان. مرۆڤی خوێندەوار لەم سەردەمەدا بۆ ئەوەی بتوانێ پێ بەپێی ژیان بڕواتە ڕێوە دەبێ لەبارەی هەموو ئەو چمک و دیاردانەوە زانیاریی سەردەمییانەی هەبێ. بەکورتی دەبێ ئینسایکلۆپیدیایی بێ و بایەخ بەژمارەیەکی زۆر بابەت بدا.

لەبەر ئەمە نابێ پێت سەیر بێ لە کۆواریکی وەک ئەم کۆوارەی ئێمەدا، ناونیشان و بابەتگەلی جۆێجۆێت بکەوێتە بەرچاو. ئەم بابەتانە بەڕواڵەت لە یەکترەوە دوورن، ناوچەی زۆر دوور و لەیەک جیاوازی دنیاش دەگرنە خۆیان بۆ نموونە بابەتێک لەبارەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەوە لە دوادوای دەسەڵاتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا، لەتەک بابەتێک لەبارەی سێکس فرۆشتنەوە لە کوبا، ئەمانە لە ڕواڵەتدا دوورن لەیەکەوە و شتێک نییە کۆیان بکاتەوە بەڵام ڕاستیت بۆێ وانییە. ئەمانە دەبێ بەیەکەوە و لە یەک شوێندا بخرێنە بەردەستی خوێنەری کورد. دەیان و سەدان بابەت و پرسی تری لەم جۆرە، لەم سەردەمەدا بوونەتە ئەرک بەسەر خوێندەوارەوە کە زانیارییان لەبارەوە بزانێ تا لە دواجاردا بتوانێ وەک مرۆڤێکی سەردەمی، دنیابینییەکی ڕێک و ڕەوانی هەبێ.

لەم سێ ژمارەیەی واتەدا بابەتێک نەبوو بۆ بخوێنی کوردی پێویست نەبێ، لە ژمارەکانی داهاتووشدا سەدان بابەتی تر لەبارەی پرس و کێشەی جۆرەوجۆرەوە دەخرێنە بەردەست. ئەمە ئەرکی ئەم کۆوارەی ئێمەیە. تکایە کەس وا تێ نەگا کارەکان کارێکی هەڕەمەییە و لە

چێشـتی گاوانان دەچێ. نەخـێر بەرنامـەی کارەکـەمـان ئـەمـەیە کـە دەبینن، بـەر لە دەرچوونی ژمـارەی یەکـەمیش نامـەیەکمـان ئاراستـەی زۆر لە رۆشنبیـرانی ناسـراو کرد و ئەم ئـامانجـەی خۆمان تێیدا روون کردەوە. لە سـەروتاری ژمارە یەکەمی واتەشدا بەدرێژی لێی دواین.

دەمـێنێتـەوە سـیاسـەتی کۆوارەکـە، لەمـەشدا دەمـەوێ رووونکردنـەوەیـەک پێشکێش بکـەم. وەک دەبینن زۆربـەی بابـەتـەکان لە زمـانـانی تـرەوە هـاتوونـەتـە وەرگێڕان بۆ سـەر کـوردی. هـەریـەکـەی لە زمـانێک و لە وڵاتێکـەوە. بیـر و بۆچوون و سـەرگـە هزرییـەکـان لـەیـەکـەوە دوورن. بـەڵام دەشـێ هـەمـوویان لە هێڵـێکی پاندا جـێیـان بۆ بێـتـە کردنـەوە. ئـەمـەش سـیـاســەتێکە ئەم ســەردەمـە سـەپاندوویەتی نـەک تـەنیـا بەســەر داوودەزگـا رۆشنبـیـری و بـڵاوکـراوەکـاندا بگرە تـەنانـەت خوێنەرانیش دەبـێ لیبرالانە شت بخـوێننەوە و لیبـرالانە تاوتوێیان بکەن. دروسـتکردنی مرۆڤی مـێـشک کـراوە و زمـان هـەراش و رەخنـەگـر بـەوە دەبـێ بابـەتی جـۆراوجـۆری لە روانگـەی جـۆرەوجـۆرەوە بۆ بخـرێتـە بەردەست. بخـوێن دەبـێ دەرگـە و پەنجـەرەکـانی مێشکی خـۆی بۆ هـەموو شنەبایەک والا بکا.

بەنەخـتی و بەپوختی، دەمـانـەوێ بـخـوێنـەوەی کورد بابـەتگـەلی سـەردەمـیـانـە بخـوێنێتـەوە و سـەردەمـیـانـەش لە دەوروبـەر رابمێنێ و سـەردەمـیـانـەش بڕیار بدا و هـەڵسـوکـەوت بکا. ئـەمـە ئامانجی سـەرەتا و بنەتای کۆواری واتەیە. هیوادارین لەیەک دووریی بابـەتـەکان سـەرنج بۆ ئـەوە رانەکێشـین کە کـارەکـەمـان جـەڵەبی و هـەڕەمـێـیـە و چۆنی بۆمان هـاتبێ خسـتبمانـە سـەر یـەک تاوەکـو کـۆواریکی قـەبارە زلی لێ بخـەینە بازێرەوە. دەزگـای ئاراس پێـویسـتی بەم جـۆرە خـۆنواندنـانـە نـیـیـە. هـیـچ بابـەتێکیش بەزلی و گـەورەیی نـایـەتـە هـەڵسـەنگاندن. نرخ و پـەند لە ناوەرۆک و رێبـازدایە. زۆربـەی بابـەتـەکـانی ئـەم کـۆوارە دەتوانم بڵـێم لە ٩٠٪ زیاتری، پێش وەرگێڕان یان نووسـین هـاتوونـەتـە تاوتوێکردن و سـەرنجیـان لەبارەوە هـاتوونـەتـە گـۆڕینـەوە، تا گەیشتووینەتە ئەوەی ئاخۆ ئەم بابەتە بۆ بخوێنی ئەمڕۆی کوردستان پێویستە یان نا.

ئاسۆی واتە

دوکتۆر محەمەد شەریف ئەحمەد*

هەولێر کتێب

پێشەکی

کۆواری ڕەنگینی تازەی کوردەواری (واتە) کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر ئاراستەی خوێنەری کوردی دەکا لەو دوو ژمارەیەی دەستپێکی نیشانی داوە کە گەرەکیەتی ئاسۆی (واتەی کوردی) فرەوانتر بکا و هەروەها ئاواتەکانی ڕۆشنبیری کوردیش بەرەو ئاسۆیەکی تازە ببات.

ئەم ئامانجە دڵڕفێنانە تەنیا وشەی (واتە) هەڵی دەکرێ، هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەم وشەیە سەرنجی بۆ خۆی ڕاکێشام؛ چونکە (واتە) وردبوونەوەیەکی زمانەوانی و لۆجیکی و زانستی فەلسەفییانەی تێدا هەیە و ئاسۆیەکی یەکجار فراوانیشی لە گوزارشتکردن لە هەست و هەڵوێستی ئادەمیزاددا نیشان دەدا.

ئەگەرچی دەکرێ مانای وشەی (واتە) لە فەرهەنگێکدا دەربێنین و بەیەک وشە ڕزگارمان ببێ و بزانین کە دەکاتە (مەبەست یاخۆ meaning)، بەڵام خۆ وشەی (واتە) هەروەها ڕەمەکی (هکذایی) نییە؛ چونکە واتە هەر ئەو مەبەستە نییە کە ڕاستەوخۆ لە وشەکەوە دەزانرێ، بگرە واتە، جگە لە مانای ڕاستەوخۆ، جۆرێک لە هەست و هەڵوێستی تر لە خەیاڵی مرۆڤدا، دەوروژێنێ کە وشەکە دەماودەم نایگرێتەوە. ئەم چەشنە ووروژاندنە، لە زانستی لۆجیکدا پێی دەڵێن: (دلالة التزامية) یان بەڵگەی پابەندبوون.

* سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی لە کوردستان

هەروەها لە بنەماکانی شرۆڤەکردنی دەقەکانی یاسا یاخۆ شەریعەتدا، چەند زاراوەیەک بۆ پۆلێنی ئەم واتایانەی کە لەم دەقانەدا گوزارشتی لێ دەکەین، هاتووە: وەکو واتەی یان چەمکی تەبا (مفهوم موافق)، چەمکی دەروازەی باشتر (المفهوم من باب أولى) و چەمکی ناتەبا (مفهوم مخالف).

ئەمانە، هەموویان، ئاسۆی واتە فراوان دەکەن. بۆ ئەوەی وشەکانمان بەپێویستییە دەروونییەکانمان ڕابگا، چارەسەری هەست و خوستی مرۆڤ بکا، واتە هەر لە سنووری پیتەکانی وشەدا نەمێنێ واتا ئەگەر هەر لە سنووری وشەدا بمێنێ، نە یاسا کەڵکی تەواوی دەبێ نە ئەدەب و کولتووری ڕۆشنبیری و نە شیعر و نە پەخشانیش گەشە دەکەن و ئیتر لە جێی خۆیاندا دەچەقن.

هەروەها زانایانی فەلسەفەی یاسا باس لە هەندێک وشە دەکەن کە (واتە)کەی مژاوییە و بەم مەبەستە هەموو سنوورەکەی دیار نییە. دەڵێن جگە لە خاڵی ئاشکرا، پانتاییەکی هەیە کە لە سێبەری وشەکەدایە، نازانین واتەیە ئەویش دەگرێتەوە. نموونەی زۆرە بەتایبەتیش ئەو چەمکانەی کە پێویستییان بەچەند پێکهاتەیەک هەبێ، بۆ نموونە دەڵێین وشەی کۆمەڵێک بەرد، بێگومان ١٠٠ بەرد دەبێتە کۆمەڵێک، ٢ بەرد نابێتە کۆمەڵە، ئاخۆ ١٠ بەرد پێی بێژن کۆمەڵە بەردێک؟

دیارە جارجار واتە لەگەڵ سێبەری وشەدا ئیش دەکا. هەروەها دیاریشە کەواتە دووانییە (ثنائية) ئەو دووانییەش سروشتییە و لەناو چەمکی ژیانیشە:

ژیان و مردن؛ ڕووناهی و تاریکی؛ گەرم و سارد؛ پۆزەتیف (موجب) و نێگەتیف (سالب)، بەهەمان شێوەش دبێژن: وشە و واتە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئادەمیزاد تەنیا وشەی بەدەستە بۆ گوزارشتدان لە هەست و ویستی، نەخێر، ئامێرێکی زۆری پێ هەیە بەتایبەت لە جۆری ئامێری هونەری (فنی) وەک نیگار و جووڵە و شێوەکار و... هتد، بەڵام کە مێشک فیدباکی دەکات، وشە بەکار دێنێ، دەڵێت جوانە؛ وەکو پێشتر گوتمان وشە هەر واتەی ڕاستەوخۆی نییە، بگرە هەندێک لەو وشانەی کە مێژووی خۆیانیان هەیە و لەناو دڵی کۆمەڵدا، خۆیان چەسپاندووە، یان چەند چەمکێکی پێوەندیداریان هەیە، ئەمە خەیاڵی بیستەر (مستمع) لەسەر واتەی ڕاستەوخۆدا، ڕاناوەستێنێ، بگرە دەڕوات بۆ هەموو ئەو چەمکانەی کە ئەم وشەیە دەیانوروژێنێ.

بۆ نموونە پێشتر باسی ژمارە چار و جووتیی دەکرا. بەڵام بلا ئێمە نموونەیەکی پاراوتر بێنینەوە و ئەویش:

وشەی (پێشمەرگە)یە:

هەوڵنامەی کتێب

واتە ئامادەکەی: پێشمەرگە مرۆڤێکە لە پرۆسەی ئازادیی میللەتی کوردستان بەشدارە یان پێشتر بەشدار بووە. بەڵام ئەم وشەیە هێمای زنجیرەیەک لە خەبات و فیداکارییە؛ بۆیە لەگەڵ وشەی پێشمەرگە، ئەم ئاسۆیە فراوانە لە واتەی ئەم وشەیەدا وەدیار دەکەوێ؛ لەوانەیە بگوترێ مەبەستە دیارێکتەکەی لە بیر بکرێ.

وشەی ئەنفالیش بەهەمان شێوە، هێمای زنجیرەیەکە لە تراجیدییەکانی دڵتەزێن کە لە سەردەمی ڕێژیمی دیکتاتۆرییەتی سەدام و بەعسییەکان، بەسەر کورددا هاتووە.

بەڵێ، وشە دەنگێکی میکانیکییە، لە چەند پیتێک دروست دەبێ، ئاماژە بەشتێک دەکات، چ ناو، چ کار، کە دەچێتە ناو ڕستەیەک دەبێتە هێمای مەبەستێک کە لەناو زیهنی مرۆڤدا خۆی شاردووەتەوە.

بۆیە یاساناسەکان دەڵێن هەرچەند مرۆڤ، لە دانانی یاسا، پسپۆڕی زۆر بێ، ناتوانێ بە وشە گوزارشت لە هەموو پێویستەکانی ئێستا و داهاتوو بکا.

بەڵام ئەو ڕاستییە لە یاد نەکەین: کە مێژووناسانی شارستانی دبێژن: کە ئادەمیزاد پێی کرا بە وشە گوزارشت لە هەست و ویستی خۆی بدا ئەمە قۆناخێکی شارستانیەتی بوو کە تا ئێستا بە پێشکەوتووترین داهێنان دەژمێردرێ لە ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی شارستانیی (حضاري) مرۆڤ.

بۆ ئەوەی پتر تیشک باوێینە سەر ئاسۆی فراوانی واتە، با گەشتێک بەنێوان پانتاییە بێ سنوورەکانی (واتە)دا بکەین. لە زانستی لۆجیک کە بابەتی بابەتی واتە دەدا. دووەم (واتە) لە یاسا و فیقهدا چ دەگەیەنێ:

١- واتە و لۆجیک (علم المنطق).

لۆجیک ئامێری ڕاستکردنەوەی هزری مرۆڤ و زانستێکە هزری مرۆڤ لە هەڵەکردن دەپارێزێ؛ لۆجیک وەک تەرازوو وایە، بۆیە غەزالی بە(پێوەری زانستەکان - معیار العلوم) ناوزەدی دەکا.

لۆجیکزانەکان دەڵێن: "بابەتی ئێمە هزرە و واتەیە (معنی) نەک وشەکە خۆی." ئەوان، کە پێشەکیی بابەتەکانیان باسی وشەیە، دەڵێن: "ئێمە چارەمان نییە، دەبێ باسی وشە بکەین، چونکە واتە - کە بابەتی ئێمەیە - بارێکی دەروونییە، تا ببێتە دیاردە و کاری لەسەر بکرێ دەبێ لە قەبارەیەک بە دیار بکەوێ؛ ئەمەش کاری وشەیە، بۆیەش دەڵێن "وشەکان قەوارەی واتەکانن." (الألفاظ قوالب للمعاني).

ئەوەش دەڵێن کە: باشە، وشە کە واتەی خۆی هەیە، ئەم واتەیەش پێش ئەوەی ببێتە وشە،

هەر لە دەروونی مرۆڤدا بوو.

ململانێیەک هەیە، ئەویش ئەمەیە: ئاخۆ وشە بۆ مەبەستی ناو دەروون داندراوە، یان بۆ ئەو شتەیە کە لە دەرەوەی زیهن (ذهن)دا هەیە.

زۆربەی زانایانی لۆجیک دەڵێن:

وشە بۆ ئەو واتەیە ڕێک خراوەکە لە زیهنی مرۆڤدا هەیە؛ بۆیە وشە بەگۆڕانی ئەوەی لە زیهنی مرۆڤدا هەیە، دەگۆڕێ.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ململانێیە، بۆ نموونە، دەڵێین:

ئەگەر ئێمە لە دوورەوەڕا شتێکمان دیت، لە هزری خۆمان وامان زانی کە شتەکە (بەردە)، ناوی دەبەین (بەرد) و دەڵێین: ئەم شتەی لە دوورەوەڕا دیارە بەردە. بەڵام کە لێی نزیک بووینەوە، دڵنیا دەبین کە، نەخێر بەرد نەبووە، بگرە ئەمە ئاژەڵە. جا کە ئەوەی لە هزرماندا هەبوو گۆڕا، وشەکەش دەگۆڕێ.

لەبەرئەوەی بابەتی لۆجیک هزرە وشە نییە، بۆیە زانایانی لۆجیک لە وشە و ئەو شتانەی کە بەڵگەی (دلالە) بۆ دەکەن خۆیان بەڕێزمان (نحو)ی عەرەبی نابەستنەوە. بگرە بەشێوەیەک باسی لێ دەکەن کە لەگەڵ هەموو زمانەکاندا بگونجێ.

لە کن زانستی لۆجیک (علم المنطق)، وشە هێمای ئەو واتایەیە کە بۆی داندراوە، یان لەسەرییەوە ڕێک کەوتوون (اصطلاح)، بەڵام لە هەمان کاتدا، جگە لە واتەی ڕاستەوخۆی کە لە قاموس وەدەست دەکەوێ، ئاماژە بەچەند چەمکێکی تر دەکات کە هەندێ وشە لە خەیاڵی مرۆڤی بیستەر (مستمع)دا، دەیوروژێنن. هەر وەکو لە پێشەکیی ئەو توێژە باسی وشەی پێشمەرگە و ئەنفال کراوە، لە زانستی لۆجیک، بۆ نموونە، دەڵێن: ئەگەر وشە ئادەمیزاد گوترا، ئەوە بەهزرماندا دێ کە وشەی نووسەر بێ. بێگومان ئەم تایبەتمەندییە بەهزرماندا نایەت ئەگەر ناوی هەر ئاژەڵێکی تر بگوترێ؛ یاخۆ جووت و تاقی بۆ ژمارە دوو. بەم پێوەندییە دەڵێن (لزوم ذهنی) یان پێوەستی هزری – دەروونی.

ئەمە وا دەگەیەنێ کە دەبێ پێوەستێکی هزری لە نێوان واتەی وشە و ئەم چەمکانەی کە دەیوروژێنێت هەبێ. کە باسی کوێر بکرێ چاوساغ دێتە خەیاڵ؛ لە هەندێک جار پێوەستە کە نەریتییە (لزوم عرفی)، وەکو باران و گیا، یاخۆ پێشمەرگە و ئازایەتی. ئەگەر ئێمە لە زانستی زمانەوانیدا، باس لە وشەی تاک بکەین، دەبینین لە زانستی لۆجیک باس لە واتەی تاک دەکا و پۆلێنیشی دەکات و ئەم جۆرەش درێژەی دەروونی دەڵێین:

کە شتێکت زانی، وێنەی ئەم شتە لەناو هزرتدا دروست دەبێ، ئەمەیە پێی دەڵێن زانست، ئەم وێنەیە لە هزریدا چەسپاوە. ئەگەر لەم وێنەیەدا ورد ببینەوە، بێی ئەوەی تێبینیی ئەوە بکەین کە

لە هزری مرۆڤەکەدا هەیە، پێی دەگوترێ (زاندراو – معلوم).

هەروەکو زانست پۆلێن دەکرێ و دەڵێن: زانست یان تەنیا هێنانە پێش چاوە (تصور)، یاخۆ پەسندکردنی بڕیارێکە (تصدیق).

هەروەها زاندراویش پۆلێن دەکرێ:

١- زانراوی تاک هەیە؛ کە ناکرێ لە یەک زیاتر بێ، وەک ناوی مرۆڤەکان شوان، حەسەن، شێرکۆ؛ ئەمانە ناون و تەنیا یەکێک هەڵی دەگرێ.

٢- زانراوی تێکڕایی (کلی) هەیە؛ ئەمەیان بەپێچەوانەی زانراوی تاکە، دەشێ تاکی زۆری هەبێ. چونکە زانراوی تێکڕایی بۆ پێناسەی ڕاستییەکان (حقائق) بەکار دێ، بۆیە بۆ پێنج جۆرە زاراوەی تێکڕایی پۆلێن کراوە:

أ) ڕەگەزە (جنس) کە بڕێتییە لەو تێکڕاییەی (کلی) کە زۆر بەشی جیاوازی هەیە، هەر یەک لەو بەشانە ڕاستی خۆی هەیە و ئەویش بۆ بەجۆرێکی تر تێکڕاییە، وەکو ئاژەڵ کە ڕەگەزە، چەند جۆر ئاژەڵ هەیە، وەکو مرۆڤ، مانگا، پەز، دەوار... هەریەک لەوانە ڕاستیی خۆی هەیە، تێکڕاییە بەڵام ڕەگەز نییە و جۆرە.

ب) جۆرە (نوع) بڕێتییەلەو تێکڕاییەی کە هەموو تاکەکانی هاوبەشن لە ڕاستیی ئەم جۆرە وەکو ئادەمیزاد، کە هەموو تاکەکانی هاوبەشن لە ڕاستیی مرۆڤایەتیدا.

ت) بەشە (فصل) کە بڕێتییە لە تێکڕاییەک ئیشی ئەوەیە جۆرەکان لە یەکتری جودا بکاتەوە، هەر وەکو هزرڤان (مفکر ناطق) ئادەمزاد لە ئاژەڵەکانی تر جودا دەکاتەوە.

پ) تایبەت (خاصە) بڕێتییە لە تێکڕاییەک کە پێوەندی تایبەتی هەیە بەجۆرێک، وەکو پێکەنین بۆ ئادەمزاد.

ج) گشتی (عرض عام) بڕێتییە لە تێکڕاییەک کە تایبەت نییە تەنیا بەڕاستییەک (حقیقە) بگرە لەگەڵ زۆر لەڕاستییەکان دەگونجێ، وەکو بڵێین دەڕوات بۆ ئادەمزاد. خۆ ئاژەڵیش دەڕوا.

بۆ ئەوی زیاتر ئاسۆی واتە فراوانتر بێ، ئەم ڕوونکردنەوەیەش پێویستە: ویژدان یاخۆ هەر یەکێک لە ئامێرەکانی هەست و ئیحساس (بینین، بیستن، بۆنکردن، دەست لێدان، تامکردن) هەروەها عەقڵ، ئەمانە سەرچاوەی زانینن (مصادر المعرفة). بەڵام وەکو باسمان کرد لۆجیک کار لەگەڵ زانراوی گشتی (مفهوم کلی) دەکات کە ئیشی ئامێرەکانی هەستکردن نییە. بۆ ئەوەی پێوەندی نێوان زانراوە تێکڕایەکان مژاوی نەبێ، لۆجیک بەراورد دەکا لە نێوان ئەم زاندراوانەدا بەم جۆرە:

ئەگەر هاتو دوو تێکڕایی پێکەوە دەکرا بن بەوەسفی بابەتێک وەکو چەمکی هۆشمەند و چەمکی ئینسان ئەوە ئەو دووە تێکڕاییە یەکسانن، هەر یەک لەمانە شوێنی ئەوەکەی تریان دەگرێتەوە. ئەگەر هاتو یەکێکیان لەوی تریان گشتی تر بوو و ئەوی تریان کەمتر بوو، دەکەوتە ژێر زانراوی تر کە پێوەندی ئەم دوو تێکڕاییە دەبێتە تایبەتی گشتی ڕەهایە (عموم وخصوص مطلق). هەردەم ئاژەڵ وەکو ڕەگەز گشتیترە لە ئادەمیزاد وەکو جۆرێک لە ئاژەڵ. ئەگەر یەکێکیان پێچەوانەی ئەوی تریان بوو، پێکەوە دانوویان نەدەکولا، ئەم دوو تێکڕاییە دژی یەکترن (تباین) وەکو خوێندەوار و نەخوێندەوار. ئەگەر ئەم دوو تێکڕاییە لە هەندێک نموونەدا کۆ ببنەوە و لە هەندێک یەکێکیان دەبوو و ئەوی تریان نا، ئەوە پێی دەڵێن (عموم و خصوص من وجه) واتە هەر یەک لەلایەکەوە گشتی ترە. وەکو چەمکی ئادەمزاد و چەمکی سپی. دەکرێ ئادەمزاد سپی بێ، هەر وەها سپیش نەبێ. سپیش دەکرێ ئادەمزاد بێ یان شتێکی تر.

٢- بێگومان ئەم بابەتە زۆری دەوێ، وەکو کوردەواری دەڵێن: "ئەم هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێ." تەنانەت کەباسی شرۆڤەی دەقەکانی یاسا بکرێ، یاخۆ باسی شەریعەت بکرێ، کە یەکێک لە بنەماکانی یاسا و فیقە دەڵێ: ئەو بنەڕەتەی بۆی دەگەڕێتەوە، مەبەست و واتەکانی نەوەک وشەکان (العبرة بالمقاصد والمعاني لا بالألفاظ والمباني) بەڵام خۆ بەم پەرت و بەڵاوییەوە ناچینە ناو ئەم توێژەوە، کاری ئێمە لێرەدا تەنیا ئەوەیە کە تیشک بخەینە سەر چەند خاڵێکی تایبەت بەپێگەی واتە لە پرۆسەی یاسادا، مەبەستمان لەوەی بزانین سنووری واتەی دەقەکانی یاسا چییە؟

لە برگەی یەکەمی یاسای سیڤیلی عیراقیدا (القانون المدني العراقي) هاتووە: "دەقەکانی یاسا، لە ڕێگەی واتەی ڕاستەخۆ یان ڕوح و مەبەستی دەقەکان، چارەسەری هەموو ئەو دۆزانە (مسائل) دەکات کە دەیگرێتەوە."

ئەم دەقە پێشانمان دەدات کە دەقی یاسا دوو جۆرە واتەی هەیە:

واتە یەکیان ڕاستەخۆ لە دەقەکانەوە وەردەگیرێ، ئەم واتەیە بەکارە ئەگەر دەقەکە تازە بێت، بارودۆخەکەی نەگۆڕا بێ، زەمان کاری لێ نەرکردبێ، ئەگەر زەمان بەسەریدا ڕەت بووبوو و حاڵەتە تیپیکاڵەکەی کە یاساساز ڕەچاوی کردبوو گۆڕانی بەسەردا هات، لەژێر پاڵەپەستۆی ئابووری یان کۆمەڵایەتی، لەم حاڵەتەدا مانای ڕاستەخۆ بەکەلک نایەت، کۆن بووە، بگرە پەنا دەبەینەبەر وردبوونەوە لە ئامانجی دەقەکە، لە چەمکە مرۆڤایەتییەی کە یاساساز لە کاتی دارشتنی یاسایەکەدا، ڕەچاوی کردبوو. ئەمەش پێی دەڵێن گیانی دەقەکە (SPIRIT) لە یاسای سوێسری، هەروەها ناواخنی دەق (فحوى النص) لە یاسای سیڤیلی عێراقیدا ئەگەرچی ڕوحی دەق زۆر وردتر و گشتیترە لە وشەی فەحوا کە خۆی لە دەروازەی باشتر (باب أولى) دەبینێتەوە

و بەس لای زانایانی فیقە و بنەماکانی.

ئاشکرایە کە زانایانی فیقە و بنەمایەکانی (الفقه وأصوله) زیاتر بالادەست و زیاتر زانیارییان بووە لە وردەکاری شرۆڤەی دەق، بەهۆی خەریکبوونیان بەشرۆڤەی دەقی شەرعی.

هەروەکو ئەوان دەڵێن، یاساناسانیش لەوانیان وەرگرتووە شرۆڤەی دەقی یاسا هەروەها شوریعەت بەدوو جۆرە:

١- مانای ڕاستەوخۆی وشە و ڕستەکان وەردەگێڕدرێ بێ کەم و زیادی ئەمەش پێی دەڵێن شرۆڤەی وشەیی لەلای یاسا ناسەکان (تفسير لفظي)

٢) شرۆڤەیەکە خۆی بە وشە نابەستێتەوە بگرە بەگیانی یان مەنتیقی دەقەکە ئەمەش جۆری زۆرە؛ دەکرێ ناوی ببەین بەشرۆڤی لۆجیکی (تفسير منطقي)، چونکە هەر دەقەکەیە، سەرنجت بۆ ئەم واتەیانە ڕادەکێشێ. لە دەرەوەڕا وەرنەگیراوە ئەگینا ڕەوا نابێ. ئەو چەمکانەی باسیان دەکەین ئەمانەن:

أ) چەمکی گونجاو (مفهوم موافق) دیارە هەر دەقێک هۆیەکی لە دواوەیە کە لە فیقە ناوی دەبەن بە(عیللەت یان سەبەب)، ئەم هۆیەی یاساساز لە بڕیاردان لە دەقەکەی ڕەچاوی کردووە لەهەر حاڵەتێکدا ئەم هۆیە بەڕوونی ڕوو بدا خودی بڕیارەکە دەیگرێتەوە؛ چونکە پرەنسیپی عەدالەت و یەکسانی وەسا دەخوازێ.

بۆ نموونە لە یاسای سیڤیلی عێراقیدا، لە ڕێگەی ٢١٠ هاتووە دادوەر بۆی هەیە قەرەبووی قەردارەکە کەم بکاتەوە ئەگەر خاوەن قەردەکە لە هەڵەکەیدا بەشدار بووبێ. باشە ئەگەر، نەک خاوەن قەردەکە، بگرە هۆیەکی بیانی لە هەڵەکەدا بەشدار بوو، ئاخۆ بڕیارەکە چۆن دەبێ؟ دادوەر هیچ لە قەرەبووەکە کەم ناکاتەوە؟ بەڵێ دادوەر چەمکی گونجاوی بەدەستەوەیە و دەڵێ دادوەر بەهەمان هۆ، بۆی هەیە قەرەبووەکە کەمتر بکاتەوە.

ب) چەمکی دەروازەی باشتر (المفهوم من باب أولى) دەروازەی باشتر زاندراوێکی لۆجیکییە، هەروەها زاراوێکی لۆجیکییە، لە یاسا و شەریعەتدا فرە بەکار هاتووە، پێوەندیی بە هەندێک بنەمای لۆجیکی هەیە وەکو بڵێین: ئەوەی زۆری هەیە دیارە کەمیشی هەیە.

کۆماری کوردان لە مەهاباد

ئارکی رووزڤێلتی گچکە

ئارکیبۆلد بولۆک رووزڤێلتی گچکە (١٩١٨–١٩٩٠) کوڕی ئارکیبۆلد بولۆک رووزڤێلتی گەورەیە و نەوەی سیەرۆکی ئەمەریکا تیۆدۆر رۆزڤێلتە. ئارکی سەرباز و ئەدیب و زمانزان و چاوکەبوو لەبارەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست هەروەها ئەفسەرێکی سی ئای ئەی ئەمەریکایی بوو کە زۆر شوێن لەوانەش عێراق و ئێران. ئەو هەروەها وەکو بەرپرسی نووسینگەی سی ئای ئەی لە مەدرید و ئەستەنبوڵ و لەندەن کاری کردووە. ئارکی بەلایەنی کەم بە ٢٠ زمان قسەی کردووە یان توانیویەتی بخوێنێتەوە.

ئارچی لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا بوو بە ئەفسەری هەواڵگری. لە کاتی دابەزینی سەربازانی ئەمەریکایی لە باکووری ئەفەریقا لە ساڵی ١٩٤٢ هاوڕێی سەربازەکان بوو. پاشان بوو بە پاشکۆی سەربازی لە عێراق و ئێران.

ساڵی ١٩٤٤ لە بەغدا و پاشان لە ١٩٤٦ لە تاران وەکو ئەفسەری سی ئای ئەی کاری دەکرد و بەنێو کۆماری مەهابادا گەشتی کردووە و ئاگەداری دواین ساتەکانی ڕووخانی کۆمار بووە. لە یەکێک لە وێنەکاندا دەردەکەوێت کە لەگەڵ قازی محەمەددا بەیەکەوەن.

ساڵی ١٩٨٨ یاداشتنامەیەکی بڵاو کردەوە بە ناونیشانی "بۆ حەسرەتی زانین: بیرەوەرییەکانی ئەفسەرێکی هەواڵگری" کە تێیدا زۆر بەتوندی پێوەست بوو بەسوێندەکەی بۆ پاراستنی نهێنییەکانی سی ئا ئەی کە تەنانەت ناوی ئەو وڵاتانەشی ئاشکرا نەکرد ئیشی تێدا کردبوون.

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان "مەلا شاخەوان"

قازی محەمەد لەگەڵ گەورەپیاوانی مهاباد و ئەفسەرانی کۆمار

خەونی نەتەوەپەروەرانی کورد بە کوردستانێکی سەربەخۆوە، بەشێوەیەکی بچووککراوە لە ئێران لە نێوان کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ و کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ هاتە دی. بناخەی کۆمارە بچکۆلانەکەی کورد و مێژووی کورت و پڕ ڕووداوی و ڕووخانی لە ناکاویشی چیڕۆکێکە زیاتر دۆخی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ ڕوون دەکاتەوە. هەروەها ئەو چمکە دژ بەیەکانەی بەشێوەیەکی سەیر لە خۆیانی گرتبوو وەک خێڵەکایەتی و سیستمی دژ بەیەکی ئیمپریالیست و سۆسیالیست و سوارچاکیی سەدەکانی ناوەڕاست و نەتەوەپەروەریی ئایدیاڵ هەموویان ئاڵۆزیی وێنەکەی کورد پێشان دەدەن، میللەتێکی بەم شێوەیەش مەرگیز یەکی نەگرتووە و لەنێو پێنج ولاتدا دابەش کراوە کە هیچ یەکێکیان پێی خۆش نییە خواستە نەتەوەییەکانی کورد بێنە دی.

لە ئەیلوولی ١٩٤١، هێزەکانی بەریتانیا و سۆڤیەت هێرشیان کردە سەر خاکی ئێران و ئەو بنیاتەیان ڕووخاند کە ڕەزا شای پەهلەوی بەسەختی دروستی کردبوو. دوای ئەوەی سەربازەکانی پەرت بوون، چەکەکانیان فرۆشت یان دایانە دەستی ئەو خێڵانەی هێشتا بە شاخە ڕووتەکانی ئێرانەوە بوون و پێوەستی ڕێکخستن و نەریت و شێوازی خۆیان بوون لە ژیاندا هەرچەندە شا هەوڵی زۆری دابوو بەسەریاندا زاڵ بێت. لەنێو ئەوانەی تری سوودمەند لەم هەرەسەی ئێران، ئەو خێڵە کوردانە بوون کە نیشتەجێی چیاکانی سەر سنووری ئێران لەگەڵ عێراق و تورکیا هەر لە ماکۆوە بەبن سێبەری زنجیرە چیای ئارارات‌ەوە تا دەگاتە قەسری شیرین لە سەرڕێی نێوان کرماشان و بەغدا لە باشوور.

لەلای باکورەوە، کورد خۆیان وا دیتەوە کە بە مۆڵگەی سەربازیی بەهێزی سۆڤیەتەوە دەورە دراون، لە ڕەزائییە و شاپوور و خۆی و ماکۆ. بەنەبوونی دەسەڵاتێکی کاریگەری ئێران، سۆڤیەتەکان پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خێڵەکاندا گرێ دا – جەلالی لە باکور و شکاک لە چیاکانی

ڕۆژاوای شاپوور و هەرکی لە ڕۆژاوای ڕەزائییە. سەرکردەی خێڵەکان، لەلایەن سۆڤیەتەکانەوە ڕێیان پێ درا خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن و لە بەرامبەری ئەمەدا داوایان لێ کرا ئاسایش بپارێزن و سەرانە بدەنە سوپای سوور. لە ئاراستەی باشووری ناوچەی کوردانیش، نێزیک بەڕێگەی کرماشان و بەغدا – کە یەکێک بوو لە شادەمارەکانی گەیاندنی پێداویستەکان لە نێوان هاوپەیمانە ڕۆژاواییەکان و یەکەتیی سۆڤیەت – هێزەکانی بەریتانیا ئارامیی خێڵەکانیان ڕاگرت.

لەو ناوچە فرەوانەی نێوان هێزەکانی بەریتانیا و هێزەکانی سۆڤیەتدا و لەو بۆشاییەی ئێرانییە هەڵاتووەکان جێیان هێشتبوو، کورد تواناییان ئۆتۆنۆمیی خۆیان بەدەست بهێننەوە. لە سەرەتادا، هەردوو مەڵبەندی سەرەکیی ناسەقامگیری مەریوان و چیاکانی هەورامان بوون، کە لەوێدا مەحموود خانی کانی سێنان دەسەڵاتێکی ناجێگیریان دامەزراند، لە بانەش حەمە ڕەشید خان، کە ماوەیەکی زۆر بوو بۆ عێراق دەرکرابوو، میرنشینێکی دروست کرد کە سەقز و سەردەشتیشی گرتەوە. ئەم دوو سەرکردە خێڵەکییە بۆ ماوەیەک لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە دانیان پێدا نرابوو وەک حاکمی نیمچە فەرمیی ناوچەکە، بەڵام لە ڕێی سوپای فەرمییەوە بەرەو عێراق ڕاو نرابوون. بەهاتنی پایزی ١٩٤٥، هەموو کوردستانی باشووری هێڵی سەقز – بانە – سەردەشت دووبارە کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی تەواوی حکوومەت. بەمەش بۆشاییەکە بچووک کرایەوە و تەنیا بووە ئەو شوێنەی لە نێوان ئەم هێڵە و ناوچەی هێزەکانی سۆڤیەت کە لە ڕەزائییە جێگیر بوون و لەو ناوچەیەدا تەنیا یەک شارێک هەبوو کە شیناوی باس بێت ئەویش مەهاباد بوو کە پێشتر بە ساوجبلاخ ناسرابوو و چەند میلێک لە باشووری دەریاچەی ورمێوەیە.

دروستکردنی کۆمەڵە

لەم شارەی مەهابادەدا بوو، کە هاوپەیمانان لێی گەڕابوون دواین بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەدایک بوو. لە ١٦ی ئابی ١٩٤٣، ژمارەیەک لاوی کورد کە زۆربەیان وردە بازرگان و وردە فەرمانبەر بوون لە شارەکە، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیان دروست کرد. بەمەبەستی پاراستنی نهێنیی کارەکە ژمارەی ئەندامانی حزبە نوێیەکە لە خوار سەد ئەندامەوە هێڵرایەوە و حزبەکە دابەش کرایە سەر چەندان خانە و کۆبوونەوە نیمچە هەفتانەکان هەرگیز دووجار بەدوای یەکدا لە هەمان شوێندا نەدەکرانەوە. پێڕۆی کۆمەڵە نەتەوەپەرستانە بوو و ئەندامانی دەبوایە تەنیا لەو کوردانە بن کە لە هەردوو سەرەوە کوردن و تەنیا یەک دایکێکی ئاسووری لەم بنەمایە وەدەر نرا – ئەمەش ئاماژەیە بۆ پێوەندیی بەهێزی نێوان کورد و ئاسوورییەکان.

کۆمەڵە بەخێرایی تەشەنەی کرد، نەک تەنیا لە ئێران، بگرە لە وڵاتانی تریش، چونکە کورد پێیان وابوو ئەم گرووپە نوێیە لە حزبە نەرێتییە نەتەوەییە کوردییەکان چالاکترە. نووسینگەگەلی کۆمەڵە لە شارەکانی عێراق وەک مووسڵ و کەرکووک و هەولێر و سلێمانی و ڕواندز و شەقڵاوە کرانەوە، تەنانەت نووسینگەیەکیش لە تورکیا چالاک بوو کە لەوێدا چالاکیی نەتەوەیی کوردانە تاوانێک بوو سزاکەی مردن بوو. سەرکردەی خێڵەکانی دەوروبەری مەهاباد نوێنەری خۆیان دەنارد و هاوکاریی

خۆیان دەخستە ڕوو. وەڵامیش ئەوە بوو کە ئەوان لەو کاتەدا پێویست نین و لەوانەیە لە داهاتوودا بانگ بکرێن. گومانی تێدا نەبوو کە ئەو دوو زلهێزەی گرینگییان بەناوچەکە دەدا هەواڵی کۆمەڵە دەبیستن. بەریتانیاییەکان کە بیرە نەوتینەکانی کەرکووکیان دەکەوتنە ولاتی کوردەوە بەوردی چاودێریی پێشهاتەکانیان دەکرد. هەندێ جار ڕاوێژکاری سیاسییان لە مووسڵ خۆی دەگەیاندە نزیکی مەهاباد، لە کاتێکدا دەست و پێوەندەکانی لە ڕواندز و کەرکووک و هەولێر و سلێمانی گیرسابوونەوە. لەبەرئەوەی بەریتانیاییەکان ئەگەر پشتگیریی خواستەکانی کوردیان بکردایە ئەوا ناڕەزاییی عەرەب بەرز دەبووەوە، بۆیە خۆیان لە بانگەواز و داخوازی نەتەوەپەروەرانی کورد کەڕ کرد.

دزەکردنی سۆڤیەت

پرسەکە بۆ سۆڤیەت بەجۆرێکی تر بوو. پێش هەموو شتێک، ئاشکرا بوو ئەوان ئامادە نەبوون بۆ کاری کاریگەر لەنێو کورداندا، هەرچەندە جارێک لە ساڵی ١٩٤٢ بەبانگهێشتنی ئاغاکان بۆ باکۆ ئەو کارەیان کرد. لە بەهاری ئەو ساڵەدا، کاتێک کورد هێرشیان کردە سەر چەند گوندێکی ڕۆئاوای دەریاچەی ورمێ، سۆڤیەتەکان تەنانەت سوپای ئێران جەندەرمەیان بۆ ئەو شوێنانە گێڕایەوە (هەرچەندە شیمانەی چالاکبوونەوەیانیان خستە ژێر کاریگەریی دەستوەردانی بەردەوامەوە). بەڵام سۆڤیەتەکان بە ڕوونی شیمانەی دۆخەکەیان بۆ ئاشکرا بوو. ساڵی ١٩٤٤ ئازەربایجان و کوردستان پڕ بووبوون لە کارەندی سیاسی و کرێگرتەی سۆڤیەت، کە زۆربەیان لە موسڵمانەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوون. کاتێ لە کوردستان لە دەوری کونسوڵگەی سۆڤیەت لە ڕەزائیە چڕ بووبوونەوە و بەند بوو بەو کەسەی بەڵایەنی کەمەوە یەکێک بوو لەو سەد هەزار کوردەی سۆڤیەت، کە بە کاپتن جافەرۆڤ ناسرابوو و بە ئازادی لەنێو خێڵەکی و گوندەکییانی ناوچەی کوردی هاموشۆی دەکرد.

مێژووی چالاکیی سۆڤیەت لە مەهاباد بۆ ئەو ڕۆژانە دەگەڕێتەوە کە دوو پیاوی ئەوان، بەناوی عەبدوڵڵایۆڤ و حاجیۆڤ دەرکەوتن، لە ڕووکەشدا بۆ کڕینی ئەسپ بۆ سوپای سوور. ئەمەش دیدارێکی سەرپێیی بوو کە بۆ یەکەمین جار بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیانی گەیاند. چیرۆکەکە ئەمەیە، عەبدوڵڵایۆڤ لە دووکانی مەیفرۆشێکی ئەرمەنی لە مەهاباد چاوی بەپیاوێک کەوت کە بەرگی کوردیی پۆشیبوو و بۆ پۆشینی ئەو بەرگە نەتەوەییە پەسنی دا. ئەم بایەخدانە سەرنجی کابرای کوردی بەکێش کرد، کە بە ڕێککەوت یەکێک لە دامەزرێنانی کۆمەڵە بوو. دوای ئەوە دوو پیاوەکە کەوتنە گفتوگۆ و لە کۆتادا کوردەکە پرسیاری ئەوەی کرد ئاخۆ سۆڤیەتەکان لە کاتی دروستکردنی پارتێکی نەتەوەپەروەر لەلایەن کوردانەوە ئامادەن پڕ چەکی بکەن، عەبدوڵڵایۆڤ خۆی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە لادا و پرسی "بۆ ئێوە لە کێ دەترسن؟"، کوردەکەش لە وەڵامدا وتی ئەوان تەنیا لە خانەکانی خۆیان دەترسن. دوای ئەمە کوردەکە عەبدوڵڵایۆڤی بردە ماڵێکی تایبەت و لەوێ بەسەرکردەکانی تری کۆمەڵەی ناساند. دوای ئەمە پێوەندیی زیاتر لەگەڵ دەسەلاتی سۆڤیەت ڕێک خران و یەکێک لە سەرکردەکانی کۆمەڵە کە زمانی ڕووسیی دەزانی کرایە ئەفسەری

هەوڵنامەی گەڵ

قازی محەمەد و رووزڤێلت

پێوەندیی پارتەکە. لەو کاتەوە، هەرچەندە پرۆگرامی پارتەکە داوای پێوەندیی لەگەڵ هەر یەکێک لە سێ زلهێزەکە دەکرد، کۆمەڵە بە ئاشکرا خزایە نێو خولگەی سۆڤیەتەوە.

لەو دەمە (ڤۆکس) کە ڕێکخراوی نێردەوڵەتیی پرۆپاگەندەی سۆڤیەت بوو، دەستی کرد بەدروستکردنی ژمارەیەک (کۆمەڵەی دۆستایەتیی کولتووریی ئێران – سۆڤیەتی) لە گشت شوێنێکی ئێران. لەلای خۆشیەوە کۆمەڵە ئەوەندەی پووبوو ئیتر نەدەکرا کۆبوونەوەکانی لە مالاّن بکرێن بۆیە سەرکردەکانی داوایان لە سۆڤیەت کرد لقێک لە مەهاباد بکەنەوە و هیوایان دەخواست بەم کارە شوێنێک دابین بکەن بۆ کۆبوونەوە بەبێ ئەوەی سەرنجی زۆر بەلای خۆیاندا بەکێش بکەن. سۆڤیەتەکانیش بێ دوودڵی داواکەیان جێبەجێ کرد و لقەکە دامەزرا، بەلاّم نەک وەک لقێکی کۆمەڵەی دۆستایەتیی کولتووریی ئێران – سۆڤیەتی بەڵکو وەک (ئەنجوومەنی فەرهەنگیی کوردستان و شووڕەوی). ئەوەندەی نەبرد بارەگەی کۆمەڵەکە لەبەر کورد جمەی دەهات، کە بۆ دەربڕینی پێزانین بۆ پەنادەری نوێیان دە سندووق جگەرەیان بۆ سەرکەوتووانی لینینگراد نارد، کە لە تووتنی کوردی دروست کرابوون.

لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە نیسانی ١٩٤٥ لە بارەگەی کۆمەڵەی دۆستایەتیدا بەڕێوە چوو، کۆمەڵە ڕاگەیەنرا. لەوێدا کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ڕەزائیە و سەرۆکی لقی ڤۆکس لە ئازەربایجان وەک میوانی ڕێزلێنراو ئامادە بوون. بابەتی سەرەکیی ئاهەنگەکە "ئۆپێرا"یەک بوو کە تێیدا ئافرەتێک بەناوی "دایکی نیشتمان" لەلایەن سێ خراپەکارەوە، عێراق و ئێران و تورکیا، دەستدرێژیی دەکرایە سەر و لە کۆتادا لەلایەن ڕۆڵە ئازاکانیەوە ڕزگار دەکرا. بینەران، کە لە دیتنی ئەم جۆرە دیمەنانە ڕانەهاتبوون بە یەکجاری وروژان و ئەوانەی چەندان نەوە بوو دوژمنی باوەکوشتەی یەکتر بوون بە دەم گریانەوە دەستیان لە ملی یەک نا و هەموو سوێندیان خوارد تۆڵەی کوردستان بکەنەوە.

لە کۆتای ئەم ڕێوڕەسمەدا سەرۆکی دەوڵەتی کوردیی داهاتوو، قازی محەمەد، بۆ ڕازیکردنی سۆڤیەت کە حەزیان لە ڕێکخراوی دیموکراتخوازی کۆمەڵە نەبوو و بەدوای کەسێکدا دەگەڕان کە بەگوێرەی پێشنیازەکانی ئەوان کارەکان بەڕێوە ببات، هێنرایە ناو حزبەکەوە. سەرەتا، سۆڤیەتەکان کە درکیان بە هێزی خێڵەکی کردبوو داوایان لە سەرکردە خێڵەکییەکان کرد پێشەوایەتیی بزووتنەوە نەتەوەییەکە بکەن. بەڵام تەنیا سێ لەوان بۆ ئەو ئەرکە گونجاو بوون – قەرەنی ئاغا ڕەئیسولعەشایەر سەرۆکی بەڕێزی خێڵی مامەش و سەرکردەی ئەو فیدراسیۆنەی کە تێیدا بەشدار بوون، عەمەر خان شەریفی سەرۆکی خێڵی شکاک و بەتەمەنی کوردستان، ئەمیر ئەسەدی دیبوکری کە پارێزکارێکی سەرسەخت بوو و سەرکردەی فەخریی جەندرمە و لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە کرابووە بەرپرسی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە. بەڵام پێشنیازی سۆڤیەت بۆ هەر یەکێک لەوان بە ئەدەبەوە ڕەت کرایەوە.

بۆیە سۆڤیەتەکان لە کۆتادا ڕوویان لە قازی محەمەد کرد، کە میراتگری قازیەتی و ڕابەرایەتیی ئاینیی مەهاباد بوو و ئەندامی بەڕێزترین خێزانی شارەکە بوو. ئەوان بە ئاشکرا سەردانی مالّی ئەویان دەکرد و لە کۆتادا یارمەتییان دا بە پالّپەستۆ خستنە سەر حکوومەتی ئێران بۆ ئەوەی سەیفی قازیی برای بخاتە جێی ئەمیر ئەسەد وەک نوێنەری حکوومەت لە ناوچەکە و نازناوی سەرکردەی جەندرمەی پێ درا. دەگوترێ کە قازی محەمەد دوای تێپەڕینی ساڵێک بەسەر دامەزراندنیدا ئینجا بە بوونی کۆمەڵەی ژ.ک.ا باشان بەدزییەوە نوێنەری خۆی نارد و پێشنیازی کرد ببێتە ئەندامی کۆمەڵە. سەرکردەکانی کۆمەڵە بڕیاریان دا وەری نەگرن چونکە دەترسان بەهۆی کەسایەتیی بەهێز و دەسەڵاتخوازییەوە و هەروەها بەهۆی ئەو جیاوازییەی لە منداڵییەوە

هەوڵێکی کتێب

ڕێوڕەسمی دیمەنێکی ناو شاری مەهاباد لەکاتی کۆماردا

هەستیان دەکرد کە دەبێ بەرامبەر بەو و بە خێزانەکەی هەبێ، بەهۆی ئەمانەوە ئەو لە کۆتادا دەست بەسەر حزبەکەدا بگرێت و کارەکتەرە دیموکراتەکەی لەناو ببات. کاتێکیش لە کۆتادا و بەهۆی مکوڕیی سۆڤیەتەکانەوە کۆمەڵە دانی بەودا نا و وەری گرت، ئەوەی لێی دەترسان ڕووی دا – حزب کەوتە ژێر ڕکێفی تاکە کەسێکەوە.

وەرگرتنی قازی بووە هۆی ئەوەی کورد بە خێرایی بچنە سەر خەتی سیاسەتی سۆڤیەتەوە کە بە هاتنی هاوینی ١٩٤٥ دەستی کرد ببێتە ڕەنگدانەوەی پێشێلکارییە زیادکردووەکانی سۆڤیەت لە شوێنەکانی تردا. پێشتر هۆکاری دزەکردنی سۆڤیەت بۆ ناو ئێران حزبی تودە بوو، کە بەرەیەکی فرەوانی چەپەکانی ئێران بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەی لە ناوچەکانی تری ئێراندا سەرکەوتوو بوو، هەرگیز نەیتوانی ڕەگ لە کوردستان داکوتێت. بەڵام ئێستا سۆڤیەتەکان بیر لە پلانێکی ئومێددەری نوێ دەکەنەوە – لکاندنی باکوری خۆرئاوای ئێران بە یەکەتیی سۆڤیەتەوە. بۆیە حزبێکی سەربەخۆیان لە ئازەربایجان دروست کرد تاکو جێی تودە لەوێ بگرێتەوە و دواتر بەبێ ئەوەی تودە لە شوێنانی تری ئێران تووشی شەرمەزاری بکات، شۆڕشێک هەڵگیرسێنێت و سەربەخۆیی ئەو پارێزگەیە ڕاگەیەنێت و دواتریش داوای چوونە ناو یەکەتیی سۆڤیەت بکات. بەپێی فەرمانەکانی سۆڤیەت، تودە خۆی هەڵوەشاندەوە و (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان)ی دروست کرد کە زمانی تورکیی ئازەریی کردە زمانی فەرمیی خۆی و داوای جیابوونەوەی لە ئێران کرد.

کوردەکانی ڕۆئاوای ئازەربایجان – کە مەهابادیش دەگرێتەوە – پێشبینیی ئەوەیان لێ نەدەکرا بچنە پاڵ حزبێکەوە بانگەشەی نەتەوەپەروەریی تورکی ئازەربایجان بکات، بۆیە پێویست بوو حزبێکی نوێ دروست بکرێت تاکو ئامادەیان بکا بۆ چوونە ژێر باڵی پلانەکەی سۆڤیەتەوە. لە ١٢ی ئەیلوول کاپتن نامازالیێف سەرکردەی سۆڤیەت لە شاری میاندواو، سەرکردەکانی خێڵە کوردە گرینگەکانی لەگەڵ قازی محەمەد و سەیفی قازی بانگهێشتن کرد بۆ تەوریز بەبیانووی دیتنی کۆنسوڵی سۆڤیەت. بەڵام لەگەڵ گەیشتنیان، یەکسەر داوا لە کوردانی سەرسام کرا بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر بچن و لەوێ سواری شەمەندەفەرێک کران و ڕەوانەی باکۆ کران. بۆ ماوەی سێ ڕۆژان لەوێ لە کۆشکێک لە دەرەوەی شار مانەوە و چەند گەشت و سەیرانێکیان بۆ ڕێک خرا و برانە شانۆ و ئۆپێرا. لە ڕۆژی چوارەمدا داوایان لێ کرا باقڕۆف ببینن کە سەرۆکی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت بوو، ئەویش ڕەخنەی لەو کارە خراپانە گرت کە ڕەزا شا دەرهەق بەوانی کردبوو و پێیانی ڕاگەیاند کەوا حکوومەتی سۆڤیەت یارمەتیی حیزبی دیموکراتی نوێ دەدات کە ئامانجی ڕزگاریی خەڵکی چەوساوەیە و بە گەرمی داوای لێ کردن بچنە پاڵیەوە. هەروەها سەرکۆنەی حزبی تودەی کرد و بە گرووپێکی بێ کاریگەری و گێرەشێوێن وەسپی کرد و سەرکۆنەی کۆمەڵەشی کرد و وتی لە عێراق لەژێر باڵی هەواڵگریی بەریتانیادا سەری هەڵداوە و تەنیا داردەستێکی ئیمپرالیزمی بەریتانیاییە و هیچی تر. دوایی، دوای ئاگەدارکردنەوەیان لەوەی نابێ هیچ شتێک لەبارەی ئەم گەشتەوە بدرکێنن، کوردەکان خرانە ناو شەمەندەفەرەوە و بەرەو تەوریز بەڕێ خرانەوە و لەوێ لە ئۆتۆمۆبێلەکانی سوپای سوور بار کران و برانەوە بەرەو ماڵەکانی خۆیان.

هەوڵدانەوەی کێبڕکێ

حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئەوەندەی نەبرد ئاکامەکانی ئەو گەشتە دەرکەوتن. هەر دوا بەدوای گەڕانەوەی، قازی محەمەد ناودارانی کوردی بانگ کرد بۆ ئەوەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاگەیەنێت و هانی گشتیانی دا بێنە ناو حزبەکەوە. ناوی حزبەکە ئەوە پێشان دەدا کە ئامانجی حزبەکە دیموکراسییەکە وەک ئەوەی ئەمەریکا، بۆیە زۆربەیان بە پەرۆشەوە بەدەنگییەوە چوون. لەوێ بەیاننامەیەک لەلایەن قازی محەمەد و ١٠٥ ناوداری کوردەوە ئیمزا کرا، تێیدا هاتبوو کە گەلی کورد ئێستا ئارەزوو دەکات "سوود لەو ئازادییە وەرگرێت کە بە ڕووخاندنی فاشیزم جیهانی گرتەوە و بەشیان لەو بەڵێنانەدا هەبێت کە لە دەستووری پەیمانی ئەتلانتیدا هاتووە". بەیاننامەکە وتی کە کورد تەنیا مافەکانی مرۆڤ و ئەو مافە دەستوورییانەیان دەوێت کە ڕەزا شا لێیانی سەندووەتەوە و ئامانجەکانی خۆیان بەم خاڵانە دیاری کرد:

١- گەلی کورد لە ئێران دەبێ ئازاد بن و خۆیان کاروباری ناوەخۆییی خۆیان بەڕێوە ببەن و مافی ئۆتۆنۆمییان لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا هەبێت.

٢- دەبێ زمانی کوردی لە خوێندن بەکار بێت و ببێتە زمانی فەرمی و بۆ کاروباری کارگێڕی بەکار بێت.

٣- ئەنجوومەنی ناوەخۆییی کوردستان دەبێ ڕاستەوخۆ بێتە هەڵبژاردن و بەپێی یاسای دەستووری و دەبێ سەرپەرشتیی هەموو کاروباری دەوڵەت و خەڵک بکا و بیانخاتە ژێر چاودێرییەوە.

٤- دەبێ هەموو بەرپرسانی دەوڵەت خەڵکی ناوچەکە بن.

٥- دەبێ یەک یاسا بەسەر جووتیاران و بەگزادەکاندا بسەپێنرێت و دواڕۆژی هەردوو لا دەستەبەر بکرێ.

٦- حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵێکی تایبەت دەدا بۆ بەدیهێنانی یەکەتی و برایەتیی تەواو لەگەڵ گەلی ئازەربایجان و هەموو ئەو گەلانەی تر کە لە ئازەربایجاندا دەژین (وەک ئاسووری و ئەرمەنی و ئەوانی تر).

٧- حیزبی دێموکراتی ئێران تێ دەکۆشێ لە پێناو چاککردنی دۆخی واتایی و ئابووریی گەلی کورد لە ڕێی دۆزینەوەی سامانە سروشتییە زۆرەکانی شاراوەی کوردستان و پێشخستنی کشتوکاڵ و بازرگانی و تەندروستی و فێرکردنەوە.

٨- دەمانەوێ خەڵکی ئێران بتوانن ئازادانە کار بکەن بۆ شادی و پێشکەوتنی ولاتەکە.

بەیاننامەکە بە شێوازی سۆڤیەتییانە بەکۆتا هات بەوشەکانی "بژی ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیی کورد".

دروستکردنی حیزبە نوێیەکە بووە هۆی توانەوەی کۆمەڵە و بەکێشکردنی ئەندامەکانی بەرەو دیموکراتەکان. بەڵام هەر لە سەرەتاوە، سەرکردە خێڵەکییەکان لە حزبە نوێیەکە نیگەران بوون و پەیمانێکی پشتگیرییان ئیمزا کرد کە ئەو ئەفسەرە سیاسییەی سۆڤیەت کە بە ناوچەکەدا دەگەڕا

هەواڵنامەی کێبڕکێ

پێشکێشی کردن. ئەم بەرەنگارییە شاراوە خێڵەکییە ڕەنگ بوو پێگەی قازی محەمەد لاواز بکات ئەگەر ئەو پشتیوانییە لابەلایە نەبوایە کە لە عێراقەوە گەیشت – مەلا مستەفا و بارزانییەکان.

بارزانییەکان لە سەردەمی عوسمانییەکانیش یەکێک بوون لە کێشەدارترین خێڵەکانی کورد. لە ١٩٢٠ەکاندا شێخ ئەحمەدی بارزان، کە بارزانییەکان و خێڵەکانی دەوروبەر بە خودان ناویان دەبرد، بەئاشکرا ڕووبەڕووی بەریتانییەکان بووەوە کە چەندان جار ناچار بوون داوای یارمەتیی هێزی ئاسمانیی شایانە بکەن. لە کۆتادا شێخ ئەحمەد و برا بچووکەکەی، مەلا مستەفا، لەگەڵ شوێنکەوتە سەرەکییەکانیان دوور خرانەوە، سەرەتا بۆ باشووری عێراق و دواتر بۆ سلێمانی. لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٤٢، مەلا مستەفا کە ڕێنوێنیی لە براکەیەوە وەرگرتبوو بەرەو بارزان هەڵاتەوە.

چیرۆکی شەڕە یەک لە دوای یەکەکانی مەلا مستەفا لەگەڵ حکوومەتی عێراق و چۆن توانی لە ساڵی ١٩٤٥ دووجار سوپای عێراق ببەزێنێت و چۆن وەزارەتی ناوەخۆی عێراق توانی لە ڕێی بەکارهێنانی ژیرانەی پارەوە خێڵە کوردەکانی تر لە دژی ئەو کۆ بکاتەوە و لە بارزان بیهێنێتە دەرەوە، پێویستە لە کاتێکی تردا باس بکرێت. ئەوەندە بەسە بگوترێ کە لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد و نزیکەی هەزار چەکداری بارزانی بەخێزانەکانیانەوە، لە خاڵێکی باکوری شنۆوە، چوونە نێو خاکی ئێرانەوە. لەگەڵ خۆیاندا ژمارەیەک فەرمانبەری بچووک و مامۆستای قوتابخانەی هەڵاتووی کورد و چەند ڕاکردوویێکی کورد لە سوپا و جەندرمە هەبوون، لەگەڵ دوازدە ئەفسەری سوپا. ئەمانەی دوایی زۆر بەتوانا بوون و زۆربەیان لە ئینگلتەرا مەشقیان کردبوو و لە دەستەی ئەرکانی گشتیی عێراقدا پلەدار بوون.

دوای ماوەیەکی کورت لە گەیشتنی بۆ ئێران، مەلا مستەفا لەگەڵ ژمارەیەک ئەفسەری سۆڤیەت کۆ بووەوە کە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سۆڤیەت لە ڕۆهەڵاتی ئازەربایجان لەناویاندا بوو. سۆڤیەتەکان داوایان لێی کرد خۆی بخاتە ژێر فەرمانی قازی محەمەد و فەرمانیان بە کوردی ناوچەکە دا نان و جێ بۆ بارزانییە بێ نەواکان دابین بکەن. لەگەڵ هاتنی کۆتاییی تشرینی یەکەمدا هێزەکانی مەلا مستەفا پڕ بوون لە پەنابەر و سەرکێشگەلێک کە لە عێراقەوە دەهاتن و ژمارەیان بوو بە ٣٠٠٠ کەسی چەکدار بە تفەنگی ئینگلیزی و ڕشێنکە (ڕەشاش) و یەک تۆپی مەیدان کە هی سوپای عێراق بوون و ئەوان دەستیان بەسەردا گرتبوون.

حکوومەتی گەلی کورد

لە تشرینی دووەم و سەرەتای کانوونی یەکەمدا، دارودەستەی سۆڤیەتەکان لەنێو خێڵە کوردەکاندا بڵاو بوونەوە و داوایان لێیان کرد بجووڵێنەوە بۆ خەباتی داهاتوو لە پێناو سەربەخۆیی و فەرمانیان بە سەرکردەکان دا لە مەهاباد کۆ ببنەوە. ئەوانیش هەموویان، جگە لە مامەش و مەنگوڕ و دیبوکری، بەدەنگیانەوە هاتن. لەم کاتەدا باری حکوومەتی ئێران لە شوێنانی تری ئازەربایجاندا بە خێرایی لار دەبووەوە. "دیموکراتە" چەکدارەکان کە زۆربەیان خەڵکی

ئازەربایجانی سۆڤیەت و قەوقاز بوون دەستیان کرد بە هێرشکردنە سەر سەرباز و جەندرمە ئێرانییەکان کە بە پەلەپرووزە بارەگاکانی خۆیان چۆڵ دەکرد و تێیان دەتەقاند. هەموو پارێزگاکە کەوتە ژێر باری یاخیبوونێکی کراوەوە، لەو کاتەدا سوپای سوور ڕێی لە هێزەکانی بەهاناوەهاتن گرت کە لەلایەن حکوومەتی ناوەندەوە بۆ پتەوکردنی هێزی بنکە سەربازییەکان بەرەو باکور دەنێردران. لە کۆتاییدا و لە ١٠ی کانوونی یەکەم دیموکراتەکان هێرشیان کردە سەر سەربازگەی تەورێز و ناچاریان کرد خۆی بەدەستەوە بدات. بەمەش هەموو ڕۆهەڵاتی ئازەربایجان کەوتە ژێر دەسەڵاتی "حکوومەتی میللیی ئازەربایجان"ی تازە دروستبوو.

ڕووخانی تەورێز ئاماژە بوو بۆ قازی محەمەد بۆ ئەوەی ئەویش سەربەخۆیی ناوچەکەی خۆی ڕاگەیەنێت – کە لە ڕاستیدا ماوەیەکی زۆر بوو سەربەخۆ بوو. لە ١٥ی کانوونی یەکەم و لە کۆبوونەوەیەک لە مەهاباد کە سەرۆک خێڵەکان ئامادەی بوون لەگەڵ سەرکردەکانی حزبی دیموکراتی کوردی نوێ و مەلا مستەفا و سێ ئەفسەری سۆڤیەت بە ئۆتۆمۆبێلێکی جیپ و ڕشێنکەوە، ئەو بەڕێزەوە حکوومەتی میللیی کوردی ڕاگەیاند و ئاڵای کوردی هەڵکرد. پەرلەمانێکی نیشتمانی لە ١٣ ئەندام پێک هات و لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ قازی محەمەد بە سەرۆکی کۆماری نوێ هاتە هەڵبژاردن. وەزیری شەڕ ئامۆزای خۆی بوو، محەمەد حوسێن خان سەیفی قازی کە بازرگانێک بوو و ناوبانگە سەربازییەکەی پشتی بەو پلەی کاپتنە شانازییە دەبەست کە جەندرمەی ئێران پێیان درابوو. سەیفی قازی و مەلا مستەفا و عەمەر خانی شکاک و حەمە ڕەشید خانی بانە (تازە لەگەڵ پیاوانی خێڵەکەی لە عێراقەوە گەڕابوونەوە) و زێڕۆ بەگی هەرکی

ڕۆژی (٢)ی ڕێبەندان ١٩٤٦/١/٢٢ قازی محەمەد سلاوی سەربازی لە لەشکری پێشمەرگەی کۆمار وەردەگرێتەوە

پلەی (مارشاڵ)یان پێ درا و بەرگی سەربازیی سۆڤیەتییان پێ درا بە جزمەی درێژ و ملیوانی ڕەق و کلاوی خەت سوورەوە[1].

حکوومەتی نوێ، کە تەنیا دەسەڵاتی بەسەر ناوچەیەکی بچووکدا هەبوو کە شارەکانی مەهاباد و بۆکان و نەغەدە و شنۆی دەگرتەوە، چاودێری نارد بۆ بەشداری لە کردنەوەی پەرلەمانی نیشتمانیی ئازەربایجان و پەرلەمانێکی خنجیلانەشی بۆ خۆی دروست کرد. هەروەها مەلا مستەفای بەرەو باشوور نارد بۆ شەڕی سەربازگەکانی ئێرانی لە سەقز و بانە و سەردەشت کە بەهۆی بەفری زۆری زستانەوە لە یەکتر پچڕان و لە بنکەی سەرەکیی سنە دابڕان.

پێوەندیی لەگەڵ تەورێز و تاران

لەلایەکی ترەوە، گرتنی ڕەزائییە لەلایەن دیموکراتەکانی ئازەربایجانەوە کێشەی نوێی بۆ حکوومەتی کوردی دروست کرد. هەرچەندە زۆرینەی دانیشتوانی دەشتەکانی ڕۆئاوای دەریاچەی ورمێ، لە ڕەزائییەوە بەرەو باکور تا ماکۆ، تورکی ئازەرین بەڵام خێڵەکانی سەر ئەو بەرزاییانەی دەڕواننە سەر دەشتاییەکان کوردن. هەروەها ناوچەی میاندواو لە باشووری ڕۆهەڵاتی دەریاچەکەش دانیشتوانەکەی تێکەڵن. بۆیە هەردوو حکوومەتی تەورێز و مەهاباد داوای ئەو ناوچانەیان دەکرد و بووبوونە سەرچاوەی بەردەوامی کێشە لە نێوانیاندا. عەمەر خان و خێڵەکان ئەوەندە گوێیان بە دیموکراتەکانی ئازەربایجان نەدەدا و بەردەوام دەستیان درێژ دەکردە ئەو گوند و شارۆکانەی دەبوو لەژێر دەسەڵاتی تەورێزدا بن. لە نیسانی ١٩٤٦ سۆڤیەتەکان قازی محەمەدیان بردە تەورێز وەک هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئازەر و کورد. لەو ساتەوەختەدا، لە سەروبەندی کردنەوەی دەرگەی گفتوگۆ لە نێوان دیموکراتەکان و حکوومەتی ئێران بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی بەردەوام بۆ دۆخی پارێزگەکە، گەلێک گرینگ بوو هەردوو دەوڵەتی نوێ بەرەیەکی یەکگرتوو دروست بکەن. ئاکامی کۆتاییی وتووێژی نێوان پیشەوەری، سەرکردەی دیموکراتە ئازەرییەکان و قازی محەمەد و سۆڤیەتەکان پەیمانێک بوو کە لە ٢٣ی نیسانی ١٩٤٦ لە نێوان نوێنەرانی کورد و ئازەرەکاندا ئیمزا کرا. بڵاوکردنەوەی ئەو پەیمانە بووە هۆی دروستکردنی ترس لە تاران، چونکە بەندەکانی و بێگومان هەبوونی ئەوەی پێشان دەدا کە جمکە دیموکراتەکە خۆیان بە دوو دەوڵەتی سەربەخۆ دەزانن لەوەی مافی گۆڕینەوەی نوێنەرایەتی و بەستنی پەیماننامەیان هەیە. دەقی پەیمانەکەش بەم شێوەیە بوو:

١- هەردوو لایەنی ئیمزاکەر، هەر کاتێک بە باشیان زانی، نوێنەرایەتی دەگۆڕنەوە.

٢- لەو بەشانەی ئازەربایجان کە کورد تیایاندا کەمایەتین، کوردەکان لە دەزگاکانی حکوومەت دێنە دامەزراندن و لەو بەشانەی کوردستان کە ئازەرەکانی تێدا کەمینەن، ئازەرییەکان لە دەزگاکانی حکوومەت دێنە دامەزراندن.

٣- کۆمیتەیەکی ئابووریی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی نێوان هەردوو لایەنی

ئیـمـزاکـەر پێک دێت. ئەندامـانی ئەو کـۆمـیـتـەیە لەلایەن سـەرکـردایەتیی حکوومـەتە نیشتمانییەکانەوە دێنە دامەزراندن.

٤- دەبێ هێزە سەربازییەکانی هەردوو دەوڵەتی ئیمزاکەر لە کاتی پێویستدا یارمەتیی یەکتر بدەن.

٥- هەر گفتوگۆیەک لەگەڵ حکوومەتی تاران دەبێ بەرژەوەندیی هاوبەشی هەردوو حکوومەتی نیشتمانیی ئازەر و کورد لە بەرچاو بگرێت.

٦- حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ پێشخستنی بەکارهێنانی زمانی کوردی و برەودان بە کولتووری کوردی ئازەربایجان و حکوومەتی نیشتمانیی کوردیش هەمان ئەو هەنگاوانە دەنێت سەبارەت بە زمان و کولتووری ئازەرییەکانی دانیشتووی کوردستان.

٧- هەردوو دەوڵەتی ئیمزاکەر هەنگاو دەنێن بۆ سزادانی هەر کەسێک یان گرووپێک کە هەوڵ بدات بۆ تێکدانی دۆستایەتیی مێژوویی و برایەتیی دیموکراتییانەی نێوان ئازەر و کورد.

دیموکراتەکانی ئازەربایجان بۆ ڕێنوێژ لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئێران، ئەحمەد قەوام، لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەرێک چوونە تاران. بەپێی هەرجەکانی ئەو چارەسەرەش، ئازەربایجان بە ناوچە کوردەکانیەوە دەبێتەوە بەشێک لە ئێران، لە کاتێکدا سەرکردە دیموکراتەکان کە پۆستیان حکوومەتی دیموکرات هەبوو، هەمان ئەو پۆستانەی لە پارێزگەی ئازەربایجان وەردەگرنەوە. کورد بەم ڕێککەوتنە ناقایل بوون. هەرچەندە ئەوان لە بەشێکی گفتوگۆکان نوێنەرایەتی دەکران لەلایەن سەدری قازی برای قازی محەمەد و ئەندامی پەرلەمانی ئێرانەوە، بەڵام هەستیان کرد کە ویستەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێ خراون. لە کاتێکدا دیموکراتە ئازەرییەکان شەرعیەتیان بەو پۆستانە دا کە دەستیان بەسەردا گرتبوون، حکوومەتەکەی قازی محەمەد هیچ بنەوایەکی یاساییی نەما. کوردیش دوای ئەوەی کەمینەیەک بوون لە دەوڵەتی ئێراندا بوون بەکەمینەیەک لە دەوڵەتی ئازەریی تورکزمان.

لە کۆتاییدا قازی محەمەد ناچار بوو بۆ دەربڕینی ناڕەزاییی خۆی بچێتە تاران بۆ دیتنی قەوامی سەرۆک وەزیران. داواشی کرد بکرێتە حاکمی پارێزگەیەکی کوردنشینی نوێ لە بەشە کوردنشینەکانی ئازەربایجان و ناوچە کوردنشینەکانی تر کە هێشتا لەژێر دەسەلاتی ئێراندا بوون - ناوچەیەک کە لە سنووری ڕووسیاوە دەست پێ دەکا تا نیوەی ڕێی نێوان کرماشان و سنە. ئەم پارێزگە نوێیە دەبوو جۆرێک لە ئۆتۆنۆمیی نێوەخۆییی هەبێت، لە پاڵ بەرپرسگەلی نێوەخۆیی و سەربازگەی خۆی کە هەموو سەربازەکانی لە خەڵکی ناوچەکە بن. سەرۆک وەزیرانی فێڵزانی ئێران بە پێشنیازەکەی قازی قایل بوو، بەڵام بەو مەرجەی قازی دەبێ ڕەزامەندیی دوکتۆر جاویدیش، حاکمی دیموکراتی ئازەربایجان، بەدەست بهێنێ. بەڵام دوکتۆر جاوید بەتووڕەییەوە پلانەکەی ڕەت کردەوە و ناکۆکیی نێوان کورد و دیموکراتەکانی ئازەربایجان بەردەوام بوو.

لەگـەڵ ئەوەی لە کـاتی ئەم وتووێژانەدا لە تـاران، ڕێککەوتن لەسـەر ئـاگربەسـتـێک لە نێـوان حکوومـەتی نـاوەندی لەلایەک و کـورد و ئازەرییـەکـان لەلایەکی تـرەوە کرابوو، بـەڵام تەقـوتۆق هـەر بەردەوام بوو و جاروبار دەبووە شـەڕی کراوەش. ئێرانییەکان بەپشتبەستن بە نـیازی ڕاگەیەنراوی سۆڤیەتەکان بۆ چۆڵکردنی ئێران لە سەرەتای مـانگی ئایاردا[٢]، دەسـتیان دایە کاری سـەربازیی چالاکـتـر. فـەیلـەقی چواری ئێـران بە سـەرکـردایـەتیی جـەنەراڵ هـومـایونی کـە بەو دواییـیـە لە خوزسـتانەوە گواستراببووەوە و لەوێ بەرنامـەیەکی چالاکیی چەککردنی خێڵـە عەرەبەکانی ئەنجام دابوو، بەرەی ڕووبـەڕووبوونەوەی کـوردانـی گـرت. لە ناوەڕاسـتـی نیسـان، هومـایونی ڕێگەکـانی کردەوە و پشتیوانیی گەیاندە سەقز و بانە و سەردەشت.

دەگوترا کە سـۆڤیەتەکان بەڵێنیـان بە کورد دابوو بالّەفڕ و تانک و چەکی گرانیـان بداتێ و پەنجا لاوی کورد بـبـەنە باکـۆ بۆ مـەشـقی سـەربازی و سـیـاسـی. لەگـەڵ ئەوەشـدا لەو کـاتە دەبـوو قـازی محەمـەد پشت بە چەکدارە خـێڵـەکییەکان ببەسـتێ بۆ ڕووبـەڕووبوونەوەی ئێـرانییەکان. لەو گردانەی دەیانڕوانیـیـە سـەر هێـزەکـانی هومـایونی، هێـزێکی گـەورە بـەڵام پەرت هـەبوو کـە بەشـێـوەیەکی سـەرەکی لە بارزانییـەکان پێک هاتبوو لەگـەڵ هـەندێ خـێڵی بچـووکی کوردی بەردەوام ئامـادە بۆ شەڕ و تاڵان و حەمە ڕەشید و لایەنگرە سیاسییەکانی.

دوای ئەوەی جـەنەراڵ هومـایونی بەردەوام پشـتـەوانیی بەرەو ناوچەکـە بەکـێش دەکـرد، قـازی محەمـەد و سۆڤیەتەکان پاڵپەسـتۆیان خسـتـە سـەر عەمـەر خانی شکاک و هاوپەیمانە هـەرکییەکانی بۆ ئەوەی لە باکورەوە بێنە خـوارەوە و یارمـەتیی ئۆپەراسـیـۆنەکـان بدەن. عـەمـەر خـان سـەرەتا بیانووی ئەوەی هێنـایەوە کە ئەسپەکانی لە کوێسـتانەکانن و دوورن و ناتوانـێ بیانهێنێتەوە، بەڵام لە سەرەتای ئایار بە بیرەبیرەوە پیاوانی خێڵەکەی ڕەوانەی ناوچەی شەڕ کرد.

مـانگی ئایار ١٩٤٦ ژمـارەیەک شـەڕی گرانی بەخـۆیەوە دی کە زۆربەیان بـە ژمـارەیەکی کەمی خەڵک کران و هیچ یەکێکیان نەبووە شەڕێکی یەکلاکەرەوە. لە سەرەتای مانگەکە، کورد شەڕێکیان بردەوە کە ئابڕووبەر بوو بۆ سوپای ئێران، ئەویش کاتێک هێرشـیـان کردە سـەر هێزێکی سـوپا لە نزیک سـەقـز و بیسـت سـەربازیان کوشت و سـیـی تریان بە دیل گـرت و دەسـتـیـان بەسـەر دوو ڕشـێنکە و ٤٠٠٠ شـریت فیشـەکدا گرت. سـەربازە کوردە دیلەکان کرانەوە بە سـەرباز لە سـوپای کورد و ئەوانەی تریش ڕەوانەی تەورێز کران.

لەگـەڵ ئەوەشدا پاشـەکشـە بە کورد کرا لە هێرشـێکی نزیک دەربەندی مـەحـمـوودواوای نزیک سـەقـز، کـە مـەبەسـتـەکـەی بڕینی ڕێی سـنە بوو، دواتریش دوای ئەوەی دەسـت گیـرا بەسـەر ئەو گـردانەی دەیانڕوانیـیـە سـەقـز، سـوپای ئێـران لەوێیـانی دەرکـرد و لەسـەر لـووتکەکـان کـەلووی چاودێریی بەقـوڕ دروست کرد و هەر یەکێکیان سی تا چل سەربازی بۆ تەرخان کرا. لە کۆتاییدا ئاگربەسـتێک هاتە کایەوە دوای ئاڵوگۆڕی ئەفسـەری پێوەندی هـەر لایەنێک لە شـوێنی خۆی مایەوە و کورد مـافی پشکنینی ئەو ئۆتۆمۆبێلانەیان پێ درا کە لە سەقزەوە بۆ بانە و سەردەشت دەچوون

هەوڵدانەوەی کێشە

پێشەوا قازی محەمەد لە ئۆفیسەکەی خۆی
نەخشەی کوردستان بەدیوارەوە هەڵواسراوە

و بەمەش بۆیان هەبوو ڕێ لە گەیشتنی چەک و تەقەمەنی بۆ سەربازگەکانی ئێران لەو شوێنانە بگرن. شکاک و هەرکییەکانیش گەڕانەوە بۆ باکوور.

کەسایەتیی قازی محەمەد و کۆمارە کوردییەکە

دوای ئەم ماوەی ڕووبەڕووبوونەوەیە، قازی محەمەد پەردە ئاسنینەکانی لادا و هەڵێکی بە چاودێرە ناسۆڤیەتەکان دا تا چاوێک لە ولاتەکەی بکەن. بەڵام هەستی دژە بەریتانیا بەهۆی وەدەرنانی بارزانییەکانەوە لە عێراق و هاندانی پڕوپاگەندەی دژە بەریتانیا لەلایەن سۆڤیەتەکانەوە، هەروەها چەند ڕووداوێک لە ڕابردوو کە کورد تیایاندا خۆیان بە قوربانیی هەلپەرستیی بەریتانیا دەزانن، هۆکاری بەهێزبوون بۆ ئەوەی ڕێ بەوان نەدرێت سەردانی کۆمارە بچکۆلانەکەی کوردان بکەن، بەڵام چەند جارێک چوار ئەمەریکایی و فرەنسایییەک میوانی قازی محەمەد بوون.

ئەم چاودێرانە پێیان وا بوو کۆمارەکە دەشێ کارا بێت. هەرچەندە بەبێ هیچ بنەمایەکی یاسایی بوو، حکوومەتەکەی قازی محەمەد وەک پێشوو بەردەوام بوو و تەنیا ناونیشانی وەزیرەکانی لە (وەزیر)ەوە گۆڕی بۆ (ڕەیس). خۆشی تەنیا بووە سەرۆکی پارتەکە (پێشەوای حیزبی دێموکراتی کورد). گوندەکان هەر لەلایەن خاوەن مولکەکان و سەرۆک خێڵەکانەوە بەڕێوە دەبران بە پشتیوانیی ئەو جەندرمانەی لە خەڵکی ناوچەکە پێک هێنران و بەرگی کوردییان دەپۆشی، بەڵام لەلایەن ئەفسەرگەلێک لە مەهابادەوە و بە بەرگی سۆڤیەتەکانەوە سەرکردایەتی دەکران. مەهابادیش، لە شارێکی پشتگوێخراوی فارسییەوە گۆڕا بۆ شارێکی دڵڕفێنی ڕەنگین و

شەقامەکانی لەو ساتەدا جمەیان دەهات لە کوردیپۆشی ئازاد لە سەرباز و جەندرمەی ناحەزی ئێرانی.

ئەوانەی هەلی بینینی قازی محەمەدیان بۆ دەڕەخسا، دەکەوتنە ژێر کاریگەریی کەسایەتیی ئەو پیاوەوە و تێ دەگەیشتن چۆن بووەتە سیمبولی نەتەوەی کورد لە هەموو شوێنێک. پیاوێکی کورتەبالا، لە پەنجاکانی تەمەندا، ساقۆیەکی سەربازیی کۆنی لەبەردا بوو، بە تەنکەڕیشێکەوە، دەموچاوێکی لاواز و کەمێک ڕەنگ زەرد بەهۆی نەخۆشیی گەدەوە. دەنگی نەرم و ڕێک و ئاماژەکانی لەسەرخۆ بەڵام کاریگەر بوون. هەندێک نێونەتەوەیی، ئەو گرینگیی دەدا بەهەموو گەلانی دنیا و چەند زمانێکی دەزانی، لەوانە ڕووسی و کەمێک ئینگلیزی لەگەڵ زمانی ئێسپیرانتۆی نێودەوڵەتی. مێزەکەی بەردەوام پڕ بوو لە کتێبگەلی ڕێزمان و خوێندنەوە و ئەدەبیات بە زمانگەلی بێگانە.

پیاوێکی پڕ بڕوا و ئازایەتییەکی دەگمەن و خۆبەختکەر، لەگەڵ ئەوەشدا هێمن و خاوەن مێشکی فرەوان و نێوانڕۆ. لەو ماوەیەدا کە جێی باسە، بەلایەنی کەم داواکارییەکانی نێوانڕۆ بوون: ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا. ئەو بڕوای بەو بۆچوونەی کوردێکی زۆر هەبوو کە دەڵێ کورد و فارس سەر بەیەک خێزانی ڕەگەزی ئێرانین، لەبەرئەوەش هیچ هۆکارێک نییە ڕێگر بێت لەوەی دووبارە لە یەک پێکهاتەدا کۆببنەوە وەک ئەوانەی سەردەمی میدیا و پارسی کۆن. قازی خۆی پێی وا بوو کورد نەوەی میدیانی مەیلی بە لای ئەوەدا هەبوو بڵێ ناوی مەهاباد بە مانای "مانگی میدیا" دێت.

لەگەڵ ئەوەشدا مەحاڵە نکوولی لەوە بکرێت کە خۆی و شوێنکەوتەکانی خاوەن خواستی کوردانەی گشتگر بوون و ئاواتیان بوو مەهاباد بکەنە مەڵبەندی کولتووری کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەک جێگرەوەیەک بۆ سووریا و سلێمانی کە لەو کاتەدا مەڵبەند بوون. هەوڵی زۆر دەدران بۆ ئەوەی فێرکردنی کوردی بگەیەنرێتە ئاستێکی شیاو. سەرەتا دەبوو مامۆستایانی کورد لە ناو پۆلدا و بە زارەکی بابەتەکانی لە فارسییەوە وەرگێڕنە سەر زمانی کوردی، بەڵام بە ماوەیەکی کورت پێش ڕووخانی کۆمارەکە کتێبی کوردی بۆ قۆناخی سەرەتایی چاپ کرابوون. هەروەها، ڕۆژنامەیەک و مانگنامەیەکی سیاسی دەردەچوون، هەردووکیان بەناوی "کوردستان"، هەروەها دوو کۆواری ئەدەبی بڵاو بوونەوە بەناوی "هاوار" و "هەڵاڵە". هەموو ئەم بڵاوکراوانەی لە چاپخانەیەک چاپ دەکران کە سوپای سوور پێشکێشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردبوو. ڕەنگە گرینگیدانی زۆری قازی محەمەد بە ئەدەب و زمانی کوردی لە هەبوونی دوو شاعیری کوردەوە لەنێو ستافەکەیدا سەرچاوەی گرتبوو، ئەوانیش هەژار و هێمن بوون کە سەرباری کەمیی کاغەز شیعرەکانیان بڵاو دەکرانەوە.

هەرچەندە ئەم هەوڵانە، لەو ماوە کورتەی تەمەنی کۆمارەکەدا، بە هیچ جۆرێک بەشی ئەوەیان نەدەکرد بگەنە ئاستی ستانداردی دوو مەڵبەندەکەی تری کولتووری کورد کە تیایاندا زمانی

کوردی ئازادانە بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ دەنووسرا و دەخوێندرا، بەڵام مەهاباد بەلای کەمەوە لە ڕووی سیاسییەوە بووە ئەو ڕووگەیەی کە هەموو کورد ڕوویان تێ کرد. لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی کورد لە بەیروت و ئەستەنبوڵ و بەغدا، هەروەها لە چیا سەختەکانی ڕۆهەڵاتی ئاسیاشەوە هەمووان چاویان بڕیبووە ئەوەی بزانن ئاخۆ قازی محەمەد سەردەکەوێت یان بۆڕ دەخوات. هەواڵی لە گرووپە کوردەکانەوە پێ دەگەیشت، نەک تەنیا لە عێراقەوە بگرە لە سووریا و تورکیاشەوە. بزووتنەوەکەی بە شێوەیەکی تایبەتی جێی سەرنجی لاوان بوو، کە هەستیان دەکرد پارتە نەتەوەییە کۆنەکان زۆر سەرکەوتوو نەبوون. بۆ نموونە، لە عێراق، حیزبێکی نهێنیی نوێ، کە (ڕزگاری)ی چەپ بوو، لەلایەن ئەو لاوانەوە دامەزرا.

هەستی دژەسۆڤیەت

پارتە نەتەوەییە کۆنەکان، هیوا لە عێراق و خۆیبوون لە سووریا، زۆر بە قازی محەمەد دڵخۆش نەبوون، ئەویش بەهۆی پێوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەتدا. ترس و تەنانەت ڕقیش لە سۆڤیەت لەنێو کورد لەبەر چەندان هۆ بەهێز بوون. هۆی یەکەم ئەوە بوو زۆربەی کورد ئاینپەروەر بوون و ترسیان لە بۆچوونی سۆڤیەت بەرامبەر بە ئاین هەبوو. هەروەها زۆربەیان چاویان بەو ئاوارانە کەوتبوو کە تازە لە یەکەتیی سۆڤیەتەوە هاتبوون و قسەیان لەگەڵ زۆر لە موسڵمانانی نێو سوپای سوور کردبوو، کە کەمینەیەکی کەم لەوان وێنەیەکی جوانیان لەبارەی دۆخی خەڵکی ڕۆهەڵاتی لەژێر سایەی یەکەتیی سۆڤیەتدا دەگێڕایەوە. نابێ ئەوەش لە بیر بکرێت کە ڕووس لە سەردەمی سیزارەکانەوە دوژمنی لەمێژینەی کورد بوون. لە شەڕی یەکەمی دنیاش ڕووس لەسەر بەشێکی زۆری خاکی کوردستان شەڕیان کردبوو و خەرمانێکیان لێ کەلاوە و وێرانی لە دوای خۆیان لە دۆڵ و گوندەکانی کوردستاندا بەجێ هێشتبوو. هەر لە مەهاباد خۆی، سەربازانی ڕووس بۆ چەندان ڕۆژ فەرمانی کوشتنی هەموو ئەو کەسانەیان پێ بوو کە لەسەر شەقامدا دەبینرێن و شارەکەیان تاڵان کردبوو و سووتاندبوویان. هیچ یەکێک لەم شتانە لە یادگەی کوردان نەسڕابووەوە، بگرە تا ئێستاش بۆ بێدەنگکردنی منداڵەکانیان بە هاتنی "ڕووس" دەیانترسێنن.

سۆڤیەتەکان هەوڵی زۆریان دا ئەم بۆچوونانە بەرەواژ بکەنەوە. بۆیە پەنایان بردە بەر "ئۆتۆنۆمیی کورد" لە یەکەتیی سۆڤیەت و کارە ئازایانەکانی کۆڵۆنیلێکی کوردی نێو سوپای سوور بەناوی (سەمەند سیامەندۆف) و نازناوی "پاڵەوانی لینینگراد"یان پێی دا. زۆر سەختە بزانرێ تا چەند سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام ئاشکرایە کە بەشێکی زۆر لە دانیشتوان و خاوەن مووڵک و بازرگان و سەرکردەی ئاینی لە متمانە نەکردن پێیان بەردەوام بوون، ئەم بێ متمانەییە قازی محەمەدیشی دەگرتەوە کە پێوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەت شاراوە نەبوون. دیوارەکانی بارەگەی حکوومەتەکەی بە پۆستەرگەلی پڕوپاگەندەی سۆڤیەتەکاندا پۆشرابوون، هەروەها ڕۆژنامە و کۆوارەکانی بەشێکیان تەرخان بوو بۆ بابەتی سۆڤیەتیی دەقاودەق وەرگێڕاو بۆ سەر زمانی

کوردی، شیعەکانیشی پەسنی ستالین و سوپای سووریان تێدا هەبوو.

لەگەڵ ئەوەی کوردستان، بەپێچەوانەی بەشەکانی تری ئازەربایجان، لە ڕواڵەتدا ڤالا بوو لە دەستوپێوەندی سۆڤیەت. جگە لە هەندێ شۆفێری ئۆتۆمۆبێلی گواستنەوە کە وەک چاودێر بۆ سۆڤیەت و حکوومەتەکانی سەر بە سۆڤیەت کاریان دەکرد، هاوواڵاتیی سۆڤیەتی لە ناوچەکە نەدەبینران و دەستوپێوەندی سۆڤیەتەکانیش بە شاراوەیی کاریان دەکرد. دەگوترا کە نوێنەرایەتییەکی سۆڤیەت لە خانووێکی مەهاباد هەبوو، بەڵام دەسەڵاتی کورد نکووڵیی لەوە دەکرد. جاروباریش هاشمۆڤی کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ڕەزائییە و عەلی ئەکبەرۆڤی یاریدەری سەردانی مەهابادیان دەکرد.

لە کاتێکدا کە تیرۆر بەربڵاو بوو لە ڕۆهەڵاتی ئازەربایجان، زیندانی سیاسی لە کوردستان ئەگەر هەبووبێتیش زۆر کەم بووە و تەنیا یەک یان دوو ڕووداوی کوشتنی سیاسی ڕوویان دا، لەگەڵ ئەوەش ژمارەیەک کورد بەرەو تاران هەڵاتن. لە شەقامەکانی مەهاباد گوێت لە دەنگی ڕادیۆی ئەنقەرە و لەندەن دەبوو، لە کاتێکدا لە تەوریز سزای گوێگرتن لەو ئێزگانە مردن بوو. ئەگەر هۆکاری ئەمە نوێخوازی و ئازادیخوازیی قازی محەمەد و حکوومەتەکەی بێت یان هەبوونی ئەو خێڵانە بێت کە هەرگیز قایل نەدەبوون کەس لە ئەندامانی خێڵەکانیان دەستدرێژیی بکرێتە سەر، ئەوا ئاکامەکە ئەوەیە کە ڕێژیمەکە، هیچ نەبێت لەنێو خەڵکی مەهاباد خۆشەویست دەبوو کە ئاسوودە بوون بە ڕزگاربوون لە جیاکاری و ستەمی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی ئێران.

بەرهەڵستکاریی خێڵەکان

ئەگەر سۆڤیەتەکان دەستوەردانی ئاشکرای خۆیان لە بڕیارەکانی ئاستدا پاراستبێت بۆ ئەوەی خێڵەکان و ڕێژیمەکە ئاشت بکەنەوە، ئەوا بێگومان سەرکەوتوو نەبوون. چونکە سەرباری بەرهەڵستکاریی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئایینیی خێڵەکان بۆ ئەو حکوومەتەی سۆڤیەت پاڵپشتیەتی، هۆکاری گەلێک بەهێزی ئابووری هەبوون. زۆربەی خێڵەکانی کورد بۆ بژێویی خۆیان پشتیان بە بەرهەمی تووتن دەبەست، ئێستاش کە ڕێی بازاڕی ناو بەشەکانی تری ئێرانیان لێ گیرابوو تووشی ئاستەنگی زۆر گەورە هاتوون. لە هەندێ شوێنیش سەرباری کەمیی بژێوی، دەبوایە ئەوەی هەیانە لەگەڵ بارزانییە هەژارەکاندا بەشی بکەن.

ئەم بێزارییە خێڵەکییە لە باشوور گەلێک بەهێزتر بوو، چونکە لەوێ مام عەزیزی کوڕی خوالێخۆشبوو قەرەنی ئاغای سەرکردەی مامەش و هاوپەیمانەکەی، بایەزید ئاغای مەنگوڕ بە ئاشکرا بەرهەڵستیی قازی محەمەدیان دەکرد بەشێوەیەک وای لە جێگری کۆنسوڵی سۆڤیەت لە ڕەزائییە کردبێت و هەڕەشەی ئەوەیان لێ بکات کە بارزانییەکانیان دەنێرێتە سەر. کاتێ مام عەزیز لە بەرهەڵستی بەردەوام بوو، بارزانییەکان بەڕاستی هێرشیان کردە سەری و ناچار کرا لەگەڵ هەندێ لە پیاوانی خێڵەکەی بەرەو عێراق ڕابکات. لە باکووری ڕەزائییە، خێڵەکان چاویان لە

سەرکردایەتیی عەمەر خانی شکاک بوو کە لە پۆستەکەی لە حکوومەتی قازی وەک وەزیری شەڕ دەستی کێشاوە و لە زیندەشت، پایەتەختە چیاییەکەی لە باشووری ڕۆژئاوای شاپوور، خۆی مات کرد. تەنیا خێڵ کە قازی محەمەد دەیتوانی پشتیان پێ ببەستێ گەورک بوون لە مەهاباد و ژمارەی پیاوەکانیان کەمتر بوو لە هەزار پیاوی چەکدار، هەروەها بەشێکی خێڵی زەرزا لە ناوچەی شنۆ، کە خێڵێکی بچووک بوو. تەنانەت مەلا مستەفا و بارزانییەکانیش لەگەڵ قازی محەمەد نەمابوون کە چیی تر توانای نەما نانیان بدات.

بەمەش قازی محەمەد لە بەرامبەر دوژمنکاریی زیادکردووی حکوومەتی تاران، خۆی تا ڕادەیەکی زۆر بێ پشت و پەنا دەبینی. هەرچەندە سۆڤیەتەکان بەڵێنی هاوکاری و کەرەستەیان پێی دابوو، بەڵام تا پایزی ١٩٤٦ قازی بێ چەکی گران و سەربازی مەشقدیتە مابووەوە، یان ڕاستترە بڵێی بێ هیچ سوپایەکی کارا بوو. کاتێکیش ئامادەکاریی ئێران بەتەواوی ئاشکرا بوو، قازی نامەی بە پەلەی بۆ خێڵەکان نارد کە تەنیا ئومێد بوون بۆی و پێیانی وت کە سۆڤیەتەکان بەڵێنیان داوە پشتگیریی کورد بکەن و داوای لە خێڵەکان کرد بێنە بەرەی شەڕەوە دژ بە سوپای ئێران. خێڵەکان بەدەنگیەوە نەهاتن.

گەرانەوەی دەسەڵاتی ئێرانی

لەو ساتەوەختەدا، ڕووداوەکان بە خێرایی بەرەوپێش دەچوون. حکوومەتی ئێران جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێ دیموکراتەکان ناوچەی زەنجان بەدەستەوە بدەن، کە بەشێک نییە لە پارێزگەی ئازەربایجان. کاتێکیش وا دەرکەوت کە ئێرانییەکان خەریکن بە هێز پاڵپشتیی ئەم داوایە بکەن، دیموکراتەکان قایل بوون ئەو ناوچەیە چۆڵ بکەن و لە کۆتای تشرینی دووەمدا ناوچەکە بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی سوپای ئێران بوو. دوای نیوەشەوی ١٠ی کانوونی یەکەم، ئێرانییەکان هێرشیان کردە سەر پێگەی دیموکراتەکان لە دەربەندی قافلانکۆ، لە باشووری میانە، دوای بیست و چوار سەعات بەرگری، سەرکردەکانی دیموکرات پاش یەک ساڵی تەواو لە گرتنی تەوریز سواری باڵەفڕ بوون و بەرەو یەکەتیی سۆڤیەت تێیان تەقاند. لە بروسکە خۆبەدەستەوەدانەکەی کە ئاراستە قەوامی سەرۆک وەزیرانی کردبوو، حاکمی دیموکرات وتبووی کە سەیفی قازیی فەرماندەی کورد، لەم بڕیارە ئاگەدارە و پێی وتراوە وا چاوەڕوان دەکرێ فەرمان بە هێزەکانی بدات دوژمنکاری ڕاگرن.

لە ١٣ی کانوونی یەکەم، سەدری قازی، کە نوێنەر بوو لە پەرلەمانی ئێران و پەیامبەری نێوان براکەی و ئێرانییەکان بوو، لە میاندواو دەرکەوت. لەوێ بە جەنەرالّ هومایونیی وت کورد ئامادەن بە شێوەیەکی ئاشتییانە پێشوازیی سوپای ئێران بکەن. جەنەرالّیش پێی وت کە ئەو هەر لەگەڵ چۆڵکردنی مەهاباد لەلایەن بارزانییەکانەوە هێزەکانی خۆی دێنێتە پێشەوە. هەندێ خێڵەکیی سەر بەحکوومەتیشی بەرەو پێشەوە نارد، کە بڕێتی بوون لە ژمارەیەک پیاوانی خێڵەکانی دیبوکری و

مامەش و مەنگوڕ کە لە عێراق گەڕابوونەوە و عەمید غەفاری سەرکردایەتییانی دەکرد. ئەمانە لە شوێنێک، کە زۆر لە مەهابادەوە دوور نەبوو، لەلایەن نوێنەری قازی محەمەدەوە ڕاگیران و پێیان وترا کە ڕێککەوتنەکە لەگەڵ هومایۆنی لەسەر ئەوەیە هێزی سەربازیی نیزامی بێنە ناو مەهابادەوە، نەک چەکدارانی خێڵەکی کە ڕەنگە ببنە هۆی بشێوی. لە کۆتاییدا پیاوانی خێڵەکان بەبێ شەڕ کشانەوە و لە ١٥ی کانوونی یەکەم و دوای کشانەوەی بارزانییەکان بۆ نەغەدە، سوپای ئێران چووە ناو مەهابادەوە و بەوەش کۆماری یەک ساڵەی کوردان بەکۆتا هات.

سوپای ئێران بەخێر هێنرا و قازی محەمەد و سەرکردەکانی سوپا سەردانی یەکتریان دەکرد. بەڵام لە ١٧ی کانوونی یەکەم ژمارەیەک کورد هاتنە گرتن و ڕۆژی دواتر قازی محەمەد و سەیفی قازی و خەڵکێکی تری زۆر گیران. تەنیا ئەندامێکی حکوومەتەکەی قازی کە بە ئازادی مایەوە حاجی بابەشێخ بوو کە بەهۆی پێگە ئایینییەکەیەوە نەهاتە گرتن. هەروەها هەندێ کوردیش بەرەو عێراق هەڵاتن یان خۆیان لە گوندەکان حەشار دا. لە پاڵ گرتنەوە، سەرکردە کوردەکان بەوەش سزا دران کە ماڵەکانیان کرانە بارەگەی چەکدارانی خێڵەکی کە لەسەر حسێبی ئەوان دەیانخوارد و دەنووستن – ئەمە نەریتێکی ئێرانی بوو بۆ سەپاندنی تاوانە بەبێ فەرمانی دادگە. لە ٣٠ی کانوونی یەکەم، سەدری قازی کە کەڕابووەوە تاران، هاتە گرتن و گواستنەوە بۆ مەهاباد و لەگەڵ براکەی خرایە گرتیگەوە، هەرچەندە ئەو لە ماوەی ئەو ساڵەدا تەنیا لەو کاتانە تارانی بەجێ دەهێشت کە لەلایەن ئێرانییەکانەوە بە ئەرکی ناوبژیوانی دەنێردرا. سوپا داوای لە هەموو ئەو کەسانە کرد کە گازاندەیان لە گیراوەکان هەیە بەڵگەکانی خۆیان پێشکێش بکەن و دوای کۆڵینەوە لەلایەن دادگەیەکی سەربازییەوە حوکمی کوشتن بۆ قازی محەمەد و سەیفی قازی و سەدری قازی دەرچوو. لە بەرەبەیانی ٣١ی ئاداری ١٩٤٧ هەرسێکیان لە گۆڕەپانی مەهاباد کران بە دارەوە.

دوای ئەوە حکوومەتی سەربازیی ئێران بەرنامەیەکی پیادە کرد بۆ ئەوەی هەموو ئاسەوارێکی ڕێژیمی قازی محەمەد لەناو ببا. چاپخانە کوردییەکە داخرا و، خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە کرا و هەموو ئەو کتێبانەی بە زمانی کوردی بوون بە بەرچاوی خەڵکەوە هاتنە سووتاندن. بۆ ئەوەی پێشانی خێڵەکانیشی بدات کە بەڕاستیەتی، سوپا یازدە کەسی لە سەرکردە بچووکەکانی خێڵەکانی فەیزوڵڵا بەگی و گەورکی ناوچەی سەقزی لەدار دا.

یەک خاسیەتی دووبارە داگیرکردنەوەی مەهاباد پێویستە بخرێتە بەرچاو، ئەویش ئەوەیە لە هەموو شوێنێکی تری ئازەربایجان، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکانی ڕووخانی دیموکراتەکان، جووتیار و کارگەر و دووکاندارەکان دەستیان دایە سەربڕینی دیموکراتەکان. ئەم کاردانەوە دڕندانەیە بێگومان ئاکامی ڕقی خەڵکەکە بوو لە ڕێژیمەکە. بەڵام لە مەهاباد ڕووداوەکان ئاشتییانە بەڕێوە چوون، ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو لە گشت شوێنەکانی تر لە ئازەربایجان پۆلیسی نهێنی بەهێز و تەیار بوون بۆ هەر پێشهاتێک، بەڵام قازی محەمەد ئەم جۆرە دارودەستەیەی نەبوو. ئەم ڕاستییە تەنیا ئەو ڕاپۆرتانە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێن ڕێژیمی قازی محەمەد ڕێژیمێکی

هەولێر کتێبخانەی گشتی

جەماوەری بوو – هەر نەبێ لە پایەتەختەکەیدا.

لە باکوو، عەمەر خان و ئەو خێلانەی لەژێر دەسەلاتی ئەودا بوون بەهیچ شێوەیەک لەم ڕووداوانەدا بەشدار نەبوون. سوپای ئێرانیش کە دیار بوو حەزی نەدەکرد هیچ ئەرکێک بخاتە سەر خۆی، عەمەر خانی لە نیازی خۆی بۆ هێرشکردنە سەر ئازەربایجان ئاگەدار نەکردەوە، بۆیە کاتێ کە ئەو چەکدارانی خێلەکیی خۆی کۆ کردەوە شەڕ تەواو بووبوو. عەمەر خان و سەرکردە خێلەکییەکانی تر بە پەلە پشتگیریی خۆیان بۆ سوپای ئێران ڕاگەیاند. هەموویان وەرگیرانەوە تەنیا زێڕۆ بەگ نەبێت کە پیاوەکانی بۆسەیان بۆ ژمارەیەک سەربازی ئێرانی نابووەوە لە باڵانش لە نێزیک ڕەزائییە لە کاتێکدا خۆی لەگەڵ جەنەراڵ هومایۆنیدا گفتوگۆی دەکرد. بۆیە زێڕۆ ناچار بوو ڕابکات، هەندێ پیاوانی خێلەکی و ئاسووریی لەگەڵ خۆی برد و بەرەو شنۆ هەڵاتن لەوێش خۆیان گەیاندە مەلا مستەفا و بارزانییەکانیان کە لە ئاگربەستێکی لەرزۆکدا بوون لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی. مەلا مستەفا لە کۆتاییدا ڕەتی کردەوە ملکەچی فەرمانی حکوومەت بێت و پیاوەکانی چەک بکات یان بگەڕێتەوە بۆ عێراق، بۆیە دیسان شەڕ دەستی پێ کردەوە. بە هاتنی مانگی حوزەیرانی ١٩٤٧ بارزانییەکان بە دەم شەڕەوە بەرەو باکوور ڕۆیشتبوون و خۆیان گەیاندبووە ماکۆ و ئەوەندەیان نەمابوو سنوور ببڕن بۆ ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت.

پوختە

دواین هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەئاگیرکردنی مەهاباد لەلایەن ئێرانییەکانەوە کۆتاییی پێ هات. ئەم هەوڵە وەک هەوڵەکانی پێشوو بە پلەی یەکەم لەبەر یەک نەگرتوویی کوردان بۆڕی خوارد. یەکێک لە کێشەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئەوەیە لە کاتێکدا زۆربەی سەرکردە و کادیرەکانی شارستانی و ڕووناکبیرن، هێزە سەربازییەکەی بەردەوام لە خێلەکان و سەرکردەکانیان بووە کە هیچ کاتێک خوێندەوار نەبوونە و بیریان لە هیچ شتێک نەکردووەتەوە جگە لە تاڵان و برۆ لە کاتی لاوازبوونی دەسەلاتی حکوومەتدا. بەدرێژاییی ساڵی ١٩٤٦ خێلە کوردەکان، کە بە شێوەیەکی سروشتی دژ بەدەسەلاتی حکوومەت بوون، هەستیان کرد کە لەژێر دەسەلاتی قازی محەمەدیش وەک دەسەلاتی حکوومەتی ناوەندی ناڕەحەتن، هەرچەندیشە کە ئەم لە نەتەوەی خۆیانە. ئەم هەستە شانبەشانی گومان لە پێوەندیی قازی محەمەد لەگەڵ سۆڤیەتەکان تا ڕادەیەکی زۆر وای کرد خێلەکان بچنە پاڵ سوپای ئێرانەوە.

هۆکاری سەرەکیی ڕاستەوخۆی ڕووخانی کۆمارەکە شکستی سۆڤیەت بوو لە هێنانەدیی بەڵێنی پشتگیرییان. حیزبێکی نەتەوەیی نوێ و بەهێزی گەنج کە لەوانەیە زۆرینەی کورد خوێندەوارەکانی یەک خستبوو، خەڵکی بێگانە توانییان دزە بکەنە نێو ڕیزەکانی و بۆ خۆیان بەکاری بهێنن و لە کۆتادا لێی گەڕێن تاکو بڕووخێ. دەوڵەتە خنجیلانەکەش لە سایەی پاراستنی سوپای سووردا دروست کرا و دوای کشانەوەی ئەو سوپایەش بە ئومێدی گەڕانەوەی سوپاکەوە

هاوڵاتیی

مایەوە. بەڵام کاتێ کورد لەمە بێ ئومێد بوون، ئێرانییەکانیش چیی تر ئەو ترسەیان نەما، هیچ هەڵێک بۆ مانەوەی بزووتنەوەکەی قازی محەمەد نەما.

چیرۆکەکە هەمووی بڕێتی بوو لە زەبرێک بۆ پێشکەوتنی نەتەوەپەروەریی کورد. ئەوەتا ئێستا نە کۆمەڵە ماوە و نە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە چاوەڕوانکراوەکانی کورد یان مردن یان کەوتنە زیندانەوە و یان رەهەندەن. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نەتەوەپەروەریی کورد بە کۆتا گەیشت. کۆماری کوردان پشتیوانیی خۆی لەنێو توخمە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگەدا دۆزییەوە کە پێ دەچوو ژمارە و گرینگییان لە زیادبوون بێت و لەلایەن ئەو توخمانەوە بەرهەڵستیی دەکرا کە پێویست بوو لەناو بچن. مایەوە بزانرێ ئاخۆ نەتەوەپەروەریی کورد گونجاوە بۆ ناوچەیەک کە تا ئەم دواییانە هیچی لەبارەی نەتەوەپەروەرییەوە نەدەزانی و هێشتا پیاوەکانی ملکەچی سەرکردە ئاینی و خێڵەکییەکانیان بوون. کورد هەرگیز لە دەوڵەتێکی جێگیردا کۆ نەبوونەتەوە کە دەوڵەتی خۆیان بێت و کولتوورێکی یەکگرتووی دێرینیان نەبووە. بەهۆی جیاکردنەوەیان لە یەکتر بەو چیایانەی دایانی دەبڕی، کورد بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکولتووری و ئابوورییەکانیان ڕوویان لە پایەتەختەکانی ولاتە جیاجیاکانیان دەکرد کە تیایاندا دەژین.

ئەگەر ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدا دەژین جۆرێک لە ئۆتۆنۆمیی ناوەخۆیی بدەن بە هاوواڵاتییە کوردەکانیان و واز لەو هەوڵە بێنن بەناچارکردنی کورد بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە نەتەوەیەکی جێگرەوە، ڕەنگە سەرکەون لە بەدەستهێنانی نیشتمانپەروەرییەکی وەکو ئەوەی لە سویسرای فرەنەتەوە هەیە. ولاتە عەرەبەکان هەنگاوێکی دەسپێکیان لەم بوارەدا ناوە. سیاسەتێکی هاوشێوەش لە ئێران، ئەگەر دەستی دەرەکی لێی بگەڕێت، لەوانەیە ببێتە هۆی یەکەتییەکی بەهێزتر لە نێوان ئەو دوو گەلەی ولاتەکە.

تێبینییەکان:

* ئارکی ڕووزڤێڵتی گچکە، یاریدەری پاشکۆی سەربازیی ئەمەریکایی بوو لە تاران لە ئاداری ١٩٤٦ەوە تا شوباتی ١٩٤٧. لەو ماوەیەشدا تۆژینەوەیەکی تایبەتی لەسەر دۆخی کورد کرد و یەکێک بوو لەو چوار ئەمەریکاییەی لە ماوەی تەمەنی کورتی کۆماری کوردستاندا سەردانی مەهابادیان کرد.

(١) بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاسایش

(٢) لە کۆتاییدا سوپای سوور ئێرانی لە ٩ی ئایاری ١٩٤٦دا چۆڵ کرد.

دوا ساڵەکانی مستەفا بارزانی

باڵیۆز: دیڤید کۆرن

باڵیۆز دەیڤد کۆرن: لە ١٩٥٧ تا ١٩٨٨، لە گەلێک بواری فەرمانبەرایەتیی میری لە حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، کاری کردووە و زۆربەی کارەکەشی لە کاروباری رۆهەڵاتی ناوین بووە و لە باڵیۆزخانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە لبنان و مۆریتانیا و ئیسرائیل کاری کردووە، لە ١٩٧٢ تا ١٩٧٥ بەرپرسبەری ئۆفیسی کاروباری عەرەبی بووە. لە ١٩٧٨ تا ١٩٨١ پۆستی بەرپرسبەری کاروباری ئیسرائیل و پۆستی کاروباری عەرەبی و ئیسرائیلی و بریکاری وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەوەکالەت بووە.

دەیڤد کۆرن پشکداری دانوستاندنی کامپ دەیڤد و بەری رۆئاوا و هێزە فرە رەگەزەکانی سینای کردووە. لە ١٩٨٢ تا ١٩٨٥، لە ئەدیس ئابابای پایەتەختی ئیتیۆپیا، سەرۆکی باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان بووە و لە ١٩٨٦تا ١٩٨٨، لە تۆگۆ باڵیۆزی وڵاتەکەی بووە. پێنج کتێبی داناوە کە ئەمانەن: ئیتیۆپیا و وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکەتیی سۆڤیەت؛ لە کرۆم هڵ (لەندەنی و لە وەشانگەی ئێلینۆی باشوور لە ١٩٨٦ چاپ کراوە. مافەکانی مرۆڤ لە عێراق (بەپێی رێککەوتنێک لەگەڵ میدڵ ئیست وۆچ و رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە رۆهەڵاتی ناوین) لە وەشانگەی یل لە ١٩٩٠ چاپ بووە. تەنگژە: ئیسرائیل و میسر و دیپلۆماسیی زلهێزەکان لە رۆهەڵاتی ناڤین ١٩٦٧-١٩٧٠، وەشانگەی وێستڤیو، بۆڵدەر، کۆلۆرادۆ، ١٩٩٢، کوشتنێک لە خەرتووم، لە وەشانگەی زانکۆی ئیندیانا و پەیمانگەی زانکۆی جۆرج تاون بۆ خوێندنی دیپلۆماسی، لە ١٩٩٣ چاپ بووە. دواین کتێبیشی کتێبی (ئەو دوو پیاوەی کوردیان بە عێراقەوە لکاند (وەرگێڕی ئەم بابەتە بۆ زمانی عەرەبی و بەناوی - الرجلان اللذان ضما الکرد الی العراق- وەرگێڕاو).

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: تاهیر تەیب ئەحمەد (مامکاک)

ئەوانەی پارە و چەکی ولاتە یەکگرتووەکانیان وەردەگرت گرووپێکی ئیتنیی یاخی بوون، لە ولاتێکدا کە لەسەر سنووری ولاتێکی هاوپەیمانی ئێمە بوو، لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا شەڕیان دەکرد. ئەو دۆکیومێنتانەی لە بەردەستی کۆمیتەدانە، بە ڕاشکاوی نیشان دەدەن کە سەرۆک و دوکتۆر کیسنگەر و سەرۆکی دەوڵەتێکی بیانی ئومێدیان ئەوە بوو کە دۆستەکانمان سەرنەکەون. لەبری ئەوە، هەموویان بەسادەییەوە، وایان پێ پەسند بوو یاخییەکان لە جۆرە پەلامارداناێک بەردەوام بن کە وشکاو بە سەرچاوەگەلی دراوسێی هاوپەیمانەکەمان، بهێنن. خۆ تەنانەت لە نێوان کاری نهێنیشدا، ئەوەی ئێمە کردمان کارێکی گاڵتەجاڕی بوو.

لە دەقی ڕاپۆرتێکی نهێنیی کۆمیتەی خەفیەیی هەڵبژاردەی ئەنجوومەنی نوێنەران House Se- lect Intelligence Committee، لە Voice The Village، لە ١٦ شـــــوباتی ١٩٧٦دا هاتە وەشاندن.

٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٣، بۆ کورد، لە هەموو شتێک نزیکتر لە جەژنێکی نەتەوەیی دەکرد کە تا ئێستا لەو دەوڵەتە ڕانەگەیەندراوە بەئاستەم ناسراو و ناسکەیاندا، پێیان زانیبێ. حکوومەتی بەعس لە بەغدا گەمارۆی دابوون هەر ئەوەتە تورکە دراوسێیەکانیان چاوپۆشییان لێ دەکردن، هەموو دنیا گەمارۆی لەسەر دانابوون، تەنانەت ئەمەریکایی و ئەورووپاییە ڕۆژاواییەکانی کە دەیانپاراستن، ئەوانیش خۆیان لێ بەدوور دەگرتن، خۆراک و سووتەمەنی و دەرمانیان کەم بوو و هەموو جۆرە نەهامەتییەکیان دەچێشت. لەگەڵ ئەمە هەمووشیدا، لەو ڕۆژیدا، لە هەموو شارێک و گوندێکی ناوچەکانی کوردی بۆ ئاهەنگگێڕان کۆبوونەوە. تەرمی مەلا مستەفا بارزانی، ئەو پیاوەی بەدرێژاییی دەیان ساڵی خەباتی خۆی سەرکردەیان بوو، لە کەژاوەیێکی سەرکەوتووانەدا لە گلکۆیەکەی لەوبەری سنووری ناو ئێرانەوەڕا، بۆ شاردنەوەی لەو خاکەی لە پێناوی ئازادکردنیدا خەباتی کردبوو، دەهێندرایەوە.

لەناو کورد، بارزانی پلە و پایەی ئەفسانەیی هەبوو. ژیانی بووبووە بابەتی ئەفسانە. هەرچەندە پێی دەگوترا مەلا مستەفا، وەلێ خۆ مەلا نەبوو، بگرە پیاوێک بوو بۆ ئەوە خولقاو و پەروەردە بووبوو تا لە خەباتدا بێ و لە شەڕدا سەرکردایەتیی خەڵکانی تر بکا. شۆڕشەکانی و جوامێریی ئەو لە مەیدان و ئەو دوازدە ساڵەی لە یەکەتیی سۆڤیەت لە دەسبەسەریدا مایەوە و گەڕانەوە شکۆمەندەکەی و پاڵەوانەتییە دوورخایەنەکەی لە پێناوی مافەکانی کورد، وای کرد هەموو کوردێک لە هەر شوێنێک بن – نەک هەر تەنیا لە عێراق، بگرە لە تورکیا و ئێران و سووریا و یەکەتیی سۆڤیەت و لە هەندەرانیش لە ئەورووپای ڕۆژاوا و لە ولاتە یەکگرتووەکان – هەست بەشانازی و بە بەنەتەوەبوونێکی ئاوا بکەن کە پێشتر هەرگیز هەستیان پێی نەکردبوو. گەیشتە ئەوپەڕی پلەی بەرزی، بەڵام چونکە بەچاکی پێگەی خۆی هەڵنەسەنگاندبوو، لەبەر ئەوە کێ کەوت. ئەو بزووتنەوەیەی بە پتر لە چوار دەیە ساڵ خەبات دروستی کرد، ڕووخا و بەخۆی و بەوانەی پێوەندییان پێیەوە کردبوو هەموو شتێکیان لەدەست دا.

ئەو گەڕانەوە شکۆمەندە سەرکەوتووەی لە دوای کۆچکردنی بۆ کوردستانی عێراق، تاجی دوا قۆناخی ئەو گەشتەی مستەفا بارزانی بوو کە لە پاش نیوەڕۆیەکی زووی ئابی ١٩٧٥ لە باڵەفڕگەی جۆون ف. کێنێدی لە نیویۆرک، دەستی پێ کردبوو. گەیشتنی ئەو ڕۆژی و بە باڵەفڕەیەکی هێلّی ئاسمانیی ئێرانی کە لە تارانەوە هات، بە ئەوپەڕی نهێنی بوو. بەخۆی و بە هەرسێ هاوڕێکەیەوە لەسەرەخۆ لە کابینەیێکی فێرست کلاّس، بە باڵەفڕەیەکی بۆینگی ٧٤٧، گەیشتنە جێ. پاش گەیشتنیان، دەبوو دوو هاوسەفەرەکەی لە ڕووکارە نامۆیەکانی کارمەندانی ئاسایشی کۆچ و گومرگی ولاّتە یەکگرتووەکان وەلاوە بدرێن. جا هەرکە لە سەکۆیەکە دابەزین و پێیان خستە سەر ڕێڕەوی فرۆکەکە، دوو پیاو بە بەرگی پیشەییەوە؛ کراسی سپی و کەراڤاتیان لەبەردا بوو، بەرانبەریان بوون. ئەو دوو کەسە، کە دیارە ئەمەریکایی بوون میوانەکانیان بۆ ناو چەند ئۆتۆمۆبێلێکی ڕەشی بێ نیشان برد کە لە دوور لە باڵەفڕەکە ڕاوەستا بوون و مەکینەکانیان هەر لە گەڕدا بوون. کۆمەڵەکە چوونە ناو ئۆتۆمۆبیلەکان و بە دەروازەیەکی لاچەپدا چوونە سەر ڕێگەی خێرا و بەرەو شاری نیویۆرک چوون.

هەرچەندە لەو تەمەنەشیدا بارزانی ماندووبوونی ڕێگەی پێوە دیار نەبوو، وەلێ بارزانی بەشێنەیی دەڕۆیشت و دەلەنگی. ئەو جلەی پۆشتبووی باش بەبەری نەدەکرد، کاراڤاتەکیشی خراپ بۆی بەسترابوو. هەموو لە هەمووی ئەوەی نیشان دەدا ئەمە نە پۆشاکی ئەو بوو و ئەمانەش دەوروبەری ئاساییی خۆی نەبوون. هەرچەندە تەمەنی حەفتا و دوو ساڵ و ئاوارەش بوو، بەڵام هەر کەسایەتییەک بوو سەرنجی بۆ خۆی ڕادەکێشا. باڵابەرزیی ئەو پیاوە نەبوو کە لە خەڵکی تر جودای دەکردەوە – باڵاکەی لە پێنج پێ و شەش ئینچ بەرزتر نەدەبوو. بەڵکو چوارشانەیی و ئێسقان ئەستووری و باسکی بە ماسوولکەی توند بوو، مێزێکی جەستەیی مەزنیان پێ دابوو. سەرە گەورە و بە قژە کورتە تەنکە ڕەش و سپییە داپۆشراوەکەی، چوارگۆشە بەسەر ملییەوە بوو. لە حەقیقەتدا، هەموو کەسێک یەکەم جار چاوەکانی دەدیت. ئەو ڕووناهییە لە ئاسایی بەدەرەی لە ناخ دەچەقی، چەندان ساڵ بوو پەیامنێران بۆی بەشاخەکاندا هەڵدەگەڕان و ڕێی سەختیان دەبڕی و دەچوونە سەردانی بارەگاکانی بارزانی لەو شاخانە، هەر بۆ ئەوەی لەبارەیەوە بنووسن.

هاوڕێیەکانی گەشتەکەی هاوڕێیەکی دێرین و دوو پیاوی گەنجتر بوون، هەردووکیان لە ناوەڕاستی سییەکاندا بوون، یەکیان کوردێکی یارمەتیدەری بارزانی و ئەوی تریان ئێرانییەک بوو. شەوێک لە شاری نیویۆرک مانەوە و بەیانیی پاشتر سواری باڵەفڕەیەک بوون و بۆ مینیاپۆڵس چوون و لەوێشەوەڕا باڵەفڕەیان گۆڕی و بۆ ڕۆچستەری مینیسۆتا چوون، مایۆ کلینیک لەوێ بوو. ئاخر، بارزانی نەساغ بوو، ڕەنگە نەخۆشییەکی کوشندە بووبێ. بەڵام خۆی هێشتا هیوای هەبوو، هەر ئەو ئومێدەشی بوو بۆ ئەمەریکای هێنابوو.

شۆڕشی کوردی ١٩٧٤ – ١٩٧٥

تەنیا پێنج مانگ پێشتر، لە ئاداری ١٩٧٥ بوو کە هێزی لەشکری کوردی بە شێوەیەکی کتوپڕی شپرزەهێن ڕووخا. سااڵێکی ڕەبەق بەر لەمە، لە ئاداری ١٩٧٤ بوو، بارزانی بانگەوازی بۆ کوردی عێراق کرد بۆ ئەوەی چەک هەڵگرن. بەاڵی کەم دە جار هەوڵی کوشتنی بۆ دراوە – دووانیان کە هێندەیان نەمابوو سەرکەون، لەاڵیەنی ڕێژیمی عەرەبی لە بەغداوە کران. باوەڕی بە عێراق نەمابوو کە بیەوێ ڕێککەوتنەکەی ئۆتۆنۆمیی کوردی جێبەجێ بکات کە لە ئاداری ١٩٧٠ لەگەڵ بریکاری سەرۆکی عێراقی، سەدام حوسێن تکریتی، مۆری کردبوو. جا هەرچەندە لە سەرەوەی حەفتاش بوو، بەاڵم هەر بڕیاری دا ئەمجارەش خەبات بکا. بە گرەوێکی ژیرانە دەچوو، لەبەرئەوەی بارزانی ئێستا سەرکردەیەکی بێ هاوتای کوردی عێراقی بوو و کەم و زۆرێک پشتیوانیی بەئاشکرای حەمەڕەزا شای ئێرانی هەبوو. لەوەش گرینگتر ئەوە بوو، هەستی کرد پشتیوانییەکی نهێنیی حکوومەتی وااڵتە یەکگرتووەکانی هەیە، کە سەرۆک ڕیچەرد نیکسن خۆی و هێنری کێسنگەری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییی نیکسن و پاشتریش وەزیری دەرەوە، پشتیوانییەکەیان بەرفرەتر کردبوو.

کوردی عێراقی بێ دوودڵی وەپیری خواستی بارزانییەوە هاتن. کورە خێڵەکییان گەلەکۆمەیان لێ کرد، ئەفسەر و پیاوانی کورد ڕێزی سوپای عێراقیان چۆڵ کرد، خاوەن پیشە لە بەغدا و کەرکووک و مووسڵ کارەکانی خۆیانیان بەجێ هێشت، قوتابییانی ئامادەیی و زانکۆکان پۆلەکانی خوێندنیان لە هەموو شوێنێکدا پشتگوێ خست. مەموویان پێوەندییان بەڕێزەکانی پێشمەرگەی بارزانییەوە کرد یانیش بەهەر شێوەیێکی تواناییان بۆ خزمەتی کێشەکە هاتنە گەڕ. خێزانەکانی خۆیانیان لەگەڵ خۆدا برد. سەدان هەزار ژن و منداڵ و پیر لە (ناوچە ئازادکراوەکان)دا کۆ بوونەوە و بۆ ئێران چوون. بەورەی بەرزەوە هاتن. متمانە بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانیی شارەزا و شەڕوانی پیر، تا ئەو ڕادەیە بوو زۆربەیان لەم باوەڕە بوون کە بەاڵیەنی کەم بە شەش مانگی داهاتوو، دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە کێوەکانی باکووری عێراق، پەیدا دەبێ. لە دوا قۆناخ، پاش پازدە سااڵ لە گەڕانەوەی لە ١٩٥٨ لە هەندەران لە یەکەتیی سۆڤیەت، بارزانی ڕۆژ لە ڕۆژ بەهێزتر دەبوو و بە پێش کورە ڕکابەرەکانی دەکەوت و سوپای عێراقیی لە مەیدانەکانی شەڕدا زەلیل دەکرد و لە بەرانبەریشدا حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی لە بەغدا دەڕووخاند و دانوستاندنی لەگەڵیاندا دەکرد. بۆچی ئەمجارەیان ئاوا جیاواز بوو؟

ئەمجارەیان جودایییەک هەبوو. لەو دەمەی حکوومەتی عەرەبی خەریک بوو ئاشتیی لەگەڵ کورددا دەکرد، لە بەغدا خۆی بۆ شەڕ ساز دەدا. سوپای عێراقی دووبارە بنیات ناوە و گەورەتری کرد و پڕی تانک و توپ و باڵەفڕەی شەڕ و بۆمبهاوێژی کارگەکانی سۆڤیەتی کرد. ئەوەی بارزانی لە هاوپەیمانی وەری گرت، بارتەقای ئەوە نەبوو سۆڤیەتییەکان بۆ عێراقێیان دەنارد. بارزانی

هەواڵنامەی کێبڕکێ

پارەی باش و کەم چەکێکی لە شا وەرگرت. بەڵام هەرگیز بایيی پێویست نە چەک نە تەقەمەنی بۆ نەهات. هێزەکانی تەنیا تفەنگ – کە هەندێکیان هی سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی و هەندێکیشیان کۆنتریش بوون – و ڕەشێنکە (رشاش) و هاوەنی سووک و بەر لە کۆتاییش، ژمارەیێک چەکی تانکشکێنی بۆ نارد. ئیسرائیلیش کە دۆستێکی لەمێژینە بوو تەنیا مەشق و کەمێک چەکی بۆ ناردن. ئەمەریکاییەکان ڕاستەخۆ پارەیان بە گرووپی بارزانی دا؛ وەلێ پوولەکە زۆر لە هی ئێرانییەکان کەمتر بوو و بەهای کڕینی هەندێک لەو چەکانەشیان دا کە ئێرانییەکان پێیان دەدان. بەڵام لە لای بارزانی سیمبۆلی هاریکاریی ئەمەریکاییەکان لە قەوارەکەی گرینگتر بوو؛ چونکە متمانەی ئەوەی پێ دابوو کە شا لە ناکاو ڕۆژێک دەستبەرداری نابێت.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە سەد هەزار پێشمەرگە بە هێزەکانی ١٩٧٥هەردەم بە خراپی چەکیان لێ دەبڕا. عێراقییەکان لە هەموو شوێنێک، کۆنترۆڵی ئاسمانیان کردبوو و لە هەر شوێنێکیش زرێپۆشی بۆ بچووبایە، ئەوان بالادەست دەبوون، بەدڵی خۆیان کوردیان بۆردمان دەکرد و سزایان دەدان – نەک هەر پێشمەرگەی کورد، بگرە گوندی کورد و کێڵگەکانیش وەبەر دەکەوتن. لەسەر زەوییش کورد سوودی لە کەژ و کێوە بەرزەکان وەردەگرت و باوەڕیان بە بەرگریکردن لە ولاتی خۆیان هەبوو. شەڕ دژوار بوو و هەردوو لا کوشتاری زۆریان دا. لە شەڕە گەورەکانیشدا، ئێرانییەکان ناوە ناوە یارمەتیگیان دەدان تۆپە دوورئاوێژەکانیان لە سنووری ولاتەکەیان لەگەڵ عێراق نزیک دەکردەوە و لەوێوەرا بۆردمانی هێرشبەرە عێراقییەکانیان دەکرد. بەڵام زۆربەی کات، کورد دەبوو لە ڕووی سوپای عێراقدا پاشەکشە بکەن؛ چونکە ئەوان لە هەردوو لایەنی هێزی ئاگر firepower و هێزی مرۆڤییەوە manpower بالادەست بوون.

لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا کورد سەری شۆڕ نەکرد. پێشمەرگەکانیان مەشقی کەمیان لەسەر شەڕی هاوچەرخ کردبوو بەڵام بەشێوەیێک خۆڕاگر و بوێر بوون کە باوەڕ ناکرێ. ئەو جەنەڕاڵە ئیسرائیلییانەی سەردانیان کردن، لە خۆڕاگری و لە بەرگەگرتنی تەنگانە و لە ملکەچبوون بۆ فەرمانەکان، واقیان لە پێشمەرگەی کورد، وڕدەما. هەتا پێشمەرگە چەک و تەقەمەنی بۆ هاتبا، شەڕی دەکرد. بارزانی پێشبینیی ئەوەی نەکرد کە لە مەیدانی شەڕدا ئەم شەڕە دەباتەوە، چونکە دوژمنەکەی هەم بە چەک هەمیش بە ژمارە بالادەست بوو. بگرە وەکو ڕابردوو پشتی بە ڕووخانی ڕێژیمی بەغدا بەست و بۆ ئەمەش هێندە خۆینی لەبەر سوپا ڕواند و هەندەش زیانی بەداراییی گەیاند تا گەیشتە ئەوەی چک بکا، تا لە کۆتاییدا مل بۆ خواستەکانی کورد شۆڕ بکا و لێیان بگەڕێن کاروباری خۆیان بە خۆیان ڕاپەڕێنن. پێشتر ئەمەی کردبوو: هەر لە ١٩٦٠هکانەوە، شۆڕشەکانی ئەو هەندێک حکوومەتی عێراقییان ڕووخاندبوو و هەندێکیانیشی وا لێ کرد کە بڕووخێن. هیچ هۆیەکیش نەبوو مەزەندە بکەی کە لە ١٩٧٠کانیشدا وای پێ ناکرێ.

لەوە بترازێ کە ئێستا عێراق و هەموو دنیا دەگۆڕان. لە ١٩٦٠هکاندا، سەرچاوە زەبەلاحەکانی نەوتی عێراقی – کە لە دوای عەرەبستانی سعوودیی دووەم دەهات – تەنیا شتێکی کەمی دەهاتە

بەرهەم و لە بازارەکانی دنیا، زۆر هەرزان بوو، هەروەها کۆمپانیا ئەمەریکایی و بەریتانی و هۆڵەندا‌ییەکان کۆنترۆڵی نرخ و وەبەرهەمهێنانیان کردبوو. حکوومەتەکانی کە لە بەغدا بوون، هەر لە دێرزەمانەوە بێ پارە بوون و لە زگماکییەوە لاواز و بێ هێز بوون. بەڵام لە ١٩٦٨حزبی بەعس لە بەغدا دەسەڵاتی وەرگرت. لەو دەمی هەروەک هەموو کودەتایەکی پێشتر وابوو، بەڵام زۆری نەبرد ئاشکرا بوو کە ئەمەیان جیاواز بوو. لە ناوەڕاستی ١٩٧٠کاندا بوو کە حکوومەتی بەعسی حوکمێکی پۆڵایینی ئاوای بەسەر عێراقدا سەپاند گەلانی ئەو وڵاتە ئەم جۆرە نەهامەتی و شەڕوشۆڕەیان، هەرگیز، پێشتر نەدیتبوو. لە ١٩٧٢ حکوومەتەکە کۆمپانیا نەوتییە ڕۆژئاوا‌ییەکانی خۆماڵی کردن و لە دوای شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٣، نرخی نەوتی دنیا بەجارێک هەستا و دەهەندەی نرخەکەی ساڵانی ١٩٦٠ەکانی لێ هات. پارە بە خوڕ بۆ ناو گەنجینەی عێراقی هات – پارەکە تێرای تۆپ و قەیماخی دەکرد، تێرا‌یی ئەوەی دەکرد شەڕ لەگەڵ کورد بکا و وڵات بەرەو گەشەکردن و پێشکەوتنێکی ئاوا ببا کە پێشبینی نەدەکرا.

ئەمجارەیان بارزانی نەیارێکی لە جاران جیاوازی هەبوو. جیاوازییەکە تەنیا هەر لەو گرووپەدا نەبوو کە بەغدای حوکم دەکرد و سەرچاوەکانی بەدەستەوە بوو، بگرە لە سەدام حوسێندا بوو، سەرکردەیێک بوو تازە هەڵدەکەوت سەدام پیاوێکی سەرڕەش بوو، لە ناوەڕاستی سییەکان بوو چاوی بڕیبووە دزینی دەسەڵات، ویستی دەسەڵات گرتنە دەستی گەنجایەتییەکەی بێ هاوتا کردبوو. ئەو پیاوەی ئەمجارەیان وەک هیچ کام لەو پیاوانە نەبوو کە پێشتر بارزانی ڕووبەڕوویان هاتبوو. مەلا مستەفا بارزانی کە ئەوپەڕ تەنیا خۆبەندنی سەرەتایی هەبوو، بە درێژا‌یی ژیانی توانی بەرپەرچی هەموو ئەو فرتوفێڵ و خواروخێچییانە بداتەوە کە حکوومەتە یەک لە دوا یەکەکانی بەغدا لە دژیان پەیڕەو دەکرد. بەدەگمەن کەسێک هەبووە لەو باشتر ئەگەر هەر لە ئەسڵدا هەبووبێ. بەڵێ قەت پێشتر وا نەبووە کە بکەوێتە داوی کابرایەکی ئەوپەڕ فێڵبازی بێ بەزەی وەک ئەو ئەستێرە گەنجەی ڕێژیمی بەعس.

ڕووخانی کوردی

وا دیارە بەخەیاڵی بارزانیدا نەهاتبێ کاتێک سەدام حوسێن نەیتوانی سەرکەوتنی سەربازی وەدەست بێنێ، دەچێ ڕوو لە کردەوەی دیپلۆماسی دەکا. بیری لەوەش نەکردەوە ئەو عێراقییە ڕەنگە بچێ شا بکرێ. یان شا بێ شەرەفانە ڕەنگە بارزانی و گەلەکەی بەهەندێ پارچە زەویی بێ بەها، بفرۆشێتەوە. ئەو هەواڵەی باسی کرد کە شا و سەدام حوسێن لە پەڕاوێزی کۆبوونەوەکانی سەرانی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکی پێترۆڵ، کۆ بوونەوە و لە ٥ی ئاداری ١٩٧٥ڕێککەوتنێکیان مۆر کرد، ئەو پێکهاتنە وەک بروسکێک لە ئاسمانێکی ساماڵدا هات و لە بارزانی و پێشمەرگەکانی سەنگەر و سەرتاسەری دنیای دا.

بۆ وەزیرەکانی شا خۆی و ڕێچەرد هێڵمزی باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئێران و بەڕێوەبەری

پێشووی سی ئای ئەی (CIA)یش کارێکی سەرسوڕهێن و کتوپڕ بوو. هێڵمز لە ٦ی ئادار، لە باڵەفڕگەی تاران بوو، کاتێک کە کاربەدەستانی ئێرانی بۆ پێشوازیکردنی شا لە گەڕانەوەی لە گەشتەکەی بۆ جەزایر لە فڕگەکە کۆ بووبوونەوە. سەیری کرد یارمەتیدەرانی شا چەند یەکپۆش بوون، هێندەش وەکو خۆی سەر لێشێواو بوون. هێڵمز بە نیگەرانییەوە چاودێریی دەکرد، کاتێک کە شا هەمووی حەپەساندن؛ چونکە هەر لەگەڵ دابەزینی لە باڵەفڕەکە و لەسەر مەدرەجی ڕێنوێنییەکانی خۆی دەرکرد و تەنانەت چاوەڕێی نەکرد تا دەگاتەوە کۆشکەکەی و لەگەڵیاندا کۆ ببێتەوە. فەرمانی دا هەر چ یارمەتییەکی سەربازی کە بۆ کورد دەچوو دەمودەست بوەستێ و هەموو شێوە یارمەتییەکی دارایی و هەر یارمەتییەکی تر هەبێ دەبێ ڕابگیرێ و سنووری نێوان عێراق و ئێران پاش ماوەیێکی کەم، دابخرێ.

بەیانیی ڕۆژی پاشتر هێڵمز بە پیری بانگەوازی شا چوو، بینی شا لە هەموو کاتێک پتر خۆی ساز دابوو. داوای لە ولاتە یەکگرتووەکان نەکرد تا بە قسەی بکەن و یارمەتییەکانیان لە کورد ببڕن _ سێ ساڵ پێشتر خۆی لە سەرۆک نیکسنی خواست یارمەتییەکە پتر بکا. بە ئاسانی بە هێڵمزی گوت کە ئەو یارمەتییانەی ئێران بۆ شۆڕشوانەکانی بارزانی دەینارد بڕا و بەم پێیەش ئەو یارمەتییەی ولاتە یەکگرتووەکانیش دەیکا، دەبڕێتەوە. داوای هیچ جۆرە لێبووردنێکی بەهۆی ئەم کارە کتوپڕەی، لە هێڵمز نەکرد؛ چونکە خۆی ئەو جۆرە پیاوە نەبوو داوای لێبووردن بکا. لەگەڵ ئەمەشدا شرۆڤەی خۆی هەبوو. گوتی: (بارزانی بە چاکی لە دژی عێراقییان شەڕی نەدەکرد؛ هەر لێی پاڵ دەداوە و لە کەسانی تری دەخواست شەڕی بۆ بکەن.) ئەفسەرانی بنکەی سی ئای ئەی لە باڵیۆزخانەکەی هێڵمز – ئەوانەی سێ ساڵ لەگەڵ بارزانی و گرووپەکەی کاریان کردبوو – نیگەران و بێزار بوون و لە ڕاستیشدا بەم هەواڵانە تووڕەش بوون. بەڵام هێڵمز بۆ خۆی پێویستی بە بڕواکردن نەبوو. ڕیککەوتنەکەی نێوان عێراق و ئێرانیشی بەپێشکەوتنێکی ئەرێنی دانا، کە ڕەنگە ناوچەکە سەقامگیر بکا. توانی بەچاکی و بە پوختی لەوەش بگا کە حکوومەتەکان جا چ لە بەغدا بێ یان لە تاران دەبێ بەرهەڵستیی ئەوە بکەن کە خاکیان بکەوێتە بەردەستی کەمینە یاخییەکانەوە.

کە هێڵمز ڕاپۆرتەکەی خۆی سەبارەت بەقسەکردنی لەگەڵ شا، بە بڕووسکەیەک، نارد؛ چاوەڕێ بوو سەرەکەی کە وەزیری دەرەوە، هێنری کیسنگەر بوو، پێشوازی لە ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان تاران و بەغدا بکا. بەڵام کە کیسنگەر بە تووڕەییەوە وەڵامی داوە، حەپەسا. نە کێشە و نە بنەوای نیگەرانیی سەبارەت بەباری مرۆییی کوردە ناپاکی لێکراوەکان بوو کە کیسنگەری پێ هەڵچوو. بگرە لە وەزارەتی دەرەوە، بە زۆری بۆ ئەوە دەچوون کە کیسنگەر هەر گەرەکی بوو کورد لە پەلبەستکردنی عێراقییەکان بەردەوام بن بۆ ئەوەی نەهێڵن بەغدا گرفت بۆ ئیسرائیل بنێتەوە. بڕیارەکەی شای پێ خۆش نەبوو؛ وەلێ نەشیویست هەوڵ بدا بیگۆڕێ. هێنری کیسنگەر لەوە نەبوو لەگەڵ حەمەڕەزا شای پەهلەوی بەشەڕ بێ، چونکە، لە کۆتاییدا دەستی لە شا

بەرنەدەبوو، چونکە لە ڕۆهەڵاتی ناوین، شا کۆڵەگەی سیاسەتی ئەمەریکایی بوو، ئەو پیاوە بوو بۆ سەقامگیرکردنی ناوچەی کەنداوی فارس، واشنتۆن پشتی پێ دەبەستا.

شا وای کرد بارزانی نزیکەی یەک حەفتە چاوەڕێ بکا، تا ١١ ئادار، بەر لەوەی پێشوازی لە سەرکردەی کورد بکا و بەفەرمی چارەنووسەکەی پێ ڕابگەیەنێ. شەفیق قەزاز (هەرچەندە ناونیشانی فەرمیی نەبوو) بەڵام باڵێۆزی بارزانی بوو لە تاران و ئۆفیسەکەی نزیکەی سی کارمەندی هەبوو، لەگەڵ بارزانی چاوەڕێی دەکرد. قەزاز لە گرینگترین تێکەڵی لەگەڵ حکوومەتی حەمەڕەزا شای پەهلەوی بەرپرسیار بوو؛ سەرپەرشتیی گواستنەوەی ئەو پارە و چەکەی دەکرد کە بۆ ئەو حکوومەتە کوردییەی باکووری ڕۆهەڵاتی عێراقی دراوسێ ڕەوان دەکرا (کە تەنیا ناوی لێ کەم بوو)؛ هەر خۆیشی نەخۆشخانە کوردییەکانی لە ئێران بەڕێوە دەبرد کە بریندار و نەخۆشی تێدا چارەسەر دەکرا و ئاگای لە پەنابەرانی کورد دەبوو کە ژمارەیان خۆی لە ملیۆنێک کەس دەدا و هەروەها بەڕێوەبردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ (جەستن Justin)دا دەکرد؛ جەستن ناوی نهێنیی گەورە ئەفسەری بنکەی ئاژانسی خەفیەیی ناوەندی لە پایەتەختی ئێران، بوو. قەزاز پیاوێکی باڵابەرزی باریکەڵەی قۆژ بوو بە شێوەزارێکی بەریتانی خۆشی بێ هەڵوەستە بە ئینگلیزی دەئاخاوت. چوار ساڵ پێشتر تۆڕێنەوەی دوکتۆرای لە زانکۆی ئەمەریکایی لە واشنتۆن تەواو کردبوو و تێیدا ڕەخنەی لە بارزانی دەگرت. ئەوەش بەر لەوە بوو کە بە ڕاستی سەرکردەی کورد بناسێ. ئێستاش کۆڕ چەند دڵسۆزی باوکییەتی، قەزاز هێندە دڵسۆزی بارزانییە.

بەهۆزی قەزاز، ئەو چاوەڕوانییە درێژخایەنە ڕەقەکارییەکی لە ڕادەبەدەری دیکتاتۆرێکی ڕۆهەڵاتی بوو، چونکە ١١ی ئاداری ١٩٧٥پێنجەمین ساڵوەگەڕی ئەو ڕۆژە بوو کە بارزانی ڕێککەوتنێکی لەگەڵ سەدام حوسێن کرد – شا باوەڕی وابوو بارزانی پەیمانی پێ دابوو ڕێککەوتنەکە بە ئاکام نەگەیەنێ. لەو دەمەدا، قەزاز هەستی کرد ئێرانییەکان چێژیان لە تۆڵەکردنەوە لە بارزانی وەردەگرت و خەنجەرەکەیان لەو پیاوە دەچەماندەوە وەک ئەوەی لەناو جەستەیان چەقاندبێ.

قەزاز لەگەڵ بارزانی و دوکتۆر مەحموود عوسمان دوکتۆری تایبەتی بارزانی و گەورە یاریدەریدا بوو کە چوونە ناو تەلارەکەی شاوە. شای ئێران پوختەکەی گوت و یەکسەر لە مەرامی خۆی دا. بۆی باس کردن کە قووڵتر لە شەڕەکە بیری کردەوە لەوەی لە کاتی دەست پێکردنی یارمەتیی کورد، پێشبینیی دەکرد. بارەکە لەوە گرانتر بوو پێی هەڵبگیرێ و ناچار بوو ڕێککەوتنێک لەگەڵ عێراقدا بکا. گوتی کەوا لەو دەمەدا ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ حزبی بەعس بەڕێککەوتنێکی کاتی دەزانێ. نەشیدەزانی ئاخۆ عێراقییەکان بەڕاستی ڕێز لە ڕێککەوتنەکە دەگرن و بە تاقیکردنەوەیێکی پێوەندییەکانی هەردوو ولاتیشی دادەنێن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، هەموو یارمەتییەکانی لە کورد دەبڕی. سنووری ئێران تەنیا بۆ ماوەی سی ڕۆژی تر بۆیان دەکرێتەوە و لەو ماوەیەدا هەر کوردێکی دەیەوێ دەربازی نێو سنووری ئێران ببێ بەخێر بێ و

هەڵوالتنەی کتێب

دڵنیاشی کردنەوە ئەوانەی دێن (کاریان پێ دەدرێ و وەک هاوواڵاتییانی خۆمان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێ.) پاشتر سنوور دادەخرێ. عوسمان تووڕە بوو. ئاخۆ دەبێ خەباتی ئەو گەلەی سەر و سامانی کردە قوربانی بەکەیفی ئەم کابرایە کەی ئەو بیەوێ بڕوا و کەی ویستیشی بوەستێ؟ دەنگی ناقایلبوونی هەڵبڕی. "کە پەیمانی یارمەتیت پێ داین هیچ باسی خۆکشاندنەوە نەکرا..." شا قسەی پێ بڕی. "من بڕیاری خۆمت پێ ڕادەگەیەنم. هیچ شت نییە تاووتوێی بکەین" قەزاز لە بیریەتی کە بارزانی بێدەنگ گوێی ڕاگرت و بێدەنگیش ڕۆیشت. هێندە زۆر حەپەسا و هێندە نیگەران بوو تەنانەت داوای لە شا نەکرد تا بەبڕیارەکەیدا بچێتەوە.

بەڵام پاشتر لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ گەورە یاریدەرانی، مەلا مستەفا ڕای گەیاند کە خەباتی چەکداری بەردەوام دەبێ. هەردوو کوڕەکەی ئیدریس و مەسعوودی نارەوە بۆ کوردستانی عێراق بۆ ئەوەی پێشمەرگە ساز بدەنەوە و وەک جاران تاکتیکی پێشمەرگەی ١٩٦٠ەکان لە لێدە و ڕاکە پەیڕەو بکەنەوە. خۆیشی هاتەوە بارەگایەکەی لە گوندی ناوپردان، کە لە نزیکی سنووری ناوەوەی عێراقدایە. لە کاتی کۆبوونەوەیێکی چەند ڕۆژ پاشتر لەژێر چادرێک کە لە بناری گردێک هەڵدرابوو، بارزانی ڕێککەوتنەکەی نێوان شا و سەدام حوسێنی بەنسکۆیەکی کاتی وەسف کرد کە تووشی کێشەی کورد هات. هەروەها وتی کەوا: "٩٠٪ دڵنیایە" کە کارەکان بەرەو چاکتر دەبنەوە. پاش ئەوەی بارزانی ڕۆیشت، هەموو دەورەیان لە قەزاز دا. پرسییان ئاخۆ چی بوو ئاوا بارزانیی گەشبین کردبوو؟ قەزاز نەیتوانی هیچ وەڵامێک بداتەوە. ئاخۆ بارزانی هیچ شتێکی دەزانی کە ئەوانی تر ئاگایان لێی نەبوو؟ یان هەر دەیویست وەی خەڵکەکە بەرز ڕاگرێ؟

پاش ماوەیێکی کورت، ئەو ڕووناکبینییەی بارزانی گۆڕا و دەستی لە کار کشاندەوە. لە ١٨ی ئادار، کە لەگەڵ گەورە سەرکردە سەربازییەکانی کۆ بووەوە، ئاشکرای کرد کە ئیتر ناتوانێ بەردەوام بێ. جارێ دا کەوا ئێران لە ٣٠ نیساندا سنوورەکانی خۆی دادەخات؛ لەو کات تورکیاش سنووری خۆی داخستبوو؛ سوپای عێراقیش سنوورەکانی باشوور و ڕۆئاوا دادەخات. دۆخێکی بێ ئومێدانە بوو. بارزانی گوتی ئەگەر کەسێک هەیە بیەوێ لە شەڕ بەردەوام بێ، من پڕ بەدڵ پشتیوانیی لێ دەکەم. پێشنیازەکە پتر هەر قسە بوو لەوەی ڕاستی بێ. ئەوانەی گوێیان لە بارزانی بوو تێ گەیشتن کە بارزانی دەیگوت: "ئەمە کۆتاییە، پێویستە لێرە بوەستین." جا کە چاوی بەژوورەکەدا گێڕا، سەرکردەکان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە بەبێ ئەوەی سنوور کراوە بێ تا چەک و تفاقی لێوە بێ، مەحاڵە بەردەوام بن. لە عەلی عەسکەری بترازێ کە داوای مۆڵەتی چەند ڕۆژێکی کرد بۆ ئەوەی بزانێ باری لەشکرەکانی چۆنە، ئەوانی تر هەموو لەسەر ئەو بۆچوونە بوون کە بەرگری سوودی نابێ و پاشان عەلی عەسکەرییش هاتە سەر بۆچوونی ئەوان.

گەلێک لەو سەرکردانەی کە شەڕ جەربەزەی کردبوون، بەپشتشکاوی و بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە، لە کۆبوونەوەکە هاتنە دەرەوە. کە هەواڵ هاتە وەشاندن، ڕیزی یەکەکانی پێشمەرگە گێرەشێوێنیی تێ کەوت. هەندێ لە سەربازەکان چەکەکانی خۆیانیان شکاند. هەندێک لە

نائومێدبیان، چەکەکانیان بە گەلییەکاندا هەڵدا و هەندێکیشیان چەکەکانیان فڕێی ناو ڕووبارەکان دا و هی تریش هەبوون بە کوڵ گریان و باسیان لە خۆکوشتن کرد. دیلبوونی دەستی نائومێدی خەڵکی تووشی سەرسامی و تفتی کرد، ئاواتەکان نەمان، خەونەکان زڕان، داهاتوو یان دەبوو هەندەرانی ئێران بێت، یان ئەگەر باوەڕ بە پەیمانی حکوومەتی بەعس بەو لێبووردنە بکەن کە دابووی و بگەڕێنەوە بۆ عێراق، هەموو دەیانزانی کە زۆر لەگینە – بۆ هەزارانیش حەقیقەتەکەی وابوو – نەفیکران و زیندانیکردن یان کوشتن سزایان بێ. ئەو شۆکەی تووشی دوکتۆری تایبەتی و یاریدەری بارزانی، دوکتۆر عوسمان هات، وای لێ کرد لە بارزانی جودا ببێتەوە و بەهۆی وازهێنانیشی لە خەباتی چەکداری ڕەخنەشی لێ بگرێ.

چ بوو لەو چەند ڕۆژەی نێوان ئەو دوو کۆبوونەوەیە ئاوا بە شێوەیێکی بنەڕەتی هەڵوێستی بارزانیی گۆڕی؟ تێبینی کرا کە یەکسەر پێش ئەوەی لە ١٨ی ئادار، ئاگەدارییەکی خۆی بدا، بارزانی دوو تەلەفۆنی لە تارانەوە بۆ کرا. ئاخۆ ئێرانییەکان هەڕەشەیان لێی کرد؟ ئاخۆ ئەمەریکاییەکان دەستیان لە کارەکە وەر دا و وردیان پێی نەهێشت؟ کەس ناتوانێ ئەمە پشتڕاست بکاتەوە. بەڵام پاشتر هەندێک لەوانەی بارزانییان دەناسی، جەختیان کردەوە کە ئەم پیاوەی لە ١٩٤٠ەوەڕا سەرکردایەتیی هەموو شۆڕشە گەورەکانی کوردی کردووە، هەڕەشە هێندەی بڕیاری خۆی کاری تێ ناکا. لە تەمەنی حەفتا و دوودا زانیی نە ئەو لەشساغییە پۆڵاینەی جاران و نە ئەو وزە بێ سنوورەی ماوە تا ڕێی بدا سەرکردایەتیی هەڵمەتێکی تر لە شاخەکاندا بکا. لەو شەڕەی تازە کۆتاییی هاتبوو، وەک شەڕەکانی پێشتری نەبوو، ئەمجارەیان بە زۆری لە بارەگایەکانی دەحەسایەوە. نەیدەتوانی وەک چۆن جاران ناوبانگی پێ دەرکردبوو، بە درێژاییی شەو لە سەنگەرێکەوە بۆ ئەوی تریان، شەورۆ بکا و بنکەکانی دوژمن سەح بکاتەوە، ڕێنوێنییەکانی بدا و ناوە ناوەش هاوبەشی لە شەڕەکاندا بکا. ئەگەر مستەفا بارزانی نەتوانێ چیی تر سەرکردایەتیی بکا، چۆن کەسێکی تر دەیکا؟ بە سادەییەوە دەگوترێ کە ئەو متمانەی بە توانستی کەسانی تر نەبوو تاکو ئەو شتەی ئەو لەمێژ بوو خۆی دەیکرد ئەوان وا بکەن.

ژمارەیێکی کەم لە کوردان هێشتا لەمەش تووندتر حوکمیان لەسەر دا. بارزانی تەنیا خۆی نەبوو کە متمانەی بەکەس نەبوو بتوانێ شوێنەکەی بگرێتەوە؛ ڕاستییەکە ئەوە بوو ئەوانیش هەستیان پێ کرد کە نایەوێ کەسێک شوێنەکەی بگرێتەوە. نەیتوانی بیر لەوە بکاتەوە پیاوێکی تر بێ و ئەو میراتە وەربگرێ کە لەمێژ بوو خۆی بەدەستیەوە گرتبوو. جا ئەگەر مستەفا بارزانی نەتوانێ چیی تر ڕێنوێنیی کورد لە خەباتەکەیاندا بکا، کەواتە کەسێکی تر نابێ.

میوانی شا

هەرکە شۆڕشی کوردی بەکۆتا هات، بارزانی بووە (میوان)ی حەمەڕەزا شای پەهلەوی، هەر ئەو کەسە خۆی بوو کە ناپاکیی لێ کردبوو. خۆی و ئەندامانی بنەماڵەکەی گوازرانەوە بۆ خانوێک لە

کۆمپاوندی سازمانی کیشوەر و ئەمنیەتی ئیتلاعات، کە پاشتر بە (ساڤاک) ناسرا. ئەمەش دەزگای پۆلیسی نهێنیی شای ئێران بوو. خانووەکە جوان و خۆش بوو، هیچ کەرەستەیێکی لێ کەم نەبوو. وەلێ بارزانی هێشتا هەر هەستی وابوو کە لە گرتیگەدا دەژیا. پێوەندیی بە لایەنگرانی و بە هەموو دنیاوە نەمابوو؛ بەند بوو. ئەو نسکۆیە مەزنەی دووچاری هات بێزار و نیگەران خەمباری کردبوو، تا وای لێ هات کاری لە تەندروستیی کرد. لە سەرەتای ١٩٧٠کان بوو، قاچی چەپەی دەهێشا و بووە هۆی شەلینی و ڕێگەی لە بزووتنەوەی دەگرت. دوکتۆرەکان دەستنیشانیان بەوە کرد کە برِبرِەی پشتی تەسک بووەتەوە spinal stenosis، بە زمانی میللی دەمارێکی کرتاوە و ئەمەش مەترسیی مردنی لێ ناکرێ، بگرە تەنیا نیشانەیێکی پیرییە.

وەلێ ئێستا نیشانەی پتر وەدەر کەوتن – لای ڕاستەی سەرەوەی سینگی، ژانی دەکرد. لە سەرەتای ١٩٧٥، ئێشەکە نەپسایەوە، ئیدریسی کوڕی مەلا مستەفا، داوای لە نەجمەدین کەریم کرد، کە دوکتۆرێکی گەنجی کەرکووکی بوو، بێ باوکی بپشکنێ. هەر لە سەردەمی قوتابییەتیی لە کۆلێجی پزیشکیی زانکۆی مووسڵ، کەریم ئالوودەی سۆزی نەتەوەییی کوردی کەوتبووە سەر. هەرکە لە ١٩٧٣ ئیقامەی خۆی تەواو کرد، یەکسەر چوو لە شاخەکان پێوەندیی بە بارزانییەوە کرد. هاوشان لەگەڵ دوکتۆر عوسمان، وێکڕا نەخۆشخانەیێکی چکۆڵەی مەیدانییان لە بارەگاکانی بارزانیدا، ڕێک خست. کە عوسمان بەرەو ئاراستەی سیاسەت و سەربازی و شەڕ چوو، کەریم بەرپرسیاریەتیی نەخۆشخانەکەی لە ئەستۆ گرت و ڕۆژانە سەری لە سەدان نەخۆش دەدا. هێندە بەئیشەکەیەوە سەرقاڵ بوو، نەیتوانی مل بەسیاسەت بدا یان لە نزیکەوە بایەخ بە پێشەوەچوونی شەڕەکە بدا. پەیتا پەیتا شوێنی عوسمانی گرتەوە و بووە دوکتۆری بنەماڵەی بارزانی. لە ئیگزام (فەحس)یێکی خێرای دڵی ئەم جوامێرە، بۆ کەریمی ئاشکرا بوو کە دڵەکە ساغ بوو. نەساغییەکەی دۆزییەوە ئەو گرێیە بوو کە لە نزیکی هێسکی گردەملی بوو و ژانی دەکرد. کەریم گومانی لە شێرپەنجەی سییەکان بوو. نیشانەکان بەو دەچوون و بارزانییش فرە جگەرەی دەکێشا. بارزانی هەرگیز جگەرەی پاکەتی نەکێشاوە، خۆی جگەرەی بۆ خۆی دەپێچاوە و تووتنی شاخەکانی کوردستانی دەکێشا. هەندەی دوو پاکەت جگەرەی ڕۆژانە دەکێشا و نزیکەی شێست ساڵ بوو جگەرەکێش بوو. دەستنیشانکردنەکە بێ وەرگرتنی تیشکی ئێکس بە ڕاست نەدەزاندرا. بارزانی ئەمەی قەبوڵ نەبوو و قایلیش نەبوو ئەو پسپۆڕە ئێرانییانەی شا ناردیانی بیپشکنن. بە کەریمی گوت: "نامەوێ هیچ تیشکێک لێرە بگرم. ئەگەر لێرە دەست بەچارەسەر بکەم، ئیتر هەرگیز ڕێگەم نادەن دەرچم. پێم دەڵێن دەبێ چارەسەرەکەم لێرە تەواو بکەم."

ویستی بچێتە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەمەش هەر بۆ ئەوە نەبوو تا چارەسەرێکی تەندروستی باشتری ببێ، بگرە بۆ ئەوە بوو، بە خۆی، ڕووبەڕوو هێنری کیسنگەر لە کێشەی کورد ببینێ. کیسنگەر دوو حەفتە پێش ئەوەی سەدام حوسێن لەگەڵ شا ڕێک بکەوێ، بۆ بارزانیی نووسیبوو: "دەمەوێ ئەوە بزانن کە ئێمە چەند ڕیز لە خۆت و لە گەلەکەت دەگرین بۆ ئەو کۆششە ئازایانەی

هەوڵدانەوەی گێژ

ئێوە دەیکەن." بارزانی پشتی بەوە بەست کە هاوپەیمانی بەدەسەڵاتی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەبوو، بە تایبەتیش سینەتۆر هێنری (سکووپ) جاکسن، دیموکراتی پارێزگار لە ویلایەتی واشنتۆن و جیۆرج مینی، سەرۆکی AFL-CIO. ئەمانە هەردووکیان زۆر پشتیوانیی مافەکانی کوردیان دەکرد. هەروەها پێشبینیی دەکرد کە گشتەوەری ئەمەریکایی American public هاوسۆزی بن. نەخۆشییەکەی ڕێگەی بۆ خۆش کرد تا لە گرتیگەی ئێرانییەکان دەرچێ و بگاتە ئەمەریکا.

نە شا و نە کیسنگەر نەیاندەویست بارزانی بێ و بەناو ئەمەریکادا سووڕ بدا و نهێنیی چیرۆکی یارمەتییە پڕ نیگەرانی و نهێنییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کوردی عێراق بگێڕێتەوە و سەربردەی کتوپڕ پشت تێکردنی هەڵمالێ. بەڵام مەلا مستەفا لە ڕاستیدا برادەراتییەکی بەهێزی لەگەڵ جاکسن و مینی هەبوو، ئەوان ئەو برادەرانە بوون دەیانتوانی چیرۆکەکەی بگێڕنەوە ئەگەر بیانزانیبایە ناڕەوایی ڕێگەی پێ نەداوە لە وڵاتە یەکگرتووەکان چارەسەری نەخۆشییەکەی بکرێ. شا و کیسنگەر بە دوودڵییەوە بریاریان دا بە سەلامەتترین ڕێگەدا تێ پەڕن و لێ گەڕێن بارزانی بێتە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەی دەستنیشان و چارەسەر بکرێ، بەڵام جوولانەوە و پێوەندییەکانی تا ئەوپەڕ سنووردار بکرێ. سی ئای ئەی هەموو کارەکان ڕێک دەخا – هەموو خەرجییەکانی بۆ دەدا – لە هەمان کاتیشدا ئەفسەرانی سی ئای ئەی و ساڤاک بە هەموو کات چاودێریی بارزانی و ئەندامانی پارتییەکەی دەکەن. بەم شێوەیە بوو کە لە دوا قۆناخ ڕێگە درا بارزانی بێتە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوەبوو لەو دوانیوەڕۆیە هەڵماوییەی ئابی ١٩٧٥ گەیشتە جێ.

چارەسەری لە وڵاتە یەکگرتووەکان

محەمەد دۆسکی کوردێکە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی باکووری عێراقە، یەکەم کەس بوو لە مایۆ کلینیک، لە سێپتێمبەری ١٩٧٥سەری، لە بارزانی دا. دۆسکی کابرایەکی کورتەڵەی تێک چەقیو بوو، هیچ لە ڕوویدا نەدەخوێندرایەوە، لە ناوەڕاستی چلەکانی تەمەنی بوو، بەڵام بە دە ساڵ گەورەتر دیاربوو. هەر لە منداڵییەوە مەلا مستەفای بە گەورە داناوە بەڵام هەرگیز بۆ کێشەی کورد کاری نەکردووە. تا ساڵی ١٩٧١، کە حزبی بەعس بڕیاری دا هەر کێ ژنەکەی بیانییە – نە عەرەبە نە موسڵمانە – دەبێ تەڵاقی بدا، ئەو لە بواری دیپلۆماسی کاری دەکرد. دۆسکی لەو کات بڕیاری دا واز لە کاری دیپلۆماسی بێنێ و عێراقیش بەجی بێڵێ. بە خۆی و بە هاوسەرە ئەمەریکاییەکەی کە لەوەتەی سەرەتای ١٩٥٠ قوتابی بوو و بەسەردان هاتبوو، هێنابووی. هاتن لە وڵاتە یەکگرتووەکان نیشتەجێ بوون. بەر لەوەی بڕوا، پێشنیازی کرد کە ئەزموونی دیپلۆماتی خۆی بۆ خزمەتی کورد بەگەڕ بخا. چاوساغانی بە ئیش خست و هاتە خزمەت بارزانی و ئەویش ڕیزی لە پسپۆرییەکەی گرت. لەو سەردەمدا، ژمارەیەکی کەم کورد لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەژیان. پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بارزانی سەرۆکی بوو، هیچ نوێنەرێکی لە واشنتۆن نەبوو. بۆیە بارزانی

داخوازی له دۆسکی کرد تا له بری ئەو پێوەندی بە چەند کەسانێکەوە بکا و ئەنجامەکەیشی بۆ بێنێتەوە. دۆسکی لە ١٩٧٢، هاتە واشنتۆن و بە کۆنگرێس و بە وەزارەتی دەرەوەدا گەڕا. پێوەندیی بە سینەتۆر جاکسن و بە یارمەتیدەرە گەنجەکەیەوە کرد کە ڕێچەرد پێرڵ بوو. پێوەندیی بە جۆرج مینی و بە ئێرنست لی، زاوای مینیشەوە کرد. ئێرنست لی سەرۆکی بەشی دەرەوەی AFL-CIO بوو.

بەڵام دۆسکی بەدرەنگەوە بەخزمەتی بارزانی گەیشت، بۆیێ نەیتوانی متمانەی تەواویان بەدەست بێنێ. پێی نەگوترابوو کاتێک کە ئیدریسی کوڕی مەلا مستەفا و دوکتۆر مەحموود عوسمان، هەر ئەو ساڵی، بە نهێنی گەشتی واشنتۆنیان کردبوو تا لەوێ لە بارەگای سی ئای ئەی کۆبوونەوە بکەن. نە پاشتر بەشداری لە کۆبوونەوەکانی نێوان بارزانی و سی ئای ئەی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتاییەکەدا شنەبایەکە هەر لێی دا. تا پاش هاتنی بارزانی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئابی ١٩٧٥، ئینجا دۆسکی بەهەندێ پارێزەوە لە سنووری ناوەوەی هاوەڵانی بارزانی وەرگیرا.

کە لە سێپتێمبەری ١٩٧٥، دۆسکی لە مایۆ کلینیک، سەردانی بارزانیی کرد، لەو هەڵسوکەوتە پراکتیکانەی ئەوێ دڵنیا بوو کە سەرکردەی کورد ئامانجی سی ئای ئەی و ساڤاک بوو. جا سەردانەکەی پاشتری دۆسکی بۆ مایۆ کلینیک لە سەرەتای ئۆکتۆبەر، بە نهێنی کرا. لە دوای نیوەڕۆ گەیشتە ڕۆچستەر و بەناوێکی خوازراو لەو هۆتێلەی بارزانی لێی بوو و بە مایۆ کلینیکەوە نووسابوو، ناوی خۆی نووسی. ئینجا دۆسکی تەلەفۆنی ژمارەی ئەو ژوورەی کرد، کە شەفیق قەزاز پێی دابوو. پاش چل و پێنج خولەک، قەزاز و مەسعوود بارزانی کە ئەویش هاتبووە لای باوکی لە ڕۆچستەر، لە دەرگەی ژوورەکەی دۆسکییان دا. پلانەکەیان شرۆڤە کرد. لە سەعاتی ٨:٣٠ پاش نیوەڕۆ هەردوو ئەفسەرەکانی سی ئای ئەی وەساواک بۆ ئێوارەخوانێک بانگهێشتن دەکەن. میوانداریەکی وەک ئەوەی ڕۆهەڵاتی ناڤینیان دەکەن، بادەیان بۆ دەکڕن، چەند جار بۆیان دێننەوە، بەڵای کەم دەبێ دوو سەعات میوانەکانیان لەسەر خوانەکە گیر بکەن. بەمەش ماوە بە مەلا مستەفا دەدەن تا ڕا و پرسی خۆی لەگەڵ دۆسکیدا بکا.

دۆسکی دیتی بارزانی لەسەر قەرەوێلەیەک دانیشتووە، باش بوو، بەڵێ قژی لە ئەنجامی تیشک و چارەسەری کیمیایی هەڵوەرابوو. بارزانی بەوردی گوێی لە دۆسکی ڕاگرت کاتێک کە نامەی سینەتۆر جاکسنی بۆ خوێندەوە و پەیامێکی زارەکیشی لە جۆرج مینی پێ ڕاگەیاند. پەیامەکەی مینی، بەتایبەتی، سەرنجی بارزانیی ڕاکێشا، چونکە مینی پێشنیازی کرد هەڵمەتێکی پڕوپاگەندە بۆ بەرژەوەندیی کورد ساز بدا. پاش ئەوەی بارزانی هەردوو پەیامەکەی بیست، دۆسکیی حەپەساند.

"بە ڕای تۆ، ئاخۆ AFL-CIO من لێرە دەرفێنێ؟" بارزانی باسی ئەوەی کرد کە لەوەتەی ئۆگستەوە لەوێ بووە. چارەسەری تیشکی تەواو کردووە و ئەو چارەسازییە کیمیاوییەی ئێستا دەیکا، دەشێ لە هەر شوێنێکدا بکرێ. بەردەوام داوای دەکرد بهێڵن سەفەری واشنتۆن بکا. بەڵێ

ئەو کەسەی لە سی ئای ئەی ئاگای لێی بوو بەردەوام بیانووی بۆ دەهێناوە. هەردەم پێی دەگوت حەفتەی دێ، سبەی یان دووسبەی. بارزانی پێشنیازی کرد، دەشێ تا مەسعوود و قەزاز میواندارییی پیاوانی سی ئای ئەی و ساواک دەکەن، دۆسکی بچێ باڵەفڕەیەکی بچووک بەکرێ بگرێ و بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ بچێتە دەرەوەی هۆتێلەکە و لەگەڵ دۆسکی بەیەکەوە بۆ واشنتۆن بفڕن.

دۆسکی بە بارزانیی نەگوت ئەو بیرۆکەیە چەند نارێک بوو. ئاخر ئێرە وڵاتە یەکگرتووەکان بوو، نەک دەوڵەتێکی پۆلیسیی ڕۆهەڵاتی ناوین. تۆ خۆت باڵەفڕەت بەکرێ نەگرت؛ بە باڵەفڕەیێکی بازرگانی هاتی. بەڵام دۆسکی نەیویست مشتومڕ لەگەڵ بارزانیدا بکا. تەنیا ئەوەی پێی گوت کە کارەکە دەقەتێ. بارزانی بە دۆسکیی گوت تا پلانێک بۆ هەڵاتن بسازێنێ و ئێوارەی پاشتر بێتەوە تا بیبێنێ.

کە هاتەوە، سەری سوڕما ئاوا بە ساردی پێشوازیی لێ کرا. بارزانی بە تووڕەییەوە لێی پرسی: "لەوەتەی دوێنێ منت بینی، لەگەڵ هیچ کەس قسەت کرد؟" دۆسکی گوتی: تەنیا شەفیق و مەسعوود. بۆچی بارزانی ئەمەی پرسی؟ "چونکە پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ پیاوەکەی سی ئای ئەی هاتە لام و پێی گوتم کە ڕێگەم پێ دراوە بۆ واشنتۆن بچم. وام زانی تۆ قسەت لەگەڵیاندا کردووە." دۆسکی دڵنیای کردەوە و گوتی هەرگیز ئەمەی نەکردووە. دۆسکی گوتی: ڕەنگە ئامێرێکی بیستن لە ژوورێدا هەبێ. دەبێ بیپشکنین. بارزانی وەڵامی داوە: "خۆت نیگەران مەکە، ئێمە ئەمە بدۆزینەوە، ئەوان یەکێکی تر لە شوێنێکی تر دادەنێن."

بارزانی ڕێنوێنیی دۆسکی کرد تا بچێتەوە بۆ واشنتۆن و بۆی ڕێک بخا نەک هەر جاکسن و مینی ببینێ، بەڵکو وا بکا چاوی بە سینەتۆر ویلیەم ڕۆگەرسیمایەری ویسکنسن و هی تریش بکەوێ. دۆسکی ڕۆژی پاشتر فڕییەوە بۆ واشنتۆن. ئینجا چاوەڕێ بوو... دوو حەفتە بەسەر چوو، وەڵێ ئەو هیچی نەبیست. لە سەرەتای حەفتەی سێیەم بوو، دۆسکی تەلەفۆنی بۆ هۆتێلەکەی لە ڕۆچستەر کرد. پێیان گوت کۆمەڵەکە لەمێژە ڕۆیشتوونە و نازانن ئەدرێسی نوێیان چییە. دۆسکی وەخت بوو شێت بێ. دەشێ سی ئای ئەی ڕفاندبێتیانی؟ دەشێ بارزانی بۆ ئێران ڕەوانە کردبێتەوە؟ یان دەشێ لە گرتیگەیەکی نهێنییاندا شاردبێتەوە؟

لە سەرەتای حەفتەی چوارەم بوو، قەزاز تەلەفۆنی کرد. تێی گەیاند کە سی ئای ئەی بارزانی و هەواڵەکانی بۆ (پشوودان)ێک بردووە. حەفتەیێکیان لە لێوارەکانی دەریاچەی تاهۆو Taehoe لە کالیفۆرنیا بەسەر بردووە و بەهەندێ شوێنی تری ڕۆئاواشدا گەڕاون. سێ ڕۆژ بەر لە ئێستا هاتوونەتەوە واشنتۆن و لەوێ سی ئای ئەی لە گەڕەکی ڤیرجینیا لە خانووێکی داناون کە تەلەفۆنەکەی کاری نەکرد. پاسەوانەکانی سی ئای ئەی بارزانی و هاوەڵەکانیان بۆ (دیدەنی)ی واشنتۆن بردووە. سی ئای ئەی بە ئۆتۆمۆبێل، ئەوانی بە تەک کۆشکی سپیدا بردووە و پێی گوتوون: "ئەمە وایت هاوسە،" وەلێ کە بارزانی لێی خواستووە بوەستێ، ئەویش نکووڵیی کردووە.

هەمان چیرۆک لە کاپیتۆلیش دووبارە بووەتەوە. تەنیا قەزاز توانی بە بیانووی ئەوەی دەچێ زرکچەکەی دەبینێ، لێی دەرچووە و خۆی گەیاندووەتە ئافرەتێکی ئەمەریکایی کە لە ناوچەی واشنتۆن دەژی.

دواتر هەر لە هەمان ڕۆژ، دۆسکی لە لۆبیی هۆتێلی ماریۆت لە ڕۆسلین، لەوبەری جۆرجتاون، قەزازی دیت. قەزاز گوتی کە سی ئای ئەی سوور بووە لەسەر ئەوەی مەلا مستەفا بگەڕێتەوە ئێران. بارزاییش ڕێگریی لە ناردنەوەی دەکرد و دەیگوت ناچمەوە تا چارەسەر نەکرێم چونکە لە ئێران ئەم چارەسەرە نەبوو، ئەگەر ناچاریش بکرایە ولاتە یەکگرتووەکان جێ بێڵێ، دەیویست بۆ سویسرا یا بۆ سوێد بچێ، یانیش بۆ شوێنێک ڕەوان بکرێ کە چارەسەری باشی لێ هەبێ. قەزاز گوتی، لە وەڵامی هەموو ئەوانە یەک قسەی گێلانەیان دەگوت ئەویش ئەوە بوو کە "شا دەیەوێ بگەڕێیتەوە."

کە بارزانی نکووڵیی لە گەڕانەوەی بۆ ئێران کرد، هەردەم وەڵامێکی هێرانەیان دەداوە و ئەویش ئەوە بوو: "شا دەیەوێ بگەڕێیتەوە."

بارزانی لە کۆتاییدا قایل بوو. بەبۆچوونی دۆسکی بارزانی ئەگەر بەردەوام با، ڕەنگ بوو لایەنگران و بنەماڵەکەی لە ئێران هەڕاسان بکرێن. بەر لە ڕۆیشتنی ویستی یەک پەیمانی بچووکی پێ بدەن. بارزانی بەبەردەوامی دەیویست چاوی بە کیسنگەر بکەوێ، چونکە لەوە دڵنیا بوو ئەگەر بتوانێ کێشەی خۆی بۆ کیسنگەر ڕوون بکاتەوە، کیسنگەری وەزیری دەرەوە هەموو شتێک بۆ کورد ڕاست دەکاتەوە. ئەو گەورە شەڕوانە کوردە زیدەزانی چەند بەخراپی لەو پیاوە گەیشتبوو کە پێشتر زۆر بەگەرمییەوە بۆی دەنووسی. (دەڵێن) پاشتر کیسنگەر هەموو قەفی یارمەتیی ولاتە یەکگرتووەکانی بۆ کورد بەو تێبینییە فرە بێ ڕێزەکەی ڕەش کردەوە کە نووسی: "نابێ کردەوەیێکی نهێنی لەگەڵ کارێکی مزگێنگەییێن تێکەڵی یەکتری بکرێن" – "covert action should not be confused with missionary work". هیچ مەیلی نەبوو کە بارزانی ببینێ. ڕوون و ئاشکرا وای بەچاک دەزانی بە تەواوەتی بارزانی پشتگوێ بخات. بۆیە ڕێنوێنیی جۆزیف سیسکۆی کرد کە بریکاری وەزیری کاروباری سیاسی بوو، گوتی: "گوێ لە بارزانی ڕابگرە و لێی گەڕێ با هەر زوڕنا لێ بدا و چیی تر نا." steam, Hear Barzani out and let him blow off nothing more".

سیسکۆ ئەرکەکەی بەلاوە بێ تام بوو. کە کیسنگەر دەستی پێ کرد لە ١٩٧٢، بە نهێنی یارمەتیی بۆ کورد دەنارد، جۆزیف سیسکۆ یاریدەری وەزیری بۆ کاروباری ڕۆهەلاتی نزیک و باشووری ئاسیا بوو، وەلێ هیچ ئاگای لەم ئیشە نەبوو. خۆ تەنانەت کە لە ١٩٧٤یش بووە بریکاری وەزیر، هێشتا هیچ ئاگای لە درێژەی هەڵسوکەوت و پڕۆگرامەکە نەبوو. هەموو لە هەمووی تەنیا لە بن دەستی کیسنگەردا بوو. ئێستا وا کیسنگەر پێی دەڵێ تا بچێ و چاوی بەو پیاوە بکەوێ کە هەست دەکا بەهۆی ڕاگرتنی پڕۆگرامەکەوە، ناپاکیی لێ کراوە.

سیسکۆ بەتاریکی برایە ئەو ماڵە نهێنییەکەی سی ئای ئەی کە بارزانی و هاوەڵانی تێدا دەژیان. چونکە بارزانی باش نەبوو، کابرای پەشۆکاند، بەڵام خۆ هەر لە هێزەوە قسەکانی خۆی کرد و ناڕەزاییی توندی بەرانبەر بەو شێوەیە دەربڕی کە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرابوو. مێژووی پێوەندیی خۆی لەگەڵ حکوومەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆی گێڕاوە و باسی ئەو متمانەیەی کرد کە خۆی بە ئەمەریکاییەکانی هەبوو. گوتی کە هەرگیز متمانەی بە شا نەبووە، وەلێ کە ئەمەریکاییەکان هاتنە ناوەوە لەوە دڵنیا بوو ئیتر پشتگوێ ناخرێ. هەرگیز لەگەڵ حکوومەتی بەغدا نەدەکەوتنەوە شەڕ ئەگەر بایی یەک تۆسقاڵ گومانی لە پابەندبوونی وڵاتە یەکگرتووەکان هەبوایە.

سیسکۆ شرۆڤەی کرد کە وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر خواستی شا بە پیری یارمەتیدانی کوردەوە هات و ئێستاش بە خواستی شایە لێی دەکشێتەوە. سیسکو پابەندی ڕێنوێنییەکان بوو و نەیتوانی هیچ ئومێدێک بدا کە ڕەنگە وڵاتە یەکگرتووەکان بە خۆیدا بچێتەوە. تەنیا توانیی بڵێ کە ئەو قسانەی بارزانی کردی، هەمووی بۆ سەرانی خۆی بەرز دەکاتەوە. لە درەنگەی ئۆکتۆبەری ١٩٧٥، سەردانەکەی بارزانی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بەکۆتا هات. لە بەیانیی ڕۆژی فڕینی بۆ ئێران، پاسەوانەکانی سی ئای ئەی تێرای شەش مانگ دەرمانیان بۆی هاورد. دۆسکی و قەزاز ئەمەیان بە هێمایێکی گاڵتەجاڕی دانا. چونکە دڵنیا بوون کە دوکتۆرەکان بە ئاژانسەکەیان گوتبوو بارزانی ناتوانێ لە نیو سااڵ پتر بژی. پێشبینییان نەدەکرد ئیتر ببیننەوە و دەرمانەکانیش ڕێگەیێک بوون بۆ ئەوەی خواحافیزیی لێ بکەن.

ئەگەر ئەوە بەڕاستی ویستی ئەوان بوایە، ئەوا مەڵە بوون. بەڵام دوکتۆرەکانی مایۆ کلینیک شتێکی هەندەشیان پێ نەبوو. دوای وەرگرتنی تێشکی ئێکس و تاقیکردنەوەی خوێن لە ئاب، دەرکەوت کە (شێرپەنجەی توند)ی هەبوو. شێرپەنجەکە لەسیپەکانەوە تەشەنەی بۆ لای سەرەوەی سینگ کردبوو و چارەی نەدەکرا. دوکتۆری جێنیش لە مایۆ کلینیک بە شەفیق قەزازی گوت: "بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە. دەتوانم بڵێم ڕەنگە لە هەشت مانگ تا ساڵێکی تر بژی." پیاوێکی وەک ئەو خۆڕاگر نەبا، ڕەنگ بوو هێندەش نەژی. بەڵام پێکهاتەی پۆڵایینی مەلا مستەفا سێ ساڵ و نیوی تری تەمەن پێ دا.

دووبارە زیندانی دەستی شا

کە گەڕاوە تاران، بارزانی دیسان بووەوە گیراوی دەستی شا و لە هەموو ئەوانە دابڕا کە پێشتر سەرکردایەتیی دەکردن. زۆریان بە کەیفی خۆیان چوونەوە عێراق و بەڵام چەند سەد هەزارێک لە ئێران مانەوە و پێشوازیکردنیان بە هیچ شێوەیێک وەک ئەوە نەبوو کە شا پەیمانی پێ دابوون. زۆریان لەو کامپانەدا بوون کە بەچڕی پاس دەکران. بێ کار بوون. هەندە خۆراکیان پێ دەدرا کە لە برسان نەمرن. هەرگاو هەڕەشەی بەزۆری ناردنەوەی عێراق یان شوێنە دوورەدەستەکانی ئێرانێیان لێ دەکرا. چونکە پێشتر بە کوێرەیی بە دوای بارزانی کەوتبوون، زۆریان تووک لێ

دەکرد، ئۆباڵی ئەو کارەساتەیان دەخستە ئەستۆی کە ئاوا ڕووخاندبووني.

بۆ بارزانی کاتێکی تەنگ بوو. شێخ بابۆی برا و هاوڕێی دێرینی لە شوباتی ١٩٧٦دا مرد. قەزاز و کەریم لە لەلای بارزانی بوون کاتێک هەواڵەکەی پێ گەیشت. هیچیان هەرگیز بارزانییان نەدیتبوو بگری. بەڵام ئێستا لە بیانەیش خۆی وەک گیانلەبەرێکی بریندار، گریا. ماڵئاواییکردنی بابۆ، پێ دەچوو، هەموو لەشکری خەمی لە ناخی مەلا مستەفای بەردا، نەخۆشییەکەیشی هێشتا دڵتەنگتری کردبوو. کابرایێکی بەجووڵە بوو، شێرپەنجەکەشی هەردەم بەهۆی چارەسەری کیمیایی تاقی دەکراوە، بەڵام چارەسەری کیمیایی هێشتا نەساختری کرد. دوکتۆر کەریم هێشتا هەر دوکتۆری ماڵەوەیان بوو، لە نەخۆشخانەیێکی تاران سەرپەرشتیی چارەسەرییەکەی دەکرد. پاشان لە کاتی ڕشانەوە و ئێش و ئازاریشی هەر لەگەڵ بارزانیدا بوو. شلەی لە دەمارەکان دەکرد و دەرمانی پێ دەدا بەڵکو تۆزێک بیحەسێنێتەوە.

بارزانی پێی ناخۆش بوو بۆ ئێران هاتبووەوە. بە کەریمی گوت هەڵەیێکی گەورە بوو. ویستی دووبارە بچێتەوە ئەمەریکا. خەمی ئەوە بوو ئەگەر بیتوانیایە دیسان بچێتەوە ئەمەریکا، دڵنیا بوو دەیتوانی ئەمەریکاییەکان قایل بکا دەست بەیارمەتیدانی کورد بکەنەوە و شا ناچار بکەن ڕێبازەکەی بگۆڕێ. ئێرانییەکان خواستەکەی بارزانییان بۆ چوونەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان پشتگوێ خست. باڵیۆزخانەی ئەمەریکاش لە تاران هەر هەمان هەڵوێستی هەبوو. لەبەرئەوەی دۆسکی ئەرکی کارکردنی لە واشنتۆن پێ سپێردرا.

پاش ئەوەی بارزانی واشنتۆنی بەجێ هێشت، دۆسکی خۆی لە دیمانەی تۆمارکراو دوور خستەوە نەکا بارزانی لە تاران تووشی گرفت ببێ. بەڵام بەنەرمی هەواڵی نەخۆشیی بارزانی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردنی سی ئای ئەی لەگەڵیدا لە کاتی سەردانیکردنی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، بڵاوی کردەوە. لە نۆڤێمبەری ١٩٧٥ بوو. دۆسکی سەردانی دانیێل شۆری هەواڵنووسی تەلەڤزیۆنی سی بی ئێسی کرد و چیرۆکەکەی بۆ گێڕاوە. شۆریش بابەتەکەی لە هەواڵی ئێوارەی سی بی ئێسدا وەشاندەوە. لە ١٦ی شوباتی ١٩٧٦یش، (دی ڤیلێج ڤۆیس The Village Voice) چەند پارچە دەقی دۆکیومێنتی نهێنیی بەچاپ گەیاند تەئکیدی یارمەتییە نهێنییەکەی بەڕێوەبەرایەتیی نیکسن بۆ کورد و چۆنیەتیی لە ناکاو ڕاگرتنیانی دەکردەوە.

لە سەرەتای ئایاری ١٩٧٦، دۆسکی تەلەفۆنی بۆ سیدنی سۆوبەر کرد کە بریکارێکی یاریدەری وەزیری دەرەوە، بۆ کاروباری ڕۆهەڵاتی ناوین بوو. سەرەتا سۆبەر خواستەکەی دۆسکی بۆ ئەوەی ڤیزا بەبارزانی بدا و وەزارەتی دەرەوە بێتە ناو بابەتەکە و داوا لە حکوومەتی شا بکا تا ڕێگە بە بارزانی بدا ئێران جێ بێڵێ. سۆبەر بە ئاشکرا گوتی: "ئێمە ناتوانین دەست لە کاروباری ناوەخۆی ئێران وەربدەین. شا ڕێگەی ئەم جۆرە شتانە نادا."

دۆسکی بڕیاری دا لەگەڵیدا توند بێ و پێی گوت: "پار بوو هەندێ شتم بە سی بی ئێس ڕاگەیاند کە چۆن وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵسوکەوتی لەگەڵ بارزانیدا کردووە. بەڵام خۆ هێشتا گەلێک زۆر

ماوە بیلێم. بارزانی وا خەریکە دەمرێ. ئەگەر ڕێی پێ نەدەی بۆ چارەسەری بێتەوە، دەچم هەموو چیرۆکەکە دەگێڕمەوە."

دۆسکی فێڵی دەکرد. دوای دە ساڵ دیمانەیێکی تری لەگەڵدا کرا، لەوێ دانی بەوە دانا کە هیچی تری پێ نەبووە لەوەی کە بە شۆڕی ڕاگەیاندبوو. لەوەش دڵنیا نەبوو ئاخۆ بارزانی دەسەڵاتی پێی دابوو هەر قسەیەکیش بکا. بەڵام فێڵەکە کاری خۆی کرد.

سۆبەر بە نیگەرانییەوە گوتی: "بووەستە، با لێی ورد بمەوە و پاشان وەڵامت دەدەمەوە." دوای دوو ڕۆژ سۆبەر بەدۆسکیی گوت کە وەزارەتی دەرەوە ڤیزا بۆ بارزانی چا دەکا. با پاسپۆرتی خۆی بنێرێ بۆ باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە تاران. دۆسکی پرسی، بەڵام چۆن دەکرێ وا بکەی کە ئێران پاسپۆرت بە بارزانی بدەن؟ سۆبەر وەڵامی داوە و گوتی ئەمە کاری ئێمە نییە. دۆسکی تەقییەوە.

"ئێوە لەلایەنی سیاسییەوە بارزانیتان کوشت. ئاخۆ دەتانەوێ جەستەکەشی بکوژن؟ پیاوەکە نەساغە، پێویستە بۆ چارەسەر بێتە ئێرە. ئەگەر نەهێڵن چارەسەر بکرێ، واتە دەیکوژن. ئەمە هیچ هۆیەکی نییە. پێوەندییەکانتان لەگەڵ ئێرانێ زۆر باشە. خۆ ئەگەر بهێڵن بارزانی بۆ چارەکردن بێتە ئێرە، نە زیان بە ئێوە و نە بە ئێرانیش ناکەوێ."

دۆسکی تێ گەیشت کاریگەری خۆی هەبوو. سۆبەر گوتی: "یەک دوو ڕۆژی تر تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە. دوای چل و هەشت سەعات، دۆسکی سەردانی وەزارەتی دەرەوەی کردەوە. سۆبەر گوتی: "زۆر باشە. پێمان ڕاگەیەنرا کە ئێرانییەکان ڕێگە دەدەن جەنەراڵ بارزانی بڕوا." بەڵام، سۆبەر گوتی – هەندێ مەرەج بۆ مانەوەی بارزانی لە وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە. ئەمجارە دەبێ لەسەر گیرفانی خۆی بێت. نابێ نە پێوەندی لەگەڵ میدیادا بکات و نە ڕاگەیاندنی سیاسی بدا. دۆسکی قایل بوو، بەڵێ گوتی ئەویش مەرجی خۆی هەیە؛ ئەمجارەیان بارزانی لە بن کۆنترۆڵی سی ئای ئەیدا نابێ. ئازاد دەبێ و دەتوانێ بۆ هەر کوێ بیەوێ بچێ و کێی بیەوێ، دوور لە ڕۆژنامەوانان، چاوی پێ بکەوێ بتوانێ ببینێ.

سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکرێتەوە

لە حوزەیرانی ١٩٧٦، بۆ جاری دووەم مەلا مستەفا بارزانی لە باڵەفڕگەی جیون ف. کێنیدی لە باڵەفڕەکە دابەزی. دۆسکی کە لە تێرمناڵەکە چاوەڕێی بارزانیی دەکرد، چاوی بەپیاوێکی ئەمەریکاییی بالابەرز کەوت کە خێرا ناسییەوە و زانی ئەفسەرێکی سی ئای ئەی بوو و چاوەڕێی سەرکردەی کوردی دەکرد. کابرا پرۆتستۆی ئەوەی کرد و گوتی ئەو تەنیا بۆ بەخێرهێنانی بارزانی هاتووە چونکە لە پێشترەوە دەیناسی. هەر چۆنێک بێ و هەرچەندە سۆبەر سووریش بوو، بەڵام ئازانسەکە سەرەتا، لە شوێن هەڵگرتنی بارزانی و لە خەرجیدانەکەشی هەر بەردەوام بوو. کە بارزانی بۆ پشکنین و چارەسەرکردن چووە مایۆ کلینیک، ئەفسەرێکی سی ئای ئەییش لەوێ بوو

کە چووە واشنتۆنیش، ئاژانسەکە سووتێکی جوانی لە شۆڕێهام هۆتێل بۆ بەکرێ گرت. ئەوە هەمان سووت بوو کە پێنج ساڵ پێشتر سپیرۆ ئاگنیو لێی میوانداری کرا کاتێک جێگری سەرۆک بوو. سەرەتای ئاب بوو، ئاژانسەکە ئێوارەخوانێکی بەپێزی بۆ بارزانی، لەگەڵ گەورە کەسایەتییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆپەراسیۆنەکان و وەزارەتی دەرەوە، ڕێک خست.

سی ئای ئەی و ساواک، وەک ساڵی پێشتر، هەوڵیان دا بارزانی قایل بکەن دا بۆ ئێران بچێتەوە. ئەمجارە هەر چۆنێک بوو، نکوولیی کرد. چونکە تا ئەم ڕادەیەش هێشتا هەر بڕوای وابوو لێرە بەجۆرێک لە جۆران دەیتوانی هزری ئەمەریکاییەکان بگۆڕێ و زانیشی لە ئێران هیچی بۆ کورد لە دەست نەدەهات تا بۆیان بکا و ئەو ئاگایە نوژداریی‌ەی لێرەش بۆی دەکرا لە ئێران وەدەستی نەدەکەوت. کە بارزانی نکوولیی کرد و نەچووەوە ئێران، سی ئای ئەی پارەی لێ بڕی.

دۆسکی خانوویێکی لە گەڕەکێکی لاچەپی جۆرجتاون بۆی دۆزیەوە. بۆ نزیکەی ساڵێک لەوێ مایەوە و پاشان لە پۆتۆماک پەڕیەوە و بۆ ماکلین چوو. بارزانی لە کاتی دیاریکراودا سەردانی مایۆی دەکرد و لە نێوان ئەو سەردانییانەشدا، لە هەردووک نەخۆشخانەی زانکۆی جۆرجتاون و نەخۆشخانەی سیبڵی، ڕێدیۆلۆجی و چارەسەری کیمیایی، پێ دەدرا. شێرپەنجەکە لە بەردەست مایەوە و ئەویش کەم و زۆرێک توانی ژیانێکی ئاسایی بەسەر ببا. چاوی بە سینەتۆر جاکسن و پرۆکسمایەر و جۆرج مینی و ئەندامی کۆنگریس ستیفن سۆلارزی نیویۆرک و هی تریش کەوت. هێشتا زۆر لەوە تووڕە بوو کە وەزارەتی دەرەوە ڕێگەی پێ نەدەدا تا لەناو کۆمەڵدا بەدەر بکەوێ و هەرچەندە ڕۆژنامەنووسان پتر پاڵەپەستۆیان دەکرد بۆ ئەوەی دیمانەیان لەگەڵدا بکا؛ ئەو بەهۆی قەدەخەکردنیەوە تووڕەتر دەبوو.

لە بەهاری ۱۹۷۷، ڕۆبێرتا کۆهێن، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمکاری نێونەتەوەیی بۆ مافەکانی مرۆڤ (ئەو کات تاکە گرووپی دیاری مافەکانی مرۆڤی ئەمەریکایی بوو) بانگهێشتنی بارزانیی بۆ ئۆفیسەکەی خۆی لە نیویۆرک کرد. لەسەر پێشێلکردنی مافی بارزانی بۆ ئەوەی بە ئازادی قسە بکا، کۆهێن لە وەزارەتی دەرەوە تووڕە بوو. کۆهێن بەڵگەی ئەوە بوو کە حکوومەتی فیدراڵی دەتوانێ دەمی کابرایەکی بیانی بگرێ و نەهێڵێ قسە بکا، بەڵام خۆ ناتوانێ دەمی ئەو بگرێ و نەهێڵێ لەگەڵ ڕۆژنامەواناندا بدوێ؛ چونکە ئەو خۆی هاووڵاتییەکی ئەمەریکایی بوو. کۆهێن ئەو خەباتکارە کوردە پیرەی هێنا و لە ژووری خۆی بەرانبەر ڕاپۆرتزانانی دانیشاند. داوای لە ڕۆژنامەوانەکان کرد دا پرسیار لە خۆی بکەن و ئەویش لەلای خۆیەوە پرسیارەکانی ئاراستەی بارزانی دەکردنەوە و ئەویش – بەئامادەبوونی ڕاپۆرتزانەکان – وەڵامی کۆهێنی دەداوە. ئەم گاڵتەجاڕییە ناڕەزاییی لەلای وەزارەتی دەرەوە پەیدا کرد، بەڵام لەو دەمی کیسنگەر وەزیری دەرەوە نەما و بەڕێوەبەرایەتییەکی دیموکرات کە دەیگوت پشتیوانیی مافەکانی مرۆڤ دەکا ئۆفیسەکەی وەرگرت. ئیتر بارزانی خەمی سنووربەدەرکردنەوەی نەما.

ئەو پاڵەپەستۆیەی بارزانی کردی، وای لە کۆنگرێس کرد یەک هەزار کوردی عێراقی بەپەنابەر

لە ولاتە یەکگرتووەکان وەربگرێ، بەڵام هەر ئەوەندە بوو و چیی تر نا. هەرچەندە زۆر لەوە دڵنیا بوو کە بتوانێ سیاسەتی ئەمەریکا بەرانبەر بە کورد وەرگەڕێنێتەوە و وەک جارانی لێ بکاتەوە، بەڵام نە ئەمەی توانی و نە توانیشی کێشەی کورد لەناو کارنامەی وەزارەتی دەرەوە بسەپێنێ. کورد هەروەک جاران پشتگوێ خرانەوە و بارزانییش هێشتا پتر پشتگوێ خرا. مۆریس دراپەری بەڕێوەبەری ئۆفیسی وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری باکووری عەرەبی، تا ماوەیێک پێوەندی بەپێشەوای کورد هێشتەوە. بارزانی کەیفی بەبایەخی دراپەری دەهات. بەڵام لە ١٩٨٧، دراپەر بەرز کرایەوە و بووە بریکاری یاریدەری وەزیر و پێوەندییەکەی خۆی لەگەڵ بارزانی بە مێری ئان کەیسی ئەسپارد. کەیسی فەرمانبەرێکی گەلێک لەو نزمتر بوو. بەڵام ژنایەتیی کەیسی لە نزماتیی پۆستەکەی پتر، بارزانیی بێزار کرد. لەلای ئەو ئەمە واتای ئەوەی دەدا کە ولاتە یەکگرتووەکان چیی تر هیچ جۆرە بایەخێک بەو نادا و هیچیش بەگرینگی نازانێ. لەگەڵ دراپەر، هەردەم دانی بەخۆیدا دەگرت و باسی بێ ئومێدیی خۆی نەدەکرد لەبەرئەوەی لە ١٩٧٥ ولاتە یەکگرتووەکان پشتگوێی خستبوو. بەڵام هەر لە سەرەتا لەگەڵ کەیسی وابوو، تا لە ١٩٧٨، ڕۆژێکیان بەدرەنگەوە، بارزانی تەقییەوە. هەرچی سەبارەت بەو ناپاکییەی کە ناشێ ببووردرێ، لە دڵیدا هەبوو، هەمووی بە ڕووی ئەو ئافرەتە جحێڵەدا هەڵڕشت.

بەبۆچوونی دۆسکی، بارزانی فرە جار داخی بۆ ئەو متمانەیە هەڵکێشا کە بە ولاتە یەکگرتووەکانی دابوو. ئەوە بوو جارێکیان نێینیی دا گوتی: "ئەگەر دەمزانی ئەمەریکا گەلێکی ئاوا تێکەڵاوە، کە کەس نازانێ لە کوێوەڕا هاتووە، من هەرگیز ئاوام نەدەکرد." جارێکی تریان پێی گوت: "چۆن دەکرا بزانم سی ئای ئەی بەشێکی ئەم نەتەوەیە نییە و کۆنگرێس و گەلی ئەمەریکا زۆر خۆشیان ناوێ؟"

هەر لە ١٩٧٧ەوەڕا تا کاتی مردنی لە ١٩٧٩، بارزانی وەبن باری گرانیی هەستکردن بە سەرنەکەتن کەوتبوو. گەلێ جار گازاندەی لە خەڵکانی تر دەکرد، بەڵام جاری واش هەبوو بەرپرسیاریێتییەکی دەخستە ملی خۆیەوە. جارێکیان لە هاوینی ١٩٧٧بوو، کاتێک بارزانی لەگەڵ قەزاز و دۆسکی و کەریم و جەمال عەلمدار (نوێنەری پێشانی لە لەندەن) وێکڕا لە ڕێستۆرانتێکی ڕۆهەڵاتی ناوین لە واشنتۆن دی سیدا چێشتیان دەخوارد، پیاوێک لە مێزەکەیان نزیک بووەوە و بە عەرەبی قسەی لەگەڵدا کردن. کابرا پرسی: "ئێوە کوردن، وا نییە؟ من گوێم لێتان بوو بە کوردی قسەتان دەکرد." کابرا خۆی بەئاشووری ناساند، کە گەلێکن لە ئەنجامی هەرەسهێنانی شۆڕشی بارزانی، ئەوانیش هەندەی کوردیان چێشت. بارزانیی نەدەناسی، جارێ دا و گوتی: "دەی پێم بڵێن، چۆن دەبێ ئەم پیاوە بارزانی کە دەبوو فرە زانا با، چۆن بوو ئەم نەزانییەی کرد و متمانەی بە شای ئێران کرد؟" بارزانی مات بوو، کەچی ئەوانی تر بەکابرایان گوت بڕوا بەڕێی خۆیدا. بەڵام لەو دەمەی چێشتخانەکەیان بەجێ دەهێشت، عەلەمدار تێبینیی کرد کە بارزانی زۆر کپ بوو. عەلەمدار ویستی دڵی بداتەوە و ئومێدی خواست ئەو قسانەی ئاشوورییەکە کردی، بێزاری

نەکردبێ. بەدەنگێک هەر ئەوەتا دەبیسترا، بارزانی وەڵامی داوە: "نا، ئەوەی کابرا گوتی هەمووی ڕاست بوو. من نەزان بووم. من خۆم فاشل بووم."

هاوەڵە ئەمەریکاییەکانیش هەوڵیان دا بارزانی بحەسێننەوە. وەبیریان هێناوە کە لە ژیانی خۆیدا فرە کاری گرینگی جێبەجێ کردووە. دڵنیایان کردەوە کە هەموو کات وەک پیاوێکی گەورە لە مێژوودا دەمێنێتەوە. بەڵام کە ویستیان بڕوای پێ بێنن تا یاداشتەکانی خۆی بنووسێتەوە، بەتوندی ڕەتی کردەوە. جارێکیان لە وەڵامدا گوتی:"ئەگەر سەرکەوتبام، دەمکرد، بەڵام ژیانی من هەر فەشەل بووە. هیچ نییە کە هێندە بایەخی گێڕانەوەی هەبێ."

شێرپەنجەی بارزانی تا درەنگی ١٩٧٨، هەر لە بن کۆنترۆڵ مایەوە و ئیتر هەینێ دەستی پێ کرد خێرا تەشەنە بکا. تەندروستییەکە خراپتر بوو. لەوە بەدوا لەناو نوێن کەوت و لە کانوونی دووەمی ١٩٧٩، بە باڵەفڕە بۆ مایۆ کلینیک بردرایەوە. کە بارزانی ڕۆیشت، دوکتۆرە نیشتەجێیەکە بە خەمبارییەوە بە دۆسکیی گوت: "وابزانم چیی تر نایبینمەوە."

بارزانی چووەوە ماڵی خۆی لە ماکلین. سەرەتای شوبات بوو، کە زانی دوکتۆرەکان ئیتر هیچیان لە بۆی پێ ناکرێ، بارزانی ڕای گەیاند کە دەیەوێ بگەڕێتەوە و لە خاکی کوردیدا گیان پێشکێش بدا، جا با ئەو خاکە خاکی کوردستانی ئێرانیش بێ. دۆسکیی ڕاسپارد تا گەشتی بە باڵەفڕە بۆ تاران بۆ ڕێک بخات. بەڵام پلانەکە بەکسەر تووشی گرفت هات. کە هێڵە ئاسمانییەکان زانییان بارزانی، لە کاتی گەشتەکەیدا، پێویستی بەسلندەری ئۆکسجینەوە هەیە، داوای ڕاپۆرتی دوکتۆریان لێی کرد تا بڵێ تەندروستیی هێندە باشە دەتوانێ لە گەشتەکەی بە سەلامەتی بگاتەوە جێ. دۆسکی ویستی باڵەفڕەیێکی تایبەتی بۆی بگرێ، بەڵام دەرچوو نرخەکەی ئێجگار گرانە.

بارزانی هێشتا هەر لە ماڵەکەی خۆی لە ماکلین بوو کە لە دواین هەفتەی شبات، باسکی ڕاستەی بەئاستێکی ترسناک و پڕ ژان ئاوسا و وەک دەفەی لێ هات. ئیدریس و دۆسکی و موحسین دزەیی (دڵسۆزی دێرینی بارزانی) زۆریان لێی کرد دا بچێتە نەخۆشخانە، بەڵام بارزانی نکوولیی لە ئامۆژگارییەکەیان کرد. گوتی: "نەشێن هیچم بۆ بکەن." بەڵام دوکتۆرێکی بۆ بانگ کرا. بە ئامۆژگاریی ئەو کە دەکرا باسکەکەی وشک بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەستوورییەکەی نەهێڵێ و ژانەکەی بشکێ، بارزانی قایل بوو و چووە نەخۆشخانەی زانکۆی جۆرجتاون. دۆسکی و فەرهادی کوڕەزای بارزانی، لە سەعاتی ٧ی بەیانی تا ٧ی ئێوارە لای بارزانی دەمانەوە و ئیدریس و موحسین دزەییش نۆبەتی شەو دەمانەوە. لە دەرپێکی ئاداردا، تەندروستیی بارزانی هەندە باش بوو کە دوکتۆرەکانی پەیمانیان دا کە بەڵگەی گەشتی بۆ ئێران بۆ دەربکەن.

کە دۆسکی و فەرهاد بارزانی لە بەیانیی ڕۆژی ٣ی ئاداری ١٩٧٩ گەیشتنە نەخۆشخانەکە، دیتیان بارزانی زۆر باشتر بووە. ئاگای لە خۆی بوو قسەی دەکرد و چ ئازاریشی نەبوو. ڕۆژەکە بەبێ هیچ ڕووداوێک ڕۆیشت. لە نزیکی سەعات پێنجی ئێوارە بارزانی خواستی لە قەرەوێڵەکەی هەڵی ستێننەوە و بیبەن لەسەر کورسییە باسکدارەکەی ژوورەوەی، دابنیشێنن. نە دۆسکی و نە

فەرهادیش هیچ شتێکی نائاساییان لەمەدا نەدیت. پێشتر چەند جار وایان بۆی کردبوو. دۆسکی کورسییە باسکدارەکەی بۆ نزیک قەرەوێڵەکە پاڵ دا و فەرهادیش، ئەو گەنجە تێک چەقیوە بەهێزە، دەستێکی خێواندە بن پشتی باپیری و ئەوەکەی تری خستە بن قاچەکانیەوە. زووتر ئەم کارەی کردبوو. بەڵام هەرکە فەرهاد دەستی پێ کرد باپیرەی هەڵگرێ، حەپەسا کە دیتی سوورێکی تاریک هەڵگەڕا. یەکسەر پیرەمێردەکەی لەسەر نوێنەکە داناوە. بارزانی دەمێک پشووی دا و ئینجا پاشان فەرمانی بە کوڕەزاکەی دا دووبارە هەوڵ بداتەوە. فەرهاد هەستی کرد ڕاست نییە ئەمە دووبارە بکاتەوە. وەلێ بەفەرمانی کرد، چونکە ئاوا پەروەردە کراوە کە هەرگیز فەرمانی باپیرەی نەشکێنێ.

هەرکە فەرهاد بۆ جاری دووەم بەرزی کردەوە، بارزانی سوور هەڵگەڕا. سەری بۆ سەرەوە چوو و پاشان بە لایەکیدا شۆڕ بووەوە. دۆسکی خێرا بانگی سستەرێکی کرد و بەچەند خولەکێکیش دوکتۆرێک هات. دووپاتی کردەوە کە مەلا مستەفا بارزانی گیانی سپاردبوو.

فەرهاد دەسکی تەلەفۆنەکەی تەنیشت قەرەوێڵەی باپیرەی گرت و دەستی پێ کرد ژمارەی ئیدریسی مامی لە مالەوە لە ماکلینز لێ بدا. ژمارەکەی بەچاکی دەزانی. بەڵام لەم دەمە، نەشیا وەبیری بێتەوە. تەلەفۆنەکەی داناوە. هەوڵی دا دان بەخۆیدا بگرێ. دووبارە ژمارەکەی لێ داوە. بەڵام تەنیا چەند ڕەنووسێکی وەبیر دەهاتەوە. لە کۆتاییدا، دۆسکی ژمارەکەی بۆ گوت و فەرهادیش لێی دا تا تەلەفۆنەکەی بۆ کرا.

تەرمەکە بۆ پرسەخانەیەک برا لە واشنتۆن. ڕۆژی دواتر سەدان کورد لە ژووری چاوەڕوانیدا، کەڵەکەیان کرد بۆ ئەوەی بۆ دواین جار ڕێز و نەوازیی خۆیان بۆ سەرکردە نەمرەکەیان دەربڕن. لە ٥ی ئاداری ١٩٧٩، تەرمی بارزانی لە ناوەندی کابینەیەکی پلە یەک، لە باڵەفڕەیێکی بۆینگی ٧٤٧ی هێڵی ئاسمانیی ئێران، داندرا. ئیدریس بارزانی و فەرهاد بارزانی و موحسین دزەیی و محەمەد دۆسکی، بە دریژاییی ئەو سەفەرە دوورەی بۆ ئێران، لە تەکیەوە دانیشتن.

بەیانیی ڕۆژی پاشتر، لە تاران، تەرمەکە و هاوگەشتەکانی بە هێلیکۆپتەرێکی سەربازیی ئێرانی، بۆ شارێکی بچووکی ڕۆژاوای مەهابادی کوردستانی ئێرانی نزیکی سنووری عێراق، گواستراوەوە. حەشاماتێکی بێ هەژمار کە فەرهاد بارزانی هەرگیز لە تەمەنی خۆیدا نەیدیتبوو، بۆ دوا جار، بەخێرهاتنەوەی مستەفا بارزانییان دەکردەوە. پیاوان گریان و چەکەکانیان بەرەو ئاسمان، ئاگر دا. ئافرەتانیش ڕۆڕۆیان بوو. حوزنی گەلێکی دان پێدانەندراو شەپۆلی دا؛ لە دەشت و دەر و شاخەکانی کوردیدا دەنگی دایەوە.

کە مرد، چاو لە هەڵەکانی پۆشرا. مستەفا بارزانی هەرگیز هەرەسی نەبووە، بگرە هەر ئەو پاڵەوانە بووە کە لە هەموو ژیانی هەر وا بوو، مەزنترین مەزن بووە کە کورد هەرگیز ناسیبێتی. ڕۆژی ٦ی ئادار، چوار ڕۆژی کەم بوو لەو ڕۆژەی حەمەڕەزا شا پەهلەوی لە باڵەفڕەکەی دابەزی کە لە جەزایر دەگەڕایەوە و ئەو فەرمانانەی دا کە بارزانی و گەلەکەی وێران کردن و ڕەوانی

مۆڵگەکانی کردن. ئەمەش تەنیا چەند هەفتەیەک پاشتر بوو کە حەمەڕەزا پەهلەوی لە عەرشەکەی دەرکرا و گەلەکەی وەبەر ڕق و بەر نەفرینیان دا.

نامەی کیسنگەر بۆ بارزانی

فایلە تایبەتەکەی محەمەد دۆسکیی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە واشنتۆن، لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا، ئەم (پەڕە بێ لاپەڕە)ی پێوەندیکردنێک کە لەسەر لاپەڕەی فەرمی نەنووسراوە و کەمترین پێناسەی تێدایە (سڵاوەکە هیچ ناوی لەسەر نییە، بنێرەکە تەنیا سەرە پیتی ناوی خۆی لێ داوە)، باوڕ دەکەین کە نامەیەکی ڕەسەن بێ ، لە وەزیری دەرەوە هێنری کیسنگەرە بۆ مستەفا بارزانی نووسراوە و لە ڕێگەی کەناڵەکانی سی ئای ئەیەوە گەیەندراوە.

٢٢ شوبات ١٩٧٥

ئازیزەکەم جەنەراڵ:

زۆرم پێ خۆش بوو کە بەیامەکەی ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥م وەرگرت. دەمەوێ ئەوە بزانی ئێمە چەند ڕێزی خۆت و گەلەکەت و ئەو کۆششە ئازایانە دەگرین کە دەیانکەیت. ئەو گرفتانەی بەڕۆکی تۆیان گرتووە، ترسناکن. کە هەڵسەنگاندنەکەی باری سەربازی و سیاسیی تۆم خوێندەوە، زۆر ڕێزم گرت. دەشێ دڵنیاتان بکەمەوە کە بەهۆی ئەو گرینگییەی بەنامەکانی ئێوەی دەدەین، هەرە باشترین بایەخ لەلایەنی بەرزترین ئاستی حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە وەردەگرێ.

ئەگەر ویستتان نوێنەرێکی باوەڕپێکراو بۆ واشنتۆن ڕەوان بکەن تا زانیاریی پتر لەبارەی دۆخەکەوە بە حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بدا، ئێمە شانازی دەکەین و شادمانیش دەبین پێشوازیی لێ بکەین. بڕوام هەیە وەزیر گرینگییەکی دیاری بەپاراستنی ئەو توانستە داوە کە کردوومانە و ئێستاش هەر دەیکەین؛ تەنیا لە بری ئەم هۆیەیە – سەرباری بایەخدانمان بە سەلامەتیتان – کە دووڵم پێشنیازی کۆبوونەوەیەکتان لێرە لەگەڵتان بکەم. ئومێد دەکەم هەواڵتان بزانم.

هیوای چاکیتان و ڕێز و نەوازشم قەبوڵ بفەرموون.

ه. ک.

سەرچاوە:

The Middle East Quarterly, June 1994. Volume 1: Number 2

حاجی قادری کۆیی و دڵداری

مەسعوود محەمەد(*)

بە پێی باس و خواسێك كە سابڵاغ بە ئێمەی راگەیاندووە حاجی سەردەمێك لەوێ ماوەتەوە. لەو ماوەیەدا بەینێك لە مزگەوتی رۆستەم بەگ لای (مەلا حسێن)ی خوێندووە، مەلا حوسێنیش هەر بە مزگەوتەكەوە هەڵدراوەتەوە و گوتراوە مەلا حوسێنی مزگەوتی رۆستەم بەگ. چەند دێرە شیعرێكی لە

(*) چەند لاپەڕەیەكە لەبەرگی دووەمی كتێبی حاجی قادری كۆیی هاتووەتە وەرگرتن.

دیـواریکـی مزگـەوتـەکـە نـووسیبـووەوە، هـەر مـابـووەوە تـا لـەو سالانـەی دواییدا ژێر سواغـی سپیـکـاری کەوتووە. بێگومـان کەمتـەرخەمـی و بێ پـەرۆشی نـەبـا دەبوا نووسینـەکە وەك خۆی بهێڵرێتەوە لە نـاو سپیکارییـەکەدا و ببێتە میراتێکی مێژوویی و ئـەدەبی و نـەتـەوایـەتیی زۆر نرخدار. نـاشزانم بڕە شیعرەکە هـەڵبـەستی خۆی بووە یـا شیعری شاعیرێکی تر بووە و کەوتۆتە بـەر دڵی و کردووەتی بـە مـەشقی سـەر دیوار. کـارێکی وەك ئـەمـە لـە مزگـەوتێکی کۆیـەشدا کـرا بـە نیسبـەت براییێکی حـاجی قـادرەوە کـە (کـەیفی جوانڕۆیی)یـە. بۆ خۆم دیتبووم لـە دیـوارێکی هـەیوانی مزگـەوتی حـاجی مـەلا عومـەر لـە کۆیێ بـە خـەتێکی زۆر خۆش رستەی (عزّ من قنع و ذل من طمع) نووسرابوو. دەمـاودەم لـە پێشینانـەوە دەگوترا خـەتـەکـە هـی (کـەیفی)یـە. ئـەم گوتـەیـەش جێی گومـان لێکردن نییـە، چونکـە هـەروەك هۆیـەکی تایبـەتی نییـە بۆ گومـان لێکردنی بـەڵگـەش هـەیـە پـاڵپشتیی بکـا و راستبوونی بسـەپێنێ، لـە نـاو کـەوانـەی یـەك لـە دوو پیتـە (ع)ەکان کـە بـە خـەتی گـەورە نووسرابوو چوارینـەیێکی فـارسیی خـەت خۆش هـەبوو بـە نووسینێکی ورد لێرەدا تۆمـاری دەکـەم:

نـــوشتـــم ایـــن بـــرایـــن ایـــوان خـــانـــه
بـــمـــانـــد از مـــن مسکـــیـــن نشانـــه
اگـــر گـــویـــنـــد ایـــن مسکـــیـــن کـــجـــا رفت
بـــگـــو بـــگـــریـــخت از جـــور زمـــانـــه

واتـای چوارینـەکـە کـەوا لێرەدا دەینووسم:

ئـەمـەم نـووسی لـە هـەیوانی ئـەم خـانـەیـە
تـا لـە مـنـی مسکینـەوە بـە نیشانـە بمێنێ
ئـەگـەر بـڵێن ئـەم مسکیـنـە بۆ کوێ چوو
بـڵـێ لـە بـەر ستـەمـی رۆژگـار هـەڵات

بـە تـەواوی لـەگـەڵ ئـەو بـەسـەرهـاتـە بێگومـانـە دەگونجێ کـە هۆی دەرچوونی کـەیفی بووە لـە کۆیێ. کـە وا بێ لـەم چوارینـەیـەدا سێ شایـەد کۆ دەبنـەوە بۆ سـاغکردنـەوەی هـەڵبـەستیان لـە لایـەن (کـەیفی)یـەوە:

یـەکـەمیـان خـەتخۆشی: کـەیفی نـاوبـانگی هـەیـە لـە خـەتخۆشیدا.

دووەمیـان بوێژی: کـەیفی لـە ریزی هـەرە پێشـەوەی بوێژانی کوردەوە دێ.

سێیـەمیـان، هـەڵاتن لـە دەست جـەوری زەمـانـە: کـەیفی لـەوانـەیـە ببێتـە نموونـەی غـەدر لێکراوی.

کـە ئـەم سێ شایـەدە وەك کۆڵـەگـە خۆ بدەنـە بـەر گوتـەی دەمـاودەم چ درزێك نـامێنێتـەوە تروسکـەی گومـانی لێوە بدیترێ.

ئـەم خـەت و نـووسینـە و چـوارینـەیـەی کـەیـفیش وەك نـووسینـەکـەی حـاجی کـەوتـە ژێر سواغی سپیکارییـەوە. بـەڵام خۆ و تـالـع چوارینـەکـە ئـەزبـەر کرابوو بـەر لـە ونبوونی. من لـە ریّی مـەلا ئـەمین یومنی خـەتخۆشـەوە چوارینـەکـەم پێ گـەیشت، کـە خۆی کۆییـیـە و ئـاوارە بووە و ئێستا لـە بـەغدا نیشیـەجێیـە. خوا

لێخۆشبووی مامۆستا (صابر اسماعیل) کردی بە دیاری بۆم.

لە دیوانەکەی حاجی، قەسیدە مەدحی خێوەتی قەرەنی ئاغا یەکێکە لە چەند سەرچاوەیێکی کەم و تاریك کە بە هێما شتێك راگەیەنن لە خەتی بزووتنەوەی حاجی لە کوردستانی ئێراندا. با بزانین چۆن!

لە خوێندەر داوا دەکەم وەك من سرنجی وردی خۆی بداتە ئەم بەیتە:

هەروەك ئەلفی جانە ستوونی لە سکووندا
نەك تابیعی غەیرە و (متحرك) وەکوو (همزە)

دەزانین لە عەرەبیدا کە پیتی ئەلف بزووت دەبێتە هەمزە. لێرەدا کارمان هەر لەگەڵ ئەلف و هەمزەدا هەیە، وردەکاریی تری شیعرەکە جێگەی تایبەتی و کاتی لەبارتری هەیە. کەواتە بەوەندە ئیکتفا دەکەین کە بڵێین ستوونەکانی خێوەتەکە وەك ئەلفە کە لە وشەی (جان)دا وەستاوە سکوونی بەستووە و نابزوێ، خۆ (متحرك – بزۆ) نییە وەکو (همزە) کە سکوونی بۆ نییە و هەر دەمە لەسەر باریکە. لەم روانگەیەدا (توریە)یێك هەیە بێ دەلالەت نییە لە رووی دروستکردنی شێوە خەتێکی گەشت و هاموشۆی حاجی. دەزانین ئەوسا لە کوردستانی ئێراندا سەرەك عەشیرەتی (مەنگوڕ) هەمزاغا بووە. بێگومان لە لایەن ناوبانگ و دەسەڵاتی عەشیرەتێکەوە هاوتای سەرۆکانی پیران و مامەش و عەشیرەتەکانی ئەو هەرێمەی کوردستانی ئێران بووە. لەم بەیتەدا حاجی قادر کە سکوونیی ئەلف دێنێ بە مەدح و بزۆزیی (هەمزە) دێنێ بە زەم، لە ژێر پەردەی (توریە)دا هەمزاغا دەشکێنێ بۆ مەدحکراوەکەی خۆی. من لەمەوە بیرم بۆ هەندێ دەڕوا کە وا حاجی لە گەشتی گەڕانەوەیدا ئەم قەسیدەی هەڵبەستبێ، واتە دڵنیا بووە لەوە جارێکی تر رێی بەو هەرێمانە ناکەوێ کە دەسەلاتێکی هەمزاغای مەنگوڕی تێدابێ، دەنا حاجی لەوە زیرەکترە یەکەم سەلاموعەلێکی لە کوردستانی ئێران بە نانەوەی بنیادی ناکۆکی بێ لەگەڵ میرێکی وەکو هەمزاغادا. خۆ ناشچێتە عەقڵەوە بگوترێ رەنگە حاجی لەسەرەتای چوونیەوە بۆ کوردستانی ئێران بڕیاری دابێ هەرگیز بە مەنگوڕایەتیدا گوزەر نەکا یا لێی نەسێنێتەوە.

جگە لەو تێبینییەی ناڕەزاییی هەمزاغا، قەسیدەکە بۆ خۆی خەریکی مەبەسێکی وابووە باوکی گوڵێ لە حاجی ناڕەزا بکا هەرچەند لەسەر بناخەی مەدحیشەوە هەڵستابێ چونکە لێتەوە دیارە، حاجی زیاتر لە مەدحی بنە و بارەگەی (شاهەنشەهی ئەرز) بە خەیاڵ و شێوە شیرینەکانی (گوڵێ)وە خەریکە و نامە و راسپاردەی خولیایی بۆ ئەو دەنێرێ. وا پێ دەچێ نازداریی کیژەکە وەها هەستی حاجیی جووڵاندبێ گەلێك بەولای مەدحی سادەوەی بردبێ تا گەیاندووەتی بەوە تەما و حەزی خۆی بە پێ دزیلکە گەیاندووەتە پەرژینی دەوری گوڵ و گوڵزار و ئاڵووالای قەد و باڵای گوڵێ. لەم تێبینییەشەوە هەر ئەوە دێتە دڵانەوە کە قەسیدەکەی دوای جێهێشتنی کوردستانی ئێران دانابێ نەك لە سەرەتای چوونی بۆ ئەودیو یا لەو کاتانەدا کە لەوێی خوێندووە. کە ئەم تێبینییانە بەهەند هەڵگرین و بڕیار بدەین لە دەمی هاتنەوەی بۆ کوردستانی عیراق مەدحەکەی هەڵبەستووە دەرحاڵ خزمایەتیی ئەویش لەگەڵ مەدحەکەی ئەمین ئاغا دێتە بەرچاو، لە رووی لە یەکترنێزیکیی کاتی هەڵبەستنی هەردووییانەوە، چونکە وەك گوتمان مەدحەکەی ئەمین ئاغای لە دەمی هاتنەوەی بۆ کۆیێ داناوە، باوەڕ دەکەم هەر لە

رێی گەڕانەوەی بەرەو کۆیێ لە هەڵبەستنی بووبێتەوە تا بەڕاستی ببێتە دیاریی سەفەر. کە قەسیدەکان بەیەکدی بگری هێز و نەفەسی هەردوویان وەك هێز و نەفەسی یەك تەمەن دێنە بەر هەستی سرنجدەرەوە.

بەیتێکی تریش لە بەیتەکانی قەسیدەکە ئەوە رادەگەیەنێ کەوا حاجی دوای دوورکەوتنەوەی لە لاجان بڕە شیعرەکەی هەڵبەستووە، واتە سەرەڕای گەڕانەوەی بۆ کۆیێ کە قەڵغانێکی پارێزگارییە بۆ حاجی، قەڵغانێکی تریشی لەوەدا دیوە کە لە دووری لاجانێوە دەردی دڵی خۆی گوتووەتەوە.

هەر لێرە هەتا دەشتی بەهەشت ئاینی لاجان
ئاهیستە بڕۆ نەك وەکو دێوانەیی هەرزە

دیارە (ئێرە) شوێنێکی دەرەوەی لاجان رادەگەیەنێ. هەرچەند نەشزانین ئەو شوێنە کوێیە لە خۆوە دیاردەکەوێ دەبێ شوێنێك بێ لە بەینی لاجان و کۆیێ، چونکە گوتمان لە گەڕانەوەی بەرەو کۆیێ شیعرەکەی هەڵبەستووە. وەك بڵێی، حاجی قادر، دوای دیتنی گوڵێ و وروژانی پەپوولەکانی خولیای بە رەنگ و بێنی ئەم گوڵە گەشە، هەر لە هەمان وەزعی پرچۆش و فرکەی خوێنی، جەزبە و تاسە و پەرۆشی خۆی بە گەرم و گوڕی لە دورکانی دەروونیەوە هەڵێنجاوەتە ناو تاوەی ئەو هەڵبەستەوە. لەوە بەولاوە دوای دانانی هەڵبەستەکە چ راستیێکی زانراو نییە تێمان بگەیەنێ ئاخۆ حاجی شیعرەکەی ناردووە بۆ لاجان بە ئومێدی هاتنەوەی گوتە و وەرامێك لەوێوە یاخود وەك هەموو هەڵبەستێکی بێ ئامانج خستووەتییە سەر زار و زمانانەوە..! بۆرە حیکایەتێك هەیە دەڵێ کە شیعرەکان گەیشتوونە قەرەنی ئاغا گوتووەتی ئەگەر (گوڵێی) لێ داخوازی کردبام پێم دەدا، گوێا قسەکەش گەیشتووەتەوە حاجی ئەویش گوتووەتی بە کام مااڵ و حاڵ و وەزعی لەبارەوە داخوازیی گوڵێ بکەم! هەرچۆنێك بێ کاتێك حاجی شیعرەکانی داناون چ مەعلووم نەبووە خاوەنی گوڵێ چۆنیان پێشوازی لێ دەکا تاکو حاجی بە ئومێدی رەزامەندیی ئەوەوە لە لاجان وەستابێ. نەخێر بێگومان لە دەرەوەی لاجانێ ئەو شیعرانە هەڵبەستراون ئیتر هەناردرابێ بۆ لاجان بە دەم ئومێدێکی شلۆقەوە یاخود لای حاجی لەسەر پەڕەکاغەزێك هەناسەی حەسرەتی بە خامۆشی هەڵێنابێ. لە نێوان هەموو ئیحتیمالاندا دڵی من بۆ ئەوە دەچێ حاجی چ ئومێدێکی بە گوڵێ نەبووە لەو هەڵبەستەدا، چ ئومێدێکی هەبا دەبوا رێگەیێکی تر بگرێتە بەر نەك هەڵبەستەکە بکاتە لەمپەرێکی گەورە لە پێش خۆیدا چونکە لە شیعری وەها بێ پەردەی پڕ لە وەسفی جوانی دەوەشێتەوە کە نیمچە ئومێدێکیش هەبێ لە ناوی ببا. ئەم هەڵبەستە هەرگیز نابێتە خوازبێنیکەر و بەربووك.

داستانی (گوڵێ) هەرچەند ئەویش سەرەتا و ئەنجام و کەین و بەینی بێ سەروشوێن بمێنێتەوە وەك داستانی دڵداریەکەی حاجی لە سابڵاغ، تیشکێك دەداتەوە بۆ ناو دەروونی (عاطفی) حاجی قادر و لە گەشتی ناو ئەو دەروونەدا شوێن هەنگاوان روون دەکاتەوە. جگە لەمەش چەند پەیامێك لەسەر و کاری حاجییەوە رادەگەیەنێ وەك ئیشارەکانی (بێتەل)، دەبێ وەربگیرێن و تەرجەمە بکرێنەوە بۆ سەر وتوویژی زمانی خۆمان.

یەکێك لەو راگەیاندنانە دیارکردنی سالّی دانانی شیعرەکانە:

بە پێی ئەوە کە حاجی لە سەفەری بەرەو گەرمێن و هاتنەوەی بۆ کوێ و ئەڵوەدای دواجار لە کوردستانی ئێران شیعرەکانی دانابن دەبێ لە ١٢٧٧ ئەو دانانە کرابێ چونکە پێشتر بە وردبوونەوەیێکی درێژەدار ئەو لایەنەمان مەیلە و ساغ کردەوە کەوا حاجی، بە پێی نووسینەکانی سەر سیوطی، بەر لەو سالّەدا رووەو گەرمێن نەبووەتەوە. کە ئەم لێکدانەوەیە راست بێ خەیمەی دەشتی لاجان بە خاوەنیەوە و بە گوڵ و گوڵاڵەی گیا و ئادەمیەوە دەبنە یەکێك لە کێلەڕێ[٣٢] هەرە دیارەکانی ڕێبازی فراژیبوون و (تکامل)ی بەهرە و هونەری شاعیریەتی حاجی کەوا، لەبەر زێدە دیاربوونی، گڵۆپی رەنگاوڕەنگیشی بەسەرەوەیە بۆ ڕێنومایی گەشتەوەر و جەلای چاوی سرنجدەران.

راگەیاندنی تری ئەمەیە کە دەبێ لە بەهاردا وەیا دەمەو هاوین ئەو قەسیدەیە دانرابێ چونکە دەشتی لاجان لە بەهاردا خێوەت و رەشمالّی تێدا هەڵدەدرێ. پێ دەچێ حاجی لە دوا بەهاری مانەوەی لە کوردستانی ئێراندا بە نیازی گەڕانەوە بۆ کوردستانی عیراق هاتبێتە لاجان و ئەوەندەی تێدا مابێتەوە سرنج لە (خەیمەی شاهەنشەهی ئەرز) بگرێ و لە ڕێکەوتنێکدا گوڵێ ببینێ. ئەگەر راست بێ خاوەنی گوڵێ گوتبێتی (لێم داخوازی بکا پێی دەدەم) دەبێ حاجی ئەوەندە لای مابێتەوە بایی ناسینی حاجیی کردبێ تا ئەوەی بە زاوای خۆی قبوڵ بکا.

راگەیاندنی سێیەم ئەوەیە کە گەڕانەوەی حاجی بە لاجان و باڵەکەتیدا بەرەو کوێی مەیلێکی حاجی بۆ گەڕان بەدەستەوە دەدا، چونکە مەعلوومان کرد لە هەوەڵەوە حاجی لە باڵەکەتیەوە ڕوێی بۆ دیوی ئێران، کەواتە لە سەرەتاوە ڕابواردن و خوێندن و گوزەرانی لە شوێنی وەك لاجان و وڵاتی سابڵاغدا کردووە ئەوجار چووە بۆ لای بانە و دەوروبەری بێتووش و بەینێکی خوێندن تێدا کردوون، دیسانەوە سەرلەنوێ تی هەڵکشیوەتەوە بۆ لای سابڵاغ و لەوێوە دواجار بە لاجانێدا بەرەو باڵەکەتی و کوێ بووەتەوە. کە ئەمە خەتی گوزەری حاجی بێ لە گەشتی خوێندنی یارە لەو چەند سالّانەدا تا ئەو هەموو دەشت و دەرەی کوتاوەتەوە و بە زاراوەی فەلاحان دووگاسنی کردوون ورده سەفەری خوێندنی کورتیلەی لە دێ و قەسەبچەکاندا کردووە و جێگۆڕکێی تێدا کردوون. تێکڕای ئەم گەشت و گەڕانە نەخشەی ڕووپێوێکی ئەوەندە پان دەگرێتەوە بە بزووتنەوەی زۆر و جێگۆڕکێ نەبێ دووجارپێو ناکرێ.

راگەیاندنی چوارەم بەڕاست دەرهێنانی ئەو گوتەیە کە دەڵێ حاجی دوای گەڕانەوەی لە کوردستانی ئێرانەوە ماوەیێك لە باڵەك ماوەتەوە ئەوجا هاتووەتەوە کوێ. هاتنەوەی بۆ باڵەك، وشەی لاجان رای دەگەیەنێ چونکی ڕێگا لە لاجانێوە بەرەو کوردستانی عیراق دێتەوە باڵەك، بەڵام ماوەیێك مانەوەی لە باڵەکەتی لەوەڕا دەفامرێتەوە کە وا دەبێ دەمەو هاوین هاتبێتە ئەو ناوە و کڕی گەرمای لێ ڕابواردبێ و دەمەو پایز سەرەو ژێر بووبێتەوە بۆ کوێ. ئەگەر مانەوەی هاوینێك بایی بەڕاست گێڕانی گوتەکە بکا کە دەڵێ (بەینێك ماوەتەوە) ئەوە هاوینەکی تەواومان بە دەستەوەیە، خۆ ئەگەر گوتەکە لە هاوینێك پتر بگرێتەوە دەبێ بە دوا بەڵگەی تردا بگەڕێین یاخود بێ بەڵگە بڵێین گوتەکە لەوەشدا راست دەکا، ئەوساش

(٣٢) کێلەڕێ: علامة الطريق، limestone. لە کوردیدا دەگوترێ کێلە قەبر بە قیاس لەو دەشێ بڵێین کێلەڕێ.

نازانین چەندی تر بخەینە سەر کژی هاوین... دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە درێژەمان دا بە ئیحتیمالی زۆر مانەوەی حاجی لە باڵەکەتی تووشی گرفتێك دێین لەوەدا کە چی ئەوتۆ نامێنێتەوە لە کاتی مانەوەی حاجی لە کۆیێ بەشی ئەو رووداو و کەین و بەینانە بکا کە وا بەر لە سەفەری بۆ تورکیا بەرەنگاری بوون. وا دەزانم تاکە هاوینێك لە هەموو ماوەیێك بێ رەخنەترە کە دەلالەتی حاڵ و گوتەی دەماودەمیشی لێ رازی بێ و گرفتی تازەش دروست نەکا.

راگەیاندنەکانی هەموویان کاری لێکدانەوەن وەنیە شاید و بەڵگەی مادیی بێ دەمەتەقە بیانسەپێنێ، بەڵام لەگەڵ بەسەرهاتی زانراوی حاجی و هێمای شیعر و نووسینەکانی زۆر رێك دێن و دەگونجێن، واتە ئەگەر ئەو راگەیاندنانەی تازە خستمانە پێش چاو، رووداوی راستەقینە بن چ بەرهەڵستێك نابێ نە لە سەرچاوەی نووسراو و نە لە گوتەی دەماودەمەوە لەقیان بکا. بە هەمەحاڵ حاجی چووە بۆ کوردستانی ئێران، تێیدا گەڕاوە، خوێندنی لێ کردووە، چەند ساڵێك لێی ماوەتەوە، گوڵێی دیوە و گەڕاوەتەوە بەرەو کۆیێ.. ئەمانە بوون و دەبێ بە شێوەیێك و یەك لەدوایەك رووبان دابێ، هەڵبەت ئەو شێوەیە و هاتنی یەك بەدوایەکدا تا لەگەڵ گوتەی دەماودەم و هێمای نووسین و راگەیاندنی حاڵ گونجاوتر بێ بتر دەچێتە دڵەوە. تا ئەوەی منیش بتوانم رووداوی نامەعلووم لەگەڵ نووسینی بەرچاو و گوتەی مەعلووم بگونجێنم هەر هێندەم بۆ دەکرێ کەوا لەو رووپەڕانەدا دەیخوێنیتەوە. لەوانە بوو ئەگەر ماوەی زیاترم هەبا بۆ لێکدانەوە و بەیەکدی گرتن و بەراوردکردن و وەدەست هێنانی خەبەراتی تازە، بتوانم رووپێوێکی بەرفرەوانتر روون کەمەوە لە تێکڕای رووپەڕەکانی تاریکی ژیانی حاجی لە دیوی کوردستانی ئێراندا. لەو باوەڕەدام وردبوونەوەی نەفەسدرێژ لە پەڕاوێزەکانی سیوطی و راگرتنیان لەبەر ئاوێنەی ئەو شیعرانەی کە لە تەمەنی گەنجایەتی و دەوری فەقێیەتی دەوەشێنەوە رۆشنەی ناوناوە دەکەنەوە بەسەر ڕیازی حاجیدا و شوێن پێی لێرە و لەوێ هەڵدەگرن. بەڵام جارێ ئەم کارە ئاواتێکە و نەڕواوە.

ئەم قەسیدەیەی (خەیمەی شاهەنشەهی ئەرز) کە هێندە پڕ دەلالەت بێ مانی ئەوەی هەیە بەیتەکانی بخەینەوە جێی خۆیان و دەستبژارێك بکەین لەو تێکەڵ پێکەڵییەی کەوتووەتە نێویانەوە لە ئەنجامی نووسینەوەیان و بەوەدا ریز و رچەی داڕشتنی قەسیدەکە لەگەڵ زنجیرەی واتای بەیتەکانی بکەینەوە خزمی یەکتر. لە یەکەم نیگاوە دەردەکەوێ جێگەی بەشی زۆری بەیتەکانی گۆڕاوە و خوار و ژووریان پێ کراوە.. لەوەش زیاتری بەسەرهاتووە، هەندێکی لێ قرتاوە و کەل بووە. لێرەدا قسەم لەگەڵ ئەو قەسیدەیەیە کە لە دیوانەکەی چاپی هەولێر ساڵی ١٩٦٩دا دەیخوێنیەوە، چ گلەییش ناهێنمە سەر چاپەکە و خاوەنەکەی چونکە ئەو وەك وەری گرتووە وای چاپ کردووە. بۆ راستکردنەوەی ریزی بەیتەکان لە پێشەوە پێشنیاری شاعیرێکی مەشوور و لێسەلمێنراوی کوردی ئێمرۆ پێشکەش دەکەم کە مامۆستا هێمنە. بە پێی باوەڕی ئەو راستیی ریزی بەیتەکان دەبێ بەم جۆرە بێ:

ئەم خەیمە کە شەمسیەی شاهەنشەهی ئەرزە
تا چادری نیلووفەری سەر تەپڵەکی بەرزە

ئـەتـنـابـی وەکوو تـوولـی ئـەمـەل لا مـوتـەنـاهـی
ئـەوتـادی وەکـو کـێوی ئـوحـود مـەرکـەزی فـەیـزە

سەقـفـی وەکـوو گـەردوونـە شکـافـی وەکوو ئـەنجوم
پـەردەی وەکـوو ئـەدواری سەمـا ئـەتـڵـەسی سەوزە

هـەر وەك ئـەلـیـفـی جـانـە ستـوونـی لـە سکـووندا
نـەك تـابـیـعـی غـەیرە و مـوتـەحـەریك وەکوو هـەمزە

ئەوسافی وەکوو خەتی دوو زولفە لە چەپ و راست
وەك مـاری مـوتـەلسەم کـە تـەلسمـی سەری کـەنـزە

وەسفـی چ بـکـەم نـێوەنـی گـوڵ یـا بـنـی سونـبـوڵ
شایستـە سەنـاخـوانـیـی بـکـەم هـەر وەکـوو فـەرزە

لای ژووری سەمەن نیوەنی گوڵ دامەنی سونبوڵ
لـەو سورەت و مـەعـنـایـە کـە سەد جـەننـەتی لـەغزە

فـیـلـجـوڵـە وەکوو خـاڵی روخی دلبـەری حـاجی
دڵـپـەسـتـە دەسـا بـادی سەبـا هـەسـتـە مـەلـەرزە

هـەر لـێرە هـەتـا دەشتی بـەهـەشت ئـایـنـی لاجـان
ئـاهـیـستـە بـڕۆ نـەك وەکـوو دیـوانـەیـی هـەرزە

تـا داخـیـلـی خـەلـوەت دەبـی ئـەمـجـا بـە وەکـالـەت
خـاکـی قـەدەمـی مـاچ بـکـە بـەم نـەرزە کـە تـەرزە

مـەئـزوونـی ئـەوەنـدە وەکـو ئـاهـم بـێ نـەزاکـەت
لادەی سەری زولـفـی نـەوەکـوو بـیـخـەیـە لـەرزە

لـەو چـەشنـە گـوڵـە هـەڵـدەکـەوێ سـاڵـێ لـە قـەرنـێ
نـەك وەك گـوڵـی بـازاڕیـیـە هـەر سـاڵـی کـە سەوزە

لەو دەسنووسەی مەلا رەئووفی سەلیم ئاغا کە بۆ کۆڕی زانیاری کوردی ناردووە هەندێك زیادیی تێدایە لەچاو دیوانە چاپکراوەکان و ئەو دەستخەتانەی خۆم دیتوومن: لە جێی مصرعی دووەمی بەیتێکیان دوو جۆری نووسیوە هەردووکیشیان لە رووی کێش و و قافیە و واتاوە هاوتای یەکترن. لە دیوانەکەی حاجی، چاپی هەولێر، نیوە بەیتەکە بەم جۆرە نووسراوە:

(نەك وەك گولی بازاریيە هەر سالّی کە سەوزە)

مەلا رەئووف بەسەر ئەوەوە ئەمەشی نووسیوە:

(نەك وەك گولّی بازاریيە موجود همو لحظە)

لە جێگەیێکی تریش نیوە بەیتێکی بێ کێش، بەڵام قافیە رێکی نووسیوە کۆتاییی بە وشەی (غەمزە) دێت. ئەگەر ئەم زیادییانە بکرێن بە بەیتی تەواو و بخرێنە سەر غەزەلەکەوە سەرجوملەیان دەبێتە ١٤ بەیت. لە خۆمەوە دەڵێم بێین و رەچاوی ئەم لایەنەش بکەین کە شاعیر بە زۆری حەز لە هەڵبەستی تاك ئەژمار دەکەن رێی تێ دەچێ بە ئەسڵ غەزەلەکە ١٥ بەیت بووبێ و هەندێکی لەو بەیتانەی لەناو چووبێ.

من لە لای خۆمەوە بەیتەکانم ریز کردبوون بەو شکڵە کە پێی رازی بووم. ریزکردنەکەی من نەختێك جوداوازیی هەیە لەگەڵ هی مامۆستا هێمن، بەڵام چ پێویست نابینم دوای نووسینی پێشنیارەکەی ئەو هی خۆم بکەم بەسەربارێکی ناقوڵا و زەق بۆ بنباری هورهوڕپی ئەم نووسینە درێژە. نوسخەی تریش لەم غەزەلە، چاپکراو و چاپ نەکراو، لەبەر دەستاندان کەسێك بیەوێ دەتوانێ بەراوردی هەموویان بکات و دڵخوازی خۆی لە نێوانیادندا هەڵبژێرێ.

سەرگوزەشتی دڵداریەکەی حاجی لە سابڵاغ و پەیامی ئەم قەسیدەیە لە رووی کەم پەروایی لە دەربڕینی هەستی دەروونی خۆی جارێکی تریش سروشتی ئازا و باوەڕ بە خۆهاتووی حاجیمان بۆ روون دەکاتەوە. هەرچەن ژیانی حاجی پڕە لە نموونەی ئازایی و سەرکەشی بەڵام مەیدانەکان وەك هی دڵداری نییە کە زوربەی پیاوانی رۆژگاری خۆی تێدا دەشارنەوە و چەندی لە دەستیان بێ ناهێڵن باس و خواسی دڵداریان ئاشکرابێ و بگوترێتەوە یاخود سەرگوزەشتی نهێنییان تێیدا دەنگ بداتەوە، خۆ بە نیسبەت مەلا و پیاوی سەر بە ئاینەوە زیاتر لە خەڵقی تر دەنگ و سەدای دڵداری هۆی شەرمکردنەوە و بەخۆداشکانەوە بووە. ناوناوەیێکی بەدگمەن نەبێ مەلا رێگەیان نەداوە دڵداریان لێ ئاشکرا بێ. حاجی قادر بەوەدا کە جارێکیان لە سابڵاغ دڵداریەکەی زانرابێ و خێرا بە دوا ئەودا و لەخۆوە دەروازەی دڵی بۆ گوڵێ بخاتە سەرپشت و بانگهێشتنی مەردوم بکا بۆ گوتنەوەی چیرۆکی حەزکردنی لە گوڵێ، ئەم حاجی قادرە هەرگیز لە مەلایێکی شەرمنی سەرکزەڵەی چەرخی نۆزدەم ناکا. هەر دەڵێی مرۆڤێکی بەندکراوی حوکم تەواوکردووە لە ناو دەروازەی بەندیخانەڕا دوا هەنگاوی هەڵدێنێ بەرەو رەهایی. حاجی بەم دڵداریانەی لە قەپێلکی کلاسیکی دەستوورانی کۆمەڵایەتی و نەریتی کۆنینە دەردەچێ و دەبێتە نۆبەرەی خێرا پێگەیشتووی پیاوی کورد لە ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەمدا. من نامەوێ دەلالەت قەرزکەم و بیخەمە سەر واتا و راگەیاندنی دڵداریەکانی حاجییەوە، بەڵام پێویست دەبینم ئەوەند دەلالەتی کە هەیە لەم دڵداریانەدا بخرێتە روو و نرخ و جێگەی راستەقینەی خۆیان پێ بدرێ لە سروشتی (حاجی)دا. دەبێ بەهۆی ئەو دڵداریانەوە باشتر حاجی بناسین، پتر لێی شارەزابین، نزیکتر بینەوە لە تەوژمی ئەو دەروونە کە حاجیی کردە یەکەم دوشمنی نەترساوی شەعبەدە لە کوردستانی ژێروودا و یەکەم فەیلەسووفی بیری کوردایەتی لە سەراپای کوردستاندا.

سەرەڕای مەلایەتی کە خۆی بەسە ببێتە کۆسپ لەپێش دەربڕینی ئارەزووی نەفس بۆ لای ئافرەت، دوو کۆسپی تریش هەبوون حیسابی دوور و درێژتر بە حاجی بکەن لە دەربڕینی ئەم ئارەزووەدا: کۆسپی غەریبی و کۆسپی هەژاری. مەلایێکی غەریبی هەژار ئەگەر لە دەروونیدا بڵێسەی ئارەزوویێکی

هەولێر ئاڵتونی کتێبی

سووتێنەر نەبێ بۆ ئازادی لە کردەوە و ئاخاوتن ناوێرێ لە کاری نازکی وەك دڵداریدا زمانی ببزێوێ، ئەگەر مەیلێکیشی بوو بۆ ئافرەت لە هەناوی خۆیدا زندەبەگۆڕی دەکا. پاڵەپەستۆی هەستی زگماك لە دەروونی حاجیدا بۆ ئازادی لە کردەوە و ئاخاوتن، قەناعەتەکانی تەقاندووەتەوە، ئەو قاناعەتە لە دڵداری بێ یا لە عاست شەعبەدەدا یا لە مەیدانی سیاسەت یا لە هەموو مەیدانەکانی باوەڕ بێ بە شێوەیێکی گشتی. لە بیرت بێ جوداوازیێکی یەکجار گەورە هەیە لە میانی هەڵبەستی دڵداریی عادەتی کە هەموو بوێژێك لە خۆی دەکا بە پیشە و چ باجی لەسەر نییە و ناو و ناتۆرە بۆ کەس نانێتەوە لەگەڵ دڵداری بە پنج و بناوان و سەر و سەدا کە تا ئێستاش پیاوی کورد خۆ دەپارێزێ لە زڕانی ناوی تێیدا. تێوەڕامانی دووربەدوور دوای ١٠٠ ساڵ زیاتر لە تێپەڕینی ئەو دڵداریانە، شێوە و راگەیاندن و هێماکانیان دەخاتە پشت پەردەیێکی ئەستووری تاریکییەوە. بۆ وردبین نەبێ تارماییی گرنگی ئەم دڵدارییانەش خۆ بەدەر ناخا. لەوانەیە خوێنەرێکی رێبواری بە پەلە لە سەر ئەوە هەر نەوەستێ ئاخۆ حاجی قادر رۆژەك لە رۆژان بیری لە (جنس) کردبێتەوە یا نا! ئەوا دڵی بۆ (جنس) و ئافرەت چوو ئینجا چ بوو! من لە جیاتی ئەو خوێنەرە قسان تەواو دەکەم و دەڵێم حاجی قادر کەوتە دژی کارە ناڕەواکانی شێخ نەبی سەد ساڵ لەمەوپێش – ئینجا چ بوو! حاجی دەیان ساڵ بەر لە هەموو کوردێك بیری کوردایەتیی کرد بە فەلسەفە.. ئینجا چ بوو! حاجی بە هەموو عومری نەترسا و هەرگیز کۆڵی نەدا.. ئینجا چ بوو! بەڵام هەمان خوێنەری لە پەلە کە من لە جیاتی ئەو شتان بێ بایەخ دەکەم و پێیان دەڵێم ئینجا چ بوو، کە بیستی فلاّمورزی هاورێی خۆی حەزی لە فلاّنە کچ کردووە گوێی قوت دەبێتەوە بۆ خەبەرەکە و دەکەوێتە پرسین و تۆژینەوە لەبارەیەوە و هەر بە بیریشیدا نایێ بڵێ ئینجا چ بوو! خۆ ئەگەر کچەکە چ جۆرە پێوەندیێکی خزمایەتی وەیا ئاشنایێتی لەگەڵ خۆیدا هەبێ ئەوسا دڵدارییەکە مانایێکی تازە و تایبەتی وەردەگرێ و دەکەوێتە بارێکی ترەوە و دە جاران زیاتر بایەخ پەیدا دەکا. ئەمە دەڵێم تاکو دڵدارییەکانی حاجی نیگای خوێنەر بۆ خۆی بکێشێ و داوای لێ بکا جێگەی لە باری بۆ بدۆزێتەوە لەو سروشتەی حاجی قادردا کە شارەزاییمان پێی هەیە.

ئەم دڵدارییانە کە لە ساباڵاغ و لاجانێدا هەستی حاجی قادریان جوولاندەوە و بولبولی تەبعیان خستە چەهچەهە، دوای هاتنەوەی بۆ کۆیێ خامۆش دەبن و چیی تریان بە دوادا نایێ. لە کەس نەبیستراوە لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەی بەر لە سەفەری بۆ تورکیا کەم و زۆر خەریکی حەزلێکردن بووبێ. کە ئەمە نەبیستراب دەبێ رووی نەدابێ بۆیە نەبیستراوە، چونکە تازە باسمان لەوە دەکرد حاجی قادر دڵداریی بە تاوان نەزانیوە تا نادیاری کا و دایپۆشێ. خۆ ئەگەر دڵداری لە کات و وەزعی غەریبیدا گومانی ئەوەی لێ بکرێ نیازی مارەکردنی تێدا نەبووە و تەنها هەوەسێکی جحێلانە بووە و تەقیە و شەرمێکی بۆ دڵدارەکە پێك هێناوە، ئەو گومانە لەو دڵدارییەی حاجی ناکرێ کە لە کۆیێ دووچاری هاتبا تا بڵێین لەبەر زێدە تەقیە و شەرمکردن بە جارێ سەرپۆشی کردووە. هەڵبەت هەمان رەفتاری شەرافەتکارانەی حاجی کە لە دوو دڵدارییەکەی پێشووی بەدی دەکرێ بەزیادەوە لەو دڵداریە چاوەڕوان دەکرێ کە لە کۆیێ دووچاری هاتبا. غەیری ئەوە کە بە نیازی مارەکردن حاجی خۆ نامزەدی

پێوەندیی عیشق و سەودای ئافرەت بکا چ نیازێکی تر بە دڵ و مێشکاندا نایێ لە عیشقێك کە وا لە کۆیێ ناوی حاجیی پێوە بێ. وەزعی حاجی لە کۆیێ گەلێك ناسکترە تا جێگەیێکی تر؛ بە پێی ئەو ناسکیی وەزعەی، خۆ دوورتر دەگرێ لە هەر شتێك لۆمەییکی کۆمەلایەتیی بێنێتە سەر، بەتایبەتی کە ئەو خەریکی خۆ چەسپاندن و خۆ بەرەوپێشەوە بردن بێ. لە خوێندنی فەقێیەتی و گەشتی ماموستا گۆڕیدا کەمخەمی و بێ پەروواییەك هەیە لەچاو ژیانی دابین بوون و دامەزران، کە دەبێ ئەویش حیسابی بۆ بکرێ لە مەوزووعی دڵ بەدەستەوەدان و حەزلێکردن. ئەم جوداوازییانەی میانی وەزعی حاجی لە کاتی فەقێیەتیدا تا وەزعی کۆیەی، بۆ خۆیان تا ڕادەیێك حیسابێکی تازە دێننە بەر حاجی، بەڵام هەر ئەوان نەبوونە هۆی پەیدانەبوونی دڵداریێکی گەرم و گوڕی بەسەروسەدا لەو چەند ساڵەی مانەوەی حاجی لە کۆییدا. هۆی گرنگتر بەدەستەوەیە، گەلێکیش گرنگتر.

وەك من بۆی دەچم و پێی قانع دەبم ئەو گیروگرفت و کەین و بەینە گەورانەی کە پەیدا بوون و یەخەی حاجییان گرت لە کۆیێ دوای گەشتی خوێندنی، وایان تەنگ پێ هەڵچنی و ئۆقرەیان لێ هەڵگرت دەرفەتێکی بۆ نەمایەوە بیر بکاتەوە لە دڵداری و مااڵ پێکەوەنان. گیروگرفتەکانمان لە جێی مناسبدا باس کرد و ناشێ لێرەیان باس بکەینەوە، چەند لاپەڕەیێك بەرەو هەوراز بینەوە دێنەوە بەر چاومان. نەفسی حاجی لە خۆڕازی و بەخۆنازی و هەرگیز لە زەرفی وا نالەباردا خۆ ناهاوێتە ژێر باریێکی قورسی تازەی ژنهێنانەوە کە ببێتە سەرباری هەژارییە نەداراییە میراتییەکەی. ئەمە شتێکی مەفهووم و چاوەڕوانکراوە لە حاجی قادرەوە، بەڵام لێرەدا تێبینییەکی نوێ هەیە لەو مەوزووعی دڵداری نەکردن و ژن نەهێنانەی حاجی، سەری ڕێ بە زیهن و سرنج دەگرێ و خۆ بە ملدا دەدا و جڵەوی خامە ڕادەکێشێ بۆ باسکردنی.

ئەم تێبینییە لەوانە نییە خەریکبوونی سەراوی بە مەوزووعی حاجییەوە بیخاتە بەرچاوان، تا دڵت لەگەڵ دڵی ئەو حاجییە ئاوارەی بێ دەرەتانەی پڕ گیروگرفت و کۆسپ و تەگەرانەی دوای گەڕانەوەی بۆ کۆیێ جووت نەکەی و نەبزی ئەو تێکەڵ بە نەبزی خۆت نەکەی تارماییی تێبینییەکەش نابینی. با بڵێم لەوەش زیاترت پێ دەوێ بۆ هەستکردن بە مەوزووعی تێبینییەکە، دەبێ بە خەیاڵ بگەڕێتەوە ئەو ڕۆژگارە و خۆ بخەیتە قەپێلکی زەرف و باری ژیانی حاجییەوە، ئەگەر نەڵێم قەپێلکی نەفس و دەروونیەوە، و بە چاوی ئەو سەیری دونیا بکەیت و بەدڵی ئەو هەست بەخۆشی و ناخۆشی بکەیت.

ئەوەی من دێتە دڵمەوە، لە ئەنجامی تێوەڕامانێکی دوور و درێژ لەو زەرفە و ئەو دڵ و دەروونە و تەنگ و چەڵەمە و گرفتانە، قەناعەتێکە وەك (بدیهیە) کەوا وەتەنگ هاتنی حاجی لە وەزعی کۆیێ و تێکڕای کوردستانی ژێروو دوای کمێکی کەم لە گەڕانەوەی بۆ کۆیێ دەستی پێ کردووە و ماوەیێکی ئەوتۆ نەکەوتووەتە نێوانی هاتنەوە و سەرەتای دەست پێکردنی تەنگ و چەڵەمەکانەوە بایی ئەوە بکا مرۆڤێکی وەك حاجی بکەوێتە سەر بیرکردنەوە لە ژن هێنان و مااڵ پێکەوەنان. هەر دەڵێی یەکەم سااڵوی دوای گەڕانەوەی بۆ کۆیێ، دەردی سەر عەلەیکی داوەتەوە. خێرا دووچاربوونی حاجی بە ناکۆکی، سەرەڕای دەستکورتی و بێ گوزەرانی، هەروەك نەیهێشت دڵی بڕوا بۆ دڵداری و مااڵداری

نەشیهێشت دڵی برِوا بۆ نیشتەجێبوون. دەمەوێ بڵێم لە زووێکەوە حاجی برِیاری دا کۆیێ و کوردستان جێ بهێڵێ بۆیەیە ببرِای ببرِای لێی نەبیسترا ناوی ژن بێنێ وەیا باسی ژنهێنان بکا. وا دەزانم ئەم برِیارەی دوورکەوتنەی لە وڵات ماوەیێکی درێژ بەر لە رِۆیشتنی لەگەڵیدا ژیاوە و رووداوی یەك لە دوویەکی رۆژانە برِیارەکەی بەهێزتر کردووە تاکوو لە کۆتاییی شەرِێکی بەردەوامی نهێنی لە دەروونی حاجیدا لە میانی هێزی راکێشانی گەل و مەفتەن و هێزی پاڵ پێوەنانی ناراحەتی و چەرمەسەری، بە تەکانێکی ریشەهەڵکەن حاجی هێزی خستە گەڵ پاڵ پێوەنان و رەگی خۆی دەرکێشا لە ناخی ئەو (مەفتەنە جلوەئارایە) کە وا نە تێیدا هەڵی دەکرد و نە لە دووریی ئەویشدا توانیی بحەسێتەوە. ئەم هەڵقەنانەی دڵی حاجی، لە زووێکەوە، سەبەب بوو کە چ هەوڵێکی نەدا مااڵ پێکەوەنێ، حاجی حەماسی پەیدا نەکرد بۆ مااڵ پێکەوەنان. ئەگەر ئەم لێکدانەوەم نیشانەی پێکابێ لە زیمندا داخوازی دەکا کاتێك حاجی هاتووەتەوە کۆیێ ئاشی شێخ نەبی ماویلی لە گەرِ بووبێ، چونکی ناکۆکیی بەینیان لێی دەوەشێتەوە یارمەتیدەرێکی تێکرِای وەزعی نالەباری حاجی بێ کە خستیە سەر بیرکردنەوە لە ئاوارە بوون.

بۆ سەپاندنی ئەم رایە و بیر و باوەرِە لە زیهنکاری و لێکدانەوە بەولاوە بەڵگەی ئیسپات بەدەستەوە نییە، بەاڵم بیروڕایەکە بێ بنج نییە چونکە کە لێی وردبینەوە دەبینی ئیحتیمالێکی بەهێزە لە تەك دوو ئیحتیمالی تری بێ هێزدا.

یەکەم ئیحتیمال ئەوەیە: رێکەوت وا بوو حاجی دوای گەرِانەوەی بۆ کۆیێ و تا لێی دەرچوو نە دڵداریی کرد و نە خەریکی دامەزران بوو.

دووەم ئیحتیمال ئەوەیە: رەنگە حاجی تووشی دڵداری بووبێ و بیریشی لە دامەزران کردبێتەوە بەاڵم بە رێکەوت ئەو باس و خواسانە لە پشت پەردەی پەنهانی مانەوە، یاخود بە رێکەوت خەلقەکە نەیانکردوونە مەوزووعی وتووێژ و گوتنەوە.

سێیەم ئیحتیمال ئەوەیە کە من بۆی چووم: لەبەر گیروگرفت و هۆی تری گرنگ لە ژیانی حاجیدا ئیمکان نەبووە دڵی بۆ ئافرەت و مااڵ پێکەوەنان برِوا.

ئیحتیمالی یەکەم و دووەم لە سەر (رێکەوت) هەڵچەقیون بۆیێ من بە بێ هێزیان دادەنێم، هی سێیەم ئەوەیە کە من دەمەوێ بڵێم جێی قەناعەتی خۆمە. بەڵێ، دەشێ رووداو زادەی رێکەوت بێ بەاڵم لە سەرچاوەی ماددییەوە پەیدا بوونێ زیاتر بە دڵەوە دەنووسێ بە تایبەتی کە رووداوەکە لەگەڵ پێداویستیی زەرف بگونجێ. بە هەمەحاڵ تا ئێستا برِیاری یەکجارەکی لە بارەی ئەم رووپەرِەی ژیانی حاجییەوە لە دەست کەسدا نییە. ئەوەندەی گوێم راگرتبێ و چاوم گێرِابێ لە کەسم نەبیستووە و چ نووسینم نەدیتووە خۆ لەو الیەنە بگەیەنێ و دوو قسەی تێدا بکا، کە حاڵ وا بێ دیارە چ سەر و سۆراغ الی کەس پەیدا نابێ. خوێنەریش وەك من ئاگاداری زەرفی ژیانی (حاجی)یە لەو قۆناغەدا، هەر کامێك لەوان ئیحتیمالانەی بە دڵ بوو یاخود ئیحتیمالێکی چوارەمی پەسەند کرد کە بە بیری منداا نەهاتبێ دەتوانێ ئەویان بکا بە دڵخوازی خۆی. کە بەڵگەی تازەشی چەنگ کەوت بۆ تەرجیحی رایەکی تر دیسانەوە مەودای رەئی

گۆڕکێی لە پێشە. مەبەس لێرەدا ڕەواندنەوەی تاریکییە لە دەوری حاجی قادر، کە تاریکییەکە ڕەوییەوە ڕاستی هەرچی دەبێ بابێ. من بۆ خۆم لایەنگیری چ بیر و ڕایەك ناکەم ئەگەر بەڵگەی مادی وەیا زیهنی لەسەریان نەکاتەوە. هەوڵ و تەقەڵڵام لەوەوە دێ حەز دەکەم حاجی بناسم وەك مرۆڤێك کە لە واقیعدا ژیاوە نەك فکرەیێکی ڕووت کە نووسین خەلقی بکا. حاجی مرۆڤ بووە، وەك من و تۆ حەزی بە خۆشی دەکرد ئەگەر بۆی لوابا. هەڵبەت نەیدەویست بێ بەهرە بێ لە کامرانی و حەسانەوە، کە ئەمەی بۆ نەلوابێ دەبێ لەبەر هۆی ئەوتۆ بووبێ لە حەزکردن و خواهشتی خۆی بەهێزتر.

قسە لە مەوزووعی دڵداری بەوەندە نابرێتەوە، جارێ تەواوێکی بەبەرەوە ماوە. وەك دوای نەختێکی تر ڕوون دەبێتەوە باسی دڵداری دەکێشێتەوە سەر لێدوان لە هەندێ لایەنی گرنگ هەم لە سروشتی حاجی و هەم لە ڕەوتی بەرەو گەیشتنی بە کوردایەتی. دڵداری وەك ئاوێنەییێکی هەمیشەیی لەسەر ڕێبازی ئادەمی، دەڕوونی حاجیمان بۆ عەکس دەکاتەوە، بەڵام با جارێ پاکانەییێك بکەین بۆ عیشق و دڵداری لە عاست ئەو توهمە و توانجانەی کە هەندێ مرۆڤی دڵ وشك، بێڕەحمانە، دەیکەن بە تیری تەعنە و تێی دەگرن. با ئەوە ساغ کەینەوە کە عیشقی میانی نێر و مێ نەك نەنگ نییە و بەس بەڵکوو شیرازەهۆنی کاڵای کۆمەڵایەتییە. دەبێ هەڵوەستێك بکەین تا تۆزێ بەدناوی لە دامەنی دڵداری بتەکێنینەوە ئەوسا بکەوینەوە سەر ڕێبازی عەودالبوونمان بە دوا دەنگ و باسی حاجی لە جیهانی دڵداریدا. خۆشویستن گەلێ جۆری هەیە، هەندێ زۆرە ڕەنگە نەژمێردرێ. بەڵام ئەو جۆرانەی هەکەونە سەر زمان و دێنە ناو نووسینەوە و خەلق پێیانەوە خەریکە و دەمەتەقەیان لەسەر هەڵدەستێنن چەند جۆرێکی ناسراو و گرنگن وەك: خۆشویستنی ئاین و مەزهەب و فەلسەفە و نیشتمان و هونەر و سروشت و باوك و دایك و براو کەس و برادەر و بەدوا هەموواندا و لە پێش هەمووانداوە خۆشویستنی میانی دوو جنسەکەی نێر و مێ. بێگومان ئەم خۆشویستنانە هەموویان کاریگەر و بایەخدارن و زۆر جاران دەبنە هۆی خۆبەختکردن و خۆ بەکوشتدانیش. ئەمە ڕاستییێکە سەرپێچیێ تێدا ناکرێ و بە چاوی خۆمان دیتوومانە و دەیبینین، ڕەنگە وا بووبێ بە جۆرێکی سەرشێوێن و نامەفهووم جانفیدایی کرابێ بۆ ئەو خۆشویستنانە. زۆر جاران لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی کۆن و نوێ دەبیەین فلانەکەس لە کەللەیان دا و وازی لە باوەڕی خۆی نەهێنا وەیا وشەییێکی نهێنیی نەدرکاند دوشمنی باوەڕەکە سوودی لێ وەرگرێ، وەیا خۆی بە قوربانی پێشەواکەی کرد وەیا لە تۆڵەی قسەییێکی بێ حورمەت یەکێکی کوشت و خۆشی تێدا چوو. کە دەڵێم (نامەفهووم) لەبەر ئەوەم نییە لە بنەڕەتدا مەوزووعەکە خۆبەختکردن ناهێنێ بەڵکو بۆیەیە کە ئەغڵەب یەکێك خۆ بە قوربانی ئامانجێك دەکا ئامانجەکەی لە نەزەر غەیری خۆیدا خۆبەقوربان کردن ناهێنێ و هەر هەمان کەس لە ئامانجی گەورەتر بێ خەبەرە و بێ پەروایە و گوێشی ناداتێ. بە میسال دەڵێم لەوانەیە مریدێك خۆی بە قوربانی شێخەکەی بکا بەڵام گیسکێك بە قوربانی وڵاتەکەی نەکا.

پوختەی قسە ئەوەیە خۆشویستن گەلێ جۆری هەیە و هەریەکەیان بەرە و تاقمی ئەوتۆی هەیە کە پەیڕەوی دەکەن. بەڵام بە وردبوونەوە دەردەکەوێ تێکڕایان لە سەرەتاوە دەبنە دوو بەشی لەیەکدی

جودا. بەشێکیان ئەوەیە لە خۆوە پەیدا دەبێ لە ویژدان و دەروونی مرۆڤدا، چ پێویستی نییە بە مامۆستا و رابەر وەک خۆشویستنی منداڵ و باوک و دایک و نێر و مێ. بەشی دووەمیشیان ئەوەیە ئەگەر بە فێرکردن و دەرسدان نەبێ زگماک لە دڵی مرۆڤدا هەڵناقوڵن وەک خۆشویستنی سروشت و مەزهەب و هونەر و فەلسەفە و یاری.. هتاد.

زۆر جاران مرۆڤ خۆ بە قوربانی شتی وەها دەکا ئەگەر بە هاندان و مێشک پڕکردنی ساڵەهای ساڵ نەبێ مریشکێکی لە پێناو نادات، نەخێر لەوانەیە رقیشی لێ بووبایەوە ئەگەر مامۆستا دەرسی نەدابا بەڵام خۆشویستنی کوڕ و نەوە چ مامۆستای ناوێ. قسەیێکی یەکجار سافیلکە و ناپوختە و ناپەسەند هەیە دەڵێ خۆشویستنی دایک و باوک بۆ منداڵیان بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی سەر بە چینایەتییەوەیە نەک هی سروشت. وابووە بیستوومە و خوێندووومەتەوە گۆیا بە نیازی سوود وەرگرتن لە دواڕۆژدا، دایک و باوک منداڵیان بەخێودەکەن، تەنانەت هەندێ لەو نووسینانە دەڵێن پەروەردە بوون لە سێبەری رێژیمی بۆرجوازی و لە نێو کۆمەڵی خاوەنی چینی جودا جودا وا دەکا باوک و دایک بە تایبەتی منداڵەکانی خۆیان خۆش بوێت و فەرق و جوداوازی بکەن لە میانی منداڵی خۆیان و خەلقی تر. ئەم تەرزە گوتانە تاکە پیتێکی راستیان تێدا نییە و خەڵەت و پەڵەتی ڕووت و ڕەجاڵن. بەسە بۆ دیارخستنی هەڵەبوونیان کە بڵێین ئەگەر پەروەردەبوونی (بۆرجوازی) مرۆڤ فێر بکا بە خۆشویستنی منداڵی خۆی ئاخۆ چ بۆرجوازیێك و ئیمپریالیستێك مریشکی فێر کردووە خۆ بە قوربانی جووجەڵەی بکا، وەیا چوێلەکە لە تاوی بەچکەکانی خۆ باویتە زاری مارەوە. گوتەی ئەوتوێی نەك هەر بەرهەمی سادەیی و سەراوبوونی فکریە و بەس، کە لێی وردبینەوە دەبینی لە خۆوە بێ تەدەخولی من و تۆ سەرەوبن دەبی و باییی تروکەی چاو خۆ بەسەر پێیانەوە ڕاناگرێ. کە گوترا دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکانیان بە فێڵ و فڕن و بە تەمای چەوساندنەوەی دواڕۆژ بەخێویان دەکەن ئیتر هەرچی باوەڕ هەیە لای مرۆڤ بە هیچ شتێك نامێنێ لە بنەڕەتا بەسەر خۆیدا دەتەپێ و وێران دەبێ، چونکە کە سەلماندمان دایک بە فێڵ بێ لەگەڵ منداڵەکەی بۆ دەبێ ڕابەری سیاسی و سەرۆکی حیزب وەیا دەوڵەت راست کەن لەگەڵ خەلق.. باوک درۆزن بێ و نەقابە راست کا، ئەفسانەییکە گاڵتە دەکا بە هەرچی مرۆڤایەتی و هۆش و مەنتیق هەیە... باوک و دایک کە سۆزیان بۆ منداڵەکانیان جێی گومان لێکردن و تاوانبارکردن بێ، ئەو کەسەی قسەی وامان فێر دەکا دەبێ چەند جاران فێڵی لێ کردبین و چ مۆرفینێکی خستبێتە مێشکمانەوە بەوان قسانەی. ناشێ و ناکرێ ورێنەی وەها بچێتە عەقڵی کەسەوە ئەگەر مۆرفینی لەگەڵدا نەبێ. مرۆڤ کە باوەڕی بە سۆز و تاسەی دایکی خۆی نەما کام زرە هەقی دەمێنێ باوەڕ بە قسەی خەلقی تر بکا و گوێ شل کا بۆ مامۆستا و رابەر و فەیلەسووف! وابزانم ئەمە (بدیهیە)یە و لەسەر ڕۆیشتنی ناوێ.

قسەی من لێرەدا لەگەڵ چۆنیەتی و جۆری پەیدابوونی ئەو خۆشویستنانەیە کە هەندێکیان لە خۆوە دەرسکێن و هەندێکیشیان بە فێرکردن دەڕوێن. کە کەوتینە سەر باری دەرسدان و بە ئومێدکردن و ترساندن ئەوسا هەرچی بە خەیاڵدا دێت و نایەت لە پێچەوانەی یاسای سروشتی و خۆڕسك دەشێ پەیدا ببێ و سروشت و یاساکانی بپێچێتەوە. تۆ خەریکی یەکێك بیت بۆ ماوەی ساڵەهای ساڵ لە ڕێی

هاوڕێ لێکدەی کێبڕکێ

راهێنان و ترساندن و ئومێد پێدانەوە فرچکی هۆش و هەستی پێ بگریت، دەتوانی بیخەیتە سەر رق لێبوونەوە لە هەرچی چاکە و پاکە و خۆشەویستە، یاخود بیکەیتە بوتپەرست بۆ هەرچی بەد و وێرانکەر و دزێوە. رەنگە بە دەرسدان دایك منداڵی خۆی بکوژێ وەیا دیندار کافر بێ وەیا قارەمانێکی باوەڕ و فەلسەفە بگۆڕێ بە خائین.

لێرە ئێمە قسە لە سەرچاوەی ئەسڵی خۆشویستن دەکەین، لەو قوڵپ و بڵقەیە دەدوێین کە لە بنی کانییەوە هەڵدەقوڵێ نەك لەو ئاوەی بە جۆگەلەدا هاتووە و خڵتەی بێگانەی تێکەڵ بووە. دەوجا کە حاڵ وابێ هەندی بەدیهیە ئاشکرایە خۆشویستن هەیە فیتری و خۆشویستن هەیە بەرهەمی فێرکردن و دەرسدان و راهێنان.

خۆشویستنی زگماك و فیتریش هەموویان لە یەك هێزدا نین، هێندەی دایك و باوك منداڵی خۆیان خۆش دەوێ منداڵ دایك و باوکیان خۆش ناوێ. بەر لە ١٣٠٠ ساڵ لە پێغەمبەر (ص) پرسرا هۆی ئەم جوداوازییە چییە لە میانی خۆشویستنی دایك و باوك بۆ منداڵ و هی منداڵ بۆ دایك و باوك؟ لە وەرامدا فەرمووی (لأنهم منا و لسنا منهم) واتە چونکە ئەوان لە ئێمەن و ئێمە لەوان نین. هەڵبەت مرۆڤ پارچەیێکی جەرگ و دڵی خۆی خۆش دەوێ، کە منداڵەکەیتی، پتر لە دایك و باوکێك کە ئەو پارچە جەرگ و دڵە نین.

حیکایەت بەوەندەش تەواو نابێ، تایبەتییەك هەیە لە خۆشویستنی میانی (نێر و مێ)دا دەیکا بە زاهیرەیێکی تاقانە کە لە هەموو جۆرەکانی تری خۆشویستن جودای دەکاتەوە، وەك بڵێسەی کارەبا کە وا لە بەیەکترگەیشتنی دوو هێزی (سالب و موجب) پەیدا دەبێ، وەیا ئاو لە تفاعلی ئۆکسجین و هایدرۆجین پێ کدێ، مەیلی نێوانی دوو جینسی (نێر و مێ)ش دوو گیانلەبەران ئەوەندە لە یەکتر نێزیك دەکاتەوە هەر دەڵێی بە (تفاعلی کیمیایی) گەیشتوونەتە یەکتر و تێکەڵ بوون. نێر و مێ کە دەگەن بە یەکتر دەبن بە دوو (مصرع)ی یەك بەیت.. دوو رووی یەك سکە.. یەکیان ئەوی تر تەواو دەکات و نوقسانی دەبڕێ و بە هەردوویان (وحدە)یێکی تەواو پێك دێت. ئەم یەکیەتییە بەهێزەی کە خۆشویستنی نێوانی نێر و مێ پێکی دێنێت، لە جیهانی گیانلەبەراندا وێنەی نییە، کە لەوێدا وێنەی نەبوو دیارە لە هەموو جیهاندا بێ وێنەیە. زۆرینەی جۆرە خۆشویستنەکان (یەك لایی)یە: تۆ نیشتمانت خۆشدەوێ نیشتمان ئاگای لە تۆ نییە.. هونەرت خۆش دەوێ، هونەر ئاگای لە تۆ بێ خەبەرە.. مەزهەب و فەلسەفە و سروشت و گوڵ و پەپوولە دەپەرستیت، ئەمان کەڕ و لاڵن هەستیشت پێ ناکەن.. ئەدەب و فۆلکلۆر و یاری و نازانم چی لێت دەبن بە ماخوولیا، ئەوا بۆ خۆت لەسەر تاکە تەلی ئارەزووی دڵ و دەروونی خۆت ئاهەنگسازی دەکەیت.. تا رادەیێك خۆشویستنی میانی کوڕ و باوك و دایك و خزم و برادەر، واتە ئادەمیزاد بە گشتی، بەرامبەری و دوولاییێکی تێدایە بەڵام هیچ کامێکیان ناگاتە پلەی (تفاعل) و یەکتر تەواوکردن. ئەم راستییەی (بێمانەندی)مەیلی میانی نێر و مێ کە یەکێکە لە راستییە زلەکانی جیهان شتێکی تا بڵێی سروشتی و ئاساییە چونکە پێوەندییێك ژیان دروست بکات و نەسل پێك بێنێت و بەردەوامی کات لێی دەوەشێتەوە تا ئەو رادەیە بێ وێنە بێت: لەمە کەمتر دەست نادا بۆ بەردەوامبوونی

(نوع). بۆیەیە دەبینی ئەوەندەی مرۆڤ بێ رابەر و مامۆستا و ترس و تەماع لە خۆوە خەریکی خۆشویستن و گۆرانیی دڵدارانە و سەرگوزەشتی عیشق بووە و دەوری باس و خواسی عاتیفی هەڵاتووە، لەگەڵ هیچ مەوزووعێکی تردا هێندە خەریك نەبووە. تۆ سەیر کە سەپان دروێنە دەکا وەیا شوان مەڕ دەلەوەڕێنێ وەیا کاروانچی بەدوا وڵاغەکانیەوە ڕێگە و بان دەبڕێ هەموو هەر خەریکن گۆرانی بۆ لەش و لاری خونچە و خەزاڵ دەڵێن و تاسە و ئارەزۆ بە یادی قەد و باڵا و ئاڵ و والای بەسێ و ئەستی هەڵدەڕێژن بە دەگمەن و تێ هەڵنەگووتن نەبێ ناوی ئەو کەسە نابەن لە گۆرانییەکاندا کە گوزەرانی پێ دەکەن. سەپانێکم نەبیستوە بڵێ وەی لەبەر ئەو گوڵە گەنمە جوانە دەڵێی گوڵەباغە و نانی وەك قەنەوزە. کرێکارێکت نەدیوە لەکاتی قورکاریدا بەستە بچڕێ و بڵێ بێڵەکەم ڕێکوپێکە و هەرجارە ١٠ کیلۆ قورێ پێ هەڵدەدەمەوە. تا نەقابە وەیا حیزب وەیا لایەنێکی سیاسی وەیا ئایینی وەیا هونەری بە دەرس و ڕاهێنان فێری گۆرانی و هەڵبەستی نیشتمانپەروەری و چینپەروەری و دینپەروەرییان نەکا نە عەمەلە نە سەپان نە شوان نە کاسب نە قوتابی نە سەرباز نەقوماربار نە کۆتربار هیچیان لە خۆوە گۆرانی بۆ هۆی ژیان و پێوە خەریکبوونیان نالێن و تێکڕایان هەر دەگەڕێتەوە بۆ بەژن و بالای بسك سوور و چاو کاڵ. وەنییە ئەم وەزعەی خەریکبوونی مرۆڤ بە عاتیفەوە سیحر و ئەفسوونی فێڵباز و دوشمنی گەل پەیدای کردبێ وەیا ئەفیوون بێ لە لایەن زۆردار و دەرەبەگ و بۆرجوازی و داگیرکەرەوە خرابێتە مێشکی خەلقەوە بۆ کزکردنەوەی خەبات و گیانی شۆڕشگێڕانەیان. قسەی وەها کە دەکرێ و دەگوترێ بۆ تەعلیلی پەرەسەندنی گۆرانی و هەڵبەست و حیکایەتی عاتیفی فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە؛ ئەو کەسانەی زۆردار و فێڵبازان لە غەیبەوە دێنن و دەیانکەن بە مامۆستای دەرسدەری گۆرانیی عاتیفی، لە حەقیقەتدا بە هۆی تەسکی نیگای خۆیان و کورتهێنانی ئەو (نظریە)ی کە باوەڕیان پێی هەیە لە عاست سازاندن و دروستاندنی (تأویل و تبریر) واقیع و ڕووداودا، ناچار دەبن بکەونە سەر ڕێبازی ئەو تەعلیلە هەڵبەستراوانە بۆ ئەوە، بە پێی تێگەیشتنی خۆیان، (نظریە)کەیان بەسەر پردی هەڵبەستراودا بپەڕێننەوە لە خنکان و بە درۆخرانەوە. ئەو تەرزە نیگا تەسکانە کە دەبینین ستەم لێکراوێکی وەك عەمەلە و جووتیار لە کاتی ئیشکردن و ڕەنجبردندا غەمی خۆی بە یادی لەش و لارێکی شلك و ناسك دەڕەوێنێتەوە نەك بە ڕق هەڵگرتن بە هۆی ژیانی، ئا ئەم نیگا تەسکە هەندەی تر نیگای لێڵ دەبێ و دونیای لێ وەتەنگ دێت و هیچ چاران شك نابا بۆ ڕزگارکردنی بیر و باوەڕی خۆی لەوە بەولاوە کە شەیتان و دەجاڵ و فێڵبازان پێکەوەنێ و بیانکاتە مامۆستای دەرسدەری عەمەلە و جووتیار کە خەم و خەباتی خۆیان لەبیر دەبەنەوە و بە مۆرفینی لەش و لار و گوێی بەگوار لە ڕاستە شەقامی خەباتی چینایەتی وەیا قەومایەتی وەیا هەر (...یەتی)یێکی تر بێ لایان دەدەن[٣٣]. لەم میسالانەمدا مەبەسم ئەوە نییە لەسەر زۆردار و ستەمکار بکەمەوە (لەعنەتی خوا و مێژوو لە ستەمکار بێ هەتا هەتایێ)، بۆ خۆشت لەم ڕاستییە دەگەیت، هەر ئەوەندەم مەبەسە لەم سەردەمەی ڕۆشنبیری و زانست و ئاسمانگەردی

(٣٣) من بە چاوی خۆم دیومە نووسەرێکی ئەوتۆیی شیعرێکی نوێی سی ساڵەی هێناوە بە بەڵگەی بوونی گیانی چینپەروەری لای وەرزێری کورد لەوەتەی کورد هەیە.

و ئاتۆم و هونەر و تەکنیکەدا نەیەین و بە خۆڕایی ستەم لە (عاطفە) بکەین و بێ ئینسافانە ناوی بزڕێنین.. ستەمکار هێند تاوانبارە لەو مەیدانانەی ستەمیان تێدا دەکا چ پێویست بەوە نییە ئێمە بۆ تاوانبارکردنی ئەو، عاتیفە و هەست و سۆزی زۆر پیرۆزی مرۆڤ تاوانبار بکەین، واتە خۆمان و شریتەی باوک و باپیرانمان بدەینە بەر سەرە شیر و تیری توهمە و تێگرتنی عاتیفە و سۆزیان. کاکە ئەگەر لە فەرزی موستەحیل ستەمکار لە پێکهێنانی ئەم عاتیفەیە دەستێکیشی هەبێ، کە نییەتی، سوود لەوەدایە لەم فەقەرەیە لێی بێدەنگ بین و نەوەک شیرینترین و پاکترین و پیرۆزترینی رووپەڕەکانی مێژووی ئادەمیزاد درزێو کەین.

سەیرکردنێکی بێ تەرەفانە و ئازایانە نیشانمان دەدا سروشت هێندە کەرەستەی بەرهەم هێناوە بۆ دڵداری و هێندەش لەزەتی تێ خستووە، بە هیچ کەسێك و لایەنێك و حکومەتێك و شەیتانێك و جادوویێك ناکرێ بۆ مەبەسی رێ لێگۆڕین و دامرکاندنەوەی گیانی خەبات و سەدیێکی ئەو لەزەتە رێك خات و خەلقی پێ بفریوێنێ و خەریکی دڵدارییان بکات. هەر وەك تێنووەتی و برسییەتی لە خۆوە و بێ مامۆستا خەلق دەبا بەرەو خواردنەوە و خواردن، هەروەهاش جۆشی دڵداری پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت و بەرەو کەرتە هاوبەشەکەی ژیانیەوە دەیبا. جازیبەی دڵداری هێند بەهێزە نەك هەر پێی ناوێ مامۆستا خەلقی بۆ راکێشێ، بەڵکو بە درێژاییی مێژوو ئاین و فەلسەفە و ئەخلاق و دەسەڵاتی جیهانی هەموویان یاسا و سزا و پەند و مەتەڵیان داناوە تا لەناویێك بخەنە زاری ئارەزۆی فیتریی زۆر بەهێزی (جینس ویستی)یەوە و لە ناو پەڕاوێزی بەرژەوەندی گۆمەڵایەتیدا دابینی کەن.

بەڕاستی هەرچی فۆلکلۆر هەیە نەك هەر گۆرانی و هەڵبەست و سەرگوزەشتە، کە بە شێوەیێکی خۆڕسك لە دەروونی میللەتدا زاوەتەوە و بێ مامۆستا و رابەر کەوتووەتە سەر زار و زمانان و باوی سەندووە، لەگەڵ ساکاری و (عفویە)ی رووداو و تەجرەبەی رۆژانەی خەلق دەگونجێ و رێك دێ صەد جاران زیاتر لەوەی لەگەڵ گرێ و گاڵی فەلسەفە و (نظریە)ی نادەی لێکدانەوە و بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی (دوو بەختی – یا راستە یا درۆ) رێك بێ و بگونجێ. هیچ سەیر نییە سەپانێك دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر گۆرانیی دڵداری گوتبێ هەر وەك سەپانی ئیمرۆ دەیڵێ، بەڵام زۆر سەیرە و ناشچێتە عەقڵەوە ئەو سەپانە گۆرانیی نیشتمانپەروەری وەیا چینپەروەریی گوتبێ. بە فەند و فێڵێکی وشەسازیی سەرشێوێن نەبێ نالوێ گیانی نیشتمانپەروەری وەیا چینپەروەری بخرێتە ناو گۆرانیی سەپانێکی مەیدایی وەیا ئاشووری وەیا فیرعەونییەوە. ئەگەر پێویستیی بەرژەوەندی خەبات و ئامانجی کۆمەڵایەتی ناچارمان نەکا فێڵ لە خۆمان بکەین، هێندەی جریوەی چوێلەکە و حیلەی ئەسپ و قاسپەی کەو ئاشکرایە کەوا لەوەتەی ئادەمیزاد توانیویەتی گۆرانی بڵێ، لە پێش هەموو مەبەسێکدا، زۆربەی بۆ مەبەسی دڵ و عاتیفەی دڵداری گۆرانی گوتووە، تەنانەت دەتوانین لێرەدا شتێکیش بخەینەوە سەر قسەکانمان کە یارمەتیمان دەدا بۆ زێدە روونکردنەوەی بابەت. ئەو گۆرانی و هەڵبەستی بۆ غەیب و ئامانجی ئاینی دانراوە لە بنەڕەتدا یا لەبەر ترس یا تەماێیکی دواڕۆژی پاش مردن بووە نەك لە خۆشویستنێکی سادە و بێ تەئویلەوە. تاك تاکە مرۆڤی خواناس گەیشتوون بە پایەی (فناء في اللّه) و

تەقوا و پەرستنیان بۆ خودی باوەڕ (ایمان) بووە، لەو تاکانە بەولاوە زوربەی خواناسان لە ترسی عەزاب و بە ئومێدی بەهەشت خوایان پەرستووە و ستایشیان کردووە. خۆ منیش ئەمە نەڵێم ئاینە ئاسمانییەکان لە خۆیانەوە ترس و ئومێدیان کردووە بە مزەی تەقوا و لە کەسیان داوا نەکردووە بێ پاداش پەیڕەوی یاساکانیان بکەن. پێی ناوێ من نموونە بێنمەوە لە کتێبە ئاسمانییەکان، بۆخۆت بیانخوێنەوە و پەندیان لێ وەرگرە.

ئەمانەی لێرەدا بۆت باس دەکەم، بەڵای خۆمەوە، راستیی بێ فێڵ و بێ سازاندن (تأویل)ە دەشزانم هەر بەرەیە و تاقمەی کە بە باوەڕێکی تایبەتی خۆیەوە خەریکە و ناتوانێ رەها بێ لە (تعصب) حەز دەکا و دەکۆشێ ئیسپاتی ئەوە بکا کە وا بابەتەکەی خۆی بزوێنەری جیهانە و هەموو هێزێکی بەرچاو و نادیار خزمەتکاری ئەو بابەتەیە و شتێك نییە لە سروشتدا، بە جۆرێکی سەربەخۆ و دوور لە پەڕاوێزی تین و تاوی باوەڕەکەی ئەو کارێکی تایبەتی بکا. من دەزانم و تۆش دەزانی هەر کەسێك تەعەسوبێکی هەبێ بۆ باوەڕێکی تایبەتی، بە درێژاییی بەردەوامبوونی ئەو تەعەسوبەی، خەریك دەبێ بەڵگەی راست و ساختە کەڵەکە بکاتە سەر یەکتر بۆ سەپاندنی باوەڕەکەی خۆی، کە تووشی بەڵگەیێکی ئەوتۆش هات ریسەکەی لێ بکاتەوە خوری یا چاوی لێ دەنووقێنێ و پشتگوێی دەخا یا هەر بە جارێ ئینکاری دەکا. خۆ ئەگەر دەسەڵاتی دونیاییی لە دەستدابێ ئەوسا بەوەندە دابین نابێ بەڵکو باوەڕهێنان بەو بەڵگەیە دەکا بە کفر وەیا خیانەت وەیا گومراهی و دەبەنگی، بەو پێیەش سزای بۆ دادەنێ. ئەمانە واقیعی بەچاو و دیتراون، تا کاتێکی درێژیش لێرە بەدواوە هەروا دەبێ. لە هەموو ئاسۆی سیاسەت و فەلسەفە و باوەڕەوە تروسکەیێك دیار نییە موژدەی نەمانی (تعصب) راگەیەنێ. لەگەڵ ئەمەشدا راستی هەر راستییە ئەگەر هەموو رۆژێك بە کوتەك دە جاران وڕد و خاشیش بکرێ. حیکایەتەکەی گالیلیۆم بە بیر دێتەوە کە دادگای کەنیشتە ناچاری کرد خۆ بەدرۆ بخاتەوە لەوەدا گوتبووی زەوی بە دەوری رۆژدا دەخولێتەوە، کە گالیلیۆ لە دادگا دەرچوو لەبەر خۆیەوە گوتی (لەگەڵ ئەمەشدا هەر دەخولێتەوە..). هەویری ئەم باسە زۆر ئاو دەخوازێ با لێرەوە لێی ببڕمەوە.

کەواتە دووچاربوونی حاجی قادر یا هەر مرۆڤێکی تر بە گرێ و گاڵی دڵداری جێی سەرسوڕمان نییە و نابێ لێی بەکەم بگیرێ. بەڵای رای منەوە نەبزووتنی هەستی سروشتی (خۆشویستن) لە مرۆڤدا کەلەبەرێك دەخاتە نەفسی ئەو مرۆڤەوە رەنگە هەرگیز پڕ نەبێتەوە، واش دەبێ نەخۆشیی نەفسیی درندەی ئەوتۆ لە دەروونی ئەم و ئەودا پەیدا دەکا کە دەیانکاتە ناحەزی خێر و خۆشی. دەشێ نەڕوانی تۆی (خۆشویستن) لە دڵێکدا سەر بکێشێتەوە بۆ پەیدابوونی نەخۆشیی (سادیزم) لەو دڵەدا لە ڕێی (گرێی ناکامی – عقدة الحرمان)ەوە. با من لێرەدا خۆ نەکەم بە پزیشکی سایکۆلۆجی و ناوی نەخۆشییان هەڵدەم و هەڵەیان تێدا بکەم، هەر لەو پەڕاوێزە فراوانەی زانیاریی گشتی (معلومات عامە)دا بخولێمەوە کە خوێنەریش وەك من تێیدا بەڵەدە. لەم پەڕاوێزەدا بێ ترس و گومان دەڵێم بەکەم گرتنی خۆشویستن و جینس کرداریکی ناسازە چونکە سەر دەکێشێتەوە بۆ درێوکردنی سەرچاوەی بوون و مانەوەی (نوع). خواهی و نەخواهیی ئەو کەسانەی جینس بەکەم دەگرن پشتگیری دەکەن لەبەرهەمهێنانی منداڵ بە

هەولێر کتێبخانەی گشتی

هۆی مەکینە لەو رووەوە کە مەکینە هەستی خۆشویستن و جینس ناکات.

بەڵێ بێگومان دڵداری سەرچاوەکەی پاك و پیرۆزە ئەگەر بە کردەوەی بەد لێڵ نەکرێ. بەڵام لەگەڵ ئەم راستییانەدا دەبێ ئەوە بزانین کە وا هەرچەند ئەم عاتیفەیەی خۆشویستن رواڵەتێکی سروشتی و ئاساییش بێ لە تێکڕای ئادەمیزاددا، دیسانەوە رادەی هێز و تەئسیری لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر تا بڵێی جوداواز دەبێ. خۆشویستنیش وەکو هەموو عاتیفەیێکی تر، لە رووی قوواڵی و تەوژمەوە، چەندین پلەی خوار و ژووری هەیە. با نەشزانین هۆی ئەم جوداوازییە چییە، بە چاوی خۆمان دەبینین هەندێ جار مرۆڤ تووشی سەودای دڵدارییێکی وەها دێت بەرەو شێتبوونی دەبا و ئۆقرەی لێ هەڵدەگرێ و جڵەوی ئیختیاری لە دەست دەردێنێ و ناوی دەزرێنێ و ئەوەی پێ دەکا (با بە دەواری شڕی نەکردبێ)، کەچی لای هەندێ کەسی تر ئەم عاتیفەیە ناگا بەم پلە و لە رادەی عادەتیی تێ ناپەڕێنێ. هەردوو جۆری دڵداری، بە هێز و بێ هێز و جۆری مام ناوەنجیشی دیتراون و بیستراون. ئەمە راستییێکە پێویستی بە گوتنەوە و دووبارەکردنەوە نییە. وەك ئەم راستییە، دڵداریی حاجی ئەویش راستییێکە دەمەتەقە هەڵناگرێ.

بەڵام!

دەمێنێتەوە راستییێکی سێیەم ساغ کەینەوە:

ئاخۆ عیشقی حاجی قادر چۆن عیشقێك بووە؟

تۆ بڵێی لەوانە بووبێ مێشکۆڵەی نێو ئێسکی سووتاندبێ و شەونخوونیی پێ کردبێ و شەکیبابی پێ نەهێشتبێ؟

بۆ گەیشتن بە قەناعەت و دڵنیایی لەم لایەنە گرنگەی دەروون و نەفس و عاتیفەی حاجی قادر ئەوەندەی لە توانامدا بووبێ زیهنکاری و لێکدانەوەم کردووە، گوێم گرتووەتە تەواتور، وردە هەواڵ و گوتەی ئێرە و ئەوێم قۆستووەتەوە، سرنجم داوەتە شیعرەکانی و بە شیعری بوێژی ترم گرتوون کە عیشقی ئاگرین لە ژیانیدا هەبووە. لەوەش زیاترم کردووە، هەروەك دوای کەمێکی تر بۆت باس دەکەم زنجیرە و سەرەنجامی ژیانی حاجی قادرم کردووە بە حەکەم بۆ بڕیاردان لە بارەی بوون و نەبوونی عیشقی قووڵ و بڵێسەدار لە دڵی حاجیدا.

لە کۆتاییی هەموو لێکدانەوەیێکی زیهنی و راگەیاندنی دەنگ و باس و ئەتواری حاجی و واتای غەزەلەکانی گەیشتمە ئەم باوەڕە کە وا حاجی قادر لە دڵداریدا زۆر قووڵ نەڕۆییوە.

تا من ئاگاداری ئەحواڵی حاجی بم لە ڕێی بیستن و تەواتورەوە، جگە لەو کچە سابڵاغییە کە دەگێڕنەوە حاجی خۆشی ویستووە و جگە لە گوڵێی لاجان کەوا حاجی بەپەلە مەیل و ئیعجابی خۆی بۆ دەربڕیوە نە بیستراوە دڵی حاجی بۆ کچێکی تر چووبێ، لە هەموو کوردستاندا.

بە نیسبەت کچە سابڵاغییەکەوە لەوە دڵنیاین ئەگەر گوتەی دەماودەم نەبا چ سەرچاوەیێکی ترمان چنگ نەدەکەوت لە شیعری حاجی وەیا نووسینی خەلقی تر ئیشارەیێکی تێدا بێ بۆی. غەزەلەکانی

حـاجـی نـه بـه سەراحـەت نـه بـه هـێمـا و وشه تـێك هـەڵـكـێشان نـاوێك بـەدەستـەوه نـادەن و ئـیشاره بـۆ رووداوێكی تایبـەتی ناكەن بیرمـان بۆلای كچێكی سابلاغی بگێڕێتەوه. كه سەراحـەت هـەبێ هـەر ئەوەیه بۆ (گوڵێ)ی بەكار هێناوه.

ئەم دوو خۆشویستنه ئەگەر كاریگەر و خولیایی بان وەك دڵداریی شاعیرانی تر كه بووه به داستان بەسەر زمانی خەڵقەوه و له ناو دیوانەكانیشدا نموونەیان هەیه، دەبوا له رووپەڕەی ژیانی (حاجی)دا پانایییێكی پتر بگرنەوه و شەقڵی خۆشیان له شیعر و ناوەڕۆكی ئەدەبی (حاجی)دا ئاشكراتر بكەن.

كەواته، بەوڵای ئەو دوو دڵداریيەوه، گوتەی دەماودەم و بەڵگەی نووسراو له خامۆشی نەبێ چ شایەدییان بەدەستەوه نییه و ئەو شایەدییه نەبێ كه خامۆشی بۆ خۆی دەڵاڵەتی (نەبوون) رادەگەیەنێ نەك (هەبوون).

كه بەڵگەی ئاشكرا و قسەكەر چنگ نەكەوێ با بزانین بەڵگەی نهێنی و هێمایی له گیانی غەزەڵەكانی حاجی پەنجه بۆ چ جۆره خۆشویستنێك درێژ دەكەن!

وەرگرتنی دەڵاڵەت له واتای غەزەل بۆ ساغكردنەوەی بوون و نەبوونی عیشقی سووتێنەر كارێكه زیهن و زەوق دەیكا. له واتای شیعردا بارستی مادی نییه تاكوو بتوانین بیكەین به بەڵگەی مادی و كۆتایی به دەمەتەقه بێنین. زیهن و زەوقیش بۆ خۆیان (اعتباری)ن، بەر لەوه بتوانن دەمەتەقه هەڵگرن لەسەر بابەت لەوانەیه ببنه هۆی دەمەتەقه. زیهن و زەوق چین تا ببنه (قاضی) و بڕیار بدەن له موناقەشەدا! كێ دەڵێ زیهن و زەوقی بارام موقەڵاشتره له هی ئازاد تا ئەو ببێ به حەكەم؟ ئەوەی راستی بێ نەك هەر له عاست شیعر و هونەر و ئەدەبدا، بەڵكو له عاست هەموو كارێكی (اعتباری) كه حەكەم و پسپۆڕ بڕیاری تێدا دەدەن هەمان رەخنه دێته پێش. به نموونه دەڵێم كه كچێك دەبێ به (شاژن)ی جوانی وەیا كوڕێك دەكرێ به شای لەشجوانان وەیا دانسەرێك یەكەم باراشی پێ بپێورێ له دانسدا هیچ گەز و گرێیەكی مادی نییه جوانی و رێكی و تەواویی ئەو كارانەی پێ بپێورێ له گەز و گرێی زیهن و زەوق بەوڵاوه، ئیتر یا دەبێ ئەو كارانه نەكرێن تا رۆژێك دێ و كۆمپیوتەر دەبێته حەكەم یاخود چ چار نییه لەوەدا زیهن و زەوقی پسپۆڕان ئەو حەكەمه بن. خۆ و تالع زیهنكارێكی من لێرەدا دەیكەم لەگەڵ غەزەڵەكانی حاجی تاكه كۆڵەگه نییه قەوارەی باوەڕەكەمی راگرتبێ، چونكه نەبوونی شایەدی تەواتور و خامۆشیی سەرچاوەی نووسراویش، كه تازەم خسته روو، له ڵای خۆیانەوه دەبنه كۆڵەگەی دووەم. به دوا ئەمانەدا هەندێ له هەڵبەستەكانی حاجی قادر خۆی، ئەویش، شان دەداته بەر لاییێكی باوەڕەكەمەوه و وا دەزانم، به تەواوی دەیسەپێنێ و دەیچەسپێنێ. كەواته بیروڕای من كه له زیهن و زەوقەوه هەڵستێ وەك هی پسپۆڕانی سەما و جوانی و هونەر تاقانه نییه.

له ڵای تەبعی من غەزەڵەكانی حاجی زادەی مێشكن، بەرهەمی ئوستادین، هۆنراوەی سنعەتكارن. دڵداری و خۆشویستنێك كه له شیعری حاجی بەدی دەكرێن له پەنجه و خامەی هونەركارەوه دەتكێنەوه، له گڕ و بڵێسەی دەروونێكی سووتاوەوه ناتەقنەوه. ئارایشتی رێكخستن و تێگەیشتن و پێگەیشتن له و

شیعرانه دەدرەوشێتەوە نەك هەنیسكی گریان و بۆنسۆی دڵی هەڵكزاو. لەم رووەوە شیعری حاجی دەچێتە ریزی شیعرە دڵداریيەكانی شێخ ڕەزا نەك نالی و كوردی. شێخ ڕەزاش دووچاری عیشقی سووتێنەر نەبووە بۆیە شیعری غەرامیی كەم گوتوون، ئەوەی گوتووشیەتی ئوستادیی تێدایە نەك سووتان. لەوەندە شیعرە كەمەی دڵداری كە شێخ ڕەزا هەڵی بەستوون پێنج خشتەكییەكەی بەسەر ئاتەشپارەكەی (كوردی)یەوە بە سۆزترین پارچەیێكی عاتیفییە كە شێخ ڕەزا بە دڵ و زمانیدا هاتبێ، بێگومان لەمەشدا گڕ و كڵپەی دەروونی كوردی بڵێسەی داوەتەوە بۆ ناو دەروونی شێخ ڕەزا:

دڵـی بـردم بـە نـاز و عـیشوە دیسان شۆخـی عـەیـیـارێ
فـریـبـی دام بـە چـاوی مـەستی خـۆی مـەحبـووبـی سەحـحـارێ
لـە هـیـجـرانـی تـەقـم كـرد ئـەی ڕەفـیـقـان كـوا مـەدەكـارێ
ئـەمـان مـردم عـیـلاجـێ سا لـە ڕێی پـێغـەمـبـەرا چـارێ
ویسال یـا قـەتـل یـا تـەسكیـن لـە هـەرسێ بـۆم بـكـەن كـارێ

كەسێكی شارەزای هەڵبەست بێ و گوێی لە مۆسیقای وشە و لەرانەوەی رستە تێ بگا دەزانێ كام شیعر لە بورکانی عیشقەوە دەجۆشێ و كامی لە گۆمی فكر و فەلسەفە هەڵدێنجێ. بوێژێكی وەك نالی ئەگەر لە ڕێی عیشقی (حبیبە)وە ئاگری تێ هەڵێنەگەڕابا، هەرچەند دەسەڵاتی (نظم)ی گەیشتبا بە پایەی (اعجاز) نەیدەتوانی خامە لە خوێنی دڵی هەڵێنێ و شیعری پێ بنووسێ. نالی و كوردی هەردووییان دووچاری عیشقی بێڕەحمی درندە بوون بۆیە هەرگیز كڵپە و بڵێسەیان دانەمركایەوە. ئەو دڵەیان كە لە سەردەمی گەنجایەتیدا بوو بە مااڵی عیشق یەكجارەكی لە قەبەڵی كرا و نەبووەوە بە مااڵی خۆیان.

بە نموونە، بێ دەسبژاركردن، بەیتێك دێنمەوە تین و تاوی عیشق لە شیعردا دیار بخا. نالی لە كۆتاییی غەزەلێكیدا ئەمە دەڵێ:

دوور لـە تـۆ نـالـی سەگـێكـە بـێوەفـا وو هـەرزەگـۆ
بـۆچی بـانگی نـاكەی ئـەم كـەلبـە كە نـانی نـانییە

لێرەدا مەبەسم نییە دەسەڵاتی نالی لە شیعردا دەرخەم بۆیە خۆم لە وردەكاری و لایەنی هونەری بەیتەكە ناگەیەنم، تەنها دەمەوێ كاری سیحراویی عیشق لە بەیتەكەدا بێنمە بەرچاو.

سرنج بدە وشەكانی هەڵبەستەكە تاكە یەك وشە نادۆزیتەوە حورمەتكارانە بێ و ببێتە بەرگی ئارایشت و عەیبی وشەی (سەگ) بپۆشی كە نالی خۆی بەو تەشبیهـ كردووە. وشەكانی (بێوەفا، هەرزەگۆ، كەلب، نانی نانی، بۆ بانگی ناكەی) هەموویان كەمایەتی و پایە نزمییان تێدایە. بە زاهیر دەبوا كۆمەڵبوونی ئەو هەموو وشەی نزم لە بەیتێكدا قێزی مرۆڤ هەڵستێنێ، كەچی نەفەسی گەرمی عیشق و بڵێسەی دەروونی شاعیر ئەو هەموو خۆشكاندنە و خۆكەمكردنەوەی هەڵگێڕاوەتەوە بەرەو بەرزی و شەرافەت و حورمەت. دەتوانم بڵێم لە كەم جێگەدا دەدیترێ وشەی (سەگ) ئەوەندە بایەخی وەرگرتبێ وەك لێرەدا بۆی پێك هاتووە بە تایبەتی كە هیچ وشەیێكی تریسكەدار و ئاورینگاوی لێی نەبوونەتە جل و قەرێتەی رازاندنەوە.

تۆ سەیرکە نالی چەند راست دەکا بەپێی مەزهەبی عاشقان کە دەڵێ (دوور[٣٤]) لە تۆ نالی سەگێکە بێوەفا وو هەرزەگۆ) چونکە عاشق کە لە یاری دوور کەوێتەوە جێی خۆیەتی پێی بگوترێ سەگی بێوەفا، گڕوگاڵیشی بە هەرزەگۆیی دابنرێ. عیشق وا دەکا دوورکەوتنەوەی عاشق لە مەعشووق هێندە درێو و ناشیرن بکرێ ئەگەر وشەی بێ حورمەتتر هەبێ لە (سەگی بێوەفا و هەرزەگۆ – کەلبی نانی نانی کە بێ حورمەتترین سەگە) ئەوی بۆ بەکاربێت. کۆمەڵبوونی وشە و رستەی نزم لێرەدا چونکە نەخشەی (بێوەفایی) دەکێشێ لە ڕێی (مەفهومی پێچەوانە)وە حورمەت کۆ دەکاتەوە لە ناو بەیتەکەدا و نالی خۆشەویست دەکا و دڵی من و تۆی بۆ دەبزوێنێ، لێی دەوەشێتەوە دڵی مەعشووقەکەش ببزوێنێ ئەگەر ئەم دڵە وەك بەرد نەبێ. خۆ ئەوەی راستی بێ لە عاست مەعشووقدا بە تەواوی خۆی داناوە لە جێگەی ئەو سەگە، ئەدی ئەوە نییە پێی دەڵێ بۆ بانگی ناکەی وەك سەگی نانی نانی؟

لە شیعری شاعیراندا زۆر جاران وشەی سەگ هاتووە تا بشڵێی لە دڵاندا کاریگەر بووە. وا لێرەدا دوو نموونەی تر دێنمەوە بۆ مەبەسی بەراوردکردن و دەرخستنی کاری عیشق بە هۆی ئەو بەراوردکردنەوە.

شێخ رەزا دەڵێ:

مـربـوطـه حـەیـاتم بـه سلـێمـانـی و خـاکـی
خۆزگەم بە (سەگ)ی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی

شاعیری فارس دەڵێ:

استـخـوان ریـزهء مـجـنون مـفـگـن پـیش هـمـا
کـه تـعـلـق بـه جـناب (سگ) لـیـلـی دارد

لە هەردوو بەیتدا وشەی سەگ نرخێکی داوە بە واتای هەڵبەست رەنگە هەر بە سەگی ئەو شوێنە نرخی وەها دروست بکرێ، بەڵام هەردوو سەگ لەسەر تەخت و باڵینی حورمەت دانراون و دەوریان تەنراوە بە ڕێز و خۆشەویستی.

لە بەیتی شێخ ڕەزادا کاك ئەحمەدی شێخ سایەیێکی وای خستووەتە سەر سەگەکە و هێندەی بەرز کردووەتەوە لە (حاجب)ی سوڵتانێك زیاتر روتبەی بۆ پەیدا کردووە. لە بەیتەکەی فارسیشدا وشەی (جناب) و پایەی (لیلی) و ناوی (مجنون) و نرخی مەعنەویی مەلی (هما) زیاتر لە بەرگی ئەتلەس و تەوقی زێڕ و خەنەی دەست و پێیان ئارایشتیان بۆ سەگەکە کۆمەڵ کردووە. هەردوو بەیتیش نموونەی ئەدەبی بەرز و نەمرن.

بەدوا دیتنی سەگی ناو ئەم دوو بەیتەدا کە دەڵێی ئاهەنگی حورمەتیان بۆ بەرپا کراوە پتر بۆت روون دەبێتەوە عیشقی نالی چ کارێکی کردوە بۆ سەگەکەی خۆی.

(٣٤) لێرەدا «دوور لە تۆ» هەر وەك واتای دووربوونی عاشق لە مەعشووق رادەگەیەنێ هەر وەهاش خۆی کردووەتە پەرژین بەدەوری ناو و شەخسی مەعشوق تا بیپارێزێ لە نزمایەتیی وشەی «سەگ». وەك ئەوەیە شاعیر گوتبێتی «دوور لە رووی جەنابت نالی سەگێکە..».

پێویست نابینم خوێنەر خەریك کەم بە هێنانەوەی نموونەی تر بۆ دەرخستنی تینی عیشق لە هەڵبەستدا، چونکە دەبێتە قسەی دووبارە و کوتانەوەی بەدیهیە. ئەوەی من لێرەدا مەبەسمە لایەنی بوون و نەبوونی عیشقی سووتێنەرە لە شیعری حاجی قادردا. بە پێی زەوقی من دیوانی حاجی شایەدی نادا بۆ بوونی عیشقێکی وا سووتێنەر. یەکێك لە غەزەلە هەرە پێشکەوتوو و بەناوەکانی حاجی غەزەلەکەی (نەققاشی دەمی...)یە. کە بیخەیتە بەر تەرازووی هەڵسەنگاندنی هەڵبەست بۆ کێشانی دوو لایەنی ئوستادی و سۆز، دەبینی زۆر بە ئاشکرایی خۆی بە لایەنی ئوستادیدا دەشکێنێتەوە و دەچێتە ریزی ئەو غەزەلەی شێخ رەزا کە مەشوورترین بەیتی ئەمەیە:

کارێ کە غەم و دەردی فیراقی بە منی کرد
سەرما بە هەتیو با بە دەواری شڕی ناکا

گریمان خوێنەر زەوقی من بە حەکەم قبوڵ نەکا لەوەدا کە دەڵێم شیعری دڵداریی حاجی زادەی ئوستادین، لەو رووەوە کە گوتم دەشێ بڕیاری زەوق لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر بگۆڕێ، خۆ ناتوانێ دەلالەتی یەکجار پاتەوپاتی هەندێ لە هەڵبەستەکانی حاجی قادر خۆی رەت کاتەوە لە مەیدانی بوون و نەبوونی عیشقی قووڵ لای حاجی. تۆ بڵێی ئەگەر حاجی رۆژێك لە رۆژان دڵداریی ئاگرینی هەست پێ کردبا ڕێی دابا بە خۆی ئەمەی خوارەوە بڵێ دەربارەی عیشق؟

باسی زوڵفی دڕێژ و چاوی بەخەو
نەبڕاوە بووە . . . . . خوسرەو

حاجی لەمەش بە سەراحەتتر دژی شیعری عاشقانەی دڵی خۆی کردووەتەوە کە دەڵێ:

حەیفە بۆ پیاوی صاحیبی تەمیز
هێندە باسی مەکانی . . . و . . . .

مرۆڤێك لە کاتی گەنجایەتی یا هەر قۆناغێکی هەڵکشاوتری تەمەنیدا لە هەناوی خۆیدا دەستەچیلەی عیشقی هەڵایساندبێ و خوێنی دڵی خۆی پێ کوڵاندبێ ناشێ و ناکرێ تا ئەو رادەیە بە سووکی تەماشای عیشق بکا و توانجی کوشندەی تێ بگرێ.

وا دەزانم راگەیاندنی ئەم هەڵبەستانە ڕێی دەمەتەقە دەبەستن. من نەبوونی عیشقی ئاگرین لە دڵی حاجی قادردا بە زاهیرەیێکی دابڕاو و لاتەریك نازانم لە تێکڕای ویژدانی حاجی. بەڵای تصوری منەوە ئەگەر نەبوونی ئەو عیشقە هەر لە پەڕاوێزی (نەبوونی عیشق)دا وەستابا و چ پێوەندیی نەبا لەگەڵ سەرلەبەری تابلۆی هەست و نەستی حاجیدا ئەوسا دەمگوت بزری بڵێسەی عیشق نەختێك رەنگی تابلۆکەی سپیپات کردووەتەوە و بەس، کەچی بەڵای باوەڕیی منەوە نەبوونی ئەم بڵێسەیە، هەرچەند روالەتێکی سەلبییە، بە جۆرێکی یەکجار کاریگەر و (ایجابی) خۆی نواندووە لە تابلۆکەدا و سەرەنجامی گەیاندووە بە عەلاقەداری لەگەڵ بنیادی گیانی کوردپەروەریی حاجی قادر. داوا دەکەم خوێنەر لێرەدا لەگەڵم بەپشوو بێ و لە قسەکانم ورد بێتەوە و سووك بەسەریاندا تێپەڕ نەبێ، ئەگەر ڕێم بدا تکای لێ دەکەم ئەویش وەك من رایەکە لە دڵ و میشکی خۆیدا بکوڵێنێ و لەگەڵیدا نەختێك خەریك بێ، ئەگەر نەڵێم لەگەڵیدا بژی.

هاوڕێیانەی کێشە

من بۆ ئەوە دەچم ئەگەر حاجی قادر لە سەرەتای گەنجایەتییەوە وەك نالی و کوردی هەست و هۆشی دیار و نادیاری بە سۆزی عیشق پڕ بووبایەوە نە دەشیا لە دوا رۆژدا دەروون و نەفس و گیانی یەکجارەکیی لەو عاتیفەیە بەتاڵ بێت و سەرلەنوێ بە عاتیفەیێکی تازەی تاقانەی نیشتمانپەروەری پڕ بێتەوە. نە دەکرا لەو بورکانەی سەرەتای عومر و گوڕی گەنجایەتی نە پشکۆیەك نە بزۆتێك نە خۆڵەمێشێکی گەرم نەمێنێتەوە وەك هەرگیزا و هەرگیز وجودی نەبووبێ. وا پێ دەچێ لە بیرەوەریی دڵداریی کاتی جحیلّی هەر لایەنی مادیی حەیوانی خۆی هێنابێتەوە بەر هۆشی حاجی، کە ئەویش پاشماوەیێکی ئاساییی عیشقی بێ ڕەگە و وێنەیێکی خورتی و سەرگەرمی دەوری گەنجایەتییە، بۆیە وەها بێ پەروا دەکەوێتە دژی و بە چاوی سووك سەیری دەکا. گەر لە تارماییی عیشقی کۆن شێوەیێکی بڵێساوی و خولیایی و مەجنوونانە لە ئاسۆی بەیانی گەنجایەتییەوە پرشنگی دابا‌وە بۆ ئێوارەی ژیانی حاجی، بێگومان بە جۆرێکی تری پێشوازیی لێ دەکرد.. بە چاوێکی تر تێوەی ڕادەما... دەنگێکی تری بۆ بەرز دەکردەوە. ئێمە دەزانین حاجی قادر دۆست و هاوڕێی ناسیاوی خۆی لەبیر نەکرد، بۆ دار و بەردی کۆیەی دەنالاند. دەوجا ئەگەر لە تابلۆی رابردوویدا وێنەی فرشتەیێکی عیشق و سۆزی دڵداری هەبا تۆ بڵێی بەم چەشنە یەکجارەکی و بێ ئاشتبوونەوە لە ناخی کەوتبا دژی ئەم وێنەیە؟ هەرگیز ئەمە ناچێتە ناو هیچ حیسابێکی بەسەروبەرەوە.

نەبوونی ئەم وێنەیە لە تابلۆی رابردووی حاجیدا ئەوەی بەرهەم هێنا هێندە بە سادەیی و بێباکی و قێز و بێزەوە ناوی عیشق بێنێ. بەڵام هەر لەوێندە نەوەستا، شتێکی گرنگتری بەرهەم هێنا. تۆ بڵێی ئەم شتە چی بێ؟

فەرموو لەگەڵمدا سرنج بدە ئەم دیمەنە کە دێتە بەر چاوی زیهنی منەوە.

وا دەزانم نەبوونی عیشقی سووتێنەر لە رابردووی حاجیدا بەشدار بووە لەوەدا کە لە دواڕۆژ ناومکینێك ببێتە مومکین، ڕێی داوە بەوە کە هەموو بوونی مادی و مەعنەوی و ڕواڵەتی و دەروونی و خەو و بەخەبەریی حاجی سەرانسەر لە قەبەڵی کوردایەتی بکرێ بێ ئەوە یادی دڵدارێ ببێتە شەریکی هەزارییێکی ئەو بوونە. هەر دەڵێی حاجی کە داخڵی عیبادەتخانەی کوردپەرستی بوو گیان و دڵێکی بێ پەڵەی بێ نوختەی وەك کاغەزی سپیی تەسلیم بە خامەی چارەنووس کرد ئیتر ئەو خامەیە بێ ئەوەی ڕەشاییی پێتێك وەیا خاڵێکی نووسراوی بێتە پێش بە هەموو لاپێکی کاغەزەکەدا مەشقی خۆی لێ کرد تا ڕووپەڕەی پڕکردەوە و دوو جار و سێ جاریشی بەسەردا هاتەوە.

لەم ڕوانگەوە دەتوانین چاوێکی حەقیقەتبین هەڵێنین و سەیری کوردایەتیی حاجی بکەین و تێ بگەین چۆن مومکین بوو تا ئەو ڕادەیە شەیدای کورد و کوردستان بێت.

حاجی بەجۆرێکی عاشقانە و دێوانانە باسی کورد دەکا. لەم مەیدانەدا هەر کوردپەروەر نییە و بەس، وەك مەجنوونی لەیلا وایە ئەگەر ڕاست بێ و مەجنوونێك هەبووبێ.. خۆ ئەگەر نەبووبێ حاجی بووەتە ئەو مەجنوونە. سۆزێکی کە هەستی پێ ناکرێ لە شیعری دڵدارانەی حاجیدا لە شیعری نالی و کوردی تاو و تین دێنێ بۆ دڵی هەستیار، لەمە زیاتر درندەتر وەك بڵێسە لە شیعرە نیشتمانییەکانیەوە هەڵدەستێ

هەولێر کتێب

و دەماری هەستی خوێنەر هەڵدەپرووکێنێ. حاجی شەیدایانە دەگەڕێ بە دوا تەعبیردا بەڵکو وەك ئاو نەختێك لە کڵپەی هەناوی کزکاتەوە بەڵام ناگا بەو تەعبیرە کە برین ساڕێژ دەکا وەیا خوت خوتەی دەروون خامۆش دەکا.. هەرچی دەیڵێ کەمترە لە پێویست هەرچی دەیکا بێ سوودە لە عاست بێ ئۆقرەیی. بورکانی نەفسی دەجۆشێ و دەخرۆشێ، دەیسووتێنێ و سەبری لێ دەبڕێ و زیڕەی لێ هەڵدەستێنی و شیعری پێ دەڵێ و یەخەی دار و بەردی پێ دەگرێ گرۆگاڵی خولیای بۆ تەرجەمە بکا. نەخێر تەسکین نابێ و ئۆخەی ناکا.. خەیاڵی ئاگرین دەیبا بۆ هەموو بابەتێك بیکا بە هۆی تەقین و هەڵڕژان.. تێ هەڵدەچێ بەرەو هەڵدانەوەی بوتی کوردی تا دەگاتە سنووری موبالەغەی ئەوتۆ لە جیهانی دێوانە و شەیدایان نەبێ جێی نابێتەوە. (لە گاوان و شوانی کوردەکان یەك بەسە بۆ لەشکری صەد کەڕە دوو لەك) کوردێك بەس بێ بۆ لەشکری ٢٠ ملیۆنی.. بەڵام قسەیێکە و کورت دێنێ لەگەڵ مەبەس، ژیلەمۆی دەروون تەڕ ناکاتەوە، گڕ و کڵپە داوای پتر دەکات... کەشتییەکەی نووح بەسەر کێوێکی کوردستانەوە وەستا کەواتە ئادەمیزاد لە جاری دووەمی پەرە سەندنیدا (کوردزاد)ە.. پەروەردگارا بە کوردیت مەدح دەکەم تا نەڵێن بە کوردی مەدح نەکراوی مەدحەکەت بۆ ئارایشتی کورددییە بەهەشتی پێ ناکڕم...

من هەرچەند بمەوێ بە نووسین و شیکردنەوەی خۆم وێنەی ئەو خولیایە سووتێنەرەی کورداپەتیی حاجی قادر بکێشم ناگەم بە کەمەری تەو بەیکەرە ئاگرینەی کە خامەی حاجی لە کەرستەی هەست و ویژدان هەڵی ناوە، بۆیە لزووم ناکا خۆ خەریك کەم بە (تحصیل حاصل)ێکی کەم و کورت، با هەر ئەوە بڵێم لەلای خۆمەوە عیشقی حاجی بۆ کورداپەتی عیشقێکی تەواو و بێ هاوبەشە لە دەروونی حاجیدا. دەمەوێ بڵێم حاجی هەموو دڵ و گیان و هەستی خۆی بە کورداپەتی بەخشیوە توێسقاڵێکی بۆ هیچی تر نەهێشتووەتەوە. هەروەك دڵداری بێ بەش کردووە لە کڵپەی دەروونی، ژن و ماڵ و منداڵیشی نەبووە بایی زەررەیێك دڵی خۆی پێیانەوە خەریك کا.

ئەم تەنهاییەی حاجی لەگەڵ تاکە خولیای کورداپەتی لە ساڵانی دواییی ژیانیدا دیمەنێکی تراجیدیی ماتەمینی ئەوتۆ دێنێتە بەرچاوی سرنجدەر چەند جاران لە سۆز و پەرۆش و تەقدیس بۆ حاجی زیاد دەکا. من کە دەبوو لە دوای لەگەڵدا ژیانی دوور و درێژم ئاشنای ئەرك و عەزابی حاجی ببم و لێی رابێم، کاتێ کە بیرم دەڕوا بۆ ساڵانی ئاخە لێوەی ژیانی ئەگەر تانووت نەدەمە بەر خۆم جورئەتی سرنجدان و لێوردبوونەوەم نابێ.

پیری، تەنهایی، غەریبی، هەژاری، خولیای سووتێنەری بێ ئومێد و بێ بەرهەمی نزیك و بەرچاو، نەبیستنەوەی دەنگی خەبات و تەقەللا لە هیچ لایێکەوە.

دەك لەبەر ئەم عەزابە بێ سەروبنە!

ئەو سەغڵەتییەی (ابو فراس حمدانی)ی هەراسان کرد و وەتەنگی هێنا لەو چەند ساڵەی ئەسیربوونی لای رۆمەکان تا وای لێ کرد بە دەم هەنیسکدانەوە بڵێ:

أ سجنا و بعدا و اشتیاقا و غربة
و نـأی حـبـیب ان ذا لـعـظـیـم

و ان امـرءً يـبـقـى وفـيـا لـعـهده
عـلـى مـثـل هـذا انـه لـكـريـم

ئا ئەم سەغڵەتییەی (ابو فراس) لەتەك رەنج و ئازاری بێ برانەوەی حاجیدا وەك دڵتەنگیی کاتی دەمە و ئێوارانە لەچاو تلانەوەی شەوی مارانگاز.

حاجی کە لەگەڵ خۆیدا دەڵێ و وەرام دەداتەوە:

بـەسە حـاجـی دووسەد هـەزار دەفـعـە
پـێم گـوتـی ئـەم قسانـە بـێ نـەفـعـە
بـاوکـە هـەر چـۆنـی تـۆ دەڵـێی وایـە
تـێ دەگـەم ئـەو قسانـە خـۆڕایـە
قـوڕی کـام جـێ بـکـەم بـەسەر خـۆمـا
ئـەمـە لـێم بـۆتـە عـیـللـەتـی سەودا

لێرەدا حاجی وەك سەحرانەوەردێکە یەکە و تەنها ژیلەمۆی لمی نیوەڕۆ بە هەنگاوی شەکەت دەپێوێ لە ڕێگەییێکی بێ برانەوە بەرەو ئاسۆیێکی خوێیاویی سەرابی، دەشزانێ وا ڕۆژی عومری بەسەردەچێ و شەوێکی هەتا هەتایەی بەدوادا دێت کە هیچ ڕووناکایی و فەجرێکی لێ ناپشکوێ، کەسیشی نییە لە پاش خۆی بە وەکالەتیش چاوێکی بۆ هەڵێنێ وەیا هەناسەیێکی بۆ هەڵمژێ.. دەریای بێ ئەمانی مەرگ لە ژێر شەپۆلە بێ ڕەحمەکانی خۆی دەیپێچێتەوەو دێوەندیی لەگەڵ جیهاندا یەکجاری دەبڕێ و کۆتایی بە بوونی دێنێ و لە بنجەوە هەڵی دەکەنێ.. بەڵێ مەحبووبەی ئەو کە کوردستانە هەر دەمێنێ و بێ برانەوەیە، بەڵام بەقەدەر گەورەیی کوردستان لە دڵی حاجیدا کەسەر و ئازاری لێ دەرچوون و دەست لێبڕانی گەورە دەبی و تاڵاوی سەرەمەرگی لێ تاڵتر دەکا.

بێگومان ڕۆژانی کۆتاییی ژیانی حاجی ماتەمێکی یەکجار زۆل بووە، هەرچی ئومێدێك کە ڕۆژگار ڕۆناك دەکا بۆ مرۆڤ لە ئاسۆی دیار و نادیاری حاجیدا وجودی نەبووە، ئومێدیش نەبووە بە پەیدابوونی هیچ ئومێد. کۆش و باوەشی خێزان و منداڵیش نەبووە ساردابیی شەوانی سەرەمەرگی گەرم کاتەوە. هەروەك (حمزە) کە لە جەنگی (أحد)دا شەهید کرا و کەسی نەبوو بۆی بگرێ. پێغەمبەر کە گوێی لە گریانی خەلق بوو بۆ کوژراوەکانیان، بەدەم گریانەوە فەرمووی (ولكن حمزة لا بواكى له)، هەمزە کەسی نییە بۆی بگرێ، هەروەهاش حاجی کە گەیشتە کاتی سەرەمەرگ و گیانەڵاوە. با بەس بێ لە منەوە دووبارەکردنەوەی مەرگی حاجی، خۆ ئیمرۆش کەسی نییە لە پشت و کەمەری خۆی بۆی بگرێ. خامەی من کە شینی بۆ دەکا دوای ٧٥[٣٥] ساڵ لە پەلەفڕەی مەلی روحی بە چنگاڵی نەزعەوە شەرافەت بۆ خۆی کۆ دەکاتەوە لە میراتی مەعنەویی حاجی. مەشقی خۆنیشاندان دەکا لەبەر شەوقی شەخسیەت و شۆرەتی حاجی. خودپەسەندیی خۆی دەشاریتەوە لەناو تەپ و تۆزی شێوەنکردن بۆ حاجی.

لەبەر چاوی (تصور)م عەزابی دوا ڕۆژانی حاجی خەیاڵی مرۆڤی ئیمرۆ دەتۆقێنێ، دەوجا دەبێ چ

(٣٥) ئەم نووسینە لە ١٧٢دا نووسراوە، ئەوسا ٧٥ ساڵ بەسەر مەرگی حاجیدا تێپەڕیبوو.

چەشنە عەزابێك بووبێت.

بەڵام لە نێوان تەبەق ئەندەر تەبەقی ئەم هەموو عەزابەدا راستییەکی گەورە دێتە بەرهەستی سرنجدەر تا رادەیێك بۆی ئاشکرا دەکا چۆن حاجی توانیوەتی خۆی راگرێ لەبەر سفتوسۆی سووتان و قیمەبوون بە دەست و دەمی بڵێسە و تیغی چەندین جۆر تلانەوەی کوشندەوە، کڵپەی سۆز و پەرۆش و خولیای دڵ و دەروونی حاجی بۆ کورد و کوردستان دەردەکانی تری کزکردووەتەوە لە نەزەر خۆیدا. وەك بڵێی حاجی مۆمێك بووە و سووتاوە بە ئاگری سەودای کوردایەتییەوە، لەو سووتانەیدا فەلاکەتی غەریبی و پیری و بێکەسی دەسەڵاتی کارتێکردنیان نەماوە. خواجە (کلیم)ی هەمەدانی دەڵێ:

ز آتش هیچ پروا نیست دور از آب ماهیرا

واتە ماسی کە لە ئاو دوور کەوتەوە پەروای نامێنێ لە ئاگر، حاجیش وەك ئەو ماسییە و لەویش زیاتر ئازاری هەرە گەورەی سووتانی بۆ کورد پەکی ئازارەکانی تری خستووە.. حاجی وەك ماسییێك بووە کە لە ناو بۆتەدا ببرژێ و پەروای نەمێنێ لە بێ ئاوی.

با سەرەوژوور بمەوە بەرەو ئەسڵی باسەکە و بڵێم بەدوا ئەم شیکردنەوەی تازە خستمە بەرچاوی خوێنەرەوە جورئەتی ئەوە دەکەم کە گەڵ خۆمدا بڕیار بدەم کە وا حاجی قادر لە سەرەتاکانی ژیانی گەنجایەتی و کەمپەروەریدا دووچاری دڵداریێکی ئەوتۆ نەبووە جنجرۆك گیرکا لە پەردەی دڵی، ئاگر بەرداتە هەناوی و مێشکۆڵەی ناو ئێسکی بسووتێنێ. نەبوونی پێوەندی و گیرۆدەیی زۆر بەهێز بە دڵدارییەوە رەهایی و ئازادیی بۆ حاجی پێك هێناوە لە کۆتێکی قورس. ئەم کۆتە قورسەی عیشق ئەگەر بووبایە ئاڵقە بە دەوری دوو مەچەکی دەستی حاجییەوە هەندێکی لەو مەساحەیە دادەگرت کە کۆتە قورسترەکەی نیشتمانپەروەری پێی دەویست.

خوێنەر لێم بە سەهوو نەچێ، من ناڵێم دوو سۆزی عیشق و کوردایەتی لە دڵێکدا کۆ نابنەوە، دەڵێم سۆزی دڵداری کە لە دڵدا هەبوو بەشی خۆی لەو دڵە وەردەگرێ و تێیدا دەبێتە شەریك، ئا ئەم شەراکەت و هاوبەشییە، نەك تەنها هی دڵداری بەڵکو هی هیچ جۆرە سۆزێکی تری ئەوتۆیی لە دڵی حاجیدا رەگی نەبووە، هەموو دڵی هی کوردستان بووە و لە کۆلانەی کوردایەتییەوە دڵی بۆ شت چووە. نموونەی وەك حاجی قادر لە نایاب نایابترە لە رووی خۆ لە قەبەڵکردنی تاکە ئامانجەوە، بە تایبەتی کە ئامانجەکەی دنیایی و سیاسی بێ. هەر بۆیەیشە پەیداکردنی هاوتای حاجی وەیا دۆزینەوەی لە نێوان کەسانی مێژووی کۆن و نوێدا یا هەر بەجارێ مومکین نییە یاخود لە ئەستەم ئەستەمترە. وەك حاجی تا رادەی جەزبەگرتن شەیدای کورد و کوردستانە کەسی تر پەیدا نابێ ئەو شەیدایە و جەزبەگرتووە بێ لە مەیدانی تێدا خەریك بوونی. دەشێ مرۆڤی پاك و دڵسۆز و خۆبەخت کردوو بدۆزرێتەوە، بەڵام شەیدا و خۆ لە قەبەڵکردوو و دەست لە هەموو شتێك بڕاوی وەك حاجی، ئەگەر خۆ بەسەهوو نەبەین، یەکجار یەکجار بە دەگمەن دەدیترێ. لەم سێبارە کردنەوەی وشەی (یەکجار)دا سەرت لێم سوڕ نەمێنێ، فارس گوتەنی:

سالها می گزرد شنبه به نوروز رسد

نامەیەکی ئیسماعیل بێشکچی

هاوینی ساڵی ٢٠٠٥ بەنوێنەرایەتیی کۆڕی زانیاری کوردستان سەردانی نووسەری گەورەی تورکیا ئیسماعیل بێشکچیم کرد لە ئەنقەرە بۆ ئەوەی نامەی ڕێزلێنانی کۆڕیان پێشکێش بکەم بەبۆنەی ئەندامیەتیی شانازیی کۆڕ. ئێوارەیەکی ڕازاوە و ڕەنگین بوو لە دیمانەی بێشکچیدا. چەندان سیاسەتوان و ڕووناکبیری ناسراوی کوردی باکور ئامادە بوون لەوانە شەرەفەدین ئالچی. بەر لەوەی ڕێزلێنانەکەی بدەمە دەست، وتەیەکی بچووکم پێشکێش کرد تێیدا شانازیی کەلی کوردستانم بەخەبات و هەڤاڵەتیی بێشکچی بۆ کورد دووپات کردەوە و سەری ڕێز و مەحتەرامیم لە ئاستیدا دانواند. ئەم پیاوە گەورەیە ڕێزلێنانەکەی کۆڕی زانیاری کوردستانی بەخۆشییەوە وەرگرت کە تەنیا بڕێتی بوو لە نووسینێکی لە چوارچێوەگیراو، لە کاتێکدا لە ژیانیدا ئامادە نەبووە ڕێزلێنان و خەڵات لە هیچ ناوەند و لایەنێکەوە وەربگرێ. پاش ماوەیەک ئەم نامەیەی بەڕەو کۆڕ ئاراستە کرد. بەداخەوە لەو کاتەدا تا ئێستە لێمان ون بووبوو. وا دۆزیمانەوە و بەیاد و بیرئانینی بێشکچی و کۆڕی زانیارییەوە دەیخەینەوە ڕوو.

بەدران ئەحمەد حەبیب

کوردستان موکریانی

سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردستان

سەبارەت بەهەڵبژاردنی من وەک ئەندامی شانازی بۆ کۆڕی زانیاری کوردستان، شەرەفێکی گەورەیە و زۆر خۆشحاڵ بووم. ئەم بەڵگە بەنرخەش هاوڕێمان بەدران ئەحمەد حەبیب، لەناو گرووپێکدا کە زۆر هاوڕێی هێژا ئامادەی بوون پێشکێشی منی کرد. قسەی زۆر جوانی کرد، بەم

(*) وەرگێڕانی لە تورکییەوە: فورات کەلەکچی

ئیسماعیل بێشکچی و بەدران ئەحمەد

قسانە و ئەندامبوونی شانازی، زۆر خۆشحاڵ بووم.

کورد هەتا ئەمڕۆ خۆیان خەباتێکی تایبەتیان بەڕێوە بردووە، ئەم خەباتەی کە تایبەتە بەخۆیان پێوەندیی هەیە بەدابەشکردن و لەتبوون و لێکترازاندنی کورد و کوردستان لە کاتی شەڕی یەکەمی دنیا، دوای شەڕەکە ئەو بارودۆخی هاتووەتە کایەوە کە بووەتە هۆی ئەوەی کورد لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا وردە وردە بەتەنیا بێ لە دنیا لە خەباتی نەتەوەیی کورددا مرۆڤ دەتوانێ دەوڵەتانی دنیا بە سێ ئاست دابەش بکا: لە ئاستی یەکەمدا، ئەو دەوڵەتانەی کاریان بۆ لەناوبردنی کورد کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش دەوڵەتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بەیەکەوە کاری هاوبەش و گەورەیان خستووەتە پاڵ یەک، ئەوانیش عێراق و ئێران و تورکیا و سووریان. لە پلەی دووەمدا ئەو دەوڵەتە گەورانە هەن کە لە دژی کورد، پشتگیریی وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستیان کردووە. ئەمانەش بەریتانیای گەورە کە لە ساڵەکانی (١٩٢٠ عێراقی بەڕێوە دەبرد، فەرەنساش سووریای بەڕێوە دەبرد و لە ساڵەکانی دوایشدا یەکەتیی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەڵمانیا). لە پلەی سێیەمدا ئەو وڵاتانەی تری دنیا کە نەیانویستووە لەگەڵ دەوڵەتانی بەشی یەکەمدا نێوانیان تێک بدەن و بەستراون بەدەوڵەتانی پلەی دووەمەوە، ئەوانیش ئەو وڵاتەن کە هیچ شتێکیان نەکردووە لە بەرامبەر ئەو کردەوەگەل و جینۆسایدانەی ماوە ماوە لە دژی کورد بەئەنجام دراون. لە بارودۆخێکدا کە ئەم هەموو پێوەندییە زیاندەر و تێکدەرانەیە لە کایەدا بوون، ئاخۆ یەک دوو دەوڵەت هەبووە بەگەرموگوڕی سەیری کورد بکات و بیەوێ یارمەتیی بدات و لە ئێش و ئازاری وی تێ بگات؟ هیوادارم هەبووبن.

لەناو ئەم هەموو ڕووداوە مێژوویییانەدا، پێویستە مرۆڤ باسی ئەو ڕۆژنامەنووس و نووسەر و پارێزەرانەی مافی مرۆڤی ئەوروپایی و ئەمەریکایی بکات کە دۆستی کورد بوون. لە چوارچێوەی

ئەم پێوەندییانەدا ئەو ڕۆژنامەنووس و نووسەر و پارێزەرانەی مافی مرۆڤ کە کوردیان لە نزیکەوە ناسیوە و لە ئێش و ئازارەکانیان تێ گەیشتوون، هەوڵیان داوە خەباتی ڕزگاریی کورد بەدنیا بناسێنن و پێی ڕابگەیەنن. ئاشکرایە ئەمەش پێویستە لەسەر ئاستی کەسایەتیدا شی بکرێتەوە.

کۆتاییی شەڕی یەکەمی دنیا، ئەو سیستەمە فراوانەی لە سالانی (١٩٢٠)دا، وەک دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان کە لە دژی کورد هاتبووە پێکهاتن و دامەزراندن، شتێکی ئاشکرایە. دوای شەڕی دووەمی دنیا، لە ناوەڕاستی سالانی ١٩٤٠ەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵەی گەلان سیستەمێکی تازەی دنیا دامەزرا، بەڵام ئەو پێوەندییانەی دژی کورد گرانتر بوون و بەو شێوەیە بەردەوام بوو. لە دژی ئەم هەلومەرجە نالەبارەدا، هەموو دەم چەکی کورد تەنیا پابەندبوونێکی خۆی بووە بەژیان و بەسروشتەوە. ئەم تایبەتمەندییەی کورد تەنیا هۆکار بووە بەرگەی ئەو هەموو هەلومەرجە نالەبارانە بگرێ. بۆ نموونە سالی ١٩٤٥ – ١٩٤٦ ناڕەحەتترین سالّ بوون کورد تیایدا ژیابن. بەڵام لەدایکبوونی مەسعوود بازرانیش لەم سەردەمەدا بوو. ئاشکرایە ئیدریس بارزانیش لە سەردەمێکی وا نالەباردا لە کۆتاییی (١٩٣٠)کاندا هاتووەتە دنیاوە. لە سالی (١٩٤٧) نزیکەی ٥٠٠ پێشمەرگە لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا ڕووباری ئاراسیان بڕی و پەنایان برد بۆ یەکەتیی سۆڤیەت، بەشێوەیەکی گشتی ئەوانیش لە سالانی (١٩١٠ و ١٩٢٠)ەکاندا لە بارودۆخێکی وەهادا هاتوونەتە دنیاوە. ئەمانە نموونەی پابەندبوونی کوردن بەسروشت و بەژیانەوە. بەبڕوای من ئەمە گرینگترین قۆناغە کورد هان دەدات بەرەوپێش و بەرەو مەربەخۆیی هەنگاو بنێت. لەم ڕۆژانەماندا باس لە عێراقێکی فیدراڵ و دیموکرات و دەوڵەتی فیدرالیی کورد دەکرێ، دێتە بەرچاویش کەوا وردە وردە ئەم پڕۆژەیە بەرەو جێگیری دەڕوا. قۆناغێکی وا لە ئارادایە کە ئەو کڵاوە نەفرەتییەی خرابووە سەری کورد لە سالی (١٩٢٠)کاندا دێتە خوارەوە و فڕێ دەدرێ. ئێوە لە نزیکەوە ئاگەدارن کە بەچ شێوەیەک گەیشتوون بەم ڕۆژانە. هیوادارم ئەم قۆناغە بەچڕوپڕی گەشە بکات و بەردەوام بێت.

هێژا سەرۆک

دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردستان کارێکی زۆر جوانە. ئەمە واتای ئەوەیە کورد خۆی لێکۆڵینەوە لەسەر دەوڵەمەندییە سروشتییەکانی کوردستان و ڕێکخستنی دانیشتوان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و مێژووی خۆی دەکات، لەم چوارچێوەیەدا دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردستان سوودێکی گەورەی دەبێ. کۆڕی زانیاری کوردستان ئەم کارانە تەنیا ئەگەر بەبیرۆکەیەکی زانستییانە و لە هەلومەرجێکی زانستیدا بکات سوودگەیێن دەبن. بوونی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی ڕەخنەگرتن مەرجی سەرەکیی دروستبوونی ناوەندێکی زانستییە.

هیوای تەمەن درێژی بۆ کۆڕی زانیاری کوردستان دەخوازم. سڵاو و ڕێزم دەنێرم بۆ ئێوە و ئەندامانی کۆڕی زانیاری کوردستان و هەر سەرکەوتوو بن.

٣ ئەیلوول ٢٠٠٥

یەشار کەمال و دۆزی کورد

جەم ئەرجییەس

پێشەکییەکی وەرگێڕ

(یەشار کەمال)ی نووسەری گەورەی کوردی تورکینووس، لەمەو پێش لە چەندان بۆنە و کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسدا، وەک ڕۆشنبیرێکی گەورەی دڵسۆزی هەر هەموو نەتەوەکانی تورکیا بە گشتی، ئاخاوتووە و تێکۆشاوە و بەهەموو توانایەوە (لە بوار و پسپۆڕیی خۆیدا) بەشداریی هەوڵی ڕاگرتنی ئەو ڕووبارە خوێنەی چەندان ساڵە بەردەوامە کردووە. بۆ نموونە دەکرێ بڵێین لەو کۆنفرانسەدا بە ناوی " تورکیا بەدوای ئاشتیی خۆیدا دەگەڕێ " دا، کە لە ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ دا لەژێر سەرناوی : " وتەی یەشار کەمال: لە مەلازگرد بەملاوە تورک و کورد دۆستن " دا بڵاوکراوەتەوە[1] لە بەشێکی وتەکەیدا " کە وتەی کردنەوەی کۆنفرانسەکە بووە " وتەکەی بەمە دەست پێ کردووە کە دەڵێ: " ئەتاتورک لەو کۆبوونەوە ڕۆژنامەوانییەیدا ساڵی ١٩٢٣ لە ئیزمیت کراوە گوتوویەتی: " دەکرێ ئۆتۆنۆمی بە کورد بدرێ، ئەگەر نەدرێ شتێوەیەکی گرفت وەردەگرێ..".

هەروەها یەشار کەمال دەڵێ: " ئەم (شەڕەی ئێمە) کە ٢٥ ساڵە بەچڕییەکی داکەوتووەوە لە پێکداداندا بەردەوامە، سەرەڕای چەندان جاری تاکلایەنە ئاگربەس ڕاگەیاندا شەڕەکە ڕانەگیراوە، ئەم شەڕە پشتی تورکیای شکاندووە، بووینە وڵاتێک لەگەڵ گەلی خۆیدا بەشەڕدێ، گەریلامان ناونا تیرۆریست، چاوەڕێی ئومێدمان لەمە کرد، وشەگەل هەموو کاتێ دەشێ بگۆڕێن، ڕۆژێک دێ بەکاری هیچ نایێ، وایان دەزانی لە دەرەوە، بە ڕووداوەکانی گەریلا و بەهۆی چوونە سەر چیایان نازانرێ، ئیتر جیهان بە هەموو شتێکمان دەزانن.

(*) ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە

یەشار کەمال لە کۆنفرانسی "تورکیا بە دوای ئاشتیی خۆیدا دەگەڕێ"

مرۆڤێک، هەرچییەکی لەگەڵدا دەکەی بکە، تەنیا گەمە بە سەربەرزیی مەکە، دەسەڵاتدارانی ئێمە پێچەوانەی ئەمەیان کردووە، قۆرچییەکان هیچ نەما لەگەڵ میللەتدا نەیکەن. ئەوەند خراپەیان کرد گوتنیانم بەسەر زماندا نایێ.

ڕۆژی هەینیی ٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨، عەبدوڵا گویلی سەرەککۆماری تورکیا پاداشتی کۆشکی کۆماریی بەچەند کەسێک بەخشی کە لەوانە یەشار کەمالی نووسەری گەورە بوو، لە ئاهەنگی میدالیا وەرگرتندا یەشار کەمال وتارێکی پێشکێش کرد، چەند بڕگەیەکی ئەو وتارە

یەشار کەمال لەکاتی وەرگرتنی خەڵات لەلایەن عەبدوڵا گویلی سەرەککۆماری تورکیا

دەگوێزینەوە ئێرە، دەڵێ: " ئەمڕۆ جیهانیش لەو ترس و شەرمەزاریيەی شەڕ بۆ ولاتمانی هێناوە، بێزار بووە. ئەمڕۆ جیهانیش و ولاتیشمان تینووی ئاشتین، دووبارەی دەکەمەوە، تورکیا یەکێکە لە ولاتە هەرە تینووەکانی ئاشتییە. دەڵێن: (شەڕی گچکە)، شەڕی گچکەی نابێ، تەنانەت یەک مرۆ، یەک مرۆ بکوژێ شەڕە". هەروەها وەک ئاواتەخوازییەک و وەک هاندانێکی حکوومەتی تورکیا لە برگەیەکی تردا دەڵێ "

هەر گەلێک لە ئەنادۆلدا دەژی، بە زمانی خۆی دەخوێنێ، بە زمانی دایکی خۆی پەروەردە دەبێ، کتێبان دەنووسێ، فیلم دەردەکا، لەوە تێ دەگەین کە لەسەر خاکێکی فرە ڕۆشنبیریداین، بەرژەوەندیمان لە قەدەخەکردندا نییە، بە ئازادی دەگەینە هەست پێکردنی، من هەرگیز ڕەشبین نەبووم، ئەوانەی دەشمخوێننەوە با ڕەشبین نەبن، ئەمەم زۆر بە خوێنەرانم گوتووە، ئەوانەی کتێبەکانم دەخوێننەوە با ئاشتیخواز بن، ئەگەر نا با زەحمەت نەکێشن."[٢]

بەر لەوەی دەقی گفتوگۆکەتان بخەینە بەردەست حەزمان کرد کورتە ژیننامەیەکی یەشار کەمال- یشتان بە بیردا بهێنینەوە:

دیمەنێک لە ڕێوڕەسمی ئاهەنگی میدالیا وەرگرتندا

یەشار کەمال

یەشار کەمال، (حەمیدە، عوسمانییە – ١٩٢٣ لەدایک بووە)، ڕۆمانnووسی بە ڕەگەز کوردە، نووسیاری سیناریۆ و کورتەچیرۆکیشە، ناوی تەواوی (کەمال گوێکچەلی) یە. ساڵی ١٩٢٣ لە گوندی حەمیدە " گوێکچەدام " ی عوسمانییە هاتووەتە جیهان. ناوی باوکی سادق و دایکیشی نیگارە. بە پێنج ساڵی لە ئەنجامی تۆڵەسەندنەوەی خوێن باوکی لە دەست داوە، لە ڕووداوێکدا چاوی لای ڕاستی لەدەست داوە، خوێندنی سەرەتاییی لە قوتابخانەی کۆماریی قادرلیدا خوێندووە. ساڵانی ناوەندیی لە ئەدەنە بەسەرچووە، لە دوا ساڵی خوێندنی ناوەندیدا ناچاری دەست لە خوێندن هەڵگرتن بووە، کارەیلێکی وەک ڕەنجبەری لە کێڵگەکاندا و سەرکاریی کرێکاران و پاسەوانی ئاو لە کێڵگەکانی برنجدا و سکاڵانووسی و فێرکارێتی و فەرمانبەریەتیی کتێبخانە کردووە. لەم سەروبەندەدا شیعرەکانی لە کۆوارەکانی " ئویلکە " و " کۆڤان " و " میللەت " و " بێشپنار " دا کەوتوونەتە پێش چاوان.

لە ساڵانی ١٩٤٠دا پێوەندیی لەگەڵ ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی لە دەوروبەری کۆواری " چغ"دا بەست کە لە " ئەدەنە " دەردەچوو و شیعرەکانی لەو گۆڤارەشدا دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد. ئەو نزیکییەی لەگەڵ " عابدین دینۆ " و براگەورەکەیدا دای مەزراند کاریگەریی بەسەر بیری ئەو و گەشەسەندنی جیهانی ئەدەبییەوە هەبوو.

ساڵی ١٩٥٠ بە تاوانی پڕۆپاگاندەکردن بۆ بیروباوەڕی کۆمۆنیستی دەگیرێ. ساڵی ١٩٥١ ئازاد دەبێ.

کە لە کتێبخانەی ڕەمەزانئۆغڵودا کاری کردووە " ئۆرهان کەمال "ی ناسیوە و چیرۆکە بەراییەکانی: " بەبەک " و " دوککانجی " و مەمەد و مەمەد " نووسیوە. ساڵی ١٩٥٠ بڵاو کراوەتەوە. بەڵام یەکەم کورتەچیرۆکی " پیس حیکایە "ی لە ساڵی ١٩٤٤دا لە سەردەمی سەربازییدا لە شاری قەیسەریدا نووسیوە.

ساڵی ١٩٥١ کە لە ئەستەمبوڵدا نیشتەجێ بووە، دەستی بەنووسینی بەند و ڕیپۆرتاج ئەنجامدان کردووە. بەو ڕیپۆرتاجەیەوە کە بە ناوی " حەوت ڕۆژ لە گەورەترین کێڵگەی جیهاندا"وەیە دیاریی سەرکەوتنی تایبەتیی کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانانی وەدەست هێناوە. ئەم هونەروەرەی لەو ساڵانەدا کە بە کورتەچیرۆکەکانیشییەوە سەرنجی ڕاکێشاوە لە ساڵی ١٩٥٢ دا

کتێبی " زەردی گەرم "ی کورتە چیرۆکی بلاو بووەتەوە. ڕۆمانی یەکەمی " ئینجە مەمەد " لە ساڵی ١٩٥٥دا دەرچووە.

ساڵی ١٩٦٢ بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریەتیی پارتی کاری تورکیا هەڵبژێررا‌وە. ١٩٦٣ بەیەکجاری دەستی لە ڕۆژنامەوانی هەڵگرتووە و خۆی بۆ کتێبەکانی تەرخان کردووە. ١٩٧٣ بەشداریی لە دامەزراندنی سەندیکای نووسەرانی تورکیا کردووە، ١٩٧٣– ١٩٧٤ سەرۆکایەتیی سەندیکاکەی کردووە.

لە ساڵانی ١٩٥٥ – ١٩٨٤دا کورتە چیرۆک و ڕۆمان و ریپۆرتاج و وتارەکانی کە ٣٣ کتێبیان پێک هێناوە بلاو کراونەتەوە.

یەشار کەمال، بە " ئینجە مەمەد "ی یەکەم ڕۆمانی لە ساڵی ١٩٥٥دا " دیاریی دەوڵەمەندیی ڕۆمان "ی بە دەست هێناوە. ساڵی ١٩٧٤ شاکاری " تاوانی بازاڕی ئاسنگەران "ی " پاداشتی ڕۆمانی مادارالی "ی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٧٧ " زەوی ئاسن و ئاسمان مس " لە فرەنسا، لەلایەن سەندیکای ڕەخنەگرە ئەدەبییەکانەوە بە باشترین ڕۆمانی بیانیی ساڵ هەڵبژێررا‌وە. "ئەفسانەی بینبۆغەکان " بۆ وەرزی هاوینی ١٩٧٩ لەناو ئەو کتێبانەدا بوو کە لەلایەن لیژنەی باڵای ئەدەبییاتەوە هەڵبژێررابوون. یەشار کەمال کە ساڵی ١٩٨٢ بە شایەنی " پاداشتی نێودەوڵەتیی دێل دۆچا " زانراوە، ساڵی ١٩٨٤ " نیشانی "ی " لگوا دو، هۆننوێر "ی وەرگرتووە.

لە کارەکانیدا وەسفکردنی ئەدەنە و چوکورئۆڤا و ژیان و چەوسانەوە و هەڵمژران و تۆڵەی خوێن و دۆزەکانی ئاغایەتی و زەویی مۆرفگەلیانی هێناوەتە گۆڕێ، ئەمانە بەبایەختترینی تایبەتمەندییەکانی کارەکانی نووسەرن. لەم ڕووەوە لەلایەن" زانکۆی ئەدەنە _ چوکورئۆڤا "وە، بە ڕێورەسمێکەوە ناوونیشانی دوکتۆرای شانازیی دراوەتێ. بە پتر لە چل کتێبی وەرگێڕاوی سەر زمانانی ترەوە، لە ڕێژەی جیهانیدا خاوەنی شوێنێکی پربایەخە.

هاوسەری تیلدای نەوەی ماندیل پاشای ڕەوەندی ئیسپانیاییە.

بەرهەمەکانی:

کۆمەڵە چیرۆک (٢)، پتر لە (٢٠) ڕۆمان، ڕۆمانی داستانئامێز (٤)، شەش ڕیپۆرتاج و دە کێکۆڵینەوە و شەش لێدوان، ڕۆمانی منداڵان (١)، وەرگێڕان (١). (٣٦)پاداشتی گەورەی پێ بەخشراوە و چەندان جار بۆ پاداشتی نوبێل پاڵێوراوە.

یەشار کەمال و دۆزی کورد

گفتوگۆ – ڕیپۆرتاج

* گەرچی چاوەڕوانی ئەرکی هاوولاتیبوونمان لە کوردان کردووە، بەڵام پەروەردە و ئەو خزمەتگوزارییانەمان نەداونەتێ کە دەبێ دەوڵەت بە هاوولاتییانی بدا.
* گەلێکی وەک گەلی کورد بە ئاسانی ئەوانەی سەرچیاکان دادەگرێ، کەس مردنی منداڵەکانی خۆی ناوێ، گەلی کورد ئاشتیی دەوێ.

لە دەستپێکدا

یەشار کەمال تەنیا گەورەترین ناوی ئەدەبییاتی تورک نییە کە لە ژیاندا مابێ. بگرە یەکێکیشە لەو نووسەرانەی هەموو کاتێک توانیویەتی ببێتە ویژدانی کۆمەڵگەی تورکیا. یەشار کەمال بە درێژاییی ژیانی بەرامبەر هەر جۆرە پاڵەپەستۆیەک وەستاوە و هەڵوێستی لایەنگیریی ئازادیی وەرگرتووە. بۆ چارەسەری دۆزی کوردیش سڵ لە

دەربڕینی بیر و بۆچوون ناکاتەوە. ماوەیەکی درێژە لە هەموو هەلێکدا، هەڵوێستی لایەنگیریی ئاشتی و ئازادییەکان دەردەبڕێ، لە نووسینەکانیدا، لە لێدوانەکانیدا، دژایەتیی قەدەخەکردن و لەناوبردنی ڕۆشنبیرییەکان و زمانەکان دێنێتە گۆ. زۆرمان حەز لێ بوو بیر و بۆچوونەکانی یەشار کەمال لەبارەی تورکیاوە بە دوور و درێژی لە گفتوگۆیەکی تیر و تەسەلدا بخەینە ڕوو، ماوەیەک لەمەوبەر بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی وەها ڕێککەوتین، لە کۆتاییدا بە زاراوەی ئەو " ئەم کارە کاتی هاتووە"، بەیەک گەیشتین. ڕۆژێک لەگەڵ عسمەت بەرکان و ئۆزاڵ چالشلاردا پێکەوە سەرمان لێی دا. ئەو ڕۆژە پرسیارەکانی دەستپێکردنی گفتوگۆکە، گفتوگۆ تازەکە و وەڵامەکانی هێنایە گۆڕێ. یەشار کەمال ڕێسای خۆرهەڵاتی بەبیردا هێنایەوە، باسی لە سیاسەتەکانی دەوڵەت و بە نەبوو دانانی کوردان و سیستەمی قۆرۆجێتی " چەکداریی سویلی بەکرێگیراوی سەربە دەوڵەت – وەرگێڕ " و قەدەخەکردنی زمان کرد. گوتی: "کەس جەزی لە مردنی منداڵەکانی خۆی نییە، گەلی کورد ئاشتیی دەوێ ". قسەکانیشی بەم جۆرە تەواو کرد: " کورتییەکەی ئەوەیە، کە هاودژانی شەڕی ناوەخۆی تورکیا یەک بگرن."

* بە چڕی باس لە پێکەوەژیانی کورد و تورکی دوای مەڵازگرد دەکرێ. ئەم دوو گەلە، هەزار ساڵە پێکەوە دەژین و هەروەها سەدان ساڵە یاخیبوونەکان و شەڕەکان و تاوانەکان کۆتاییان پێ نایێ. ئەوەی هەڵەیە لەو پێوەندییەی تورک و کوردەدا چییە، داخۆ بە ئاشتی گەیشتن ئەمەندە زەحمەتە؟

من لە منداڵیی خۆمەوە بە ئاشتییانە و برایانە پێکەوەژیانی تورک و کورد دەزانم، لە ساڵانی یەکەمی کۆماریدا لە گوندێکی تورکماندا وەک منداڵی تاکە بنەماڵەیەکی کورد لەدایک بووم، گەورە بووم، لە ماڵماندا تەنیا بەکوردی و لە گونددا بەتورکی قسەم دەکرد. ڕۆژێکیش خۆم بە بێگانەیەکی دەرەکیی جیاواز هەست پێ نەکردووە. من بە ڕۆشنبیریی تورکمان دەوڵەمەند بووم. برادەرانیشم گۆرانیی کوردی لە منەوە فێر بوون. ڕۆژنامەوانیم لە خۆرهەڵاتدا دەست پێ کرد، لە خۆرهەڵاتدا شتێلێکم بینی بڕوا ناکرێ، بەزنجیرە، شێخان و هەرگیز تێکەڵ نەبوونی دەوڵەت لە حوکمڕانیی شێخان، بەر لە شەست ساڵ لەم ناوچەیەدا گەلێک شتم دی.. باوەڕ ناکرێ.

بەڵێ، کوردەکان و تورکەکان هەزار ساڵە پێکەوە دەژین، لە سەردەمی عوسمانیدا چەند میللەتێک پێکەوە دەژیان، میللەتێلێکی بەدناوکراو، بەکەم دانراو، قەوارەیەکیان نەبوو. لە ساڵانی دواییدا گۆڕا. بزووتنەوە نەتەوەییەکان دەستیان پێ کرد و هەندێک لەو میللەتانە سەربەخۆییان سەند و هەندێکیش چوونە ژێر کۆتی وڵاتە خۆراواییەکان. ئەمانە کوردیان لەنێودا نەبوو، کوردەکان گەلێک هەلیان بۆ ڕەخسا، داوای سەربەخۆییان نەکرد. ڕووسەکان گیانیان دەدا ئەوان

لەگەڵ کوردانی قەفقاس یەکخەن. مالّ بە مالّی کوردستان گەڕان. بە میوانی لەلای بەگگەلی کورداندا مانەوە، زمانیان ڕشت، هەرچییان کرد و نەکرد بۆیان نەچووە سەر.

لەم هەزار ساڵەدا کورد ڕووداوی زۆری بەسەردا هاتووە، کوردەکان لە هەزار ساڵدا تەنیا چەند شەڕێکیان کردووە. لە سەدەی نۆزدەدا دوو ڕاپەڕین بەرپا بووە. لە سەردەمی کۆماریشدا ٢٩ ڕاپەڕین سەری هەڵداوە، پڕبایەختریانیان ئەوەی بەر لە ڕێژیمی کۆماری، لە ١٩٢٠دا یاخیبوونی قۆچگیری بوو، هەر وەک لەشکر نەبوویێ، سەرکوتکردنی قۆچگیری سانا نەبوو. ٩٣ نوێنەری کورد لە ئەنجوومەندا بەیاننامەیەکیان نووسی و ناردیانە کوردستان: بەوەی کە تا شەڕی ڕزگاری کۆتایی دێ ئێمە هەر لەگەڵ تورکاندا دەبین و بەسەر یاخیبوونی قۆچگیریدا درا. دوای کۆماریش یاخیبوون یەک بەدوای یەکدا هاتن.

لە هەڵە بەولاوە چی هەیە، هەڵەکان لە شیاو نەدەچوون، با هەندێکیان بڵێین، بەهیچ جۆرێک شتێک نییە پێی بڵێن کورد، کوردەکان هەر نین، دوای شەڕەکان کۆیلەی منداڵانی تورکن. ئەوانەی دەیانەوێ ئەمانە بزانن با ئەو ڕۆژنامانە بخوێننەوە کە دوای یاخیبوونی ئاگریداغ دەرچوون. بەکەمزانینی مرۆڤێک، گەلێک، بەمرۆڤ نەزانینیان لە کوشتنی مرۆڤ خراترە.

کوردەکان زمانیان نییە، زمانیان زمان نییە " کرتەکرت "ە. ئەم زمانە کارکورتە نەبووەش قەدەخەیە. زۆربەی ئەو فەرمانبەرانەی نێررانەتە ناوچە کوردییەکان تاوانیان ئەنجام داوە، گەندەڵ و بەرتیلخۆر بوون. گوندییانی خۆرهەڵاتی نەنادۆڵ نەیاندەتوانی بگەنە لای ئەو فەرمانبەرانە، کارێکیان کە دەکەوتە لای حکوومەت لە جیاتیی ئەوان ئاغاکان و بەگەکان دەچوون. بەگەکان و ئاغاکان هەموو شتێکیان لە جیاتی ئەوان دەکرد. هەر بەگەو فەرمانبەری تایبەتیی خۆی هەبووە، ئەمە، ئەگەر بەگەکان نەنێررابنە تاراوگە.

بەم جۆرە حکوومەت خەڵکی کوردی فرێ داوەتە ناو باوەشی ئاغا و بەگەکان. خەڵک پەنایان بردووەتە بەر ئاغایان و بەگەکان. ئەو کارانەیان کە بە حکوومەت بوو، ئاغاکان و بەگەکان بۆیان ئەنجام داوە. بەم جۆرە خەڵکانی کورد نەک حکوومەت بگرە ئاغاکان و بەگەکان بەڕێوەیان بردوون.

لەم ساڵانەی دواییدا " قۆروجی ــ چەکداری سویلی سەر بە حکوومەت"، یان باوکیان بەکار دەهێنن، جێی ئاغا و بەگەکانیان گرتووەتەوە. چەکی دەوڵەتیان بە دەستەوە هەیە، زەویوزاری ملیۆنەها کورد لەوانەی قۆرۆجی نین، باخچەیان، وەک مالّی باوکی خۆیان بەکار دەهێنن، بەسەر زەویی ئاوارەکراواندا دەخەون، ئەوانەی بەهەر شێوەیەک لە تاراوگە دەگەڕێنەوە سەر زەویی خۆیان، قۆروجییەکان نایاندەنەوە. ڕۆژنامەکان هەموو ئەمانەیان نووسیوە، بەڵام کێ گوێ لە ڕۆژنامە دەگرێ.

بیرمان لەوە نەکردووەتەوە بۆچی هەشتا ساڵە ئەم پیاوانە بە چیاوەن، چاوەڕێی ئەرکی هاونیشتیمانییەتییانمان لێ کردن و خزمەتگەلێکی وەک پەروەردە و تەندروستی و دراوخستنەکارمان نەدانێ کە دەوڵەت دەبوو بە هاوولاتییانی خۆی ببەخشێ، وەک مرۆڤ، وەک

هاوولاتی به ئاوەزاندا نەهاتوون، مافەکانیانمان نەدانێ.

ئەم ناوچەیە هەشتا ساڵە هەناسەیەکی نەداوەتەوە، چاک دەیانزانی شکست دەخۆن، چاک دەیانزانی دوای یاخیبوون چییان بەسەردا دێ، کوردەکان دیسان یاخی بوونەوە، من ئەم " چاک دەیانزانی " کە نازانم. بە زانینەوە بەرەو پیری مردن چوونی مرۆگەلێکی زۆر دەزانم، شێخ شامیل دەزانم. مردنی چەند کۆمەڵێک دەزانم، بە زانینەوە بیست و نۆ جاران بەرەو پیری مردن چوونی کوردان دەزانم.

هەر سەردەمەو سەردەمێکی جودایە، ولاتە شارستانییەکان لەگەڵ ئەو سەردەمانەدا گونجاون کە دروستیان کردوون. کەچی ئێمە نەمانتوانیوە ببینین دنیا تا کوێ بڕەکا. لە دنیای شارستانی و سەردەم دواکەوتین. ئەمە بۆ نەتەوەیەک هەڵوێستێکی ترسناکە. ولاتمان ولاتێکی دیموکرات بووایە، لەناو مرۆڤایەتیی شارستانیدا بە سەربەرزی جێی خۆمان دەکردەوە. گەلێکی دیموکراسییەسندە. سەرەڕای ئەم هەموو هەڕەشەیە، بەرپا نەبوونی جەنگێکی ناوخۆ، بەڵگەی ئەمە بە دەستەوە دەدا. ئێمە ئەو هێزەی بە ئومێد دەزانین کە مرۆ دەکاتە مرۆ. مرۆڤایەتی ڕۆژێک هێزی نەزانراوی ئومێد دەهێنێتە گۆڕێ. ئەم ئومێدە نوێیەش شادی بە مرۆگەل دەبەخشێ.

وەی لۆلۆ، وەی لۆلۆ، وەی لۆلۆ

گەلێک گۆرانیی بەناوبانگی کورد بەمە دەست پێ دەکا.

* سەرەککۆمار لەم ڕۆژانەی ڕابوردوودا، بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد باسی لە هەلی مێژوویی کرد. لەم دۆزەدا کە وەک دۆزی یەکەمی سەرەککۆماریش و تورکیاش ناسێنراوەتەوە، ئایا ئیدی کاتی چارەسەری هاتووە؟

سەرەککۆمار نیازی باشە، ئەمە دۆزی سەرەکیی تورکیایە. دۆزی کورد دۆزی هاوچەرخیەتیی تورکیایە. دۆزی کورد دۆزی دیموکراسیی تورکیایە. لە دامەزرانی کۆمار بەملاوە چاوی دەسەلاتداران کوردەکانی نەبینیوە، لەوپەڕی ئەنادۆڵدا ئافەریدەگەلێک دەنوون، بەڵام جار و بارێک تیر و کەوان بەدەست، وە ئاگا دێنەوە. ئەو ئافەریدانە دەکوژن. ئەوانەشیان کە نایانکوژن لەگەڵ مالّ و منداڵیاندا بەرەو تاراوگە ڕاپێچ دەکەن. تا ئێستاش هەر باسی ئەوە دەکرێ کە دەسەلاتدارانی ناوچەکە لە دەرسیم " دێرسم "دا دەڵێن: قەت شتێلێک هەیە لە مرۆڤ بچن و.. پێ دەکەنن. دەڵێن لەم کێوەدا قەت شتێلێک هەبووە لە مرۆڤ بچن و.. ڕادەبوێرن. دەڵێن کارتکورتەکان کوێرە هەڵاتن و.. کەیفیان پێ دێ.

ئێستاکە ئیدی سەرەککۆمار کەسێکی تەنیا نییە، مرۆڤایەتیشی لەگەڵدایە و پێکەوەن، ئەو دەسەلاتدارانەی پەی بەمە نابەن ئەوە خۆیان دەیزانن.

سەرەڕای ئەوەی مستەفا کەمال ئەتاتورکی سەرکردەی گەورە ڕێی پێشان داوە، دەسەلاتداران

ڕێیەکەیان نەبینیوە. ئەوانەی تورکیایان خستووەتە ئەم هەڵوێستە زیاتر دەجووڵێنەوە. ئەمانە کێشەلن، کێشەل ئەم نەتەوەیەیان گەیاندووەتە ئەم هەڵوێستە؟ کەس نازانێ ئەمانە کێن. سەرەڕای هەموو شتێک تورکیا دەگاتە دیموکراسی، سەرەککۆمار، هێزی بە مرۆڤە شەڕ نەویستەکانی تورکیا بەخشی. ئەم هێزە تا دێ گەورەتر دەبێ، تا دێ زۆرینەی نیاز چاک ڕاستییەکە دەبینن. تورکەکانیش و کوردەکانیش هیچ کاتێک جودابوونەوەیان نەویستووە. هیچ هێزێکیش پێی ناکرێ ئەوان لەیەک جودا بکاتەوە. ئەو بەدکارانەی باش لەمە تێ دەگەن، لە شەرمان دەبێ لە جێیەک بگەڕێن خۆیانی تێدا بشارنەوە. ئەوەندە زەحمەت نییە کە بیری لێ دەکرێتەوە، گەلێکی وەک گەلی کورد بە ئاسانی ئەوانەی سەر چیا دەهێنێتەوە خوارەوە. لە حەوت ساڵییەوە تا حەفتا، لە هیچ بارودۆخێکدا، کەس حەز لە مردنی براکانی، منداڵەکانی ناکا. گەلی کورد ئاشتیی دەوێ. هەر شتێک هێزیان بەسەردا بشکێتەوە دەکرێ، ئەو شەڕ دەبێتە ئاشتی، من کوردەکان دەناسم، لە کوردیدا گوزارشتێک هەیە، کوردەکان دەمرن واز لە قسەی خۆیان ناهێنن. ئەمە لە هەر کەسێک دەپرسی پێوەندیی بە کوردەوە هەبێ، بپرسە، ئەمە وەهایە.

* ولاتی ئەورووپیش هەن دۆزی هاوشێوەیان هەبووە، ئەوان ئەم کارەیان بە مافی ڕۆشنبیرییانە و سیاسییانە چارەسەر کردووە. داخۆ ڕەوتی یەکەتیی ئەورووپایی دەتوانێ کاریگەرییەکی لە چارەسەری دۆزی کورددا هەبێ؟

لە ولاتە ئەورواییەکاندا کەمینەی نەتەوەیی هەن. ئەمانە سالانێکی دوور و درێژ لە ولاتەکانی خۆیاندا ماونەتەوە، جەنگیون، سەرکەوتوون، دۆڕاون کە گەیشتووەتە کاتی خۆی لەگەڵ دەسەلاتدارانی ولاتانیان ڕێککەوتوون. بەزمانی خۆیان ڕۆشنبیری خۆیان گەیشتوون، بەبایەخترینی ئەمانە کەتالۆنیاییەکانن، سەد ساڵە ئەو کەتالۆنییانەی لەگەڵ ئیسپانییاندا بەیەکدا دەدەن، لەگەڵ ئیسپانییاندا ڕێککەوتن، بوونە یەک. ئێستاکە کەتالۆنیاییەکان زۆر بەختەوەرن. چەند سەعاتێک لەگەڵ " ژۆردی پوژۆل " ی سەرۆکە بە ئەفسانەبووەکەیاندا ئاخاوتین. باسی ئاشتیی لە سەرەتاوە تا کۆتایی کرد، سەرۆکیش وەک هەموو کەسێک بەختەوەر بوو. ئاشتی بەختەوەرییەکی گەورەی لە بڕواکردننەهاتووی بۆ هەردوو نەتەوە هێناوەتە کایە. بە زمانیان و بە ڕۆشنبیرییان شاد بوون. ئەو زمان و ڕۆشنبیرییە کە نەک تەنیا هی ئیسپانیا، بگرە مرۆی بۆ دەوڵەمەندیی ڕۆشنبیریی هەموو دنیا پێ گەیاندووە، لە وێنەکێشیدا وەک میرۆ، تاپیەس، دالی، لە بیناسازیدا، گۆدی، بۆفیل، لە مۆسیقادا ، ئالبەنیز، کاسالۆ، کابالێ، کارریراس.

برادەرێکی ڕۆژنامەنووسی کەتالۆنی کە یەکتریمان ناسی دەیگوت: ئێستاکە ئەگەر ئێمە لە ئیسپانیا جودا بکەنەوە ئێمە دیسانەوە بۆ سەد ساڵی تر دەچینەوە سەر چیا، خۆزگە زمانمانتان دەزانی و لەگەڵ خەڵکی کەتالۆنیدا قسەتان دەکرد. ئەوانیش هەر ئەو قسانەتان پێ دەڵێنەوە کە من بە ئێوەم گوتن.

کەتالۆنیا لە سەد ساڵەوە دەوڵەمەندترین ناوچەی ئیسپانیایە، ئەمڕۆش هەر وایە.

یەکەتیی ئەورووپا تێکەڵوپێکەڵە. هەیانە تورکیایان خۆش دەوێ، هەیانە خۆشیان ناوێ. لە کاتێکدا تورکیایەکی دیموکرات بۆ یەکەتیی ئەورووپا زۆر یارمەتیی دەبێ.

دۆزی کورد ڕووداوێکە هێزی تورکیا لە جیهاندا پەک دەخا. بیست ملیۆنی لە مافەکانی بێ بەش مابنەوە، تورکیا نەگەیشتبێتە دیموکراسی. یەکەتیی ئەورووپا لە هەمبەر تورکیا لە سەرسام دەکا. نازانن چی بکەن، دەسەڵاتدارانی تورکیاش لە دیموکراسی دەترسن، لە وڵاتێکی دیموکراتیدا نەک خەڵکێکی نزیکەی (٢٠) بیست ملیۆنی، تەنانەت تاکە یەک مرۆڤیشی لە مافەکانی بێ بەش نابێ.

بەهەر هۆیەکەوە بێ بۆ هەموو شتێک، یەکەتیی ئەورووپا یارمەتیی تورکیا نادا. ئەمەم بەهیچ شێوەیەک پێ شی نەکرایەوە. داخۆ دەیانەوێ تورکیا لە دیموکراسی بێ بەش بمێنێتەوە، کەچی دامەزرێنەرانی یەکەتیی ئەورووپا بەر لە هەموو شتێک دامەزرانی دیموکراسییەکانیان دەوێ لە هەموو ئەورووپا، لە گشت جیهاندا دامەزرانی دیموکراسییان دەوێ، یەکەتیی ئەورووپا ئومێدێکی گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی.

* کە پاداشتی گەورەی ڕۆشنبیری و هونەری سەرۆکایەتیی کۆمارتان وەرگرت، گوتبووتان: " لەمەودوا هەموو ئەو خەڵکانەی لە ئەنەدۆڵدا دەژین زمانی دایک بەکار دەهێنن، بە زمانی دایکی خۆیان فێر دەکرێن، کتێبان دەنووسن، فیلم بەرهەم دەهێنن ". ئەمانە لە بنەڕەتدا مافەکانی مرۆڤن. دان پێدانانیان چارەسەری بنەڕەتی بەدەست دەهێنن؟

بڕوانە برا، من بیر و بۆچوونی گەورەم هەن کردوومنەتە کۆڵەکەی زمانم، ئەم بیر و بۆچوونانەم لەوانەیە کاریگەریی پیاوە گەورەکانی سەردەممانیان بەسەرەوە هەبێ، هەرچییەک بێ، ئەم بیر و بۆچوونانە لە سەرووی ئەو ڕاستییانەوەن کە هێندەی ئەو ڕاستییانەی سەردەممان و وڵاتەکەشمانن کە دەستیان لێ هەڵناگیرێ.

لە لاوێتیم بەملاوە گوتوومە جیهان باخچەیەکی هەزار گوڵیلکییە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانین جیهان لە زۆرینەیەکی لە ژماردن نەهاتووی باخچەی گوڵیلکانە. دیسان لە لاوێتیم بەملاوە هەر گوتوومە جیهان باخچەیەکی ڕۆشنبیریی هەزار گوڵیلکییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین کە جیهان باخچەیەکی ڕۆشنبیریی هەزاران گوڵیلکییە. ئەگەر ڕۆشنبیرییەک لە جیهانمان بکەینەوە، ڕەنگێک، بەرامەیەک، دەوڵەمەندییەکی جیهانمان لەناو بردووە. بە درێژاییی مێژوو ڕۆشنبیرییەکان یەکترییان پەروەردە کردووە. کاریان لە یەکتری کردووە، یەکترییان موتوربە کردووە، شارستانییەکان و ڕۆشنبیرییەکان، تا ئەم سەردەمەمان، هەرگیز زیانیان بە یەک نەگەیاندووە،

یەکترییان نەکوشتووە.

ئەنادۆڵ خاکێکی فرەڕۆشنبیرە، فرە زمانە، فرە ئاینە. چونکە ئەنادۆڵ دەریای سپیشە، میسۆپۆتێمیاشە، قەفقاسیاشە، دەریای ڕەشیشە. ڕۆشنبیرییەکانی ئەنادۆڵیش بە درێژاییی مێژوو هەموو یەکترییان پەروەردە کردووە، یەکترییان موتوربە کردووە. ئەگەر بەتەنیا تەماشای ڕۆخەکانی دەریای ئەگە " ئیجە " ی ئەنادۆڵی بەر لە زاین بکەین، بوونی زمانەیلێکی زۆر و بڕە ڕۆشنبیرییەکی زۆر دەبینین، ئەم ڕۆشنبیرییانەن کە فەیلەسووفان و هۆمیرۆس و سەدان بەرهەمی سەرەکییان ئەفراندووە. ژێدەرییان بۆ ڕۆشنبیریی مرۆڤایەتی کردووە.

ئەمڕۆش لە ئەنادۆڵدا ڕۆشنبیرییەکی زۆر، لە دامەزرانی کۆماری بەملاوە، بە کوێری و شەلی لە ژیاندان. لە ئەنادۆڵی فرە ڕۆشنبیریدا ویستی بە تاکە ڕۆشنبیریکردنی ڕۆشنبیریی تورک و بالادەستکردنی زمانەکەی، هەموو ئەم زمان و ڕۆشنبیرییانەی قەدەخە کردووە. بە کۆششی دەست بە سەردەمەوە گرتن، دەوڵەندییە ناوەخۆییەکان و دەستپێکە بە زیندوویی ڕاگرەکانی سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکان و پەیمانگە گوندییەکان و خانەمیللییەکان لەناو بران. بەم جۆرە زمانی تورکی، ڕۆشنبیرییەکەی لاواز کرا. بۆنمونە ئەو کوردانەی هەموو کات سێ یەکی سەرژمێری ئەنادۆڵ بوونە، بە ئازادی مانەوەی زمان و ڕۆشنبیریان، زمان و ڕۆشنبیریی تورکیشی دەوڵەمەند دەکرد. ڕۆشنبیریی تورکیش ڕۆشنبیریی کوردی دەوڵەمەند دەکرد. زمانەکانی چەرکەس، لاز، زمانە قەفقاسییەکانی دی، عەرەبی، سوریانی، ئاسووریش یەکترییان موتوربە دەکرد، دەوڵەمەند دەکرد. هەروەها تورکیش و کوردیشیان دەوڵەمەندتر دەکرد. وەک ڕۆشنبیرییە کۆنەکانی ئەنادۆڵ کە ژێدەرییان بۆ ڕۆشنبیریی مرۆڤایەتی کردووە. ڕۆشنبیرییەکانی ئەمڕۆی ئەنادۆڵ، ئەگەر نەشتوانێ ئەوەندەی کۆنەکە ژێدەری بۆ ڕۆشنبیریی مرۆڤایەتی بکات دیسان دەیتوانی یارمەتییەکی زۆر پێشکەش بکا.

کە خوێندن و نووسین لەنێو کورددا قەدەخە کرا، ناچاری پەنابردنە بەر ئەدەبییاتی سەرزارەکی بوون، داستانەیلی گەورە، گۆرانی، لاواندنەوە، ئەفسانەیان خوڵقاند. هێزی وشەیان لە ئەدەبییاتی سەرزارەکیدا تاقی کردەوە. هونەری ئەفسووناوییان پەرە پێ دا.

ئەمڕۆ زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی کوردیش بەمە نازانن. هی تریش دەستیان لە کۆکردنەوەیەکی پتەو و ڕەگ داکوتاوی فۆلکلۆر وەرنەداوە، ئەمڕۆ زانکۆکانی تورکیا پەیمانگەی زمان و فۆلکلۆر و ئەدەبییاتی کوردییان تێدا نییە، هەموو شتێک ئەوەی پێشان داوە کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی تاک ڕۆشنبیری لە ئەنادۆڵدا دژی هەموو جۆرە دەوڵەمەندییەکی تورکیایە. ئەنادۆڵ ولاتێکی ڕۆشنبیری مۆزاییکە. گەورەییشی و دەوڵەمەندیشی بەهۆی دەوڵەمەندیی ڕۆشنبیرییەکانی و زمانەکانییەتی. بێبەشکردنی تورکیا لەم هەلە گەورانە، ولاتەکەی خستووەتە ئەم بارودۆخەی ئێستای. دەسەلاتیشی بە سەمەرەیەکی ئەوتۆ گێڕاوە کە دیار نەبێ چییە و چی نییە. ئایا تورکیا ولاتێکی دیموکراتییە، بە دیکتاتۆرییەتێک بەڕێوە دەبرێ؟ تەنانەت ئەوانەی ولاتەکەش بەڕێوە دەبەن لە

توانایاندا نییە لە کارەکە دەرباز بن. دەسەڵاتێک کە دیار نییە چییە. هەموو شتێک تێکەڵوپێکەڵە. کوردەکانیش بەرگری لە زمان و ڕۆشنبیرییەکەیان دەکەن. دەسەڵاتیش دەڵێ ئیللا ئێوە سەربەخۆییتان دەوێ. دەڵێ ئەگەر ئازادی بە ڕۆشنبیری و زمانی ئێوە بدەین، ئێوە سەربەخۆییشتان دەوێ، سالانێکە شەڕێکی ناڕەوا و بەدکار و بێ واتای باوەڕ پێ نەکراو درێژەی هەیە و بەڕێوە دەچێ. لە ڕووی ئەم شەڕەوە تورکیا ئازارێکی زۆری چەشتووە، ئەو دەسەڵاتەش کە لە تورکیا بە دیموکراتیمان زانی ئازارێکی زۆری چەشت. چی بکا و بۆ کوێ بچێ نازانێ. لەو ناوەدا بە شڵەژاوی ماوەتەوە. دیموکراسی یەک پارچەیە، دیموکراسی دەبێ بۆ هەموو مرۆڤایەتی بێ، هەموو دیموکراتە ڕاستەقینەکان، لە هەر کوێیەک دەبن با ببن، دەبێ ئەوەندەی لە دەستیان دێ یارمەتیی ئەوانە بدەن کە دەیانەوێ بەرەو دیموکراسی بچن، یاریدەی ئەو مرۆڤانە بدەن لەپێناوی دیموکراتیدا دەجەنگن. هەروەها من بڕوایەکی ڕەگ داکوتاوم هەیە کە بڕوا ناکەم بگۆڕرێ، ئادەمیزاد هەموو کات گەشبینە. خۆشیی ژیان لە ناخی مرۆڤدا نەمرە، هەر بەم جۆرە مرۆگەلی وڵاتەکەم کە لەسەر خاکی ئەم ڕۆشنبیرییە بە ڕەونەقە دانیشتووە، لەو بڕوایەدام وەها نامێنێ، سەرلەنوێ ئەم خاکی ڕۆشنبیرییە بە پیتە دەژێنێتەوە، زوو بێ یان درەنگ بە دیموکراتییەکی ڕاستەقینە شاد دەبێ و یارمەتیی خەڵکانی دیموکراتی ئەو وڵاتانە دەدەین کە لە هەموو جیهاندا بۆ دیموکراتی دەجەنگن.

* گوتتان کورد، بەرگری لە زمان و ڕۆشنبیریی خۆیان دەکەن. دەسەڵات، دەڵێ ئیللا ئێوە سەربەخۆییتان دەوێ. پێویست دەکا کەمێک لەسەر ئەمە ڕاوەستین، هەن لەو بڕوایەدان، خوێندن بە زمانی دایک و مافە ڕۆشنبیرییەکان ڕێ بۆ لەتکردن خۆش دەکا. بەرامبەر ئەم پارێزگارانە چی دەڵێن؟ کەوابێ ئەم قسەیە لە چ سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێ؟

هەموو ئەمانەی باستان لێوە کردن لە دیموکراسییەکاندا بەشێکن لە مافەکانی مرۆڤ، کۆششی مرۆڤە دیموکراتەکان، تەنانەت بەخشینی گیانیش لەپێناوی ئەمانەدایە و بۆ ئەمەیە. لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا ناگوترێ ئەم مافانە لە دەرەوەی دیموکراسیدان. وەک لای ئێمە مافەکانی بیست ملیۆن کەس پێشێل ناکرێ. ئایا کوردەکان ئەرکەکانی هاووڵاتیبوونیان جێبەجێ کردووە؟ تاکە ڕێی بە دیموکراتی گەیشتن چیاکان نییە. وەک چۆن ئادەمیزاد داگیرکاریی لە ڕیشەوە هەڵکەندووە، ناهەقییەکانیش لە ڕەگەوە هەڵدەکێشێ و فڕێیان دەدا. بۆ ئەمە پێویست بەوانەی سەرچیاکان نامێنێ. هەموو ئەوانەی سەر چیاکانیش دەبێ بزانن، دەسەڵاتدارانیش دەبێ بزانن. ئەمڕۆ وەک ئەو ڕۆژانەی دامەزراندنی یەکەتیی ئەوروپا بووایە، ئەوروپا دەبووە میانبین، ئەم شەڕەی لە یەکەم ڕۆژانیدا لەناو دەبرد. دەسەڵاتدارانی تورکیا ئەگەر بەچاوی دوژمنانەوە سەیری کوردیان نەکردایە ئەم شەڕە هەر لە سالە بەراییەکانیدا لەنێو نەدەما. چونکە گەلی تورک و گەلی کورد هەزار سالە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

برایانە ژیاون. دوای دەست پێکردنی شەڕ، خەڵکەکە لە شەڕوانان پتر ئەرکیان کێشاوە، لاپەڕەگەلێکی ڕەشیان ناوەتە سەر مێژوو. وەک بڵێی کوردەکان بۆ هەزار ساڵەیان نەبووبن، دوژمنیان بوون. وەک بڵێی شەڕی ڕزگارییان پێکەوە ئەنجام نەداوە.

* زمانی دایکیان چۆن تورکیا دابەش دەکا، ئایا لازەکان، چەرکەسەکان، ئاسوورییەکان، لە ئەدەنە، لە مێرسین، لە خەتای، لە ئورفە، ئایا ئەو عەرەبانەی لە سنعرددان، کوردەکان، کە هەزار ساڵە لەگەڵ تورکدا دەژین؟ ئایا ئەوانەی ئەمانە دەڵێن دۆستی تورکیان؟

من لەوەتیی خۆم ناسیوە بەکەسم نەگوتووە خائینی نیشتمان، مرۆڤێک بۆچی خیانەت لە نیشتمانی خۆی دەکا، لەمە تێ نەگەیشتووم. بۆچی ئەوانەی دەڵێن تورکیا دابەش دەکرێ، ئەم درۆیانە دەکەن؟ مرۆڤ چۆن بڕوا بە درۆکانی ئەمانە دەکەن، هیچ لەمە تێ گەم.

بیر لە شتێلێکی خراپ خراپیش دەکەمەوە، (قورقوشم بەگوێی شەیتاندا بکرێ)، یان ئەمانە بۆ خۆش کردنەوەی شەڕی ناوەخۆیی ئەم دابەشکردنەوەیەیان داهێناوە. ئەوانە با ناولەپیان بلێسنەوە. هەزار ساڵە لە کارەساتی دوای کارەساتدا ژیاون، لە بەرامبەر کارەساتەکاندا لە برایەتی دانەبڕاون. لەمەو دواش هیچ هێزێک ناتوانێ بۆ سەرەڕۆییەکی وەک دابەشبوونەوە لێکیان دابڕێ. بەسە بەسە بەسە گەنجی وەک فەلینتا "جۆرە تفەنگێکی کورتە" و منداڵانمان تێدا دەچن.

ئەوەی کوردەکان دەیانەوێ چییە، ئەم پرسیارە زۆریش ناپرسرێ. لە کاتێکدا شادەماری دۆزەکە لێرەیە، کەمن ئەوانەی لەمە نزیک دەکەونەوە. هەشتا ساڵە کەس بەپێی پێویست لەسەر ئەم بابەتە نەوەستاوە، دەڵێن: هەبێ و نەبێ مەبەستیان دابەش بوونەوەیە. کورد دابەش بوونەوەی ناوێ. نەویستنی دابەش بوونەوە لەوەی دەیانەوێ جوداو دیارە.

هەموو کەسێک دەزانێ کوردەکان چییان دەوێ، ئیدی دەزانن، ئەوان دەیانەوێ بڵێن، ئەگەر ئەوەی لە ئێمەی داوا دەکەن بیاندەینێ، داوای دابەش بوونەوەشمان لێ دەکەن. دەزانن ئەمە درۆیە. ئەم جەنگە ئەوەندە ساڵییە لەپێناوی ئەم درۆیانەیە. مەرگی لاوۆکەکان لەپێناوی ئەمەدایە. کێ دەتوانێ هۆی ئەمە بە ولاتەکەمان تێ بگەیەنێ. بە دایکی شەهیدان بە باوکیان، بە براکانیان، بە خزمەکانیان، کێ دەتوانێ تێیان بگەیەنێ کێ؟

ئەدی ئابووری، ئەدی ئەو دەستکورتییەی لە ولاتەکەماندا هەیە. ئەو خاکە بە پیتەی خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵە چیی لێ هات، پسپۆڕەکان با لەمە بکۆڵنەوە بزانین چی دەبینن، ئایا ئاژەڵداری کۆتایی نەهاتووە، با ئەمە ببینن، مرۆگەل بە بەهای کەللەسەر لە قاچاخچییەتی وەربوونە، لە کاتێکدا ئەم خاکە خاکی شارستانییەکانە، شارستانییە گەورەکان هەموو لە خاکە بە پیتەکاندا پەرەیان

سەندووە، ئێستاکە ئەم زەویيانە زەویی مردوون، ئەم شەڕ گەلەکەمانی پەرێشان کردووە، ئەدی قۆروجییەکان –" چەکدارە بە کرێ گیراوەکانی سەر بە دەوڵەت – وەرگێڕ" ، ئایا دەوڵەتێکی ئەم سەردەمە کە لە دەوڵەت بچێ دەکرێ هەڵبژاردەیەکی هەبێ، دەتوانرێ لەژێرباری ئەم خەوشەوە هەڵسینە سەر پێیان؟ ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی ئەم خەڵکە سەربەرزەشە، دەوڵەتێک پاسەوانی چەکداری نابێ، دەڵێن: ئەوانەی مندالان، مێردمندالان، ئافرەتان، بەسالداچووان دەکوژن، دەڵێین ئەوانە (pkk) ئەوانی کوشت. بەشێکی ئەوانەش "قۆروجی" بوون. هەرکێیەک دەبی ببە، دەتوانی لەژێر ئەم بارەوە هەڵسیتە سەر پێ؟ هەموومان لەم کارە پڕمەترسییە بێدەنگ بووین. کێ ئێمەی بێدەنگ کرد؟

* کورد لەپێناوی ئاشتیدا ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ هێناوە؟

کوردەکان ئەم هەموو سالّە داوای چیان کردووە، ئێستا چیان دەوێ؟ ئەگەر ئەم هەلەش لەدەست بدەین کوردەکان چی دەکەن؟ ڕووی گەشی تورکیا لە جیهاندا ئەگەر ئەوانیش نەگرێتەوە چی دەکەن؟ لەمڕۆ بەدواوە نازانرێ چی دەکەن. گریمان ئەوا (pkk)ش بەم شێوە، یان بەو شێوەیە لەناو نەما چی دەکەن. بەپێی کات و بەردەم چی دەکەن، لە ئێستاوە بینینی ئەمە زەحمەتە.

لەمەودوا با لە هاوولاتییە شەرپەرستەکان بپرسین، شەرپەرستان هەموو شتێک لە هەموو کەس باشتر دەزانن، ئەوەندەی قازانجەکانی خۆیان، ئەوەندەی بەرامبەر هەموو شتێک قازانجی خۆیان دەزانن. پێشتر کوردەکان لە لۆزان هاواریان کردووە، گوتوویانە " ئێمە کەمایەتی نین ". لە هەشتا سالّ بەم لاوەش هەر هاوار دەکەن. ئێمە کەمایەتی نین، بەڵام دەسەلاتداران گوێیان لەم هاوارە نەگرتووە. ئێدی گوێی لێ ناگرن. کەچی جیهان گوێراوە، لە هەندێک ولاتدا تەنانەت کەمایەتییەکانیش بە مافە مرۆڤایەتییەکانیان گەیشتوون.

کوردەکان لەم ڕۆژانەشدا پتر هاوار دەکەن. ئێمە کەمایەتی نین، هەرچییەک بین ئەم ولاتە دابەش ناکرێ. ئەوەی نابیستێ ئەمەش نابیستێ، پێی نابیسترێ. من بە ئێوە گەشبینم، هەموو کات گوتوومە من نووسەری گەشبینیم. هەر منیشم گوتوومە مرۆزادە ئومێد لە نائومێدییەوە دەخولقێنێ، بڕواشم بە مرۆڤانی ولاتەکەم هەیە. لەگەڵ جیهاندا پێکەوە ئەوانیش دێنە گۆڕان.

ئەدەبی کوردی لە یەکەتیی سۆڤیەت

د. تۆسنێ ڕەشید

پێشەکی

ئەم گوتارە هەڵسەنگاندنێکە بۆ ئەدەبی کوردی لە یەکەتیی سۆڤیەت کە لە چاپکراوەکانی "ریا تەزە"یە لە ئەرمەنستان (یێرێڤان)، لە ساڵی ١٩٣٠ دەست پێ دەکات و تا ڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ بەردەوام دەبێ.

ئەدەبی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت بەشێکی گرینگە لە ئەدەبی کوردی، بۆیە شاعیر و لێکۆڵەر "فەرهاد شاکەلی" دەنووسێ: "ئەدەبیاتی کوردی سۆڤیەتی جاران بەشێکی خۆشەویست و گرینگی ئەدەبیاتی کوردییە و دەبێ بیناسین و لە چوارچێوەی سامانی نەتەوایەتیماندا جێگەی بکرێتەوە و توێژینەوەی لەسەر بکرێ."[١]

گرینگی ئەم گوتارە لەوەدا خۆ دەبینێتەوە کە وەکو لێکۆڵینەوەکانی یەکەتیی سۆڤیەتی جاران بەم مژارە چاپ کراون، بە گشتی لەسەر مێژووی ئەم ئەدەبە نووسیویانە، بە چاوێکی ڕەخنەیی تەماشای ئەم ئەدەبەیان نەکردووە، ئەگەر هەندێک دەستکەوتیشیان دیاری کردبێ، باسیان لە کەموکورتییەکان نەکردووە. لەلایەکی هەمیشییەوە لێکۆڵینەوەی کۆتایی لەسەر ئەم مژارە ساڵی ١٩٧٠ چاپ بووە.[٢]

ئەو لیکۆڵینەوانەی کە لە دەرەوەی یەکەتیی سۆڤیەتیش چاپ کراون، زۆربەیان تەنیا لەسەر ئەدەبی ساڵانی ١٩٣٠–١٩٤٠ نووسراون، و بەتەواوەتی باسیان لە ماوەی ئەو ئەدەبە نەکردووە.(٣)

چەند گوتارێک کە لە بەشەکانی کوردستان چاپ کرابوون، گەیشتنە بەردەستمان، بە وردی لەم

(*) وەرگێڕانی لە کرمانجییەوە: هۆشی خەیرەدین مراد

پرسەیان نەکۆڵیەوەتەوە و تەنیا هەڵسەنگاندنی تۆماریان بۆ ئەنجام داوە،[٤] لەسەر ئەم پرسەش فەرهاد شاکەلی نووسیویەتی: "ئەگەرچی تا ئێستە گەلێک لێکۆڵینەوە لەبارەی مێژووی سیاسیی ئەو بەشەی نەتەوەییی کوردەوە نووسراوە، بەڵام ئەدەبە کوردییەی لەو بەشەی نشتیمانەکەماندا نووسراوە، بەتەواوی لە تاریکیدا ماوەتەوە و کوردی بەشەکانی تری کوردستان ئاگەدارییەکی یەکجار کەمیان لەم بارەیەوە هەیە."[٥]

ئێمە لەم گوتارەدا مێژووی پێشکەوتنی ئەدەبی کوردیمان لە یەکەتیی سۆڤیەت لەسەر سێ قۆناخ دابەش کردووە. قۆناخی یەکەم: کاتێ لە گوندەکانی کورددا قوتابخانە دەکرێنەوە، دەست بە چاپکردنی رۆژنامەی کوردی "ریا تەزە" دەکرێ و حکوومەتی کۆماری کە کوردییان تێدا بوو پشتگیریی زمان و کولتوور و ئەدەبی کوردییان دەکرد. ئەم قۆناخە تاکو ساڵی ١٩٣٨ی خایاند. قۆناخی دووەم لە ساڵی ١٩٣٨ەوە تاکو مردنی ستالین و تا ساڵی ١٩٥٥ی خایاند، کاتی ژیانی کولتووری و ئەدەبی کوردی لەسەرانسەری یەکەتیی سۆڤیەت، دەتوانین بڵێین کوژاوە بوو. لە ساڵی ١٩٥٥ەوە ئەدەبی کوردی کەوتە قۆناخی ژیانەوە، کە ناوی نوێ و شێوازی نووسراوەیی لەگەڵ خۆی هێنایەوە، خۆی لە دروشمەکانی سیاسی و کاریگەریی ئەدەبی دراوسێ ڕزگار دەکات، و بەرەو ئەدەبی کوردی گشتی دەڕوا.

پەیژەی سەرەکی

ئەدەبی کوردی، زمان، کوردەکانی یەکەتیی سۆڤیەت، ئەرمەنستان، نووسەر، شیعر، ڕۆمان، چیرۆک.

کوردی یەکەتیی سۆڤیەت هەرچەندە ژمارەیان کەم بوو، بەڵام دیسان دەرەفەتیان لە پێش کرایەوە بۆ ئەوەی تواناییی بەردەست بۆ پێشخستنی زمان، ئەدەب و کولتووری کوردی بەکار بێنن. بەتایبەت لە بواری ئەدەبدا هەنگاوی گرینگ نراوە.

کاتێ گەلیی لەسەر ئەدەبی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت دەکرێ، دەبێ ئێمە پێش هەر شتێکی ئەدەبی کوردی کۆماری ئەرمەنستان بەبیر بێنەوە، چونکە ٨٠–٩٠٪ ڕۆشنبیرانی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت، بەتایبەت کەسانی بەکولتوور و ئەدەبی کوردییەوە گیرۆدە بوون،[٦] لەم کۆمارە بوون. دوو هۆکاری سەرەکی لەبارەی ئەم دیاردەیە هەیە، هۆکاری یەکەم ئەوەیە، وەکو لە ئەرمەنستان بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد هەردەم بەهێز بوو، دواتریش حکومەتی کۆماری ئەرمەنستان زیاتر پشتگیریی پێشخستنی زمان، کولتوور و ئەدەبی کورد کردبوو.

پێش ئەوەی دەربارەی ناو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ببم، لەسەر ئەو گواستنەوانەی لە ژیانی کورداندا ڕاوەستم کە بۆ پەیدابوونی ئەدەبی کورد لە یەکەتیی سۆڤیەت بوونەتەوە بنەما.

پاش ١٩٢٠/١١/٢٩ ڕووخاندنی سوپای سوور ئەرمەنستان و حکوومەتی سۆڤیەت لەوێ دامەزرایەوە، لەلایەن حکوومەتی نوێوە بڕیار وەرگیران، وەکو بەزمانی کەمەنەتەوەکان قوتابخانە

بکرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر بنەمای پیتی ئەرمەنی ئەلفەبێی کوردی ئامادە کرا و هاوینی ساڵی ١٩٢١ پەرتووکی فێرکردنی زمانی کورد بەناوی "شەمس" لە ئەرمەنستان (شاری ئێچمیادزین) چاپ کرا. دانەری ئەلفەبێی نوێ و پەرتووکی "شەمس" دۆستێکی دڵسۆزی گەلی کورد لازۆ (هاکۆب خازاریان)بوو، ئەرمەنییەکی پەنابەر کە کوردیی باش دەزانی.

یەکەمین قوتابخانەی کوردی لە هەمان ساڵدا لە هەتیوخانەی ئەشتەرەک (ئەرمەنستان) کرایەوە. مامۆستایانی زمانی کورد نوورا ئەگیت ئاغا پۆلاتۆڤا و ئەلیخانێ سەردار شاگینۆڤ بوون.

ساڵی ١٩٢٢ لە پایتەختی کۆماری گورجستان " تبیلیس" نووسەر، هونەرمەند و چالاکوانی کۆمەڵایەتی ئەحمەدێ میرازی و لازۆ تەنیشت یانەی کرێکارانی کورد قوتابخانەی کوردی لە کاتی ئێواران کردەوە. زۆرێک رووناکبیر و سیاسەتمەداری کورد وەکو قەناتێ کورد، چەرکەزێ بەکۆ، قاچاغێ مراد، سەمەند سیابەندۆڤ و تیتال موورادۆڤ لەم قوتابخانە دەستیان بەخوێندن کردووە.

لە نێوان چەند ساڵێکدا لە گوندی کوردان لە سەرتاسەری ئەرمەنستاندا قوتابخانەی کوردی کرایەوە، دواتر بۆ بەساڵاچوونیش ناوەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری دامەزرا، چونکە لەناو کورداندا ژمارەی کەسانی خوێندەوار لەو ساڵانە زۆر کەم بوو، مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردی بەزۆرینە ئەرمەنیی پەنابەر لە باکووری کوردستانەوە هاتبوون، کە زمانی کوردییان باش دەزانی.

ساڵی ١٩٢٥ کۆنگرەی کوردی قەوقازی باشوور داوا لە حکوومەتی ئەرمەنستان دەکات، وەکو ئەلفەبێی کوردی، لەسەر بنەمای پیتی لاتینی بێتە ئامادەکردن، چونکە ئەلفەبێی بەپیتی ئەرمەنی لە گەلێک شوێن قبوولّ نەکرا. پرسی ئەلفەبێی کوردی نوێ لە گورجستان و ئازەربیجان گفتوگۆ دەکرا.[٨]

ئەم کارە ساڵی ١٩٢٨ ئیسحاق مارۆگوولۆڤ و عەرەبێ شەمۆ جێبەجێ کرا و لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠ ئەلفەبێی کوردی نوێ، کە لەسەر بنەمای پیتی لاتینی بوو، لە ئەرمەنستان و گورجستان بووەتە فەرمی و قوتابخانەکانی کوردی خوێندیان بەم ئەلفەبێیان کرد. ئەم ئەلفەبێیەش هەروەها لە ئازەربیجان و توورکمەنستان هاتە پەسەندکردن و تا ساڵی ١٩٣٨ بەکار دەهێنرا. بۆ ئامادەکردنی مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی لە ساڵی ١٩٣١ لە یێرێڤان پەیمانگەی پەروەردەیی پشکاڤکاز کرایەوە.[٩] یەکەمین بەرێوەبەری پەیمانگەکە نووسەری گەورەی کورد عەرەبێ شەمۆ بوو.

لە ئاداری ساڵی ١٩٣٠ دەست بەچاپکردنی ڕۆژنامەی کوردی "ریا تەزە" کرایەوە.

ئەم گواستنەوەیە لە ژیانی کورددا بووەتەوە بنەما بۆ پەیدابوونی ئەدەبی کوردی لە یەکەتیی سۆڤیەت بەگشتی و لە کۆماری ئەرمەنستان بەتایبەتی.

هەرچەندە لە پەرتووکی "شەمس"دا چەند بەرهەمی ئەدەبیش هەبوون، بەڵام ئەدەبی کوردی لە

یەکەتیی سۆڤیەت بەچاپکردنی ڕۆژنامەی "ڕییا تەزە" دەست پێ بوو، نووسەرانی کورد یەکەمین بەرهەمی خۆیان لەم ڕۆژنامەیەدا چاپ کردوون، لە ڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە خوێنەریان بۆ خۆیان پەیدا کرد.

ڕاستە یەکەمین بەرهەمی ئەدەبیی بەزمانی کوردی، پیتی عەرەبێ شەمۆ "کۆچەکێ دەرەوین"، ساڵی ١٩٣١چاپ کرا، بەڵام مرۆڤ دەتوانن بڵێن، وەکو بنەمای ئەدەبی کوردی لە یەکەتیی سۆڤیەت بەوەرگێڕا و دانرا. لەو ساڵانە گەلێک بەرهەمی نووسەرانی ئەرمەنی کە مژاری زۆربەیان ژیانی کوردان بوو، وەرگێڕدران بۆ زمانی کوردی و چاپ کران. لە ساڵی ١٩٣٠ تا ١٩٣٧ نێزیکەی ١٥ پەرتووک کە لە زمانی ئەرمەنی و ڕووسییییەوە وەرگێڕاوبوون چاپ کران. وەرگێڕانی پەرتووکەکان حەجێ جندی، ئەمینێ ئەڤدال، جاسمێ جەلیل، ڕۆبێن درامپیان و قاچاغێ مراد بوون.

ئەم وەرگێڕانە بۆ وەستایەتی نووسین و پێشخستنی زمانی نووسین بوونەتە ئەزموونێکی باش. ساڵی ١٩٣٢ ئەمینێ ئەڤدال بە ناوی "ئەفراندنا ئەولن" ئەنتۆلۆجیایی نووسەرانی کورد چاپ دەکات. بەرهەمەکانی یەکەمین شاعیرانی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت حەجێ جندی، ئەمینێ ئەڤدال، ئەتارێ شەرۆ و چەندان شاعیر لەوێ جێگەی خۆیان دەگرن. لەم ئەنتۆلۆجیایەدا هەروەها وەرگێڕاوی زمانی ئەرمەنی هەبوون.

شیعرەکانی کە لەم نامیلکەدا جێگەی خۆیان گرتبوو زۆربەیان وەسفی دەوڵەتی سۆڤیەت، سوپایێ سوور، سیستەمی سۆسیالیزم بوون. لە ئەلماناخدا(*) شیعرەکانی دژی داوونەریتی کۆندنشین بوون. ئەنتۆلۆجیایی دووەمین ساڵی ١٩٣٤ چاپ کەبێ. ژمارەی نووسەران لەم نامیلکەدا زیاد بووبوو. لەگەڵ شاعیران، چیرۆکنووسیش هەبوون.

ئەنتۆلۆجیایەی سێیەمین ساڵی ١٩٣٦ چاپ دەبێ، کە بەناوەڕۆک و شارەزاییی نووسین لەو دوو ئەنتۆلۆجیایی پێشتر جیاواز بوو. لەم ئەنتۆلۆجیایە پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدی دەکرا.

بەگشتی لە نیوەی ساڵانی ٣٠ەمین ژیانی ئەدەبی گەش بوو، ژمارەی نووسەران و پەرتووکی بەکوردی چاپ کراون زیاد بوو.

ساڵی ١٩٣٥ عەرەبێ شەمۆ پەرتووکی "شڤانێ کورمانجا" و "کوردێ ئەلەگەزێ" چاپ دەکات. ڕۆمانی "شڤانێ کورمانجا"، کە لەسەر ڕووداوی ژیانی نووسەرەکەی تۆمار کرا، بە یەکەمین ڕۆمانی کوردی دادەنرێسش. ئەو ڕۆمانە بۆ گەلێک زمان وەرگێڕدراوە. لە ساڵی ١٩٥٥ ئەحمەدێ میرازی پییێسی "زەمانێ چوویی"، وەزیرێ نادریش پییێسی "رەڤا ژنێ" چاپ دەکەن.

بۆ جاری یەکەمین لە ئەدەبی کوردی یەکەتیی سۆڤیەتدا، لە پییێسی ئەحمەدێ میرازیدا باسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستان دەکرێ.

دیسان ساڵی ١٩٣٥ ئەمینێ ئەڤدال پەرتووکی شیعر بۆ منداڵان "بهار" چاپ دەکات. لە نێوان

سـالّانی ۱۹۳۵–۱۹۳۷ دا عـەرەبێ شـەمـۆ، حـەجـیێ جندی، ئەمـینێ ئەڤـدال، جـەردۆیێ گـێنجـۆ، جاسمێ جەلیل، وەزیرێ نادری، ئەحمەدێ میرازی، ئەتارێ شـەرۆ بەرهـەمـە ئەدەبییەکانی خـۆیان چاپ دەکەن.

سالّی ۱۹۳۲ گرووپی نووسـەرانی کورد لە یەکەتیـی نووسـەرانی ئەرمەنستان دادەمەزرێنرێ و لە رۆژی دامـەزراندنیدا تا سالّی ١٩٦٦ حەجیێ جندی سـەرۆکی بوو. پاش حـەجیێ جندی، کارلێنێ چاچانی دەبێتە سەرۆکی ئەم گرووپە.

دەبێ بگوترێ، وەکـو سـالّانی ۳۰ەمین بـە کـوردان بـەتەواوەیی رووبێن درامـپـایان و هۆڤـاکین مـارگاریانی ئـەرمـەنی و ئیسـحاق مـارۆگوولۆڤی ئاشووری بـەرهـەمی ئەدەبی خۆیان بەزمانی کورد دەنووسن.(۱۰)

لە سـالّی ۱۹۲۹ تـا ۱۹۳۷ لە ئەرمـەنسـتـان زیاتر لە ۷۰ پەرتووک بەزمـانـی کـوردی چاپ دەبن. لەوانیش ۲۰ پەرتووک بۆ قوتابخانەکان بوون.

بە ئەدەبی کوردی یەکەتیی سۆڤیـەت لە سالّانی ۱۹۳۰ جاران دەگوترا ئەدەبی هەتیوان. زۆربەی نووسـەرانی ئـەو کاتە (حەجیێ جندی، ئەمینێ ئەڤدال، جەردۆیێ گێنجۆ، جاسمێ جەلیل، ئوسڤێ بەکۆ و چەندانی تر) لە هـەتیوخانە گـەرە بوون و لەوێش فێری خوێندن و نووسـین بوونەوە.

هـەندێک لـەوانە لە هـەتیـوخـانە زمـانی کـوردیـیان لەبـیـر کـردبوو. پـاش گـەڕانەوەیان بۆ ناو گـەلی خـۆیان، فـێری زمـانی کوردی بـوونـەوە. چونکە لەو کاتە لەناو کوردی ئەرمـەنسـتـاندا دەتوانن بڵێن بێجگە لەوانە کەسـانی خوێندەوار نەبوون، بۆیە ناچار بوون باری پێشخستنی زمـان و کولتووری کوردی هـەڵبگرن.

لەبارەی یەکەمین نەوەی نـووسـەرانی کورد لە ئەرمـەنسـتـان تۆمـاس بۆیس لە ئەنسـیکلۆپیـدیای ئیسلامیدا دەنووسێ:

"ئەو کەسـانەی لەم بوارەدا پیونێر بوون، کە زۆربەی پەنابەرە ئێزیدییـەکانی تورکیـا نەخوێندەوار بوون، سـوودیان لە بـارودۆخی نوێی کۆمـەڵایەتی وەرگرت. بـەپێی کـەمـترین زانیـاری لە کولتووری ئیسـلامی، بـەبێ هیچ پێوەندییەکی بە ئێلیتی رۆشـبـیرانەوە، بەرهـەمـەکانیان زۆرجـار ئایدۆلۆجی بوون، بەڵام بەهونەرێکی سروشتی.(۱۱)

سـالّی ۱۹۳٤ لە یێـرێڤـان کۆنفـرانسی کـوردناسی هاتە سـازکـردن. هـەندێک لە کـوردناسـانی کـۆمـاری قـەوقـازی باشـوور و تورکـمـەنسـتـان و کـوردناسـانی مـۆسکۆ و لینینگرادیش لەم کۆنفرانسـەدا بەشدار بوون. لە کۆنفرانسەکەدا پرسی پێشڤەچوونی ئەدەبی کوردی و دامەزراندنی زمانی ستانداردیش گفتوگۆ کرا.

کۆنفرانسـەکە پێشنیازی کرد، زیاتر گرینگی بە پێشڤەچوونی ئەدەبی کوردی و زاراوەی کوردی ئەرمەنستان بدرێ، چۆن بنەما بۆ زمانی ستانداردی کوردی پەسەند بکەن.

لەو ساڵانەش، هەروەها بۆ کۆکردنەوە و چاپکردنی فۆلکلۆری کوردی کارێکی گەورە ئەنجام درا و لێرە بەپێویستی دەزانین ناوی پەرتووکی "فۆلکلۆرا کورمانجا" بەبیر بێنەوە، کە لەلایەن (حەجیێی جندی و ئەمینێ ئەڤدال)ەوە لە ساڵی ١٩٣٦ هاتوونە چاپکردن، لە ٦٦٣ لاپەر و گەلێک داستان، چیرۆک و گۆرانی کوردی لەناو خۆیدا هەڵدەگرێ.(١٢)

بەرهەمی نووسەرانی کوردی نەوەی یەکەمین بەقورساییی خۆیان بەپێی داخوازیی سیاسەتی رۆژانە بوون، دەتوانین بڵێین گشتیان لەسەر سۆسیالیزم، ئازادی و یەکسانی ژنان، زۆرداری چینەکان سەردەست و لەناوبردنی داوونەریتی کۆنیان دەنووسرا.(١٣)

تۆماس بۆیس بۆ ئەدەبی کوردی لەو ساڵانە دەینووسی، وەکو ڕاستە بەرهەمی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت بەزمانی کوردییە، بەڵام هەستی نەتەوەییان تێیدا نەبوو.(١٤) ئەگەر بۆ کوردی یەکەتیی سۆڤیەت دەرەوەی وڵات، نشتمان کوردستان بوو، بۆ نووسەرانی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت نشتمان گوندەکانیان بوو. ئەمەرنستان بوو، یەکەتیی سۆڤییێت بوو.(١٥) تا ڕادەیەکی دەتوانرێ ئەم قسانەی تۆماس بۆیس پەسەند بکەین.

بە کەم و کورتی زمان و ناوەڕۆکی بە تەواویی، بۆ نەوەی یەکەمینی نووسەرانی کورد دەرەفەت ڕەخسا بۆ ئەوەی لە شوێنێکی والا بنەمایی ئەدەبی کوردی لە یەکەتیی سۆڤیەت دادەنێن، چەند بەرهەمی بەنرخ چاپ بکەن. لە بواری زمانیشدا هەنگاوی گرینگ نرا.

چۆن ئێمە دەبینین، ئەدەبی کوردی لە یەکەتیی سۆڤیەت لە شوێنێکی والا، بەبێ هیچ ئەزموونێکی ئەدەبی کوردی کلاسیک و هاوچەرخ، بەوەرگێڕان دەستی پێ کرد، بێگومان کاریگەریی ئەدەبی کە وەردەگیرا، ئەدەبی ئەرمەنی و ڕووسی، لەسەر هەبوو. ئەم کاریگەرییە پێش هەموو شتێک بەناوەڕۆک دیار دەبێ. بۆ ئەدەبی کوردی، وەکو ئەدەبی کە لەسەرەوە باسمان کرد، بەشێوەیەکی سەرەکی وەسفی سۆسیالیزم، برایەتیی گەلان و ژیانی بەختەوەریبوون دەکات. چونکە ئەدەبی کوردی لەو ساڵانەدا زۆر لاواز بوو، ئەو پڕ ڕەنگاوڕەنگی و پڕ دەنگییەی کە لە ئەدەبی ئەرمەنی و ڕووسیدا هەبوو لە ئەدەبی کوردیدا نەدەبینرا. ئەو فێنۆمە لە ئەدەبی کوردیدا کۆتاییی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دیار بوون.

پێشتر گوتوبوومان، وەکو گەلێک نووسەری کوردی نەوەی یەکەمین لە هەتیوخانەدا گەورە بوو و زمانی کوردییان زۆر لاواز بوو، دەتوانین بڵێین، زمانی یەکەمینیان ئەرمەنی بوو. ئەمەش درێژەی خایاند، بەهۆی ئەمەش کاریگەریی زمانی ئەرمەنی لەسەر ئەدەبی کوردی لەو ساڵانە هەبووە، لە هەندێک ڕستەدا دەتوانێت زوو سازی زمانی ئەرمەنی تەخمین بکا، نەک زمانی کوردی.

لە ڕووی زمانەوە بەرهەمەکانی عەرەبێ شەمۆ و ئەحمەدێ میرازی سەرکەوتوو بوون.

کاریگەریی ئەدەبی ئەرمەنی و ڕووسی هەروەها لەسەر شێوەی سێوراندنی (هۆنینەوە) شیعر تەخمین دەکرێ.

چۆن تۆماس بۆیسش تەخمین کردووە،[١٦] نووسەرانی نەوەی یەکەمین دەستکاری داستانەکانی فۆلکلۆری کوردیش (زۆرجار بۆ پەرتووکی دەرسەکان). داستانی فۆلکلۆرییان هەڵدەدا و ناوەرۆکیان بە هەندێک گواستنەوە (پرسی چینایەتییان زیاد دەکرد) سەرلەنوێ بە قسەی خۆیان دەنووسی، بەڵام پێویستە بگوترێ، ئەوان لەم کارەدا سەرکەوتوو نەبوون، و ئەو قسانەیان لەبیر کراون، و فۆلکلۆر دیسان وەکو خۆی پاک و زەلال مایەوە. نموونەی فۆلکلۆری سەرکەوتوو لە سالانی شەستەکان دیار دەبێ، بەتایبەت لەلای فێریکێ ئوسف (ئۆسڤێ نەڤییا، خەونا میرمە).

لە ساڵی ١٩٣٠ لە ئازەربیجانیش توانا بۆ پێشخستنی زمان و کولتووری کوردی هەبوون. لەو ساڵەوە تا ساڵی ١٩٣٨ لەو کۆمارەی سۆڤیەتی دوور نێزیکەی ٣٠ پەرتووکی کورد چاپ دەبن، زۆربەیان پەرتووکی بۆ قۆتابخانەکان بوون.[١٣]

لە نووسەرانی ئەو سالانەی کوردی ئازەربایجان دەتوانن ناوی مووسەیب ئاخووندۆف بەبیر بێنن.[١٨]

لە تورکمەنستان لە ساڵی ١٩٣٠ تا ١٩٣٨ تەنیا شەش پەرتووکی بۆ دەرسەکان چاپ کرابوون.[١٩]

لە ئازەربیجان و تورکمەنستان پاش ساڵی ١٩٣٨ و تا روخانی یەکەتیی سۆڤیەت هیچ پەرتووکی کوردی چاپ نەبوون.

لە ئەرمەنستانیش، چۆن کۆمارەکانی یەکەتیی سۆڤیەت ئەوانەی مانەوە، سالانی زوڵم و زۆری ڕێژیمی ستالین (١٩٣٧–١٩٣٨) پێشڤەچوونی زمان و کولتووری کوردی هاتە ڕاوەستاندن. قوتابخانەی کوردی، پەیمانگەی پەروەردەیی، ڕۆژنامەی "ڕیا تەزە"، پرۆگرامی کوردی لە رادیۆ، دەتوانن بڵێن هەر شتێکی کوردی، بێجگە لە شانۆی کوردیی ئەلەگەزێ، و شانۆی کوردی لە ساڵی ١٩٤٧ هاتە داخستن. چاپکردنی پەرتووک بەزمانی کوردیش دەتوانن بڵێن ڕاگیرا.

ئەلفەبێ کوردی لەسەر بنەمای پیتی لاتینی، وەک "ئەلفەبێی ئیمپریالیستەکان" هاتە بەناوکردن و ئیتر ڕێگەیان بەکارهێنانی ئەو ئەلفەبێیە گرت. گەلێک ڕووناکبیر و ناوداری کورد بەتاوانی بێ بنەما دەسگیر کران و نەفی کران وەکو عەرەبێ شەمۆ، حەجیێ جندی، جەردۆیێ گێنجۆ، ئەحمەدێ میرازی، جانگیر ئاغا، شامیل تێموورۆڤ...

بەشێکی کوردی ئەرمەنستان و ئازەربایجان ساڵی ١٩٣٧، ئی گورجستانیش ساڵی ١٩٤٤ هاتنە نەفیکردن بۆ کازەخستان و ئاسیای ناوەڕاست. لە دوارۆژیشدا دەرفەتی گەڕانەوەیان بەدەستیان نەکەوت.

پاش ساڵی ١٩٣٨، کاتێ ڕێگە لە پێش ئەدەبی کوردی گیرا، چەند نووسەری کورد (ئەمینێ ئەقدال، جاسمێ جەلیل) بەرهەمی خۆیان بەوەرگێڕی زمانی ئەرمەن چاپ کرد.

لەبەرئەوەی ئەلفەبێی کوردی لەسەر بنەمای پیتی لاتینی بوو ئیتر بەکار نەدەهێنرا، ساڵی ١٩٤١

هەواڵنامەی کتێب

حکوومەتی کۆماری ئەرمەنستان بریاری دا ئەلفەبێی کوردی لەسەر بنەمای پیتی کیریلی دامەزرێنێ. لە دواڕۆژدا ئەم کارە بە حاجیێ جندی سپێردرا و ساڵی ١٩٤٤ ئەلفەبێی نوێ ئامادە بوو.

هەرچەندە زۆڵم و زۆری ساڵانی ١٩٣٧–١٩٣٨ ڕێگەی لە پێش ئەدەبی کوردی لە یەکەتیی سۆڤیەت گرت، چەند نووسەر و ڕووناکبیری کورد گیران و نەفی کران، بەڵام دیسان دەرفەت بۆ نووسەرانی کورد لە کۆماری ئەرمەنستان ڕەخسا و بەچاپکردنی دوو ئانتۆلۆجیا (١٩٤٨–١٩٥٤) تواناییان چرای ئەدەبی کوردی لە ئەرمەنستان داگیرسێننەوە. لەو ساڵانەش حاجیێ جندی توانی نامیلکەی کورتەچیرۆکی خۆی "سبا تەزە" (١٩٤٧) و چەند بەرهەمی زانیاری لەبارەی فۆلکلۆری بەزمانی کوردی چاپ بکا.[٢٠]

ساڵی ١٩٥٥ گەلێک دەزگای کوردی کە لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتی ستالین ڕاگیران، دواتر دیسان کرانەوە، سەرلەنوێ دەستیان بەچاپکردنی ڕۆژنامەی "ریا تەزە" و پرۆگرامەکانی ڕادیۆیی بەزمانی کوردی کردەوە، گرووپی نووسەرانی کورد، کە بەناو هێشتا مابوون، کاری خۆی گەشە پێ کرد، ژمارەی چاپکردنی پەرتووکی کوردی زیاد بوون.

هەرچەندە قوتابخانەی کوردی ئێستا نەکرایەوە، بەڵام لە قوتابخانەی گوندەکانی کورددا، لە پۆلی دوو تا شەش، هەفتەی دوو سەعات زمان و ئەدەبی کوردی دەخوێنرا.

بۆ ئامادەکردنی مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی لە پەیمانگەی پەروەردەیی لە ئەرمەنستان، بەشی کوردی کرایەوە.

ساڵی ١٩٥٩ لە سێکتۆری ڕۆهەڵاتناسی ئەکادیمیای کۆماری ئەرمەنستانی زانیاری، بەشی کوردناسی کرایەوە. لەو بەشەدا دەست بەلێکۆڵینەوەی زمان، مێژوو، ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی کرا. ساڵی ١٩٦٨ بۆ ئامادەکردنی کادیری کوردناسی لە کۆلێجی ڕۆهەڵاتناسی لە زانکۆی یێرێڤان، بەشی کوردناسی کرایەوە.

کۆتاییی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای ساڵانی شەستەکان گۆڕانکارییەکی زۆر لە ژیانی ئابووری و ڕامیاری کوردی کۆماری ئەرمەنستان ڕووی دا، ئازادیی هزری فراوان بوو. لەو ساڵانە ژمارەی خوێندکاری کورد لە زانکۆکان زیاد بوو.

وەزیرێ ئەشۆ ئەم گۆڕانکارییانەی لە ژیانی کوردی کۆماری ئەرمەنستاندا ڕووی دا، بە"ڕێینسانس" ناو دەبات.[٢١]

ئەم گۆڕانکارییانە هەستی نەتەوایەتی بەهێزتر کرد، مژاری وڵاتی باو و باپیران لە ئەدەبی کوردی یەکەتیی سۆڤیەتدا بەمەردانە جێگەی خۆی گرت، ئەو بۆشاییەی کە لەم بوارەدا هەبوو، پڕ کرایەوە. ئەگەر پێشتر شیعری کوردی وەسفی ژیانی "شا و بەختەوەر" بوو، وەسفی یەکەتیی سۆڤیەت و سەرکردەکانی بچووک و گەورە بوو، ئەم جارە بەرهەمی غەریبی دیار بوون، هەستی

زیندووی مرۆڤ جێگەی خۆی لە ئەدەبی کوردیدا کردەوە.

لە پرسی بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتیدا شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی نەمر رۆڵێکی گەورەی هەبوو. ئەو لە بیر و باوەڕی کوردی یەکەتیی سۆڤیەتدا بووە شۆڕشێکی نوێ.

هەرچەندە هەندێک ڕووناکبیری کورد لە شۆڕشی ئەیلوول ئاگەدار بوون، بەڵام شۆڕش بەگشتی بۆ کوردی سۆڤیەت لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣ دەستی پێ کرد، کاتێ یەکەتیی سۆڤیەت، یەکەمین جار، بەشێوەیەکی کراوە پشتگیریی گەلی کورد و شۆڕشی باشووری کوردستان کرد.

تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، کۆوار و ڕۆژنامە لە سەرتاسەری یەکەتیی سۆڤیەت لەسەر کوردیان دەنووسی، تێکۆشانیان بەڕاست لە قەڵەم دەدا و پشتگیریی شۆڕشیان دەکرد. چەند پەرتووکێکیش لەسەر مێژوو و سەرهەڵدانی کورد چاپ بوون.

بەڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەت مەنگۆلیا پرسی کوردی بردەوە نەتەوە یەکگرتووەکان.

ناسینی مافی نەتەوەیی کورد و پشتگیریکردنی شۆڕشەکەیان بۆ وشیاربوون و خۆناسینی نەتەوەیی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت بووە فاکتەرێکی گەورە، هەستی کوردپەروەرییان بەهێز کرد. دەتوانین بڵێین، لە سەرەتای ئەم شۆڕشە بۆ جاری یەکەمین کوردی سۆڤیەت خۆی وەکو بەشێکی گەلی کوردی بەگشتی دیتەوە.

ئەم وشیاربوونی نەتەوەیی لە کاتێکی کورتدا ڕەهەمی خۆی دا، خوێندکارانی کورد لە پایزی ئەو ساڵە لە یێریڤان کۆمەڵەی خۆیان بەناوی "شێوڕا خوەندەکاریێن کورد" دامەزراند. ئەمە یەکەمین ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بوو لە سەرتاسەری یەکەتیی سۆڤیەت کە لەسەر بنەمای نەتەوەیی بێتە دامەزراندن.

ئامانجی کۆمەڵەکە بڵاوکردنی بیروباوەڕی کوردپەروەری بوو لەنێو کوردی یەکەتیی سۆڤیەتدا. پاشی ماوەیەکی تر لە تبلیسش (پایتەختی کۆماری گورجستان) کۆمەڵەیەکی تر بەهەمان شێوە هاتە دامەزراندن.

گەلێک گۆڕانی نشتمانپەروەری لەدایک بوون و بەڕێگەی بەشی کوردیی ڕادیۆی یێریڤان بڵاو دەکرانەوە.

لە کۆتاییی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ژمارەی خوێندکارانی ئەدەبی کوردی زیاد دەبێ.

وشیاربوون و خۆناسینی نەتەوەیی کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر کولتوور و ئەدەبی کوردی سۆڤیەت بەجێ هێشت. ئەم جارە مژاری کوردستان، تێکۆشانی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، بۆ ئەدەبی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت بووەتە مژارێکی سەرەکی، و ئەو مژارە پێش هەموو شتێکی لە پۆئێزی (هونەری شیعر نووسین) کوردیدا دیار بوو.

هەواڵنامەی کێبڕکێ

ئەم گۆڕانکارییانە مژار و ناوەڕۆک، هونەرمەند و شێوازی نووسینی نوێیان دەخواست. نووسەرانی کوردی دەیانویست بەتەواوەتی لە ئەدەبی ئەرمەنی و رووسی رزگار بن و ئەمەشیان بۆ بەدی هات. قاچاخێ مراد ("شەوق" ١٩٥٩، "گولپەری" ١٩٦٣، "بەهارا تەزە" ١٩٦٦، "گافا چارا" ١٩٧٠)، فێریکێ ئوسف ("چەقکانی" ١٩٦١، "گولا ئەلەگەزێ" ١٩٦٤، "لیریکا" ١٩٦٧، "ئوسڤێ نەڤییا" ١٩٧٣، "نارێ" ١٩٧٧، "هسرەتدەفتەر" ١٩٨٤) و شکۆیێ حەسەن ("چالچیچەک" ١٩٦١، "تەمبووڕا کورد" ١٩٦٥، "مەرمێ دلێ کورد" ١٩٧١، "پەروازا وەلات" ١٩٧٧) بەرەو شیعری کلاسیکی چوونەوە، بەڕێگەی نۆژەنکردنی شیعری کلاسیک دەیانەویست بۆ خۆیان ڕێگەیەکی نوێ بکەنەوە. مکائیلێ ڕەشید[٢٣] فۆرم و شێوازی شیعری ئەورووپی هێنایە ناو ئەدەبی کوردی، چۆن دەڵێن "ئەو لە کەراسی کوردیدا بەجێ کردن" ("دلێ من" ١٩٦٠، "وەدە" ١٩٦٦، "شەمس" ١٩٧٠، "پەنجەرە" ١٩٧٤، "متالە" ١٩٧٨، "ئیسراف" ١٩٨٤، "ڕێداما" ١٩٨٥)

ئەم گۆڕانکارییانە ئیتر کۆتای سالانی پەنجاکان لە بەرهەمەکانی چەند نووسەردا دیار بوون، بەڵام لە سەرەتای سالانی شەستەکان بەبەرهەمی فێریکێ ئوسف ("چەقکانی" ١٩٦١) و شکۆیێ حەسە ("قالچیچەک" ١٩٦١) لە ئەدەبی کوردی ئەرمەنستاندا بوونەتە سەردەست.

لەو سالانە شاعیرانی نەوەی یەکەمینێ ئەمینێ ئەڤدەل ("گولیزەر" ١٩٥٦، "مەم و زین" ١٩٥٩، "شێران و پۆئێمان" ١٩٦٣) و جاسمێ جەلیل ("ڕۆژێ من" ١٩٦٠، "کلامێ چییا" ١٩٧٠، "ئۆدا کوردا" ١٩٧٥، "کوردێ بەنگی" ١٩٨٠، کۆڤیا دییا من" ١٩٨٤) گەلێک بەرهەمی هێژا گەیاندنە دەستی خوێنەرانی کورد.

سالانی شەستەکان و حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو بەشاعیرانی سەرەوە ئاماژە پێ کراون هەروەها ئوسڤێ بەکۆ ("کەسەکەسۆر" ١٩٦١، "هسرەتا من" ١٩٦٣، "مێڤانێ ڕۆیێ" ١٩٦٦، "ئەفراندنێد تەزە" ١٩٦٩، "پایز" ١٩٧١)، سمۆێ شەمۆ ("نوور" ١٩٦١، خەتێن هوبێ" ١٩٦٧، "ئەز و ئیل" ١٩٧٤، "گولا گیلی" ١٩٧٩، "دلێ بەنگی"١٩٨٩)، سهیدێ ئیبۆ ("قورنا من ١٩٦٣، "بیست سالێ دن" ١٩٧٠، "سینەم" ١٩٧٥، "ئازایی" ١٩٨٨)، کارلێنێ چاچانی ("گول" ١٩٦٠، "دل و وەتەن" ١٩٦٢، "بەربانگا وەتەنێ من" ١٩٦٧، "باقە تەڤ" ١٩٧٢، " زەرێ" ١٩٨١، "زینێ" ١٩٨٤، "ئازێ" ١٩٨٨)، ئەگیتێ شەمسی ("شەمدان" ١٩٦٤، "هیڤەرۆن" ١٩٦٧، "هێسرێد بهارێ" ١٩٧٦ و "سمل" ١٩٨٩)، رزالیێ ڕەشید ("بەر ب تەڤێ" ١٩٦٥، "خەم و خیال" ١٩٧٩ و "حەیر و گومان" ١٩٨٩) و عەسکەرێ بوییک ("شڤەرێ" ١٩٦٦، "کولیلکێن چییا" ١٩٧٥، "تیرێنج" ١٩٨٧) و تۆسنێ ڕەشید ("کلامێ ڕێ" ١٩٧٥، "زۆزان" ١٩٨٤، "نیڤرۆ" ١٩٨٧) پەرتووکی شیعری خۆیان چاپ دەکەن. سالّی ١٩٨٧ "چەرکەزێ ڕەش" پەرتووکی بەناوی "شۆڕشا خەبەرا چاپ دەکات.

تایبەتمەندییەکی ئەدەبی کوردی لەو سالانەش هەبوو. چۆن ئێمە دەزانین یەکەمین نەوەی نووسەرانی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت لە هەتیوخانە و دوور لە کۆمەڵگەی کوردی گەورە بوون، بەڵام کۆتای سالانی پەنجاکان و سەرەتای سالانی شەستەکان گەلێک نووسەر هاتووەنەتە مەیدانی

ئەدەبی کوردی، کە لە گوندی کوردانداء، لە کۆمەڵگەی کوردیدا گەورە بوون، شێوازی هزراندنیان سادە کوردی بوو. هەرچەندە وشەی عەرەبیش لەنێو زمانیاندا هەبوو،[٢٤] بەڵام سازیی زمان بەکوردی بوو، بۆن و بەرامی کوردی لە بەرهەمەکانیان دەهات.

لەو سالانە (میرۆیێ ئەسەد، سەمەند سیابەندۆف، خەلیل موورادۆف و ئۆردیخانێ جەلیل) پەرتووکی شیعر و هەڵبەستیان چاپ کردن.

لەناو پەرتووکەکانی نووسەرانی کورددا گەلێک بەرهەم بۆ مندالانیش هەبوو، بەڵام پەرتووکی کەرلێنێ چاچانی ("شێر و کەو" ١٩٦١) و میکائیلێ ڕەشید ("پشیکا من" ١٩٦٥) و سمۆێ شەمۆ ("هکیات دەرهەقا بالچێمکێدا" ١٩٧١)، بەتایبەتی بۆ منداڵان بوون.

شەرەفێ ئەشر پەرتووکێکی شیعری ساتیری، سەرنجڕاکێش بەناوی ("گەزگەزک" ١٩٧٩) چاپ دەکات.

لە بواری پەخشانیشدا هەنگاوی گرینگ و هێژا نرا، عەرەبێ شەمۆ ڕۆمانەکانی ("بەربانگ" ١٩٨٥، "ژیانا بەختەوەر" ١٩٥٩، "هۆپۆ" ١٩٦١ و "دمدم" ١٩٦٥) چاپ دەکات.

"بەربانگ" فراوانکردنێک بوو بۆ ڕۆمانی "شڤانێ کورمانجا"، "دمدم" ڕۆمانێکی مێژووییە، کە پێوەست بوو بەسەرهەڵدانی کوردان لە ساڵی ١٦٠٨–١٦١٠ حەجیێ جندی ڕۆمانی "هەواری"، ئەلیێ عەبدوڕەحمان چیرۆکی "خاتێ خانم" و ڕۆمانەکانی "گوندێ مێرخاسا" و "شەرێ ل چیا"، سەعیدێ ئیبۆ ڕۆمانی "کوردێ ڕێوی"، ئەگیتێ خۆڕۆ ڕۆمانی "دێ و دێماری" چاپ کردن. ئەحمەدێ میرازی پەرتووکی "بیرئانینێن من" چاپ دەکات، کە یەکەمین نموونەی ئەدەبی مێموواریێ (ئەدەبی بیرەوەریی) بوو لە ئەدەبی کوردی سۆڤیەت دا. بۆ بەدبەختان ئەم پەرتووکە گەلێک گرینگ و هێژا بەکورتکراوی گەورە گەیشتە دەستی خوێنەران.

دەبێ بگوترێ، وەکو ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی زۆربەڕی ئێزیدییەکانی سەرهەد کوژران، لە کاتی هەڵهاتن لە برسان و دواڕۆژ، ئەرمەنستان و یەکەتیی سۆڤیەت بۆیان بوونەتە دەروازەیەک، ئەم ڕووداوانە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی ئێزیدی بەجێی هشت. لەبەر ئەمەش کاتێ بەرهەمەکانی نووسەرانی کوردی ئێزیدی دەخوێننەوە ڕاستی ئەم پرسە بە دیار دەکەوێ. وەهاش ئێمە لە ڕۆمانەکانی "بەربانگ"، "هەواری" و "کوردێ ڕێوی" ڕاستی ئەم مژارە دەبن. لە ڕۆمانی عەرەبی شەمۆ "ژیانا بەختەوەر"دا ئەم مژارە جێگەیەکی گرینگ دەگرێ. مرۆڤ دەتوانێ بەرهەمی ئەحمەدێ میرازی "بیرئانینێن من"یشدا لە پاڵ ئەم ڕۆمانانە دابنێ.

هەرچەندە هەنگاوی گرینگ لە بواری ڕۆمانی کورديدا نراوە، بەڵام پێشکەوتنی گەورەی پەخشان لە بواری کورتەچیرۆکدا بەدی هات. لەو ساڵانە سیما سەمەند ("خەزال" ١٩٦١، "دو شایی" ١٩٦٧، "گومان" ١٩٨٢)، سەعیدێ ئیبۆ ("دورییان" ١٩٦٤)، عەمەریکێ سەردار ("دەستێ دێ" ١٩٧٤، "ئیدی دەرهنگ بوو" ١٩٧٩ و "دەنگێ دل" ١٩٨٤)، وەزیرێ ئەشۆ ("مزگینی" ١٩٧٦، "دەنگبێژ کال ببوو" ١٩٨٢، "پامپ – سیپان" ١٩٨٦)، خەلیل موورادۆف ("مۆرییێ نەنێ" ١٩٦٩)، ئەحمەدێ حەپۆ

("ئادار" ١٩٦٥، عەمر گول ڤەدە" ١٩٧٥)، بابایێ کەلەش ("نیشانی" ١٩٨٨)،، عەسکەرێ بۆییک ("ل چییا" ١٩٩١) پەرتووکی کورتە چیرۆکیان چاپ کرد، کە پڕەنگی و پڕڕەنگی مژار و جۆری نووسین لەگەڵ خۆیان دەهێنا.

پاش ئەو سەرلەنوێ پرۆگرامی کوردی لە ڕادیۆی یێرێڤان کرایەوە، چەند رادیۆ پیێس هاتنە نووسین و بەڕادیۆ بڵاو کردن.

کۆتاییی سالانی شەستەکان لە شاری تبیلیس "گورجستان" و لە گوندی ئەلەگەزێ "ئەرمەنستان" شانۆیی گەلەری کوردی کرانەوە، و بۆیان پیێس هاتنە نووسین. لەم پیێسانە "زەواجا بێ دل"، لە نووسینی ئیسماعیلێ دووکۆ "سنجۆ قیزا خوە دە مێر" و "مەم و زین"ی عەسکەرێ بۆییک و سیابەند و خەجێ"ی تۆسنێ ڕەشید وەک پەرتووک ژی چاپ کران.(٢٥) ڕاستە ئەم پیێسانە لەلایەن بینەرانەوە بەزۆر باش هەڵدەسەنگێندرا، بەڵام دیسانیش درامای تراجیدی بەشی ئەدەبی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت بەلاوازی مایەوە.

لە سالّی ١٩٨٢ەوە ئەنتۆلۆجیای نووسەرانی کورد لە سالانی پێشتر بەناوی "بهارا تەزە" دواتریش "بهار" و تا ڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەت چاپ دەبوون. چونکە چاپکردنی پەرتووکی کوردی سنووردار بوو و زۆرجار نووسەر بەسالّ چاوەڕێی چاپکردنی بەرهەمەکانی دەکرد. ئەم ئەنتۆلۆجیایە توانای دایەوە سەرجەم نووسەرانی کوردی کۆماری ئەرمەنستان بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بگەیننە خوێنەران. سەرجەم بەرهەمەکانی نووسەرانی کوردی کۆماری ئەرمەنستان لەم ئەنتۆلۆجیانەدا جێی خۆی دەگرتن و لە نێویاندا بەرهەمی گرینگ و هێژا زۆر بوو.

وەرگێڕان لەلای نووسەرانی کورد تا ڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەت بەردەوام دەبێ. حەجێ جندی، کە سەرەتای سالانی سییەکان دەست بەکاری وەرگێران کردبوو، ئەو کارەی خۆی لە سالانی پەنجا و شەستەکان بەردەوام دەکات. لە سالانی شەستەکانەوە عەمەریکێ سەردار، وەزیرێ ئەشۆ، ئەگیتێ خودۆ، فێریکێ ئوسف و چەند نووسەری تریش بەوەرگێڕانی خۆیان ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند دەکەن.

دەبێ بگوترێ، وەکو ئەو سالانە گەلێک بەرهەمی نووسەرانی کورد بەزمانی ئەرمەنی و ڕووسی چاپ کران.

ڕەخنەگری هەردەم بەشێکی خاو بوو لە ئەدەبی کوردی سۆڤیەت. زۆر جار لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەدەب جێی ڕەخنەگریی گرتووە.

حەجێ جندی سالانی ١٩٥٤ و ١٩٧٠ دوو پەرتووکی لەسەر ئەدەبی کوردی ئەرمەنستان بەزمانی ئەرمەنی چاپ کرد.(٢٦) بەڵام ڕەخنە لەم بەرهەمانەیدا نەبوو. هەروەک تۆماس بۆیس دەنووسێ، کاتی گلەیی لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ئەرمەنستان دەکرێ، دەبێ پێش هەموو کەسێک عەمەریکێ سەردار بەبیر بێنن، کە لە ئەرمەنستان لەم بوارەدا کارێکی باشی کردووە. زۆربەی گوتارە ڕەخنەکانی لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "ریا تەزە"دا چاپ دەبوون.(٢٧) هەروەها

گوتارەکانی لە کۆوار و ڕۆژنامە ئەرمەنییەکاندا چاپ بوون.

لەم دوا ساڵانەدا "چەرکەزێ ڕەش"یش لە ڕۆژنامەی "ریبا تەزە"دا چەند گوتاری ڕەخنەیی چاپ کردن.

ساڵانی ١٩٧٠–١٩٨٠ لە گورجستانیش ژیانی چاندەیی کورد گەش بوو. شانۆیی کوردی، کۆمەڵەکانی گورانی و هەڵپەرکێ پەیدا بوون، لە ڕووی شێوەکاریدا هەنگاوی باش نرا. نووسەرانی کورد عەزیزێ ئیسکۆ، جەردۆیێ ئەسەد، باخچۆیێ ئیسکۆ، تهارێ برۆ لەگەڵ چەند کەسێکی تر گرووپی نووسەرانی کوردی لە تەنیشت یەکەتیی نووسەرانی گورجستان دامەزراند. بەڵام دیسانیش بەرهەمی خۆیان لە ئەرمەنستانیان چاپ دەکردن.

پاش ساڵی ١٩٥٥، بەتایبەت لە کۆتاییی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، لاپەرەیەکی نوێ لە ئەدەبی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت کرایەوە. سەرلەنوێ گەشبوونی ژیانی کولتووری کورد پاڵدانێکی نوێی دایەوە ئەدەبی کوردی، ناوی نوێ هاتنەوە ناو ئەم وێژەیە. بەهاتنی ئەو ناوانە، ئەدەب توانی خۆی لە کەموکورتییەکانی ساڵانی ٣٠–٤٠ەمین ڕزگار بکا، بووە خاوەنی ناوەڕۆکی پڕ جۆر و هەمەڕەنگ، ڕووریەکی کوردایەتی وەرگرت، خۆی لە دروشمی سیاسی، وەسفی والا و کاریگەریی ئەدەبی دراوسێیەکان ڕزگار کرد. بەگواستنەوەی ناوەڕۆکییەوە شێوەکانی نوێی نووسین دیار بوون.

لە نێوان نووسەرانی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت و نووسەرانی دەرەوەی یەکەتیی سۆڤیەت پێوەندی دروست بوو. ئەدەبی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت بەرەو ئەدەبی گشتی کورد هەنگاوی نا.

کۆتای ساڵانی هەشتەکان، دەتوانین بڵێن ئەدەبی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت، لە چوارچێوەی ئەو ولاتەدا بووە خاوەنی زمانێکی زۆر کەم ستاندارد.

ئەم پێشڕەچوونە چەند هۆکاری گرینگ لە پاڵیەوە هەبوو:

١– پاش مردنی ستالین و ئاشکراکردنی زوڵم و زۆرداریی ڕێژیمەکەی، ئازادی ئاخاوتن و بیر و باوەڕ زیاتر بوو.

٢– ئەگەر بۆ نەوەی یەکەمی نووسەرانی کورد تو دەتوانی بڵێی چەندێک بە تێپەڕبوونی کات بوونەتە نووسەر، لە کۆتاییی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای ساڵانی شەستەکان دەستە دەستە نووسەران هاتنەوە ناو ئەدەبی کوردی، کە دەبووا بووبوونایەتە نووسەر، چۆن دەڵێن "دانانی خوا لەگەڵیان هەبوو".

٣– کوردناسانی لینیگراد بەسەرۆکایەتی قەناتێ کوردۆ بەرهەمی نووسەرانی کلاسیکی کورد ئەحمەدێ خانی، فەقێ تەیران، هاریس بیتلیسی، سلێمان سەلیم و مێژوونووسی کورد وەک شەرەفخان بیتلیسی، خوسرۆ خان بەنی ئەردەڵان، مەستوورەی ئەردەڵانی، مەلا مەحموود بایەزید بەوەرگێڕی ڕووسییەوە چاپ کرد.

٤- شـۆڕشی ئـەیلوول لە باشـووری کـوردسـتـان و پشـتگیـری ئەم شـۆڕشـە لەلایەن یەکـەتیی سۆڤیەت، کە هـەستی نەتەوایەتی لەلای کوردی یەکەتیی سۆڤیەت بەهێز کرد، زاراوەی کوردستان و تێکۆشانی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ئەدەبی کوردیدا کردە زاراوەیەکی سەرەکی.

٥- لە نێـوان کـوردی یەکـەتیی سـۆڤـیـەت و کـوردی دەرەوەی ئەو وڵاتـە پێوەندی دروست بوون، "پەردەی ئاسنین" هـەندێکی بڵند کـران. بـەرهـەمـەکـانی نـووسـەرانی کـورد لەو کـاتەدا و پێش هـەموویاشیان جگەرخوێن گەیشتنە دەستی کوردی یەکەتیی سۆڤیەتی جاران. کۆوار و ڕۆژنامـە کوردییەکان کە لە ئەورووپا چاپ دەبوون ڕۆڵیان هـەبوو لە بەهێزکردنی ئەو پێوەندییەدا.

بۆ هـەڵسـەنگاندنی ئەدەبی کوردی یەکەتیی سۆڤیـەت، تێبینییـەکانی کۆمـەڵناس-کوردناس مارتن ڤان بروینسـەن سـەرنجڕاکێشـن. ئەو بۆ بەجارێکەوە گـوڵدانەوەی ئەدەبی کوردی باکور لە سـاڵانی ١٩٨٠ دەنووسێ: "لەوێ لە کۆتای سـاڵانی هـەشتاکاندا لە ناکاوە گۆڵدانەوەی نووسـەر و چاپەمـەنی کوردی کاریگەریی لەسـەر پێوەندی بەردەوام لەگەڵ نووسـەرانی کوردی سۆڤیـەت دا وەک فاکتەرێکی هـەمیشـەیی هـەبوو. بەتایبـەت ئەوانەی لە ئەرمـەنسـتان، تواناییان چاپکردنی ئەدەبی باش دامـەزرێنن. لە کۆتاهاتنی ستالینیزم، کوردی ئەرمـەنسـتان (کـە لەوێ نەتەوەیەکی بچـووکن، ژمارەیان نێزیکی ٥٠,٠٠٠)ە خاوەن مافی زۆری کولتووری بوون و بۆ وەشانی کوردی پشتگیری هـەبوو.[٢٨]

هـەروەها دەنووسێ: "ئەدەبی کوردی و زیانی کولتووری کورد بەگشـتی (گلەیی دەرهـەقی ئەدەبی بەزاراوی کـرمـانجـیی سـەروویە T.R) لە دووریانێکدا کـورد دایەوە، کـە لە نێـوان سێ شـێـوازی دیاسپۆراییدا بوو، تورکیا ڕۆئاوا، یەکەتیی سۆڤیەتی جاران و ئەورووپای ڕۆئاوا.[٢٩]

ئەنجام

ئەدەبی کوردی لە یەکەتیی سۆڤیێت بە ڕێگەیەکی دوور و درێژ گـوزەری کردووە.

سـەرەتای سـاڵانی ١٩٣٠، چەند خوێنەر کە لەناو کوردی ئەرمـەنسـتاندا هـەبوون، لـە شـوێنێکی واڵا، پێشـتـر لە ڕێگەی وەرگێڕان، دواتریش بەبەرهـەمـی سـەربـەخۆ بنـەمـاییی ئەدەبی کوردیان لەو کۆمـارە و یەکەتیی سۆڤیەتدا دانا.

سـاڵانی ١٩٣٨-١٩٥٥، کـاتی ڕێگە لە پێش پێشـڤـەچوونی کولتـوور و ئەدەبی کوردی گـرتبـوو، نووسـەرانـی کورد دیسانەوە چەند بەرهـەمیان لـە ئەرمـەنسـتان چاپ کرد، چرای ئەدەبی کوردیی لە یەکەتیی سۆڤیەت بەهـەڵگیرساوی هێشتەوە.

لە سـاڵی ١٩٥٥ەوە لە ئـەرمـەنسـتـان دەست بـە بووژانەوەی ژیانی کـولتـوور کـورد بەگـەشـتی و ئەدەبی کوردی بـەتایبـەت دەکرێتـەوە، ئـەو ئەدەبە لە گـەلێک لایەنـەوە خـۆی لە کـەم و کورتیـیـەکانی ناوەڕۆک و هـەرەمـەکی نووسـین هـەروەها کاریگەریی ئەدەبی دراوسێیـەکان ڕزگار دەکات. ناوی نوێ دێننەوە ناو ئەدەبە، کە ناوەڕۆک و شێوەی نوێیان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە.

لە پرسی دامەزراندنی زمانی ستانداردا هەنگاوی گرینگ و گەورە نرا.

ئەدەبی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت کە بەشێکی ئەدەبی گشتی کوردییە، هێشا چاوەڕێ و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی قوواڵ و فرەلایەن هەیە.

زۆرابێ بوودی، The Kurds and the Caucasus.2005

http://victorian.fortunecity.com/hillcrest/603/Html_files/news25.htm

خ. چاتۆف، کوردێن ئەمەرنستانا سۆڤیەتێ، یێرێڤان، ١٩٦٥ (بەزمانی ڕووسی).

.The Encyclopedia of Islam, Leiden, E.S. Brill, 1986, c.V

فۆلکلۆر کورمانجا، کتێبا پێشین، ئامادەکردنی حەجیێ جندی و ئەمینێ ئەڤدال، ١٩٣٦

نیزامەدین رزاییڤ، www.kurdishmedia.com, 05.06.2006.

ئاریستۆڤا، F.T، کوردێن پشکاڤاکازێ، "ناووکا" مۆسکۆڤا ١٩٦٦، (بەزمانی ڕووسی).

Ferhad Pirbal, The Kurdish literature in the soviet republic Armeni, The Kurdish Glob, 07 August 2008.

پەڕاوێزەکان:

فەرهاد شاکەلی، تۆسنێ ڕەشید، کۆواری "ڕامان" ژ٨٩، هەولێر.

Thomas Bois, The Kurds, Khayats, Beirut, 1966.

.Thomas Bois, Coup d_oeil sur la literature kurde" 1955. "Al- Machriq", Mars-Avri

وەزیرێ ئەشۆ، "نووەم" ژ٣٢، ١٩٩٩

حەجیێ جندی، "ئەدەبیاتی کوردی لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتێ ١٩٥٤ (بەزمانی ڕووسی) "ئۆچێرکا ئەدەبیاتا کوردی کورمانجیا ئەرمەنستانا سۆڤیەتێ" ١٩٧٠ (بەزمانی ئەرمەنی.

ئۆردیخانێ جەلیل، پۆێزییا جگەرخوینێ باژێرڤانیێ، ١٩٦٦

ئیسماعیلێ دووکۆ، "زەواجا بێ دل"، ١٩٦٦ عەسکەرێ بۆیک "سنجۆ قیزا خوە دەە مێر"، ١٩٧٨، عەسکەرێ بۆیم "مەم و زین"، ١٩٩٠ . تۆسنێ ڕەشید، "سیابەند و خەجێ"، ١٩٨٨

Martin van Bruinessen, Transnational aspects of the Kurdish question. Working paper, Robert Schuman Centre for Advanced Studies, European University Institute, Florence, 2000.

http://www.let. uu. nl/~Martin. vanBruinessen/person/publications/transnationalKurdish.htm#ftn20#ftn20.

١- فەرهاد شاکەلی، تۆسنێ ڕەشید، کۆواری (ڕامان)، ژمارە ٨٩،٢٠٠٤، هەولێر.

٢- حەجیێ جندی، ئۆچێرکا ئەدەبیاتا کورد یا ئەرمەنستانا سۆڤییێتێ، ١٩٧٠ (بە زمانی ئەرمەنی).

٣- تۆماس بۆیس، ١٩٥٥

هەواڵنامەی کێتێ

4- Ferhad Pirbal,kurdish literature in the former Soviet Union Republik of Armenia,2008.

٥- فەرهاد شاکەلی، گوتاری لە سەرەوە بەبیر هێنایەوە.

٦- زۆرابێ بوودی، The kurds and the Caucasus.2005

٧- خ. چاتۆێف، ١٩٦٥، ١١٦،

٨- هەمان سەرچاوە، ١١٧،

٩- هەمان سەرچاوە، ١٢٣،

(*) بڵاوکراوەیەکی سالانەیە کە زانیاری وەکو پێشبینی کەشوهەوا و وەرزەکانی کشتوکاڵ کردن و زانیاری گەردوونناسی و ڕۆژمێر دەگرێتەوە.

١٠- خ. چەتۆێف، ١٩٦٥، ١٣٩،

11- The Encyclopedia of Islam, 1986, c. v,483.

12- Folklora kurmanca, 1936.

13- Thomas Bois, The Kurds, 1966, 133.

14- Thomas Bois, Coup d_oeil sur la literature kurd" 1955. 201-39.

١٥- هەمان سەرچاوە.

16- Thomas Bois, The Kurds,1966, 134.

17- N. Rzaev, 2006.

18- Arîstova, T. F., 1966, 194.

19- Ferhad Pirbal, 2008.

20- Ker û Kulikê Silêmanî Silîvî 1941_axên êposa _Koroxlî_ yên kurd. 1953

٢١- وەزیرێ ئەشۆ، ١٩٩٩

٢٢- تۆسنێ ڕەشید، ١٩٩٦

٢٣- میکائیلێ ڕەشید لە هەتیوخانەی ئەرمەنییەکاندا گەورە بوو و لەوێ زمانی کوردی لەبیر کردبوو، یەکەمین پەرتووکی خۆی بەهەردوو زمانی ئەرمەنی و ڕووسی چاپکردووە.

٢٤- گەلێک وشەی عەرەبی تاکو ئێستەش لە ئەدەبی کوردی یەکەتیی سۆڤییێتی پێشوو دا هەن. پرسیاریش لەودایە، وەکو ئەو وشە لە زمانی گەلدا هەبوون، لە فۆلکلۆری کوردیدا هەبوون و بۆ کەسانی عەرەب نەزانیبوون وەک وشەی کوردی دەبینرا. نووسەرانی کورد پێش هەموو شتێک خۆیان دوور لە وشەی ڕووسی و ئەرمەنی دەگرت.

٢٥- ئیسماعیلێ دووکۆ، ١٩٦٦ عەسکەرێ بۆییک ١٩٧٨، عەسکەرێ بۆییک ١٩٩٠ تۆسنێ ڕەشید، ١٩٨٨

٢٦- حەجیێ جندی، ١٩٥٤، ١٩٧٠

27- Thomas Bois, The Kurds, 1966, 136.

28- Martin van Bruinessen, 2000. http://www.let.uu.nl/~Martin.vanBruinessen/person/publications/transnationalKurdish.htm#ftn20#ftn20.

٢٩- دیسان لەوێ.

هەوالنامەی کێشێ

پۆشاکی کوردی
هەم کەلەپوورە، هەمیش ناسنامە

محەمەد فەریق حەسەن

جلوبەرگ تەنیا چەند پارچە قوماشێکی ڕەنگاوڕەنگی باڵاپۆش نییە، بگرە بۆ قەدوباڵا و ڕووی تاکەکان دیکۆڕیشە. وێڕای ئەوەی لە سەرما و گەرما دەیانپارێزێ، جەستەشیان دەشارێتەوە و دادەپۆشێ، پۆشاک هونەری میللیشە. شوناسە. گەلانی پێ جیا دەکرێتەوە پێی دەناسرێنەوە. بووە بە مارکە و ئەوێتییان. گەلێک وردەکاریشی تێدەکەوێ، ئەمە وێڕای سەلیقە و چێژ و هەڵبژاردنی ڕەنگ و نەخش و نیگار و تەواوکەرەکانی. ڕەگەزی مێ، ئەوەندەی کات بۆ هەڵبژاردنی دەستێک پۆشاک تەرخان دەکات، نیو ئەوەندە بەهەڵبژاردنی جەمە خۆراکەوە خەریک نابێ. دەیگۆڕێ و لێی زیاد و کەم دەکا و دەیداتەوە بەسەر فرۆشیار و بەرگدروودا.

دیزاین و بڕینی جلوبەرگ لە خۆیدا هونەر و داهێنانە، وەک داڕشتن و داهێنانی کەڤاڵی شێوەکار وەهایە. پۆشاک کۆمەڵە فیگەرێکە مرۆڤ لە ژیانیدا پێویستی پێیانە. ساو (ملمس)، ڕەنگ بە تۆنەکانییەوە، هێڵ بە جۆرەکانییەوە ڕۆڵی گرینگی تێدا دەبینن. دەشێ بڵێین پۆشاک کەلوپەلی میللییە و بە گەلێکی دیاریکراو تایبەتە. ئەمەیش بەو واتایە دێ، کە پۆشاک لە ویژدان و هەست و مگێزییەوە هەڵقوڵاوە. لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموونی نەوەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و تا بە فۆرمی ئێستای گەیشتووە، لێی زیاد و کەم کراوە. واتە بەکەفوکوڵێک هەڵنەخرێنراوە.

ئێمەی نەوەی نوێش، وەک باپیرانمان لەگەڵیدا ڕاهاتووین و بەگیانمان خۆشە. بەتوێی ئەم پۆشاکە هەست بە دانەپاڵ میللەتێکی مێژووکرد دەکەین و خۆمان بەشت دەزانین. لێرەوە هەست دەکەین قوواڵییەکمان لە مێژوودا هەبووە. دەتوانم جەختی لەسەر بکەم، نزیکەی هەموو تاکێکی کورد لە هەندەران جلوبەرگی کوردیی هەیە. با ئەوی پەڕیوەی هەندەران نەورۆزا و نەورۆزیش لەبەری بکات، هەر بەلایەوە گرینگە و شادیبەخشە. چونکە ئەم جلوبەرگە میللییە، لەو دوورەوە، تاکە ئاوارەکان بە نیشتمانە ڕەسەنەکەی خۆیانەوە گرێ دەدا.

پۆشاک هەندێک جار ڕەمز و بڕگەی پیرۆزیشی تێ دەکەوێ. هەر بۆ نموونە، زۆر کەس ڕایان وایە، کاتێک کوردێک سێ گرێ لە پشتوێنە قوماشەکەی کەمەری دەدا، مەبەستی پێ بەهەندگرتنی هەڤۆتە زەردەشتییەکانە و ئەم سێ گرێیە، بۆ کتێبی ئاوێستا دەگەڕێتەوە، کە لەوێدا هەوادارانی خۆی بۆ سیانەی (بیری چاک، وتاری چاک، کرداری چاک) بانگهێشت دەکا. واتە ئەو سێ گرێیەی پشتوێنی کوردەواری، هەروا لامسەرلایی نەهاتووە. بگرە ڕەگوڕیشەی کۆن و ئایینیی هەیە، ڕەنگە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا بگەڕێتەوە. بۆچی کورد پشتوێنی قوماش دەبەستێ؟ سوودی ئەو دوو گوێچکەیەی کولّەباڵی لەمەڕ هەورامییەکان، کە خۆیان فەرەنجیی پێ دەڵێن چییە و لە چییەوە هاتووە؟ جێی وتنە هەورامییەکان، هەموو کات بەشی خۆیان پۆشاک و پێڵاویان بەرهەم هێناوە؟

ئێستاش با شتێک لەبارەی پشتوێنی کوردەواری بدوێین. پشتوێنی کوردی، دەبێتە پاڵپشت بۆ ماسوولکەکانی پشت و سکی مرۆڤ، بەتایبەتی لە کاتی ئەنجامدانی کاری قورسدا، پشت و سک ڕادەگرێ و دەیپارێزێ. وێڕای ئەوەی یارمەتی دەدا بۆ هەڵگرتنی خەنجەر و ڕەخت. دەمانچەشی لەسەر دەبەسترێ. دەشێ یەکاڵای بکاتەوە، نوێژی لەسەر بکات. ئەگەر پێکرا، زامەکەی پێ ببەستێ. وێڕای ئەرکی ڕازاندنەوە، دەکارێت کەلوپەلی پێ گوورزە بکا و بەکۆڵی خۆیدا بدات. دەکرێ بڵێین، پشتوێن تەواوکەری پۆشاکە و ناوقەد و کەمەری مرۆڤیش گەرم ڕادێنێ، بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا. وێڕای ئەوەی پزووی شەرواڵ و ڕانک دەشارێتەوە. دیارە بەڵای تاکی شەڕوانەوە، دەرکەوتنی پزووی شەرواڵ و ڕانک پەسەند نییە.

ئەم پارچە جلکانە وەک نێوەڕۆکی کۆمەڵایەتیان هەیە، ئاماژەی ئابووریشیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە. جلوبەرگ لە ئاماژەی فەرهەنگی و کولتووریش بێ بەش نییە. مرۆڤی کورد بەتوێی ئەم پۆشاکانە بەرجەستە دەبێ. قەدوبااڵ و بیچم و ڕووی شکڵگیر دەبێ. بەجوانی دەبینرێت و خۆی پێشانی دەروبەری دەدا. هەرچۆنێک بێ جلوبەرگیش بەشێکە لە شوناسی نیشتمانی.

تۆ وەک بینەرێک، کاتێک ئەم پارچە جلکانە لەبەر تاکەکاندا دەبینیت، بیر لە جوگرافیا و مێژووی کوردستانیش دەکەیەوە. چونکە ئەمانە دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون. پۆشاک، چنین، زەخرەفە و هێڵی کەوانی و پێچاوپێچ و ڕاستی تێ کەوێ. ڕەنگی هەمەجۆری تێ دەکەوێ، بەتایبەت جلوبەرگی ژنانە. نەخش و نیگار و ئەندازەی تێدایە، واتە لە سەلیقە و هونەریش بێ بەش نییە. وەک دەبینیت جلکی کوردی بەدەنفراوەنە نەک بەدەنچەسپ. ئەم تەرزە پۆشاکە بەشێکە لە شارستانییەت و تایبەتمەندیی گەلێک.

لە پاڵ ئەم پۆشاکە خۆماڵییەدا، شان بەشان پۆشاکی فەرەنگی، یان ئەوروپایی ژنان و پیاوانیش هەن. وەلێ ئێمە، کە هێشتا گەلێکی سەربەخۆ نین، گەرەکە جلوبەرگی خۆمان، وەک هێمایەک بۆ نەتەوە و ڕەگیشەمان بەلاوە گرینگ بێ و بیپۆشین.

جاری وا هەیە تەرزە پۆشاکێک، مێژووی سەردەمێکی زێڕینمان بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێک ناوی سەرکردەیەکی مێژوویی هەڵدەگرێ و وا بەستەی ناو و مێژووی ئەو دەبێ. چونکە لە کاتی خۆیدا

وەستاباشییەکانی جلوبەرگ بەتایبەکاری، بۆ چوونە سەرتەخت و وەرگرتنی پۆستی بالآ، بەبالآی ئەویان بڕیوە. وەک ئەو دەستە پۆشاکە تایبەتییەی شێخ مەحموودی مەلیک، کە تاکو ئێستایش هەر باویەتی و ڕەمێنی لەسەر ماوە. کاتێک تاکی کورد لە شێخان و شەنگال و دەشتی نەینەوادا، ناتوانێ دەستبەرداری جلوبەرگی عەرەبی بێت و بگەڕێتەوە سەر جلوبەرگی باپیرانی خۆی، کە کوردییە. ئەم هەڵوێستەی وەها لێک دەدرێتەوە، گوایە ئەو ناتوانێ لەو بیچم و قاپڵووخەی داگیرکەر بەسەریدا سەپاندووە و دەقی پێوە گرتووە دەربچێ. لە دۆخی وەهادا ئەو تاکە ناشتوانێت کوردانە بیر ناکاتەوە، بگرە ئەو وەک خاوەنی ڕەسەنی پۆشاکەکانی بەری بیر دەکاتەوە. چونکە ئەو بەچەترسێن کراوە. جورئەت و پڕکێشیی ئەوەی لەدەست داوە، لەبن هەژموونی داگیرکەر دەرفرتێت. پۆشینی جلوبەرگی میللی و نەتەوایەتی مافی هەر مرۆڤێکە. وەلێ ئەو ئەگەرچی ئێستاکە هەلی لە باریشی بۆ ڕەخساوە، کەچی هێشتا هەر ناتوانێ ببێتە خاوەنی یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی. ئەم تاکە بەچەترسێنکراوە (بەمندالّی سەرکوت کراوە)، گەرەکە ئێستا هەوڵی زۆری لەگەڵدا بدرێت، تاکو ئەم خدە ناجۆرەی، کە لەگەڵ بنیاتی مێژووییی ئەودا نایەتەوە تەرک بکات. چونکە ئەو بەو حاڵەوە، تاکێکە بنیاتی شێوێنراوە.

جلوبەرگی کوردەواری، لە بەرەبەیانی مێژووەوە تاکو ئێستا، پێ بەپێی پەرەسەندنی هەستی ستاتیکی، مگیز و ئاین و پێداویستیی ژیان لەلای تاکی کورد، گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە. تۆ هەروا بەراورد لە نێوان پۆشاکی ئێستاکە و هی سەدەکانی شازدەم و حەڤدەمی تاکی کورددا بکە، کە خۆرهەڵاتناسە دەسترەنگینەکان، پۆرترێتیان بۆ کێشراوە. دەشێ ئەم دەیاردەیە وەها لێک بدرێتەوە، کە گۆڕانکاری بەسەر دید و کەسیەتیی تاکی کورددا هاتووە. وەک گۆڕان لە ڕوانینی ئەودا بۆ جەستەی نیر و مێ و چۆنیەتیی دەرکەوتنی ئەم جەستەیە لە بەرانبەر ئەوانی تردا.

لەگەڵ گۆڕینی ئایندا، پۆشاکیش بۆ نێر و مێ، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. وەک چۆن دووانەی حەرام و حەڵاڵ، کاریان لە ژیان و هەڵسوکەوت و خۆراکی تاک کردووە، ئاوا کاریان لە پۆشاکیشی کردووە؛ بەتایبەتی دوای بەئیسلامبوونی زۆرینەی کورد. هەروەها جیاوازی لە نێوان پۆشاکی کەنیزە و ژنی ئازاددا هەبووە، چونکە بەلای کۆمەڵەوە گرینگ نەبووە ئەگەر کەنیزە بەشێک لە جەستەیشی کەوتبێتە بەرچاوی ئەوانی تر. بۆ نموونە زۆر بەقورسیان نەگرتووە، کەنیزە سەر و گەردن، یان پا و پووزی لەوانی تری نێرینە بشارێتەوە. لە نێوان نێرینەکانیشدا، بە پۆشاکی بەریاندا مرۆڤی ئازاد و کۆیلە لەیەک جیا کراونەتەوە.

بێژەکانی (سەرووت و دەمووت و لینگووت... هتد)، ناتۆرەن و مەبەست پێیان ئەو ئافرەت و پیاوانەن، کە حیشمەتی خۆیان ناپارێزن، سەروپێچ، یان مێزەر نابەستن. سەبارەت بە ئافرەتانیش، سەر و گەردن و پا و پووزیان بەدەرەوەیە. بەمەیش کێماسی دەکەوێتە کەسیەتیی ئەوانەوە. دیارە ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ پۆشاک نهۆ گۆڕینی بەسەردا هاتووە.

پێشتریش ئاماژەمان بەوە دا، کە جلوبەرگ بەپێی سەردەم گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. وەک لە

وێنە فۆتۆگرافییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەدیار دەکەوێ، کاتێک بە جلوبەرگی ئەم ڕۆژگارەیان بەراورد دەکەین. ئەو حەلە تەنانەت مێردمندالّیش، بۆ ئەوەی لە ڕووی فۆرمەوە، ببنە خاوەنی کەسیەتیی کاملّی خۆیان، هاتوون فەقیانە (ئەنگوچک) و مێزەریان بەستووە. بۆیە بێژەی (سەرڕووت) بۆ نێرینە و مێینە، وەک پلار و جنێو وەهابووە.

جلوبەرگ جەستەی تاک لە گەرمی و ساردی دەپارێزێ. دای دەپۆشێ و بیچمی، یان پەیکەری مرۆڤ بەرجەستە پیشان دەدا. جلوبەرگی ژنانە و پیاوانە لەلای هەر گرووپەکی ئیتنیکی، لە ڕووی بیچم و ڕەنگەوە جیاوازییان هەیە. ناشێ پیاوان جلکی ژنانە یان بەپێچەوانەوە لەبەر بکەن. ئەوەندە هەیە ئەگەر ژن، لەسەر کار و نێو مەزرا جلکی پیاوانەی پۆشی، گلەیی نایەتە سەر. وەلێ هەرگیز نابێ پیاو جلکی ژنانە بپۆشێ. چونکە ئەوەیان یەکسانە بە (بەمێینەکردنی پیاو لە ڕێی پۆشاکەوە) ئەمەشیان لەلای خۆیەوە یەکسانە بە داشکاندنی بەهای پیاو، کە بۆ خۆی سەرگەورەی کۆمەڵە. هەروەک پۆشاک ئاستی چینایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی تاکیشی پێ دەناسرێتەوە. پۆشاکی ژنە جووتیارێک و ژنە ئاغایەک زۆر لەیەک جیاوازن.

لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تری کوردستان، دیسان جلوبەرگ بڕێک گۆڕانی تێ دەکەوێ. هەندێک پارچەی پۆشاک هەن دەبنە هۆی بەرجەستەکردنی پتری بەشێک لە جەستەی مرۆڤ. وەک پشتوێنی ژنە سەقزییان، کە قەدوبالاّ و کەمەر و سمتی ژن دەخاتە بەرچاو و بڕێک وروژاندنیشی لێ دەکەوێتەوە. دەشێ خشڵ و زێڕ و زەمبەرەش بە تەواوکەر و جوانکاریی و ڕازانەوەی زیاتر بۆ پۆشاکی ژنی کورد بدەینە قەڵەم. وەک تاسکلاّو، یان پشتوێنی زێڕ، لەم سەردەمەدا.

(صوفية السحيري بن حتيرة،) لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی، (الجسد والمجتمع،) پێی وایە: "پۆشاک یەکێکە لە بنەماکانی کەسیەتی نەتەوە. پۆشاک لە نەتەوەکانی تر جیای دەکاتەوە و مۆرکی تایبەتیی پێ دەبەخشێت. بەگشتی تەواوی ڕواڵەت، ئەگەر، تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بڕوایی و شارستانەتەکانی لەسەر ڕەنگ دەداتەوە (...) پۆشاک هەڵوێستی کۆمەڵ بەرانبەر جەستە بەدیار دەخات. جلوبەرگ بەسەرێک جەستە دەشارێتەوە، بەسەرێکی تر وێنەی کۆمەڵایەتیی جەستەش ئاشکرا دەکات. هەروەها یارمەتیمان دەدات، تاکو خۆمان بەوانی تر بچوێنین. ئێمە لە ڕێی پۆشاکمانەوە لەوانی تر دەچین... لا. ١١٨"

ئێستا ئیمە، کاتێک لەو ئاریزانەی دەشتی نەینەوا ڕادەمێنین، تیا دەمێنین. نازانین داخۆ بڕوا بەکام لایەنەیان بکەین. بەجلوبەرگیان، کە عەرەبییە، یان بەزمانیان، کە کوردییە؟ بەناچاری دەکەوینە نێو گێژەنی پرسیارێکی گوماناوییەوە. بۆچی ئەم تاکە پۆشاکی لەگەڵ زمانیدا نایەتەوە؟ یەک لەباری خۆم، ئەوەندەی گەڕابم، دیاردەی وەهام لەلای هیچ گەلێک بەرچاو نەکەوتووە.

کاتی خۆی، لە کتێبی (مێنتەلێتیی خێڵ)دا، پاژی (ئەوێتی، تاکەکان کۆ دەکاتەوە) بە کورتی ئاماژەم بەم پرسە دابوو:

"دەشێت مرۆڤ کەڕ و لاڵ بێ، وەلێ پۆشاک کەڕ و لاڵ نییە، زمانی هەیە و چاوی ئێمە دەدوێنێ و

دەیخوێنێتەوە. پۆشاک کۆنتاکتی لەگەڵ چاوماندا هەیە نەک گوێمان. پۆشاک بێلایەن نییە. ئەگەر تاکێک چەفتە و عەگالی لەسەر نا، واتە ئەوێتیی خۆی بۆ ئاشکرا کردین. واتە ئەو تاکێکە سەر بە جڤاکێکی عەرەبییە، وەلێ بە کوردی دەئاخڤێت. لە دۆخی وەهادا لانی کەم دەبێ بڵێین: ئەو تاکێکە ئەوێتیی خۆی لە نێوان دوو گرووپی ئیتنیکیی جیاوازدا دابەش کردووە. یاخۆ تاکێکی (دووڕەگ: هجین)ە. خاوەنی ئەوێتییەکی نیوە ناتەواوە! نەک هەر خۆی، بگرە کەسیەتی و ئەوێتیی و تەواوی ئەو نێوەندەشی، کە تێیدا دەژی، کەرت کردووە. واتە ئەوێتیی دەستەجەمعیشی لەت کردووە."

تاکە نێرینەکانی گرووە ئیسلامییە ئوسوڵی و دەمارگیرەکان، مەبەستیانە لە دیمەن و پۆشاکیشدا خۆیان لەیەکتری جیا بکەنەوە. ئەمیان کەوای شۆڕ بەگەن دەکات، کەچی ئەوی تریان کورت، گوایە مرۆڤ ئەگەر جلکی شۆڕ بوو، ئەوا دەتوانێ زیاتر خۆی پێوە با بدات و خۆی ڕانێت. ئەمەش لەگەڵ هەڤۆتەکانی ئاینی ئیسلامدا یەک ناگرێتەوە. جیاوازی لە نێوان ڕاڤەکاراندا سەبارەت بەپرسی عەورەتی پیاو و ژن هەیە و زۆریشی لەسەر نووسراوە. وەک دەبینی ئافرەتی موسڵمان هەیە تەنیا چاوی بەدەرەوەیە، لە ئەفغانستان مێینە چاویشان بەدەرەوە نییە. چونکە ئیمام هەیە لەوێندەرێ چاو و ڕووی مێینەی بەعەورەت لەسەر حیساب کردوون. کەواتە دەبێ ژن پۆشاکێک لەبەر بکات، چاو و ڕووی ناپۆشێ. (صوفية السحيري بن حتيرة،) پێی وایە:

"پۆشاک نامەیەکی لە خۆیدا بۆ ئەوی تر هەڵگرتووە، لەوێدا هەڵوێستی خۆی لە کۆمەڵ و ڕێچکەی خۆی لە ژیان و خواستی خۆناساندن ئاشکرا دەکات. ڕواڵەتی دەرەوەی تاک، ناونیشانی زاتی خۆیەتی، لەوەدا، کە ئەو گوێڕایەڵ، یان سەرپەم نەتەوەیە، سەر بەویان نییە، سەر بەم خێڵ و چینی کۆمەڵە، سەر بەویان نییە... لا. ۱۱۹"

هەر ئەم پرسی پۆشاکە، حاڵی حازر لە وڵاتی میسر و لەئەوروپادا مشتومڕی زۆری ناوەتەوە. لە وڵاتی میسر کێشەکە لەسەر ئەوە بوو، زانکۆکان قبووڵیان نەدەکرد، خوێندکاران بە پەچە (نقاب) و (برقع)ەوە بچنە نێو شاری زانکۆ، یان هۆڵی تاقیکردنەوەکانەوە. ئەم پرسە گەورە بووبوو، ڕەوتە ئاینییەکان خۆیان لێ بەخاوەن کرد، تا گەیاندیانە دادگە. ئەنجام پرسەکە بەسەرکەوتنی ئەوان شکایەوە. ئەگەرچی ئەزهەر پەچە و بورقوعی بەلایەوە گرینگ نەبوو، چونکە بەڕای ئەزهەر، خواوەند فەرمانی بە پۆشینی پەچە و بورقوع نەکردووە. لەم پرسەدا حکوومەتی میسر و زانکۆی ئەزهەر دۆڕاندیان و ڕەوتە ئاینییەکان بردیانەوە. وەلێ لە وڵاتی فرانسە ئەنجام بەپێچەوانە شکایەوە. بەو هەنجەتەی ئازادکردنی ڕوو مەرجە بۆ پێکەوەژیان. ژن بەتوێی پەچە و بورقوع وەک زیندانی بەدیار دەکەوێ. ئەوە بوو لە تەموزی ئەمساڵدا ۲۰۱۰ پەرلەمانی فرانسە بڕیاری قەدەخەکردنی پۆشینی پەچە و بورقوعی لە شوێنە گشتییەکاندا پەسەند کرد. بەم پێیە، فرانسە دەبێتە یەکەم وڵاتی ئەوروپا، کە ئەو جووتە پارچە پۆشاکە سەربەگۆبەنە لە ڕەگەزی مێینەی موسڵمان قەدەخە بکا.

جلوبەرگ وا بەستەی کات و شوێنە. گۆڕستان شوێنی تێکەڵبوونی نێر و مێیە. لەلای خۆشمان

سەردانی گۆڕستان سروودتی خۆی هەیە. هەروەک ڕۆژی خۆی هەیە. یەک لە باری ژنان، پۆشاکی بڕێک جیاوازیش بۆ ئەم بۆنەیە هەیە. هۆکاری زۆرێک دەمەقاڵ و کێشەی نێوان ژن و مێرد، جیاوازییانە لەسەر پۆشینی جلوبورگ لە تافی بازاڕکردن و دەوامی فەرمانگە و سەردانی خزم و ناسیاودا. لە ڕووی کورت و درێژی یان تەسک و تروسکی. لایقە یان نالایقە. عەیبە یان عەیب نییە. گونجاوە یان نەگونجاوە. شەرع ڕێی پێ دەدا یان نایدات؟

لە ڕاستیدا جلوبەرگی پیاوانە، پۆشاکی مرۆڤی شەڕوانە. تاکی کورد لێ ڕاهاتووە لە شایی و جەژنی نەورۆزدا پۆشاکی میللی بپۆشێ. وێڕای ئەوەی جلکی کوردیی ژنانە و پیاوانە بۆ ڕاپەڕاندنی نوێژ گونجاون. چونکە تەواوی جەستەیان دادەپۆشێ. دەشێ بڵێین، پۆشاکی میللی بۆ کورد، ڕۆڵی دروشم و شوناس دەبینێ. ئەگەرچی جلکی فەرەنگی لە فەرمانگەکاندا پەیڕەو دەکرێ، بەڵام ئەم پۆشاکە جیهانییە نەیتوانیوە لە گرینگیی جلوبەرگی کوردی کەم بکاتەوە. پۆشاکی کوردی ئەگەرچی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وەلێ بناخەکەی هەر وەک خۆی ماوە.

کوردانی پەڕیوەی هەندەران تەنیا لە نەورۆز و ئاهەنگە داخراوەکانی خۆیاندا جلکی کوردی دەپۆشن، بەدەگمەن کوردێک لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا دەبینیت شاڵوشەپکی لەبەردا بێ. ڕەنگە ئەم پارێزەی تاکی کوردی ئاوارە لە هەستکردنییەوە بێت بە کێماسی نەتەوەیی. وەلێ هیندییەکان لە هەر کوێیەکی جیهاندا بن، پێیان شانازییە لە شوێنە گشتییەکاندا بە پۆشاکی میللییەوە دەربکەون. ئەوان چاوی جیهانیان بە دیتنی جلوبوبەرگی میللیی خۆیان ڕاهێناوە، لە ڕاستیشدا پۆشاکی ئەوان وەک هی کوردی جوانییەکی سەرنجکێشی هەیە. جلکی ژنانەی ئەوان نەخش و نیگاری تایبەت بەخۆیانی تێ دەکەوێ.

(سارێ)، جلی بووکێنیی ژنانی هیندستانە. پۆشاکێکی میللییە و تاکو ئێستایش ڕەمێنی لەسەرە و بووک بە سارێوە دەگوێزرێتەوە، سارێ لە ئاوریشم دەچنرێ. خۆ ئەگەر سیمی زێڕینی تێکەڵ کرا ئەوا نرخی هەڵدەکشێت. ئێستا لە بری دەستچن، کۆمپانیاکان سارێ بەرهەم دێنن.. یابانییەکانیش، ئەو گەلە زیندووە دەسترەنگینەن، کە جیهان پێیان سەرسامە. ئەوانیش لە بۆنەکانی خۆیاندا (کیمۆنۆ) دەپۆشن و پشتیان نەکردووەتە ئەم پۆشاکە میللییەی خۆیان.

لەم سەروبەندەدا، سااڵنە لە زۆر شاری گەورەی جیهاندا پێشانگە بۆ پۆشاکی میللی دەکرێتەوە. جاروبار چاوت لێ دەبێت، یان دەبیستیت، ڕەوەندی کوردیش لە ئەوروپا پێشانگەی جلوبەرگی کوردی دەکەنەوە و خەڵکی ڕەسەنی وڵاتانی ئەوروپاشی بۆ بانگهێشت دەکەن. ژنە دەستڕەنگینەکانی هەندەران ئەم کارە ڕادەپەڕێنن. لە ڕاستیدا پۆشاکی میللی، بە بیچم و ڕەنگەکانییەوە بەشێک لە کولتوور و فەرهەنگی گەلان پێک دەهێنێ. بۆیە لەم سەدەیەدا جارێکی تر بەبایەخەوە گەڕاونەتەوە سەری و لە فەوتان دەپارێزن.

سەرچاوە:

صوفية السحيري بن حتيرة، الجسد والمجتمع، الأنتشار العربي بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٨.

محەمەد فەریق حەسەن، مێنتەلێتیی خێڵ، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.

جلوبەرگی کوردی
لە گەڕنامەی ڕۆژئاواییەکاندا

لە سەدەی شازدەمین بەملاوە، ڕۆهەڵاتی ئیسلامی جارێکی تر بووەوە بەمایەی چاوتێبڕینی گەڕاڵ و گەڕیدانی ئەوروپایی. هەندێک لەمانە بیرەوەرییان نووسیوەتەوە و هەندێکیان لێکۆڵینەوەیان نووسیوە و هەندێکیش کتێب و دەستنووسیان کڕیوە یان وێنەیان کێشاوە لەبارەی مرۆڤگەلی ئەو ناوچانەی سەردانیان کردوون. ولاّی کوردان لە جەرگەی ئەو ناوچانە بووە کە هاتوچۆی گەڕیدە و کەڕاڵانی بەسەرەوە بووە و لە سەریان نووسیوە. دەتوانین لە نێوان توێیەکانی ئەو گەڕنامانەدا چەندان بەسەرهات و بیرەوەری و زانیاری و لەبارەی ژیانی خێڵەتی و شارستانییانەی کورد بدۆزینەوە و بیانکەین بەسەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو ژیانی ئەو دەور و زەمانانەی ولاّتەکەمان. یەکێکی تریشیان ئەو وێنە دەستکێشانەیە کە نرخ و بەهایان بۆ ناسینەوەی کۆمەڵگەی کوردی لەو سەردەمانەدا لە تەواوبوون نایەت. بەتایبەت جلوبەرگ و پۆشاکی ناوچە جۆجۆییەکانی ولاّتی کوردەواری. لەم ژمارەیەدا کۆمەڵێک وێنەمان هەڵبژاردووە و پێشکێشی بخوێنانیان دەکەین بەهیوای چێژ لێ وەرگرتن و وردبوونەوە لێیان بۆ چەند ساتێک.

(ب. ئ)

شەڕی کورد و فارس

کوردێکی سابلاغی

پیاوێکی جاف

ئەفسەرێکی کورد لە دەمی میرایەتیی بابانداـ سلێمانی

پیاوێکی ئێزیدی و ژنەکەی

ماڵباتێکی نەستۆری

کوردی ناوچەی هەرزۆ

راوکەرێکی کورد بەباز و تاژی و تووڵەوە

دەرویێشێکی کورد لە روهـا

کورد ئەرمەنستان

شایلۆغانی کوردی پاش تەواوبوونی شەڕ



کچێکی کورد تەنبوور لێ دەدا

سواره و شەڕوانانی کورد

سواره و شەڕوانانی کورد

هەڵپەڕکێی ژنانی کورد

قۆشمه و جریدبازیی کوردی

فایلی حەسەنکەیف

ئایشە دیدەم بایڤاس

لە ٥ی ئەغستۆس/ ئابی ٢٠٠٦دا لەلایەن تەیب ئەردۆگانەوە، وەک سەرکۆمار، کە حەسەنکەیفی نەبینیبوو، بەردی بناغەی بەنداو و ناوەندی هایدرۆکارەباییی "ئلّیسو"ی دانا، کە شاری دێرینی حەسەنکەیفی سەر بەپارێزگەی باتمانی تورکیا بەژێر ئاوەوە دەکا، لە گوندی "ئلّیسو"ی سەر بە ناوچەی دارگێچتیی ماردیندا، کە نزیکەی ٤٠ کیلۆمەتر قەدبڕ "ڕاستەوڕاست" لە حەسەنکەیفەوە دوورە، فوودانە و کۆنفەتی "ورده کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ کە لە ئاهەنگەکاندا بەکار دەهێنرێ" بە ئاسماندا هەلّدران.

تا ئەمڕۆ هەولّمان داوە لە شێوەی سەرەدێردا بەشێکی ئەو ڕوونکردنەوانەی، سەرچاوە جوداجوداکان، (STK)ەکان، ئەکادیمیستەکان و پلەدارە فەرمییەکان ئەنجامیان داون کۆ بکەینەوە. لەلایەکی تردوە چەند بەشێکمان لەوانەی زانیاریی گشتییان تێدایە کە پێوەندییان بە (حەسەنکەیف)ەوە هەیە تێکەلّی ناو ئەم فایلە کردووە.

"هەیڤی بەپیت " یانیش ئەو ناوچەیەی بە "میزۆپۆتامیای ژوورو" ناودەبرێ، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەلانکەی شارستانی دەناسرێ. ناوچەی (GAP)، بە درێژاییی مێژوو لە نێوانی خاکەکانی ئەنادۆل و میزۆپۆتامیا ئەرکی پردێکی بینیوە کە بواری لێوە ڕەتبوونی دابین کردووە.

دوو ئاوی ڕەوانی بەبایەخی تورکیا، دوو ڕووباری فورات و دیجلە، بە ناوچەی (GAP)دا ڕەت دەبن. ئەم دوو ڕووبارەی لە ئەنادۆلی ڕۆهەلّاتەوە هەلّدەقوولّێن، ئاوەکانیان بە کەنداوی بەسرەدا دەڕێژن. ناوچەی باشووری ڕۆهەلّاتی ئەنادۆل، بە بەراورد لەگەلّ ناوچەکانی تری تورکیا بارانی

(*) وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە

کەمتر لێ دەبارێ. بەم هۆیەوە لە پێشدا ئاوی هەردوو ڕووباری فورات و دیجلە کە لە سەرچاوە زۆر دەوڵەمەندەکانی ناوچەکەن، بۆ ئاسانجی ئاودێری و بەرهەمهێنانی وزە، بیر لە هەڵسەنگاندن و ڕێکخستنەوەی ئاوی ئەم دوو ڕووبارە کرایەوە کە ئاویان بەناڕێکی دەڕوا.

ساڵی ١٩٣٦ بە فەرمانی ئەتاتورک بەڕێوەبەریەتیی لێکۆڵینەوە لە کاروباری کارەبا دامەزراوە، بەڕێوەبەریەتی لەگەڵ "پڕۆژەی کەبان" دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە. لێکۆڵینەوە لە هەموو ڕووبەکی ڕووباری فوراتەوە و بۆ چەسپاندنی ئەنجامەکان، ئێستگەگەلی ڕوانگەکانی دامەزراندبوو. لە ساڵی ١٩٣٨دا لە دەربەندی کەباندا دەست کراوەتە لێکۆڵینەوە جیۆلۆجی و تۆپۆگرافییەکان. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ – ١٩٦٠دا لەسەر فورات بێ یان لەسەر دیجلە، لەلایەن بەڕێوەبەریەتیی لێکۆڵینەوە لە کاروباری کارەباوە کارەکانی پشکنین چڕ کراوەتەوە. لەسەر هاتنە ناوەوەی پێویستیی تازە، ساڵی ١٩٥٤ بەڕێوەبەریەتیی گشتیی کاروباری ئاوی سەر بەدەوڵەت (DSI) دامەزراوە. بەم جۆرە بیری ئەنجامدانی کاروباری حەوزە ڕووبارییەکان لە تورکیا پێکهاتووە و تورکیا کراوەتە ٢٦ حەوزەی ڕووباری، لەلایەن بەڕێوەبەریەتیی گشتیی کاروباری ئاوی سەر بەدەوڵەتەوە، دەست بەکارەکانی پشکنین و پلانڕێژی کراوە. لە کۆتاییی ئەو کارانەدا کە لەلایەن فەرمانگەی پلانڕێژیی فوراتەوە، ئەنجام دراون کە ساڵی ١٩٦١ لە دیاربەکردا دامەزراوە. ساڵی ١٩٦٤ "ڕاپۆرتی پشکنینی حەوزەی فورات" ئامادە کراوە، کە وزە ماتەکانی ئاودێری و وزەی حەوزەی فوراتی دیاری کردووە. سەرەڕای ئەم ڕاپۆرتە ساڵی ١٩٦٦ "ڕاپۆرتی پشکنینی فوراتی خواروو" پەرە پێ دراوە. بۆ حەوزەی دیجلەش، کاری هاوتەریب لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەی دیاربەکری (DSI) درێژەی پێ دراوە.

بەم جۆرە چۆنیەتیی سوود لە حەوزەی فوراتی خواروو و حەوزەی دیجلە وەرگرتن

بەرچاوڕوونیی پەیدا کرد و ساڵی ١٩٨٠ وەها پەسند کرا پڕۆژەی ئەم دوو حەوزەیە ناوی لێ بنرێ: "پڕۆژەی باشووری ڕۆهەڵاتی ئەنادۆڵ ".

لەناو چوارچێوەی پلانڕێژیی ناوچەییی پەرەپێدانی گشتگیردا، ئەرکی دابینکردن و ئاراستەکردنی ڕێکخستنی چالاکییەکانی وەدەستهێنانی ناوچەی باشووری ڕۆهەڵاتی ئەنادۆڵ، کە لە بەڕێوەچوونداید، ساڵی ١٩٨٦ دراوەتە دەس دامەزراوە پلانڕێژییەکانی دەوڵەت.

بەنداوی ئلیسو و ناوەندی هایدرۆکارەبایی

بەنداوی ئلیسو و ناوەندی هایدرۆکارەبایی کە دەکەونە ناو سنوورەکانی پارێزگاکانی ماردین و شیرناخ (HES)، یەکێکە لە بنەما بنچینەییەکانی (GAP) کە یەکێکە لە پڕۆژە هەرە گەورەکانی ئاو لە دنیادا. پڕۆژەی ڕابوونی کۆمەڵایەتی، ئابووریی (GAP)ی گشتگیر، کە ٩ پارێزگا دەگرێتەوە، بەنداوی (ئلیسو)ی یەک لەو ٢٢ بەنداوەیە کە پلانی دروستکردنیان داڕێژراوە، لە ١٥ کیلۆمەتری ڕۆهەڵاتی ناوچەی (دارگێچتی)ی ناوەڕاستی سنووری پارێزگاکانی ماردین و شیرناخ، لەسەر ڕووباری دیجلەدا جێی گرتووەتەوە. پڕۆژەیەکی "کلیلئامێزە ".

پڕۆژەی بەنداوی ئلیسو و ناوەندی هایدرۆکارەبایی (پڕۆژەی ئلیسو)، لە ساڵی ١٩٥٤دا لە ئاراستەی ئەو کارانەدا کە پێوەندییان بەپەرەپێدانی سەرچاوە زەوی (خۆڵ) و ئاوییەکانی ڕووباری دیجلەدا، لەلایەن (DSI)ەوە دەست پێ کراوە.

بەنداوی ئلیسو، لە شێوەی گلێ بەناواخنی تاشەبەرد پڕ کراوەیە، بەرزیی لە بناخەوە ١٣٨ مەتر دەبێ. بەرزترین ئاستی ئاوی بەنداوەکە ٥٢٦,٨٢ مەترە. تێکڕای قەوارەی تەن ٤٤ ملیۆن مەتر سێجایە، قەوارەی ئاوی یەدەک ١١ ملیار مەتر سێجا، هێزی دامەزراوە ١٢٠٠ مێگاوات (MW) تێکڕای وزەی بەرهەمهێنراو ٣,٨٣٣ ملیار (GWh)ە. ئەو وزەیەی بە بەنداوی ئلیسو بەرهەم دەهێنرێ، ١٠٪ ی ئەو وزەیە پێک دەهێنێ کە ئێستاکە بەهۆی ناوەندەکانی هایدرۆکارەبای وڵاتەکەمان (تورکیا) بەرهەم دەهێنرێ.

کە دامەزراوەکان دەستبەکار دەبن، تورکیا لە ڕوانگەی قەوارەی تەنەوە ٢٠ دامەزراو و لە ڕووی هێزەوە ٤٠ بەنداوی گەورەی دەبێ.

بڕی پارەی متمانەیی "زەمان "ی دەرەکیی دابینکراو بۆ پڕۆژەی ئلیسو ١٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلارە. لەناو ئەم پارەیەدا بڕی ئەو پارەیەی بۆ "مێژووی حەسەنکەیف و پاراستنی بوونە کەلەپوورییەکان و ڕزگارکردنی" خەرج دەکرێ ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ دۆلارە.

زانیاری: دادگەی مافی مرۆڤی ئەورووپا (AIHM)، ئەو داواکارییەی پەسند کردووە کە لە پێناوی وەستاندنی دروستبوونی بەنداوی (ئلیسو)ەوە پێی دراوە کە دەبێتە هۆی بەژێر ئاوەوە بوونی حەسەنکەیف.

بۆ ڕزگارکردنی حەسەنکەیف دادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپا (AIHM) و لەو داواکارییانەدا کە لە تورکیا پێشکێش دەکرێن لە ٦ ڕێکخراوی مافی مرۆڤەوە ٥٠ پارێزەر بەشداریی تێدا دەکەن.

دید و بۆچوونەکان

BBC ساڵی ٢٠٠١ سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا، " بیلّفۆرم بیێتتی "ی کۆمپانیای ئەندازیاریی ئینگلیز " بەهۆی ئاڵۆزیی ژینگە و بازرگانی و کۆمەڵایەتی "یەوە، لە پرۆژەکە کشاوەتەوە. هەروەها " ئیمپرەگیلۆ "ی کۆمپانیای بیناسازیی ئیتاڵیایی و (UBS)ی گەورەترین بانکی سویسراش پێوەندییان بە پرۆژەکەوە بڕیوە.

ئینگلش تایمس: ڕۆژنامەی تایمس، بیناسازیی بەنداوی بەوێرانکارییەکی ئارکیۆلۆجی و مرۆڤایەتی داناوە، تورکیای لە بابەتی بەنداوەکاندا بە پۆشینی هەڵوێستێکی سەرڕەقانە پەسن داوە. تایمس، وتەی (ماگگی ڕۆناین)یشی گواستەوە، کە یەکێکە لە ئارکیۆلۆجەکانی زانکۆی ئێرلەندا و لە ١٩٩٩وە لە ناوچەکەدا کاری کردووە، کە دەڵێ: " ئەم بەنداوەی نیاز وایە لە ناوچەیەکدا بنیات بنرێ، شوێنەوارێکی زۆری مێژوویی و ڕۆشنبیریی جۆراوجۆری بەیەکەوە لێیە، چەکێکی کۆمەڵکوژی ڕۆشنبیرییە."

ڕۆژنامەکە، سەرەڕای ڕوونکردنەوەی ئەوەی حکوومەت ٢٥ ملیۆن یۆرۆی تەرخان کردووە بۆ ئەو کارانەی بەئاراستەی بۆ جێی تر گواستنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکان و ئەو بینایانەی تر کە بەژێر ئاوی بەنداوەوە دەبن. ڕۆژنامەکە ئەوەشی گواستەوە کە بە قسەی ئارکیۆلۆجی و پێوەندداران شوێنەواری مێژووییی بەژمارە زۆری ئەم ناوچەیە لە توانادا نییە دەربکرێن و بگوازرێنە شوێنێکی تر. تایمس، ئەوەشی تۆمار کرد کە ئەم بەنداوەی ٢،١ ملیار یۆرۆی تێ دەچێ، بەگوێرەی سووریا و عێراق دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی جیدیی بڕی ئاو و لەوانەیە پەلە لە هاتنە کایەی تەنگژەیەکی تازە بکا.

کەچی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، دەڵێ: " ئێدی ئێرە دەبێتە ناوچەیەکی گەشتوگوزار. ئێستاکە ئێرە تەنیا ڕووباری دیجلەی پێدا دەڕوا، لەمەودوا دیجلەشی پێدا دەڕوا و دەریاچەی (ئاڵیسو)شی تێدا پێک دێ. کاریگەریی بەسەر هەوای ناوچەکەشدا دەبێ. سەوزتر دەبێ، خۆشیی ماسی و بەلەم، بەشێوەیەکی تر کاریگەریی بەسەر گەشتوگوزاردا دەبێ. ".

کورتەمێژووی حەسەنکەیف

حەسەنکەیف کە بەشێکی ژوورووی میزۆپۆتامیایە، هەروەها کەوتووەتە ناوچەیەکەوە ڕۆشنبیرییەکانی ئەنادۆڵ و ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆهەڵاتی نزیکی تێدا کاریان لەیەک کردووە و ئاوێتەی یەکدی بوون، نازانرێ کەی و لەلایەن کێوە دروست کراوە. بەڵام شارەکە و هەزاران ئەشکەوتی دەوروبەری ئەوە دەردەخەن کە مرۆڤەل بەر لە سەدەگەلێکەوە نیشتەجێی ئێرە بوون. لەو

سەردەمانەی پێش زایندا بووەتە شانۆی چ جۆرە ڕووداوێلێک، کێیەل لێرەدا فەرمانڕەواییان کردووە، ئەمە یەکێکە لە لاپەڕە تاریکەکانی مێژوو. لەم بارەیەوە هیچ سەرچاوەیەکی نووسراو لە بەردەستاندا نییە.

حەسەنکەیف لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا بنکەیەکی پێشەوە بووە بۆ ئیمپراتۆریەتی ئێران و ڕۆمانی هەردوو هێزی هەرە مەزنی ئەو سەردەمە، بیزەنتییان و ساسانییان ناوە ناوە دەسەڵاتی سەر شاریان لە یەکتری وەرگرتووەتەوە. بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمدا بیزەنتییەکان بە دروستکردنی قەڵایەکی پتەو جارێکی تر نەیانداوەتەوە دەست ساسانییان. فەرمانڕەواییان تا سەدەی حەوت کە موسڵمانان شاریان گرتووە؛ درێژەی بووە. موسڵمانان ئێرەیان لە سەردەمی حەزرەت عومەری دووەم جێنشیندا لە ساڵی ٦٣٨ی زایندا گرتووە. شارْنە فەرمانڕەوای "حسن کەیفا " شارەکەی بێ ئەوەی هیچ بجەنگێ داوەتە دەست خالیدی کوڕی وەلیدەوە، کە بۆ گرتنی شارەکە هاتووە. بەم جۆرە شارەکەی لە ڕووخاندن ڕزگار کردووە. دوای سەردەمی جێنشینان بە سەرە، ئەرمەنییەکان، عەباسییەکان، حەمدانییەکان، مەڕوانییەکان، ئەرتوقییەکان، ئەیووبییەکان و عوسمانییەکان بوونەتە فەرمانڕەوای ئێرە.

لە نێوانی ١١٠١ – ١٢٣٢دا بە ناوی ئەوسایەوە کە پایەتەختی ئەرتوقییەکان بووە، حسن کەیفا یەکێک بووە لە شارە بە بایەخەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. شارەکە بەجێیەکەیەوە لەسەر ڕووبارێ دیجلەدا کە لە باکوورەوە بەرەو باشوور پێچ دەخوا و دەڕوا و بەهۆی ئەوەوە کە بەشێکی بایەخداری بازرگانیی ئەو ڕۆژانە بە ڕێی ڕووبارەوە ئەنجام دراوە، لە ڕووی بازرگانی و ئابووریشەوە پەرەی سەندووە. ئەیووبییان کە لە ١٢٣٢دا حەسەنکەیفیان گرتووە، بەر لەوەی تەواوێ دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن، ڕووبەڕووی داگیرکاریی مۆغۆلەکان بوونەتەوە. دوای بەسەرچوونی ئەم داگیرکارییە، لە سەرەتاکانی سەدەی چواردەمەوە بەرلەنوێ دەست بەنۆژەنکردنەوەی حەسەنکەیف کراوەتەوە. لە کۆتاییدا ، ئەییووبییان بەهۆی پاڵەپەستۆی سەفەوییەکان و کێشە ناوەخۆییەکانیانەوە پێیان نەکرا خۆیان لەبەر هێزی عوسمانیاندا ڕابگرن و لە ١٥١٥دا ئێرەیان بۆ عوسمانییان جێ هێشتووە.

حەسەنکەیف، لە سەروبەندی شەڕی یەکەمی دنیادا پشتگوێ خراوە و بووەتە کەلاوە، دواتر لەلایەن ئەو گوندییانەی لێرە نیشتەجێ بوون، ئاوەدان کراوەتەوە. ساڵی ١٩٦٧ بۆ دالّدەدانی ئەو خێزانانەی لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون، خانووی کۆنکرێتیی چل مەتر دووجایی دروست کراوە، لە ١٩٩٠دا بەپێی ڕێکخستنێکەوە کە کراوە، هاتووەتە سەر شێوەی ناوچە " ناحیە " و بەباتمانەوە بەستراوە.

لە تۆمارە مێژووییەکانەوە تێ دەگەین، لە سەردەمی ئاققۆینلّودا (١٤٦١ – ١٤٨٢)، هاتنی شا ئیسماعیلی سەفەوی بۆ حەسەنکەیف، کە خوشکەکەی دەداتە شا خەلیلی میری حەسەنکەیف، چ جۆرە شایەکی بە ئاهەنگ دەگێڕرێ، یان پێشتریش بنەماڵەی ئەرتوقییان کە نزیکەی سەدە و

نیـوێک فـەرمـانڕەواییـیـان لە حـسن کـەیفـادا کـردووە (١١٠٢ _ ٣١ / ١٢٣٢)، لەلایەکـەوە لەگـەڵ کـۆنتنشـینیی خـاچپـەرسـتی ئورفـەدا دەجـەنگین و لەلایەکی تردەوە زانست و هـونەر پێکەوە لە پەرەسەندندا بووە.

سـەرچاوەی ناوی حسن کەیفـاش ڕوون نییـە و بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ناوە، کۆمـەڵێک بیری بێ بنەما هێنراوەتە ناوەوە، گرینمانەی ئەوە کراوە کە ناوی کەیفا لە " کیفۆ "ی سریانی بە واتای تاشە بـەرد "وە هاتبـێ، (Quatremere, Histoire des Mongols, I, 333 و ئـەولاتر). بـەپێـی ئـەمـــــە، لـە سـەرچاوە سـریانییـەکاندا بە " حـەسنا کـەپها " دانراوە و لە عـەرەبیدا ناوی حسن کـەیفای شـارەکە دەکـرێ بە " شـووڕەی تاوێر " وەربگێـڕرێ، M.Streck وای بۆ دەچێ: نـاوی حـسن کـەیفـا بە " ڕێ تێـچوون " لە وشـەی (کیپانی)ی ئاسـوورییـەوە گـەردان کرابێ، لەلای کۆنەکاندا ناوی بە بایەخـەوە پارێزراوی نـەتەوە یان شـار، ناوەندی ناوچـەیەک کـە لە سـەرچاوەیدا بەم جـۆرە ناوی لـێ نرابێ و شوێنی سەخت بگەیەنێ.

دواتر ناوی حـسن کـەیفـا، بەهـەندێک کـورتکراوەی، بووەتە حـسن کـەیف، لەژێر حـوکـمـداریی عوسمـانیدا شێوەی (حـەسـەن کـەیف)ی وەرگرتووە. ئەو چیـرۆکانەی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ناوەی وەک، گوایە شـارەکە لەلایەن حـەسـەن ناوێکی ئێرانی یان سـەرکـردەیەکی عـەرەبـەوە دامـەزرابێ، یانیش قـارەمـانێک بەم ناوەوە لەنـاو شـووڕەکـەدا بەند کـراوە، بە ئەسـپـەکـەیەوە لەسـەر بەرزترین شوێنی ئەو شـووڕەیەوە کە تێیدا بەند بووە، خۆی هـەڵداوەتەوە ناو دیـجلە و ڕزگاری بووە. هـەروەک بایەخ بـەم جـۆرە چیـرۆکـانە نادرێ. ئەو بیـرانەشـی کـە بۆ ئەوە دەچن نـاوەکـەی ئەمـڕۆی بەواتای "کەیفی حەسەن " یان کەیفی حوسنی بێ، بێ بنەمان. یاقووت دەڵێ ئێرە (کـەیبا)شی پێ دەگوترێ و وای بۆ دەچێ کە دەبێ وشـەیەکی ئەرمەنی بێ. ئینـجیـجیان (Geogr.,s.234)، نووسـیـویـەتی کە بە ئەرمـەنیی کۆن بە ئێرە گوتراوە (کەنتزی) و دواتریش کاتب چەلەبی، نووسـیـویـەتی: لە سـەرەتاوە



ئێرە پێیان گوتووە " رەئسولغوول".

حەسەنکەیف، ناوەندی شارێکی سەر بەسەدەکانی ناوەڕاستە، کە ڕەسەنایەتی و یەکپارچەیی خۆی پاراستووە. شاری ژوورو لەو گۆڕەپانەدا دامەزراوە کە قەڵای لێیە، شاری خوارو کە بەسەر سەکۆکانی باشووری دیجلەدا ڕاخراوە و ئەو گۆڕەپان و گەڕەکانەی شار، کە لە سەر سەکۆکانی باکوری دیجلەدان، بەم جۆرە شار، بووەتە سێ بەشی سەرەکی.

ئەو پردەی لە سەردەمی ئەرتوقییاندا بنیات نراوە، وەک بەدیمەنترین و گەورەترین پردی سەدەکانی ناوەڕاست خۆی نواندووە. ئەو سەرا گەورەیەی لەسەر زەوییەکی ٢٠٠٠ مەتر دووجای خواروی مزگەوتی گەورەی قەڵاکەوەیە و دەرگەی قەڵاکە لەسەر ڕێی لای ڕۆهەڵاتی قەڵاوە، لەناو بیناکانی تری ئەو سەردەمانەدان. لە کاتێکدا ئەو شوێنەوارە ئەیووبییە بایەخدارانەی لە حەسەنکەیفدان، مزگەوتی گەورەی بەرزترین شوێنی قەڵای ساڵی ١٣٢٥، مزگەوتی (ئەلرزق)ی ١٤٠٩، مزگەوتی سوڵتان سولەیمانی ١٣١٥، مزگەوتی قۆچ، مزگەوتی کیژان (قزلار)، مزگەوتی گچکە، لەگەڵ کونجی ئیمام عەبدولا و سەرای گچکەی ڕۆهەڵاتی (قەڵا)ن. کەچی گۆڕی (زەینەل بەگ)ی سەردەمی ئاققۆینلو ، مێژووی بۆ نیوەی دووەمی سەدەی پازدە دەگەڕێتەوە.

پرۆژەکانی ڕزگارکردنی بوونی ڕۆشنبیرییەک

سەرۆکایەتیی بەڕێوەبردنی ڕابوونی ناوچەیGAPی سەر بەسەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا: جێبەجێکردنی کارەکانی نۆژەنکردنەوە و ڕزگارکردنەوەی بوونە ڕۆشنبیرییەکان، پاراستن و گواستنەوەیان بۆ نەوەکانی داهاتوو لەگەڵ ڕێکخستنی دەوروبەر، ژێرخان، نەهێشتنی پێویستییەکانی حەوانەوە و دابەشکردنی، لەنێو گرینگترینی ئەو کارانەن لە چواچێوەی GAPدا دێنە ئەنجامدان. پاراستنی بوونە ڕۆشنبیرییەکان و بەبایەخکردنی ئەم کۆششانەی بەئاراستەی هەڵسەنگاندنیان، بە بەڵگەکردنی (تۆمارکردنی) ئەو بوونە ڕۆشنبیرییانەی بیرەجک، هەڵفەتی، ناوچەی سوروج، کە ناگوێزرێنەوە، پرۆژەی لێکۆڵینەوە و هەڵکۆڵین و ڕزگارکردنی مێژووی حەسەنکەیف و گۆڕەپانی شوێنی ئارکیۆلۆجی، پرۆژەی دەوروبەری گۆڕەپانی ئاجرلی (میدیات – ماردین)، پرۆژەی مەشقی پزیشکیی هاوبەشی شارستانیی ماردین، پرۆژەی هەڵکۆڵین و ڕزگارکردنی بە پەلەی (زۆگما!)، لەگەڵ پرۆژەی پشکنینی نیشتەجێ ئارکیۆلۆجییەکانی ناوچەی باشووری ڕۆهەڵاتی ئەنادۆڵن.

"پرۆژەی لێکۆڵینەوە لە مێژووی حەسەنکەیف و بواری گۆڕەپانی ئارکیۆلۆجی و هەڵکۆڵین و ڕزگارکردن "، یەکێکە لەو پرۆژانەی لەلایەن سەرۆکایەتیی بەڕێوەبردنی ڕابوونی ناوچەی GAPەوە هێنراوەتە کایە، بە ئامانجی پاراستن و هەڵسەنگاندن و دووپاتکردنەوەی بایەخی لایەنی گەشتوگوزاری ئەو " کەلەپووری ڕۆشنبیری "یەی لە ناوچەکەدا لەنێو هەزاران ساڵی مێژووی شارستانیدا پێک هاتووە، بەو ئامانجەی لەو مێژووەی حەسەنکەیف و گۆڕەپانی بواری

ئارکیۆلۆجییەی دەکەوێتە ژێر ئاوی حەوزەی گۆلی بەنداوی ئلیسو، کە پێشنیاز کراوە لە چوارچێوەی GAP دا دروست بکرێ، لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدرێ و کار بۆ ڕزگارکردن و گەیاندنی بە نەوەکانی داهاتوو بکرێ.

کە دێینە سەر بواری پڕۆژەکە، چەسپاندن و تۆمار و کاری تۆپۆگرافی و جیۆلۆجی و جیۆتەکنیکی و جێبەجێکردنی کارەکانی نەخشەکێشی و ئەو بوونە ڕۆشنبیرییانەی لەژێر زەویدا ماونەتەوە و سەر بە سەردەمی جودای چینە ڕۆشنبیرییەکانن و جێبەجێکارییەکانی بە هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆجی هێنانە سەر زەویی " دەرخستنی " ئەو بوونە ڕۆشنبیرییانە و ئەنجامدانی کار بە ئاراستەی پاراستنیان، گواستنەوەی ئەو بوونە ڕۆشنبیرییانەی دەشێ بگوێزرێنەوە، تۆماری بەبەڵگەکردن و بڵاوکردنەوەیان. ئەو کاری هەڵکۆڵین و ڕزگارکردنەی بەئیمزاکردنی پڕۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٩١ی نێوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار و سەرۆکایەتیی بەڕێوەبردنی ڕابوونی ناوچەی GAPەوە دەست پێ کراوە، بەهۆی بارودۆخی نائاساییی ناوچەکەوە، تا ساڵی ١٩٩٨ ئەنجام نەدراون. ساڵی ١٩٩٨ ئەو کارانەی هەڵکۆڵین و ڕزگارکردنانەی سەر لە نوێ دەست پێ کراوەتەوە، لەبارەی مێژووی شار و پلانییەوە زانیاریی بەبایەخ بەدەست هێنراوە. وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار هەرکە بڕیاری ڕێ بە هەڵکۆڵیندانەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بە کارەکانی بەڕێوەبردنی هەڵکۆڵین لە کەلاوەکانی حەسەنکەیف دا، بە هەڵوەشاندنەوەی پڕۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٩١، لەنێو پێوەندارەکاندا لە ٥/٧/ ٢٠٠٤ دا پڕۆتۆکۆلێکی تازە ئیمزا کرا.

لە چوارچێوەی پڕۆتۆکۆلە نوێیەکەدا کە بابەتی باسە، دەمی هەڵکۆڵینە ئارکیۆلۆجییەکانی ساڵی ٢٠٠٥ لە شوێنە پێشنیازکراوەکەی حەسەنکەیفدا، لەگەڵ کارە ئامادەسازییەکاندا پێکەوە، لە ٢٠٠٥/٦/٦دا دەستی پێ کردووە، کارەکانی ئاوەدانکردنەوەی بەشی دەسنیشانکراو لە ٢٠٠٥/١٠/١٩ کۆتاییی پێ هات.

چالاکییەکانی ساڵی ٢٠٠٥، " ئامادەسازییە بەراییەکان "ی، گۆڕی زەینەڵ بەگ، بیناکانی قەدپاڵەکان (٢)، بیناکانی قەدپاڵەکان (٣)، سەرای گەورە، کلێسای بێناو (دەریکی)، لە گەرماو (حەمام)دا دەست بە پشکنینە سەرەتاییەکان کراوە و دەست بە هەڵکۆڵین کراوە و فرنەکانی سیرامیک و پاشماوەی بینا ڕۆماییەکان، لە بیناکانی ڕۆئاوا، لە (٤) بینای ناوچەی قاسمییە کە بە نیشتەجێی ڕۆهەڵات زانراوە " کارەکانی هەڵکۆڵین " بەڕێوە چووە. " ڕێکخستن و کارە نۆژەنکارییە سادەکان " لە دەوروبەری ئەو شوێنانەی کارەکانی هەڵکۆڵینیان لێ ئەنجام دەدرێ و " کارەکانی تر " ، لەژێر چوار ناونیشانی سەرەکیدا ئەنجام دراون.

زانیاری: لە ساڵی ٢٠٠٥دا، هەشت کارمەندی فێرکردن کە لە ڕزگارکردن و هەڵکۆڵینی (حەسەنکەیف)دا کاریان کردووە، بەهۆی وەرنەگرتنی هەقدەستی خۆیانەوە کارەکانی هەڵکۆڵینیان جێ هێشتووە. پرۆفیسۆر دوکتۆر عەبدولسەلام ئۆڵوچام کە سەرکردایەتیی تیمی هەڵکۆڵین دەکا،

ڕاگەیاندنی چەند جارەی بارودۆخی نەدانی پارەی کارمەندانی فێرکردن لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزاری وەزارەتی ڕوون کردەوە و گوتی، ئەم ساڵ وازهێنانی هەندێک لەو برادەرانەی لە پێنج شوێنی جودای کاری هەڵکۆڵینماندا ئەرکیان وەرگرتبوو ئێمەی خستە هەڵوێستێکی سەختەوە. ئەو هەڵکۆڵینەی بەلای کەمەوە ماوەی شەش مانگی پێویستە، لەبەر بەش نەکردنی ژمارەی فەرمانبەری فێرکردن لە کورتییەوە دەیبڕین.

پرۆفیسۆر دوکتۆر ئولوچام، ئەوەی ڕوون کردەوە کە ئیدی زۆربەی زۆری فەرمانبەرانی فێرکردن، کارکردنیان لە هەڵکۆڵینە بیانییەکاندا پێ پەسندترە. لە کاتێکدا ١,٥ – ٢ ترلیۆنی پارە بۆ دانەوە، هاتووەتە حەسەنکەیف، کەچی لە هەندێک لایەندا ئەمە بەکار ناهێنرێ، دەست و قۆڵ بەبەستراوی دەمێنینەوە.

زانیاری: لە مایسی ساڵی ٢٠٠٦ یەکسەر دوای ئەوەی کارەکانی خاوێنی دەستی پێ کرد، ئەو کرێکارانەی کاری وەرزانە دەکەن، بەوەی کرێکانیان کەمە کاریان بەجێ هێشووە. ٧٠ کرێکار لە سێ ساڵ بەملاوە زیادنەبوونی کرێکانیان سکاڵا کرد.

سەرەڕای هەموو نەرێنییەکان لە هەڵکۆڵینەکانی ئەمساڵدا تاکو ئێستا ١١٠ ئەشکەوتی قەڵاکە خاوێن کراوەتەوە. لەو هەڵکۆڵینانەدا کە ١٩ی حوزەیران دەستیان پێ کراوە، دوو مەزاری یادگاریی سەردەمی عوسمانی و بە ژمارەیەکی زۆری کۆشک و کەناڵێکی ئاو کە لە سەردەمە دێرینەکانەوە تا سەردەمی عوسمانییان بەکار هێنراوە؛ دەرکەوتووە.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ئاوی سەرۆکایەتی دەوڵەت (DSI): بەمەبەستی پاراستنی بوونە ڕۆشنبیرییەکانی حەسەنکەیف کە خاوەنی مێژوویەکی ڕابردووی دوورودرێژە، وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ئاوی سەر بەدەوڵەت و ئامادەکاریی ڕێککەوتنی هاوکاریی ئێسو، پرۆژەکانی ڕابەری سەرەکی (Master Rehber Projeleri)ی حەسەنکەیف لەلایەن پلەدارە فەرمییەکانی کۆماری تورکیاوە پەسند کراوە.

ئەو بوونە ڕۆشنبیرییانەی لە بەشی ژووروی شاری حەسەنکەیفدان و ئاستی بەرزیی ئاوی پرۆژەی ئێسو کاریان لێ ناکا، لەگەڵ پەرەپێدانی ئەم ناوچەیەدا لە شێوەی " پارکی ئارکیۆلۆجی و مۆزەخانەیەکی کراوە "دا سەرلەنوێ دێتەوە ژیان و بەردەوام دەبێ.

پتر لە ٨٠٪ ی حەسەنکەیف ناکەوێتە ژێر ئاوی بەنداوی ئێسو. لەناو ئەم چوارچێوەیەدا دەیان مەزار و گۆڕ و تەپۆڵکە و پاشماوەی دێرین و ٤٢٠٠ ئەشکەوت و خانوو کە لە بەشی ژووروی شاردان، کاریگەریی گۆلی بەنداوی ئێسویان بەسەرەوە نابێ. ناوچەکە بەو شێوەیەی لە سەرەوە دیاری کرا، وەک " پارکی ئارکیۆلۆجی و مۆزەخانەیەکی کراوە " ڕێک دەخرێ و حەسەنکەیف لەگەڵ گۆڕەپانی پارکی تازەی ڕۆشنبیریدا دەبێتە: " ناوەندی ڕاکێشانی گەشتوگوزاری و ڕۆشنبیریی تورکیا و جیهانیش.

هەموو ئەو بوونە ڕۆشنبیرییانە و ئەو شوێنانەی دەکەونە ژێر گۆلی بەنداوی ئێسو لەناو

چوارچێوەی کارەکانی " پلانی کردەوەی سەرلەنوێ نیشتەجێکردن " (YYEP)دا دەستنیشان کراوە. ئەم بوونە ڕۆشنبیرییانە بە درێژاییی حەوت ساڵی بیناکردنی بەنداوی ئەلیسو و پڕۆژەی (HES) بە هەڵکۆڵین دەردەخرێن و دەپارێزرێن.

مادەی ١ی بەشی جێگیرکردنی بەیانی کۆتاییی کۆنگرەی ژیاندنەوەی حەسەنکەیف:

حەسەنکەیف لە ساڵی ١٩٧٨ بەملاوە گۆڕەپانی لانکەی ئارکیۆلۆجیی پلە یەکە. ڕووباری دیجلە بەسەربردنی سەد هەزار ساڵێک بە شێوەگرتنی تاوێر و لاپاڵەکانییەوە، لەگەڵ بوونی بە کەلەپوورێکی مێژوویی و ڕۆشنبیری، حەسەنکەیف شێوەیەکی ئابیدەیی خۆڕسکی وەرگرتووە. ئەو دەستێوەردانەی بەپێی یاسا لەم ناوە دەکرێ، بە ڕەت بوونەوەی لە پەسندکردنی " ڕێ پێ دان " ی دامەزراوەی پاراستنی ڕۆشنبیری و بوونە سروشتییەکانی دیاربەکرەوە دەبێ، کە دامەزراوەی پێوەندیداری فەرمییە. لە چوارچێوەی پڕۆژەی بەنداوی ئەلیسو لە بابەتی ئەو دەستێوەردانانەی نیاز وایە لە حەسەنکەیف بکرێ تا ئێستا سەردانی ئەم دامەزراوە نەکراوە.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ئاوی سەر بە دەوڵەت: DSI وا پەسند کراوە ساڵی ١٥٪ کاری ڕووپێو و ١٥٪ هەڵکۆڵین و گواستنەوە ئەنجام بدرێ. بەگوێرەی ئەم پەسندکردنە، بۆ کارەکانی ڕووپێوکردن و هەڵکۆڵین و گواستنەوە، بودجەی ٥٣ ٠٠٠ ٠٠٠ دۆلاری ئەمەریکایی تەرخان کراوە.

زانیاری: ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە و وتارەی ئاهەنگی دانانی بەردی بناغەدا گوتوویەتی کە ٢٥ ملیۆن یۆرۆی بۆ پڕۆژە دابینکراوی متمانەی دەرەکی بۆ ڕێگارکردن و پاراستنی مێژوو و بوونە ڕۆشنبیرییەکانی حەسەنکەیف و هەروەها بودجەیەکی نزیکەی ٥٣ ملیاریش تەنیا بۆ ئەم کارە جودا کراوەتەوە، تەنیا بۆ ٥٣ ملیارەکە یەکەی دراوی دەستنیشان نەکردووە. ئەم ژمارەیە، بۆ (DSI) ئامادە کراوە و لە سایتی ئینتەرنێتدا تەنیا بە ئەڵمانی و ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە، لە "ڕاپۆرتی سەرلەنوێ نیشتەجێکردن "دا بە ١٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکایی دانراوە. دوای دانانی بەردی بناغەی DSI بڵاو کراوەتەوە و هێشتا لە سایتی فەرمیدا ماوە، لە بڵاو کراوەی فەرمیدا ئەو ژمارەیەی بۆ پاراستن و ڕزگارکردنی مێژووی حەسەنکەیف و بوونە ڕۆشنبیرییەکان دێتە بەکارهێنان بە ٢٥ ,٠٠٠ ,٠٠٠ دۆلاری ئەمەریکایی بەرچاو دەکەوێ. لەلایەکی ترەوە بە پێی دیدی بانکی نێودەوڵەتی ئەمە لەناوبردنی بەهایەکی ڕۆشنبیری دەگەیەنی، پێدانی دابینکردن " متمانە"ی ڕەت کردووەتەوە. کەچی ڕۆژنامەی دەنگوباسی ڕۆژانەی کەنداو " Gulf Daily Bews " کە لە بەحرێنی یەک لە وڵاتانی کەنداودا دەردەچێ، دابینکردنی ٨٥ ملیۆن دۆلاری لەلایەن حکوومەتەوە بۆ پاراستنی ئەو پاشماوانەی لە حەسەنکەیفدان، هەروەها بۆ قەرەبووکردنی دانیشتوانی ٢٠٠ گوندی لەناوچووی تۆمار کردووە.

ئەتیللا کۆچ (وەزیری ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار): " کەیفی حەسەنکەیف لە دەست نادەین.

شوێنەوارەکان یەکە یەکە بە ژمارە بۆ دانانیان تەواوێک بەرامبەر حەسەنکەیف لەلای سەرەوەی گوندی (کەسمەکوێپری)دا لە نوێوە دروست دەکەینەوە. "

زانیاری: لە " ڕاپۆرتی سەرلەنوێ نیشتەجێبوون "دا کە بۆ DSI ئامادە کراوە، لە سایتی ئینتەرنێتدا تەنیا بە ئەڵمانی و ئینگلیزی بڵاو کراوەتەوە، گواستنەوەی پاشماوە دێرینەکانی بەشی خواروی شارەکە بۆ بەشی ژوورووی شارەکە ڕوون کراوەتەوە.

ئاخۆ حەسەنکەیف دەگوازرێتەوە؟

پلانی هەڵمەتی کەلەپووری ڕۆشنبیرییانە، ٧/ ٦/ ٢٠٠٦ Rev، ئەنقەرە: بۆ گواستنەوەی ئەو بوونە ڕۆشنبیرییانەی لە حەسەنکەیفدا هەن، لە کۆبوونەوەیەکی ئاستە بالاکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار، وەزارەتی نیشتەجێکردن و حەواندنەوە، وەزارەتی کاروباری ناوەخۆ، وەزارەتی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان، ڕێکخراوەکانی پلاندانانی دەوڵەت، سەرۆکایەتیی بەڕێوەبەرایەتیی ڕابوونی ناوچەی GAP، دامەزراوەی ڕۆشنبیری و پاراستنی بوونە سروشتییەکانی دیاربەکر، زانکۆی (سەلجووق)ی قۆنیە و ئاستە بالاکانی دامەزراوی تری پێوەندیدار، شوێنی گۆڕەپانی نیشتەجێبوونی حەسەنکەیف و گۆڕەپانی پارکی ڕۆشنبیریی نوێی تێدا بڕیار درا. لە ئاراستەی ئەم ئامانجەدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی DSI و " پڕۆژەکانی ڕابەری سەرەکی "ی حەسەنکەیف کە لە ڕێککەوتنی هاوکاریی داراییی ئڵیسودا ئامادە کراوە، لەلایەن دەسەڵاتدارە پێوەندیدارەکانی تورکیاوە دیاری کراوە.

ئەو بوونە ڕۆشنبیریانەمان وەک: مزگەوتی ڕزق و مزگەوتی قۆچ و مزگەوتی سوڵتان سولەیمان و مزگەوتی قزلار و مزگەوتی گچکە و گۆڕی زەینەل بەگ و کۆنجی ئیمام عەبدولا و پردی ئەرتوقی، ئەوانەی گۆڵی بەنداوی ئڵیسو کاریگەریی بەسەریانەوە دەبێ و ئێستاکە لە شاری خواروو و گۆڕەپانی شاری بەرامبەردان، بە نیشتەجێکردنیان لە شوێنێکی نزیکی شوێنی ئێستایان، بە سەرپەرشتیی ئەو پسپۆرانەی لە تورکیا و جیهاندا ئەزموونیان پەیدا کردووە، دەگوازرێنە گۆڕەپانی پارکی نوێی ڕۆشنبیری و نیشتەجێ دەکرێنەوە.

حەسەنکەیف لەگەڵ گۆڕەپانی نوێی نیشتەجێبوون و گۆڕەپانی نوێی ڕۆشنبیری شوێنی لە ٣ کیلۆمەتری باکوری ناوچەی حەسەنکەیفدا، لە شوێنی کەسمەکوێپریدایە، لە پلاندا ڕووپێوی شاری نوێی حەسەنکەیف ٢٩٦,٨ هێکتارە. هەروەها ڕووپێوی پارکی نوێی ڕۆشنبیری بە ١٣,٨ هیکتار دیاری کراوە. ئەم نیشتەجێیە، بۆ پاراستنی ئەو بوونە ڕۆشنبیرییانەیە کە ناکەونە ژێر ئاو، ئەو پارکە ئارکیۆلۆجییەی لە شاری سەرەوەدا پەرە پێ دەدرێ و دەڕوانێتە سەر گۆڕەپانی مۆزەخانە کراوەکە.

ئەتیلا کۆچ (وەزیری ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار): " کەیفی حەسەنکەیف لە دەست نادەین. شوێنەوارەکان یەکە یەکە بە ژمارە بۆ دانانیان تەواوێک بەرامبەر حەسەنکەیف لەلای سەرەوەی

گوندی کەسمەکوێپری – دا لە نوێوە دروست دەکەینەوە."

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان (سەرکۆمار): " بە خستنەکاری هەموو تواناکانی زانست حەسەنکەیفێکی نوێ بەهەموو شوێنەوارەکانیەوە بە گواستنەوەیەوە بۆ شوێنێکی جیاواز دەژیێنینەوە. "

پرۆفیسۆر دوکتۆر ئۆڵوش ئاریک، (سەرۆکی هەڵکۆڵینەکانی حەسەنکەیفی سەردەمی ١٩٨٦ _ ٢٠٠٣):

لە ساڵی ١٩٨٥ەوە لەناو ئەو گرووپە زانستییەی بۆ خستنەڕووی حەسەنکەیف و پاراستنەوەی، چالاکیی نواندووە، پرۆفیسۆر دوکتۆر ئۆڵوش ئاریک شوێنێکی تایبەتی هەبووە، دەڵێ: "حەسەنکەیف هەرچۆنێک دەبێ با ببێ؛ دەبێ ڕزگار بکرێ. گەر پێویست دەکا هەڵوەشێنرێتەوە و بگوێزرێتەوە، ئەمانە لە گوێدا خۆشن، وتەی بەتەلیسمن! بەڵام لە بەردەمی ڕاستیی دروستبوونی ئەو حەسەنکەیفەی باسی لێوە دەکەین، تەنیا دڵدانەوە نەبێ هیچی تری پێ ناگوترێ. ئێرە شێوە پێ بەخشیوی سروشتە لەسەر جوگرافیایەکدا، شوێنێکە ئاوەزی چەندان چینی مرۆڤ و ڕەنجیان پێکیان هێناوە.

ئەشکەوت لە پێکهاتەیاندا جیاواز دروست کراوە، چەند بینایەک لە بەردی داتاشراو، لە یەک دوو منارە بەوڵاوە چی دەگوێزینەوە؟ قەبارە تاوێری، پانی سەراسایی بەیەکەوە بەرز بوونەتەوە، کام پارچەیەی بەچ تەکنیکێک دەیانگوێزینەوە؟ ئێرە تەکنۆلۆجیی شارێکە. ئەمە تەکنۆلۆجیی سەدەکانی ناوەڕاستە، ئەو پێکهاتە سروشتییەی لەسەریدا بەرز بووەتەوە، بە کامە تەکنیک دەتوانین بیگوێزینەوە. ئەمانە تاریکن (ڕوون نین). لەژێر ئەو بینایانەدا وا ئەمڕۆ بەچاو دەبینرێن، هێشتا ئاگاداری ئەو ڕەگەزانە نین تێگەیشتنی باشتری ئەوانەمان بۆ ساغ بکەنەوە، هەندێکیان ناتوانین بە ئەقڵیش بۆیان بچین، لێرەوە بڕوانین، کە دەگوترێ گواستنەوە، لە وتەیەکی تەلیسماوی هەستخەڵەتێن بەوڵاوە هیچی تر نییە. گواستنەوەی شانەکانی شارێک، مرۆ وا هەست پێ دەکا باس لە گواستنەوەی کیلۆیەک تەماتە دەکرێ. دوای ئەوەی ملیۆنان جار بیر لە شیاویی دەکرێ، هێشتا لە باشترینی مەرجەکاندا کە باس لە شوێنەوارێک دەکەین لە سێدا دووی لەژێر گڵدایە، واتاکەی پتر لە دەست دەدا.

لێرەدا لە هەندێک کاری بەراییدا جگە لەسەر سووربوون ڕێگەی پەسندکراوی تری نییە، دەرخستنی هەموو ئەو بەهایانەی حەسەنکەیف بە خۆیەوەیان دەگرێ. لە سەرووی ئەمانەوە دێ، لە پێشدا ئەم شارە، ئەم پێکهاتەیە، پێویستە لە تەواوی هەموو ئەم تەکنۆلۆجییانە تێ بگەین. بە بەنداویشەوە، دەبێ هەموو پرۆژەکان لەسەر ئەمە دابڕێژین.

شارە دێرینەکانی وەک ئەفەس و میلەت و بەرگەمە لە هەر کوێیەک بن لە سەد ساڵەوە بەهەڵکۆڵینەوە هێنرانەوە ڕووناکی. بۆ هەڵکۆڵینی شارێکی وەها ئەو ماوەیەی دراوەتە ئێمە، تەنیا چەند ساڵێک، لە دەگمەنیی هەلەکان، ئەگەر باس لە پاراستنیشیان بکرێتەوە گەلێک ماندووکەرەوە

دەبێ. بەهۆی دروستکردنی بەنداوەوە، زوو زوو ئەمەمان پێ دەگوترێ: (لە شوێنێکدا کۆتاییی پێ بهێنن، کە گەیشتنە خاڵێک بوەستن.) لە کوێ بوەستین؟ لەژێر بینای عوسمانییەوە بینای سەلجووقی دەردەکەوێ، ئەوە دەبزوێنین ئاشووری لەژێرەوە دەردەچێ. دەبا بڵێین، واز لە کامیان بهێنین!

بەنداو ئەلتەرناتیف (جێگرەوە)ی هەیە، بەڵام حەسەنکەیف ئەلتەرناتیڤی نییە. بێگومان کە هەموو شتێک لێرە لەناو دەچێ، گواستنەوە و پاراستنی هەندێک پارچەی باشە. هەرچۆنێک بێ ئەمە دەکرێ، بەڵام کە بیر لەو لایەنانە بکرێتەوە کە ئەنجام نادرێ، لە ڕاستیدا لە هەر کوێیەک بێ وەک هیچ نەکرابێ وایە. دەمەوێ هەندێک نموونە بهێنمەوە. باس لە گواستنەوەی شوێنەواری لەلایەن مرۆڤەوە دروستکراو دەکرێ، بەڵام ئەم بینایانە لە یەک دوو شوێنەواری بیناسازی پێک نەهاتووە، لێرەدا باس باسی ڕێگە و کەناڵ و هەموو بینا و گەڕەکەکان و سیستەمی ئاوی خاوێن و پاشەڕۆ و بازاڕەکانە. واتە گشت هەڵچنراوەکانی شارێکی سەدەکانی ناوەڕاستە.

PD دوکتۆر ئەندریاس سکاچنەر (ئەندامی ئەنستیتوی ئارکیۆلۆجیی ئەڵمانی، سەرۆکی هەڵکۆڵینەکانی هەتتوشاش): " هەڵکۆڵین و گواستنەوەی تەواوی بینایەکی ڕۆشنبیرییانە لە توانادا نییە. تەنیا شوێنەوارە دیارەکان دەگوێزرێنەوە. باس باسی هەڵوێستێکی سیاسییە و سیاسەتێکی سەقامگیر لە ئارادا نییە. دەبێ چاک لەوە بکۆڵرێتەوە ئاخۆ ئەو بەنداوە هەر دەبێ لەوێ بێ. ئەمە کێشە و ئاستەنگێکی هەموو جیهانە. وڵات مافی پەرەپێدانی خۆیشی هەیە و مافی پاراستنی بوارە میژوویییەکانیشی هەیە. دەبێ ناوەندی نەمانە پەیدا بکرێ. لە ئەڵمانیاش لەبارەی ئەم بابەتەوە گفتوگۆ دێتە کایەوە. دەکرێ کاری وەک ڕێگەوبان لەسەر بوارەکانی میژووییدا بکرێ."

پرۆفیسۆر دوکتۆر عەبولسەلام ئۆڵوچام (سەرۆکی بەشی میژووی ئارکیۆلۆجی – هونەری زانکۆی سەد ساڵی وان و بەڕێوەبەری ئەنستیتوی زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان، سەرۆکی هەڵکۆڵینەکانی حەسەنکەیف): " وەک پیاوێکی زانست دەڵێم شوێنەوارە میژوویییەکانی حەسەنکەیف ناگوێزرێنەوە. لەو ڕۆژانەی دادێن دامەزراوەی زانستی بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی لەم بابەتەدا دەدا. بەڵام بەڕوانینی خۆم، ئەو شوێنەوارانەی هەن ناگوێزرێنەوە. ئەگەر ئەو شوێنەوارانەی لەژێر زەویدان ساغ بکرێنەوە، واتە ئەگەر پتەو بکرێن بەڵکو دەشێ بگوێزرێنەوە، ئەم شیاوییەش وەک زەحمەت بێ وایە. ئەو ساتەی شوێنەوارەکانی ژێر زەوی هەڵدەگرن لە دەستتاندا دەبنە بەفر و خوێ. ئەم شوێنەوارانە تەنیا بە تەکنۆلۆجییەکی پێشکەوتوو دەکرێ بگوێزرێنەوە. دیاریکردنی ماوەیەک لەبارەی لێبوونەوەی هەڵکۆڵینە ئارکیۆلۆجییەکانی حەسەنکەیفەوە لە توانادا نییە. نازانین چی لەژێر خۆڵەکەوە دەردەچێ. ناگوترێ " لە ماوەی ئەوەندەدا بەها ئارکیۆلۆجییەکانی حەسەنکەیف ڕوون دەبێتەوە. " توانای کار و هێزی مرۆڤ و دارایی چەند زیاد دەکەن بکەن. پێوەندیی بەهەڵچنراوی میژوویی و بینای تایبەتمەندیی ڕۆشنبیرییەوە هەیە. گوتنی هەر شتێک

لەبارەی قۆناخەوە ڕاست نابێ. ئەگەر بەنداوەکە هەر و هەر دروست دەکرێ و ئەگەر ئەمانە هەر و هەر بکەونە ژێر ئاو. گواستنەوەی ئەمانە بۆ شوێنی تر. دەستنیشانکردنی ئەو شتانەی دەکرێ بگوێزرێنەوە بناغەی کارەکەیە. "

ژیاندنەوەی حەسەنکەیف: " شار بە جارێک بەژێر ئاوەوە ببێ جارێکی کە ڕزگارکردنەوەی لە توانادا نابێ. بەرزبوون و نزمبوونەوەی ئاستی ئاو، بەو وردە پارچانەی ئەو کاربۆناتەی لەناو پێکهاتەی تاوێرە بەردەکاندایە بەئاسانی چیمەنتۆ، شی دەکاتەوە."

دوکتۆر گویل پولّهان (ئەندامی بەڕێوەبەرایەتیی فێرکردنی زانکۆی قۆچ – بەشی مێژوو – شارستانیی ئەنادۆڵ و کەلەپووری ڕۆشنبیری): ئەگەر پێویست بکا بەڕستەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا بڵێم، حەسەنکەیف ناگوێزرێتەوە. لە جیهاندا لەگەڵ کەمیشیدا پڕۆژەی لەم جۆرە هاتووەتە کایە. بەناوبانگترین نموونەی ئەمەش پەرستگەی (ئەبو سمبل)ی میسرە. بەڵام ئەمە لەبەر هیچ چارەنەبوونێ پەنای بۆ دەبرێ و شێوە پاراستنێکی زۆر زەحمەتە پێویستیی بەداراییی زۆر و تەکنیکی بەرزە. حەسەنکەیفیش شارێکە لەسەر تۆپۆگرافیایەکی زۆر جیاوازدا دروست کراوە. بەسەر گۆڕەپانێکی بەرینداڕاخراوە هەروەک بیناکان تایبەتمەندییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و پلانی شار دەنوێنن لە پشت تایبەتمەندییە تاکەکانیشیاندا جێگیربوونیان لەناو جوگرافیای سروشتیدا ، تا دوا پلە حەسەنکەیف دەکەنە شوێنێکی نیشتەجێبوونی زۆر کاریگەر. لە دنیادا لەو پڕۆژانەی گواستنەوەدا بیناکان بە گشتی یان بەردن یانیش وەک نموونەی ئەبوسمبل لە چیا هەڵکەنراون. واتە کەرەستەکە هەر بەخۆی زۆر بەهێزە کەچی لە حەسەنکەیفدا زۆری لە کەرەستەی جۆری خشت دروست کراون. تەنیا چەند مناڕەیەک و تانجی سەر دەرگە نەبێ بەردن، واتە، کەرەستەکان یارمەتیی ئەوە نادەن وەک بلۆک ببڕدرێن و بگوێزرێنەوە.

لە حەسەنکەیفدا پێشنیاز کراوە، گۆڕی زەینەل بەگ، حەمام، مزگەوتی ئەلڕزق، مزگەوتی قۆچ و کونجی ئیمام عەبدولّا، کولیەی گچکە، مزگەوتی سولەیمان و مزگەوتی قزلار " کیژان "، بگوێزرێنەوە. تەنانەت ئەم ژمارانەش، هەستی چەند لە توانادا نەبوونی ڕوودا وەکە دەبزوێنێ،

چونکه، هەریەک لەمانە بینایەکی لەوی تریان گەورەترە و تەکنیکی بنیاتنانیان لەوی تر جیاوازترە. لە هەڵوەشانەوەی یەکجارییاندا، لەوانەیە هەر هەموو جارێکی تر نەیەنەوە لای یەک و بەم شێوەیە پەرت و بڵاو دەبنەوە. گۆڕەپانی پارکی ڕۆشنبیریی پێشنیازکراو نە لەگەڵ سروشت و نە لەگەڵ پێکهاتەی تایبەتیی حەسەنکەیفیشدا پێوەندیی نییە. واتە: نیمچە دوورگەیەکە لە سێ لاوە بە دەریاچەی بەنداو دەورە دراوە. لە سەریدا هەندێک ڕێی ڕێکردن. گۆڕەپانەیلێکی سەوزی تێدا دەبێ. بەنێو ئەمانەدا شوێنەواری لە سەردەمی جۆراوجۆر و تایبەتمەندیی بیناسازیی هەمەچەشنە وەشێنراوە. لە پلاندا ئەوەندەی بینیمان، شوێنێکی بەرز بۆ دانیشتن کە بە پلیکانە دەچێتە سەرەوە " Anfiteatr "ی خراوەتە سەر کە هیچ پێوەندییەکی بە حەسەنکەیفەوە نییە. ئەگەر لە ڕوانگەی پاراستنی بوونی ڕۆشنبیرییەوە بڕوانین. پڕۆژەیەکە قەت بە عەقڵدا ناچێ.

مادەی ٤ی ڕاگەیاندنی کۆتاییی سیمیناری ژیاندنەوەی حەسەنکەیف، بەشی پێشنیاز: " "گوازرانەوەی بینا بەبەها میژووییەکانی حەسەنکەیف بۆ شوێنی تر، لەلایەکەوە تایبەتمەندیەتیی کەرەستە بیناسازییەکانی ئەم بینایانە، لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی ئەو هەڵکۆڵینانەی لەم گۆڕەپانەدا بەڕێوە دەچن ٤٠ _ ٥٠ ساڵی دیکە کۆتاییان پێ دێ، شیاو نییە. ئەو پڕۆژانەی لە بواریکی سنووردارد بەناوی گواستنەوەوە ئەنجام دەدرێن، تەنیا هەر فریودانێک دەبێ. ستراتیجیی گوازتنەوە، هەر هەموو دەبێ دەستی لێ هەڵبگیرێ."

زانکۆی دیجلە، کۆلێجی ئەندازیاری و بیناسازی، کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی بەنداوی ئڵیسو و HES ، ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی فرەلایەنیی ئڵیسو و HES:

کاری گواستنەوە، جێبەجێکارییەک لە کارەکانی پاراستن داوا نەکراوە و داوای ئەوە کراوە کە ئەوەندەی دەکرێ خۆ لێ دەرباز بکرێ. هەموو بینایەک لەو جێیەدا کە بنیات نراوە کەسایەتیی پەیدا کردووە و پێویستە لە جێی خۆیدا بپارێزرێ. گوازرانەوەی ژمارەیەکی زۆری بینا یادگاری ئامێز کە شانەکانی پێکهاتەی حەسەنکەیفی شاری میژوویی پێک دەهێنن، بەهۆی تایبەتمەندیی کەرەستەکانی ئەم بینایانەشەوە، لە توانادا نییە، کارەکانی گواستنەوە، بۆ ئەو بینایانەی سیستەمی دروستکردنیان لە بەردی ڕێکخراو بێ سیستەمێکە دەکرێ بگونجێنرێ، ئەو بینایانەی لە کەرەستەی بۆ گواستنەوە گونجاو دروست نەکرابێ (وەک خشتی سوورەوەکراو و پارچە بەرد و... تاد) گواستنەوەیان زۆر زەحمەتە.

ئەو پڕۆژانەی بەناوی گواستنەوە لە حەسەنکەیفدا دەکرێ چاوەڕوانیی سەرکەوتنی لێ ناکرێ. ئەو پڕۆژانەی بەناوی گواستنەوەوە ئەنجام دەدرێ گفتوگۆی لایەنە زانستییەکانی چارەسەریان لێ بەرهەم نایێ. پاراستن دەبێتە ڕووخاندن. پێویستە بەیەکجاری واز لە تەواوی پڕۆژەکانی گواستنەوە بهێنرێ.

مادەی ١٠ی قانوونی ژمارە ٢٨٦٣ی پاراستنی بوونە ڕۆشنبیری و سروشتییەکان: " وەزارەتی

ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار، دەبێ ئامادەکاریی تری پێوەست بە پاراستنی ئەو بوونە ڕۆشنبیرییە سروشتییانەی ناگوازرێنەوە و پێویستە بپارێزرێن، ئەنجام بدا، لەلایەکی ترەوە. ئەرکی سەر شانیەتی خاوەنانی ئەو بوونانە، یان ئەو دامەزراوانەی مافی کارکردنیان دراوەتێ چاودێرییان بکا.

مادەی ٢٠ی قانوونی ژمارە ٢٨٦٣ی پاراستنی بوونە ڕۆشنبیری و سروشتییەکان: " ئەو بوونە ڕۆشنبیرییانەی ناگوێزرێنەوە، پاراستنی پارچەکانی لە شوێنی خۆیدا کارێکی بنچینەییە".

مادەی ٧ی پەیڕەو و پرۆگرامی ئامادەکراوی ڤینیسیا، لە کۆتاییی " دووەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتیی بیناسازانی بینا یادگارییەکان و تەکنیکاران "ی ١٩٦٤: " بینایەکی یادگاریی پارچەیەکی لێ جودانەبووی ئەو مێژووەیە کە گەواهیی بۆ دەدا و هەروەها هی ئەو دەوروبەرەیە کە لێیەتی. ڕێ نادرێ تەواوی یادگاری یان پارچەیەکی بگوازرێتەوە بۆ شوێنی تر، تەنیا بۆ پێویستیی پاراستنی یادگارییەکە، یان لە هەڵوێستی زۆر پێویستی نەتەوەیی یان نێونەتەوەییدا نەبێ."

ڕێنوێنییەکانی لە بابەت پاراستنی گۆڕەپانە مێژووییەکان و ڕۆڵی هاوچەرخانەیانەوە."، کۆبوونەوەی یۆنیسکۆ UNESCO لە نایرۆبی: "

گۆڕەپانە مێژووییەکان و دەوروبەریان، ئەوانەی کەلەپووری سروشتی پێک دەهێنن و دەبێ وەک بەهای ئەوتۆ ببینرێن کە هیچیان لە جێدا ڕاناگیرێ. ئەو دەوڵەتەی لەسەر خاکیدا جێگیر بوون، بە حکوومەت و هاوواڵاتییانیەوە دەبێ پاراستنی ئەم کەلەپووە و یەکپارچەکردنیان بەپێی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆمان بە ئەرک دابنێن. هەموو گۆڕەپانێکی مێژووویی و دەوروبەرەکەی، کەسایەتیی تایبەتی و هاوسەنگی، پێوەست بەو پارچانەی پێکی دەهێنن و بە پێوەندیی لەگەڵ یەکتری لەگەڵ بیناکانیدا، ئەو چالاکییانەی لە شوێنی خۆیاندا دەکرێن و ئەوەندەی دەوروبەری فیزیکی، چالاکییەکانی مرۆڤیش بەخۆوە دەگرن، دەبێ وەک یەکەیەکی کەرتنەکراو تەماشا بکرێن."

پەیمانی ١٩٩٢ی ئەوروپای پێوەست بەپاراستنی کەلەپووری ئارکیۆلۆجیی " ڤالەتتا / مالتا، کە ساڵی ١٩٩٩ لە چوارچێوەی قۆناخی لەگەڵ یەکەتیی ئەوروپا گونجاندا ئیمزا کراوە":

دەوڵەتانی هاوپەیمانی بۆ پاراستنی کەلەپووری ئارکیۆلۆجی، ئامادەکاریی پێویست پیادە بکرێ. چالاکییەکانی لێکۆڵینەوە ئارکیۆلۆجییەکان بخرێنە ژێر دڵنیاییی زانستییەوە. لە شوێنی خۆیدا پاراستنی کەلەپووری ئارکیۆلۆجی بەهەڵسەنگاندن و بەڵێنی چاودێریکردنی دەدەن."

سەرچاوە: http://www.hasankeyf.itgo.com/tay.html

چەند دیمەنێکی شاری حەسەنکەیف:

ل ١٤، ١٥ نوسخە ئەسڵی چەند وێنەیەکی بابەتەکە هەیە.

(لە سایتی ئینتەرنێتی پرۆژەی نیشتەجێکردنی
ئارکیۆلۆجیی تورکیاوە وەرگیراوە و پوخت کراوەتەوە)

گەشتێک بەمێژووی نەتەوەی کورددا

مۆبین د

مێژوو و ڕابردووی نەتەوەی کورد بەیروسەمەرە و پڕ لە هەوراز بووە.

لێرەدا هەوڵ دەدرێ تا گەشتێک بەمێژووی ئەم نەتەوەیەدا بکەین و بەداوی ئەو خاڵە گرینگانەدا بگەڕێین کە لەم مێژووەدا نادیارن. لەم ڕێگەیەدا لەگەڵ نەتەوەیەک ئاشنا دەبین کە زۆر کەسانی گەورە و لێکۆڵەری بەناوبانگ ژیانی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی چارەنووس و مێژووی ئەم نەتەوە داناوە و هەر یەک لە نووسەرانی ناوەخۆیی و دەرەکی بۆچوونی خۆیان لەبارەی مێژووی نەتەوەی کورد ئاشکرا دەکەن.

یەکەم پرسیار کە دەست پێ دەکات ئەوەیە کە نەتەوەی کورد کێن و شوێنی سەرەکیی ئەوان کوێیە؟

سەرەتا دەبێ باس لە وشەی کورد و مێژووی سەرهەڵدانی ئەو وشە بکەین. پێش گەڕانەوەی ئاریاییەکان بۆ نیشتمانی خۆیان، قەومێکی کۆن و بەهێزتر لەوان لە ناوچەکەدا دەژیان و شوێنی سەرەکی ئەوان کەوتبووە ناوچەی زاگرۆس و ئەو قەومانە ڕەگەز، زمان و کولتوورێکی هاوبەشیان بوو.

زۆربەی لێکۆڵەران و نووسەرانی کۆن و نوێ لەسەر ئەو بڕوایەن پێش هاتنی هۆزە کوردەکانی ئێران بۆ ناوچەی کوردستان، قەومێکی ئاریایی بەناوی کاردۆ لەو ناوچەدا ژیانیان دەکرد و خاوەنی شارستانیەتییەکی گرینگ بوون و لەگەڵ کۆچەرەکانی هاوڕەگەزی خۆیان یەکیان گرت و ئەو ناوەیان پاراست.

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فوئاد ڕەحیم

دوکتۆر حشمەتوڵا تەبیبی نووسەر و کۆمەڵناس لەبارەی وشەی کورد ئاماژە بەنووسراوێکی بەردی لە سەردەمی ئاشوور دەکات کە مێژووەکەی بۆ ٢ هەزار ساڵ پێش لە زاین دەگەڕێتەوە. لەو نووسراوە بەردییەدا ئاماژە بەوڵاتێک دەکرێ بەناوی کاردا یا کارداکا کە لە زرێباری وان بەرەو باشوور چوونە و قەڵایەکی بەهێزیان لە ناوچەی بەتلیسی ئێستە هەبووە و شوێنەوارەکەیان تا سەدەی پێنجەم و شەشەمی زاینی مابوو.

لە بەردێکی سۆمەری کە وشەی کورد لەسەری خوێنراوەتەوە و ئەوەش ناوی ناوچەیەکە نە ناوی قەومێکی تایبەت.

لە شەڕی ئێران و یۆناندا گەزنفون، سەرکردە و مێژوونووسی یۆنانی، قەومێک بەناوی کاردک دەبینێ و باس لە ئازایەتی و نەترسی ئەو قەومە دەکات و ناوی ئەو کەسانە بە کرداوک و و نیشتمانەکەیان بە کاردوئن ناو دەبات.

لە جۆگرافیای کۆنی ئەرمەنستاندا و لە کتێبی ئەرمینات لە لاپەڕەی ٤١٨دا وشەی کەرتیخ لە دوو بەش پێک هاتووە:

کەرتیخ + ئەیخ) بەمانای کوردە و بەو جۆرە ئەترپاتیخ بەمانای دانیشتوانی ئەتروپاتنە.

دکتۆر تەبیبی لە درێژەی قسەکانی خۆیدا لەبارەی وشەی کورد وتوویەتی "ئەسترابوون زانای یۆنانی لە بواری جۆگرافیا کە لە سەرەتای ساڵانی پاش زاین ژیانی بەسەر دەبرد، ئاماژەی بەکەنارەکانی ڕووباری دیجلە کردووە کە قەومی کوردین لە ناوچەی دیاربەکر و مووسڵی ئێستە ژیانیان کردووە".

دوکتۆر تەبیبی لەبارەی ئەوەی وشەی کورد خۆی بەچ مانایەکە لە زاری مینورسکی لە دایرەت ئەلمعارفی ئیسلامی دەڵێ "یۆنانییەکان دانیشتوانی ئەو ناوچەیان بە کوردۆ خوی ناوبردووە و

خوی لە زمانی ئەرمەنیدا بەمانای کۆیە و گوایە مێژوونووسان یۆنانی ئەوەیان لە زاری کەسێکی ئەرمەنییەوە بیستووە".

لە زمانی بابلی و ئاشووریدا وشەی کاردۆ بەمانای بەهێز و پاڵەوانە و هەندێک لە پسپۆڕانی نوێ کورد بەمانای خەڵەد یا خالیدی دەزانن وەک ئەوەی کە وتوویانە خالیدی، کوردی، کورتی و کردیای هەموو یەکن. خالیدی لە سۆمەریدا قەومێک بووە کە ئاشوورییەکان ئەوانیان بەناوی ئەوراتر یا ئوراشتو ناو بردووە، ئەو قەومە لە سەدەی نۆیەمی پێش زاین بەرەو ئەرمەنستان کۆچیان کردووە و لە باشووری زێباری وان حکوومەتێکی سەربەخۆیان پێکهێناوە. لەوەی کە ناوچەی کاردۆ یا کاردا یا کاردۆخ لە قەومی ئاریایی بوونە هیچ گومانێک نییە و بەڵگە مێژوویی و جۆگرافییەکان یەکگرتوویی بنچینەیی نێوان دوو وشەی کورد و کاردۆ و پێوەندیی ڕەگەزی کوردەکانی ئەمڕۆ لەگەڵ کاردۆکانی پێشوو بەتەواوی دەسەلمێنن.

ئەسترابوون لە کتێبەکەی خۆیدا وتوویەتی "بەجۆرێک ڕاهێنان بەلاوانی پارسی دەکەن کە لە سەرما، گەرما و بارانباریندا خۆڕاگربن و شەوان بەچاوکراوەیی بمێننەوە و میوەی دارستان بخۆن و ئەوان ناویان «کوردەک»ە. کوردەک بەمانای نەترسە و هەر ئەمەش ئەوە پێشان دەدا کە بەگەنجانی نەترس و بەئەزموونی پارسی کوردەک وتراوە کە هەمان کەردۆک و کوردە".

ئەمیر شەرەفخانی بەتلیسی لە کتێبی شەرەفنامەدا لەبارەی وشەی کورد نووسیویەتی پێ دەچێ وشەی کورد بەمانی خەسڵەتە، چونکە زۆربەیان کەسانی نەترس و پاڵەوانە ناودارەکان لەو کاتەدا لەو هۆزە بوونە بۆ نموونە ڕۆستەم زابولی، بەهرام چوبین، گورگین میلاد، و فەرهادی کێوهەڵکەن هەموو کورد بوونە.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە و ئەو بەڵگانەی لە بەردەستن وشەی کورد خەسڵەتە کە بەم کەسانە دراوە و هەر بۆیە هەموو کەسەکان خەسڵەتی وەک نەترسی و بوێرییان هەیە و بەدڵنیاییەوە وشەی کورد و گورد یەکێکە و ئەو خەسڵەتە دواتر بەهەموو دانیشتوانی ناوچەی زاگرۆس و نوتحی دراوە.

هەوڵدانێکی کێشەی

سەرچاوەی سەرهەڵدانی کورد

هەر یەک لە نووسەران و لێکۆڵەران کە لێکۆڵینەوەیان لەبارەی کورد و چۆنیەتی سەرهەڵدانیان کردووە، بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە، بەڵام ئەوەی وەک بەڵگەیەک لە بەردەستە و لێکۆڵەران کۆکن لەسەری، هەمان کەتیبەیە کە ناوی کارادکا لەسەری نووسراوە و دەتوانێ سەرچاوەیەک بێ بۆ بەدواداچوون لەبارەی سەرچاوەی سەرهەڵدانی کورد.

بۆ ئاگەداربوون لە سەرچاوەی سەرهەڵدانی کورد چاوێک دەخشێنین بەکتێبی بنچینەی ڕەگەزی کورد کە لەلایەن ئەحسان نووری نووسراوە.

ئەو نووسەرە دەڵێ لە ساڵی ٢٢٠٠ی پێش زاین کەمیل پاشا قەومێکی بەناوی کوردە ناو بردووە و لە کەتیبەکانی ئاشوریشدا باس لە قەومێک بەناوی کورد کراوە. گەزنفون لە ڕێگەی گەڕانەوەی لە ئێران لە نێزیکی چیای جودی نەتەوەی کوردەی بینیوە.

هەروەها ئاماژە بەوە کراوە لە کاتی هێرشی ئەسکەندەر بۆ سەر ئێران، نەتەوەی کاردۆ لە ڕیزی سوپای داریوش بووە.

لە وتاری یەکەمی دوکتۆر تەببی بەناوی سەرچاوەی ڕەگەزی کورد هاتووە لەبارەی سەرچاوەی ڕەگەزی کورد بەدرێژاییی مێژوو چەندان ئەفسانە دروست کراون وەکو ئەوەی دەڵێن کورد لە قەومە زۆر کۆنەکانی دنیان و یەکەم قەومی سەر دنیان، چونکە مرۆڤ پاش تۆفانەکەی نووح جارێکی تر زیادی کردووە و دەوترێ پیاو لە ڕەگەزی (کوتی)یە و پیتی گ دەبێتە پیتی (ج) و زۆرجار لە

ڕابردووا (تب) بووەتە (جی) کەواتە گوتب هەمان (جودی)یە و جودیش ناوی هەمان چیایە کە کەشتییەکەی نووح لەسەری وەستا و ئێستە ئەو چیایە کەوتووەتە کوردستان و هەر بۆیە یەکەم قەوم کە پاش تۆفانەکەی نووح سەریان هەڵدا ناوی جوودییان لێ نرا و گوتی خوێنرایەوە و کورد لەوان دروست بوون.

کتێبی مێژووی بنچینەی ڕەگەزی کورد لە زاری مێژووی مەشیر دەولە دەڵێ کاتێک بابل گیرا و گوتییەکان ئەوێیان گرت، سوپای ئێران چوونە ناو بابل و پاش ئەوە ناوی گوتییەکان نەما.

بەبۆچوونی ئۆژن پیتار سولاک فون لوشان، بەشێک لە ئاریاییەکان کە لە تورکستانی شەورەوی ئەمرۆ کۆبووبوونەوە بەرەو باشووری ئێران بەڕێ کەوتن و لەوێ بوونە دوو بەش. یەکیان لە چیاکانی هیمالیا تێ پەڕین و بەرەو هیندستان وەڕێ کەوتن و نەتەوەی هیندییان پێک هێنا و بەشەکەی تریش لە ئێران نەتەوەی ئێرانیان پێک هێنا و دوور نییە هاتنیان بۆ ئێران لە ساڵی ٢٥٠٠ پێش زاین بووبێ. بەشێکیان لە دەشت بەناوی فارس مانەوە و بەشێکی تریان بەرەو چیاکانی زاگرۆس چوون و چەندان هۆزیان بەناوەکانی (لولو، گوتی، کوسی، مانای، کاردۆش، خالیدی، کاردۆ و ماد) یان لێ دروست بوو.

دوکتۆر تەبیبی لەبارەی ئەفسانەکانی ترکە ئاماژە بەسەرچاوەی سەرهەڵدانی کورد دەکەن، دەڵێ مەسعوودی نووسەر لە لاپەڕەی ٨١ی کتێبەکەیدا لەو باوەڕەدایە کە کورد هۆزێکن لە عەرەب

و هەندێک پێیان وایە کورد لە قەومی ڕەبیعە بینی نەزار بینی مەعد بینی عەدنانن کە لە ڕابردوودا جیا بوونەتەوە و لە چیا و دۆڵەکاندا ماونەتەوە لەگەڵ عەجەم و ئێرانییەکان کە لە نێزیکیان بوونە تێکەڵ بوونە و زمانی عەجەمەکانیان وەرگرتووە.

هەروەها بەبۆچوونی کەسانێکی تر قەومی کورد لە ئەعقاب موزیربینی نەزار و منداڵانی کوردبینی مەردبینی سەعسەعەبینی هوزانان و لە ڕابردووەوە بەهۆی ڕووداوەکان و بۆ دۆزینەوەی ئاو و لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکانیان بەرەو ناوچە شاخاوییەکان کۆچیان کردووە و هەر بۆیە بەهۆی نێزیکی بەقەومانی ترەوە زمانی عەرەبییان نەماوە.

ئەم قسانە کە زیاتر لەلایەن نووسەران و کەسانی عەرەبەوە وتراوە بۆ ئەوەیە ناسنامەی ڕاستەقینەی ئێرانییوونی کورد بشوێنن و بەو قسانە بڵێن کورد ناسنامەیەکی جیای هەیە و زیاتر بۆ نانەوەی ئاژاوە و لەیەک ترازان بووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوونە.

ئێستە دەچینە لای لێکۆڵەری گەورەی کورد مامۆستا ڕەشید یاسەمی. ناوبراو پێی وایە خاکی ئێران هی کوردە و کوردەکان لە کۆنترین قەومەکانی ئەو وڵاتەن کە ماونەتەوە کە لە ڕۆهەڵاتی ئێران بەرەو ڕۆئاوا کۆچیان کردووە و لە ناوچەی زاگرۆس و دەوروبەری جێگیر بوونە و لەگەڵ قەومەکانی ئەو ناوچانە نەتەوەیەکی گەورەیان پێک هێناوە.

دوکتۆر یاسەمی لەمبارەوە لێکۆڵینەوەیەکی زۆری ئەنجام داوە و بۆچوونی هەموو زانایانی سەردەمی خۆی بۆمان گواستووەتەوە کە هەموو وڵاتی ئێران مۆڵکی کوردە و ئەگەر سەردانی هەر شوێنێکی ئەو وڵاتە بکەین شوێنەواری کورد دەبینین.

کاتێک قسە لەبارەی کورد و سەرچاوەی سەرهەڵدانیان دەکرێ، مەبەست قەوم و کەسێکی جیا لە نەتەوەکانی ئێران نییە و لە ڕاستیدا کورد خۆی نەتەوەی ڕاستەقینەی ئەو وڵاتەیە، چونکە لە ڕابردوودا هەر کاتێک باسی ناوی کورد دەکرا بەمانا کەسانی نەترس و بوێر بووە و کورد و گورد خەسڵەتی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بووە کە لە قەومە کۆنەکان وەک گوتی، لولبی، میتانی، کاسی و مادەکان ماونەتەوە.

لە هەندێک لە کتێبە کۆنەکانی تر وەک مروج ئەلزەهەب مەسعوودی و ئەلمعارف ئیبنی قەتیبە لەبارەی سەرچاوەی یەکەمی سەرهەڵدانی کورد هاتووە کە کوردەکان بەجێ ماوەی خۆراکی زوحاکن و بەو جۆرەی فەردەوسی کە لەناو ئەو خەڵکانەدا بووە، کوردەکان لە بنچینەی ئەو ئێرانییانە دەزانێ کە لە دەست زوحاک هەڵاتوون و پەنایان بۆ ناوچە کوێستانییەکانی ڕۆئاوای ئێران بردووە.

دوکتۆر تەبیبی بۆ قسەکانی خۆی ئاماژە بەشیعرەکانی فەردەوسی و کتێبی کوردستان نووسراوەی شەمیم دەکات کە نووسیویەتی لەناو کوردەکان جەژنێک هەیە کە ئاماژە بەلەناوچوونی زوڵم و زۆری زوحاک بەدەستی فەریدوون دەکات و لەلایەن کوردەکانەوە ساز دەکرێ.

هەر وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا ئیحسان نووری لە کتێبی مێژووی بنچینەی ڕەگەزی کورد دەڵێ کوردەکان لە گوتی یا کوسییەکان بوونە و ئاماژە بەسەردەمی زوحاک دەکات و دەڵێ لە سەردەمی زوحاکدا نەتەوەی ئێران کوسییەکان بوون و چون کوردەکان لە شاهنامەی فەردەوسی بە نەتەوەی جەمشید پێشان دراون و هەر بۆیە بەپێی لێکۆڵینەوەی مێژوونووسان کوسییەکان باو و باپیرانی کوردەکان بوونە.

ئیحسان نووری وەک مامۆستا ڕەشید یاسەمی و مینۆرسکی لە زاری موورییەوە دەڵێ ڕۆژی ٣١ی ئاب/ئۆگستس خەڵکی دەماوەند بەبۆنەی سالّوەگەڕی ڕزگاری ئێرانییەکان لە زوڵم و زۆری زوحاک ئاهەنگیان ساز کرد و ناوی ئاهەنگەکە بەکوردی بوو کە لەو کات نەتەوەی ئێران لە دەستی جەمشید باو و باپیرانی کوردەکان بوو و دەماوەندییەکانیش کە باوانی خۆیان بەکورد دەزانن، ئەو ئاهەنگەیان لە باوانیان بۆ ماوەتەوە و بەئاهەنگێکی کوردی دەزانن.

بەپێی قسەی ئیحسان نووری لە کوردستانی تورکیا ئەو ئاهەنگە ساز دەکرێ و بەناوی ئاهەنگی تۆڵە ناو دەبرێ و لە کوردی بەمانای ئاهەنگی تۆڵەکردنەوەیە و ڕۆژێک کە تۆڵەیان لە دوژمنانی خۆیان کردووەتەوە، ئاهەنگیان گێڕاوە و ناوی ئاهەنگی تۆڵەیان لێ ناوە و ئەو ئاهەنگە لەلایەن ئەرمەنییەکانیشەوە کە لەگەڵ کوردەکاندا هاونیشتمان بوونە لەلایەن پیاوانی ئەرمەنی لە هەمان ڕۆژدا ساز دەکرێ و بەپێی ڕۆژمێری ئەرمەنییەکان ئەو ئاهەنگە ناوی دیانەت ئاراج و عەوان تەراندازە و ئەوەش ئاهەنگێکی ئیزەدییەکوردەکانە.

بەپێی کتێبی مێژووی کورد کە لەلایەن ئەمین زەکی نووسراوە، باو و باپیرانی کوردەکانی ئەمڕۆ و ڕەنگە زۆربەی ئێرانییەکان لە قەومەکانی گوتی، سوبارو، لولو، کوسی، میتانی، نایری، موشکی، خالیدی، ماننانی، ماد، کاردۆش و کاردۆیە وەک ئەوەی ئەمڕۆ لەناو کورددا قەوم و هۆزەکان بەناوەکانی لەک، لوڕ، کەلهوور، کرمانج، شکاک، هەورامان، گۆران، بارزان، زازا، موکری، زەنگەنە، زەند، گرۆس، فەیلی و جاف کە هەریەک لەوان ناوی قەوم و عەشیرەتێکن و ناوەکانیان لە کۆنەوە ماوە.

پەرتەوازەبوونی کوردەکان

مێژووی ئێران سەلماندی کوردەکان نەتەوەیەکن کە لە پاراستنی نیشتمانیان خۆیان بەخت کردووە و ئەمەش ئەوە پێشان دەدا کە نەتەوەی کورد هیچ کاتێک ئامادە نەبووە کە هێرشەکان بەبێ وەڵام بهێڵێتەوە و بەرگرییان لە وڵاتەکەیان کردووە. کوردەکان بەیەکگرتوویی‌یەک کە لە نێوانیاندا بووە لە مێژوودا خەسڵەتی نەتەوەپەرەستییان بووە و خۆیان لە بەرامبەر ئەوەدا بە بەرپرسیار دەزانی و هەوڵێکی زۆریان بۆ داوە.

کوردەکان هەر کاتێک مەترسییەک هەڕەشەی لە وڵاتەکەیان بکردایە، ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان وەلا ناوە و بەهەموو توانای خۆیان بەرگرییان لە وڵاتەکەیان کردووە. لە هیچ



شۆێنێکی مێژووەدا بەرچاو نەکەوتووە کە کوردەکان بەدزییەوە هێرشیان کردبێتە سەر ناوچە یا ولاتێک و هەموو کاتێک بۆ پاراستن، سەربەخۆیی و ئازادی خۆیان شەڕیان کردووە و هیچ کاتێک هێرشبەر نەبوون بگرە لە بەرامبەر ئەو هێرشانەی کە کراوەتە سەریان بەرگرییان کردووە و لەسەر ئەو بڕوایە بوونە کە هەموو قەوم و نەتەوەکانی تریش مافی ژیان و ئازادییان هەیە و هەرگیز ئازادی و مافی کەسانی تریان نەخستووەتە مەترسییەوە.

ئەمڕۆ کە سەیری هەر شۆێنێکی ئێران دەکەی بوونی کوردەکان لەوێ هەست پێ دەکرێ و ئەو بوونە لە ناوچە سنوورییەکاندا زۆرتر دیارە.

کۆچ و ڕاگواستنی کوردەکان بەرەو ئەو سنوورانەی کە کەوتبوونە بەر لێشاوی هێرشی دوژمنان بووە هۆی ئەوەی فەرمانڕەوایانی هەر سەردەمێکی ئەو ولاتە تا بەپاڵەپەستۆ لە یەکگرتوویی کوردەکان بۆ بەرگریکردن لە هاتنە ژوورەوەی دوژمنان بۆ ناوی خاکی ئێران کەڵک وەربگرن. هەر بۆیە کوردەکان بەکۆمەڵ بەرێ کەوتن و ئەو ناوچانەی کە هێرش کرابووە سەریان لە دوژمنانیان وەردەگرتەوە و تەناهییان بۆ ئەو شۆێنانە دەگەڕاندەوە و بوونی کوردەکان دەبووە هۆی ئەوەی دوژمنانی تر نەتوانن هێرش بکەنە سەر ئەو شۆێنە.

پەرتەوازەبوونی کوردەکان لە ئێراندا مێژوویەکی نوێی وەک سەردەمی سەفەوییەکان نییە، بگرە ئەگەر قبوولّی بکەین کە کوردەکان پاشماوەی نەتەوە کۆنەکان وەک گوتی، لولوبی، میتانی،

تایروبی، کوسی و مادەکان بوونە کەواتە لە سەرانسەری ئەو ولاتەدا بوونیان بووە و کۆچی کوردەکان بۆ باکوری ڕۆهەلاتی ئێران بۆ بەرگریکردن لە ئۆزبەکەکان تەنیا لە سەردەمی شا عەباسدا نەبووە.

ژمارەیەک لە لێکۆڵەران لەو بڕوایەدان کوردەکان لە ناوچەی ڕۆهەلاتی ئێران بەرەو زاگرۆس کۆچیان کردووە و لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچەیە یەکیان گرتووە.

کوردەکان خاوەنی ڕاستەقینەی ئێران بوونە و پاش شکستی فەرمانڕەوایەکانی ئێران و هاتنە سەرکاری حکوومەتی عوسمانی بەشێوەیەکی نەخواز ناوچە سەرەکییە کوردنشینەکان لە ولاتی دایکی خۆیان دابڕان، چونکە کوردەکان کەوتبوونە نێوان دوو ئیمپراتۆری ئێران و عوسمانی و ئەو دابڕانەش نەیتوانی ئەوان لە ئێران جیا بکاتەوە.

لە کۆمارەکانی قەفقاز، ئاسیای ناوەڕاست، ئەرمەنستان، گورجستان، قەزاقستان، قەرقیزستان و تورکمنستان کورد هەیە. نێزیکەی ١ ملیۆن کورد لە ئەرمەنستان ژیان بەسەر دەبەن و بەشێکی زۆریان لە ئەیروان و گوندەکانی وەک ئالاگویز و بەشی کوردنشینی تالینن. زۆربەی کوردەکانی گورجستان دانیشتووی تەفلیسن. هەروەها کوردەکانی ئازەربایجان لە شارەکانی باکو، کلباجار، لاچین، کوباتلی، زەنگی، لو و نەخجەوان ژیان بەسەر دەبەن. لە تورکمنستاندا کوردەکان لە شارەکانی عەشق ئاباد، باگیر، بابرام عەلی و ناوچەکانی گوگ تەپە، کاخکە، قەرەقلا و تەجن ژیان بەسەر دەبەن. هەروەها کوردەکانی قەزاخستانیش لە شارەکانی چیم کەند، جەمبول، دەروویەری ئەلما ئاتا ژیان بەسەر دەبەن.

کوردەکان لە ولاتی قەرقیزستان زیاتر لە شاری ئوجن و ژمارەیەکی زۆری تریشیان بەهۆی ئاینی ئیزەدی کە لەلایەن عوسمانییەکانی دارکاری و ئەشکەنجە دەدران بەرەو ڕووسیا کۆچیان کرد و ئێستەش نیشتەجێی ئەو ولاتەن.

زیاتر لە ١٧ پارێزگای تورکیا کوردنشینە و جگە لەمانەش لە باشووری ئەنقەرە لە ناوچەی هایمانا و شاری ئەستەمبوڵ و ئەزمیر ژمارەیەکی زۆر کورد لەوێ ژیان بەسەر دەبەن و ژمارەی کوردەکان لە تورکەکان لە تورکیا زیاترن و هەروەها یەک لەسەر سێی دانیشتوانی سووریا کوردن.

لە سالانی ڕابردوو بەهۆی شەڕەکانی کوردستانی عێراق و دەیان سالّ پێشتریش ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و شۆڕەوی پێشوو بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد و ئەوانیش ئەو کوردانە بوون کە ئاینی یەهودییان قبووڵ کردبوو. لە عێراقیشدا پارێزگاکانی باکوری ئەو ولاتە کوردنشین و ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شاری بەغدا کوردن.

نووسەری مێژووی سیستان نووسیویەتی کە بەهۆی زۆری ژمارەی کوردەکان لە سیستان، یەعقوب لەیس کەسێکی بەناوی عەبدولڕەحیم خەرجی بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئەوان دەستنیشان کرد و ئەوان کوردانی فارس بوونە و یەعقوبیان لە شەڕی دژی هێرشی خەلیفەی عەباسی یارمەتی دا.

ئەبنی بەلخی لە نووسراوەکانی خۆیدا دەڵێ "شەوکەت و گەورەیی سوپای فارس بەکوردەکانەوە بوو". ئەستەخری کە زانایەکی گەورەی جوگرافیا بوو لە ساڵی ١٠٨٠ز وتوویەتی "بنەماڵەکانی کورد لە فارس ئەوەند زۆرن لە حسێب نایەن".

لە مێژووی سیستاندا بەشێک هەیە بەناوی شۆڕشی ئەبو موسلیمی کورد لە خوراسان. لە خوراسان قەومێک حکوومەتیان بەدەستەوە بوو کە ناویان دێل کورد بوو.

مامۆستای خوالێخۆشبوو ڕەشید یاسەمی لەبارەی کوردەکانی خوراسان لە سەرەتاکانی هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ ئێران نووسیویەتی: بەپێی قسەکانی ئەبنی خەلکان ئەبومووسلیمی خوراسانی کورد بووە کەواتە یەکێک لە گەورەترین سەرکردەکانی ئێران کە مێژوو تۆماری کردووە، کورد بووە بەپێی وتەی ئەبنی خەلکان کە ڕەشید یاسەمی هێناویەتییەوە، کوردەکان پێش هاتنی ئاینی ئیسلام و یا هاوکات لەگەڵ هاتنی ئیسلام بۆ ئێران لە ناوچەی مەروی (خوراسان) جێگیر بوونە.

یەکێک لە نووسەرەکان بەناو تەوەحودی لە کتێبی کۆچی مێژوویی کورد بەرەو خوراسان دەڵێ: مەلەک ساڵح محەمەد خان لە کتێبی بەلووچستان لەبارەی کوردەکانی بەلووچستان پاکستانەوە نووسیویەتی ئەوان لە عەشیرەتی بەلووچ بەرئاهوین و لە شارەکانی کوهیتە و پیشین ٥٦٤ بنەماڵە، لە شاری سەبی ٣٣٨ بنەماڵە، لە شاری چاغی ٢٣٧ بنەماڵە، لە شاری ئورالایی ١١٢ بنەماڵە، لە شاری قەلات ٤٤٦٥ بنەماڵە، لە خاران ١٠٩ بنەماڵە و لە مەکران ٢٧٨ بنەماڵە ژیانیان بەسەر دەبرد و لە کۆدا نێزیکی ٧ هەزار بنەماڵە بوون. میرگول نەسیرخان لە کتێبی مێژووی بەلووچستان نووسیویەتی میر عەبدولعەزیز خان کورد و میر ئەلواهد خان سەرۆکانی عەشیرەتی

کورد لە بەلووچستان بوون و کوردەکانی دانیشتووی بەلووچستان و پاکستان بەزمانی بەلووچی قسە دەکەن.

جگە لە هۆزە کوردەکان کە لە کاتی شەڕی عەرەبەکان لە خوراسان ئامادە بوون، لە سەردەمی سەفەوییە کوردەکان بۆ بەرگریی لە ولاتی خۆیان لە ڕۆئاوا بەرەو ڕۆهەلاتی ولات کۆچیان کردووە و لە بەرامبەر هێرشی ئۆزبەکەکان بەرگرییان لە ولات کردووە.

لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوی کوردەکان و بەتایبەت قەرامانلووەکان بەشێوەیەکی جیا لە یەک بۆ بەرگریکردن بۆ خوراسان گوازرانەوە و دواتریش جێگرەوەکانی شا ئیسماعیل درێژەیان بەو سیاسەتەی ناوبراو دا. کوردەکان لە ساڵی ١٠٠٧ی کۆچیی قەمەریدا و لە سەردەمی فەرمانڕەواییی شا عەباس لە خوراسان جێگیر کران.

حکوومەتی سەفەوی کە بەردەوام لەگەڵ حکوومەتی عوسمانی خەریکی شەڕکردن بوو و لەلایەکی تر ئەو حکوومەتە لە ئاین و هاندانی سەرکردەکان لەناو کوردەکاندا دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو. هەروەها چەند هۆزێکی گەورەی تورکمان لە ڕۆهەلاتی ولات بارودۆخەکەیان شێواندبوو و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەفەوییەکان چارەسەرێکی گونجاو دەستنیشان بکا.

شا عەباس کە کەسێکی زیرەک و زانا بوو لەسەر وتەی ئەبنی عەمید کە وتبووی دەبێ کوردەکان بکرێنە قەڵغانی بەرگری، بیری لە گواستنەوەی کوردەکان بۆ خوراسان کردەوە تا بەتیرێک دوو نیشان بپێکێ، بەڵام ئەگەر سەرکردەکانی کورد بەو بڕیارە ناڕازی بوونایە، شا جگە



لە بێدەنگی هەڵبژاردەیەکی تری نەدەبوو.

شا عەباس فێڵێکی دوزییەوە و لە کۆڕێکدا کە ژمارەیەک لە سەرانی کرمانج تێیدا ئامادە بوون، دۆخی کەشوهەوا و لەوەڕگای ئەو ناوچەیەی بۆ ئەوان گێڕایەوە کە شوێنێکی باشە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان و هانی دان بەرەو ئەوێ کۆچ بکەن. کوردەکانی ناوچەی ئازەربایجان ناوچەکەی خۆیان بەتەسک و بچووک دەزانی و هەر بۆیە پێشوازییان لە پێشنیازەکەی شا کرد و هەر بۆیە نێزیکی ٥٠ هەزار بنەماڵەی کورد لە کۆچێکی گەورە و مێژووییدا لە ئازەربایجان بەرەو ڕەی چوون. ئەو کۆچە کە لە نێزیک ساڵی ١٠٠٥ی قەمەریدا ئەنجام درا، بووە هۆی ئەوەی کوردەکان بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە نێزیک تاران و وەرامین بمێننەوە و لەو کاتەدا ئۆزبەکەکان هێرشیان کردە دەوروبەری شاهڕوود و دامەغان و سمنان ئەو شارانەیان وێران کرد و بەرەو کاشان و ئەراک هێرشیان برد.

کوردەکانی کرمانج لە ساڵی ١٠٠٧ی قەمەری بەرەو خوراسان چوون و لەوێ مانەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە هێرشی ئۆزبەک و تورکمەنەکان بگرن.

کوردێکی زۆر لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان نیشتەجێن و دۆخی ئەوانیش وەک کوردەکانی خوراسان وابوو و لەلایەن حکوومەتی سەفەوی بەرەو ئەو پارێزگایە گوازرانەوە.

ئەزموونی مێژوویی

حکوومەتی شا عەباسی سەفەوی ڕقیان لە کەسێک دەبووەوە کە ناوی حوسێن کورد بوو، بەڵام چون ناوبراو کەسێکی پاڵەوان بوو و بۆ ماوەی چەند ساڵ هاوکاری کۆشکی سەفەوی کردبوو، شا

عەباس ئەوی نەکوشت و فەرمانی دا بەو هۆکارانەی کە لە خوارەوە هاتوون لەگەڵ بنەماڵە و ناسراوەکانی بەرەو ئیسفەهان کۆچ بکەن:

١- تا لە پایەتەخت دووربن و کۆشکی شای سەفەوی تووشی گرفت نەکەنەوە.

٢- پارێزگاری لە سنوورەکانی ڕۆهەڵاتی وڵات و شەڕکردن لەگەڵ هۆزەکانی بەدوی کە جارجار لە سنوورەکانی ڕۆهەڵاتەوە هێرشیان دەکردە سەر ئێران و ماڵی خەڵکیان بەتاڵان دەبرد.

٣- بۆ ئەوەی حوسێن کورد لەگەڵ دانیشتوانی بەلووچستان تووشی شەڕ بکا.

کوردەکانی ئەو ناوچەیە بەسێ کۆمەڵ دابەش دەبن و زیاتر لە ٥٠ ڕەگەزن کە لە ناوچەکانی سیستان و بەلووچستان ژیان بەسەر دەبەن.

هۆزی پازوکی: یەکێک لە هۆزە دیارەکانی کوردن کە شوێنی سەرەکی ئەوان لە نێوان سنووری ئێران و تورکیادا بووە و لە کاتی فەرمانڕەواییی سەفەوی لە وڵاتدا بڵاو بوونەتەوە.

هۆزی هەدوانە: یەکێک لە هۆزە گەورەکانی لەکن کە لەگەڵ کەریم خانی زەند بەرەو شیراز چوون و پاش ڕووخانی فەرمانڕەوایی زەندیە و بەفەرمانی ئاغا محەمەد خانی قاجار بەرەو تاران، دەماوند، وەرامین کۆچیان کرد و بەشێکیان لە ساوە جێگیر بوون.

هۆزی ئەردەڵان: تایفەیەکن لە کوردەکانی کوردستان کە لە کاتی نادر شای ئەفشار لە کوردستان بۆ خوراسان گوازرانەوە و لە گوندەکانی نیگنجە و سیرزاد کەلات جێگیر بوون.

هۆزی زەنگەنە: ژمارەیەک لە هۆزی گەورەی زەنگەنەن و بەفەرمانی نادر شا لە ساڵی ١١٤٧ کۆچیی قەمەریدا پاش تێشکدانی ئەحمەد پاشای عوسمانی بۆ خوراسان گوازرانەوە و لە ناوچەکانی دەرگەز، نەوخەندان و حەسار و چەند ناوچەیەکی تر جێگیر بوون.

هۆزی عەمارلو: یەکێک لە هۆزە گرینگەکانی خوراسانە کە بەفەرمانی شا عەباسی کەبیر لە ساڵی ١٠١١ کۆچیی قەمەریدا لە وەرامین بەرەو خوراسان گوازرانەوە و لە ٧٢ گوندی ناوچەکەدا گیرسانەوە و بەشێکیشیان بەفەرمانی نادر شای ئەفشار بۆ بەرگریکردن لە هێرشی ڕووسەکان بۆ گیلان گوازرانەوە. دانیشتوانی ١٥٠ گوند لە پارێزگای گیلان عەمارلوەکانن.

هۆزی عەملە: کەسانی سەر بەم هۆزە لە شوش و دەوروبەری دەژین و سەرانی ئەو هۆزە لە بنەماڵەکانی ناوچەی پشت کوهن کە لە ساڵی ١١٦٣دا بۆ خوراسان کۆچیان کردووە و سەرگەورەی ئەو هۆزە باقر خان کوڕی حەین خان برای حوسێن عەلی خانی ئەبوقەداڕە بووە.

هۆزی کەلهوور: زۆر لە ئەندامانی ئەو هۆزە لە کاتی حکوومەتەکانی ڕابردووی ئێران بەرەو پارێزگاکانی مازەندەران، گیلان، قەزوین و ئەردەبیل گوازراونەتەوە.

سەرچاوە:

http://www.cloob.com/club/article/show/clubname/sanandaj/articleid/3648

شیعر و مانەوەی زمانی کوردی

تاهیر تەیب ئەحمەد (مامکاک)

ئەگەر ئەکادیمیگەلێک هەن لە پێناسەکردنی شیعردا دەڵێن: «هۆزان شێوەیەکی هونەریی ئەدەبییە و بەشێوە زمانێکی تایبەتی پاراو دەنووسرێتەوە و جۆرێک جوانی و سۆزی تایبەتی تێدا هەیە و واتاکەی ڕوون و ئاشکرایە و شان بەشانی هونەرەکانی تر لەناو کۆمەڵدا دەژی و جۆری جیاوازی وەکو دراماى هۆزان و لاوک و پەخشانەشیعری، هەیە»[1]، من ئەوەشی بۆ زێدە دەکەم کە (شیعر بنەمایەکی مانەوەی زمانی کوردی بووە.) کوردی ئەو زمانەیە کە نزیکەی سی ملیۆن کورد لە ڕۆهەڵاتی ناڤیندا قسەی پێ دەکەن و لەبەر هۆی سیاسی و نەژادییەوە کەوتوونەتە بەردەستی گەلێک توخمی نەیارانی تردوە، ئەوەتا خاکەکەیان لەلایەنی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا و ئازەربایجان و جیۆرجیادا، دەستی بەسەردا گیراوە. گەلی کەولّی چڕوپڕ دراوە بۆ ئەوەی ئەم زمانە لەناو ببەن و زەقترین نموونەی هاوچەرخیشی ڕێژیمی کەمالیستی تورکیاییە. وەلێ زمانی کوردی بە ڕووی هەموو ئەو هەوڵانەی لەناوبردنی چەقیوە و ئەم ئەنگڕیانەشی[2] لە ئەنجامی چەند فاکتەرێکەوەیە؛ بەڵام من لێرە تەنیا باسی کاریگەری شیعر و هۆزانڤان و هونەرمەندانی دەنگبێژ دەکەم، دا بزانین چ کاریگەرییەکیان بووە بۆ ئەوەی ئەم میراتە زمانە فرە بەهادارەی کوردان هەر زیندوو بهێڵنەوە وای لێ بکەن بەرانبەری زەمان و هەوڵی نەهێشتنی لەلایەنی نەیارانیەوە، هەموو کات لەسەر کەژەکان و لەناو دۆڵەکانی کوردستاندا دەنگ بداتەوە. فاکتەرەکانی تریش بۆ پسپۆڕانی مەیدانەکانی تر دەهێڵمەوە.

لە سەردەمە زووەکانی مێژوو، کە تازە نووسین بەدەردەکەوت و لە سەروەختی حوکمی میدییەکان بترازێ، ئەم زمانە هەردەم لەژێر گەمارۆی ئەو نەتەوانەدا بووە کە وڵاتەکەیان یان داگیر کردووە یانیش پێیدا گوزەرینە. ئەوان هاتن، داگیریان کرد و چەوساندیانەوە، بەڵێ نەمان.. کورد بەزمانەوە هەر ما.

لە دوای فارسەکان، عەرەب یەکەم نەتەوەنە کە لەژێر ئالای ئیسلام هاتن و کوردستانیان داگیر کرد و هاتنی ئەو عەرەبە موسڵمانانە، گەمارۆیەکی ناتەوزمی لەسەر زمانی کوردی دانا. کورد ئیسلام بوون، بەئیسلامبوونیان، هەموو کۆششەکانیان خستە بەر خزمەتکردنی زمانی عەرەبی؛ چونکە دەبوو بەعەرەبی نوێژ بکەن، قورئانی پیرۆز بخوێنن و پاشان بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی ئەرکی واتای فەرموودەکانی پێغەمبەر تێ بگا، تا بزانێ ئیسلام چییە و بۆچی هاتووە و چۆن ئەو ئاوا پێی قایل بوونە، پێویست بوو عەرەبی بخوێنن. لەناو کوردان، فێربوونی زمانی عەرەبی بووە دیاردە و لە بەرانبەریشدا زمانی کوردی پشتگوێ خرا و کەسێک نەبوو فێری ببێ و بیخوێنێ و پێی بنووسێتەوە. هەر ئەوە بوو نووسەری گەورە لەناو کوردان پەیدا بوون کە بەعەرەبییان دەنووسی. هەندێ هەن پێژن کەزومەخشەری[٣] کوردی لوڕ بووە. جێدەستی ئیبن خەلەکان و ئیبن مستەوفی لە سەدەکانی زووی ئیسلامەتیدا دیارە. لەو چەرخانەی ئێستاشدا «عباس محمود العقاد و سهير القلماوی و قاسم أمين و أحمد شوقي» کورد بوون و بەعەرەبی نووسیویانە.

فارسەکانیش لە عەرەبان، کەمتریان بەکورد نەکردووە. (شای ئێران چەندان کردەوەی دراکۆنی پەیڕەو کرد و سەرکردە نەتەوەییەکانی لەدار دان و هەرێمەکەی ڕاستەوخۆ لە مەرکەزەوەڕا حوکم کرد.)[٤] لە تورکیاش (لەوەتی سالانی زووی جمهوریيەت، گەورەترین ئاواتی تورکیا ئەوە بووە کە کورد بتوێنێتەوە و ناسنامەی نەرینی کوردەواریيش، بەگشتی، بسڕێتەوە. ئەمەش؛ ڕاگوێزانی دانیشتوان و یاسای ئەژدیهایی بۆ قەدەخەکردنی زمانی کوردی و هەڵمەتی نکوڵیکردن لە بوونی کورد بەبیانووی ئەوەی کە ئەوان هەر تورکی چەنووس و چیی تر نین، دەگرێتەوە.)[٥] کەچی زمانی کوردی لە بری ئەوەی لەناو بچێ، کز بوو، وەلێ بەرخودانێکی بێ ئەندازەی کرد و ماوە. ئاخۆ هۆزان چ کاریگەری لەناو کوردەواریدا هەبووە تا وا لەو بارتەوەیە بکا زمانەکەی وەک ناسنامەی بوونی خۆی بپارێزێ؟

ئەو سەرکوتکارییەی لە دژی کورد پەیڕەو کراوە، کاردانەوەی بەهەمان هێز و توانای لێ پەیدا بووە و وای لە کورد کردووە پتر بەنەریتەکانی خۆیەوە پابەند بێ؛ چونکە هەر لە هەوەڵەوە کورد هەرگیز ئامادە نەبووە دەستبەرداری تایبەتمەندییەکانی خۆی بێت، لەم بارەوە هۆزانڤانی مەزنی کورد بابەتاهیری هەمەدانی (٥٣٩ – ١٠١٠)[٦] فەرموویەتی:

بەخەنجەر گەر دەر ئارەند دیدەکانم — بە ئاگر گەر بسۆزەند ئیستخانم
ئەگەر بەر ناخونانم نەی بگۆبەند — نەگیرم دڵ ز یاری میهرەبانم

ئەوەتا کوردێک ئامادەیە بەخەنجەر چاوی دەربکەن و بەئاور ئێسقانی بسۆزن و کەلکەلی کەن، بەڵام ئامادە نییە دەست لە یارە میهرەبانەکەی هەڵبگرێ؛ جا گەر وابێ چۆن زمانە خۆشەویستەکەی پشتگوێ دەخا، ئەگەر وا بکا، ئەرێ چۆن هەست و نەستی خۆی دەردەبڕێ باسی ئەو خۆشەویستییە خواوەندانەیە دەکا کە ئەگەر زمانەکەی نەبێ مەحاڵە بەم ڕەوانییە و بەم

ڕەهاییيە بیخوێنێ.

ئەوانەی بەدوای مێژووی کورددا دەچن، ئەوە دەزانن کە کورد بەدرێژاییی مێژووی دووچاری فرە سەرکوتکردن و زۆرداری و تەنگژە کراوە بۆ ئەوەی واز لە زمانەکەی بێنێ؛ چونکە ئەو دەسەڵاتدارانە چاک لەوە تێ گەیشتوون کەزمان ناسنامەی نەتەوەیی گەلانە و زمانی کوردییش پارێزەری کولتوور و بوونی کوردە و کوردیش هەرگاڤ ئەوپەڕ دڵسۆزی زمانە شیرینەکەی بووە. بۆیە دوژمنانی بەر لە دۆستەکانی، گەواهیی وەفادارییان لە کورد داوە و باسی ڕاستی و خۆبەختکاری و سەربەرزییان کردووە و لەم لایەنەوە، دوژمنی هەرە سەرسەختی کورد و پیلانگێڕ و پلانسازی لەناوبردنی، کە سەدام حوسێن بوو، لەبارەی ئەم کوردە دەڵێ: «کە کورد باوەڕی بەشتێک هێنا، ئیتر هیچ گۆشەیەکی تاریکی لە پێشدا ناهێڵێ.»[٧]

جا لەو کاتەی کە با هوڕەی جیاوازیی ڕەگەزی هەڵی کرد و ناوچەی ئێمەی لەکەدار کرد و بانگەوازی نووسین بەزمانی فارسی و عەرەبی و تورکی کرا و کەسێک نەبوو باسی زوبانی کوردی بکا، لەو سەردەمی تاریکییەدا بوو شاعیرانمان قۆڵی جوامێرییان لێ هەڵماڵی و ڕۆڵی گەورەیان لەم لایەنەدا گێڕا و بەرگرییان لە زمانی دایکیان کرد و کۆمەڵی کوردەواریان هان دا، تا زمانەکەیان بپارێزن. حەزرەتی نالی (١٧٩٧–١٨٥٥)[٨] ڕووی خۆی لەو کەسانە کرد ئیدیعای ئەوەیان بوو کە کوردی زمانێکی پلە دووە و ناشێ ئەدەبێکی بااڵی لێ پەیدا ببێ و فەرمووی:

کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆکوردییە، خۆکردییە
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تابعی مەعنا دەکا

بەم چەشنە، پیری شاعیرانی کورد کلیلی سەلامەتیی خستە سەر زمانەکە و ڕێگەی لەوانە گرت کە ڕەخنەیان لە نووسین بەکوردی دەگرت. ئەم بەیتە هۆزانە لەناو کورداندا لە بڵێسەی سەر شاخ دیارترە و پاشی ئەو کەسێک نەبوو دەنگی هەڵبڕێ و لە دژی نووسین بەکوردی ئاخافتن بدا، نەکا ناتۆرەی (نادان)ی بەدوادا بکەوێ.

لێرە ئەرکی شاعیران بەکۆتا نەهات، بگرە بەگوڕ و سۆزێکی پترەوە هاتنە مەیدانی بەرگریکردن لەزمانەکەیان و دەشێ بڵێین هەندێ لەو شاعیرانە سنووری ئاساییيان بەزاندووە و هێرشی دژواریان کردووەتە سەر ئەوانەی لە دژی زوبانەکەیان بوونە؛ بۆ نموونە سەیری ئەم دووانەیەی شاعیری کوردەواری حاجی قادری کۆیی (١٨٢١–١٨٩٢)[٩] بکە و بزانە چۆن سنووری کۆمەڵایەتییەکانی بەزاندووە و پەلاماری نەیارانی کوردیی داوە و فەرموویەتی:

ئەگەر کوردێ قسەی بابی نەزانی
موحەققەق دایکی حیزە با بیزانی

چونکه کوردەواری فرە ناموس و شەرەفی خۆیان دەپارێزن، بۆیە حاجی ڕێگریی لەو کەسانە کردووە کە ویستوویانە منداڵەکانیان بەکوردی قسە نەکەن و پێیان دەڵێ ئەو منداڵە کوردانە دایکییان خراپە و بابیشیان یان دەبێ (بزانێ) کە ژنەکەی حیزە یانیش (زانی)یە، کە ئەمەشیان وشەیەکی عەرەبییە واتا (زناکار)ە. لێرەش دیارە کە ئەم ڕستەیە چەند تونده و پڕ کاریگەرە و تەنانەت کوردێک شک نابینم کە بەم سیفەتە قایل بێ. کورد بەڕەوشت بەرزی ناوی داوە و ئەم شیعرە بووە دیوارێکی پۆڵایین و کوردێک نەبوو زات بکا ئەم ڕێسایە هەڵوەشێنێ. ئەم دوو بەیتەی نالی و حاجی بوونە وێردی سەر زاری گەورە و بچووکی ولاتی کوردەواری و وەک پەند دووپاتی دەکەنەوە و هەردوو بەیتە شیعرەکانیش بوونە شووره و کەم هەبوون بیانەوێ بیبەزێنن، نەکا ناتۆرەی خراپیان بۆ دروست ببێ. جگە لەمەش، ئەو دوو بەیتانە بوونە هاندەرێک بۆ شاعیران و نووسەرانی تر بۆ ئەوەی بەهانای زمانەکەیانەوە بێن نەهێڵن لە بیر بکرێ یان بمرێ.

ئەمە سەرەتای کاردانەوەی شاعیرانی کورد بوو بۆ ئەوەی بەرەنگاری هەڵمەتی نەیارانی ببنەوە و بەم چەشنە ئەم زبانە شەکرە توانی لە کۆسپی مەرگی سەرەڕێی دەرباز ببێ و وەک ئەو زمانە کۆنانەی سۆمەری و بابلی و هیرامیی لێ نەیەت کە لەژێر چەپەڵۆکی زەمان و لە ئەنجامی کاریگەریی جیۆپۆلێتیکییەوە چوون و بڕانەوە.

ئەگەر بتەوێ بژی، دەبێ بەرهەمت هەبێ و پێویستیشە گەشە بکەی. گەر وا نەبووی، واتە مردووی. ئەمە بنەمای مانەوەی کۆمەڵی کوردی بووە و کوردەواری لەنێو خۆیدا هەموو کات بەرهەمی زەمەندی هەبووە و هەردەمیش گەشەی کردووە و لەم گەشەکردنەشیدا پشکدارگەلێک جێ دەستیان دیارە؛ وەلێ لە هەمووان دیارتر دوو لایەن بوون:

١- حوجرەی فەقێیان: ئەو ژوورانە بوون کە لە گوندەکانی کوردستاندا هەبوون لەوێ فەقێ (قوتابییانی دین) دەیانخوێند. حوجرەی فەقێیان بەمزگەوتەکانەوە بوو و مامۆستای ئەو فەقێیانە مەلای گوندەکان بوون. زۆربەی گوندەکانی کوردستان ئەو جۆرە حوجرانەیان لێ هەبوو، مەلای باش مەدرەسەی گەورەی هەبوو؛ فەقێیان لە سەرتاسەری کوردستاندا دەهاتن لەو حوجرانەیان دەخوێند، خوێندن لەو حوجرانە بەزۆری بەعەرەبی بووە و فارسییش تێیاندا پشتگوێ نەخراوە. چونکە تاکە مزگەوت و حوجرە شوێنی خوێندن و گوتاردان و ڕێنوێنیی بووە، بۆیە کەلکەلەی ژیان پێشوەچوون و گەشەکردنی هەر گوندێک لەوێوە قەتارەی بەستووە. ئەگەر پێداچوونەوەیەکی خێرا بەناوی نووسەران و شاعیرانی پێش سەدەی بیستەمی کوردستان بکەین، سۆڕ دەزانین کە زۆرینەی ئەو کەسایەتیانە مەلا بوونە و چینی ڕۆشنبیری ناو کۆمەڵی کوردەواری بوونە و ڕاژەیەکی بێ ئەندازەی ئەدەب و لە ڕێگەی ئەدەبیشەوە، خزمەتی زمانی کوردییان کردووە. ئەمانە چیرۆکیان گوتووە، لاوکیان ڕێک خستووە و لە نێوانی ئەو کەڵەمرۆیە نەبووە هزری کوردایەتی زەمزەمەی کردووە و گەشەی

کردووە بەدڵسۆزی لەوانەوە بۆ نەوەی پاش خۆیان هاتووە و گەیشتووەتە دەستی ئەم پشتەی ئەمڕۆ.

٢- دیوەخانەکان: دیوەخان لە دوو چاووگ پێک هاتووە؛ (دیو) واتا ژوور یان هۆدە و (خان)یش بەواتەی ماقوول دێ، کەواتە، دیوەخان دەبێتە ژووری دەمڕاستانی کۆمەڵ. چونکە خاکی کوردستان بەپیت و بێر بووە و کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی فرەباو بووە، بۆیە کورد ژیانی لە گەلێ لایەنەوە لەباری دراوسێیەکانی باشتر بووە. ئەم ئابوورییە خاسە، دەوڵەمەندی لێ دروست بووە و دەوڵەمەند هێزی پەیدا کردووە تا سەروسامانی بپارێزێ و بەو هێز و داراییەی بووەتە برا گەورە و لەقەبی (ئاغا، بەگ ، پاشا ، میر ، کوێخا ... هتد) بۆ هاتووە، چونکە بەپڕوای من ئەم ناتۆرانە هیچێکیان کوردی ڕەسەن نییە و هەمووی داگیرکەران بۆ ئەوانەیان داناوە کە پتر لایەنگریان بوونە. وەلێ خۆ ئەمانە پێویستییان بەبەزم و ڕابواردن و کەیف و سەفا هەبووە؛ بۆیە چاوەش و شاعیر و کۆسەبەبە و حاجی فاتمەی سەر کندرپان لە خۆیان کۆ کردووەتەوە، ئامێزی ئەمانەش تەنیا شیعر و ئاواز و سەما و هونەر بووە. هەر براگەورەیەک لە گوندی خۆی چاوەشی هەبووە، هەقایەتخوانی هەبووە، ئەوانەی (مەلایەتییان) هەبووە شاعیری تایبەتی خۆیانیان هەبووە و فرە بۆیان بەخشندە بوونە. ئەو ئاغەیەی مەلای باش و شاعیری باشی هەبوایە، پلە و پایەی باشی لەناو دەڤەرەکەدا دەبوو. ئەمانە لە کوردستانی عێراق تا کۆتاییی پەنجاکانی سەدەی بیستەم هەر مابوون و لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، خۆریان لێ ئاوا بوو و پاشانیش شۆڕشی مەزنی ئەیلوول یارمەتی هێشتا پتر بەلای کۆمەڵی هەژار و شان بەقۆڕان برد و ئیتر ئەو دیوەخانانە بەجارێک لە کوردستاندا نەمان.

شاعیران و هونەرمەندان و ئەدیبان پلە و پایەی تایبەتییان لەناو کوردەواریدا هەبووەو ڕۆڵی گرینگیشیان گێڕاوە و بەئەمانەتەوە زمانی کوردییان لە باپیرانەوە بۆ ئێمە بێنن. تا شاعیر هۆزانی باڵاتری دەخوێند، هێندە پلەی لەناو کۆمەڵدا باڵاتر دەبوو. جا شاعیرەکان هەموو کات خۆیان (شەڕەشیعر)یان دەکرد بۆ ئەوەی بزانن کێ لە هەمووان باڵاترە. ئەم شەڕەشیعرانەش کاتی بۆ تەرخان دەکرا و لە دیوەخان یان لە حوجرەی فەقێیان دەکران، لادێییەکان لێیان کۆ دەبوونەوە و لێیان فێر دەبوون. ئەم کۆڕ و کۆبەندگەلانە دەروازەی هزرێکی تازەی بۆ هەمووان والا دەکرد. کوردی لە کن شیرین دەکردن.

گوتراوە کورد بەزگماکی هۆزانڤانن و شەیدای وێژە و هونەرن. هەر ئەمەشە وای کردووە کورد بایەخی تایبەتی بەدیوانەکانی شیعر، هەقایەتەکانی شەوانەی داپیران بدا. زۆر لە گەنجانی کورد دیوانەشیعر لەبەر دەکەن. چیرۆکەکان دەڵێنەوە و لاوک و حەیران و بەستە و بالۆرە دەبێژن. نەوە بۆ نەوەی پاشی خۆی هێناوە و هەر نەوەیەک میراتی تایبەتی خۆی خستووەتە سەر و وشەو واتەو دەستەواژەی نوێی بۆ ڕەها کردووە. لەگەڵ ئەمەشدا، شیعر هەر بیلبیلەی ڕووناهیی نێو کۆبەندی کوردەواری ماوەتەوەو لەبەر کراوە و بۆ یار و خزم و خۆشەویستان خوێندراوەتەوە. زۆرینەی کورد

تا ئەم زەمانەی جیهانگەریی بێ سۆز و هەستەش هەر تام لە شیعر دەکا و چێژ لە کلاسیکەکەی وەردەگرێ و شانازیی پێوە دەکا. ئەم شانازییەش هەر هەبووە؛ دەسەیری شاعیری کورد حەریق (١٨٥١–١٩٠٧)[١٠] بکە و بزانە چەند متمانە بەشیعرەکەی خۆی دەکا:

بێرە مەیدانی فەساحەت، ئەسپی خۆت لینگدە (حەریق)
تا بزانم کێ بەشیعرت سوحبەت و بازی دەکا!

شاعیر کە هێندە ڕەوهان بێ و ئاوا مل لەبەر ملی هەموو دنیا بنێ، دەبێ چ پشتیوانییەکی زمانەکەی بکا! بێگومان ئەم زمانەی ئەم شیعرەی پێ دەگوترێ، دەبێ شێوازی خۆی هەبێ، ڕێبازی پوختی هەبێ، چەمکی زیندەگیی لە ئاسۆیدا بدرەوشێتەوە؛ هەر بۆ ئەمەش بوو شیعر ڕاستەوخۆ کاری لە ژیانی تاک و کۆی کوردی کرد.

درەخت کە ڕەگی داکوتا، لە ڕیشەوە دەرهێنانی ئەستەمە. لەبەر ئەمەیە ڕەنگە شیعر کاریگەرترین چەکی بەرگری و مانەوەی زمانی کوردی بێ. بۆیەش هۆزانڤانانی کورد بایەخی خاسیان بەویست و خواست و خەمی نەتەوەکەیان داوە خەونەکانیان بۆ کردوونە بەگۆرانی و ناخی هەستی خۆیانیان بۆ دەربڕیون و نیگاری کەسایەتی و کارەکتەری تاکی کوردیان کێشاوە، فەرموو لە بەردەستی سرووشکاری حەزرەتی نەحمەدی خانی (١٦٥٠–١٧٠٦)[١١] بوەستە و گوێی لێ ڕابگرە چۆن جوامێری و هانادارى و دەستبڵاوی و جوامێریی بوێری کورد دەژمێرێ و گومانی یەک تۆسقاڵیشی نییە کە هەمووی یێ کوردانن. لەگەڵ شیری دایک پێیان دراوە و دەشپرسێ کەی ڕەوایە ئەم چەشنە کەڵەمێرانە بێبەش بمێنن و فەرمانیان بەسەردا بکرێ و خۆیان فەرمانڕەوا نەبن، دەفەرمێ:

جوامێری و هیممەت و سەخاوەت
میرێنی و غیرەت و جەلادەت
ئەو حەتمە ژ بۆ قەبیلی ئەکراد
وان دانە بە شیر و هیممەتی داد
ئایا بە چ وەجە مانە مەحروم،
بالجملە، بۆچی بوونە مەحکوم؟

خانی ناو دڵی نەتەوەکەی دەخوێنێتەوە و بەدڵی هەر هەموویانە کە هەموو ئەوانە ڕیسوا دەکا کە لە دژی مافی گەلەکەی دەوەستن ماندەلیان دەکا.

ئەو هەموو کۆڵەوەرییەی تووشی کوردان هاتووە، هۆزانی تری هێناوەتە هەژان و بەزمانحاڵی خۆی ڕووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی بووەتەوە و ئەمەتە بولبولی خۆشخوانی کوردەواری سالم (١٨٠٠–١٨٦٦)[١٢] فەرموویەتی:

چاوی عـیـبـرەت هـەڵبـڕە ئـەی دڵ لە وەزعـی دەهری دوون،
سـەیری کە، سـا تورکی دەڵەک چی کرد بەزومرەی کوردزمـان!

داوا دەکا پەند وەرگرن، عـەقڵ فـێر بن، چونکە کـاتی بێبـەها بارودۆخـەکـەی تێک داوە و تورک دەسـتیان بەسـەر کوردزمـانان شکاوە خـراپیان پێیان کردووە؛ ئەمە جگە لەوەی تـامی مێژوویەکی تاڵمان بۆ دەگێڕێتەوە، داواشمان لێ دەکا پەندی لێ وەربگرین و ناسنامەی گەلەکەشی بەزمانەکە بەستاوەتەوە.

ئـەم تەحـرە سـروودانە وەک لافـاو بەنـاو کۆڵانانـی گوندەکـانی کـوردسـتـان شـەپۆلی دەدا و بڵاو دەبووەوە و خەڵکی وەئاگا دەهێنا بۆیە ئەمانە بوونەتە نەریتێکی زیندووی کوردەواری زادی خەباتی کوردایەتی بوونە.

لە کـۆتاییـیـەکـانی سـەدەی نۆزدەمـین بـوو بارودۆخی کـوردسـتـان و هـەرێمـەکـانی دەوروپشـتی بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕا و ڕۆکاری گۆڕینەکەش تا سـەدەی بیستەمین نەوەستا. زمانی کوردی لەم گـۆڕانکاریـیـانەدا فـرە بەشـی هـەبووە و شـان بـەشـانی وێژەکـەی پێشـکـەوتووە و فـەرهـەنگی دەوڵەمـەندتر بووە و فـرە زاراوەی هـەڵقۆسـتووەتەوە و تۆزی کوردیی پێدا کردووە. لە سـاڵی ۱۸۹۸، یەکـەم قـەزاتەی کـوردی بەنێـوی (کـوردسـتـان)[۱۳] هـاتووەتـە وەشـان. ئـەم ڕۆژنامـەیە خـاڵێکی پشـتـەوشـاری ژینی هاوچەرخی کـوردەواری بووە و کـلاوگـوڵینـەی کـۆشـشی پاراسـتنی زمـانی کرمـانجی بووە و هـاتە تەنیشت شـیـعر بۆ ئـەوەی هـونری (کـوردایەتی)[۱۴] پەخش بکا. کـوردایەتی داوای یەکـخـسـتنی نەتـەوەی کـورد و (مـافی چـارەی خـۆنووسین)[۱۵] و سـەربەخـۆیـیی خـاکی کوردستان دەکا.

بانگەشـەی کـوردایـەتی لە تورکیـا تووشی ویست و چڵـێـسـی ئەفسـەرە گـەنجە تورکـەکان و سـوپای تـورک بووەوە. ڕاپەڕینە خـوێناوییە سـەرەتاییـیـەکـانی لە درەنگی ۱۹۳۰یەکاندا سـەرکوت کران[۱۶] و نکوولّی لە بوونی نەتەوەیەیشیان کرا و سوپای مستەفا کەمال ئەتاتورک چەندان کردەی خوێناویی لە دژی سـەرتاپای کرمـانجـان ئەنجـام دا. لەوەش مـەترسـیـدار تر ئـەوە بوو کـە ئـەتاتورک لەگـەڵ سـەرکـەوتووانی شـەڕی یەکـەمی جیـهـانی ڕێک کـەوت و پەیمانی سـیـڤـەری پێ گـۆڕین و ڕێککەوتنەکـەی لۆزانی لەگـەڵیـاندا مـۆر کـرد و هـەرچـی ناوی نەتەوەی کـورد هـەبوو هـەمـووی لە بەڵگەنامـەکـاندا شـاردەوە و نەهـامـەتـیـیـەکـانی ئەو سـەردەمـی تا ئێسـتـاش بـەرۆکی کـوردی بەرنەداوە. بەرژەوەندی سـتراتیجیی هێزە براوە زلەکان کوردیان کردە کوشـتیی بەرژەوەندگەلی خۆیان.

جـەندرمـەلاری تورک کـوردیان لێ بووە نێـچـیـر و بەبێ هیچ ڕووی ڕەواهیـیـەوە ڕاویان دەکرد و شـۆڕشی شـێخ سـەعـیـدی پیـرانیـان[۱۷] نەهێـشت، بـەڵام شـاعـیـران مـان و ئـەسـپی داخـوانیێ کرمـانجیـیان لینگ دا و وێنەی ئەو کوشت و کوشـتارانەیان بەوشـە ڕەسم کرد. گۆرانیبێژان هاتنە

مەیدان و چریکەی کوردیان گەیاندە ئاسمان، کاوێس ئاغا، دەستی لەبن گوێی خۆی نا و هاواری برده بەر خێلا خۆ و گوتی:

بەندێ ڕۆمییا بەندەکا گەل گرانە دەستێ من کەلەپچێدا ڕزینە
هاواره خێلۆ ... خێلۆ[١٨]

لە عێراقیش باڵەفڕەکانی ئینگلیز لە ١٩١٩ شاری سلێمانییان بۆردمان کرد. شۆڕشی بارزان لە ١٩٥٤ دەستی پێ کرد. ئینگلیزەکان هەموو چەشنە چەکەکانی خۆیانیان لە دژی کورد وەکار برد. پەلامـاری پێشـمـەرگەی سـەرکـردەی شـۆڕش، مـەلا مسـتـەفـای بارزانی دا،[١٩] ئەویش بۆ مـەبەسـتی گـەورەتر چووە مـەهـاباد و لەوێ پشـتـیـوانیی لە پێشـەوا قـازی مـحـەمـەد کرد و کۆمـاری کوردستانیان جارِ دا.[٢٠] پاشان شای ئێران سوپا و فێڵی لەدژی کۆمار بەکار هێنا و کۆمارەکەی ڕوسوخاند و پێشەواشی لەدار دا. خوێنی کورد هەموو بستێکی خاکی کوردستانی پیرۆز کردووە، گەواهی ئەمەش شاعیری دوورەوڵاتی کوردویست، عەبدوڵا پەشێوە کە دەهۆنێتەوە:

کە وەفدێ دەچێتە شێخێ
بۆ سەر گۆڕێ سەربازی ون
تاجەگوڵینەیەک دێنێ
ئەگەر سبەی
وەفدێک بێتە وڵاتی من
لێم بپرسێ:
"کوانێ گۆڕی سەربازی ون؟"
دەڵێم:
"گەورەم:"
لە کەناری هەر جۆگەیێ
لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ
لە بەردەرگەی هەر ماڵێ، هەر کڵێسەیێ
هەر ئەشکەوتێ
لەسەر زیناری هەر شاخێ
لەسەر درەختی هەر باخێ
لە کوردستان
لەسەر هەر بستەزەمینێ

هەوالنامەی کێبڕکێ

لەژێر هەر گەزەئاسمانێ
مەترسە!
کەمێک سەر داخە و
تاجەگوڵینەکەت دانێ.

چ وڵاتێکە ئەو خاکەی هەمووی بووەتە گۆڕی سەربازانی ون و چ گەلێک لەسەر ئەم خاکەدا دەژی؟ ئەمە بووەتە هەستی شاعیری کورد و ئەمەش بووەتە ئایدیۆلۆجیای هەموو کوردێک و شیعر هزری کورد‌ایەتیی خاوێن کردووەتەوە و هەموو بستێکی کوردستانی بەپیرۆز ناساندووە.

ئەم خوێنڕژانە دەبێ بوەستێ و لەمێژە شاعیران هەوڵی ئەوەیان داوە نەهێڵن چیی تر گەنج شەهید و ماڵوێران بێ و باخان بسووتێن. لە دەستپێکی سەدەی بیستەم بووە ڕووناهی هزری کوردەواریی سەردەمی خۆی، ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٧–١٩٣٥)[٢١] هەوڵی داوە گەلەکەی وەئاگا بێنێ و بچن بەکاروانی گەلان بگەن و یێژێ:

لە خەو هەستن دڕەنگە، میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزل و هونەرتانە
دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی بێکەسی مەزڵووم
بەگورجی قەتعی کەن ئەو ڕێگە دوورە، وا لەبەرتانە

لێرەوە شیعر وەرەو (بەرەو) ڕێبازێکی هاوچەرخی تازەچوو؛ لە بری تەقەی تفەنگ و هومەهومێ تۆپان گڕەگڕەی تەیاران، هانی خەڵکەکە دەدا بچن بخوێنن، چونکە زانیتی کە:

بخوێنن؛ چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان
هەموو ئان و سەعاتێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

واتە لێرەش شیعر بەر لە هەموو لقەکانی تری وێژە و هونەر بەزمانێکی پاراوەوە هاتووەتە بەردەستی خوێنەر و ناو مێشکی نەخوێندەواریش و تێی گەیاندووە، کە خوێندن لە تیغی دوژمن بەکارترە و خوێندنیش بەزمانی دایک، ژیاندنەوەی زمانی کوردی و بووژانەوەی بۆ هێنا و لێرەش هزری نەتەوەیی خۆی دەخاتە ناو دەقی شیعری و بێکەس (١٩٠٥–١٩٤٨) قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ و سیناریۆی نیشتمان دەنووسێتەوە و کێشەکە شەقاوێک بۆ پێشەوە دەبا و یێژێ:

من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێ نەگەی
حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لە بیر بردووەتەوە

با زیندان و تێهەڵدان و زیللەتی دوژمن هەر هەبێ، بەڵێ شیعر بەزمانێکی پاراوەوە دێتەوە بەر هزری کوڕی کورد و سۆزی وەبەر دەنێ و نیشتمانی لە هەر هەموو سیناریۆکانی تر زەقتر دێنێتە پێشی و هێشتا گەورەتریش و داوای لێبووردن لە وەتەنەکەی دەکا و دەنووسێ:

بەسیە! تانەم لێ مەدە؛ هەر ڕۆڵەکەی جارانتم
هێندە حیلمت بێ، هەتاکو دەست و پێم دەکرێتەوە.

زمانحاڵی شیعر ئەوە بووە کە دەست و پێی کوڕی کورد بەستراوەتەوە، وەلێ لەگەڵ ئەمەشدا نیشتمانەکەی نەک هەر لە بیر نەکردووە، بگرە هەمان وەفا و دڵسۆزیی جارانی بۆی هەیە تا دەست وپێی دەکرێتەوە و، لێرەش خوێنەر چاوەڕێ دەبێ؛ ئاخۆ کە شیعرەکە ئازاد بوو چ دەبێ؟ جا بێکەس بەناچاری دەبێ ڕوونی بکاتەوە و هەر بەو زمانە بەردەوام بێ کە کوڕە کورد تێی بگا، بۆیە دەبێژێ:

شەرتە، شەرتی پیاوەتی بێ، گەر خودا دەستم بدا
دوژمنت پەت کەم، وەکو سەگ، بیخەمە ژێر پێتەوە

بەبۆچوونی من، لەم سەردەمەی ئێستادا، مخابنە سەگ بهێنییە ڕێزی دوژمن؛ چونکە سەگ هەردەم دڵسۆزترینی گیانلەبەرانە و دوژمنیش ناحەزترینە، وەلێ بێکەسە و هێناویەتی و ڕەنگە ئەمەش لە نەریتی کوردەواری هێنابێتی، چونکە زوو لە کورد سەگ بەئاوەگڵ دەزانێ، بەڵام خۆزیا وا نەدەبوو. ئەمەش هەر بینە و بەردەی زمانە و شیعر دەیپەرەبانیی خۆی بۆی پەیدا کردووین و پەرەی بەو هزرە داوە کە لە نێوان خەڵکیدا هەبووە کەباندوویەتییە ئەو ڕادەیەی ئومێدی سەربەخۆیی بخوازێ و لەو پێپلکەشدا زمان تەوژمی تازە دەچنێ و لەسەر نووکی خامەی مەلا تەیبی دووشیوانی (١٨٩٧-١٩٧٨/١٢/١٤)[٢٢] دەبێتە خۆزگە و پڕ قوڕگی هاوار دەکا:

گەر ببینم سەربەخۆیی کورد و کوردستانەکەم
سەد هەزار کاوڕ بەرانی مەنتکی قوربان ئەکەم
بێ ژمار حەیران و لۆلۆ و لاوکی پێ هەر دەڵێم
تا بمێنم بەزم و ڕەزم و ئەگلەنجە و سەیران ئەکەم
بۆ چمە کچ؟ نامەوێ کوڕ، نامەوێ ئیللا مەگەر
وەک سەقەڕ دەرکا دوو چاوی دوشمن و بێگانەکەم

شیعر پەیتا پەیتا پەرەی بەزمان دا و پێزی لە زمان وەرگرت و تەوژمی کوردایەتیی پتر کرد و عیشقی زمان و نیشتمانی چڕتر کرد و هەرچەندە دوژمن تووندتر دەبوو، شیعریش هەندە

زمـانەکـەی پاراوتر و بەپێـزتر و بەتواناتر دەکـرد تا گـەیاندییـە ئومـێـد خـواسـتنـی ئازادبوون و سـەربـەخـۆیی و ئەوانەی ویسـتیـان کورد لەناو ببـەن، خـۆیان لـەناو چوون و کوردیش هـەر مـاوە و گومـانیشم نییە بەلووتکە دەگا و خۆری ئازادی هـەموو دۆڵێکی ڕۆشن دەکـاتەوە. عەرەب دەڵێن: (بۆ ئەو کەسـەی چاوەڕێی سبـەینێ دەکا، سبـەینێ لێی نزیکە.)

پەراوێزەکان:

1- http://en.wikipedia. org /wiki/ poetry

٢- ئەنگڕیان = عناد.

٣- یەکەم کەس بووە وێراوە تەفسیری قورئان بکا؛ (الکشاف)ی نووسیوەتەوە.

4- Denise Natali, The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey, and Iran (Syracuse: Syracuse University Press, 2005), p130.

5- Preventing Conflict Over Kurdistan, By: Henry Barkey, Carnegie Endowment for International Peace 2009

٦- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی بەغدا، ١٩٧١، ل ١٧٠-١٧٨

٧- سەدام لەمیانی پێشوازیکردنی کۆمەڵێک کورد لە کاتی شەڕی عێراق _ ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨) ئەمەی گوت.

٨- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی بەغدا، ١٩٧١، ل ٢٤٠-٢٥٥

٩- هەمان سەرچاوەی پێشتر ل ٣٤١-٣٦٠.

١٠- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی بەغدا، ١٩٧١، ل٤٢٠ - ٤٣٦.

١١- هەمان سەرچاوە ل ٢١٤ - ٢٣٩.

١٢- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی بەغدا، ١٩٧١، ل ٢٥٦ - ٢٧٥.

١٣- لە قاهیرە هاتە وەشاندن

١٤- ڕێڕەوی هاوچەرخی نەتەوەپارێزی کوردییە

١٥- چوارەدە خاڵەکەی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان (ودرۆو ویلسن)

١٦- با لەسەر کوردستان نەبێتە ململانێ، هنری بارکلی، کۆواری (واتە) ژمارە ٢، ئەیلوول ٢٠١٠، ل٨١

١٧- لە ١٩٢٥ تورکەکان لەداریان دا.

١٨- لاوکی کاوێس ئاغایە.

١٩- مەلا مستەفا بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩).

٢٠- قازی محەمەد (١٨٩٨-١٩٤٧).

هەواڵنامەی گێتێ

لەبارەی پێوەندییە دەرەکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

د. مارف عومەر گوڵ

ئەم بەشەی کوردستان، کە بەزمانی ڕەسمی پێی دەڵێن: هەرێمی کوردستان، ئێستا لە دۆخێکی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتیی تایبەتدایە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە دەستووری عێراق لە دوای کەوتنی ڕێژیمی بەعسەوە، دۆخەکەی بەشێوازی یاسایی جێگیر کرد و لە سەرەتاوە لە (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت – قۆناخی گواستنەوە) و دواییش لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥دا، ئیتر بەگوێرەی دەستووری عێراق، ئەم وڵاتە دەوڵەتێکی فیدراڵییە و کوردستانیش هەرێمێکە لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە فیدراڵییەدا.

دیارە، پێش ئەوەی عێراق بەدەستوور ببێ بەفیدراڵی، لە ساڵی ١٩٩١ەوە کوردستان لە دوای ڕاپەڕین و کۆڕەو و دوای دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨) لە ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئیتر بەشێوەی نیمچە سەربەخۆیی کاروباری ناوەخۆ لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە بەڕێوە دەچوو، پێوەندییە دەرەکییەکانیش لەگەڵ ڕێکخراو و پێکهاتە و دەوڵەتانی دنیادا لە ئاستێکی سنووردار بوو، بەڵام لە دوای کەوتنی ڕێژیمی بەعسەوە و هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ عێراق، کوردستان چووە هەلومەرجێکی تر و دۆخێکی یاساییی تازەوە.

کوردستان لە دەستووری عێراقدا وەکو هەرێمێک دانی پێدانراوە و دۆخێکی پەیدا کردووە. بۆ تێگەیشتنی ئەو دۆخە هەڵسەنگاندنی توانای هەرێمی کوردستان لە پێوەندییەکانی دەرەوەدا پێویستە بزانین هەرێمەکانی دەوڵەتانی فیدراڵ لە چ ئاست و دۆخ و پێوەندییەکدان، ئەوسا لە دۆخەکەی هەرێمی کوردستانیش تێ دەگەین. ئەویش لەسەر دوو ئاست:

یەکەم: لەسەر ئاستی ناوەخۆ بەگوێرەی دەستووری عێراق و کارەکانی حکوومەتی هەرێمی

کوردستان.

دووەم: لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەگوێرەی پێوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی دەوڵەتان.

لەسەر ئاستی ناوەخۆ، دەستووری عێراق لە چەند جێگەیەکدا دان پێدانان و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانی دیاری کردووە.

بەندی (١٢١)ی دەستوورەکە بە ڕاشکاوی لە بڕگەی چوارەمدا دەڵێ: کە دەتوانرێ نووسینگەی هەرێم و پارێزگەکان لە سەفارەتخانە و شاندە دیپلۆماسییەکاندا هەبێ، بۆ کاروباری کولتووری و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدان.

بەندی (١١٤)ی دەستووریش دەسەڵاتە هاوبەشەکانی هەرێمەکان و حکوومەتی فیدراڵی (بەغدا)ی دەستنیشان کردووە، بەڵام بڕگەی دووەمی بەندی (١٢١)ی دەستوور، ئەو مافە بەحکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەدا کە هەر یاسایەک ئەگەر ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ یاسای هەرێمی کوردستاندا ناکۆک بوو، بەو مەرجەی لە دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فیدراڵیدا نەبێ، ئەوا دەتوانرێ گۆڕانکاریی تێدا بکرێ.

هەروەها بەندی (١١٥)ی دەستووری عێراق ئەوە ڕوون دەکاتەوە ئەگەر هەر دەقێک لە دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فیدراڵیدا نەبێ، ئەوا یاسای هەرێم سەر دەخرێ و کاری پێ دەکرێ، ئەگەر هاتو جیاوازی لە نێوان یاسایەکی هەرێم و یاساکانی حکوومەتی فیدراڵیدا هەبوو. هەروەها بەندی (١١٢و١١٣)ی دەستووری عێراق چەند دەسەڵاتێکی تری هەرێمی کوردستان دەستنیشان دەکا.

بەندی (١١٠)ی دەستووری عێراق ڕێگە بەهەرێم دەدا بۆ پێوەندیی نێودەوڵەتی (لە پێناوی پەرەپێدانی بەرژەوەندیی گەلی هەرێمدا).

کەواتە، دەستووری عێراق لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەستی هەرێمی کوردستانی کردووەتەوە، بەڵام دەکەوێتە سەر ئەوەی چۆن حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوودی لێ وەردەگرێ لە بواره جیاجیاکاندا.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، لە دوو لاوە، پێوەندییە دەرەکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دیار دەکرێن:

یەکەم: ئەو کار و پێوەندییانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکی دەخات لەگەڵ دەوڵەتان و ڕێکخراوەکانی دنیادا، بەتایبەتی ڕێکخراوە حکوومەتی و ناحکوومەتییەکان.

دووەم: ئەو پێوەندییانەی کە دەوڵەتان و ڕێکخراوەکانی دنیا لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی

کوردستاندا ڕێکی دەخەن هەردوو ئاراستەکە یەک دەگرێتەوە و سەرجەمی پێوەندییە دەرەکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن.

دەکرێ، لەم خاڵانەدا کۆیان بکەینەوە:

١- ژمارەیەکی لە بەرچاوی کونسوڵخانەی دەوڵەتان لە هەرێمی کوردستان کراونەتەوە.

٢- ژمارەیەکی لە بەرچاوی کۆمپانیای زەبەلاح لە کوردستاندا کەوتوونەکار و سەرمایەیەکی باشیان وەگەڕ خستووە.

٣- کۆمەڵێک کۆنتراکت و پرۆژەی گەورە و بەڵگەنامەی جیاواز ئەنجام دراون کە سەرجەمیان بەقازانجی ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان تەواو دەبن.

٤- دانانی چەند نوێنەرێکی حکوومەتی کوردستان لەلای وڵاتانی دنیا، ئا لێرەدا، ئێمە دەستمان هێشتا کورتە و نەتوانراوە سوودی تەواو وەربگیرێ، کە ئەمەش بەخەوشێکی زیانبەخش دادەنرێ، بۆیە پێویستە چاکتر کاری بۆ بکرێ.

٥- پێوەندییە زانستی و ئابووری و بازرگانی و کولتوورییەکانی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتاندا، ئەمەشیان دەتوانرێ باشتر بکرێ و چاکتر پێش بکەوێ. بۆ ئەوەی پاڵپشتێکی نێودەوڵەتی بۆ پێوەندییە دەرەکییەکانی حکوومەتی هەرێم بدۆزینەوە، زۆر بەئاسانی دەستوور کارنامەی ژمارەیەکی لە بەرچاوی دەوڵەتانی فیدراڵی بەرچاومان ڕوون دەکەنەوە.

با لە ئیتاڵیاوە دەست پێ بکەین، کە دەوڵەتێکی فیدراڵی نییە، بەڵام لە شێوازی فیدراڵیدا کاروباری هەرێمەکانی خۆی ڕێک خستووە لە نێوان هەرێمەکان و حکوومەتی ناوەنددا.

بەندی (١١٧)ی دەستووری ١٨٠ئیتاڵیا بەئاشکرا ڕێگە بەهەرێمەکان دەدا بۆ ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بەو مەرجەی لە دژی دەستووری وڵاتەکە نەبێ، بەتایبەتیش هەرێمی (سیسیلیا) واتە (سەقەلیە)، بەندی یەکەمی دەستوورەکەی جەخت لەسەر دەزگاکانی بەڕێوەبردن و حکوومەتی هەرێمەکە دەکاتەوە. ئەم هەرێمە دۆخێکی تایبەتی هەیە و پێوەندییەکانی دەرەوەی لە ئاستێکی پێشکەوتوودایە.

دەستووری، ئەمەریکا، ڕووسیا، ئەڵمانیا، بەلجیکا، ئەرجەنتین، سویسرا، جوزر ئەلقەمەر، ئیسپانیا، کەنەدا و ئیماراتی عەرەبی، هەر هەموویان ڕێگە بەپێشکەوتن و پێوەندییە دەرەکییەکانی پێکهاتەکانی ناو دەوڵەتی فیدراڵی دەدەن، لە هەندێ حاڵەتدا، بەئەنجامی ڕێککەوتننامەش. بەڵام هەموو دەستوورەکان ئەو مەرجەیان هەیە کە نابێ هیچ یەکێک لەو پێوەندییانە بەزیان بشکێنەوە بۆ دەوڵەت و گەلانی ناوەخۆی دەوڵەتەکانیان. لەو پێوەندییانەشدا

بواری پەرەپێدان و پێشکەوتن پشکی شێری بەرکەوتووە.

دوای ئەم خوێندنەوەیە، تێ دەگەین کە توانای هەرێمەکانی دەوڵەتی فیدراڵی لەسەر چەند بنەمایەک دروست دەبێت بۆ ئەنجامدانی پێوەندیی دەرەکی، ئەویش ئەمانەن:

١- دەستووری ناوەخۆ.

٢- دەستووری هەرێمەکان، (بەداخەوە هەرێمی کوردستان هێشتا بێ دەستوورە!).

٣- توانای ئیرادەی سیاسیی حکوومەتی هەرێمەکە.

٤- پێشوازیی دەوڵەتانی تر بۆ ئەنجامدانی پێوەندی و ڕێککەوتنامە و یاداشت و پرۆتۆکۆڵی هاوبەش بۆ بەرژەوەندی و پێشکەوتنی بەشدارانی.

٥- ڕەوایی و گونجاندنی سەرجەمی پێوەندییەکان بەگوێرەی دەستووری ناوەخۆ و بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتاندا، بەتایبەتی پاراستنی ئاشتی و مافی مرۆڤ و مافی میللەتان و ژینگە و پێشکەوتنەکانی دنیا.

٦- بەرژەوەندیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری.

ئا لێرەدا، تێ دەگەین، ئەم سەردەمەی پێوەندییەکانی میللەتانی دنیا چووەتە قۆناخێکی پێشکەوتوو و تازەوە، بەتایبەتیش پێشکەوتنە ئابووری و تەکنەلۆجییەکان سنوورەکانیان شکاندووە و پێوەندیی دۆستانە دنیای تەنیوەتەوە، بۆیە هیچ ناتوانێت ڕێگە لە دەوڵەتێکی پێشکەوتوو بگرێ، ئەگەر پێوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا فراوان بکا و ئاستی جیاجیا بگرێتەوە، جا ئەو هەرێمە کوردستانێ یان هەرێمێکی تری دەوڵەتێکی تر بێ.

لە داهاتوودا، دەتوانین زیاتر لەسەر گرینگی و بایەخی پێوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری جیاجیاکاندا بدوێین و بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم هەرێمە زەوینەی یاسایی و نێودەوڵەتیی لە بەردەستدایە و پێویستە زۆر بەبایەخەوە سەیری ئەم لایەنە لە ژیانی ئەم هەرێمە بکرێتەوە، بەتایبەتی ئەنجامدانی ڕێککەوتنامە و پرۆتۆکۆڵ و یاداشتی جۆراوجۆر بۆ پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری بەوەش خزمەت بە سەرانسەری وڵات دەگا، چ هەرێمی کوردستان یان ناوچەکانی تری عێراق

شەڕەجنێو، وەک شەڕی سارد!

محەمەد فەریق حەسەن

جنێو چییە؟

جنێن، جوێن، سخێف، خەبەر یان درۆ، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی بڵاوە، ڕۆژانە گوێت لێی دەبێت و بەبیستنی ڕاهاتووییت. ئەوەندە هەیە ئێستا نەک هەر گوێت لێ دەبێت بگرە ڕۆژانە لە ماڵپەڕ و هەندێک بڵاوکۆکدا بەرچاویشت دەکەوێ. واتە ئەگەر جاران جنێن تەنیا زارەکی بووبێت، نەوۆ بەتۆمارکراویش بەرچاوت دەکەوێ. ئیدیۆمە کوردییە باوەکەی لای خۆشمان دەڵێت: (جنێن چەکی مرۆڤی بێ دەسەڵاتە).

زمان یەکێکە لەو دیاریە هەرە جوان و بەنرخانەی، گەیشتوەتە توخماتی مرۆڤ، تاکو هۆیەک بێت بۆ پێوەندیی گرێدان و لە یەکتر نزیکبوونەوە و لێک تێگەیشتن. بۆ ئەمبارکردن و پارێزگاری لە زانست و مێژوو و بیرەوەرییەکانی خۆی، حەیفە لە جێی خۆیدا بەکاری نەهێنی. چاوەڕوانیی ئەوە لە مرۆڤ دەکرێ، بە جوانترین و ڕاستترین شێوەزمان بخاتە خزمەتی خۆیەوە. بۆ ئەو مەبەستە بەکاری بێنێ، دۆست و ناسیار بۆ خۆی پەیدا بکا و زیادیان بکا، کارەکانی خۆی پێ ڕایی بکا و کێشەکانی پێ چارەسەر بکا، نەک بیکاتە هۆکارێک بۆ تێکدانی پێوەندیی نێوان خۆی و دەوروبەرەکەی. گەرەکە مرۆڤ بە نەزاکەتەوە مامەڵەی لە تەکدا بکا، پەندە دانیمارکییەکە دەڵێ: "قسەی باش پارەی تێ ناچێت"

زمان بەهرەیەکی مەزنە، مرۆڤی پێ لە گیاندارانی تر جیا دەبێتەوە و بەهۆیەوە بیر دەکاتەوە و کاروباری خۆی پێ ڕایی دەکا، بۆیە لە جێیە، مرۆڤ ناسک و هێمن مامەڵەی لە تەکدا بکا و بۆ کاری چاکە بیخاتە کار. زمان بەتایبەت لە کاری داهێناندا، وەک ڕۆمان، چیرۆک، دراما و شیعر، لەوپەڕی خەملێن و دڕەوشانەوەی خۆیدایە.

هەوڵێکەی گێتێ

بە سەرێکی تر، دەشێ جمێنیش بە گەمەی زمان بێتە حیسابکردن. لە نێوەرۆکی هەر جمێنێکدا نامەیەکی زبری کورتی بەهێز، لە قەبارەی تەنیا وشەیەک، یان چەند وشەیەک، یانژی ڕستەیەکدا هەیە، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەدیار دەکەوێ. جمێن نامەیەکی بروسکەییی تووڕەیە، یان گوتارێکی توندوتیژە؛ مرۆڤی ڕاساو و بێزار لە دوو توێی ئەو چەند وشەیەوە، لە تافی هەڵچووندا، یان لەو دەمانەدا، هەستکردن بەناجۆری و ناڕەوایەتی تێی دەئاڵێ، یانژی لە هەڵوێستێکدا، کە بەدڵی ئەو نەبێت و هەست بە غەدر و کەرامەت ڕووشاندن بکا، پەنای بۆ دەبا و دەیگەیێنێتە بەرامبەرە ناحەزەکەی.

هەندێک جاران، جمێن زمانی تێ ناکەوێ. بگرە بێدەنگ بەڕێوە دەچێ. تاک بەتەنیا ئاماژەیەک نامەکەی خۆی دەگەیەنێتە بەرانبەرەکەی. وەک بەرزکردنەوە پەنجە درێژەی دەست لە ئاستی خەڵکدا. ئەم جمێنەیان بە خۆڕئاوا تایبەتە و هێشتا نەگەیشتووەتە لای خۆمان.

ئەوانەی وا جمێندانیان کردووە بە پیشە و خدە، وەک قیروزفت پێیانەوە لکاوە و لێیان نابیتەوە، پێیان دەوترێ جمێنفرۆش، یان دەمپیس. جمێندان نواندنی توندوتیژییە، لە ڕێگەی زمانەوە. وەلێ بەسەرێکی تر ئەو تاکەی جمێن دەدا، چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێ زیانی مادی بە بەرانبەرەکەی بگەیەنێ، بگرە مەبەستی ئەوەیە بەتوندی بەرانبەرەکەی ئاگەدار بکاتەوە. خۆی بەتاڵ بکاتەوە و قار و خەشی ناخی خۆی برێژێ. بەشوێنیدا، واتە دوای ئەوەی جمێنی خۆی دا، ئیدی لە ناخەوە پشوو دەدا و سارد دەبێتەوە. سەبووریشی بۆ دێت و قین و قارەکەی دەروونی دەڕەوێتەوە. واتە جمێنفرۆش زیانێکی تری لێ چاوەڕوان ناکرێ. وەلێ جمێن لە ئەنجامدا، کینە و ڕک بەرهەم دەهێنێ.

دەشێ بڵێین، جمێن پاژێکە لە کولتووری میللیی زارەکی و دەماودەم دەگوێزرێتەوە. واتە ئاکار، یان چالاکییەکی زارەکییە، مەگەر بەشیعر کرابێت، دەنا تاکو ئەم دواییەش تۆمار نەکراوە. ڕەنگە ڕووناکبیران پێیان شەرم بووبێت تۆماری بکەن و تەنانەت لەسەریشی بدوێن. ئەگەرچی هەموو چالاکییەکی مرۆڤ، شیاوی ئەوەیە هەڵوەستەی لەسەر بکەیت و لێی بکۆڵیتەوە و وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەریشی بنووسیت. ڕەنگە لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە بچێتە خانەی سایکۆلۆجیاوە.

جمێن بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین و سووککردنی یەکترییە. ڕەنگە بەرەوڕوو کەسێک نەتوانێ لە ئاستی پیاوانی دەوڵەت و پایەبەرزەکاندا بکۆکێ. بۆیە لە دۆخی وەها دژواردا، گەنجان پەنا دەبەنە بەر دیواری ئاودەستخانەی مزگەوت و شوێنە گشتییەکانی وەک خوێندنگەکان و دەیکەنە سەکۆی خۆیان. ئەوی ڕاستی بێت، ئەم جنێوانە ڕا و بۆچوونی خەڵکی لەسەر ڕێژیم و ڕەمزەکانی، لە سەردەمە جیاوازەکاندا بەڕوونی پێشان داوە.

جمێن هەندێک جاران، پێکەنین و تەڵەفیسییە بە ئاوەز و زەینی بەرانبەر. ئەویش بە نیازی داشکاندنی بەهای ئەو مرۆڤەی وا کراوەتە ئامانج، بۆ ڕیسواکردنی تاکی جمێن پێ دراوە لەنێو

کۆمەڵدا. وەلێ بەم دواییە، بەتایبەت لە دوای ڕاپەڕینەوە جمێن بە بەرفراوانی پەڕیوەتە سەر ڕووپەڕی مـاڵپـەڕەکـان و بەئەلکتـرۆنی بووە. ئەو ئازادییـەی لە دوای ڕاپەڕینەوە، لە بواری ڕادەربڕیندا هاتە ئاراوە، لە هەندێک جـومگەیدا خـراپ بەکـار دەهێنرێ و گـەندە سـوودی لێ دەبینرێ. لەم ڕووەوە، دەسـتووری تەلەفـۆنی دەسـتی ماڵپـەڕەکـانیش گەندە سـوودی لـێ دەبینن. سـاڵانی شـەڕی نێوەخۆش، وای لە ڕاگەیاندنی لایەنە بەشەڕهاتووەکان کرد، مـافی ئەوە بەخـۆیان بدەن سنووری ئیتیکی ڕۆژنامـەوانی ببەزێنن و پەنا بۆ ناو و ناتۆرە لە یەکتری داهێنان ببەن و ئەم شەڕەجوێنە بگەیەننە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانی خـۆیان. ئەمەیش هـەر بۆ داشکاندنی ئۆرتی یەک و دوو بوو لە بەرچاوی جەماوەردا.

پلار تێگرتن و پاشـملە وتن و زەم و زەمکاری، زیاتر ئـاکاری کـۆمـەڵی بەجـێمـاوی بـێ ئێشـە و دەچنە خـانەی جمێنەوە. چونکە لەگەڵ جنێودا ئامـانجی هاوبەشیان هـەیە. ئەویش بێ ئۆرتکردنی تاکەکانە.. ئێمـە تاکو ئێستایش لە جـڤاکێکدا دەژین تاک لەو نێوەندەدا لە مـافی تاکایەتیی خـۆی بەهرەمەند نییە. ڕێزی تەواوی بۆ دانەنراوە، بگرە هێشتا چەمکی تاکگەرایی ڕێی نەکەوتووەتە نێو کۆمـەڵی کوردەواری. بگرە لێرەدا زۆر بەئاسـانی سنووری ئازادییەکانی تاک دەبەزێنرێ و پێشێلیش دەکرێ.

لە ڕاسـتیدا گەلانی تریش ناو و ناتۆرەدوای یەکتری دەخـەن، بەتایبـەتی لە تافی شـەڕدا. وەلێ دوای کـەوتنەوەی ئاشـتیش ئەم ناو و ناتۆرانە وەک خـۆیان دەمـێنن و لە بیـر ناچنەوە. بـۆ نموونە ئینگلیز بە ڕژد نێوبانگیان ڕۆیشتووە و هیندییەکان لەلای عەرەب بە کەمئاوەز ناسراون.

ڕەنگە زۆرتان ئەم ئیدیۆمـە سـەقەتەتان بیسـتبێ (قـابن هندی!..) ئەم پلارە بناخـەیەکی ڕاسـتی نییـە، چونکە مێشکی مـرۆڤ، سـەر بە هـەر گـەلێک بێت، بە کێشانە و بە توانا لە یەک ئاسـتدایە. جیـاوازیی ئەگـەر هـەبێت لە نێوان تاکەکاندایـە نەک لە نێوان گـەلاندا. هەلومـەرجی ژیان، ڕێ بۆ گەشەی ئاوەز دەستەبەر دەکا و دەخولقێنێ، نەک جیاوازیی ئیتنیکی.

ئامرازی نێـرینە و مێینـەی مـرۆڤ بەزۆری لەنێو پێکهـاتەی جمێنەکاندا ئامادەیە. جـا چونکە کۆمـەڵی خێڵـەکی سـەری زمـان و بنی زمـانی نامـووس و شـەرەفـە، بۆیە لە جـڤاکی وەهادا بەزۆری جمێنەکان ئاراستەی نامووس و شـەرەفی تاک دەکرێن. هۆکارەکەیشی ئەوەیە زیاتر لە جمێنی تر دڵیان پێی ژان دەکا. ئەوەیش لەولاوە بوەستێ، کە ئاستی وشیاریی خەڵکەکە ڕۆڵی گرینگ دەبینێ. بە تایبەتی هێشتا ڕێژەیەکی زۆری نەخوێندەوار لەنێو میللەتی ئێمەدا هەیە.

بەسـەرێکی تر، تاکی کـورد بەدرێژاییی دەیـان سـەدەیە بن چەپۆکەیە، سـەرکوت دەکـرێت، پیش دەخـواتەوە و لەبن پاڵەپەسـتۆی ناوەکی و دەرەکیـدایە. غـەدری زۆری لێ کراوە. دوای کەڵەکبوونی ئەو هـەمـوو بێزاری و پاڵەپـەسـتۆیە، لـە پرێکدا بـە ڕووی بەرانبـەرەکەیدا تەقـیـوەتەوە و بەجنێودان باری دەروونیی ماندووی بڕێک حەساندووەتەوە و کەمێک پشووی داوە.

خێڵەکانی کورد هەردەم لە دووی دۆزینەوەی خەوش و عەیب و عاری یەکتری بوونە. بەشوێن خاڵی لاوازی یەکدا گەڕاون. ناو و ناتۆرەی وەهایان لە یەکتری داهێناوە ئێسایش لێیان نابێتەوە وەک، فلانە خێڵ دزن، کل لە چاوان دەفرێنن. فیسارە خێڵ، کچان و ژنانیان ڕەدوو دەکەون. ئەوانی تریان هێڕ و کەمئاوەزن و بەم شێوەیە. حزبەکانیش هەر منداڵی ئەو کۆمەڵەن. ئەوانیش خەوش لە یەکتری دەدۆزنەوە و بەچاوی یەکتریدا دەدەنەوە.

جمێن، قسە و قسەڵۆکە، لە کاریگەریدا ناگاتە ئاستی کردار و لە توانایدا نییە ئەلف بگەیەنێتە بێ. ئەوانەی جمێن دەدەن بەزۆری توانای ئەوەیان نییە بەکردەوە، بێدادی و ناجۆرییەکان لە خۆیان دوور بخەنەوە و بەگژ زوڵمدا بچنەوە. جا ئەو زوڵمە لە هەر لایەکەوە بەرەوڕوویان بووبێتەوە. بۆیە بەناچاری پەنا وەبەر جمێن دەبەن.

هەموو کات توانای داگیرکەر و دوژمنانی کورد لە توانا و دەسەڵاتی کورد باڵاتر بووە. ئەوان سوپا و ئامێری گەورەی شەڕیان هەبووە. تاکی بەشخوراو و پیشخواردووی دڵپڕ لە ژانی کوردیش، لە بەرانبەر زوڵم و ئامێرە زەبەلاحەی ناحەزانەدا، ئەوەندەی لە دەست هاتووە، زمانەکەی لە زبرترین فۆرمی داڕشتندا، بەرانبەر دوژمنانی بخاتە کار.

وەختێکیش بووە بەخاوەنی نیمچە دەسەڵاتی خۆی، ئەمجا کاربەدەستانی خۆی زوڵمیان لە چینەکانی ژێرەوە کردووە و ئاوڕێکی بەخێرییان لە خەڵکی هەژار و بێ دەرەتان نەداوەتەوە. ئەوانیش چەکێکی هاوچەرخیان نەبووە و نییە دەستووری کۆن دیسانەکە بەناچاری پەنایان وەبەر چەکی جمێن بردووە. ڕەنگە جمێنیش یەکێک بووبێت لەو هۆکارانەی دنەی تاکی کوردی دابێت دەستبەرداری زمانەکەی خۆی نەبێت. چونکە ئەگەر دەستبەرداری بوو لەو چەکەیش بێبەش دەبێت کە بەرگریی لە خۆی پێ کردووە و ناخی خۆی بێ ئاسوودە کردووە. جا ئەم جمێنە لە شێوەی شیعری داشۆرینداا بووبێت، یان لە هەر فۆرمێکی تری وەک پلاردا، کە ئەویش تەنیا بە زمان دەستەبەر دەبێت. بێ مەڵامەت نییە، کە جمێن بەشێکی بەرچاوی قاموسی زمانی ئێمەی داگیر کردووە.

دەستشۆرین لە ژیان و بێزاریی زۆر، هۆکارگەلێکن بۆ ڕووکردنە جمێن، کاتێک مرۆڤی بارگران توانا و تەحەمولی نامێنێ و وای لێ دێت ڕووناکییەک لەوسەری ئاسۆی ژیانەوە بەدی نەکا و ئومێدبڕاو ببێ، لە تەک دەوروبەر و پەروەردگار و لەگەڵ ناخی خۆیشیدا دەکەوێتە ناشوکری و تووک و نەفرین هەڵڕشتن. شەلم، کوێرم، ناپاریزم، بەڕاست و چەپدا جمێن بلاوی بکاتەوە. ئەو ڕێچکەیەی وا پەنای بۆ دەبا، دوای ئەوە دێت، کە ئەو گەلێ ڕێگەی تری تاقی کردوونەتەوە، وەلێ هیچ کامێکیان چاری کێشەکانی ئەویان پێ نەکراوە.

بەگشتیش، لە دەمی تەنگژەی سیاسی و بارگرژی و هێشتنەوەی کێشە چارەسەرنەکراوەکاندا بە هەڵپەسێردراوی، زیاتر خەڵک پەنای بۆ دەبەن. وەلێ هەتا ڕێژەی جوێن لە جڤاکێکدا زۆرتر

بێت، ئەوا ئاستی پەرچەکردار بەرانبەر جنێودەران دادەبەزێ، چونکە خەڵکەکە لەسەری ڕادێن و خووی پێوە دەگرن، یان وەک دەڵێن: (خۆشە دەبن). بەو پێیەیش کەمتر لێی بەوەڵام دێن.

هەیە ئەوەندە زمانی زبرە، تۆ لەلای خۆتەوە تەحەمول ناکەیت بۆ تاوێکیش لە نزیکییەوە دابنیشیت و هاوڕێیەتیی بکەیت، زمانی جمێن بەولاوە هیچی تری پێ نییە و بەڕاست و چەپدا دەیبەخشێتەوە. ئەم جۆرە کەسانە کاریگەریی زۆریان لەسەر تووێژی منداڵان هەیە. چونکە منداڵ بێ ئەوەی لە واتاکەیشی تێ بگات، وەک زۆر خدەی تر چاو لە گەورەکان دەکا و لێیانەوە فێر دەبێ.

جمێنی هەژاران

لە بەرامبەر ئەو هەموو چەوساندنەوە و ناهەقییەدا، کە بەرانبەر چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ دەکرێ. ئەوان لە چین و تووێژەکانی تر زیاتر، وەک دووکەڵکێشێک بۆ سەرکردنی قین و قاری پیشخواردوویان و لە داخی ئەو نەهامەتییەی وا تێی کەوتوون و دەرچوون لێیان بووەتە ئەستەم، پەنای بۆ دەبەن، تاکو باری دەروونییان کەمێک ئارام ببێتەوە و ئاهێکیان تێ بگەڕێ. دەکرێ بڵێین، لە دۆخی وەهادا جمێن جۆرێکە لە ئازارشکێنی کاتی، سەبووریی بەناخی تاکە ماندووەکان دەدا. یەک لە باری هەژاران، جمێن بووەتە پەشێک لە ئامرازەکانی شەڕی نێوان هاوواڵتی و دەسەڵات. بۆیە چینی هەژاری کۆمەڵی کوردەواری زۆر جمێن دەدەن. زۆرێک لە جمێنی کوردەواری ئەوان دایان هێناوە. بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە، کوایە جمێن بەتەنیا کاری چینی بەشخوراو و هەژارە. بگرە ئەم دیاردەیە لەنێو هەموو تووێژەکاندا باوە.

جنێو، ڤایرۆسی فەرهەنگی کوردییە

جنێو جەستەی فەرهەنگی کوردیی تووشی داوەشین کردووە. نووسەری هەتەر و جدی، دوڕ و گەوهەر دەخەنە پاڵ گەنجینەی ئەدەب و هونەر، هەندێکیش دێن بە ڕستێک جنێوی بازاڕی عەیبداری دەکەن. لە نەبوونی بەڵگەی یاساییەوەیە، پەلاماری ئەو خەڵکە دەدەن و جنێو بەیەکتری دەدەن. ئەم شەڕەجنێوە کارێکی کردووە، فەرهەنگی کوردی بەگشتی لە بەرچاوی خوێنەری خۆمالّی بکەوێ. جا فەرهەنگێک لە ناوەخۆدا وەها بێ بایەخ تەماشا بکرێ؛ دەبێ دەرودراوسێ چ بایەخێکی پێ بدەن؟

جنێو بەپیرۆزییەکان، بە مێژوو، بەکۆن و نوێ، کاری کەسانی بێ بەهرەن. کەسێک کەیس و باس و بابەتێکی ڕوون و دروستی پێ بێت، پەنا وەبەر جمێن نابا. جنێو پێشێلی گیانی لێبووردەیی، دیموکراسی و شۆڕشگێڕییە. نیشانەی ونبوونی ڕەخنەی بابەتییانەشە. نووسەرانی ئەم جنێونامانەی وا پەڕیونەتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و تۆڕی ئینتەرنێت، ئەو دیاردەیەیان قۆستووەتەوە، کە تۆڕی ئینتەرنێت هێشتا نوێیە و وەک پێویست، ڕێسا و یاسای بۆ لادەر دانەناوە و دەستیشی پێیاندا ناگات. دەشێ دوای چەند ساڵێکی تر، ئەو گەڕەلاوژەیەی ئەمڕۆ لە ئارادایە

نەمێنێ و ئەو دیاردەیەیەش بەپێی یاسا چارەسەر بکرێ.

جەمێنبازارپی ڕۆژنامەی کاغەزی و ئەلیکترۆنی، مێشکی خوێنەر ماندوو دەکا و مگێزی دەشێوێنێ. پاڵەپەستۆیەکی بێ پاساوی ئەوتۆ لەسەر دەروونی تاکی جمێنپێدراو و بوختان بۆکراو دادەنێ، پێوەی دەتلێتەوە. پێ دەچێت ئەوانەی وا بەناوی خوازراوەوە هەڵمەت دەبەن. بەزۆری کۆنە هاوڕێ و کەسانی نزیکی خۆیان کردبێتە ئامانج. مەبەستیشیان ئەوەیە سووکایەتییان بەسەردا بهێنن. جێی وتنە ئەو بابەتانەی وا بڵاوی دەکەنەوە هەر بەتەنیا جمێن و ناتۆرە نین، بگرە دەنگۆی درۆش دەدەنە پاڵ قوربانییەکانیان.

ئەو تاکەی بەتوێی دەمامکەوە، بەڕاست و چەپدا جمێن دەبەشێتەوە و دەنگۆی درۆ دوای ئەم و ئەو دەخات، هەر دەبێت تاکێکی ناساغ و بێ کار بێت. ئەم جۆرە کەسانە گەرەکیانە لە ڕووی مەعنەوییەوە ناحەزەکانی خۆیان لە بەین بەرن، چونکە ئەوان، بۆیان دەستەبەر نابێت وەک جەستە بیانکوژن و لە کۆڵیان بکەنەوە. ئەم تەرحە کەسانە ڕک و کینە دەچێنن. لەوانەیشە ئەم ئاکارەیان لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ، خۆیان کەسانی ئومێدبڕاون و چاویان بەرایی نادا هاوڕێ و دراوسێ و خزمەکانی خۆیان لە هەر بوارێکدا بێت، بەسەرکەوتوویی ببینن.

جنێودان، بۆ خۆشی و کات بەسەربردن

لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا جۆرە خەڵکانێکیش هەن، بۆ خۆشی و کات بەسەربردن، لە بێ کاریدا بەدەم پێکەنینەوە جمێنی سەیروسەمەرە دادەهێنن و بەیەکی دەدەن. بەڵام ئەمانە، تەنیا لە نێوان خۆیاندا ئەم بەزمە پیادە دەکەن و ناهێڵن خەڵکی تری نەناس بەشداریان بکا. ئەمانە لە بری ئەوەی لەیەک عێدز بن، یان خۆیان گرژ و مۆن بکەن و لە یەکتری تەوەللا بن، نێوەندیان خۆشتر دەبێت، کاتێک بەدەم جمێنە ئەنتیکەکانەوە، قاقا بەپشتدا دەکەون و بەبیچم و ئاوەزی یەکتری پێ دەکەنن. ئەوانە خدەیان پێوە گرتووە و بەبێ جنێو هەڵناکەن. وەلێ جمێنی ئەمانە نیازی خراپی لە پشتەوە نییە.

لە شوێنی گشتیی وەک چایخانە، بەبەرچاوی ئەم و ئەوەوە ئەم ئاکارە دەنوێنن. واتە لایان شەرم نییە کەسانی تر گوێیان لە شەڕەجنێویان بێت. وەک ئەوەی داهێنانێکی گرینگیان بەرپا کردبێت و مەبەستیان بێت خەڵکی لێ ئاگەدار بکەنەوە. ئەمان لەبەر دڵیشیان خۆشە کاتێک دەبینن خەڵک گوێیان لێ دەگرن و بەدیاریانەوە ئەوق بوون. وەک لەسەری (موعتاد) بووبن، شەڕەجمێنیان بۆ تەرک ناکرێ. بۆیە بەشوێن ئەربابی خۆیاندا دەگەڕێن تاکو خۆیان بەتاڵ بکەنەوە و جمێنەکانیان دەمەزرد بکەنەوە.

*

ئەوەی جمێن بەم و بەو بدا، خۆی لە هەر پلە و پایەیەکدا بێت، جمێنی پێ دەدرێتەوە، ئەگەر لە بن لێویشەوە، یان لە پاشملەیش بووبێت. پەندە کوردییەکە دەڵێت: (جوێن مەدە بەباوکی سەگم، با

جوێن نەدەم بەباوکی بەگت) یان دەڵێت: (لە جێی سندان قوزەڵقورتە) واتە ئەو کەسەی جمێنی پێ دایت تۆیش جمێنی پێ بدەوە. یان ئەوەی خراپەی لەگەڵدا کردی تۆیش بەخراپە وەڵامی بدەوە، کە ئەمەیان گیانی لێبووردنی تێدا ونە.

جمێن هەیە تەنیا وشەیەکە و بڕایەوە. وەلێ واتایەکی زۆری لە خۆیدا هەڵگرتووە. هەیشە دوو وشەیە، بەهۆی ئامرازی (ی) یان (و)ی پێوەندییەوە پێکەوە لکاون، وەک: شملێ شەڕ. نەدی و بدی.. هەرچی و پەرچی.. گەجەر و گوجەر.. لات و لەوار. هەندێک لەمانە هاوواتان. جنێویش هەیە لە فۆرمی دەستەواژەیەکدایە و بوویشە بە ئیدیۆم وەک: کەری ناو جۆگە. ڕێوییەکەی قەمچووغە... وەلێ جمێن هەیە تەواو دوور و درێژە وەک: (ئاوی ئامووں و تووںی بابا چی، پێشت کەندەڵان، پشتت ڕەشەبا، چوونت هەبێ، هاتنەوەت نەبێ!)، یان (لوا، هەڕە کەرە سەرەتەرا) ئەمەیان هەورامییە، واتە: (برۆ قوڕ بەسەری خۆتدا بکە) یانژی (بترێزنم بەڕیشی باوکتدا) یان (لەو کەرە بەم پێی هاتی)) ئەمەی دواییان مەبەستی پێ هەڵکوتانە سەر لادێییە، گوایە کەسانی ناشارستانین. ئەمانە لە ڕووی دارشتنەوە، ڕستەی تەواون.

تۆ هەروا سەرنجی ئەم پلارانەدە بزانە چەند دوور و درێژن: (دەڵێی کوڕی سەیفنەی بەڕۆژەیە و گووی بە سێپەلەی دارەوە کردووە!) واتە: (خۆی زۆر بەگەورە و ناوازە دەزانێت) یان ئەم پلارەیان، کە دەڵێت: (ئەملای ناوە بەولاوە، گووی داوە بەهەردوو لاوە!) بە کەسێکی لەخۆڕازی دەڵێن خۆی هەڵبنێ، بەڵام لە ڕاستیدا هیچی نەوتۆی لە دەست نەهاتبێ و جێدەستی دیار نەبێت.

جنێو لای ئێمە، لای ئەوان

لە کولتووری ئێمەی کورددا تەواو پێچەوانەی کۆمەڵی خۆراوایی، زامی جمێن، کە قسەی ڕووتە، لە زامی گوللە کاریگەرترە. بۆیە ڕووی داوە لەسەر تەنیا جمێنێک کێشەیەکی گەورە دروست بووە، تا کار گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی خوێنی تێدا ڕژاوە.. زۆرجاران لە دەمەقاڵێکەوە، لە جمێنێکەوە، شەڕی وەها دەکەوێتەوە کلکی کەری تێدا دەپچڕێ. کورد دەڵێت: (زامی خەنجەر ساڕێژ دەبێت و زامی زمان ساڕێژ نابێت) ئەم پەندە حیکایەتێکیشی بەدواوەیە، بەندە لە کتێبی (مەملەکەتی ماسی)دا حیکایەتەکەم گێڕاوەتەوە. دەکرێت خوێنەر، ئەگەر مەیلی لێ بێت بگەڕێتەوە سەری. بەڵام هەتا بڵێ دووڕە لە واقیعەوە. چونکە زۆرجاران جمێن بێزاری دەربڕینە، کەرامەتی بەرانبەری پێ ناڕووشێت. بگرە بەپێچەوانەوە، جێمندەر بەکەم سەیر دەکرێ. بۆیە ئەو پەندە هیچ لە جێی خۆیدا نییە.

وەلێ لە خۆرئاوادا زەینی خەڵک تەواو بەپێچەوانەوەیە. تۆ لەوێ دەتوانی دەیان قسەی توند بەبەرامبەرەکەت بڵێیت و تا دەنگت دەکەوێت بەسەریدا بشیرێنیت. بەرانبەرەکەشت بەهەمان شێوە بەسەر تۆدا دەنەڕێنێت و بڕایەوە. بێ ئەوەی یاسا سزاتان بدا. وەلێ ئەگەر دەستت لێ کردەوە و زللەیەکت لێ دا، ئەمەیان سزای تۆندی لەسەرە. بەپێی یاسای ئەوان هەڕەشەی کوشتن و زیان پێ

گەیاندنیش بەهەند وەردەگرن. کەچی لە کن خۆمان یاسا لێپێچینەوە لەسەر هەڕەشە ناکا. ئەگەرچی پەندە کوردییەکە دەڵێت: (هەڕەشە نیوەی میردییە) واتە لە نێوەندە میللییەکەدا هەڕەشە مەترسییەکی جیدیە و گوایە کەسانی بەغیرەت دەیکەن. بۆی هەیە بەڕاستیان بێت و ئەو هەڕەشەیە بخەنە واری جێبەجێکردنەوە.

لە وڵاتانی ڕۆژاوادا، تاک دەتوانێت بە بەدەسەڵات و ڕەمزەکانیدا هەڵبشاخێ، بێ ئەوەی تووشی سزا و لێپێچینەوە ببێت. وەلێ کفرکردن و سووکایەتیکردن بەحەزرەتی عیسا، بەپێی یاسا سزای لەسەرە. کەچی کاتێک لەسەر تاکە سۆلێک ناوی حەزرەتی مەسیح دەنووسرێ، ئەم ئاکارە بە جمێن و سووکایەتی نایەتە ژماردن.

لە ئەمەریکا، ئەگەر تۆ ئالای وڵاتیش بسووتێنی، هێشتا هەر بەتاوان لەسەرت حیساب ناکرێ، بگرە ئەو کارە بەناڕەزایی دەربڕین حیسابە. وەلێ بەری ڕاپەڕین، لە وڵاتی عێراق، جمێن بەگەورەپیاوان بە تاوان حیساب بوو. لەسەر جمێنێک بە سەرۆک، چەندان ساڵ هاووڵاتی دەخرایە زیندانەوە. شیمانەی ئەوەیش هەبوو لەسەر تەنیا جمێنێک بە سەرکۆمار، هاووڵاتی بکوژن. ئەمەیان ئاکاری زۆرێک لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکانە. لێرەدا جێی وەبیرهێنانەوەیە، کاری هەرە لە پێشی کوردە بەعسییەکان ئەوە بوو گوێ هەڵبخەن، بزانن کێ جمێن بەسەرۆک و بەحکوومەتی بەعس دەدا، تاکو لە دەمییەوە بدەن.

جمێنی پیاوە گەورەکان

(جۆ بایدن)ی جێگری سەرۆکی ئەمەریکای ئێستا، لە سەرەتای مانگی تەموزی ٢٠٠٩دا سەردانی وڵاتی عێراقی کرد. بەپێی ڕۆژنامەکانی عێراق، بایدن لەنێوەڕۆخوانێکدا لەنێو یەکێک لە کەونە کۆشکەکانی سەرۆکی پێشووی عێراق، کۆمەڵێک جمێنی مزر و بازاڕییانەی بەسەدام داوە. بەڵام جمێنەکان نەکراون بە عەرەبی. ئەوەندە نەبێت، گوایە بایدن وتوویەتی: "سەدام حوسێن لە گۆڕەکەیدا دارکاری دەکرێ و دەگرێ" لە ڕاستیدا ئەمە بۆچوون و زادەی خەیاڵی ناوبراوە، کەچی هەندێک ڕۆژنامە ئەمەی بە جمێن لەسەر ناوبراو حیساب کردووە.

هەر بەپێی ڕۆژنامەکانی عێراق، گوایە سەربازەکان لەم هەڵوێستەی جەنابی جێگری سەرۆک سەریان سووڕماوە. چونکە لێیان چاوەڕوان نەکردووە، وەک ئیتیکی دیپلۆماسی کە پلە و پایەکەی بەسەریدا دەسەپێنێ ڕێی پێ بدا بەو شێوە بازاڕییە دابەزێتە سەر سەدام. ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەی (العرب ئۆنلاین) ی ئەلیکترۆنیدا ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٧ بڵاو بووەتەوە. جێی وتنە سەدام لە عۆجەی زێدی خۆی نێژراوە و خەڵکانێک هەن سەردانی گۆڕەکەی دەکەن و فاتیحای لەسەر دەخوێنن.

هەر لە باشووری گۆی زەویيەوە هەتا باکور، لە هەموو سەردەمێکدا و بەهەموو زمانێک جمێن هەبووە. جمێن شوێن و کات و تەمەنی دیاریکراوی نییە. نێر و مێ، گەورە و بچووک، میر و گزیر

جمێن دەدەن. (بەکر سیدقی) ڕابەری یەکەمین کودەتای سەربازییە لە وڵاتی عێراق و ناوچەکە و تەواوی نیشتمانی عەرەبیشدا، (بەیانی ژمارە یەک) ئەو دایهێناوە. چونکە هاوکاریی لە تەک (شا مەحموود)ی نەمردا نەکردووە و بەدڵی ئەو نەجووڵاوەتەوە، شێخ مەحموود پێی وتووە: (بەکرە شێت!) شێخ ئەم قسەیەی لەلای جەمال نەبەز وتووە، کاتێک ناوبراو لە سەردانێکدا بۆ داریکەلی، وتوبێژی لە تەکدا کردووە.

ڕێزدار مام جەلال، لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا، کە لەیلا عەلی لەگەڵیدا ئەنجام دا، بەو ڕۆژنامەنووسانەی وا ڕەخنەی توند لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەگرن دەڵێت: (ئەوانە سەگن و بە مانگەشەو دەوەڕن!) وەلێ ئەمەیان لە بنەڕەتدا ئیدیۆمێکی کۆنی کوردی و جیهانیشە. لەلایەن چەند هونەرمەندێکی شێوەکاری جیهانییەوە بەکەڵک کراوە، وەک:

کەڤاڵی (سەگ بەمانگ دەوەڕێ)ی (خوان میرۆ) (١٨٩٣– ١٩٨٣)، میرۆ کەڤاڵەکەی بە ستایلی سوورریالی، لە ساڵی ١٩٢٦دا بەڕۆن لەسەر کانڤاس و بە قەبارەی ٢٩ بە ٣٦ گرێ کێشاوە. ئەم کەڤاڵە ئێستا لە مۆزەخانەی هونەریی شاری (فلادلفیا)دایە.. هەروەها کەڤاڵی (سەگ چاودێریی مانگ دەکا)، دەستکاری هونەرمەند (جوان براون)ە، کە لە نێوان ساڵەکانی (١٩٣٨–١٩٩٠)دا ژیاوە، لە ساڵی ١٩٦٩دا، ئەم کەڤاڵەی بەڕۆن لەسەر کانڤاس و بەقەبارەی ٣٣ بە ٤٣ گرێ کێشاوە. ئێستا لە مۆزەخانەی هونەریی شاری (بێرکەلی)دایە.. گەلێک تابلۆی تریش لەسەر ئەم وتە پەندئامێزە هەیە.

کەچی (محمد سعید الصحاف)، بەو مەزنە لەشکرەی، کە سەر بە چەنان وڵاتانی دنیا بوون و گەلەکۆمەیان لە عێراق کرد و ساڵی ٢٠٠٣ ڕێژیمی بەعسیان ڕووخاند، دەڵێت (علوج). ناوبراو لە سەر و کلاوی شەڕەکەدا، لە ڕاگەیاندنی ڕۆژانەیدا بۆ ئاژانسەکانی نێوەخۆ و دەرەوە، هەموو کات ئەم وشەی علوجەی لەسەر زار بوو. علوج دەربڕینێکی کۆنی عەرەبییە، ئەو هاتبوو لە بنکی قاموووسدا دۆزیبوویەوە و هێنابووی. وەک پلار دەیگرتە هێزی هاوپەیمانان. ئەم جمێنە بەواتای هەرچی و پەرچی دێت.

نیکیتا خرۆشێف (١٨٩٤–١٩٧١)، لە نێوان ساڵانی (١٩٥٣–١٩٦٤)دا سکرتێری گشتیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتی سۆڤیەت بووە. ساڵانی (١٩٥٨–١٩٦٤)، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەت بووە. ناوبراو لە کۆبوونەوەی خولی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، (١٩٦٠) وەک ناڕەزایی دەربڕین و پێشاندانی بێڕێزی بەو ڕێکخراوە، پێلاوەکانی داکەند و لە کورسییەکەی خۆیەوە بەپێلاو لە سەکۆی ڕێکخراوی ناوبراوی دا. بەلای خرۆشێفەوە، ئەم ڕێکخراوە، ئامێرێک بووە بەدەست بەرەی سەمایەداری و بلۆکی خۆرئاواوە. ئەم کارەی سەرۆکی ئەو دەمەی یەکەتیی سۆڤیەت نیکیتا خرۆشێف، وەک سووکایەتی بە ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان لێکدرایەوە و وڵاتانی بلۆکی خۆرئاوا گەندە سوودیان لێ بینی. جێی باسە ئەو دەمە (داک هەمەر شۆڵد)ی بەڕەگەز سوێدی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو.

شیعری داشۆرین، جنێوی بە کێش و سەروایە!

هەندێک جاران شاعیرەکانیش پەنای بۆ دەبەن. ئەوان جمێن و تووک و نەفرین دەخەنە قاڵبی شیعرەوە. واتە بە کێش و سەروا، موسیک، وێنە، میتافۆر و تەواوی ڕەگەزەکانی شیعر دەیڕازێننەوە، تاکو لە بەردڵان بێت. خوێنەر پێی خۆش بێت، گوێی لێ بگرێت و ئەزبەریشی بکا. زۆر شاعیریش هەن لە ڕێی هونەری شیعرەوە، داخی دڵی خۆیان بەسەر دەسەڵاتی ملهوڕدا قڵپ دەکەنەوە. وەک موزەفەر نەواب، یان شاعیرێکی هەست ناسکی وەک نزار قەبانی، کە دنیا وەک شاعیری خۆشەویستی ناسیویەتی، کەچی کاتێک قینی هەڵساوە و گەیشتە تینی، دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کردووە. ئەوەی وتوویەتی نەیتووەتەوە. لێرەوە دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە شیعرە، کە لە کۆندا داشۆرین (هەجوو)یان پێ وتووە، بە زۆری دەچێتە خانەی شیعری ڕامیاریەوە. چونکە ڕاستەوخۆ سەروپۆتەڵاکی دەسەڵات دەکوتێتەوە. گومانی تێدا نییە، شیعری لەم جۆرە جەماوەرێکی بەرفراوانی لەنێو توێژەکانی کۆمەڵدا هەیە.

دوای تێپەڕینی سەدەیەکیش بەسەر کۆچی دواییی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دا، هێشتا هەر شیعرەکانی ئەو، کە بە زۆری دەخانە خانەی داشۆرینەوە، خوێنەری بەرفراوانیان هەیە. زۆر خوێنەر هەن دەیان شیعری ئەم شاعیرەیان لەبەرە. دەشێ بڵێین: مادام نەفرین و جمێنی شاعیر، لە قاڵبی شیعردا جێی خۆی کردووەتەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین بەهونەر بووە و ڕاستگۆیی تێدایە. بزەش دەخاتە سەر لێوی خوێنەر. پاڵەپەستۆی لەسەر کەم دەکاتەوە. نەجمەدین مەلاش لە دەقەری سلێمانی، هەم ئەدیب و هەمیش مامۆستایەکی خوێندەخشی ناسراو بوو، خاوەنی ژمارەیەکی زۆر بوو لە جمێن، کە هەمووان داهێنراوی خۆی بوون، بەتایبەتی لەو دەمەدا، کە خەڵکی نەفام تووڕەیان دەکرد.

لە ئێستا و ڕابردوویشدا، شاعیرمان هەن بەتەغار جمێنیان نێوەخنی شیعرەکانیان کردووە. ئەوەندە هەیە شاعیران بۆ حەڵاڵکردن و ئارایشتکردنی جمێنەکانیان، ناوی شیعری داشۆرینیان لێ ناوە. یەک لە باری کورد، دەکرێ شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە سەرباشقەی ئەو شاعیرانە بێتە ژماردن. ئەگەرچی بڕوام وایە، شاعیرێک نادۆزیتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان، کەسێک، یان دەستە و تاقمێکی دانەشۆرێبێت. وەک نموونە، تۆ ناوی چی لە شیعرە بەنێوبانگەکەی حەزرەتی نالی دەنێیت، کە بۆ مەستووڕەی ئەردەڵانیی نووسیوە:

مەستووڕە کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ

هاتە خەوم ئەمشەو بە چ ناز و عیتابێ!

ئێستاش با نموونەیەکی زیندوو، لە جمێنی شاعیرانە بهێنینەوە و ڕاڤەی بکەین. شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بۆ شێخ عەلیی کاکیی وتووە. جێی ئاماژەیە، تاکو ئێستاش وەرگری کورد بەهەڵە ئەم شیعرە ڕاڤە دەکا و لێی تێ دەگا:

هاوڕێیانی کێش

(شـێخ عـەلی) خـۆ تۆ منت ئاواره کـرد و دەربەدەر
چاکە هەجـوێکت بکەم ئەمما مـوفید و مـەخـتەسـەر
بۆ حـەمـەی وەستا فـەتاح ئێمەت هەمـوو ئاواره کرد
ئەی حـەمـەی وەستا فـەتاح دایکت بەکێری نـێرەکـەر

بڕوانە (دیوانی شێخ ڕەزا، ل ٤٩)

شێخ عەلی برا گەورەی شێخ ڕەزایە و گـەورەی ئەو بەربابەیە. خەڵک یان موریدەکان ئەو بە شێخ و مـورشـیـد و ڕابـەری خـۆیان دەزانـن. وەلێ شـێخ ڕەزای برای گلەییی توندی لێی هـەیـە و ئەم گلەییـەی لە شیعرێکی داشۆرێندا دارشتووە. دیارە لە دۆخی وەهادا، دەبێت هـەجووی شـێخ عەلی بکا، نەک حـەمـەی وەستا فەتاح. چونکە غەدرەکە هـەرچییەک بووبێت شێخ عەلی لە شێخ ڕەزا و ئەو خەڵکەی کردووە. پرسـیار و گرێیەکـەیش لێرەدایە: کـەواتە بۆچی شێخ ڕەزا حـەمـەی وەسـتا فـەتاح دادەشۆرێت و دایکی ئەوی کردووە بە ئامانج؟ وەڵام:

لە ڕاستیدا شێخ ڕەزا بەهیچ جۆرێک دایکی حـەمـەی وەسـتا فەتاحی بەئامـانج نەگرتووە، چونکە شێخ ڕەزا دایکی ڕوحیی حـەمـەی وەستا فەتاحی مەبەستە، کـە دەکاتە ژنی شێخ عەلی. چونکە لای هـەمـووتان ڕوونە، کـە دەڕوێش و مـورید بە حـەمـەی وەسـتا فـەتاحیشـەوە، بە ژنی شـێخ (شـێخ ژن) دەڵێن (دایە). واتە هـەمـوو وەک دایکی ڕوحـی خـۆیان بۆی دەڕوانن و بـانگی دەکـەن. کـەواتە جمێنەکە، یان داشۆرینەکە ڕێک ژنی شێخ عەلیی برا گەورەی خۆی دەگرێتەوە، کە دەکاتە براژنی شێخ ڕەزا!.

هەندێک شـاعیـرانی کوردیش لە ڕێی شـیـعـرەوە نەیارانی خۆیان داشـۆریوە. ئەم جـۆرە شـیـعـرە کورد داینەهێناوە بەری شێخ ڕەزای تاڵەبانییش هـەر هـەبووە؛ بەتایبـەتی لەلای گەلانی دراوسێمان. یەک لە باری عـەڕەب مـێـژووی شـیـعـری داشـۆرین (هـەجـوو) بۆ پێش هاتنی ئاینی ئیـسـلام دەگەڕێتەوە، وەک ئەو شیعرانەی لە نێوان مەزنە شـاعیرانی سەردەمی خۆیاندا، جەریر و فیرەزدەق لە ئارادا بوون، کە سەراپا داشۆرینن.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی داهێنانی لەم تەرحە شیعرەدا کردووە، بەوەی وێنەی نوێی هێناوەتە ئاراوە و ژمـارەیەکی زۆریشی لەم جـۆرە شـیـعـرە نووسـیـوە. ئەوەندە هـەیە، وەک قسـە عـەرەبییـەکە دەڵێت: (ئەوەی بۆ شـاعیر حـەڵاڵە بۆ ئەوانی تر حـەڵاڵ نییە) جێی وتنە شـێخ ڕەزا بۆ خـۆی لە لاپەڕە ٦٨ی دیوانەکەیدا، کـاتێک بە چوارینەیەک (شێخ سالّح)ی مامی دادشـۆریوە، لەوێدا ددانی پێ داناوە، کە شیعری هـەجوو جۆرێکە لە جنێو و جنێوبازی:

تۆ کـە خـۆت مـەیلی جنێوبازی دەکـەی (شـێخ سـالّح)
بۆ دەکـەی سـەرزەنشـتی من کـە (ڕەزا) هـەجـاوە

غـــایەتی بـەندە، جـنێـــوم بەدوو سـێ کـــەسـێ دابـێ
تـۆ هـەتـا ئێـــســـتـــا بـەقـــوربـان، بەهـەزارت داوە!

(أ. ب. هەوری) (ئەبوبەکر شێخ جەلال ١٩١٢–١٩٧٩)، لە (بەرهەمی خەبات)، شیعرەکانی (با کوردستانمان، ل ١٦٥ و نووسەرێک، ل ١٧٢)دا، جارێک گەورەی درۆ دادەشۆرێ، کە مەبەستیشی پێ ئەوانەیە وا نۆکەری بیانین و تەنیا خەمی ورگ و گیرفانی خۆیان هەیە. جارێکیش نووسەری دۆڕاوی بەنیشانە ناوەتەوە. ئەوانەی وا خەڵکی دەستخەرۆ دەکەن و لایەنی هەژاران ناگرن:

با کوردستانمان
با گەورەی درۆ، هەموو نۆکەر بن
بۆ بێگانەکان وەک بارەبەر بن
بەرامبەر بەخۆ، دەست بە وەروەر بن
لە ڕووی دوشمندا گوێ تەپیو، کەڕ بن
تا ناپیاو پیاڵەی پڕ هەتا لێو بێ

نووسەرێک
نووسەرێ، نووسینی داو بۆ هەژار بێ
دەسخەرۆکەری لادێ و شار بێ
بۆ دەستی دوشمن، کوتەک و دار بێ
دەک ئەو نووسەرە لای بەدەوار بێ

با باسی دوو هەوڵی خۆشم بکەم

ئەمەی وا لێرەدا دەیگێڕمەوە، سەروبەندی (١٩٧٩–١٩٨٣)یە، واتە سەر و کۆڵاوی دوا دەستەی بەڕێوەبەری یەکەتی نووسەرانی کورد، لقی سلێمانی، کە بارەگەکەی لە سابوونکەران بوو. ماوەیەک کەسێکی نەناسراو کردبووی بەخوو، عەسران وەک سەرجەم نووسەر و دۆست و ئاشناکانمان دەهاتە سەردانی یەکەتی و بێ ئەوەی هیچ بدرکێنێ لە باخچەکەدا لێی دادەنیشت و پاڵی دەدایەوە، تەنانەت قسەیەکیشی لە زار دەرنەدەهات. ئێمەش خۆمان تێ نەدەگەیاند. ئێ خۆ نابێ و ناکرێ دەری بکەیت! بەهەرحاڵ کاتێک ئەو بگەیشتایە، ئیدی باسی ئەو ساتەوەختە ئەگەر پێوەندیی بە سیاسەتەوە هەبوایە، ئەوا یەکسەر پێچمان پێ دەکردەوە و قسە دەچووە سەر باس و خواسێکی تر.

هەوڵنامەی کتێب

هەر لەو دەمەدا ئەفسەرێک لە ئەمنی سلێمانی، کە ئێمە بەعەرەبمان دەزانی. زۆر بەجیدی کەوتبووە دژایەتیمان و دەیویست هەرچییەک لەو کۆڕانەی نووسەراندا دەوترێت، ئەو بەتەواوی بچێتە بنج و بناوانیان. ئەو دەیویست یەکە یەکە پاشخانی هەمووشمان بزانێ. لە لێپێچینەوەیەکدا، لەگەڵ برادەران خۆی ئاشکرا کردبوو، کە ئەو ناوی (مولازم ئەووەل مەدحەت)ە. خەڵکی شاری کۆیەیە و خزمی نزیکی (دڵدار)ی شاعیرە و گوایە لە ئێمە باشتر لە ناوەڕۆکی شیعر و چیرۆکەکانمان حاڵییە و هیچ پێویست بەوە ناکا ئێمە زەینی لێ تێک بدەین، چونکە ئەو لە هەموو کەین و بەینێک تێ دەگات. هیوادارم لە ڕاپەڕیندا سەری تێدا چووبێ!

تۆ بزانە لەو (موفارەقە)یە! ئەو شاعیرە خۆشەویستەی خاوەنی سروودی (ئەی ڕەقیب) و ئەم ئەمنە، سەر بەیەک بنەماڵەن! پەندە کوردییەکەم بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێ: (مریشک هێلکەش دەکا و ریقنەش دەکا). جا منیش ساتیرێکی کورتم بۆ ئەو زەلامە نووسیبوو. بێ ئەوەی بیناسین سەری دەداین و ئێمەش تەواو لێی بەگومان بووین. وای بۆ دەچووین بەنیازی هەواڵدزی بێتە سەردانی بارەگەی نووسەران و دووریش نییە شەخسی (مولازم ئەووەل مەدحەت) ناردبێتی. ئەمەش دەقەکەیەتی:

چـــاوت بـــژە وەک چـــاوی دز
گوێچکەت قـوڵە وەک ڕەحـەتی
خـوا پێم نەگـرێ تۆ نێـردراوی
مـــولازم ئەووەل مـــەدحـەتی!

وەلێ ئەم ساتیرە شیعرە بڕێ زبر و تووڕەیەی لای خوارەوەم بۆ کەسێکی دیاریکراو نەووتووە، بگرە مەبەستم پێی تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی حوکمی زاتی "المجلس الوطني لمنطقة الحكم الذاتي" بوو. جێی باسە چەند ئازیزێکیش دوای ئەوەی پرسیان پێ کردووم، ئاخنیویانەتە (تضمین) شیعری خۆیانەوە. ئەم کورتیلە ساتیرە لە چیرۆکی (ڕاپۆرت)ی لەمەڕ خۆشمدا دووبارە بووەتەوە.

تۆش گەواوی
تۆش ئەندامی ئەنجوومەنی ناوبراوی
تۆش جرتێکی دوو دەنگیت و
تاکو ئێستاش لێ نەدراوی!

فەقێ و گەمەی زمان

با ڕووداوێکی نوکتەئامێزیش لەو سەردەمی منداڵی بگێڕمەوە. بەندە دوای دەوامی قوتابخانەی سەرەتایی، ماوەیەک لە حوجرەی فەقێیانی قەرەداخیش دەمخوێند. ئەو دەمە هیچی وام لە کەین و بەینی نێوان فەقێیان نەدەزانی. ڕۆژێکیان فەقێیەک نامەیەکی لوولکراوی دامێ و پێی وتم بیگەیەنە بە فلانە فەقێ. کاتێک نامەکەم گەیاندە دووەم، داوای لێ کردم کەمێک چاوەڕوان بم هەتا وەڵامی نامەکە دەداتەوە. هەر بە بەرچاوی خۆمەوە لە پەنچکێ کاغەزدا ئەم چەند وشە سەیرەی نووسی (لیری لەر بە لونی لاتب) منیش بێ ئەوەی هیچی لێ حاڵی ببم، یانزی هیچ لەلام مەبەست بێت، وەڵامەکەم گەیاندەوە دەستی فەقێی یەکەم. ئەویش سەرنجێکی وەڵامەکەی دا، زەردەخەنە گرتی وتی، (ئەی مونافەق!) ئەمجا نامەکەی پێشان دام و پرسی: (ئەها چی بۆ نووسیوم!) منیش سەرنجم دا و وتم: (بۆم ناخوێنرێتەوە، چی نووسیوە!) فەقێم فەقێ، قەڵەمەکەی لە باخەڵی دەرهێنا و چوار سەری بۆ لامەکان کرد، هەمووپانی کرد بە کاف. ئیدی وشە بێ واتا و سەیرەکان بەم شێوەیەیان لێ هات: (کێری کەر بە کونی کاتب!) واتە: (کێری کەر بەقوونی ئەو کەسەی ئەم نامەیەی نووسی!) جێی باسە ئەو دەمە هێشتا حەوتی سەر و ژێری پیتەکان دانەهاتبوو.

هەناردەکردنی جنێو لە ڕێی فیلمی کارتۆنەوە

تەنانەت توێژی منداڵانیش جمێن دەدەن. ئەوان هێشتا لە باخچەی ساوایاندان، کەچی قامووسێکی گچکۆکە جمێنیان لەلا کۆ بووەتەوە. لەسەر شەقامەکان و لە کەسوکاری خۆیانەوە، لە فیلمەکانەوە، بەتایبەتی لە فیلمە ئەکشنەکانی ئەمەریکاوە فێری دەبن. لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ئەم قامووسە لێی زیاد دەکرێ و ئەستوورتر دەبێت.

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان گوێت لە منداڵە چوار ساڵانەکەت بوو، لە پڕ جمێنێکی بەرانبەر بەمیوانێک لە دەم دەرچوو، ڕەنگە خراپ پێی تێک بچیت و لەلای خۆتەوە شەرم دات بگرێت و ڕەنگت سوور هەڵبگەڕێ، ترسی ئەوەت لێ بنیشێت لە ناخەوە گلەییت لێ بکەن، چونکە تۆی دایک یان باوک لە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵەکەتدا سەرکەوتوو نەبووییت. یان ڕەنگە ئەو میوانە وەها تێ بگات گوایە ئەو منداڵە لە ژینگەیەکی نادروستدا دەژی و ئەو جمێنەی لە ئەندامانی خێزانەکەیەوە بیستووە. وەلێ باشتر وایە ئەم دیاردەیە بە ئاسایی وەربگریت. چونکە دەشێ ئەویش لە باخچەی ساوایان، لە منداڵێکی تری بیستبێت، بێ ئەوەی لە واتاکەی حاڵی بووبێت، دێت لە ماڵەوە دووبارەی دەکاتەوە.

لەم ڕووەوە، خاتوو (مێری والاس) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (الأسلوب الأمثل لتربية الطفل بعد عامهُ الرابع) دەڵێت: (منداڵە بچووکەکان لەم جیهانەدا، هەست بەبێهێزییەکی زۆر دەکەن. ئەوان بەتەواوی پشت بە گەورەکان دەبەستن، ڕێنوێنییان بکەن چلۆن هەڵسوکەوت بکەن. وەلێ لە تەمەنی

چوار ساڵی بەدواوە، ئیدی دەست بەفێربوونی ئەم وشانە (جمێن) دەکەن، چونکە هێزیان پێ دەدا.. ل. ٨٣)

سەرچاوەی زۆرێک لەو جمێنانەی، کە هەندێک جاران منداڵان لە تووڕەییدا و بڕێ جاریش وەک لاسایکردنەوە، هەر بۆ خۆشی دەیدەن، باخچەی ساوایان و فیلمی تەلەڤزیۆن و گەورەساڵانە. مرۆڤ ئەگەر بە منداڵیش فێرە جنێو نەبێت، ئەوا کاتێک گەورە بوو، زۆر ڕێگە و پاساوی بۆ فێربوونی جمێن لە بەردەستدایە. وەلێ لێرەدا گرینگ ئەوەیە داخۆ دایک و باوک چلۆن مامەڵە لە تەک منداڵەکەیاندا دەکەن، کاتێک گوێیان لێ دەبێت جنێو دەدەن. ئاخۆ لێیان تووڕە بن و هەڕەشەیان لێ بکەن تاکو دووبارەی نەکەنەوە؟ یان گەرەکە ناچار بکرێن داوای لێبووردن لە بەرانبەر بکەن؟ خاتوو مێری والاس بەم شێوەیە چارەسەری دۆخەکە دەکا:

(هەوڵ بدە بە دەمییەوە پێ نەکەنیت، یان پێی نەڵێت بێژەیەکی جوان بوو. نەکەی بەشێوەیەکی ئاشکرا تووشی شۆکی بکەیت. بەم جۆرە پەرچەکردارانە دنەی دەدەیت بەردەوام بێت. بۆیە زۆربەی شارەزایان لەسەر ئەوە کۆکن کە باشترین وەڵام بۆ ئەم زمانە زبرە ئەوەیە وەڵامێکی هێمنی بدەیتەوە، یان بەهیچ شێوەیەک وەڵامی نەدەیتەوە... ل ٨٤)

ئەوەتا جمێن گەیشتووەتە نێو فیلمی کارتۆنیش. هەندێک لەو فیلمە کارتۆنانەی لە کوردستانەوە دەگەنە ئەوروپا، بە دەیان جمێن ئاخنراون. پێم وایە هۆکارەکەی ئەوە بێت، ئەوانەی لە سلێمانی ئەو فیلمانە دۆبلاج دەکەن، هەم لە پەروەردەی منداڵەوە دوورن و هەمیش بەنێوەندە هونەرییەکە نامۆن. وێڕای ئەوەی لە هونەری وەرگێڕان و دنیای ئەفسووناویی پاک و بێگەردی منداڵانیش ناحاڵین. لە ڕاستیدا هیچ وڵاتێک قەبوڵ ناکا ئەدەب و هونەری منداڵانی بەو شێوەیە بە جمێن بئاخنرێ و بەجارێک نەوەی نوێ فێرە جنێو بکرێ. ئەم جمێنانەیش لەنێو خودی فیلمە ئەسڵییەکاندا نەبوون، بگرە ئەو وەرگێڕانە خۆیان بۆیان زیاد کردوون. ئەوی ڕاستی بێت، ئەوانە لە پێناوی چەردەیەک دەستکەوتی مادیی خۆیاندا، خدە و ئاکاری منداڵان تێک دەدەن و جمێنی لەلا دەکەن بەکردەیەکی ئاسایی وەک ئاوخواردنەوە.

ئەگەر نێوبازاڕ، تۆڕەکانی ئینتەرنێت، تەنانەت دانیشتنەکانی هۆڵی پەرلەمانی وڵاتانیش شەڕەجمێنیان تێ بکەوێ، هەر نەیسە، وەلێ جمێن بپەڕێتە نێو دەقی بۆ منداڵ نووسراو، ئەمەیان دیاردەیەکی نوێیە و لەسەر وەستانی جیدیی گەرەکە؛ چونکە بەغەیری کورد لە باشووری وڵات، لەنێو هیچ میللەتێکدا، کاری وەها ڕووی نەداوە.

تا ئێستا دنیای پاکی منداڵ، لە دیاردەی تۆندوتیژی بەهەموو جۆرەکانییەوە، جەستەیی و دەروونی و لە ڕێی زمانی هەڕەشە و جمێنەوە بە دوور ڕاگیراوە. دنیای منداڵ پەرێزێکی پاکە و نەلەوتاوە. نووسەرانی دنیایش لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم جیهانە نابێت خوێنڕشتن و شەڕەجمێنی تێ بکەوێ. ئەگەر هەر ژانرێکی ئەدەبی و هونەرییش سانسۆر ڕەت بکاتەوە، ئەوا گەرەکە ئەدەب و هونەری منداڵان، لەم ڕووەوە کە ئاماژەم پێ دا، لەژێر سانسۆردا بێت.

لە شاری سلێمانی چەند بنکەیەک هەن ناوی (سەنتەر)یان لە خۆیان ناوە. ئەم سەنتەرانە فیلمی کارتۆنیی بیانی دۆبلاج دەکەن. واتە کارێک دەکەن قارەمانە کارتۆنییەکان بەزمانی کوردی بئاخڤن. هەتا ئێرە کارەکە ئاساییە. لێ مەترسییەکە لەوەدایە، ئەمانە لەلای خۆیانەوە فیلمەکانیان بەجمێنی سووکی ئەوتۆ ئاخنیوە، کە منداڵ بەهەموو بەرائەتی خۆیەوە دەکاتە کەسێکی دەمپیسی جمێنفرۆش، بەڕادەیەک، ئیدی ڕووی ئاوەدانیی نامێنێ.

(سەنتەری خۆشی) لە سلێمانی (دارە سووتاوەکە)، لە بازاڕی (حاجی سالّح) وەک خۆی لەسەر فیلمە کارتۆنییە دۆبلاجکراوەکان نووسیویەتی. هاتووە فیلمەکانی پڕ لە جمێنی بازاڕی کردووە! بۆ نموونە لە فیلمی کارتۆنیی (بەراز)دا، لەسەر زاری گیاندارەکانەوە، لە فۆرمی هەڵبەستدا ئەم (شەڕەجوێن)ەمان گوێ لێ دەبێت:

دەی بڕۆ پیسی سوالّکەر
با بەشەق نەتکەمە دەر
دنیا خراپ گۆڕاوە
شەرم و حەیاش نەماوە
ساختەچی و هەرچی و پەرچین
ئێوە مەلا بەزێنن
بڕۆن ملتان بشکێنن
وا مەکە مردووت مرێ
داخی ئەم حەیوانە
وا مەکە لەو شەتلّانە
بیبڕەرەوە هیچنەزان
وەی لەو بێ ئەدەبییە
کچێ چەتیوە کەرە
بەبێ قوماریش دیارە
کێ کەرە و نالەبارە

جێی وتنە، زۆر خێزان لە کوردانی هەندەراننشین، بەو نیازەی منداڵەکانیان خێراتر فێرە زمانی کوردی بن، کاتێک بە سەردان دەگەڕێنەوە کوردستان، لەگەڵ خۆیاندا فیلمی کارتۆنیی کوردییان بۆ دەهێنن. بەڵام ئەوان کاتێکیان زانی منداڵەکانیان فێری دەیان جۆینی بازاڕی بوونە. جێی سەرنجە هەتا ئێستا نە لایەنی پەروەردە، نە میدیاکان، نە ئەو دەزگایانەی مشووری ئەدەب و هونەری منداڵان دەخۆن، لەم دیاردە مەترسیدارە بەدەنگ نەهاتوون. پێم وایە بۆ سەلامەتیی تۆێژی منداڵان و دوور ڕاگرتنیان لە تۆندوتیژی، لانی کەم دەبوایە ئەم جۆرە سەنتەرانە دابخرانایە.

هەوالنامەی کتێب

چەمکی "نەتەوە"
لە سەدەی ١٨ تا ٢٠ی زاینی

دوروتەئا وایدینکر

چەمکی نەتەوە (nation) کە لە وشەی لاتینیی (nasci) بەمانای لەدایکبوون وەرگیراوە، بەدرێژاییی مێژوو لە بواری ماناوە ئاڵۆگۆڕی زۆری بەخۆوە بینیوە. ئەو وشەیە لەلایەن نووسەرانی رۆژگاری کۆنی وەک "تاکیتوس" بەمانای (ڕەچەڵەک - بنەماڵە) بۆ وێنە بنەماڵەی جێرمەنەکان، بەمانای کۆمەڵگەیەک لە باو و باپیرانی سەر بەبنەماڵەیەک بەکار هێنراوە. نووسەرانی هاوچەرخی ناوبراو و هەروەها قۆناخەکانی دواتر، هۆزەکانی سەردەمی کۆچەرەتی، قەومەکانیان بەنەتەوە ناو بردووە کە لە بواری قەومییەوە بەهیچ شێوەیەک یەکدەست و هاوشێوە نەبوون، وەک بنەماڵەکانی تاکیتوس خاوەنی سەرچاوەیەکی قەومیی یەکسان نەبوون، بگرە چەندان گرووپی مەزهەبی و گرووپی تر بوون کە بەمەبەستی کۆچکردن لە دەوری یەکتری کۆ دەبوونەوە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چەمکی نەتەوە جارێکی تر لە کاتی باسکردنی ڕەچەڵەک و بنەماڵەی مامۆستایان و قوتابییانی زانکۆکان و هەروەها بەشدارانی کۆبوونەوەی کڵێسەکان سەری هەڵدایەوە کە "نەتەوە"ی بەڕەچەڵەک ئەڵمانی، فەرەنسی، بەریتانی و ئیسپانی ناو نرابوو. لە کۆتاییی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای چەرخی نوێدا بەکۆمەڵکێک خەڵکی خاوەن مافی دەنگدان و بڕیاردان لە مەسەلە سیاسییەکانی ناوچەکەیان دەگوت "ناسیون" یان "نەتەوە" کە نوێنەرانی پیاوانی ئاینی و گەورەپیاوان بوون. نوێنەرانی ناوچە جیاجیاکان، بازنەی شار و شارۆچکەکان لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی ڕایش هەتا ساڵی ١٦٤٩ وەک بەشێک لە نوێنەرایەتیی رایشی رۆمی پیرۆزی نەتەوەی ئەڵمانیا سەیر دەکرا. لە فرەنسا چینی "سەرووی کۆمەڵ" وەک نوێنەرانی چەندان گرووپی دیاریکراوی کۆمەڵگە و خاوەنی مافی بڕیاردان لە پێوەندیی لەگەڵ

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر

زەریبەدا بوون، ناوی نەتەوەیان لەخۆ نابوو و سەرەنجام کۆمەڵەی هاوبەش پێکهاتوو لە ئەڵمانییەکان، مەجارییەکان و سزکلرییەکان کە لە سەدەی پازدەم بەسەر ناوچەی ڕۆمانیای ئەمڕۆدا فەرمانڕەواییان دەکرد، ناوی یەکەتیی سێ نەتەوەیان لەسەر خۆ دانابوو. بەڵام لە سەرەتای چەرخی نۆیدا چەمکی نەتەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆ ناوهێنانی چینی دەسەڵاتداری هەر وڵاتێک بەکار دەهێنرا. بۆ وێنە نەتەوەی گەورەپیاوان، مافی دەستێوەردان لە سیاسەت بەتایبەت لەپێوەندیی لەگەڵ بڕیاردان لەسەر زەریبە بۆ خۆی بەڕەوا دەزانی و خۆیشی لە دانی زەریبە دەبوارد و بەم شێوەیە – لانی کەم بەشێکیان – لەلایەک کەوتنە دژایەتیی شا و لەلایەکی تردوە پاشماوەی خەڵک کە زەختی زۆری زەریبەیان لەسەرشان بوو، خاوەنی بچووکترین مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان نەبوون.

١- "چینی سێیەم" لە جیاتیی "نەتەوە" لە فرەنسای سەدەی ١٨

بەهۆی ئەو دژایەتییەوە دەتوانین لە هەوڵەکانی "ئابە سییە" بۆ پێناسەی سەرلەنوێی چەمکی نەتەوە (ناسیون) تێ بگەین کە لەسەر ئەو بڕوایە بوو نوێنەرانی ئەو بەشە لە فرەنسییەکان کە زەریبە دەدەن (واتە چینی جووتیاران) دەبێ خاوەنی بڕیاردان بن سەبارەت بەزەریبە، بۆیە جێگەی خۆیەتی ناوی نەتەوەیان لەسەر دابنرێ. دیارە لەناو نوێنەرانی چینی سێیەمدا جووتیاران بەکردەوە نوێنەرێکیان نەبوو و ئەم چینە کۆمەڵایەتییە سەرەڕای ئەوەی پێش شۆڕشی فرەنسا هێشتا بەتەواوی لە کۆیلەیەتی رزگاری نەبووبوو، نەیدەتوانی خۆی وەک بەشێک لە نەتەوە بزانێ. تۆزێ خواروتر لە هاووڵاتییان و جووتیاران (خزمەتکارەکان، قەرەواشەکان، مووچەخۆران و... هتد) وەک ئافرەتان بەشێک لە نەتەوە نەبوون. پەرەگرتنی پێناسەی نوێی "سییە"، زۆربەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی فرەنسای لە مافی دەستێوەردان لە چارەنووسی سیاسی بەشدار کرد. بەم شێوەیە نەتەوە چوارچێوەیەکی بەربڵاوتری کۆمەڵگەی گرتەوە. هاوکات "سییە" بیرۆکەی مافی سروشتیی هێنایە گۆڕێ کە بەپێی ئەو بیرۆکەیە، مافگەلێک هەن کە لە سەرووی یاسای دەوڵەتین و جیا لەو مافانەیە کە شا دیاریی کردووە. مافی سروشتی پێش مافی دەوڵەتی هەبووە و لە سەرووی ئەو مافانەدایە. سییە روانگەی وایە کە تەنیا نەتەوەیە کە لێوەشاوەییی دیاریکردنی ئەم مافانەی هەیە، سەلماندیشی کە ئەم بیرۆکەیە بەمانای وەرگرتنی دەسەڵات لە فەرمانڕەواییی دەسەڵاتدار بوو.

عەمانوێئێل ژۆزێف سییە: چینی سێیەم چییە؟ (١٧٨٩)

عەمانوێئێل ژۆزێف سییە (١٧٤٨ – ١٨٣٦) شۆڕشگێڕی فرەنسی، لە بنەماڵەیەکی خواروی کۆمەڵ، ساڵی ١٧٨٨ نوێنەری ئۆسقۆف لە شاری شارتری فرەنسا، هەمان ساڵ و ساڵی دواتر نووسەری وتار بەقازانجی نەتەوەی پێکهاتوو لەو هاووڵاتییانەی کە

هەوڵنامەی کێبڕکێ

مـافی یەکـسـانیـان هەیە و بەدژی دانی پلەی تایبـەتی بەدوو چینی دەسـەڵاتدار (گەورەپیاوان و پیاوانی ئاینی). لەسەر داخوازیی ناوبراو نوێنەرانی چینی سێیەم لە ١٧٨٩ دامەزراندنی پەرلەمانی میللییان راگەیاند. لە دارشتنی دەستووری سـاڵی ١٧٩١دا بەشـدار بووە و سـاڵی ١٧٩٩ ئەندامی ئەنجـوومـەنی بەڕێوەبەریی یەکـەمین کۆماری فرەنسا، هاوکاریی لەگەڵ ناپلیۆن، کونسوڵی ناپلیۆن، ساڵی ١٨١٥ بۆ ماوەی سی ساڵ بۆ بڕۆکسل دوور خرایەوە.

"نەتەوە چییـە؟ نەتەوە ئەو کۆمـەڵگەیەیە کـە لە سـایەی یاسـایەکی هاوبـەشدا دەژین و لەلایەن پەرلەمانێکی یاسادانەرەوە نوێنەرایەتی دەکرێ. بەڵام ئاخۆ ئەمە ڕاستییەک نییە کە گەورەپیاوان خاوەن ماف و پلەی تایبەتین، مافێک کە لەلایەن ئەم چینە ڕووهەڵمـاڵدراوانەوە بـە "مافی خۆیەتی" دەناسرێن؟ ئاخۆ ئەمـە ڕاستییەک نییە کە ئەوان مافی خۆیان لە مافی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵ جیا کـردووەتـەوە؟ ئەم چینـە بەکـردەوە خـۆیان لە یاسـای هـەمـەلایەنـە هێناوەتـە دەرێ. تەنانەت مـافی هاوولاتیبـوونی ئەم چینە بەسـتراوەتەوە بەکۆمـەڵێکی سـەربەخۆ لەنـاو نەتەوەدا. ئەم چینە لە مـافی سـیـاسـیی خـۆی بەشـێـوەیـەکی تایبـەتی کـەڵک وەردەگـرێ و نوێنـەرانی لەلایـەن خـەڵکەوە هـەڵنـەبژێردراون و لە پشـتـیـوانیـی خـەڵکی بێ بـەرین. نوێنـەرانی لەبـەر دوو هۆ لە خـەڵک بێگانەن، یەکـەم ئەوەی کە هـەڵبـژێردراوی خـەڵک نین و دووەم ئەوان لە پێناو بەرژەوەندیی بەشێکی تایبـەتی و دیاریکراودا تێ دەکۆشان. چینی سێیەم خاوەنی هـەمـوو ئەو شتانە بوون کە پێیان دەگوت نەتەوە و هـەر شتێک کە پێوەندیی بەچینی سـێیـەمـەوە نـەبێ ڕێگەی پێ نادرێ خۆی بەنەتەوە بزانێ، هـەر بۆیە چینی سـێـیـەم هـەمـوو شـتـێکە، نەتەوەیە... پێش لە هـەمـوو شـتـێک نەتـەوە بوونی هـەیـە، نەتەوە سـەرچاوەی هـەموو شتێکە، ئیرادەی ناوبراو هـەموو کاتێک یاسـاییە، نەتەوە بۆ خۆی یاسایە"

٢- چەمکی ئابووریی نەتەوە لە سـەدەی ١٩

"فریدریش لیست" لە نووسراوەکانیدا لە ساڵی ١٨٤١ چەمکێکی تری لە وشـەی نەتەوە پێشکێش کـرد. لە ڕوانگەی ئەوەوە نەتـەوە دەوڵەتێکی داخـراو و هاوچەقـە. فـرەنسـا و بـەریتـانیـای گـەورە سـەمبولی ئەو بوو کە لە هـەمان سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا ڕێڕەوی دەوڵەتی ناوەندگەرای دەپێوا و لە سـەدەی نۆزدەم وەک یەکەکانی گەورەی ئابووری هاتە ئاراوە. "لیست" لایەنە سیاسییەکانی چەمکی نەتەوەی لە بەرچاو نەگرت کە بۆ "سییە" گرینگییەکی زۆری هـەبوو. لەو پێوەندییـەدا بۆچوونی سییە سـەبارەت بەتێکەڵاوکردنی ماف و ئازادییـەکان لەگەڵ مافی دەسـتێوەردان لە چارەنووسی سـیاسـی بەشێکی بەربڵاوتر لـە کۆمـەڵگە بوو. بـەڵام بۆ "لیست" یەککرتنی ناوچە ئەڵمانی زمـانەکانی ناوەندی ئەوروپا لە سـەرووی هـەمـوو شتێکدا بوو کە دوای "ئاشتیی فیسـتیڤاڵ"ن بەسـەر چەندان ناوچەی سـەربەخۆدا دابەش کرابوون.

فـریدریش لیـست ١٧٨٩ – ١٨٤٦، ئابووریناس (ئابـووریی نەتەوەیی) و سـیاسـەتوان، سـاڵی ١٨١٧ بۆ مـاوەی سێ سـاڵ پرۆفیسـۆر لە تۆبینگنی ئەڵمـانیـا، دواتر دەرکرا و ڕەوانەی گـرتیگە کـرا، چووە ئەمـەریکا و سـاڵی ١٨٣٠ خـۆی گـەیاندە کـونسـوڵی ئەمەریکا، ناوبراو یەکێک لە پارێزەرانی سەرەکیی دامەزرانی ڕێگەی ئاسن لە ئەڵمانیا و ئەنجوومـەنی گومرکی ئەو وڵاتە بوو. نوێنەری بیرۆکە قووڵەکانی لیبراڵ دیموکرات و گـومـرکی پـەروەردەیی (وەرگرتنی گـومـرک بۆ بەهێـزکـرنی ئابووریی نـەتەوە لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا) بوو. سیستەمی ئابووریی سیاسی گرینگترین بەرهەمی "لیست"ە.

" ... هـەر نەتـەوەیەکی ئاسـایـی خـاوەنی زمـان و ئەدەبـی هاوبـەش، سـنووردێکی بەربـلاو و پـێکەوە بەستراو لێوانلێو لە سـەرچاوەی سروشتیی جۆراوجۆر و حەشیمەتی زۆرە. وەرزێری، پیشەسازی، بازرگـانی و پیشـەسـازیی پاپۆڕ بەشـێوەی یـەکسـان گەشـەیان سـەندووە. هونەرەکـان، زانست، ناوەندەکـانـی بارهێنـان و پەروەردەی گـشـتی بەئەندازەی بەرهەمـهـێنـانی مـادی بایەخی هـەیە. دەستوور، یاساکانی تر و دامەزراوەکان پلەیەکی بەرز لە ئاسایش و ئازادی دەدەن، لە خزمەتکردن بەگەشـەی دینداری، بایەخەکان و ئاسـایش و لە یەک ڕسـتەدا بەختەوەریی خـەڵک ئامانجیەتی. ئەم نەتـەوەیە هێـزی دەریایی و زەوینیی پێـویسـتی لە بـەردەسـتـدایە بۆ ئەوەی بتـوانێ بەرگـری لە سـەربەخۆیی و پارێزگاریی لە بازرگانی و تیـجارەتی دەرەکیی خۆی بکا. نەتەوەیەکی ئەوتۆ دەتوانێ کـاریگەرییـەکی بـەهێـز لەسـەر کـولتـووری وڵاتانی گـەشـەسـەندوو دابنێ، بەحـەشـیـمـەتی زۆر و سـەرمایەی مادی و مەعنەویی خۆی، نەتەوەگەلی نوێ پێک بێنێ... حەشیمەتی گەورە و سـەرزەوینی بەربـلاو و خـاوەن سـەرچاوەی سـروشـتـیی جـۆراوجـۆر گـرینگـترین خـاڵی دیار و بـەرچاوی هـەر نەتەوەیەکی ئاساییە. ئەمانە بنەڕەتیترین بارودۆخی پێویستن بۆ پێگەیاندنی مـەعنەوی، گەشـەی مـادی و هـێـزی سـیـاسـی. نەتەوەیـەک کـە لە بواری ڕێژەی دانیـشـتـوان و سنووردارە بەتایبـەتی ئەگـەر زمـانەکـەی لە شـوێنێکی تر باو نەبـێ تەنیا دەتوانـێ خـاوەنی ئەدەبێکی نەخـۆش و لاواز و ناوەندگەلێکی نوقسانی پەرەپێدانی هونەر و زانست بـێ. وڵاتێکی بچووک قـەت ناتوانـێ لقە جـۆراوجـۆرەکانی بەرهـەمـهـێنانی ناو دەسـەڵاتی خـۆی بەشـێوەی کـامڵ گـەشـە پێبـدا. لەو وڵاتانەدا هـەرچـەشنە پشتیوانییـەکی ئابووری و پیشـەسازی دەبێتە پاوانکردنێکی تایبـەتی و تەنیا بە یەکەتیی لەگـەڵ نەتەوەکانی بەهـێزتردا، تا ڕادەیـەک بەفیداکردنی خـاڵە بەهێـزەکانی نەتەوەکـەی و بەهـەوڵ و کۆششـێکی فراوان دەتوانـێ سـەربەخۆیی خۆی، ئەویش بەشـێوەی کاتی بپارێزێ... "

٣ – نەتەوە وەک بەرهـەمی رابردووی هاوبەشی سیاسی

بەبۆچوونی "جـۆن سـتوارت مـیل" نەتەوە لە ڕێگەی هـەستی پێوەندیی نەتەوەییـەوە پێک دێ، ئەم هـەسـتـەش هەرچـەند لەلایەن تایبـەتمەندیی بەرچاوی وەک ڕەگـەز، زمـان و ئاین بەهێـز دەبێ، بەڵام

بەپلەی یەکـەم لە رێی رابردووی هـاوبەشـــەوە پێک دێ. بەم شـێـوەیـە ناوبـراو "بوون بەنـەتەوە"ی بەریتانیـای گـەورەی لەگـەڵ ئۆسکاتلەندا و تـوێژی دەوڵەمـەندی ئایرلەندا وەک گـەشـەی ناسنامـەی هاوبەش دەناسـێنـێ. لە ڕوانگەی "مـیل"ەوە (هـەروەهـا سـیـیـە و بەپێـچـەوانەی لیـست) گـرینگ دەسـتێوەردانی سیاسی و مـافی بەشداریی ئەندامـانی نەتەوە لە پرۆسـەی سیاسیی کۆمـەڵگەیە و تایبەتمەندیی بەرچاوی هـەر نەتەوەیەکە.

جۆن ستوارت میل: چەند تێبینییەک لەسـەر دیموکراسیی ناڕاستەوخۆ (١٨٦١)

مـیل (١٨٠٦ – ١٨٧٣) فـەیلەسـووف و ئـابووریناسـی بەریتـانی، نوێنـەری بیـرۆکـەی لیبرالیزمی رادیکاڵ، ماوەی نێوان سـاڵانی ١٨٥٦ تا ١٨٦٨ ئەندامی پەرلەمانی ئەعیان بووە، گـەڵاڵەداڕێژی سیسـتـەمی بیرسای بەرهـەمهێنانی توێژینەوە و بـەڵگەهێنانەوەی پێوانەیی (گـەیشتن لـە بەشێک بۆ هـەمـوو و هـەروەهـا لە هـەمـوو بۆ بـەشـێک)، بەرهـەمی سـەرەکیی ناوبراو "بنەماکانی ئابووریی سیاسی"یە.

" ... دەتوانین بڵـێین گرووپێکـلە مرۆڤـەکان نەتەوە پێک دێـنن، ئەگـەر ئەندامـانی ئـەم گرووپە لە ڕێگەی هاوسـۆزی و هاوپێوەندییـەکی بەرامبـەری نێویاندا گرێ دراین، ئـەو هاوسـۆزییـە لە نێوان ئەندامـانی ئەو گرووپە و خـەڵکانی تر بـەدی ناکرێ. بەپێی ئەو هـەسـتـە ئەندامـانی گرووپ ئامـادەن پێکەوە هاوکـاری بکـەن نەوەک لەگـەڵ کـەسـانی تر و ئاواتی پێکهـێنانی حکوومـەتیـان هـەبێ، حکوومـەتێک لەلایەن ئەوان یان لانی کـەم بەشـێک لەوانەوە پێک هاتبێ. هـەروەک هـەسـتی پێوەندیی نەتـەوەییی هـاوبـەش دەتوانێ سـەرچاوەی جـۆراوجـۆری هـەبێ. هـەندێ جـار رەگـەز و بنـەمـاڵەی هاوبەش سەرچاوەی ئەو هـەستـەیە. هاوبەشی لە زمان و ئایین، ئەم هـەستە بەبێ جیابوونەوە بەهێز دەکا، بەڵام زۆرترین کاریگەریی لەم روانگەیە رابردووی هاوبەشی سیاسییە. هـەبوونی مێژوویەکی نەتەوەیی و بیـرەوەریی هاوبـەش کـە لەودا بەرهـەم دێ هـەسـتی شـانازی و سـەرشـۆڕیی هاوبـەش و بەکۆمـەڵ، هـەسـتی شـادی و ئازاری هاوبـەش کە پێـوەندیی بەو رووداوانەوە هـەیە کـە لە رابردوودا رووبان داوە، دیارە هیـچ کام لەو فـاکـتـەرانە مـەرجی پێـویست نین و خـۆی لە خـۆیدا تەواو نین... سـەرەڕای ئەمـەش دەتوانین بـەگشـتی بڵـێین هـەر کات ژمارەی ئەم فاکتـەرانە کـەم بێ، بەو رادەیە زانیـاریـی نەتەوەییی بەرەو لاوازبوون دەڕوا. زمـان و ئەدەبی هاوبـەش و تا ڕادەیەکی دیاریکراویش رەگـەز و ڕابردووی مێژوویـی هاوبـەش دەتوانن لەژێر دەسـەڵاتی دەوڵەتە جۆراوجـۆرەکانی ناوچـەیی کە ناوی ئەڵمـانییان لەسـەر خـۆ داناوە، هـەسـتی نەتەوەیی زۆر بەهێز ڕابگرن، لەگـەڵ ئەوەی کە هـیچ کـات دەوڵـەتێکی یـەکگرتـوویان نـەبـووە، بـەڵام ئـەم هـەسـتـە بۆ لـە بەرچاونـەگـرتنی ئۆتۆنۆمـیـیـە ناوچـەییـیـەکـان وەڵامـدەر نـەبووە. لـەلایەکی تـرەوە هاوپێـوەندیی زمـانـی و ئەدەبیی زۆر لاواز و هـەڵکەوتوویـی جـوگرافی کـە وڵاتەکـەی بەهۆی سنووره روون و ئاشکراکانیـەوە لە وڵاتانی تر جیـا کردووەتـەوە، تا ڕادەیەک هـەسـتی نەتەوەیی لای خـەڵکی ئیتـاڵیادا دروست کـرد کـە دەیتـوانی لە

رابردووەدا سەرچاوەی ڕووداوی گەورە بێ کە ئەمڕۆ ڕوو دەدەن. هەرچەند کە ئەم هەستە هێشتا نەپشکوتووە... "

٤- نەتەوە لە جیاتیی ڕاپرسیی ڕۆژانە، وەک وەرگرتنی ڕەزامەندیی دووبارەی هاوواڵتییان لە دەوڵەت

یەکێک لە تۆکمەترین باسەکان سەبارەت بەبیرۆکەی نەتەوەیی، "ئێرنە رنۆ" لێکۆڵەری فرەنسی لە ساڵی ١٨٨٢ لە سیمینارێکیدا لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس گوتی: بەهۆی پێوەستبوونی ئیلزاس لۆترینگن لەلایەن ڕایشی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٧١ کە بەپێچەوانەی ئیرادەی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەڕێوە چووبوو، نەتەوەیان وەک دیاردەیەک پێناسە کرد کە بەمەرجی گەڕانەوە بۆ دەنگی بەڵێی هاووڵاتییانەوە گرێ درابوو. ئەمڕۆکەش ئەم بیرۆکەیە بووەتە بنەمای یاسای "هاووڵاتی" لە فرەنسا، ئەو کەسە وەک فرەنسی سەیر دەکرێ کە لەوێ لەدایک بووبێ و دەیەوێ فرەنسی بێ.

ئێرنە ژۆزێف ڕنۆ: نەتەوە چییە؟ ١٨٨٢

> رنۆ (١٨٢٣ - ١٨٩٢)، ڕۆهەڵاتناس، زمانزان و مامۆستای زانکۆ و مێژوونووس، ساڵی ١٨٦٢ پڕۆفیسۆری کۆلێجی فرەنسا، ساڵی ١٨٧٨ ئەندامی ئەکادیمیای فرەنسا و ساڵی ١٨٨٢ سیمینارێکی بەناوبانگی لەژێر ناوی نەتەوە چییە، لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس بەڕێوە برد.

"نەتەوە ڕۆح و گیانە، یەکێکیان پێوەندیی بەڕابردووەوە هەیە و ئەوی تریان بەئێستاوە. یەکێکیان مۆڵکی هاوبەشی میراتی دەوڵەمەندە لە بیرەوەرییەکاندا، ئەوی تر ڕێککەوتنی هەنووکەیی، ئاواتی پێکەوە ژیان، ئیرادەیەکە بۆ پاراستن و زیندوو ڕاگرتنی ئەم میراتە، میراتێک کە هەموان بەشێوەی گشتی و بەشێوازی دابەشنەکراو وەریان گرتووە... هەر بۆیە نەتەوە کۆمەڵێکی گەورەیە کە خاوەنی هاوپێوەندییە، ئاکامی ئەو قوربانییانەیە کە لە رابردوو و لە پێناویدا گیانی خۆیان فیدا کردووە و ئامادەی فیداکاریی بوون، ڕێککەوتن ئاواتێکی سەرزارانە بۆ دڕێژەدانی ژیانی هاوبەش، بوونی نەتەوەیەک لە ڕاپرسیی گشتیی ڕۆژانەدا خۆ دەنوێنێ. نەتەوەکان بەردەوام و هەتاهەتایی نین، ئەوان جارێک دەستیان پێ کردووە و جارێکیش کۆتاییان دێ. شیمانەی ئەوە لە ئارادایە کە کۆنفیدراسیۆنی ئەوروپا جێگەی ئەوانە بگرێتەوە، بەڵام ئەمە یاسای سەدەی ئێمە نییە، وا باشترە کە نەتەوەکان بوونی خۆیان و بوونیان پێویستە و ئازادیی دەستەبەر دەکا، ئازادی لەنێو دەچوو ئەگەر لە جیهاندا یەک یاسا و یەک سەروەر بووبوایە... مرۆڤ نە کۆیلەی دەستی ڕەگەزیەتی، نە زمانی و نە ئایینی و نە ڕێڕەوی ڕووبار و کێوەکان. کۆمەڵێکی گەورە لە مرۆڤی تێگەیشتوو و دڵگەرم جۆرێک وشیاری و بەڵێنی ئەخلاقی دروست دەکا کە پێی دەڵێن "نەتەوە". بەو ڕێژەیە کە ئەم بەڵێنی و وشیاریە لەلایەن قوربانییانێکەوە بسەلمێندرێ کە گیانی خۆیان فیدا کردووە. ئەو کات ئەم نەتەوەیە ڕەوایی مانەوە و مافی ژیان پەیدا دەکا. لە

هەوڵنامەی دێمۆکراتی

بیرچوون پێم خۆشە تەنانەت بڵێم هەڵەی مێژوویی لە کاتی پێکهێنانی نەتەوەدا رۆڵێکی گرینگی گێڕاوە، هەر لەبەر ئەمەیە کە گەشەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی زۆرجار بۆ نەتەوە بووەتە جێگەی مەترسی. لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەکردەوە ڕووداوە تاڵەکانی رابردوو دەخاتە ڕوو کە لەکاتی پێکهێنانی قەوارە سیاسییەکان تەنانەت ئەو قەوارە سیاسییانە کە ئاکامی ئەرێنیی بەدواوە بووە ڕوویان داوە. یەکگرتن هەموو کاتێک بەشێوەی بێ بەزەییانە بەڕێوە چووە، یەکگرتنی باکور و باشوری فرەنسا ئاکامی لانی کەم سەدەیەک شەڕی ماڵوێرانکەر و تیرۆر بووە. شای فرەنسا کە بۆ ئەو ولاتە سەرکەوتووترین یەکەتیی نەتەوەیی و خاکی دەستەبەر کردووە، ئەگەر لە نێزیکەوە لێی بڕوانین بایەخی خۆی لە دەست دەدا. نەتەوەیەک کە خۆی پێکی هێنا لۆمەی دەکەن... دیارە ئەمە بەشێک لە سروشتی هەر نەتەوەیەکە کە هەموو تاکەکانی پێکەوە چەندان خاڵی هاوبەش دەیانگرێتەوە. هیچ فرەنسییەک نازانێ ئەو "بورگوندەیی"، "ئالونی" یان "ویزگویی"یە و هەر تاکێکی ئەو ولاتە دەبێ "قەڵاچۆی شەوی بەرتالامە" لە ١٥٧٢/٨/٢٤ و کوشتاری سەدەی سێزدەمیان لە باشوور لە بیر کردبێ. بۆیە نەتەوەی مۆدێرن بەرهەمی مێژوویی کۆمەڵێک ڕاستییە کە بەرێرەوێکدا تێ دەپەڕێ. لە درێژەی ئەم پرۆسەیەدا بوو کە لە بەشێک لە ئەوروپا یەکگرتنێکی خێرا سەری هەڵدا. سەبارەت بەفرەنسا لولایەن زنجیرەی پاشایەتییەوە، سەبارەت بەهۆڵەندا، سویسرا و بەلجیکا لە ڕێگەی خواست و ئیرادەی پارێزگاکان و لە ئیتالیا و ئەڵمانیا لە ڕێی ئەندێشەی باو و هەمەلایەنە لە پێوەندیی لەگەڵ پێویستیی یەکگرتن".

٥- "نەتەوەی کولتووری" لە بەرامبەر "نەتەوەی دەوڵەتی"

"فریدریش ماینکە" چەمکی نەتەوەی کولتووریی دۆزییەوە. بەم دەستەواژەیە زمان و کولتووری بەتایبەت ئەڵمانی لە بەرامبەر نەتەوەکانی دەوڵەتی ئەورۆپای ڕۆئاوا وەک فرەنسا و بەریتانیای گەورە ڕاگرت. لە هەمان کاتدا تەئکیدی دەکردەوە کە ئەم دوو چەمکە لە یەکتری جیا ناکرێنەوە و نەتەوەی کولتووری و نەتەوەی دەوڵەتی تێکەڵ بە یەکتر بن و بەشێوەی ئاساییش هەر وایە.

فریدریش ماینکە: جیهانی نیشتمانی و دەوڵەتی نەتەوەیی (١٩٠٧)

> ماینکە (١٨٦٢ - ١٩٥٤)، مێژوونووس، پرۆفیسۆر لە ستراسبۆرگ، فرایبۆگ و بەرلین، ساڵی ١٩٠٨ بەرهەمی سەرەکیی خۆی بەناوی جیهانی نیشتمانی و دەوڵەتی نەتەوەیی بڵاو کردەوە. هەروەها کۆواری مێژووی دەرکرد. لە ڕوانگەی سیاسییەوە لیبراڵ و دژی ناسیۆنالڵ سۆسیالیزم بوو، پاش شەڕی دووەمی دنیا یەکەمین سەرۆکی زانکۆی ئازادیی بەرلین بوو. ماینکە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر نووسینەوەی مێژووی ئەڵمانیا لە سەدەی بیستەمدا دانا.

"... نەتەوەکان لە ڕوانگەی یەکەمدا کۆمەڵگەیەکی گەورە و بەهێزن و ئەو مرۆڤانەی تێدا دەژین

که له ڕوانگەی مێژوونووسەوە دوای پرۆسەیەکی دوور و درێژ هاتووەتە ئاراوە و بەردەوام لە جووڵەدا بووە و ئاڵۆگۆڕی بەسەردا هاتووە... شوێنی نیشتەجێی هاوبەش، خوێنی هاوبەش و وێکچوو، زمانی هاوبەش، ژیانی هاوبەش، چوارچێوەی دەوڵەتێکی هاوبەش یان فیدراسیۆنێک لە دەوڵەتانی هاوچەشن، هەمووی ئەمانە دەتوانن بنەما و تایبەتمەندیی نەتەوەیەک بن، بەڵام بەو مانایە نییە کە هەر کام لەم کۆمەڵگەیانە بۆ ئەوە ناوی نەتەوەیان لەسەر دابنێن، دەبێ خاوەنی سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانە بن . ئەوی پێویستە لەناو خۆیاندا بێ ئەملا و ئەولا رەچاوی بکەن ناوکێکی سروشتییە کە بەهۆیەوە پێوەندیی خوێنی دادەمەزرێ... دەتوانین نەتەوەکان بەسەر نەتەوەی کولتووری و دەوڵەتیدا دابەشیان بکەین. دەستەی یەکەم بەپێی پێشینەی کولتووریی هاوبەشی تەجروبەکراو دامەزراوە، دەستەی دووەم لەسەر بنەمای هێزی یەکگرتنەوەی مێژووی سیاسیی هاوبەش و یاسای بنەڕەتی. زمانی گشتی، ئەدەبی هاوبەش و ئاینی هاوبەش گرینگترین و کاریگەرترین ئامرازی کولتوورین کە نەتەوەیەکی کولتووری دروست دەکا و لەسەر پێی خۆی ڕای دەگرێ... بەڵام چەندان خاڵی بەرچاون کە لەواندا کاریگەری و قازانجی سیاسی لە خزمەتی پێکهێنانی زمان و ئەدەبی هاوبەش بووە و ئەم فاکتەرانە لە هەندێ بواری بنەڕەتیدا زمان و ئەدەبی هاوبەشیان پێک هێناوە هەروەها پێوەندیی ئاین و دەوڵەت و نەتەوەش زۆرتر لێک نێزیکن... هەر بۆیە ناتوانین لە ناوەخۆدا بە ڕوونی نەتەوەی کولتووری و نەتەوەی دەوڵەتی لە یەکتری جیا بکەینەوە و لە دەرەوەشدا ئەم کارە بەڕێوە ناچێ. چونکە لە چوارچێوەی نەتەوەیەکی بەڕاستی دەوڵەتی هەروەک وێنەی سویسرا نیشانی دەدا دەتوانن هاوواڵاتیانی نەتەوەکانی کولتووریی جۆراوجۆر بژین. لەلایەکی ترەوە نەتەوەیەکی کولتووری دەتوانێ هەروەک وێنەی لە نەتەوەی گەورەی ئەڵمانیادا نیشان داوە نەتەوەکانی دەوڵەتی جۆراوجۆر بژین، بەو واتایە کە خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە هەستی هاوبەشی سیاسییان دەکەنە تایبەتمەندییەکی زەق و بەرچاو، دەبنە نەتەوە و زۆربەیان وشیارانە دەیانەوێ ببن".

٦- نەتەوە وەک کۆمەڵگەی هاوچارەنووسان

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە سۆسیال دیموکراسی خۆی لە بەرامبەر ئەم ئەرکەدا دیتەوە کە چەمک و پێگەی نەتەوە پێناسە بکا، بێ ئەوەی کە بنەمای ئەنترناسیۆنالیزم خەوشدار بکا. ڕاستیی پێناسەی "ئۆتۆباوەر" لە نەتەوە، بۆ پێکەوە ژیانی نەتەوەکان و کولتووری جیاوازەکان لە نەمسا و مەجارستان دەگەڕێتەوە کە هەرچەند لە بواری یاساییەوە بەرابەر نەبوو، بەڵام لە زۆر بواری تردا بەمۆدێرن و پێشکەوتوو هەڵی سەنگاندووە. بۆیە ناوبراو نەتەوەی نە لە ڕوانگەی کولتووری یان ڕەگەزی، بگرە بەر لە هەموو شتێک لە گۆشەنیگەی مێژوونووسیەوە پێناسە دەکرد. ئەوەی لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێ بەدڵنیاییەوە ڕاستییەکی ئەزموونکراوە، ئەوەیش کارێکی زەینییە کە بنەماکەی ئەمڕۆی تاکەکانی کۆمەڵگەیە.

ئۆتۆ باوەر: پرسی نەتەوایەتی و سۆسیال دیموکراسی (١٩٠٧)

ئۆتۆ باوەر (١٨٨١ – ١٩٣٨) سیاسەتوان و نووسەری نەمسایی، ڕێبەری فیکری و داڕێژەری سەرەکیی مارکسیزمی ئۆتریشی، سەرنووسیاری بڵاوکراوەی ڕەزم و ڕۆژنامەی کرێکاران، نوێنەری پەرلەمانی ئۆتریش، وەزیری ڕاوێژکار لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەو وڵاتە. یەکێک بووە لە داڕێژەرانی یاسای بنەڕەتیی ئۆتریش، ساڵی ١٩٣٤ چووە چیکۆسلۆڤاکیا و چوار ساڵ دواتریش بەرەو فرەنسا هەڵات.

" ... ئێمە بەکۆمەڵێک لەو تایبەتمەندییە جەستەیی و ڕۆحییەی هەر نەتەوەیەک کە تاکەکانی ئەو نەتەوەیە پێکەوە گرێ دەدا و لە نەتەوەکانی تری جیا دەکاتەوە پێی دەڵێین تایبەتمەندیی نەتەوە کە ئەم تایبەتمەندییانە هاوتراز نین. بەدڵنیاییەوە چۆنیەتیی شکڵ گرتن و گرتنەبەری ڕێچکەی داخوازیی نەتەوە وەک بەشێک لە تایبەتمەندیی نەتەوەیی دێتە ئەژمار. ئەم ئیرادە و ئۆگرییە لە پرۆسەی ناسیندا وەک هەستی بەکۆمەڵ شکڵ دەگرێت، هەستێک کە لە نێوان زۆر دیاردەی تەجروبەکراودا تەنیا جۆرێکی دیاریکراو لەوانە هەڵدەبژێرێ و لێکی دەداتەوە. ئەڵمانییەک و بەریتانییەک پاش گەڕانەوەیان لە سەفەرێکی هاوبەش، هەریەکەیان هەڵگری ئەزموونێکی جیاوازە. ئەگەر دوو لێکۆڵەری ئەڵمانی و بەریتانی بیانەوێ سەبارەت بەبابەتێک لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن، شێواز و ئاکامی لێکۆڵینەوەکەیان جیاواز دەردەچێ. ئەم ئیرادەیە بەشێوەی بێ ناوبژیوان لە بڕیاردانی مرۆڤدا ڕەنگ دەداتەوە و ئەوانە لە هەلومەرجی بەرامبەردا بەشێوازی جیاجیا هەڵسوکەوت دەکەن. شتێکی ڕوونە، نەتەوە جۆراوجۆرەکان ئامراز و پێوانەی جۆراوجۆریان بۆ ڕوانگەکانی خۆیان هەیە. چەمک و ڕوانگەکان لە ڕەوا و ناڕەوا، ڕوانگەکان سەبارەت بەئەخلاق و بێ ئەخلاقی، نەجیبی و قەباحەت، جوانی و ناشیرینێ، ئاین و زانست ... بەم شێوەیە ئێمە دەگەینە چەمکێکی سنووردارتر لە تایبەتمەندیی نەتەوەیی. ئەو تایبەتمەندییە بەپلەی یەکەم بەواتای کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جەستەیی و ڕوحی تایبەت بەنەتەوەیەک نییە، بگرە تەنیا جۆراوجۆریی لە ڕێڕەوی ئیرادە و ئۆگریی ئەوانە. ئۆگرییەکی یەکگرتوو دەبێتە هۆی جووڵە و بڕیاردانی جیاواز. دیارە دیاریکەر بۆ ئەم جۆراوجۆرییە لە ئیرادە، جیاوازیی ڕوانگەکانە کە ئەم نەتەوەیە وەدەستی هێناوە یان جۆراوجۆری لە تایبەتمەندیی جەستەییەکانە کە هەر نەتەوەیەک لە خەباتیدا بۆ مانەوەی پەروەردەی دەکا. پاشان ئێمە پرسیارمان کرد کە چۆن ئەم هاوبەشییە لە تایبەتمەندی پێک دێ و پرسیارەکەمان بەم چەشنە وەڵام درایەوە کە هۆکارەکانی کارتێکردنی یەکسان دەبێتە هۆی یەکسانی لە کاراکتەردا. بەم جۆرە بوو کە ئێمە نەتەوەمان وەک چارەنووسی هاوبەش پێناسە کرد... لەم قۆناخەدا پێویستە زیاتر و وردتر لە پێناسەی چەمکی هاوبەشی چارەنووس بڕوانین. چونکە چارەنووسی هاوبەش بەمانای وێکچوون و سەپاندنی چارەنووسێکی یەکسان نییە، بگرە بەواتای تەجروبەکردنی هاوبەشی چارەنووسێکە کە پێوەندیی بەردەوامی لەگەڵ یەکتر و کاریگەریی دووڵایەنەی ئەوان هەیە و هاوبەشیی لە چارەنووس نەتەوە دروست

دەکـــا... هـەر بۆیە دەتوانـین نەتـەوە نە وەک یـەکـــســـانبـــوون لـە چارەنـووس، بگـرە هاوبـەشی لـە تایبـەتمەندییـەکانـی وەرگیـراو لە چارەنووسی هاوبـەش پێناسـە بکـەین. ئەمـە هـەروەها پێناسـەی زمانە بۆ نەتەوە، لەگەڵ ئینسانەکان کە پێوەندیی نزیکم هەیە، زمانێکی هاوبەش پێک دێنم و لەگەڵ ئەوانەی کە زمانی هاوبەشم هەیە، پێوەندی دەگرم".

٧- نەتەوە لە ڕوانگەی مارکسیزم - لینینیزمەوە

سۆسیالیستە سەرەتاییەکان لە فرەنسای پێش ساڵی ١٨٤٠ ڕوانگەیان سەبارەت بەنەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی دیار بوو کـە لەگـەڵ روانگەی زۆربەی نووسـەرە غـەیرە سـۆسـیـالیسـتـەکـان لە دژایەتیدا بوو. ئەم جیاوازییە بەتایبەت لە "مانیفێستی کۆمۆنیستی"دا بەئاشکرا دەردەکەوێ، بەرهەمێک کە نەتەوە، وشیاریی نەتەوەیی، نیشتمانپەروەری و نەتەوەخوازی وەک تایبەتمەندیی بۆرژوازی (سەرمایەداران و تۆێژە نێوەنجی و سەرەوەکان کە لە ڕێڕەوی بزاوتی داهاتووی مێژوودا دەسەلاتیان لێ وەردەگیرێتەوە) دەناسێ و داهاتووی مرۆڤایەتی نە تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی بێچین، بگرە بەرێژەیـەکی زۆر بە بێ دەوڵەتی نەتەوەیی لە هـەر حـاڵدا بەبێ کۆمـەڵگەیەکی ناسـیۆنالیسـتی دەبینێ.

کارل مارکس و فردریش ئینگڵس: مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست ١٨٤٨

ئینگڵس ١٨٢٠ - ١٨٩٥ کـوڕی خـاوەن کـارگـەیـەکی ڕستن و چنین و دواتریش بەڕێوەبەری کارگەکە. ساڵی ١٨٤٢ دەست پێکردنی هاوکاریی لەگەڵ کارل مارکس، ئۆون و چارتیستەکان (لایەنگرانی بیرۆکەی یاسای بنەڕەتیی لە بەریتانیا). لە ساڵانی ١٨٤٧ و ٤٨ بەهاوکاریی مارکس "مانیفێستی کۆمۆنیستی"ی داڕشت.

مـارکس (١٨١٨ - ١٨٨٣) فـەیلەسـووف و سـیـاسـەتوانی ئەڵمـانی، ١٨٢٤ ئاینی جووڵەکەی بەجێ هێشت و بەپرۆتیستانتیزم پێوەست بوو. خوێندنی یاسا لە بۆن و بەرلین، قـوتابیی هێگڵ، ١٨٤٢ سـەرنووسـیـاری ڕۆژنامـەی ڕاینیـشـە تسـایتـۆنگ، لە ڕێگەی ئینگڵسـەوە لەگـەڵ ئابووریی نەتەوەیی ئاشنا بوو، ١٨٤٨ بەپێی ڕەشنووسـێکی ئینگڵس مـانیفـێسـتی کۆمـۆنیسـتی نووسـی کـە لە سـەرەتای شـۆڕشی ١٨٤٨ و ٤٩ی ئەڵمانیا بڵاو کرایەوە. مارکس بەرگریی لە بیرۆکەی کۆمـارێکی یەکگرتووی ئەڵمانی و هـەروەها خـەباتی هاوبەشی دەوڵەتی ئەو کاتـی ئەڵمـانیـا بەدژی ڕووسـیـای دواکـەوتوو دەکرد.

" ... کۆمۆنیستەکانیان بەوە تاوانبار دەکرد کە دەیانەوێ نیشتمان و نەتەوە هەڵبوەشێننەوە، کرێکاران نیشتمانیان نییە، کەسێک ناتوانێ شتێکیان لێ وەربگرێتەوە کە لێی بێ بەشن. پێویستە لە سەرەتادا پرۆلیتاریا دەسەلاتی سیاسی بەدەست بهێنێ، خۆی بۆ تۆێژی نەتەوەیی سەر بخا.

هەوالنامەی کێبڕکێ

ئەمە بۆ خۆی کارێکی نەتەوەییە، هەرچەندە بەپێچەوانەی ئەو مانایەیە کە بۆرژوازی لێی تێ دەگا. بەگەشەی بۆرژوازی و ئازادیی بازرگانی و بازاڕی جیهانی و هاوشێوەبوونی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و بەگونجاندن لەگەڵ ئالۆگۆڕی ژیان، پالاوتنی نەتەوەیی و دژایەتییەکانی نێو گەلان بەردەوام لەناو دەچن. بەدەستهێنانی هێز و دەسەلاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریا ئەوی جارێکی تر زیاتر دەسرێتەوە. بزووتنەوەی یەکگرتووانەی ولاتانی پێشکەوتوو یەکێک لە مەرجە سەرەتاییەکانی ڕزگاریی ئەو تۆڕەیە، بەهەمان ڕێژە کە چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە لەناو دەچێ، چەوسانەوەی نەتەوە لەلایەن نەتەوەشەوە دەسڕێتەوە، بەهۆی ئەو دژایەتییانەوە کە تۆڕەکان لە ناوەخۆی نەتەوەدا هەیانە، بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنکاریی نەتەوەکان لە دژی یەکتر لەناو دەچێت... "

چەمکی نەتەوەی ستالین زۆر سنووردارتر بوو لە چەمکی نەتەوەی "ماینکە" و "باوەر" کە ساڵی ١٩١٣ بەڕێنوێنیی لینین دایڕشت. نەتەوە بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویی و ناولێنانی وەک نەتەوە بەهۆی بوونی چەند تایبەتمەندییەکەوە بوو کە بەپێی ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵگە لە ڕووی زمانەوانییەوە ناتوانرێ ناوی نەتەوەی لەسەر دابنرێ کە لە بوونی دەوڵەتی خۆی بێبەش بێ. لەلایەکی ترەوە، ستالین بەلابردنی ڕەگەز لە پێناسەی نەتەوە کەوتە دژایەتییەکی ئاشکرا لەگەڵ بەشێکی گەورە لە نووسەرانی سەردەمی خۆی، باشان هەڵوێستی "میا" و "ڕنە"ی هێنایە بەرباس و پاڵپشتیی لە هەڵوێستی ماتریالیزمی مێژوویی نەکرد.

ژۆزێف ویساریۆنۆڤیچ ستالین: مارکسیزم و پرسی نەتەوایەتی (١٩١٣)

ستالین (١٨٧٩ – ١٩٥٣) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی سۆسیال دیموکراتی کرێکاریی ڕووسیا، لە ساڵی ١٩٠٣ چەند جارێک بۆ سیبریا دوور خراوەتەوە، ١٩١٢ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بلشویکەکان بووە و ڕۆژنامەی حزبیی "پراڤدا"ی دەرکرد، پاش لێکۆڵینەوە سەبارەت بەپرسی نەتەوەکان ساڵی ١٩١٣ لە ڤیەننا گیرا و تا ساڵی ١٩١٦ لە سیبریا بەدوورخراوەیی مایەوە، ڕۆڵێکی کاریگەری لە داڕشتن و بەرەوپێشبردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا گێڕا، ساڵانی ١٩١٧ تا ١٩٢٣ بەرپرسیاریەتیی کۆمیساریای گەل بۆ پرسی نەتەوەکانی لە ئەستۆ بوو، لە کاتی نەخۆشیی لینین ئامادەیی وەرگرتنی دەسەلاتی لا فەراهەم بوو، ١٩٢٢ بوو بەسکرتێری گشتیی حزبی کۆمۆنیستی ڕووسیا (بلشویک)، دوای مردنی لنین نەیاران و ناڕازییانی خۆی لە ڕێگەی پاکسازی و دادگە فەرمایشیەکانییەوە لەناو برد و یەکەتیی سۆڤیەتی بەرەو سیستەمێکی پاوانخوازانە برد.

"پێش هەموو شتێک نەتەوە هاوبەشییەکی دیاریکراوی مرۆڤەکانە. ئەوەش هاوبەشیی ڕەگەزی یان خێڵەکی نییە. نەتەوەی ئێستەی ئیتاڵیا لە ڕۆمییەکان، جێرمەنەکان، ئۆترۆسکییەکان،

یۆنانییەکان، عەرەبەکان و... پێکهاتووە و نەتەوەی فرەنساش لە گالیەکان، ڕۆمییەکان، بەریتانییەکان، جێرمانییەکان و... . لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەگەز و خێڵی جۆراوجۆریان لەخۆ گرتووە، نەتەوە هاوبەشییەکی ڕەگەزی و خێڵەکی نییە، بگرە هاوبەشییەکی نێوان ئینسانەکانە کە لە ڕەوتی مێژوودا شکڵیان گرتووە. نەتەوە هاوبەشییەکی سەقامگیرە کە بەدرێژاییی مێژوو شکڵی گرتووە ئەویش لەسەر بنەمای هاوبەشی لە زمان، سنووری سیاسی، ژیانی ئابووری و سروشتی فیزیکی کە لە کولتووری هاوبەشدا دەرکەوتووە. ئاشکرایە نەتەوەش وەک هەر دیاردەیەکی مێژوویی شوێنکەوتووی یاسای ئاڵوگۆڕەکانە کە مێژوو سەرەتا و کۆتاییی خۆی هەیە... لێرەدا پێویستە پێ لەسەر ئەوە دابگیرێ کە هیچ کام لەو تایبەتەمەندییە ئاماژەپێکراوانە بۆ ناساندنی کۆمەڵگەیەک وەک نەتەوە بەتەنیا بەس نییە، ئەگەر تەنانەت یەکێک لەم تایبەتمەندییانەی نەبێ چیی تر نابێتە نەتەوە، دەتوانرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە کۆمەڵێک مرۆڤ بەکاراکتێری نەتەوەیی ببن بێ ئەوەی بتوانین ناوی نەتەوەیان لەسەر دابنێین. بۆ وێنە ئەوانە لە بواری ئابووریییەوە لە یەکتری جودا بن، یان لە ولاتە جیاجیاکاندا بلاوەیان پێ کرابێ و یان بە زمانە جیاوازەکان بدوێن و ... ئەم مەسەلەیە بۆ وێنە سەبارەت بەجووڵەکەکانی ڕووسی، گالیسیایی، ئەمەریکایی، گورجستانی و جووڵەکەکانی کێوی ڕاستە کە بەبارەی ئێمە نەتەوەیەکی یەکگرتوو پێک ناهێنن. ئەم مەسەلەیە بۆ ئەڵمانییەکان و لیتوانییەکانی ناوچەی دەریای ڕۆهەلاتیش ڕاستە، ئەمانە نەتەوەیەک نین چونکە خاوەنی تایبەتمەندیی جیاوازن. نەتەوە کاتێک پێک دێ کە سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بەدی بکرێ... ".

فەرهەنگی بچووکی سیاسی (١٩٨٥)

" فەرهەنگی بچووکی سیاسی" کتێبێکە کە لە ساڵی ١٩٨٥ لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیای پێشوو بڵاو بووبووە و تێیدا کۆمەڵێک چەمکی فەرمیی سیاسی و مێژوویی پێناسە و باس کراوە. ئەم کتێبە بەتەواوی چەمکی نەتەوەی لەسەر بنەمای ماتریالیزمی مێژوویی پێناسە کردووە. بەو مانایە کە نەتەوە دیاردەیەکە لە ڕوانگەی مێژووییەوە پێویستە لە ڕێڕەوەی بزووتنەوەی مرۆڤایەتی بەرەو سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بەردەوام لە حاڵەتی پەرەسەندندا بێ. نەتەوە بواریک بۆ پشکووتنی سەرمایەداری کە پێویستە جێگە بۆ سۆسیالیزم ئاوەڵا بکا و ئەمەش لە قۆناخی کۆتاییی مێژووییی مرۆڤایەتیدا دەبێتە کۆمۆنیزم. نەتەوە لە تەواوی ئەم قۆناخە مێژووییەدا گرینگییەکی تایبەتیی هەبووە و لە ڕێگەی گەشەی بێ وێنە و نزیکبوون لەگەڵ نەتەوەکانی تر لە ناوەڕۆکدا ئاڵوگۆڕ پەیدا دەکا و بەرهەمی پرۆسەی پەرەسەندنی مێژووییی نەتەوەکان و تێکەڵبوونیانی لێ دەکەوێتەوە.

" نەتەوە قەوارە و پەرەسەندنی کۆمەڵە لە ڕیزبەندی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆمۆنیستی... لە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا دوو جۆرە دامەزراوە لە نەتەوە پێک دێ: نەتەوەی کاپیتالیستی و نەتەوەی سۆسیالیستی. نەتەوەی کاپیتالیستی شکڵی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی سەرمایەداریە،

هاوڵاتیانەی کتێب

بنەمای ئابووریيەکەی شێوازی بەرهەمهێنانی کاپیتالیستییە. هەر بۆیە ئەم کۆمەڵگەیە بەسەر چین و تۆێژی ئاشتینەخوازدا دابەش دەکرێ و پڕ دەبێ لە خەباتی چینایەتی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان. بۆرژوازی هێزی رابەریی ئەو جۆرە نەتەوەیە... تا کاتێک کاپیتالیزم لە ڕێگەی گەشەسەندنا هەنگاو بنێ دەتوانێ دووردیمەنی پەرەسەندنی نەتەوەش دەستنیشان بکا و بۆرژوازی دەتوانێ نوێنەرایەتیی نەتەوە بگرێتە ئەستۆ. بەڵام لە قۆناخی ئاوابوونی سەرمایەداریدا کە ناوی ئیمپریالیزمی لەسەر دانراوە، دژایەتییەکانی نەتەوە لەگەڵ سەرمایەداریی پاوانخواز بەردەوام قوڵتر دەبێ... لە پەرەسەندنی دواییدا نەتەوە لە خەباتی شۆڕشگێڕیی چینی کرێکار بۆ لەناوبردنی ئیمپریالیزم و دامەزراندنی سۆسیالیزم جیا ناکرێتەوە، چینی کرێکار بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی نەتەوە رابەرایەتیی دەکا... ئەم تۆێژە لە ڕێگەی شۆڕشی سۆسیالیستی و دامەزراندنی کۆمەڵگەی سۆسیالیستییەوە بنەماکانی بوونی نەتەوە دەگۆڕێ و ناوەڕۆکێکی نوێی پێ دەدا و لەم ڕێگەیەوە جۆرێک کۆمەڵگە لە ئاستی بەرزدا و هابەشیی نەتەوە دەخوڵقێنێ کە پێی دەڵێن نەتەوەی سۆسیالیستی... ئەو نەتەوەیە لە هەمان کاتدا پێوەندییەکی نوێ لەگەڵ نەتەوەکانی تر دادەمەزرێنێ. لە پێوەندییەکانی نێوان نەتەوەکانی سەرمایەداریدا توندوتیژی، هەوڵدان بۆ سەرکوت، فێڵ و تەڵەکە و چەوسانەوە دەبینرێ، لە حاڵێکدا بنەمای ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلێتێری فاکتەری دیاریکەری پێوەندیی نەتەوە سۆسیالیستییەکان لەگەڵ یەکترییە. نەتەوەی سۆسیالیستی و پێوەندیی نەتەوەیی لە سۆسیالیزمدا تایبەتمەندی و سروشتی خۆی لە ڕێگەی کاریگەریی دوولایەنەی سیاسەتە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکانەوە بەدەست دێنێ. لەم ڕێگەیەدا بەدرێژەدانی ڕەوتی پەرەسەندن، سۆسیالیزم گەشە دەکا و تێپەڕبوونی بەرەو کۆمۆنیزم قۆرسایی و بایەخی تایبەتیی ئەنترناسیۆنالیزمیش گەشە دەکا. لە کۆتاییی ئەم پرۆسەیەدا کۆمەڵگەیەکی نێونەتەوەیی لە نەتەوەکانی سۆسیالیستی بەمافی بەرامبەر پێک دێ. لە ڕیزبەندیی کۆمەڵایەتیی کۆمۆنیزمیشدا دوو ئاراستە لە ڕێگەی نەتەوە و پێوەندیی نەتەوەیی سەری هەڵدا کە ئاکامی ئەو ئاراستانە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دەبێ و لە کۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا ناوەڕۆکێکی نوێ بەخۆوە دەگرێ: یەکەم، خواستی بۆ گەشەی ئازادیی نەتەوەیی لە ڕێگەی گەشەی بەردەوامی نەتەوە، دووەم، مەیل بۆ نێزیکیی هەمەلایەنە و بەردەوامیی نەتەوەکان بەیەکتر بەو مەبەستەی کە لە داهاتوویەکی دوور و لەناو یەکتریدا تێکەڵ بن و بتوێنەوە..."

٨- چەمکی نەتەوە لە فاشیسمی ئەڵمانیا و ئیتاڵیادا

مارکس هێڵدبێرت بوم، هەرچەند دژی ناسیۆنالێ سۆسیالیزم بوو، بەڵام دەکرێ ناوی نوێنەری بیرۆکەی ئەندێشەی نەتەوەیی لەسەر دابنرێ کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە ئەڵمانیا پەرەی سەندبوو. ئەو دژایەتیی نەتەوەی کولتووریی "ماینکە"ی دەکرد و ئەو چەمکەی بۆ نەتەوە لەناو دەوڵەتدا سنووردار کردەوە. هەوڵەکانیشی بۆ جیاکردنەوەی گەل و نەتەوە لە یەکتری وەگەڕ

هەولێر کێبڕکێ

خست. بەوەرگرتنی بیرۆکەی ناسیۆنالیستی ئیتاڵی بەچەمکی "ئەردەنتا"، ئەندێشەی رزگاریی ئەو بەشانەی گەل کە کۆیلەن پەرە پێ دا کە دەبووایە ئەو بەشانە لەگەڵ پێوەست بن کە پێوەندییان بەدەوڵەتی نەتەوەییەوە نەبوو. هەر بۆیە ناوبراو یەکێک لە پێشرەوانی بیرۆکەی تێکەڵکردن (تەنانەت بەتوندوتیژی)ی کەمایەتییەکانی ئەڵمانی زمانی ئەورووپا لە ئەڵمانیایەکی گەورەدایە.

مارکس هێڵدبێرت بوم: گەلی سەربەخۆ (١٩٣٢)

هێڵدبێرت بوم (١٨٧٩ – ١٩٤٣) نووسەری ئەڵمانی، داهێنەری بەشە سەرەکییەکانی بیرۆکەی "گەل"، خوێندنەوەی ئەفسانە حەماسەییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەدەبیاتی ئەڵمانیدا گەشە پێ دا و تا ساڵی ١٩٣٤ سەرۆکی ئەنیستیتۆی سنووری و دەرەوەی سنووری لە دامەزراوەی خوێندنی باڵای زانستی سیاسیی ئەڵمانیا لە بەرلین بوو.

" ... هەر دەوڵەتێک بەبێ لە بەرچاوگرتنی شکڵ و یاسا بنەڕەتییەکەی، بەسەر کۆمەڵێک لە دانیشتوانی وڵاتەکەیدا دەسەڵاتی دەبێ کە بەشێکی سەرەکیی خەڵکی سنوورەکەی پێک دێنێ. ئەم دەوڵەتە خوازیاری دەسەڵاتی بەردەوامە و مافی بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە بەرەنجامی ڕابردوویەکی زۆر دوورە. ئەمڕۆ پێوەندییەکی ئەوتۆ لە روانگەی هاوواڵتییان و یاسا نێونەتەوەییەکانەوە وەرگیراوە و بووەتە بنەمای یاسای شوێنکەوتوویی هەر وڵاتێک... شوێنکەوتنی هاوبەش لە چارەنووس و یاسا لە دەوڵەتدا ڕەنگ دەداتەوە، لە زمانی باوی خەڵک پێی دەڵێن "گەل"... ئێمە جیاکردنەوەی ئەم دواییانەی نەتەوەی دەوڵەتی و نەتەوەی کولتووری ڕەت دەکەینەوە. هەر نەتەوەیەک بەپێی سروشتی خۆی نەتەوەی دەوڵەتییە. هەروەها ڕوانگەراییی دەوڵەتی لە چەمکی فەرەنسی و ئەورووپای ڕۆئاوای نەتەوەدا ناتوانێ ڕازیمان بکا. لە ڕوانگەی ئێمەوە و لە بواری دیموکراسیدا نەتەوە چەمکێکی پاڵاوتەکراو بۆ گەلی دەوڵەتی نییە، بەتایبەت لە وڵاتە فرەگەلییەکاندا و بەرابەری ئەو گەلانەش نییە کە لە دەوڵەتە بەناو نەتەوەییەکانی ئەمڕۆکەدا بەشێکی کەم و زۆر گرینگ پێک دێنێ. مەبەستی ئێمە لە نەتەوە گەلێکە کە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی بە یەکەیەکی پڕ لە ئیرادە پەرە بستێنێ و بۆ ئەو مەبەستە بەخۆیدا بچێتەوە. بۆ نموونە بەر لە دەسپێکی شەڕی ساڵی ١٩١٤ ئۆتریشییە ئیتاڵی زمانەکان کە خۆیان بەبەشێک لە گەلی ئیتاڵیی ڕزگارنەکراو دەزانی، وەک نەتەوەی ئیتاڵی سەیری دەکرا، بەپێچەوانەوە ئەڵمانی زمانێک کە لە بەرەی وڵاتی نیشتەجێبوونییەوە لە دژی ئەڵمانیا بەشداری شەڕ بێ، ناتوانین وەک بەشێک لە نەتەوەی ئەڵمان بیناسین. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە پێوەستبوون بەنەتەوەیەک و لە هەمان کاتیشدا هاوپێوەندیی نەتەوەیی نە بەستراوەتەوە بەکۆمەڵێکی دەوڵەتی و نە بەهیوای پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە لە داهاتوودا... ئەو بیانییانە وەک بەشێک لە نەتەوە حیسابیان بۆ دەکرێ کە بەبێ پێوەندیی فەرمی بەوڵاتی دایکییەوە لەگەلیدا لە هەلومەرجێکی هەستیاری تایبەتیدا دەژی و

چارەنووس و ئیرادەی بەچارەنووس و ئیرادەی خۆی دەزانێ، بەبێ پێشێلکردنی مافی ئەو ولاتە کە تێدا دەژی... "

لە دارشتنی بنەماکانی تیۆریی ناسیۆنال سۆسیالیزمی ئەڵمانیا (فاشیزم)یش پێش هەموو شتێک رەگەز، ناوڕۆک و پێکهاتەی سەرەکیی نەتەوەی پێک دەهێنا. لە کاتێکدا لە ڕوانگەی بنیتۆ مۆسۆلینی بناخەدانەری فاشیزمی ئیتاڵی دەوڵەت پێکهێنەری نەتەوەیە. لە ڕێبازی ئەودا دەوڵەتە کە نەتەوەی خۆی دروست دەکا و دەوڵەت هەمان وشیاریی سروشتی نەتەوەییە.

بنیتۆ مۆسۆلینی: بنەماکانی تیۆریی فاشیزم (١٩٣٢)

مۆسۆلینی (١٨٨٣ – ١٩٤٥) ساڵی ١٩٠٠ ئەندامی حزبی سۆسیالیست، هەواڵنێری کۆمەڵێک ڕۆژنامەی وەک ئاوانتی (بۆ پێشەوە) ئۆرگانی حزبی سۆسیالیستی ئیتالیا، بەبۆنەی لایەنگریی شەڕ لە ئیتاڵیا لەو حزبە دەرکرا و حزبێکی بەناوی حزبی فاشیزمی نەتەوەیی دامەزراند. ساڵی ١٩٢٢ بوو بەسەرۆک وەزیرانی کابینەی هاوپەیمانی کە بەهاوکاریی پیشەسازیی گران و هێزی سەربازی هاتە دی. ساڵی ١٩٢٥ دەستی دایە دیکتاتۆریی تاکە حزبی و دەوڵەتێکی پاوانخواز و بوو بە "دوگە" (ڕێبەر). ڕێککەوتنامەیەکی لەگەڵ هیتلەر ئیمزا کرد. لە شەڕی دووەمی جیهانی لە بەرەی ئەڵمانیادا بەشداریی کرد. ساڵی ١٩٤٣ لەلایەن پاشای ئەو ولاتەوە لەسەر کار لابرا و دەستگیر کرا و دواتر بەهۆی بەڕەشووتوانانی ئەڵمانییەوە توانی لە گرتیگە ڕزگاری بێ. مۆسۆلینی "کۆماری سالۆی دامەزراند و ساڵی ١٩٤٥ لە کاتی هەڵاتن بۆ سویسرا لەلایەن خەباتگێڕانی ئیتاڵییەوە دەستگیر کرا و کوژرا.

" ... یەکبوونی نەتەوە و دەوڵەت بەرزترین کەسایەتییە. نەتەوە ئەو دەوڵەتە پێک ناهێنێ کە بەپێی وێنەی قوتابخانەی سروشتگەراییی سەدەی بیستەم دروست کرابێ، بگرە بەپێچەوانەوە ئەو نەتەوەیە کە لەلایەن دەوڵەتەوە دروست دەبێ. مافی سەربەخۆییی هەر نەتەوەیەک بۆ تێگەیشتن سەبارەت بەبوونی خۆی لە ئەدەبیات و ئاوات و ئامانجەکان ناگەڕێتەوە، بگرە لە هەڵسووڕانیکی وشیارانە، لە ئیرادەیەکی سیاسی بۆ کردەوە و بۆ دیاریکردنی ئازادیی کردەوەی خۆی بەرهەم دێ. ئەمەیە سەرچاوەی دەوڵەت. دەوڵەت وەک نوێنگەی خواست و ئیرادەی گشتیی ئەخلاقی بەشێوەیەکی بەردەوام خولقێنەری یاسایە، نەتەوە وەک دەوڵەت ڕاستییەکی ئەخلاقییە کە بوونی هەیە و لە ژیاندایە و لە جووڵە کەوتنی مانای مردن دەگەیەنێ. هەر بۆیە دەوڵەت نە تەنیا دەسەڵاتێکە کە حکوومەت دەکا و داخوازی و ئیرادەی خەڵک بەشێوەی یاسایی و لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی ژیانیان دێنێتە دی، بگرە هێزێکە کە ئیرادەی بۆ دەرەوە دەسەپێنێ، ئەویش بەشێوەیەک کە دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتانی تر دانی پێدا بنێن و ڕێزی لێ بگرن. دەسەلاتێک لە ڕێگەی هەڵسوکەوتی گشتییەوە بەرەو گەشەکردن دەڕوا، بەم جۆرەیە کە دەوڵەت دەتوانێ خۆی

لەگەڵ ئیرادەی مرۆڤەکان بەراورد بکا و لە ڕێگەی پەرەسەندنیدا بەربەستێک ناناسێ. دەوڵەت ژیانی کورتی خەڵکەکەی لە ڕێی ڕوونکردنەوەی وشیاریی گشتیی تەواوی نەتەوەوە پەرە پێ دەدا..."

٩- چەمکی نەتەوە لە گەنگەشەی زانستیی نێونەتەوەییدا لە پاش قۆناخی شەڕی دووەمی جیهانییەوە

"لیمبێرگ"، "دۆیچ" و "ئەندرسۆن" نووسەرانی ئەڵمانی و بەریتانیی دەیەی ٦٠ و ٨٠ی سەدەی بیستەم پێناسەی نەتەوەیان بەجۆرێک پەرە پێ دا کە ئەوان چیی تر تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی وەک زمان، ئەدەب و کولتووریان وەک تەوەر دانەنا، بگرە پێوانەیان تەنیا بوونی پێوەندیی نێوان ئەندامانی ئەو نەتەوەیە بوو. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەم پێوەندییە کە ئایدۆلۆجیای نەتەوەیی هۆکاری هاوبەشییەتی، نەتەوە دروست دەکا. هەربۆیە ئەرکی ناسیۆنالیزم بریتییە لە پاراستن و دەستەبەرکردنی یەکەتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی. بەپێی تیۆریی ئەندرسۆن نەتەوە لە کۆمەڵگەیەک بەرهەم دێ کە ناسیۆنالیزم دروست دەکا.

ئۆیگن لیمبێرگ: ناسیۆنالیزم (١٩٢٤)

لیمبێرگ (١٩٠٣ – ١٩٧٦) خاوەنی بڕوانامەی زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی لە پراگ، مامۆستا لە پراگ و کاسل، ١٩٥٥ بۆ ماوەی دوو ساڵ بەرپرسی بەشی قوتابخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی هێسنی ئەڵمانیا بووە. دواتر پڕۆفیسۆری کۆمەڵناسی بووە بۆ کاروباری پەروەردە لە ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی فرانکفۆرتی ئەڵمانیا. مێژووی ئەوروپای ڕۆمەنتیک، سلاویستیک و پرسی نەتەوەیی، تەوەری سەرەکیی کارەکانی بووە.

" ئەوەی کە نەتەوە دەکا بە نەتەوە، یان باشتر بڵێین لە گرووپە گەورە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵەی هەڵسووڕ و نەتەوەیی یان نیمچە نەتەوەیی دروست دەکا و لە کۆمەڵگە پەراوێزییەکانی جیا دەکاتەوە، نە هاوبەشییە لە تایبەتمەندییەک، هاوزمانییەک، هاوڕەوشتییەک و هاوکولتوورییەک لەژێر دەسەڵاتی هێزێکی دەوڵەتی، بگرە بەپێچەوانەوە سیستەمێک لە خوێندنەوە و بایەخەکان، وێنەیەکی دیاریکراوە لە جیهان و لە کۆمەڵگە، ئەوەش واتای ئایدۆلۆجیا دەگەیەنێ، ئایدۆلۆجیایەک کە سەر بەگرووپێکی گەورە بێ کە تایبەتمەندییەکانی باس کران. بەواتایەکی تر گرووپێکی گەورە ڕادەکێشێ و یەکدەستی دەکا و لە دەوروبەری خۆی جیا دەکاتەوە. ئەگەر بەرامبەری یەکێک لەو تایبەتمەندییانە ئەوە دەبوو کە نەتەوەکان بکا بەنەتەوە یان هەڵگرانی تایبەتمەندییە هاوبەشەکە لە کۆمەڵگەیەکی هاوبەش بۆ مردن و ژیان یەکگرتوو بکا و فیداکاری، هەوڵدان و قوربانیدان بەدوای خۆیدا بهێنێ، ئەو کات بەهۆی پاشماوەی هەلومەرجی سەرەتاییی کۆمەڵایەتی شادمانی ڕەوا دەبوو، هەروەها ئەم چاوەڕوانییە کە بیرکردنەوە لە حاڵەتی گەشە و ڕۆشنگەری پێوەندییەکی

هەوڵدانەوەی کێبڕکێ

پتەوی بەهۆی بوونی هاوچەشنیی ئەم تایبەتمەندییانە و دژایەتیکردنی پێک هاتووە بەتێپەڕبوونی کات لەناو دەبەن. بەڵام لایەنی بەرامبەری ئەم تایبەتمەندییانە ناتوانێ پێکهێنەری نەتەوە بێ. لەبەرئەوەی کامە بەڵێنی ئەخلاقی و کام هۆکار بۆ عەشق و نەفرەت، بۆ لەخۆبوردوویی و جینایەت بەرامبەری ڕەنگی موو یان زمان و شکڵی سەر و شوێنی نیشتەجێبوون دەیتوانی بدا بەدەستەوە، لە کاتێکدا لە پشتی ئەمەوە خوێندنەوەیەکی ڕوون لە جیهان و کۆمەڵگە، سیستەمێک لە بایەخەکان نەدەبوو کە بەم بەرامبەرییە بایەخێکی تایبەتی، ڕەوشتێکی بەڵێندەر دەدا، ڕەوشتێک کە تاک بەکەسانێکەوە دەبەستێتەوە کە وەک ناوبراو خاوەنی ئەو ڕەوشتەن، کەسانێکیش جیا دەکاتەوە کە بەم تایبەتمەندییانە نامۆن، بەڵام ئایدۆلۆجیا بنەمایە، گرینگترین شتە، تایبەتمەندییەکان تەنیا ئامرازی یارمەتیدەرن کە ئایدۆلۆجیا خۆی لەگەڵیدا ڕێک دەخا. ناسیۆنالیزم یەکێک لەو ئایۆلۆجیانەیە کە دەبێتە هۆی یەکگرتنی ناوەخۆیی گرووپە گەورەکان و لە نێوان ئەوان و هەرێمدا سنوور پێک دێنێ. لە مێژووی مرۆڤایەتی یان لە چوارچێوەی کولتووری ڕۆڵ و پێگەیان دەداتێ، فیداکاری و هەندێ جاریش دەمارگرژیی ئەندامانی ئەم گرووپانە دەبزوێنێ، بەسیستەمێکی دیاریکراو لە بایەخەکان پابەندیان دەکا و مانا و چەمکی ژیانیان بۆ پێناسە دەکا. ئەگەر بەکورتی بمانەوێ باسی بکەین، دەبێ بڵێین کە ناسیۆنالیزم وەک ئایدۆلۆجیایەک خوازیاری یەکگرتنی گرووپە گەورەکان یان کۆمەڵگە گەورەکانە، دەردەکەوێ کە لە سەرەتاوە مرۆڤایەتیی پێ دابەش بووە و هەرواش دابەش دەبێ".

کارل وڵف گانگ وۆیچ: پێکهێنانی نەتەوە، دەوڵەتی نەتەوەیی و ئینتیگراسیۆن (١٩٦٦)

دۆیچ (١٩١٢ – ١٩٩٢) مامۆستای زانستی سیاسی، خاوەنی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەرۆڵی ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە کۆمەڵگەی پێوەندرییەکاندا، ١٩٥٨ بۆ ماوەی دە ساڵ پرۆفیسۆری زانکۆی یال لە نیوهاون بووە، ١٩٦٧ تا ١٩٧٨ پرۆفیسۆری زانکۆی کامبریج تا ساڵی ١٩٨٥ بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی بەراوردی کۆمەڵگەی هەمەچەشن لە ناوەندی زانستیی بەرلین.

"... "نەتەوە" گەلێکە کە خاوەنی دەوڵەتە. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ ژمارەیەکی لە ئەندامانی ئەم گەلە بێتە بەشێکی سەرەکی لە هێزی ڕابەریکەری دەوڵەتەکەی و ژمارەیەک زۆرتریشی هاوسۆزیی خۆیان لەگەڵ دەوڵەت دەربڕن و پشتیوانیی لێ بکەن. لەلایەکی ترەوە، "گەل" تۆڕێکی پێوەندیدەرە و ئامانجی مرۆڤەکان دێنێتە دی. لە کۆمەڵێک خەڵک پێکهاتووە کە خێرا و سەرەڕای مەودای زۆر سەبارەت بەمەسەلە جۆراوجۆرەکان دەتوانن لەگەڵ یەکتری پێوەندی دابمەزرێنن. پێویستە بۆ ئەم کارەش داوونەریتی پێوەندی گرتنی دیاریکراویان هەبێ، زۆرجار کولتوور وەک پاشەکەوتێک لە مانا و بیرەوەرییەکان ئەو بواره هاوبەشە کولتوورییە دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی خەڵک لە ئێستە و لە داهاتووی نێزیکدا ئۆگری و خوێندنەوەی هاوبەشیان هەبێ. ئەندامانی گەلێکی دیاریکراو لە

هەوڵنامەی کێبڕکێ

پێـوەندیی لەگـەڵ داوونـەریتـدا وێک دەچن و بەتـەواوکـەری یـەکـتـر دادەنرێن. هـەر کـات دەتـوانین بەشێکی گرینگ لە گەلێک کە بۆ گەیشتن بەدەسـەڵاتی سیاسی بۆ گرووپێکی قـەومی و زمانی خۆی هـەوڵ بدا، وەک نـەتـەوە سـەیر بکەین. ئـەگـەر ئەم نەتـەوەیە دەسـتی بـەم هێـزەکـە زۆرجـار بەمـانای پێکهێنانی دەوڵەتە ڕابگات، پێی دەگوترێ نەتەوە... "

بندیکت ئەندرسۆن: دۆزینەوەی نەتەوە (١٩٨٣)

ئەندرسـۆن لەدایکبـووی ١٩٣٦ی کـۆمـێنـگی چینـە، لێکۆڵەر و پرۆفـیـسـۆر لـە بواری سـیـسـتـەمی حکوومـەتی، بەڕێوەبەری پرۆگرامی باشـووری ڕۆهـەڵاتی ئاسـیـا بوو لە زانکۆی کۆرنل نیویۆرک.

" ... نەتەوە کـۆمـەڵێکی سـیـاسـیی وێنـا کـراوە، ئەویش وەک کـۆمـەڵی سـیـاسـیی بـەرتـەسک و سەربەخۆ. نەتەوە لەبەر ئەم هۆیە وێنەیەکی زەینییە کە زۆربەی ئەندامانی تەنانەت نەتەوەیەکی زۆر بچووک قـەت یەکتری ناناسن، پێوەندییـان پێکەوە نییـە و تەنانەت شـتێک لە یەکتری نابیستن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە زەینی هـەریەک لەوانەدا وێنایەک لەم کـۆمـەڵەیە هـەیە... کـۆمـەڵەکان نابێ لە ڕووی ڕەسەنایەتی و عەینی بوونیانەوە لە یەکتری جیا بکرێنەوە، بگرە بەو شـێوەیە بێ کە ئەوان وێنـایان کـردووە... نەتـەوە بۆیە وەک کـۆمـەڵی سـیـاسـیی بـەرتـەسک وێنا دەکـرێ کـە تەنانەت گـەورەتـرینـیـان لە حـەشـیـمـەتێکی بۆ نموونە یەک ملیـار کـەسی لە چوارچێـوەی سنوورە دیاریکراوەکاندا دەژین، ئەودیوی سنوورەکان نەتەوەی تری لێ دەژی. هیچ نەتەوەیەک خۆی لەگەڵ سەرجـەم مرۆڤایەتیدا یەکسان نابینێ. تەنانەت ناسیۆنالیسـتە توندڕۆکانیش خـەون بەو ڕۆژانەوە نابینن کـە تێـیدا هـەمـوو مـرۆڤایەتی بە نەتەوەکـەیانەوە بەسـتراوبێـتنەوە. بەو هـۆیەوە نەتەوە وەک کۆمـەڵەیەکی سـیـاسـیی سـەربەخـۆ سـەیر دەکـرێ، چـونکە چەکەکـەی لە کاتێکدا لەدایک بوو کە ڕۆشنگەری و شۆڕشی ڕاستـەقینەی ئیمپراتۆرییەکانی هیرەمی و پاشایەتیی خۆیان بەحکوومـەتی ئیلاهی دەزانی دەبردە ژێر پرسیـارەوە... لەبەر ئەم هۆیە، نەتەوەکان جگە لە ئازادیی ڕاسـتـەقینە بیریان لە شـتێکی تر نەدەکردەوە، ناسنامـەی ئەم ئازادییە دەوڵەتی سەربەخۆیە. سـەرەنجام نەتەوە وەک کـۆمـەڵێک لە زەیندا وێنا دەکـرێ، لەبەرئەوەی کـە سـەربەخـۆ لـە نابەرابەریی کـۆمـەڵایەتیی ناوەخـۆی نەتەوەکـەی، وەک یەکگرتنێکی دۆسـتـانە لە مـرۆڤـەکان لە بیـر و زەیندا خـۆ دەنوێنێ و هـەستی پێ دەکرێ..."

سەرچاوە: سایتی ناسر ئیرانپوور (www.nasser-iran.com)

وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە: ناسر ئیرانپوور

پەیامێک لەبارەی لێبووردەییەوە

ڤۆڵتێر

"ڕەنگە لە بیـر و بۆچووندا جـیـاواز بـین، بەڵام ئامـادەم بمرم لە پێناوی داکۆکیکردن لە بیر و بۆچوونت".

ئەم قسـەیەی ڤۆڵتێر، هەروا ڕستەیەکی سەرپێچی نێو کتێبەکانی نەبوو کە خۆیان لە سەد کتێب دەدەن لە نێـوان شـیـعـر و شـانۆنـامـە و پەخشـان و فەلسـەفـەدا، بەڵکە گەوهەری پەیامـە هزری و ئینسـانییـەکـەی بوو کە بەدرێژاییی ژیانی وەک شـمـشـێر بە ڕووی ئەو دڕندە زیانگەیێنەی ناوی "دەمارگیریی ئاینییە" بەرز کردبووەوە.

ئەو دڕندەیەی سـەدەکانی حـەڤدە و هەژدە گیانی ئەوروپای ئەنجن ئەنجن کردبوو، ئێستا وا لەم دنیـایەی ئێمـە و دەوروبەرمـاندا، تازە بەتازە لە گیـانی کۆمـەڵگەکانمان بـەربووە. لە ئەوروپا، تەنیـا بەڕاگەیاندنی ئازادیی بیروباوەڕ و بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی لێبووردەییـی ئاینی و قبووڵکردنی ئەوی تری جیاواز لە ڕووی ئاینی و تایەفییەوە.

سـەردەمی ڕۆشنگەری بۆ ڕۆشـنبیـر و هزرڤـانەکان دەگـەڕێتـەوە، ڤۆڵتـێـر یەکێک بوو لە هەرە ناسراو و کاریگەرەکانیان. ئەم کتێبەش (پەیامێک لەبارەی لێبووردەییەوە)، یەکێکە لە پەیامە هەرە گرینگەکانی ڤۆڵتێر لەو بوارەدا. ئەگەرچی ئەم کتێبە، ڤۆڵتێر ساڵی ١٧٦٣ بڵاوی کردووەتەوە، بەڵام دەڵێی بۆ ئێستـای کـۆمـەڵگەکـانی ئێـمـە نووسـراوە. هەر ئەمـەش وای کرد، "واتە" بەدوای یەکدا بەشەکانی بڵاو بکاتەوە.

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی

کورتە چیرۆکی کوژرانی جان گاڵاس

تاوانی کوشتنی جان گاڵاس، کە بەشمێری داوەری شاری تۆلۆز[1] لە ٩ی ئادار/مارسی١٧٦٢دا، ئەنجام درا، یەکێکە لە دیارترین ئەو هەڵکەوتانەی بووە مایەی سەرنجڕاکێشان و بایەخی نەوەی ئێمە و نەوەکانی داهاتوو. خۆ ئەگەر دەستی ڕۆژگار بەخێرایی لاپەڕەی ئەو هەزاران قوربانییە هەڵداتەوە کە لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا لەنێو دەچن و بیر دەچنەوە، تەنیا لەبەرئەوەیە ئەوە باجی ناچاریی شەڕە، دیسان ئەوانەی بەدەستی دوژمن دەکوژرێن، ڕەنگ بوو دوژمنەکانیان بکوشتایە. سەرباری ئەوەی ئەوانە هەموو چەک و تفاقێکی خۆپاراستنیان لە شاندا بووە، بۆیە کاتێک هەردوو تای دۆڕاندن و سەرکەوتن هاوسەنگ دەبن، ئیتر پرسیار و سەرسوڕمانی ناوێ، هەستی هاوخەمی و بەزەیی پێداهاتنەوەش ساردتر دەبن. بەڵام کاتێک پیاوێکی خێزاندار دەبێتە قوربانیی هەڵە یان هەڵچوونێکی سەرشێتانە، یان دەمارگیری، کاتێک قوربانییەکە هیچ کەرەسەیەکی بەرگری لەخۆکردنی پێ نییە، چاکە و ئینسانییەتی خۆی نەبێ، کاتێک ئەوانەی چارەنووسیان لە دەستدایە، سەرچیخ دەچن و بڕیاری سەربڕینی دەدەن، کاتێک دەتوانن کەسێک بکوژن بێ ئەوەی هیچ لە سزا بکەنەوە، هەر هێندەیە بڕیار دەدەن و تەواو، ئا لەو کاتەدا خەڵک هاواریان لێ هەڵدەستێ، هەرکەس خەمی ژیانی خۆیەتی، هەمووان دەرک بەوە دەکەن، چیی تر ژیانیان مسۆگەر نییە لە سایەی دادگەیەکدا کە گوایە تەنیا بۆ پاراستنی ژیانی هاوواڵتییان دانراوە؛ لەو کاتەدا دەبێتە هەڵە و خەڵک داوای تۆڵەسەندنەوە دەکەن.

ئەم پرسە نامۆیە، هاوکات پرسێکی ئاینی، خۆکوژی و کوشتنی باوکێکە. کرۆکی پرسەکەش ئەوەیە؛ بڵێی داک و بابێک بەدەستی ئەنقەست کوڕەکەی خۆیان کوشتبێ لە پێناو ڕازیبوونی خوادا، داخۆ برایەک، براکەی کوشتووە، یان برادەرێک هاوڕێکەی خۆی خنکاندووە، بڵێی دادوەرەکان شایستەی لۆمە و ڕیسواکردن بن، چونکە فەرمانیان دەرکرد باوکێک لەسەر تەختی سێدارە دارکاری بکرێ تا دەمرێ، یان بەپێچەوانەوە دادوەرەکان ژیانی دایک و برا و برادەرێکی گوناهباریان پاراست.

جان گاڵاس، پیاوێکی تەمەن شەست و هەشت ساڵ، چل ساڵ زیاتر لە تۆلۆز خەریکی بازرگانی بوو، هەموو ئەوانەی دەیانناسی شایەتییان بۆ دەدا باوکێکی چاک بوو، خۆی و هاوسەرەکەی و تێکڕای منداڵەکانی لەسەر مەزهبی پرۆتستانتی بوون، کوڕێکی نەبێ چووبووە سەر مەزهبی کاتۆلیک، لەگەڵ ئەوەشدا، بابەکە خەرجییەکی بڕی و نەمری هەر دەکرد، وەک دیارە، پیاوەکە زۆر دوور بووە لەو دەمارگیرییە نەزانانەی بۆی هەیە سەرلەبەری کۆمەڵگە ئەنجن ئەنجن بکا، هەرگیز ڕێی لە هەڵگەڕانەوەی کوڕەکەی لە پرۆتستانتەوە بۆ کاتۆلیک نەگرت، هەر لەنێو ماڵەکەی خۆشیدا، سی ساڵ دایەنێکی کاتۆلیکی خواناس، هەموو منداڵەکانی پەروەردە دەکرد.

یەکێک لە کوڕەکانی جان گاڵاس، بەنێوی مارک – ئەنتوان، ئەدەبدۆستێکی شەیدا، وا ناسرابوو

گوایە زەینی زۆر لەسەر خۆی نییە، توند تەبیعەت و جارجار دەیگرت، دەمێک لە بازرگانیدا چی بەچی نەکرد، چونکە لێی نەدەزانی، نەشیتوانی ببێتە پارێزەر، چونکە نەیتوانی بەبەڵگە بیسەلمێنێ کاتۆلیکە، بۆیە بڕیاری دا چیی تر نەژی، برادەرێکیشی لەو نیازەی ئاگەدار کردەوە، تا بتوانێ بڕیارەکەی جێبەجێ بکا، دەستی بەخوێندنەوەی ئەو کتێبانە کرد کە باسی خۆکوشتن دەکەن.

ڕۆژێکیان، هەموو پارەکەی لە قومار دا دۆڕاند، بۆیە بڕیاری دا هەر ئەو ڕۆژە خۆی بکوژێ. وا ڕێک کەوت، ڕۆژی پێشتر، ناسیاوێکی خۆی و خێزانەکەی بەنێوی لاڤیس Lavaisse، گەنجێکی نۆزدە ساڵان، کوڕی پارێزەرێکی بەناوودەنگی تۆلۆز، بەکوڕێکی باش و ڕێکوپێک ناسرابوو، لە شاری بۆردۆوە هاتبووە سەردانیان[٢].

ئەوە بوو لاڤیس لەگەڵ خێزانە خانەخوێکەیدا؛ باوک، دایک، مارک – ئەنتوانی کوڕە گەورەیان، پیێری کوڕە ناوەنجی، شیویان خوارد، پاش نانخواردن، هەمووان چوونە ژووری دانیشتن، مارک – ئەنتوان نەبێ کە لە غەفڵەتێکدا دیار نەما. کاتێک لاڤیس روخسەتی خواست هاوڕێ لەگەڵ پیێردا بە پلیکانەکاندا سەردەکەوتن، لە ناکاو بینییان وا مارک – ئەنتوان بەدەرگەیەکی تەنیشت کۆگەکەی بابیەوە هەڵواسراوە، کراسەکەی ژێرەوەی لەبەردایە و چاکەتەکەشی بەقەدکراوی لەسەر مێزی دووکانەکە دانراوە، بەکراسەکەیدا، چ پێ نەدەچوو تووشی ڕاکێش ڕاکێش و شەڕ بووبێ، قژی بەجوانترین شێوە داهێنابوو، جەستەی شوێنەواری هیچ لێدان و بریندێکی پێوە نەبوو[٣].

لێرەدا زۆر لەسەر ئەو وردەکارییە ناڕۆین پارێزەران خستیانە بەردەم دادگە، باسی ئازار و بێ ئومێدیی داک و بابەکەش ناکەین کە گریان و لاوانەوەیان دەگەیشتە هاوسێکانیان.

لاڤیس و پیێر دەمودەست داوای پزیشک و پیاوانی داوەرییان کرد، لەم شڵەژاوی و بەیەکداهاتنەدا بوون، داک و بابی هەناسەساردیش دەگریان، خەڵکی تۆلۆز لە دەوری ماڵەکەیان گرد بوونەوە، مەعلوومە خەڵکی تۆلۆز خەڵکێکی سەرچڵ و هەڵەشەن؛ برا وەک شتی پروپووچ و جانەوەری عەنتیکە تەماشای برا غەیرەدینەکەی دەکا. لە تۆلۆز، لە ئاهەنگی ڕەسمیدا، خەڵک سوپاسی خوایان دەکرد و سەڵەواتیان لێ دەدا بەبیستنی هەواڵی مردنی شا هینری سێیەم[٤]، هەر لە تۆلۆز، خەڵکەکە سوێندی گەورەیان خوارد هەر کەسێک مل بۆ شای مەزن و پیاوچاک هینری چوارەم بدا، سەر دەبڕدرێ[٥]. ئەم شارە، سااڵنە لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا، بەیاریی فیشەکەشێتەوە ئاهەنگی یادکردنەوەی کۆمەڵکوژی چوار هەزار هەڵگەڕاوە لە ئاین (هەرتوقی) دەگێڕن. سەرەڕای ئەوەی ئەنجوومەنی شار شەش بڕیاری دەرکردووە بۆ قەدەخەکردنی ئەم یادە بێزەوەرە، کەچی دانیشتوانی شارەکە تا ئێستاش ئەو یادە دەکەنەوە، وەک ئەوەی ئاهەنگی گوڵان بگێڕن.

لە پڕ، دەنگی یەکێک لە دەمارگیرە ناحاڵییەکان بەرز بووەوە دەیگوت، جان گاڵاس خۆی مارک – ئەنتوانی کوڕی هەڵواسیوە، بەدوای ئەودا، خەڵکەکە کردیانە هەاڵ و تۆمەتەکەی ئەویان دەگوتەوە.

هەوالنامەی ئێژ

ئەوە بوو لە چاوتروکانێکدا تۆمەتەکە بووە قسەی سەرلەبەری خەڵکەکە. هێندێک بەوەشەوە نەوەستان و دەیانگوت، کوژراوەکە بەنیاز بوو سبەی وازهێنانی خۆی لە پرۆتستانتی ڕابگەیەنێ، بۆیە خێزانەکەی و لاڤیس، لە داخی ئاینی کاتۆلیکی خنکاندوویانە. یەکسەر تۆمەتەکە بووە ڕاستییەکی دامەزراو، ئیتر سەرلەبەری شار گەیشتنە ئەو بڕوایەی؛ بەگوێرەی ئاینی پرۆتستانتی باوان دەبێ دەمودەست ئەو کوڕ و کچانەیان بکوژن کە نیازیان هەیە ببنە کاتۆلیکی.

کاتێک عەقڵەکان هەڵدەچن، دەکەونە گەلەکۆمەکێ و لادان. بووە دەنگۆ گوایە پرۆتستانتەکانی هەرێمی لانگدۆنگ[٦]، ڕۆژی پێشتر کۆبوونەوەیەکی فرەوانیان بەستووە، بەزۆرینەی دەنگ، لاڤیسیان وەک پیاوکوژی تایەفەکەیان هەڵبژاردووە، هەر لەبەر ئەوە، لاڤیس بەبیستنی هەواڵی هەڵبژاردنی، لە بۆردۆوە هاتووە هاوکاریی جان گالاس و هاوسەرەکەی و پیێری کوڕیان بکا، لە شەو و ڕۆژێکدا هاوڕێ و کوڕ و برا هەڵواسن.

ئەم دەنگۆیانە گەیشتنە بەڕێز دێڤید قازیی تۆلۆز، خوێنی گەرم بوو، دەشیویست بەکاردانەوەی خێرا، خۆی پیاوچاک پێشان بدا و پلە و پایەی بەرزتر بێتەوە، ئەوە بوو چەند ڕێوشوێنێکی پێچەوانەی یاسا و ڕێساکانی گرتە بەر؛ هەموو خێزانەکەی جان گالاس و لاڤیسی گەنج و کارەکەرە کاتۆلیکییەکەی، فڕێ دایە گرتیگە.

دواتر دەستی بەبانگکردنی نایاسایی کرد بۆ ناچارکردنی ئەوانەی گوایە شایەتن، تا بێن شایەتییەکانیان بدەن. لەوەش زیاتر، لە ڕێورەسمێکی شایستەدا مارک _ ئەنتوان _ یان لە کلێسای ئیستیفان ناشت. سەرەڕای ناڕازیبوونی سەرپەرشتیاری کلێسەکە کە پێی وابوو ئەوە پێشێلکردنی پیرۆزی شوێنەکەیە. ئاخر ئەو گەنجە تاوانبار لەسەر مەزهبی کاڵڤنی بوو؛ لەوەش واوەتر، بەدەستی خۆی خۆی کوشتووە، بۆیە دەبوو تەرمەکەی بخرێتە سەر حەسیرێک و بەجادەکانی شاردا ڕابکێشرایە.

تۆبەکارانی ناوچەی لانگدۆنگ[٧] چوار گرووپ یان کۆمەڵەیان هەبوو: سپی، شین، خۆڵەمێشی و ڕەش. ئەندامانی ئەو کۆمەڵانە ڕووبەڕووبوونەوەیان هەڵدەبەست کە تەنیا کونی چاویان بەدەرەوە بوو، هەوڵیان دا فەرماندەی ناوچەکە دۆق فیتز جیمس، بەلای خۆیاندا ڕاکێشن و بچێتە سەر ڕێی ئەوان، بەڵام ئەو ملی نەدا، ئەوە بوو ئەندامانی کۆمەڵەی سپی کە بەبرایانی سپی دەناسران، ڕێورەسمێکی ئاهەنگ ئامێزی وایان لە ناشتنی مارک – ئەنتواندا ڕێک خست، وەک ئەوەی شەهید بووبێ. ڕاستییەکەی پێش ئەوە هیچ کلێسایەک ڕێورەسمی لەو شێوەیەی بۆ شەهیدێکی ڕاستەقینە ڕێک نەخستبوو؛ بەڵام ئەوەی مارک – ئەنتوان، بەهەموو مانایەکی وشەکە شایستە بوو. تەرمەکە لەسەر سەکۆیەکی بەرز دانرابوو، پەیکەرێکی ئێسکانەی (هیکل عظمي) جووڵۆکی مارک ئەنتوان، بەدەستێک چڵە دارخورمایەک و پەڕێکیش بەدەستەکەی تریەوە تا بەڵگەنامەی پاشگەزبوونەوەی لە هێرتیک (پرۆتستانتی بەبۆچوونی ئەوان _ و. ک)، ئیمزا بکا: ڕاستت دەوێ واتە؛ ئیمزاکردنی لەداردانی باوکی. ئیتر هێندە مایەوە، ئەو بەستەزمانە بکرێتە یوتوپیا

(تطویب)[٨]: تا وای لێ هات خەڵک بەپیرۆزیان دادەنا. خەڵک دەچوون لێی دەپاڕانەوە، خەڵکێکی تر سەڵواتیان لەسەر گۆڕەکەی لێ دەدا، هێندێک داوایان دەکرد مۆجیزە (کەسنەکردە – موعجیزە)یان پێشان بدا، کەسانێکی تر باسیان لەوە دەکرد بەچاوی خۆیان مۆجیزەیان لێ بینیوە. ڕاهیبێک چەند ددانێکی وەک موفەڕک دەرهێنا و لە باخەڵی خۆی دانا، ژنێکی خواناسی نیوچەکەڕ، دەیگوت گوایە بەجوانی گوێی لە لێدانی زەنگوڵە بووە. کاهینێک نەخۆشیی مێشکی هەبوو، دەیگوت هەر ئەوەندەی قومێک شلەی وەڕشێنم خواردەوە، چاک بوومەوە. هەموو ئەم مۆجیزانەش تۆمار کران، نووسەری ئەم چیرۆکە، شایەتی گەنجێکی سەرلێشێواوی لایە کە چەندان شەو بەدیار ئەو مەزارە پیرۆزە تازەیەوە شەونوێژی کردووە بێ ئەوەی نیازی حاسڵ بێ. ژمارەیەک لە قازییەکانی شار ئەندامی کۆمەڵەی تۆبەکارانی برایانی سپی بوون، بۆیە لەداردانی جان گالاس، گومانی تێدا نەمابوو.

ئەوەی کەشەکەشی بۆ لەداردانەکە زیاتر ساز و لەبار کرد، نێزیکبوونەوەی ئەو جەژنە سەیرە بوو کە دانیشتوانی تۆلۆز سالانە یادی ئەو کوشتارە دەکەنەوە چوار هەزار هۆگۆنوتی تێدا بوونە قوربانی[٩].

سالی ١٧٦٢ سەد سالەی ئەو جەژنە بوو. شار بەو بۆنەیەوە ڕازابووەوە، ئەمەش هێندەی تر دانیشتوانی شاری توندتر و ڕقئەستووورتر کردبوو، وا بڵاو بووەوە بەنێو خەڵکەکەدا کە لە یادی ئەمسالدا، خێزانی گالاس هەموویان لەدار دەدرێن بە دۆلاب (تەختەی سوڕاوە)[١٠]، ئەمەش جوانترین جەژنانەیە؛ دەگوترا ئەوە تەنیا گەورەیی خوایە ئەمسالّ ئەو قوربانییانەی پێ داون تا لە پێناوی ئاینە پیرۆزەکەماندا سەریان بڕین. بیست کەس بەگوێی خۆیان گوێیان لەم قسەیە بووبوو، قسەی لەوە توندتریش. ئا ئەمەش لەم ڕۆژگارەدا، لە زەمەنێکدا کە فەلسەفە هێندە پێشکەوتووە!، لە کاتێکدا سەد ئەکادیمیسیۆن پەیامەکانیان بڵاو دەکەنەوە و داوای ئاکارێکی باڵاتر و سووککردنی باری گرانی داوونەریتەکان دەکەن! بەڵام وا دیارە دەمارگیری، کە دەستکەوتەکانی عەقڵانییەتی بەدڵ نەبوو، لە پەلەقاژێی بن ئەو پاڵەپەستۆیەدا، تا دەهات دڵڕەقتر و هارتر دەبوو.

سێزدە قازی ڕۆژانە بۆ ڕایکردنی کەیسەکەی خێزانی گالاس کۆ دەبوونەوە، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک دژیان هەبێ، بگرە مەحاڵ بوو بەڵگە هەبێ، بەڵام ئاینی نکووڵی لێکراو، جێگەی بەڵگەکانی گرتەوە. شەش قازی سوور بوون لەسەر ئەوەی دەبێ جان گالاس و کوڕەکەی و لاڤیس، لەدار بدرێن و هاوسەرکەی گالاسیش بچێتە نێو ئاگردانەوە. بەڵام حەوت قازییەکەی تر، کە میانڕەوتر بوون لەوان، داوایان دەکرد هیچ نەبێ، لێکۆڵینەوەیەک لە پرسەکەدا بکرێ. کۆبوونەوە و گفتوگۆی قازییان بەردەوام و بوو، درێژەی کێشا، یەک لە قازییەکان، بڕوای تەواوی هەبوو کە تۆمەتباران بێبەرین و تاوانی وا مەحاڵە ڕووی دابێ؛ بۆیە زۆر بێ پەروایانە داکۆکیی لێ دەکردن و بەنێوی ئینسانییەتەوە دژی دەمارگیری و تووندڕەوی وەستایەوە، تا قازییەکە وەک تاکە پارێزەری

خێزانی گاڵاس دەناسرا لەنێو هەمووماڵەکانی تۆڵۆزدا کە بەردەوام بوون لە داواکاری ڕشتنی خوێنی ئەو قوربەسەرانە، بەناوی ئاینێکی تانە لێدراوەوە. بەڵام قازیەیەکی تر کە بەدەمارگیر ناسرابوو، بچووایەتە هەر جێیەک هێرشی دەکردە سەر خێزانی گاڵاس، بەهەمان دڵگەرمیی ئەو کاتەی داکۆکیی لە خێزانی گاڵاس دەکرد، بەهەمان دڵگەرمییەوە کەوتبووە تەقە لێیان و تێی هەڵپێچابوون، ئا ئەم دوو هەڵوێستە دژبەرە ناجۆر و شەرمهێنەی ئەو دوو قازییە، هێندە دەنگی دایەوە ناچار هەردووکیان دەستیان لەکار کێشایەوە و شاریان بەجێ هێشت و گەڕانەوە گوند.

بەڵام بۆ بەدبەختی، لە دەمێکدا قازییە لایەنگرەکەی ماڵی گاڵاس، چونکە خاوەنی ئاکارێکی بەرز و بەڕێز بوو، پێی لەسەر دەست لەکارکێشانەوەکەی داگرت، ئەوی تریان، پەشیوان بووەوە و دەنگی بەدژی کەسانێک دا کە شایستە نەبوو بۆ لەدادگەدانیان: دەنگێک بووە هۆی دەرچوونی بڕیاری لەداردان: ئاخر لە سێزدە قازی، شەشیان دژی لەداردان بوون، بەڵام پاش بگرە و بەردەیەکی زۆر، یەکێک لە قازییەکانی لایەنی میانڕەو، چووە پاڵ ئەو شەش قازییە تووندڕەوەی داوای لەداردانیان دەکرد.

ئەوەی جێی گفتوگۆ و مشتومڕ نییە، کاتێک دادگە دەست بەتاووتوێکردنی پرسی لەداردانی باوکێک دەکا، کاتێک دەیەوێ قورستترین جۆرەکانی سزا بەسەر خاوەن خێزانێکدا بدا، دەبێ بڕیارەکەی بەکۆی دەنگ بێ. ئاخر بەڵگەکانی تاوانێکی ناماقوولّی وەک ئەم تاوانە، دەبێ زۆر ڕوون و حاشاهەڵنەگر بن(١١).

لە دۆخێکی وادا، کەمترین گومان، دەبێ بەس بێ بۆ ئەوەی دەستی ئەو قازییە لە ترسان بلەرزێ کە حوکمی مردن دەدا. کورتبینی و کەمتەرخەمیی یاسادانەران، پرسێکی ڕۆژانە هەستی پێ دەکەین؛ بەڵام ئەو دەمەی تەنیا دەنگێک بەسە بۆ لەداردانی هاوواڵتییەک، زەقتر دەبێتەوە. لە ئەسینا، حوکمی لەداردان، پەنجا دەنگی لە سەروو نیوەوە پێویست بوو تا ڕەوایی وەرگرێ. چ لەمە تێ دەگەین؟ ڕاستییەک کە دەیزانین بەڵام بێهوودەیە؛ ئەغریقییەکان لە ئێمە عاقڵتر و ئینسانیتر بوون.

ئاشکرایە، جان گاڵاس، ئەو پیاوەی تەمەنی لە شەست و هەشت لای دابوو، بەزەحمەت دەجووڵا لە تاو ئازار و ئاوسانی قاچەکانی، نەیدەتوانی بەتەنیا کورێکی بیست و هەشت ساڵان کە لەشوڵارێکی تۆکمە و دامەزراوی زیاد لە پێویستی هەبوو، بخنکێنی. خۆ ئەگەر بیەوێ ئەوە بکا، دەبوو هاوسەرەکەی و پیێری کوڕی و لاڤیس و کارەکەرەکە هاوکاریی بکەن، با هەمووشیان لە تاوانەکەوە نەئاڵێنین، چونکە لە کاتی ئەو کارەساتە تۆقێنەرەدا یەک چرکەش لێکتر جیا نەبوونەتەوە. بەڵام بێ سەروبەریی ئەم گریمانەیە، لەوەی پێشووتر کەمتر نییە: باشە، بۆچی دایەنێکی کاتۆلیکی لە خواترس ڕازی دەبێ کۆمەڵێک هۆگۆنوتی گەنجێک بکوژن کە خۆی پەروەردەی کردووە، لەبەرئەوەی چووەتە سەر مەزهەبەکەی ئەو؟ چۆن دەچێتە ئەقڵەوە لاڤیسێکی

گەنج لە بۆردۆوە تەنیا بۆ خنکاندنی برادەرەکەی هاتبێ، لە کاتێکدا ئاگای لێ نییە گوایە لە پرۆتستانتی هەڵگەڕاوەتەوە؟ ئاخر دایکێکی میهرەبان چۆن دەستی دەچێتە جەرگی خۆی؟ با هەروا بڵێین بەهەموویان ئەو کوڕە گەنجەیان خنکاندووە کە لەوانەیە لە تێکڕایان بەهێزتر بێ، بڵێی بتوانن کارێکی وا بکەن بێ شەڕەدەستێکی توند، بەبێ هاوارهاوارێک کە هاوسێکان گوێیان لێ نەبێ، بەبێ تێهەڵدان و ڕاکێش ڕاکێش، بەبێ ئەوەی جلکەکانی هیچ کامیان بدڕێ؟

ئاشکرایە، ئەگەر ئەو تاوانە بێزەوەرە ڕووی بدایە، ئەوا هەموو تۆمەتباران مادامەکی یەک چرکە لێک جیا نەبوونەتەوە، خەتابارن، بەڵام ئاشکراشە، تاوانێکی وا هەر عەقڵ نایبڕێ لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن، دواجار ئاشکرایە، ئەو باوکە بەتەمەنەی مەحاڵە بتوانێ بەتەنیا تاوانێکی وا ئەنجام بدا، کەچی لەنێو هەموو تۆمەتباراندا، حوکمی لەداردان بۆ ئەو دەرچوو.

ئەو پاساوەی حوکمەکە پشتی پێ بەست، لە سەرلەبەری کەیسەکە، ماقوولْتر نەبوو. ئەو قازییانەی سوور بوون لەسەر لەداردانی جان گالاس، بەم پاساوە هاوکارەکانی خۆیان گەیاندە ئەو بڕوایەی پشتگیریی بۆچوونەکەیان بکەن: گوتیان گوایە ئەم پیاوە بەتەمەنە، لەڕوڵاوازە، خۆی بەرگەی دارکاری ناگرێ و کاتێک جەلادەکان دەست بەوردوخاشکردنی ئێسکەکانی دەکەن، دان بەتاوانەکە و بەشداریی ئەوانی تریش لەگەڵیدا دەنێ. بەڵام وا دەرنەچوو، زۆر بەخۆیاندا شکانەوە دەمێک پیرەمێردەکە گیانی دەدا و ئەوەی نەکرد، هێندە نەبێ، خوای دەکردە شایەت کە لەو تاوانە بێبەرییە و دەپارایەوە خوا لە گوناهەکانی خۆش بێ. بۆیە ناچار بوون، حوکمێکی تر دەربکەن، پێچەوانەی یەکەم، بێبەریکردن و ئازادکردنی دایکەکە، پیێر، لاڤیس و کارەکەرەکەیان. بەڵام ڕاوێژکارێکی دادگە، پێی گوتن کە حوکمی دووەم تانەیە لە حوکمی یەکەم و قازییان خۆیان تاوانبار دەکەن بەو حوکمە کە بەڵگەیە بۆ بێبەری و بێ گوناهیی باوکە غەدرلێکراوەکەش کە لە کاتی کارەساتەکەدا، یەک چرکەش لەوان جیا نەبووتەوە، بۆیە قازییەکان حوکمێکی تریان دەرکرد: شاربەدەرکردنی پیێری کوڕە ناوەنجییەکەی جان گالاس. ئەم بڕیارەش دیسان نالۆگیکی بوو. ئاخر یان دەبێ پیێر گالاس بێبەری بێ لە خوێنی براکەی، یان دەبێ دەستی لە تاوانەکەدا هەبێ و ئەمیش وەک باوکی لەدار بدرێ، خۆ ئەگەر بێبەری بوو، ئیتر پاساوێک بۆ شاربەدەرکردنی نامێنێ. ڕاستت دەوێ، قازییەکان کە بە دارکاری و لەداردانی باوکەکە شاگەشکە بووبوون، ئەو خواناسییەش کە باوکەکە پێشوازیی مەرگی پێوە کرد، بەهەڵەدا چوون کە پێیان وابوو شەرەفی خۆیان دەکڕنەوە و ڕووی خۆیان سپی دەکەنەوە گەر وای پێشان بدەن گوایە لە کوڕەکە دەبوورن؛ وەک ئەوەی ئەم لێبوواردنە کەمتەرخەمییەک نەبێ لەو ئەرکەی لە ئەستۆیانە. بەهەڵەشدا چوون کە پێیان وابوو شاربەدەرکردنی بێ بەڵگەی گەنجێکی هەژار، هیچ گرینگ نییە، سزایەکە، زوڵمێکی زۆری تێدا نییە بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی دەرهەقی باوکەکەیان کردووە.

پیێر گالاس سوێندی دەخوارد[١٢] کاتێک لە گرتیگە بووە، زۆر جاران هەڕەشەی لێ کراوە بەدەردی باوکی دەبەن گەر لە ئاینەکەی وەرنەگەڕێ. ئەو دەمەی شاریشی بەجێ هێشت لە ڕێگە

تووشی قەشەیەک بوو، قەشەکە، پیێری بەتۆپزی گەڕاندەوە بۆ تۆلۆز و ناچاری کرد لە مەزارێکی بابە دۆمینیکییەکاندا تێکڕای سروودە کاتۆلیکییەکان ئەنجام بدا: خۆ خەڵکەکەش هەر ئەمەیان لێی دەویست. بەو جۆرە خوێنی باوکەکە حەڵاڵ کرا و ئاینێکیان ڕازی کرد کە قازییەکان بەهەڵە پێیان وابوو تۆڵەی بۆ دەسەننەوە.

هاوکات، کچەکانی جان گالاس بەزۆر لە دایکیان جیا کرانەوە و لە دێرێکدا دەستبەسەر کران. ئەو دایکە کە هێندەی نەمابوو خوێنی مێردەکەی تەڕی بکا، باوەشی بە تەرمی کوڕە گەورەکەیدا کردبوو، کوڕێکی تری شاربەدەر کرا، کچەکانی لێ دوور خراوەتەوە، ماڵەکەی تاڵان کرا، تاک و تەنیا لەم دنیایەدا، نە هیوا و ئومێدێک نە دوعا و پاڕانەوە، نە پشتیوانێک نانە ڕەقەیەکی بۆ پەیدا بکا پێی بژی، کۆستەکانی هێندە گەورە بوون، ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، هێندێک خەڵک بەزەییان پێدا دەهاتەوە، کاتێک ئەو هەموو کارەساتەیان بینی و گوێیان لە وردەکارییەکان بوو، ئیستەرمیان کرد، دەستەوئەژنۆ دانەنیشێ و سکالانامەیەکی زوڵم لێکراوی خۆی بەرز بکاتەوە بۆ پاشا. دایک، هێز لەبەربراو، بگرە لە گیانەڵادا بوو، چونکە بەڕەچەڵەکیش ئینگلیز بوو، بای ڕۆژگار لە منداڵییەوە فرێی دابووە شوێنێکی دوورەدەستی فرەنسا، تەنیا ناوهێنانی پاریس بەس بوو بۆ ئەوەی بتۆقێ. بەڵای ئەوەوە پایەتەختی پاشا، دەبێ زۆر دڕندانەتر بێ لە پایەتەختی لانگدۆنگیان. بەڵام سوێی مێردەکەی و ویستی تۆڵەسەندنەوە، گوڕێکی وەبەرهێنایەوە و دواجار ڕووی لە پاریس کرد، سەری سوڕما لەو پێشوازییی و هاوپشتی و هاوسۆزییەی لەوێ بینی.

لە پاریس، عەقڵ لە سەروو دەمارگیرییەوەیە چەندی توند بێ، وەلێ لە هەرێم و ناوچەکانی تردا، هەر دەمارگیری دەیبردەوە.

ئەوە بوو بەڕێز دی بۆمۆن، پارێزەری ناسراو لای دادگەی باڵای پاریس، یەکەمین کەس بوو، بەرگریکردنی لە خاتوو گالاس گرتە ئەستۆی خۆی: سکالانامەیەکی بەئیمزای پازدە هاوکاری نووسی. بەڵام بەڕێز لوازۆ، کە کەس هێندەی ئەو قسەزان نەبوو، یاداشتنامەیەکی نووسی بۆ بەرگری لە خێزانی گالاس، هاوکات بەڕێز ماریێت، پارێزەر لە ئەنجوومەنی شاهانە، داواکارییەکی نووسی بۆ چاوخشاندنەوە بەپرسی ئەم خێزانەدا: داواکارییەکەی سەرنجی زۆر خەڵکی ڕاکێشا. نابێ بیرمان بچێ، ئەو سێ داکۆکیکارە مەردە لە یاسا و بێبەرییوون، بەبێ هیچ پارەیەک بەرگرییان لەو بێوەژنە قوڕبەسەرە دەکرد(١٣).

سەرلەبەری پاریس، بگرە سەرانسەری ئەوروپا، هاوسۆزی و پشتیوانیی داواکانی ئەو بێدەسەڵاتەی دەکرد. ئەوە بوو بەڕاستی، جەماوەرێکی زۆر پشتیان گرت و حوکمی خۆیان دا، ماوەیەکی زۆر بەر لەوەی دادگەی باڵا حوکمی خۆی بدا.

ئەو هاوسۆزی و بەزەییە، گەیشتە داواکاریی گشتیش، هەرچەندە لێشاوی کێشە و سکالاکان لەوانەیە بەزەیی کەم بکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی، مامەڵەی ڕۆژانە لەگەڵ کڵۆڵاندا، دڵی مرۆڤ ڕەق دەکا. دواجار دادگەی باڵا بڕیاری دا و کچەکان گەڕێندرانەوە لای دایکیان. ئەو سێ قازییانەی،

سێ کچەکەی گالاس بەڕەشپۆشی و ڕوخساری بەفرمێسکەوە چوونە بەردەمیان، دەستیان بەگریان کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا خەڵکێک هەبوو دژایەتیی خێزانی گالاسیان دەکرد، چونکە پرسەکە پێوەندیی بەئایینەوە هەبوو. ژمارەیەک لەو کەسانەی، لە فرەنسا بە Les devots (ورعاء)[١٤] واتە؛ لە خواترس یان خواناس، دەناسران، دەنگیان بەرز کردەوە و ڕایان دەگەیاند، لەداردانی پیرەمێردێکی کالڤنی، با بێبەرییش بێ، لەوە باشترە، هەشت قازیی لانگدۆنگی دان بەوەدا بنێن حوکمەکەیان هەڵە بووە، بگرە بەئەنقەست ئەم ڕستەیەیان بەکار دەهێنا: "ژمارەی قازییەکان لە ژمارەی خێزانی گالاس زیاترە"، بۆ ئەوەی وا لە خەڵکەکە بگەیەنن کە قەیدی چییە گەر خێزانی گالاس ببنە قوربانی بۆ کڕینەوەی شەرەفی قازییەکان. بێ ئەوەی ئەوە بەعەقڵیاندا بێ کە شەرەفی قازییەکان وەک شەرەفی هەموو مرۆڤەکان لەوەدایە فریای هەڵەکەیان بکەون. ئێمە لێرە، لە فرەنسا، لەوانە نین کە باوەڕیان وایە پاپا بەهەموو کەرادیلەکانی دەوروپشتیشییەوە، هەڵە ناکا؛ کەواتە بۆچی هەشت قازیی تۆلۆز هەڵە ناکەن؟ ڕاستییەکەی، سەرلەبەری خەڵکە عاقڵ و پاکەکە لەو بڕوایەدا بوون؛ ئەو حوکمەی دادگەی تۆلۆز بچووبایە بەردەم هەر دادگەیەکی ئەوروپا، ڕەت دەکرایەوە، ئەگەرچی لەبەر هێندێک حسێبی تایبەتی دادگەی باڵای فرەنسا ڕەتی نەکردەوە.

لێکەوتەوەکانی ئەو پرسە سەیرە کەیشتبووە، ئەو ئاستە، پاڵێ بەکەسانێکەوە نا کە نیازێکی کەسێنییان نەبوو، بەڵام دەرکیان بەگەورەییی کارەساتەکە دەکرد، هێندێک هزر و ڕامانی خۆیان لەبارەی لێبوردەیی، بەزەیی و خەونەکانی مرۆڤەوە پێشکێش بەجەماوەر بکەن، ئەو هزرانەی ڕەبەنێکی وەک هۆتفیل[١٥]، لە ڕۆمانێکی پڕ لە هەڵە و خۆنواندندا، کاتێک هەڵکەوتەکان دەگێڕێتەوە، بێ دوودڵی، ناتۆرەی "بیروباوەڕی ناشیرین"یان لێ دەنێ، ئەمە لە کاتێکدا گەر بەعەقڵ لێکیان بدەینەوە، ئەو هزرانە، لە خەسڵەتە سروشتییەکانی مرۆڤن.

کەواتە، یان قازییە دەمارگیرە دڵڕەشەکان، فەرمانیان بەلەداردانی باوکێکی بێبەری دا، ئەمەش پێشتر ڕووی نەداوە؛ یان باوکەکە، بەهاوکاریی هاوسەرەکەی و کوڕەکەی تری و برادەرێکی کوڕە خنکاوەکەی، کوڕە گەورەی خۆی هەڵواسیوە، ئەمەش پێچەوانەی سروشتە. لە هەردوو دۆخدا، زێدەڕۆیی لە ئاینپەروەریدا، با ئاینەکەش لە پیرۆزترین ئاینەکان بێ، بووە هۆکاری تاوانێکی بێزراو، دواتر، لە بەرژەوەندیی سەرلەبەری مرۆڤایەتییە بەدوای ئەم پرسیارەدا وێڵ بێ: ئاخۆ پێویستە ئاین میهرەبان بێ یان درندە.

ئەنجام و لێکەوتەوەکانی لەداردانی جان گالاس

ئەگەر تۆبەکارانی سپی، هۆکاری لەداردانی مرۆڤێکی بێبەری بوون، هۆکاری تێکدانی خێزانێک و ڕیسواکردنیان ئاخر لەداردانی هەر کەسێک، واتە ڕیسواکردنیشی، هەرچەندە ئەگەر ڕیسواییەک لە ئارادا بێ، ئەوە ڕیسواییە بۆ ستەم و جەور و ناعەدالەتی، خۆ ئەگەر تۆبەکارانی سپی، پەلەیان

کرد له پیرۆزکردنی کەسێکدا کە بەگوێرەی داوونەریتە هوڤییانەکانمان تەنیا شایانی ئەوە بوو بە شەقامەکاندا ڕابکێشرێ، هەروەها بوونە هۆکاری لەداردانی پیاوچاکێکیش، بۆیە وا باشە تا دەمرن تۆبە لەو گوناهانەیان بکەن، لەسەر ئەوان و قازییەکانیش پێویستە، بگرین، بێ ئەوەی عەبای سپی بپۆشن، بێ ئەوەی پەچە و ڕووپۆش هەڵبەستن تا فرمێسکەکانیان نەشارنەوە.

کۆمەڵە و گرووپەکانی براگەل، شایانی ڕێزن، چونکە بانگهێشتنی لە خوا ترسان دەکەن، بەڵام ئاخۆ چاکەیان هەرچەندێ بێ بۆ دەوڵەت، دەگاتە ئەو خراپەیەی هۆکاری بوون؟ وا دیارە، ئەو براگەلانە لەسەر بنەمای ئەو دژایەتییە دامەزراون کە کاتۆلیکییەکان هەیانە بەرانبەر ئەوانەی ناومان لێ ناون هۆگۆنۆتییەکان.

ئاخر ئەم براگەلانە خۆیان نەزری خوا کردووە تا براکانیان ببوغزێنن، وەک ئەوەی هێندە ئایندار بن بەشی بوغزاندن و چەوساندنەوەشیان بکا، لە کاتێکدا بەشی خۆشەویستی بەدەنگەوەچوونیان ناکا. بڵێی چی ڕووی بدایە ئەگەر سەرانی براگەلەکان خەڵکێکی دەمەڕاش و سەرچڵ بوونایە، وەک دۆخی پێشتری کۆمەڵە پیشەییەکان و سەرکاران کە قسەی پڕوپووچ و خەوننامە بووبوونە نەریت و ڕێگەیەکی بڕیاردراو، بەڵێی قسەی یەکێک لە لێهاتووترین و زاناترین قازییەکانمان؟ دۆخەکە چۆن دەبوو ئەگەر کۆمەڵەکانی براگەل ئەو ژوورانەیان هەبوایە کە پێی دەگوترێ "ژووری ڕامان"، لەو ژوورانەدا وێنەی ئیبلیسی شاخدار بەنینۆکی درێژەوە، گێژاوێک گڕی ئاگری لێ بەرز دەبێتەوە، خاچ و خەنجەر هەڵواسراون و لەسەری تابلۆکەشەوە ناوی یەسوعی پیرۆز نووسراوە؟ دەزانی چ دیمەنێکە بۆ چاوانێکی سیحراوی و مێشکگەلێکی گڕگرتووی ئامادە بۆ کەسێک تەنیا فەرمانی پێ بکا.

پێویست ناکا ئەوە بیر بێنینەوە کە کۆمەڵەکانی براگەلان ڕۆژگارێک مەترسیدار و زیانگەیێن بوون؛ ئاخر ئەندامانی ئەو براگەلانە و زەرگوەشێنەکان[١٦] گەلێک جاران پشێوی و ئاژاوەیان ناوەتەوە. ڕاستییەکەشی ئەوەیە؛ یەکگرتووی کاتۆلیکییەکانیش، هەر لەسەرینی ئەو براگەلانەوە هاتبووە دامەزراندن. ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێش: بۆچی وا سوورن لەسەر خۆجیاکردنەوە لە هاوولاتییانی تر؟ ئایە بەهۆی لەخۆڕازیبوون و هەست بەباڵادەستییەوەیە؟ ئەگەر وایە، چما ئەوە سووکایەتی نییە بە خەڵکەکەی تر؟ ئاخۆ دەبێ سەرلەبەری مەسیحییەکان سەر بەبراگەلێک بن؟ ئای ئەوروپا چەند جوانە ڕۆبێکی لە خۆی پێچاوە و دەموچاوی هەڵپێچاوە و تەنیا کونی چاوی بەدەرەوەیە؟ باشە ماقوولە پیاو پێی وابێ خوا ئەو جلکە عەنتیکەیەی مایەی پێکەنینە لە جلکی ئاسایی بەچاکتر بزانێ؟ لەوەش زیاتر: ئەو جلکە، هەمان ئەو جلکەیە کە لایەنە ئایینییە ناکۆکەکان لەبەریان دەکرد. ئەوانەی ئەو جلکانە دەپۆشن وەک ئەوەیە بە ڕکابەرەکانیان بڵێن ئامادە بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە. کوانووی هەڵگیرساندنی شەڕێکی نێوەخۆ دەهێنێتەوە پێش چاوان کە تەڕ و وشکی پێکەوە دەسووتاند، ئەگەر پاشا و وەزیرەکانی هێندەی بێ عەقڵی و سەرچڵی دەمارگیرەکان، عاقڵ نەبوونایە.

ئێمە دەزانین، نرخی ئامبازبوون و شەڕی خۆبەخۆی مەسیحییەکان لەسەر بیروباوەڕ چەند بووە. لە سەدەی چوارەمەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، هەر خوێنە و دەڕژێ، یان لەنێو ئاگردان و لەسەر سەکۆکانی لەداردان یان لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا. بەڵام با لێرەدا تەنیا باسی ئەو شەڕ و کارەساتانە بکەین کە لە دژکارییەکانی بزووتنەوەی چاکسازیی پڕۆتستانتی کەوتنەوە، با لە بنەوانەکانی بکۆڵینەوە لە فرەنسا. بەڵکو ئەمە خوایە خستنەڕوویەکی کورت و ڕاستیی ئەو هەموو ئازار و کارەساتانە، چاوی خەڵکێکی ناحاڵی و بێ ئاگا بکاتەوە و کار لە دڵە باشەکان بکا.

بیرۆکەی چاکسازی لە سەدەی شازدەمدا

کاتێک لە سەردەمی بووژانەوەدا، خەڵکەکە کەمێک عەقڵ و چاوی کرایەوە، خەڵک بەگشتی داد و بێدادیان بوو لە دەست جەور و ستەمی دەسەڵات؛ ئەمڕۆ هەمووان یەک دەنگن ئەو سکاڵایەی خەڵک ڕەوا بوو. بۆ نموونە، پاپا ئەلکسەندەری شازدەم، بەئاشکرا تاجی پاپای کڕی. هەر پێنج کوڕە بێژییەکەشی، هاوبەشی دەستکەوتەکانی بوون. بەتەگبیر لەگەڵ باوکیدا، کوڕێکی پاپا، کاردینال و دۆقی بۆرجیا، دەستی گرت بەسەر بەشێک لە مووڵک و ماڵی بنەماڵەی ڤیتیللی، ئۆربینۆ، گراڤینا، ئۆلیڤریتۆ و نێزیکەی سەد مووڵکداری تردا. هەر بۆ دەستکەوتی کەسێنی، پاپا یۆلیۆسی دووەم، سزای کڵێسای بەسەر شا لویسی دوازدەمدا سەپاند و مووڵکەکانیشی دا بەوانەی چاویان تێ بڕیبوو؛ بەشێکی ئیتاڵیاشی بەدەستی خۆی ڕۆیان کرد و خراپەکاریی تێدا بڵاو کردەوە. لەگەڵ شەڕکەراندا دەستی بەشەڕ کرد، کڵاوی ئاسنینی لە سەر کرد و قەڵغانی گرت بەدەستەوە، لە کاتێکدا ئەو سەرداری کڵێسای باڵا بوو. هەرچی پاپا لاونی دەیەمیشە، دەستی بەفرۆشتنی پسوولەی لێخۆشبوون کرد، وەک ئەوەی شمەکێک بێ و لە بازاڕدا بفرۆشرێ، بۆ ئەوەی بەخەرجی تەخشانوپەخشان و لەزەتەکانیدا ڕابگا. ئەوانەش کە ڕەخنەیان لەم دزی و تاڵانییە گرت، لە ڕووی ئاکارییەوە هەڵەیان نەکردووە، دەبا بزانین ئەی لە ڕووی سیاسییەوە هەڵەیەکیان دەرهەق کردووین.

گوتیان مەسیح هەرگیز باجێک یان جیزییەیەکی دانەناوە بدرێتە کڵێسا. قەت لێبووردنی ئەم دنیا و پسوولەی لێخۆشبوونی ئەو دنیای نەفرۆشتووە؛ کەواتە بۆچی ئەوەی مەسیح داوای نەکردووە، بیکەینە مااڵ لەسەر خۆمان و بیدەینە کاربەدەستێکی بێگانە؟ با بڵێین باجی سااڵنەی کڵێسا و داواکانی بەردەم دادگەی ڕۆما و لێبووردنەکانی کڵێسا کە تا ئەمڕۆ کاری پێ دەکرێ، سااڵنە ناگاتە زیاتر لە پێنجسەد هەزار فرەنک، مانای وایە؛ ئێمە لە سەردەمی شا فرانسوای یەکەمەوە، واتە؛ لە ماوەی دووسەد و پەنجا ساڵدا، نێزیکەی سەد و پەنجا ملیۆن فرەنکمان بە کڵێسا داوە. خۆ ئەگەر هەڵبەز و دابەزی نرخی مارکی زیوین[١٧] وەرگرین لەو دووسەد و پەنجا ساڵەدا، لەوانەیە ئەو بڕە پارەیەی بە کڵێسامان داوە، خۆی لە دووسەد و پەنجا ملیۆن فرەنکیش بدات. کەواتە، بێ ئەوەی بە بێ ئەمەکی تۆمەتبار بکرێین، دەتوانین بڵێین هەرتوقییەکان (هیرتیکیکەکان)، هیچ ئازارێکی شانشینەکەیان نەداوین کاتێک داوای لابردنی ئەم هەموو باجە

عەنتیکەیە دەکەن کە ڕۆژێک دێ نەوەکانی داهاتوو سەیریان پێیان دێ. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی خەڵکێکن، دەست بەمالّی خۆیانەوە دەگرن، نەک پێمان وابێ میللەتێکی ڕەزاگرانن. سەرباری ئەوەش، تەنیا ئەوان زمانی یۆنانی دەزانن و بەهۆیەوە شارەزای مێژووی کۆنن، کەواتە با ڕاشکاو بین و بڵێین، سەرەڕای هەڵەکانیان، ئێمە قەرداربارینین لە پێشڤەچوونی عەقڵی مرۆڤایەتی کە سالانێکی زۆر لەژێر چنگی هوڤیایەتییەکی (همجية) تاریکدا دەینالاند.

بەڵام مادام نکوولّییان لە بوونی پاکخانە (المطهر)[١٨] کرد، کە نابێ گومان لە بوونی بکرێ و هاوکات دەستکەوتێکی چاکیشی بۆ ڕاهیبەکان تێدایە؛ چونکە ئامادە نەبوون ڕێز لەو مەزارانە بگرن کە ئێمە لەسەرمانە ڕێزیان بگرین، چونکە پیرۆزن دەستکەوتی ئەمەشیان بۆ قەشەکان زۆر زیاترە ؛ لەبەرئەوەی هێرشیان کردە سەر بیروباوەڕەکانی کڵێسایەک کە حسیبێکی مەزنی بۆ دەکرێ[١٩]، دەبووا تاکە وەڵامدانەوەیان، یەکەم شت، سووتاندنیان بووایە، ئاخر پاشا لە ئەڵمانیا دەیانپارێزێ و هاوکارییان دەکات و پێیاندا هەڵدەدا، کەچی کاتێک بەنێو پاریسدا دەڕۆیشت، دوا وێستگەی کاروانەکەی، لەداردانی ژمارەیەک لەو بەستەزمانانە بوو. با لەداردانەکەشیان بگێڕمەوە: هەموویان بەنیرگەیەکی درێژی تەختەوە بەستراونەوە و بەداربڕێکی بەرزەوە هەڵواسران، ئاگرێکی گەورەیان لە بن پێیاندا کردەوە، بەمەشێوەیە تاڵاوی مردنیان قوم قوم چەشت، تا دوا هەناسەیان دا لەنێو دارکارییەکدا گینگڵیان دەدا، لە بێ ویژدانانەترین جۆرەکانی دارکاری بوو.

کەمێک بەر لە مردنی شا فرانسوای یەکەم چەند ئەندامێکی دادگەی دەڤەری بڕۆڤانس، داوایان لە پاشا کردبوو، ئەڵبەت بەدنەدانی هێندێک پیاوانی ئاینی لە دژی دانیشتوانی هەردوو شارۆکەی مریندۆڵ و کابریێر[٢٠]، بە هێزی چەکدار هاوکارییان بکات تا بتوانن نۆزدە کەسی ئەو دەڤەرە لەدار بدەن؛ ئەوە بوو لە جیاتیی نۆزدە، فەرمانی سەربڕینی نێزیکەی شەش هەزار کەسیان دا، بە منداڵ و ژن و پیرەکانەوە، سی شارۆکەیان وێران کرد و کردیانە خۆڵەمێش. تەنیا تاوانی ئەو خەڵکەش ئەوە بوو بەڤاڵدیی لەدایک بوون[٢١]. ئەڵبەت، ڤاڵدییەکان، سێسەد ساڵ بوو نیشتەجێی ئەو ناوچە چۆڵە و لووتکەی چیاکانی بوون و بەدەست و بازووی خۆیان ناوچەکەیان ئاوەدان کردبووەوە، ژیانێکی شوانکارەییی هێندە بێبەری دەژیان، دەتگوت ژیانی سەردەمە هەرە کۆنەکانە. شارەکانی دەوروبەری خۆیان نەدەبینی، مەگەر بۆ فرۆشتنی میوە نەبووایە؛ نەیاندەزانی داوای قەزایی و شەڕ چییە، کاتێک هێرشیشیان کرایە سەر، بەرگرییان لە خۆیان نەکرد: کەچی وەک مااڵت لەنێو گەورەکەیاندا سەر بڕان[٢٢].

پاش مردنی شا فرانسوای یەکەم، ئەو پاشایەی سەرەڕای هەر شتێ، بە عاشقانێ و کارەساتەکانیەوە ناسرا، زیاتر لەوەی بەدڵرەقی و ستەم بناسرێ. لە سەردەمی ئەودا، دووهەزار هەرتوقی لەدار دران کە ڕاوێژکار دێ بۆر[٢٣]یان لەنێودا بوو، دواتر کۆمەڵکوژییەکەی شاری ڤاسی[٢٤]، ئەو کۆمەڵکوژییەی، بووە هۆکاری دەستدانە چەک و وەستانەوەی چەوساوان، کە تا دەهات لەژێر باری سووتاندن و شمشێری جەلادەکاندا ژمارەیان زۆرتر دەبوو، بە ڕووی

چەوسێنەراندا. کاتێک ئیتر زوڵم ئۆقرەی لەبەر بڕین، ئەمانیش هەمان تاوانەکانی دوژمنەکانیان دووپات کردەوە، کۆمەڵکوژی سەرلەبەری فرەنسای گرتەوە، فرەنسا گیرۆدەی نۆ شەڕی خۆبەخۆ بوو، دواجاریش کاتێک ئاشتی ڕاگەیەندرا، زیاتر لە شەڕەکان، بووە هۆکاری بەدبەختی و نەگبەتی، ئاخر لە شەوی جەژنی ساڵوەگەڕی قدیس بارتلیمی[٢٥]دا، کۆمەڵکوژییەک بەرپا کرا، لە تۆمارەکانی تاواندا بێ وێنە بوو.

یەکگرتوو[٢٦] دەستی تەواوی هەبوو لە کوشتنی هەردوو پاشا، هینریی سێیەم و چوارەمدا، یەکەمیان بەدەستی ڕاهیبێکی دۆمینیکانی و دووەمیشیان بەدەستی کەسێکی هوگییانە کە پێشتر سەر بە براگەلە دەستگرەوەکان بوو. خەڵکانێک هەن دەڵێن، مەیلی مرۆڤانە و لێبووردەیی و ئازادیی ویژدان، پرسگەلێکی تۆقێنەرن، بەڵام ئاخۆ ئەو کارەساتانەیان لێ دەکەوتەوە؟ با ڕاستگۆیانە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.

ئاخۆ لێبووردەیی مەترسییە؟ لای کام گەلانە ڕێی پێ دەدرێ؟

ڕەنگە کەسێک بڵێ ئەگەر ئێمە نەرمونیانییەکی باوکانەمان بەرانبەر براگەلە سەرلێشێواوەکانمان نواند کە بەشڕەفرەنسییەک نوێژەکانیان دەکەن، ئەوە چەکدارییان دەکەینەوە و ئاگری ئاژاوەیەکی تازە لە: ژرناک، مونکۆنتۆر، کۆتراس، درۆزسان دۆنی[٢٧] و... هتد، هەڵدەگیرسێنین.

ئا لەمە تێ ناگەم، چونکە پێغەمبەر نیم؛ بەڵام بێم وایە کارێکی چاک ناکەین گەر بڵێین: "کاتێک مامەڵەی خراپمان لەگەڵ ئەو خەڵکەدا کرد، چەکیان هەڵگرت و یاخی بوون، خۆ ئەگەر بەجوانیش مامەڵەیان بکەین، هەر یاخی دەبن".

ڕێ بەخۆم دەدەم، داوا لە فەرمانڕەوایانی خۆمان و ئەوانەی خۆیان بۆ پلە و پایەی گەورە ئامادە کردووە، بکەم، چاک لەم پرسیارانە ورد بنەوە: ئاخۆ دەبێ لەوە بترسین ئەو نەرمونیانییە باوکانەیە ئاژاوەگەلێکی لێ دەکەوێتەوە، وەک ئەو کاتەی دڵڕەق بووین بەرانبەریان؟ ئاخۆ ئەوەی لە دۆخێکی دیاریکراودا ڕووی دا، لە دۆخێکی جیاوازیشدا دووپات دەبێتەوە؟ بڵێی، ڕۆژگار، بۆچوونەکان و نەریتەکان هەروەک خۆیان بن و نەگۆڕێن؟.

لەوانەیە دەمارگیریی هۆگۆنوتییەکانیشی گرتبێتەوە، ڕەنگە دەستی ئەوانیش وەک ئێمە خوێناوی بووبێ؛ بەڵام ئاخۆ نەوەی ئێستا وەک باو و باپیرانیان هۆڤین؟ بڵێی، زەمانە، پێشکەوتنی عەقڵ، بڵاوبوونەوەی کتێبی چاک و هێوربوونەوەی کۆمەڵگە، کاری خۆیان لەوانە نەکردبێ کە چارەنووسی گەلانیان بەدەستە؟ مەگەر ڕوخساری سەرلەبەری ئەورووپا لەم پەنجا ساڵەی دواییدا نەگۆڕاوە؟

بەڵێ، لە هەموو شوێنێک فەرمانڕەوایی، بەهێز و جێگیر بووە، هاوکات ئاکاری گشتی جوانتر و نەرمتر بووە. زیاتریش دەڕۆم و دەڵێم، پۆلیس، بەپشتیوانیی سوپایەکی زۆر و کاریگەرەوە، وامان لێ دەکا لە گەڕانەوەی ڕۆژانی ئاژاوە نەترسێین، ئەو ڕۆژانەی جووتیارە کاڵفنییەکان کە

بەپەلەپرووزێ دنە دەدران شەڕی جووتیارە کاتۆلیکییەکان بکەن لە نێوان وەرزی تۆوکردن و دروێنەدا.

زەمانە گۆڕاوە، هەڵسوکەوتەکانیش، ئاخر گێلێتییە گەر ئەمڕۆ بیر لە تێکدانی زانکۆی سۆربۆن[٢٨] بکەینەوە بەبیانووی ئەوەی پێشکەوتووە، یان گوایە لە کۆندا، بەنووسراوێک داوای سووتاندنی پاکیزەکەی ئۆرلیان[٢٩]ی کردووە، یان بەبیانووی ئەوەی سۆربۆن وای کرد کلێسا ماف نەداتە هینریی سێیەم لە تەختی پاشایەتیدا بمێنێتەوە و لێی حەرام بکا، هەمان شتیشی لەگەڵ هینریی چوارەمدا کرد. هەروەها ناشێ بکەوینە دووی دەزگەکانی تریش بەبیانووی ئەوەی لە کاتی هەڵچوون و پێکهەڵپژانەکاندا، پێشێلکارییان ئەنجام داوە؛ ویژدان قبوولّی ناکا، بگرە شێتایەتییە ئەمڕۆ داوا بکەین شاری مارسیلیا لە تێکڕای دانیشتوانەکەی پاک بکرێتەوە، بەبیانووی ئەوەی ساڵی ١٧٢٠ تاعوونی تێدا بڵاو بووەتەوە.

بچین ڕۆما تاڵان بکەین و جارێکی تر بیسووتێنینەوە وەک ئەوەی شارلی پێنجەم[٣٠] کردی، چونکە پاپا سیستۆسی پێنجەم[٣١]، نۆ ساڵان "لێخۆشبوونی"[٣٢] دا بەهەموو ئەو فرەنساییانەی چەک بە ڕووی پاشاکانیاندا بەرز دەکەنەوە؟ باشە وا چاکتر نییە ڕێ لە ڕۆما بگرین سەرلەنوێ ئەو پێشێلکارییانە نەکاتەوە؟

ئەو تووندوتیژییە درەی عەقڵی لاهوتی داخراو بەروی پێ دەدا و ئەو زێدەڕۆییەی لە ئەنجامی تێنەگەیشتن، لە ئاینی مەسیحیدا دەکرێ، کارەساتی کەمتری لە فرەنسا، بەسەر ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و تەنانەت هۆڵەندا شدا نەهێناوە، کەچی ئێستە لەو وڵاتانە، فرەئاینی نابێتە مایەی ئازاوە و کێشەنانەوە، لەوێ جوولەکە، کاتۆلیکی، ئەرتەدۆکسی، لۆسەری، کاڵڤنی، بانگخوازانی نوێکردنەوەی پاکژی (داعی تجدید المعمودیة)[٣٣]، سۆسینی[٣٤]، مینۆنی[٣٥]، مۆراڤی[٣٦] و خەڵکی تریش، وەک برا پێکەوە دەژین و بەیەکسانی خزمەتی کۆمەڵگەکەیان دەکەن.

ئێستە لە هۆڵەندا، خەڵک لەوە ناترسن شەڕەقسەیەک لەبارەی قەدەرەوە، وەک ئەوەی گۆمار[٣٧]، ببێتە هۆی سەربڕینی وەزیری یەکەم. خەڵک لە لەندەن چیی تر مەترسیی ئەوەیان نییە، گفتوگۆیەکی ڕووبەڕووی کاڵڤنی[٣٨] و ئەنگلیکانییەکان[٣٩] لەبارەی سرووتێک لە سرووتە ئاینییەکان یان جلکەکانی قەشە لە کاتی نوێژدا، ببێتە هۆی حەڵاڵکردنی خوێنی پاشا و لەداردانی[٤٠]. ئێرلەندا کە دەوڵەمەند بووە و ژمارەی دانیشتوانی دوو هێندەی جارانە، چیی تر هاووڵاتییە کاتۆلیکییەکان، بەناوی خواوە کۆمەڵکوژییەکی دوو مانگە بەرپا ناکەن بۆ سەربڕینی هاووڵاتییە پرۆتستانییەکان، نابینی زیندەبەچاڵیان بکەن، دایکانیان بە دارتێلەکاندا هەڵواسن و کچەکانیشیان توند بەدایکەکانەوە ببەستنەوە و زەق زەق تەماشایان بکەن تا گیانیان دەردەچێ. چیی تر ئێرلەندا بەخۆیەوە نابینێ، هاووڵاتییە کاتۆلیکییەکانی ورگی ژنە دووگیانەکان هەڵدڕن و کۆرپەلەکەی لێ دەربێنن و بیخەنە بەردەم بەراز و سەگەل تا بیخۆن؛ یان دەستی دیلەکانیان ببەستنەوە و کێردێک بخەنە دەستی بەستراوی دیلەکانیانەوە و بەدەستی ئەوان چەقۆکە لە سکی

ژنەکانیان، دایکیان، باوکیان و کچەکانیان بدەن و دواتر تۆمەتباریان بکەن بەکوشتن و لەداریان بدەن. ڕایان _ تواراس کە ئەفسەرێکی ئێرلەندییە و ئێستەش لە ژیاندایە، ئەم چیرۆکانەی گێڕاوەتەوە؛ ئەم چیرۆکانە لە تەواوی کتێبە مێژووییەکانی ئینگلتەراشدا هەن؛ کە پێم وا نییە جارێکی تر دووبارە ببنەوە. ئاخر ئەوە تەنیا فەلسەفەیە، دەستەخوشکی ئەم ئاینە، وای کرد خەڵکانێک چەکەکانیان فڕێ بدەن کە بەهۆی بیروباوەڕی پڕوپووچەوە، سالانێکە دەستیان خوێناوییە؛ عەقڵی مرۆڤیش، ئەگەر هاتەوە هۆش خۆی، تووشی شۆک دەبێ لەو دڵڕەقی و جۆرە تۆندوتیژییانەی، دەمارگیرانە، پێڕەویان بکات.

ئێمە لە فرەنسا دەڤەرێکی دەوڵەمەندمان هەیە، زۆرینەی دانیشتوانی دەڤەرەکە لۆسەرین(١٥) نەک کاتۆلیکی. زانکۆی ئەلزاس ئەمڕۆ بەدەست لۆسەرییەکانەوەیە، زۆربەی کاربەدەستانی شارەوانیش هەر لۆسەرین: کەچی لەو ڕۆژەوەی دەڤەرەکە بووە بەبەشێک لە شانشینەکەمان، یەک ڕووداوی ناخۆشیش ڕووی نەداوە. بۆچی؟ چونکە یەک تاقە کەسیش نەچەوسێنراوەتەوە. ئاخر ئەگەر کەس بریندار نەکەین، هەموو کەس هاوسۆزمان دەبێ.

من ناڵێم ئەوانەی لەسەر ئایینی پاشا نین، هەقە هەموو پلە و پایە و دەستکەوتەکان لەگەڵ لایەنگرانی ئایینی زۆرینەدا وەک یەک دابەش بکەن. ئەوەتا لە ئینگلتەرا، کارە حکوومەتییەکان نادرێ بەو کاتۆلیکییانەی لایەنگری ئەو کەسەن کە داوای تەختی پاشایەتی دەکات[٤١]، بگرە باجەکەشیان دووقاتە. بەڵام جگە لەوە، ئیتر هەموو مافێکی هاوواڵاتیان هەیە.

گومان زۆر لەو قەشە فرەنسییانە دەکرا کە گوایە گوتوویانە؛ هاتوچۆی کاڵڤنییەکان بۆ ئەبرەشییە و کڵێساکانیان، نە مایەی شانازییانە و نە خزمەتی بەرژەوەندییەکانیشیان دەکا. ئا ئەم هەڵوێستەیان، بەئاستەنگێکی سەخت دێتە ژمارەدم لێبوورەییدا. نامەوێ بڕوا بەم شتە بکەم، ئاخر قەشەگەلی فرەنسا، کەسانی زۆر بەرزیان تێدایە کە بنەچەیان وایان لێ دەکات هەڵسوکەوتیان زۆر مەردانە بێ. ڕاستییەکەی؛ زۆر پیاوچاک و دەست و دڵ فرەوانن، بۆیە مەزەندە دەکەم، بەم شێوەیە شەنوکەوی پرسەکان دەکەن: ئەگەر ئەو کاڵڤنییانەی هاتوچۆی ئەبرەشییەکانیان دەکەن، ناچار کران پەنا ببەنە بەر وڵاتێکی تر، ئەوە لەسەر مەزەبی کاتۆلیکی نامێنن؛ بەڵام ئەگەر لە سەردانی ئەبرەشییەکانیان بەردەوام بن، بەرچاویان ڕوون دەبێتەوە و گوێ لە ڕێنوێنییەکانیان دەگرن، دواجار، قەشەکان شانازیی ئەوەیان پێ دەبڕێ بیانخەنە سەر مەزەبی کاتۆلیکی، جیا لەمە، قازانجێکی تریش دەکەن؛ تا ژمارەی هاوواڵاتیان زۆر بێ، قازانجی زەویوزاری قەشەکان بەرز دەبێتەوە.

جووتیارێکی سەر بەداخوازیکارانی تازەکردنەوەی پاکژی و جاببیەکی سۆسینی سەر بەیەکێک لە ئەبرەشییەکانی شاری ڤارمی بوون لە پۆڵۆنیا. خەڵکانێک دنەی قەشەیان دەدا هەردووکیان دەربکات و بیاناتە دادگە: یەکەمیان لەبەرئەوەی کوڕەکەی پاکژ نەکردووەتەوە تا تەمەنی نەگەیشتووەتە پازدە ساڵ، دووەمیشیان چونکە باوەڕی بە "هاوبەشییەتیی لەناو کڕۆکدا

(گەوهەردا)"[٤٢]، نییە. کاتێک قەشەکە وەڵامی دانەوە پێی گوتن: ئەو دووە، لەو دنیا بەر سزای تاهەتایی دەکەون، بەڵام بۆ ئەم دنیا، پێویستم پێیانە.

با لە بازنەی تەسکی خۆمان دەرچین و بزانین لەو دنیا پان و بەرینەدا چ دەگوزەرێ. سوڵتانی هەرە مەزن[٤٣]، بەئاشتییانە و بەشایستەییەوە، حوکمی بیست گەل دەکات کە سەر بەئاینگەلێکی جیاوازن: نێزیکەی سەد هەزار یۆنانی بەئاسوودەیی لە قوستەنتینییە دەژین؛ موفتی بەخۆی ناوی پاتریارکی تایەفەی ڕۆمەکان دەستنیشان و دەکات و دەیداتە سوڵتان. هەروەسا ڕێ بەتایەفەی لاتین دەدرێ پاتریارکیان هەبێ. سوڵتان خۆی قەشەکانی لاتین بۆ هێندێک دوورگەگەلی یۆنان[٤٤] دەستنیشان دەکات. سوڵتان لەو ڕێوڕەسمەدا، ئەم ڕستەیە بەکار دێنێ: "فەرمانی پێ دەدەم، ببێتە قەشەی خیۆس، بەپێی نەریتە کۆن و سروونە هەڵەکانیان". ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، خەڵکانێکی زۆر جیاواز لە سایەیدا دەژین: یەعقووبییەکان[٤٥]، نەستووریەکان[٤٦]، ئەوانەی بڕوایان بەتاک ئیرادەیی هەیە[٤٧]. هەروەها قیبتییەکان، مەسیحیی سەر بە قدیس یوحنا[٤٨]، جوولەکە، زەردەشتییەکان، براهمانییەکان، کەچی سەرەڕای ئەم تێکەڵەیە، نەمانبیست ڕۆژێ ئاژاوەیەک ڕووی دابێ هۆکارەکەی ئاینێک بێ لەو ئاینانە.

خۆ ئەگەر هەموو هیندستان و وڵاتی فارس و خاکی تەتاریش تەی بکەین، هەست بەهەمان لێبووردەیی و ئاسوودەی دەکەین. پۆتروونی گەورە[٤٩]، بێ دوودڵی چاودێریی تێکڕای ئاینەکانی دەکرد لە ئیمپراتۆرییەتە پانوپۆڕەکەیدا، هەر بەهۆی ئەو سیاسەتەشەوە، بازرگانی و کشتوکاڵ پەرەیان سەند، بێ ئەوەی زیانێک بەجەستەی سیاسیی نەتەوەی ڕووس بگەیەنێ.

فەرمانڕەوایانی چین کە بەمێژووە چوار هەزار ساڵانەکەیانەوە ناسراون، نەچوونە سەر هیچ ئاینێک، ئاینی نووحی[٥٠]، نەبێ، کە بڕێتییە لە پەرستنێکی زۆر پاک بۆ خوایەکی تاک و تەنیا. بەڵام هاوکات، چاویان لە قسە و بیرە پڕوپووچەکانی بودایی و ئەو هەموو ڕاهیبەپۆشی، کە ئەگەر دانایی و حیکمەتی قازییەکان ڕێی لێ نەگرتنایە، دەبوونە سەرچاوەی مەترسی.

ڕاستە یۆنگ چینگی[٥١] ئیمپراتۆری مەزن، داناترین و مەردترین پاتریارکەکانی چین، یەسووعییەکانی لە وڵاتەکەی دەرکرد، بەڵام چینگ، ئەوەی نەکرد لەبەرئەوەی پیاوێکی نالێبووردەیە، نەخێر، لەبەرئەوەی یەسووعییەکان نالێبووردە بوون. خۆ هەر خۆیان لە "نامەکانی نامۆی"[٥٢]دا قسەکانی ئەو پاشا پیاوچاکەیان تۆمار کردووە کە پێی گوتوون: "چاک دەزانم ئاینەکەتان، ئاینێکی لێبووردە نییە؛ چاکیش دەزانم لە مانێلا و ژاپۆن چیتان کردووە؛ توانیتان بابم لە خشتە بەرن، وەلێ لە خەونیشدا ناتوانن من بخەڵەتێنن". ئەگەر تێکڕای وتارەکەی پاشا بخوێنینەوە کە گەورەیی خۆی وەلاوە نا و ئاراستەی یەسووعییەکانی کرد، دەبینین؛ لە خەڵکە هەرە عاقڵەکان و نەرمونیانترینیان بوو. باشە هەق بوو پێشوازیی زاناگەلێکی فیزیکی ئەوروپایی بکات کە بەناوی پێشاندانی "تەرازووی گەرمای" و "تۆپەکانی هارونی ئەسکەندەرانی"[٥٣]یەوە بەدانیشتوانی کۆشکی پاشایەتی، چووبوونە ئەو وڵاتە، بۆنەکە بقۆزنەوە و لەوێ داوا لە شازادەیەکی بنەماڵەی

پاشایەتی بکەن یاخی بێ؟ ئەو ئیمپراتۆرە چ دەڵێ ئەگەر کتێبەکانی مێژوومان بخوێنێتەوە، گەر سەردەمی "یەکگرتووی کاتۆلیکی" و "پیلانی بارود"[٥٤]ی بدیتبایە؟

ئەرێ هێندە بەس نەبێ کە ئیمپراتۆر بەوردی ئاگەدار بوو لەو هەموو مشتومڕ و شەڕەقسەیەی نێوان بابە یەسووعییەکان[٥٥] دۆمینیکانییەکان[٥٦]، کەپووچییەکان[٥٧] و ئەو کاهینە مەدەنییانەی لەمسەری دنیاوە ڕەوانەی چین کرابوون، گوایە ڕاستی و چاکە بڵاو دەکەنەوە، کەچی لەوێ تۆمەتیان بۆ یەکتر هەڵدەبەست و یەکتریان نەفرەت و کافر دەکرد. ئەڵبەت بەدەرکردنیشیان، ئیمپراتۆر هیچی نەکرد، جگە لە گەڕاندنەوەی کۆمەڵێک ئاژاوەچی بۆ وڵاتی خۆیان؛ سەرەڕای ئەوەش، هێشتا بەخەمخۆرییەکی باوکانەوە، فەرمانی دا، لە گەشتی گەڕانەوەیاندا بەشایستەیی مامەڵەیان بکرێ و سووکایەتییان پێ نەکرێ. ڕاستییەکەی؛ دەرکردنیان، نموونەی لێبووردەیی و مرۆڤدۆستی ئیمپراتۆر بوو.

ژاپۆنییەکان لەهەمووان لێبووردەتر بوون[٥٨]: لە ئیمپراتۆرییەتەکەیاندا دوازدە ئاینی جیاواز بەئاسوودەیی دەژیان. بابە یەسووعییەکانیش چوون و ئاینێکی تریان زیاد کرد، ئاینی سێزدەم. بەڵام هێندەی نەبرد، یەسووعییەکان بەئاشکرا، ئاینەکانی تریان ڕەت کردەوە، شەڕێکیان نایەوە، هیچی لە ئاشووبەکەی یەکگرتووی کاتۆلیکەکان کەمتر نەبوو؛ کاولکاری و ماڵوێرانی دنیای گرتەوە، کارێک بەئاینی مەسیحی کرا قەت نەکرابێ. ژاپۆنییەکان، دەرگەی ئیمپراتۆرییەتەکەی خۆیان بە ڕووی دنیادا داخست، وایان لێ هات وەک درندە تەماشایان دەکردین، وەک چۆن ئینگلیزەکان دوورگەکەی خۆیان لەو درندەییە پاک کردەوە، کاتێک کۆڵێرا[٥٩]ی وەزیرمان، دەرکی کرد پێویستمان بەژاپۆنییەکانە لە کاتێکدا ئەوان پێویستیان بەئێمە نەبوو ویستی پێوەندیی بازرگانی لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی ژاپۆندا ببەستێ، لە دەمێکدا دایەوە و ئامادەی بچووکترین پێوەندی نەبوون.

هەموو دنیا بووەتە شایەتی ئەو کارەساتانە، کەواتە، پێڕەوکردنی دەمارگیری و بانگەشە بۆکردنیشی هیچ سوود و ئەنجامێکی نییە.

دەبا ئێستا تەماشای نیوەکەی تری گۆی زەوی بکەین، دروست، تەماشای کارۆلاینا بکەین، ئەو دەوڵەتەی "لۆک"ی دانا یەکەمین کەس بوو بانگەشەی بۆ دەکرد[٦٠]، لە کارۆلاینا، تەنیا حەوت خێزاندار بۆیان هەیە ڕێک کەون و بناخەی ئاینێکی تازە دارێژن، یەکسەر یاسا بڕیاری لەسەر دەدا و دانی پێدا دەنێ؛ ئەم ئازادییە ڕەهایەش، هیچ بێ سەروبەرییەکی لێ نەکەوتووەتەوە. خوا شایەتە، ئەم نموونەیە بۆ ئەوە ناهێنمەوە تا بڵێم با لە فرەنساش شتێکی وا بکەین! تەنیا بۆ ئەوەم بوو بیسەلێنم؛ لێبووردەیی، چەند زێدەڕۆییشی تێدا بکرێ، کەمترین لێکترازان و ئاشووبی لێ ناکەوێتەوە. وەلێ مەرجیش نییە ئەوەی بۆ کۆڵۆنیایەکی تازەهەڵکەوتوو بگونجێ، بۆ شانشینێکی کۆنیش گونجاو بێ.

ئاخر لەبارەی ئەو پریمیتیڤانەی بۆ گاڵتەپێکردن ناوم لێ نابوون کویکەرز[٦١]، بڵێم چی،

ئەوانەی بەپێی نەریتەکانیان ئەگەرچی چەند شتێکی مایەی پێکەنینیشیان تێدا بوو ڕێگەی چاکەکارییان گرتبووە بەر و بێ پەروایانە بانگەشەی ئاشتی و پێکەوە ژیانی مرۆڤایەتییان دەکرد؟ ژمارەیان لە پنسڵڤانیا نێزیکەی سەد هەزار کەسە؛ لەو وڵاتە بەختەوەرەی دروستیان کردووە، جێگەی ناکۆکی و لێکترازان نابێتەوە، بگرە ناوی شارەکەیان، فیلادلفیا(٦٢)، کە هەموو چرکەیەک بیریان دەخاتەوە کە سەرلەبەری مرۆڤەکان، برای یەکترن، وەک نموونەیەک وایە بۆ ئەو گەلانەی هێشتە نازانن لێبووردەیی چییە، تا چاوی لێ بکەن، سیمبولێکیشە تا ئەو گەلانە هەست بەشەرمەزاری بکەن، چونکە ئێستەش لێبووردەیی نازانن.

بەکورتی؛ لێبووردەیی، هەرگیز نەبووەتە هۆکاری ئاشووب و شەڕی نێوەخۆ و خۆبەخۆ، لە کاتێکدا، نالێبووردەیی، شوێنێکی ئەم سەرزەوینەی لە کۆمەڵکوژی بێ بەش نەکردووە. دەبا ئێستە سەرپشک بین لە نێوان ئەم دوو دۆخەدا: لە نێوان ئەو دایکەی دەیەوێ کوڕەکەی سەربڕدرێ، ئەو دایکەش کە ئامادەیە لێی جیا بێتەوە بەو مەرجەی کوڕەکەی بمێنێ و بژی(٦٣).

من لێرەدا باسی هیچ ناکەم، بەرژەوەندیی نەتەوەکان نەبێ، لەگەڵ ڕێزیشمدا کە پێویستە لەسەرم، بۆ لاهوت، مەبەستم لەم وتارە تەنیا خزمەتی لایەنی مایەکی و ماناکی کۆمەڵگەیە. داواش لە هەر خوێنەرێکی بێلایەن دەکەم، چاک لەم ڕاستییانە ورد بێتەوە، هەوڵی ڕاستکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان بدات. ئاخر کاتێک خوێنەرگەلێکی وریا دەست بەگۆڕینەوەی ڕا و بۆچوون دەکەن، بەردەوام زۆر لە دانەری ئەم کتێبە واوەتر دەچن(٦٤).

پەڕاوێزەکان:

١- تۆلۆز: پایەتەختی پێشووی دەڤەری لانگدۆنگی باشووری ڕۆژاوای فرەنسا؛ ساڵی ١٢٢٩ پەیمانگەیەکی بابە دۆمینیکانییەکان و زانکۆیەکی لاهوتی تێدا بەمەبەستی ڕژایەتیی هەرتەقە (زەندەقە، هێرتیک) هاتە دامەزراندن (و . ع). هەرتەقە لە بنەچەدا لە وشەی "ئیرسیس" ی یۆنانییەوە هاتووە، واتە ئەو کەسەی مانایەکی نوێ، یان تەفسیری نوێ و جیاواز لەوەی باوە، بۆ دەقە ئاینییەکان دەکات، لە ئاینی ئیسلامیشدا، هەرتەقە، زۆر لە دەستەواژە و مانای "بدعە"وە نێزیکە. لە ئیسلامیشدا، بەڵای سەلەفییە جیهادییەکانەوە، هەموو "بدعە"کارێک سەرلێشێواوە و سەرلێشێواویش ئاکامەکەی ئاگرە، بۆیە لای ئەوان خوێنی حەڵاڵە. لە هەموو ئاینە ئاسمانییەکانیشدا، مەزهبە جیاجیاکان یەکتر بە هێرتیک و بیدعەکار و هەڵگەڕانەوە و لادان لە بنەماکانی ڕەسەنی ئاینەکە، تۆمەتبار دەکەن... کورت و کرمانجی: هەرتەقە بەو کەسانە یان بەو مەزهبە دەگوترێ کە بەڵای ئەوان یان مەزهبەکەی تردوە، لە ئاین هەڵگەڕاونەتەوە. (و . ک).

٢- ڕۆژی ١٢ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٧٦٢.

٣- پاش گواستنەوەی بۆ تەلاری شارەوانی، جەستەی گەنجەکە هیچ شوێنەوارێکی پێوە نەبوو، ڕووشانێکی کەمی لای لووتی نەبێ، پەڵەیەکی بچووکیش بەسەر سینگییەوە بوو کە وا دیارە لە کاتی گواستنەوەی تەرمەکەدا، وای لێ هاتووە.

٤- هینری سێیەم: پاشای فرەنسا لە ساڵی ١٥٧٤ەوە تا ساڵی ١٥٨٩، لە نێوان پرۆتستانتییەکان و "یەکەتی کاتۆلیکییەکان"دا کە دۆق دی گیز سەرۆکایەتیی دەکرد، پەتپەتێنی بوو، تا دواجار لە دی گیز هەڵگەڕایەوە و فەرمانی کوشتنی دا. دەمێک خۆی ساز دەکرد بۆ شەڕێکی تر دژی کاتۆلیکییەکان تا شاری پاریسیان لێ بسەنێتەوە، بەڵام پێ ڕانەگەیشت و بەدەستی ڕاهیبێکی دۆمینیکانی بەنێوی جاک کلیمان لە ئاب/ئۆگستسی ١٥٨٩دا کوژرا. (و . ع).

٥- هینری چوارەم: پاشای فرەنسا لە ساڵی ١٥٨٩ەوە تا ساڵی ١٦١٠؛ بەبنەچە پرۆتستانی بوو، بەهەڵگەڕانەوە لە ئاینەکەی، گیانی خۆی لە کوشتارەکەی شەوی جەژنی قدیس بارتلیمی ڕزگار کرد، پاش ئەوەی هاتە سەر حوکم، توانی هاوسەنگییەک لە نێوان پرۆتستانتی و کاتۆلیکەکاندا دروست بکا، چاکسازییەکی گەورەی ئەنجام دا و زۆربەی خەڵکەکە خۆشیان دەویست. بەدەستی فرانسوا ڕاڤایاک کە پیاوێکی ئاینیی سەرشێت و دژی پرۆتستانتییەکان بوو، کوژرا. بەڵێکدانەوەی ڕاڤایاک، پەلاماردانی خاکی ئیسپانیای کاتۆلیکی لەلایەن هینری چوارەمەوە، سەرەتایەک بوو بۆ شەڕ دژی پاپا. (و . ع).

٦- دەڤەرێکە لە باشووری ڕۆئاوای فرەنسا و بنکەی کاتارییەکان بوو، کاتارییەکان، ڕەچەڵەکێکی مانەوییسەدەکانی نێوەڕاستن کە باوەڕیان بە دووانەی خواوەندی خێر و خواوەندی شەڕ هەبوو. پاش شالاوەکانی خاچپەرستانی سەدەی سێزدە بۆ ڕیشەکێشکردنیان، ئەم دەڤەرە کەوتە بن دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی پاشاکانی فرەنساوە، ئەگەرچی دامەزراوەگەلێکیان تا شۆڕشی ١٧٨٩، هەر مایەوە. (و . ع).

٧- تۆبەکار: ئەندامی یەکێک لەو کۆمەڵە یان براگەلانەی کە بانگەشەی خۆپاککردنەوە لە گوناح و تاوانەکانیان دەکرد لە ڕێی نوێژکردنەوە. بێ ئەوەی ئەوە ڕێی پەنابردن بۆ تووندوتیژییان لێ بگرێ. ئەندامانی ئەم براگەلانە، ڕووپۆش و پەچەیان دەبەست کە لە گرووپێک (براگەل)ەوە بۆ گرووپێکی تر ڕەنگیان جیاواز بوو. (و . ع).

٨- بەخەیاڵیکردن (بەیۆتۆپیاکردن - تطویب): قۆناغی یەکەمە لە کڵێسادا پێڕەو دەکرێ، پێش ئەوەی بەڕەسمی پیرۆزیی قدیسەکە ڕابگەیەندرێ. (و . ع).

٩- هۆگۆنوتی: نێوێکی گاڵتەجاڕییە لە ئەڵمانییەوە وەرگیراوە، واتە؛ پیلانگێڕ، بە پرۆتستانتە فرەنساییەکان دەگوترا. (و . ع).

١٠- لەختەدان (الدولبة): جۆرێکە لە ئەشکەنجە یان دارکاری، بڕێتییە لە وردوخاشکردنی ئێسکەکانی ئەو کەسەی حوکمی لەداردانی بەسەردا دەسەپێنرێ، بەچوارپەل بەستراوی بەتەختەیەکەوە کە دەخولێتەوە، لێی دەگەڕێن تا گیانی دەردەچێ. (و . ع).

١١- بە درێژاییی مێژوو، نموونەی دوو باوکم بیستووە، کوڕەکانی خۆیان سەبارەت بەهۆکاری ئاینی کوشتبێ. یەکەمیان باوکی قدیسە باربرا. ئەم باوکە ڕای سپاردبوو، دوو پەنجەرە لە گەرماوەکەی بکرێتەوە، ڕۆژێک باوکەکە لەوێ نەبوو، باربرا وەک بەرزڕاگرتنی "سێکوچکەی پیرۆز" پەنجەرەیەکی تری کردەوە؛ بەسەری پەنجەشی، وێنەی خاچێکی لەسەر پایە بەردەکان هەڵکۆڵیبوو، وێنەی خاچەکان بەپایەکانەوە بەجوانی دیار بوون. باوکەکە زۆر تووڕە بوو و بەشمشێرەکەیەوە شوێنی کەوت، بەڵام لە چیایەکەوە ڕای کرد کە لە پێناوی ئەودا قڵیشا، باوکەکە بە دەوری چیادا سووڕایەوە تا کچەکەی گرت.

باوکەکە کەوتە دارکاریی کچە ڕووتوقووتەکەی، بەڵام خوا ڕووتییەکەی بەهەورێکی سپی داپۆشی. دواجار باوکەکە، کچەکەی خۆی سەربڕی. کتێبی "پیرۆزترین قدیسەکان" بۆمان دەگێڕێتەوە.

بەڵام نموونەی دووەم: پاڵەوانەکەی شازادە هێرفیگیڵدە [کوڕی لۆفیگیڵدی پاشای ئیسپانیا] (و . ع)؛ لە پاشای بابی یاخی بوو، ساڵی ٥٨٤ شەڕی بەرپا کرد، ئەوە بوو تێک شکا و بەدەستی ئەفسەرێکی پاشا کوژرا، دواتر کرایە شەهید، چونکە باوکی لە لایەنگرانی ئاریۆس بوو.

١٢- ڕاهیبێکی دۆمینیکانی لە گرتیگە سەردانی کردم و سوێندی خوارد بەدەردی باوکمم دەبا گەر لە ئاینەکەم هەڵنەگەڕێمەوە: سوێند دەخۆم بەخوا کە ڕاست دەکەم. ٢٣ی تەموز/یۆلیۆ ١٧٦٢، پیێر گالاس.

١٣- کۆپیگەلێکی دەستکار لە داکۆکیکارییەکانی (مرافعات)، دادگە بەشارەکاندا بڵاو بووەوە، بۆیە خاتوو گالاس هیچ قازانجێکی مایەکی ئەو دەستپێشخەرییە مەردانەیەی دەست نەکەوت.

١٤- وشەی DEVOT لە وشەی DEVOTUSی لاتینییەوە هاتووە. "دیڤۆتیۆ" لە ڕۆمای کۆندا، بەو کەسانە دەگوترا کە خۆیان تەرخان دەکرد بۆ ڕزگارکردنی کۆمار لە نموونەی وەک کۆرتیۆس و دامیۆس.

١٥- باب کلۆد فرنسوا هۆتفیلّ (١٦٨٦ - ١٧٤٢) قەشە و نووسەرێکی ئاینی فرەنسایی و ئەمیندارێ ئەکادیمیای فرەنسا بوو، لایەنی ماڵبرانشی گرت بەدژی سپینۆزا. لە کتێبەکەیدا "ئاینی مەسیحی بەبەڵگەی سەلیێنەرەوە" لێبووردەیی ئاینی کە پاش مردنی پاشا لویسی چواردەم، فرەنسای تەنیبووەوە، لۆمە و ڕیسوا کرد و بەڵای هۆتفیلّەوە، لێبووردەیی ئاینی بەرەو هەڵگەڕانەوە لە ئاین و بێ ئاینیمان دەبا. (و . ع).

١٦- بەو کەسانە دەگوترا لە ڕێگەوبانەکاندا خۆیان دارکاری دەکرد تا لە گوناهان پاک بنەوە. (و. ع).

١٧- دراوێکی کۆنە، کێشەکەی ٧٥ . ٢٤٤ گرام زیوە، نرخەکەی جێگیر نەبوو. (و. ع).

١٨- پاکخانە (المطهر): لە بیروباوەڕی مەسیحییەتدا، جێی ئازارەکانە و نەفسی ئەو هاوەڵانەی تێدا پاک دەبێتەوە کە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی نموونەیی بەدەنگ داخوازییەکانی عەدالەتی خوایانەوە بچن، تا دواجار، ڕاستەوخۆ بەرز بکرێنەوە بۆ ئاسمان. وا باو بوو کاتۆلیکییەکان ماڵی خۆیان دەدا بە کڵێسا تا ماوەی مانەوەی نەفسیان تێیدا کورت بکەنەوە و بەزووترین کات بگەنە بەهەشت.

١٩- بۆچوونی بیرانژیێ(*)یان بۆ قوربانیی پیرۆز نوێ کردەوە و ئەوەیان ڕەت دەکردەوە کە گوایە جەستەیەکی دیاریکراو لە سەدەهەزار شوێنی جیاوازدا هەبێ، با دەسەڵاتی ڕەهای خواش هاوکار بێ**؛ هەروەها "بەردەوامبوونی ڕوالّەت پاش نەمانی گەوهەرەکەی"یان ڕەت دەکردەوە. لەو باوەڕەدا بوون، مەحاڵە نان و مەی بەچاو ببینی و بە سەلیقە بیاناسی و بەگەدە چێژیان بکەی، لە هەمان چرکەی بوونیاندا نەمێنن. باوەڕیان بەهەموو ئەم سەرلێشێواوییانە هێنا بوو کە پێشتر بیرانژیێ سەرکۆنەی کردبوون. لەمەشدا پشتیان بەهێندێک دەقەکانی بابە ئەوەڵینەکانی کڵێسا دەبەست. بەتایبەتی قدیس یۆستانس کە ڕاشکاوانە لە وەڵامی ترۆفۆندا دەڵێ: "پیرۆز ڕاگرتنی ورده ئارد... وێنەیەکە لە قوربانیی پیرۆز، کە مەسیح فەرمانی داوە دروستی بکەین وەک خۆسازدانێک بۆ یادی ژان و ئازارەکانی" (چاپی لۆندیننسیس، ١٧١٩، لا١١٩).

هەروەها، باوەڕیان بەهەموو ئەو قسانە هەبوو کە لە سەدەکانی سەرەتادا لە دژی خۆموبارەککردن (تبرک) بە تەرم و مەزاری قدیسەکان و شمەکەکانیان، دەگوترا؛ بەڵگەشیان بەم وتەیەی ڤیژیلانتیۆس*** دەهێنایەوە: "ئاخۆ زەروورە ڕێزی خۆڵێکی پڕوپووچ بگرین، بگرە بیپەرستن؟ بڵێی گیانی شەهیدان هێشتا لە خۆڵەمێشەکەیاندا بێ؟ ئەوە نەریتی بتپەرستانەیە دزەی کردووەتە نێو کڵێسا. وامان لێ هاتووە بەڕۆژی نیوەڕۆ، شا پڵێتە هەڵدەکەین! دەتوانین تا لە ژیاندا بین نوێژ بۆ یەکتری بکەین، بەڵام ئەو نوێژانە پاش مردن چ سوودێکیان هەیە؟".

کەچی هەرگیز خۆیان لە دارەتی وەڵامەکانی قدیس بیرۆنیمۆس نەدەدا، بەکورتی و پوختی؛ دەیانویست هەموو شتێک بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەران، دانیان بەوەدا نەدەنا کە کڵێسا فرەوان و جێگیرتر بووە و ناچارە چوارچێوەی بیروباوەڕەکانی فرەوان بکا. ئەوان سەرکۆنەی ئەو دەوڵەمەندییەیان دەکرد، لە کاتێکدا بۆ خواپەرستییەکی شایستە زۆر پێویستە.

---

* بیرانژیێ ئالتۆری: لاهۆتیەکی فرەنسایی (دەوروبەری۹۹۸ – ۱۰۸۸ز): لەو مشتومڕە ڕووبەڕووە بەناوودەنگەکەی نێوەڕاستی سەدەی یازدەدا بەشداریی کرد لەبارەی قوربانیی پیرۆزەوە، بەهۆی ئەوەی ئامادەبوونی ڕاستەقینەی مەسیحی لەو قوربانییەدا ڕەت کردەوە، کۆمەڵەی کڵێسا سەرکۆنەیان کرد و لاهوتییەکانیش وەڵامیان دایەوە.

** تا لەم بەشەی دەقەکە تێ بگەین، پێویستە وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە مەسیحییە کاتۆلیکییەکان و ئەرتەدۆکسییەکان، باوەڕیان وایە قوربانیی پیرۆز، کە کاهینەکە لە نان و مەی ئامادەی دەکات لە هەزاران کڵێساکانی سەرانسەری دنیادا، بەڕاستی دەبێتە جەست و خوێنی یەسوعی مەسیح و باوەڕدارانیش لە کاتی سرووتەکاندا دەیخۆن. (و. ع).

*** ڤیژیلانتیۆس، ڕاهیبێکە لە سەدەی حەوتەمی زاین و ڕەشنیرییەکی بەرزی هەبوو؛ چووەتە قودس، لە بەیتلەحم، قدیس بیرۆنیمۆسی بینیوە، بیرۆنیمۆس زۆر هەوڵێ لەگەڵ دا، تا باوەڕ بێنێ کە دەبێ تەرم و وێنەی قدیسەکان پیرۆز ڕابگیرێن، پێویستە نوێژەکان بۆ ئەوان بەرز بکرێنەوە، دەبێ مۆم لەسەر مەزارەکانیان داگیرسێنرێ، بەڵام ڤیژیلانتیۆس باوەڕی بەو بۆچوونانە نەهێنا و ڕووی کردە دەڤەری لۆمباردیا لە ئیتاڵیا و قەشەکانی ئەوێندەر باوەڕیان بەبۆچوونەکانی هێنا. (و. ع).

۲۰- مریندۆڵ و کابرییر دوو شارۆکەی باشووری فرەنسان، ساڵی ۱۵٤۵ کۆمەڵکوژییەکیان تێدا ئەنجام درا، ڤاڵدییەکان بوونە قوربانی. (و. ع).

۲۱- ڤاڵدییەکان: لایەنگرانی پیێر ڤاڵدوا ئەو کەسەی وازی لە هەموو ماڵی دنیا هێنا تا هەژارانە بژی وەک هاوەڵەکانی مەسیح: ساڵی ۱۱۸٤کەوتنە بەر حەرامکردنی کڵێسا و هاوکات مەزهەبەکەیان حەرام و سەرکۆنە کرد. مەزهبی ڤاڵدییەکان لەسەر: خۆبەستنەوە تەنیا بەدەقی پیرۆزەوە، ڕەتکردنەوەی تۆندوتیژی، نوێژکردن بەشێوەزاری میللی، واتە بەلاتینی نا، دەستگرتنەوە و خۆنەویستی، وەستاوە. لە ترسی شاڵاوە نیوچە خاچپەرستانییەکانی سەدەی پازدە، پەنایان بردە بەر چیاکانی ئەڵپ، ئەوانەی تریشیان چوونە سەر مەزهبی کاڵڤنی. (و. ع).

۲۲- خاتوو دی سنتاڵ خاوەنی زۆربەی ئەو زەوییە وێرانکراوانە بوو کە تەنیا تەرمی خاوەکانیانی تێدا

بەرچاو دەکەوت، سکالانامەیەکی بەرز کردەوە بۆ شا هینریی دووەم کە ئەویش ڕەوانەی دادگەی باڵای پاریسی کرد. دادگەکەش کەسی سەرکۆنە نەکرد، پارێزەری گشتیی دەڤەری برۆڤانس نەبێ کە ناوی گیران بوو، گیران، بەبەرپرسی یەکەمی کۆمەڵکوژییەکە درایە قەڵەم، حوکمی لەداردانی درا. لاهوتێکی فرەنسایی بەنێوی دی تو، دەڵێ، بۆیە لەنێو هەموو خەتاباراندا بەتەنیا گیران حوکم درا، چونکە لە کۆشکی پاشادا برادەرێکی نەبوو مشورێکی بخوا.

٢٣- دی بۆر: پیاوێکی ئاینی و ڕاوێژکارێکی یاساییی فرەنسایی بوو، ڕاشکاوانە بەپاشای گوت، ئاکاری دەورووبەرەکەی چاک بکات و لێبووردەییی ئاینیش دەرهەق بەپرۆتستانتەکان پێڕەو بکات، پاشا فەرمانی گرتنی دا، برایە بەردەم دادگە و حوکمی لەدارادنی درا، ڕۆژی ١٤ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر ١٥٥٩، لە گۆڕەپانی گشتیدا، حوکمەکەی بەسەردا جێبەجێ کرا و سووتێندرا. لە کاتی دادگەییکردنیدا زۆر ئازا بوو، لە کاتی لەداردانیشیدا، ئەوە بوو بە ڕووی قازییەکاندا هاواری دەکرد: ئاگرەکانتان بکوژێننەوە و لە گوناهەکانتان وەگەڕێن، لەسەر پەتی سێدارەکەش گوتی: وەک خزمەتکارێکی خوا و دوژمنی جەور و ستەمی کڵێسای کاتۆلیکی دەمرم. پاش مردنی، ململانێیەکی زۆر لە نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتەکاندا ڕووی دا.

٢٤- ڤاسی: شارۆکەیەکە لە دەڤەری شەمپانیای فرەنسا: لە کاتی تێپەڕبوونی سەرۆکی "یەکگرتووی کاتۆلیکەکان" دۆق دی گیز ڕۆژی ١ ئادار/مارسی١٥٦٢دا، لە کڵێسای شار ڕاوەستا تا ئامادەی نوێژی جەماعەت بێ، بینی وا پرۆتستانتەکان سرووتەکانی خۆیان لەو کڵێسایەدا ئەنجام دەدەن، فەرمانی بەپیاوەکانی دا کڵێساکە بسووتێنن دەوروبەری هەشتا پرۆتستانتی بێ چەکیان کوشت و سەدانی تریشیان بریندار کرد. کۆمەڵکوژییەکەی ڤاسی، ئەو بڵێسەیە بوو ئاگری شەڕی ئاینی ئەوروپای هەڵایسان کە سەدە و چەند ساڵێکی خایاند. (و. ع).

٢٥- کۆمەڵکوژییەکەی جەژنی قدیس بارتلیمی: کۆمەڵکوژییەکی تۆقێنەر، شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ی ئاب/ئۆگستسی ١٥٧٢ قەوما، ژمارەی قوربانییەکانی پرۆتستانتەکانی، خۆی لە سێ هەزار دا، ئەم کۆمەڵکوژییە بەفەرمانی شا شارلی نۆیەم و بەدنەدانی کاترین دی مدیچی دایکی شا و سەرۆکی یەکگرتووی کاتۆلیکەکان دۆق دی گیز، ئەنجام درا. لەنێو قوربانییەکاندا، ئەمیرالّ کۆلینی تێدا بوو، کە دایکی شا سەبارەت بەوەی قسەی زۆر دەڕۆیشت لای شارلی کۆڕی، ڕقی لێی دەبووەوە. ئەم کۆمەڵکوژییە بۆیە وا ناسراوە، چونکە شەوی یادی قدیس بارتلیمی ڕووی دا. (و. ع).

٢٦- یەکگرتووی پیرۆز: نێوێکە لە چوار گرووپی چەکداری کاتۆلیکی نرا، ئامانجی دوو گرووپیان (١٤٩٥ ١٤٩٦) و (١٥٠٨ - ١٥١٢)، دەرکردنی فرەنساییەکان بوو لە ئیتاڵیا. بەڵام سێیەمیان کە بە "یەکگرتوو" (١٥٧٦ - ١٥٩٥) ناسراوە، کاڵفنییەکانی فرەنسای کردبووە ئامانج، بەڵام گرووپی چوارەمیان (١٥٦٩ - ١٥٧١) و (١٦٦٤ - ١٦٩٩) دژی تورک بوو. (و. ع).

٢٧- چەند شارێکی فرەنسان، لە سەدەی شازدەدا، شەڕی گەورەیان تێدا قەوما لە نێوان کاتۆلیکەکان و پرۆتستانتییەکاندا. (و . ع).

٢٨- سۆربۆن: زانکۆیەکە بۆ ڤەکۆڵینی لاهوتی، ساڵی ١٢٥٧ هاتووەتە دامەزراندن تا قوتابییە هەژارەکانی تێدا بخوێنن. لە ساڵی ١٥٥٤ەوە سۆربۆن بووە شوێنی گفتوگۆکان لەبارەی کاروبارە لاهوتییەکانەوە و

وای لێ هات جیاوازییە ئاینییەکانی یەکلا دەکردەوە. لە سەدەی شازدەدا بەدژی یەسووعییەکان وەستایەوە، دواتر، لە سەدەی حەڤدەدا، سەرکۆنەی جانسینییەکانی ڕکابەریشیانی کرد. سالانێکی زۆر ڕۆڵی دادگەیەکی کلێسایی دەبینی و سانسۆرێکی تووندیشی خستە سەر کتێب و نووسینەکان. دواتر ئەو ڕۆڵەی لە دەست دا و بووە زانکۆیەکی ئاسایی، ئەمڕۆ زانکۆی یەکەمی پاریسە. (و. ع).

٢٩- پاکیزەی ئۆرلیان یان خاتوونە قدیس جان دارک: پاڵەوانێکی فرەنسایی (١٤١٢ - ١٤٣١)، بەبنەچە، گوندییە. دەیگوت گوایە پەیامێکی ئاسمانیی هەڵگرتووە، هەوڵی دا یارمەتیی شارلی حەوتەمی پاشای فرەنسا بدات کە وڵاتەکەی لە بن داگیرکاری ئینگلیزەکاندا دەینرکاند، چەند سەرکەوتنێکی سەربازیی چاکی بەدەست هێنا، دواجار بەدیلی کەوتە چنگی ئینگلیز، بەتۆمەتی سیحربازی، داوەرییان کرد و لە شاری ڕوانی فرەنسایی سووتاندیان. (و . ع).

٣٠- شارلی پێنجەم (١٥٠٠ - ١٥٥٨): پاشای ئیسپانیا و سقلییە، دواتر بووە ئیمپراتۆری ئیمپراتۆرییەتی جەرمەنیی پیرۆز؛ چاوی لە داگیرکردنی هەموو ئەوروپا بوو، شەڕی سی ساڵەی بەدژی پاشای فرەنسا فرانسوای یەکەم، بەڕپا کرد. (و . ع).

٣١- سیستۆسی پێنجەم (١٥٢٠ - ١٥٩٠): پاپای ڕۆما لە ١٥٨٥ەوە تا ١٥٩٠، پێ بەپێی بڕیارەکانی کۆڕبەندی کلێسایی ترنتۆ، چاکسازیگەلێکی ئەنجام دا، لە سەردەمی هاتنە سەر تەختی پاشا هینریی چوارەمدا، خۆی لە ململانێ ئاینییەکانی فرەنسا هەڵدەقورتاند. (و. ع).

٣٢- لێخۆشبوون (الغفران): بڕێتییە لە چاوپۆشین لە مانەوە لەنێو پاکژخانەدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، پاپا دەتوانێ بیداتە هەر کەسێک کە خزمەتی کلێسا بکات. لەوانەیە ئەو خزمەتە پێدانی پارە بێ، وەک ئەوەی پێی دەگوترا "پسوولەکانی لێخۆشبوون" کە بازرگانی پێوەکردنیانەوە، بووە هۆکاری ڕاستەوخۆی بزاڤی چاکسازیخوازی بە سەرکردایەتیی لوسەر. (و. ع).

٣٣- بانگخوازانی نوێکردنەوەی پاکژی (داعی تجدید المعمودیة): هەر دەستەواژەی پاکژی (المعمودیة) بۆ خۆی واتە: پاککردنەوە و واتایەکی ئاینی دەدا. پاککردنەوە (تعمید)؛ سرووتێکی ئاینی مەسیحییە و لەنێو چیرۆکەکانی ئینجیلیشدا چەند جارێک باسی هاتووە. بڕێتییە لە خۆشووشتنێکی تایبەت کە بەلای زۆربەی مەزهەبەکانی ئاینی مەسیحییەوە، دەبێتە هۆی پاککردنەوەی مرۆڤ لە پیسی و گوناە و هەڵەکانی، هەروەها دەبێتە دەستپێکی ئینتیما بۆ ئاینەکە و دڵسۆزی و گوێڕایەڵی و خواپەرستییەکی ڕاست.

وەک چۆن لە ئاینی ئیسلامیشدا غوسل (خۆشووشتن) هەیە، بەگوێرەی سەرچاوە ئیسلامییە جێباوەڕەکان، لە ئاینی ئیسلامدا، حەڤدە جۆر غوسل هەیە. لە ئیسلامەتدا، تاوانە گەورەکان غوسلکردن واجب دەکەن و تا گوناهکار نیەت نەهێنێ و غوسل نەکات، پاک نابێتەوە و هیچ خواپەرستییەکیشی لێ وەرناگیرێ، لە ئاینی ئیسلامدا، ئەرکە ئاینییەکان و سرووتەکانی خواپەرستییش، غوسلی تایبەتییان هەیە، وەک غوسلی تۆبە و غوسلی پۆشینی جلکی ئیحرامی حەج و.. تد. (و. ک).

٣٤- سۆسینییەکان: ناوێکە بەباڵای ئەو هەرتوقییانەدا بڕاوە کە دوای ڕێنوێنییەکانی لیلیۆ سۆسینی (١٥٢٥ - ١٥٦٢) و فاوستۆ سۆسینی (١٥٣٩ - ١٦٠٤) کەوتن، خوایەتیی مەسیحیان ڕەت کردەوە و

دژی هەر بیروباوەڕێکی لاهوتی وەستانەوە کە لەگەڵ بنەما عەقڵییەکاندا نەیەتەوە، بانگەشەی لێبووردەیی و خۆشەویستییان دەکرد. (و . ع).

٣٥- مینۆنییەکان: گرووپێکی ئاینیی سویسرایی بوون، لە بزووتنەوەی چاکسازیی پرۆتستانتی جیا بوونەوە، ئەم گرووپە لە هۆڵەندا و ئەڵمانیا لە دەوری ڕێبەرەکەیان مینۆ سیمۆنز گرد بوونەوە. مینۆ سیمۆنز ئەو کاهینە کاتۆلیکییەیە کە کڵێسای ڕۆمانی بەجێ هێشت، سەبارەت بە مەزهەب ناعەقڵانییەتەکەیان لە بواری نهێنییەکان و ڕێڕەوە ستەمکارییەکانی کڵێساکە. مینۆنییەکان بەگشتی وەک داهێنەرانی عیلمانییەت دەناسرێن. (و . ع).

٣٦- مۆراڤییەکان: گرووپێکی پرۆتستانی بوون، پاش لەداردان و سووتاندنی چاکسازیخوازی چیکی یان هۆس ساڵی ١٤١٥، لە مۆراڤیاوە سەریان هەڵدا. گرووپەکە داوای ئازادیی بانگەشەی ئاینی مەسیحییان دەکرد، دژی دەوڵەمەندبوونی پیاوانی ئاینی و دەمارگیریی کڵێسا بوون. داوای گەڕانەوەی ئەو برایەتییەی سەردەمانی سەرهەڵدانی مەسیحییەتیان دەکرد. (و . ع).

٣٧- فرانسوا گۆمار: پیاوێکی لاهوتی پرۆتستانت بوو، لە مشتومڕێکدا لەگەڵ ئارمینیۆسی هاوکاری، دەیگوت: گوایە خوا هەر لە ئەزەلەوە بڕیاری داوە زۆربەی مرۆڤایەتی بخاتە ئاگرەوە و تاهەتایە لێی دەرناچن. وەک پێشبینی دەکرا، سەرکردەکاران پاڵپشتیی ئەم قسە دۆزەخییەیان کرد؛ ئەوە بوو بارنگلدت، وەزیری یەکەمی هۆڵەندا، کە دژی گۆمار بوو، لە ١٣ی ئایار/مایۆی ١٦١٩دا لە تەمەنی حەفتا و دوو ساڵیدا، سەربڕدرا؛ تۆمەتەکەشی ئەوە بوو "کڵێسای خوای تا دەست هەڵبڕی خەمبار کردووە". (و . ع).

٣٨- کاڵڤنییەکان: لایەنگرانی چاکسازیخوازی فرەنسای جان کاڵڤن (١٥٠٩ - ١٥٦٤)، ناچار بوو فرنسا جێ بێڵێ و لە شاری جنێڤی سویسرا نیشتەجێ بوو، لەوێ دەوڵەتێکی دامەزراند کە بەگوێرەی بنەماکانی ئینجیل بەڕێوەی دەبرا. (و . ع).

٣٩- ئەنگلیکانییەکان: لایەنگرانی کڵێسای ڕەسمیی ئینگلتەرا لەوەتەی لە کڵێسای ڕۆما جیا بووەتەوە، پاش تێکچوونی پێوەندیی پاشا هینریی هەشتەم لەگەڵ پاپا، چونکە پاپا ڕازی نەبوو ڕێی پێ بدا ژنی یەکەمی تەڵاق بدات. (و . ع).

٤٠- لە کاتی داکۆکیکردن لە هەڵوەشانەوەی فەرمانی ڕەسمیی (مرسوم) "نانت"دا، یەکێک لەو نووسەرانەی خۆیان دەنوێنن، واتە لە نووسینەکانیاندا خۆ بادەدەن، لە دژی ئینگلتەرا دەڵێ: "هەر دەبوو ئاینێکی درۆینە ئەم بەروبوومەی لێ بکەوێتەوە؛ دارەکە، تاقە بەرێکی پێوە مابوو خەریک بوو پێ دەگەیی، دانیشتوانی ئەو دوورگەیە ئەویشیان بڕییەوە؛ ئەوانە لە چاوی هەموو نەتەوەکاندا سووک و ڕیسوان". دەبێ بڵێین، ئەو نووسەرە کاتێکی لەباری هەڵنەبژارد تا بیسەلمێنێ گوایە ئینگلیزەکان شایانی سووکایەتین و لە هەموو دنیاشدا ڕیسوان". بەبۆچوونی من، ناشێ، نەتەوەیەک بەکەم ببینین و پێمان وابێ شایانی ڕیسواکردنن، لە کاتێکدا ئازایەتی و پیاوەتیی خۆیان دەسەلمێنن و لە هەموو دنیادا سەرکەوتن بەدەست دێنن. ئا ئەو زێدەڕۆییە ناوازەیە، بەشێکە لە نالێبووردەیی؛ ڕاستت دەوێ، ئەوانەی بانگەشەی نالێبووردەیی دەکەن، هەر ئەم شێوازە نوسینانەیان لێ دەوەشێتەوە. ئەو کتێبە ناشیرینە، کە دەڵێی بەقەڵەمی شێتەکەی فەربۆری* نووسراوە، لە مرۆڤێکەوە دەرچووە کە هیچ پەیامێکی پێ نییە: ئاخر کام قەشەیە گەر وتارێک بنووسێ، ئەوەای دەنووسێ؟ شێتایەتیی نووسەرەکە دەگاتە ئاستێک،

پاساو بۆ کۆمەڵکوژییەکەی قدیس بارتلیمی دەهێنێتەوە. مرۆڤ وای بۆ دەچێ، کتێبێکی وا پڕاوپڕ لەو هەموو ناجۆرییە ناشیرینە، شایانی ئەوە بێ، هەر لەبەرئەوەی ناوازە و سەیرە، زۆر بەهەڕمێن بێ، کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە؛ وەختە بڵێم کەس هەر نایناسێ.

---

* ڤۆڵتێر لە زۆر جێی نووسینەکانیدا سەرکۆنەی ئەو کەسە دەکات کە پێی دەڵێ "شێتەکەی فەربۆری"، بێ ئەوەی قەت ڕوونی بکاتەوە، فەربۆری کێیە. ڕاستییەکەشی؛ مەبەستی جاک ڕانکیێی کاهینی یەکێک لە ئەبرەشییەکانی شاری کامبرێ. لە کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ١٧٦٢ و لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا، حوکمی لەداردانی درا. یەسووعی بوو، یان هەر بەو ناوە خۆی بە ڕاهیبە ماتۆرییەکانی شاری فەربۆری دەناساند. دەماڕێکی شێتیی تێدا بوو، خۆی دەیگوت گوایە دەستی هەبووە لە هەوڵی کوشتنی شا لویسی پازدەمدا لە کۆشکی ڤێرسای. (و . ع).

٤١- ناوێکە بەباڵای مەزهبی چاکسازیخوازیی کڵێسای ئەڵمانیا مارتن لۆسەر و تێکڕای ئەو کڵێسا پرۆتستانتییانە بڕا بوو کە لەسەر ئەو مەزهبە بوون.

٤٢- لێرەدا مەبەست لە جاک ئەدوارد ستیوارت، کوڕی جاکی دووەمی پاشای ئینگلتەرایە کە ساڵی ١٦٨٨ چووە سەر مەزهبی کاتۆلیکی، بۆیە لایەنگرانی یاخی بوون، ناچار پەنای بردە بەر فرەنسا. (و . ع).

٤٣- هاوبەشییەتی لەناو کرۆکدا (کەوهەردا): بیروباوەڕێکی کاتۆلیکییە کە دەڵێ: هەرسێ بنەما پیرۆزەکانی خوداوەند، لەناو کرۆکدا هاوبەشن. (و . ع).

٤٤- لە ئەوروپا بە سوڵتانی عوسمانیی ئوستانەی دەگوترا سوڵتانی مەزن. (و . ع).

٤٥- بڕوانە ریکۆت، لێرەدا ڤۆڵتێر داوا لە خوێنەر دەکات بڕوانێتە کتێبەکەی پۆڵ ریکۆت: مێژووی کڵێسای یۆنانی و کڵێسای ئەرمەنی، کە لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە. (و . ع).

٤٦- یەعقووبییەکان: ناوی ئەو مەسیحییە ئەرتەدۆکسییانەی سەر بە کڵێسای سریانییە کە باوەڕیان بەیەکبوونی سرووشت لە کەسییەتیی مەسیحدا هەیە. (و . ع).

٤٧- نەستوورییەکان: لایەنگرانی نەستوور، پاتریارکی قوستەنتینییە (٣٨٠ _ ٤٥١)، لەلایەن کۆڕبەندی "ئەفسس"ەوە ساڵی ٤٣١ لابرا، چونکە ڕازی نەبوو، نازناوی "دایکی خوا" لە مریەمی پاکیزە بنێ، لەسەرینی جیاوازیکردن لە نێوان هەردوو سروشتی: خوایانە و مرۆڤانەی کەسییەتیی مەسیحدا. نەستوور، بەردەوام دووپاتی دەکردەوە: مریەم، دایکی مەسیحە نەک دایکی خوا. (و . ع).

٤٨- بیروباوەڕی تاک ئیرادەیی: جۆرێک بوو لە هەرتوقییەت، سەدەی حەوتەمی زاینی سەری هەڵدا، هەوڵی دا پێکەوە گونجاندنێک لە نێوان لایەنگرانی دوو سروشتی و تاک سروشتیدا دروست بکا، دەیگوت: مەسیح دوو سروشتی هەیە، بەڵام خاوەنی یەک ئیرادەیە کە ئیرادەی خوایە. ئەم بیروباوەڕە، ساڵی ٦٨١ی زاین، لەلایەن سێیەمین کۆڕبەندی قوستەنتینییەوە سەرکۆنە کرا. (و . ع).

٤٩- یۆحنای مەعمەدان: سۆفییەکی فەلەستینی بوو، مژدەی نێزیکبوونەوەی هاتنی مەلەکوتی ئاسمانەکانی بەخەڵک دەدا، مەسیحی لە ڕووباری ئەردەندا پاکژ (تعمید) کردووە. ساڵی ٢٨ی زاین، لەسەر داوای سەلومەی کچی هیرۆدیا، سەریان پەڕاند. (و . ع).

٥٠- پوترسی یەکەم (١٦٧٢ - ١٧٢٥)، پوترسی گەورەشیان پێ دەگوت: قەیسەری ڕووسیا و دواتر ئیمپراتۆری ڕووسیا، بە داگیرکردنەکان و چاکسازییەکانی ناوی دەرکردبوو. (و . ع).

٥١- نوحییەکان: لایەنگرانی نوح، گرووپێکی ئاینین باوەڕیان بەدنیاگیریی ئاین هەیە بۆ سەرلەبەری مرۆڤایەتی، چونکە خوا داوای لە نوح کرد تێکڕای زیندەوەرەکان بێ جیاوازی، ڕزگار بکا، بەپێچەوانەی زۆربەی پێغەمبەرانی دوای ئەوەوە کە هەریەکەیان بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەیەکی دیاریکراو هاتن. (و . ع).

٥٢- یۆنگ چینگ: ئیمپراتۆری چین (١٧٢٢ _ ١٧٣٥)، ڤۆڵتێر بەنموونەی ستەمکارێکی عەقڵکراوەی دەزانێ. (و . ع).

٥٣- نامەکانی نامۆی: نامەگەلێکی زۆر زۆرە و بڕێتییە لە ٢٤ بەش، بابە یەسووعییەکان لە ڕۆهەڵات و هیندستان و ئەمەریکاوە ناردبوویان. ئەم نامانە، لە نێوان سالانی ١٧٠٢ تا ١٧٧٩، بڵاو کرانەوە، بڵاوکردنەوەیان تا ئاستێکی چاک ڕۆڵی بینی تا ئەوروپای ڕوو لە بوژانەوە، ئاگەداری کولتوورە نائەوروپاییەکان بێ. (و . ع).

٢٨- تۆپەکەی هارونی ئەسکەندەرانی: تۆپێکی کانزاییە بەدەرچوونی هەڵم لە چەند کونێکییەوە، دەخولێتەوە، هارونی ئەسکەندەرانی لە سەدەی یەکەمی زایندا دایهێنا. (و . ع).

٥٤- پیلانی بارود: پیلانێکی شکستخواردوو گرووپێکی کاتۆلیکی سالی ١٦٠٥ی زاین، ئەنجامیان دا، ئامانجیش؛ کوشتنی شا جاکی یەکەم، پاشای ئینگلتەرای ئەنگلیکانی و خێزانەکەی و بەشێک لە ئۆرستوکراتییەتی ئینگلیز بوو. دواتر دێینە سەر باسکردنی. (و . ع).

٥٥- یەسووعییەکان: ڕەهبانییەتێک بوو، ئەغناسیس دی لوایولا سالی ١٥٤٠ دایمەزراند، هەوڵی دا کاتۆلیکییەت لە ڕۆهەڵاتی دوور و ئەمەریکای هیندی بڵاو بکاتەوە، شەڕێکی لاهوتیی توندی دژی پرۆتستانتییەت بەرپا کرد، بەرەنگاری شۆڕشی کۆپەرنیکوسی و ڕۆشنگەری بووەوە، دەمارگیرانە لایەنی پاپایەتیی گرت، ڕکابەرانی خۆی دەچەوساندەوە، بەر لەوەی خۆشی لەلایەن ڕکابەرەکانییەوە جار ناجار بچەوسێنرێتەوە. (و . ع).

٥٦- دۆمینیکانییەکان: ڕەهبانییەتێکی کاتۆلیکی بوو، دۆمینیکۆس قشتالی (١١٧٠ _ ١٢٢١) کە کڵێسا پیرۆزی کرد و کردیە قدیس، دایمەزراند. دۆمینیکانییەکان، بەتایبەتی ڕووبەڕووی هەرتوقییە کاتاریەکانی دەڤەری لاندۆگی فرەنسایی بوونەوە. (و . ع).

٥٧- کەپووچییەکان: ڕەهبانییەتێکی کاتۆلیکی بوو، سەدەی شازدە بەجیابوونەوە لە ڕەهبانییەتیی برا بچووکەکانی ئاسیزییەکان، دامەزرا. ئەو ناوەشیان لەو کڵاوەوە (CAPUCHON) هاتووە کە لایەنگرانی لە سەری دەکەن.

٥٨- بڕوانە کامپڤەر و چیرۆکەکانی تر لەبارەی ژاپۆنەوە [ڤۆڵتێر، داوا لە خوێنەر دەکا بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکەی کامپڤەر وتۆتبێرگ: چەند گەشتێک بۆ ژاپۆن، کە لە ئینگلیزی و ئەڵمانییەوە کراوە بە فرەنسایی. (و . ع)].

٥٩- جان پاتیست کۆڵبێر (١٦١٩ _ ١٦٨٣): پیاوێکی دەوڵەتیی فرەنسایی بوو، ڕۆڵێکی سەرەکیی بینی لە

چەسپاندنی پایەکانی دەسەڵاتی ناوەندیدا. هانی بازرگانی و پیشەسازیی دا، بەرەنگاری گەندەڵی و بەرتیلخۆری بووەوە، ئەکادیمیای زانیارییەکان (١٦٦٦) و ڕوانگەی پاریسی دامەزراند. (و . ع).

٦٠- کارۆلاینا: ئەو دەمەی، ڤۆڵتێر ئەم دەقەی لەبارەی لێبووردەییەوە نووسی، هێشتە کارۆلاینا وڵاتێکی بندەست و داگیرکراوی ئینگلیز بوو. دواتر سەربەخۆ بوو و چووە ڕیزی یەکەتیی ئەمەریکاوە تا ساڵی ١٧٧٨ - ساڵی کۆچی دواییی ڤۆڵتێر - بووە سێزدەمین وڵاتی، وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا. (و . ع).

٦١- کوێکەرز: گرووپێکی ئایینی بەبنەچە ئینگلیزییە و بە "کۆمەڵەی برادەران" دەناسرا، لە کۆتایی سەدەی شازدەهەمین زایینی لە ئینگلیستان دامەزرا. ئەوان پێیان وابوو: هەموو مرۆڤێک لە بنەڕەتدا خاوەنی ڕۆحێکی تیشکدارە و هەموو مرۆڤێک دەتوانێت پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودادا هەبێت. ئەوان هیچ جۆرە ڕێوڕەسمێکی ئایینیان قبووڵ نەبوو و هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان پیاو و ژن و سپی پێست و ڕەشپێستدا نەدەکرد. (و . ع).

٦٢- فیلادلفیا: شارێکی ئەمەریکاییە لە وڵاتی پنسڵڤانیا. ناوی شارەکە دەگەڕێتەوە بۆ "دلفیا" ناوی ئەو شارە یۆنانییەی بەپەرستگەی هەردوو خواوەند "ئەپۆلۆن و ئەسینا" بەناوبانگ بوو، هەروەها "فیلا"، واتە: "کچە خۆشەویست" یان "کچە برادەر". (و . ع).

٦٣- ئاماژەیە بۆ ئەو چیرۆکەی تەوراتی پیرۆز لەبارەی پەنابردنی دوو ژنەوە بۆ شا سلێمانی دانا تا بڕیار لە دایکایەتیی یەکێکیان بدات بۆمندااڵێکی شیرەخۆرە. کاتێک پاشا پێشنیازی کرد، منداڵەکە بکرێ بەدوو لەتەوە و هەر لەتەی بۆ یەکێکیان، ئەوەی دەیگوت من دایکیم بەپێشنیازەکە ڕازی بوو، وەلێ دایکە ڕاستەقینەکەی جیابوونەوەی لە منداڵەکە پێ باشتر بوو لەوەی منداڵەکە لەنێو بچێ. (و . ع).

٦٤- بەرێز دێ لا بۆرۆنیێ، شارداری شاری "ڕوان"، دەڵێ: کارگەی دروستکردنی کلێتەکان لە کۆدبیک و نۆشاتڵ، بەهۆی کۆچکردنی پەنابەرەکانەوە شکستیان خوارد. بەرێز فۆکۆ، شارداری "کان" دەڵێ: بازرگانی لە ناوچە داراییەکەیدا بەڕێژەی لە٥٠٪ داهاتی. بەرێز دی مۆبیۆ، شارداری "بواتیێ" دووپاتی دەکاتەوە: پێ دەچێ کارگەی چنین هەر وێران بێ. لای خۆیەوە بەرێز بۆرژۆن، شارداری "بۆردۆ" سکاڵای ئەوە دەکا کە لە هەردوو شاری کلیراک و نیراک، بازرگانی هەر نەماوە. بەاڵم بەرێز میرۆمنێڵ، شارداری دەڤەری تۆرین، جەخت دەکاتەوە: بازرگانی لە شاری "تۆر"دا بڕی دە ملیۆنان لە ساڵێکدا پاشەکشەی کردووە؛ هۆکاری هەموو ئەمانەش چەوساندنەوەیە (بڕوانە بەیاننامەکانی شارداەکان، ساڵی ١٦٩٨). با ئەوەشمان بیر نەچێ، بەتایبەتی، ژمارەی ئەفسەرانی زەوینی و دەریایی، ئەوانەی ناچار بوون لە دژی فرەنسا شەڕ بکەن، زۆر بەلێهاتوویشەوە؛ دەبا بپرسین، ئەرێ نالێبووردەیی، زیانی بەدەوڵەت نەگەیاندووە؟

نیازمان نییە سەرەڕۆیی بکەین و پێشنیازگەل پێشکێشی وەزیرانێک بکەین کە دەزانین چەند بلیمەت و نیازپاکن و لە پیاوەتی و بنەچەیان دڵنیاین؛ وەلێ ڕۆژێک دێ بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە چاکسازیی هێزەکانی دەریایی، بڕێک لێبووردەییی بەرانبەر دانیشتوانی لێواری دەریاکانی پێویستە*.

* دانیشتوانی چەندان شاری لێواری زەریای ئەتڵەسی پرۆتستانتی بوون. (و . ع).

قۆناخەکانی
کۆکۆژیی ئەرمەنەکان لە مێژوودا

د. ڤاهاکن دادریان

لە سەردەمی حوکمڕانییەتی عەبدولحەمیددا چوارچێوە و چڕی کۆکوژییەکانی ئەرمەنی و پێڕەوکردنی پاڵەپەستۆیەکی خوێناوی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا دەرفەتێکی فراوانی بۆ حوکمڕانییەتییەکەی کردووەتەوە.

پڕوشکی ئەم پاڵەپەستۆیە خوێناوییە ئەگەرچی لە شێوەی کۆکوژی ئەرمەنییە کریستیانەکانیش نەبووبێ لە ڕێگەی شێوازی ئازاردانی تاکەکەسی جەماعەتە موسڵمانەکانیشی تێوە گلان. بەرەنجامی ئەمەش بەهەڵبژاردنی گرووپێک لە شۆڕشگێڕە ئەرمەنییەکان بەتایبەتیش تاشناکەکان کە لە هەوڵی تێکشکاندنی دەسەڵاتی کزڵ سوڵتان (سوڵتان عەبدولحەمید)دا بوون، دەستیان هاوێشتە شۆڕشگێڕی لاوانی تورک و بەپەیامی هاوهەڵوێستی یەکەتیی موسڵمان – کریستیانێکی نوێ و بەخۆپێشاندانی هاوبەشیان بەرەو قۆناخی ڕێژیمێکی نوێوە چوون. سەرەتا پاشا تەنیا لە چوارچێوەی بەرژەوەندی خۆیدا دەستووری ١٨٧٦ کە پێشتر پەسندی کردبوو و بەهەڵواسراوەیی هێشتبوویەوە، لەنێو ساڵێکدا پراکتیزە کرد و بەمەش مۆدێلی دەستووری پاشایەتی نۆژەن کرایەوە. وەلێ بەپێشکەوتنی هەندێ ڕووداو کە ڕێگەیان لە پێش کۆکوژی ئەرمەنییەکان کردەوە، بووە هۆی ئەگەری لاوازبوونی دروستبوونی یەکەتیی نێوان موسڵمان کریستیان و هاوکات لاوازی ئەو گەرەنتییانەی دەخستە ڕوو کە لە دەستووردا ئاماژەیان پێ درابوو.

ئیسلامە بنەما گەرەکان و پارێزەرانی شەریعات لە دژی ڕێژیمی لاوانی تورکی نوێ و جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقیی کە خاوەن هەڵگری بیری یەکسانخوازی و عیلمانییەت بوون سەریان هەڵدا و لە ماوەیەکی کورتدا سەرکوت کران. لە هەمان کاتدا لە شاری ئەدەنە و

(*) وەرگێڕانی لە تورکییەوە: هەوار ئیسماعیل



دەوروبەری نێزیکەی ٢٥ هەزار ئەرمەنی بوونە قوربانی کە لە مێژوودا بەکۆکوژی ئەدەنەی ساڵی ١٩٠٩ ناسراوە، ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی ئاگرێکی مەزن. جینۆسایدەکانی شەڕی جیهانی یەکەم زۆر لەو هۆڤێتی و کوشتارە بەکۆمەڵانە زیاتر بوو کە لە هەمبەر ئەرمەنییەکان پێڕەو کراوە. لێرەدا کۆمەلێک فاکتەر جێگەی باسن لە ڕشتنی ئەم جۆگەلە خوێنەدا. یەکێک لەو فاکتەرانەی بەپلە یەک دێت، زۆری ژمارەی ئەو پیاوانە بوو کە ئەمایلیان نەمابوو لەسەر ئەو حوکمڕانەی تا ڕادەیەک کاریگەریی کەم بووبووەوە و بەهاوشانی ئەو ئەفسەرانەی لەگەڵ سەرکردە ئیسلامی و شانشیندا ناویان دەبرا ئارەزوومەندانە بەشداریان کرد لە ڕشتنی ئەو جۆگەلە خوێنەدا. فاکتەرێکی تر ئەو شەڕوانە ئەرمەنییە شاخاوییانە بوون کە لە چیای زەیتونەوە ترسێکی زۆریان دەخستنە سەر و ئەو ئەرمەنییە دەوڵەمەندانەی هەرێمەکە بوون کە لە دەستی زۆرداریی بکەرەکانی کۆکوژییەکانی ساڵی ١٨٩٤–١٨٩٦ ڕزگاریان بووبوو. ئەم دەوڵەمەندییە ڕۆڵی موگناتیسێکی دەبینی بۆ بکەرە چاوبرسییەکان. لە هەمان ئاستدا فاکتەرێکی تری گرینگ مللیگەرای هێرشبەرانەی هەندێک لە سەرکردەی جەماعەتە ئەرمەنییەکان بوو.

ئەم ئەرمەنییانە کە بەزاراوەی ئەفسووناوی ئازادیی سەرخۆش بووبوون، وایان هەست دەکرد لە ژێر چەپۆکی سەدان ساڵەی دەسەڵاتی عوسمانی تورک ڕزگاریان بووە و بەم شێوەیەش سینگیان بەرامبەر دەرەبەگە کۆنە موسڵمانەکان دەرپەڕاند و بوێرانە مەیلی نەتەوەپەرستی خۆیان بەدەرخست. وەلێ گرینگترین فاکتەر ڕۆڵی نهێنی و گێرەشێوێنی دوکتۆر محەمەد نازم بوو کە لەلایەن سەرکردەکانی لقی سەلانیکەوە پشتگیری لێ دەکرا و یەکێک بوو لە داهێنەرانی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە داهاتوودا و سەر بەفرقەی ئیتیحاد و تەرەقی بوو. ئەم سەرۆکانە بەدوو قۆناخ لە کۆکوژی ئەدەنەدا ئەندامە هەرێمییەکانی فرقەی ئیتیحاد و تەرەقی و هاوکارانیان

بەپەیامی نهێنی بەڕێوە بردووە. (١-١٤ی نیسان ١٤-٢٧ی نیسانی ١٩٠٩).

لە دوای کۆکوڕییەکان ئەو دوو لێکۆڵینەوە فەرمییەی کە ئەنجام درا، وا پێشان دەدا کە پێشوەخت کۆکوڕییەکە نەخشە و پلانی بۆ داڕێژراوە. ئەو لێکۆڵینەوەیەی ئەنجام درا لەلایەن بریکاری فرقەی ئیتیحاد و تەرەقی (هاگۆپ بابیکیان) کە بەڕەچەڵەک ئەرمەنی بوو، هێمای بۆ ئەوە کرد کە تاوانباری سەرەکی فرقەی ئیتیحاد و تەرەقییە. بۆ ئەوەی بابەتەکە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدرێ بابیکیان لەگەڵ بریکارێکی تورک بەناوی یوسف کەمال لەلایەن ئەنجوومەنی عوسمانییەوە هاتبووە دەستنیشانکردن. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی تر لە ئەنجوومەنی عوسمانیدا لەلایەن سادڕازمان حلمی پادشا هاتە ڕاگەیاندن کە لەو بارەیەوە پرسیاری ئاراستە کرابوو. لە ڕاگەیاندنەکەدا ئاماژە بەتاوانبارە ڕیسواکان دەکرا کە قەناعەتیان پێ هێنرابوو بەهێرشێکی لە ناکاودا ئەرمەنییەکان بکوژن و تالانیان بکەن. لە کاتێکدا ڕێکخەرە سەرەکییەکان سزای زۆر بچووکیان پێ درا، ئەو قوربانییانەی لە ڕووداوەکەدا بەسەلامەتی ڕزگاریان بووبوو نەمافەکانیان پێ درایەوە و نەقەرەبوو کرانەوە.

سەرەتای جینۆسایدی چاوەڕوانکراو

ئەو خاڵە هاوبەشەی ڕێژیمی عەبدولحەمید و لاوانی تورکی نوێی پێکەوە دەبەستییەوە، قۆناخی کۆکوژیی ئەرمەنییە کە بەمۆدێلێکی ناوەندی ڕێکخرابوو. ناوەندی یەکێتیان پێک هاتبوو لە ئەنجوومەنی ڕاوێژکارانی کۆشک و هی دووەمیشیان حزبێکی پیلانگێڕ بوو کە لە ئاستێکی بالادا لەنێو فرقەی ئیتیحاد و تەرەقیدا کاریگەری و ڕۆلێکی بەرچاوی هەبوو. لە هەردوو ڕووداوەکەشدا ڕێکخەرەکان توانیویانە خاڵە سەرەکییەکانی دەوڵەت بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. بەتێپەڕبوونی کات تێکچوونی ڕەوشی ئەرمەنییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و تێکچوونی ڕێککەوتنی نێوان تورک - ئەرمەنییەکان هاوکات بوو لەگەڵ لەدایکبوونی سیاسەتێکی نوێی ملیگەرای تورک کە لەلایەن ڕێژیمی فرقەی ئیتیحاد و تەرەقییەوە پەسند کرابوو. هاوشانی ئەم سیاسەتە فرقەی ئیتیحاد و تەرەقی کۆمەڵێک هەنگاوی نا. بەمەبەستی فراوانکردنی پێگە و ئافراندنی سەرچاوەی نوێ، محەمەد تەڵعەت کە بەڕێوەبەری فرقەی ئیتیحاد و تەرەقی و ماوەیەکی زۆریش وەزیری کاروباری ناوەخۆ بوو، لە هەموو سوچێکی ئیمپراتۆرییەتەکەدا خانە و یانەی نوێی دامەزراند. وێڕای ئەو هەنگاوانەی پێشووی ئەرکی بەژمارەیەکی زۆر لەو ئەفسەرانە سپارد کە وەک ئەندامێکی کارای پارتی هاتبوونە نێو فرقەی ئیتیحاد و تەرەقی و بەمەش هێزێکی گرینگی بەدەست خست. لەم نێوەندەدا لەنێو ئەنجوومەنی گشتیی فرقەی ئیتیحاد و تەرەقی کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرینگی ئەنجام دا. ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی فرقەی ئیتیحاد و تەرەقی لە حەوت کەسەوە کرا بە دوازدە کەس و ئەنجوومەن ڕکێفی دایە دەست دەستەبالا سێ کەسییەکە و ئەمەش زەمینەی خۆش کرد بۆ ئەوەی لە بری عوسمانییەتێکی فرە نەتەوە جێگە بۆ تورکایەتییەکی

جـوداخـواز والاّ بکرێ و بەبڕیارانە بتـوانن نەتەوە نا موسـڵمـانەکـان لە ئیـمـپراتۆرییـەتەکـەدا پاکتـاو بکەن. لەمـەش گرینگتر لەنێو چەند سـاڵێکدا دوکتـۆر بەهادین شاکر، دوکتۆر محەمەد نازم و زیاگۆک ئاڵپی ئایدیۆلۆگی فـرقـەی ئیـتـیـحـاد و تەرەقی دەیسـەلـێن کـە لە شـەڕی جیهانی یەکەمدا ئەوان ئەندازیاری سەرەکی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان بوونە. بەتێپەڕبوونی کات ناکۆکییەکانیان لەگـەڵ هاوولاّتییـە کریسـتـانەکـان وەرسـووڕایە شـەڕ لە نیمچەدوورگەی باڵکان و بەرەو قەیرانێکی گەورەی بردن. ئەو کۆکوڕییە درندانەیەی بەڕێوەبەرایەتی عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩١٢ لە مەکەدۆنیا پێڕەویان کرد، بووە جێگەی نارەزایی هاوولاّتییە کۆنە عوسمانییەکان. ڕۆم و سرب و بوڵگارەکـان ناکۆکیـیـەکانی خـۆیان وەلا نا کە لەسـەر مـەکەدۆنیـا هـەیانبوو و پێکەوە شـەڕیان ڕاگەیاند. لەنێو چەند هەفتـەیەکـدا سـوپای عوسـمانییـەکـان بەتەواوەتی شکسـتیـان پێ هێنرا و دەسـەڵاتی عوسـمانییـەکان لە باڵکان کۆتایی هات و دەیان هەزار مـوسـڵـمـانی پەنابەر ناچار بوون هەڵێن و بگەڕێن بەدوای شوێنی خۆ حەشارگان لە ئەستەنبوڵ. لە چوارچێوەی هەموو ئەم ڕووداوە ناخۆشـانەدا سەرکردەی گرووپە جوداکانی جەمـعـیـەتی ئەرمەنی بڕیاریان دا بۆ جارێکی تر بڵـێسـە بەمەسـەلەی بەخۆڵەمـێشـبوونی ڕیفۆرمی ئەرمـەنییـەکان بدەنەوە. بۆ ئەم مـەبەسـتەش لیژنەیان نارد بۆ پایەتەختەکانی ئەوروپا و وڵاتە گەورەکان بۆ ئەوەی پاڵپشـتۆ بخـەنە سـەر تورکیـا و تکایان لێ بکەن بۆ دانیشتن لەسەر داڕشتنی شێوازی ڕیفۆرمێکی نوێ.

هەولێرەوە بۆ گیتی

دوژمنی ناوەخۆ

سـەرکردەکانی فرقـەی ئیـتـیـحـاد و تـەرەقی لە ٢٣ی کـانـوونی دووەمی ١٩١٣ کە بەدووەمین کودەتا تواناییان هەموو دەسـەڵاتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە، دوای پاکتاوکردنی هەموو گرووپە دژبەرەکان بـەبێ لەدەستدانی کات بوون بەدیکتاتۆری ئیـمـپراتـۆرییـەتەکە و خـۆیان بەباڵادەسـتـییـەکی فراوان پڕ چەک کرد. هاوکات بەشـێوەیـەک کە ئـەرمـەنییـەکان بکەنە ئامـانجی سەرەکی ئیمپراتۆرییەتەکەیان، بەزەبری زۆری هەنگاویان نا بەرەو پێڕەوکردنی پلانی بەتورککردن. فرقـەی ئیـتـیـحـاد و تەرەقی خـۆیان بۆ ئەم ئەرکـە ئامـادە کرد و چاوەڕوانی قۆسـتنەوەی هـەڵێکی گونجاویان دەکرد کە لە ئەنجامی شەڕی جیهانی یەکەمدا هاتە ئاراوە.

گەورەیی تاوانی جینۆساید هێما بۆ گرینگی هەلومەرجەکانی ئەم تاوانە دەکات. لەم واتایەشدا لە خستنەجوولەی هەلپەرستی و بکەرە لەخۆباییـیەکانی شەڕ بەجۆرێک کە بوێرییان پێ ببەخشێ

زەمینەیەکی بێ هاوتا دەڕەخسێنێ. لە کاتێکدا سەرچاوەی ئامانجی هەلپەرستەکان لاوازی گرووپی قوربانییەکان بوو، ئەو شکستەی لە بەرەبەری کۆتاییی شەڕ دەرکەوتە مەیدان، لەلایەن بکەرەکانییەوە هەموو کات وەک "دوژمنی ناوەخۆ" بەناو کرا و لە هەمبەر گرووپێک بەشێوەیەکی بێ بەزەییانە بەکار هێنرا. ئەمە ئەو چوارچێوە گشتییە بوو کە لە شەڕی جیهانی یەکەمدا شێوەی بەجینۆسایدی ئەرمەنییەکان داوە.

شکستە سەربازییە گەورەکەی سوپای عوسمانییەکان وێڕای سوپاکانی ساری کامیش و دیلمان کە لە زستان و بەهاری ١٩١٥ ڕووبەڕوویبوونەوە، بەڕۆڵی بەشداریکردنی ئەو کەتیبە خۆبەخشە ئەرمەنییانەوە بەسترایەوە کە چووبوونە نێو ڕێزەکانی سوپای ڕووسی قەفقاسی دوژمن، لە کاتێکدا بەشێک لە سەربازەکانی ئەم سێ کەتیبەیە لە هاوولاتیی عوسمانی کۆن پێک هاتبوون. دانیشتوانە ئەرمەنییەکانی ویلایەتی ئەرمینیا کە چاوەڕوانی بەرخۆدانی بوون لە دژی کۆکوژی چاوەڕوانکراو، ڕوویان کردە چیاکان و سەرهەڵدانەکەی نیسانی ١٩١٥ی وانیش بووە بیانوویەک بۆ تاوانبارکردنی ئەرمەنییەکان بە"دوژمنی ناوەخۆ".

دەست پێکردنی جینۆساید

جیاوازتر لە هەر تاوانێکی گەورە ئەگەر جینۆساید لەلایەن دەوڵەتێکی گەورەوە پەنای بۆ برابێ، تەنیا بۆ ئەوە نییە کە ئاستێکی سەرکەوتنو بەدەست بهێنێ، بگرە بۆ شاردنەوەی مەبەست و دەرەنجامەکانی یاخۆ داپۆشینی ڕاستییەکان پێویستی بەئامادەباشییەکی وردەکارانە هەیە. لە مەڕ دادگە سەربازییەکەی کە لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم ساز کرا، لە ڕۆژنامەیەکی فەرمیدا ئاماژە بەوە دراوە کە بەزانایی کۆکوژی ئەرمەنییەکان ئەنجام دراوە و کۆچبەرییەکەش تەنیا وەک ئامرازێک بۆ کۆکوژییەکە بەکار هێنراوە. وەهیب پاشای فەرماندەری سێیەمی سوپا لە دانپیانانی خۆی لە دادگەدا ئاماژەی بەوە دەدا کە بەزانایی ئەم کردەوەیە ئەنجام دراوە و هێڵی بەڕێز وشەی "بەزانایی"دا دەهێنا. لەمەش زیاتر لە بەڵگە فەرمییەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و هاوپەیمانانی شەڕ کە ئیمپراتۆرییەتی نەمسا ماجەریستان بوون ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە.

لەنێو چەند هەفتەیەکدا دوای قڵیشانەوەی شەڕ تورکیا کە هەڵوێستی "چەکداری بێ لایەن"ی بەردەوام دەکرد، دامەزراوەکە بەزانایی بەو گرووپە جاشانەی کە تازە پێک هێنرابوون لە دژی جێنشینە ئەرمەنییەکانی ڕۆهەڵاتی تورکیا، دەستیان کرد بەکەمپینێکی تیرۆر و پاکتاوکردن. سوپای ڕووسیا لە قەفقاس کە چاودێری بەشداربوونی تورکیای دەکرد بۆ شەڕەکە، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو پلانی وەرگێڕان و پاکتاوکردنیان دووچاری نەهامەتی هات. هاوکات ئەرکێکی نوێ و جەرگبڕیان بەجاشەکان سپارد و لە شێوەی تیمی بکوژ دەجوولانەوە و هێرشیان دەکردە سەر کاروانە بێ هەژمارەکانی کۆچبەرە ئەرمەنییەکان. دوکتۆر بەهادین شاکر کە سەرکێشی

دامەزراوەی تایبەتی ڕۆهەڵاتی دەکرد، بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنێ بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی مەرکەزی گشتی فرقەی ئیتیحاد و تەرەقی بەرەو پایەتەختی عوسمانییەکان گەشتێکی تایبەتی ئەنجام دا. بەگشتگیرکردنێکی بەرفراوان و بێ بەزەییانە ئەرمەنییەکانیان بەخیانەتکار ناوزەد کرد "دوژمنی ناوەخۆ" و بەئامانجیان گرتن.

بۆ ئەوەی میکانیزمێک دابڕێژن بۆ جێبەجێکردنی پلانی چالاکییەکانی پاکتاوکردن، سەرۆکایەتی فرقەی ئیتیحاد و تەرەقی ئەنجوومەن دەخەنە پشووەوە. هەموو دەسەڵاتەکانی یاسادانان دەکەوێتە دەست حکوومەتەوە و لە ماوەیەکی کورتدا دەستەی باڵا بەبنەماگرتنی مادەی ٣٦ی یاسای بنەڕەتی و بەگوێرەی مادەی ١٢ی پێڕەوی ناوەخۆی فرقەی ئیتیحاد و تەرەقی، حکوومەت بەیاسایەکی کاتی کاروبارەکان بەڕێوە دەبات. گرێدراوی ئەمە لە ماوەی نێوان ١٣–٢٦ی مایسی ١٩١٥دا تەڵەتی وەزیری ناوەخۆ لەبارەی یاسای کۆچبەرکردن و کۆکوژی ئەو ئەرمەنییانەی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا دەژیان ڕەزامەندی دەستەی باڵای عوسمانییەکانی وەرگرت. خۆی لەخۆیدا بەبڕیارنامەی کۆچبەری گشتی چەندان مانگ لەوەوبەر بەشێوەیەکی یەک لە دوای یەک دەست کرابوو بەکوشتنی ئەو ئەرمەنییانەی لەنێو سوپای عوسمانییەکاندا جێگەی خۆیان دەگرت.

ڕێکخستنی ئەو چالاکییانەی ئامانجیان جینۆساید بوو بۆ کۆمەڵێک لە بکەر و گرووپەکان بەجێ هێڵرا. ئەوانەی لە سەرووی هەموشیانەوە دەهات سەربازەکان بوون. لەلایەکەوە دابینکردنی پێداویستی لۆجستیکی کاروانە کۆچبەرکردووەکان و لەلایەکی ترەوە ئەرکی بەڕێوەبردنی پلانی کوشتن و لەناوبردنی ئەو کاروانانە لە بۆسەی جاشەکانی تەشکیلاتەکەوە، سپێردرابووە سەیفی سەرۆکی دووەمی ئەرکانی سوپای عوسمانی. ئەم جاشانە لەمەبەستی بەکارهێنانیان لە چالاکییە کۆکوژییەکانی ئیمپراتۆرییەت لەنێو ئەو بکوژانەدا هەڵبژێردرابوون کە بەتاوانی بکوژی خوێناوی لە گرتیگە دەرچووبوون و لەلایەن ئەفسەرە لاوەکانەوە بەڕێوە دەبران. لە هەمان کاتدا سەرکردەی هەر سێ سوپاکە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە ئەنجامدانی کارەکاندا دەگێڕا. دەسەڵاتی مەدەنی و سەربازی مەحموود کامیل پاشای فەرماندەری سوپای سێیەم، گەورەترین شوێنی نیشتەجێبوونی گەلی ئەرمەنی عوسمانی لەخۆ دەگرت کە ویلایەتەکانی سیواس، ترابزۆن، هارپوت، دیاربەکر، ئەرزرۆم، بەدلیس و وانی لە ئامێز دەگرت. ئەم پاشایە بەو ڕێکخستنەوەیەی لەلایەن ئەنجوومەنی گشتیی فرقەی ئیتیحاد و تەرەقییەوە ئەنجام درا لەسەر داواکاری خۆی ئەرکی ڕاگواستن و کۆکوژییەکانی لە ئەستۆ گرتووە. خەلیل کوت پاشای فەرماندەری سوپای هێزەکانی ڕۆهەڵات و عەلی ئیحسان سابیسی پاشای فەرماندەی سوپای چوارەم بەبڕیارانە هەموو ئەو ئەرمەنییانەیان پاکتاو کرد کە لەنێو سوپادا جێگەیان دەگرت و فەرمانی کۆکوژی بەکۆمەڵیان دا بۆ لەناوبردنی ئەو ئەرمەنییە مەدەنییانەی لە ناوچەکانی ژێر فەرمانڕەواییاندا بوون.

کاتێک بەغدا
مەڵبەندی زانستیی دنیا بوو

جیم خەلیلی

هەواڵنامەی کێبڕکێ

لە سەدەی نۆیەمی زاینیدا لە سایەی خانەی حیکمەتی خەلیفە ئەبوجەعفەر ئەلمەئموندا زانستی ئیسلامی لە لووتکەی پێشکەوتندا بوو.

ناوچەکانی دەروازەی ڕۆهەڵات (باب الشرق)، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی بەغدا، ناوەکەی لە دیوار و قایمکارییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەو شارەوە هاتووە. ئەم دیوارانە دەشێ لە دەوروبەری نیوەی یەکەمی سەدەی دەیەمدا دروست کرابن. لەو ماوە کورتەی بەریتانیاییەکان لە کۆتای شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە بەغدا بوون، تەلاری دەروازەی شاری بەغدا وەکو کلێسای سەربازی لەلایەن هێزە بەریتانییەکانەوە بەکار دەهێنرا. هیچ لە دیوارانەی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست یان دەروازەی ڕۆهەڵات ئێستا نەماون. من (باب الشرق)م لە بیرە کە مەیدانێکی قەرەباڵغی بەدەنگەدەنگ و هەرا بوو لەگەڵ ئەو هەموو عەرەبانەی خواردن و دووکانی کەونە قەوان کە لە گۆڕەپانی پاس و تاکسییەکان بلاو بووبوونەوە. بەڵام ناوەکەی وەبیرهێنەرەوەی فراوان بوون و گۆڕانی ئەم شارە سەربەرزەیە بەدرێژاییی ئەو ساڵانە لەوەتەی لە ساڵی ٧٦٢ی زاینی دروست کرا تا ببێتە مەڵبەندی نوێی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عەباسیی بەهێز. بێگومان هیچ شارێک لەسەر ئەم زەوینە ئەوەندەی بەغدا نەهامەتی و وێرانکاریی بەخۆوە نەدیوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ زیاتر لە نیو هەزارە، وەکو پایەتەختی یەکێک لە هەرە بەهێزترین ئیمپراتۆرییەتەکانی سەر زەوی؛ بەغدا دەوڵەمەندترین و سەربەرزترین و گەشەسەندووترین شار بوو.

لە سەرەتای سەدەی هەشتەمدا، کە ڕۆژئاوای ئەوروپا لە سەردەمی تاریکیدا دەڕازایەوە، ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی ڕووبەرێکی وای داپۆشیبوو کە بەرفراوانتر بوو لە ڕووبەری

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕابەر یونس عەزیز

ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کە لە لووتکەی گەشەسەندنا بوو، تەنانەت لە ڕووبەری ئەو هەموو زەوییانەش فراوانتر بوو کە ئەسکەندەری گەورە داگیری کردبوو. ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی ئەوەندە بەهێز و کاریگەر بوو کە بە درێژاییی ٧٠٠ ساڵ زمانی زانست بەعەرەبی بوو.

شازادە مەئموونی ڕواڵ بەغدای لە هەڕەتی سەربەرزیدا بینی. شارێکی گەورەی جوان و ڕازاوە بە گومبەت و کۆڵانە سەرەکییەکانی کە بەشێوازی تەلارسازیی ورد و ئاڵۆزی عەباسیی بەناوبانگ دروست کرابوون. بەغدا هەر ٥٠ ساڵ دوای دامەزرانی بووبووە گەورەترین شاری دنیا کە بەمەزەندەی هەندێ مێژوونووسان دانیشتوانی ئەو کاتەی زیاتر لە یەک ملیۆن کەس بووە.

مەئموون یەکەمین خەلیفە نەبوو کە پاڵپشتی لە خوێندن و زانست بکا؛ بەڵام بێگومان لە هەموویان بەجۆش و خرۆشتر و دڵسۆزتر بوو. کاتێک گەنج بوو، قورئانی لەبەر کرد، مێژووی ئیسلامی خوێند، شیعری دەخوێند و بااڵدەستیی خۆی لە ڕێزمانی عەرەبیدا، ئەو کاتە کە تازە لە قاڵبدا دەمەیی، سەلماند. ئەو هەروەها زانستی ژمێریاری و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی لە لێکدانەوەی باجدا خوێند. لەوەش گرینگتر، ئەو فێرخوازێکی زیرەکی فەلسەفە و ئاینزانی بوو، یان وردتر بڵێین ئەوەی کە لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ "کەلام" کە شێوەیەک لە مشتومڕ و ئارگومێنتی دیالێکتیکییە. ئاینزانە موسڵمانەکانی سەردەمی زووی ئیسلام لەو بڕوایەدا بوون کە تەکنیکی کەلام توانای ڕووبەڕووبوونەوەی پێ دەدان لە گفتوگۆ ئاینییەکاندا لە بەرامبەر ئاینزانە مەسیحی و جووەکەکان کە لەگەڵ موسڵمانەکاندا هاوشان دەژیان و چەندان سەدە بوو خۆیان بەخوێندنی نووسینەکانی فەیلەسووفگەلی وەکو سوکرات و ئەفڵاتوون و ئەرستۆوە سوێبووەوە، ئەو کەسایەتییە مێژووییانەی سەردەمی گریکی کۆن کە ناوەکانیان بێگومان لای مەئموونی لاو ئاشنا بوون. هەروەها ئەوەش شیمانەی زۆرە کە لەگەڵ هاتنی سەرەتای سەدەی نۆیەم هەندێک لە کارەکانی ئەو فەیلەسووفانە وەرگێڕدرابێتنە سەر زمانی عەرەبی.

لەژێر سایەی مەئموون و ڕۆحییەتی کرانەوە بە ڕووی ئاین و کولتوورەکانی تردا کە ئەو دەیپاراستن، زۆر زانا لە سەرتاسەری ئیمپراتۆریەتی ئیسلامییەوە بەهۆی هەستکردن بەگەشبینی و ئازادیی ڕادەربڕینەوە بەرەو بەغدا هەڵکشان. هەموو هەفتەیەک، مێوانان داوەتی کۆشک دەکران، خواردن و خواردنەوەیان پێ دەدرا و پاشان لەگەڵ خەلیفەدا دەستیان بەگفتوگۆ دەکرد لە هەموو بابەتێکی زانستی هەر لە ئاینزانییەوە بگرە تا بیرکاری. خەلیفە نێردراوی ڕەوانەی زەویی دوورەدەست دەکرد بۆ ئەوەی نووسین و دەقی زانستیی کۆنیان دەست کەوێت: یەکێک لەو نێردراوانە بەناوی سەلمان سەردانی قوستەنتینییەی کرد بۆ ئەوەی دەقی گریکی لە ئیمپراتۆر لیۆی پێنجەم (لیۆی ئەرمەنی) بەدەست بێنێ. زۆرجار، سەرکردە و فەرمانڕەوا بیانییەکان داوایان لێ دەکرا مەرجەکانی خۆبەدەستەوەدانیان بەپێدانی کتێب لە کتێبخانەی خۆیان لە جیاتیی زێڕ لەگەڵ خەلیفەدا یەکلایی بکەنەوە. مەئموون نێزیکەی شێتگیر بووبوو بەدەست ئەو ئارەزووەی خۆی بۆ کۆکردنەوەی هەموو کتێبەکانی دنیا لەژێر یەک بنمیچدا، بۆ ئەوەی وەریان بگێڕێتە سەر زمانی

عەرەبی و داوا لە زاناکانی خۆی بکا بیانخوێنن. ئەو دەزگایەی کە ئەویش دروستی کرد بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی لە هەموو شتێک زیاتر گەشەسەندنی ئەو سەردەمە زێڕینەی زانست بەرجەستە دەکا. ئەمڕۆ هیچ شوێنەوارێکی بەرجەستەی ئەو ئەکادیمیایە نەماوە، بۆیە ناتوانین دڵنیا بین ئاخۆ ڕێک کەوتبووە کوێوە و شێوەکەی چۆن بووە. هەروەها هەندێ مێژوونووسانیش دەمەقاڵێی ئەوە دەکەن کە پانتایی و ئامانجی ئەو خانەی حیکمەتە و ڕۆڵی مەئمووں لە دروستکردنی بەسەریەوە نراوە. بەڵام ئەو خانەیە فرمانەکەی هەر چییەک بووبێت گومان لەوەدا نییە کە خانەی حیکمەت باریکی ئەفسانەیی وەرگرتووە کە سیمبوڵی ئەو سەردەمە زێڕینەیە، هاوشان لەگەڵ کتێبخانەی ئەسکەندەرییەدا کە ١٠٠٠ ساڵ پێشتر دامەزرابوو.

خانەی حیکمەت بەوەدەستهێنانی کتێب و دەق لە وڵاتی گریک و فارس و هیندستان زۆر بەخێرایی گەشەی سەند، هەروەها لە قەبارەشدا زیاتر هەڵئاوسانی بەخۆوە بینی بەوەرگێڕانی ئەو کتێبانە بۆ سەر زمانی عەرەبیی. پرۆسەی وەرگێڕانی کتێب بووبووە پیشە لە بەغدا. ئەو گەشەسەندنەش بەبەکارهێنانی کاغەز، کە عەرەبەکان لە دیلە چینییەکانەوە فێری بووبوون وەکو مادەیەکی نووسینی نوێ و هەرزانتر لە بری پاپیرۆسی میسری و پێستە، خێراتر دەبوو. وەرگێڕەکان کەسانێکیان هەبوو کە کارەکانیان دەنووسییەوە و چەندان کۆپیشیان لە هەر دەقێک دەنووسییەوە. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆیەمدا، بەغدا بووبووە سەنتەری دنیای شارستانی کە بۆ ماوەی چەندان سەدە باشترین فەیلەسووف و زانای عەرەب و فارسی بۆ خۆی ڕاکێشا.

بەناوبانگترین وەرگێڕی بەغدا، حونەین ئیبن ئیسحاق، لە شاری حیرەی کریستیانەکان لەدایک بووبوو و هەر بە کریستیانیش مابووەوە. ئەو چەندان ساڵ بە دنیادا دەگەڕا بۆ دەستکەوتنی دەستنووسی گریکی. گرینگترین میراتی ئیبن ئیسحاق وەرگێڕانی نووسینە پزیشکییەکانی گالینە[١] لەبەرئەوەی نەک تەنیا ئەو گەنجینە بەنرخەی بە ڕووی دنیای ئیسلامیدا کردەوە بگرە لە زۆر حاڵەتیشدا تەنیا لە ڕێی ئەو وەرگێڕانە عەرەبییانەوەیە کە زۆربەی کارەکانی گالین ئەمڕۆ بەدەست ئێمە گەیشتوون. حونەینی زانا و گەنج لە ڕێی برایانی بەنو موساوە – کە سێ کەسایەتیی ناودار بوون لە خانەی حیکمەتدا – ئاشنایەتیی لەگەڵ مەئمووندا پەیدا کرد. گەورەترینی ئەو سێ برایە، محەمەد، دەگوترێ یەکەم کەس بووە کە گوتوویەتی تەنە ئاسمانییەکان وەکو مانگ و هەسارەکان پێڕۆی هەمان یاسای فیزیایی دەکەن کە لەسەر زەوی هەن کە ئەمەش لێکترازانێکی ڕوون بوو لەو وێنە ئەریستۆییەی گەردوون.[٢] کتێبەکەی محەمەد بەناوونیشانی جوولەی ئەستێرەکان و هێزی کێشکردن، ئاماژەی ڕوون پێشان دەدا کە ئەو تێگەیشتنێکی نوێی بۆ ئەو هێزی کێشکردنە هەبوو هەرچەندە لە یاسای تاودانی زەویی نیوتۆن دوور بوو. ئەو سێ برایانە زیاتر بەداهێنانە جوانەکان و پڕۆژە ئەندازەییەکانیان ناسراون. لە هەمووی ناودارتر ئەو کتێبەیانە بەناوونیشانی "کتێبی فێڵان" (کتاب الحیل) کە لە ساڵی ٨٥٠دا بڵاو کرایەوە. ئەمە کتێبێکی گەورە بوو و بەوێنەی ئامرازی میکانیکیی وەکو ئامێر و مەتەڵ و فێڵ و ئەو شتانە ڕوون

کرابووەوە، هەروەها یەکێک لە سەرنجڕاکێشترینی ئەو داهێنانانەی ئەوان بڕێتییە لە ئامێرێکی پرۆگرامکراو: شمشاڵژەنێکی ڕۆبۆتی.

یەکێکی تر لە خانەی حیکمەت لەلایەن مەئموونەوە دامەزرێنرابوو کە ئەمڕۆ بە "فەیلەسووفی عەرەب" دەناسرێ. ئەو ناوی ئەلئەلکیندی بوو (٨٠١–٨٧٣) کە بەلاتینی بە "ئەلکیندوس" دەناسرێت و بەیەکەمین فرە عیلمی سەردەمی عەباسی دادەنرێ. ئەلکیندی لە شاری بەسرە لەدایک بووە و لە عەشیرەتی کیندەیە. وا باوەڕ دەکرێ ئەلکیندی هەر لە سەردەمێکی زووی ژیانیدا سەفەری کردووە بۆ بەغدا و لەوێ خوێندوویەتی. ئەلکیندی بیرکاریزانێکی گەورە بوو. هونەری کۆدشکاندنی خوێندبوو و یەکەمین تیۆردانەری گەورەی مۆسیقا بوو لە ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامیدا، بەڵام ئەو زیاتر بەوە بەناوبانگە کە یەکەمین کەس بوو کە فەلسەفەی ئەریستۆی بە دنیای عەرەبیزمان ناساند بەشێوەیەکی وا کە قبووڵکراو بێت بەلای جەماوەری موسڵمانەوە. ئەوەی لە کارەکانی ئەلکیندیدا زۆر گرینگ بوو ئەوە بوو لە شێوازی نووسینی ئەودا فەلسەفەی ئەریستۆ و ئاینزانی ئیسلامی لە یەکدا دەتوێنەوە بەشێوەیەک کە سەکۆیەکی هزریی بۆ مشتومڕ دروست کرد لە نێوان فەیلەسووفان و ئاینزانان کە دواتر بەسەدان ساڵ درێژە بکێشێ.

یەکێکی تر لە زەبەلاحەکانی بەغدای سەردەمی مەئموون بیرکاریزان محەمەد بن مووسای خوارەزمی بوو. یەکێک لە بەناوبانگترین مێژوونووسانی سەدەی بیستەم، جۆرج سارتۆن، کێبێکی چەند بەرگیی نووسی بەناوی "ناسانێک بۆ مێژووی زانست" کە تێیدا مێژووی دنیا هەر لە سەدەی شەشەمی پێش زاینەوە دەکاتە بەش بەشی نیو سەدەییەوە. هەر یەکێک لەو بەشانە بەناوی گرینگترین زانای ئەو سەردەمەوە نراوە لە هەر کوێیەکی دنیادا بێت. ئەو ماوەیەی نێوان ٨٠٠ تا ٨٥٠ی زاینی بە "سەردەمی خوارەزمی"یەوە ناونراوە.

خوارەزمی لە دەوروبەری ساڵی ٧٨٩ی زاینی لەدایک بووە و لە ساڵی ٨٥٠ کۆچی دواییی کردووە. ناوەکەی ئەوە پێشنیاز دەکا کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی خوارەزم بووە، کە دەکاتە ئۆزبەکستانی ئێستە. ئەو وەکو بیرکاریزان لە خانەی حیکمەتدا کاری دەکرد، جوگرافیاناس و گەردوونناسیش بوو. بەیەکەوە لەگەڵ ئەلکیندی، خوارەزمی هۆکارێک بوو بۆ ئاشناکردنی عەرەب بە ژمارەی دەیانی هیندی کە ئەمڕۆ ئێمە بەکاری دێنین. بەڵام گەورەترین میراتی ئەو بڕێتی بوو لە کتێبە ناوازەکەی لەبارەی جەبر. بێگومان، وشەی "جەبرەوە" لە ناوونیشانی کتێبەکەی ئەوەوە وەرگیراوە: "کتاب الجبر" (کتێبی تەواوکاری) کە تێیدا ئەو بۆ یەکەمین جار یاساکان و هەنگاوەکانی شرۆڤەکردنی هاوکێشەی جەبری دیاری دەکات.

سەردەمی دەسەڵاتی مەئموون زۆر زیاتر لە نووسینە ئەکادیمییەکانی ئەو بیرمەند و زانا تاکە تاکانەی بەخۆوە بینی. مەئموون هەر بەوەندە تێر نەبوو کە تەنیا خانەی حیکمەت دروست بکا، بگرە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆیەمدا هەستا بە دروستکردنی یەکەمین ڕوانگەی چاودێریکردنی گەردوون لە بەغدا. ئەمە تەنیا ڕێگە بوو گەردوونناسەکانی بتوانن وردی و دروستیی ئەو دەقە

جۆراوجۆرە گریک و فارسی و هیندییانەی لە بەردەستیاندا بوو و کە زۆرجار پێچەوانەی یەکتر بوون، پشتڕاست بکەنەوە. لە هەموویان دیارتر کتێبی ئەلیجستەی[٣] بوو کە نووسەری گریکی خەڵکی ئەسکەندەرییەی میسر، تۆلمی، نووسیویەتی.

ڕوانگە گەردوونناسییەکە ڕەنگە یەکەمین پرۆژەی گەورەی زانستیی حکوومەتییە لە مێژووی دنیادا. بۆ ئەوەی لەوە تێ بگەین کە مەئموون بەتوانایەکی زۆر کەمتر، بەڵام بەئەنجامی جوانترەوە، چ دەسکەوتگەلی بەدەست هێنا، تەنیا ئەوەندەمان بەسە بۆ ئەوەی سەیرێکی ئەو پرۆژە گەورە و فرە نەتەوە و فرە ملیۆن دۆلارانەی وەکو لارگ هادرۆن کۆلایدەر[٤] بکەین لە سێرن لە جنێڤ. مەئموون هەروەها تیمێک لە بیرکاریزانان و گەردوونناسان و جوگرافیناسانی کۆ کردبووەوە بۆ ئەوەی پێکەوە کار بکەن لەسەر کێشانی نەخشەیەکی دنیا، دواتر ئەرکی ئەوەی پێ دان کە ڕێگەیەکی تازە بدۆزنەوە بۆ پێوانەکردنی چێوەی زەوی. لەم ڕووەوە، میراتی ڕاستەقینەی مەئموون ئەوەیە ئەو یەکەمین کەس بوو پاڵپشتیی دارایی لە "پرۆژەی گەورەی زانستی" بکا.

سەبارەت بە فەیلەسووف ئەلکیندی، کە تا دوای مردنی مەئموونیش هەر لە ژیاندا مابوو، ئەو پێ دەچێ بووبێتە قوربانیی پلانگێڕییەک لەلایەن برایانی بەنو موسا کە دواجار وایان لێ هات چاویان بە کتێبخانە فراوانەکەی هەڵنەپەت و پلانیان لە دژ گێڕا تا خەلیفەی ئەو کاتە "ئەلموتەوەکیل"یان (٨٤٧–٨٦١) قایل کرد کە لە خانەی حیکمەت وەدەری بنێ. ئەلکیندی ئەو تەمەنەی مابووی وەکو پیاوێکی تەنیا بەسەر بردو دوای مردنیشی کارە فەلسەفییەکانی کەوتە نێو گۆمی لێڵەوە. هزرۆکەکانی ئەلکیندی لە سەدەی دەیەمدا لەلایەن فەیلەسووفی تورک ئەلفارابی زیندوو کرانەوە کە ئەرکی ئەلکیندیی لە بەئیسلامکردنی فەلسەفەی گریک درێژە پێ بدا و دواتریش ئەو ئەرکەی بۆ دوو پیاوی تر لە دوای خۆی بەجێ هێشت کە دواتر لە ئەوروپا ناوبانگی گەورەیان بەدەست هێنا و کاریگەریی زۆر گەورەیان خستە سەر زۆر بیرمەندی ڕێنیسانس. ئەو دوو پیاوە ئیبن سینا (٩٨٠–١٠٣٧) و ئیبن ڕوشد بوون (١١٢٦–١١٩٨) کە هەردووکیان لە ڕۆئاوا زیاتر بەناوە لاتینییەکانیان دەناسرێن: ئەڤایسینا و ئاڤێرۆس. ئەوەی یەکەمیان زیاتر وەکو پزیشک دەناسرێ و بەناوبانگترین زانای ئیسلامە. کتێبی "یاسای پزیشکی" (القانون في الطب) لە ئەوروپای ڕێنیسانسدا خوێندنەوەی بووبووە ئەرک تا سەدەی حەڤدەم – کە ئەمەش ماوەیەکی زۆرە. لە هەمان کاتدا، ئیبن ڕوشد کە لە قورتوبە (لە ئەندەلووس – ئیسپانیا) لەدایک بووبوو بەدواینی فەیلەسووفە موسڵمانە مەزنەکان دێتە ئەژمارکردن.

زۆر پیاوی گەورەی تر هەن کە بەشداریی ئەوانیش لە کاروانی زانستدا لەلایەن ڕۆئاواوە لە بیر کراون وەکو بلیمەتی عێراقی ئیبن هەیسەم، گەورەترین زانای فیزیا لە ماوەی ٢٠٠٠ ساڵدا لە نێوان ئەرخەمیدیس و نیوتۆن، هەروەها ئەلبیرونی، زانای فارسی فرە عیلم کە بە داڤینشیی ئیسلامی دادەنرێ، لەگەڵ ئەلتوسیی بیرکاریزان و گەردوونناس کە کاریگەریی لەسەر کۆپەرنیکۆس هەبوو. هەروەها ئیبن خەلدوون، باوکی زانستی کۆمەڵایەتی و تیۆری ئابووری. هەموو

ئەوانە کەڵەپیاوگەلێک بوون کە کەمتر جێی بایەخ و ئاماژەپێدان نین لە ئەریستۆ و گالیلیۆ و نیوتۆن و ئەنشتاین لە مێژووی زانستدا.

بەدڵنیاییەوە ئێمە نازانین ژیان لەنێو خانەی حیکمەتدا چۆن بووە. بەڵام ڕاستییەکی پشتڕاست کراوە و مشتومڕ هەڵنەگر ئەوەیە کتێبخانەکەی ئەسکەندەرییەی میسر کە زۆر زووتر لە خانەی حیکمەت دامەزرابوو لە تەنیا کتێبخانەیەک زیاتر بوو لەبەرئەوەی نەک تەنیا زۆربەی زانیاریی جیهانیی لەژێر یەک بنمیچدا کۆ کردەوە بگرە بووە هۆی ڕاکێشانی زۆر لە بیرمەند و زانا گەورەکانی دنیا. بەسەرپەرشتیی خانەوادەی تۆلی لە میسر کە مەسرەفی گەشت و کەلوپەل و دەرماڵەی بۆ ئەو پیاوانە دابین دەکرد ئەوەندە جیاواز نییە لەو دەرمالانەی زەمالانەی ئێستامان کە حکوومەتان دەیدەن بەکەسانی ئەکادیمی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەیان. ئەگەر ئەو مەزەندەیەی ئێمە لەبارەی دامەزراوەیەکی توێژینەوەوە بۆ کتێبخانەی ئەسکەندەریە ڕاست بێت، کەواتە هەمان مەزەندەش لە حاڵەتی خانەی حیکمەتی بەغدادا هەر ڕاستە. خانەی حیکمەت بووە تۆوی چەکەرەکردنی هەموو ئەو دەستکەوتانەی دواتر لە سەردەمی زێڕینی زانستدا هەر لە ئۆزبەکستانەوە لە ڕۆهەڵات بگرە تا دەکاتە ئیسپانیا لە ڕۆئاوا.

من لە سەردەمی منداڵیم لە عێراقدا، تەنیا ئەو بابەتانەی وەکو ئەلکیندی و خوارەزمی لە بیرە کە لە وانەی مێژوودا بەرگوێم دەکەوتن ئەوەکو بابەتی زانستی. چیرۆک و باسی ئەو پیاوانە تەنیا لە گوێچکەی ڕۆئاواییەکاندا سەرنجڕاکێش بین، من هیواخوازم بە وەبیرهێنانەوەی کەلەپووری زانستیی دەوڵەمەندی ئەوان ئەمڕۆ لە دنیای موسڵماناندا هەستێکی شانازی لە ناخی زۆر کەسدا هەڵقوو لێنێ کە بتوانێ گرینگیی لێکۆڵینەوەی عەقڵانیی زانستی بگێڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووە بۆ نێوجەرگەی ئەو شتەی کۆمەڵگەی ڕۆشنبیر و شارستانی پێناس دەکات.

پەراوێزەکان:

١- ئیلیوس گالین، یان کلۆدیۆس گالین (١٢٩ز-٢١٧/١٩٩ز) کەسایەتییەکی ڕۆمی بەڕەچەڵەک گریک بوو کە لە هەمان کاتدا پزیشک و نەشتەرکار و فەیلەسووف بوو. خاوەنی کۆمەڵێک نووسینی پزیشکییە کە بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ کاریگەریی لەسەر بواری پزیشکی هەبوو.

٢- بەبۆچوونی ئەرستۆ زەوی لە ناوەڕاستی گەردووندا وەستاوە و بەدەوری خۆر یان بەدەوری خۆیدا ناسووڕێتەوە، بەڵام مانگ و خۆر و گشت هەسارەکانی تر بە دەوریدا دەخولێنەوە.

٣- کتێبێکی گشتگیرە لەبارەی گەردووناسی و جوگرافیا و بیرکارییەوە. لە بنچینەدا بە گریکی نووسراوە بەناوونیشانی "نامەی بیرکاری" بەڵام زیاتر لە ڕێی وەرگێڕانە عەرەبییەکەیەوە ناسراوە کە بەناوونیشانی "الکتاب المجسطی" و هەر بەو ناوەش لە ڕۆئاوا دەناسرێ بەناوی "ئالماگێست".

٤- گەورەترین دامەزراوەی دنیایە لە نێزیک شاری جنێڤ بەقوواڵیی ١٠٠ مەتر لەژێر زەوی لەژێر سنووری سویسرا و فرەنسا بۆ ئەوە دامەزراوە لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە لەسەر بچووکترین تەنۆچکەکان بکا بۆ پێشخستنی تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ زۆر شتی بنەوانی لەبارەی فیزیاوە هەر لە بچووکترین دنیای نێو ئەتۆمەکانەوە تا دەگاتە گەورەیی گەردوون.

موجاهیدینی خەڵق، مەتەڵێکی سیاسەت

نووسینی: جێرمیا گۆڵکا، لیدیا هەنسڵ،
ئێلیزابێس وێڵک، جودیس لارسن

هەوالنامەی گێتی

بەشی سێیەم

ڕێگەچارەکانی نیشتەجێکردنەوەی مێک

هەم عێراق و هەم وڵاتە یەکگرتووەکان بەئاشکرا ڕایان گەیاندووە ئامانجیان گواستنەوەی مێکە لە عێراق. بەگوێرەی پەیماننامەکانی جنێف ئەو کاتەی گیرانی ئازاد دەکرێن، ڕەنگە؛

* لەو وڵاتەی پێش گیرانیان لێی نیشتەجێ بوون، دابمەزرێنەوە.
* لە وڵاتێکی سێیەم یان بێلایەندا نیشتەجێ بکرێن یان "شوێنیان بۆ دابین بکرێ"
* بنێردرێنەوە بۆ وڵاتی نەتەوەیی خۆیان.

باوترین ڕێگەچارە دامەزراندنەوە یان ناردنەوەیە. بەڵام لە هەندێک باردا هیچ کام لەم هەڵبژاردنانە ناهێنە کردن، چونکە گرتییەکە ترسێکی بەجێی هەیە یان بەبۆنەی ڕەگەز یان نەتەوایەتی یان بیر و بۆچوونی سیاسی یان ئەندامیەتی لە گرووپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە مەترسییەکی ڕاستەقینەی لەسەر ژیانی هەیە، مەترسیی چەوساندنەوە و هەڕەشەکردن بە ئەشکەنجە و کوشتنی.

لە یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤایەتی و یاسای مافەکانی مرۆڤ و یاسای پەنابەراندا ناردنەوەی زۆرەکیی ئەو تاکانەی ڕەنگە ئازار بدرێن بە پێی بنەمایەک قەدەخە کراوە کە بە نەزڤڕاندن Non-

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید

refoulement ناسراوە (لە وشەی فرەنسایی Refouler وەرگیراوە کە بەمانای ناردنەوەیە).[1] هەرچەندە پەیماننامەکانی جنێف داوا دەکەن گرتیەکان پاش بە کۆتاهاتنی داگیرکاری دەستبەجێ ئازاد بکرێن، بەڵام بۆ ئەو گیراوانەی بەبۆنەی بیر و بۆچوونە سیاسی و ئاینییانەوە باردۆخیان داوای پارێزگارییەکانی بنەمای نەژڕاندن دەکات، پەیماننامەکان رێگەیان داوە بە درێژکردنەوەی ماوەی گرتن و پارێزگارییەکانی پەیماننامەکە (لەوانەش چاوپێداخشاندنەوەی بەردەوام بەپێویستیی درێژکردنەوەی ماوەکە) تا ئەو کاتەی رێگەچارەیەکی کۆک دەستەبەر دەکرێ. بەڵام لە باری مێکدا، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بنەڕەتییەی ئاخۆ مێک کوێیان هەیە ڕووی لێ بکەن، هیچ کارێک نەکرا.

یەکەم رێگەچارە: دامەزراندنەوەی مێک لە عێراقدا

لەبەرئەوەی ئەو ئەندامانی مێک کە ئێستا لە کەمپی ئەشرەفدان، کاتی هێرشی هێزەکانی هاوپەیمان لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا دەژیان، یەکەم هەڵبژاردن- گیرساندنەوەیان لە ولاتی نیشتەجێبوونیان- بەمانای هێشتنەوەیان بوو لە عێراقدا. بەڵام ئەمە لە بەر کۆمەڵە هۆیەکە بەشتێکی نەکردەنی دادەنرا. یەکەم هۆ، ئەو دەمەی سەدام مێکی بانگهێشتی عێراق کرد، نە سەدام مافی نیشتەجێبوونی یاساییی بە ئەندامانی مێک دا و نە ئەوانیش داوای نیشتەجێبوون یان هاوولاتیبوونیی یاساییان کرد، هەرچەندە ئێستا مێک ئیدیعای ئەوە دەکات بە یاسایی لە عێراقدا بوونی هەیە. حکوومەتی عێراقی کوتوویەتی بەنیازی ئەوە نییە پێگەی یاسایی بەو ئەندامانە ببەخشێ.

دووەم هۆ، کاربەدەستانی ئەمەریکایی لەوە دەترسن مێک لەلایەن عێراقییەکانەوە ئازار بدرێن یان لەلایەن هەڵسوڕاوانی ئێرانەوە مەترسیی جەستەییان لەسەر بێ. لە سۆنگەی ئەو بۆچوونە گشتییەوە کە مێک وەک "سوپای تایبەت"ی سەدام و بەنوێنەرایەتی ئەو لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی کورد و شیعە لە پاش شەڕی کەنداو و لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکانی دەوراندەوری کەمپەکانی مێک، کاری کردووە، بەشێکی زۆری پێکهاتەی عێراق بەقینەوە لە گرووپەکە دەڕوانن.[2] لە ڕاستیدا ئامانجێکی سەرەکی لە جێگیرکردنی هێزەکانی هاوپەیمان لە کەمپی ئەشرەف بۆ پاراستنی مێک بوو لە دژی ئەگەری تولەسندنەوەی هێزەکانی عێراقی و هەڵسووڕاوانی ئێرانی.

سێیەم هۆ، بەگوێرەی بڕیارێکی ساڵی ٢٠٠٣ەوە، ئەنجوومەنی حوکمی عێراقی بەئاشکرا داوای دەرکردنی مێکی کرد و تا دەهات کاربەدەستانی عێراقیش ئەم هەڵوێستەیان وەردەگرت. بەڵام سەرەڕای ئەو بەڵێنە بەردەوامانە بۆ ناردنەوەی مێک و داخستنی کەمپەکە لە کاتی گۆڕانی دەسەڵات لە ساڵی ٢٠٠٩دا، لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨دا حکوومەتی عێراقی بەنووسین گەرەنتی دا بە واشنتۆن کاتێک هێزەکانی ئاسایشی عێراقی ئەرکی کەمپی ئەشرەفیان پێ بسپێردرێ،

مێک جوامێرانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ و ئەندامانی مێکیش بەخورتی نانێردرێنەوە ولاتێک کە ڕەنگە تێیدا ئازار بدرێن. بەڵێنەکە رێگەی بە واشنتۆن دەدا لەگەڵ بەغدا و ڕێکخراوی، وەک لیژنەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور کار بکا "بۆ ئەوەی چارەسەرێکی مرۆڤانە بۆ دانیشتوانی کەمپەکە بدۆزێتەوە". هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵانە، هێزی جێبەجێکاری هاوبەش-ئەشرەف چاودێریی گواستنەوەکەی دەکرد و ڕێنوێنیی بۆ هێزەکانی ئاسایش دابین دەکرد.[٣]

دووەم ڕێگەچارە: نیشتەجێکردنەوەی مێک لە وڵاتێکی سێیەم

بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی چەوساندنەوەی ئەندامانی مێک لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان پێی وابوو بنەمای نەزڤراندن ڕێگرە بۆ ناردنەوەی مێک بۆ ئێران. لەبەرئەوە گیرساندنەوە لە وڵاتێکی سێیەم پێ دەچوو تاکە چارەی گونجاو بێ تا داهاتوویەکی درێژخایەن. بەڵام ئێستەشی لەگەڵدا بێ هەوڵەکان بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئامانجە سەریان نەگرتووە.

دامەزراندنەوەی ئەندامانی ئێستای مێک

یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم گیرساندنەوەی مێک ئەوەیە سەرکردایەتییەکەی بەئاشکرا داوای کردووە نێزیکەی ٣٥٠٠ ئەندامی مێک، یان بۆ یەک وڵات بگوازرێنەوە یانیش ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان (کە باشتریشە سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتییان بەهێز بێ) بۆ ئەوەی گرووپەکە بەزیندوویی بمێنێتەوە. بۆ ڕێخۆشکردن بۆ ئەم ئامانجە، لە ماوەی یەکەم ساڵی کۆکردنەوەیان لە کەمپی ئەشرەفدا، سەرکردایەتیی مێک داوای لە کۆمیساریای بالای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد پێگەی پەنابەری بە ئەندامانی ببەخشێ.[٤] بەڵام پرسیارەکە ئەوە بوو ئاخۆ هەموو ئەندامانی مێک دەتوانن بیسەلمێنن ترسێکی ڕاستەقینەی چەوساندنەوەیان لەسەرە و پەیماننانەی پەنابەریەتی ساڵی ١٩٥١ی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕیزپەڕی وای هەیە ڕێگە بە بەخشینی پێگەی پەنابەری نادات بەو کەسانە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتییەوە تاوانیان کردبێ یان تووشی تاوانێکی سەختی ناسیاسی یان کردەوەگەلێکی دژ بە ئامانج و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بووبن.

ئەوانەی دەبنە پەنابەر پێویستە تاوانیان نەکردبێ و چاوپۆشییان لە تووندوتیژیی نەکردبێ و پێگەی پەنابەریەتی هیچ پارێزگارییەک دابین ناکات لە دژی دادگەیی بەهۆی ئەنجامدانی کردەوەگەلی تاوانی یان تیرۆریستی جا لە هەر کاتێکدا کرابێ. هەرچەندە مێک بەئاشکرا لە ساڵی ٢٠٠١ سەرکۆنەی تووندوتیژیی کردبوو، مێژووی پێشتری لە زەبروەشاندن و داواکاریی سەرکردایەتیی مێک بۆ گەڕاندنەوەی چەکەکانیان لە ماوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا، ئەگەری بەخشینی پێگەی پەنابەریەتیی لەلایەن کۆمیساریای بالای پەنابەران بۆ تەواوی گرووپەکە یەکجار کەم کردەوە.

لەوەش زیاتر، تەنانەت ئەگەر پێگەی پەنابەریەتی بەخشرابا، دەوڵەتانی سەربەخۆ ناچار نەبوون

مـافـی پەنابەریەتی بدەن. لە جـیـاتی، بـەهـەمـان شـێـوەی داواکـاریی تاکـەکـانی تر رەچاوی ئەم داوایەیان دەکـرد. کـۆمـیـسـاریای بالای پەنابەران پێـشـبـینـی کـردبوو ژمـارەی ئەو پەنابەرە تۆمارکراوانەی داوای نیشتەجێبوون دەکەن لە ٢٠٠٩ بگاتە ٥٦٥٠٠٠ کەس لە کاتێکدا لە ٢٠٠٨دا تەنیا ٧٠٠٠٠ شوێن بۆ نیشتەجێکردنەوە هەبووە.[٥] بە ڕەچاوکردنی ئەوەی شەڕی عێراق پتر لە چوار ملیۆن خەڵکی ئاوارە کردووە و تەنیا لە ماوەی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٧دا ٣١٨٣ عێراقی وەک پەنابەر وەرگیراون تا دەهات ئەگەری وەرگرتنی ئەندامانی ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی لەلایەن هەر وڵاتێکەوە بەبەراورد لەگەڵ پەنابەرانی تری عێراقی کزتر دەبوو. لە دواییدا، مێک دەستبەرداری هەوڵدان بۆ وەرگرتنی پێگەی پەنابەریەتی بوو، بەڵام هێشتاش داوای نیشتەجێکردنەوە دەکات هەرچەندە داواکە بێ سوود بووە.

نیشتەجێکردنەوەی ئەندامانی پێشووی مێک

لەو ئەندامانەی مێک کە سەرکۆنەی گرووپەکەیان کردووە و لە بینایەی گرتیگەی کاتەکیی هاوپەیمانانەوە نیشتەجێ بوون، نێزیکەی ٢٠٠ کەسیان ئاواتەخوازن لە ئەوروپا بگیرسێنەوە نەک بنێردێنەوە بۆ ئێران. هێزی جێبەجێکاری هاوبەش-ئەشرەف پێی وابوو ئەم ئەندامانە بەبەراورد لەگەڵ ئەندامانی ئیستای مێک بۆ نیشتەجێبوونەوەیان هەلێکی زۆرتریان هەیە. لە ٢٠٠٤دا هێزەکە بەنوێنەرایەتیی ئەو تاکانە ئاسانکارییی کرد بۆ پێشکێشکردنی داواکاری بۆ کۆمیساریای بالای پەنابەران. هەر هەموو ئەو ئەندامانەی پێشووی مێک جگە لە ١١ کەسیان پێگەی پەنابەریەتییان وەرگرت لە پرۆسەیەکی یەکجار خێرادا کە چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی تێدا بەکار هاتبوو. بەڵام هیچ وڵاتێک هیچ کام لە ئەندامانی پێشوو و ئەندامانی ئیستای مێک قبوڵ ناکات ئەگەر پێشتر مافی نیشتەجێبوونیان لەو وڵاتە نەبووبێ. کۆمیساریای بالای پەنابەران ئاماژەی داوە بەوەی ژمارەیەکی کەم وڵات ڕەنگە ڕەچاوی نیشتەجێکردنیان بکەن، بەڵام تەنیا ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان بە ژمارەیەکی ڕەمزی ڕازی بێ.

بەشبەحاڵی خۆی، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگەی پێ نادرێ مافی نیشتەجێبوون بۆ هیچ کام لە ئەندامانی ئیستا و پێشووی مێک بدات چونکە یاسای کۆچ و نەتەوایەتی ڕێگرە لە وەرگرتنی چینگەلێکی بیانییەکان- واتە ئەو تاکانەی ئیستا ئەندامی گرووپێکی تیرۆریستیی بیانین، ئەوانەی کردەوەی تیرۆریستییان ئەنجام داوە یان هەڵگیرساندووە، یان ئەوانەی ڕاهێنانی "سەربازییان لەلایەن یان بەنوێنەرایەتی"ی هەر ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی وەرگرتبێ کە لە کاتی وەرگرتنی ڕاهێنانەکە بەو شێوەیە پۆلێن کراوە. بەگوێرەی پرۆپاگەندەی خودی مێکەوە بەنێزیکەیی هەموو خەڵکانی ناو کەمپەکانی ئەندامێکی سوپای ئازادیی نیشتمانی بووە و جۆرە ڕاهێنانێکی بەکارهێنانی چەکیان وەرگرتووە. جگە لەوەش ئەندامانی مێک بە ئەگەری زۆرەوە لە نێوان ١٩٩٧ تا ٢٠٠١ واتە ئەو ساڵەی گرووپەکە وازی لە ئەرکی هێرشبردنە سەر ئامانجە ئێرانییەکان هێنا،

ڕاهێنانی سەربازییان وەرگرتووە. بەپێچەوانەی هەندێک بڕگەی تری یاساکە، ناکرێ ڕیزپەڕی قەدەخەکردنی ڕاهێنانی سەربازی چاوپۆشیی لێ بکرێ تەنانەت ئەگەر وەزیری دەرەوەش بیویستبا مێک لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی بیانی دەربێنێ. لەبەرئەوەش ئەگەر نیشتەجێکردنی ئەندامانی ئێستا یان پێشووی مێک لە وڵاتێکی سێیەمەوە گرێدراوی داواکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان بووبا، ئەم چارەسەرە بوونی نەبوو.

چارەسەرێکی کورت تا ناوەندیخایەن داڕێژرا کاتێک هێزی جێبەجێکار-١٣٤ سەرکەوتووانە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دانووستانی کرد تاوەکو ئەرکی پەنابەرانی ناو سنووری خۆی بگرێتە ئەستۆ. لە درەنگانی ٢٠٠٨دا پاشماوەی ئەندامانی پێشووی مێک کە لە کەمپی ئەشرەفدا نیشتەجێ بوون و (ژمارەیان کەمتر لە ٢٠٠ کەس دەبوو و زۆربەیان پێگەی پەنابەریان هەبوو) گواسترانەوە بۆ کوردستان و لەوێ بە سەربەستی دەجووڵانەوە.[٦] گوایە زۆربەیان سەربەستیی هاتوچۆکردنیان بۆ دەرچوون لە عێراق بەکار هێناوە و کەمپی ئەشرەفیش لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨ داخرا.

ڕێگەچارەی سێیەم: ناردنەوەی مێک بۆ ئێران

نلەبەرئەوەی زۆربەی ئەندامانی مێک بە نەتەوە ئێرانین (هەرچەندە هەندێکیان لە ڕاستیدا بێ دەوڵەتن، چونکە ئیتر بەڵگەنامە یان پاسپۆرتی یاساییی ئێرانییان نییە)، باسی ناردنەوەیان لەگەڵ ئێران دەست پێ دەکات و کۆتاییشی پێ دێت.[٧] جگە لە مەیلی گشتی بۆ ناردنەوەی تاکەکان بۆ زێدی شیاوی خۆیان، هۆی سەرەکی و ناچارترین هۆ بۆ پەنابردنە بەر ناردنەوە بۆ ئێران ئەوەیە بۆ ماوەی پتر لە پێنج ساڵە ئێران پێشنیازی لێبووردنی بۆ ئەندامانی ئاساییی مێک کردووە و ڕێزی لە پێشنیازەکە گرتووە.

لێبووردنەکە سەرەتا لە ئایاری ٢٠٠٣ پێشنیاز کرا کاتێک کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پاڵ بابەتی تەوە پێشنیازی کرد ئەو ئەندامانەی ئەلقاعیدە کە لە ئێران دەستبەسەرن لەوانەش سەیف ئەلعادل و کۆڕێکی ئوسامە بن لادن بە ئەندامانی مێک لە عێراق بگۆڕدرێنەوە. وەک وەڵامێک بۆ نیگەرانییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مەترسییەکانی ئەم ڕێککەوتنە (لەوەی مافە مرۆڤایەتییەکانی ئەندامانی پێشووی مێک پێشێل بکرێن)[٨] ئێران لێبووردنی بۆ هەموو ئەندامانی گرووپەکە دەرکرد جگە لە ٥٠ سەرکردەی ناوبراو.[٩] جیا لەوەش، کۆماری ئیسلامیی ئێران گوتبووی داوای ئاسانکاری لەلایەن کۆمیتەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور دەکات بۆ گەڕاندنەوەی مێک و هەروەتر سەرپەرشتیکردنی دادگەییەکانی سەرکردایەتیی مێک لەلایەن کۆمیتەکەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان سەرەتا پێشنیازەکەی ئێرانی ڕەت کردەوە، ئەمەش نەک تەنیا بەهۆی بێ متمانەیی بە مەرامەکانی ئێران و پێویستیی ڕێگری لە هاندانی ئێران بۆ بارمەتەگیری، بگرە لەپێناو ویستێکیش بوو بۆ هێشتنەوەی ڕێکخراوی مێک نەوەک لەلایەن خودی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لە

هەوڵدانەوەی گێڕان

داهاتوودا- بۆ دابینکردنی هەواڵگری لەبارەی ئێرانەوە بۆ هێزەکانی هاوپەیمان بەکار بێ و هەروەها مەبادا"دیاری"یەک پێشکێش بە ئێران بکا (بەتایبەتیش ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران مێژووی مافەکانی مرۆڤی بە مامەڵەکردنی جوامێرانەی مێک باشتر کرد). ولاتە یەکگرتوەکان هەروەها داواکارییەکی پاشینەی بۆ گۆڕینەوەی ناوی ئەندامانی گرتیانی مێک لە عێراق و گیراوانی ئەلقاعیدە لە ئێراندا پشتگوێ خست. دانووستانەکانی جەنەرالۆ ئۆدێرنۆ لەگەڵ مێک بۆ ئاگربەستی ١٠ی ئایار پاش ماوەیەکی کەم لەم گفتوگۆیانە ئەنجام دران.

لە ٢٠٠٤دا شێوازی ولاتە یەکگرتووەکان تا ڕادەیەک گۆڕا. بە هاوکاریی سەدامەوە، مێک ژمارەی ئەندامانی خۆی زیاد کردبوو ئەمەش بە بەڵێنی ناردنەوە بۆ پەلکێشکردنی زیندانیانی شەڕی ئێران و عێراق لە کەمپەکانی زیندانی عێراقییەوە بۆ کەمپەکانی مێک. زۆرێک لە یەکەم ئەو تاکانەی داوایان لە هێزی جێبەجێکاری هاوبەش- ئەشرەف کرد یارمەتییان بدرێن تاوەکو بتوانن مێک بەجێ بهێڵن، ئەم گرتیانەی پێشووی شەڕ بوون کە چەند سەدێکیان بۆ گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی گواستراونەوە. بە گوتەی ئەوانەوە کۆمیساریای باڵای پەنابەران بەر لە شەڕی ئازادکردنی عێراق سەردانی کەمپەکانی مێکی کردبووە، بەڵام سەرکردایەتیی مێک هەوڵەکانی کۆمیساریای بۆ ئاسانکاریکردن لەپێناو ناردنەوەی گرتییەکان و یەکگرتنەوەیان لەگەڵ خزم و کەس پەک خستووە.

لە سەرەتای ٢٠٠٤دا هێزی جێبەجێکاری هاوبەش- ئەشرەف پێوەندییی بە کۆمیساریای باڵای پەنابەران کرد بۆ بەدواداچوون بە پێشنیارەکەی ناردنەوە. بەڵام کۆمیساریا نەیدەتوانی بۆ پرۆسەکە ئاسانکاری بکا تا ئەو کاتەی هێزەکانی هاوپەیمان پێگەی یاسایی مێکیان یەکلا نەکردبایەوە. پاش ئەوەی ئەندامانی گرووپەکە بە کەسانی پارێزراو هاتنە هەژماردن، کۆمیساریا بەجیا چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن و یارمەتیی دان بۆ گەڕانەوەیان بۆ ئێران لە کۆتاییی ٢٠٠٤ و دووبارە لە سەرەتای ٢٠٠٥دا. بەم هۆیەوە، نێزیکەی ٢٥٠ ئەندامی پێشووی مێک ئارەزوومەندانە بۆ ئێران نێردرانەوە و گوایە لەوێ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە باشی مامەڵەی لەگەڵ کردوون. لە ڕاستیدا، لەپێناو پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئێران بۆنەگەلێکی بۆ بەخێرهێنانەوەی ئەندامانی پێشووی مێک بۆ نیشتمان ڕێک خست و پاشان کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی دوو هەفتەیی جیا جیای ئەنجام دا. تا ئەمڕۆ کۆمیساریای باڵای پەنابەران بەهیچ جۆرە خراپ مامەڵەکردنێک لەگەڵ ئەم گەڕێندراوانەوەی نەزانیوەتەوە تەنانەت لە ماوەی لێکۆڵینەوە دوو هەفتەییەکاندا. لە ئایاری ٢٠٠٤دا ئەو تیمەی وەزارەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان کە چاوپێکەوتنی لە کەمپی ئەشرەفدا کردبوو پێشنیازی ناردنەوەی هەموو ئەندامانی مێکی کرد، بەڵام هیچ هەنگاوێک نەهاوێژرا.

ناردنەوە بۆ ئێران تاکە ڕێگەچارەی سەرکەوتووی سروشتی بوو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، سەرەڕای ئەوەی بەگشتی وا چاوەڕوان دەکرا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو ئەندامانی پێشووی مێک بچەوسێنێتەوە، کە دەرکەوت بارەکە بەم شێوەیە نییە. ئەوی ڕاستی بێ، لە بەرژەوەندیی ئێراندا بوو پابەندی لێبووردنەکە بێ بۆ ئەوەی پێگەی نێودەوڵەتیی خۆی بەهێز بکا لە هەمان

کاتدا که بۆ ئامانجی سەرەکی خۆی واتە هەڵوەشاندنەوەی مێک هەوڵ دەدا. حکوومەتی عێراقیش دەتوانێت ئامانجی خۆی بۆ دەرکردنی کۆمەڵە جەماوەری مێک لە عێراق بپێکێ لە هەمان کاتدا کە بەشێوەیەکی لێکچوو پێگەی نێودەوڵەتیی خۆی بە پشتیوانیکردن لە پرۆسەکە لە ڕێگەی کۆمیساریای باڵای پەنابەرانەوە بەهێزتر دەکات. کۆمەڵێک کاربەدەستی پلە یەکی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەردەوام جەختیان کردووەتەوە ناردنەوە تەنیا ڕێگەچارەی ڕێ تێچووە.

پێویستە کۆمیساریای باڵای پەنابەران لە هەر هەوڵێکی ناردنەوەدا بەشدار بێت چونکە بنەمای نەزڤراندن دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت. بۆ ئەمەش پێویستە بەجیا لە باری هەر ئەندامێک بکۆڵرێتەوە. کۆمیساریای باڵا چاوپێکەوتن لەگەڵ تاکەکانی ناوزەدکراو بۆ ناردنەوە دەکات بۆ ئەوەی سروشتی ترسیان لە چەوساندنەوە هەڵبسەنگێنێ. ئەگەر نیگەرانییەکانی هەر تاکێک بەشێوەیەکی بابەتییانە و تاکانە ڕاست و دروست نەبن، ئەو کەسە بەخورتی دەنێردرێتەوە. بۆ ئەو ئەندامانەی مێکیش کە نیگەرانییەکانیان بەڕاستی ڕێگرە لە ناردنەوەیان، کە ڕەنگە سەرکردەکانی ناوبراوی مێک بگرێتەوە کە لێبووردنەکەی ئێرانیان نایانگرێتەوە، بنەمای نەزڤراندن ناردنەوەیان قەدەخە دەکات. ئەم تاکانە نەپارێزراون لە دژی دادگەییبەهۆی سنووربەزاندن یان تاوانی تر لەناو عێراق (یان لەناو ئێرانیش، ئەگەر عێراق دادگاییان بکات)، بەڵام حکوومەتی عێراق پێویستە پابەندی گەرەنتیی دیپلۆماسیی نووسراوی خۆی بێ بۆ ئەوەی جوامێرانە و بەگوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانەوە لەگەڵ ئەم تاکانەدا ڕەفتار بکا.

پەڕاوێزەکان

١- برگەکانی تایبەتی ئەم بنەمایە لە پەیماننامەکاندا جیاوازییان هەیە و هەندێکیان جەخت لە ئەگەری چەوساندنەوە دەکەنەوە (بۆ نموونە پەیماننامەکانی جنێڤ و پەیماننامەی دژە ئەشکەنجە) و ئەوانی تر جەخت لە ترسی چەوساندنەوە دەکەنەوە (وەک پەیماننامەی پەنابەران هی ساڵی ١٩٥١). پەیماننامەی چوارەمی جنێڤ لەوانی تر بەرتەسکترە، چونکە بنەمای چەوساندنەوە لە بیر و بۆچوونی سیاسی یان ئایینییدا کورت دەکاتەوە، بەڵام لەوەدا بەرفراوانە کە نەک تەنیا ڕێگە بە ناردنەوەی ئەو کەسانە نادا کە ترسێکی ڕاستەقینەی چەوساندنەوەیان هەیە یان ئەوانەی پاساوی تەواویان هەیە بۆ ئەوەی بڕوایان پێ بکرێت ڕەنگە ئازار بدرێن، بگرە ڕێگە بە گواستنەوەی کەسی پارێزراویش نادا ئەگەر "بە هۆیەکەوە بترسێ لەوەی ئازار بدرێ"، (بەندی ٤٥). شرۆڤەکاران پێیان وایە پێویستە مەترسییەکە گەورە بێ. حکوومەتی ئەمەریکایی نەک وەک مەرجێکی یاسایی، بگرە وەک بابەتێکی تایبەت بە سیاسەت لە بنەمای نەزڤراندن ڕادەمێنێت- بنەمایەکە کە تەنیا بۆ تاکەکانی ناو وڵاتە یەکگرتووەکان بەکار دێ.

٢- لەوەتەی گیرسانەوەی لە کەمپی ئەشرەفدا، مێک هەندێک جار گوتوویەتی لەناو عێراقییەکاندا جەماوەرێکی زۆری هەیە. بۆ نموونە مێک بانگەشەی بۆ یاداشتێک کرد گوایە واژووی ٥,٢ ملیۆن عێراقیی تێدایە کە پاڵپشتیی خۆیان بۆ مێک دەربڕیوە. هەروەک دەرکەوت، یاداشتەکە ساختە بوو و واژووەکان درۆیی بوون.

٣- گەرەنتی دیپلۆماسی وەک ئامرازێک بۆ مسۆگەرکردنی پارێزگارییەکانی نەزڤراندن جێی ناکۆکییە. بەگشتی گرووپەکانی مافی مرۆڤ پێیان وایە ئەم گەرەنتییانە بۆ پاراستن لە دژی چەوساندنەوە ناتەواون. وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاش بەگشتی پێی باشترە گەرەنتیی دیپلۆماسی و بەتایبەتی هی زارەکی نەدات.

٤- بەشێوەیکی زۆر گشتی، یاسای پەنابەریەتیی نێودەوڵەتی گرێدراوی یاسای خۆماڵیی پەنابەریەتییە بۆ دابینکردنی ئامرازێک بۆ مسۆگەرکردنی مافگەلی نیشتەجێبوون بۆ ئەو تاکانەی لە چنگ چەوساندنەوە ڕادەکەن لەپێناو ئەوەی لە ئازاردرانەوە بپارێزرێن نەک بۆ هەلی ئابووری و پێوەندییی خزمایەتیی کە هۆی باوترن بۆ کۆچکردن. کۆمیساریای باڵای پەنابەران لە داواکارانی پێگەی پەنابەریەتی دەکۆڵێتەوە تاوەکو بڕیار بدا ئاخۆ ئەوان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکانەوە دەگونجێن و ئەگەر گونجان ئاسانکارییان بۆ دەکات (بەپێچەوانەی چەوساندنەوە، بڕگەی جیاوازی یاسای پەنابەریەتی بەسەر ئەو خەڵکانەدا جێبەجێ دەبێت کە بەهۆی شەڕ و برسیەتی یان کارەساتی سروشتی لە وڵاتی خۆیان هەڵگەندراون. زۆربەی ئەم جەماوەرەش نیشتەجێ ناکرێنەوە و لە جیاتی ئەوە چاوەڕێ دەبن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان).

٥- کۆمیساریای باڵای پەنابەرانی جەخت بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠٠٨ پەنابەرانی بێ دەوڵەت کە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان یان دابمەزرێندرێنەوە هەندێک جار وەک "پەنابەرانی هەمیشەیی" دادەنرێن.

٦- هەرچەندە پەنابەران و گرتیانی خۆویست مافی ئەوەیان هەیە بە سەربەستی هاتوچۆ بکەن هێزی جێبەجێکاری هاوبەش- ئەشرەف ئەم مافەی بە ئەندامانی پێشووی مێک نەدا، چونکە پێی وابوو گرووپەکە لە عێراق لە مەترسیدایە. لە بەرامبەر کۆمەڵێک لە ئەندامان مانی دانیشتن و خواردنیان گرت و واژووی ناڕەزاییان بەڕێ کرد. بەهەرحال، هێزەکە نەیدەتوانی ڕێگە بە تاکەکان بدات بە ئارەزووی خۆیان هاتوچۆ بکەن تەنانەت ئەگەر مەترسییەکانیان قبوڵ کردبا.

٧- ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی ئێستا و پێشووی مێک هاوولاتینامە و مافی یاساییی نیشتەجێبوونیان هەیە لە وڵاتانی جگە لە ئێران کە تێیاندا تووشی چەوساندنەوە نابنەوە، هەرچەندە زۆربەیان بەڵگەنامەی پێویستیان بۆ دووبارە چوونەوە ناو ئەو وڵاتانە نییە. هێزی جێبەجێکاری هاوبەش- ئەشرەف لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان کاری دەکرد بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ئەندامانەی پێشووی مێک کە داوای ناردنەوەیان کردبوو.

٨- بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی چەوساندنەوەی مێک لەلایەن ئێرانەوە، ئەم نیگەرانییانە بێ بنەما نەبوون، وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەردەوام کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە سپۆنسەرێکی پێشڕەوی ئەشکەنجەدان پێناسە کردووە.

٩- لە ٢٠٠٣دا گوتەبێژێکی ئێرانی جەختی کردەوە لێبوردنەکە "سەرکردەکانی مێک" ناگرێتەوە "کە ڕاستەوخۆ بەشدار بوونە لە کردەوەگەلی تیرۆریستی و تاوان لە دژی خەڵکی ئێرانی". بەگوێرەی هێزی جێبەجێکاری هاوبەش - ئەشرەف لە ٢٠٠٧دا تەنیا پێنج لە سەرکردەکانی ناوبراو لە کەمپی ئەشرەف نیشتەجێ بوون.

بڵاوبوونەوەی جیهاد..
ئیسلام لە سیستەمی جیهانیی ئەمەریکا

تیمۆسی مایکل

لە ٣ی فێبرایەری ١٩٩٧، شاندێکی حکوومەتی ئەفغانستانی ژێر باڵی تاڵیبان سەردانی واشنتۆنی پایەتەختی ئەمەریکای کرد. دە رۆژ بەری ئەم سەردانە، هێزەکانی تاڵیبان کۆنترۆڵی دەوروبەری کابولیان کردبوو، هاوکات باشوور و رۆهەڵاتی وڵاتیش هەر لەژێر چنگی ئەواندا بوو و خۆیان ئامادە دەکرد بۆ داگیرکردنی باکوور. شاندەکە لە واشنتۆن لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە کۆبوونەوە و پلانەکانی (ئەنۆکال)یان تاوتوێ کرد (ئەنۆکال کۆمپانیای نەوتە لە کالیفۆرنیا) بۆ داچاندنی لوولەیەکی نەوت لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بەنێو ئەفغانستاندا. دیپلۆماتێکی باڵای ئەمەریکا بەم شێوەیە باسی بیرکردنەوەی حکوومەتەکەی کرد: "تاڵیبان لەوانەیە وەک سعودییە گەشە بکا. ئارامکۆ، چەند لوولەیەک، ئەمیرێک و کۆمەڵێک یاسای شەریعە دەبێ بەبێ پەرلەمان. ئێمە دەتوانین لەگەڵ ئەوە هەڵ بکەین."

پشتگیریی ئەمەریکا لە تاڵیبان، کە بەڕەزامەندیی ئەمەریکا کۆمەکی چەک و دارایی لە پاکستان و سعودییە وەردەگرت، لە ماوەی ساڵێکدا بنی هات. بەڵام ئاماژەکەی دیپلۆماتەکە بەئارامکۆ (کۆمپانیایەکی ئەمەریکاییی نەوتە کە شەست ساڵ پێش ئەو کاتە کۆمەکی دارایی دروستکردنی سعودییەی کرد) ئەوەی بیر خەڵکی هێنایەوە کەوا وڵاتە یەکگرتووەکان راهاتووە بەکارکردن لەگەڵ ئەمیرەکان کە دەسەڵاتیان بەندە بەلێکدانەوەی سنووردارِی یاسای ئیسلامی. لە کۆتاییی ١٩٩٧، واشنتۆن حکوومەتی تاڵیبانی بە "نامۆ" وەسف کرد، بەڵام ئەم بۆچوونە نەرێنییە تازە نەبوو لە پێوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ حکوومەتەیل کە بانگەشەی ئەوە دەکەن بەناوی ئیسلامی تۆندڕۆ حوکم بکەن. راستییەکەی، پێوەندییە ئاساییەکە تەواو جیاواز بوو لەم

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح

جۆرە پێوەندییە.

وەک یاسایەک، عەلمانیترین ڕێژیم لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست ئەوانە بوون کە زۆر پێوەندییەکان بەئەمەریکاوە نەبووە و هەروەها سەربەخۆترینیان بوونە. چەندە حکوومەتێک نزیک بێ لە واشنتۆن ئەوەندە زیاتر سیاسەتەکەی ئیسلامی دەبێ. میسری ژێر سایەی ناسر، کۆماری عێراق، بزووتنەوەی نیشتمانیی فەڵەستین، جەزائیری دوای سەربەخۆبوون، کۆماری یەمەنی باشوور و سووریای بەعسی هەموویان بێ ئەمەریکا حوکمیان دەکرد. بەپێچەوانەشەوە، ئەو حکوومەتەیلەی پشتیان دەبەست بەوڵاتە یەکگرتووەکان بانگەشەی دەسەڵاتی ئیسلامییان دەکرد، جا سیستەمی پاشایەتی بوو بێ کە خۆی گرێ دەدا بە پێغەمبەر، وەک ئوردن و یەمەنی باکور و مەغریب، یان دووپاتکردنەوەی ڕۆڵێکی تایبەت وەک پارێزەری بڕوا، وەک لە کەیسی عەرەبستانی سعودییە. کاتێک حکوومەتەیلی تر لە ئەمەریکا نزیکتر بوونەوە، وەک میسری ئەنوەر سادات لە حەفتاکان، پاکستانی زیا ئولهاگ لە هەشتاکان، گوتاری سیاسییان و ڕێچکەی ڕەوابوونیان زیاتر قالبێکی ئیسلامی وەرگرت.

ڕەنگە ئێران بەدەر بێ لەو هاوکێشەیە. ئێران لەژێر باڵی حکوومەتی پرۆئەمەریکای شادا وڵاتێکی عەلمانی بوو، دوای شۆڕشی ۱۹۷۹ بووە کۆماری ئیسلامی، دژی تموحەکانی ئەمەریکا قیت بووەوە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە شا هێزە ئاینییە موحافیزکارەکانی تاو دا پشتگیری بکەن، سەرکردایەتییەکی پێک هێنا لە پیاوانی ئایینی کە سی ئای ئەی دەعمی مادی دەکرد تا یارمەتی بدەن زاڵ بێ بەسەر حکوومەتی ناشنالیستی لە ۱۹۵۳، ئەمەش واتە دەسەڵاتی نامێنێ تەنیا ئەو کاتەی ئەو سەرکردایەتییە ئاینییە لە وڵات لە دژی قیت بێتەوە. بیرمەندگەلێکی ئێرانی لەو باوەڕەدان کە کۆماری ئیسلامی، کە سەربەخۆترین وڵاتە لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ ئەمەریکا دەچێتە ڕێوە، وڵاتێکە تێیدا بانگەشەی ئاینی ناتوانێ شەرعیەت بەپیادەکردنی دەسەڵاتی ئاینی بدات. بەتایبەتی لەنێو چینی گەنجانیدا، کۆماری ئیسلامی عەلمانیترین کۆمەڵگەی لە ناوچەکەدا دروست کردووە.

کاتێ درک بەو هاوکێشەیە کرا، شیکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆ بەڵام ناقایلکەری بەدوادا هات. وڵاتە یەکگرتووەکان پشت دەبەستێت بەڕێژیمەیلی سیاسیی پارێزکار، ئەمە زۆرجار ئاماژەی پێ دەکرێ، ئەو ڕێژیمانەش بەردەوام پشت دەبەستن بەئاین بۆ بەشەرعیکردنی دەسەڵاتیان. بەپێچەوانەوە، زۆرێک لە ڕێژیمەیلی میللی یان ناشنالیستەکان دوای سەربەخۆبوون دەستیان کردووە بەڕیفۆرمی خاک، پێشخستنی مافەکانی ئافرەت، پیشەسازیبوون و دابینکردنی پەروەردە و چاودێریی تەندروستی بەخۆڕایی و هەروەها دەستەبەرکردنی هەر شەرعیەتێک کە بەهۆی ریفۆرمی کۆمەڵایەتییەوە دەستیان کەوت نەک دەسەڵاتی ئاین.

ئەم شیکردنەوەیە ناقایلکەرە، چونکە ئەخلاقی سیاسیی پارێزکار، کە بەچەند فۆرمێکی

ئیسلامی پێشکێش کرا، سیفەتێکی ئاین نییە کە دەسەڵاتداران بە ڕەبەی خۆیان دەیپێون. سوودەکەی رەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە پارێزکاری ئاینی گوتاری بزووتنەوەیلی بەهێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەڵێتەوە. ڕێژیمەیلی سیاسی هاوپەیمانی دژوار لەگەڵ ئەو بزووتنەوانە پێک دێنن، پشت بەهێزێک دەبەستن راستەوخۆ کۆنترۆڵی ناکەن. قوتابخانەی باڵادەستی ئیسلام لە سعودییە، بۆ نموونە، نەریتێکی رۆشنبیرانە دەنوێنێ کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە لە دایک بووە و وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی لە سەرەتای سەدەی بیست لەدایک بووەوە. ئەو قوتابخانەیە پسپۆڕ و مامۆستا و گوتەبێژی سیاسیی خۆی هەیە، بگرە چەکداریشی هەیە. وەهابیزم، وەک ئەوانەی دەرەوە وای پێ دەڵێن، دوای دامەزراندنی لە سەدەی بیستەم، یان مەزهەبی تەوحید (یەکایەتیی خوا) کە پێڕۆکارانی پێی دەڵێن موەحیدین، پەرەی سەند لە سەردەمی تەشەنەکردنی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی و مەرامیشی گواستنەوە و دووبارە پێدانی ئەخلاق بوو بە کۆمەڵگە. قوتابخانەی "دیوباندی" لە هیندستان، پاکستان و ئەفغانستان، کە ڕەگی بزووتنەوەی تاڵیبانی تێدایە، هێزێکی کاریگەریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تری سەردەمی داگیرکاری بوو. لە میسر، بزووتنەوەی چاکسازیی ڕۆشنبیری کە ناسراوە بە سەلەفیزم بووە کانگەی ئیلهامی ئیخوان موسلمین، کە لە ١٩٢٨ دامەزرا، دواتر بووە گەورەترین هێزی میللی ولآت دژی داگیرکاریی سەربازیی بەریتانیا و گەندەڵیی چینی حوکمڕان وەستایەوە.

حکوومەتەکان لە کاتی جیاجیادا سوودیان لە پشتگیریی ئەو بزووتنەوانە وەرگرتووە و سەرکەوتنی جیاجیان پێ تۆمار کردووە. کاتێ ڕۆژکال و بەرپرسەیلی حکوومەت بڕیاریان دا کەوا شانبەشانی حکوومەتی پاکستان دەتوانن لەگەڵ تاڵیبان بژین، پێشنیازی دروستکردنی هاوپەیمانێکیان بەلاوەنا لەگەڵ بزووتنەوەیەک کە تێ دەکۆشا بۆ سەپاندنی دەسەڵاتەیلی ئەخلاقی و ڕێسای کۆمەڵایەتی و تووندوتیژی سیاسی کە دەبوایە بەگەڕ بخرێن بۆ دروستکردنی لوولەنەوتێکی ١٠٠٠ میلی. لە میسر، لە حەفتاکان بەولاوە، دەوڵەت (هەروەها ناڕاستەوخۆ حکوومەتی ئەمەریکایی) پشتی بەست بەهاوپەیمانییەک لەگەڵ ئیخوان موسلمین بۆ یارمەتیدانی سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی چەکدار و ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخواز و عەلمانی. لە سعودییە، موەحیدەکان هەر تەنێ ئایدیۆلۆجیای حوکمی سعودییە نەبوون بگرە هێزێکی کۆمەڵایەتی بوون کە دروستکردنی دەوڵەتی سعودییەی هێنا ئاراوە، هەر ئەمەش پیشەسازیی نەوتی ئەمەریکای دروست کرد. لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەم هاوپەیمانییەی نێوان دەسەڵاتەیلی حوکمڕان و بزووتنەوەیلی ئیسلامی سەرچاوەی دروستبوونی هەموو بارگرژییەکان بووە.

ئەمەش ئەوەی بەدوادا هات کە ئەو جۆرە بزووتنەوە ئاینییانە رۆڵێکی بچووک بەڵام سەرەکییان بینی لە سیاسەتی ئابووریی دنیا. ئەگەر بزووتنەوە چاکسازییە ئاینییە موحافیزکارەکان وەک موەحیدین لە سعودییە و ئیخوان موسلمین لە میسر کڕۆک بوونایە بۆ بەردەوامبوونی هێز و دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانە، هەروەها ئەگەر تەناهیی حکوومەتەیلی میسر و

سعودییە و یان هەر حکوومەتێکی تر لە باشووری جیهان، گرینگ بوونایە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیجی و ئابوورییەکانی ئەمەریکا، بەتایبەتی کۆنترۆڵی نەوت، ئەوا ئیسلامی سیاسی رۆڵێکی بالای دەگێڕا لە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی.

ئەمڕۆ زیاتر باوە کەوا بڵێین لە سەردەمێکدا دەژین کە بێنجامین باربەر ناوی لێ دەنێ "جیهاد بەرامبەر دەسەڵاتەکانی عەولەمە" کە پێیان دەڵێن "Mcworld". بزووتنەوەکانی جیهاد دژی یان موقاوەمەی دەسەڵاتەکانی عەولەمە دەکەن و دژی ئەوەن دنیا بەرەو یەک هێزی سەرمایەدار بچێ. تەنانەت ئەوانەی کە بەچاوێکی ڕەخنە دەڕوانن گەشەی ئیمپراتۆری ئەمەریکا و فراوانبوونی ئەوەی پێی دەگوترێ بازاڕی جیهانی ڕاستەوخۆ بەژدارن لەو لێکدانەوەیە. ڕاستییەکەی، ئەوە ڕەخنەگرانن زۆرجار دەڵێن ئێمە پێویستمان بەتێگەیشتنێکی باشتری شێوەیلی موقاوەمە هەیە لە دژی هێزی "گەردوونی"ی بازاڕ.

زاراوەکانی ئەم باسە سەرمان لێ دەشێوینن. ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین تەنیوە بە زاراوەی دەسەڵاتەیلی جیهاد. ئەمە سەردەمێکە تێیدا میکانیزمەیلی سەرمایەداری کار دەکات، لە زۆر نموونەدا، تەنیا بەبەکاربردنی هێزی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەیلی ئیسلامی موحافیزکار و دەسەڵاتەیلی ئەخلاقی. لەوانەیە ڕاست بێ کە ئێمە پێویستمان بە تێگەیشتنێکی باشتری هێزە لۆکاڵەکان هەیە کە دژی عەولەمەبوونی سەرمایەداری دەوەستنەوە. بەڵام لەوەش هێڕوەتر ئەوەیە: ئێمە پێویستمان بەتێگەیشتنێکی باشتری ئەو شتە هەیە کە پێی دەڵێن هێزەیلی جیهانی سەرمایەداری.

حکوومەتی ئەمەریکایی وای پێشان دا کە شەڕ لە ئەفغانستان، دوای هێرشەکانی ٩/١١ بەرپا بوو، شەڕێکە بۆ نەهێشتنی "هێزە شەڕانگێزەکان". کە تووندوتیژییان سەرچاوەی گرتووە لە ڕقوکینەیەکی نائەقڵانی و دژەمۆدێرنی ڕۆئاوا. پەنجەی گومان زیاتر ئاراستەی ڕۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی کرایەوە. ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوەڕاستی حەفتاکان تا سەرەتای نەوەتەکان دەستیان هەبوو لە پشتگیریکردنی هێزەیلی ئیسلامی کە لە ئەفغانستان شەڕیان دەکرد بە قاعیدەشەوە (ئەو گرووپەی ئوسامە بن لادن سەرۆکایەتی دەکات و گوایە بەرپرسە لە هێرشەکانی ٩/١١) هەروەها لە ١٩٩٤ لە ئاسانکردنی سەرهەڵدانی تاڵیبان. ئەم بەرپرسیاریەتییانە قەیرانەکە گەورەتر دەکەن بەلایەنی کەم بەشێکی، چونکە دوو دیوی و هاودژی و کەموکوڕیی سیاسەتی ئەمەریکا پێشان دەدا بۆ ناوچەکە. من کۆکم لەگەڵ ڕەخنەکان، بەڵام پێویستمان بە شتێکی دوورتر هەیە: قەیرانی ئەفغانستان ڕەنگدانەوەی بێهێزی فۆرمێکی ئیمپراتۆرە، هەوەرها بێ هێزی دەسەڵاتەیلی سەرمایەداری، کە بوونی دەبێ تەنیا بەپشتبەستن بەو هێزەیلی کۆمەڵایەتی کە وزە و میتۆد و ئامانجەیلی تر دروست دەکەن.

لە ١٩٣٠، حوکمڕانی ناوچەیەک کە بووە سعودییە دواتر، عەبدولعەزیز ئیبن سعود، بودجەی

لە کورتی دا، چونکە گرانییە گەورەکە لێشاوی حاجیانی بۆ مەکە کەم کردەوە، مەکە شارێکە پێنج ساڵ پێشتر ئیبن سعود داگیری کردبوو. ئیبن سعود دەستی بەدانوستاندن کرد لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمەریکا تا نەوتی سعودییە بفرۆشن. ئەو پیاوەی لە بەینی ئەو دوو وڵاتە بوو بازرگانێکی ئینگلیز بوو بەناوی هاری جۆن فیلبی. لە سیلۆنی ژێردەستەی بەریتانیا لەدایک بوو، کوڕی چا چێنەرێکە. فیلبی حاکم بوو لە دەزگای مەدەنی هیندستانی بەریتانیا لە پونجاب و کشمیر. وەک پیاوی حکوومەتی بەریتانی هاتە سعودییە بۆ دابینکردنی پارە و چەک بۆ سعودییە لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەم. بووە جێ متمانە و بڕوای سعود، دەستی لە کارەکەی لە هیندستان کێشایەوە، دەستی بە بازرگانی کرد لە جدە کە بەندەری بازرگانییە لە مەکە کە لە ١٩٢٥ کەوتە ژێر دەستی سعود. دواتر بووە بریکاری کۆمپانیای نەوتی ستانداردی نیویۆرک، کۆمپانیای فۆرد، کۆمپانیای فرانکلین مۆتۆر، هەروەها کۆمپانیای سینگەر. هەروەها لەسەر دەستی ئیبن وەهاب بووە موسلمان. هەرچەندە هەندێک گومانیان لە راستگۆیی موسلمانبوونەکەی هەیە، بەڵام تەحەمولی سونەتکردنی کرد بەگەورەیی. لە شارێی خۆی لای دا و گوتاری لە رۆژنامە ئینگلیزییەکان لە لەندەن و قاهیرە بڵاو دەکردەوە لەبارەی باوەڕهێنانەکەی. لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێ:

"من پێم وایە بزووتنەوەی ئێستەی موحافیزکاری عەرەبی دەبێتە سەرچاوەی سیاسەتی داهاتوو و لەسەر بناخەیەکی بەهێزی روحانی ئەخلاقی بنیات نراوە. من ئیسلام بەسیستەمێکی ئەخلاقی دەزانم. ئیسلام وەک برایەتییەکی دیموکراسییە و ڕێسای گشتیی ژیانە. ئیسلام سەرچاوەی ئەخلاقێکی گشتیی نیشتمانی بەها بەرزە کە پێش ڕێسای ئەخلاقی ئەوروپاییەکان کە لەسەر بنچینەی مەسیحییەت دانراوە هاتووە. من ڕای وەگەیەنم کەوا هاوسۆزم لەگەڵ ئاینی عەرەبستان و میسالیەتە سیاسییەکانی کە باشترین ڕێگەن بۆ یارمەتیدانی گەشەسەندنی عەربستانێکی مەزن."

لەوانەیە موسلمانبوونەکەی فیلبی دڵسۆزانە بوو بێ. بەڵام شتێکی تر هەیە کە کۆمپانیا نەوتییەکانیش گۆڕان و هاتنە سەر دینی وەهابیزم. لەمەدا مەبەستم ئەوەیە کۆمپانیا نەوتییە ئەمەریکاییەکان تەواو پشتیان بە فەرمانڕەوای ئیسلام دەبەست و پشتگیرییان دەکرد وەک ڕێگەیەک و ناوەندێک بۆ کارکردن لە سعودییە و هەروەها بۆ درێژەدان بە فۆرمی ئابووریی جیهانی نەوت.

پسپۆڕانی ئابووریی سیاسیی نێودەوڵەتی زۆر بایەخیان بەلایەنی ئابووری و سیاسەتی جیهانی نەوت داوە. ئەمە مایەی حەپەسان نییە. دەگوترێ نەوت گەورەترین پیشەسازیی دنیایە. گرینگترین سەرچاوەی وزەیە بۆ پیشەسازی و گواستنەوە و دابینکردنی مەواد بۆ پیشەسازیی کیمیایی و پلاستیک. هەروەها دەشێ لە هەر کاتێکدا ببێتە مایەی بەرپابوونی شەڕێکی گەورە.

ئەو کۆمپانیایانەی دەستیان گرتووە بەسەر پالاوتن و دابەشکردن و بەرهەمهێنانی بڕیتین لە پێنج گەورەترین کۆمپانیای زەبەلاحی نێودەوڵەتی. زۆربەی نووسینەکان لەبارەی جیهانی نەوتەوە لە دوای حەفتاکان دەبێ سەرلەنوێ بنووسرێنەوە، چونکە نووسینەکانی پێش ئەو کاتە هیچیان پێ نەبوو لەبارەی قۆناخی گواستنەوەی ئەو دە ساڵەی کاتێ سعودییە و وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی تر دەستیان گرت بەسەر بەرهەمهێنانی لۆکالی رۆهەڵاتی ناوەڕاست بەهاوکاریی کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان، ئەمەش زۆر لە نرخی نەوتی بەرز کردەوە. نە نووسینەکانی ئەوسا و نە نووسینەکانی بەم دواییانەش باس لە رۆڵی ئابووریی نەوت دەکەن کە موهیدین گێڕای.

دوو خاسیەت هەیە بۆ پێناسکردنی سیاسەتی ئابووریی نەوت، بەڵام ئێمە دەبێ دووی تر زیاد بکەین. یەکەم، وەک ستراتیجێکی ژیان و داوا (بەکاربەران پشت بە پێترۆڵ دەبەستن و ناتوانن وەها بەئاسانی جێگرەوەیەک و سەرچاوەیەکی تریان هەبێ بۆ وزە)، پارەیەکی ئێجگار زۆری پێوەیە. دەکرێ نەوت سەت هێندەی تێچووی بەرهەمهێنانەکەی بفرۆشێتەوە. دووەم، بەپێچەوانەی رای گشتی، بڕێکی بێ شومار نەوت هەیە. نەوت دووەم مادەیە بنی نایەت لە دنیا. بەڵام هەر بەرهەمهێنەرێکی تر رەنگە ترسی ئەوەی هەبێ مەوادی لێ ببڕێ. ئەگەر هەموو لایەک خەمیان ئەوە بێ بازاڕێکی جیهانی بۆ نەوت دروست بکەن تا نەوت بۆ ئەوانە دابین بکەن کە پێویستیان پێی هەیە، ئەوا هیچ کێشەیەک لەوەدا نییە. بەڵام پرسی پیشەسازیی نەوت قازانجە نەک بازاڕ، هەروەها قازانجی گەورە مەحاڵە لەبارودۆخێکی وەها پێشبڕکێکاردا. نرخ بەرز دەبێتەوە تەنیا ئەو کاتەی میکانیزم هەبێ بۆ کەمردنەوەی بڕی نەوت.

سیاسەتی نەوت هەردەم بەویست و حەزی وڵاتە یەکگرتووەکان شی دەکرێتەوە بۆ پاراستنی عەرزی نەوت لە دنیا. بەڵام ئەوەش کێشە نییە. کێشەی راستی ئەوەیە _کاتێ موهیدین دێتە ناو پرسەکە– چۆن سیستەمی کەمکردنەوە دێتە پاراستن. جۆن دی رۆکفیلەر لە ساڵانی ١٨٦٠کان ئەو کێشەیەی چارەسەر کرد کە تازە پیشەسازیی نەوت پەرەی دەسەند. رۆکفیلەر دەستی کرد بەدروستکردنی کارگەی قۆرخکردن نەک هی بیرە نەوت بگرە هی پالاوتگە و گواستنەوە، دواتر کۆمپانیای نەوتی ستاندارد هاتە گۆڕێ کە پالاوتن و گواستنەوە و شاروەشان و سەرە بیرەکانی قۆرخکرد. لە سەدەی بیستدا، کاتێ کۆمپانیاکانی نەوت دەستیان کرد بە بەرهەمهێنانی بڕێکی زۆرتری نەوت لە دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سیستەمێکی جیاوازی کەمکردنەوەیان دانا: لە ١٩٢٩ ڕێککەوتنێکی نهێنییان مۆر کرد بۆ دابەشکردنی سەرچاوەیلی نەوتی جیهان لە نێوەخۆیاندا و بەرهەمهێنان سنووردار بکەن بۆ پاراستنی نرخ. ڕێککەوتنی ١٩٢٩، لکێنرا بە یاسای حکوومەت بۆ بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەمەریکا، بازاڕی پێشبڕکێکاری نەهێشت و ئەمەش قازانجێکی ئێجگار گەورەی دا بەوانەی کۆنترۆڵی نەوتیان کردبوو لە رۆهەڵاتی ناوەڕاست. دوای شەڕی جیهانی دووەم، کۆمپانیاکانی

نەوت بڕێکی زۆر کەمیان نەوت بەرهەم هێنا و هەر بەرمیلێکیان بە دوو دۆلار دەفرۆشتەوە پالاوتگەکان. لە شەستەکان ولاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە باشوور سەربەخۆییەکی زیاتریان وەرگرت و ئەوە بوو ڕێکخراوێکیان دامەزراند بەناوی ڕێکخراوی ولاتانی هەناردنی پێترۆڵ کە ناسراوە بۆ ئۆپێک (OPEC). ئەمە رۆڵی کەمکردنەوەی نەوتی گێڕا، بەگشتی بەهاوکاریی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت.

سێیەم خاسیەتی نەوتی دنیا ئەوەیە لەو ڕێکخستنانەدا تەنیا ولاتێک (کە سعودییەیە) رۆڵێکی تایبەتی (بەڵام بەهەڵەتێگەیشتراو)ی بینی. ئەم ولاتە لە ماوەی سەدەی بیستەم گەشەی کرد و بووە یەکێک لە سێ گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت لە پاڵ ئەمەریکا و ڕووسیا. لە نەوەتەکان، ئەم سێ ولاتە دوو هێندەی ولاتانی تری وەک کەنەدا، نەرویج، بەریتانیا، چین، فەنزویلا و مەکسیک و ئێران نەوتیان بەرهەم هێنا. گرینگیی سعودییە لە یەدەگیی نەوتیدا نییە، بگرە لە سیستەمی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی دایە. زۆر کەس ئێستا دەڵێ دوای هێرشەکانی یازدەی سێپتێمبەر سعودیە گرینگی جارانی نەما بۆ ئەمەریکا، چونکە ئەمەریکا چەندان سەرچاوەی تری نەوتی بەدەست کەوت. ئەمەریکا چەندە چاوی لە یەدەگی نەوتی زیاترە ئەوەندەش بەدوای کەمکردنەوەدا دەگەڕێ. بەپێچەوانەی ڕووسیا و ئەمەریکا، سعودییە داوای نەوتی کەمە لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەتوانێ زۆربەی توانای بەرهەمهێنانی هەڵگرێت. ئەم توانایە (کە ڕۆژانە دەکاتە ٣ ملیۆن بەرمیل لەوەتەی نەوەتەکان) نزیکە یان لە توانای بەکارنەهێنراوی ولاتانی تر تێپەڕ دەکات جگە لە ئەمەریکا و ڕووسیا. بۆیە ئەمە جڵەوی یارییەکەی دایە دەست سعودییە کەوا هەر کاتێک بیەوێ نەوتی زیاتر بەرهەم بهێنێ، دەیکات بۆ ئەوەی هەردەم لە پێشەنگی بەرهەمهێنەرانی نەوتدا بمێنێتەوە. لە هەمان کاتدا هاوکێشەی کەمی بەرهەمهێنانیش دەپارێزێ. ئەم کارەی کرد بەهاوکاریی ئەمەریکا کە بۆ پاراستنی سەربازی پشتی پێ دەبەستێ. لە ئەنجامی ئەو سێ فاکتەرە: داوای بەزەحمەت، گلدانەوە و گلدانەوەی سعودییە لەوەتەی سییەکان، شیمانەی کۆنترۆڵکردنی نەوت لە جیهاندا وەستایە سەر کۆنترۆڵکردنی سیاسیی سعودییە.

چوارەم خاسیەتی ئابووریی جیهانی نەوت بڕێتییە لە میتۆدی دروستکردنی ئەو سیاسەتی کۆنترۆڵکردنە. لە ١٩٣٠ ولاتێک نەبوو بەناوی سعودییە، هیچ ولاتێکی داگیرکەریش ئەوەندە بەهێز نەبوو بەتەنێ یەکێک دروست بکا. ئەمە ساتێکی مێژووی ڕەنگدەداتەوە کە تێیدا ئابووریی نەوت سەری هەڵدا، ئەمە شتێکە خوێندنەوەی ئابووریی سیاسیی نەوت شیی ناکاتەوە. کارێکی ئاسان نەبوو بۆ کۆمپانیا گەورەکان مەترسیی بازاڕ وەلا نێن لەبەر دامەزراندنی هەرێمێک تا کاری تێدا بکەن. ڕاستی ئەوەیە دەستەیەکی مۆدێرن و زەبەلاح بەتایبەت بۆ ئەم مەرامە هاتە دامەزراندن. بنجوبنەوانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیایلی سەدەی حەڤدە و هەژدە (کۆمپانیای هیندستانی ڕۆهەڵات، کۆمپانیای هەدسن بێی، کۆمپانیای ئەفریقیای باشووری ژێر دەستی

بەریتانیا و گەلێکی تریش) کە ماف و دەسەڵاتی تەواویان پێ درا بۆ قۆرخکردنی بازاڕی کاڵای تایبەت لە چەند هەرێمێکی تایبەت. بەڵام، کۆمپانیا سەرەکییەکانی نەوت کە یەکەم و گەورەترین دەستەی مامەڵەکردن بوون لە سەدەی بیست، خۆیان داسەپاند لە ساتێکی مێژوویی کاتێ سیستەمی کۆنی ئیمپراتۆریەت، کە بنیات نرابوو لەسەر داگیرکردنی کۆمپانیاکان، لە کۆتاییدا لێک هەڵوەشایەوە.

لە ماوەی ١٩٣٠ بۆ ١٩٤٥، کاتێ کۆمپانیاکانی نەوت بوونە کۆمپانیای جیهانی، هاوکات بوو لەگەڵ رووخانی ئیمپراتۆریەت کە بۆ ماوەی سێ سەدە دەستی گرت بەسەر بازارگانیی جیهانی. ئەم دەسەڵاتە چوار خاسیەتی هەبوو حەز دەکەم لێرە ئاماژەیان پێ بدەم تا باسی بزووتنەوەیەلی ئیسلامی بکەم لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەت. یەکەم، دەسەڵاتی سەروەریی هەر تەنیا هیی چەند ولاتێکی ئەورووپایی نەبوو بگرە هیی کۆمپانیا داگیرکەرەکانیش بوو. رووخانی ئەم شێوە دەسەڵاتە زووتر دەستی پێ کرد لە هەندێ شوێندا (لە شۆڕشی ئەمەریکای ژێردەست ١٧٧٦، هەروەها لە هیندستان لە کاتی ڕاپەڕینی ١٨٥٧) لە چاو شوێنەکانی تری وەک ئەفریقیا کە تێیدا دەسەڵاتی ئەورووپایی و قۆرخکردن تا سەدەی بیست بەردەوام بوو. دووەم، دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی پێشوو سوودێکی زۆری بینی لە تووندوتیژیی سەربازی کە لە گەلێ باردا دەنگی ئۆپۆزیسیۆن و لۆکالیان دەچاوساندەوە و سەرکوتیان دەکردن. سێیەم، ئیمپریالیزم سوودی لە دانیشتووانی بێ بەرهەمی ئەورووپا بینی بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەی سپیپێست لە سەرانسەری جیهان کە بەدەگمەن یاسا و دەسەڵاتی سیاسی دەیانیگرتەوە. چوارەم، ئیمپریالیزم بنەمایەکی فراوان و پەسەندکراوی ڕێکخراوی سیاسی و ئەخلاقی و رۆشنبیری بەکار هێنا بۆ دروستکردنی هاوکێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئەویش رەگەزپەرستی بوو.

تا ١٩٤٥ هەر چوار توخمی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری نووچیان دا. یەکەم، کۆمپانیای نوێی نەوت دەبووایە پێگەی خۆیان لە ناوچەکان بەنهێنی دامەزرێنن نەک وەک شێوەیەکی ئیپراتۆری، هەروەها دەبووایە مافیان پێ بدرێت لەلایەن ئەو ناوچانەوە تا دانوستاندن بکەن لەگەڵ دەسەڵاتە لۆکالەکان نەک بەهێز. پشتگیریی سەربازی ئەوساکە هەبوو، بەڵام تەنیا لە بارودۆخی زۆر تایبەتدا. دووەم، هەرچەندە لە ١٩٤٥، ولاتە یەکگرتووەکان بوونە خاوەنی هێزێکی سەربازیی زەبەلاح لە دنیا، بەڵام بەکارهێنانی ئەو هێزە سنووردار بوو. لە جیهانی عەرەبیدا، یاخیبوونی فەڵەستین لە ١٩٣٦ تا ١٩٣٩ بە بەریتانییەکانی پێشان دا داگیرکردن بەهێز چەندە زەحمەتە، ئەمەریکاییەکان فێری ئەو وانەیە بوون کەمێک دواتر لە ئاسیای رۆهەلاتی باشوور. بەشێک لە زەحمەتییەکە ئەوە بوو ولاتانی باشووری جیهان چیی تر پێگەی سەربازیی بێگانە قبوول ناکەن. لە ١٩٤٥، ئەمەریکا پێگەی سەربازی هەبوو لە ئەڵمانیای داگیرکراو و ژاپۆن، بەڵام لە هیچ شوێنێکی تر نەیبوو لەو نێوانەدا. ئەو ساڵە، دەستی کرد بەدانوستاندن و دامەزراندنی پێگەیەکی سەربازی لە زەهران لە ناوەڕاستی کارەکانی کۆمپانیای ئارامکۆی نەوت لە سعودییە.

لە پەنجایەکان، زەهران بووە گەورەترین پێگەی سەربازیی ئەمەریکا لە دنیا. واشنتۆن توانی سوود لەو پێگەیە وەرگرێ تەنیا تا ١٩٦٢، کاتێ خەڵکی دژە ئیمپریالیزم حکوومەتی سعودییەیان ناچار کرد داوا لە ئەمەریکاییەکان بکا سعودییە بەجێ بێڵن. بەڵام سێ دەیەی نەبرد، دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە لە شوباتی ١٩٩٠، ئەمەریکاییەکان دووبارە گەڕانەوە پێگەکەی سعودییە. سێیەم، لە سییەکان، گەشەی دانیشتووان لە زۆربەی وڵاتانی باکوری ئەورووپا بەڕێژەیەکی بەرچاو کورتی هێنا، چیی تر دانیشتووانی سپیپێست نەبوو سەرپەرشتی کۆمپانیا زەبەلاحەکان بکا. گرووپی بچووکتری کۆمەڵگەی سپیپێست کە هاوشان بوو لەگەڵ فراوانبوونی کۆمپانیاکان لە دنیا، وەک کۆلۆنی ئەمەریکا لە زەهران چیی تر بەر حەسانەی یاسای لۆکال نەکەوتن. دوایەمینیان، سەرهەڵدانی فاشیزم و هۆلۆکۆستی نازی بوو لە ئەڵمانیا کە لەپڕ رەگەزپەرستیی ئەورووپای خستە ناو سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پڕ لە شەرمەزاری. هەروەک رۆبێرت ڤیتالیس دەڵێ، کۆمپانیای وەک ئارامکۆ هەموو جۆرە ڕێگەیەکی رەگەزپەرستیی و جوداخوازی کرێکاریی هێنایە سعودییە، چوار جۆر گرووپی رەگەزپەرستی پەیدا کرد کە هەموو شتێکیان لێک جیاواز بوو ئەوانیش: سپی، بێگانەی ناسپی، عەرەب و ریفراڤەکان. بەڵام، رەگەزپەرستی کۆمەڵێک ناڕەزایی لێ کەوتەوە و هەڵوێستی ئارامکۆی لە سعودیە لاوازتر کرد.

ئەم هاوکێشە مێژووییە دوا جار چوارەم خاسیەتی سیاسەتی ئابووریی نەوت لەگەڵ خۆی دێنێ: کۆمپانیا گەورەکانی نەوت داوای سیستەمێکیان کرد لەسەر بنچینەی کۆنترۆڵی تایبەتیی بەرهەمهێنانی نەوت و سنووردارکردنی بڕی بەرهەمهاتوو. لەم حاڵەتەشدا تەنیا مامەڵەیەکی دژە بازاڕی ئەم جۆرە سیستەمە دەتوانێ قازانجیان مسۆگەر بکا. بەڵام هەوڵیان دا ئەم سیستەمە دابنێن، لە سییەکان دەستیان پێ کرد، لەو ئانوساتەی کە میتۆدی کۆن بۆ بەرهەمهێنانی دژە بازاڕی جیهانی–کۆلۆنیالیزم– لە پرۆسەی ڕووخاندا بوو. ئەو فاکتەرانەن ڕۆڵێکی تایبەتی دەدەن بەئیسلامیی سیاسی لە سیاسەتی ئابووریی نەوتدا.

ئیبن سعود، شای داهاتووی سعودییەی داهاتوو، لە دووری وڵات لە کوێتی ژێر دەستی بەریتانیا گەورە بوو. لە ١٩٠٢ پێگەی پێشووی بنەماڵەکەیانی گرتەوە کە شارۆکەی ریاز بوو لە ناوەڕاستی سعودییە، هەروەها چارەگە سەدەیەک دواتر یەکێک بوو لەو شەڕکەرە لۆکاڵانەی جەنگا بۆ کۆنترۆڵکردنی نیمچەدوورگەی عەرەبی. سەرەتا پشتی بەست بەکۆمەکی داراییی بەریتانیا و دواتریش بەهاوپەیمانی موحەیدین. هەرچەندە خۆی زۆر پابەند نەبوو بەئیخوان، بەڵام بەهێزترین هێزی سەربازی لە ئیخوانەوە وەگرت. ئیخوان ڕێچکەی کلاسیکی جیهادی زیندوو کردەوە و فراوانیشی کرد وەک بەڵگەیەک بۆ شەڕ لە دژی ئەو موسڵمانانەی کە بەحسێبی ئەوان لایان داوە لە ئیسلام و موسڵمانی ڕاستەقینە نین.

لە ١٩١٣-١٩١٤ ئیبن سعود کۆنترۆڵی رۆهەڵاتی سعودییەی کرد (ئەو شوێنەی کە موەحیدینەکان بە کەلەپوری خۆیانیان دەزانی کە زۆربەی شیعەن). دوای جەنگی جیهانی یەکەم (ج ج١) دەستی گرت بەسەر باکوری رۆئاوای سعودییە، لە ١٩٢٥ دەستی گرت بەسەر میرنشینی حیجاز لە رۆئاوا کە هەردوو شاری پیرۆزی مەکە و مەدینەی تێدا بوو کە پڕ بوون لە بنەماڵەی بازرگانی گەورە گەورە. ئەو بازرگانانە داهاتێکی زۆریان بەخشی بەحوکمڕانەکەیان کە لە حاجیانی مەکە بەدەستیان دەکەوت. ئیخوان دەستی کرد بەسەپاندنی شێوەی ئیسلامەتییان بەسەر حیجازییەکان، شوێنێکی پیرۆزیان تێکدا لە شوێنی لەدایکبوونی پێغەمبەر محەمەد(د.خ) لەگەڵ چەندان شوێنی تر کە بەباشیان نەدەزانی و هەروەها تووتن و کحوولیان قەدەخە کرد. بۆ کۆنترۆڵکردنی حەماسەتی ئیخوان، ئیبن سعود لیژنەی سەر بەخودی خۆی دانا و پەیتا پەیتا تەشەنەی کرد و کۆبوونەوەی دژی حکوومەت ئەنجام دا.

حوکمی ئۆتۆکراتی کە ئیبن سعود بنیاتی دەنا لەسەر بنچینەی کۆمەکی دارایی و چەکی بەریتانی بوو بۆ شکاندنی دەسەڵاتەکان لە سعودییە. ئیخوانییەکان هەردەم بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە سعودیە پڕە لە کەندەڵی و بێ ئەخلاقی کە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم. دوا جار بارگرژییەکانیان لە نێوان حوکمڕانێک کە پێویستی بەپشتگیریی بێگانە هەبوو لەگەڵ هێزێکی پیوریتانی کە یارمەتی دا سعودییە داگیر بکا. دوای داگیرکردنی حیجاز، ئیخوان دەستی کرد بەفراوانکردنی جیهاد بۆ ناو ئوردن، کوێت و عێراق کە لەژێر دەستی بەریتانیا بوون کە ئیبن سعود نەیتوانی بەرەنگاری ئەمە ببێتەوە. لە ١٩٢٧ ئیخوان لە دژی سعود یاخی بوو. بەیارمەتیی بەریتانیا، سعود یاخیبووەکانی تێک شکاند لە ١٩٣٠ بزووتنەوەی ئیخوانی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە.

موەحیدین لە سیاسەتی سعودییە هەر بەبەهێزی مایەوە، بەڵام نەیتوانی ڕێ لە رەوتی ئیبن سعود و ئەو هێزە داگیرکاریانە بگرێ کە کۆمەکی داراییان دەکرد. لە هەمان ساڵ کە نووچی بەئیخوان دا، دەستی کرد بەدانوستاندن لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ستاندارد لە کالیفۆرنیا (سۆکال) و هەروەها دەستی کرد بەگۆڕینی پەناگە لە پەناگەی بەریتانییەوە بۆ بن باڵ و پەناگەی ئەمەریکایی. سعود هەوڵی دا وا بکا ئەوانی تر پشتگیریی بێگانە بۆ سعودییە پەسەند بکەن، ئەوە بوو دانوستاندنێکی لەگەڵ دامەزراوەی ئاینی کرد. سەرکردایەتیی موەحیدین رۆڵی کۆمپانیایەکی نەوتی بێگانەی قبووڵ کرد، لە بەرامبەردا کۆمەکی دارایی وەرگرت بۆ وەرگەڕاندنی سعودییە بۆ سەر ڕێچکە و وانەکانی تەوحید.

کەواتە ئەم شەڕە سەرکەوتووە پشتی بەدوو هێزی جیاواز بەست بۆ دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی نوێ لە عەرەبستان. کۆمپانیای نەوتی ئەمەریکایی-عەرەبی (ئارامکۆ) کۆمەکی دارایی و تەکنیکی دابین کرد. کۆمپانیاکە شارۆکە نوێیەکانی سعودییەی دروست کرد،

سیستەمی ڕێگە، هێڵی شەمەندەفەر، تۆڕی تێل و گەیاندن، بەندەر و فڕۆکەخانە. وەک خاوەن بانکێک کاری کرد بۆ بنەماڵەی حوکمڕان و وەبەرهێنەرێک بۆ پڕۆژەی سعودییە، بەتایبەتی لە ئیمزاکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا زەبەلاحەکان بۆ خزمەتکردنی پێداویستییەکانی ئارامکۆ لە ڕۆهەڵاتی عەرەبستان. ئارامکۆ هەر تەنێ پارەی بەحکوومەتی نیشتمانی نەدەدا بگرە دەیدا بە ماڵباتی سعودیش، کە ئێستا بەخۆی دەڵێ پاشا و ناوی ولاتەکەی گۆڕی. پێشتر هەردوو پارێزگای حیجاز و نەجد پێی دەگوترا "میرنشینی عەرەبستانی سعودییە"، کەچی سعود ئەمەی گۆڕی و تەنیا بەناوی خۆیەوەی کرد. لە ئەنجامی ئەم کارەدا، بەملیۆن دواتر بەملیار دۆلار کە سالانە وەک داهات لە نەوتەوە دەهات بوو بەداهاتی تایبەتی یەک بنەماڵە ئەویش بنەماڵەی پاشا بوو. ئەم بەتایبەتکردنەی پارەی نەوت لەسەر ئاستی ناوەخۆ پشتگیری لێ نەدەکرا و پێویستی بەیارمەتیی دەرەکی بوو بیسەپێنی. لە ١٩٤٥ حکوومەتی ئەمەریکایی پێگەیەکی سەربازی لە زەهران دامەزراند و دەستی کرد بەمەشق و ڕاهێنان بە هێزە تەناهییەکانی سعود. هەر یەکێک دژی بنەماڵەی پاشا بوەستابایەوە، ئەوا دەهاتنە گرتن، هەڕەشەکردن، ئازاردان، لەداردان و دوورخرانەوە لەلایەن ئەو هێزانەی دامەزراوەی ئاینی، لەلایەکی ترەوە، سیستەمێکی ئەخلاقی و یاسایی بۆ ولاتی نوێ دانا، ڕێژیمێکی کۆمەلایەتی بەرتەسکی سەپاند کەوا درێژەی بەڕێسای هاژۆتنی دانیشتووان دا و بەرهەڵستکاریی سیاسی سەرکوت کرد.

لە کۆتاییی چلەکان بزووتنەوەیەکی کرێکاری پەیدا بوو لەنێو کرێکارەکانی نەوتی ولات، داوای هەڵسوکەوتێکی باشتر و هەلومەرجی باشتری کاریان دەکرد. زنجیرەیەک ناڕەزایی ئەنجام درا و دواتر مانگرتنی گشتی لێ کەوتەوە لە تەموزی ١٩٥٦ داواکاریی کرێکاران بریتی بوو لە دەستوورێکی سیاسی، مافی پێکهێنانی یەکەتیی کرێکاران، حزبی سیاسی و ڕێکخراوی نیشتمانی و هەروەها بەکۆتاهێنانی دەستوەردانی ئارامکۆ لە کاروباری دەوڵەت، داخستنی پێگەی سەربازیی ئەمەریکا و ئازادکردنی کرێکارە گیراوەکان. بەشی تەناهیی ئارامکۆ سەرکردەکانی ئەو ناڕەزاییانەی دەستنیشان کرد بۆ هێزەکانی تەنهاییی سعودییە بەوانەی ئیخوانیشەوە. حکوومەت میلیشیاکانی ئیخوانی دووبارە دامرکاندەوە لە پەنجاکان، ناوی گاردی نیشتمانی گۆڕا، هەرچەندە ئەندامانی پێیان دەگوترا موجاهیدین، بۆ پێدانی هەندێ قورسایی بەسوپا. سەدان پرۆتستۆکار هاتنە گرتن، ئازاردان و حوکمدان و لە ولات دوور خرانەوە. لەو جۆرە ڕووداوانەدا، دەسەلاتدارانی نەوتی ئەمەریکایی و هێزەکانی جیهاد شان بەشانی یەکتر کاریان کرد بۆ پاراستنی سیاسەتی ئابووریی نەوت.

لەگەڵ پەیدابوونی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەخۆ بۆ سیاسەتی ئابووریی نەوت، مەترسیی سەرەکی لە دەرەوەڕا هات، لە حکوومەتە ناشنالیستەکانی میسر و عێراق، کە لە کۆتاییی پەنجاکان دەستیان کرد بە تانەدان لە گەندەڵی پاشایەتیی سعودییە و خراپ بەکارهێنانی ئەو شتەی ئێستا پێی دەڵێن "نەوتی عەرەب". بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییە، حکوومەتی عەرەبستانی

سعوودییه پارەی نەوتی بەکار هێنا بۆ بەتواناکردنی دامەزراوەی ئایینی بۆ بڕەودان بە بەرنامەکەی کە بڕێتی بوو لە دەسەڵاتی ئەخلاقی و موحافیزکاریی کۆمەڵایەتی لە دەرەوە. بەتایبەتی، کۆمەکی داراییان دابین کرد بۆ زیندووکردنەوەی بزووتنەوەی سیاسیی ئیسلامی لە میسر، کە حکوومەتی جەمال عەبدول ناسر هەوڵی دا سەرکوتیان بکا لە ناوەڕاستی پەنجاکان. هەروەها پشتگیریی بزووتنەوەی هاوچەشنیان کرد لە پاکستان و تەواوی ناوچەکە. لە هەمان کاتدا، فەرمانبەرانی پێشووی ئارامکۆ کە ئێستا کار بۆ سی ئای ئەی دەکەن یارمەتی ئەو پیلانانەیان دا بۆ کوشتنی سەرۆکی میسر و عێراق، کە کاریان بۆ ئەمانە دەکرد: چاکسازیی خاک، مافەکانی ئافرەتان، پەروەردەی جیهانی و بەرنامە میلییەکانی تر. ناسر قوتار بوو، بەڵام لە ١٩٦٣ حکوومەتی عێراقی رووخێنرا و سەرۆک کوژرا لە کودەتایەک بەهاوکاریی هێزی سەربازیی ئەمەریکایی کە حزبی بەعسیان هێنایە سەر حوکم، حزبەکەی سەدام حوسێن. (هاوکات بناخەیەکی تری سیاسەتی رۆهەڵاتی ناوەڕاست لێ هاتە دامەزراندن. لە ١٩٥٨: بڕیار درا هاوکاری چەک و داراییی ئیسرائیل بکرێت لە بەرامبەر موحافیزکاری ئیسلامی، کە ئەمەش ناشنالیزمی عەرەبی بەلاوەنا.)

گەلێ پسپۆڕ ئاماژەیان بەو واقیعە داوە کەوا پارەی نەوت یارمەتیی گەشەی دەسەڵاتی موەحیدینی دا لە عەرەبستان دوای ١٩٣٠ و ڕێی خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوە سیاسییە ئیسلامییەکان لە حەفتاکان. بەڵام ئەوەش گرینگە تێی بگەین کە بەهەمان شێوە ئەوە بزووتنەوەی ئیسلامی بوو ڕێی خۆش کرد بۆ قازانجەکانی پیشەسازیی نەوت. سیاسەتی ئابووریی نەوت سەری نەگرت پشت ببەستێ بە حکوومەتێک لە عەرەبستانی سعوودییە کە قەرزداری دەسەڵاتی خۆی بوو بۆ هێزی بزووتنەوەیەکی ئیسلامی سیاسی. قازانجی نەوت پشت ئەستوور بوو بە کارکردن لەگەڵ ئەو هێزانەی کەوا کۆنترۆڵی سیاسیی عەربستانیان مسۆگەر کرد: پەرلەمانی سعود بەهاوپەیمانی موەحیدین. ئەوەی دواتریان هیچ پێوەندییەکی وای نەبوو، بەڵام دواتر بوو بە توخمێکی ناوەکی سیاسەتی ئابووریی نەوت. جیهاد هەر تەنێ هێزێکی لۆکالی سادە نەبوو بۆ گەشەپێدانی جیهانگیری. جیهانگیری دواتر بوو بە جیهانی جیهاد کە تێکەڵەیەکی چەند هێزێکی کۆمەڵایەتی جۆربەجۆر بوو و بەدنیادا بڵاوبووەوە.

بیرۆکەی بڵاوبوونەوەی جیهاد پێویستی بە تێگەیشتنێکی جیاوازە، زۆر جیاواز نا لە ڕۆڵی مێژووییی بزووتنەوە ئیسلامییەکان، بگرە سروشتیی سەرمایەداریی جیهانی. تەنانەت لە نێوان ڕەخنەگرانیشیدا، هەردەم باس لە سەرمایەداری دەکرێ بەزاراوەی هێز و لۆجیکەکەی. لەو سۆنگەوە، "جیهاد" بڕێتییە لە بەرگرییەکی دەرەکی و ناوەخۆ بۆ لۆجیکی مێژووییی سەرمایەداری. مێژووی بڵاوبوونەوەی جیهاد، بەپێچەوانەوە، مێژوویەکە بەری چەند لاوازی و لێکترازانێکە. چەمکێکە کەوا سەرنجەکان ڕادەکێشێت بۆ مەحاڵبوونی مسۆگەرکردنی قازانجێکی قەبەی نەوت، بەڵام دەکرێ لە ڕێگەی ئەو هاوکێشانەی کە پشتیان بەگۆڕان بەستا،

بەڵام هێزی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری نەبوون. بەڵام ئەو هێزانە لە چ رووێکەوە "سەرمایەداری" نەبوون؟ ئەو هێزانە توخمی کولتووری پێش سەردەمی سەرمایەداری نەبوون و بەرگەی سەرمایەداریان لە دەرەوەڕا گرت. رەگی مێژوویی هەرچییەک بێت، هێزی بزۆکی سەدەی بیست بوون کە گەشەیان وا بەستەی گەشەی نەوت بوو. بەڵام رۆڵیان لە ئابووریی نەوتدا رۆڵێکی خزمەتکارانە بوو. مەبەستم لەوە ئەوەیە کاتێ قازانجی نەوت پێویست بوو، ئیسلامی سیاسی خۆی لەو ئامانجەدا نەدیتبووەوە. موحیدین و بزووتنەوە ئیسلامییەکانی تر کارنامەی خۆیان هەبوو، هەندێ جار سەرچاوەی گرتبوو لە نایەکسانی و نادادوەرییەکان کە خەڵک بەدەستیانەوە دەیاننالاند، یان لە هەڕەشەکان بۆ سەر ژیانی ئەخلاقی خەڵک. کاتێ وەک پرۆسەی بڵاوبوونەوەی جیهاد سەیر دەکرێ، سەرمایەداری چیی تر پشت بەخۆی نابەستێ. سەرکەوتنی پشت دەبەستێت بەهێزەکانی تر، کە هەردووکیان پێویستن بۆ ئەو پرۆسەیەی ئێمە ناوی لێ دەنێین گەشەی سەرمایەداری و وەک خزمەتکار خزمەتی دەکەن.

بەخێرایی هەندێ باسی مێژووی بڵاوبوونەوەی جیهاد دەکەم، بۆ ئەوەی بچینەوە سەر قەیرانەکە لە ئەفغانستان، کە پێوەندی هەیە بەقەیرانی عەرەبستان. لە وڵاتەیلی چڕانیشتووان و بەرهەمهێنانی نەوتدا کە پشتگیری بزووتنەوەیلی سیاسی کە سەرکوتکردنیان ئاستەم بوو، کرێکاران لە پیشەسازیی نەوتدا دەستیان کرد بەرێکخستن و مانگرتن لە دژی کەمیی مووچە و خراپیی هەلومەرجی کارکردن- بەتایبەتی لەمەکسیک لە ١٩٣٦-١٩٣٨ و لە ئێران لە ١٩٢٩ و دواتر لە ١٩٤٤-١٩٥١ بەپێچەوانەی کەیسی سعودییە، ئەو ناڕەزاییانە بزووتنەوەیەلی ناشنالیستیان گڕ دا لە نێو بژاردەی سیاسی کە دژی ئاژاوە وەستانەوە بەهۆی بەنیشتمانیکردنی پیشەسازیی نەوت تا قازانجی زیاتر بکەن لە وڵات. کۆمپانیایەلی فرەنیشتمانیی نەوت بەبایکۆتکردنی ئەو وڵاتانە هاتنە وەڵامدانەوە (هەروەها لە ئێران، بەریتانیا و ئەمەریکا بزووتنەوەی ناشنالیستیان رووخاند و رێژیمێکی دیکتاتۆریی سەربازییان دانا کە پشت ئەستوور بوو بەبزووتنەوەی ئاینی) تا ناچار کران نەوتی بەنیشتمانیکردنیان بفرۆشن لە رێگەی کۆمپانیا فرە نیشتمانییەکان کە توانییان کۆنترۆڵی نرخ و بڕی نەوتەکە بکەن، بەمەش دەستەی دژە بازاڕیان پاراست. لە شۆێنانی تر، بەڤنزوێلا و سعودییە دەستی پێ کرد، دواتر عێراق و کوێت، کۆمپانیاکانی فرە نیشتمانی بەکارنامەی خۆیاندا چوونەوە، رازی بوون بەپێدانی سەدا پەنجای بەرهەم بەحکوومەتی میواندار. بەڵام، کۆمپانیایەلی نەوت ئەمەیان لەسەر بنچینەی نرخی کەم حسێب کرد و سوودیان لە یاسای باجی ئەمەریکا وەرگرت بۆ بڕینی پارەی زیادکراو لەو باجانەی قەرزداری گەنجینەی ئەمەریکا بوون. لە بواری کاردا، کۆمپانیاکان بواریان رەخساند بۆ باجدەرانی ئەمەریکا کرێی زیادە بگرنە ئەستۆ کە بۆ نەوتی بیانی دەیاندا، لە هەمان کاتیشدا قازانجی خۆیان دەپاراست.

پێشهاتی زیاتر لە حەفتاکان رووبان دا، دوای پەیدابوونی ئۆپێک، کاتێ سعودییە و وڵاتە

بەرهەمهێنەرەکانی تر لە کەنداو داوایان کرد کۆنترۆڵی تەواوی ئارمکۆ و بەشەکانی تری کۆمپانیا فرە نیشتمانییەکان بکەن. ئەوانەی دواتر هاوکارییان کرد بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە ئەم قۆناخە سیستەمی دژە بازاڕی بەجێ هێشت و قازانجی لە شوێنی دانا. یارمەتی بەرزبوونەوەی نرخیان دا. بەشی شێر لە داهاتی نەوت لە نێوان کۆمپانیا نیشتمانییەکاندا دابەش دەکرا، کە ئێستا کۆنترۆڵی بەرهەمی رۆهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە. هەروەها فرە نیشتمانییەکانیش کە بەردەوام بوون لە زاڵبوون بەسەر گواستنەوە و پاڵاوتن و دابەشکردن.

ئەو رووداوانە دوو بەرەنجامی بەرچاویان لێ کەوتەوە. یەکەم، زیادبوونی داهاتی نەوت سوودی گەیاندە ئەمەریکا و ولاتە ئابووریيەکانی تری رۆئاوا، بەشێکی بەهۆی سعودییەوە بوو، چونکە گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان و وەبەرهێنەرەکانی تری رۆئاوا کرد، بەڵام بەشێکی زۆری بەهۆی کرپینی ئامێریی سەربازیی ئەوروپایی و ئەمەریکایی بوو. کارگەیلی دروستکردنی چەک کلکیان کردە یەک لەگەڵ کۆمپانیایەلی نەوت لە بەشکردنی داهاتی زیادە لەسەر حسێبی بزووتنەوەیلی سیاسیی رۆهەڵاتی ناوەڕاست. دووەم، بانقەیلی رۆئاوا، نوقمی دۆلاری پێترۆڵ بوون، دەستیان کرد بەبەرنامەیەکی کارەساتئامێزی بەخشینی قەرز بە حکوومەتەیلی جیهانی سێیەم. هەرکە قەرزەکان نەدرانەوە، بانقەیل پاڵەپەستۆیان خستە سەر هاوولاتییان نەک حکوومەتەیل بۆ قەرەبووکردنەوەی قەرزەیل. بۆ نموونە، لە میسر کە بانقەیل بەهۆی قەرزەوە لەبن هاتبوون، بودجەی قوتابخانەکان و تەندروستی و کارگە و کشتوکاڵ کەم کرایەوە، بەڵام بودجەی دامەزراوەیلی حکوومی وسەربازی وەک خۆیان مانەوە.

سەرکەوتنەیلی بەردەوامبوونی قازانجەیلی پیشەسازیی نەوت، لە کاتی زیادبوونی داهاتی نەوتی رۆهەڵاتی ناوەڕاست، گران وەستا. لە نیوەی دووەمی حەفتاکان، بەردەوامبوونی هێزی ئۆتۆکراتیی حکوومەتەیل بەزەحمەت کەوت کە سیاسەتی ئابووریی نەوت پشتی پێیان بەستابوو، هەروەها رۆلی ئیسلامی سیاسی کە جەوهەری ئەو ئابووریيە بوو، بوو بەخزمەتکارێکی گەورە.

زنجیرەی قەیرانەیل بەناوبانگە. لە ئۆپۆزیسیۆنی ١٩٧٥ بۆ دیکتاتۆریی سەربازی لە ئێران قەیرانەیل بەهێز بوون و یەکەیەلی دامەزراوە ئاینییەکان دژی رێژیم هەستانەوە، کە دواتر ئەمە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ١٩٧٨–١٩٧٩ی لێ کەوتەوە کە جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست. لە میسر، کە رێژیمێکی کەمتر داپلۆسێنەر بوو، کە چالاکانە هانی بزووتنەوەی ئیسلامی دەدا لە حەفتاکان وەک ناوەندێک بۆ لاوازکردنی ئۆپۆزیسیۆنی عەلمانی سیاسی، رووبەڕووی ناڕەزاییی و ئۆپۆزیۆنی گشتی بووەوە. لە ئۆکتۆبەری ١٩٨١، ئەندامانی خانەیەکی سەربازیی ئیسلامی، سوودیان لەو بزووتنەوە میللییە وەرگرت و سەرۆک ساداتیان کوشت و هەوڵی راپەڕینێکی چەکداریان دا کە خێرا سەرکوت کرایەوە لەلایەن هێزی سەربازیی رێژیم.

لە ئەفغانستان، ئەفسەرەیلی سوپا سیستەمی پاشایەتییان لە تەمووزی ١٩٧٣ رووخاند، ئەمە

هاته دی بەسەرکردایەتیی محەمەد داود، کە سەرەتا بەڵێنی چاکسازیی خاک و گواستنەوەی کۆمەڵایەتی دا بەهاوپەیمانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی ئەفغانستان کە لایەنگیری سۆڤیەت بوو. ئێران لەژێر سایەی شا، بەهاندانی ئەمەریکا، بەرنامەیەکی خستە کار بۆ لاوازکردنی توخمەکانی پرۆسۆڤیەت کە لە ئەفغانستاندا رەگیان داکوتا بوو بۆ بەرژەوەندیی ئەمەریکا لە ئێران. لە ئاداری ۱۹۷۸، پارتی دیموکراتی ئەفغانستان (پ د أ) داودی لادا و کوشتی، بەزۆر بەرنامەیەکی رادیکاڵی چاکسازیی خاکی دانا وەک هەوڵێک بۆ لادانی سیستەمی کۆنی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەمەش رووی لە یەکەتیی سۆڤیەت کرد بۆ کۆمەکی زیاتر. هەر کە ناسەقامگیریی سیاسی لە سەرانسەری وڵاتدا پەرت بوو، وڵاتە یەکگرتووەکان دەستی کرد بەهارکردنی پاکستان بۆ تێکدانی رەوشی حکوومەت، هەروەها لە ئاداری ۱۹۷۹ دەستی کرد بەگفتوگۆکردنی پلانەیل بۆ "مژینی خوێنی سۆڤیەتییەکان وەک خۆی لە زەلکاوی ڤێتنامدا) لە ئەفغانستان. لە ۲ی تەموز سەرۆکی ئەمەریکا کارتەر رەزامەندی دەربڕی لەسەر بەرنامەیەکی نهێنی بۆ پڕچەککردنی هێزە دژە شۆڕشگێڕییەکان _ وەک پارتەیەلی ئیسلامی سیاسی کە بەموجاهیدین هاتبوونە ناسین _ هەوڵیان دا حکوومەتی ئەفغانی بڕووخێنن. جیهاد کۆمەکی دارایی وەردەگرت لە ئەمەریکا و سعودییە، چەکی جۆری سۆڤیەتیان وەرگرت کە لە میسر و چین و ئیسرائیل دەکڕان و لەگەڵ دابینکردنی هێزی مرۆیی زیاتر لە بزووتنەوەیلی ئیسلامی لە میسر، سعودییە و یەمەن و وڵاتانی تر. پشتگیریی ئەمەریکا بۆ هێزەیلی ئیسلامی لە پاکستان پاشان وەک کاردانەوەیەک بۆ داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن رووسیا لە دیسێمبەری ۱۹۷۹ هاتە وەسف کردن. راستییەکەی ئەمە نزیکەی شەش مانگ پێش داگیرکاریی سۆڤیەت دەستی پێ کرد. مەرامیشی لەمە قیتبوونەوە نەبوو لە دژی داگیرکارییەکە بگرە بۆخۆشکردنی بوو. هەروەک راوێژکاریی تەناهیی نیشتمانی ئەمەریکا زبیگنیو برێزنسکی دواتر دووپاتی کردەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان بەهیوای خۆشکردنی شەڕەکە بوو تا یەکەتیی سۆڤیەت هەمان دەردی ئەمەریکا ببینێ کە لە ڤێتنام بینی.

کورتکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی پێشهاتەیلی سیاسی لە دەیەکانی دواتر ئاستەمە. بەڵام یەک شت لێرە زەقە ئەویش بڕێتییە لە تێوەگلانی زیاتری واشنتۆن لە زنجیرەک شەڕ و ململانەی سیاسی، هەم بەهۆی پڕچەککردنی شەڕکەر و قفڵدانی چارەسەری دیپلۆماتی. هێزەیلی دەرەکی تر، وەک بەریتانیا و فرەنسا و یەکەتیی سۆڤیەت، چەکیان بەشەڕکەر دەدا، هەروەها گەلێ وڵاتی تر پشتیان بەست بەتوندوتیژیی سەربازی، لە هەندێ باردا وەک ناوەندێک بۆ سەرکوتکردن بەکار هێنرا. ئەوەی ئەمەریکای لەوان جیا کردەوە قووڵی تێوەگلانی بوو لە چاندنی تۆوی توندوتیژی لە ناوچەکەدا، زیاتر پشتی بەشەڕ دەبەستا نەک ناوەندی سیاسی و هەروەها بەهەموو شێوەیەک هەوڵی نەهێشتنی چارەسەری ململانەکانی دەدا. لە کەنداو، واشنتۆن دەستی کرد بەپشتگیریکردنی حکوومەتی سەدام حوسێن لە عێراق. دوای ئەوەی عێراق لە

سێپتێمبەری ١٩٨٠ هەڵی کوتایە سەر ئێران، بەهەموو شێوەیەک کۆمەکی عێراقی کرد بۆ درێژکردنەوەی شەڕ، وەک ناوەندێک بۆ لاوازکردنی ئێران و داپۆشینی هێزی سەربازیی خۆی لە کەنداو. لە ململانەی فەڵەستین – ئیسرائیلدا، ئەمەریکا پشتگیریی داگیرکردنی لوبنانی کرد لە ١٩٨٢ لەلایەن ئیسرائیل و کۆمەکی دارایی دابین کرد بۆ داگیرکردنی کەرتی غەزە و رۆژاوا، هەروەها پلانی ئاشتیی ساڵی ١٩٨١ی فەهدی وەستاند، دەستپێشخەری ١٩٨٢ی رەباتی وەلانا، پێشنیازەیلی کۆنفرانسی ئاشتیی یوئێن لە ١٩٨٣ خستە لاوە، هەروەها چەندان هەوڵی تری نەزۆک کرد بۆ کۆتانەهێنان بەداگیرکردنەکە. لە ئەفغانستان، دوای هەوڵی سۆڤیەت بۆ دانوستاندانی کشانەوە لە سەرەتای ١٩٨٣، واشنتۆن کۆمەکی دووهێندە کرد بۆ موجاهیدین، بەمەرامی دواخستنی پاشەکشەی سۆڤیەت. دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراق لە ئابی ١٩٩٠، ئەمەریکا هەوڵەکانی پووچ کردەوە بۆ دانوستاندنی عێراق بۆ کشانەوە و هەڵی بۆ رەخسا هەڵی کوتایە سەر عێراق بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی ئابووری و دووبارە چوونەوە پێگە سەربازییەکەی لە سعودییە.

لە عەرەبستانی سعودییە، تێگەنەکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە دژی گەندەڵیی بنەماڵەی حوکمڕان و داپڵۆسینی چالاکیی سیاسی سەری لە قوتابخانە ئاینییەکان و مەلاکانی سەر بەموەحیدین لە مزگەوت دەرهێنا، ئەمە تاکە کونێکی دەربڕینی سیاسی بوو کە رێژیم نەیتوانی سەرکوتی بکا. ناڕازیبوون لە دیسێمبەری ١٩٧٩ گەیشتە لووتکە، کاتێ شەڕوانانی ئاینی مزگەوتی گەورەیان لە مەکە گرت. چەندان رۆژی برد، تەقە و بەرگەگرتن بە بەهاوکاریی هێزەیلی تایبەتی فرەنسا گڕی یاخیبووانیان دامرکاندەوە. ناڕەزاییی سیاسی لە هەشتاکان هەڵکشا، بەتایبەتی دوای داتەپینی نرخی نەوت لە ١٩٨٤–١٩٨٥، کە قەیرانێکی دارایی لێ کەوتەوە، داهاتی نیشتمانی داتەپی، بێ کاری رووی لە زیادی کرد. حکوومەتی سعودییە چارەسەرێکی لە ئەفغانستان هێنا بۆ ئەو ئاستەنگانەی دەهاتنە پێشی. زیاتر لە دە هەزار چالاکوانی ئاینی گەنجی نارد دەرەوە، کە هەمووی لەبەر گەندەڵی بنەماڵەی حوکمڕان دەکولا، بۆ شەڕکردن لە دژی یەکەتیی سۆڤیەت لە ئەفغانستان بەناوی شەڕی خاچپەرستان. ئوسامە بن لادن، پێوەندییەکی نزیکی بەبنەماڵەی رێژیمەوە هەبوو، ئەو کەسە بوو کە هەماهەنگی ئەو پرۆسەیەی کرد. لە نەوەتەکان، هەر کە موجاهیدین لە ئەفغانستان گەڕانەوە، باری ئابووریی وڵات خراپتر بوو. شەڕی ١٩٩٠–١٩٩١ لە دژی عێراق ئاگری ئۆپۆزیسیۆنی خۆشتر و گەورەتر کرد. وێرای کڕینی چەک بای چەندان ملیار دۆلار، رێژیمی سعودییە نەیتوانی هیچ بکا، بۆیە خێرا رازی بوو بەگەیشتنی هێزەکانی ئەمەریکا تا رزگاری بکا لە چنگ هەڕەشەی عێراق. تێکەڵەی رێژیمێک لە دەسەڵات لە هێزەیلی سەربازیی رۆژاوا و دەسەڵاتی لۆکاڵی موجاهیدین دانوویان پێکەوە نەدەکولا.

زۆرجار دەگوترێ سیاسەتی رۆهەڵاتی ناوەڕاست هاتە دامەزراندن بەهۆی دەسەڵاتی پیشەسازیی نێودەوڵەتی نەوت. باشترە ئەگەر بڵێین هاتە دامەزراندن بەهۆی لاوازییەکانی.

قـازانجـێکی ئێـجگار زۆر دەکـرێ لە کـۆنتـرۆڵکردنی بەرهەمـهـێنان و دابەشکردنی نەوت. کۆمپانیایەلی فرەنیشتمانیی نەوت هەردەم دەگەڕێ بەدوای مسۆگەرکردن و زیاترکردنی ئەو قازانجە، ئەمەش بەهاوکاریی حکوومەتەیل کەوا کۆنترۆڵی کێڵگەیلی نەوت دەکەن. هەروەها قـازانجـێکی ئێـجگار زۆریش دەست دەکەوێ لە کۆنترۆڵکردنی بەرهەمـهـێنان و دابەشکردنی چەک، کە هەمان حکوومەتەیل بوونەتە چەورترین موشتەری. دەرکەوت پیشەسازیی چەک و نەوت دوو زەبەلاحـترین هێزن ئابووریی سـەرمایەداریی جیـهان دروست دەکەن. بەڵام ئەو دەسـەڵاتە بوونی هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر لاوازییەک کە هەردەم هەڕەشە لە قازانجەیلی قەبە دەکات.

لەلایەک، لافاوێک لە نەوت هەیە. ئەم لافاوە مـەترسـیـیـەکی بەردەوامی هەیە بۆ سـەر بـنهاتنی قازانجی پیشەسازیی نەوت. پیشـەسازییەکە دەبێ بەردەوام ئاگای لە کەمکردنەوەی بەرهەم بێت تا لەو مەترسییە قوتار بێ. لەلایەکی ترەوە، پێکهاتەیلی سیاسی هەن کە هاتوونەتە دامەزراندن بۆ یارمـەتی گـەیشتن بەو کـۆتاییـیـە. لەبەرئەوەی پیـشـەسـازیی نەوت هەرگـیـز بەهێز نـەبوو بۆ دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی تایبەت بەخۆی، هەردەم ناچار کراوە هەڵبکا بەهاوکاریی هێـزەیلی سـیـاسـی تر، وزەیلی کـۆمـەڵایەتی، شـێـوەیلی توندوتیـژی و دەسـەڵاتەیلی تر. لە سەرانسـەری رۆهەڵاتی ناوەڕاست، چەندان هێزی جۆراوجۆر هەبوون. بەڵام هەریەک لەو هێزانە مـەرامی تایبـەت بەخـۆی هەبوو، کـە هەرگـیـز ئەو مـەرامـە مـسـۆگـەر نەبوو یەک بگرێتـەوە بۆ مـسـۆگـەرکـردنی بەرگرتن لە لێـشـاوی نەوت. لە جـەرگەی کـێـشـەی تـەناهیی نەوتدا، لەبەرئەو هۆیەلەی ئێمە باسمان کرد، کۆنترۆڵی سیاسی عەرەبستان هەبوو. یەدەگی نەوت ئەو راستییەی سـەپاند کـەوا زۆرترین قـازانج دەست دەکـەوێ تەنیـا بەمۆی تێـوەگـلانی بزووتنەوەیەکی ئاینی بەهێز.

بلاوبوونەوەی جیـهـاد دەسـتـەواژەیەکـە وەسـفی ئەو کـێـمـاسـیـیـەی سـەرمـایەداری دەکـات. دەستەواژەکە ئاماژیەک نییە بۆ هاودژی لە نێوان لۆجیکی سەرمایەداری و هێزەیل و بیرۆکەیلی تر کە دژیان دەوەستێتەوە. بگرە ئاماژکەیە بۆ نەبوونی ئەو لۆجیکە. ئەو توندوتیژییە سیاسییەی کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا (هەرچەندە بەتەنێ نەبوو، بەڵام لە هەر ئەکتـەرێکی تر زیاتر، کۆمـەکی دارایی کـرد و درێژەی پێ دا لە بەشـەکانی تری رۆهەڵاتی ناوەڕاست لە مـاوەی چەند دەیەک) نیشانەیەکی بەرچاوی ئەو کێماسییەیە.

* تیمـۆسی مایکل: پرۆفیـسـۆری سیاسـەت لە زانکۆی نیویۆرک. لە هـەمان زانکۆ بەڕێوەبەری سـەنتـەری هاگـۆپ کیڤـۆرکیانە بۆ لێکۆڵینەوەیل لەبارەی رۆهەڵاتی نزیک. کتێبـەیلیی کە بەم دواییـان چاپ کراون ئەمانەن: پرسیارەکانی مۆدێرنیتە (چاپخانەی زانکۆی مینیسوتا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە) و حوکمی شارەزایان (چاپخانەی زانکۆی کالیفۆرنیا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە).

* لە کۆواری Duke University Press. 2002 وەرگیراوە

لێبووردەیی ئیسلامی
لە نێوان ئەمەریکا و میسردا

ئەحمەد سوبحی مەنسوور

بەڕێز جۆن هنری وۆتن لە ٢٧ی ئاداری/مارسی ١٩٥٠ لە ویلایەتی نیوجێرسیی ئەمەریکا لە خێزانێکی سەکسۆنیی دەوڵەمەندا هاتە دنیا، دوای ئەوەی پلەیەکی بەرزی زانستی بەدەست هێنا، لە سلکی دیپلۆماسیی ئەمەریکادا دەستی بەکار کرد و لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە باڵۆێزخانەی ئەمەریکا لە قاهیرە گیرسایەوە.

لەو کاتەدا خووی پێوە گرتبوو کە جەمێکی خێرای لە کافتریای نێزیکترین هۆتێل لە باڵۆێزخانەکەوە بخوات، نەک لەبەرئەوەی نێزیکترینە لە شوێنی کارەکەیەوە، بگرە لەبەرئەوەی بووبووە دیلی چاوانی "سوهام"، کە کچە شۆخێکی میسری بوو، بەکالۆریۆسی لە گەشتەوەری و هۆتێلەکاندا بەدەست هێنابوو و لەو کافتریایەدا کاری دەکرد.

وۆتن زۆر جار ئەگەر برسیشی نەبووایە هەر دەچووە ئەو کافتریایە و بەخشیێکی زۆریشی بە نرخی ئەو کاتە بەجێ دەهێشت "٢٠ دۆلار" هەر بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو کچە شۆخە بۆ لای خۆی رابکێشێ. سەرەنجام توانی سەرنج و دڵی کێش بکات. جا بۆ ئەوەی بتوانێ بیخوازێ جۆن بڕیاری دا موسڵمان ببێ و ناوی خۆی بگۆڕێ بۆ "شەریف" و لە ساڵی ١٩٨٤دا بەفەرمی زەماوەندیان کرد.

هاوسەرایەتییەکەیان بە هەموو پێوەرەکان هاوسەرایەتییەکی بەختەوەر و پیرۆز بوو، شەریف یاخۆ جۆن هنری وۆتن چێژی لە خۆنەویستی و دڵسۆزیی ژنەکەی بینی و خوای گەورە دوو کێژۆڵەی جوانی پێ بەخشین. بەهۆی پاکی و ڕەوشتە جوانەکەی ژنەکەیەوە مێردە ئەمەریکاییەکەی هەر بەڕاستی و لە دڵەوە هاتە ناو ئیسلام، هاوکات دەستی بە پێوەندییە

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

دۆستانە و بەهێزەکەی لەگەڵ باوان و خوشک و برا مەسیحییەکانیشیەوە گرت، ئەوانیش پیرۆزباییی ئەو هاوسەرگارییەیان لێ کرد و ڕێزیان لە ئازادیی کوڕەکەیان لە هەڵبژاردنی ئاین و بیروباوەڕ و هاوسەرەکەیدا گرت.

ئاواتی گەورەی ئەو ژنە دوای جێگیربوونیان لە ئەمەریکا ئەوە بوو پێوەندی مێردەکەی لەگەڵ یەکێک لە سەنتەرە ئیسلامییەکاندا بەهێز بکات تا لەنێو خێزانە گەورەکەی مێردەکەیدا خۆی پێیانەوە هەڵبکێشێ، هەروەها مێردەکەیشی بەهەمان شێوە حەزی دەکرد لەنێو موسڵمانەکاندا هاوڕێیان هەبێ، بەڵام وێڕای هێشتنەوەی ڕیشیش لەلایەن شەریفەوە هەوڵەکانیان بێهوودە بوو.

دواتر مێردەکەی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو، بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە هەموو توانای خۆی و بەپشت بەستن بە هەموو تواناکانی زانست، بەرەنگاری کرد، بەڵام وەک باوە نەخۆشییە نەفرەتییەکە لە کۆتاییدا سەرکەوت و جەستەی شەریفی داهێزراند و بە درێژاییی دوا ساڵی تەمەنی کەنەفتی نێو جێگەی کرد و لەنێو پێخەفی نەخۆشخانە و ماڵەوەدا دەهات و دەچوو، لەگەڵ ئەوەیشدا لەنێو ئازار و ناڵەکانیدا کاتێکی دەبینییەوە تا تێیدا چێژ لە تێڕوانینی دوو کیژۆڵە جوانەکەی و هاوسەرە دڵسۆزەکەی ببینێ، کە خۆنەویستانە لە دەردەداریەکەیدا خزمەتی دەکرد و بەختەوەر بوو بەو وشەی پێزانینانەی مێردەکەی لە بەردەم کەسوکار و دۆستانیدا لەبارەیەوە دەیگوتن. سوهام ئەوەی لە توانایدا بوو بۆ بەختەوەرکردنی مێردەکەی کردی، خۆشحاڵ دەبوو بەوەی شەریف بەڕووی ئەو و خەڵکی تردا پێبکەنێ و کاتێ لە هەواڵ و ئازارەکانی دەپرسن بە زمانی عەرەبی بڵێ "الحمد لله".

تەنیا شتێک کە مێردە خۆشەویستەکەی لێی داوا کرد و وێڕای هەموو هەوڵەکانی نەیتوانی بۆی جێبەجێ بکات، ئەوە بوو داوای کرد زانایەکی موسڵمانی عەرەب بێنێ تا بە زمانی عەرەبی قورئانی پیرۆزی بۆ بخوێنێتەوە، چونکە قورئان سیحرێکی هەیە کە ئەو پێی ئاشنا بوو و ئاواتەخواز بوو ئەو سیحرە لە کاتی ئازارەکانی و لە دوا گەشتی ژیانیشیدا پێش ئەوەی بە پەروەردگار بکات، هاوڕازی بێ.

لە تەنیشت ماڵەکەیاندا گەورەترین مزگەوت هەبوو کە جمەی دەهات لە دەیان ردێنداری سامدار، کەسیان کاتی نەبوو بەدەم تکای ئەو خاتوونە و مێردەکەیەوە بچێ، هەر بۆیە ئەو ئافرەتە بە هەناسەساردی و دڵشکاوی گەڕایەوە و لە بری ئەو پیاوانە کۆمەڵێ کاسێتی قورئانی هێنابوو. جۆن هنری وۆتن ئاواتەکەی نەهاتە دی و لە ٨ کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠٠٥دا چاوەکانی بەیەکجاری لێک نا و لە ڕۆژی پێنجشەم ١٣ی یەنایەردا، تەنیا چەند سەعاتێک لە پێش نووسینی ئەم وتارە، بەخاک سپێردرا. لە نێوان مردن و ساتی ئەسپەردەکردنی مێردەکەیدا، ئەو ئافرەتە لاپەڕەیەکی تر لە بێ ئەمەکیی ئەو کۆمەڵە شێخە ئابڕووبەرەی[1] دی.

سوهام سوور بوو لەسەر ئەوەی تەرمی مێردەکەی لە مزگەوتەوە بچێتە دەرەوە تا لەنێو برا

موسڵمانەکانیدا نوێژی مردووی لەسەر بکرێ، بەڵام کەسی لە مزگەوتەکەدا نەدی گوێی لێ بگرێ. شتێکی سروشتی بوو کە شێخەکان رازی نەبن بە هاتنی کەسوکارە مەسیحییەکانی و ئافرەتە رووتوقوتەکانیان بۆ مزگەوت بۆ ئامادەبوون لەسەر تەرمەکەی، زیاد لەوەیش تەنیا شێخێکی نەبینییەوە کە لە نەخۆشخانە یان لەماڵ نوێژی لەسەر بکات.

سەری لێ شێوا کە چی بکات. دەستبەجێ فریادڕەس لە نێزیکترین کڵێسا لە مزگەوتەکەوە پەیدا بوو. کڵێساکە پێشنیازی کرد ئەو مێوانداری تەرمی مێردەکەی بکات و رێوڕەسمێکی خواحافیزی و ناشتن و تازیەی ئیسلامی بە تەواوی وردەکارییەکانییەوە بۆ رێک بخات.

ئەمە چارەسەرێکی کاتی بوو، بەڵام ئەو ژنە موسڵمانە هێشتا گەردێک لە دڵیدا مابوو کە لێی رزگار نەدەبوو مەگەر بە دۆزینەوەی زانایەکی موسڵمان نەبێ کە لەسەر جەنازەکە ئامادە بێ و نوێژی لەسەر بکات، بەوە دڵی ئاوی دەخواردەوە.

هاوسەرەکەم لە رێی یەکێک لە دەستەخوشکەکانییەوە بەو بابەتەی زانی و داوای لێ کردم من بەو کارە هەستم کە ئەو شێخە بێ سفەتانە خۆیانیان لێ لادا. منیش پێشوازیم لە داواکە کرد. بەیانی زوو من و خێزانەکەم لە کڵێسا ئامادە بووین و چاوەڕوانی بەرپرسی یەکەمی کڵێساکەمان دەکرد کە بە رێکخستنی رێوڕەسمی جەنازە و تازیە و ناشتن لە کڵێساکەدا هەڵدەستێ. سەرم سوڕما کاتێ بینیم ئەو کەسە خاتوونێکی بەرێز بوو، چونکە کڵێساکە سەر بە مەزهبی پرۆتستانتی بوو کە ماف بە ئافرەت دەدات پلە و پایەی کەهەنوتی وەربگرێ.

هاتە لامان و بەگەرمی خێراتنی کردین، کاتێ خۆمم پێ ناساند کە من ئەو شێخەم هاتووم نوێژ لەسەر جەنازەکە بکەم، زۆر بەگەرمتر پێشوازی لێ کردم و فرمێسک بە ڕوومەتیدا فواڕەی بەست، بەشێوەیەک شەرمم لە نەجیبزادەیی و لێبووردەیی کرد.

بە هەموو لەخۆبوردەییەکی ئەمەریکاییەوە لە کارکردندا، ئەو خاتوونە بەڕێزە بۆی باس کردم کە بەرنامەی جەنازەکەی چۆن داڕشتووە. بەرنامەکە بە دوو شێوە دانرابوو: یەکێکیان بۆ بارێک ئامادە کرابوو کە من لەوێ نەبم، لەو کاتەدا ئەو خۆی بە کارەکان هەڵدەستێ، بۆ ئەوەیش وتارێکی ئاینیی بە زمانی ئینگلیزی ئامادە کردبوو، ئەو ئایەتانەی قورئانی لەخۆ گرتبوو کە لەگەڵ ئەو بۆنەیەدا گونجاون. خۆیشی ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی ئەگەر من نەهاتم خۆی ئەو کارە بکات.

لە باری هاتنیشمدا ئەوە بەرنامەکە هەمان بەرنامەیە تەنیا ئەوە نەبێ ناوی منی تێ خراوە و مافی ڕەهایشم پێ دراوە دەستکاری بکەم.

لە هەموو بارەکاندا ئەو خاتوونە بەڕێزە چەندان کاسێتی قورئان خوێندنی هێنابوو، ئەمە جگە لە نزاکردن بە زمانی عەرەبی. دوای باسکردنی بابەتەکە بەوردی پێی گوتم ئەگەر دیمەنی خاچەکە لە هۆڵەکەدا ئازارت دەدات دەکرێ دەستبەجێ دای پۆشین تا هەستت بریندار نەکات! منیش ئەوەم ڕەت کردەوە و نەمتوانی فرمێسکەکانی چاوم بشارمەوە. ئایا نەجیبزادەیی و لێبووردەیی تا ئەم

رادەیەیە؟ ژنەکەم گوتی "ئەوە یەکەم جارە فرمێسکەکانت دەبینم". گوتم: "ئەوە ئاینی لێبوردەیی ئیسلامییە کە باوەڕم پێیەتی و لەنێو موسڵمانەکاندا نەمدیوە و لێرە لەم کڵێسا ئەمەریکاییەدا دەیبینم، لە کاتێکدا مزگەوتەکەی نێزیکیان بە شێخە سووکەکانییەوە لەسەر زەوی و لە پەنای ئەواندان و بەخێراتی ئەوان دەژین، کەچی لە هەموو نوێژێکدا نەفرەت لە ئەمەریکاییەکان دەکەن".

ئەو خاتوونە سوور بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵیدا بچمە سەر دوانگەکە و پێکەوە وشەکانی سەرەخۆشی و ئامۆژگاری پێشکێش بکەین. ئەو نەجیبزادەییەیە لەسەروو توانای مێشکی منەوە بوو کاتێ چیرۆکی چەوساندنەوە ئازاربەخشەکەی خۆمم و قورئانییە[٢] موسڵمانەکانی ترم لە میسر دەهاتەوە بیر و بەراوردم دەکرد بەوەی لێرەدا دەیبینم.

ئەو دەستی بە قسە کرد لە بارەی چیرۆکی ژیانی کۆچکردووەوە، باسی کرد کە چۆن چۆنی سوهامی خۆشەویستی ناسیوە و چۆن بۆ ئەوەی بتوانێ بیهێنێ موسڵمان بووە، چۆن لە ئیسلامدا ئەو بێگەردییە ڕوحییەی بینییەوە کە دەیویست، چۆن لەگەڵ سوهامدا وەک دوو هاوسەری بەختەوەر پێکەوە ژیان، چۆن سوهام نموونەی ژنێکی موسڵمانی پێشکێش کردووە، چۆن ئەو پیاوە باوکێکی نموونەیی و مێردێکی دڵسۆز و ڕۆڵەیەکی بەئەمەک بووە بۆ باوک و دایکی و چۆن ئیمانێکی گەورەی بەخوا هەبووە.

ئەو ژنە ناوی "الله"ی بە عەرەبی دەگوت تا کەشوهەوایەکی ئیسلامی بە ڕێورەسمی جەنازەکەی "شەریف"ی موسڵمان ببەخشێ.

ئەم لێبوردەییە ئەمەریکاییە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەستی من بەجێ هێشت بەشێوەیەک ترسم لێنیشت لەوەی نەتوانم خۆم بگرم کاتێ دەچمە سەر دوانگەکە، بەتایبەت کە بە زمانێک قسەیان بۆ دەکەم زمانی خۆم نییە.

بۆ ئەوەی لەو وروژانە دەروونییەی تێی کەوتبووم دەرچم خۆمم لە کۆمەڵێ پرسیاری تەنزئامێزدا نغرۆ کرد: ئاخۆ من ئێستە لە کڵێسایەکی ئەمەریکاییدام یان لە مزگەوتێکدا؟ تۆ بڵێی عەمری کوڕی عاس یان کاک عەمر و خالد ئەمەریکایان فەتح کردبێ و کڵێساکانیان کردبێتە مزگەوت؟

نوێژی مردووم لەسەر کرد و هاوسەرەکەم و سوهام و هەندێ لە دەستەخوشکە موسڵمانەکانیشی لە نوێژەکەدا لە پشتمەوە بوون، هەروەها برایەکی موسڵمانی هیندستانیش بەشداری نوێژەکەی کرد. دوو وتاری ئامۆژگاریم پێشکیش کرد یەکێک لەنێو کڵێساکەدا و یەکێکیش لەسەر گۆڕەکەی لە کاتی ئەسپەردەکردنیدا.

لە وتاری یەکەمدا پۆزشم هێنایەوە لە بری ئەوانەی ئامادەی ڕێورەسمەکە نەبوون و مەبەستیشم شێخە بێ ئەمەکەکانی مزگەوتە نێزیکەکە بوو، بە عەرەبی ئایەتی ژمارە (١٣)ی سوورەتی (الحجرات)م بۆ خوێندنەوە "يا أيها الناس انا خلقناكم من ذكر وانثى وجعلناكم شعوباً وقبائل لتعارفوا، ان أكرمكم عند الله أتقاكم، إن الله عليم خبيرٌ، بەئینگلیزیش واتاکەم بۆ شی کردنەوە، کە

خـوای گـەورە بـڕیاری داوە ئێـمـە وێـڕای جـیـاوازییـەکـانی نێـوانـمـان هـەمـوو برا و یەکـسـانین و دروستکراوی یەک خواین و خوا ئێمەی بە رەنگ و زمـانی جیاواز دروست کردووە تا یەکتر بناسین نەک یەکتر قڕ بکەین. یەکترناسینی ئیسـلامی لە نێوان گەلان و کولتوورەکاندا هـەست و زانینی مرۆڤایەتی فراوان و سـۆز و خۆشـەویستی لە نێوانیاندا پتـەوتر دەکات. گوتم هـەندێکمـان خۆی بە رەنگ یان سامـان یان هێز و پلە و پـایـەوە هـەڵدەبڕێ، بـەڵام پێوەری راسـتـەقینـەی بـەرزی و گـەورەیی لای خوا تـەنیـا تـەقوا و لەخـواترسـانە، بـەڕێزترین مـرۆڤ لای خـوا ئـەوەیانە زۆرترین تـەقـوای هـەیە. تـەقـوایش واتـە ئـیـمـانی راسـتـەقینە بـەخـوای تاک و تـەنیـا و بـەردەوامبـوون لەسـەر کرداری چاک و بەسوود بۆ کۆمەڵگە و خەڵک.

بۆ ئەوەیش کـەس پۆز لێ نەدات بەوەی بڵێ "تەقـوادارم" و بازرگـانی بەوەوە بکات، خـوای گـەورە لەم ئایەتەدا بڕیاری داوە کـە تـەنیـا خـۆی دەتوانێ دیـاری بکات کـێن ئەوانەی کـار و ئـیـمـانیـان نیـشـانەی ئەوەیـە تـەقـوادارن، ئەوەیش تـەنیـا لە رۆژی قـیـامـەتدا دەبێ. تا ئەو رۆژەیش دێ با لە سـایەی لێـبـووردەیی و خـۆشـەویسـتـیـدا پێکەوە بژین و ئـەو وانەیە بەرجـەسـتـە بکەین کـە لەم کلێسـایـەوە فێری بووین، کـە مـێـوانداری جـەنازەی مـوسـڵـمـانێکی کـردووە و رێزی لە هـاوسـەر و بنەماڵەکەی ناوە.

لە گوتاری دووەمـدا پێم گوتن: ئیسـلامـێکی لەبیرکراو هـەیە کە لەنێو دووتوێی قورئـاندا پارێزراوە و دەتوانیت لە رێی خـوێندنەوەی قـورئـانەوە بـە زمـانی عـەرەبی و لە رێی چەمک و زاراوەکـانی خۆیەوە، نەک لە رێی وەرگێڕانەکانییـەوە بیناسـرێ، وەک بەڵگەیش ئایەتەکـانی ١٠-١٣ی هـەمـان سـووڕەتم بۆ خـوێندنەوە[٣] کـە مـرۆڤ بۆ ڕەوشـتـە بـەرزەکـان دەدەن. لە دوا وتـەشـمـدا، لە کـاتی بەخاکسپاردنەکەدا، باسم لە هـەندێ لە راستییەکانی مردن کرد کە لە قورئاندا باس کراون.

جوانیی گوێڕادێرانەکەیان و پەسنیان بۆ قسـەکانم لەبارەی ئیسلامەوە، هاتنی زۆربـەیان بۆ لام و سوپاسکردنیان بۆ ئەوەی بەهۆی منەوە لـەبارەی ئیسلامەوە زانییان و پێزانینیان بەوەی قایل بووم بچمە کلێساکە، لە پێشیانەوە کەسوکاری کۆچکردوو، سەرسامی کردم.

دایکی بەهۆی مردنی کوڕەکەی و پێشتر مردنی کوڕێکی تری و مێردەکـەیـەوە زۆر گریا و داوای کرد نزایان بۆ بکەم.

دوای رێوڕەسـمـی ناشـتنەکـە، کـلـێـسـاکـە رێورەسـمـێکی تازیەی رێک خـسـت و داوای لە چێشـتـخـانەیەکی میـسـری کرد کە لەسـەر شـێوەی ئیسـلامی خواردن بۆ تازیەکە دروست بکات، بانگهێشـتکراوەکانیش دەسـتەخوشکەکانی سـوهام و هاوکارەکانی و ئەو مـوسـڵـمـانانە بوون کە خۆی ویستبووی ئامادە بن.

داوای لێبـووردنم کرد لەوەی ناتوانم ئامـادەی رێوڕەسـمەکە بم و گـەڕامـەوە مـاڵەوە و ئەم وتارەم نووسی.

دەڵێم: چەند مەزنە ئەم گەلی ئەمەریکا دڵپاک و لێبووردەیە!.

وێنەکان بە خەیاڵمدا ڕێچکەیان بەست و کەوتنە بەراوردکاری و ئاراستەکردنی پرسیاری ئازاربەخش:

١- بێنە بەرچاوت کە میسرییەکی مەسیحی لە میسر موسڵمان ببێ، ئاخۆ دەتوانێ بە درێژاییی ژیانی خۆشەویستیی خێزانەکەی لەدەست نەدات؟ ئایا ئەگەر بە موسڵمانی مرد و سەرکەشیی سەلەفیەتی وەهابی خۆی لێ بێبەری کرد و رازی نەبوو بەشداری ڕێورەسمی نوێژلەسەرکردن و ناشتنی بکات، کڵێسایەکی میسری ئاماده دەبێ لەنێو خۆیدا ڕێورەسمێکی جەنازە و تازیەی ئیسلامی بۆ ڕێک بخات؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا قەشە ئیبراهیم عەبدولسەیدی هاوڕێمم هاتەوە یاد، کە گەورەترین ریفۆرمخوازی کڵێسایی بوو لە مێژووی کڵێسای قیبتی لە سەردەمی نوێدا، کە تا ما لەژێر ڕەحمی خەشمی پاپا شنۆدە- پاپای قیبتییەکانی میسر-دا ژیا، کاتێکیش مرد پاپا شنۆدە ڕەتی کردەوە ڕێورەسمێکی جەنازەی مەسیحی لە هیچ کڵێسایەکی قیبتیدا بۆ ڕێک بخرێ.

لێرەدا باس لە دەمارگیریی مەسیحی لە میسر ناکەین، کە بێگومان ئەو دەمارگیرییە لە کۆمەڵگەی قیبتی لە میسر و لە ناراوگەیش هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە پەرچەکرداری چەوساندنەوەی سەلەفیەتە کە پێوەندیی لێوان میسرییەکانی ژەهراوی کردووە کاتێ چەوساندنەوەکەی گەیاندە رادەی حەڵاڵکردنی خوێن و ماڵ.

٢- بێنە بەرچاوت موسڵمانێکی میسری بووەتە مەسیحی، ئایا بە سەربەرزی و ڕێزداری تا مردن لەنێو وڵات و کەسوکارەکەیدا دەژیا و چاودێری دەکرا؟ یان سزای کوشتن بەتۆمەتی هەڵگەڕانەوە لە دین دوای دەکەوت و ژیانی لێ تاڵ دەکرد، ئەمە ئەگەر لە ژیاندا بمایە؟ یان لانی کەم تۆمەتی "سووککردنی ئاین"ی دەدرایە پاڵ.

ئەو کەسە لە هەموو بارەکاندا لای دەزگای ئاسایشی دەوڵەت دەبێتە میوان و بەجۆرێک مێواندارى دەکرێ کە ناو و نازناوی خۆی لەبیر بچێتەوە و تەنیا کات و شێوازەکانی شەلاقکاری بیر بمێنێ.

بەهەرحاڵ بیرمە کاتێ لە ساڵی ١٩٨٧دا بەتۆمەتە کۆمیدییەکەی "نکوڵیکردن لە سوننەت"دەستگیر کراین، لە کاتی گەڕەکانی لێکۆڵینەوەمان لەلایەن نوێنەرایەتیی ئاسایشی باڵای دەوڵەتەوە، تۆمەتبارێکی ترمان بینی کە بە تۆمەتی بوون بە مەسیحی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرا و ڕێکخراوە جیهانییەکان خۆیانیان بە بەرگری لێکردنییەوە سەرقاڵ کردبوو، کەچی ئیمەی قورئانییەکان کەسمان نەبوو لەنێو زیندان و دەرەوەی زیندانداا دڵمان بداتەوە، بگرە بەپێچەوانەوە میدیای فەرمی و حزبی شەرەف و ناموسمانیان دەهاڕی و درۆیان بۆ هەڵدەبەستین و فتواکانی شێخەکانیان لەبارەی تەکفیرکردنمان و حەڵاڵکردنی خوێنمان بڵاو دەکردەوە.

کاتێ ئێمەیەک، کە نە دزیمان کردبوو، نە کەسمان کوشتبوو و نە دەستمان بۆ کەس درێژ کردبوو، بە کەلەپچەکراوی لەنێو ئۆتۆمۆبێلەکانی ئاسایشی ناوەندیدا بووین، بە رێکەوت ئەو موسڵمانە بەفەلەبووەمان بینی، پێی گوتین "حاڵی ئێوە لە حاڵی من خراپتر و دۆختان لە دۆخی من مەترسیدارترە".

هەر بەڕاستیش، ئەو بەزوویی ئازاد کرا و ئێمەیش دوای ئەو بۆ ماوەی نێزیکەی ٦ هەفتە لەنێو زڕەی زنجیردا ماینەوە.

ئێستەیش قورئانییەکانی میسر لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەوە دەچەوسێنرێنەوە. من تاکە قورئانی بووم کە کۆچم کرد بۆ ئەمەریکا و لە لێبوردەییەکەی سوودمەند بووم، لەکاتێکدا هێشتا خێزان و کەسوکار و خوشک و برا هاوئایینەکانم لەژێر گەمارۆی سەلەفییەکاندان. کاتێ هاتمە ئەمەریکا رووم کردە نێزیکترین مزگەوت، بینیم سەلەفییەکی توندڕەوە، دواتر زانیم چۆن چۆنی سەلەفییەکان دەست بەسەر زۆربەی مزگەوتە ئیسلامییەکان و رەوەندە ئیسلامییەکاندا دەگرن.

هەروەک چۆن ناوی ئیسلامیان رفاند لە کاتێکدا ئەوان سەرسەختترین دوژمنی ئیسلامن، لێبوردەیی ئەمەریکایشیان لە بواری ئازادیی بیروباوەڕ و دەربڕیندا رفاند و ئەو ئازادییەیان بۆ شەڕکردن لە دژی ئەمەریکا لە مزگەوت و قوتابخانە بەناو ئیسلامییەکانیاندا بەکار هێنا و لەوەدا ناوی گەورەی ئیسلام و یاسای ئازادییە مەدەنییەکانی ئەمەریکایان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان قۆستووەتەوە.

ئایا بێمروەتی لەمە زیاتر هەیە؟

ئەمەریکا دەرگەکانی خۆیانیان بۆ دەکاتەوە و ئازادییەکێان پێ دەدا کە لە وڵاتەکانی خۆیاندا نایبینن، چێژ لە خێروبێر و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنە زانستییەکەی دەبینن، کەچی شەو و رۆژ نەفرەتی لێ دەکەن. خۆ ئەگەر یەکێکیان لێ بگرێ کە لە تاوانێکەوە گلابێ، سیستەمی دادی ئەمەریکایی بەهەموو هێزی لە پشتییەوە دەوەستێ، میدیاکان بەبێلایەنانە و بابەتییانە بەدواداچوون بۆ دۆسیەکەی دەکەن، گرووپەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە مەدەنییەکان بە وردی و دڵسۆزانە چاودێری هەر پێشێلکارییەک لە دژی دەکەن و راپۆرتەکانی لەبارەی پێشێلکارییەکانەوە، ئەڵبەت بەپێی کولتوور و پێوەرە ئەمەریکاییە نایابەکان لەبارەی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤەوە، بۆ هەموو دنیا بڵاو دەکەنەوە. ئێمە هێشتا ئەو پێوەرانەمان نەناسیوە و بەدرێژاییی مێژووی عەرەبیمان پێی نەگەیشتووین.

رۆژنامەکان ئەو راپۆرتانەی حاڵەتەکانی پێشێلکاری بڵاو دەکەنەوە، کە لەچاو ئەوەی دەسەڵاتدارە عەرەبییەکان لە دژی ئێمەدا دەیکەن وەک گەمەی منداڵان وایە، کەچی رۆژنامە بوودەڵەکانی لای خۆمان دەیقۆزنەوە و فووی پێدا دەکەن و دەیکەنە مادەیەک بۆ تانەدان لە ئەمەریکا بەگشتی و کۆی رەهەندەکانی وێنە ئەمەریکاییەکە لەبیر دەکەن، زیاد لەوە ئەو سەرکزی

و ستەم و ملهوڕی و گەندەڵی و دواکەوتن و دەمارگیری و توندڕەوییە لەبیر دەکەن کە خۆیان لە سایەیدا دەژین، بگرە زۆرجار بەرگریی لێ دەکەن، یان نکوولّی لە بوونی دەکەن.

ئەگەڕێمەوە سەرەتا بۆ سەر چیرۆکی جۆن هنری وۆتن، ئەویش بۆ باسکردنی ئەم راستییە قورئانییانە بەکورتی:

١- ئیسلام بە واتا دڵی و ئیعتیقادییەکەی بڕێتییە لە خۆسپاردن و ملکەچبوون تەنیا بۆ خوا. بەم واتایەیش ئیسلام لە هەموو پەیامە ئاسمانییەکاندا بۆ گشت پێغەمبەران و بە هەموو زمانە کۆنەکان دابەزیوە، تا دوا جار بە زمانی عەرەبی دابەزیوە و بە وشەی "ئیسلام" گوزارشتی لێ کراوە، کە واتای باوەڕبوون و تەسلیمبوون و گوێڕایەڵیکردن و ملکەچبوونە تەنیا بۆ خوا لەو شتانەدا کە تایبەتن بە مامەڵەکردن لەگەڵ خوای گەورەدا (سوورەتی الانعام ١٦١-١٦٣). ئەمەیە واتای ئیسلام و خوا لەسەر ئەو بنەمایە لە قیامەتدا بڕیار دەدا، چونکە خوا رۆژی قیامەت ئایینێکی تر قبوولّ ناکا جگە لە ملکەچبوون تەنیا بۆ ئەو، هەر ئەمەیشە واتای ئایەتی "ان الدين عند اللّه الاسلام، ومن يبتغ غير الاسلام دينا فلن يقبل منه وهو في الاخرة من الخاسرين"-ال عمران.

بەڵام بەداخەوە وشەی ئیسلام لە زمانی عەرەبیدا کراوەتە وەسف بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەت لە چەند سەردەمێکی دیاریکراودا.

خوا بەلایەوە گرینگ نییە مرۆڤەکان چ ناوێک لە خۆیان دەنێن، باوەڕدار، جوولەکە، مەسیحی، سابیئە، بۆیە قورئان جەخت لەوە دەکات ئەوانەی باوەڕیان بەخوا و بە رۆژی دوایی هێناوە و لەگەڵ خەڵکدا بەباشی دەجووڵێنەوە، ئەوانە دۆستانی خۆن جا ئاخۆ لەوانە بن کە شوێنکەوتەی قورئانن، یان مەسیحین، یان سابیئەن (البقره ٦٢، المائده ٦٩).

هیچ مرۆڤێک بۆی نییە لەم دنیایەدا بڕیار لەسەر باوەڕی کەسێکی تر بدات، هەر کەس وا بکات ئەوە لافی خوایەتی لێ دەدا، ئەمەیە واتای ئیسلامی ناوەکی و دڵی. ئەو کەسە بە دڵ ملکەچی خوا بووە، ئەوەش زمانێکی جیهانییە و هەموو مرۆڤەکان لەسەری کۆکن و لەسەر ئەو بناخەیەش هەموویان رۆژی قیامەت لە بەردەم خوادا حسێب و کتێبیان لەگەڵدا دەکرێ. هەر مرۆڤێک ئازادیی رەهای هەیە لەوەی لەم ئیسلامە ئیعتیقادییەدا بمێنێتەوە یان لێی دەربچێ، هەر کەسێکیش لەو هەڵبژاردنەیدا لە رۆژی قیامەتدا تەنیا لە بەردەم خوای گەورەدا بەرپرسیارە.

هەرچی ئیسلامە وەک مامەڵەکردنی رواڵەتی، ئەمەیان بڕێتییە لە ئاشتی (السلام)، ئاشتی لە نێوان مرۆڤەکاندا بەچاوپۆشین لە بیروباوەڕەکانیان، خوا دەفەرموێ "يا ايها الذين أمنوا ادخلوا في السلم كافة" البقره ٢٠٨، سڵاوکردنی ئیسلام سەلامە واتە ئاشتییە، سەلام یەکێکە لە ناوەکانی خوا. هەموو ئەوانە جەخت لە رووە ئاشتیخوازانەکەی ئیسلام دەکەن. ئەو مرۆڤەی ئیسلامی سلوکی بەرجەستە دەکات، واتە ئاشتیخواز و بێ وەیە و دەستدرێژی ناکاتە سەر کەس، موسڵمانە بەچاوپۆشین لە بیروباوەڕەکەی.

ئەوەیە پێوەری موسڵمان لە قورئاندا. لە ڕێی ڕەفتاریەوە دەیناسینەوە کە موسڵمانە و وەک موسڵمان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین ئیدی با لە بیروباوەڕ و پەرستنیدا مەسیحی بێ و بچێتە کڵێسا، جوولەکە بێ و بچێتە کنێسی جوولەکەکان، بووزی یان تەنانەت مولحیدیش بێ.

بۆ ئەوەی ببێتە برامان لە ئیسلامدا، ئیسلام بە واتا سلوکی و ڕواڵەتییەکەی، گرینگ ئەوەیە بێ وەی "مسالم" بێ، هەرچی بیروباوەڕی ئەو یان ئێمەیە ئەوەیان پێوەندی بە خواوە هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا، هەر ئەو بە دادپەوەریی خۆی بڕیارمان لەبارەوە دەدا.

تا ڕۆژی قیامەتیش دێ پێویستە لەم دنیایەدا بە ئاشتی بژین.

پەراوێزەکان:

(١) نووسەر زۆر دژی سەلەفییە وهابییەکانە و مەبەستیشی لەو شێخانەی باسیان دەکات و زۆرجار وشەی ڕەقیان بەرامبەر بەکار دێنێ، شێخەکانی ئەو تەوژمەیە.

(٢) نووسەری ئەم بابەتە یەکێک لە تیۆریستە سەرەکییەکانی تەوژمێکی ئیسلامییە پێیان دەوترێ "قورئانییەکان". لەبارەیانەوە جەمال بەننا دەڵێ "قورئانییەکان لە دەیەی حەوتەمی سەدەی ڕابردوودا لە میسر سەریان هەڵ دا، خاوەنی بیرۆکەکە ئەحمەد سوبحی مەنسوور بوو، کە بیرمەند و زانای ئەزهەرە و کەسێکی لێوەشاوەیە، باوەڕی وایە ئیتر قورئانمان بەسە و لە ئیجتیهادی خۆیدا گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەوەی پێی دەوترێ سوننە، سوننە بگرە حەدیسەکانە، هەرچی سوننەیە بڕێتییە لە کردەوەی پێغەمبەر، چونکە سوننە ئەو واتایە دەگەیەنێ و نابێ بە واتای فەرموودەکان بێ. هەروەها پێی وایە سوننەی کرداری، واتە شێوەی پێغەمبەر لە نوێژکردن و... هتد، ئەوانە هەموو ڕوون و زانراون و ناکۆکییان لەسەر نییە، بگرە ناکۆکی لەسەر ئەو فەرموودانە هەیە کە نەیارانی ئیسلام و خاوەن بەرژەوەندییەکان دایان ناون و بەسەر زانایاندا تێ پەڕیون، ئەگەرچی لەو ڕووەوە هەوڵێکی نەبەردانەیان داوە. هەندێ لەو حەدیسانەیش هۆی دواکەوتنی موسڵمانان.

کاتێ دوکتۆر بیر و بۆچوونەکانی ئاشکرا کرد تووشی تەنگ پێهەڵچنین بوو، چەندان لە لایەنگرانی تەوژمەکە بەتۆمەتی سووکایەتیکردن بە ئایین گیران.

(٣) "إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ يَسْخَرْ قَومٌ مِّن قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُوا خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلاَ نِسَاء مِّن نِّسَاء عَسَى أَن يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ وَلاَ تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلاَ تَنَابَزُوا بِالأَلْقَابِ بِئْسَ الاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الإِيمَانِ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلاَ تَجَسَّسُوا وَلاَ يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ. يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ".

ئەم بابەتە پوختەی بەشێکە لە کتێبی "حد الردة المزعوم"ی دانەر.

لەسەر شەرەفی فادیمە

کوشتن و شەرم

ئۆننی ڤیکان

هەولێری کتێبی

ئۆننی ڤیکان مامۆستای بەشی ئانترۆپۆلۆجی (زانستی مرۆڤناسی) کۆمەڵایەتییە لە زانکۆی ئوسلۆ. خاتوو ڤیکان هەروەها نووسەری چەندان کتێبە وەکو "لە پشتی پەچەوە لە عەرەبستان؛ مامەڵەکردن لەگەڵ دڵە تۆفانییەکان؛ سبەینێ، بەئومێدی خوا؛ و خەیانەتی دەست و دڵبەندانە" کە هەموویان لەلایەن چاپخانەی زانکۆی شیکاگۆوە پەخش کراونەتەوە. "لەسەر شەرەفی فادیمە" پێداچوونەوە و پەرەپێدان و بەشێکیش دووبارە نووسینەوەی کتێبەکەیەتی بەناوی For rens " skyId کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بە زمانی نەرویجی لەچاپ درا.

ناوی کتێبەکە بە ئینگلیزی:

In honor of Fadime: murder and Shame/Unni Wikan
The University of Chicago Press 2008; All rights reserved

پێشەکی

ئەوە چییە کە پیاوێک ڕادەکێشی بەرەو ئەوەی کە منداڵەکەی خۆی بکوژێ، لەسەر ناموس؟

ئەوە چییە وا دەکا لە دایکێک کە بە قازانجی پیاوێک شایەتی بدا کە منداڵەکەیانی کوشتووە لەسەر ناموس؟

ئێوە لەمە تێ دەگەن، ئەگەر ئەوەی کە من کۆششم بۆ کردووە توانییێتم بەئەنجامی بگەیەنم:

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەحمەد ئەسکەندەری

واتە شیکردنەوەی ناموس و کوشتن بەناوی ناموسەوە. هێزی هاندەری من کوژرانی فادیمە شاهیندال بوو لە شاری ئووپسالا لە سوێد لە ڕۆژی ٢١ی مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٢دا. چارەنووسی فادیمە هیچ هێمنایەتییەکی بۆ من نەهێشتەوە. ئەو کە بە ڕەچەڵەک کورد بوو، لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە هەتا مەرگەکەی لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا لە سوێد ژیابوو. ئەو کە نموونەیەکی بەرجەستەی نەبەزی و سەروەریی کەسییەتی بوو، زیاتر لە هەموو کەس کاری کردبوو بۆ ئەوەی هۆشداری بدات بەوەی کە سیاسەتی هاوگونجی سوێد بەرامبەر بە کەسانی وەکو دایک و باوکی ئەو شکستی هێناوە. ئەو هەوڵی دابوو وڵات تێ بگەیەنێ کە "ناموس" ئەوجۆرەی لە هەندێک کۆمەڵگەدا بەکردەوە ئەنجام دەدرا دەشێت ببێتە بابەتێکی کوشندە. ئەو هوشداری دابوو کە لەبەرئەوەی ئەوینی ژیانی خۆی واتە "پاتریک لیندێخیو"ی سوێدی ئێرانی هەڵبژاردووە لەوانەیە بکوژرێت. بەڵام ئەو لە کاتێکدا شکستی خوارد کە کەمترین چاوەڕوانی بۆی هەبوو نزیکەی چوار ساڵ پاش ئەوەی هەڕەشەی کوشتن لە دژی ئەو لاواز بووبوو.

مەرگی فادیمە تراجیدیایەکی سوێدی بوو، تراومایەکی (برینێکی دەروونی) سوێدی بوو. کاتێک خەریکی تەماشای شانۆنامەکەی بووم لە کلێیسای دێرینی شاری ئوپسالاوە، کە تەلەڤزیۆنی دەوڵەتیی سوێد ڕاستەوخۆ بڵاوی دەکردەوە، بۆم دەرکەوت کە هیچ بژارێکی ترم نییە؛ من دەبێ هەوڵ بدەم تێ بگەم؛ من دەبێ ئەوپەڕی کۆششی خۆم بکەم بۆم دەرکەوێت کێشەکە لەسەر چییە. بۆچی ئەو (ژنە) ڕزگاری نەبوو؟ ئەوە چ شەرەفێک بوو لە کوشتندا؟ ئەی لە داهاتوودا چی پێویستە بکرێ بۆ ئەوەی بەر بۆم چەشنە تراجیدیایانە بگیرێ؟

من لەم بوارەدا تازەکار نەبووم. من ساڵەها لە ڕۆهەڵاتی ناوین کارم کردبوو و لە مەیدانی توێژینەوەدا لەسەر ئەوەی بەنێوی "ناموس و شەرم" دەناسرێ، ئەرکم جێبەجێ کردبوو. بەڵام چارەنووسی فادیمە شاهیندالّ و چارەنووسی ئەوانەی کە پێش ئەو بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشتبوون وەکو سارا و پێلا، کە هەردووکیان دانیشتووی سوێد بوون لەگەڵ توانای لێ تێگەیشتنی من لە ململانێدا بوو. لە هەموو توێژینەوەکانمدا لە ڕۆهەڵاتی ناوین من هەرگیز بەرخوردم بە نموونەی ڕاستەقینەی کوشتنی ناموسی نەکردبوو. وەکو زۆربەی زانستکاران منیش پێم وابوو کە کوشتنی ناموسی هی کۆمەڵگەی پاشکەوتووی لادێکانە و بەرەو نەمان دەچێ. کاتێک کە لە حەوشەکەی خۆمدا، لە سکەندیناڤیا دەرکەوت، پەرێشان بووم.

بەردەوام بەسەرهاتی فادیمەم بیر دەکەوتەوە. من دەبوو تێ بگەم لەبەرچی ئەویان لەناوبرد و خەڵک مەبەستیان چی بوو کاتێک کەسانێک دەیانگوت "باوکی هیچ ڕێگەیەکی تری نەبوو؛ ئەمە دواین شتێک بوو پەنای بۆ بەرێت."

چۆن دەکرێ کوشتنی کچەکەی خۆت ببێتە "دواین پەنابۆبردن"؟ یان وەکو باوکی لە دادگە گوتی "دواین ڕێگەچارە". "کێشەکە ئێستا تەواو بووە."

هیـــوادارم ئێـــوه لەمـــه تێ بگەن کـــه چی لە پشت ئەم دەربڕینە بەڕواڵەت تۆقـــێنەر و بێ مانایەدایە. ئەوەش کە (ئەم دەربڕینانە) لەلایەن دەعـبـایەکەوە نـایەت. مرۆڤێک خـەریکە قـسـە دەکات: پیاوێک لە بێ ئومێدییەکی قووڵدا، کە هەست دەکات لەلایەن کۆمەڵگەوە و بەدەستی "ئەم کچـەوە، کە مردووە" خـەیانەتی لێ کراوە. ئەمـە کەسێکە کە فادیمە هاودەردییەکی راستـەقینەی هەبوو بۆی. ئەو ئێوارەیەی کە کوژرا، فادیمە سێ جار وتی "باوکە بێچارەکەم".

ئێمـە پیـاوێک دەبینین کە بە وەرگرتنەوەی ژیانێک نەبێ، توانای دەربازبوون لە شـەرمـەکەی، سـووکـایەتی پێکردن و بێ ئـابڕوویـیـەکەی نابینێ. پیـاوێک کە بەپێی ڕوانینـی ئەو، لە بەرچاوی هەمـوو دنیادا بووبووە مـایەی پێکەنین. "بیـرورای گشـتی جیـهـان" بۆ ئەم بەسـەرهاتەی خـوارەوە بڕیاردەرە.

لە رۆژگـاری ئـەمـڕۆدا، شـــەرم و ســـووکـــایەتی وێدەچێ بـۆ ژنان و پیـــاوانی ڕۆئـاوا بیـــر و بۆچوونێکی دوور لەوان بنوێنێ. ئەگەریش جارێک لە جـاران هـەست بەبێ ئـابڕوویی بکەین، ئێمە وامان پێ باشە کە خۆی لێ گێل بکەین. هێرش و سووکایەتیکردن بەڕادەی پێویست بۆ زۆربەی ئێمە ئـاشنایە، بەڵام بەئـاشکرا دڵنیـدانانی، واتە سـەلماندنی شکست. هـەموو شتێک لەسـەر ئەوە چڕ دەبێتـەوە کـە کـۆنتـرۆڵی ژیانت هـەبێ. یان لانی کـەم وا نیـشـان بـدەیت کـە کـۆنتـرۆڵت لەدەستدایە.

بەڵام لە زۆربەی ناوچەکانی دنیـادا دەتوانیت کۆمەڵگەی وا بدۆزیتـەوە کە تێیدا ڕووشـاندنی ویژدان، سـووکـایەتیـپـێکردن و شـەرم بیری ناوندی و ئەزمـوونی ڕاسـتـەقینەی هـاوبەشن. لە هەندێک شـوێن، شـەرم چەمکێکی زۆر لاوازە. بێ شـەرمـیی شـەیتـانە، ئەوپەڕی بێ ئـابڕوویـیـە، خـاڵی نـەگـەڕانەوەیە، مـەگـەر ئەوەی کە تۆ هـەنگـاو هـەڵبگـریـن بۆ تۆڵەکردنەوەی ناموسـەکەت. بکوژی فادیمە خزمەتی بەم مەبەستە کرد.

بەسـەرهاتی فـادیمە دەتوانێ یارمەتیـمان بدات هـەنگاوێک هـەڵبگرین لەسـەر ڕێگەی تێگەیشـتن لەوەی کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا مانای شـەرم و بێ ناموسی چییـە، بەبێ ئەوەی بیکەین بە دێوەزمە. فادیمە دەستی دایە کارێکی زۆر دژوار کاتێک کە هـەوڵی دا تێگەیشتن بخوڵقێنێ بۆ کـەسـانی وەکـو دایک و بـاوکی خـۆی. ئەم کـتـێـبـە هـەر بە هـەمـان گـیـان و بـۆ هـەمـان ئامـانج نووسراوە.

بەسـەرهاتی فـادیمە گێڕانەوەی منی پێوەیە. من دەمەوێ ڕووناکی بخەمە سـەر ژیان و مەرگی – و ڕێز لە یادی بگرم.

من هـەروەها مـەبـەسـتی دووردەسـتتریشـم هـەیە: یارمـەتیدان بە تێگەیشتنی ئێمـە لە ناموس و کوشـتنی ناموسی و لەوانە هـەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی هیچ بناخەیەک نییە بۆ گـرێدانی کـوشـتنـی نـامـووسی بـە ئـیـسـلامـەوە، ئەو چەشنەی کـە هـەندێک کـەس "پاش فـادیمە"

هەوڵیان بۆ دا. ئەوەی کە ئەو تەنیا چوار مانگ پاش یازدەی سیپتامبر کوژرا، زۆر کەم بووە هۆی ئەهوەنکردنەوەی ئەو بۆچوونەی کە پێوەندییەک لە نێوان ئیسلام و کوشتنی ناموسیدا هەبێ.

بەڵام کوشتنی ناموسی کردەوەیەکە بناخەکەی لەسەر ڕیزێک بیروڕا داڕێژراوە کە لەناو کۆمەڵێک باوەڕی ئاینیدا و هەروەها لەناو کەسانێک کە باوەڕی ئاینییان نییە ڕوو دەدا. کوشتنی ناموسی بەپێی ڕاپۆرتەکان لەناو مەسیحییەکان و موسڵمانان، هێندووەکان، سیکەکان، جوولەکەکان، بوودایییەکان و کونفێسیووسییەکان ڕوویان داوە، بەڵام تەنیا لە کۆمەڵگەی ناوچەیی تایبەتدا بووە. ئەوە زیاتر داوونەریت و ڕەوشتە، نەک ئاین کە هێزی بزوێنەرە هەرچەند ئاین دەشێ کەڵکی لێ وەربگیرێ و جاری وایە کەڵکیشی لێ وەردەگیرێ بۆ ڕەوایی پێدانی کوشتنی ناموسی.

کوشتنی ناموسی تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەدا کە بەقوولی ڕیشەی داکوتاوە، ڕێگەچارەیەکی ئاسان نییە. کەسانێکی زۆر تێ دەکۆشن پێشی پێ بگرن. چەندان بژارەڕێگ خراونەتە پێش بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی شەرمەزاری، بۆ دوورکەوتنەوە لە کردەوەی توندوتیژی و لەدەستچوونی ژیان. من چەند بژارەیەکی لەم چەشنە پێناسە دەکەم و هەروەها ئەو خەم و نائومێدییەی کە لەلایەن کەسانێکی زۆری نزیک لە قوربانییەکەوە هەست پێ دەکرێ، کاتێک کە با ئەو حاڵەش "چارەسەری کۆتایی" ڕوو دەدات.

ململانێ لەگەڵ کوشتنی ناموسی تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانە دەکرێ کە لەوێدا ئەمە بەشێکە لە نەریتێکی لەمێژینەی شەرەفدار. کەسانێکی زۆر، بە تاشکرا یان بەنهێنی، چالاکانە کار دەکەن بۆ ئەوەی ژیانی ئینسانەکان ڕزگار بکەن و بەهۆی مرۆڤایەتییەکان بپارێزن. ئەمە لە خودی کۆمەڵگەکەی فادیمەشدا وابوو. کوشتنەکەی بۆ دایکی و خوشکەکانی و زۆری تریش دڵتەزێن بوو بەڵێ بۆ دایکیشی، کە سەرەنجام لە دادگەدا پشتگیریکردنی لە باوکی فادیمە هەڵبژارد. من هیوادارم بتوانم ڕووناکایی بخەمە سەر چارەنووسی دایکەکە.

کوشتنی کچی خۆ یان کەسێکی نزیکی بنەماڵە لەبەر خاتری ناموس، بەپێی تۆماری مێژوویی نەریتێک نەبووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەشێک لە یاسای ناموسی ئەوروپاییەکان بووبێت. بەڵام ئێستا هەیە. کوشتنی ناموسی، کە مەبەست لەوە کوشتنی ئەندامێکی بنەماڵەیە لەبەر ناموسی گشتی، بووە بە بەشێک لە ڕاستییەکەی ئەوروپا. فادیمە بەشی زۆری ژیانی بۆ قسەکردن لە دژی ئەم چەشنە نەریتە و هۆشداریدان بە سوێدییە مێشک لیبراڵەکان تەرخان کردبوو؛ بۆ ئەو مەترسییەی کە ئەم چەشنە ڕێسایانە لەسەر مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دای دەنێن. پێگەی ئەمڕۆی ئەو لە سوێد و بەوڵاتریشەوە، شایەتی ئەوە دەدەن کە فادیمە لە پێشەوەی سەردەمی خۆیدا بوو. تووندوتیژی بەناوی ناموسەوە و کوشتنی ناموسی

لەوانەیە بۆ مانەوە هاتبێتە ئەورووپای نوێی فرە فەرهەنگەوە. بەڵام ئەگەر باشتر لەوە تێ بگەین کە ئەم هەموو باسە لەسەر "ناموس" چییە و چۆن دەکرێ واتایەکی نوێی بدرێتێ و زیاتر بۆ بەها مرۆڤایەتییەکان کەڵکی لێ وەربگیرێ، دەشێت ژیان ڕزگار بکرێت و ئازاری ناپێویست دوور بخرێتەوە.

فادیمە لە سوێد بووەتە هێمایەک، سیمبۆلێک بۆ کەسێکی ئازادیخواز کە هەموو شتێکی فیدا کرد تەنانەت ژیانیشی بۆ ئەو شتەی کە بەلایەوە زۆر ئازیزە. فادیمە لەوەش زیاتر بوو؛ ئەو مرۆڤێکی پێگەیشتوو بوو کە هەستی دەکرد ناچارە ڕێگەیەکی نامرۆڤانە بگرێتە بەر و بەهۆی ئەو ڕێبازەی کە هەڵی بژاردبوو، بچەمێتەوە. ئەوەش بەو مانایە بوو کە خۆی لە بنەماڵەکەی دابڕێت و ئەوەش نرخێک بوو دەبوو بیدات بۆ ژیانکردن لەگەڵ ئەو پیاوەی کە خۆشی دەویست. کاتێک کە ئەو پیاوە ساڵێک دواتر مرد، ئەو لەوپەڕی تەنیاییدا بوو. هاورێکانی بوونە بنەماڵە تازەکەی. بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی جێگەی دایک و خوشکە چکۆلەکەی بگرنەوە کە فادیمە هەروەکو دایکێک چاوی لێ دەکرد. فادیمە گەڕایەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوان بێت و گیانی لەپێناویدا دانا.

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە زۆر باوە کە گوایە فادیمە لەبەرئەوە کوژرا کە پاتریکی خوش دەویست لێکدانەوەی من ئەوەیە کە هەڵوێستی تر بڕیاردەر بوون لەسەر ئەم ڕووداوە. ئێمە ناتوانین لەو پرسیارانە ڕابکەین کە بەهۆی کاتی ڕووداوەکانەوە بەرز کراونەتەوە. هۆی چی بوو کە نزیکەی چوار ساڵ پاش مەرگی پاتریک لە کارەساتێکی ئوتۆمۆبێلدا (ساڵی ١٩٩٨) ڕێگە درا بە فادیمە کە لە ژیاندا بێ؟ ئەو ناسنامەیەکی نهێنی نەبوو: قەت خۆی نەشاردبووەوە و بە کراوەیی دەژیا. ئەو تەنیا یەک هەفتە پێش ئەوەی کە بڕیاربوو بەرەو ولاتی کێنیا بچێ و لەوێ پلانی دانابوو بۆ ماوەی شەش مانگ بمێنێتەوە، کوژرا. لەبەرچی لەو شوێنەدا کوژرا؟ بۆچی کوشتنەکەی ئەوەندە دواکەوت؟

وەڵامەکە تەنیا لای بکوژەکە و هەر کەسێکی تری شەریکی تاوان دەست دەکەوێ. بەڵام توێژینەوەی من کە لەسەر بژارکردنی پڕ زەحمەتی هەموو دەستنووسەکانی لێکۆڵینەوەی پۆلیس و تۆمارکراوەکانی بەڕێوەچوونی دوو دادگە، وتوویژی خۆم لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵە و هەروەها زانستی گشتی ئیتنۆگرافی خۆم لەسەر شەرم و ناموس هەمووی ئەوە نیشان دەدەن کە چەندان هەلومەرج ڕۆڵیان هەبووە. فادیمە ململانێی بنەماڵەکەی خۆی کردبوو، ئەمەش نەک هەر لەسەر هەڵبژاردنی ئەوین و خواستی سەربەخۆبوون. ئەو هەروەها ئەو ئۆلتیماتۆمەی نایە ژێر پێ کە لەسەر ژیانی پێ درا بوو؛ تاراوگە یان مەرگ. تاراوگە ڕێگاچارەیەکە لە هێندێک کۆمەڵگەدا و لەوانە کوردستانی تورکیا کە ولاتی بنەماڵەی فادیمە بوو، لەمێژە سەقامگیر بووە. ئەگەر ڕەفتاری تۆ ئابڕووی بنەماڵەی بردبێت، ناچارت دەکەن لەوەی بچیتە تاراوگە، ئەمەش

باقی ئەندامانی بنەماڵە "ڕزگار دەکات" لەوەی کە وەکو ئەرکێک، تۆ بکوژن.

فادیمە کە ئێستا ئیتر بووە بە سوێدی بە زەحمەت لە واتای تاراوگە دەگەیشت. جگە لەوەش، ئەوەی پێ قبووڵ نەدەکرا و زۆری پێ نەچوو گەڕایەوە بۆ سەر زەوینی دوژمن. ئەو لە شوێنی خوێندەکەیەوە واتە "تاراوگەکەی" شاری ئوێستەرشووند، سەفەری کرد بۆ شاری ئووپسالا بۆ ئەوەی بە نهێنی دایکی و دوو خوشکەکەی ببینێ. فادیمە بەم چەشنە وای ڕێک خست کە لە دوایین ساڵی ژیانیدا بەشداری بەشێک لە ژیانی بنەماڵەکەی بێ.

بەڵام ئەو یاری بە ئاگر دەکرد. دوورخراوەکان لەوانەیە بەزەییان پێدا هاتبێ، بەڵام ناتوانن داوای ماف بکەن. فادیمە هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە سیستەمەکە لە ناوەخۆوە لەبەریەک بتەرازێنێ. فادیمە هەموو یاسایەکی یاریەکەی تێک دەشکاند، تەنیا هەر ئەوانەش نا کە پێوندییان هەبوو بە ئابڕووی سێکسییەوە و یان هەڵبژاردنی هاوسەرەوە. ئەو هەروەها پاش ئەوەی کە بنەماڵەکەی خستە بەر بێڕێزی و ڕەخنە لە میدیاکاندا، سەرپێچیی کرد لە تاراوگەکەشی. فادیمە لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە بوو بە هێرشبەرێکی چەند لایەنە. بەدوور لەو (ڕاستییە) ناکرێ لە تراجیدیای فادیمە تێ بگەین. ئەمە بۆ کەمکردنەوەی شتەکە نییە، بگرە بۆ ئەوەیە ئاسانتر لێی تێ بگەین.

بەئاسان لێکدانەوەی چارەنووسی مرۆڤ وا دەکات کە کاریگەریی دراماتیکی زۆر بەهێز و خەسڵەتی قابیلی تێگەیشتنی زۆر ئاسانی لێ بکەوێتەوە. دراماکە لێرەدا سەبارەت بە بکەری تاوان و قوربانییەکەیەتی، جوانی و دەعبا. شێوەی ناساندنی بەسەرهاتی فادیمە لە میدیاکاندا پێکهاتەیەکی دراماتیکی بەسەردا سەپاند. ئەمەیە ئەو شێوەیەی کە ئێمە لە داهاتوودا ئەومان وەبیر دێتەوە و ئەمەیە ئەو چەشنەی کە ئێمە دەبێ ئەومان وەبیر بێتەوە؛ وەکو ژنێکی جوانی گەنج کە لە شەڕێکی قارەمانانەدا خەبات دەکات و ژیانی خۆی لە پێناویدا دادەنێ.

ئێمە سەبارەت بەو شتانەی کە ئەو کردی، کەمتر بیر ناکەینەوە، چونکە بۆمان دەردەکەوێ کە لە گەرمەی شەڕەکەدا، فادیمە ئازاری تووندی گەیاند بەو کەسانەی کە بۆیان بەدەربەستبوو. بەسەرهاتی فادیمە هەروەها چیرۆکی ئەو بنەماڵەیە کە خۆی بە گەمارۆدراو دەبینی و لە ڕاستیشدا بەهۆی کەڵکوەرگرتنی میدیا لە فادیمە و کەڵکوەرگرتنی ئەویش لەوان، کەوتبوونە گەمارۆوە. فادیمە خۆی خستە بەرچاوان بەو هیوایەی کە ئەو کارە ژیانی دەپارێزێ. ئەو هەروەها ئومێدەواربوو کە لە ڕێگەی قسەکردنەوە و بە دانی ڕواڵەتێکی مرۆڤانە بە کێشەکەی، دەتوانێ یارمەتی ئەو کەچانە بدا کە لە دۆخێکی وەکو ئەودا بوون. تۆێژینەوەی من ئەوە دەگەیەنێ کە ستراتیجییەکەی (فادیمە) بوو بەهۆی لاوازکردنی دەرفەتی زیندوو مانەوەی. لە زۆرێک لە کۆمەڵگە ئێتنیکییەکاندا گەورەترین ناشیرینکاری ئەوەیە کە ڕاوێژی ئەنجوومەنی ناوەخۆیی بنەماڵە ئاشکرا بکرێ. شەرم هەتا ئەو کاتەی کە نەبووە بە زانیاری گشتی،

ناموسی بنەماڵە زیانمەند ناکات. بێ ئابڕوویی نابێتە بابەتێک بۆ ئەوەی ململانێی لەگەڵ بکرێ هەتا ئەو کاتەی کە "هەموو کەس دەیزانێت" لە حاڵەتی فادیمەدا، بنەماڵەکەی هەستیان دەکرد کە بێ ئابڕوویەکەی ئەوان تەنانەت لە بەردەم پەرلەمانیشدا فووی پێدا کرابوو. فادیمە لە بینای پەرلەمانی کۆندا ڕۆژی ٢٠ی مانگی یازدەی ٢٠٠١ وتارێکی پێشکێش کرد. دوو مانگ دوای ئەوە لە ژیاندا نەمابوو.

هۆکارە ئاڵۆزەکانی ئەم کوشتنە، تاوانەکە ناکاتە قابیلی لێبووردن، بگرە تەنیا وا دەکات زیاتر قابیلی لێ تێگەیشتن بێت. ڕێگای سەردەرهێنان لەوەی بۆچی خەڵکانێک بەرەو ئەوە ڕادەکێشرێن کە لەسەر ناموس کۆتایی بە ژیانێک بێنن، دەبێ لەو ڕووانگە جیهانییە ڕەچاو بکات کە لەوێدا تایبەتبوون و ئارامی ژیانی بنەماڵە ئەلف و بێیە و ئاشکراکردنی ئەمەش بۆ ناو خەڵک توندترین چەشنی شەرمەزارییە. تراجیدیای فادیمە ناچارمان دەکات لەوە تێ بگەین کە کۆمەڵگەی فرە فەرهەنگی ئێستای ئێمە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە بۆچوونێکیان هەیە سەبارەت بەوەی "تایبەت" چییە، کە پێویست دەکات لە ئاشکراکردن خۆ بپارێزێ جا بەهەر قیمەتێک بێ. شەرم تا ئەو کاتەی بە شاراوەیی دەمێنێتەوە دەکرێ چاری بکەیت. دەکرێ بەرگەی سووکایەتی پێکردن بگریت، بەڵام تەنیا لە ژیانی ناوەخۆییدا. کێشەکانی بنەماڵە دەکرێ چارەسەر بکرێن، بەڵام تەنیا لەوڕووی دەرگەی داخراوەوە و لە ڕێگەی ناوبژیوانییەوە. لە حاڵەتی فادیمەدا ئەمە چارەساز نەبوو؛ کەس نەبوو هەنگاو بنێتە پێشەوە و بەرپرسیارەتی قبووڵ بکات. بەڵام دواتر چەندان لێکۆڵەرەوە و لێوانە ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردی ئاماژەیان بەوە دا کە دەکرا بەم چەشنە ڕەفتاریان بکردایە. سیستەمی یاسای سوێد لە ڕوویەکەوە زۆر تایبەتە: تۆماری چاوپێکەوتنەکانی پۆلیس بە ئاشکرا لە بەردەستدایە. من لە حاڵەتەکەی فادیمەدا دەسترەسیم هەبوو بەسەر دەربڕینی هەموو شایەتەکاندا، لەوانە ئەو تاکە کەسانەیش کە دواتر خۆیان کێشایەوە لەوەی کە لە دادگەدا شایەتی بدەن و یان ئەوانەی کە بانگهێشتی دادگە نەکران. لە ڕێگەی ئەم بەڵگانەوە کە دەقی نزیک بە سێیسەد لاپەڕە بوون من توانیم حاڵەتەکە لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە ببینم و بۆ من بوو بە سەرچاوەیەکی زۆر گرانبەهای تێگەیشتن.

جاری وا هەبووە کە بەهۆی ئەوەی بە زیادی هەستم بە هاودەردی کردووە بەرامبەر بە کەسانێک کە نەمدەویست هاودەردییان لەگەڵدا بکەم، تووشی ڕاڕایی دەبووم. من دەمەویست پڕاوپڕ و بەتەواوی لایەنی فادیمە بگرم و هەرگیز پێم وانەبوو کە ئەوەم بۆ موشکیل دەبێ. من هێشتایش لە قووڵاییی دڵەوە لایەنگری فادیمەم، بەڵام بە تێگەیشتنێکی زیاترەوە لە دۆخی هێندێک لە نزیکترین دۆستان و دوژمنانی ئەو. لەو بۆچوونەوە من هەنگاوێکی گەورەم هەڵگرتووە بەرەو تێگەیشتنم لە ناموس و لە کوشتن بەناوی ناموسەوە.

من سەرەتا هاتبوومە سەر ئەو قەناعەتە کە کوشتنی ناموسی کاتێک دەگاتە ئەو شوێنەی کە ژیانی منداڵەکەی خۆت بستێنی ناکرێ لێی تێ بگەیت مەگەر ئەوەی کە بۆ خۆت بەشێک بیت لەو کۆمەڵگەیەی کە ئەو داوونەریتە بەسەریدا زاڵە. ئەمە باوەڕی من بوو، سەرەڕای ئەوەی کە ئانترۆپۆلۆجیستێکم کە سی ساڵ ئەزموونی تێگەیشتن لە فەرهەنگی جۆراوجۆر و چەندان ساڵ کاری مەیدانیم لە ڕۆهەڵاتی ناوین و ئاسیادا هەیە. ئەو کاتیش و ئێستایش پێم وابوو کە سنووردێک لە تێگەیشتندا هەیە کاتێک دەتەوێ لە شتێک هەستیارانە تێ بگەیت نەک هەر تەنیا ڕووناکبیرانە. بەڵام لەمیانەی کارکردن لەسەر ئەم کتێبە، من ئێستا دەتوانم لە کوشتنی ناموسی تێ بگەم. هیوادارم تێگەیشتنی خۆم لەگەڵ ئێوەی خوێنەریش دابەش بکەم، بەڵام پێویستە کە وردە وردە لەم ڕەوتەدا بچینە پێش. بۆ ئەوەی ململانێی خۆم لەگەڵ ئەو کەرەستەیە و بەرەوپێشچوونی لەسەرەخۆی من بەرەو تێگەیشتن لەگەڵ یەکدا بێنەوە، من ئێوە هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ خۆم دەبەم. جاری وایە هەست دەکرێ کە خەریکین لە بازنەیەکدا دەخولێینەوە، جاری وایشە دژ بە خۆمان دەدوێین. بەڵام ڕێگەچارەیەک هەیە و کاتێک هەموو شتێک گوتراوە و کراوە، هیوام وایە کە تۆ لەگەڵ من بیت: بەڵێ بەدوای ئەم ڕێگەیەدا چوون قازانجی هەبوو.

من لە ناوەڕاستی مانگی دووی ساڵی ٢٠١٠دا دەستم کرد بەنووسین و یەکەم پێشنووسم لە نزیکەی چوار مانگدا تەواو کرد. لەو کاتەدا من لە دوو کۆبوونەوەی دادگەی باوکی فادیمەدا دانیشتبووم. یەکەمیان، لە دادگەی ناوچەیی ئوپسالا کە لە نێوان ١٢ تا ١٥ی مانگی سێدا بەڕێوە چوو، دووەمیش دوای پێداچوونەوە، لە دادگەی باڵای ستۆکهۆڵم لە نێوان ٢٢ هەتا ٢٥ی مانگی پێنج. ئەمە زۆر کاریگەر بوو، بەڵام کاریگەربوون کەڵکێکی ئەوتۆی نەبوو بۆ توێژەر: من تازە خەریکبووم لە دادگەی سەرەتایی تێ بگەم کە دانیشتنەکانی دادگەی پێداچوونەوە وایان کرد زۆربەی تێگەیشتنەکانم هەرەسی هێنا. ریزێک لە شیکردنەوەکانم بەئاشکرا دژ بە ڕیزێکی تر دەبوون. بکوژ پاشگەز بووەوە و ژنەکەشی هەروای کرد.

من بڕیارم دا ڕووداوەکان وەکو خۆیان تۆمار بکەم و ڕێگە بە خوێنەر بدەم بەردەوام بێ لەگەڵ هەرەسهێنان و وەرچەرخانی بۆچوونەکانی منداڵ. ئەمە بەشێکە لە بەسەرهاتەکە و سەبارەت بە ڕێگەچارەیە، واتە ئەو شێواز و کەرەستانەی ڕێگە دەدەن باشتر لە سیستەمە یاساییەکە تێ بگەین. ڕێسای ناموس لە بەرامبەر دەسەڵاتی یاسادا ڕادەوەستێ.

لەوانەیە کەسانێک بەلایانەوە ئەم لێکدانەوەی من زۆر زبر، یان زۆر ڕووت بێ. ئایا نەدەبوو من زیاتر شیکردنەوەم هەبووایە، یان زۆرتر خوێنەرم ڕێنوێنی بکردایە لەم ڕێگەیەدا؟ لەوانەیە وابێ. بەڵام مەترسییەکە ئەوەبوو کە گەیشتن بە ئامانج ئەوەندە ئاسان دەبوو کە ڕوانگەی پڕ بایەخ کە بە گەشەی هەنگاو بەهەنگاو دەست دەکەوێ، لە کیس دەچوو. ئەگەر خوێنەران بەرئەنجامی جیاواز لەوانەی منیان دەست بکەوێ، هیچمان لەدەست نەداوە. بەپێچەوانە،

گرینگ ئەوەیە کە بابەتەکان بۆ خۆیان بێنە گۆ، بەبێ ئەوەی کە دەنگی من بەردەوام ئاراستەیان بکات. ڕاستییەکان بەردەوام لە چوارچێوە و لە دووتوێی کتێبەکەدا لە بەردەستدان و ناکرێ خۆی لێ ببوێری.

لەوانەیە ناتەباییەکی تر ئەوە بێ کە من کەڵکئاوەژووم وەرگرتووە لە کەسانێک کە لە ئاستێکی بەرزی تاکەکەسیدا و زۆرجار زۆر هەستیارانە دەربڕینەکانیان لەلای پۆلیس باس کردووە. ئەوان لەوانەیە بیریان لە شتێکی وا نەکردبێتەوە یان تەنانەت ئاگەداریش نەبووبن کە ڕەنگە ئەو قسانەیان کە تۆمار کراوە بۆ هەمووان ئاشکرا دەبێ و هەر بەو هۆیەشەوە کەسانێکی وەکو منیش کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەم ناتەباییە زۆر گرینگە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من بڕیارم داوە کەڵک لە مافی خۆم وەربگرم بۆ دەستڕاگەیشتن و کارکردن لەسەر ئەم بەڵگەنامانە. بەشێک لە هۆکارەکانی من ئەوەیە کە ئەمانە تاقانەن؛ ئەم (بەڵگەنامانە) دیدێک دەدەن بۆ ناوەوەی کێشە بناخەییەکانی ناموس و کوشتنی ناموسی کە لە هیچ شوێنێکی تر لە وێژەدا لەسەر ئەم بابەتە دەست ناکەوێ. نموونەیەک بۆ ئەمە شایەتیدانی خوشکە چکۆلەکەی فادیمەیە. واتە لە مۆرک و لە ناوەڕۆکدا، بەپێچەوانەی هەر شتێکی کە من بینیوومە و باسی لێوە کراوە، هەڵگری پەیامێکە سەبارەت بە چارەنووسی منداڵێک کاتێک بریندار دەبێ بەهۆی ئەوەی کە کوشتنێکی ناموسی بنەماڵەکە لەبەریەک دەترازێنێ. منداڵێک کە نائۆمێدانە تێ دەکۆشێت تێ بگات باوکی بکوژە، دایکی لەنار تۆفانێکی هەستەهەڵچووندا دێت و دەچێ، براکەی لەوانەیە شەریکی بکوژەکە بێ (ئایا دەتوانێ وابێ؟) و هەروەها خوشکە گەورەکەی کە ئەو هەموو خۆشەویستە مەحکومە بەوەی ئەوەندەی ئازار بۆ باوکی دروست بکات کە لە ناچاریدا بەرەو کوشتنی کچەکەی ڕای بکێشێت.

ڤینا داس کە هاوکاری منە دەڵێ لە کوشتنی ناموسیدا ژنان نابێ لەوێ ئامادە بن. داس کە ئانترۆپۆلۆجیستێکی زۆر بەرجەستەی هێندوستانە، سەرسوڕمانی خۆی ڕادەگەیەنێ لەو ڕاستییەی کە فادیمە لە پێش چاوی دایکی و خوشکەکانیدا کوژراوە. بەپێی ئەزموونی داس لە هێندوستان و بەشێک لە پاکستان، شتی وا نەبیستراوە.

خوشکە سێزدە ساڵانەکەی فادیمەیش سەری سوڕماوە کە باوکی توانی لە پێش چاوی ئەودا ئەو کارە بکا، بەڵام دڵخۆشیی خۆی بەوە دەداتەوە کە باوکی نەیدەزانی کە ئەو لەوێ بووە. ئەو لەگەڵ ئەو باوەڕە لە مشتومڕدایە کە دەیتوانی پێش بەو کوشتنە بگرێ. وەکو زۆربەی منداڵان ئەو کێشەی گەورە ساڵان زۆر بە جیدی وەردەگرێ و هەست دەکات بەرپرسیارە. ئەو هەروەها لەژێر ئەو ترسەدا نوقم بووە کە بە تەنیا کەوتووەتەوە. کاتێک کە فادیمە دەکوژرێت و دایکی ڕادەکات بۆ ئەوەی داوای یارمەتی بکات، ئەم کچە پەشۆکاوە؛ تۆ بڵێی دایکم ئێستا نەچێت خۆی نەکوژێ؟

ئەم نەوجـەوانە هـەمـوو شـتـێک بە پۆلیس دەڵێ، زۆر ڕوون و بەوردی شـایەتیدانێک بـە زمـانی نەپاراوی سـێزدە سـاڵانێک. ئەو تووڕەیە لە کـەڵکوەرگرتنی دەزگاکانی ڕاگەیـاندن لە فـادیمە و کـەڵکوەرگـرتـنی فـادیمە لەوان و هـەروەهـا تووڕەیە لە پۆلیسـیـش. ئەو پێی وا نـیـیـە کـە پـۆلیس قسـەکانی بە هێند وەردەگرن: "من دەزانم وایە! من دەزانم وایە. ئەمـە شتێک نییە کە پێم وابێت! من دەزانم!" پێ لەسـەر ئەمە دادەگرێ و زۆر توند ناڕەزایەتی دەردەبڕێ بەرامبەر بەو شێوەی کە بنەمـاڵەکـەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنـدا نیشـان دراون. ئەو دەیەوێ بزانێ لەبـەرچی هیچ کـەس پێوەندیی بەوەوە نەکرد. بۆ کەس ڕێگەی پێ نەدا بێتە قسـە؟

فـادیمە بووەتە بیـر و باوەڕێک، هێمـایەک. بەڵام ئەو زۆر لەوە زیاترە، ڕێک لەبەر مـرۆڤانەبوون و مـێـهـرەبانـبـوونی. فـادیمە لەوە تێ گـەیشت کـە تا چ ڕادەیەک بووە هـۆی ئێش و ئازار بۆ بنەمـاڵەکەی ئەو چەشنەی کە سـاڵی ١٩٩٨ کەڵکی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەرگرت، هەرچەند ئەو کارەی تەنیا بەهۆی غەریزەی زیندوومانـەوە هـەڵبژارد. ئەو دواتر توانی جڵـەوی خۆی بگرێ. بەڵگە بەدەستەوەیە کە ئەو پەشیمان بوو لەوەی کە بەو چەشنە ڕێگەی گرتبووە بەر. ئەمە یەکێک لە لایەنەکانی "حاڵەتی فادیمە"یە. ئەمە قوربانی زۆری لێ کەوتەوە، تەنانـەت ئەو کەسانـەش کە ڕاستـەوخۆ یان ناڕاستـەوخۆ لـە ڕێگەی نیشـاندانیانـەوە لە دەزگاکانـی ڕاگەیاندن، خۆیان بە پچووککراوەیی دەبینی.

هـەر دەربڕینێک، بەناعـیـلاج ڕسـتـەکە لە دەقەکەی خـۆی دادەبڕێ و بەم چەشـنە ئەوەی ئێمـە سـەبارەت بە خـۆمان و ئـەوانی تریش دەیگێڕینـەوە، لە بارودۆخی خـۆمـانـەوە لە ژیاندا دەست پێ دەکـات. ئەو وشـانـەی فـادیمە لە دەزگـاکـانی ڕاگـەیـاندا دەری دەبڕی لە کـاتێکدا بوو کـە بنەمـاڵەکەی بەتـەواوی، لەوانە دایکیشی ئەویان بەجێ هێشـتبوو، باوکی و براکەی هـەڕەشـەی کـوشـتـنیـان لێ کـردبوو و لە دواییـدا وای لـێ هات زۆر بـۆی زەحـمـەت بوو بـەرگـە بـگرێ. پەشـیـمـانبـوونـەوەکەی زۆر درەنگ بوو. دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەو بوارەدا زۆر بێ بەزەیین؛ چی گوتراوە، تازە گوتراوە. دایکی فـادیمە دەبوو لەگەڵ ئەوەدا هـەڵبکات کە بەپێی زانیاری گشـتی ئەو بە منداڵەکانی خۆی گوتبوو کە هەموو کچانی سوێدی قەحبەن. خوشکە بچکۆلەکەی فادیمە وەکو کـچێکی هـەشت نۆ سـاڵان دیبووی کـە واتەواتی ئەو لەسـەر تەلەفۆن لە ڕۆژنامـەکاندا بڵاو بووبووەوە. نارەزاییی دەربڕینی ئەم کـچـە گـەنجـە شـیـاوی گـوێگرتنە. هـەر بۆیە لەم کـتـێبـەدا جێگەیەکی زۆری پێ دراوە.

فـادیمە لەلای ئێمـە ئەوەندە گـەورەیە کـە بەتەواوی کەڵک لە بەسـەرهاتەکـەی وەربگرین و بیـری لێ بکەینەوە واتـای چییـە بنـەمـاڵەکەی خۆت وەکو "دەعبا" نیشـان بدەیت، چۆن ئەم نیشـاندانە کـەسـانی بێ تاوان بریندار دەکات و چی بکرێ بۆ ئەوەی تیشک بخرێتە سـەر سـتـەملێکردن و تۆندوتیـژی بەرامـبـەر بە تاکـەکـەس بەبـێ ناوزڕاندنی هـەمـوو کۆمـەڵگەکـە. ئێمـە هاوکات کـە

خـەریکی ئـەم کـارەین، بە گـیـان و هـەناسـەی فـادیمە هـەڵسـوکـەوت دەکـەین. ئـەو لایـەنـگری تێکەڵکردن بوو و دژ بـە هـەڵاواردن بوو. ئـەو هـاوگـونجی دەویست نـەک لـە پـەراوێزخـسـتن. ئـەو ئاواتەخوازی بەرەنگاربوونەوە بوو بەرامبـەر بە دەسـەڵاتە دژە مـرۆڤـایـەتییـەکـان و سـەرەڕۆکـان بەبێ ئـەوەی ئـەو کـەسـانـە مـەحکووم بکات کـە خـۆیان بووبوونە قـوربانی تەنـانـەت کاتێکیش کە بەشێک لەوانە بەنۆرەی خۆیان بووبوونە هاوکاری تاوان.

سـەرەنجـام، ئـەو تاسـەباری یەککرتنەوە بوو لەگەڵ بنەمـاڵەکـەی تەنـانـەت باوکی و براکـەی کـە هـەڕەشـەیان کردبوو بیکوژن.

بەشـی یەکـەم – ژیانەکانی سـوێد

١– فادیمە، لە یادی ئەو

لە مـانگی دووی سـاڵی ٢٠٠٢ دا فـادیمە شـاهیندارْ پاش مـەراسـمێک لە کـڵـێسـای گـەورەی سـەردەمی کۆن لە شاری ئـوپسـالا نێژرا. بەشـداربووان لە ڕێوڕەسـمـەکەدا بریتی بوون لە ڤیکتۆریا شـازادەی سـوێد، سـەرۆکی پەرلەمان، وەزیرانـی داد و یەکسـانی، قـەشـەی گـەورە و ژمـارەیەکی زۆر کەسایەتی ناودار. بنەمـاڵەی خودی فادیمە، شـاهیندارْەکان کە نزیکەی دووسـەد و پەنجا کەس بوون لەناو ئـەو دووهـەزار کەسـەدا کە لە کڵێسـا گـەورەکە جێگەیان دەبووەوە. لانی کـەم دوو هـەزار کەسی تریش لەو ڕۆژە سـارد و باراناوییـەدا لـە دەرەوە ڕاوەسـتـابوون بۆ ئـەوەی دوایـین ڕێزی خـۆیان پێشکێش بە فادیمە بکەن. مەراسیمەکە ڕاستەوخۆ لە تەلەڤزیۆنی سوێدەوە بڵاو دەکرایەوە.

خاتوو تـووڵیکی کۆیڤـۆنێن بیلووند، قەشـەی کڵێسـا گـەورەکە بەڕێوەبـەری مەراسـیمـەکە بوو. ئـەو گوتی بنەمـاڵەی فـادیمە خـوازیاری ڕێوڕەسـمێکی شـایسـتـە بوون لە شـوێنێکی پیرۆزدا. فـادیمە ئەویندارِی شـاری ئـوپسـالا بوو و ئاواتـی خواسـتبوو لەو کڵێسـا گـەورەیە مـارە بکرێ و لەوێشـەوە ببرێت بۆ ناشـتن. ئـەمە بوو سـەرچاوەی ئـەم ڕێوڕەسـمە هـەرچـەند کە فادیمە ئەندامی کڵێسای سوێد نـەبوو.

با ئـەوەی کـە هـیچ زەماوەندێک نـەبوو، تـەنیا نـاشتنەکـەی. خـۆشـەویسـتـەکـەی فـادیمە واتە پاتریک لیندەشـیـۆ، ڕۆژی ٣ی مـانگی شـەشـی سـاڵی ١٩٩٨ لە پێکدادانی ئۆتۆمـۆبێلدا مـردبوو. چوار سـاڵ دواتر، فـادیمە بەرەوڕووی مـەرگ بووەوە، ئـەو لەسـەر ئـەویندارییـەکـەی بۆ پاتریک و مـافی هـەبوونی ژیانێک لەسـەر خـواستی خۆی وەسـتـا و لەلایـەن باوکییـەوە کوژرا. "فادیمـە قـەحبـە بوو"، باوکی بە پۆلیس دەڵێ. "کێشـەکە ئـیتر ئـیسـتا نـەماوە".

باشـە ئایا ئـەمە کوشـتنی نامووسی بوو؟ یان کوشـتنی بـەناو نامووسی؟ قـەشـە گوننار سـتۆلسێت پێی دەڵێ کـوشـتنی شـەرمـەهـێنـەر. ئـەو وێدەچێت بڵـێت کـە وەرن بـا چـەمکی نـامـووس لە لکـەی تۆندوتیژی و ترس جیـا بکەینـەوە. جیهان پێویستی بە شـەرەفی ڕاستـەقینە هـەیە. وەرن با ڕێز لەوە

بگرین و هەر بەو پێیەش بژین.

کابرایەک کە لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەم قەشەیەدا هاوڕا بوو، لە شوێنێکی قایم لە زیندانێکدایە لە دەرەوەی ئۆسلۆ بەنێوی لۆرێنسکووگ. ئەو ژنەکەی خۆی کوشت و لەسەر ئەو تاوانە خەریکی تێپەڕاندنی ٢٣ ساڵ زیندانەکەیەتی کە حوکمی لەسەر درابوو. ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەر لە منداڵییەوە خراوەتە مێشکی کوڕانی وەکو ئەو کە ئەگەر مێینەیەک بێ شەرەفی هێنا بەسەر بنەماڵەدا، دەبێ بکوژرێت، جا با کچی بێ، خوشکی، ئامۆزا یان ژنی بێت. ئەو دەڵێ "ئێمە پێویستمان بە چەمکێکی نوێیە لەسەر شەرەف".

چەمکێکی وەها لەسەر شەرەف کە بەهای گرینگی تاکەکەس بەفەرمی دەناسێت و بوونی هەیە. ئەمەش لە چەندان بناخەی فەرهەنگیدا هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوەی بواری کارتێکردنی رۆژئاواییدا دەبیندرێتەوە. بەشێک لە مەبەستی من لە نووسینی ئەم کتێبە ئەوەیە نیشانی بدەم کە شەرەف لەلایەن پیاوان و ژنانی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا کە لەوانەیە ئێمە هێندێک لەوانە بە "نەریتی" دەستەبەندی بکەین، لە "باشترین" واتای وشەکەدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ و لێی تێ دەگەن. لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکانی دەرەوەی ئەورووپادا کوشتنی فادیمە و بەسەرهاتی تۆقێنەری هاوشێوە کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەکرێنەوە، بۆ نموونە هەڕەشەی کوشتن لەو گەنجانەی کە ئامادە نین بەزۆر هاوسەرگیری بکەن ئەو ئەندازە دەبێتە هۆی دەربڕینی بێزاری و شەرمەزارکردن کە لە ڕۆژئاوا ئەو کارە دەکەن ئەمە بۆ موسڵمانەکان ڕاستە، هەروەها بۆ هیندووەکان، بوودایییەکان، مەسیحییەکان و ئەو خەڵکانەی کە لەسەر هیچ کام لە ئاینە جیهانییەکان نین.

سەرەڕای ئەوەش ناکرێ ئینکار بکرێ کە کوشتنی ناموسی بوونی هەیە. ئەمانە "بەناو"(کوشتنی ناموسی) نین. بگرە لە ڕاستیدا هەن. ئێمە لەوانەیە بە ڕوحی قەشە ستۆلسێتەوە ناویان لێ بنێین کوشتنی شەرمهێنەر. ئەمە نیشاندەری مەحکوومکردنی ئێمەیە بۆ ئەم چەشنە کردەوانە، واتە کردەوەی ئێجگار قێزەون سەرەڕای ئەوەی کە بە بیانووی سەرەتای ئەخلاقییەوە دەکرێ. بەڵام ئەوە تەنیا بە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاستییەکاندایە کە ئێمە دەتوانین هیواخواز بین بەرەنگاری ئەم تاوانە تۆقێنەرانە ببینەوە.

چەمکی شەرەف لە ئاستی جیهاندا واتای جیاوازی هەیە و لەنێو دەستە و تاقمی لێکنەچووی خەڵکیدا بەشێوەی جۆراوجۆر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. من بە ئەنقەست خۆ دەبوێرم لەوەی کە وشەی وەکو "فەرهەنگ" یان "کۆمەڵگە" بەکار بێنم، چونکە ئەم وشانە بە ئاسانی ئەو هەستە پێک دێنێ کە کەسانی لەسەر ئەم یان ئەو فەرهەنگ و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی دیاریکراو کاردانەوەیان دەبێ. ئەمە وا نییە. تەنانەت لەو شوێنانەیش کە کوشتنی ناموسی بەشیکە لە فەرهەنگی ناوچەکە، لەوانەیە بە دەگمەن وابێ کە کچ، خوشک و یان هاوسەرەکەت بکوژێت لەبەرئەوەی بنەماڵەکە لە شەرمێک کە ئەو بەسەریدا هێناویەتی خاوێن بکرێتەوە. میهرەبانی، بەزەیی و ئەوین

مرۆڤ لە کوشتن لادەدەن. خەڵک ڕێگە چارەسەری کەمتر دڵڕەقانە دەدۆزنەوە. بەڵام ئەو ڕاستییەی کە لە هێندێک کۆمەڵگەدا کوشتن لەبەر خاتری ناموس نەریتێکی لەمێژینەیە تەنانەت بەشێکە لە یاسا پێوانەی ئەو شتەیە کە فادیمە دەبوو بەربەرەکانێی لەگەڵدا بکات.

مەرگی فادیمە کوشتنێکی ناموسی نەبوو پێ بگوترێت "بەناو". ئەو بەدەستی بکوژێک کوژرا بکوژێک کە دووچاری چەمکی شەرەف و بێ شەرەفی بووبوو، کە چەندان جار هەڕەشەی کوشتنی لێکردبوو. پێشتر لە ساڵی ١٩٩٨دا باوکی فادیمە و براکەی لێیان دابوو و هەڕەشەی کوشتنیشیان لێ کردبوو. ئەویش پۆلیسی ئاگەدار کردبووەوە و هەردوو پیاوەکە حوکم درابوون. دووەمین هێرشبردنی براکەی پێنج مانگ زیندانی بۆ بڕییەوە. فادیمە بەردەوام لە مەترسی کوشتنیدا ژیابوو. ئەو هەروەها ئاگەدار بوو لەوەی کە خەریکی ململانێیە لەگەڵ چەندان هێزدا: نەک دڵپیسی و سەرخۆشی شێتانە، توندوتیژی بێدەربەستانە، بگرە باوەڕبوونێک کە ئەگەر لە ڕوانگەیەکی تایبەتییەوە سەیری بکرێ، لای وابوو مەعقوول و لەسەر هۆشە. لەو ڕوانگەیەوە دەشێت بە ئەستاندنی گیانی کچێک، خوشکێک، دایکێک و هاوسەرێک شەرم بشۆردرێتەوە.

جەماوەرێکی دانپێدانەر پێشهاتووە. بۆ ئەوەی کە شەرمێک "بشۆردرێتەوە" و شەرەفێک ساغ بکرێتەوە، کۆمەڵگەیەک لە خەڵکێک پێویستە کە بە چەپڵەلێدان قەرەبووت پێ دەدەن ئەمەش بۆ گەواهیدان بۆ کوشتنێک و ئەو یاسای ناموسەی کە بڕیارەکەی دەدا. باوکی فادیمە بەشێک لە وەها تاقمێک بوو. بەڵگەی زۆر بەدەستەوەیە کە دۆستان و خزمان دەچوونە ژێربالّی و پێیان دەگوت کە حەق بەوە و هەستی شکست و شەرمەکەی ئەویان بەهێز دەکرد. دواتر، چەندان کەس هێشتایش هەر پشتی ئەویان دەگرت، پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئەو هیچ بژارێکی تری نەبوو: دەبوو بیکوژێ.

کوشتنی ناموسی تاوانی لە ڕووی هەڵچوونەوە نییە، یان ئەوەی کە بەهۆی دڵپیسییەوە بێت. لە سەرەتای کوشتنی فادیمەدا، کەسانێک کە دەیانگوت کوشتن لەبەر خاتری ناموس هەر وەکو ئەو کوشتنە وایە کە لەسەر دڵپیسی دەکرێ. ئەمە بەرئەنجام وەرگرتنێکی هەڵەیە. ئەوە ڕاستە کە کوشتنی ناموسی لەوانەیە بە هۆی دڵپیسییەوە بێ، بەڵام تەنیا وەکو هۆکارێک کە نە گرینگترینە و نە زۆرترین پێوەندی پێوە هەیە. پێش زەمینەی کوشتنی ناموسی هەبوونی جەماوەرێکی دانپێدانەرە، تاقمێک لە خەڵک کە بکوژەکە بە شەرەف خەڵات دەکەن. ئەمەیە ئەو شتەی کە کوشتنی ناموسی جیاواز دەکات. کوشتنی ناموسی بە گۆشەنیگایەکەوە بەرەو جەماوەر ئەنجام دەدرێت کە بەگشتی لە پێشدا گەڵاڵەیان بۆ دارێژراوە و ئامادە کراون. تۆ دەتوانیت باری شەرمەکە لەسەر شانت فڕێ بدەیت، کە ئەمەش لە پێوەندی لەگەڵ جەماوەرێکدا دەگونجێ. ئەوە ڕاستە کە هەستی شەرمکردنەکەت لەوانەیە زۆر قوڵ بێ، بەبێ ئەوەی کە "ئەوانی تر" پێی بزانن. ئەوە ڕاستە کە تۆ لە نهێنیدا بەو بێ ڕێزی و سووکایەتی پێکردنانە بریندار دەبیت. بەڵام لە چوارچێوەی ئەو نەریتانەی کە ئێمە خەریکین باسیان لێوە دەکەین، تۆ تەنیا پاش ئەوەی کە

شەرمەکە لەلای هەموو کەس زانراوە، دەتوانیت "بیشۆریتەوە". شەرم، ئەو چەشنەی کە لێرەدا لێکی دەدەینەوە، دیاردەیەکی "جەماوەری"یە. شەرم گرێ دراوەتەوە بەو بێ ئابروویییەی کە بووەتە ڕاستییەک "بۆ کەسانی دەرەوە". ئەم چارەڕەشییە تووشی بنەماڵەی فادیمە بوو، کە بە قیمەتی ژیانی فادیمە تەواوبوو.

ئەو رووی کردە جەماوەر. ئەو کەوتە قسەکردن. ئەو ڕاوەستا لەسەر مافی خۆی بۆ ژیانێک بە خواستی خۆی و لەگەڵ خۆشەویستەکەی پاتریک، تانەت پاش مەرگی پاتریکیش. ئەو باسی ئازاردان و هەڕەشەی مەرگی کرد، باوکی و براکەی تاوانبار کران و سزا دران. ئەمە باوەشێنکردنی گڕی ئاگربوو لەژێر تووڕەییی کۆلاوی بنەماڵەدا. سزادانێکی فەرمی دوایین سووکایەتیکردن بوو _ بەڵگەیەک کە نیشانی دەدا پیاوەکان نەیانتوانیبوو کونترۆڵ بکەن.

فادیمە ئومێدەوار بوو کە ئاشکرابوونی کێشەکەی، لەسەر حاڵەتەکەی ئەو ئاشکراکردنێک کە ئەو هەر تەنیا لەبەر خاتری خۆی نەیدەکرد ئەو دەپارێزێت و لە مەرگ رزگاری دەکات. بەڵام کارتێکردنی لەسەر ئەو پیاوانەی کە ئەو پێویستی بە پارێزگاری بوو لە دەستیان، ڕێک بەپێچەوانەوە گەڕایەوە: شەرمەکەی ئەوان لە بازاڕ و لەمەیدان نیشان درابوو. لە چەقی شەرمەزاریدا بوون. لە وەها هەلومەرجێکدا، تۆ بۆ بەدەستهێنانەوەی "ناموووسە"کەت چی دەتوانی بکەیت؟ تۆ ئەوە دەکەیت کە فادیمە خۆفی لێ بوو: تۆ دەکوژیت. بۆ گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵ تۆ دەبێت نیشانی بدەیت کە کێ سەرەداوەکانی بەدەستەوەیە، کێ ئاغا و سەروەرە.

کەوا بوو قسە لەسەر دڵپیسی نییە. قسە لەسەر دەسەڵات و کونترۆڵە. هەربۆیەش کوشتن لەسەر ناموووس جیاوازە لە کوشتن لەسەر دڵپیسی. ئەمە لەسەر ئەوینی وەڵام نەدراوە یان پێوەندییەکانی ژن ومێردێک نییە. قسە لەسەر مافی کۆمەڵەکەیە بەسەر تاکەکەسەوە و هەروەها ئەرکی تاکەکەس بۆ ملکەچکردن. قسە لەسەر پێکهاتەکان و سیستەمەکان، دەستەبەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکە کە لەنێو ئەو باوەڕدا داڕێژراوە کە بۆ خزمەتکردن بە سیستەمەکە بوونیان هەیە.

باوکی فادیمەیش قوربانییە قوربانی "فەرهەنگێک" کە داوای لێ دەکات ئەو دەبێ دەسەڵاتی بەدەستەوە بێ، فەرمان بدا، کونترۆڵ بکات، تەمبێ بکات. ئەو نابێ هیچ ململانێیەک بۆ ناموووسەکەی کە تەنیا هی خۆی نییە، قبووڵ بکات. ئەو تەنیا هەڵگری بەشێکە، کەسێک کە بەشێک لە ناموووسی عەشیرەتەکە جێبەجێ دەکا هەروەکو چۆن هەموو کەسی تریش لەبەر خاتری عەشیرەتەکەیان دەبێ وابن. تاقمەکە بیناقاقای تاکەکەسەکەی گرتووە.

ئەمە بۆ دایکی فادیمەیش ڕاستە، کە پشتگیری لە هاوسەرەکەی و کوڕەکەی کرد لەو شکایەتەی دادگە کە فادیمە لە مانگی پێنجی ١٩٩٨دا کردبووی، بەمەیش بووە مایەی نائومێدی کچەکەی. دایکی فادیمەیش قوربانییە، تاکەکەسێکی تر کە لە بارەگای کۆمەڵگەدا قوربانی دەکرێ. فادیمە دوو مانگ پێش کوشتنەکەی لە پەرلەمانی قەدیمی سوێد لەسەر ئەم بابەتە بۆ جەماوەرێک دوابوو:

دایکی سەرزەنشت کرا کاتێک کە فادیمە پێوەندی لەگەڵ ئەودا پچراند، ئەمەش کارێک بوو پێویست بوو بیکات ئەگەر ویستبای بەپێی هەلومەرجی خۆی بژیێت.

شەرمی منداڵ دایکیشی دەگرێتەوە، چونکە ئەرکی سەر شان و بەرپرسیارەتی دایکەکەیە دڵنیابێ کە بایەخەکانی باوک و باپیران دەگوێزرێنەوە بۆ منداڵەکان. پاکیزەیی ئێجگار زۆر گرینگە بۆ کچان. هەرچەشنە پێوەندی سێکسی پێش یان لە دەرەوەی هاوسەرێتی ئەوپەڕی بێشەرمییە بۆ کچان. لێرەدا "سێکسی" واتایەکی بەربڵاوی هەیە. کۆمەڵایەتیبوون، کە لەلای زۆربەی ڕۆئاواییەکان وەکو شتێکی بێ گوناح چاوی لێ دەکرێ، لەم کۆمەڵگە بەنەریت تەندراوانەدا حیسابی سێکسیبوونی لەسەر دەکرێ. بینین لەگەڵ کوڕێکدا لەوانەیە بەس بێت. دەنگۆیەک کە تۆ بینراویت قسەت لەگەڵ کوڕێک کردووە لەوانەیە بەس بێ. دەنگۆ لە ڕاستی گرینگترە. ژنانێکی گەنج گیانیان لەپێناو گێڕانەوەیەکی کەم بایەخ لەسەر خەوشداربوونی پاکیزەییان داناوە. ئەوان تەنانەت دەرفەتی پارێزگاری لە خۆیشیان پێ نەدراوە. ١

بەڵام لە حاڵەتی فادیمەدا بەڵگە هەبوو. باوکی لە کۆڵان ئەوی لەگەڵ پاتریک بینیبوو. ڕۆژەکە ٣ی مانگی ٩ی ١٩٩٧ بوو. ئەمە حاڵی نەگەڕانەوە بوو. فادیمە دەبوو یان لە پاتریک و یان لە بنەماڵەکەی خۆی جودا بێتەوە. ئەو پاتریکی هەڵبژارد.

فادیمە هێشتا پاش مەرگی پاتریکیش لەسەر هەڵبژاردنەکەی خۆی مایەوە. پاتریک ڕۆژی ٣ی مانگی حەوتی ساڵی ١٩٩٨ هەمان ڕۆژ کە بڕیاریان دابوو بگوێزنەوە لای یەک و پێکەوە بژین، لە کارەساتێکی ئۆتۆمبێلدا لەسەر جادە، گیانی لەدەست دا. فادیمە هەر وەکو ئاواتی خواستبوو، لە گۆڕستانی قەدیمی ئوپسالا و لە پەنای پاتریک نێژرا ئەوە کە وای لێ هات، لەوانەیە بەشێکی لەبەر ڕووداوەکانی ١١ی ٩ی ٢٠٠١ بووبێت.

لەم ڕۆژە بڕیاردەرەدا فادیمە لە نیویۆرک بووبوو. ئەو بۆ ماوەی هەفتەیەک پشوو چووبوو بۆ ئەوێ بەڵام پاش هێرشەکە بۆ سەر باڵەخانە بەرزە دوانەکان دەستبەجێ گەڕایەوە بۆ سوێد. کتووپڕ، مەرگی چاوەڕواننەکراو و ئەوەی کە چۆن لەوانەیە هەموو کەسێک بەرکەوێت، بوو بە ئەزموونێکی ڕاستەقینە بۆ فادیمە کە ماوەیەکی درێژ لەژێر هەڕەشەی کوشتندا ژیابوو، هەروەها پاتریکی لە مەرگێکی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراودا لەدەستدابوو. ئەو دەیەویست ئامادە بێ. هەربۆیە ڕێک دوای ١١ی سیپتەمبر، پاش گەڕانەوەی بۆ سوید پێوەندی گرت لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانی و گوتبووی دەیەوێت دڵنیابێ کە ئەگەر کاتی ئەویش هات، لە پەنای پاتریکەوە بنێژرێت. کات زۆر گرینگ بوو، چونکە بەپێی نەریتی ئیسلامی مردووەکە دەبێ پێش هەڵهاتنی هەتاوی ڕۆژی دواتر یان هەرچی زووتر پاش ئەوە بنێژرێ. هاوڕێ باشەکانی فادیمە دەستبەجێ کەوتنە خۆ. مەراسمی ناشتنی فادیمە لە ئاستێکی گەورەدا بەڕێوە چوو. بوو بە ڕووداوێکی ئێجگار جوان و بە شکۆ. بەڵام بۆ فادیمە ئەوەی کە گرینگ بوو جێبەجێکردنی دواین ئاواتەکەی بوو؛ وای بنێژن لە پەنای پاتریکدا بحەسێتەوە.

ئایا ئێمە قەت لە کوشتنی ناموسی تێ دەگەین؟ چۆن دایکان دەتوانن لەگەڵ ئەم چەشنە کوشتنانەدا بن؟ کە زۆرجار وا دەبێ (هەڵبەت بۆ فادیمە وانەبوو). ساڵەهایە کە ئەم پرسیارانە یەک لە دوای یەک لە من دەکرێنەوە. منیش خەریکی مشتومڕم بۆ ئەوەی وەڵامیان بدەمەوە. ئایا کوشتنی ناموسی قابیلی تێگەیشتنە؟ بە چ واتایەک؟ من گەیشتوومەتە ئەم بەرئەنجامەی خوارەوە.

نەء، ئێمە ناتوانین لەمە وەکو "ئەزموونێکی ژیاو" تێ بگەین. بە بڕوای من بۆ ئەوەی لەمە تێبگەین دەبێ کەسەکە بەشێک بێت لەو داوونەریتەی کە ڕەوایەتی دەدا بەم چەشنە کردەوانە. 'تەنانەت پاش ئەوەش لەوانەیە دژوار بێ'. بۆ ئەو کەسانەی کە لە ئافرەتەکەوە نزیکن زۆر زەحمەتە تێ بگەن کە ئەندامێکی زۆر خۆشەویستی بنەماڵە دەبێ گیانی خۆی لەسەر دابنێ، تەنانەت کاتێکیش کە ئەمە بەشێکە لە دابوونەریت و بەم چەشنە "شتەکان دەبێ ئاوەها بن." بەڵام لەو بابەتانەیشدا کە قسەی مان و نەمانە، بەپێی هەلومەرج، بژارەی بەڕێککەوت هەیە. کوشتنی ناموسی هەرگیز ڕێگە چارەیەکی ئاسان نییە.

لەبەرئەوەی من کەسێکم کە لە دەرەوەم، باشترین کار بۆ من ئەوەیە تێ بکۆشم ڕوونی بکەمەوە کە لە کوشتنی ناموسیدا کێشەکە لەسەر چییە، ئەمە لە کاتێکدا کە من بە تەواوی دەزانم کە بە ناعیلاج دابڕانێک دەبێ لە نێوان ڕووکردنەوە و تێگەیشتندا. ئەمەش هەر دروستە. ئەوە دڵنیاییدانە کە لە حاڵەتی وەکو هی فادیمەدا یەک دڵی نیشاندان سنووردارە. ئێستەکانێ زۆر کەس دەیانەوێ بانگەشە بکەن کە "هیچ شتێکی ئیسانی بۆ من بێگانە نییە." بەڵام گرینگ نییە چی ڕوو دەدات، هیچ کەس ناتوانێ زیاتر لە پارچەیەک لە چەندایەتی و جۆراوجۆربوونی بێ کۆتاییی مرۆڤایەتی بەرکەوێ.

سەرەڕای ئەوەش ئێمە دەتوانین هەنگاوێکی گرینگ بەرەو تێگەیشتن هەڵبگرین بەوەی کە تێ بکۆشین لەو چەشنە قەیرانانە بگەین کە بەرەو کوشتنی ناموسی ڕێگە دەبڕن. کەسێک کە کوشتنی فادیمەی شەرمەزار دەکرد، بەڵام هاوهەستی دەردەبڕی بۆ باوکی وتی " باوکی ئەو هیچ ڕێگەیەکی تری نەبوو". "ئەوە تاقە ڕێگەی دەربازبوون بوو." ئەمەیە ئەو شتەی کە ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین بە تێگەیشتن بگەین: کە کوشتنی منداڵەکەی خۆت دەبێتە "تاقە ڕێگە" و لەوانەیە تەنانەت ببێتە "ڕێگەچارەیەک" بۆ کیشەکە.

لە ناوچەرگەی ئەم باسەدا هەستێکی شەرم و بچووکبوونەوە جێگەی خۆشدە کردووە، ئەوەی کە هێرش کراوتە سەرت و سووکایەتیت پێ کراوە، پێت پێکەنیون و ڕێک لە پێش چاوی جەماوەردا بەگاڵتەجاڕی سەیریان کردووییت.

دواتر دێینەوە سەر دادگەدانی باوکی فادیمە. لە نواندندا پێکدادانێکی پڕاوپڕی فەرهەنگی وەها ڕوو دەدا کە باوکی فادیمە هاوار دەکا: "بزانن فادیمە چی بەسەرمدا هێناوە _ من نازانم چۆن

بتوانم بۆتان بەیان بکەم!" ئەو دەستەودامێنی دادگە دەبێ و هەموو هەوڵی خۆی دەدا و دەتەقێتەوە کاتێک کە ڕوو لە دادوەر دەڵێ: "ئەم فادیمەیە، ئەو چەشنەی ئەو ڕەفتاری دەکرد . . . ئەگەر تۆیش کچێکی وەهات هەبووایە، تویش دەتەویست بیکوژیت!" دواتر پاش چرکەیەک: "نەء، نەء، هەڵبەت من نەخۆش بووم. هیچ باوکێک نایەوێ کچەکەی خۆی بکوژێ ئەگەر نەخۆش نەبێ!"

ئەمە بۆکسبازییەکی دڕندە نییە، بگرە تێکۆشانی سەرلێشێواوی پیاوێکی هەراسانە بۆ وەرگێڕان لە فەرهەنگێکییەوە بۆ فەرهەنگێکی تر. ئەو دەزانێ تا چ ڕادەیەک هاودەردی سوێدییەکان بۆ ئەو پێویستە. خەڵکی سوێد تێ دەگەن کە هیچ پیاوێک بە خواستی خۆی نایەوێ منداڵەکەی خۆی بکوژێ. ئەوان دەبێ بەدڵنیاییەوە لەوەش تێ بگەن کە ئەو ڕاکێشرا بەرەو تۆندڕەوی، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو نەخۆش بوو. ئەمە زۆر مرۆڤانەیە.

ئێمە هەموومان هەوڵ دەدەین لەگەڵ ئەوانی تر خۆمان ڕێک بخەین، چەشنێک لە زڕەزڕ بدۆزینەوە، ئەویش بە هۆنینەوەی ئەو هەوایەی کە بڕێتین لە ئەزموون و هەست کە بە باوەڕی ئێمە لەلای هەموان هاوبەشە. گرفتەکە لەوەدایە کە وشەکانمان دەمانبەستنەوە. ئەوان لەوانەیە ڕێگر بن و لە هەمان کاتدا یاریدەدەرێش بن لە پرۆژەکەماندا. باوکی فادیمە ئەو وشانەی بەکار دەبرد کە پاش هاویشتن دەگەڕانەوە بەرەو خۆی. ئەو لە جەماوەرەکەی خۆی خراپ تێ گەیشتبوو. هیچ کام لە "ئێمە" نەیدەتوانی قبووڵی بکات کە ئەگەر کچێکی وەکو فادیمەمان هەبووایە، ئێمەیش دەمانەویست بیکوژین.

بەڵام ئێمە وەڵامی ئەو کابرایە دەدەینەوە کە لە بەردەم ئێمەدایە و کاتێک هەراسانبوونە قووڵەکەی دەبینین. چونکە ئەو لەخۆی وا تێ دەگات کە پاڵیان پێوە ناوە و ناچاریان کردووە بکەوێتە پارێزگاری لە خۆی. بۆ ئەوەی بتوانین ڕوانینێک بەدەست بهێنین کە مەبەست لە کوشتنی ناموسی چییە، ئێمە پێویستە "لەوپەڕی وشەکانەوە" بڕوانینە دێوان دێڕەکان بخوێنینەوە و تێ بکۆشین خۆمان لەگەڵ دۆخێکی تەنگی زۆر ئینسانیدا دەرگیر بکەین۲ , ئەمە بۆ تێ گەیشتنی فەرهەنگیش بە گشتی هەر وایە: ئێمە پێویست ناکات چەق ببەستین لەسەر وشەکان بگرە بۆمان دەربکەوێ کە باش دەربڕین جاری وایە ئەو ڕاستییە دادەپۆشێت کە ئێمە ژیانی قابیلی بەراوردکردنمان هەیە. ئێمە لە لانکەوە هەتا گۆڕ خەبات دەکەین لەگەڵ کێشەی هەبوونیی لێکچووا و ئەمەمان بۆ دەردەکەوێ با وەکو دەریایەک لە جیاوازی و لێکنەچوون ناوەندی بیر و ڕاکانمان، شێوەی ژیانمان، کەسایەتییەکانمان و هەلومەرجی مادیمان لێک جودا دەکاتەوە. ئەمەش بەجۆرێک ئارامیمان پێ دەبەخشێ.

ئەمە دەشتوانێت هۆکار بێ کە بۆچی هێندێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە کوشتنی ناموسی هەر هەمانە، یان زۆر هاوشێوەیە لەگەڵ کوشتنێک کە دڵپیسی هاندەری بووبێت. ئێمە پێویستمان بە تێگەیشتن هەیە. دەستەبەندیکردنی کوشتنی ناموسی لەم ڕێگەوە لانی کەم یارمەتیمان دەدا کە "ئەوی تر" وەکو تەریک نەبینین. بگرە ئەو "یەکێکە لە ئێمە." کەسێک کە تۆ دەیناسیتەوە. بەڵێ،

ئێمەیش هەستی دڵپیسیمان هەبووە، تەنانەت لەوانەیە وەها دڵپیسی گڕی تێمان بەردابێت کە بیرمان لە کوشتن کردبێتەوە.

هەر ئەوەندە، بەڵام نەک لەوە بەولاترەوە. بەراوردکردنەکە لێرەدا کۆتایی پێ دێت. چونکە قسە لەسەر کوشتنە، یان خۆئامادەکردن بۆ کوشتنی منداڵەکەی خۆت لەبەر خاتری ناموس. تەنانەت کاتێک کە ژنان دەبنە قوربانی کوشتنی ناموسی، تاوانەکە زۆرجار لایەنی پێوەندیدار بە بنەماڵەی ژنەکەوە ئەنجامی دەدا. ژنەکە لەلایەن کەسانی خۆیەوە دەکوژرێ.

کوشتنەکەش بۆ قازانج دەکرێت. بەرهەمەکەی بەدەستهێنانی ناوبانگ و هەیبەتە، کە ئەویش پارە و بەرژەوەندی مادی تری لێ دەکەوێتەوە. نرخی بازاڕی بنەماڵە هەڵدەکشێ، وەکو لە پێشووتردا.

بنەماڵەکە بەبێ ناموس دەبێتە مایەی پێکەنین؛ هەموو کەس بە مەسخەرەوە چاویان لێ دەکەن. کچەکانیان لە بازاری هاوسەرکاریدا بێ بایەخ دەبن. کوڕەکانیان وەکو کەسی لاواز چاویان لێ دەکرێ _ ناپیاو. لەباری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بنەماڵەکە دەکەونە ئەوبەری پەرژینەکەوە.

"ئێستا ئێمە دەتوانین بە سەرێ بەرزەوە بچینە دەرەوە"، ئەمە قسەی ئەمەلی هەژدە ساڵانە پاش ئەوەی کە برا شازدە ساڵانەکەی خۆشکەکەیانی کوشتبوو. بنەماڵەکە فەڵەستینی بوون. دایکیان دەڵێ: "بنەماڵەی ئێمە وەکو یەکێک لە هەرەبەرزەکان چاوی لێ دەکرا، ناوبانگێکی زۆر بەرزمان هەبوو". ئێستر ئەوە بوو کە شەرەفمان نەما. تەنانەت براکەم و بنەماڵەکەیشی قسەیان لەگەڵ نەدەکردین. کەس هاتوچۆی نەدەکردین. ئەوان تەنیا دەیانگوت: ' ئێوە دەبێ کچەکە بکوژن'."٣

لە ناوەندی ئەم بەسەرهاتەدا باسمەیە، ژنێک کە گومانی ژینای لێ دەکرا. ئەو کە لەوە تۆقیبوو بیکوژن، لەگەڵ ئەو کەسەی کە گوایە خۆشەویستەکەیەتیی هەڵاتن. هاوسەرەکەی تەڵاقی دا و باسمە بەنهێنی لەگەڵ پیاوەکەی تردا پەیمانی هاوسەرێتی بەست. سووکایەتی بەرامبەر بە بنەماڵەکەی لە هەموو گوندە فەڵەستینییەکەیاندا لە ئوردن بڵاو بووەوە. دایکی باسمە کاتێک کە چوو بۆ دۆزینەوەی کچەکەی، تفەنگێکی لەگەڵ خۆی برد. لە ئەنجامدا تەقە کوشندەکە لەلایەن برا شازدە ساڵەکەی باسمەوە کرا، ئەو برایەی کە تەمەنی تەنیا دە ساڵ بوو کاتێک کە خۆشکەکەی هەڵات.

لەناو هێندێک لەو داوونەریتانەدا کە پشتگیری لە کوشتنی ناموسی دەکەن هەموویان وەک یەک نین ژن قەت لە بنەماڵەکەی خۆی سەربەست نابێ. تەنانەت دوای ئەوەی کە شووی کرد، دەتوانێت بنەماڵەکە بخاتە ناو قوواڵییی شەرمەوە. کات ساڕێژکار نییە. ئەگەر داخی نەکەن، شەرمەکە چڵک دەکات و هەتا دێت گەورەتر و کوشندەتر دەبێ.

لە حاڵەتی فادیمەدا چوار ساڵی خایاند. چوار ساڵ مەترسی کوشندە پێش ئەوەی سەرەنجام بیکوژن. ئەم ژنە گەنجە باریک و شیرینە وەکو "هێزێکی سامناک" کارتێکردنی لەسەر بنەماڵەکەی

هەبوو. لەبەرئەوەی کە ئەو پاتریکی هەڵبژاردبوو، کە قەتیش دەرفەتی پەیدا نەکرد لەگەڵی بژێیت، هەروەها چونکە پێی دادەگرت لەسەر ئەوەی کە ژیانی خۆی بە پێوانەی خۆی بەڕێوە ببات، دەبوو بمرێ. چوار ساڵ پاش مردنی پاتریک، فادیمەیش نرخەکەی دا. ئایا دەکرێت لەمە تێ بگەین؟

بنەماڵەی فادیمە بیست ساڵ لە سوێد ژیابوون. ئەوان کوردبوون و لە ئەلبستان نزیکی ماڵاتیاوە هاتبوون کە ناوەندی پارێزگایە لە باکوری ڕۆژئاوای تورکیا. نزیکەی سێیسەد کەسی عەشیرەتەکەیان لە سوێدن، بەڵام زۆربەیان لە وڵاتانی تری ئەورووپا نیشتەجێ بوون و یان هێشتا وان لە تورکیا٤ لە وڵاتەکەی خۆیان، کوشتنی نامووسی نائاسایی نییە ٥ خاڵی فادیمە یەکەم کەسی بنەماڵەی شاهیندالّ بوو کە کۆچی کرد بۆ سوێد و لە کۆتاییی شەستەکاندا گەیشتە ئەوێ. باوکی فادیمە بەدوایدا هات لە ١٩٨١دا. باقی بنەماڵەکە لە ١٩٨٤دا هاتن بۆ لای؛ فادیمە ئەو کات حەوت ساڵان بوو. لە تورکیا، شاهیندالّەکان بەدەسەڵات و دەسترۆیشتوون. دایک و باوکی فادیمە ئامۆزان، خوشکی باوکی شووی کردووە بە برای دایکی. دوو خوشکە گەورەکەی فادیمەیش بوونەتە هاوسەری کوڕانی دوو برای بنەماڵەکە. دوو خوشکی بچووکتری و براکەی بێ هاوسەرن.

لە سوێد باوکی فادیمە هەتا ١٩٩٨بۆ ماوەی شازدە ساڵ کاری کرد و خاوەن کارەکەی باشی لێ دەگێڕێتەوە. ئەو تۆزێک سوێدی فێر بووبوو و پیاوێکی کۆمەڵایەتی بوو. ئەو پێش مەحکووم بوون لەسەر هەڕەشەی کوشتن لە فادیمە لە ماڵگی پێنجی ١٩٩٨دا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ یاسادا نەبوو. ئەو دەیسەلێنێ کە فادیمەی کوشتووە. فادیمە بیست و پێنج ساڵی تەمەن ژیا.

تەنانەت خزمە نزیکەکانی فادیمەیش لە ملمالانێیان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە: باوکی چۆن توانی وا بکات؟ خەڵک پێویستیان بەوەیە کە تێ بگەن. نەکتەنیا "ئێمە" کەسانی لە دەرەوە، بگرە بەتایبەتیش ئەوانەی کە لە فادیمەوە نزیک بوون. چۆن باوکی فادیمە خۆی رازی کرد ئەو بکوژێ؟ وێدەچوو کە ئاشتبوونەوە زۆر نزیک بێ. بەگوێرەی قسەی فیدان، کچە گەورەکەیان بە ماوەیەکی کەم پێش ئەوە باوکیان نیشانەی دابوو کە دەیەوێت وا بکا.

فیدان دەڵێ: "بیستنی ئەوە حەسانەوەیەکی زۆر خۆش بوو. بابە وتی لەوانەیە کاتی لێبووردن گەیشتبێ. ئەو دەیسەلماند کە هەڵەی زۆری کردووە و بڕیاری هەڵەی داوە. من لە خەیاڵی خۆمدا دەمهێنایە پێش چاو ئەو کاتەی کە هەموو بنەماڵەکە دیسانەوە یەک دەگرنەوە." ٦

کچی دووەم، ئەڵماس، پشتگیری لەو قسەیە دەکات. "ئێمە هەر بنەماڵەیەکی ئاسایین. هیچ کاممان پێمان وانەبوو کە باوکمان دەتوانێت کارێکی لەو چەشنە بکات." ٧

کاتێک کە فادیمە مرد، دایکی لەوێ بوو و هەوڵی دا پێش بە کوشتنەکە بگرێ بەوەی کە خۆی خستە نێوان بکوژ و قوربانییەکەوە. دوو خوشکە بچووکەکەی فادیمەیش واتە نەبیلە و سونگیول لەوێ بوون. دواتر لەبەرئەو شۆکەی پییان گەیشتبوو تیمار کران.

دایک و خوشکەکان پێکەوە هاتبوون تا خواحافیزی بکەن لە فادیمە کە قەرار وابوو هەفتەی

دواتر بۆ خۆیندن بچێتە ولاتی کینیا. ئەوان بە نەخێنی یەکیان دیت، هەروەکو چۆن سێ یان چوار جاری تریش ئەو سالّە ئەو کارەیان کردبوو. ئەوە نەزانراوە کە چۆن باوکەکە بۆی دەرکەوت کە ئەوان لە مالّەکەی سونگیول بوون لە بەشی قەدیمی شاری ئوپسالا. جاری یەکەم کاتێک کە لە دەرگەی دا و بۆیان نەکردەوە ڕۆیشت. ژنەکان ترسابوون. کاتێک کە نەبیلە و فادیمە ئامادەی ڕۆیشتن بوون (دایکیان شەو لەوێ دەمایەوە)، نەبیلە لە چاویلکەی دەرگەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد. وا دیاربوو ڕێگە هێمنە. بەلّام باوکی گەڕابووەوە. باوکی هەلّی کوتایە بەر دەرگەکە و لە مەودایەکی زۆر نزیکەوە فادیمەی دایە بەر تەقە لە دەموچاو و لە پشتی سەریەوە. ئەو هاواری کرد، "هەی قەحبەی چەپەلّ!"

خوشکە گەورەکەی فادیمە دەلّێ باوکمان مێشکی نەخۆشبوو، باقی ئەندامانی بنەمالّەکەش ئەوە دەسەلێنن. تەنیا کەسێکی نەخۆش کارێکی لەو چەشنە دەکات. ئەو نەیدەتوانی بەرپرسیار بێ. ئەوەندە بێدەرەتان بووبوو کە توانای بیرکردنەوەی ڕاستەوڕاستی نەبوو. هێندێک لە ئەندامانی بنەمالّە ئەم لێکدانەوەیان لا پەسەندە، کە ماقوولّ و قابیلی تێگەیشتنە بە کورتی مرۆڤانەیە.

کەسانێکی تر لەگەلّ ئەوەدا نین. چەند کۆچبەرێک بە میدیای سوێدییان گوتبوو کە ئەو دەبوو بیکوژێ. ئەو هیچ بژارێک و هیچ هەلّبژاردنێکی تری نەبوو. مەرگی فادیمە تراجیدییە بەلّام ناکرێ شەرمەزاری بکەیت؛ لە ڕاستیدا بابەتێکبوو لەسەر مەرگ و ژیان. پشتی باوکی لە دیوارەوە بوو هەر ئەوەندەش نەبوو.

فادیمە سالّی ۱۹۹۸ وتی: "من ژیانی هەموو بنەمالّەکەمم وێران کردووە. ئیتر کەس هاوسەریەتی لەگەلّ کچەکان ناکات. هەموویان مۆرکی قەحبەیان پێوە دراوە."

لە مەراسیمی یادکردنەوەی فادیمەدا، ڕێزگرتنەکان تاجگوڵینەی حکوومەت و پەرلەمانیشی لەگەلّ بوو کە نیشاندەری ئەو گرینگییە بوو بەم ئینسانە بە لەش بچووک، بەلّام مەزنە دەدرا؛ بە ڕێورەسمێک شەرەفمەند کرا کە ئەوەندی دەکرا زۆر نزیک بوو لە ناشتنی کەسێکی حکوومەت.

لە وتاری یادکردنەوەکەیدا خاتوو قەشە کۆیڤۆنێن بیلوونـد وتی: "فادیمە شەهیدێکی سەردەمی ئێمە بوو. با سوپاسی پەروەردگار بکەین بۆ فادیمە، کە بە نەترسبوونی، هێز و توانای و ئەوینی بۆ ژیان، بوێری و وزەگەیێن بە کەسانێکی ئەوەندە زۆر." فادیمە دوای مەرگی پاتریک دلّی شکابوو، بەلّام کۆلّی نەدابوو؛ لە باتی ئەوە، خۆی کۆ کردەوە و ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ شەڕکردن لەسەر مافی تاکەکەس کە چۆن بتوانێ ژیانی خۆی بەڕێوە ببات. قەشە بۆی پرسیار بوو: "لەبەرچی مەرگ پەیمانەکانی خۆشەویستی هەلّدەوەشێنێتەوە؟ بۆچی مەرگ ئەوەی کە ژیان پێکەوەی دەنێ، لەبەریەکی هەلّدەدرێ؟" لە کۆتاییدا وتی کە ئێمە وەلّامی ئەم پرسیارانەمان لەلا نییە.

دایک و خوشکەکانی فادیمە پێش دەسپێکردنی مەراسیمەکە بەکوڵ دەگریان. گریان لەناو زۆرێک لە دۆستەکانی فادیمە و باقی جەماوەری ناو کلّێساکەدا پەرەی دەسەند، لەوانەش شازادە

ڤیکتۆریا. ڕۆژنامەی داگێنز نیهێتێر نووسی: "لە کاتی ناشتنی فادیمەدا عاسمانیش گریا." لە کاتێکدا کە خەریک بوون لە پەنای پاتریکە خۆشەویستەکەیدا دەیاننایە گۆڕ، باران بە خوڕ دەباری.

ئایا فادیمە موسڵمان بوو؟ ئەم پرسیارە زۆر جاران لە میدیادا مشتومڕی لەسەر کراوە. ئەنجوومەنی ئیسلامی نەرووێج ڕای گەیاند کە نەخێر ئەو موسڵمان نەبوو. زۆر کەس دەیسەلمێنن. بەڵام کەسانێک لە خزمەکانی فادیمە شتی جیاوازیان بە میدیا جۆراوجۆرەکان وتووە؛ بەڵێ ئێمە موسڵمانین. سونگیول، یەکێک لە خوشکەکان دەڵێ هەموو بنەماڵەکەمان و لەوانە باوکیشم موسڵمانین، بەڵام ئەوەندەی من ئاگەدارم لە ژیانی ڕۆژانەدا ئیسلام بەڕێوە ناچێت. ٨ ئەو هەواڵنێرەی کە لە تەلەڤزیۆنی سوێدەوە ڕاستەوخۆ ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی دەگواستەوە بەم شێوەیە لێکی دایەوە: "بنەماڵەکە موسڵمانن، بەڵام عیبادەت ناکەن." خوێندکارێک پێی گوتم: " باوەڕم پێ بکە شاهیندالەکان موسڵمان نین ئەوان بە قسە وا دەڵێن. لە ڕاستیدا ئەوان یەزیدین، ئەوەش بەتەواوەتی جیاوازە." ٩ خوێندکارێکی تر وتی "ئەگەر موسڵمان بووایەن، چۆن دەیانهێشت ناشتنەکەی فادیمە لە کڵێسایەکدا بێ نەک لە مزگەوت؟" کەسێکی سێیەم دەنگی بەرز کردەوە "ئەوان لە کڵێسا دوعایان بۆ پەروەردگاری ئێمە دەکرد. دەکرێت ئەو کەسە موسڵمان بێ؟"

مشتومڕەکان لەسەر باوەڕەکانی فادیمە، ئەگەر بووبێتی، هەمان دەردی ئاراستەکردنی گفتوگۆ جەماوەرییەکانی هەیە کە لە نەرووێج و لە سەرەتای مەرگی فادیمەدا پەیدا بوو. وەلامەکان لە سوێد جیاواز بوون. نەرووێجییەکان لەسەر کوشتنی ناموسی لە چوارچێوەی ئیسلامدا چەقیان بەستبوو. سوێدییەکان سەرنجیان بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشا کە بکوژەکە هەم لەم حاڵەتەدا و هەم لە دوو حاڵەتی پێشوویشدا کورد بوون. ئێمە دواتر بەڕوانینە لێکدانەوەی گونجاو بۆ ئەم هەڵوێستانە. لە هەمان کاتدا شایانی باسە کە کوشتنێکی ناموسی بەم دواییانە (١٩٩٤) لە سوێد ڕووی دا لەناو بنەماڵەیەکی مەسیحی فەڵەستیندا: کچێک کە ئامادە نەبوو بەزۆر بیدەن بە شوو، بە دەستی باوکی کوژرا.

لە ڕۆژی ناشتنەکەی فادیمەدا، کچێکی خەڵکی مەغریب پێی گوتم "ئەوە کوردەکانن کە ئێستا بارودۆخێکی دژواریان هەیە لە سوێد نەک موسڵمانەکان." زۆربەی کوردەکان موسڵمانن؛ سەرەڕای ئەوەش جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە سەرنجی ڕای گشتی بەرەو داوونەریت و ڕۆڵی ژنان لەناو هێندێک کۆمەڵگەی ئێتنیکیدا ڕادەکێشرێ. لە ڕاستیدا زۆرێک لە کوردەکان شەرمەزارکردنی خۆیان بەرامبەر بە کوشتنی فادیمە ڕاگەیاندبوو. کوشتن ڕیزپەڕە و هەروایش دەمێنێتەوە.

گەلۆ فادیمە خۆی دەبوو چۆن بیر لەم هەموو بۆچوونانە بکاتەوە؟ ئەم هەموو کێشە لەسەر ئەوەی کە ئەو چی بوو یان چی نەبوو. لەبەرچی ئینسانێک دەبێ بەو شێوەیە بخرێتە ناو قاوغێکەوە؟ کەس نەیدەزانی لە دڵی فادیمەدا چ باوەڕێک هەبوو. ئەگەر موسڵمان بووبێت، ئەوەی بۆ خۆی ڕاگرتبوو. بەگوێرەی ئیسلام، هەموو ئینسانێک لە بەرامبەر خوادا بەرپرسە. کەسانی تر بۆیان نییە دابنیشن

و داوەری لەسەر بکەن.

بنەماڵەکە ڕێزیان لە خواستی فادیمە گرت بۆ ئەوەی لە کڵێسای گەورە لە ئۆپسالا بنێژرێ. لەوانەیە بەو واتایە بێ یان نەبێ کە ئەوان هەستیان کردووە پاڵپەستۆیان لەسەرە بۆ ئەوەی قبووڵی بکەن و هیچ چارەیەکی تریان نەبووە ئەوە نەبێ کە بیسەلێنن کاتێک کە بینیان ڕێورەسمی ناشتنەکە لەژێر چاودێری حکوومەتدایە و ئەندامانی بنەماڵەی پاشا و دەوڵەت و کاربەدەستانی تر تێیدا بەشدار دەبن. بەڵام ئێمە بە دڵنیاییەوە هێندێک شت دەزانین.

فادیمە بەربەستەکانی یەک لە دوای یەک دەشکاند؛ ئەو دەیەویست پرد دروست بکات. ئەو لایەنگری بۆچوونێکی هەمەگیری جیهانی بوو بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بە پێداگرتن لەسەر بەها حاشاهەڵنەگرەکانی تاکەکەس. ئەو نوێنەرایەتی ئازادی و یەکسانی دەکرد بەبێ ڕەچاوکردنی جنس، ئاین و ڕەگەز. ئەو دژ بە تەسکبینی بوو و دەیەویست ئاشتبوونەوە هەبێت لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکاندا و لای ئەوانەی باوەڕیان وابوو کە تاقە پارێزەرانی ڕاستین، ڕاستییەک کە هەتا هەتایە هی ئەوان بێ. فادیمە باوەشی ئاوەڵا بوو بۆ هەموو شتێک و هەموو کەسێک. ئەمەش تایبەتمەندی ڕێورەسمەکە بوو کاتێک کە ئەویان ناشت: خەڵکانی ئاینی جۆراوجۆر و شێوە ژیانی جیاوازی لەژێر یەک میچدا کۆ کردەوە هەڵبژاردنی موسیقا و گۆرانییەکان لە گەلێک سەردەم و فەرهەنگ و هەوای زۆردا وەرگێرابوون کە ڕێگەی بە هەموو کەس دەدا هەست بکات لە ماڵی خۆیەتی. بەو چەشنە بوو کە فادیمە خوازیاری بوو.

مۆسیقای ناشتنەکەی هەم سێکولار و هەم ئایینی بوون: "فیرمێسکەکانی بەهەشت" بە دەنگی ئێریک کلاپتۆن؛ "پرد لە سەر ئاوی تۆفانی" بەدەنگی سیمۆن و گارفونکێل، بە زمانی سوێدی؛ سروودە ئاینییەکانی "خاک دڵگیرە"، "بۆ یادەوەری"؛ کۆرالێکی بێ وشە بە ئۆرگ لە لایەن نیلس لیندبەری؛ گێرانەوەیەک بە گۆرانی لە سۆنێتی ویلیام شێکسپیر "ئایا دەتوانم تۆ بەراورد بکەم بە ڕۆژێکی هاوین"؛ "فاتمە" گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی؛ سەرەنجام گۆرانی جێپەسەندی فادیمە "وان" بەدەنگی یوو توو. (بۆ مێژوو؛ هەڵبەستی فاتمەی مامۆستا عەلی مەردان، ئەو ڕۆژانە لە مێشکمدا دەهات و دەچوو. کە زانیم کێ بەرپرسی ڕێورەسمەکەیە، تەلەفۆنم بۆ کرد و پێشنیازم کرد بە مۆسیقا ئەو پارچەیە لێ بدرێت. پاش ڕاوێژ لەگەڵ بنەماڵەکەیان بەپەسەند زانرا و کاتێک هونەرمەند فەریبورز فەخاری بە کلارینێت ژەندی من لە پەنایەوە دانیشتبووم. وەرگێڕ)

قەشە کۆیڤۆنێن بیلووند مشووری دەخوارد وشەگەلێک پەیدا بکات بتوانن دڵنەوایی و ئارامی ببەخشن، وشەگەلێک کە پشتیوانی و لەگەڵدابوونیان پێشکێش دەکرد، نەک ڕەتکردنەوە _ لێبوردن و ئاشتبوونەوە. ئەو وەبیری خەڵکەکەی هێنایەوە کە چۆن لە ڕۆژانی دووری ڕابردوودا، چەکەکانیان لەبەرهەیوانەکەدا بەجێ دەهێشت پێش ئەوەی بچنە ژوورەوە بۆ پەناگای کڵێسا. ئەو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی با هەموومان بەو گیانەوە هەستە تاڵەکانمان لە پشتی سەرمان بەجێ بهێڵین و پێکەوە بەرەو پێشەوە بچین. خاتوو قەشە لە ڕاگەیاندنی ئیمانیدا بەشێوەیەکی نادیار

وشەکانی دەگۆڕی تاوەکو موسڵمانان هەست بەوە نەکەن کە زۆر لە دەرەوە دانراون. 'سێهەبوونی پیرۆز' وەکو "بە نێوی باوک، کوڕ و رۆحالقدوس" لە بەشی سەرەتاییدا دەرهاوێژرا، چونکە 'سێهەبوون' لە گەڵ فێربوونەکانی ئیسلامدا ناکۆکە. هەموو کەس نوێژ دەکات بۆ پەروەردگاری ئێمە؛ موسڵمانان، مەسیحییەکان و جووەکان هەموویان باوەڕیان بە یەک خوا هەیە و موسڵمانانیش بانگی دەکەن "پەروەدگاری ئێمە".

کاتێک کە تابووتی فادیمە خەریک بوو لە کڵێسای گەورە ببرێتە دەر، شەش ژن، بە سەری رووتەوە، هەموویان ڕەشپۆش، هاتنە پێشەوە. ئەوانە ئامۆزا و هاوڕێی بوون، جگە لە یەکیان هەموویان بە ڕەچەڵەک کورد بوون. بەپێی نەریتی ئیسلامی، دەبێ 'پیاوان' هەڵگری تابووتەکە بن و ئەمەش هەتا چەند خولەک پێش ناشتنەکە ئەو شتە بوو کە قەشە چاوەڕوانی دەکرد کاتێک ژنەکان خۆیان ناساند و داوایان کرد ببنە تابووتبەر. قەشەکە پێی گوتن لەگەڵ پیاوەکان قسەی لێ بکەن، کە ئەوانیش وایان کرد. دوا جار ئەو وتی "بەڵام ئایا زۆر قورس نابێت بۆتان؟" ژنەکان وەڵامیان دایەوە "خوا هێزمان پێ دەبەخشێ." بەم چەشنە ئەوان مێژوویان خوڵقاند.

ساتێکی لەبیرنەچووەوە بوو، ژنێک کە وێنەیەکی گەورەی فادیمەی هەڵگرتبوو پێش ڕێچکەی خەڵکەکە کەوت کاتێک کە تابووتەکە تێپێچراو لە گوڵەمێخەک، کە گوڵی دڵخوازی فادیمە بوو (پەنجا هەزار گوڵە مێخەکی لەم چەشنە کڵێسا گەورەکەیان ڕازاندبووەوە) بۆ ناو باران و تەم برایە دەرەوە. ئەو دیمەنە لە ژنانی ڕەشپۆش پڕ ڕەش، سەر ڕووت، هەموویان بەپێی شوێنی لەدایکبوونیان موسڵمان، کە فادیمەیان لە کڵێساکە دەبردە دەرەوە بەرەو ئەو شوێنەی کە داوای کردبوو بینێژن، نیشانەی جەنجاڵ و نارەزایی دەربڕین بوو. ئەمە تەنیا کردەوەیەکی هاوخەباتی دەربڕین لەگەڵ قوربانییەکە نەبوو بگرە پەیامێکی زۆر گرینگ بوو. "ئەو ئێستا هی ئێمەیە. ئێوە خەیانەتتان پێ کرد." ئەندامانی نێرینەی عەشیرەتی فادیمە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە لەگەڵ هەڕەشەی مەرگدا ژیابوو ڕەچاوی داواکانی ئەویان بۆ پشتیوانی نەکردبوو. براکەی هەوڵی کوشتنی دابوو، بەڵام شکستی خوارد. ئەوانی تر سەلماندبوویان کە فادیمە دەبوو بکوژرێت.

تابووتەکەی فادیمە کە بە ژنان گەمارۆ درابوو بە پشتگیری بێدەنگی ڕێچکە خەڵک و تابووتبەران بەرەو ئەو ئڕترمۆبیلە برا، کە دەیگواستەوە بۆ دوایین شوێنی حەسانەوەی لە 'گۆڕستانی قەدیم'.

"بۆ من ئەمە وڵاتێکی ئازادە!" ئەمە فادیمە بە نارەزایی وتی بەرامبەر بەوەی کە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە دوور خرایەوە، کە ئەویان لە شاری ئوپسالا دەرکردبوو و هەڕەشەیان لێ کردبوو کە ئەگەر بگەڕێتەوە دەیکوژن. "من مافی ئەوەم هەیە بگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی کە خۆشەویستەکەمی لێ نێژراوە."

فادیمە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

* بڵاوکراوەی زانکۆی شیکاگۆ؛ شیکاگۆ و لەندەن.

سیفەتەکانی خوا

خوا لە چی دەچێ؟

کۆمەڵێ نووسەر

"ئەم دەنکە خوێیە بخەرە ئاوەوە و سبەینێ بگەڕێوە لام"

دوێنێ شڤیتاکتۆ ئاوەی کوێی لێ بوو ئەنجامی دا. پاشان باوکی پێی گوت: "ئایا ئەو دەنکە خوێیەت لە بیرە کە دوێنێ ئێوارە خستتە نێو ئاوەکەوە؟ کارێکی چاک دەکەی ئەگەر ئەو ئەرکە بکێشی و بڕۆم بێنیتەوە؟"

Shvetaketu بەدووی دەنکە خوێیەکەدا گەڕا، بەڵام نەیدۆزییەوە. دەنکە خوێیەکە توابووەوە.

باوکی پێی گوت: "بە ئەرک نابێ کەمێک لەم ڕووی ئەو ئاوە بخۆرەوە. لە چی دەچێ؟"

"خوێ"

"لە ناوەڕاستی ئاوەکە قومێ بخۆرەوە. لە چی دەچێ؟"

"خوێ"

"لە کۆتاییی ئاوەکە قومێ بخۆرەوە. لە چی دەچێ؟"

"خوێ"

"واز لەوە بێنە و وەرە لام."

کوڕە فەرمانەکەی باوکی بەجێ هێنا. خوێیەکەش هەر ئەو خوێیە بوو.

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان

باوکی پێی گوت: "کوڕە ئازیزەکەم، ڕاستە لێرەدا تۆ ناتوانی دەرک بەبوونی ڕەها بکەیت، بەڵام بە ڕاستی ئەو لێرەیە."

"ئەو گەوهەرێکی ناسکە ـ ئەو ڕوحی هەموو دنیایە: ئەو حەقیقەتی ڕەهایە، ڕوحی ڕەهایە: ئەو تۆی، شڤیتاکتو!"

کتێبی چاندوایا ئوپانیشاد[1] Chandoya Upanishad

ئەم دەقە کە لە نووسینە پیرۆزەکانی هیندستانە، شڤیتاکتۆ و باوکی بابەتێک لێک دەدەنەوە کە مەسەلەیەکە ئاینیەروەران زۆر پێوەی سەرقاڵن ڕوانینی ئەوان لەسەر مەسەلەی ماهییەتی خوا [واتە چییەتی خوا]. ئەو وەڵامەی ئەوان پێی گەیشتوون، زۆر بە ئاسانی بڕێتییە لەوەی کە خوا لە حەقیقەتی بوونی هەموو شتێکدا ئامادەیە. خوێیەکە بە چاو نابینرێ و بەدەست ناگیرێ، بەڵام لە هەموو دڵۆپە ئاوێکدا ئامادەیە. لەسەر هەمان ئەو پێوانەیە، خوا، بوونی باڵا و براهمانی شتێک نییە بە هەستەکانی مرۆڤ دەرکی پێ بکرێ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو بوونە لە سەرتاسەری بووندا بە تەواوی بڵاو دەبێتەوە و لەو بوونانەش لە کەسی پرسیارکەریشدا بڵاو دەبێتەوە کە پرسیار لەبارەی ماهییەتی [چییەتی] خوا دەکات و دەڵێ: " ئەو تۆی، شڤیتاکیتۆ !".

لە دواییی ئەم کتێبەدا گفتوگۆ لەبارەی ئەو پرسیارە دەکەین کە پێوەندیی بەماهییەت و سیفەتی خواوە هەیە، بەڵام لە سەرەتادا لەبارەی پرسیارەکەی شڤیتاکتۆ و باوکی و هەموو ئەوانەی کە لەسەر ئاینی هیندۆیسن، دەست بە باس و لێکۆڵینەوە ناکەین. بگرە زیاتر گرینگیمان بە بۆچوونی خوا دەبێ لە ڕوانگەی ناسراو بە خواناسی یەکتاپەرستی کلاسیکی classical theism ئەمەش هەمان ئەو ڕوانینەیە لەگەڵ تۆزێ جیاوازی لەبارەی ڕوانگەی دەرکەوتنی خوا، لای زۆربەی هزرڤانانی ئاینە یەکتاپەرستییەکان theistic (واتە یەهودی و مەسیحی و ئیسلام).

بەڵام ئەو ڕوانینە لەبارەی خوا کە لە تێکستە باسکراوەکەی ئوپانیشاداکان بینیمان، بە زۆری بەتێرمی پانتەیزم pantheism (یەکبوونی، یان یەکەت بوون) ناو دەبرێ. [لەم بەشەدا] بەشێوەیەکی گشتی چاوپۆشی لەم دیدگایە ناکرێ، بگرە جارجار ئەم دیدگایە لە بەرامبەر خواناسی یەکتاپەرستی کلاسیکی و وەک لقێکی ئەڵتەرناتیف دەیخەینە ڕوو. هەروەها جار بەجار ئەو ڕوانینە تایبەتییە لەمەڕ خوا شی دەکەینەوە و دەیخەینە ڕوو کە لەم دواییەدا لە بازنە ئاینییەکانی مەسیحی و جوودا تەشەنەی سەندبوو، ئەو ڕوانینەش بە پرۆسەی تیۆلۆجی Process Theology[2] ناسراوە.

بەڵام لێرەدا لەوانەیە پرسیارێک بەرۆکی خۆینەر بگرێ. لە کاتێکدا نەمانسەلماندووە کە بوونەوەرێک بەنێوی خواوە هەیە، چۆن دەتوانین پرسیار لەبارەی ماهییەتی [چییەتی] خواوە بکەین؟ ئایا باشتر نییە بەر لە هەموو شتێک ئەوە بخەینە ڕوو کە خوایەک هەیە و پاشان باس لەبارەی سیفەت و ڕووە دیارەکانی ئەو خوایە بکەین؟

بێگومان ئەم پرسیارە خاڵێکی زۆر وردی تێدایە، بەڵام ئێوە تێبینی پرسیاری بەرامبەر بکەن: ئەگەر ئێمە هیچ بۆچوونێکمان لەبارەی ئەوە نەبێ خوا چییە، ئەو کاتە ئەو پرسیارە چ مانایەکی دەبێ ئەگەر بڵێین ئایا خوا بوونی هەیە یان نییە؟ لویس کارول Lewis Caroll شیعرێکی درەخشانی نووسیوە بە نێونیشانی "ڕاوە سنارک The Hunting of the Snark". بەڕاستی بێ مانایە ئەگەر بپرسین ئایا ئەم سنارکانە لە ڕاستیدا بوونیان هەیە یان نییە، لەبەرئەوەی کارۆڵ بە هیچ شێوەیەک پێمان نالێ ئەم سنارکانە چ جۆرە بوونەوەرێکن. ئەگەر ئێمەش هەر بەو شێوەیە لەبارەی ماهییەتی [چییەتی] خوا "لە تاریکیدا" بین، چ مانایەکمان لەو پرسیارە دەستگیر دەبێت کە لەبارەی بوون و نەبوونی خوایە؟

بە بڕوای زۆربەمان پێ دەچێ پرسیارکردن لەمەڕ بوونی خوا مانایەکی ڕوون و ماقوڵی هەبێ، ئێمە ئەو بۆچوونەمان هەیە کە خوا لە چی دەچێ و کاتێک کە دەشپرسین ئایا خوا هەیە یان نییە، بوونەوەرێتی هەمان بەشی ئەو بوونە دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە، سەرەڕای ئەوەش زۆربەی ئێمە لە تەقلیدی ئاینیدا باکگراوندێکمان هەیە و ئەو ڕوانینەشی پێشتر لەبارەی خوا هەمانە، ڕوانێنێکە تا ڕادەیەک لە ڕوانینی خواناسی یەکتاپەرستی کلاسیکییەوە نێزیکە (لەم بەشەدا لێکۆڵینەوەمان لەبارەی ئەم بابەتە دەبێ). وا باشە پێش ئەوەی هیچ بابەتێکی تر بخەینە نێو پرۆسەی لێکدانەوە، تا دەکرێ زەینی خۆمان لەبارەی خواوە ڕوون بکەینەوە.

بەرامبەر بەمەش، بۆ ئەوەی لەو بابەتانە بگەین کە لەم بەشەدا باس دەکرێن ڕاستترین ڕێگە ئەوەیە کە: لێرەدا ناڵێین لە واقیعدا بوونەوەرێک بە ناوی خواوە هەیە (لەگەڵ هەموو ئەو کاراکتەرە جیاوازانەی کە لەم بەشەدا هەڵدەستین بە لێکدانەوەی). ئێمە فەرزییەک لەبارەی ماهییەتی [چیەتی] بوونەوەرێک دەخەینە ڕوو کە لە دواییدا هەڵدەسێنین بە باس و لێکۆڵینەوە لەبارەی بونێتی ئەو دوو پرسیارە: یەکەمیان خواناسی یەکتاپەرستی کلاسیک چ ڕوانینێکی بۆ ماهییەتی [چییەتی] خوا هەیە؟ (ئەڵبەتە هەندێ جار لێکۆڵینەوەش دەکەین کە ماقوڵ بێ لەمەڕ ڕوانگەی لە ئاینی پانتیزم و پرۆسەی تیزم theism). دووەم: ئایا ئەم ڕوانگەیە لە ڕووی پێوەست و لۆجیکەوە گونجاون؟ ئەگەر لە کۆتاییی ئەم باسەدا بەو ئەنجامە گەیشتین کە فلان ڕوانگەی تایبەت لەبارەی خوا تووشی شێوەیەک لە ناکۆکیی دەروونی بووە کە چارەی نییە، لەو کاتەدا ئیتر پێویست ناکا بەردەوام بین: ئەگەر "خوا" یەک ماهییەتی [چییەتی] یەکەی تەنیا لە قالبی ناکۆکییەکاندا دەرخرێت، ئەو خوایە ناتوانێ بوونی هەبێ، هەروەها ئەگەری بوونی خوایەکی لەم جۆرە شتێکی بێ مانایە.

چۆن دەتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین کە کام لە سیفەتەکان دەبێ بدرێتە پاڵ خوا؟ ئەم پرسیارە تا ڕادەیەک پێوەندیی بە مێژوو و شێواز و نەریتەوە هەیە. ئەو سیفەتانەی لێرەدا تێبینی دەکرێن، بەشێکن لەو سیفەتانەی لەلایەن بیرکەرەوە یەکتاپەرستییەکان بۆ وەسفکردنی خوا بەکار هێنراون. بەڵام بەشێک لەم هزرڤانانە زیاتر لەمەش دەڕۆن و دەڵێن بۆچوونی یەکتاپەرستی

بەرامبەر بەخوا بۆچوونێکە یەکەتی و گونجاندنی دەروونی تێدایە، واتە زیاتر لە سنووری ئەو کۆمەڵە وەسفانە دەچێتە دەرێ کە تەقلیدێکی تایبەت تەنیا بە سودفە بە خوای بەخشیوە. سەرچاوەی سەرەکی ئەم یەکەتی و گونجاندنە لە کۆمەڵێ سیفەتدا شاراوەیە کە لە بەشەکانی دواییدا لێکیان دەدەینەوە.

خوای تێر و تەواو و شایستەی پەرستن

بۆ ئەوەی بەرفراوانییەک ببەخشین بە روانگەکانمان لەبارەی خواوە، دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە خوا، پێش هەموو شتێک، بوونێکە و دەبێتە بابەتی پەرستن. "شایستەیی خوا بۆ ئەوەی ببێتە شتێک کە بپەرسترێ" (یان بەپێی زاراوەیەکی تر کە زۆر بەربلاو نییە "پڕ پەرستی -worship fulness ") لە بواری ئایندا گرینگییەکی بنەڕەتی هەیە، و ئەگەر ڕوانگەی تایبەت بۆ خوا ئەم ڕووەی تێدا نەبێ، قبوڵ نابێ (سەرەڕای هەر چاکەیەکی تر ڕەنگە تێیدا بێ). ئەگەر هیچ وەسفێک بۆ خوا نەشێ، ئەوا ئەو وەسفە پڕ بەپێستی خۆیەتی کە خوا شایستەی پەرستنە.

ئەو خوایەی کە شایستەی پەرستنە، دەبێ چ جۆرە خوایەک بێ؟ بێگومان وەسفی تەواو و وردی ڕەفتار یان کرداری پەرستن کارێکی گرانە، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانرێ بوترێ کە پەرستن بە مانای ورد و پڕ بەپێستی وشەکە، وا وەردەگیرێ کە بڕێتییە لە خۆبەدەستەوەدان و سەرسپاردنی تەواوی total devotion کەسی خواپەرست بەپەرستگار. لە پەرستندا ئێمە یەکسەر خۆمان بە خوا دەسپێرین، بێ هیچ کۆت و مەرجێک و بەشێوەیەکی تەواو خۆمان دەخەینە خزمەتی خواوە. هەر جۆرە "سەودایەک bargaining " لەگەڵ خوادا (واتە بەوەی کەسێک لە ڕووی زیرەکییەوە بۆ خۆی ئەوە ڕەوا ببینێ کە سەرێپچی لە خۆسپاردن بەخوا بکا) لە کاری پڕ پەرستیدا کە پەرستن لە تاکی داوا دەکات، ناتەواوییەکی ڕژد دەهێنێتە ئاراوە.

بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبێ چ جۆرە وەسفێک لە خوادا هەبێ بۆ ئەوەی ئەم تەسلیمبوونە بێ قەید و شەرتە کارێکی تەواو بێ (واتە ئەم سیفەتانە خوا شایستەی ئەوە بکا کە بپەرسترێ)؟ ئاشکرایە یەکەم مەرج ئەوەیە کە دەبێ خوا لە هەموو بوونەوەرێکی تر لە پێشتر بێ. ئەگەر بوونەوەری تر هەبن هاوئاستی خوا بن و ئێمەش بۆ پەرستن و سوپاسکردن ڕوویان تێ بکەین، ئەو کاتە خۆبەدەستەوەدانی تەواو بە خوا چۆن دەکرێ کارێکی ماقوڵ یان تەنانەت مەقبووڵیش بێ؟ ڕەنگە خاوەن عەقڵەکان وەڵام بدەنەوە و بڵێن چەندێک خوا لەو ڕووەوە کە لە هەموو بوونەوەرێکی تر لە پێشترە، شایانی پەرستن و ڕێزگرتن بێ، ئەوا لەم کارە ناتوانرێ وەک پێویست ئەنجامێک وەدەست بێ لەبارەی پشتبەستن و ڕێزگرتن و پەرستنی بێ قەید و مەرج و خۆبەدەستەوەدانی ڕەها.

تاک داواکارییەکانی خوا جێبەجێ دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا شیمانەی ئەوەش هەیە بوونەوەرێکی تر دەرکەوێ کە زۆر لەو لە پێشتر بێ بۆ پەرستن، لەم حاڵەدا خوا ڕێز و ستایش و تا

ڕادەیەک گوێڕایەڵی هەڵدەگرێ، بەڵام مەرج نییە شایستەی پەرستن بێ.

کەواتە دەبێ خوا لە هەموو بوونەوەرەکانی تر لە پێشتر بێ. بەڵام ناتوانین لەم سنوورە زیاتر بڕۆینە پێشێ. وای دانێ بۆمان دەردەکەوێ کە خوا لە دنیای واقیعدا لە هەموو بوونەوەرەکانی تر لە پێشترە، بەڵام لەم شێوەیەدا زۆر شیمانەی ئەوە هەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بوونەوەرێک هەبێ لە خوا لە پێشتر بێ: ئایا گوتنێکی ئا لەم جۆرە و بەم شێوە حەتمییە نابێتە هۆی وەدیهێنانی ناتەواوی لە خۆبەدەستەوەدانی ڕەها کە ئەویش پێویستی بە پەرستنە. لە ڕاستیدا بۆچوونی ئێمە ئەوەیە کە خوا لە هەموو بوونەوەرەکانی تر لە پێشترە و، هیچ بوونەوەرێکی تر بوونی نییە کە بتوانێ پایەگەی خوا لەلای ئێمە داگیر بکا. بەڵام بوونەوەرە کاملەکان دەتوانن جۆراوجۆر بن، باشە چۆن دەبێ ئەگەر بوونەوەری تر هەبێ بتوانێ لەگەڵ ئەو خوایەی ئێمە کە دەیپەرستین پێشبڕکێ بکا، یان تەنانەت لەو خوایەی ئێمە دەیپەرستین باشتر بێ. ئایا شیمانەی ئەوە نییە لە کاتی پەرستکاریماندا تووشی ئەم جۆرە دوودڵی و پەشیمانییە بین بەوەی بوونەوەرانی تر هەبن لە پێشتربن بۆ پەرستن ؟[٣]

لەگەڵ تێبینیکردنی ئەم جۆرە خاڵانە، دەکرێ پێناسەکردنی ئانسلم (١٠٣٣-١١٠٩) [بیرکەرەوەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست] لەبارەی خواوە جێگەی سەرنجمان بێ. لەگەڵ خوادا دەدوا و دەیگوت: "بڕوامان وایە تۆ بوونەوەرێکی لەو بوونەوەرە باڵاتر تەسەور ناکرێ".[٤] لە ڕاستیدا ئەو دەیگوت خوا ئەوەندە گەورەیە ناتوانرێ تەسەوری هیچ بوونەوەرێکی تر بکرێت لە هیچ ڕوبەکەوە لەو گەورەتر بێ. یان بەشێوەیەکی تر، خوا خاوەن کەمالێکی ڕەهایە. لە دنیا واقیعدا هیچ بوونەوەرێکی تر نییە هاوسەنگ و یان باڵاتر بێ لە خوا و لە بناخەشەوە ئەم جۆرە بوونە ناتوانێ بوونی هەبێ، لەبەرئەوە خوا لە خودی خۆیدا هەتا بکرێت خاوەن هەموو کاملی و چاکەیەکە.

زۆر لە بڕواخوازان بە ڕوانینیان بۆ ئەم بۆچوونە لەبارەی خوا (بەوەی خوا بوونێکی ڕەهای هەیە)، بە قوولی و بە ڕازیبوونەوە دانیان بەو بڕوایە هێنا. هەروەک بینیمان، چەمکی پەرستن، پێویست بەڕاستزانینی ئەو بۆچوونە دەکات[٥] و هەروەها ئەم بۆچوونە لەبارەی خوا تێگەیشتنێک دروست دەکات، دەکرێ زۆر بە دژواری بەو بۆچوونە بگوترێ بۆچونێکی پێنەگەیشتووی پڕ دڵەراوکێ.

بەرامبەر بەمەش "تیۆلۆجی بنیاتنراو لەسەر بوونی تێر و تەواو perfect-being theology " (یان بەشێوەیەکی تر، خواناسی ئانسلمی)[٦] دەبێ بە "ڕشتەی پایەدار binding thread" ئەو باسانەی کە پێوەستن بە سیفەتەکانی خواوە (واتە ئەو سیفەتانەی لە خواناسی یەکتاپەرستی کلاسیکیدا دەدرانە پاڵ خواوەند) پێکەوەیان دەبەستێتەوە و یەکەتییەکیان پێ دەبەخشێ[٧]. ئایا بەڕاستی دەتوانین لەمە زیاتر بڕۆین و بڵێین ئەو بۆچوونە لەبارەی خوا (واتە ئەو بوونەوەرەی کە تێر و تەواوە) هەموو ئەو شتانەی کە پێویستمانە بۆ ئاشکراکردنی سیفەتە خواییەکانی خۆی

دەخاتە بەردەستمان، ئێمەش دەتوانین هەرچی بۆچوونێکمان لەبارەی خوا هەیە بە تەواوی لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا تێکەڵی بکەین؟

پێ دەچێ نەتوانین ئەم کارە ئەنجام بدەین، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک، یەکەم ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ خوا بوونێکی تێر و تەواوە، لە ڕووی ئاساییەوە بۆچوونێکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام خواناسەجۆراوجۆرەکان، تەنانەت ئەوانەشی سەر بە یەک بڕوای ئاینین، بەهیچ جۆرێک لەسەر ئەوە ڕێک نین کە چ بۆچوونێک لەبارەی سیفەتەکانی خوا دەتوانێ خوا "تێر و تەواوتر" لە بۆچوونەکانی تر دیاری بکا. بۆ نموونە، ئانسلم و ئاگوستین (٣٥٤–٤٣٠) و زۆربەی خواناسانی سەردەمی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست، بە ئاشکرا پێیان وابوو کە مەرجی تێر و تەواوبوونی خوا هەڵنەچوونە (impassible)ـ واتە خوا نابێ خۆی بدا بەدەست سۆزەکانەوە بەتایبەت نابێت لە کارەساتی بوونەوەرەکانی خۆیدا دووچاری هیچ جۆرە ئازار و تلانەوەیەک بێت. بوونی تێر و تەواو نابێ قابلیسەتی تلانەوەی تێدا بێ، لەبەرئەوەی تلانەوە سیفەتێکی نەگەتیڤە negative، هەروەها ئەو بوونەوەرەی تووشی ئەم شتانەوە تلانەوەیە بێ، تووشی زیان دەبێ، تلانەوە شتێوەیەکە لە نوقستانی. بەڵام بڕێکی زۆر لە خواناسە نوێیەکان ڕایەڕین دژ بە چەمکی خوای "هەڵنەچوو" و هەروەها جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە تێر و تەواوبوونی خوا و بەتایبەت سیفەتەکانی خۆشەویستی و بەزەییەکانی، وا پێویست دەکات کە خوا بتوانێ هاوکات لەگەڵ بوونەوەرەکانی خۆیدا بتلێتەوە. ئاشکرایە ئێمە لێرەدا ڕووبەڕووی جیاوازییە مەزنەکانی ڕا و بۆچوون بووینەتەوە و، ئەم جیاوازییە ناتوانێ بە ئاسانی حەل و فەسڵێک ئەنجام بدا لەگەڵ ئەو باسانەی پێشووتر لەبارەی مانای زاراوەی تێر و تەواودا خستمانە ڕوو.

لە هەمان کاتدا ئێمە ناتوانین بەهیچ شێوەیەک لە گوتنی سیفەتەکانی خوا، چاوپۆشی بکەین لە تەقلیدی ئاینی و ئەو گوتنانەی ژێر پێی سیستەمە ئاینییەکانن. بۆ نموونە، ئەگەر کەسێک لە کۆمەڵگەی جولەکە شتێک بخاتە ڕوو کە بۆچوونێکی تایبەت بێ لەبارەی خوا و نەگونجێ لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی لە تەوراتدا هەیە و بەتەواوی لەگەڵ تەقلیدی جوولەکە جیاواز بێ، ئەو کاتە ئەو بۆچوونە (سەڕەرای ئەوەی کە تا چ سنووڕێک بتوانێ ڕوانگەیەکی ماقوول پێشکێش بکا لەبارەی "تێر و تەواوی" خواوە. لەلایەن زۆرینەوە بەگەرمی قبوول ناکرێ. لەم ڕووەوە باروخ سپینۆزای فەیلەسووف (١٦٣٢–١٦٧٧) نموونەیەکی مێژوویی سەرنجڕاکێشە. ئەم کابرایە سەر بە خێزانێکی جولەکە بوو، بەهۆی بۆچوونە "کفرئامێزەکانی" لەبارەی خوا، کلێسا بەکافری لە قەڵەم دا. لە ڕاستیدا بۆچوونی ئەو نزیکتر بوو لە پانتیزم تا لە ڕوانینی یەکتاپەرستی کلاسیکی جولەکە. بەم جۆرە کە بینیمان، پێ دەچێ بۆچوونەکان لەبارەی "تێر و تەواوەوە" جیاواز بێت، و فەیلەسووفی ئاینی کاتێک دەیەوێ سوود لە چەمکی "تێر و تەواو" وەرگرێت دەبێ بە وردی بۆچوونی کۆمەڵگە ئاینییەکانی خۆی لەبارەی خوا لە بەرچاو بگرێ، چون بەپێی ڕوانگەی کۆمەڵگە ئاینییەکان ئەم بۆچوونە باشترین ڕوونکردنەوەیە بۆ تێر و تەواو و جێگەی پەرستنی خوا. کاتێک

هەولێر کتێبخانەی

دەمـانەوێ سـوود لە چەمکی تێـر و تـەواوی خـوایی وەربگرین، دەبـێ گـونجـاندن و گـونجـاندنی لۆجیکیشمان لە بەرچـاو بـێ. بێگومان کۆمـەڵێ سیفـاتی خوایی کە ناگونجاندنی لۆجیکی تێدایە و ناتوانرێت بەهـیچ شـێوەیەک وەسـفێک بـێ بـۆ "بوونی تێروتەواو"، بۆیە پێوانەی گونجـاوی لۆجیکی پێشـتر بەشـێک پێک دێنـێ لە بیری خـوا کـە لەسـەر"بوونی تێر و تەواو" بـنیـات نراوە. چەندێک ئەم بەرەنجـامـە ڕاست بـێ، بەڵام لە هـەمـان کـاتدا مـرۆڤـەکان دەتـوانن لەوپەڕی هۆشـمـەندیدا کـۆمـەڵە وەسـفی تا ڕادەیەک مـەزن بەڵام لـە ڕووی لۆجـیـکەوە نەگـونجـاو لەبەرچـاو بگرن و بیـدەنە خـوا. بەرامبـەر بـەمەش دەبـێ ئەو وەسـفـە هـەمـەچەشنانەی دەمـانەوێ بە خوای بدەین لە ڕووی گونجـاوی لۆجیکییەوە بیخـەینە ژێر لێکۆڵینەوە.

پێویسـت و خۆوەسـتاو

بەدوو سیفـەت دەست بە باس و لێکۆڵینەوە دەکەم، ڕەنگە ئەم دوو سیفەتە لە سـەرەتادا ئەبستراکت بن و تێگەیشـتنیـان سـەخت بێـتـە بەرچاو، بـەڵام ئەو دوو سـیـفـەتە ڕۆڵێکی گـرینگ دەبیـنن بۆ پێشـاندانی جـیـاوازییـە بنەڕەتییـەکـانی نێوان خـوا و غـەیری خـوا (بەپێی دیدگـای خـواناسی یەکتاپەرستی کلاسـیکی). پێشەکی زاراوەی خۆبوون self-existence لێک دەدەمەوە. هـەمووەان ئەو ڕاستییە دەزانین کە ژمارەیەکی زۆر لە بوونەوەران، بەتایبـەت زۆربەی بوونەوەرە گیاندارەکان، وزە بەکار دەهێنن و زۆرجاریش هـەوڵی بـێ وچان دەدەن بۆ مانەوەی خودی خۆیان. ژیانی ئێمە " لە ناوەوە " یە ـ کاتێکیش ئەم ژیانەی ناوەوە (کە پێویسـتـە بۆ بەردەوامی ژیانمان) بەرەو لەناوچوون دەچێ، هـەست دەکـەین بوونمان ناجێگیری تێ کـەوتووە و بەر هـەڕەشـە کـەوتووین. بەڵام لە هـەمـان کاتدا بوونی ئێمـە لە مـەودا جـۆراوجـۆرەکـانەوە پابەندە بە هـەلومـەرج و بوونەوەرەکـانی دەرەوەی ئێمە. بوونەوەرەکانی تر ئێمـەیان هێناوەتە ژیانەوە و مـانەوەی ئێمـەش پابەندە بە خـواردن و ئاو و هـەوا و شـتی ترەوە. سـەرەڕای ئەمـەش، ئێمـە چاک دەزانین چەندان شـتی جـیـاواز هـەن دەتوانن بوونی ئێمـە بخـەنە بەر مـەترسـییـەوە یـاخـۆ لەناوی بەرن. بۆیە بە کـورتی سـەلامـەتی و بەردەوامی ژیانی ئێمە پابەندە بە هـەوڵدان بۆ ڕێگرتن لە ڕوونەدانی ئەم شـێوە ڕووداوانە.

ئێسـتا بوونەوەرێک بێنە پێش چاوی خـۆت کە بەهـیچ جۆرێک پێوەندییەکی لەگـەڵ بوونەوەرەکانی تردا نییە. ئەم بـوونەوەرە بۆ مانەوە و پێکهاتنی خـۆی قـەرزاری هـیچ جۆرە بوونەوەرێکی تر نییـە و هـیچ بوونـەوەرێکی تر ناتوانێ ببێتـە مـایەی هـەراسـانکردنی یان نـاتوانێ زیانی پێ بگـەیـەنێ، یان لەناوی بـەرێ. بوونەوەرێکی ئا لـەم شـێـوەیە بوونەوەرێکە بە تەواوی "لە ناوەوە" دروسـت دەبـێ، واتە بە تـەواوی "پشت بـە هێـزی خـۆی دەبـەسـتـێ". بە تەنیـا وتـەیـەک دەتوانـین بڵـێین ئەم بـوونەوەرە بوونەوەرێکی خۆبوون self-existence.

ئێسـتا دوو زاراوەی تر دەخـەینە ڕوو: پێویسـتی necessary و شـیـمـانەیی contingent، کاتێک دەڵێین بوونـەوەرێکی شـیـمـانـەییـە، مـانای وایە گـوتوومـانە ئەو بوونەوەرە پشـتی بە هـەلومـەرج و

بوونەوەرەکانی دەرەوەی خۆی بەستووە: کارە شیمانەییەکان، کارگەلێکن هاتنەدی و نەهاتنەدییان پابەندە بە ڕووداو و ڕوونەدانی کارەکانی ترەوە و لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بوونەوەرێک لە هیچ ڕوویەکەوە ئەگەری نەبێ و بوونیشی سەربەخۆ بێ لە بەدیهاتن یان بەدینەهاتنی هەلومەرجەکان و سەربەخۆ بێ لە بوونەوەرەکانی تر، لەم حاڵەتەدا بوونی ئەو بوونەوەرە حەتمی و دەربازبوون مەحاڵە لێی. یان بەشێوەیەکی تر ئەو بوونەوەرە، بوونەوەرێکی پێویستە، بوونەوەرێکە لە خۆی زیاتر پابەندی هیچ شتێکی تر نییە، ئەگەر وامان دانا ئەو بوونێکە، ئەوا نەبوونی (چ لە ڕابردوو چ لە داهاتوودا) بەشێوەیەکی بنبڕ مەحاڵە.

بەپێی بیری خواناسی یەکتاپەرستی کلاسیکی، ئاشکرا و ڕوونە کە خوا بوونەوەرێکی پێویست و خۆوەستاوە (هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ ئەم زاراوەیە کرد). خوا بوونێکی ئەبەدییە -eter nal؛ هیچ بوونەوەرێکی تر لە خولقاندنی ئەودا بەشدار نەبووە، لەبەرئەوەی ئەو لە ڕاستیدا هیچ کاتێک دروست نەبووە بۆیە هیچ شتێکی مەحاڵە بتوانێ بوونی ئەو بخاتە مەترسییەوە یان هەڕەشە لە بوونی بکا. لە هەمان کاتدا دەزانین کە پێویستی و خۆڕاوەستاوی خوا لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی تێر و تەواوی ئەون. دیار و ڕوونە ئەو خوایەی پشت بەهیچ بوونەوەرێکی دەرەوەی خۆی نابەستێ لە پێشترە لەو خوایەی کە پشت بە کەسانی تر دەبەستێ، ئەم سیفەتانە (واتە پێویستی و خۆوەستاوی) لە بنەڕەتەوە خوا جیا دەکاتەوە لە هەموو بوونەوەرەکانی دنیای بوون.(٨)

ئەگەر شتێک وەک (پێویست) تەماشا بکرێ دەکرێ مانای توندتریشی هەبێ. بۆیە هەندێ کار وەک لۆجیک بە کارێکی پێویست دادەنرێ لەبەرئەوەی ئەو کارانە لە ڕووی لۆجیکەوە بەدرۆخستنەوەیان زەحمەتە؛ بەدرۆخستنەوەی ئەم جۆرە مەبەلانە پێویستی بە ناکۆکیی هەیە. (بۆ نموونە، ڕەتکردنەوەی ئەم مەسەلەیە کە "هەموو سێگۆشەکان ٣ گۆشەیان هەیە" پێویستی بە ناکۆکییە، لەبەرئەوەی ئەم مەسەلەیە بەتەواوی پرسێکی لۆجیکییە). بەتێبینیکردنی ئەم خاڵە، دەتوانین بڵێین لە ڕووی لۆجیکەوە بوونەوەرێکی پێویست ئەو بوونەوەرەیە کە بوونی لە ڕووی لۆجیکییەوە پێویستە و نەبوونیشی ئەوەیە کە ناکۆکی تێدا بێ. دەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ ئەگەر بوونی خوا لە ڕووی لۆجیکەوە پێویست بێ، بەو مانایەی کە پێشتر باس کرا ئەو کاتە لە دوایشدا پێویستیش دەبێ، بەڵام ئەگەر بوونی خوا لە ڕووی لۆجیکەوە پێویست نەبێ، ئەو کاتە لە دوایشدا هەر پێویست نییە، خوا دەتوانێ بوونێکی خۆوەستاو (بەم مانایە پێویست) بێ، بەڵام لە ڕووی لۆجیکەوە دەکرێ بوونەوەرێکی ناپێویست بێ.

ئایا دەبێ لە ڕووی لۆجیکەوە وەک بوونێکی پێویست بڕوانینە خوا؟ ئەم پرسیارە قسەوباسی زۆری ورووژاندووە، قسەی زۆر هەڵدەگرێ. زۆر لە خواناس و فەیلەسووفە چاکەکان (تا ڕادەیەک زۆربەیان) ڕایان گەیاندووە بوونی خوا لە ڕووی لۆجیکەوە پێویستە، بەڵام زۆرینەیەکی تر دژی ئەم بۆچوونە بوون. یەکێک لە ڕاستییەکان کە (خوا بوونی هەیە)، پێ ناچێ لە ڕووی لۆجیکەوە پێویستییەکی ڕاست بێ، هەروەها مەسەلەی " خوا بوونی نییە " پێ دەچێ لە یەکەم ڕوانیندا لە

rووی لۆجیکەوە هیچ ناکۆکییەکی تێدا بەدی ناکرێ. بگرە ئەو کەسانەش کەم نین کە دەستڕەنگینییان هەبووە لە ئاشکراکردنی ئەو ناکۆکییانە و توانیویانە ئەم بۆچوونە پشتڕاست بکەنەوە.

ئیمانوێل کانت (١٧٢٤–١٨٠٤) بەڵگەیەکی خستە ڕوو، ئەو بەڵگەیە لەسەر ئەوە بنیاتنرابوو کە هیچ مەسەلەیەکی بوونگەرایی (واتە ئەو مەسەلەی کە بوونی شتێک ڕادەگەیەنێ) ناتوانێ لە rووی لۆجیکەوە پێویست بێ. (بەم جۆرە بۆچوونی ئەوەی کە"هەموو سێگۆشەکان خاوەن ٣ گۆشەن" شتێکی پێویستە، بەڵام "سێگۆشەیەک بوونی هەیە" ئەوەیان پێویست نییە.(٩) زۆر لە فەیلەسووفەکان پێیان وابوو ئەم بەڵگەیەی کانت بەڵگەیەکی ڕازیکەرە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە هیچ یەک لەو تێبینیانە بنبڕ نەبن. هەرچەندە بەڵگەکەی کانت بەڵگەیەکی کاریگەرە، بەڵام بەتایبەت لەم سالانەی دواییەدا، بە ڕژدی گفتوگۆ لەم بارەیەوە کراوە.(١٠) نابێ ئێمە بە تێبینیکردنی نموونە سادەکان هەڵخەڵەتێین و وا بیر کەینەوە کە زۆر بەئاسانی دەتوانین ئەوە ئاشکرا بکەین کە ئایا فلان مەسەلە لە rووی لۆجیکەوە پێویستە یان ناکۆکیی دەروونیی تێدایە. بۆ نموونە، لە ماتماتیکدا زۆر مەسەلەی گرینگ هەیە کە پێویستی و (ڕاستی) ئەو مەسەلانە بەهیچ شێوەیەک کارێکی لە بەرچاو نییە و تەنانەت پسپۆڕانی بواری ماتماتیک زۆریان هەوڵ داوە تا ئەوپەڕی هەوڵدان بۆ ئەوەی هەندێ لە هاوکێشە ماتماتیکییەکان ڕوون بکەنەوە تا بەو ئامانجە بگەن ئایا ئەو هاوکێشانە لە rووی پێویستییەوە ڕاستن یان ناڕاست، بەڵام لەم کارەدا سەرکەوتوو نەبوون.

لەمیانەی باسکردن لەبارەی بەڵگەی بوونگەرایی بۆ سەلماندنی بوونی خوا دەکرێ، لە بەشی پێنجەم هەوڵ دەدەین زیاتر باس لە پێویستی لۆجیکی بوونی خوا بکەین. لە کۆتاییی ئەم بەشە ئەوەش وەبیر دەهێنینەوە ئەگەر بوونی خوا لە rووی لۆجیکەوە پێویست بێ، بێگومان ئەم وەسفە بە "تێر و تەواوەکانی" خوا دەژمێردرێ و وەسفێک دەبێ لەو کۆمەڵە وەسفە نایابانەی کە خوا لە هەموو بوونەوەرە نزمەکانی تر جیا دەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بوونی خوا لە rووی لۆجیکەوە پێویست نەبێ، ئەوە دەبێ پێ لەسەر ئەوە داگرین کە مەحاڵە بوونی خوا پێویست بێ. بەم شێوەیە "بوونی پێویست" بە تێر و تەواو دانانرێ، بگرە تەواو کۆمەڵە وەسفێکی فراوانە و خاوەن سازگارییەکی لۆجیکی نییە، بەڵام ئێمەی مرۆڤ لە وەهمی خۆماندا ئەو وەسفانەمان داهێناوە و داومانەتە پاڵ خوا.

چاوەدێرکەر و بەکەسبوونی خوا

ئێستا دەست بە باس و لێکۆڵینەوە دەکەین لەبارەی هەندێ لەو سیفەتانەی لای زۆربەی ئاینپەروەران ئاشکرایە. کاتێک بەکەسبوونی خوا ڕادەگەیەنین، هیچ نەبێ مەبەستمان ئەوەیە کە خوا خاوەن هۆشمەندی و زانینە، خوا کارێک ئەنجام دەدا، ئەو کارانەی دەیکات موخەیەرە،

دەتوانێ لەگەڵ کەسانێک لە خۆی ناچن پێوەندی دامەزرێنێ. بەلایەنی کەمەوە ئەم مەرجانە لە مەرجە پێویستییەکانن بۆ بەخوابوون، واتە ئەگەر خوا یەکێک لەم مەرجانەی تێدا نەبێ، ئەوا بە تەواوی وەک خوایەکی بەکەسبوو دەرناکەوێ؛ لەلایەکی تریشەوە ئەگەر خوا ئەم مەرجانەی تێدا دەرکەوت، ئەوە دەتوانین بە واقیعی بەبوونێکی "بەکەسبووی" دانێین، هەتا ئەگەر هاتوو بەکەسبوونی خوا لە زۆر ڕووەوە جیاوازی زۆر زۆری تێدا بێت لەگەڵ بەکەسبوونی مرۆڤ ئەوە هەر یەک لە ئێمە دەزانێ ئەو مرۆڤە چۆنە.(١١)

لە خواناسی یەکتاپەرستیدا ئاشکرایە کە بەکەسبوونی خوا، دەبێ یەک بێ لە کاملّبوونی ئەو، زۆر لەو کارە مەزنانەی کە ئاشنایانین (وەکو خۆشەویستی و عەقڵ و داهێنان و ڕەوشتی چاک) ئەمانە تەنیا کۆمەڵێ سیفەتن تایبەت بە کەس، ئەگەر خوا کەس نەبووایە، ئەوا ئەم هەموو شتە چاکانە نەیدەگرتەوە. لە هەمان کاتدا ئەم خاڵە زۆر زۆر گرینگە کە بەپێی بۆچوونی خواناسەکان، پەرستن و ژیانی ئاینی بەشێوەیەکی گشتی لەمیانەی پێوەندیی کەسایەتی بە خواوە دەکرێ هەستی پێ بکرێ؛ بەرامبەر بەمەش ئەگەر خوا سیفەتی بەکەسبوونی تێدا نەبووایە، ئەو کاتە ژیانی ئاینیش کە بالاترین داواکاری خواپەرستییە بە تەواوی هەرەسی دەهێنا.

بەپێی خواناسی یەکتاپەرستی کلاسیکی، خوا دروستکەری هەموو ئەو شتانەیە کە لە دەرەوەی خوادایە، (واتە خوا نین و کەسن وەک مرۆڤ، گیانلەبەر، زەوی، ئاسمان... هتد) لە زۆربەی ئاینە یەکتاپەرستییەکاندا ئەندێشەی خولّقاندن گرینگی خۆی هەیە و پێ دەچێ ئەم ئەندێشەیە لە پێویستییەکانی چەمکی "بوونەوەرێکی تێر و تەواوی بنبڕ" بێ، ئەگەر بێجگە لە خوا بوونەوەری تر هەبن، دەبێ خوا دروستکەری ئەوان بێ. (خواناسانی کلاسیکی بەشێوەیەکی سادە گوتوویانە کە خولّقاندنی (بوونەوەران) ئەرکی خوا نییە، واتە بەزۆری شێمانەی ئەوە هەیە کە خوا هەرچی بوونەوەرە بیانگەڕێنێتەوە بۆ جیهانی نەبوون و بە تەنیا خۆی وەکو بوونێکی واقیعی ئەم جیهانە بمێنێتەوە). پلە و پایەی خوا وەکو دروستکەرێک، لە ڕێگەی مەزنی و سەروەرێتی و خاوەنداریەتی بەسەر هەموو بوونەوەرەکانی ترەوە دەستنیشان دەکرێ، بەجۆرێک هیچ بوونەوەرێک ناتوانێ لەژێر چنگی ئەو دەربازی بێ. سەرەڕای ئەوەش وتوویانە خوا جیهانی "لە هیچەوە out of nothing" دروست کردووە (بە لاتینی پێی دەوترێ ex nihile). بەم پێیە "هیچێتی" ناوی شێوەیەک لە "مادە stuff" یەکی نهێنیئامێز نییە کە خوا لەو شتە دنیای دروست کردبێت. بگرە مەبەست لە "لە هیچ دروست بوون" ئەوەیە هیچ مادەیەک بێجگە لەو مادەیەی خوا دروستی کردووە بوونی نەبووە؛ بەڵگەی بوونی تەواوی بوونەوەرانەی لە خوا ناچن بەتەواوی بڕێتییە لەوەی کە ئیرادەی خوا وابووە کە ئەو بوونەوەرانە هەبن و لەم پرەنسیپەش بترازێ هیچ پرەنسیپێک بۆ بوونی ئەوان نییە. "لە هیچ دروست بوون" لەگەڵ ئەو دوو بۆچوونەی کە تەعبیر کراوە بۆ دەرکەوتنی بوونەوەران جیاوازی هەیە و لە پلەیەکی بالاترە لەچاو ئەو دووانە، "لە هیچ دروست بوون" لە پێشینەی هەیە لەچاو "دروستبوونی بوونەوەران لە مادەیەکی پێش بوون"، لەبەرئەوەی لەم حاڵەی دواییدا کاری

خولّقێنەری خوا، پشت دەبەستێ بە (زۆرجار لە هەندێ حاڵەتی سنوردارداو) مادەیەک کە دەبێ کاری پێ بکا. (لە هەمان کاتدا مەسەلەیەکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە چۆن بوونی ئەو مادەیە ئاراستە دەکەین).

"لە هیچ دروست بوون" لە هەمان کاتدا لە پێشترە لە "دروستبوون لە ڕێگەی ex deo " واتە "دروستبوونی بوونەوەران لە خودی خوا خۆی")، لەبەرئەوەی دروستبوون لە ڕێگەی ex deo ، ئەو لێکنەچوونانە عەیبدار دەکات کە لە نێوان دروستکەر و دروستکراودا هەیە (ئەمەش سیفەتێکە لە سیفەتە دیارەکانی بڕوای میتافیزیقی تاکپەرستی).

خوا لە یەک کاتدا دروستکەری ئەو بوونەوەرانەیە کە هەتاهەتا ناژین و لەلایەکی تریشەوە پاڵپشتیانە. ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێ کە بوونەوەران چرکە بە چرکە لە بوونی خۆیاندا پشت و پەنا و پاڵپشتیان خوایە. ئەگەر بمانەوێ ئەم خاڵە بەشێوەیەکی دراماتیکی (و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی ورد) ڕوون بکەینەوە، دەبێ بڵێین ئەگەر خوا بۆ تەنیا ساتێک ئەوانە لەبیر بکا کە دروستی کردوون، ئەو کاتە هەر هەموویان هەرەس دێنن.

ئەم سیفەتانە، بەتەواوی و لەبنەڕەتەوە خوای ئاینە تاکپەرستییەکان لە خوای پەیڕەوانی پانتیەزم (یەکەتیبوون) جیا دەکاتەوە. براهمان Brahman لە ئاینی هیندۆیزم و زۆربەی شێوە خواییەکانی ئاینە پانتەیزمەکان بەکەسبوون ناشکرا نییە، بگرە "هێزی بوون power of bing"ی ناکەسیەتی و بنیاتییە کە بوونی لە تەواوی بوونەوەرەکاندا هەیە. خوای ئاینەکانی پانتیەزم، خولّقێنەر نییە، لەبەرئەوەی پێویستییەکانی بوونی ئەو خوایە جیاوازییەکانی نێوان خوا و دنیایە، ئەمەش لە ئاینی پانتیەزمدا قبوولّ نییە. خوای ئاینەکانی پەنتەیزم بەکورتی "بەهای" ی بوونی هەموو بونەوەرەکانە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە بوونەوەرێ ئاگای لە هەموو بوونەوەرەکانی دنیا دەبێ بگرەئەم بەهایە بە هۆی ئەو گەوهەرەوە دێنێ دی کە لە دەروونی تەواوی بوونەوەرەکاندایە.

خوای پرۆسەی بەخوابوون هەر وەک خواناسی تاکپەرستی کلاسیکی، بەکەسبووە، بەڵام [لە پرۆسەی بەخوابووندا [جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان پێوەندی خواو جیهاندا هەیە: پرۆسەی بەخوابوون هەردوو بیری خولّقاندن ڕەفز دەکاتەوە، هەم چەمکی لە هیچ دروستبوون، هەم ئەو جیاوازییە بنبڕەی کە خواناسی تاکپەرستی کلاسیکی پێی وایە لە نێوان خوا و جیهاندا هەیە. دەتوانین بە باشترین شێوە بۆچوونی پرۆسەی بەخوابوون لەبارەی پێوەندی نێوان خوا و دنیا بخەینە ڕوو: دنیا جەستەی خوایە، خواش لە ڕێگەی جەستەیەوە دەژی، هەروەها ئێمەش هەربەو جۆرە لە ڕێگەی جەستەمانەوە دەژین. ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێ کە خوا و دنیا، سەرەڕای بۆچوونی خواناسی تاکپەرستی کلاسیکی، بە تەواوی لە یەکتری جیا نین، بگرە هەموو ئەو بوونەوەرانەی نەمر نین، لەوانە مرۆڤ، بە مانایەک لەنێو خودی بوونی خواداڵ. ڕەنگە باشترین مانای شێوە پێدانی ئەم مانایە ئەوە بێ کە سوود لەم لێکچووانەنە وەرگرین: لە جەستەی مرۆڤدا

تاک تاکی خانەکان لەوەی بەسەریاندا تێ دەپەڕێ و ئەوەشی لە دەوریاندا ڕوو دەدا، بەئاگا و هۆشن، هەرچەندە ئەو ئاگادارییە و دەرک پێکردنە دیاریکراو بێ. ئێستا وای دانێ "ئاگەداریی‌یەکانی خانە"ی تاکەکەسی (هەر بەو جۆرەی کە هەن) پێوەندی پێکەوە بکەن و بچنە نێو ئاگاییی‌یەکی یەککگرتوودا unified (واتە لە زەینێکدا کە پێوەستە بەهەموو جەستەوە) (مەبەست لە "زەین" ئاگەداربوونە لە یەک بەیەکی ئاگاییی تاکە کەسەکان و لە هەمان کاتیشدا هەموو ئەو ئاگاییانەش دەگرێتەوە). بەم پێیە، هەریەک لە ئێمە "خانەیەکین" لە جەستەی خوا، لەم ڕووەشەوە بە ڕاشکاوی خوا دەتوانێ، بە قووڵترین شێوە بەشداری لە تەواوی ئەزموون و خۆشی و ناخۆشییەکانمان بکا. یان بەپێی بۆچوونی وایتهەید (A.N. Whitehead 1861-1947) [ئەو فەیلەسووفە بوو بەرهەمەکانی بووە هۆی دەرکەوتنی ڕێبازی پرۆسەی بەخوابوون]: دەڵێ "خوا مەزنترین هاوڕێ و هاوبەشی ئازارەکانی مرۆڤە".(١٣)

هەموو ئەم نموونانە ئەوە دەردەخەن کە بۆچوونی پرۆسەی بەخوابوون لە ڕووی ڕوانینی بۆ پێوەندی نێوان خوا و دنیا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بۆچوونی خواناسی تاکپەرستی کلاسیکی هەیە. لە خواناسی تاکپەرستی کلاسیکیدا پشتبەستنی دنیا بە خوا پشتبەستنێکی یەک لایەنەیە، بەڵام لەلای پرۆسەی بەخوابووندا، دەعیبری گونجاوتر بۆ ئەم پێوەندییە ئەوەیە کە بڵێین لە نێوان خوا و دنیا پشتبەستنێکی هاوبەرامبەر و دوو لایەنە هەیە. وایتهەید whitehead زیاتر هەنگاوی نا بۆ ئەوەی بڵێ: ئەم بۆچوونە دەڵێ خوا لە سەرووی دنیاوەیە، بەو ئەندازەیە ڕاستە ئەگەر بڵێین دنیا لە سەرووی خواوەیە، ئەم بۆچوونە کە دەڵێ خوا دنیای دروست کردووە،(١٤) بەو ئەندازەیە ڕاستە ئەگەر بڵێین دنیا خوای دروست کردووە". خوا جەستەی خۆی پێویستە، کە لە ڕێگەی ئەو جەستەیەوە دەژی، هەروەک چۆن ئێمە پێویستمان بە جەستەمان هەیە بۆ ئەوەی بژین. لەبەر ئەم بەڵگەیە دەبێ ئەو ئەنجامەمان لا دروست بکا کە خوا هەرگیز ناتوانێ بێ جەستە (واتە بەبێ دنیا) بێ. بەڵام مەرج نییە ئەم کارە ئەوە بگەیەنێ کە دنیای ئامادە، وەکو خوا، بێ سەرەتا و کۆتاییی‌یە (ئەگەرچی ئەم کارە دەکرێ ڕوو بدا). بەڵام ئەگەر ئەم دنیایە فیزیکیی‌یەی ئێمە لە زەمەندا دەسپێکردنی هەبێ (بەڵگە زانستیی‌یەکانیش ئاشکرا پێ دەچێ باس لەم شتە بکەن)، لەم حاڵەدا ڕەنگە بەم ئەنجامە بگەین کە پێش ئەم دنیایە، دنیا (وە ڕەنگە زنجیرەیەکی بێ کۆتایی لە دنیاکانیش) هەبووە و بۆیە خوا هەرگیز بەبێ جەستە (واتە بەبێ جیهان) نەبووە.

توانای ڕەها، زانای ژەهاو چاکەی پەتی

خوا هەموو توانا یا توانای ڕەهایە، هەموو زانین یا زانای ڕەهایە؛ لە ڕووی ڕەوشتیشەوە چاکەی پەتییە. لە ڕوانین یەکتاپەرستی خوادا، تەواوی ئەم سیفەتانە بە سیفەتە بنەڕەتییەکانی خوا دادەنرێن، هەریەکەشیان لە ڕووی تێگەیشتن و فۆرمەلەکردنەوە گرفتی تێدایە.

ئاشکرایە سادەترین ڕێگە بۆ ئەوەی لە توانای ڕەهای خوا بگەین، ئەوەیە کە بڵێین خوا دەتوانێ

هەموو کارێ ئەنجام بدا. بەڵام هەر زوو ئەم بۆچوونە ڕووبەڕووی کۆمەڵێ گرفت دەبێتەوە. ئایا خوا دەتوانێ چوارگۆشەی بازنەیی دروست بکا، یان کارێ بکات کە ١+٢=١٧؟ هەر لە سەردەمی تۆماس ئاکوییناس (دەوروبەری ١٢٢٤–١٢٧٤) بەوڵاوە ئاشکرا بووە کە بازنەی هەڵسوکەوتی خوا دەبێ لۆجیکانە پێوەست بێ بەو کارانەی کە دەکرێن. لە واقیعدا ناکرێ شتێک بە پێناسەی "چوارگۆشەی بازنەیی" پێناسە بکرێت، بۆیە کاتێک خوا ناتوانێ چوارگۆشەی بازنەیی دروست بکا، مانای ئەوە نییە کە ناتەواوییەک لە توانای ئەودا نییە. توانای خوا هەندێ سنووردارای تری تێدایە کە لە خودی خوا خۆیەوە دروست بووە. خوا ناتوانێ کارێک بکا کە پێویست بە بوونی جەستە بکا (بۆ نموونە تۆپەڵە بەفرێ بە ڕووی خۆیدا بکێشێ) یان کارێک بکا کە سنووردارای تێدا بێ (بۆ نموونە شتێکی لەبیر بچێ. خاڵێکی تر زۆر لەو شتانەی باس کران دەبێ گرینگتر بێ ئەویش ئەوەیە بەشێوەیەکی گشتی پێیان وایە خوا ناتوانێ کارێک بکا کە ناشیرینی ڕەوشتی تێدا بێ (بۆ نموونە یەکێک لە پەیمانەکانی بەجێ نەهێنێ).

بەتێبینیکردنی ئەم شتانە، دەتوانین بڵێین توانای ڕەهای خوا بەم مانایە بڕێتییە لەوەی کە خوا دەتوانێ هەر کارێک ئەنجام بدا کە لە ڕووی لۆجیکەوە ناکۆکی تێدا نەبێ و لەگەڵ خود و سروشتی خوا خۆی دژ نەبێ.(١٥)

فەیلەسووفەکان بۆ هەڵسەنگاندنی پێناسەکانی "توانای ڕەها" بڕێکی زۆر مەتەڵیان داهێناوە: یەکێک لە سەرنجراکێشترین ئەو مەتەڵانە بڕێتییە لە "پارادۆکسی بەرد". تەماشای ئەم پرسیارەی خوارەوە بکە، ئایا خوا دەتوانێت بەردێک دروست بکا کە خۆی نەتوانێ هەڵی گرێت؟ ئەگەر ئەو توانای دروستکردنی ئەو جۆرە بەردەی نەبێ، ئەوە مانای وایە کارێک هەیە ئەو توانای ئەنجامدانی نییە و لەم حاڵەشدا ئەو توانایەکی ڕەهای نییە.(ئاشکرایە ئەگەر کەسێک خۆی شتێک دروست بکا و توانای هەڵگرتنی نەبێ. لە ڕووی لۆجیکەوە لێکۆڵینەوە لەم بارە دەکرێ) بۆ نموونە، بیناسازان هەردەم ئەم کارانە دەکەن). لەلایەکی تریشەوە، وای دانێ کە خوا خۆی بەردێک دروست دەکات و توانای هەڵگرتنی ئەو بەردەی نابێ. تا ئەم کاتە هیچ گرفتێک نییە، بەڵام هەرکە دەستمان بە لێکۆڵینەوە کرد کارێکی تر هەیە کە خوا ناتوانێ ئەنجامی بدا (واتە، هەڵگرتنی ئەو جۆرە بەردە!) بەم جۆرە لە هەردوو حاڵەتەکەدا خوا توانای ڕەهای نییە. (بۆ ئەوەی هەوڵەکانی خوێنەر کەم کەینەوە و تووشی سەرقاڵیی نەکەین بۆ گەڕان و دۆزینەوەی ئەم مەتەڵە، ڕێگەچارەی ئەم گرفتەمان لە یاداشتەکانی کۆتاییی ئەم بەشەدا هێناوەتەوە.(١٦)

ڕووناکترین دەربڕینێک کە بەخێرایی بە مێشکدا دێت لەبارەی ئاگەداربوون و زانینی خوا، ئەوەیە کە بڵێین خوا ئاگەداری هەموو شتێکە یان بەشێوەیەکی باشتر، خوا ئاگای لە هەموو کارێکی ڕاستە (لەبەرئەوەی زانین دەتوانێ تەنیا پێوەندی بە مەسەلە ڕاستەکانەوە هەبێ). بەڵام لێرەدا گرفتێ سەرهەڵ دەدا ئەویش ئەوەیە کە هەندێ مەسەلە هەن تەنیا لە هەندێ سەردەمدا ڕاستن، نەک لە هەموو زەمەنەکان. بەقوولّی لەم مەسەلەیە قوولّ بەرەوە "مارتا یەکشەمەی ڕابردوو

هەولێری چێتر

شووی کرد". وای دانێ که مارتا له ڕاستیدا له ڕۆژێکی یەکشەمەدا شووی کردووە، لەم حاڵەتەدا ئەم مەسەلەیە تەنیا بۆ یەک هەفتە ڕاستە (واتە لە نیوەشەوی یەکشەمەی شووکردن تا نیوەشەوی یەکشەمەی هەفتەی دوایی). وا پێ دەچێ خوا ئاگەداری ئەم مەسەلەیەیە تا ئەو کاتەی کە ئەم پرسە خۆی ڕاستە (بێگومان خوا پاش ئەو جۆرە سەردەمەش دیسان لە دواییشدا زانیاریی لەبارەی ئەو مەسەلەیە دەبێ کە لەو سەردەمەدا ڕاست بووە[١٧] لەم ڕووەوە دەتوانین وردتر پێناسەکەمان دەربڕین و بڵێین خوا لە هەر زەمەنێکدا زانیاری لەبارەی ئەو ڕووداوانە هەیە کە لەو زەمەنەدا ڕاستن.

بەڵام ئایا لەم ڕووەوە دەبێ دیسان وەکو ئەو پێناسەیەی کە بۆ توانای ڕەها کردمان بێین و زیاتر کۆت بخەینە دەستی پرسەکان و ئەو مەسەلە ڕاستانەش لە پرۆسە دەرکەین کە خوا لەبارەیان لە ڕووی لۆجیکەوە زانیاریی نییە؟ ئایا ئەم جۆرە شتە ڕاستانە هەن؟ یەکێک لە شیمانە پاڵێوراوەکانی ئەم مەسەلەیە، بریتییە لەو بڕیارەی کە خوا خۆی دەیەوێ بیدات. وا پێ دەچێ هیچ کەسێک (لەوانە خواش) پێشتر بزانێت چ بڕیارێک دەدات کاتێ کە لە پرۆسەی بڕیاردان هەروەها لە پایەی وەرگرتنی بڕیاردا بێ. بەم پێیەش ئەگەر خوا بڕیارێک بدا، ڕەنگە لەو ساتەی کە خەریکی بڕیاردانە لەسەر ئەم بڕیارە، لە ڕووی لۆجیکەوە نەتوانێ زانیاری لەبارەی بڕێک لە ڕاستییەکان هەبێ. بێگومان دەتوانی دڵنیا بیت کە خوا لە زەمەندا بڕیار نادا، بگرە بەشێوەیەکی تایبەت، واتە پێش زەمەن یان لە دەرەوەی زەمەن بڕیار دەدا. بەڵام تەنانەت ئەگەر واش بێ، هێزی ئەو خاڵە بەتەواوی لەبەین دەچێ کە گوتمان: بەهەرحاڵ دیسان " دیمەنێک" لە دیمەنەکانی ژیانی خوا هەیە (هەرچەندە لە دەرەوەی زەمەنیش بێ) کە لەو ئاستەدا، دەبێ خوا هەندێ کار ئەنجام بدا بێ ئەوەی زانیاری لەبارەی بڕێک لە پرسەکان هەبێ. (لە بڕگەکانی داهاتووی ئەم بەشەدا یەکێکی تر لە پاڵێوراوی مەسەلە ڕاستەکان دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە خوا لە ڕووی لۆجیکەوە ناتوانێ لەبارەیان زانیاری هەبێ.)

پێش ئەوەی دوایین پێناسەمان لەبارەی زانینی ڕەها پێشکێش بکەین، دەبێ تێبینی خاڵێکی زۆر گرینگی تر بکەین. ئێمەی مرۆڤ نەک تەنیا زانیاریمان لەبارەی هەندێ شتەوە هەیە، بگرە بڕواشمان بە هەندێ شت هەیە، کە هەندێ لەو شتانە ڕاستن و هەندێکیشیان ناڕاستن. دەکرێ بتوانین ئێستا بڵێین خوا هیچ بڕوایەکی نییە کە لە پشتەوەی زانیارییەکانی بێ، بەدڵنیاییشەوە بە هیچ بڕوایەکی ناڕاست ڕازی نابێ. بۆیە دەبێ پێناسەکەمان وردتر بکەینەوە، لەبارەی زانینی ڕەها تاوەکو بەڕاست زانینی بڕوا ناڕاستەکان لەلایەن خواوە بە تەواوی وەلاوەنرێ.

بە ئاگەداربوون لەو تێبینییانە دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە پێناسەی زانستی ڕەهای خوا بکەین: خوا لە هەر زەمەنێکدا زانیاریی هەیە، لەبارەی هەموو ئەو پرسانەی کە لەو زەمەنەدا ڕاستن و زانیاری خواش لەو زەمەنەدا لە ڕووی لۆجیکەوە لەبارەی ئەو پرسانە مومکینە، بەڵام خوا هەرگیز بڕوای بەو کارانە نییە کە ناڕاستن. ئەو بەشەی کە لەم پێناسەیەدا دەکرێ قسەی زۆر

لەسەر بکرێت، ئەو دەستەواژەیەیە کە دەڵێ خوا تەنیا زانیاری لەبارەی ئەو شتانە هەیە کە زانین لەبارەی ئەو شتانە لە ڕووی لۆجیکەوە بۆ ئەو مومکینە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم کارە ئەوەندە گران نییە: ئەگەر هیچ ڕاستییەک نەبێ کە لە ڕووی لۆجیکەوە مومکین نەبێ بۆ خوا زانیاری لەبارەی هەبێ، لەو حاڵەتەدا ئەو دەستەواژەیەی کە باسی لەسەرە شتێک لە زانیاری خوا کەم ناکاتەوە و بەرامبەر بەوەش ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە پێناسەکەمان ناڕاست و کرچ و کاڵ دەبێ.

ئەوانەی بڕوایان بە خوا هەیە هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە لە ڕووی ڕەوشتەوە خوا بڕێتییە لە چاکەی ڕەها. دەبێ بەپێی پێناسە تەواوی سیفەتی تاکەکەسی و پرەنسیپە کردارییەکان و هەموو ئەو شتانەشی وەک پێناسە پێویستن تا بە یەکێک بوترێ ڕەوشتێکی باڵای هەیە بە بەشێک لە سیفەتەکانی خوا دێتە ژماردن. لێرەدا دەبێ دوو بابەت ڕوون بکەینەوە: یەکەم مانای ڕەوشتی پەتی چاک چییە؟ چ پێوەندییەک لە نێوان ڕەوشتی چاکە و خوادا هەیە؟

ئەوانەی بڕوایان بەخوا هەیە پێیان ئاستەنگە لەسەر یەک مانا کۆک بن لەبارەی ڕەوشتی چاکە (بۆ نموونە لەسەر ئەوە کۆک نین ئایا لە نێوان سیفەتە خواییەکان "عیشقە" گرینگترە لە "پیرۆزی" و "داد"، یان بە پێچەوانەوە، یان لە ڕووی گرینگییەوە هەموویان یەکسانن). وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیی بەو روانینە وتراوانە هەیە کە تاکەکان دەری دەبڕن لەبارەی ئاراستەی ئەو ڕێگەیانەی کە خوا هەڵی دێرێت بۆ پێوەندیکردن بە مرۆڤەوە، بەرامبەر بەمەش ڕەنگە وا باشتر بێ باسکردن لەبارەی ئەم جۆرە بابەتانە بگوێزینەوە بۆ ئەو ڕێبازی خواناسییە تەقلیدییە جۆراوجۆرانەی کە هەن. لێرەدا ئێمە بەشێوەیەکی گشتی قسە لەسەر "چاکەی" خوا و، "عیشق" و "داد" و شتی لەم بابەتە دەکەین، بێ ئەوەی ئەوە ڕاگەیەنین ئایا ئێمە بە وردی مانای یەک یەک لەوانە و پێوەندییانمان پێکەوە ڕوون کردووەتەوە.[۱۸]

یەکەمین پرسیارێک کە دێتە پێشەوە لەبارەی پێوەندیی نێوان خوا و کاری چاکە ئەو پرسیارەیە کە دەڵێ: ئایا خوا دەتوانێ کارێک بکا پێچەوانەی ڕەوشتی چاکە بێ. ژمارەیەک لە فەیلەسووفان بڕوایان وایە بۆ ئەوەی خۆ پیاهەڵدان و وەسفکردنی ڕەوشتی بیگرێتەوە، دەبێ توانای ئەنجامدانی خراپەی هەبێ، تەنانەت ئەگەر واقیعەن هیچ کاتێکیش کاری خراپە نەکات.[۱۹] بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە هزرڤانەکان ئەوانەی بڕوایان بە خوایە بڕوایان وایە کە خوا خودی خۆی خاوەن ڕەوشتی باڵایە، واتە بەپێی سروشتی خۆی مەحاڵە کارێک بکات لە ڕووی ڕەوشتەوە خراپ بێ. لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونەش بەرەنجامی باسێکە کە لەبارەی توانای ڕەها هەمانبوو (لەوێدا دەمانگوت خوا ناتوانێ هیچ پەیمانشکێنییەک بکا).

پرسیارێکی تر کە دەخرێتە ڕوو لەبارەی پێوەندیی نێوان خوا و چاکە پێوەستە بە سەرچاوەی پێوانەی ڕەوشتی چاکەوە. ئایا بۆ خوا، پێوانەیەکی سەربەخۆ بۆ بوونی ڕەوشتی چاکە هەیە کە خواش وەکو هەموو کەسێکی تر، لە ڕووی ڕەوشتەوە دەبێ پابەندی بێ؟ یان دەتوانین بڵێین، ئایا ڕەوشتی جوان و ناشرین بە تەواوی لەژێر ئیرادە و فرمانی خوایە؟ یان ئەوەتا پێوەندی نێوان خوا

و پێوانەی ڕەوشتی چاکە دەتوانرێ لەلایەنی تیۆرەوە تەسەور بکرێ؟ بەڕاستی لێکدانەوەی ئەم بابەتە بۆ بەشی سیازدەم دوا دەخەین، واتە لە بەشی "ڕەوشتی ئایینی" باس لەم بابەتە دەکەین.

هیچ یەک لەو سیفەتانەی کە لەم بەشەدا خستمانە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ناتوانرێ بلکێنرێ بە خوای پەیڕەوانی یەکەتی بوون (پانتیەیزمەوە pantheistic). بێگومان لە چوارچێوەی ڕوانینی یەکەتیبوون دەکرێ بگوترێ کە خوا "توانای ڕەها" و "دانای ڕەها" یە، لەبەرئەوەی هەر توانا و زانینێک هەبێ بەپێی پێناسەکە توانا و زانینی ئەوە، ئەوە کە گەوهەری بنیاتنەرانە و "ڕوحی دەروونی" هەموو بوونەوەرەکانی دنیایە. بەڵام خوای یەکەتیبوون هیچ جۆرە زەینێکی تاکڕەو پارچە پارچەی نییە تا لە ڕێگەیانەوە (هەر وەک ئێمە کە دەرک بەم چەمکانە دەکەین) زانیاری لەبارەی شتێک پەیدا بکا، یان کارێکی تایبەت ئەنجام بدا. بەپێی ڕای سپینۆزا "زاتی خوا توانای عەقڵانی و توانای ئیرادی نییە" و ئەگەر بمانەوێ سیفەتی عەقڵ و ئیرادە بە خوا بدەین، ئەم وەسفانە " هیچ ڕوویەکی هاوبەشیان [لەگەڵ عەقڵ و ئیرادەی مرۆڤ] نییە تەنیا قسە نەبێ: لێکچوونی نێوان ئەوان بە ئەندازەی ئەو لێکچوونەیە کە لە نێوان سەگ و (ئەو وێنە ئەستێرەناسییەی کە لە ئاسماندایە) سەگ (ئەو سەگەی کە دەوەڕێ)"[٢٠] ڕەنگە گرینگترین خاڵ ئەمە بێ کە خوای یەکەتیبوون ناتوانێ جیاوازی لە نێوان چاکە و خراپە دانێ.

هەموو ئەو کارانەی کە لە دنیادا ڕوو دەدەن هەر هەموویان وەکو یەک باس لە توانای خوا دەکەن؛ بیری ئەوەی کە هەندێ لەم کارانە لەکۆتاییدا کاری "چاکە"ن و هەندێکیشیان کاری "خراپ"ەن، دوا جار دەبێ وەک وەهمێک لەناو بچن لەوانەیە ئەوانەی سەر بە پەیڕەوانی یەکەتی بوونن لە ئەخلاقیاتی تاکەکەسیان زۆر وردبین و کارڕاست بن (زۆرجاریش هەر وان)، بەڵام بەپێیشیکردنەوەی کۆتاییی پەنتەیزم بەسەر [جیاوازی] نێوان چاکە و خراپەدا (ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین چاکە و خراپە) سەر دەکەوێ. هەر ئەمەشە بێ پەردە خوای یەکەتیبوون بەرامبەر بە خوای تاکپەرستی دادەنێ (کە بێ هیچ ئاڵۆزییەک لە بەرەی چاکەن و دژ بە خراپە دەجەنگن).

هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ جیاوازی گەورە لە ڕووی زانین و چاکەوە لە نێوان خواکانی پرۆسەی بەخواکردن و ئاینە تاکپەرستییە کلاسیکییەکان، بەڵام شێوەی ڕوانینی پرۆسەی بەخواکردن بۆ توانای خوایی جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە [لە بەراوردکردنی لەگەڵ دیدگاکانی تر]، ئەم خاڵەش لە ناونیشانی یەکێک لە دوایی کتێبەکانی چارلز هارتشۆرندا بە ناونیشانی [توانای ڕەها و هەڵە تیۆلۆجیکەکانی تر] دا ئاشکرایە. بۆچی توانای ڕەها هەڵەیە؟ لەبەرئەوەی وەسفی خوا لە خواناسی تاکپەرستی کلاسیکیدا، وەسفی بوونەوەرێکە کە ئیرادەی خۆی بەشێوەیەکی یەکلایەنی دەسەپێنێ بەسەر عەبدەکانیا (بەتایبەت بەسەر کەس و شتەکاندا)، و هێزە زۆرەملێیەکانی خۆی بەسەر ئەواندا تاقی دەکاتەوە. بەڵام پرۆسەی بەخواکردن بڕوای وایە کە هێزی خوا هەردەم ڕازیکەرە persuasive نەک ئیلزامی coercive. خوا هەرگیز ئیرادەی خۆی یەکلایەنە بەسەر سروشتدا ناسەپێنێ (بەم پێیە خوای پرۆسەی بەخواکردن کاری موعجیزە ئامێز ئەنجام نادا)،

هەروەها ئەو ناتوانێ مرۆڤەکان ناچار بکا کارێک بکەن کە ئەو دەیەوێ. بگرە بەپێی بۆچوونی وایتهید ئەو "بەرەو ئارەزوویان دەبات" بۆ بە ئەنجامدانی داواکارییەکانیان. بەم شێوەیە بالاترین و باشترین توانا دەخاتە بەردەمی زەینیان تا بتوانن بەشێوەیەکی خۆبەخشانە نییەتەکانی ئەو ئەنجام بدەن.

ئەوانەی بڕوایان بە خواناسی تاکپەرستی کلاسیکییە، پێیان وایە ئەم شێوە روانینە کەمکردنەوەیەکی ترسناکە لە توانا و چاکییەکانی خوا هەروەها پێیان وایە ئەم کارە وا دەکات کە "شایستەیی پەرستنی" ئەم خوایە بێتە خوارێ لە چاو ئەو خوایەی کەخاوەن توانای ڕەهایە. وەلامی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە چاکەی خوا [لەم بۆچوونە] کەم نابێتەوە بگرە زیاد دەکات، لەبەرئەوەی [لەم بۆچوونەدا] خوا ناتوانێ سوود لە هێزی زۆرەملێی خۆی ببینێ و لە ڕووی ڕەوشتەوە ئەو وای دەبینێ کە هێزی ڕازیکەر لە پێشترە لە هێزی ئیلزامی. بەهەرحاڵ تەنانەت ئەگەر واش بێ شتێکی ئاساییە کە ئەم بۆچوونەی پرۆسەیی بەخواکردن بە تۆندی لە دژایەتیدایە لەگەڵ خواناسی تەقلیدی گشت ئاینە تاکپەرستییەکان، لەبەرئەوەی ئەو وێنەیەی ئاینە تاکپەرستییەکان لەبارەی خوا پێشکێشی دەکەن ئەوەیە کە خوا لە یەک کاتدا بەشێوازی توانای زۆرەملێی کار دەکات و سوودیش لە توانای ڕازیکردن دەبینێ.(۲۲)

خوا و هەڵبژاردنی مرۆڤ

لە نێوان ئەوانەی بڕوایان بە خوا هەبووە بابەتی پێوەندیی نێوان توانا و دەسەڵاتی خوا و سەربەستی مرۆڤ بابەتی لێکدانەوەی ڕژد بووە. زۆر لەوانەی بڕواخوازن بڕوایان وابووە دەبێ خوا وەکو دەسەڵاتدارێکی ڕەها وەسف بکرێ، بەم مانایە هەر ڕووداوێک کە روو دەدا لەژێر بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی خۆیەتی و ئەویش دەستنیشانیان دەکات و بەپێی بۆچوونی ئۆگستین: "ئیرادەی خوا [مەرجی] پێویستە بۆ [بەدیهاتنی] هەموو کارێک". ڕەنگە وا بێتە بەرچاو کە ئەم بۆچوونە ڕاستەوخۆ ئەوە بگەیەنێ مرۆڤ لەم حاڵەتەدا خاوەنی هیچ ئازادییەک نییە، بەڵام ئەگەر هاتو پێناسەی تایبەتمان لەبارەی ئازادی قبووڵ کرد، ئەوا بەم ئەنجامە ناگەین. دەکرێ بوترێ کاری مرۆیی بەمەرجێک "ئازادانەیە کە ئەم هەلومەرجانەی" ژێرەوەی تێدا بێ: ۱ ـ هۆی سەرەکی ئەو کارە، ئارەزوو و داوا و نییەتی دەروونی بکەرەکە بێ. ۲ ـ هیچ ڕووداو و هەلومەرجێکی دەروونی نەبێتە هۆی ناچارکردنی ئەنجامدانی ئەو کارە. ۳ ـ ئەگەر بکەر ویستی و توانی بەشێوەیەکی تر کار بکا، ئەگەر ئەم دیسپلینانە دڵنیاکەرەوە بن، دەتوانین بڵێین کارەکە "لە دەروونەوە" سەرچاوەی گرتووە؛ ئەو کاتە ناتوانین بڵێین کە بکەر ناچار بووە ئەو کارە ئەنجام بدا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەوانەیە لە ئاستی بەڕێوەبردنی دەستەبالایی sovereign management کارەکاندا خوا هەستێ بەئەنجامدانی کارێک کە بکەر بەتایبەت لە هەلومەرجێکی تایبەتی وەهادا خۆی ببینێتەوە و جۆرە زەینێکی چنگ بکەوێ، لەو هەلومەرجەدا بەتەواوی ئەنجامی هەمان ئەو کارە هەڵبژێرێ کە خواست

و بڕیاری خوایە[٢٣].

ئەو دیدگەیانەی لە سەرەوە خستمانە ڕوو، دەتوانرێ پێی بگوترێ دیدگەی گونجاو [لە نێوان هۆکار و] ئازادی ئیرادە Compatibilist of free will (لەبەرئەوەی ئەو بڕوایە هەیە کە ئازادی ئیرادە گونجاوە لەگەڵ حەتمییەتی هۆکار deterministic causation) هەر وەک بینیمان ئەم دیدگەیە بەتەواوی کۆیە لەگەڵ ئەو دیدگەیەی کە بڕوای بە دەسەڵاتداریەتی پەتی خوا هەیە (بەپێی ئەوەش خوا دیاریکەری ڕەهای هەموو کارەکانی واقیعە). زۆر لە فەیلەسووف و خواناسە کارامەکان بەم شێوە ڕێبازە رازی نین بۆ تێگەیشتن لە ئازادی ئیرادە، بە بڕوای ئەوان ئازادی ئیرادەیە بەم شێوەیە بەس نییە بۆ ئەوەی لە ڕووی ڕەوشتەوە وا لە مرۆڤ بکا بەرامبەر بەو کارانەی دەیکات بەرپرسیار بێ. بەپێچەوانەوە. یەکێ لە فەیلەسووفەکان لەبارەی ئەم ڕایەوە گوتویەتی: بەمەرجێک کەسێ لە ئەنجامی کارێکدا ئازادە کە "بتوانێ ئەنجامی کاری A هەڵبژێرێ یان ئەنجامی کاری A هەڵنەبژێرێ. A و دژەکەی A " هەردووکیان دەتوانن لە واقیعدا ڕوو بدەن، ئەوەی بە ڕاستی ڕوو دەدا، هێشتا دەستنیشان نەکراوە."[٢٤]، ئەم بۆچوونە لەبارەی ئازادی مرۆڤ (کە زۆرجار بە ئازادی ئیرادە liberation free will ناو دەبرێ) لەگەڵ ئەو بۆچوونە کۆک نییە کە دەڵێ خوا لە ڕێگەی توندوتۆڵکردن و دەستنیشانکردنی هەلومەرجە پێشینەکان، هەر لە پێشەوە ئەنجامەکان دەستنیشان دەکات. بەپێی ئەو بۆچوونە لە بارەی ئازادی ئیرادەوە، تەنانەت ئەگەر هەموو هەلومەرجە لە پێشینەکان بەتەواوی یەکسان بن، دەکرێ ئەنجامەکان بە تەواوی جیاواز بن. بەرامبەر بەمەش ئاشکرایە کە "ئازادی ئیرادە" بەتەواوی ناگونجێ لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەهای خوایی (بەپێی ئەو پێناسەی لە سەرەوە خرایە ڕوو). بە بڕوای زۆر لە پەیڕەوانی خواناسی تاکپەرستی ئەم کارە بە تەواوی جێگەی ڕازیبوونە، ئەوان ئەم شێوە دەسەڵاتدارە بەهێزەی فەرمانڕەواییەی خوا بە پێویست نازانن. ئەو بۆچوونەی کە بەشێوەیەکی فراوان مەقبوولە ئەوەیە کە خوا ئەنجامی مرۆڤەکان نە هەڵدەبژێرێ و نە دەستنیشانیشی دەکات، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو پێشتر بەوردی و بەدرێژی دەزانێ کە مرۆڤەکان چۆن هەڵبژاردنانە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە.

ئایا ئەم بۆچوونە بەڕاستی لەگەڵ ئازادی مرۆڤ بە مانا واقیعییەکەی گونجاوە؟ مەسەلەی زانیاری لە پێشینەی foreknowledge خوا و ئازادی مرۆڤ دوو هەزار ساڵە کە باس و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێ، بەڵام هیچ ڕایەکی یەکگرتوو لەبارەی ئەو بۆچوونە دروست نەبووە. لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیە لەم ٢٥ ساڵەی دواییەدا بە ڕژدی خراوەتە بەر لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە. بۆ ئەوەی خوێنەران لە بنەچەی ئەم مەسەلەیە بگەن، نموونەیەک لەو سەلماندنانە دەخەینە ڕوو کە بەڕپا کراوە لەبارەی لایەنگیری ناگونجاوی زانیاری لە پێشینەی [خوا] و ئازادی ئیرادەی [مرۆڤ] کەسێک بە نێوی ویل کلارنس Will Clarence بێننە بەرچاوی خۆتان کە حەزی لە پەنیری سپییە. ئایا سبەینان زوو کلارنس پەنیری سپی دەخوا یا نەخێر؟ سەلماندنەکە بەم شێوەی ژێرەوە

بەردەوام دەبێ:

١- لە حاڵی حازردا، ڕاستە کە "کلارنس سبەینێ لەگەڵ قاوەڵتیدا پەنیری سپی دەخوا" (ئەمە سەرەتایە).

٢- مەحاڵە لە هەر زەمەنێکدا خوا بڕوای بە شتێکی درۆ هەبێ، یان بڕوای نەبێ بە کارێکی ڕاست (پێشەکی: زانینی ڕەهای خواوەند).

٣- خوا هەموو کات ئەو بڕوایەی هەیە کە کلارنس بۆ سبەینێ لەگەڵ قاوەڵتیدا پەنیری سپی دەخوا (ئەنجامی یەکەم و دووەم).

٤- ئەگەر خوا هەموو کات بڕوای بەکارێکی دیاریکراو بێ، کەواتە هیچ کەسێک ناتوانێ کارێ بکا کە خوا بەردەوام بڕوای بەو کارە نەبێ. (سەرەتا: ڕابردوویەکی نەگۆڕ).

٥- لەبەرئەو هۆیە، کلارنس ناتوانێ کارێک ئەنجام بدا کە خوا بەردەوام بڕوای نەبووە کە ئەو سبەینان هەڵدەستێ و پەنیری سپی دەخوا. (ئەنجامی پێشەکی یەکەم و دووەم).

٦- ئەم دوو کارەی ژێرەوە مەحاڵە هەردووکیان ڕاست بن: "خوا بەردەوام بڕوای وا بووە کە کلارنس بۆ قاوەڵتی بەیانیان پەنیری سپی دەخوا" و "کلارنس لە ڕاستیدا [بۆ قاوەڵتی] پەنیری سپی ناخوا" (ئەنجامی پێشەکی ٢).

٧- لەبەرئەو هۆیە، کلارنس ناتوانێت سبەینێ بەیانی بۆ قاوەڵتی دەست لە خواردنی پەنیری سپی هەڵگرێ (ئەنجامی ٥ و ٦)، هەر لەبەرئەو هۆیەش خواردنی پەنیری سپی کلارنس لە سبەینێ زوو کارێک نییە سەرچاوەکەی لە ئازادی هەڵبژاردنەوە نییە.[٢٥]

تێبینی ئەوە بکەن کە پێشەکی دووەم بڕێتییە لە پێناسەیەک لەبارەی زانیاری ڕەهای خواوەند، بەڵام لەو پێناسەیەدا ئەوە تۆمار نەکراوە کە خوا لە ڕووی لۆجیکەوە دەتوانێ لەبارەی ئەو ڕووداوانە زانیاری هەبێت؛ هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە کلارنس بواری ئازادی هەڵبژاردنی نییە بۆ ئەوەی کە سبەینان قاوەڵتی چی بخوا. ئەگەر ئەم ئەنجامەمان پێ باش بێ (واتە ئەگەر بڕوامان وابێ کە مرۆڤ خاوەن ئازادی ئیرادەیە) لەم حاڵەتەدا وەڵامی ماقوڵ ئەوەیە کە پێناسەیەک لەبارەی زانیاری ڕەها پێشکێش بکەین کە مەرجی ئەوەی تێدا بێ لە ڕووی لۆجیکەوە کارێک بواری کردنی هەبێ (هەروەک لە بەشی پێشوودا خستمانە ڕوو)؛ لەم حاڵەتەدا دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە ڕاستییەکان لەبارەی قاوەڵتی کلارنس لەو کارانەیە کە لە ڕووی لۆجیکەوە ناکرێ خوا زانیاریی لەبارەی ئەو ڕووداوە هەبێ. لە هەمان کاتدا دەبێ تێبینی ئەوەش بکەن کە هیچ شتێک نییە تایبەت بێ بە بڕیاردانی کلارنس لەبارەی خواردنی پەنیری سپییەوە. بەپێچەوانەوە هەرچییەکمان لێرەدا لەبارەی ئەم بڕیاردانە تایبەتییە سەلماند، دەتوانین جێبەجێی بکەین بەسەر هەموو ئەو بڕیارانەی کە کەسانی تر لە هەر زەمەنێکی تردا دەیدەن. کەواتە ئەنجامەکە ئەوەیە کە هیچ یەک لە بوونەوەرەکان بەهیچ جۆرێک توانا و بواری هەڵبژاردنی ئازاد و

ئیرادەی ئازادییان نییە، یان خوا ناتوانێ (لە ڕووی لۆجیکەوە ناتوانێ) پێش ئەوەی ئەم بڕیارانە بدرێن، هیچ زانیارییەکی بنبڕی لەبارەیان هەبێ.

ئایا ئەو سەلماندنەی سەرەوە ڕاستە؟ گفتوگۆی زۆر لەم بارەیەوە کراوە و بەڵگەکانیش ئەوەندە ئاڵۆزن، بەدواچوونیان ئا لێرەدا کارێکە ناکرێ. بەڵاوترین ئەو وەڵامانەی لەبارەی ئەم جۆرە سەڵماندنانە دراوەتەوە بۆ نموونە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە زانیاری خوا لەبارەی هەڵبژاردنی کلارنس بەو جۆرەیە کە بە هیچ شێوەیەک وا لەو ناکات کە ناچاری بکا یان وای لێ بکا کە بڕیار لەبارەی هەڵبژاردنەکەی بدات. بەڵام ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، سەختە تێ بگەیت ئەم بۆچوونە چۆن وەڵامی ئەو سەلماندنە دەداتەوە. ئەو سەلماندنەی لە سەرەوە باس کرا هەرگیز وا ناڵێ کە "زانیاری خوا هۆکاری کردەکەی کلارنسە". ئەو سەڵماندنە تەنیا ئەوە دەڵێ کە "ناکرێ خوا بڕوای وا بێ کە کلارنس لە دواییدا پەنیرە سپییەکە دەخوا، بەڵام لە واقیعدا کلارنس ئەو پەنیرەی نەخوارد". بێگومان ئەم بۆچوونە ڕاستە، هەر وەک پێشتر بینیمان لێکۆڵینەوەکانی پێوەست بەم بابەتە گەلێک ئاڵۆزن، لێرەدا ناکرێ بە دور و درێژی باس بکرێن؛ بۆیە ئەو خوێنەرانەی ئەم بابەتەیان مەبەستە هانیان دەدەین بۆ ئەو نووسینانە بگەڕێنەوە کە پێوەستن بەم بابەتەوە.(٢٦)

بەهەرحاڵ ئاشکرایە پێویستی ئەم ئەنجامگیرییە (واتە ناگونجاوی لە نێوان زانیاری بەربڵاوی خوا و ئازادی ئیرادەی مرۆڤ) بڕێتی نییە لە نەفیکردنی زانیاریی ڕەهای خواوەند. بگرە ئەم کارانە [واتە ئەو شتە پەسەندکراوانەی مرۆڤ هەڵیان دەبژێرێ] بە تەواوی بڕێتین لە کۆمەڵێ ڕاستی دیار و ئاشکرای کۆمەڵێک حەقیقەت، زانیاری خوا لەبارەی ئەو ڕاستییانە لە ڕووی لۆجیکەوە مەحاڵە. ئەگەر هاتو ئەم کارەی کە خوا ناتوانێ ڕوونەی شتە "نەکێشراوەکان" بکێشێ نەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەتوانای ڕەهای ئەو، لەم حاڵەشدا ئەو کارەش نابێتە هۆی زیان گەیاندن بە زانیاری ڕەهای خوا کە دەڵێ خوا ناتوانێ ڕاستییە "نەزانراوەکان" ئەوانەی پێوەستن بە داهاتووی کردەوەکان بە کرداری ئازادانەی لە قەڵەم بدا. هەر کە ئەم ڕاستییانە ئاشکرا بوون، ئەو کاتە خوا یەکەمین کەس دەبێ، زانیاری لەبارەی ئەو ڕاستییانە دەبێ.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بڕوابوون بە زانیاری لە پێشینەی سنووردار پێویست بەوە دەکات کە زانیاری خوا لەبارەی داهاتوو تۆزێک لەوە زیاتر بێ کە زۆربەی ئایینپەروەران بۆی دەچن. ئایا ئەم مەسەلەیە گرفتێکی جیدی نایەنێتە ئاراوە بۆ خواناسان و پەیڕەوانی فەلسەفەی تاکپەرستی؟ ئەم مەسەلەیە ڕوویەکی تری ئەو باسانە پێک دێنێ کە بەردەوام لەبارەی ئازادی ئیرادە و زانینی لە پێشینەوە ئەنجام دەدرێن.

هەمیشەیی خواوەند – بێ زەمەنی یاخۆ نەمری لە زەمەندا

ئایندارن بەگشتی بڕوایان وایە کە خوا هەمیشەییە eternal. ئایا ئەم وەسفە چ مانایەکی هەیە؟ سادەترین و سەرڕاستترین شێوەی دەربڕین ئەوەیە کە بڵێین هەمیشەیی خوا ئەوە دەگەیەنێ کە

خوا شتێکە هەردەم هەبووە و هەموو کاتیش دەبێ. بەم شێوەیە خوا، وەکو زۆربەی کەسانی تر و وەکو هەموو شتێک، بەدرێژاییی زەمەن بوونی هەیە، بەڵام بەپێچەوانەی کەسانی تر، بوونی سەرەتا و کۆتایی نییە. یان بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین خوا لە بێ زەمەندایە timeless.

بەڵام هەندێ لە فەیلەسووف و خواناسەکان هەمیشەیی خواوەندیان بە ناتەواو زانی. بە بڕوای ئەوان خوا بێ زەمەن timeless و بە تەواوی لە دەرەوەی زەمەنە. بەپێی ئەم دیدگەیە خوا دنیا وەکو ئێمە کەسانێکی بێ کۆتایی، چرکە بەچرکە تاقی ناکاتەوە، بگرە خوا هەموو دنیا یەک جار و لە یەک ئانی تەواو هاوزەمەن تاقی دەکاتەوە. ئەوان پێیان وایە خوا داهاتوو و ئێستە و رابردووی نییە؛ خوا بەتەواوی هەیە. هەموو زەمەنەکان هەیە، لە یەک ساتدا بەشێوەیەکی نەگۆڕ و لە ئامادەبوونێکی هەمیشەییدا ئەو ئامادەیە. یان بەپێی تەعبیری ئاگوستینۆس:

> تۆ لە زەمەندا نیت، پێش زەمەن کەوتووی، ئەگەرنا پێش هەموو زەمەنەکان نەدەکەوتی. بەڵام تۆ پێش هەموو شتەکانی ڕابردوو کەوتووی، ئەمەش لەو ڕووەوەیە کە پلە و پایەی تۆ لە هەمیشەیی هەمیشەییدا ئامادەیە؛ تۆ بەسەر هەموو شتەکانی داهاتوو زاڵ بووی، لەبەرئەوەی داهاتوون، کاتێکیش کە دەگەنە جێ دەبن بە ڕابردوو، بەڵام تۆ هەمان ئەو کەسەی کە هەیت و سالەکانی تۆ بەسەر ناچن، سالەکانی تۆ هاتن و چوونیان نییە، لە حاڵێکدا کە سالانی ئێمە داهاتوو و چوونن، و هاتنشیان کارێکە لە بنچکی توانادایە. سالەکانی تۆ هەموویان پێکەوە ئامادەن، لەبەرئەوەی ئامادەبوونی هەموویان بنبڕە، لە هاتنی سالەکاندا ئەوان ناچنە دەرەوە، لەبەرئەوەی ئەوان ڕێکەر نین. بەڵام سالانی ئێمە کاتێک هەموویان پێکەوە ئامادەن مانای وایە نین. سالەکانی تۆ لە ڕۆژێ زیاتر نین، ڕۆژێک کە ڕۆژانە نییە، بەڵام ئەمڕۆیە بۆ یەکجار، ئەمڕۆی تۆ نابێتە سبەی، لەبەرئەوەی لەبەر دوێنێ نەهاتووە. ئەمڕۆی تۆ هەمیشەییە.[٢٧]

یەکێک لەو چاکەکارییانەی کە زۆرجار لەم بۆچوونەدا دۆزراوەتەوە ئەوەیە ئەم بۆچوونە وا پێ دەچێ گرفتی ئازادی و زانیاری لە پێشینە (ئەم بابەتەمان لە بەشی پێشوودا خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە) چارەسەر دەکات. ئەو سەلماندنەتان لە بیرە کە بۆ سەلماندنی ناگونجاوی نێوان ئازادی و زانیاری لە پێشینە خرایەڕوو، لە ڕاستیدا ئەو سەلماندنە لەسەر ئەم بۆچوونە بنیات نرابوو کە خوا پێشتر (لە زەمەنی ڕابردوودا) زانیوەتی کە هەریەک لە ئێمە لە داهاتوودا چی دەکەین. بەڵام ئەگەر خوا بەشێوەیەکی بێ زەمەن هەمیشەیی بێ، ئەم بۆچوونە ڕاست دەرناچێت. بەو جۆرە نییە کە خوا لە ڕابردوودا بزانێ کە ئێمە لە داهاتوودا چی دەکەین. بگرە خوا بەشێوەیەکی بێ زەمەنی زانیاری لەبارەی ئەم ڕووداوانە هەیە، واتە ئەو لەبارەی ئەم بابەتە وەکو ڕووداوێک کە لە زەمەنی ئێستادایە زانیاری هەیە. لەبەرئەوەی تەواوی زەمەنەکان بۆ ئەو زەمەنی ئێستان. بەپێی تەعبیری ئاکزیناس: "ئەو کەسەی بەسەر شەقامێکدا دەڕوا، ئەو کەسانە نابینێ کە لە دوای ئەوەوە دێن؛ بەڵام کەسێک کە لە بەرزییەوە تەماشای هەموو شەقامەکە دەکات، بە یەک چاو تەواوی ڕێبوارانی ئەو شەقامە دەبینێ."[٢٨] ئەڵبەتە ئەم "بەرزاییە" لەبارەی خواوە، بۆ ئەو هەمیشەییە. خواش لەو

حاڵەتەیە کە تەواوی "شەقامی" زەمەن بە یەک روانین دەبینێ، بەڵام ئێمەی رێبوارانی کاتی [ئەو شەقامە]ین، تەنیا ئەو کاتەی بەسەر ئەو شەقامەدا تێ دەپەڕین کاتێ کە وردە وردە لەبارەی ئەو شەقامەوە زانیاری پەیدا دەکەین. بەرامبەر بەوە ئەگەر لە حاڵی حازردا رووداوێک ڕوو بدا، وەک ڕووداوێکی ئازادانە نەیەتە پێش چاو، ناتوانرێ بگوترێ کە هەڵبژاردنی ئەو کارە بەو بەڵگەیە ڕەت کراوەتەوە کە خوا لە زەمەنی ئێستادا بەجۆرێکی هەمیشەیی لەبارەی کارەکانمان زانیاریی هەبووە.

هەروەک چاوەڕوان دەکرێ، سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ئەم ڕێگەچارەیەش جێگەی گفتوگۆیە. بەهەرحاڵ ئەمە تەنیا هۆ و هەروەها گرینگیرین ئەو هۆیانە نییە کە بووەتە هۆی قبووڵکردنی تیۆری بێ زەمەنی خواوەند.

پێ دەچێ ئەو بەڵگانەی بوونەتە هۆی بەڕاست زانینی ئەم تیۆرە، ڕەگی لە فەلەسەفەی یۆنانی و بەتایبەت لە فەلسەفەی نوێی ئەفلاتۆنیدا داکوتاوە؛ بەپێی ئەم بەڵگەیە ئەگەر خوا لە زەمەندا بێ، ئەوە بێ هیچ گومانێ دەگۆڕێ و ئەم سیفەتەش ناکرێ ببەخشرێت بە "بوونەوەرێکی واقعییانەی پەتی". ئەم بەرگریکردنە نوێیە لە تیۆری "بەرگریکردن لە بێ زەمەنی" بۆ ئەم باسەی ژێرەوە زیاد کراوە:

بوونەوەرێکی ئا لەم شێوەیە [هەروەک بوونەوەرە کاتییەکان] کە لە بنەڕەتەوە نەمر نییە، ناتوانێ بنیاتی بوون بێ. ستوونی تۆندوتۆڵی بەردەوامدەبێ بوونەوەرێکی زیندوو، نەگۆڕ و کرداری پەتی بێ، بەردەوامی زەمەن لە بێهوودەیی زیاتر هیچی تر نییە، دەبێ ئەو بوونەوەرە وا بناسرێ کە بەردەوامییەکی ڕاستییە [واتە بێ زەمەنە].(٢٩)

بابەتی بڕوابوون بەبێ زەمەنی خوا لای فەیلەسووفەکانی ئاین جێگەی گفتوگۆیە. پێ دەچێ ئاراستەی مرۆڤ بەرەو ئەم بۆچوونە لەم ساڵانەی دواییەدا بەرەو کەمبوون چووبێ و ئارەزووی مرۆڤ زیاتر بەرەو ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێ خوا لە زەمەندا نەمرە، ئەم بۆچوونە لەبەر ٢ هۆ خەڵکی پێی باشە، یەکەم لەبەرئەوەی تێگەیشتنی ئاسانە و هەروەها ئاشکرایە کە گونجاوی زێدەتری لەگەڵ کتێبی پێیرۆزدا هەیە (لەبەرئەوەی کتێبی پیرۆز خوا بەو جۆرە دەناسێنێ کە لە زەمەن و مێژوودا خاوەندارە). سەرەڕای هەموو ئەمانەش تیۆری "بێ زەمەن بوون" هەروا لایەنگر و بەرگیرکەرانی بە توانای هەیە. ئێمە لە باسەکانی پێشوومانداد لەبارەی سیفەتە هەمەچەشنەکانی خوا، خوامان وەک بوونەوەرێکی نەمر لە زەمەندا ناسی، لەبەرئەوەی ئەم کۆنسێبتە هاودەمتر و مەفهومتر بوو. بەڵام هەمان ئەو سیفەتانە دەکرێ بە گۆڕانکاری و دەستکاریکردنێکی گونجاو ببێتە بەشێک لە سیفەتەکانی خوای بێ زەمەن. لەم حاڵەدا جیاوازیی نێوان ئەم چەمکە دژانە، بەتەواوی لەنێو گوماندا دەمێنێتەوە(٣٠).

لێرەدا لە ئەنجامی ئەو باسەی لەبارەی بۆچوونی تاکپەرستی کردمان، بەئەنجامێک دەگەین. ئەم بۆچوونە لە ڕووی لۆجیکەوە پێ دەچێ گونجاو بێ، هەرچەندە کاتێک تێبینی ئاڵۆزییەکانی ئەو

کارانه دەکەین، بەسەختی دەتوانین یەقینێکی بنبڕمان لەبارەی ئەو بۆچوونە لا دروست بێ. ئەم بۆچوونە، وەچە لە دوای وەچە فەیلەسووف و خواناسەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و تووشی سەرسامی کردوون. بەڵام ئایا ئەم ڕایە لەمە زیاترە؟ ئایا ئەم بۆچوونە دەکرێ بە بوونەوەرێکی واقیعی بوترێ، ئەو بوونەوەرەی کە بە ڕاستی خالق و سەرپێ وەستاوە و خوا نییە، و لە کاروباری ئەم دنیایەدا (بەتایبەت لە ژیانی بەندەکانی خۆی) لە سەرچاوەی ڕەحمەت و تواناوە هەڵسوکەوت دەکات؟ ئەمە پرسیارێکە دەبێ لە بەشەکانی داهاتوودا کاری لەسەر بکەین.

پرسیارەکانی ئەم بەشە

١- بە کورتی باس لەو وێنەیە بکە کە لەبارەی خوا کێشراوە لە چیرۆکەکەی شڤتاکتۆ و باوکیدا، ئایا ئەم بۆچوونە تا چ ڕادەیەک جیاوازیی هەیە لەگەڵ تێگەیشتی تۆ لەبارەی خوا؟

٢- وێنەی خوا چۆن کێشراوە لەو ئاینانەی تۆ پێی ئاشنای؟ ئەو جیاوازییە چییە لەگەڵ ئەو وێنەیەی تۆ دەیبینی و ئەو وێنەیەی کە خواناسی تاکپەرستی (بەپێی شەرحی بەشەکە) لەبارەی خوا دەیکێشن؟

٣- بەپێی بۆچوونی ئێوە، ئایا ڕاستە ئەگەر بڵێین: دەبێت تەنیا ئەو خوایە شایانی پەرستن بێ کە خوایەکی ڕەها و بالایە؟ ئەمە شی بکەرەوە؟

٤- مەبەست لەم وتەیە چییە کە دەڵێ خوا "بوونێکی پێویست و ئەرکە"، ئایا بە بۆچوونی تۆ گەر هەمووان ڕایان لەسەر خوا هەبێ، دەبێ خوا بەڕاستی بوونێکی پێویست و ئەرک بێ؟ قسە لەسەر ئەمە بکە.

٥- مەبەست لەو وتەیە چییە کە دەڵێ "خوا خوڵقێنەرە" بۆچی چەمکی خوڵقێنەر بەشێکی گرینگ لە چەمکی خوا پێک دێنێ؟ ئەم بۆچوونە ڕوون بکەرەوە؟

٦- ئایا ئەو کاتە ئێمە وێنەیەکی گشتگیرمان لەبارەی خوا هەیە کاتێ کە خوا جیاواز لە دنیا دەبینین (بەپێی بۆچوونی خواناسی تاکپەرستی کلاسیکی) یان ئەو کاتەی بڕوامان وایە کە خوا دنیای خستووەتە نێو خۆیەوە (بەپێی بۆچوونی پەیڕەوانی پرۆسەی بەخوابوون)؟

٧- ئایا ئەگەر هاتو کەسێک وتی، خوا ناتوانێ کارێک ئەنجام بدا ئەگەر لە ڕووی لۆجیکەوە ئەو کارە مەحاڵ بێ (بۆ نموونە یاساکانی ماتماتیک بگۆڕێ)، بەم وتنە، ئەو کەسە لە پلە و پایەی خوای ناهێنێتە خوارەوە؟ ئایا وا باشترە بڵێین خوا دەتوانێ بەشێوەیەک لە شێوەکان هەستێ بە ئەنجامدانی کاری زاڵمانە و هەڵخەڵەتێنەرانە، یان ئەوەتا بڵێین خوا ناتوانێ ئەم جۆرە کارانە ئەنجام بدا؟

٨- ئەگەر خوا سوود لە هەردوو هێزی ئیلزامی و ڕازیکەر وەرگرێ (بەپێی خواناسی تاکپەرستی کلاسیکی) ئەو کاتە مەزنتر و کاملترە، یان ئەگەر هاتو بەتەواوی سوودی لە هێزی ڕازیکردن

هەوڵنامەی کتێب

وەرگرت (بەپێی پرۆسەی بەخوابوون)؟

۹- ئایا لە پێناسەکردنی هێزی خوا و دەسەڵاتی خوا بەسەر دنیادا، پێویستە توانای سەربەستی هەڵبژاردنی مرۆڤ بە پارێزراوی بمێنێتەوە؟ ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، ئایا پێناسەی هەڵبژاردن چۆن دەکەیت؟

۱۰- ئەگەر ئاشکرا بوو کە کۆکردنەوە لە ڕووی لۆجیکەوە مەحاڵە لە نێوان زانیاری ڕەها و هەمەلایەنی خوا لەبارەی داهاتوو و هەڵبژاردنی مرۆڤەکان، ئەو کاتە کام لەوانە لە پێشترە هەیە؟ باسی ئەمە بکە.

سەرچاوە:

PETERSON Michael, HASKER William, REICHENBACH Bruce, BASINGER

Oxford University press 1991

پەراوێزەکان:

1- Niniam Smart, The Religious Experience of Mankind, 3rd ed.)New Yourk: Scrinene,s, 1984), p.106.

۲- بۆ ئاشنابوون لەگەڵ پرۆسەی تیۆلۆجی، بڕوانە:

John B.Cobb and David Ray Griffin, Process Theology: An Introductory Exposition (Philadelphia: Westminster Press, 1976).

لەم کتێبەی خوارەوە هەموو ئەو ڕوانینانەی کە قوتابخانە جۆراوجۆرەکان و دانتا لەبارەی دوایین ڕاستی هەیانە بە چاکی باس کراوە:

John M. Koller, Oriental Philosophies, 2nd ed. New York: Scribner,s 1985), pp.82-99

تێبینییەک لەبارەی زاراوەکان: لە سەرتاسەری ئەم بەشەدا کاتێک زاراوەی خواناسی و یەکتاپەرستی بە بێ هیچ کۆت و پابەندبوونێ بەکار دەهێنرێ، پێش هەموو شتێک مەبەست لە خواناسی یەکتاپەرستی کلاسیکییە؛ هەندێ لەو مەسەلانەی لەبارەی خواناسی یەکتاپەرستی دەگوترێ [ئەڵبەتە نەک هەمووی] لەبارەی پرۆسەی بەخوابوونیش ڕاستن.

۳- ئەم خاڵە جێگەی مشتومڕ و ناکۆکی نییە. یەکێ لە فەیلەسووفەکان گوتوویەتی ڕەنگە ئێمە دووچاری دوودڵی و پەشیمانی نەبین کاتێ کە دەزانین خوا زانیاری لەبارەی هەندێ لە زانستی ناگرینگی وەک ماتماتیک نییە. بەتایبەت ئەگەر خوا بیویستایە، دەیتوانی لەبارەی ئەو زانستانە زانیاری هەبووایە (ڕەنگە کاتی بۆ ئەو جۆرە کارانە نەبووبێ).

ئەم بۆچوونە ڕەنگە ڕاست بێ و ڕەنگە ڕاست نەبێ. بەڵام گەر ڕاست بێت، ئەگەری ئەوە هەیە ئێمە هەست بە دوودڵی و پەشیمانی نەکەین، لەبەرئەوەی ئێمە لەم هەلومەرجەدا، بەڕاستی هەست بەوە ناکەین کە لە پلەی خوا دابەزیوە و یان تووشی ناکۆکییەک بووە، بەهۆی نەبوونی زانیاری لەبارەی فلان

هەوالنامەی کێبڕکێ

مەسەلە لە مەسەلەکان. بەڵام وای دانێ کەسێک بێ و بڵێ خوا لەبارەی ئەو شتانە ناتوانێ زانیاری هەبێ، واتە بڵێ: "خوا مامۆستای وانەی جەبرە، بەڵام پێ دەچێ توانای ئەندازەیی بۆشایی نەبێ". زۆر پێ دەچێ ئەگەری ئەوە هەیە تووشی سەرلێشێواندنمان بکات، لەبەرئەوەی لەم حاڵەتەدا پێ دەچێ بەم کارە بڕێک لەو پایە پتەوەی بۆ خوا لە بەرچاو گیراوە بێتە خوارێ.

4- St. Anselm: Basic Writings, tr. S. N. Deane (LaSalle, IL: Open Court, 1962), P7

٥- بێگومان دەتوانین ئەوە بخەینە ڕوو کە بە زۆری خەڵکی جۆرە خوایەکیان پەرستووە کە زۆر کەمتر بووە لە بۆچوونی "بوونی کاملّ". بەڵام ئەم بابەتە لەبەر دوو بەڵگە بەربەستی گرینگ نییە: یەکەم، ڕەنگە ڕەفتارە ئاینییەکان ئەوانەی دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە، پشتڕاستی تەواو (بەو مانا توندوتۆڵەی کە لەم بەشەدا پێشکێشمان کرد) نەبن بۆ چەمکی پەرستن. دووەم، کاتێ بەشێوەیەکی گشتی ئاشکرا دەبێ کە ئەو خوا تایبەتییانە، خاوەنی ئاستی کەماڵ و باڵایی نین، ئیتر ئەو خوایانە ناخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەی ڕژدەوە. لەبەر هەمان هۆیە کە لە کولتوورە زۆر پێشکەوتووەکان وردەوردە پەرستنی فرەخوایی بەرەو لەناوچوون چووە.

٦- ئەو کتێبە نوێیەی ئەم ناوەڕۆکەی لێک داوەتەوە، بریتییە لە:

Thomas V. Morris, Anselmian Explorations: Essays in Philosophical Theology (Notre Dame, IN: University of Notre Dame Press, 1987).

٧- پەیڕەوانی پرۆسەی بەخوابوون پێیان وایە خوا "بوونەوەرێکی تێروتەواو ڕەهایە"، بەڵام هەر بەو جۆرە دەبینین ئەو ئەنجامانەی کە لە بارەی مەدلوولە تێر و تەواوەکان دەستمان دەکەون تۆزێ جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. ڕەنگە ئاینی یەکتاپەرستی پێی وابێ خوا "پێرفێکتە"، بەڵام پێی وا نییە کە بوونێکی تێر و تەواو بێ، لەبەرئەوەی بەپێی ئەم ئاینە بەشێوەیەکی گشتی خوا بوونێک نییە.

٨- دەبێ تێبینیی ئەوخاڵە بکەین ئەگەر خوایەک نەبوایە و جۆرێک لە میتافیزیقی ماتەریالیستی باوەڕپێکراو بوایە، لەم حاڵەتەدا شیمانەی ئەوە هەبوو کە ماتەریال، ماتەریالی ـ وزە بەو مانایە کە وتمان پێویست و خۆوەستاو دەبوو، بەڵام ئەگەر ئەوانەی بڕوایان بەخوایە بۆچوونەکانیان ڕاست بوایە، ئەوە بوونەوەری ماتەریالی لە بناخەوە پشت بە خوا دەبەستێ.

٩- بۆ ئاشنابوون لەگەڵ بەڵگەکانی کانت بڕوانە:

Immanuel Kant," The Ideal of Pure Reason," in Critique of Pure Reason tr. N. K. Smith (New York: St. Martin,s Press 1965), pp. 487-507,

١٠- بڕوانە:

Robert Merrihew Adams," Has It Been Proved That All Real Existence Is Contingent?" And " Divine Necessity," both in The Virtue of Faith (New York: Oxford University Press, 1987); also Alvin Plantinga, The Nature of Necessity (New York: Oxford University Press, 1974).

١١- تێبینی ئەم خاڵە بکەن، کاتێک ئێمە دەڵێین خوا "بەکەسبووە"، ئەمە بەو مانایە نییە کە خوا کەسێکە.

بۆچوونی دووەم جێگەی گفتوگۆیە و تەنیا لەلایەن هەندێ لەوانەی کە بڕوایان بە خوایە قبووڵ کراوە و هەمووان پێی ڕازی نین. بەپێی پرەنسیپی بڕوای مەسیحی لەمەڕ سێیەنەوە، سێ کەس لە خوای تاکدا بوونیان هەیە ئەو سیانەش بریتین لە باوک و کوڕ و ڕوحی پیرۆز: ئەم کەسانە دەتوانن لە یەک کاتدا لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ کەسانی خوڵقێنراو پێوەندیی کەسانە بەرپا بکەن. بەڵام ئیسلام و جوولەکە بە دڵنیاییەوە پرەنسیپی بنەڕەتی سێیەنە ڕەت دەکەنەوە.

داماڵراوە لە دوانەیی دەگەڕێتەوە کە پاڵاوترین شێوەی vedanta ئەم وتنە لە بنەڕەتەوە بۆ قوتابخانەی ڤیدنتای

پانتیزمە لە ئاینی هیندۆیزمدا. ئاشکرایە لە هیندۆیزم بۆچوونی ڕێگە پێدراو لەبارەی مەسەلەی خوای جۆراوجۆر تا ڕادەیەک سنووردارە. زۆر لە هیندۆسەکان خوای بەکەسبووی وەکو فیشنۆو شیڤایان دەپەرست و هەندێ کات دەوترا ئەم خوایانە بریتین لە "جیلوەکانی (دیمەنەکانی") براهما.

13- Alfred North Whitehead, process and Reality, Corrected ed. , ed. David Ray Giffin and Donald W. Sherburne (New Yorkf: Free Press, 1978), P. 351.

14- Whitehead, Process and Reality, p. 348

١٥- دەبێ ئەوە بزانیت کە بۆچوونمان لەبارەی توانای ڕەهای خوا و هەموو سیفەتە خواییەکان ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن لە دەرککردنی ئێمە لەبارەی "مەسەلەی دزێو"ی. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە بەشی شەشەم.

١٦- پێ دەچێ باشترین ڕێگەچارەی ئەم مەسەلەیە جۆرج ماڤرۆدس لەم سەرچاوەیەی ژێرەوە خستوویەتییە ڕوو:

George Mavodes," Some Puzzle Concerning Omnipotence, " Philosophical Review 72 (1963): 221-23.

وەڵامەکەی دەتوانین بەم بڕیارەی خوارەوە بیخەینە ڕوو: ڕاگەیاندنی ڕاستی کارێک کە لەم پرسیارەدا لە خوا یان ئەوەیە: دروستکردنی بەردێکە کە خوا نەتوانێ بەرزی بکاتەوە. بەپێی پێناس خوا، بوونەوەرێکی خاوەن توانای بێ سنوورە، بەرامبەر بەمەش ناکۆکییەکی دەروونی هەیە لە چەمکی ئەو بەردەی کە ئەو توانای هەڵگرتنی نەبێ. لەم حاڵەدا، دروستکردنی ئەو شێوە بەردە، کارێکە لە ڕووی لۆجیکەوە مەحاڵە و بێ توانایی خوا لە ئەنجامدانی ئەو کارە بەهیچ جۆرێک مایەی بێ توانایی ڕەهای ئەو نییە.

١٧- هەندێ لە فەیلەسووفان بڕوایان وایە ڕستەی "مارتا یەکشەمەی ڕابردوو شووی کرد" ڕستەیەکی پێوەندی بە زەمەنەوە هەیە، بەڵام ئەو مەسەلەی لە قالبی ئەو ڕستەیەدا بەیان دەکرێت پێوەندی بە زەمەنەوە نییە و بەهای ڕاستی ئەو ڕستەیە بەدرێژاییی سەردەم ناگۆڕێ. بەڵام لە حاڵی حازردا وا دەردەکەوێ کە ڕای زاڵ ئەوەیە ئەم ڕێگەچارەیە ڕێگەچارەیەکی باش نییەو ناچارین بوونی ئەو مەسەلانە قبووڵ بکەین کە پێوەندییان بە زەمەنەوە هەیە.

١٨- دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە فەیلەسووفی ئاین ناتوانێت هەردەم بێ لایەن بمێنێتەوە لەبارەی ماهییەتی

ڕەوشـــتی چاکـــە ؛ ئەو بۆچوونەی لێـــرەدا دەوترێ، کـــارێگەرییـــەکی گـــرینگی هـەیە بـەلایەنـی ڕووبەڕووبوونەوەی تاک لەگەڵ مەسەلەی خراپەدا .

١٩- لەبارەی ئەم بابەتە بڕوانە:

Bruce Reichenbach, Evil and a Good God (New York: Fordham University Press, 1982), 7. chap.

20- Chief Works of Benedictus de Spinoza, vol. II, trans. R. H. M. Elwes (New York: Dover, 1955), chap7.

21- (Albany, NJ: suny Press, 1984).

٢٢- بۆ ڕەخنەگرتنێکی هەمـەلایەنە لە دیدگـەی پرۆسـەی خـوایی لەبارەی بۆچوونـی لەبارەی توانای خـوا، بڕوانە:

David Basinger, Divine Power in Process Theism: A Philosophical Critique (Albany: SUNY Press, 1988).

٢٣- بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەبارەی ئەم ڕایە و هەموو ئەو ڕایانەی لەم بەشەدا خراونەتە ڕوو بڕوانە:

David Basinger and Randall Basinger, eds. , Predestination and Free will: Four Views of Divine Sovereigny and Human Freedom (Downers Grove, IL: Inter Varsity Press, 1986).

24- David Basinger," Middle Knowledge afnd Classical Christian Thought, " Religious Studies 22 (1986): 416.

25- William Hasker, God, Time, and Knowledge (Ithaca, NY: Cornell University Press, 69. 1989) , p.

٢٦- ئەو دوو کتێبە تازەیەی لەبارەی ئەم بابەتە نووسراون بر یێتین لە:

Jonathan L. Kvanvig, The Possibility of an All-Knowing God (New York: St. Martin,s, 1986); and William Hasker, God, and Knowledge; and Linda Zagzebski, The Dilemma of Freedom and Foreknowledge (New Yourk: Oxford University Press, 1991)

27 - The Confessions of St> Augustine, trans> Edward B. Pusey (New Yourk: Random House, 1949), 11, pp252-53.

28- Thomas Aquinas,m Summa Theologiae, trans. Fathers of the Engilsh Dominican Privince, 2nd ed.)London: Burnes, Oates & Washbourne, 1920), I, 14, 13, reply obj.3.

29- Eleonore Stump and Norman Kretzman, "Eternity,"Journal of Philosophy 79 (1981): 444-85.

٣٠- باشـتـرین و نوێتـرین شـەرح لە وتاری Eternity لە نووسـینی Stump و Kretzmann دۆزرایەوە، بۆ

ئەوەی زیاتر لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوە بکەیت، بڕوانە:

Kvanvig, pp. 150 - 17 and Haskler, pp. 144 - 85

بڕێک سەرچاوەی تر بۆ خوێندنەوەی زیاتر

Basinger, David. Divine Power in Process Theism: A Philosophical Critique. Albany: SUNY Press, 1988.

Basinger, David, and Randall Basinger, eds. Predestination and Free Will:

Four Views of Divine Soverignty and Human Freedom. Downers Grove, IL: Inter Varsity Press, 1986.

Gobb, John B. ,and David Ray Griffin. Process Theology: An Introductory Exposition. Philadelphia: Westminster Press, 1976.

Davis, Stephen T. Logic and the Nature of God. Grand Tapids, MI: Eerdmans, 1983.

Hartshorne, Charles. Omnipotence and Other Theological Mistakes. Albany: SUNY Press, 1984.

Hasker, William. God, Time, and Knowledgy. Ithaca, NY: Cornell University Press, 1989.

Kenny, Anthony. The God of the Philosophers. Oxford: Oxford University Press, 1979.

Koller, John M. Oriental LPhilosophies, 2nd ed. New York: Scribner,s, 1985.

Kvanvig, Jonathan L. The possibility of an All- Knowing God. New York: St. Martin,s Press, 1986.

Nash, Ronald H. T. Grand Rapids, MI: Zondervan, 1983.

Stump, Elenore, and Norman Kretzmann. Eternity Journal of Philosophy 79 (1981): 444-45.

Swinburne, Richard. The Cohrence of Theism. Oxford: Oxford University Press, 1979.

Wierenga, Edward R. The Nature of God: An Inquriy into Divine Attributes Ithaca, NY: Cornell University Press, 1989.

هەولێرە بۆ خوێندنەوە

پێویستە ئەفغانستان
مافەکانی ئافرەتان بپارێزێ

لوورا بوش

وێنەی دڵتەزێنی ئەو ئافرەتە ئەفغانییەی رووەتی شێوێنرابوو لەسەر بەرگی کۆواری تایم مەگەزین لەم هاوینەدا، ئەوەی بەتوندی بیر خستینەوە کە هێشتا ڕێژەی سزادان لە ئەفغانستان بەرزە و بەرەنجامەکانی شکستهێنانیش لەوێ زۆر ڕێندانە دەبێ، بەتایبەت بۆ ئافرەتان.

ڕۆژی هەینی بیبی ئایشەم لە کالیفۆرنیا بینی کە سوپاس بۆ سۆز و میهرەبانیی زۆر کەس و ڕێکخراو، نەشتەگەریی جوانکاری بۆ کراوە و بڕینی ڕێگەی دوور و درێژی چاکبوونەوەی دەست پێ کردووە. زامە بەرچاوەکانی شێواندنەکە بەتێپەڕینی کات ساڕێژ دەبن، بەڵام چاکبوونەوەی ئەو برینە عاتیفی و سایکۆلۆجیانەی بەهۆی ئەشکەنجەدانیەوە لێی کەوتووە، زۆر سەختتر دەبێ.

سەرگوزەشتەی بیبی ئایشە و تەشەنەکردنی توندوتیژی و تۆقاندن دژ بە ئافرەتانی ئەفغانستان پرسیاری زۆر ڕووبەڕووی ئەوانە دەکاتەوە کە دەیانەوێ ئەو دیموکراسییەتە تازەپێگەیشتووە بنیات بنێن. ئایا ئەفغانستان مافی سەرجەم هاوواڵتییانی دەپارێزێ، یان دەبێتە ئەو دەوڵەتەی لە ئاست چەوساندنەوەی ئافرەتانیدا بێباکە؟

ئەم پرسیارانە بۆ ئەوانەی ئەمڕۆ دەیانەوێ ئاشتی و ئاشتەوایی لە ئەفغانستان بێننە دی، گرینگن.

نۆ ساڵ لەمەوبەر زۆربەی خەڵکی دنیا ئاگای لەو سەرکوتکردن و درندەییە هەبوو کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی تاڵیبان لە ئەفغانستان دژ بە ئافرەتان باو بوو. کچان بۆیان نەبوو بچنە قوتابخانە. ژنان لە ماڵەکانیان بەند کرابوون و ڕێگەی چوونە لای پزیشکیان پێ نەدەدرا لەو کاتەی

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عومەر عەلی

نەخۆش دەکەوتن. هەروەها ئەفغانستان بەرزترین ڕێژەی مردنی منداڵ و دایکانی لە جیهاندا تۆمار کردبوو.

ئەمڕۆ خۆشبەختانە چەندان نیشانەی پێشکەوتن بەدی دەکرێ. زیاتر لە ٦,٢ ملیۆن قوتابی ناویان لە قوتابخانەکانی ئەفغانستاندا تۆمار کراوە کە ٣٥٪یان لە کچانن. ئافرەتانی ئەفغانستان وەک وەزیر و سەرۆکی ویلایەتەکان لە حکوومەتدا خزمەت دەکەن. هەروەها ئافرەتان بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) هەڵبژێردراون یان کاندید کراون. ژنانی ئەفغانی وەک بەڵێندەر، مامۆستا و ڕابەری پەروەردەیی، پارێزەر و کارمەندی تەندروستی کار دەکەن. هەروەها کارەکانیان بایەخی گەورەی بۆ پێشکەوتنی ئەفغانستان هەیە.

بەڵام هێشتا چەندان هەڕەشەی جیدی ماون. هێشتا کولتووری ترس ئافرەتان بێدەنگ دەکات. لە زۆر ناوچەی گوندنشیندا ئەوانەی زات دەکەن وانە بڵێنەوە نامەی هەڕەشەیان پێ دەگات، هەڕەشە نەک تەنیا لە خۆیان بگرە لە منداڵەکانیشیان. ئەگەرچی دەستووری ئەفغانی ٢٥٪ی کورسییەکانی پەرلەمانی بۆ ئافرەتان تەرخان کردووە، بەڵام تیرۆرکردنی چەندان ئافرەتانی ناسراو وای کردووە زۆر لە ئافرەتان لە ژیانی گشتی بکشێنەوە. لەوانەیش کە ماونەتەوە، زۆریان

لە ترسا بێدەنگییان هەڵبژاردووە.

ئەگەرچی هەندێ لە سەرکردە ئەفغانییەکان بەرگری لە مافەکانی ئافرەتان دەکەن و سەرکۆنەی تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەکەن، هەندێکی تریان لەپێناو بەدیهێنانی ئاشتیدا بێدەنگییان هەڵبژاردووە، بەڵام ئاشتییەک لەسەر حسێبی سازشکردن بێ لە مافەکانی نیوەی کۆمەڵ، بەردەوام نابێ. دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانی ئافرەتان ئاسایشی هەموو ئەفغانیەکان، بەپیاو و ئافرەتەوە لەبەین دەبات. هەروەها ئەو کولتوورەی ڕێ بە ناعەدالەتیکردن بەرامبەر گرووپێکی کۆمەڵگەکەی بدا بەدڵنیاییەوە ناتوانێ ڕێز و نرخ ببەخشێتە هاوواڵتییەکانی.

تەنیا چوار ساڵ لەمەوبەر، ژنێکی کوێتی، کە شەڕی لە پێناو بەدەستهێنانی مافی دەنگداندا دەکرد، هاواری کرد "نیوە دیموکراسییەت دیموکراسیەت نییە". ڕاستیی ئەو گوتەیەی لەنێو گەلی کوێتیدا دەنگی دایەوە و هەر لەو ساڵەدا ئافرەتانی کوێتی مافی دەنگدانیان بەدەست هێنا.

ئەمڕۆ وشەکانی ڕۆلا دەشتی داوای لێپرسینەوەی ئەفغانستان و ئەو دەوڵەتانە دەکەن کە تێیاندا ستەم لە ئافرەتان دەکرێ و دەچەوسێنرێنەوە. ئەو دیموکراسییەتەی ڕێ دەدا بەوەی نیوەی دانیشتوانی وڵاتەکەی بەهۆی ترس و تووندوتیژی و تۆقاندنەوە بێدەنگی هەڵبژێرن، دیموکراسییەت نییە. هەروەها ئەو کۆمەڵگەیەی نەتوانێ مافەکانی ئافرەتان بپارێزێ کۆمەڵگەیەکی ئازاد نییە.

پێویستە سەرکردەکانی ئەفغانستان بە کردەوە و پلان بەرگری لە مافەکانی ئافرەتان بکەن نەک تەنیا بە بەڵێن و دروشمی بریق و باق. ئاشتەوایی ڕاستەقینە ناکرێ لەسەر حیسابی بەقوربانیکردنی مافەکانی ئافرەتانی ئەفغانی. کارێکی لەم جۆرە پێشکەوتنەکانی گەلی ئەفغانستان پاشەکشە پێ دەکات و دەیگێڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی دژوارەی لە سەردەمی دەسەڵاتی تاڵیباندا تێیدا دەژیا.

هەڵبژاردەی ڕوون لە بەردەم ئەوانەدایە کە متمانەیان پێ دراوە تا ئاشتی و خۆشگوزەرانی لە ئەفغانستاندا دەستەبەر بکەن. ئایا ئەفغانستان دەبێتە ئەو وڵاتەی پاڵپشتی لە ئافرەتان دەکات و پێگەیان لە کۆمەڵگەدا بەهێز دەکات، یان دەیانچەوسێنێتەوە؟

ئێستە ساتی بڕیاردانە لەو بارەیەوە.

***

* لوورا بوش هاوسەری جۆرج دەبلیو بوشی سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕاوێژکاری فەخریی ئەنجوومەنی ژنانی ئەمەریکا و ئەفغانستانە.

* سەرچاوە: ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)، لە ٢٠١٠/١٠/١٠

ئافرەتی ئەسینی لە سەردەمی کلاسیکیدا

د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام

سەردەمی کلاسیکی ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە ئەسینا و ئەسپارتە بە هێزترین شارەکانی یۆنان بوون، گەشەکردنێکی باشیان بەخۆوە دی. لێ هەر لەو دەمەدا ئەسپارتە لە ترۆپکی شکۆداری و گەشەسەندنی سەربازیشدا بوو. هەروەها ئەسیناش لە ڕووی پێشکەوتنی ڕۆشەنبیری و ئەدەب و هونەرەوە لە سەردەمی زێرینی خۆیدا دەژیا، ئەو سەردەمە ڕەنگە سێ سەدە درێژەی کێشابێ لە کۆتایی حەوتەم تاوەکو کۆتایی چوارەمی پێش زاین. لەو ماوەیەدا شەڕێکی لەناوبەر لە نێوان ئەم دوو ناوچە گەورەیە بەرپا بوو، وەکو زانراوە یۆنانییەکان بوونی دەستوورێکی سیاسییان لە خەیاڵدا نەبووە کە لە دەرەوەی شاریش کار بکا، چونکە هەر شارە و دەستوورێکی تایبەت بەخۆی هەبووە کە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پێوەندیی بە دراوسێکانییەوە ڕێک دەخست... هتد.

بەشێوەیەکی تایبەتی بەلامانەوە گرینگە لە ئەسینا، ئەو شوێنەی کە ئەفلاتۆنی تێدا لەدایک بووە و ژیانی تێدا بردووەتە سەر و قوتابخانەیەکی تێدا دامەزراند و بیروڕاکانی خۆی تێدا ڕێک خست، بارودۆخی ئافرەتی تێدا بخەینە ڕوو کە ئەفلاتۆن لە ژێر کاریگەرییدا بووەوە و بیرکردنەوە و ڕاوبۆچوونە بوێرانەکانی لەبارەی ئافرەتەوە لەوێوە گواستووەتەوە.

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: چنوور نامیق

ئافرەت لە ئەسینا

بارودۆخی ئافرەت لەو سەردەمەدا باشتر نەبووە، تا لە سەردەمی پاڵەوانیەتی تەنانەت لە ئەسینای خاوەن کولتووری پێشکەوتوو و گەشاوەش. کاری سەرەکیی ئافرەتی ڕەسەن بریتی بووە لە بەڕێوەبردنی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ. مەبەستیشمان لە ئافرەتی ڕەسەن هاوواڵتیی ئەسینیی ڕەسەنە، چونکە لەو سەردەمەدا دوو جۆر ئافرەت لە ئەسینادا بوونی هەبووە. ئەمە جگە لە کە نیزەک زۆر بەکەمی ڕێیان پێ دەدرا هەنگاوێ بچنە دەرەوەی ماڵ. ئەو جۆرە ئافرەتە بەهەموو شێوەیەک پێوەند کرابوو. ئەمەش ئافرەتی ئەسینیی ڕەسەنی دەگرتەوە بەبێ جیاوازی، بەڵام بەشی دووەمی لە ئافرەتە بیانییەکان پێک هاتبوون. ئەم جۆرەیان هیچ پێوەند و مەرجێکیان لەسەر نەبوو. هەر کاتێک بیانویستایە دەیانتوانی بچنە دەرەوە و هەرچییان بەگونجاو بزانیبایە دەیانتوانی بە ئەنجامی بگەیەنن.

ئیرەیی ئافرەتە ڕەسەنەکان، بەگرووپی دووەم واتە ئافرەتە بیانییەکان بۆ ئەو ئازادییەی کە هەیانبووە باسی لێوە ناکرێ ئیستەش دەخوازرێ لەسەرمان کە باسێکی پوخت لەبارەی ئەو دوو جۆرەی ئافرەت پێشکێش بکەین. بۆ ئەوەی جوانتر لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئەسینی و بارودۆخی ئافرەت تێ بگەین.

١-ئافرەتی (هاوڵاتی) ئەسینی

هەرچەندە دانیشتوانی ئەسینا لە سی هەزار کەس تێ نەدەپەڕی، بەڵام ئەسینا گەورەترین شاری یۆنانی بوو، بۆچوونێکی بنەڕەتی بڵاو هەبوو، گوایە هەموو خەڵکی پێوەندی خۆیان پێکەوەیان گرێ دەدا هەر هەموشیان لە خواوەندێکەوە هاتوون، مافێکی زۆری سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەیە خاوەنی سامانێکی تایبەتین... هتد هەر بۆیە گرینگ بوو وەچەی ئەو شارە بە پاکی بمێنێتەوە تاکو ئەم ماف و ئیمتیازانە نەگوێزریتەوە بۆ کەسانێکی بیانی. بۆیە بیر و باوەری گشتی ئەوە بوو هیچ کەسێک مافی هاوواڵتیبوونی نەدرێتێ. جگە لەو کەسانەی کە لەدایک و باوکێکی ئەسینین، هەر وەکو ئەم مافانە لە «مواڵکداری مەعنەوی» بچێ کە باوک دەیەوێ بۆ منداڵە ڕاستەقینەکانی خۆی جێی بێڵێ لە پاڵ کەلوپەلە تایبەتییەکانی تر هەر لە زەویوزارەوە... هتد. بەم شێوەیە ئەم کۆمەڵگە باوکسالارانەیە بایەخیان دەدا بەمەسەلەی خیانەتکردنی ئافرەت، ڕێگریش بووە لەوەی وەچەیەکی نامۆ و ساختە بێتە ناویانەوە مافەکانی هاوواڵتیی ئەسینی داگیر بکات. هەروەها دەقاودەق دەسەڵاتێکی فراوانی بە باوک دەدا کە دەست بەسەر خێزانەکەیدا بگرێ. بۆ نموونە بۆ دانەوەی قەرزەکانی یاخود سوودوەرگرتن لە نرخەکەیان. باوک مافی فرۆشتنی کچ یا کوڕی خۆی هەبووە، هەرچەندە یاساکانی سۆلۆن ئەو مافەی لە باوکەکان سەندەوە، بەڵام نەیتوانی لە ناخی یۆنانییەکاندا بنبڕی بکا، لێرە بەدواوە بۆمان دەردەکەوێ ئەم ساماندارییەتییە چۆن کاری

هەوڵنامەی کتێب

کرده سەر تێگەیـــشتنی ئەفلاتـــۆن بۆ خێزان. هەروەها لە گفتوگۆکردن لەسەر (یاساکان)، چۆن ڕێگەی بە باوک دا بۆ کەســانی تر واز لە منداڵەکانی خۆی بهێنێ. لە کاتێکدا متمانەیەکی تەواو بە ئافرەت نەدەکرا. بۆیە دوور لە چاوی پیـاوان خـۆیان لە نهـۆمـە بـەرزەکـاندا حـەشـار دەدا.[١] ئافرەتی ئەسـینی هیچ پێوەندییەکی بە پیـاوەوە نەبووە. چونکـــە دەرچـــوون و ژیانـی گشـتی لە شوێنەکانی کۆبوونەوە و سەر ڕێـــگەکان لە یۆنـــاندا تایبـەت بوون بەڕەگەزی نێر هـەروەها بازاڕ و یانە وەرزشـیـیـەکـان و کـۆڕگـەکـان، شـوینگەلێک بوون تەنیـا پیـاوان تێیـدا چاویان بەیەکتـر دەکەوت.[٢]

ئەوەی ڕاستی بێ شـاری یۆنان لە هـەمـوو ڕوویەکەوە یانەی پیـاوان بووە، لەلای یۆنانییـەکان. ڕێگە بـە ئافـرەت نەدەدرا بەویسـتی خـۆی هاوبەشـی ژیانی هـەڵبـژێرێ، تەنانەت ئەم بـارودۆخـە بۆ پاسـەوانەکانی ئەفلاتۆنیش هـەروا بووە.

ئەوانەی هاوبـەش هـەڵنابژێرن، بۆ هاوسـەرگرتنی کـاتی ڕێگەی پشک لێدانیـان پـەیڕەو دەکرد و تەنیـا مـەسـەلەی چارەنـووسـە.... هـەروەهـا ئـەمـە حـاڵی ئەو هاوسـەرکـارییـانە بـوو کە کـەسـوکـار دەیانسـەپاند، ئەو کارانەش زۆر جار ئەو پیرێژنانە ڕێکیان دەخست کە بۆیان هەبووە بچنە ماڵێکی تردوە.

تەمـەنی ئاسـاییی شـوکـردنی ئافـرەت لە ١٦ یـاخـۆ ١٧ سـاڵان بووە. کە دەبـوو ئەو کـچـە بدرێ بە گـەنجـێک تـەمـەنی لە سی سـاڵیـدا بێ. یـاخـۆ تەمـەنی دوو هێندەی کـچـەکـە بێ. ئەو حـاڵەتە بۆ هاوسـەرگـیـری لای ئەفـلاتۆن و ئـەرسـتـۆش بـەگـونجـاوی مـایـەوە. هـەر ئـەمـەش دەبـووە هۆی دروستبوونی بۆشـاییـیەکی گـەورە لە نێوانیـاندا، چونکە هیچ نزیکایەتییـەک لە تەمەن و کـاملبوونی عـەقڵی و باری خـێزانی و کـاروباری گشـتی ژیان لە نێوانیـاندا بوونی نەبووە.... هتد ئیدی یەکێک لەو مـەرجـە سـەیرانەش ئەوە بوو ڕادە و بـاری ڕۆشنبـیـری ئەو ئافـرەتەی کـە شـووی دەکـرد هیچ کاریگەری و بایەخێکی نەبووە.

بگرە ئەم حـاڵەتە لەناو چینە بەرزەکانیـشـدا هـەر بەو شـێوەیە پـەیڕەو کـراوە. ئەو ئافرەتـەی کە مێردی دەکرد کۆمەڵێ ئەرکی لەسـەر بووە ئەنجامی بدا یەکەمیشیـان بایەخدان بووە بە کاروباری ناومـاڵ. زینەفـۆن دەڵێ «هـەر وەکـو چۆن شـاهـەنـگ لە ناو پوورەدا دەمـێنێتـەوە و سـەرپـەرشـتی هەنگەکـانی تر دەکـات لە کـاتی کـارکـردنیـان بۆیە لای وایە ژنی خـاوەن منداڵیش سـەرپەرشـتی کاروبارەکانی ناوماڵ بکا و چاودێری خەرجی ماڵ بکا و ڕێکی بخات، ئەوەندەی لە مانگێکدا خەرج دەکرێ هـەرگـیـز نابێ هێنـدە بێ کە لە سـاڵێکدا خـەرج دەکرێ، ئەو ئافـرەتانەش کە ئەزمـوونێکی ئەوتۆیان نییـە گیرۆدەی چاودێریکردنی کەنیزە نەخوێشەکانیـان دەبن....هتد[٣] ئەگەر ئافرەت چووە دەرەوە دەبوو ڕووپۆش بـپـۆشـێ. ئـەمـەش تەنیـا لەسـەر ئافـرەتە ڕەسـەنەکـان فـەرز بووە. کـەنیـزەو بیـانییـەکانی نەدەگرتەوە، وەک ئەوەی ئەو ڕووپۆشـە جۆرە ڕیکلامێک بێ کە ئەو خاتوونە مـوڵکێکی

هەوالنامەی گەنج

تایبەتییە و نابێ دەستی پێوە بدرێ... بەڵام کەنیزە و سۆزانییەکان مواڵکی گشتیی سامانداریەتی گشتین. «لاروس» لەبارەی وشەی ڕووپۆشەوە وتی: ئافرەتەکانی یۆنان کە دەردەچوونە دەرەوە ڕووپۆشییان بەکار دەهێنا و بەچمکێکی ڕووی خۆیان دەشاردەوە وەکو چۆن لەلای نەتەوە ڕۆهەڵاتییەکان وابووە. هەروکو چۆن لە چاخەکانی ناوەڕاستیشدا ئافرەت ڕووپۆشی بەکار دەهێنا.(٥)

وەفاداریش ئەرکێکی تری سەرشانی ئافرەتی ئەسینیی مێرردارە بوو، ژنی خیانەتکاریش بە تووندی سزا دەدرا. پاش مێردکردنی نەدەبوو هیچ جێگرەوەیەکی ڕەگەزی بۆ خۆی بدۆزێتەوە. بگرە دەبوو تەنیا پشت بەمێردەکەی ببەستێ، لە کاتیکدا بۆ پیاوەکە وانەبووە و ئەو کۆمەڵێ جێگرەوی هەبووە.لە لەشفرۆش، هاوتوخمی... هتد

میدیا لە شانۆگەریی یوبیدسدا دەڵێ: ئەگەر هاتو پیاو ماندوو بوو لە دەس ژنەکەی لە ماڵەوە دەردەچێ و کۆتاییەک بۆ بێزاریەکەی دادەنێ و دەچێ بۆ لای هاوتەمەن و هاورەگەزێکی خۆی. بەڵام ئێمە ناچار کراوین چاومان تەنیا لەسەر یەک پیاو بێ لە کاتێکدا ئەگەر ئافرەت بێوەژنیش بکەوتایە چونکە دەگەڕایەوە ژێر رکێفی باوک یاخۆ ئەو پیاوەی کە دەیپاراست، بۆیان هەبووە جارێکی تر بەشووی بدەنەوە، دەبوو ژنێ بێ بەسەر هەوا و نەفسی خۆیدا، بگرە پیاوان دەیانتوانی خوشک یاخۆ کچی خۆیان پێشکێش بە پیاوانی تر بکەن لە جیاتی ئەوەی کە بەمێردیان بدەن. دەشتوانرا بنێردرێ بۆ یەکێ لە شوێنە تایبەتییەکانی لەشفرۆشی بێ ئەوەی خاوەنەکەی تووشی هیچ جۆرە سەرزەنشتێک ببێ(٦) ئافرەتیش هیچی ئەوەی نەبووە چاوەڕوان بێ بە بەردەوامی مێردەکەی دڵسۆز بێ بۆی.

سۆفکیلیس لە زمانی دیانیرا Dejania دەڵێ: (ئەگەر سەرزەنشتی مێردەکەم بکەم لەسەر ئەوەی ئالوودەی خۆشەویستییە وا دیارە عەقڵم لەدەست داوە)(٧) ئەم شێوەی دانبەخۆداگرتنە تەنیا لە قسەی شاعیرەکاندا نەبووە بگرە لە زەینی ئافرەتەکاندا وەکو بەشێک لە ئەرکەکانی سەرشانیان چەسپیبوو، هەر وەکو چۆن ئافرەتێکی فیسارگۆرسی گوزارشتی لێ کردووە: ئەرکی سەر شانی ئافرەتە بەرگەی هەموو بارودۆخێکی ناهەمواری مێردەکەی بگرێ. ئەگەر هاتو مێردەکەی کڵۆڵ بوو یاخۆ لە نەزانیندا گوناهێکی لەدەس قەومـا یاخۆ نەخۆش کەوت. یا ئیدمانی لەسەر خواردنەوە کرد. تەنانەت ئەگەر لەگەڵ ئافرەتی تریشدا تێکەڵاو بوو، چونکە ئەم جۆرە گوناهانە حەڵاڵن بۆ مێردەکان و ڕێ پێ دراون دەبێ قبووڵی بکا. بەڵام بۆ ژنان قەدەخە بووە و ئەگەریش لایان بدایە یاخۆ سەرکێشییان بکردایە ئەوا بە تووندی سزا دەدران.(٨)

ئەم پێوانە جووتە: لە وشەی (زنا)ی یۆنانیدا ئاشکرایە کە مەبەست لێی تێکەڵاوبوونی ژنێکی مێرردارە بەپیاوێکی تر جگە لە مێردەکەی خۆی و ژنی خیانەتکاریش بە تووندی سزا دەدرێ.(٩) هۆکاری ئەمەش ئاشکرایە ئەگەر ئافرەتێ ئەو جۆرە گوناهانە بکا ڕەگەزی هاوواڵتی یاخۆ نەوە

پیس دەکات. پاشان وای لێ دێ کە سامانی مادی و مەعنەویی مێردەکە ببنە مۆڵکی منداڵێک کە منداڵی خۆی نییە، لە کاتێکدا ئەو جۆرە گوناهانە کە پیاوان بیناکردایە ئەو ئەنجامەیان لێ نەئەکەوتەوە.

«دموسێن» ئەم جیاوازییە بەم شیوەیە ڕوون دەکاتەوە «ئەو کەسەی لەگەڵ ئافرەتێکدا دەژی و دەیکات بە هاوسەری بۆ ئەوەیە منداڵی لێ بخاتەوە، تاکو منداڵەکانیشی ببن بە ئەندام لە عەشرەتەکە یاخۆ لە هەر یەکەیەکی ئیداری لە ئەسینا، بە مەبەستی چێژوەرگرتن لەگەڵ لەشفرۆشەکان دەبن، دۆستەکانیش بۆ چێژ و تەندروستیی جەستەمان، بەڵام هاوسەرمان بۆ ئەوەیە منداڵی شەرعیمان بۆ بخەنەوە و بەئەمانەت و دڵسۆزییەوە چاودێری مناڵەکەمان بکەن[١٠] بەم شێوەیە دەبینین بەهای ئەو ئافرەتانەی کە بۆ هاوسەرکاری لە هاوچەرخانی ئەفلاتۆن پەسەند دەکرین لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە داوێنپاک و هێمن و تەگبیرکەرن، بەهیچ جۆرێک لە کەسایەتییانەوە سەرچاوە ناگرێ.

بەپێی بەڵگەیەلێکی زۆر دەردەکەوێ کە بارودۆخی ئافرەتی هەموو چینەکان لە ئەسینا چون یەکە، تەنانەت ئیشوکاری کچانی چینە بەرزەکایش تەنیا لە یەک کاردا مایەوە، ئەویش ئەوەیە دەبێ هاوسەرێلێکی بەوەفا و بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو بن. هەروەها دەبێ کەمترین بایەخ نەدەن بەو بوارانەی کە لە ڕوانگەی پیاوەوە گرینگە. ژنان تەنیا ئیشیان خستنەوەی میراتگری یاساییە[١١]

بەم شێوەیە پیاوان لە ژیانی هاوسەرێتییاندا هاوەڵێکی عاقڵانەیان دەست نەدەکەوت. ئەوەش بەهۆی نەخوێندەواریی هەردوو ڕەگەز و جیاوازی تەمەن لە نێوان ژن و مێرد و هەروەها داخراوی و گۆشەگیری ئافرەت لە ماڵەوە... هتد، بۆشاییەکی لەم چەشنەی لە نێوان هەردوو ڕەگەزا دروست کرد. وەکو پێشتر باسمان کرد بۆیە پیاو ناچار بوو بۆ بەدەستهێنانی هۆکارەکانی ڕابواردن کە لە ماڵەوە لێی بێ بەش بووە پەنا بباتە بەر دەرەوە. کەواتە مانْ بۆ هاووڵاتیی ئەسینی تەنیا جێگەیەک بووە بۆ نووستن تێیدا، نەک دانْدە و پەناگە، زینەفون دەڵێ «ئەوە گەورەیی نییە بۆ ئافرەت کە لە دەرەوەی ماڵی خۆی بمێنێتەوە، هەروەها گەورەییش نییە بۆ پیاو کە کاتێکی زۆرتر لە ماڵەوە بەسەر بەرێ لەوەی کە لەدەرەوە بەسەری دەبات»[١٢] پیاو زۆرجار بەدرێژاییی ڕۆژگار لە خۆرهەڵاتنەوە تاکو خۆرئاوا لە دەرەوە دەمینێتەوە. ئەمە ماڵی ڕاستەقینەی پیاوە، بەڵام تاکە حەشارگەی ئافرەت ماڵەکەیەتی پێویستە بە ئەمەک و دڵسۆزییەوە تێیدا بمێنێتەوە. ئەمانە ئەرکەکانی سەرشانی ئافرت بوون... مافە سیاسییەکانیشی ئەوا ببڕایبڕ بوونی نەبووە بۆیە وەکو وتمان ئەو لە بوارەکانی سیاسەت و ژیانی گشتیدا بە ئاستەمیش بەشداریی نەدەکرد. دوور و نزیک هیچ پێوەندییەکیشی بە دنیای ئەدەب و هونەرو ڕۆشنبیرییەوە نەبوو. هەروەها ڕوونیشە کە پێگەی یاساییشی لە پێگەی پیاو کەمتر بووە.

لە بواری یاساییدا نەگونجاو بووە. چونکە ئافرەت توانای بەڕێوەبردنی کار و شایەتی نەبووە و

لە هیچ گرێبەستێکی یاساییشدا نە دەبووە لایەن. هەتا مردن لەژێر ڕکیفی باوک پاشانیش مێرد یاخۆ نزیکترین خزمە نزیکەکانی دەمایەوە. لە حاڵەتی نەبوونی مێراتگرێکی نێرینە، باوک دەیتوانی کچەکەی و سامانەکەی بە پیاوێک بسپێرێ کە لەلایەن خۆیەوە دەسنیشان دەکرێ. پێویست بووە لەسەر ئەو پیاوەی کە کچەکە دەخوازێ تەنانەت ئەگەر پێویستی بکردایە ژنەکەی خۆشی تەڵاق دەدا، ئەگەر نا دەبوو دەسبەرداری میراتییەکە ببێ، لە حاڵەتێکیشدا کە باوک لە پاش خۆی هیچ وەسیەتنامەیەکی جێ نەهێشتایە، ئەوە نزیکترین خزمی کچەکە مافی ئەوەی هەبووە. هاوسەرکاری لەگەڵ ئافرەتەکەدا بکات، تەنانەت ئەگەر ئافرەتەکە مێرددارێش بووایە. دەبوو لە پێشدا لە مێردەکەی جیا ببێتەوە و مێرد بە خزمە نزیکەکەی خۆی بکا.[١٣]

دەبێ ئەم کەشە ناهەمواریەی کە ئافرەتی ئەسینی تێیدا تێ پەڕی لەبیر نەکەین، چونکە جارێکی تریش لەلای ئەفلاتۆن لەگفتوگۆکردنی «یاساکان» دەردەکەوێتەوە لەو کاتەی کە خاوەنداریەتی سەرلەنوێ دەردەکەوێتەوە. پاش ئەوەی بەخشندەیی ئافرەت لەوەدایە پارێزگاری لەناوی خۆی بکا و تەنانەت بەستایشکردنیش نابێ کەس ناوی بزڕێنێ وەکو ئەوەی لە سەردەمە زێڕینەکەی ئەسینادا لە وتارە سەردولکەبێژانە بەناوبانگەکەی برکلیزدا[١٤] ئاماژەی پێ دراوە لەگەڵ ئەوەی کە خودی خۆی عاشقێکی شەیدا بووە، بە بۆنەی خۆشەویستەکەیەوە لە هاوسەرەکەی جیا بووەتەوە.

٢- ئافرەتی بیانی:

باسەکەمان لە چینی ئافرەتی ڕەسەنەوە دەگوێزێنەوە سەر باسی چینێکی تر کە ئەویش ئافرەتی بیانییە.[١٥] لە هیچ شارێکی یۆناندا ئافرەتی بیانی هیچ جۆرە ماف و ئیمتیازێکی نەبووە، ئەو ئیمتیازانەشی کە دەیتوانی بەدەستی بێنێ بێگومان لە ڕێی ئەو برادەرانەوە بووە کە ئازادتر بوونە، ئەگەر ئەمە بە سەر پیاوی بیانیدا پەیڕەو بکرایە ئەوە باشتر و لە پێشتر لەسەر ژنی بیانی جێبەجێ دەکرا، چونکە ئەو شایەنی ئەوە نییە، پارێزگاری لە شار بکا و هیچ جۆرە یاسایەکیش بۆ بەرژەوەندی وی دەرناکەوێ، بگرە دەبێ بەڕێگەی تایبەتیی خۆی گرینگی بە بەرژەوەندییەکانی بدا. یاخۆ پیاوێکی ڕەسەن لە چاو بدا تاکو ئیشوکارە فەرمییەکانی بۆ جێبەجێ بکا. هەروەها دەوڵەت چاودێری باش و بایەخی تایبەتی بە ژنە بیانییەکان دەدا بۆ ئەوەی شارەکە پیس نەکەن و جگە لە هاوواڵاتی ئەسینی خاوێن کەسی تر نەبێ بە میراتگری ماف و تایبەتمەندی و سامانی شارەکە. هەروەها پیاوە سیاسییەکانیش بەو شارەزاییەی کە هەیانبووە پێیان وابووە ئەگەر بێتو بیانییەکان بە داوونەریتەکانیانەوە بەشداری لە کاروباری سیاسیی شارەکە بکەن ئەوە هەڕەشەیەکی گەورە دەکەوێتە سەر داهاتووی شارەکە. بگرە دەبێتە هۆی تووڕەبوونی خواوەند و وای لێ دەکات هەست بە ڕیسوابوون بکا دواتریش خواوەند بەشێوەیەکی ترسناک تۆڵە لە شارەکە بکاتەوە.

ئەسبەرتاییەکان ڕێگەیان بە نێر و مێی بیانییەکان نەدەدا لە شارەکەیان نیشتەجێ بن. تەنیا

ڕێگەیان پێ دەدان لە ئاهەنگەکانیان ئامادەبن ئەویش بۆ چەند ڕۆژێ دواتریش دەبوو بڕۆیشتنایە و بۆشیان نەبووە تێکەڵاوی خەڵک بن. بەڵام ئەسینا جگە لەوەی پڕ بووە لە هۆکاری فریودەر بۆ بیانییەکان، بە خۆشی شارێکی بازرگانی بوو، ئەو شتە فریودەرانەی کە باسمان کرد کاروباری هونەر و نمایش و دراما،سروتە ئاینییەکان، قوتابخانە فەلسەفییەکانی ژیانی سیاسی.... هتد دەگرتەوە. بۆیە نەدەکرا ئەسینا بیانییەکان دوور بخاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو وریا بێ لێیان نەبا بەتێکەڵبوونیان بە هاووڵاتیانی ڕەسەن ببنە هۆی دروستبوونی نەوەیەکی دەرەکی دواتر ئەو یاسایانە دارێژران کە ڕێگر بوون لە بەردەم هەر هاووڵاتییەک هاوسەرکاری لەگەڵ ئافرەتێکی بیانیدا بکا و یاخۆ بە پێچەوانەوە. ئەگەر هاتو ئەم تاوانە دزێوە ڕووی دا. مافی هەر هاووڵاتییەک بوو کە ڕای گەیەنێ و خەڵک و دەسەڵاتی لێ ئاگەدار بکاتەوە. پاشان یەکسەر تاوەنبارەکان دەسگیر دەکران و دەست بەسەر مالّ و مولّکیاندا دەگیرا و بیانییەکە لە بازاڕی کۆیلەکاندا دەفرۆشرا، هاووڵاتییەکەش بە تووندترین شێوە سزا دەدرا. لێ ئافرەتی بیانی مافی شووکردنی نەبووە لە ڕوانگەی پیاوە سیاسییەکانەوە شووکردن تاوان بووە بۆ هەر ئافرەتێکی بیانی. لەوە بترازێ دەیانتوانی هەر شتێکی تر ئەنجام بدەن کە پێیان خۆشە. نەشدەبوو چینی ئافرەتە بیانییەکان بە پاکیزەیی و بێگەردی بمێنێتەوە، چونکە عەقڵی گریکی ئەوەی ڕەت دەکردەوە، بەم شێوەیە ئافرەتی بیانی چینێکی تازەیان پێک دەهێنا بۆ ڕابواردنی پیاوانی ئەسینی، ئەو شتانەی کە پیاو لە ماڵەوە چنگی نەدەکەوت بەوان پڕی دەکردەوە. ئەوانیش لە کۆمەڵێک پێک هاتبوون هەر لە شۆخەکانەوە هەتاکو خاتوونی سالۆنەکانی دەگرتەوە، خۆشەویستی و ئولفەت و ڕابواردن و ڕۆشنبیری و کاملبوونی عەقڵی لێرەدایە، بەم شێوەیە ئەم چینە پێوەندیی جۆربەجۆریان لەگەڵ پیاوانی ئەسیندا دروست کرد کەشەرمیان دەکرد لە دەربڕینی هەست و سۆزیان بۆ خێزانەکانیان، لای ئەمان هەموو شتێک جگە لە هاوسەرکاری ڕێ پێ دراو بوو، ئەوەش لەبەرئەوە بوو دوور بکەونەوە لە کێشەی میرات. گریکێکان ئەمەیان بەکردارێکی ئابڕووبەر دادەنا... ژنەکانیان لە ماڵەوە بەندکراوێکی پاکیزە و دڵسۆزن، مالّ بەڕێوە دەبەن ڕێگەی تێکەڵاوبوونیان پێ نادرێ لەگەڵ کەسدا. لە کاتێکدا پیاوی ئەسینی بە توخمێکی کەم تەماشای ئافرەتی دەکرد لەسەر خوانی شەوان و ئاهەنگەکانی خواردنەوە، هەروەها لە کاتی هێرشە سەربازییەکاندا ڕێگە نەدەدرا بە ژنەکان لەگەڵ پیاوەکانیاندا بنوون، بەڵام ئەو جۆرە مەرجانە ئافرەتانی بیانی نەدەگرتەوە، جۆرە پێویستییەک نەبوو وەچەی ژنە بیانییەکان بە پاکی بمێنێتەوە، ئەمە بابەتێک بووە بەلای شارەوە کێشە نەبووە. خواوەندەکانیش بایەخیان پێ نەدەدا.

بەم شێوەیە پیاوان لەناو ئافرەتە بیانییەکاندا دۆست و هاوڕێی ڕۆشنبیریان هەڵدەبژارد و ئەوان لە نێوان ئافرەتانی ئەسینا تاقە چینی ڕۆشنبیر و نایاب بوون لە ڕووی عەقڵییەوە، هونەریان دەخوێند و ئاگەداری سەرجەم شەپۆلە فەلسەفییەکان بوون، هەروەها بایەخی جۆراوجۆریان بەسیاسەت دەدا، ئافرەتانی بەم ئاستە ڕۆشنبیر هەر دەبێ شایەنی ڕێزگرتنێکی چاکتر و

هاوار بۆ ئەلفەی کتێب

باشتربن بۆ پیاوان لە یۆناندا[١٦] بگرە هەر پیاوێکی مەزن دۆستێکی لەوان هەبوو، بەمیهرەبانی لەگەلێکدا هەڵسوکەوتی دەکرد و لە تێڕوانینە ئاوەزییەکاندا هاوبەشی دەکرد. سوکرات وتی یەکێک لەوانە (دیوتیما) Diotima[١٧] خەڵکی مانتینیا Mantinea (المأدبە ٢٠١حـ – ٢١٢أ) سوکراتی فێری هونەری خۆشەویستی کرد، ئەو تاکە ئافرەت نەبوو کە سوکرات لە بارەیەوە قسەی بۆمان کرد. هەڵوەستەکردنێکی کورت لەسەر ئەم جۆرە پێوەندییانە لایەنێکی شاراوەمان لە بۆچوونی فەلسەفیی ئەو سەردەمە بۆ ئاشکرا دەکا. کە لەبارەی ئافرەتەوە هەیانبووە:

ئەو سوکراتەی کە ژنەکەی خۆی لە مااڵوە بەند دەکرد و بەسووک تەماشای بیر و بۆچوون و ئاوەزی دەکرد. هەوڵی بینینی ئافرەتە ڕۆشنبیرەکانی دەدا و هەروەها هەوڵی ئاراستەکردنیانی دەدا بۆ دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ پیاوان، «زینەفۆن دەگێڕێتەوە کە: کاتێ سوکرات هەواڵی ژنێکی پێ گەیی لە شاردا پێشوازی لە هاوڕێیان دەکا و بە ئەندازەیەک جوانە وێنەگرەکان دەچن بۆ وێنە کێشانی، بە هاوڕێکانی گوت دەبێ بچین بۆ بینینی چونکە ناکرێ بەو قسانەی کە دەیبیستین لێی تێ بگەین» چوو بۆ مااڵی تیودوتا Theodota بینی وێنەی دەکێشن. بە جوانییە دڵڕفێنەکەی سەرسام بوو.

فەیلەسووفی گەورەی ئەسینی لێی پرسی، سەرچاوەی ئەو پارەیەی کە خەرجی دەکا لە کوێوەیە ئایا هیچ موڵک و سامانێکتان هەیە خانوبەرەیەک پارەت لێی دەسکەوێ، یاخۆ کۆیلەیەلێک ئیشوکاری دەستی بکەن... هتد لە وەاڵمدا وتی ئەو بژێوی لە هاوڕێ (دەست و دڵ تێرەکانی) دەست دەکەوێ سوکرات ئاموژگاری کرد بۆ ڕاوکردنی پیاوان داوای بێنێتەوە وەکو داوی. جاڵجاڵۆکە بێ...

«ڕاوکردنی پیاوان هونەرێکە پێویستە فێری بی، ئایا ئابینی ڕاوچییەکان بۆ گرتنی کەروێشکە کێوییەکان چەند جۆر هونەر بەکار دەهێنن، لەگەڵ ئەوەی کە ئاژەڵێکی کەم نرخن، کە کەروێشکەکان لە شەودا خواردنیان دەخوارد ئەوان سەگەلیان دەهینا بۆ ڕاوکردنیان، کە بە ڕۆژیش دیار نەدەمان جۆرێکی تر لە سەگەکانیان بەکار دەهێنا، کە پشتیان بەهەستی بۆنکردن دەبەست بۆ دۆزینەوەیان، لەبەرئەوەی کەروێشکەکان لە ڕاکردنیان خێران ئەوانیش سەگەلێکی زۆر خێرا و بە هەڵمەتیان بەکار دەهێنا.... ئەمە جگە لە تۆڕ و داو کە لەسەر ڕێگەی کەروێشکەکان دادەنرا بۆ گرتنیان.... هتد. فەیلەسووفەکە دەڵێ: لە جیاتی سەگەکان دەتوانی کەسێک هەڵبژێری بتوانێ شوێن دەوڵەمەندە جوانپەرستەکان بکەوێ و بیانخاتە داوتەوە» پاشان وەسفی جۆری تۆڕەکانی بۆ دەکا هەر لە بەکارهێنانی عەقڵەوە، هەتاوەکو قسە و گفتی شیرین و نواندنی میهرەبانی و بەکارهێنانی نیگا و.... هتد هەروەها ئاموژگاری دەکا لەوەی نەبا لە کاتێکدا خۆی پێشکێشی پیاوان بکا کە پێویستیان پێی نییە، بگرە دەبێ چاوەڕوانیان بێ تاوەکو حەز دەکەن پێوەندیی پێوە بکەن... تا دواین ئەو ئاموژگارییە بەنرخانەی کە فەیلەسووفەکە پێشکێشیان دەکا.

بگرە خودی ئەفلاتۆنیش نموونەیەکی ترمان پێشکەش دەکا. لە زمانی (مینکسینس)ەوە کاتێ کە

قسەکەی سوکراتمان بۆ دەگێڕێتەوە[١٨] (لە هونەری ڕاگەیاندندا مامۆستایەکی باشم هەیە) زۆری لە وتاربێژە نایابەکان فێر کرد لە سەرووی هەمووشییانەوە برکلیز بەخۆی باشترین وتاربێژی یۆنان بووە. کە دوێنێ بیستم وتارێکی سەردولکەبێژانەی لە بارەی مردووەکانەوە داداوە، مینکسینس داوای لێ دەکا ئەوەی بۆ بگێڕێتەوە کە لێی بیستووە، سوکراتیش لەسەر زمانی (ئیسبازیا)ی دۆستی برکلیزەوە وتارێکی نایاب دەخوێنێتەوە کە کۆتایی بە گفتوگۆکە دێنێ کە لە شەش لاپەڕە پێک هاتبوو (٦٨٣– ٦٨٩)، تیایدا ژنە بیانییەکە ئەو چاکە و پیاوەتییانەی ئەسینا دەژمێرێ کە نەک تەنیا ئێمە ستایشی دەکەین بگرە هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی ستایشی دەکا، تەنانەت لای خواوەندەکانیش خۆشەویستە، ئەو وەکو دایک بە تەنگی ڕۆڵەکانیەوە دێ. هەر وەکو چۆن ژن بە شیردانی بۆ کۆرپەکەی دایکایەتی خۆی دەسەلمێنێ و ئەوەشی ئەم خەسڵەتەی تێدا نەبێ بەژن نایەتە ئەژماردن، ئا ئاوەهاش ولاتەکەمان بە بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ بۆ ڕۆڵەکانی و دابینکردنی پێداویستییە خۆراکیەکانی مرۆڤ، ئەمە ئاماژەیەکە بۆ دایکایەتی. ڕاستەوخۆیانەتر لە دایکایەتی دایک، چونکە ئەوە ئافرەتە لە دووگیانبوون و منداڵبووندا لاسایی زەوی دەکاتەوە، زەوی نییە لاسایی ئەو دەکاتەوە[١٩] ئیسبازیا Aspasia کە سوکرات ئاماژەی پێ دەکا ژنێکی بیانییە و لە مەڵتیەوە هاتووە و لە ئەسینا نیشتەجێ بوو دواتر بووە بەعەشیقەی برکلیز کە مەزنترین کەسایەتیی سیاسی بووە لە مێژوویدا، هەرچەندە برکلیز خاوەن ژن بووە بەڵام ئەو دڵی داگیر کرد ئەمەش وای کرد لەگەڵ ژنەکەیدا بگاتە حاڵەتی جیابوونەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیسبازیای دڵداریدا هاوسەرگیری بکا و تاکو مردن پێکەوە بژین، هەرچەندە تاکو مردن پێکەوە ژیانیان بردەسەر بەڵام بەبێ ئەوەی هاوسەرگیری بکەن. چونکە یاسای ئەسینی ئەو شتەی قەدەخە کردبوو.[٢٠] مێژوونووسان وای دەگێڕنەوە کە ماڵەکەی یانەی کەسایەتیە مەزن و گەورەکان بووە لە ئەسینا بەردەوام سوکرات لەوێ بووە و فیدیاس و ئنکساجۆراس لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانی بوونە. لە وانەیە (سۆفۆکلیس و یوریپیدس) یش بە هەمان شێوەبووبن لەڕاستیدا بە درێژای مێژوو ژنێک نەبووە ساڵۆنێکی ئەدەبی بەم ئاستە بەرزەی بووبێ[٢١] تەنانەت شاعیرە کۆمیدیایەکانیش ناویان لێ نابوو (هیرا) یاخود خواوەندە شاهانەکە، ژنی خوای خواوەندەکان، بەو پێیەی کە برکلیز بەخۆی زیوسە.

لە ئەنجامدا دەگەینە دوو تێبینی بنەڕەتی.

تێبینی یەکەم:

کۆمەڵگەی ئەسینی باوکسالارانە بووە و تێیدا پیاو خۆی سەروەرو خاوەنی هەموو مافێکی مەدەنی و سیاسییە و هەر بەخۆیشی خاوەنی زەویوزار و خۆیشی خاوەنی تەواوی خێزانە بەژن و منداڵەوە. هەروەها مافی ئەوەشی هەیە هەر منداڵێک کە لە بەرەبابەوەیە ڕەتی بکاتەوە لەکاتی لەدایکبوونیەدا. لە یاسادانانیشدا چی بەگونجاو بزانیایە بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو مافەنەی کە

باسمان کرد دایدەڕیشت، تەنانەت گەر یاساکە سەیرو سەمەرەش بایە. وەکو ئەو یاسایەی ڕێگە بە باوکەکە دەدا بۆ لەباربردنی هەر منداڵێک کە نەیویستایە، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئافرەتەکە سەربەخۆ منداڵی لەبار خۆی ببردایە، ئەوا خۆی و ئەوانەشی کە هاوکاری بوونە سزا دەدران. ئەمەش جیاوازییەکی زۆرە، چونکە لەم حاڵەتەدا کرداری لەباربردن یان لەبەین چوونەکە بەوە سەیر ناکرێت. کە گیانلەبەرێکی بێ دەسەاڵتت کوشتووە، بەڵکو ئەوە پێشێلکاری ستەمکارانەی دەسەاڵتی باوکەکەیە یاخود مواڵکیەتی خاوەن مواڵکە یاساییەکە.(٢٢)

تێبینی دووەم:

بابەتەکە پێوندی بە خاوەندارێتی. مادی یاخود مەعنەوی، میرات، خودی ئەم خاوەندارێتیەی کە باوک دەیەوێ بۆ منداڵێک بمێنێتەوە کە لە بڕبڕەی پشتی خۆین، ئەمەش وایکرد وەکو بە شێک لە مواڵکەکانی خۆی بۆ ئافرەت بڕوانێ، هەمان ئەم گوزارشتە لەلای ئەفلاتۆنیش بەرچاو دەکەوێ، کاتێ باس لە هەڵبژاردنی هاوسەر یاخود هەبوونی ژنێکی تایبەت... هتد، مەبەستی ژنێکی تایبەت دروستکردنی منداڵێکە کە لەخودی ئەو پیاوەن. کە دڵنیابێ لەوەی مواڵکەکانی خۆی بگوێزێتەوە بۆیان، بەڵام ئافرەتی بیانی تەنیا معشیقەیە و ئاساییە لەگەڵ پیاوەکەدا بمێنێتەوە و کاتەکانی بە تاڵی و پڕ مەلەلی پڕ کاتەوە. بەبێ ئەوەی ماقی هاوسەرگیری و منداڵبوونی لێی هەبێ، تاوەکو نەژاد و بنەچەی نامۆ نەچێتە ناو کۆمەڵگەکەیانەوە. بەم جۆرە لە هەردوو حاڵەتدا ئافرەت لە خزمەتی سەرگەورە واتە پیاودایە، کە خۆی خاوەنی هەموو شتێکە. بەڵام ئەو لە پیاو نزمترە چونکە لە (قورێکی) جیاواز دروست کراوە، بە پێی ئاماژەی هۆزیۆد و دواتریش ئەفلاتۆن.

سەرچاوە: المرأة والفلسفة (١). افلاطون والمرأة. تاليف. ا. د. امام عبدالفتاح امام

پەراوێز و سەرچاوەکان:

1- Donaldson "Woman" : Her Position ..., P. 50

٢- ارنست باركر «النظريه السياسيه عند اليونان» الجزء الثانى ص ٧٥

3- Quoted by J.K. Anderson in his" Xenophon" 177 Duckworth 1974

٤- سەیرترین سەیروسەمەرەکان ئەوەیە کە هەموو سیفەتە دواکەوتووەکان بخرێنە پاڵ ئافرەتی ڕۆهەاڵتی، تەنانەت لەو سەردەمەش کە هیرودت سەردانی میسری کرد و سەری سوڕما کاتێ بینی پیاوان لە ماڵەکاندا کەتانیان بەرهەم دەهێنا لەکاتێکدا ئافرەتەکانیان سەرقاڵی کڕین و فرۆشتن و کارکردن بوون لە کێڵگەکاندا، وەکو ئەوەی لە ڕوانگەی ئەوەوە دنیا وێران بووبێ کاتێ دەڵێ "میسر سەیروسەمەری تێدایە ... بۆیە میسریەکان زۆر جیاوازن. بەڵام پیاوەکان لە ماڵەوە دەمێننەوە کاری چنین دەکەن ! هیرودت باسی میسر دەکا" «ص ١٩٧٦ – ١١٧» ترجمة د. محمد صقر خفاجة، دار ألقلم ١٩٦٦، ئەمە

جگە لە کارکردن لە پاڵ کێڵگەکاندا وەکو د. أحمد بدوي ص ١١٦ دەڵێ، ئەمە چەندێتی هەڵەی تۆژەرەکانمان پێ نیشان دەدا، یەکێ لەوانەش (ول دیورانت)، کە دەڵێ «ئەسینا لە ماوەی گەشەکردنی بە ڕۆهەڵاتی دەچێ زیاتر لەوەی ڕۆئاوایی بێ» قصة الحضارة، ٧ه، ص ١٠٣

٥- ئەوەی ڕاستی بێ بەکارهێنانی حیجاب زۆر لە کۆمەڵگەی یۆنانی کۆنترە بۆ نموونە لە سروودەکانی هاتووە «خۆشەویستەکەم تۆ جوانی، چاوەکانت لەو دیوی ڕووپۆشەکەتەوە جوانن، ڕوومەتەکانت وەکو هەنارن لە پشتی ڕووپۆشەکەتەوە» الإصحاح الرابع :١-٤

6- Ithurriaque :Les Ideesde platon, P. 53

٧- قارن سوفکلیس «نساء تراخیس» ترجمة د. علي حافظ ص ٩٢، (المسرح العالمي عدد ٢٦).

8- J.Donaldson Women, p.5

٩- لەگەڵ ئەو سزا تووندانەی کە هەبوو. دیاریدەی خیانەتیش هەر هەبوو، وەکو سیمۆن دی بڤوار دەڵێ، ئافرەت تۆڵەی خۆی بە خیانەتکردن لە پیاو دەسەنێتەوە.

10- Demosthenes: Private Orations: p. 177 (Quoted by S.M. Okin p. 20.

11- S.M. Okin: Women.. p. 20

12- Xenophon by J.K. Anderson, p 177.

١٣- د. عبد اللطيف أحمد علي «تاريخ أليونانى» المجلد الأول، ص ٥٩.

١٤- تشارلز ألكسندر روبنس «أثينا في عهد برکليس»، ص ٨٦ - ٨٧. ترجمة د. أنيس فريحة - لبنان ١٩٦٦.

١٥- بیانی ئەو کەسەیە خەڵکی شارەکە نییە، هەتا ئەگەر یونانیش بێ لە شارێکی دراوسێدا بژی، بێگومان ئەو جیاوازە لەو کۆیلانەی کە کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێ و زۆربەی جار وەکو دیلەکانی شەڕ دێنە ناوەوە.

16- James Donaldson: Women.. Her Position, p. 58

١٧- بەبۆچوونی هەندێ لە تۆژەرەوەکان گوایە «دیوتیما» کەسایەتییە کە ئەفلاتۆن دروستی کردووە، بەڵام زۆر لە تۆژەرەکان ڕەتیان کردەوە و بڕوایان وایە ئافرەتێکە لە ئافرەتە بیانییەکان لە ئەسینا - هەمان سەرچاوە ل ٦٠

18- Xenophon Memorabiliaog socrates Book III .ch. XI.
19- Plato :Menexenus 137d - 238b (Jowett vol, I. P.684 -5).
20- Donalson, op. cit. p.61.
21- I bid. p. 62.

٢٢- قارن کتاب مونيك بيتر «المرأة عبر ألتاريخ» ص ٦٠ ترجمة هريت عبودي - دار الطليعة، بيروت.

سێکسفرۆشی و گەشتەوەریی سێکسی لە کوبا

چارلّز ترامبوول(١)

هەوالنامەی کیبل

لە ماوەی یەکەم سی ساڵی پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکەیدا فیدل کاسترۆ کوبای وەک نموونەی کۆمەڵگەی سوشیالیست پاراست. گازینۆ و تەلەڤیکاییەکانی قاچاخچیی مەی و مافیا و ئەو مەلهایانەی هاتۆچۆیان دەکردن، نەمان. کاسترۆ پێی وابوو کۆمەڵگەی سوشیالیست بەرزترە لە کەپیتالّیزم (سەرمایەداری). لە کۆمەڵگەی نوێی کوبادا کچان ناچار نین خۆیان بۆ پارە بفرۆشنەوە. ژنان لە رێگەی سۆشیالیزمەوە ئازادی وەردەگرن. ئەوان هەلی یەکسانیان بۆ دامەزراندن و بەشداریکردن لە کاروباری ماڵەوە دەبێ و بە هەمان شێوەی پیاوان خوێندنیان بۆ دەستبەرە. ئابووریی کوبا پشت ئەستوور بە یارمەتییەکی ٤ بیلیۆن دۆلاریی سالانە لەلایەن سۆڤیەتەوە هەلی بۆ ژنان و (پیاوان) رەخساند بێ ئەوەی ناچار بن بازرگانی بە لەشیانەوە بکەن، پێویستییە سەرەکییەکانی خۆیان دابین بکەن.

بەڵام لە دەیەی رابردوودا یارمەتییەکانی سۆڤیەت بڕا و هاوبەشە بازرگانەکانیش ون بوون. سێکسفرۆشی ژیاوەتەوە. ئەگەرچی حکوومەت دەڵێ خۆی بۆ بنبڕکردنی بازرگانیی سێکس تەرخان کردووە، بەڵام سێکسفرۆشی بەردەوامە، هەرچەندەش بەڕادەیەکی کەمتر لە چەندان ساڵی پێشتر. سێکسفرۆشیی پەرەگرتوو لە کوبا دەرهاوێشتەی ئەو قەیرانە ئابووریییە کە بەهۆی ڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەت و ئەو چاکسازییە ئابووریانەی لە ١٩٩٣-١٩٩٤ دەستیان پێ کرد، خیراتر بوو. ئەم چاکسازییانە کە وەک پێوەری کاتەکی بۆ رزگارکردنی سۆشیالیزم بوون،

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید

ڕێخۆشکەر بوون بۆ زۆر هەڵسوکەوتی وا کە پێچەوانەی ئایدۆلۆجیای سۆشیالیزمن. ئێستا کە ژێرخانی ئابووری داڕێژراوی سۆشیالیستی لە کوبادا لە شیرازەوە درزی بردووە، کوبییەکان ناچارن بۆ زیندوومانەوە ڕێگەی نوێ بدۆزنەوە. هێزی سێکسفرۆشی بۆ هەڵێنجانی دۆلاری ئەمەریکایی بەسوێ سێکسفرۆشیی کردووەتە یەکێک لە هەرە کاریگەرترین هۆیەکانی زیندوومانەوە.

سێکسفرۆشی کێشەی بۆ کاسترۆ ناوەتەوە: دۆڕانی سۆشیالیزم پێشانی جیهانی دەرەوە دەدا. دڕووشمی شۆڕش کاریگەر نییە بۆ هاندانی جەماوەر لەپێناو پابەندبوون بە پێوەرەکانی هەڵسوکەوتی سۆشیالیستی. لەلایەکی ترەوە، هەوڵەکانی حکوومەت بۆ ریشەکێشکردنی سێکسفرۆشی، کە تەنیا سەرکەوتنێکی ماماوەندییان هەبووە، شێواو دێنە بەرچاو. ئەمە جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە سێکسفرۆشی ساڵانە میلۆنەها دۆلاری گەشتەوەری دەخاتە مست کوباوە. لەوەش زیاتر، داهاتی هەزاران کەس فەراهەم دەکات کە ڕەنگە بەپێچەوانەوە ناچار بن بۆ ئیش و یارمەتی ڕوو لە وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن. ئینجا پابەندبوونی حکوومەت بە بەرەنگاربوونەوەی سێکسفرۆشی ڕەنگە سستر بێ لەوەی بانگەشەی بۆ دەکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرهەڵدانەوەی سێکسفرۆشی وەک بەرەنجامێکی تەنگژەی ئابووریی کوبا ڕاڤە دەکات. ئامانجی باسەکەش تەنیا شیکردنەوەی پیشەی سێکسفرۆشانی کوبی نییە، بگرە وردبوونەوەیە لەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە لە کۆمەڵگەیەکدا دەرگەیان بۆ سێکسفرۆشی والا کردووە کە بۆ ماوەی سێ ساڵ توانیویەتی دیاردەکە کۆنترۆڵ بکا. ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەشی سەر چوار بەش کراوە. بەشی یەکەم لە پێوەندییی نێوان سێکسفرۆشی و گەشتەوەری دەکۆڵێتەوە، هەم پێش ١٩٥٩ و هەم ئێستا. بەشی دووەم سەرهەڵدانەوەی سێکسفرۆشی لە ١٩٩٠ەکان و هەلومەرجی کاراکردنی وەسف دەکات. بەشی سێیەم دەڕوانێتە سیاسەتی حکوومەت لە دژی سێکسفرۆشی و ئەو هەنگاوانەی بۆ کۆنترۆڵکردنی گراونەتە بەر. هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەوەی بۆچی حکوومەت نە توانیویەتی و نە پاڵنەڕێکیشی هەیە بۆ ئەوەی سێکسفرۆشی قەڵاچۆ بکا. بەشی چوارەم کاریگەریی سێکسفرۆشی لەسەر کۆمەڵگەی کوبی هەڵدەسەنگێنێ.

ئەم باسە بەگشتی پشتی بەو لێکۆڵینەوە مەیدانییەوە بەستووە کە لە شوباتی ٢٠٠١ لە کوبادا ئەنجام دراوە. زۆربەی ئەو پیاو و ژنانەی لێکۆڵەر دیمانەی لەگەڵ کردوون، بە هەرەمەکی هەڵبژێردراون. لە دیمانەکاندا خەڵکی سەر بە پیشەی تری جگە لە سێکسفرۆشیانیش دوێندراون. چاوپێکەوتوان لە سێکسفرۆشانی نێر و مێ و شۆفێرانی تەکسی و بەکرێدەرانی ئاپارتومان و کارمەندانی هۆتێل و مەیگێران و ئابووریناسان و مافپەروەران و پۆلیسن. جگە لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکە، لێکۆڵەر بە ژمارەیەک گوتار لەبارەی بابەتەکەدا چووەتەوە کە لە بڵاوکراوەی کوبیی وەک ڕۆژنامەی Granma وRebelde Juventud دەرچوون.(٢)

سێکسفرۆشی و گەشتەوەری

پێش ١٩٥١ کوبا بەگشتی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار بوو. پیاوان کە خوێندەوارتر بوون، نانەری خێزان و فەرماندەرانی کۆمەڵگە بوون. ژنان دەبووایە دایکانە و ملکەچ و داوێنپاک بوونایە. دەبووایە ژنان لە ماڵەوە بمێننەوە و کاری ماڵەوە راپەڕێنن و کاتێک هاوسەرەکانیان لەسەر کار بوون، منداڵان بەخێو بکەن. لە ١٩٥٩دا ژنان تەنیا ١٧٪ (٢٦٢٠٠٠کەس)ی هێزی کاریان پێک دەهێنا و نێزیکەی ٧٠٪ی ئەم ژنانە وەک کارکەری ناوماڵان ئیشیان دەکرد (Smith and Padula 1996). بەر لە شۆڕش زۆربەی جار ئەو کاتە سێکس دەفرۆشرا کە ژنانی گەنج بەدوای کاردا لە لادێوە بۆ هاڤانا کۆچیان دەکرد. زۆرێکیان نەیاندەتوانی ئیشێکی تر بدۆزنەوە و لە دواییدا ڕوویان لە سێکسفرۆشی کرد (Smith and Padula 1996). بەگوێرەی خەملاندنەکانەوە پێش شۆڕش ٤٠٠٠٠ سێکسفرۆش لە ولاتدا هەبوون ئەگەرچی حکوومەت پێی وایە ژمارەکە گەیشتبووە ١٠٠٠٠٠یش (Department of Army، ١٩٨٥). هەزاران بازرگان و گەشتەوەر- بەزۆری سەر بە ولاتە یەکگرتووەکان و بەشی زۆریان بۆ قومار و سێکسی قەدەخەکراو - لە کوبا گرد بوونەوە. یانەی شەوانەی ترۆپیکانای هاڤانا گەورەترین کابارەی کراوەی دنیا، بە ژنانی مایە لەبەر و سەر بە گوڵ رازاوە شانازی دەکرد و کەشوهەوای هەوسبزوێنی لە پایەتەختی ولاتدا بەرجەستە دەکرد. کوبا هەوەسی وەک سەرچاوەیەکی سروشتی دەفرۆشت. Smith و Padula (١٩٩٦ لاپەڕە ٢١)ی نووسەرانی سێکس و شۆڕش تێبینیان کردووە "پیاوانی گەنج بۆ ڕێکلامکردن بۆ خوشکەکانیان کارتیان دەدا بەو گەشتیارانەی لە کەشتییە هەلمییەکانەوە دادەبەزین". گەشتەوەرانیش یەکجار هاتۆچۆی مەلهایەکی لە ژمارنەهاتوویان دەکرد کە بەناو هاڤانادا بلاو بووبوونەوە.

بەلام هەڵەیە وا بیر بکرێتەوە سێکسفرۆشان تەنیا گەشتەوەرانی بیانییان تێر کردووە. پیاوانی کوبی زیاترین کڕیارانی خزمەتگوزارییەکانی سێکسفرۆشان بوون. لە کۆمەڵگەی کوبیدا ئاساییە پیاوان سروشتییانە حەزیان بچێتە سێکس. پیاوان دەتوانن لە مەلهاکاندا ئارەزووە سێکسییەکانیان تێر بکەن و شەرەفی کچانی "داوێنپاک"ی کوبی بەپارێزراوی بهێڵنەوە. Smith و Padula (١٩٩٦ لاپەڕە ٢٦) نووسیویانە "لە هەرەتی هەراشیدا باوکان کوڕەکانیان دەبردە مەلهاکانی گەڕەک بۆ ئەوەی شارەزاری نهێنییەکانی سێکس بن". سێکسفرۆشی لە دەرەوەی هاڤاناش هەبوو. زۆر ژنی گەنج ڕێگەی دروێنەی قامیشیان گرت و خزمەتگوزارییەکانیان پێشکێش بە کرێکارانی کۆچبەر و جووتیاران و شارنشینان دەکرد.

کاسترۆ بازرگانیی سێکسی بەڕاستی وەستاند. ئامانجێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ بنبڕکردنی سێکسفرۆشی و بەشداری پێکردنی ژنانی کوبی لە کۆمەڵەی کاریدا ڕاگەیاند. بە رزگارکردنی ژنانەوە لە کۆتوبەندی کۆمەڵگەی پیاوسالارییەوە کاسترۆ ئاواتەخواز بوو پاڵپشتیی ژنانی دەست بکەوێ. حکوومەتیش پێی وابوو زیادکردنی ژنان بۆ ناو هێزی کار ڕێخۆشکەرە بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر و بوژاندنەوەی ئابووری.

لە ١٩٦١دا فیدراسیۆنی ژنانی کوبا دامەزرا و خێزانی رائول کاسترۆ، ڤیلما ئیسپین، وەک سەرۆکی ناوزەد کرا. ئامانجی فیدراسیۆن چاکسازیی سێکسفرۆشانی پێشوو و گونجاندنیان بوو لەناو کۆمەڵگەدا. فیدراسیۆن بە هەموو لایەنەکانی ژیانی ژنانڕا گەیشت و یاسایەکی خێزانیی نوێی دەرکرد کە باری ژنانی لە کاروباری ماڵەوەدا سووکتر دەکرد. هەروەها دەستی بە کۆمەڵێک هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندارى بۆ ژنان کرد، راهێنانی بەرگدووری یان پێچانەوەی تووتنی بە کابانان کرد و سەنتەری چاودێریی رۆژانەی کردەوە تاوەکو ژنان بتوانن بچنە سەر کار (Smith and Padula 1996).

وەک دەرەنجامێکی ئەم چاکسازییانە زۆر ژن خوێندن و کاریان بۆ فەراهەم بوو و نەگەڕانەوە بۆ سێکسفرۆشی. لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا ژمارەی ژنانی کرێکار بۆ یەک ملیۆن بەرز بووەتەوە. لە ٢٠٠٠دا ژنان ٤٣٪ی هێزی کاریان پێک هێنا و زۆربەی پۆستە تەکنیکییەکانیان داگیر کرد (World Bank، ٢٠٠١)[٣]. جگە لەوەش، نەبوونی گەشتەوەری هەم خواست و هەم پەلکێشیی مادیی سێکسفرۆشیی دابەزاند.

لە ١٩٩١دا یەکەتیی سۆڤیەت هەڵوەشاوە و کوبا تووشی قەیرانێکی ئابووری هات. پاش دوو ساڵ لەپێناو بزاوتنی ئابووری حکوومەت کۆمەڵێک چاکسازیی لە رێککخستندا کرد. کوبا هانی وەبەرهێنانی بیانیی دا بەتایبەتیش لە گەرتی پێشەسازیدا.

حکوومەت زەوییەکانی دەوڵەتی دابەش کرد و دای بەو جووتیارانەی کۆمپانیای بچووکتریان پێک هێنا. هەروەتر هەڵگرتنی دۆلاری ئەمەریکایی و خۆدامەزراندنی لە هەندێک کەرتدا یاسایی کرد[٤] (Pérez-López and Travieso Díaz ١٩٩٨).

ئەم چاکسازییانە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر کەرتی گەشتەوەری هەبوو. پرۆژەی هاوبەشی نێوان دامەزراوە ئابووریییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و دامەزراوە بازرگانییەکانی ئەورووپایی وەک Sol Meliá هۆتێلی بەناو دوورگەکەدا بڵاو کردەوە و پەرەی بە بازرگانیی گەشتەوەری دا. بەهۆی یاساییکردنی دۆلار گەشتەوەران ئاسانتر دەیانتوانی لە دوورگەکەدا پارە خەرج بکەن. سەربەخۆیی لە خۆدامەزراندنیش رێگەی بە کوبییەکان دا بۆ گەشتەوەرانی بیانی خزمەتگوزاریی وەک گواستنەوە و گەیاندن و بەکرێدانی ئاپارتمان و فرۆشتنی خواردەمەنی لە رێستۆرانت و سەر شەقام و... هتد دابین بکەن.

ئاستی گەشەی پیشەسازیی گەشتەوەری بەرچاو بووە. لەوەتەی ١٩٩٥ەوە داهاتی گەشتەوەری سالانە ١٨,٦٪ زیادی کردووە. وەبەرهێنانی بیانی ژمارەی ژوورەکانی هۆتێلی بۆ پتر لە ٣٥٠٠٠ بەرز کردووەتەوە. ژمارەی گەشتەوەران لە چەند سەد هەزارێکەوە لە سالّی ١٩٩١ بۆ ١٨٥٠٠٠٠ لە ٢٠٠٠دا بەرز بووەتەوە. گەشتەوەری بەشێوەیەکی راستەوخۆ ٨١٠٠٠ کرێکاری دامەزراندووە و لە ڕاستیدا ٣٠٠٠٠٠ هەلی نوێی کاری دابین کردووە (CEPAL، ٢٠٠٠). تێکڕای داهاتی کەرتی گەشتەوەری لە ١٩٩٨دا یەک بیلیۆن و هەشت سەد ملیۆن دۆلاری ئەمەریکایی بووە. لە ٢٠١٠دا

کوبا چاوەڕوانی گەیشتنی ٦ تا ٧ ملیۆن گەشتەوەر دەکات کە نێزیکەی ١٠ بیلیۆن دۆلار بۆ ئابووریەکەی زیاد دەکەن (Figueres، ٢٠٠٠). کوبا ئەم پێشکەوتنەی بەبێ گەشتەوەرانی ئەمەریکایی وەدی هێناوە.[٥]

ئەو دۆلارانەی گەشتەوەران لە کوبادا خەرجیان کرد هەلی نافەرمیی نوێی بۆ کوبییەکان ڕەخساند تاوەکو پارە دەربێنن (Pérez-Lopez، ١٩٩٥). زۆر کەس وەک jineteros (جینێتێرۆس یانی کلاوچی کە وەک وشە بەمانای سوارچاکە) کاریان دەکرد. ئەوان سوالێیان لە گەشتەوەران دەکرد، پێشنیازیان دەکرد ببنە ڕێنوێنییان و کالاّی دزراوی وەک جگەرەیان بە نرخی کەمتر لە بازاڕ پێ دەفرۆشتن. کلاوچییانی تری سەر بە هەردوو ڕەگەز ڕوویان لە سێکسفرۆشی کردەوە و لە ئەنجامدا کوبا ئێستا یەکێکە لە بەرجەستەترین شوێنەکانی گەشتەوەریی سێکسی. گەشتەوەریی سێکسی بابەتێکە تا دێت پتر ناکۆک دەبێ. هەرچەندە گەشتەوەری و سێکس هەموو کات پێوەندییان بە یەکەوە هەبووە، پیشەسازیی گەشتەوەریی سێکسی لە دەیەی ڕابردوودا گەیشتووەتە ترۆپک. گەشتەوەریی سێکسی لە سەرانسەری دنیادا بلاّوە، بەلاّم لە ولاّتانی سێیەمدا کە ژنانی هەژار بۆ بژێوی ڕوو لە سێکسفرۆشی دەکەن، زۆر بەرفراوانترە[٦] (Oppermann، ١٩٩٨).

گەشتەوەریی سێکسی لە کوبادا هەیە. هەزاران پیاو سەردانی ئەو ولاّتە دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ کوبییەکان سێکس بکەن. ئاژانسەکانی گەشتی شانازی بە وێنەکانی ژنانی بەئاستەم داپۆشراوی سەر کەنارئاوە خۆڵینە سپییەکان دەکەن. لە ١٩٩٠دا Playboy وێنەیەکی ژنانی کوبیی سەر ڤارادێرۆ، هەوارگەی کەناریی بەناوبانگ بلاّو کردەوە. لە ١٩٩٥دا کۆواری ئیتاڵیی Viaggiare ڕای گەیاند کۆبا "بەهەشتی گەشتەوەریی سێکسی"یە و بۆ ئەم شتەردفە گەورەیە پێش تایلەند و بەڕازیل و فلیپین دەکەوێ (www.salon.com). سالّی پاشتری کوبا هاوکشانێکی ٦٨٪ ی لە گەشتەوەرانی ئیتاڵیاوە بە خۆوە دیت.[٧]

ئاماری گەشتەوەران ئاماژەیەکی بەهێزە کە گەشتەوەریی سێکسی وەک هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی گەشت بۆ کوبا. زۆربەی گەشتەوەرانی کوبا نێرن، ٥٨.٣٪یان.[٨] جگە لەوەش ژمارەی ئەو گەشتەوەرە نێرانەی لە نێوان ٢٥–٦٠ ساڵیدان بەنێزیکەیی دوو ئەوەندەی ژمارەی گەشتەوەرانی مێیی سەر بە هەمان تەمەنە (CEPAL، ٢٠٠٠).

لەگەڵ ئەوەشدا کاربەدەستانی گەشتەوەریی کوبا نکوڵی لە هەر جۆرە گەشتەوەریی سێکسیی زاڵبوو بەسەر دوورگەکەدا دەکەنەوە. ئیزابێل[٩] کاربەدەستێکی Centro de Inteligencia Corporativa یە کە ئەمەش دامەزراوەیەکی ڕاوێژکارییە لەگەڵ ئاژانسی گەشتیی Cubanacánی سەر بە دەوڵەتی کوبادا کار دەکات. ئەو دەڵێ " ئێمە بە هیچ شێوەیەک هیچ جۆرە گەشەوەریی سێکسی ڕێک ناخەین. حکوومەت نابێ هەرگیز هانی ژنان بدات بۆ سێکسفرۆشی. بلاّوکردنەوەی سێکسفرۆشی تەنانەت سوودیشی نییە. بەپێچەوانەی ولاّتە یەکگرتووەکان، کوبا چاودێریی

هەواڵنامەی کێبڕکێ

تەندروستیی خۆڕایی دابین دەکات. هەر پارەیەکی دەستکەوتووش لە بەرزبوونەوەی ئایدز و نەخۆشییە گوازراوەکان لەڕێی سێکسەوە خەرج دەکرێتەوە". ئەو هەروەها نکوڵی لە گەشەی پیشەسازیی سێکسی کرد. "گەشتەوەری لەناو هەموو کەرتەکانی پیشەسازیدا پەرە دەستێنێ: تەندروستی، کولتوور، کەنارئاوەکان و... هتد. ئێمە هەر مانگەو گەشتەوەری زۆرترمان لە هەموو ولاتانی دنیاوە بۆ دێن. ناتوانی ئەم سەرکەوتنە بۆ سێکسفرۆشی بگەڕێنییەوە. قازانجی خزمەتگوزارییەکانی هۆتێلەکان سەرەکیترین هۆکارن".

تەنانەت ئەگەر حکوومەتیش پەرە بە گەشتی سێکسی نەدات، ئەنتەرنێت هاندەر بووە بۆ ڕژانی گەشتەوەرانی سێکسی بۆ ناو کوبا. www.WorldSexGuide.Org و www.alt.prostitutio.com و www.worldsexarchives.com بۆ نموونە سێ لەو پێگە ئەلەکترۆنییانەن کە سێکسفرۆشی لە کوبادا بلاو دەکەنەوە. لەم پێگانەدا زانیاری لەبارەی شوێنی دیتنی سێکسفرۆشان و تێچووی کارەکە و ئەو شوێنەی دەبێ سێکسفرۆشانی بۆ ببردرێ و چۆنیەتیی سەروکارکردن لەگەڵ پۆلیس دەست دەکەوێ. هەر پێگەیە و خشتەی بەڵاڤۆکی تێدایە بۆ ئەوەی گەشتیاران لە گەشتەکەیاندا ڕێنوێنی و هەواڵ وەربگرن. پێگەکانی تری وەک www.allforeignbrides.com یان www.asianhearts.com تایبەتن بە هەناردەکردنی بووکانی داواکراو.

لە وتاری ABC News بەناوی "گەشتەوەریی سێکسی ڕووەو هەڵکشانە"، کریستین بێدۆی ڕێکخەری بەرنامەی ECPA دەڵێ "ئەنتەرنێت بووەتە بەربڵاوترین ئامراز بۆ سەرپێچیکارانی سێکسی، ئەمەش بە ئالۆگۆڕکردنی زانیاری لەسەر ئەو شوێنانەی کە لێیان دەستگیر ناکرێن یان ئەو شوێنانەی تێیاندا یاسا کەم دەسەڵاتە". ئەگەرچی حکوومەت دەڵێ، خۆی بۆ کوبا وەک شوێنێکی سێکسی بانگەشە ناکات، ئەم پێگە ئەلیکترۆنییانە کە لە خزمەت گەشتەوەرانی سێکسدان کوبا وەک سەیرانگەیەکی سێکسی بەهێزتر دەگەن.

سێکسفرۆشیی هاوچەرخ لە کوبادا

ئاراستەی سێکسفرۆشی لە کوبا ئێستاکە تا ڕادەیەک جیاوازە لە پێش شۆڕش. ئەمڕۆکە سێکسفرۆشانی کوبی یان هەروەک بە جینێتێراس ناو دەبردرێن بەشێوەیەکی سەرەکی لە خزمەت گەشتەوەرانی بیانیدان. جولیا ئۆکۆنڵ دێیڤیدسن لە گوتارەکەیدا بەناوی "گەشتەوەریی سێکسی لە کوبادا" تێبینیی کردووە "لە کوبادا هیچ تۆڕێکی مەلها، هیچ سیستەمێکی ڕێکخراوە بۆ سێکسفرۆشتن لە بارەکاندا نییە، لە ڕاستیدا بە دەگمەن لایەنی سێیەم لە ڕێکخستنی سێکسفرۆشیدا بەشدارە" (Davidson، ١٩٩٦). سێکسفرۆشان لەلایەن خێزانی خۆیانەوە مامەڵەیان پێ ناکرێ و وەک سێکسفرۆشانی ولاتانی تر لە هەلومەرجی ناچارەکیشدا ناژین. ئەوان بەبۆنەی خووگرتن بە کحول و حەبی هۆشبەر خۆیان نافرۆشن (The Economist، ٢٤ی ئابی ٢٠٠٠). زۆربەی سێکسفرۆشان کە بۆ ئەم باسە دیمانەیان لەگەڵ کراوە لەپێناو پێویستیی

مادییەوە بڕیاریان داوە بە ویستی خۆیانەوە بچنە ناو پیشەکەوە.

هەروەک پێش شۆڕش زۆر ژن لە ناوەوەی دووڕگەکەوە هاتنە هاڤانا تاوەکو بۆ خێزانیان پارە پەیدا بکەن. دانیشتووانی هاڤانا بەهۆی گەشتەوەرییەوە بە ئاسانتر دۆلاریان دەست دەکەوت. بۆ دانیشتوانی پارێزگاکانی تر زۆر قورستر ئەو دۆلارانەی بۆ زیندوومانەوەیان پێویستە، پەیدا بکەن.

ئەو پارەیەی ژنێک مانگانە دەینێرێتەوە بەشی چەندان هەفتەی تەواوی خێزان دەکات. ئەمەش پاڵپەستۆیەکی پتری دەخاتە سەر بۆ ئەوەی لە پیشەکە بەردەوام بێ. جولیا، دووڕەگەیەکی بیست ساڵی لە camagüey گوتی "مانگانە ٥٠ دۆلار بۆ دایکم دەنێرم. هەرگیز پێم نەگوتووە چ کارێک دەکەم، بەڵام ئەویش ناپرسێ".

سێ هۆکار لە پشت چوونی ژنانی کوبییە بۆ ناو سێکسفرۆشی. یەکەمین و گرینگترین هۆکار پێویستیی مادییە. زۆر ژن پەنا بۆ سێکسفرۆشی دەبەن، چونکە هیچ ڕێگەیەکی تر بۆ زیندوومانەوە نادۆزنەوە. ئەو کاتەش کە بوونە سێکسفرۆش گیر دەخۆن، چونکە لە ماڵەوە دوورن و هیچ ڕێگەیەکی تریان نییە بۆ دابینکردنی بژێوییان (بەهۆی یاساکانی ناوەخۆییی تایبەت بە کۆچکردن ناشتوانن کارێکی یاسایی بدۆزنەوە. بۆیەش تاکە ڕێگەیەک بۆ دابینکردنی پێداویستیی خۆیان سێکسفرۆشتنە).

ئێسپێرانزا دایکێکی ٢٣ساڵانە لە camagüey. منداڵێکی ٢٠ مانگانی هەیە و لە فرۆشگەیەکی داوودەرمانی دەوڵەتی مانگانە بە ٢٠٠ پێزۆ کار دەکات. "ناتوانم پارەی دایەنگەی بۆ دابین بکەم و پارەی تەواویشم نییە پێڵاوی بۆ بکرم". لێکۆڵەر لە دووەم شەوی مانەوەی ئێسپێرانزا لە هاڤانا چاوی پێ کەوتبوو. چەند ڕۆژێک پێشتری، ئێسپێرانزا پارەی پشووی خۆی لە بلیتی پاسێک بۆ هاڤانا دابوو. "هەندێک هاورێم لێرە هەن کە بۆ شوێنی مانەوەم یارمەتم دەدەن. من بۆ دوو هەفتە ئەم کارە دەکەم و پاشان بە پارەیەکی باش کە بەشمان بکات دەگەڕێمەوەcamagüey. خەجاڵەتم، بەڵام چیی ترم لە دەست دێت؟".

هۆکاری دووەم بۆ تێکەڵبوونی ژنان بە سێکسفرۆشی ئەوەیە ناتوانن تێچووی خوێندن یان کارکردنیان لە پیشەیەکی هەڵبژێردراوەوە دابین بکەن. مووچە لە کوبا یەکجار نزمە. تێکڕای مووچەی مانگانە نێزیکەی ٢٥٠ پێزۆ (١٢دۆلار)ە و تەنانەت دوکتۆر یان پارێزەریش پتر لە ٦٠٠ پێزۆی پێ دەرنایەت (Granma، ٢٣ی کانوونی یەکەم، ٢٠٠٠). تەنانەت کرێکارە کوبییە هەرە خوێندەوارەکانیش ناچارن سەرچاوە داهاتێکی جێگرەوە یان زیاتر بدۆزنەوە. لە زۆر خێزاندا یەکێک لە ئەندامانی دامەزراو واز لە کار دێنی بۆ ئەوەی مافی خۆدامەزراندن وەربگرێ. ئەم خۆدامەزراندنەش زۆربەی جار بژێوی تەواو بۆ سەرجەم خێزان دابین دەکات. پیشەوەرانی تریش واز لە کارە دەوڵەتییەکانیان دێنن تاوەکو لە کەرتی گەشتەوەریدا وەک شۆفێری تەکسی، خزمەتکار، مەیگێڕ یان بەردەست کار بکەن[١٠]. هەندێک کارمەند و قوتابیش لە جیاتی ئەمانە ڕوو

دەکەنە سێکسفرۆشی.

ژنانی کارمەندیش بەشێوەیەکی ئاسایی بە بەشەکاتی (پارت تایم) سێکس دەفرۆشن، وەک ڕێگەیەک بۆ فەراهەمکردنی بژێویان. ئەوان هەموو شەوان کاری سەر شەقام ناکەن و لە هەندێک باڕدا لە مانگێکدا تەنیا چەند جارێک کڕیار وەردەگرن. وەک دێیڤیدسن ڕوونی کردووەتەوە "ئەو ژنانەی دانیشتووانی یاساییی سەنتەرێکی گەشتەوەرین بەزۆری کاری سێکسی بەشێوەیەکی بێ بەرنامە و دەگمەن و یان بۆ ئامانجی تایبەت و دیاریکراوەوە ئەنجام دەدەن" (Davidson، ١٩٩٦). ئەم ژنانە خەرجییان یەکجار گران نییە، ئەوان لە ماڵەوە دەژین و لە کرێی هاتوچۆ کە زۆرێک لە ژنانی ووڵات دەیدەن، بێ خەمن.

فرانسیسکا و گابرییڵا دوو کچی هەژدە ساڵانی دوورەگەن. بە ڕۆژ لە قوتابخانەیەکی پزیشکیدا پەرستیاری دەخوێنن و بە شەو کاری شەقامان دەکەن ئەگەر بۆ مانگێک لەگەڵ کڕیارێکدا بخەون دوو ئەوەندەی مووچەی مانگانەی خۆیان وەک پەرستیار دەست دەکەوێ. "ئێمە بەس بۆ ڕابواردن پەرستیاری دەخوێنین. بە پەرستیارییەوە ناتوانین پارەی تەواو بۆ ژیانمان دەربێنین".

مامۆستایەکی خانەنشینی ووڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ئاستی خوێندەواریی سێکسفرۆشانی کوبی گوتی "دوێنێ شەو لەگەڵ کچێکی ژیکەڵەدا بووم. پاش ئەوەی تەواو بووین پێی گوتم بیناسازە. لە کوێی تر سێکسفرۆشی بیناساز دەدۆزییەوە!".

سێیەم هۆکار بۆ چوونە ناو سێکسفرۆشی ئەوەیە هەندێک سێکسفرۆش کارەکە بە ڕێگەیەک بۆ ژیانێکی باشتر دەزانن. سێکسفرۆشی هەڵی چوونە یانەکان، خواردن لە ڕێستۆرانت و کڕینی شمەکی کەشخەیان بۆ دەڕەخسێنێ. کاتێک بەڵای دووکانێکی جلی مۆدە لە شەقامی ئۆبیسپۆدا رامان بوارد، کە بازاڕی سەرەکیی Havana Viejoیە، هاوڕێیەک گوتی "ئەو دووکانانە بۆ فرۆشتنی شمەکی سێکسفرۆشان کراونەتەوە. بێجگە لە گەشتەوەران کێی تر پارەی پێویستی هەیە بۆ شتکڕین لێرە؟". دەرکەوانی هۆتێلی پێنج ئەستێرەی Meliá Varaderoیش پێی وایە سێکسفرۆشی ژیانێکی ئاسوودەتر بە کچان دەبەخشێ. "نێزیکەی ٩٠٪ی ئەو کچانەی هاتوون (بۆ ڤارادێرۆ) ئەم کارەیان کردووە لەبەرئەوەی ئەوە ئەو ژیانەیەی کە دەیخوازن. ئەوان دەیانەوێ بچنە دەرەوە بۆ خواردن، بۆ ئاهەنگ و بۆ نووستن لەگەڵ پیاوانی جیاواز. تەنیا هەژمارێکی بچووکی ژنان لەبەر پێویستییەکی تەنگپێوەهەڵچنی ئابوورییەوە ئەم کارەیان کردووە"(١١).

سێکسفرۆشی لە کوبادا کارێکی پرقازانجە. زۆربەی سێکسفرۆشان بۆ شەوێک ٢٥–٤٠ دۆلار داوا دەکەن. لە یانە پرکەشترەکانی وەک Palacio de la Salsa یان El Comodoro ئەوان ٨٠–١٠٠ دۆلار دەخوازن. شتێکی ئاساییە پیاوێک چەند سەد دۆلارێک بۆ چەند ڕۆژ ڕابواردن خەرج بکا. جودیی ٢٤ ساڵان سێکسفرۆشێکی پێشوویە کە پێش شەش ساڵ هاتووەتە هاڤانا. دەرچووی قوتابخانەی ئامادەییە، بەڵام نەچووەتە کۆلێج، چونکە دەزانێ دەتوانی بەنووستن لەگەڵ پیاوان پارەیەکی زۆر زیاتری چنگ کەوێ. هەرگیز بۆ کار ناچێتە سەر شەقام، بەڵام پیاوان لە ڕێگەی

هاوڕێکانییەوە لە بارێکدا دەبینی یانیش لە ناکاو لە کاتی چوونە ناو گەڕەکی خۆی کە تەژی گەشتەوەرە. "هەموو کات بەڕاشکاوی پێیان دەڵێم پێویستە پارە بدەن. زۆرجار دەخوازن هەفتەکە بەتەواوەتی لەگەڵم رابوێرن. پیاوێک ٦٠٠ دۆلاری داپێم پاش ئەوەی چوار رۆژی لەگەڵ رابواردم. پیاوێکی تر کە بەنیاز بووم شووی پێ بکەم ١٠٠٠دۆلاری بە پۆست بۆ ناردم!". لە دوو ساڵی رابردوودا تەنیا بە ناوەناوە کارکردن لە مانگێکدا ئەو ٣٠٠٠ تا ٥٠٠٠ دۆلاری دەرهێناوە. هەر بەو دواییانە وازی لە سێکسفرۆشی هێناوە و ئێستا ژواندارای ئەڵمانییەکی ٤٠ ساڵانە. ئەو ساڵانە چەند مانگێک بۆ بازرگانی دێتە هاڤانا و پارە دەدا بە جودی.

ئەو جۆرە سێکسفرۆشییەی جودی دەیکات کە بە "سێکسفرۆشیی بێ کۆتا" ناو دەبردێت، بەگشتی لەلایەن زۆر حکوومەتەوە رێگە پێ دراوە و لە سەرانسەری دنیادا پێڕەو دەکرێ. ئێدکۆهن لە لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی سێکسفرۆشانی تایلەندیدا دەڵێت "هەرچەندە پێوەندییەکە رەنگە وەک خزمەتگوزارییەکی بێلایەن دەست پێ بکرێ، رەنگە بەئاسانی بۆ پێوەندییەکی درێژخایەن و قوواڵ و کەسێنی بگۆڕێت کە هەم بۆ ئارەزووی هەستی و هەم بۆ بەرژەوەندییی ئابووریی بێ" (Cohen، ١٩٨٢). ئەم پێوەندییانە بە راستەقینە دەزانرێن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تەنانەت دەگەنە ئاستی بەهاوسەربوونەوە. پۆلیسێکی کوبی پێی گوتم ئەمە نایاسایی نییە. "ئەگەر بۆ سێکس پارە بدەی بە کچێک ئەوە سێکسفرۆشییە. بەڵام ئەگەر تۆ کچێکت خۆش بوێت و بیبەیە دەرەوە بۆ خواردن و سەما و دواتر ئەگەر ویستت لەگەڵی سێکس بکەی.... ئەوە شتێکی ئاساییە".

زۆرینەی سێکسفرۆشان رەشپێست بان دووڕەگەن[١٢]. ئەمەش بەهۆی جیاوازیی ڕەگەزپەرەستانەییەوە نییە و تەنانەت مەرجیش نییە لە باری ئابووریی ناسکترەوە سەرچاوەی گرتبێ. لە کوبادا خواستی سێکسکردن لەگەڵ ژنانی رەشپێست لەچاو هی سپیپێستان بەرزترە. زۆر پیاوی ئەوروپایی مەیل و هەوەسی رەگەزپەرەستانەیان هەیە و سەردانیان بۆ کوبا بەتایبەتی بۆ تێرکردنی ئەم هەوەسانەیە. جولیا دێیڤیدسن لە گوتارەکەیدا بەناوی "گەشتەوەریی سێکسی لە کوبادا "دەنووسێ "زۆرێک لە گەشتەوەرانی سێکس شەیدای مەیلی سێکسیی ژنانی ڕەشپیستن کە بە کێوی و سەرەتایی زانراوە و لەبەرئەوە بە مەیلێکی سروشتی و وروژێنەر و پڕتر لە هی سپیپێستان دادەنرێ (Davidson، ١٩٩٦). گەشتەوەرێکی بەریتانی پێی گوتم "کاتێک دەچم بۆ گەشت بەدوای سێکسکردن لەگەڵ ئەو کچانەم کە لە وڵاتی خۆمدا دەستم ناکەون. بەریتانیا زۆر ژنی رەشپێستی لێ نییە". کەنارەکانی Playas Del Este کە رابوردنگەیەکی گشتیی ئیتاڵییەکانە بەنێزێکەیی پڕە لە ژنانی رەشپێست.

سێکسفرۆشانی مێینە لە سەرانسەری هاڤاندا هەن، بەڵام لەو شوێنانەی گەشتەوەران زۆر هاتوچۆی دەکەن، چڕ دەبنەوە. تا ساڵی ١٩٩٩ Quinta Qvenida کە بەناو میانماردا تێ دەپەڕێ، بەهۆی ژنانی سێکسفرۆشەوە ناتۆرە بوو. بەڵام ئێستە ئەم شەقامە پاسەوانییەکی زۆری لەسەرە و تەنیا چەند ژنێکی تێدا دەبینرێ. لا رامپا کە دەکەوێتە سەر Malecón و هۆتێلی پێنج ئەستێرەی

هاوڕێکانی کێشی

ناسیۆنال شانازی بە زۆرترن سێکسفرۆشانەوە دەکات لە ناوچەیەک کە سەردەمانێک لوکسترین ناوچەی ڤێدادۆ بوو. زۆر ژن لە ناوەڕاستی Parque و بەدرێژاییی شەقامی ئۆبیسپۆی Havana Veijeدا دەبینرێن. یانەی شەوانەی وەک کۆمۆدۆرۆ و پالاسیۆ دێ لا سالسا و هاڤانا کافێ و پاپا زۆربەی کات پڕن لە سێکسفرۆش. یاسای نوێ کە بۆ کۆنترۆڵکردنی ژمارەی سێکسفرۆشان لەم یانانەدا دانراون، رێگە نادات ژنانی کوبی بەبێ بیانییەک بێنە ژوورەوەی ئەم یانانە. بەڵام ئەمەش رێگر نییە لە بەردەم زۆر سێکسفرۆش[١٣] کە پارەی چوونەژوورەوە دەدەنە پاسەوانان. ئەو سێکسفرۆشانەی خزمەتی کڕیارانی کوبی دەکەن لەو شوێنانەی هاتوچۆی کەمتریان لەسەرە دەمێننەوە وەک لە سێنترۆ هاڤانا و Cayo Hueso . ئەم ژنانە خزمەتگوزارییەکانیان بە ١ تا ٥ دۆلار پێکشێش دەکەن.

سێکسفرۆشیی نێرینەش لە هاڤانادا هەیە. لە کوبا بە پێچەوانەی دوورگە کاریبییەکانی تری وەک جامائیکا[١٤]، نێربازان لە سێکسفرۆشیی نێراندا بەهەرمێنن. سێکسفرۆشان و نێربازانی تر شەوانە لە سووچی Cine Yara لە ڤێدادۆ کۆم دەبن. زۆر نێربازی تریش لە دەرەوەی فیات کافتریا لە Malecón خڕ دەبنەوە. بەگوتەی کارلۆس، نێربازێکی ٢٧ ساڵان، ٦٥٪ی ئەو چەندان سەد نێربازەی هاتوچۆی ئەم دوو شوێنەکەن، سێکسفرۆشن. کارلۆس خۆی سێکسفرۆش نییە. ئەو لەگەڵ ئیسپانییەکی ٥٠ ساڵیدا دەژی کە پارچەی ئۆتۆمبێل هاوردە دەکات. جەختیش دەکاتەوە پێوەندییەکەیان یاساییە. "ئەگەر خۆشم بوێستبا، لەگەڵی نەدەبووم جا گرینگ نییە چەند پارەشی هەبووایە". سێکسفرۆشیی نێربازان وەک سێکسفرۆشیی دژرەگەزەکانە. سێکسفرۆشان پتر لە خزمەت پیاوانی ئەوروپیدان بەتایبەتیش ئیتاڵییەکان. لە ٣٠ دۆلارەوە تا ٥٠ داوا دەکەن. ئەوان سێکسفرۆشی بە رێگەیەکی باش بۆ پارە دەرهێنان دەزانن و بەگشتی بەهۆی نائومێدی یان بۆ دابینکردنی ئەو حەب و کحولەی لێی راهاتوون، سێکسفرۆشی ناکەن. ئەم نێربازانە پۆشاکی مارکە دیاری وەک Tomy Hilfiger و Versace و Kalvin Kleinیان لەبەرە. رایمۆند کە خۆی بە دۆناتێللا ناو دەبات بەشانازییەوە تیشێرتەکەی خۆی کە مارکەی Versace بوو پێشانی لێکۆڵەر دا. "ئەمە دیارییەک بوو لەلایەن هاوڕێیەکەمەوە. تازە بۆی لە مەکزیکۆوە هێناوم". کاتێک لێم پرسی ئیشێکی تری هەیە یان نا، گوتی "بەدوای ئیش گەڕاوم، بەڵام بۆچی بۆ ٢٠٠ پێزۆی مانگانە کار بکەم کاتێک ئەم کارەم پێ دەکرێ؟"

لە هاڤانادا هیچ یانەیەک بۆ نێربازان نییە. لە دووشەمەوە تا پێنجشەمە سێکسفرۆشان لەسەر شەقامن. شیمانەی نێربازی بێ شک گرێدراوی شیمانەی سێکسفرۆشییە. ئەو نێربازانەی سێکسفرۆشی ناکەن هاتوچۆی هەمان شوێنەکانی سێکسفرۆشان دەکەن. لەبەرئەوە نێربازان شوێنی ئەوتۆ هەڵدەبژێرن کە زۆر گشتیترە لەو شوێنانەی سێکسفرۆشانی ئافرەت هاتوچۆیان دەکەن. زۆر نێرباز دەچنە Cine Yaraبۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێ و دۆستەکانیان رابوێرن و تەنیا ئەگەر بارودۆخەکە بخوازێ، کڕیار وەربگرن.

هەولێر لایبرەری گشتی

هەموو شەوانی هەینی و شەموو ئاهەنگێکی نێربازان سازە. شوێنی ئاهەنگەکە هەموو جارێک دەگۆڕێ و تەنیا لە رۆژی ئاهەنگەکەدا ئاشکرا دەکرێ. شۆفێرانی مۆڵەت پێنەدراوی تەکسی بە ٢٠ پێزۆ بۆ هەر نەفەرێک ئۆتۆمۆبێلی پڕ لە پیاو بەرەو ئاهەنگەکە لێ دەخورن. نێربازێک کە بەڕووالەت ئاهەنگەکە بۆ جووتەیەکی ئاسایی (مانای دژرەگەز) دەگێڕێت، شوێنێکی حکومیی بە کرێ دەگرێت بۆ سازدانی ئاهەنگەکە. جێی نێزیکەی ٥٠٠ کەسی تێدا دەبێتەوە. بلیتی ئاهەنگەکە بە دۆلارێکەوە و دەوڵەت بەشێکی زۆری قازانجەکە دەگێڕێتەوە. ئەم ئاهەنگە باوترین شوێنە بۆ بیانیان بۆ گەڕان بەدوای سێکسفرۆشاندا.

پیاوانی ژنبەرگ لە کۆمەڵگەی نێربازاندا بەشێوەیەکی ئاسایی هەن. هەندێکیان بە شەو تەواو وەک ژن جل لەبەر دەکەن. ئەوانی تر رەگەزگۆڕاوەکانن، ئەوانەی رەگەزیان بە نەشتەرگەری گۆڕیوە. پیاوێکی رەشپێست لەخۆبایانە مەمکە نوێییەکانی نواند. "خۆشەویستەکەم لە ئیتاڵیاوە پارچە سیلیکۆنی بۆ هێنام. ١٥٠٠ دۆلاری لە نەشتەرگەرییەکە دا. بەڵام ئێستا فنجانی شێوە Cم هەیە". رەگەزگۆڕاوێکی تر گوتی نەشتەرگەرییەکەی تەنیا ٣٠٠ تا ٤٠٠ دۆلاری تێ چووە.

مۆنیکا رەگەزگۆڕاوێکی ٣٤ ساڵانە. هەموو شەوێک لە سووچی Cine Yara دەوەستێ و تێکەڵی هەزاران نێربازی ئەو شوێنە دەبێ. ئاپارتمانی یەک تەختەی خۆی بۆ هەر کاتژمێرێک بە ١٠ دۆلار بە کرێ دەداتەوە بە سێکسفرۆشانی تر و کڕیارانیان. بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی وەک سێکسفرۆش هەفتانە رۆژێک یان دووان کار دەکات. "پیاوانی ئیتاڵی حەزم لێ دەکەن. من بە ژنانی ئیتاڵی دەچم هەرچەندە زۆر سێکسیترم. پڕچێکی کەژی سپیالۆی دەسکردی لە سەر و نیوتەنووریەکی تەسک و تروسکی سەوزی لەبەرە. بەدەرزی شلە دەکاتە ناو سینگی بۆ ئەوەی مەمکی گەورەتر بن. "بۆ شێلیی هاوڕێم (رەگەزگۆڕاوێکی تر) بە سەد دۆلار جووڵەی خۆشەویستیی مێبازانە دەنوێنم و پاشان بە ٥٠ دۆلاری تر لەگەڵی سێکس دەکەم. من نرخی خۆم دەزانم. لە٥٠ دۆلار کەمتر هیچ ناکەم. پێویستیشم بە کاری سەر شەقامان نییە. کڕیاری بەردەوامم هەیە. دوا خۆشەویستم دەیەویست لەگەڵ خۆی بمباتە ئیتاڵیا. گوتی تێچووی نەشتەرگەرییەکە دەدا، بەڵام من نەمویست بچم. من کوبام خۆش دەوێ".

جیاکاری لە دژی هاوڕەگەزبازان هێشتاش هەیە، بەڵام ڕووەوە نەمانە. حکوومەت پاش ئەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست هاوڕەگەزبازانی چەوساندەوە. رۆژنامەی Revolución نووسی "هیچ هاوڕەگەزبازێک نوێنەرایەتیی شۆڕش ناکات کە بۆ پیاوان هێزە نەک لاوازی، بوێرییە نەک ترسنۆکی". کاستڕۆ هاوڕەگەزبازانی بە تاوانباری ئاسایی دادەنا و لە ساڵی ١٩٨٠دا هانی هاوڕەگەزبازانی Mariel Boatlift دەدا لە دوورگەکە ڕابکەن (Arenas، ١٩٩٢).

ئەمڕۆکە هاوڕەگەزبازی زیاتر جێی کردووەتەوە. هاوڕەگەزبازان ئیتر وەک دوژمنی دەوڵەت سەیر ناکرێن. ماریا رۆدریگوێرز، رێکخەرێک لە سەنتەری پەروەردەی سێکسی دەڵێت "هەست دەکەم تێڕوانییەکان بەرامبەر بە هاوڕەگەزان گۆڕاون. خەڵک وەک جاران بە سەیریان لە قەڵەم نادات

www.ilga.org/infromation/legal-survey/americas/cuba. زۆرێک لە نێربازان هۆی ئەم تۆلەرەنسە دەدەنە پاڵ سەرکەوتنی فیلمی کوبیی Strawberry and Chocolate (فراولە و چوکلێت)ی ساڵی ١٩٩٥. فیلمەکە باس لە پێوەندیی نێوان هاوڕەگەزبازێکی کوبی و قوتابییەکی ئاسایی زانکۆ دەکات و بۆ وەرگرتنی خەڵاتی Academy وەک باشترین فیلمی بیانی ناوزەد کرابوو. زۆربەی کوبییەکان پێییان وایە فیلمەکە دەرگەی دیالۆگێکی نوێی گشتیی لەبارەی بابەتەکەوە لە ناوەخۆی کوبادا سەرپشت کرد. بەڵام هاوڕەگەزبازان هێشتاش بەدەست جیاکارییەوە دەناڵێنن. بەگوێرەی مادەی ٣٠٣أ هی یاسای سزادانی ساڵی ١٩٨٨ هاوڕەگەزبازیی بەئاشکرا دەربڕاو سزاکەی لە سێ مانگ زیندانەوە بۆ سااڵێکە (سەرچاوەی پێشوو). بە لێکدانەوە ئەم یاسایە لێڵە و هاوڕەگەزبازان هەندێک جار پارەیان پێ دەبڕێردرێتەوە یانیش بە نارەوایی لەلایەن پۆلیسەوە زیندانی دەکرێن.

کاردانەوەی حکوومەت

حکوومەت نکوڵی لەوە دەکات سێکسفرۆشی کێشەیەکی گەورە بێ. بە مەزندەی حکوومەتەوە تەنیا ٧٠٠ سێکسفرۆش لە هاڤانادا هەن(لێکۆڵەر تەنیا لە تاقە یانەیەکی شەوانەدا ٢٠٠ی ژماردن). لە سەرەتای ١٩٩٠ەکاندا کاسترۆ ئامرازی کۆنترۆڵکردنی سێکسفرۆشیی نەبوو. لە هەوڵێکدا بۆ هەموارکردنەوەی ئەو پاڵەپەستۆیە نەرێنییەی بۆ کوبا دەهات، کاسترۆ گوتبووی "کوبا پاکترین و هەرە خوێندەوارترین سێکسفرۆشانی جیهانی هەیە". ئەمرۆکەش حکوومەت بەئاشکرا رەخنە لە سێکسفرۆشی دەگرێ و بەڵێنی قەڵاچۆکردنی دەدا. لە ١٩٩٦دا کاسترۆ رای گەیاند سێکسفرۆشی "لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستدا نایاساییە" (Cuban Hookers، ١٩٩٦). ماگالیس ئارۆچا بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی FMC ڕوونی کردەوە پێویستە حکوومەت بپرژێتە سەر نەهێشتنی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانەی دەبنە هۆی سێکسفرۆشی. "ئەرکی ئێمە بریتییە لە ڕێگەگرتن و نەهێشتنی، ئەوە شەڕی دژی سێکسفرۆشی نییە، بگرە شەڕە لە دژی ئەو شتەی پەرەی پێ دەدا و هانی دەدا".

گەورەترین ترسی حکوومەت لە سێکسفرۆشی ئەو وێنەیەیە کە بۆ جیهانی دەرەوەی بەرجەستە دەکات. سێکسفرۆشی وردوخاشبوونی داودەزگا و بەهاکانی سوشیالیست بەرجەستە دەکات. کاسترۆ کەپیتاڵیزمی بەهۆی مامەڵەکردن بەخەڵکەوە سەرکۆنە دەکرد. بەڵام ئەم سەرزەنشتانە تا ئەو دەمەی کوبا وەک پێگەیەکی گەشتەوەریی سێکسی بمێنێتەوە، ڕووالەتین. Granma کە ڕۆژنامەی فەرمیی دەوڵەتە بەردەوام نیگەرانیی کاسترۆ سەبارەت بەو بۆچوونەی گەشتەوەران بەرامبەر بە کوبایان هەیە، پێشان دەدا. "نەریتی سێکسفرۆشی و دیاردەی پێناویکردن (گەوادیکردن) پیشەیەکی ناتۆرە کە پێوەندییی بە سێکسفرۆشییەوە هەیە، ڕەنگە بە هەمان رادەی ناو وڵات دەتوانن وێنەی هەڵخەڵەتێنەری ئەوتۆش لە دەرەوە بخۆڵقێنن کە ناوبانگی نەتەوەیەکی

قارەمان بزرێنێت (Granma، ١ی ئەیلوولی ١٩٩٨).

گوتارێکی Juventud Rebelde لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٩٨دا ترسی لێژنەگەلی بەرگری لە شۆڕش لە سێکسفرۆشی دەردەخات[١٥]. "ئەندامانی لێژنەکان لەگەڵ لێژنەگەلی پێشگیری و وشیاریی کۆمەڵایەتی کار دەکەن لە دژی هەموو ئەو قلیشانەی وێنەی کۆمەڵگەی ئێمەیان شێواندووە وەک سێکسفرۆشی و پێناویکردن و هەڵسوکەوتە ناشایستەکانی تر (Juventud Rebelde.)

ترسێکی تر لە سێکسفرۆشی ئەوەیە هەندێک گەشتەوەر ژنانی کوبی بە چاوی کەلوپەلێک بۆ بەکارهێنان دەبینن و ئەمەش وێنەی کوبا لە مێشکی گەشتەوەرانی ڕێتێچوودا دەشێوێنێ. ئەم نیگەرانییە وای لە حکومەت کردووە سێکسفرۆشی لە کەناری ڤارادێرۆ، پرکێشترین کەناره بۆ بیانییەکان، سەرکوت بکا. لە ١٩٩٦دا هەزاران ژن وەک سێکسفرۆش لە نیمچەدوورگەی ١٩ کیلۆمەتریدا کاریان دەکرد. ژنان لە هەموو بەشەکانی دوورگەکەوە دەهاتن و لە شاری ڤارادێرۆ یان ماتانزاسدا، ٤٠ کم ئەولاتر، ژووریان بەکرێ دەگرت. کێبەرکێ بۆ کڕیاران بەهێز بوو و لەسەر شەقامەکان پیاوان بەردەوام وەسوەسە و تەنانەت هەراسانیش دەکران. لە یەکەم مانگەکانی ١٩٩٦دا کاربەدەستان ٧٠٠٠ ژنیان گەراندنەوە ماڵی خۆیان و پتر لە ٤٠٠ ماڵیان نۆڕی بە گومانی ئەوەی مەلها بن و گرووپێکی فیلمکاری سێکسییان هەڵوەشاندەوە (CubaInfo، ١٩٩٦). ئێستاکە بۆ کوبییەکانی ڤارادێرۆ ژوور بەکرێدانەوە ناپاساییە. بێجگە لەوەش هەر کەسێک بە جێگەدان بە سێکسفرۆشێک تۆمەتبار بکرێ خانووەکەی لێ دەسێندرێتەوە[١٦]. بە گوتەی ڕاڵف، شۆفێر پاسێکی خانەنشینکراو، لە چەند ساڵی ڕابردوودا ١٧ خانوو دەستیان بەسەردا گیراوە.

هەنگاوەکانی حکوومەت سەرکەوتووانە سێکسفرۆشیی تا ڕادەیەکی باش لە ڤارادێرۆ لەناو بردووە، بەڵام هەڕەشەشی لە داهاتووی پیشەسازییی گەشتەوەری لە نیمچەدوورگەکەدا کردووە. Morning Dalas News لە گوتارێکیدا لە ١٠ی خوزەیرانی ١٩٩٦ لە زار کارمەندێکی هۆتێلێک لە ڤارادێرۆوە نووسیویەتی "ژمارەیەکی کەم سێکسفرۆش لێرە هەن... بارِ و کەنارەکان بەنێزیکەیی چۆڵن. ئەمە زۆر دڵتوندکەرە".

کوبا هانی پێشکەوتنی هەر هەموو هەوارەکانی ڤارادێرۆی داوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەمانی گەشتەوەرانی سێکسی. هەواری وەک Gran Caribe یانیش Meliá Varadero هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوە و وەرزشی ناو ئاو و سەرگەرمییەکی دابین کردووە بۆ ئەو میوانانەی کە بە دەگمەن لەناو حەوشەکەوە دەردەچن. ژمارەی مانگی هەنگوینکەران، جووتەی خانەنشینبوو و خێزانەکان لە ڤارادێرۆ بەرز بووەتەوە. سەرەڕای دابەزینی ژمارەی پیاوانی سەڵت کە وێڵی سێکسن، گەشتەوەری لە ڤارادێرۆ بەردەوامە لە گەشەکردن.

پاپتۆی سەرۆکی لیژنەیەکی بەرگری لە شۆڕش گۆڕانەکە بەرز دەنرخێنێ. "بەدڵنیاییەوە، سێکسفرۆشی بەشێوەیەک هانی گەشتەوەریی دەدا، بەڵام ئەوە ئەو جۆرە گەشتەوەرییە نییە کە ئێمە دەیخوازین. ئێمە نامانەوێ ڤارادێرۆ ببێتە مەڵبەندێک بۆ سێکسفرۆشی و حەبی هۆشبەر و

پێناوداری و کحول که هاورێیانه. ئێستاکه ئێمه گەشتەوەرییەکی چاکمان هەیە. گەنج و پیر و خێزانەکان سەردانی ئێرە دەکەن. ئەوەی راستی بێ ئێمە رۆژانە نێزیکەی ١٩٠٠٠ گەشتەوەرمان لە ڤارادێرۆ هەیە. پێوستمان بە سێکسفرۆشی نییە ئەوەمان بۆ بێنێتە دی". حکوومەت سزاکانی بۆ پێناوداران سەختتر کردووە، پێناوداران بە خەڵکانی بێ کەڵک ناسراون کە لە بەری رەنجی ئەوانی تر‌ەوە پارە دەسکەوت دەکەن، هانی گەشتەوەری نادەن یان سوودێکیان نییە. جگە لەوەش، پێناوداران هێمای بەکارهێنانی ژنانن بۆ ئامانجی کەپیتالیستی. مادەی ١٧ی یاسای ژمارە ٨٧ی ساڵی ١٩٩٩ سزاکانی پێناوداریکردن بۆ سێکسفرۆشیی هەموار کردەوە. بەپێی یاسا هەموارکراوەکە "ماوەی زیندان لە ٤ تا ١٠ ساڵە ئەمەش بەهۆی بە شێوەیەک وروژاندن یان هاندانی کەسێک بۆ تووشبوون بە سێکسفرۆشی یان بازرگانیی جەستەیی". سزاکە لە ١٠ تا ٢٠ ساڵە بۆ هەر کەسێک کە بە هەڕەشە یان هێز کەسێکی تر تووشی سێکسفرۆشی بکا. سزای ٢٠ تا ٣٠ ساڵی بۆ کەسێکە کە بەردەوام هانی سێکسفرۆشی بدا یان لە ڕابردوودا بەهۆی پێناوداریەوە حوکم درابێ (Gaceta، ١٩٩٩).

گوتارێکی Granma لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ باسی یەکێک لە یەکەم حاڵەتەکان دەکات بەگوێرەی یاسای هەموارکراو. پێنج پیاو و ژنێک بە پێناوداری تاوانبار کراون. لە ماوەی ٨ مانگدا ئەوان ٨ مێیینەیان کە سیانیان منداڵ بوون بۆ هاڤانا هێناوە. بەڵێنیان بە کچەکان داوە"خێرا باری ئابووریان باشتر دەبێ" و تاکتیکی تۆقاندنیان بۆکۆنترۆڵکردنیان بەکار هێناوە. یەکێک لە پیاوەکان حوکمی ٢٥ ساڵ زیندانی بۆ بڕاوە، ئەوانی تریش ٥ تا ١٢ ساڵ. گوتارەکە بەم شێوەیە دەبڕێتەوە "کۆمەڵگە بەرپرسیارە بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بێ پێشگیری لەوە بکا سێکسفرۆشی ببێتە کەرتێکی کۆنترۆڵکراو لەلایەن پێناوداران‌ەوە". گوتارەکە بۆ لەناوبردنی سێکسفرۆشی بانگەشە ناکات، بگرە بۆ بەکارهێنانی سێکسفرۆشان لەلایەن نێوانجیکارانەوە.

سەرەڕای سزا توندکراوەکانەوە پێناوداران بەردەوامن لە فرۆشتنی سێکس. پیاوێکی تەمەن مامناوەندی لە Havana Vejia لە شەقامێکی تاریکدا لە لێکۆڵەر نێزیک بووە و گوتی "دوو کچەکانی منت دەوێن؟ ئەوان دووانەن!". لە Regla ، ناوچەیەک لەوبەر بەندەری هاڤانا، ژنێک پێنج کچی بۆ لێکۆڵەر پێشنیاز کرد. کاتێک پرسیاری لێ کرا، پێنج کچ بۆ چییە ، ژنەکە گوتی "چێژیان لێ وەرگرە"(١٧). جودی، سێکسفرۆشێکی پێشوو، پێی وایە زۆر کچ پێناوادارییان هەیە. "ئەم کچانە لەناو جەرگەی لادێوە دێن. کەس ناناسن و دەترسن. پێناوداران شوێنی حەوانەوە، دەست و پێوەند و جلوبەرگی جوان و شتی تریان بۆ فەراهەم دەکەن. لە بنەڕەتدا هیچ یاسایەک لە دژی سێکسفرۆشی نییە. لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ یاسایەکی سزاییی نوێ ژمارەیەک یاسای تری سڕییەوە وەک هی سێکسفرۆشی کە بە سەرپێچییەکی تاوانی دادەنرا (Department of Army، ١٩٨٥). ئەم گۆڕانە لە یاسای سزادان رەنگدانەوەیەک بوو بۆ ئەو بۆچوونە فەرمییەی حکوومەت کە سێکسفرۆشی لەناو براوە. حکوومەت بەفەرمی وای دادەنا کوبا سەرکەوتووانە ئەو هەلومەرجە

هەڵوێستەی کێشە

کۆمەڵایەتییانەی نەهێشتووەتەوە کە سێکسفرۆشییان بڵاو کردووەتەوە و بەم شێوەیە ئیتر پێویست نەبووە بە تاوان هەژمار بکرێ. هەرچەندە هیچ یاسایەک نییە بۆ ئەوەی بەتایبەتی سێکسفرۆشی قەدەخە بکا، مافی ئالۆگۆڕیی سێکسی لەپێناو پارە جێی پرسیارە و هۆکارێکی ڕێ تێ چووە بۆ هەڵوێست وەگرتنی یاسایی. پارێزەرێکی وەزارەتی داد دەڵێ "ژن سەربەستە لەوەی چی بە جەستەی خۆی دەکات". بەڵام زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی پێوەست بە سێکسفرۆشی لەژێر یاساکانی "ئاماژەگەلی مەترسیداری" نایاسایین. بەگوێرەی ئەو یاسایانەوە پۆلیس مافی هەیە هەر کەسێک کە گومانی مەترسیداربوونی لێ بکرێ، دەسگیر بکات پێش ئەوەی تووشی تاوان بێ. بەپێی ماددەی ٧٣ی یاسای سزادان "حاڵەتی مەترسیداربوون ئەو کاتە لە ئارادایە کە تاکێک تووشی یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوە بێت: سەرخۆشیی بەردەوام، بەکارهێنانی حەبی هۆشبەر و ڕەفتاری دژەکۆمەڵایەتی". بێجگە لەوە ماددەکە بەم شێوەیە پێناسەی ڕەفتاری دژەکۆمەڵایەتی دەکات " بارودۆخی مەترسیدار ئەوەیە یەکێک بەردەوام یاساکانی پێکەوەژیان لە ڕێگەی تووندوتیژی پێخوست بکات یان بە کردەوەی تری زۆرکەر مافی ئەوانی تر پێشێل بکا یان بە هەڵسوکەوتێکی گشتییەوە یاساکانی پیکەوەژیان تێک بدا یان ڕێکوپێکیی کۆمەڵگە بشێوێنێ یان وەک مشەخۆرێک لەسەر ڕەنجی ئەوانی تردا بژیت یان کردەوەی ئەوتۆ ئەنجام بدا کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نابەجێن" (Gaceta، ١٩٩٩).

دەتوانرێ سێکسفرۆشێک لەژێر جۆرەها بەندی یاساییەوە دەستگیر بکرێ. هەر کەسێک پارەی هەبێت یان دەبێ ڕاستەوخۆ لەلایەن حکوومەتەوە دامەزراو بێ یان دەبێ ناوی هەبێت و وەک کرێکارێکی خۆدامەزرێنەر باج بدا. سێکسفرۆشی کارێک نییە لە خۆدامەزراندندا ڕێگەی پێ درابێ. کەواتە سێکسفرۆشێک کە دانەمەزراوە ناتوانێ لەسەر داهاتەکەی ڕوونکردنەوە بدات و لە بنەڕەتدا "مشەخۆرێکی کۆمەڵایەتی"یە. هەروەها پیاسەکردن و شەقام پێوان بە "ڕەفتاری دژەکۆمەڵایەتی" هەژمار دەکرێن و ڕەنگە ببنە پاساوێک بۆ دەستگیرکردن.

چەند ساڵێک لەمەوبەر حکوومەت یاسای کۆچی ناوەخۆیی جێبەجێ کرد کە ڕێگرە لە تێڕژانی خەڵکی دەرەوەی هاڤانا بۆناو ئەم شارە. پۆلیس بەردەوام لە کوبییەکان داوای ناسنامە دەکەن. ئەگەر سێکسفرۆشێک لە هاڤانادا بەبێ مۆڵەتێکی بەجێ ئاشکرا ببێ، ڕاستەوخۆ دەنێردرێتەوە پارێزگای خۆی. پۆلیس هەروەها داوای ناسنامە دەکات بۆ تۆمارکردنی هاتوچۆی کوبییەکان. هەر جارەوە کە پۆلیسێک لە کوبییەک داوای ناسنامە دەکات، کاتەکە و شوێنەکە لە فایلی زانیاریی پۆلیس تۆمار دەکات. ئەگەر ژن یان پیاوێک زۆرجار لە یەک شوێن و لە درەنگانی شەو ناوی تۆمار کرابێت، ڕەنگە تۆمەتی هەڵسوکەوتی دژەکۆمەڵایەتیی بدرێتە پاڵ.

ئەگەر پۆلیسێک گومانی سێکسفرۆشیی لە کەسێک کرد، نامەیەکی ئاگەدارکردنەوەی بۆ دەنێرێت، چەند سەد پێزۆیەکی پێ دەبڕێرێتەوە و ڕەنگە شەوێک زیندانیی بکات. نامەکە هەروەها دەنێردرێت بۆ خێزانی سێکسفرۆشەکە و سەرۆکی لیژنەی بەرگری لە شۆڕش لە ناوچەکەدا. پاش

هەواڵنامەی کێبڕکێ

سێ گەڤ، سێکسفرۆشەکە بەهۆی رەفتاری دژەکۆمەڵایەتییەوە حوکمی زیندانی بۆ ماوەی چوار ساڵ بۆ دەردەچێ.

پۆلیس هەروەها جار بەجار هەڵدەکوتێتە سەر سێکسفرۆشان. من شایەتی هێرشێک بووم بۆ سەر لا رامپا، شوێنی گشتیی کۆبوونەوەی سێکسفرۆشانی سەر بە هەردوو رەگەز. لە کاتژمێر ١١ی شەودا کۆمەڵێک ئۆتۆمۆبێلی گەڕۆکی پۆلیس لەگەڵ سێ ڤانی پۆلیس بەرەو لا رامپا و Cine Yara کەوتنە ڕێ. کۆمەڵێک سێکسفرۆشیان دەسگیر کرد لە کاتێکدا ئەوانی تر بۆ خۆشاردنەوە رایان کردە شەقامە لاوەکییەکان. چەندان ڕۆژێک لا رامپا چۆڵ بوو، بەڵام لە کۆتاییی هەفتەی داهاتوویدا سێکسفرۆشان شەقامەکەیان داگیر کردەوە. کارلۆس، هاوڕەگەزبازێکی ٢٧ ساڵان، گلەیی لە هێرشەکان کرد. "پۆلیس بە ڤانەوە دێن و دەورە لە نێربازان دەدەن و ناچاریان دەکەن لە بنکەی پۆلیس بنوون. ناهێڵم وا لە من بکەن. من مافەکانی خۆم دەزانم".

ئێڵدا، سەرۆکی لیژنەی بەرگری لە شۆڕش لە سێنترۆ هاڤانا کە پاش سی ساڵ خزمەتی سوپا خانەنشین کراوە باسی لە ڕۆڵی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی سێکسفرۆشی کرد. "ئەگەر کچێک تووشی سێکسفرۆشی بێ، لەگەڵ خۆی و خێزانی دادەنیشم و دەبێ بزانم بۆچی ئەم کارە دەکات. ئەگەر خێزانی پێویستی بە پارەی ئێمە یارمەتیی دەدەین. ئەگەر وازی لە قوتابخانە هێنابێ، دەینێرینەوە. ئەم کچانە ڕێگەچارەیان هەیە. دەتوانن بەدوای کاردا بگەڕێن. لە ڕاستیدا ئەوان ناخوازن خۆیان ماندوو بکەن. بۆ وەدەستهێنانی پارە ئەوان هەموو کات خوازیاری ئاسانترین ڕێگەن. لەم وڵاتەدا پێویستە کار بکەین. ناتوانین ڕێگە بە سێکسفرۆشی بدەین". ئێڵدا گەشبینە بە داهاتوو. "ئەمڕۆکە سێکسفرۆشی بەئاستەم ماوە. سێکسفرۆشی کەم بووەتەوە و کەمتریش دەبێ".

لە ماوەی چەند مانگی پێشوودا حکوومەت بەتایبەتی تێتنی بۆ پیاوانی ژنبەرگ هێناوە کە لە شوێنە گەشتەوەرییەکان کۆ دەبنەوە. لە ٤ی شوباتی ٢٠٠١دا ئانجێل ڕۆدریگێز ئالقارێزی سەرنووسەری هەفتەنامەی فەرمی و ناوەخۆیی هاڤانا بەناوی La Tribuna هانی خەڵکی دا ژنبەرگەکان لە Malecónدەربکەن. نووسیبووی "ڕەگەزێکی نوێ و جیاواز و زۆر نامۆ بە ڕوحی خێزانی هاڤانا هەموو شەوان ڕووبەرێکی زۆری Malecón داگیر دەکەن. لەو شوێنەدا پێناودار و سێکسفرۆش کۆ دەبنەوە لەگەڵ خەڵکانی تری بێگانە واتە ژنبەرگەکان کە بۆ خەڵکی تر نموونەیەکن کە بەداخەوە بەجیهاندا بڵاو بوونەوە، بەڵام لە کوبادا هێشتا نامۆن". ئەوەش دەخاتە سەری " خێزانگەلی هاڤانا مافی ئەوەیان هەیە Malecónبپارێزن، ئەم شوێنە خەیاڵییە کە پتر لە سەدەیەکە بەشێکی دانەبڕاوە لە ناوبانگی کوبییەکان".

گوتارەکە بە گوتەی ژنبەرگەکانەوە وەک وەڵامدانەوەی هەواڵێکی CNN بوو لەبارەی ژیانی شەوانەی پیاوانی نێرباز. هەواڵەکەی سەر ئەنتەرەنێت وێنە و دیمانە لەگەڵ نێربازان و ژنبەرگەکانی بڵاو کردبووەوە. گوتارەکەی Tribuna جەخت لە نیگەرانیی حکوومەت دەکاتەوە سەبارەت بە ناوبانگی کوبا. ژنبەرگان هەڵسوکەوتێکی دژی شۆڕش و لادانی کۆمەڵایەتی وێنا

دەکەن. بێجگە لەوەش چ شیاو بێت چ نەشیاو، ژنبەرەکان هەموو کات بە حەبی هۆشبەر و سێکسفرۆشی و هەڵسوکەوتی تری ناکۆمەڵایەتییەوە گرێ دەدرێن.

سیاسەتی حکوومەت هەردەم بە ئاراستەی سنووردارکردنی سێکسفرۆشی بووە نەک بنبڕکردنی و هەروەها بۆ شاردنەوەی سێکسفرۆشان بووە لە چاوی بیانییەکانەوە بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوانی شۆڕش بنەخشێ. بەڵام حکوومەت ناشخوازێت ئەو گەشتەوەرانەی سێکسفرۆشی پەڵکێشیان دەکات، لە چنگی بچێت. لە ڕووی تیۆرییەوە کوبا حەز دەکات سێکسفرۆشی بەئاسانی بۆ گەشتەوەرانی سێکسی بەردەست بکا، بەڵام نەک لە بەرچاوی ئەو جووتە خانەنشینبووانەی لە ڤارادێرۆ پشوو دەدەن.

لە کوبا پاڵنەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی سێکسفرۆشی وەک وڵاتانی تر نییە. پیشەسازیی سێکسی لە وڵاتانی تر بەتایبەتیش لە ئەورووپای ڕۆهەڵات و ئەفریقا لە ڕێگەی تاوانێکی بەرنامەڕێژکراوە دەکەوێتە گەڕ. ژنان هەڵدەخەڵەتێنرێن، دەرفێندرێن یان بەزۆری سێکسفرۆشییان پێ دەکرێ. ئەم ژنانە لە ڕووی جەستەیی و هەستییەوە سووکایەتییان پێ دەکرێ هەم لەلایەن "دامەزرێنەرانیان" و هەم ئەو پیاوانەی ناچارن لەگەڵیان سێکس بکەن. هەروەتر ئەم ژنانە ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان واز لە پیشەکە بێنن و لە سێکسفرۆشدا هیچ دەسکەوتێکیان نییە (Altink، ١٩٩٥)[١٨]. بەپێی گوتارێکی ئەم دواییەی The Economist بەناوی لەناو سێبەرەکاندا، ٢٠٠٠("سالانە لاشەی کۆمەڵێک ژنی بە قاچاخبراو بە خنکاوی یان گوللەلێدراوی یان شلوکوتکراوی لە هەر سووچێکی ئەورووپادا دەدۆزرێنەوە. لاشەی ژمارەیەکی زۆر زیاتریان هەرگیز نادۆزرێتەوە". حکوومەتی ئەم وڵاتانە بەرەنگاری سێکسفرۆشی دەبێتەوە لەپێناو بەرگریکردن لەو ژنانەی دەبنە قوربانیی سێکسفرۆشی.

بەڵام لە کوبادا زۆربەی سێکسفرۆشان نارفێندرێن، لێبان نادرێت یان وەبەرهێنانیان پێ ناکرێ. ئەوان تاکی خوێندەوارن کە بە بڕیاری خۆیانەوە دەچنە ناو پیشەکەوە. هەروەها زۆرێک لەم ژنانە سەربەخۆ کار دەکەن و بەری ڕەنجی خۆیان بۆ خۆیان هەڵدەگرنەوە. ئەم پارەیەش بەشی ماڵەوە و خوێندنیان و کرێنی بەرگی جوان و... هتد دەکات. سێکسفرۆشی لە کوبادا بەگشتی تاوانێکی بێ قوربانییە.

سێکسفرۆشی زیاترە لەوەی لە یەکەم نیگاوە دیارە بۆ ئابووریی کوبا بەنرخە. پێوەندییەکەی لەگەڵ گەشتەوەری جێی خۆی کردووەتەوە. بەڵام هۆکاری تر هەن بۆ ئەوەی حکوومەت پاڵنەرێکی ڕوونی بۆ بنکەنکردنی سێکسفرۆشی نەبێ. کرێکارێکی کوبی ناتوانێ مانگانە بە مووچەی دەوڵەتیی ٢٥٠ پێزۆزیی خۆی بەڕیوە بەرێ. بەگوتەی زۆربەی کوبییەکانەوە هەر کەسێک مانگانە لانی کەم ٢٥ دۆلار (٥٠٠ پێزۆ)ی پێویستە تەنیا بۆ ئەوەی زیندوو بمێنێتەوە. ٤٠٪ی خەڵکەکە یاساییانە و بەردەوام دەستڕەسی بە دۆلارەوە هەیە لە ڕێگەی پارەی نێردراو بۆ بانک، خۆدامەزراندن، دەسخۆشانە، یان جووياریی هاوبەشی[١٩]. ٦٠٪ەکەی تری جەماوەر دەبێ ڕێگەی

تری نایاسایی بدۆزنەوە بۆ ئەوەی دۆلار وەدەست بێنن[٢٠]. خێزانەکان بەنایاسیایی خواردنگەی ناومالاّن دەکەنەوە، خاوەن ئاپارتمانەکان ژوورە زیادەکان بەکرێ دەدەنەوە، قەرەواشان پارەیەکی پتر داوا دەکەن و تووتنکاران لە کارگەوە پاکەتە جگەرە دەدزن و فیتەرانیش کەلوپەلی شوێنی کاریان دەبەنە مالّەوە بۆ ئەوەی لە مالّەوە ئۆتۆمۆبێل چاک بکەنەوە. ئەم هەڵسوکەوتە نایاساییە کە بۆ زیندووماندوە یەکلاکەرەوەیە بە زیانی دەوڵەت تەواو دەبێ[٢١]. سێکسفرۆشی تاکە کاری نایاساییە کە لە ڕووی دارایییەوە زیان بە دەوڵەت ناگەیەنێ، بگرە یارمەتیشی دەدا. سێکسفرۆشان گەشتەوەران رادەکێشن و هانیان دەدەن پارەیەکی زۆرتر خەرج بکەن. پیاوان بۆ سێکسفرۆشان خواردن و خواردنەوە و پۆشاک دەکڕن و پارەیان لە دەست دەنێن کە لە دواییدا لە فرۆشگەکانی دەوڵەتییەوە خەرج دەکرێن. کاستڕۆ دەرک بەوە دەکات ئەگەر سێکسفرۆشی لەناو برابا ئەم ژن و پیاوانە پەنایان دەبردنە بەر ڕێگەی تری نایاسایی و ئەم ڕێگەیانە زیان بە دەوڵەت دەگەیاند.

سێکسفرۆشان هەروەها کاریگەرییەکی قازانج چەندهێندکەریان لەسەر ئابووری هەیە. لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٨دا El Nuevo Herald نووسی هەر چوار کەس بۆ بژێوی پشت بە سێکسفرۆشێک دەبەستن. ئەم کارگەرییەی سێکسفرۆشی تەنیا تایبەت نییە بە کوبا، بگرە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا هەیە کە گەشتەوەریی سێکسییان تێدایە. لە کتێبەکەیدا بەناوی سێکسفرۆشی، هێز و ئازادی، جولیا دێیڤیدسن نووسیویەتی "بەدڵنیاییەوە ئەوە سێکسفرۆشان نین کە دەست بەسەر بەشی هەرە زۆرتری ئەم داهاتەدا دەگرن، چونکە قازانجی گەشتەوەریی سێکسی بەسەر هەموو چینەکانی خەڵکدا دابەش دەکرێ کە زۆربەیان ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان لە ڕێکخستنی سێکسفرۆشیی خەڵکی ئاساییدا نییە" (Davidson، ١٩٩٨).

شۆفێرانی تەکسی، بەکرێدەرانی ئاپارتمان و پێناوداران لە سێکسفرۆشییەوە پارەی خۆیان دەردێنن. ئەم نموونەیە بێنە بەرچاوت. سێکسفرۆشان ڕێگەی چوونە هۆتێلیان پێ نادرێ. پیاوێک کە بخوازێت لەگەڵ سێکسفرۆشێک ڕابوێرێ، پێویستە ژووڕێک لەناو خانووێکی کەسێنیدا بەکرێ بگرێت. ئەم ژووڕانە نایاساییانە بە کرێ دەدرێن، زۆربەی ئەم خانووانەش کە تاپۆ کراون ژوور نادەنە ئەو پیاوانەی سێکسفرۆشیان لەگەڵە. لە هۆتێل ناسیۆنالّدا لێکۆڵەر لە دەرکەوانی پرسی ئاخۆ دەتوانێ کچێک لەگەڵ خۆی بەرێتە ژووڕەکەیەوە. دەرکەوان دەستبەجێ فیتووی بۆ پیاوێک لێ دا کە لە سووچێکەوە وەستابوو و ئەویش ژووڕێکی تایبەتی بە ٢٥ دۆلار بۆ هەر شەوێک پێشنیاز کرد. ٥ دۆلار لەم کرێیە دەچووە کیس دەرکەوان بۆ خزمەتگوزارییەکەی.

شۆفێرانی تەکسی و پێناوداران هەروەها لە خزمەت ئەو پیاوانەدان کە بەدوای سێکسفرۆشان دەگەڕێن. لەگەڵ سەرکوتکارییی ئەم دواییەی سێکسفرۆشی، سێکسفرۆشان کەم جووڵەترن و پۆشاکی پارێزگارانەتر لەبەر دەکەن. سێکسفرۆشان بەئاسانی ناناسرێنەوە. زۆر لە کچان خۆیان لە شەقام دەپارێزن و پشت بە خزمەتگوزاریی پێناوداران دەبەستن. ئەوان شۆفێرانی تەکسی کە

کرپارانیان بۆ دێنن بە ٣ تا ٥ دۆلار پاداشت دەکەنەوە. خاوەنی دووکانی نایاسایش بەزۆری وەک پێناودار کار دەکەن. هاوڕێیەک گوتی سەرتاشەکەی لە ڕاستیدا پێناوداڕە.

ئەگەر ئەوە ڕاست بێ کە هەر چوار کەسێک بۆ بژێوی پشت بە یەک سێکسفرۆش دەبەستن، کەواتە کوبا بەئاشکرا ناتوانێ بازرگانییەکە هەڵبگرێ. لە یەکەمین سااڵەکانی قەیرانەکەدا حکوومەت ناچار بوو ٣٠٠٠٠٠ کرێکار لە پۆستە بێ بەرهەمەکانی دەوڵەتی لابدات. ئەو کرێکارانەی لادران کارێکی نوێیان بۆ دابین کرا یان بە ٦٠٪ی مووچەی قەرەبوو کرانەوە (CEPAL، ٢٠٠٠). تا ئەو کاتەی کرێکارەکە بەدوای ئیش بگەڕێ، ئەم قەربوویە چەند ساڵێک پێژوییەی مانگانەی پێ دەدرێ. بەاڵم ئەگەر وازی لە گەڕان هێنا لەم قەرەبوویە بێ بەش دەبێ. ئەگەر ٥٠٠٠ تا ٦٠٠٠ سێکسفرۆش لە هاڤانادا هەبن، کاریگەریی چەندهێندەکەری بەو مانایەیە ٢٠٠٠٠ تا ٢٤٠٠٠ ئیش دەستەبەر کراون. خەڵکانێک هەن دەوڵەت ئیشیان بۆ دابین ناکات یان ناتوانێ پارەیان بۆ تەرخان بکا[٢٢]. بێ کاریی فەرمی لە نێوان ٥,٥ تا ٦٪ە، بەاڵم ئەم ڕێژەیە خەڵکی وەک سێکسفرۆشان کە بەدوای ئیش ناگەڕێن، ناگرێتەوە.

ئەگەر کاستڕۆ سێکسفرۆشیی بنبڕ کردبا کۆمەڵێک کێشەی تووش دەبوون. یەکەم، نەهێشتنی سێکسفرۆشی دەبووە هۆی بەرزبوونەوەی بێکاری. زۆربەی سێکسفرۆشان کە بە تەنیا پشت بە سێکسفرۆشی دەبەستن دەبوایە لەدوای ئیشێکی دەوڵەتی بگەڕێن. خەڵکانی تریش کە دامەزراون، دەبوایە خەرجییەکی تریان لە سەرچاوەی جێگرەوە واتە کاری نایاساییەوە دابین بکردبا. گواستنەوەی ٢٠٠٠٠ تا ٣٠٠٠٠ کرێکار کە بازاڕی ڕەشیان داگیر کردووە بۆ بازاڕێکی تر هاوسەنگییەکەی تێک دەدا. ئەم کرێکارانە کە پێشتر پشتیان بە سێکسفرۆشییەوە بەستبووە، بە ئەگەری زۆرەوە بە ڕێگەی ئەوتۆ بژێوی خۆین دەردەهێنا کە لە ڕووی داراییەوە زیانی بە دەوڵەت دەگەیاند.

لە دواییشدا گەشتەوەری بەرەو نەمان دەچوو. هەرچەندە هاتنی گەشتەوەران ڕەنگە درێژەی کێشابا، بەاڵم کوبا ڕووبەڕووی شکەستێکی زەقی گەشتەوەریی سێکسی دەبووە. بەشێوەیەکی سروشتی شتێکی بەسوودە کە گەشتەوەرییەکی کۆمەڵپەسند پەرەی پێ بدرێ. بەاڵم لەم ئانەدا کوبا خەمی گەورەی وەدەستهێنانی دۆالری ئەمەریکییە. کوبا وەک وااڵتێک کە پاش قەیرانێکی ئابووری دەکەوێتەوە سەر پێ، وێ دەچێ لەپێناو بەرژەوەندیی ئابووری بازرگانیی بە بەهاکانی سۆشیالیستیی کردبێ.

سێکسفرۆشی و کۆمەڵگە

کاردانەوەی کۆمەڵگەی کوبی بەرامبەر بە بەرزبوونەوەی سێکسفرۆشی لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا جۆراوجۆرە. زۆر خەڵک سێکسفرۆشی بە دیاردەیەکی نابەجێ دادەنێن کە پێویستە هەڵبگیردرێتەوە. ئەم بۆچوونە بەتایبەتی لەناو کوبییە بەتەمەنترەکاندا باوە، ئەوانەی لە ساڵی

١٩٥٩دا هەبوون واتە کاتێک شۆڕشەکە سەرکەوت. ئەوان لەو باوەڕەدان سێکسفرۆشان ناخوازن کار بکەن و نایانەوێ لەپێناو خواستەکانی سۆشیالیزمەوە قوربانی بدەن. بۆ ئەوانەی بە ئامانجەکانی شۆڕشەوە وەفادار ماونەوە دیمەنی نەوەی نوێتر کە لەپێناو سێکسفرۆشی واز لە خوێندن و ئیش دێنن، شتێکی سەختە. ئاپارتمان بەکرێدەرێکی خۆدامەزرێنەر گوتی" ئەم ژنانە ناچار نین ڕوو بکەنە سێکسفرۆشی. خواردن هەیە، جلوبەرگیش هەیە و داوودەرمانیش هەیە. راستە باشترین خواردن و بەرگ نین، بەڵام سێکسفرۆشی هەرگیز پێویست نییە".

خەڵکانی تر زۆر دوو لایەنەن. خەباتی نەپساوە بۆ زیندوومانەوەی ئابووری، بۆچوونیانی سەبارەت بە راست و چەوتبوون لێڵ کردووە. کوبییەکان فێرکراون هەواڵی سەرپێچییەکانی دراوسێیان بدەن بە لیژنەکانی بەرگری لە شۆڕش. لە رابردوودا تۆڕی سیخوڕانی گەڕەک بەشێکی زۆری سەرپێچییەکانی دەگێڕاوە. بەڵام ئەمڕۆکە زۆربەی جەماوەر بەشێوەیەک لە کاری نایاساییەوە گلاوە. حکوومەت نەک وەک دابینکەری خەڵک، بگرە وەک دەستێک کە بژێوەکەیان لێ دەبات دەبینرێ. خەڵکی کوبا لە پێویستیی ئەنجامدانی کرداری نایاسایی لەپێناو زیندوومانەوە تێ دەگەن و تەنانەت پۆلیسیش زۆرجار چاوپۆشی لە سەرپێچییەک دەکات ئەگەر ئاژاوەنەر و یەکجار پرقازانج نەبێ (Trumbull، ٢٠٠٠). زۆر کوبی پێیان سەختە سێکسفرۆشی سەرکۆنە بکەن، کاتێک بۆخۆیان بەرتیل وەردەگرن، پارە دەکێشنەوە یان بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتی دەدزن. سێکسفرۆشی تەنیا شێوازێکی تر بۆ زیندوومانەوە. کرێکارێکی تەمەن ناوەندیی کافتریایەک ئەم بۆچوونەی هەبوو "ئەو ژنانە سێکسفرۆش نین. ئەوان خەباتکارن. ئەوان بۆ یارمەتیدانی خێزانیان خەبات دەکەن".

سێکس لەپێناو پارە ئەوەندە بڵاوە کە ژنانی ئاساییش بەهەڵە بە سێکسفرۆش دەزانرێن. دیکسی ئێدیس، رۆژنامەنووسێکی Juventud Rebelde گوتی لە Malecónدا گەشتەوەرێکی سەررووتاوە چەکێکی ٥٠ دۆلارییی بۆ پێشنیاز کردووە. ئەو دەنووسێ "زۆربەمان ئەوە نین کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە" (٢٠ی ئەیلوولی ١٩٩٨). هەر ژنێکی تەنیا کە پێ دەنێتە یانەیەکی شەوانە پێشنیازی پێ دەدرێ. ژنێک پاش ئەوەی لە یانەیەکی شەوانە دەچێتە دەرەوە بانگی تەکسییەک دەکات و پرسیاری کرێی لێ دەکا. شۆفێرەکە وەڵامی دەداتەوە "پرسیاری بەجێتر ئەوەیە تۆ داوای چەند دەکەیت؟".

سەرهەڵدانەوەی سێکسفرۆشی لە کۆتاییدا هیمای گۆرانکەلێکی قوواڵترە لە کۆمەڵگەی کوبیدا، واتە جیاوازیی نێوان دۆلارداران و پێزۆداران. یاساییکردنی دۆلار ئابووریەکی دووڵایەنەی و لەگەڵیشیدا تەنگژەگەلێکی کۆمەڵایەتیی ڕووەزیادبوونی خوڵقاندووە. کوبییە دۆلارداڕەکان ئەو شتومەک و خزمەتگوزارییانەیان بۆ دەستبەرە کە پێزۆداران ناتوانن وەدەستیان بێنن. پێویستی بۆ وەدەستهێنانی دۆلار ڕەوشتی کۆمەڵگەی کوبیی تێک داوە. خەڵک لە حکوومەتەوە دەدزن. خزمەتکاران پارەی زیدەکی لە کڕیاران وەردەگرن. بەڕێوەبەرانی هۆتێل و ڕێستۆرانت و خاوەن

پیشەکان لەو کارمەندانەی سەرپێچی دەکەن، بەرتیل وەردەگرن. "بەڵێ بۆ چارەسەر" وەک دروشمی نوێی خووڕەوشت شوێنی دروشمی سۆشیالیستی گرتووەتەوە.

ئیزابێل هۆلگادۆ فێرناندێزی نووسەری کتێبی ئاسان نییە !No facil ئەم بووژانەوە ئابووریە بەگۆڕان لە پێوەندییەکاندا دەبەستێتەوە. لە گوتارێکدا لە El Nuevo Herladدا فێرناندێز دەڵێت پێداویستییە ئابووریەکان بارگرانایییەکی زۆرە بۆ پێکهێنانی خێزانی نوێ بەتایبەتیش بۆ ئەو ژنانەی مووچەیان کەمە". ئەوەش دەخاتە سەری "ژن هەیە شوو بەو پیاوە دەکات کە بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی یارمەتییی دەدا. ئەوانی تریش لەبەرئەوەی خۆیان دەیانەوێ، شوو دەکەن، بەڵام ئەمەیان کەمتر دەبینن" (٢٢ی ئابی ٢٠٠٠). سێکس لە کوبا خەریکە دەبێتە بازاڕێک. پێویستیی ئابووری زۆرجار لە پێوەندییە سێکسییەکاندا رۆڵ دەبینێ. ئەگەر ژنێک لەگەڵ پیاوێکدا کە لە ڕووی ئابوورییەوە جێگیرترە سێکس بکا، لە بری ئەوە چاوەڕێی یارمەتیی داریی دەکات. پیاوێکی هاوڕەگەزباز گلەیی لەوە بوو "دۆزینەوەی خۆشەویستێکی ئاسایی سەختە. زۆر خەڵک حەزیان نەک تەنیا لە منە، بگرە لەو شتانەشە کە من دەتوانم بیاندەمێ. جینێکم دا بە دوا خۆشەویستم چونکە زۆر جلوبەرگی نەبوو، بەڵام من بۆ خۆشم ئەوەندە زۆرم نییە".

لەگەڵ بەرزبوونەوەی جیاوازیی دارایی، دیاردەیەکی کۆمەڵایەیی نوێ چەکەری کردووە. کۆبییەکان کە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ لە ئابووریێکی تا ڕادەیەک یەکساندا دەژیان، ئێستاکە حەز دەکەن سامانی مادیی خۆیان دەربخەن. بڵاوکراوەی Cultura y Sociedadی کوبی ئەم دیاردەیە بە قۆرخکردن especulaciónناو دەبات. لە زمانی بازاریدا ئەو وشەیە هەڵگری خۆلیای کەسێکە بۆ پێشاندانی ئەو شتەی خاوەنیەتی یان تەنانەت ئەوەی کە نییەتی لەپێناو باوەڕهێنان بەخەڵکی تر بەوەی ئەو ژیانێکی باشتری هەیە (Vanidid، ٢٠٠٠). قۆرخکردن پاڵنەرە بۆ هەڵسووکەوتی نایاسایی. کارمەندێک کە بە دەوڵەتەوە وەفادارە، دەستێ لەخۆشییە مادییەکانەوە کورتە. بە مووچەیەکی مانگانەی ٢٥٠ پێزۆییەوە هەرگیز لە توانایدا نابێت جلی مارکە و خشڵ و ئامێری کارەبای کەشخە بکرێ. لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئێستاکە دابەشبوونی یەکسانی دارایی رەت دەکاتەوە، خەڵک پەلەیانە بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بێ خۆیان دەربخەن. لەناو ئەم کۆمەڵگە شێواوەدا سێکسفرۆشی دەتوانێ بازرگانییەکی سەرنجڕاکێش بێ. ڕێگە بە بەشداران دەدا چێژ لە قۆرخکردن وەربگرن. لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆیی دەدا بە ژن و پیاو. مەرج نییە سێکسفرۆشان بەهۆی پێویستیی دارایییەوە پێوەندی ببەستن. ناچاریش نین دەست بۆ کردەوەی تری نایاسایی ببەن. رەنگە قوتابیی زانکۆ بن و هیچ نیگەرانییەکیان بۆ پەیداکردنی پارەی پێویست بۆ نانی شەوانە نەبێ.

سێکسفرۆشانی کوبا ئەو پەڵە رەشەیان پێوە نییە کە لەسەر سێکسفرۆشانی وڵاتانی تری ئەوان هەڵاتوو، نەخوێندەوار و حەبخۆر نین یان وەکو تر بە کەسانی دژەکۆمەڵایەتی یان لادەر هەژمار نەکراون (The Economist، ٤ ی کانوونی دووەمی ٢٠٠١). کۆمەڵگە ئەوان بە ڕووسپی یان خەڵکی لە ڕووی سێکسییەوە بۆگەن نابینێ. کوبا لە ڕووی سێکسییەوە وڵاتێکی یەکجار ئازادە.

بەگوێرەی ئەو شتەی زۆرێک لە کوبییەکان بەمنیان گوتووە، تا ڕادەیەک ئاساییە کە نێرینەک پێش هاوسەرکاری لەگەڵ زۆر هاوپشکدا سێکس بکا. هەرچەندە هێشتاش پێوەرێکی ناڕەوا بۆ ژنان لە ئارادایە، مێینەش دەتوانێ بەر لە بەهاوسەربوونەوە زۆر هاوپشکی سێکسیی هەبێ. چەمکی سێکسفرۆشی ئالۆزتر دەبێ بەهۆی ئەو ڕاستییەی کوبییەکان خۆیان بە جەماوەرێکی لە ڕووی سێکسییەوە ویستراو دەزانن و بۆ دەربڕینی ئەو مەیلە جەستەییانە ناپرینگێنەوە. گوتارێکی Juventud Rebeldeنووسیویەتی" ئێمە سەرسوڕهێنترین خۆشەویستانین. تەنیا لەبەر چێژی خۆمان نییە کە بۆ سەرجێییکردن بە سەرسوڕمێن ناوبانگمان دەکردووە. کێ دەزانێت ئاخۆ ئەمە بەهۆی گەرمای کەمەردییە یان شۆخ و شەنگی ژنانمانە" (Sexo a lo cubano، ١٩٩٨). بەگوێرەی ئامارێکەوە کە لە هەمان گوتاردا هاتووە کوبییەکان خۆیان بە سێکسیترین خەڵکی جیهان داناوە. هەندێکیان تەنیا گوتوویانە سێکسفرۆشانی کوبی کەڵکیان لە هەستە سێکسییەکانی خۆیان وەرگرتووە. ئەوان لە پرۆسەکەدا خۆیان کەم ناکەنەوە یان نابن بە هەرزانێکی سێکسباز. زۆرێک لە ژنانی کوبی پێوەندیی سێکسیی ئاساییان لەگەڵ پیاوانی کوبیدا هەیە و ژیانێکی سێکسیی تەندروست لە دەرەوەی چوارچێوەی کاریدا دەگوزەرێنن.

حکوومەت یەکجار لەوە نیگەرانە وەک ئەو کۆمەڵگە کوبییە نوێیە یەکێک لە هەرە مەزنترین دەسکەوتەکانی شۆڕش بە با بدا واتە سیستەمی چاوێریی تەندروستی. کاربەدەستانی چاودێریی تەندروستیی کوبا ترسیان هەیە لە کاریگەرییی سێکسفرۆشی و بەرزبوونەوەی گەشتەوەری لەسەر بلاوبوونەوەی نەخۆشییەکانی گوازراوە لە ڕێی سێکسەوە (Márquez، ٢٠٠٠). لە کاتێکدا ولاتانی دەوری دەریای کاریبیەن بە دەست ئایدزەوە دەنالێنن، کوبا بەنێزیکەیی خەشی پێ نەکەوتووە. تەنیا ٠,٠٢٪ی جەماوەری کوبا تووشی ئەم ڤایرۆسە بوون. لە هایتی ١٩٠٠٠٠ کەس (٥,١٧٪) و لە کۆماری دۆمینیک ٨٣٠٠٠ کەس (١,٩٪) تووشی ئەم نەخۆشییە بوون www.webster.edu[٢٣]. لە ١٩٨٠ و ١٩٩٠ەکاندا کوبا هەڵوێستێکی تونڈی وەرگرت بۆ پێشگیری لە نەخۆشییەکە. لە ١٩٨٦ بانکی خوێن بەتەواوەتی لەناو برا و خوێنی نوێ و تاقیکراوە جێی گرتەوە. لە ١٩٩٤، ٩٦٪ی خەڵک لە دژی ئایدز تاقیکردنەوەیان بۆ کرا. سێزدە بووژانگە بۆ نەخۆشانی تووشبوو کرایەوە. نەخۆشەکانی تووشبوو بە ئایدز دەبێ ٣ تا ٦ مانگ لەم نەخۆشخانانە بمێننەوە کە تێیاندا چاودێری دەکرێن و بۆ چۆنیەتیی ژیان بەسەربردن لەگەڵ نەخۆشییەکە ئامۆژگارییان پێ دەدرێ. تا ١٩٩٩ تەنیا ٥٧٧ کەس بەهۆی ئایدزەوە مردوون و ٢١٤٢ کەسیش تووشی بوون http:// www.cubasida.net.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەرزبوونەوەیەک لە حاڵەتە نوێیەکانی ئایدز تێبینی کراوە. بەگوتەی دوکتۆر جۆرگ پێرێزی بەڕێوەبەری بووژانگەی لۆس کۆکۆس، نێربازان کە ٥٦,٣٪ی خەڵکە تووشبووەکەن، ئەگەری بەهێزتربوونی نەخۆشییەکەیان زیاترە. وەک لە El Nuevo Herlad دا هاتووە زۆر نێربازی سێکسفرۆش ئەو کاتە سێکس دەکەن ئەگەر کۆندۆم داوا نەکرێ. سێکسفرۆشێک گوتی ئامادەیە سێکسی نەپارێزراو بکا، بەڵام داوای ١٠٠ تا ١٥٠ دۆلار دەکات لە

هەولێر کلتوری

بری مەترسیی زیاتری (La Prostitución ، ٢٠٠٠).

بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری نەخۆشییەکە حکوومەت پشت بە پەروەردەی سێکسی و وشیاری بەرامبەر بە ئایدز دەبەستێ. بۆ قوتابییان پەروەردەی سێکسی زۆرەکییە و لە پۆلی شەشەم و حەوتەمەوە دەست پێ دەکات. کۆندۆمێکی یەکجار زۆر هەیە و زۆر هەرزانن(٢٤).

ئەنجام

لە دەیەی داهاتوودا وا چاوەڕوان دەکرێ ژمارەی گەشتەوەرانی سالانەی کوبا سێ ئەوەندەی لێ بێت. هاوکات لەگەڵ کرانەوەی کوبا بەڕووی جیهانی دەرەوەدا کۆنترۆڵکردنی هاووڵاتییان لەلایەن دەوڵەتەوە قورستر دەبێ. گەشتەوەران شێوازی نوێی جلوبەرگ، بیرۆکەگەلی جیاواز و دۆلاری ئەمەریکایی دێنن. لەگەڵ قوولتربوونی جیاوازیی ئابووریی لە سەرانسەری دنیادا، وڵاتانی جیهانی سێیەم تا دێت زیاتر گەشتەوەران پەلکێش دەکەن. بەپێچەوانەی ڕەتکردنەوەکانی حکوومەتەوە، ئەنتەرنێت کوبا وەک بەهەشتێکی سێکسی دەردەخات و بۆ زۆرێک لە گەشتەوەرانی سێکسی لووتکەی ئارەزووە. سێکس لە کوبا کەمەرەیی و بێ مەترسییە، ژنانی تەندروست و خوێندەوار ئارەزوومەندانە خزمەتگوزارییەکانیان بە نرخێکی تا ڕادەیەک هەرزان پێشکێش دەکەن. هەر بۆیەش سێکسفرۆشان بەردەوام خواستیان لەسەرە بۆ ئەوەی خزمەت بە بازرگانیی گەشتەوەریی سێکسی بکەن. لە ئەنجامدا وا دیارە سێکسفرۆشی لەسەر دوورگەکە درێژە دەکێشێ.

کوبا ناتوانێ بەیەکجاری دەستبەرداری هەموو گەشتەوەرانی سێکس بێ. ئەوان سەرچاوەی داهاتی هەزاران ژن و پیاوی گەنجن و ناڕاستەوخۆ نێزیکەی چوار ئەوەندەی تر کار دابین دەکەن. سێکسفرۆشی لە کوبادا زۆر جیاوازە لە هی پاشماوەی جیهان. بەپێچەوانەی ئەوەی لە ئەورووپای ڕۆهەڵات و ئەفریقا و ئاسیادا ڕوو دەدا، ژنانی کوبی ناڕفێندرێن و بەزۆر نابنە سێکسفرۆش. بەڵام کوبا نیگەرانە سەبارەت بەو ناوبانگەی کە سێکسفرۆشان بۆ جیهانی دەرەوەی دەنێرن. بۆیەش سێکسفرۆشی لە ناوچەگەلێکی دیاریکراودا سنووردار کراوە و هاوسەنگیی ئەو ژن و پیاوانەی لەم پیشەیەدا کار دەکەن، دەپارێزێ. سێکس بۆ ئەوانەی بەدوایدا دەگەڕێن بەردەستە، بەڵام ئەمە بەسەر گەشتەوەری ئاساییدا ناسەپێدرێ.

سێکسفرۆشی لە کوبادا بەرەنجامی گۆڕانی کۆمەڵگەیە بۆ مێنتەڵیەتی کەپیتاڵیزم تەنانەت ئەگەر حکومەت سووربێ لەوەی هێشتاش دەوڵەتێکی سۆشیالیستە. پاش ڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەت، دەوڵەت ئیدی نەیدەتوانی پێویستیی هاووڵاتییان فەراهەم بکا. چاکسازییە ئابووریەکانی ١٩٩٣ تا ١٩٩٤ کە بە ئامانجی ڕزگارکردنی سۆشیالیزم بوون، هانی کوبییەکانیان دا لە ڕووی دارایییەوە لە دەوڵەت سەربەخۆ بن. لەگەڵ یاساییکردنی دۆلاری ئەمەریکایی، ئابووریەکی دووڵایەنە سەری وەدەر نا و گەورەترین ناکۆکییی لەناو کۆمەڵگەی کوبیدا لێ کەوتەوە. ئەو خەڵکەی بە شۆڕش وەفادار مانەوە، بە پێزۆی بەنێزکەیی بێ نرخی کوبییەوە پارەیان

وەردەگرت و ئەوانەش کە بۆ خۆدامەزراندن وازیان لە کارەکانیان هێنا یان ئەوانەی لە بازاڕی ڕەشدا کاریان دەکرد، دۆلاری ئەمەریکاییی بەنرخییان دەسکەوت بوو. ئەم دژیەکییە ڕەوشتی کۆمەڵگەی کوبییی شێواندووە. لەپێناو زیندوومانەوە، یاسا پێشێل دەکرێ. کەس ناتوانێ لەسەر حسێبی خۆی قوربانی بۆ دەوڵەت بدا، چونکە دەوڵەت ئیتر ڕۆڵی دابینکەر ناگێڕێ. سێکسفرۆشی لەم دووفلیقانەبوونەوە سەرچاوەی گرتووە.

کاتێک کاستڕۆ پاش شۆڕش سێکسفرۆشیی بەکۆتا هێنا، هەوڵی دا ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانەی هانی سێکسفرۆشییان دەدا، بگۆڕێت. پەرەی بە پەروەردە دا و ئیشی نوێی بۆ ژنان فەراهەم کرد. بەڵام ئەمڕۆکە ناوبانگی سێکسفرۆشی کوبی جیاوازە. ئەو، بەپێچەوانەی سێکسفرۆشانی ١٩٥٠کان، خوێندەوار و سەربەخۆ و هەندێک جار بەخێوکەری خێزانە. جارێکی تر ئەگەر کوبا بیەوێ سێکسفرۆشی بنبڕ بکا، پێویستە ئەو ڕەگوڕیشەی لەسەری سەوز بووەتەوە، لەناو بەرێت. مووچەی دەوڵەتی کەمە و کوبییەکان ناچارن بۆ زیندوومانەوەیان پشت بە بازاڕی ڕەش ببەستن. بەهۆی شالاوی گەشتەوەرانەوە، سێکسفرۆشی ئاسانترین و پڕقازانجترین کاری ڕەشە. بەڕەنگاربوونەوە لەگەڵ سێکسفرۆشی لە کۆمەڵگەیەک کە سێکسفرۆشێک دەتوانێ لە پزیشکێک پتری چنگ بکەوێ، ئەستەمە. چاکسازیی ئابووری تاکە ڕێگەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە. تا ئەو کاتەی دەوڵەت سنوور بۆ هەلی ئابووریی خەڵکی کوبا دابنێت، سێکسفرۆشی بەردەوام دەبێ.

پەراوێزەکان:

١- دیکی سێنتر لە کۆلێجی Darmouth پارەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دابین کردووە. حەزیش دەکەم سوپاسی جودیس بایفیلد و ماتیاس تراڤیزۆ - دیاز و لاری کۆروین و ویلیام ترامبوڵ و تێد هێنکین و زۆرێک لە هاوڕییانی کوبی بکەم کە لەم پرۆژەیەدا یارمەتییان دام.

٢- چونکە سەرچاوەی سێکسفرۆشی لە کوبادا دیاردەیەکی تازەیە، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەبارەی سێکسفرۆشی لە کوبدا سنووردارە. لەبەرئەوەش، سەرچاوە سەرەکییەکانی نووسراو لەبارەی بابەتەکەوە بڕێتین لە بڵاوکراوە فەرمییەکانی کوبا.

٣- هەروەک دواتر ڕوونی دەکەمەوە ئەم چاکسازییانە هەروەها بۆچوونی کوبای بەرامبەر بە سێکس گۆڕی. سێکسی پێش هاوسەریەتی بۆ هەر دوو ڕەگەز زۆر باوتر بووە و زیاتر جێی کردووەتەوە.

٤- خۆدامەزراندن لە پتر لە سەد بواردا یاساییە، بەڵام کەس ناتوانێ لەو بوارەی ڕاهێنانی پیشەیی پێ کراوە، بازاڕی خۆی هەبێ.

٥- گەشتەوەرانی ئەمەریکایی بەهۆی گەمارۆی بازرگانییی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لە کوبا ڕێگەنەدراون. کەشتییەکان کە ساڵانە ١٢ تا ١٤ ملیۆن گەشتەوەر دەگوازنەوە بۆ وڵاتەکانی کاریبییەن بەگشتی بەهۆی گەمارۆکەوە لە هاڤانا ناوەستن (Figueres ٢٠٠٠ لاپەڕە ٣-٥).

٦- لە دەیەی ڕابردووەدا زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی سێیەم وەک ڤیەتنام و سریلانکا و کوبا کە پێشتر

هەوڵنامەی کێشە

رۆئاواییەکان دەسترەسییان پێ نەبوون، بە ڕووی گەشتەوەریدا کرانەوە. ئەم ولاتانە پێویستیان بەو دۆلارانەوە هەیە کە لە گەشتەوەرییەوە وەدەست دێن. زۆربەی جار سندووقی نێودەوڵەتیی دراو و بانکی جیهانی هانی ئەم ولاتانە دەدەن بۆ پێشخستنی گەشتەوەری، هەرچەندە ئەم ولاتانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکانی هاوڕێ لەگەڵ پێشکەوتنەکە نە ئامادەن و نە توانایان هەیە. سوودوەرگرتنی سێکسی لە منداڵان ئێستا کێشەیەکی جیهانییە. خێزانەکان منداڵانیان بۆ سێکسفرۆشی دەفرۆشن یانیش منداڵان دەڕفێندرین و ناچار دەکرێن لە بازرگانیی سێکسیدا کار بکەن. بەپێی خەملاندنی ECPAT، ڕێکخراوێک کە لە دژی سێکسفرۆشیی منداڵان کار دەکات، ٥٠٠,٠٠٠ منداڵ لە بەڕازیل و ٤٠٠,٠٠٠یان لە هیندستان و ٢٠٠,٠٠٠ تا ٨٥٠,٠٠٠یان لە تایلەند و ١٠٠,٠٠٠ تا ٣٠٠,٠٠٠ یان لە ئەمەریکای باکور لە پیشەسازیی سێکسدا گلاون، www.Ecpat.Net.

٧- بەڵام بەرەو کۆتاییی ١٩٩٦ و سەرەتای ١٩٩٧ کاسترۆ دەستی کرد بە سەرکوتکردنی سێکسفرۆشی بەتایبەتیشی لە کەناری ڤارادێرۆ. لە ١٩٩٧-١٩٩٨ و لە ١٩٩٨-١٩٩٩ بە ڕێز ژمارەی گەشتەوەرە ئیتاڵییەکان بۆ ٧٪ و ١٥٪ دابەزی (Centro de Inteligencia Corporativa، ٢٠٠٠).

٨- پێوەندیی نێوان سێکسفرۆشی و ژمارەی گەشتەوەرە نێرەکان لە ولاتانی تریشدا پشتڕاست کراوتەوە. لە ١٩٩٣دا ٦٤٪ لە٥٧٦٠٠٠٠ گەشتەوەری ناو تایلەند نێر بوون. تایلەند ئەو کات ناتۆرەترین شوێنی گەشتەوەریی سێکسی بوو و ماڵی پتر لە ٢٠٠,٠٠٠ سێکسفرۆش بوو (Opperman، ١٩٩٨).

٩- بۆ پاراستنی ناسنامەی ژێدەرەکە، ئەم باسە ناوی خوازراو بەکار دێنێ.

١٠- مووچەی فەرمی کرێکارانی گەشتەوەریش کەمە، بەڵام ئەوان بەردەوام دەستخۆشانە و بەرتیلیان دەدرێتێ و دەتوانن بەئاسانی دۆلار گڵ بدەنەوە.

١١- ژنێک ئەمەی گوت کە بەردەوام دەستی لەناو دۆلاردایە ئەک کرێکارێک کە لە فرۆشگەیەکی دەوڵەتیدا کار دەکات.

١٢- دووپەگەکان ٥١٪ی جەماوەر پێک دێنن، سپیپێستەکان ٣٧٪ و رەشپێستەکان ١١٪ و ڕۆهەلاتییەکانیش ١٪.

١٣- لە دەرگەی یانەی شەوانەی ئێل کۆمۆدۆرۆ لە میانمار، نوێنەری یانەکە پرسیاری لە لێکۆڵەر و هاوڕێیەکی کرد ئاخۆ دەمانەوێ لە ژوورێک لەگەڵ دوو ژنی گەنج بمێنینەوە. ئیمە ڕازی بووین و ئەوانیش هەر یەکەیان ٥ دۆلاریان بۆ هاتنە ژوورەوە دا.

١٤- جامائیکا بە کۆڕانی کەنارئاو بەناوبانگە واتە پیاوانی ڕەشپێست کە لە خزمەت ژنانی سپیپێستی سەڵتدان کە بەزۆری خەڵکی کەنەدا یان بەریتانیان.

١٥- لیژنەکانی بەرگری لە شۆڕش لە ١٩٦٠کاندا لە دانیشتووان پێک هێنران بۆ ئەوەی پێشگیری بکەن لە هەڵسووکەوتی دژی شۆڕشگێڕی لە گەرەکەکاندا. ئەمرۆکەش لە بەردەوامن لە چاودێری، بەڵام هەروەها چالاکیی خوێن بەخشین و دایەنگە و گرووپی یارمەتیدەر ڕێک دەخەن. سەرۆکی یەکێک لەم لیژنانە پێی وایە لیژنەکان بەردی بناخەی کۆمەڵگەی سۆشیالیستیی کۆبین.

١٦- ئەم زانیارییە لە ئەنجامی گفتوگۆکردن لەگەڵ دانیشتوانی ڤارادێرۆوە وەدەست هاتووە.

١٧- بە پێوەرە ئەمەریکاییەکانەوە ناکرێ ئەم ژنە بە مەلهادارێک لە قەڵەم بدرێ. نە ئەو گرێبەستی لەگەڵ ئەو کچانە کردووە کە کاریان لەگەڵدا دەکا، نە کچەکانیش ناچارن کاری بۆ بکەن. ئەو تەنیا بەپارە کڕیاران و فرۆشیاران بەیەک دەگەیەنێ. بەڵام بەگوێرەی یاسای کوبییەوە ئەو پێناوداره.

١٨- لە لووتکەیەکدا لەبارەی بازرگانیکردنی نێودەڵەتی بە ژنان و منداڵان کە لیژنەی لاوەکیی کاروباری رۆهەڵاتی نێزیک و ئاسیای باشوور میوانداریی دەکرد، براونباکی سەرۆکی لیژنەکە باسی لە رێگەکانی تووشکردنی ژنان بە سێکسفرۆشیی کرد. ئەو دەڵێ بەشێکی زۆری ژنانی گەنج و منداڵان کە بەزۆری لە گوندی بچووکی وڵاتانی جیهانی سێیەمن لە شاردا پێشنیازی خزمەتکاری ناومااڵن یان کرێکاریی کارگەکانیان پێ دەدرێ. ژنان بەئاسانی ئەم کارانە قبووڵ دەکەن تاوەکو لە هەژاریی گوندان رزگاریان بێ و بتوانن پارە بۆ خێزانەکانیان بنێرنەوە. هەر کە ماڵەوەیان جێ هێشت، دەڕفێندرێن و بەسەر سنوورە نێودەوڵەتییەکاندا بەقاچاخ ئاودیو دەکرێن. زۆرەگێ دەکرێن و ئازار دەدرێن و پاسپۆرتیان لێ زەوت دەکرێ. وەک بیانییەکی نایاسایی لە وڵاتێکی بێگانەدا بێ پشتیوانن و زۆربەی جار ملکەچی ویستی دیلگرەکانیان دەبن. لە ترسی مردن و نەوەک خێزانەکانیان تووشی تۆڵەسەندنەوە ببنەوە، وەک سێکسفرۆش بەردەوام دەبن. بەگوێرەی مەزندەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە ساڵانە یەک میلیۆن ژن و منداڵ بەزۆر تووشی سێکسفرۆشی دەکرێن.

١٩- نێزیکەی ٢٥٪ی جەماوەری کاردار راستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتەوە دانەمەزراوە وەک جووتیارە هاوبەش و کرێکارە خۆدامەزرێنەرەکان. جگە لەوەش، ١٥٪ی جەماوەر لەلایەن خزمەکانیانەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا دۆلاریان بۆ دەڕژێتە نێو حسابەوە (Rivera، ١٩٩٨، لاپەڕە ١٠٧). لەکۆتاییدا نێزیکەی ٢٪ی جەماوەری خاوەن کار لە پیشەسازیی گەشتوگوێدا کار دەکەن (CEPAL، ٢٠٠٠).

٢٠- حکوومەت بۆ کوبییەکان سنوور بۆ رێگەی وەدەستهێنانی دۆلاری ئەمەریکایی دادەنێ. حکوومەت تەنیا مۆڵەتی ٢٠٠٠٠٠ خۆدامەزراندنی داوە هەرچەندە ئەم مۆڵەتە خواستێکی یەکجار بەرزتری لەسەرە. دەوڵەت زۆربەی کرێکاران ناچار دەکات لە ئیشی دەوڵەتیی خۆیان بەردەوام بن، بەڵام مووچەیەکی تەواویان پێ نادا.

٢١- بۆ نموونە، خاوەنی خواردنەگە نایاساییەکانی ناومااڵنیش کڕیارانی رێتێچوو لە رێستۆرانتە دەوڵەتییەکانەوە رێنوێنی دەکەن.

٢٢- وەک لە سەرەوە تێبینی کرا، سێکسفرۆشان هەموویان بێ کار نین. ئەوەی راستی بێ هەندێکیان کارمەندی یەکجار خوێندەوارن.

٢٣- زانکۆی وێبستر لە سێینت لویس، ئێم ئۆ هەڵکەوتووە. ئەم زانیارییە لە راپۆرتی UNAIDS-WHO سەبارەت بە پەتای جیهانیی ئایدز، ئێچ ئای ڤی وەرگیراوە.

٢٤- بەرهەمهێنانی ئەم کۆندۆمانە کەمیان تێ دەچێ و هەندێک جار جێی متمانە نین.

ئازادیی بەکارهێنانی ئینتەرنێت

ئامرازێک بۆ یەکسانی و پێشکەوتنی نەتەوەکانی دنیا

هیلاری کلینتۆن

هەولێر

تۆڕەکانی زانیاری ڕۆڵێکی گرینگیان لە واقیعدا بینیوە. کاتێ لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەگەڵ سەرۆک پریڤاڵ بووم لە پۆرت ئو پرینس یەکێک لە کارە لە پێشینەکانی ئەوە بوو هێڵەکانی ئینتەرنێت چاک بکاتەوە و بیانخاتەوە گەڕ، چونکە بەشەکانی حکوومەتەکەی، یان ئەوەی کە لەو حکوومەتە مابوویەوە، نەیاندەتوانی پێوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن. بەهۆی ئەو کێشە تەکنیکییەوە لە هێڵەکانی ئینتەرنێتدا ڕێکخراوە ناحکوومییەکان، سەرکردایەتییە مەدەنییەکەمان، هەروەها سەرکردایەتییە سەربازییەکەمان زیانی گەورەیان پێ گەیشت. کۆمەڵگەی تەکنەلۆجی نەخشەیەکی کارای دامەزراندووە بۆ یارمەتیدانی ئێمە تا پێویستییەکانمان بناسینەوە و سەرچاوەکان بکەینە ئامانج. دووشەمە تیمێکی گەڕان و فریاکەوتنی ئەمەریکایی تواناییان کچێکی ٧ ساڵان و دوو ژن لەنێو دار و پەردووی ڕووخاوی سوپەرمارکێتێکدا دەربهێنن و ژیانیان لە مردن ڕزگار بکەن، ئەویش دوای ئەوەی ئەو گیرخواردووانە لە ڕێی ناردنی کورتەنامەیەکی مۆبایلەوە داوای یارمەتییان کرد. ئەم نموونانە بەڵگەی ڕوونن لەسەر دیاردەیەکی فراوانتر.

بڵاوبوونەوەی تۆڕەکانی زانیاری سیستەمێکی عەسەبیی نوێ بۆ هەسارەکەمان دروست دەکەن. کاتێ شتێک لە هایتی یان هونان ڕوو دەدا ئێمە دەستبەجێ و لەلایەن خەڵکێکی ڕاستەقینەوە هەواڵەکە دەبیستین، هەروەها دەتوانین لە کاتی خۆیشیدا بەدەمیەوە بچین.

زانیاری هیچ کات هێندەی ئێستە ئازاد نەبووە. ئێستە زۆر ڕێگە هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عومەر عەلی غەفوور

زۆرترین بیرۆکە بۆ زۆرترین خەڵک، کە ئەوە لە هیچ ساتێکی مێژوودا وێنەی نەبووە. تەنانەت لە وڵاتە دەسەڵاتخوازەکانیشدا تۆڕەکانی زانیاری یارمەتی خەڵک دەدەن کە بتوانن ڕاستییەکان بزانن و وا لە حکوومەت بکەن زیاتر بکەوێتە بەر لێپرسینەوەوە.

لە سەردانەکەیدا بۆ چین لە تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری ٢٠٠٩دا، سەرۆک ئۆباما کۆبوونەوەیەکی جەماوەری گرێ دا بۆ تیشک خستنەسەر گرینگیی ئینتەرنێت و کۆڕەکەیش ڕاستەوخۆ لە ڕێی ئینتەرنێتەوە پەخش دەکرا. لە وەڵامی پرسیارێکدا کە لە ڕێی ئینتەرنێتەوە ئاراستەی کرا، ئۆباما بەرگریی لە مافی خەڵک کرد لە دەستگەیشتنی ئازادانە بە زانیارییەکان و گوتی "چەندە زانیارییەکان ئازادانە بگەن هێندە کۆمەڵگەیەکی بەهێزتر دروست دەبێ". ئەو باسی لەوە کرد کە چۆن دەستگەیشتن بە زانیارییەکان یارمەتی هاوواڵتیان دەدا لە حکوومەتەکانیان بپێچنەوە، بیرۆکەی نوێ دابهێنن، هانی داهێنان و دەستبردن بۆ پڕۆژەی بازرگانی دەدا.

لەنێو ئەم شەپۆلە بێپێشینەیەی ئامرازەکانی پێوەندیکردن (اتصالات)دا، پێویستە ئێمە بزانین کە ئەم تەکنەلۆجیایانە نیعمەتێکی ڕووت نین، بگرە هەندێ جار ئەم ئامرازانە بۆ پەکخستنی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و مافە سیاسییەکان دەقۆزرێنەوە. هەر وەک چۆن پۆڵا دەکرێ بۆ دروستکردنی نەخۆشخانە یان دروستکردنی چەک بەکار بێ، یان هێزی ئەتۆمی بۆ دابینکردنی وزەی شارێک یان وێرانکردنی شارێک بەکار بێ، تەکنەلۆجیا و تۆڕە مۆدێرنەکانی زانیاریش دەتوانرێ بۆ چاکە و بۆ خراپەیش بەکار بهێنرێن.

هەمان ئەو تۆڕانەی یارمەتیی ڕێکخستنی بزاڤە ئازادیخوازەکان دەدەن، یارمەتیی ڕێکخراوی قاعیدەیش دەدەن تا کولتووری ڕق بڵاو بکاتەوە و هانی توندوتیژی لە دژی بێ تاوانان بدا. ئەو تەکنلۆجیایەی دەکرێ ڕێگە بۆ گەیشتن بە حکوومەت و هانی شەفافیەت بدا، دەتوانرێ لە ڕێی حکوومەتەکانەوە بقۆزرێتەوە و بۆ سەرکوتکردنی نەیاران و بێبەشکردنیان لە مافەکانی مرۆڤ بەکار بهێنرێ.

سااڵی ڕابردوو مەترسی و هەڕەشەکانی سەر بڵاوبوونەوەی ئازادیی زانیارییەکان زیادیان کرد. چین، تونس و ئۆزبەکستان سانسۆری خۆیان لەسەر ئینتەرنێت زیاد کرد. لە ڤێتنام لەپڕ تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەناوبانگەکان نەمان. هەینیی ڕابردوو لە میسر ٣٠ خاوەن بلۆگی ئەلیکترۆنی و چالاکوان دەستبەسەر کران. لە کاتێکدا ئەوە ڕوونە کە بڵاوبوونەوەی ئەم تەکنەلۆجیایانە دنیاکەمان دەگۆڕێ، بەاڵم هێشتا ڕوون نییە ئەو گۆڕینە چۆن چۆنی کار لە مافەکانی مرۆڤ و خۆشگوزەرانیی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەکانی دنیادا دەکا.

چەندان تۆڕی تر لە دنیادا هەن، هەندێکیان یارمەتیدەرن لە جموجووڵی خەڵک و

سەرچاوەکاندا، هەندێکی تریان ئاسانکاری بۆ ئاڵوگۆڕی نێوان تاکەکەسە هاوکار و هاوبەرژەوەندییەکاندا دەکەن، بەڵام ئینتەرنێت ئەو تۆڕەیە کە هێز و توانا شاراوەکانی هەموو ئەوانی تری زیاد دەکا. هەر بۆیە ئێمە باوەڕمان وایە پێویستە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ژمارەیەک ئازادیی بنچینەییان هەبێ. یەکەمینیان ئازادیی دەربڕینە. ئەم ئازادییە چیی تر بەتەنیا پێناسە ناکرێ بەوەی هاوواڵتیان بتوانن بچنە تاون سکوێر و بەبێ ترس لە تۆڵەلێکردنەوە ڕەخنە لە حکوومەتەکانیان بگرن. وێبلۆگەکان، ئیمەیلەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کورتە نامەکانی مۆبایل سەکۆگەلێکی نوێیان بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و ئامانجی نوێیان بۆ سانسۆرکردن هێناوەتە کایە.

لەم کاتەدا کە من بۆ ئێوە قسە دەکەم، چاودێرەکانی یەکێک لە حکوومەتەکان لە جێیەکی دیاریکراو سەرشێتانە خەریکی سڕینەوەی وشەکانی منن لەسەر تۆمارەکانی مێژوو، بەڵام مێژوو خۆی پێشتر سەرکۆنەی ئەو جۆرە ڕەفتارانەی کردووە. دوو مانگ لەمەوبەر لە ئەڵمانیا بووم لە ئاهەنگی ٢٠مین ساڵوەگەڕی ڕووخانی دیواری بەرلیندا. سەرکردە بەشدارەکانی ئەو ئاهەنگە سڵاویان بۆ ئەو پیاو و ژنە قارەمانانە نارد لەودیوی دووری ئەو دیوارە بەربەستەوە، کە لە کاتی خۆیدا لە ڕێی بڵاوکردنەوەی نامیلکەیەکەوە بەناوی "سامیدزات" بزاڤێکیان دژ بە ستەمکاری دروست کرد، ئەو بڵاوکراوانە گومانی خستە سەر بانگەشە و نیازەکانی دیکتاتۆرەکانی بلۆکی ڕۆهەڵات و زۆر کەس لەبێناو بڵاوکردنەوەی ئەو نامیلکانەدا قوربانیی گەورەیان دا. بەڵام وشەکانیان بوونە هۆی کۆنکردنی ئەو دیوارە کۆنکرێتییە و تەلبەندە درکاوییەکانی ئەو بەربەستە ئاسنینە.

دیواری بەرلین سیمبولی جیهانێکی دابەشکراو بوو بۆ دوو بەش و وێنەی قۆناخێکی تەواوی بەرجەستە دەکرد.. ئەمڕۆ پاشماوەی ئەو دیوارە ڕووخاوە لەنێو ئەم مۆزەخانەدایە، واتە لە جێی شایستەی خۆیدا و ئینتەرنێتیش بووەتە یەکەی بنەڕەتیی بنیاتی ئەو سەردەمەمان، کە لە باتیی دابەشکردن بووەتە بناخەی پێکەوەبەستن. بەڵام جێی داخە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتیش لەنێو ولاتانی جیهاندا چەندان دیواری کرداری لە جێی دیوارە کۆنکریتییەکان قیت کراونەتەوە.

هەندێ لە ولاتان بەربەستی ئەلیکترۆنییان دروست کردووە بۆ قەدەخەکردنی گەلانیان لە دەستگەیشتن بە هەندێ لە بەشەکانی تۆڕە جیهانییەکان. چەندان وشە، ناو، یان بڕگەیان لە ئەنجامی ئامرازەکانی گەڕان لە ئینتەرنێتدا سڕیوەتەوە. تایبەتمەندیی هاوواڵتییانیان پێشێل کردووە کە سەرقاڵی دەربڕینی سیاسیی ناتوندوتیژن. ئەم کردارانە پێچەوانەی جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤن، کە پێمان دەڵێن هەموو کەس مافی گەڕان و بەدەستهێنانی زانیاری و بیرۆکەکان و بڵاوکردنەوەیانی لە ڕێی میدیاکانەوە هەیە بەبێ لە بەرچاوگرتنی سنوورەکان.

لەگەڵ تەشەنەکردنی ئەم ڕێگرییانەدا بەربەستێک لە بەردەم گەیشتنی زانیارییەکان بەبەشێکی زۆری جیهان دروست دەبێ.

وەک خووی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی ڕابردوو، هەندێ حکوومەت دەنووکیان بەسەر ئەو بیرمەندە سەربەخۆیانەوەیە کە ئەم ئامرازانە بەکار دێنن. لەو خۆپێشاندانانەی دوای هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێران (حوزەیرانی ٢٠٠٩) ڕوویان دا، وێنەیەکی قیدیۆیی ناڕۆشنی مۆبایل کە دیمەنی کوشتنی خوێناویی کچەلاوێکی پێشان دەدا، بوو بە تۆمەتبارکردنێکی دیجیتاڵی بۆ درندەییی حکوومەت. ئێمە لە ڕاپۆرتەکاندا بینیمان ئەو ئێرانییانەی لە هەندەران دەژین و لە ڕێی ئینتەرنێتەوە ڕەخنە لە سەرکردەکانی وڵاتەکەیان دەگرن، کەسوکارەکانیان لە ناوەخۆی ئێران لەلایەن پیاوانی ڕێژیمەوە ڕووبەڕووی تۆڵەلێکردنەوە بوونەتەوە. وێڕای هەڵمەتی چڕی تۆقاندن لەلایەن حکوومەتەوە، ڕۆژنامەنووسە بوێرەکانی ئێران بەردەوام بوون لە بەرکارهێنانی تەکنەلۆجیا تا پێشانی دنیا و هاووڵاتییانی خۆیان بدەن کە لە نێوخۆی وڵاتەکەیاندا چی ڕوو دەدا.

لە بەرگریکردنیان لە مافەکانیان گەلی ئێرانی بوو بە ئیلهامبەخشی دنیا و ئازایەتییەکەیان جارێکی تر دەری خست کە چۆن تەکنەلۆجیا بۆ بڵاوکردنەوەی حەقیقەت و ڕسواکردنی ناعەدالەتییەکان ڕۆڵی گرینگ دەبینێ.

ئێستە هەموو کۆمەڵگەکان ئەوە دەزانن کە ئازادیی دەربڕینیش سنووری خۆی هەیە. ئێمە لەوانە نابوورین کە خەڵکانی تر بۆ تووندوتیژی هان دەدەن، وەک کە پیاوانی قاعیدە دەیکەن و حاڵی حازر ئینتەرنێت بۆ ڕەواجدان بەکوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی بێ تاوان لە سەرتاسەری دنیادا بەکار دێنن.

هەروەها گوتارەکانی ڕق کە کەسەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز، ئاین، دەکەنە ئامانج، هی ئەوەن سەرکۆنە بکرێن. بەداخەوە، ئەم پرسانە هەڕەشەی ڕوو لە گەشەن و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەگژاچوونەوەیان دەست لەنێو دەست بنێ. هەروەها پێویستە چارەسەری ئەو گوتارانە بکەین کە لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە بڵاو دەکرێنەوە. ئەوانەی ئینتەرنێت بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆریستان بەکار دێنن، یان مولکیەتی فیکریی دزراو بڵاو بکەنەوە، ناتوانن کارەکانیان لە ئینتەرنێتدا لە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان لە جیهاندا جوێ بکەنەوە.

بەڵام ئەم کێشە و هەڕەشانە نابێ لەلایەن حکوومەتەکانەوە بکرێتە بیانوو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سیستماتیکی ماف و تایبەتمەندیی ئەوانە پێشێل بکەن، کە ئینتەرنێت بۆ ئامانجی سیاسیی ئاشتییانە بەکار دێنن.

ڕەنگە ئازادیی دەربڕین دیارترین ئازادی بێ کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆجیا نوێکاندا

ڕووبەڕووی هەڕەشە بووبێتەوە، بەڵام تەنیا هەر ئەویش لە مەترسیدا نییە. ئازادیی پەرستن گوزارشت لە مافی تاکەکان بۆ پێوەندیکردن یان بێ پێوەندیبوون بە خوای خۆیانەوە دەکات، ئەوە کەناڵێکی پێوەندیکردنە کە پشت بە تەکنەلۆجیا نابەستێ، بەڵام مافی پەرستن هاوکات گوزارشت لە مافی سروشتیی مرۆڤ دەکات بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەوانەی هەمان بەها و بۆچوونیان لەبارەی مرۆڤایەتییەوە هەیە. لە مێژووی ئێمەدا ئەو کۆبوونەوانە لە کڵێساکان، کنێسەکان، مزگەوتەکان و پەرستگەکاندا کراون. ئەمڕۆ دەکرێ لە ئینتەرنێتدا ڕوو بدا.

ئینتەرنێت دەتوانێ کەلێنی نێوان خەڵکانی بیروباوەڕ جیاواز پڕ بکاتەوە، وەک سەرۆک ئۆباما لە قاهیرە گوتی ئازادیی ئاین پێویستییەکی سەرەکییە بۆ خەڵک تا بتوانن پێکەوە بژین.

لەو کاتەی ئێمە چاومان بڕیوەتە فراوانکردنی مەوداکانی دایەلۆگ، ئینتەرنێت لەم ڕووەوە مژدەی گەورەی پێیە. ئێمە دەستمان کردووە بە دروستکردنی پێوەندی لە نێوان قوتابییانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ لاوانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لە سەرتاسەری دنیادا تا گفتوگۆ لەبارەی مەترسییە جیهانییەکانەوە بکەن. لە بەکارهێنانی ئەم ئامرازەیش بەردەوام دەبین لەپێناو هێنانە کایەی گفتوگۆ و دەمەتەقێ لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەکانی سەر بە ئاینە جیاوازەکاندا.

هەندێ لە دەوڵەتان، ئینتەرنێت وەک ئامرازێک بەکار دێنن بۆ کرد نەئامانج و بێدەنگکردنی شوێنکەوتووانی ئاینەکان. بۆ نموونە سالّی ڕابردوو، لە عەرەبستانی سعوودی پیاوێک ماوەی مانگێک زیندانی کرا لەبەرئەوەی لە ئینتەرنێتدا بەدوای زانیاری لەبارەی مەسیحییەتەوە گەڕابوو. هەروەها بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی هارڤارد حکوومەتی سعوودی ژمارەیەکی زۆر لاپەڕەی ئینتەرنێتی لەبارەی ئاینەکانی هیندۆسی، جووەکایەتی، تەنانەت ئیسلام، بلۆک کردووە. ولاتانی وەک ڤێتنام و چینیش هەمان شتیان پەیڕەو کردووە بۆ ڕێگرتن لە دەستگەیشتن بە زانیارییە ئاینییەکان.

وەک چۆن نابێ ئەم تەکنەلۆجیایانە بۆ سزادانی دەربڕینی سیاسیی ئاشتییانە بەکار بێ، هاوکات نابێ بەکاریش بهێنرێن بۆ چەوساندنەوە یاخۆ خەفەکردنی کەمینە ئاینییەکان. پێویستە تەکنەلۆجیاکانی پێوەندیکردنی وەک ئینتەرنێت و سایتە کۆمەڵایەتییەکان توانای تاکەکان بۆ ئەنجامدانی خواپەرستی بەو شێوەیەی بە گونجاوی دەزانن، بەهێز بکەن، ئایندارەکان بتوانن پێوەندی بە هاوئاینەکانیانەوە بکەن و زانیاریی زیاتر لەبارەی ئاینەکانی تر‌ەوە فێر بن. پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین ئازادیی پەرستن لە ئینتەرنێتدا بەرەو پێشەوە بەرین، وەک چۆن لە بوارەکانی تری ژیاندا وا دەکەین.

بێگومان سەدان ملیۆن کەس هەن کە لە سوودەکانی ئەم تەکنەلۆجیایانە بێ بەشن. لەم

دنیایەدا، وەک زۆر جاران گوتومە، "رەنگە بەهرەکان بەسەر هەمووانداا دابەش کران، بەڵام مەرج نییە هەڵەکان بەو شێوەیە بن". ئێمە بە ئەزموونێکی دوور و درێژ بەو باوەڕە گەیشتووین کە هەوڵەکانی بەدیهێنانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەو وڵاتانەی تێیاندا خەڵک دەستی ناگاتە زانیارییەکان، بازاڕەکان، سەرمایە و هەروەها دەرفەت، دەکرێ مایەی بێ ئومێدی، یان هەندێ کات کارێکی بێهوودە بێ. لەم چوارچێوەیەدا ئینتەرنێت دەتوانێ ببێتە ئامرازێکی گەورە بۆ هێنانەدی یەکسانی. لە رێی دەستگەیاندنی خەڵک بە زانیاری و بازاڕەوە تۆڕی ئینتەرنێت دەتوانێ لەو جێیەی دەرفەتی لێ نییە دەرفەت دروست بکا.

بە درێژاییی ساڵی ڕابردوو ئەو دیاردەیەم لە کینیا بەچاوی خۆم دی کاتێ جووتیارەکان بینییان داهاتەکانیان ٣٠٪ زیادی کردووە لەو کاتەوە دەستیان کردووە بەبەکارهێنانی تەکنیکی کارە بانکییەکان لە رێی مۆبایلەوە. لە بەنگلادیش کە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەس خۆیانیان بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە رێی مۆبایلەکانیانەوە تۆمار کرد، هەروەها لە باشووری بیابانی گەورەی ئەفریقیا ئافرەتان لە رێی خاوەن پرۆژەکانەوە ئینتەرنێت بۆ دەسکەوتنی قەرزی بچووک یان خۆبەستنەوە بە بازاڕی جیهانییەوە، بەکار دێنن.

ئەم نموونانەی پێشکەوتن بەهۆی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان و ئینتەرنێتەوە، دەکرێ لە ژیانی ملیاران کەسدا، کە لە بنی بنەوەی لەبەندیی ئابووریی جیهاندان، دووبارە ببێتەوە. لە زۆر باردا ئینتەرنێت، مۆبایل و تەکنەلۆجیاکانی تری پێوەندیکردن دەتوانن ئەو کارە بۆ گەشەی ئابووری بکەن کە شۆڕشی سەوز بۆ کشتوکاڵی کرد.

ئێستە دەتوانرێ لە پێداوێکی سادەوە ئەنجامگەلێکی زۆر گەورە بەدەست بهێنرێ. لێکۆڵینەوەیەکی بانکی نێودەوڵەتی ئاشکرای کردووە کە لە وڵاتێکی ڕوو لە گەشەی ئاساییدا، تەنیا ١٠٪ زیادبوونی بەکارهێنانی مۆبایل، بووەتە هۆی زیادبوونی کۆی داهاتی ساڵانەی تاکەکەس لەو وڵاتەدا بەڕێژەی نێزیکەی ١٪. ئەم ڕێژەیە لە هیندستان دەکاتە نێزیکەی ١٠ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا.

پێوەستبوون بە تۆڕە زانیارییە جیهانییەکانەوە وەک ڕێگەی گەیشتن بە مۆدێرنێتە وایە. لە ساڵە بەراییەکانی سەرهەڵدانی ئەم تەکنەلۆجیایانەدا زۆر کەس پێیان وا بوو بەهۆی ئەو تەکنەلۆجیایەوە دنیا لە نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکاندا دابەش دەبێ، بەڵام ئەوە ڕووی نەدا. ئەمڕۆ ٤ ملیار مۆبایل لە کاردان، زۆر لەوانە بەدەستی وردەفرۆشەکانی بازاڕ وردە کاسبکارەکانی ئاسیا و هی تریەوەن، کە لە دەستگەیشتن بە فێربوون و دەرفەتەکان بێ بەشن. تۆڕەکانی زانیاری بوونەتە هۆکارگەلێکی گەورە بۆ هێنانە کایەی یەکسانی، بۆیە پێویستە بەکاریان بێنین بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لە هەژاری و نەبوونی.

ئێستە هەقمان بەدەستە ئەگەر ئومێدمان هەبێ بەوەی خەڵک دەتوانن لە ڕێی بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و تەکنەلۆجیای پێوەندییەکانەوە پێشکەوتن بەدەست بهێنن. بەڵام دەبێ وریا بین کە بێگومان هەندێ کەس لە بەکارهێنانی تۆڕە جیهانییەکانی زانیاری بۆ ئامانجە تاریکەکان بەردەوام دەبن. توندڕەوە توندوتیژەکان، کارتێلە تاوانبارەکان، ئەنجامدەرانی تاوانە سێکسییەکان، هەروەها حکوومەتە دەسەڵاتخوازەکان هەموویان هەوڵ دەدەن ئەم تۆڕە جیهانییانە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بقۆزنەوە. وەک چۆن تیرۆریستەکان سوودیان لە کراوەیی کۆمەڵگەکەمان وەرگرت بۆ ئەنجامدانی پیلانەکانیان، پەرگیرە توندڕەوەکانیش ئینتەرنێت بۆ بڵاوکردنەوەی ڕادیکاڵییەت و تۆقاندن بەکار دێنن. لەو کاتەی کار بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادییەکان دەکەین، پێویستە هاوکات لە دژی ئەوانەیش کە تۆڕەکانی پێوەندیکردن وەک ئامرازی پەکخستن و تۆقاندن بەکار دێنن، خەبات بکەین.

حکوومەتەکان و هاوواڵتییان پێویستە دڵنیا بن لەوەی ئەو تۆڕانەی بەشێکن لە ئاسایشی نەتەوەیی و خۆشگوزەرانیی ئابووریان پارێزراو و بەهێزن. ئەمە تەنیا ئەو هاککەرە هیچ و پووچانە ناگرێتەوە کە وێبسایتەکان دەشێوێنن. ئەنجامدانی کارە بانکییەکانمان لە ڕێی ئینتەرنێتەوە، بەکارهێنانی بازرگانیی ئەلیکترۆنی، پاراستنی ملیاران دۆلار لە سەرمایە فیکرییەکاندا، ئەمانە هەموو لە مەترسیدان ئەگەر تۆڕەکانی زانیاری پارێزراو نەبن.

پەکخستنی ئەم سیستەمانە پێویستی بە وەڵامێکی هاوئاهەنگ و دەستەجەمعی هەیە لەلایەن گشت حکوومەتەکان، کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. ئێمە پێویستمان بە ئامرازی زیاتر هەیە بۆ بەهێزکردنی ئاژانسەکانی سەپاندنی یاسا تا لە ڕێی ناوچە دادوەرییە جیاوازەکانەوە هاوکاریی یەکتر بکەن کاتێ هاککەرە تاوانبارەکان و تۆڕەکانی مافیا بۆ بەدەستهێنانی پارە هێرش دەکەنە سەر تۆڕەکان. ئەمە بەسەر هەمان حاڵەتی تاوانە کۆمەڵایەتییەکانیشدا جێبەجێ دەبێ کاتێ بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی مادی وێنەی ڕووتی منداڵان، یان وێنەی ئەو ژن و کچانەی لە ئینتەرنێتدا بازرگانییان پێوە دەکرێ، پێشان دەدرێن. ئێمە هەوڵەکانی ئەنجوومەنی پەیماننامەی ئەورووپایی بۆ تاوانەکانی ئینتەرنێت دەنرخێنین کە ئاسانکاری بۆ هاوئاهەنگی نێودەوڵەتی دەکات لەپێناو دادگەدانی ئەو تاوانبارانە، هیواداریشین کۆششەکانمان لەم ڕووەوە دوو بەرامبەر بکەین.

ئێمە وەک حکوومەت و وەک وەزارەتی دەرەوە چەندان هەنگاومان ناوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیپلۆماسی بۆ بەهێزکردنی پاراستنی جیهان لە سیخوڕیی ئەلیکترۆنیی نێودەوڵەتی. لە وەزارەتی دەرەوە خەڵکێکی زۆرمان هەیە کار لەسەر ئەمە دەکەن. کارمان لەسەر ئەوە کردووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی تردا پرسی سیخوڕیی ئەلیکترۆنیی نێودەوڵەتی بخەینە بەرنامەی کارەوە.

ئەوانەی دەبنە کۆسپ لە بەردەم گەیشتنی زانیارییەکان بە کۆمەڵگەکەمان یان کۆمەڵگەکانی تردا هەڕەشەن بۆ سەر ئابووریمان، بۆ سەر حکوومەتەکەمان، بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنیمان و پێویستە ئەو ولاّت و کەسانەی بەو پەلامارانە هەڵدەستن ڕووبەڕووی بەرەنجامەکان و سەرکۆنەی نێودەوڵەتی ببنەوە. لە جیهانێکدا کە لە ڕێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە پێکەوە گرێ درابێ دەکرێ هێرشکردنە سەر تۆڕەکانی دەوڵەتێک هێرشکردن بێ بۆ سەر هەموان. لە ڕێی بەهێزکردنی ئەم پەیامەوە دەتوانین سیستەمێکی نوێ بۆ هەڵسوکەوت لە نێوان دەوڵەتاندا دابهێنین کە تێیدا هەموولا ڕێز لە شتە هاوبەشەکانمان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بگرین.

دواین ئازادی، کە لە چوار ئازادییەکەوە سەرچاوە دەگرێ، بریتییە لە ئازادیی پێوەندیکردن، بەو واتایەی نابێ حکوومەت ڕێ لە خەڵک بگرێ ئینتەرنێت بەکار بێنن و بچنە نێو سایتەکانەوە یان یەکتر فێر بکەن. ئازادیی بەکارهێنانی ئینتەرنێت وەک ئازادیی کۆبوونەوە وایە و بوار بۆ تاکەکان دەڕەخسێنێ تا بچنە سەر خەت، کۆ ببنەوە و بە ئومێدەوە هاوئاهەنگی بکەن. کاتێ تۆ دەچیتە نێو ئینتەرنێت پێویستت بەوە نییە لە بازرگانە ناودارەکان یان ئەستێرەیەکی دنیای میوزیک بیت تا بتوانیت کاریگەریی گەورەت لەسەر کۆمەڵگە هەبێ.

گەورەترین بەرپەرچدانەوەی ئاشکرا بۆ هێرشە تیرۆریستییەکانی مۆمبای، لەلایەن مێردمندالێکی ١٣ سالانەوە بوو، ئەو منداڵە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بەکار هێنا بۆ ڕێکخستنی هەڵمەتێکی خۆێنبەخشین، هەروەها ئیمزاکردن لەسەر کتێبێکی گەورەی "پرسە و سەرەخۆشی" کە لەلایەن تاکەکانی سەر بە ئاینی جۆراوجۆرەوە ئیمزا کرابوو.

لە کۆڵۆمبیا ئەندازیارێکی بێ کار ١٢ ملیۆن کەسی لە ١٩ شاری جۆراوجۆری جیهانەوە خڕ کردەوە بۆ خۆپێشاندان لە دژی بزووتنەوەی "فارک"ی تیرۆریست. خۆپێشاندانەکان گەورەترین خۆپێشاندانی دژ بە تیرۆریزم بوون لە مێژوودا. بەو هۆیەوە لە چەند هەفتەی دواتردا "فارک" زۆرترین حاڵەتی وازلێهێنان و لێکترازانی بەخۆوە بینی کە لە ماوەی دە ساڵی شەڕی چەکداریدا بەخۆوەی نەدیبوو. هەروەها لە مەکسیکۆ تەنیا بەئیمەیلێک لە هاوولاتییەکی ئاساییەوە، کە لە تۆندوتیژیی پێوەست بە مادە هۆشبەرەکان بێزار بووبوو، سەری کێشا بۆ خۆپێشاندانێکی گەورە لە هەر ٣٢ ویلایەتەکەی ولاّتدا. تەنیا لە مەکسیکۆ سێتیدا ١٥٠ هەزار کەس بۆ دەربڕینی ناڕەزایی ڕژانە سەر شەقامەکان.

کەواتە ئینتەرنێت دەتوانێ یارمەتیی مرۆڤایەتی بدات بۆ بەگژاچوونەوەی ئەوانەی هانی تۆندوتیژی، تاوان هەروەها تۆندڕەوی دەدەن.

لە ئێران و مۆڵداڤیا و چەندان ولاّتی تر، ڕێکخستن لە ئینتەرنێتدا ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو بۆ پێشخستنی دیموکراسییەت و هاندانی هاوولاتیان تا خۆپێشاندان لە دژی ئەنجامی

جێگومانی هەڵبژاردن بکەن. تەنانەت لە دیموکراسییەتە جێگیرەکانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا ئێمە هێزی ئەو ئامرازانەمان لە گۆڕینی مێژوودا بینی. رەنگە هەندێ لە ئێوە هێشتا هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ٢٠٠٨تان لەبیر بێ.

ئازادیی بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆجیایانە دەتوانێ کۆمەڵگەکان بگۆڕێ، بەڵام ئەو تەکنەلۆجیایانە تەنیا بۆ کۆمەڵگەکان گرینگ نین بگرە هەندێ جار تاکەکانیش گرینگن. لەم دواییەدا چیرۆکی پزیشکێک بزواندمی کە بەهەڵەداوان بەدوای دۆزینەوەی نەخۆشییە دەگمەنەکەی کچەکەیدا دەگەڕا. بۆ ئەو مەبەستە ڕاوێژی بە ٢٤ پزیشکی پسپۆڕ کرد بەبێ ئەوەی وەڵامێکی دەست بکەوێ. بەڵام لە کۆتاییدا هۆکار و چارەسەرەکەی لە ڕێی بەکارهێنانی سێرچی ئینتەرنێتەوە دۆزییەوە. ئەمەیە وا دەکات ئازادیی گەیشتن بە ئامرازی سێرچەکانی ئینتەرنێت بۆ تاکەکەسەکان کارێکی زۆر بایەخدارە.

ئینتەرنێت بووەتە سەرچاوەی پێشکەوتنێکی گەورە لە چین. ئێستە خەڵکێکی زۆر لە چین لەسەر هێڵن. ئەو وڵاتانەی ئازادیی دەستگەیشتن بە زانیاری سنووردار دەکەن یان مافە بنەڕەتییەکانی ئینتەرنێتکارەکان پێشێل دەکەن سەرچڵی دەکەن بە خۆبێبەشکردن لە پێشکەوتنەکانی سەدەی داهاتوو.

لە کۆتاییدا ئەم پرسە تەنیا لەبارەی ئازادیی زانیارییەکانەوە نییە، بگرە لەبارەی ئەوەیە ئێمە چ جۆرە جیهانێکمان دەوێ و لە چ جۆرە جیهانێکدا نیشتەجێین. لەبارەی ئەوەیە ئاخۆ ئێمە لەسەر هەسارەیەک دەژین کە یەک ئینتەرنێت، یەک خێزانی جیهانی، هەروەها یەک جەستەی زانیاریی گشتی هەیە کە سوود بە هەمووان بگەیەنێ و یەکمان بخات، یان لەسەر هەسارەیەکی پارچەپارچە بوو دەژین کە شوێنی نیشتەجێبوونت یان حەز و ئارەزووی سانسۆرچییەکان بڕیار بدا لەوەی ئاخۆ دەستت بگاتە زانیاری و هەڵەکانی ژیان.

ئازادیی جوڵەی زانیارییەکان دەبێتە پاڵپشت بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و زەوینە بۆ پێشکەوتنی جیهانی خۆش دەکا. لە ڕووی مێژووییەوە نایەکسانیی هەلی دەستگەیشتن بەزانیاری یەکێک بووە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕ لە نێوان دەوڵەتاندا. کاتێ ئێمە ڕووبەڕووی ملمڵانەیەکی ترسناک یان ڕووداوێکی مەترسیدار دەبینەوە، گرینگە کە خەڵکانی هەردوو لایەنی ناکۆک وەک یەک ڕاستی و بۆچوونەکان بزانن.

حکوومەتی ئەلیکترۆنی

سارا بوولّنس*

هاوڵاتیانی کێشە

لەبارەی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ پێشکەوتنی بواری تەکنەلۆجیای حکوومەتە هەرێمییەکان چۆن دەتوانێ لە دۆخی دەسەلاتی حکوومەتەکانی ناوەندا ڕۆڵی هەبێ، پێویستە ڕەچاوی توێژینەوەیەکی نێودەوڵەتی لەو بارەیەوە بکەین کە لە ناوچەیەکی بەلجیکا کراوە و ئەنجامەکانی وەبەرچاو بگرین. وەلامێکی ئاسان و هاوکات گرینگ بۆ هەموو ئەوانەی بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەکن تا حکوومەتە هەرێمییەکان بتوانن ئاست و توانای خۆیان لە گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ هاوواڵتیان، کۆمپانیاکان و ڕێکخراوەکانی ناو هەرێمەکەیان بەرز بکەنەوە و توانایەکی باش دەست بخەن.

حکوومەتە هەرێمی و ناوچەییەکان زیاتر لە جۆرەکانی تری حکوومەتی ڕەسمی پێوەندیی بەردەوامیان لەگەڵ هاوواڵتیان و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکاندا هەیە. ڕۆڵی نووسینگە لە حکوومەتێکی هەرێمیدا زۆر گرینگترە لە ناوەندەکانی تری حکوومەتی، بۆ نموونە لە پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بواری پەروەردە وەک کتێبخانە، باخچەی ساوایان بۆ پاراستنی منداڵان، ناوەندەکانی وەرزشی، کولتووری و دامەزراوەکانی تری تایبەت بەڕێکخستنی کاروبارەکان. هەر دەسەلاتێکی هەرێمی و لۆکاڵی کە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا بایەخ بەگرینگیی حکوومەتێکی ئەلیکترۆنی نادا، ئەوە دەسەلاتێکی ناتەواوە.

ئۆتۆنۆمی لە بەرامبەر هاوکاریدا

(*) ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان

هەولنامەی کتێب

حکوومەتی هەرێمی لە بڕیاردان و دانانی سیاسەتی خۆیدا بەگشتی مافی ئۆتۆنۆمیی هەیە و هێزێکی بەرچاوی پێ دراوە تا بتوانێ لەسەر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی بڕیاری کۆتا بدا. هاوکا ئەو حکوومەتە بەبێ هاوکاری و یارمەتیی حکوومەتی ناوەندی ناتوانێ بیرۆکەی بەئەلیکترۆنیکردنی کاروبارەکانی سەربخات.

لەگەڵ بوونی حکوومەتێکی دامەزراوەیی لە ناوەنددا، دەکرێ نرخی شتومەکەکان و تێچوونی بەڕێوەچوونی زۆربەی کاروبارەکانی دەستەڵاتێکی هەرێمی هەرزانتر بکەوێ، چونکە لە حکوومەتێکی دامەزراوەییدا لایەنەکانی ژمارە، داتا و ئامار دیار و دیودەرن، سەرجەم گۆڕانکاری و دۆخەیلی خزمەتگوزاریی گشتی بەرچاون و هەموو لایەک ئاگەداری ئاڵوگۆڕەکانن.

پێوەندیی ناڤبەر حکوومەتێکی هەرێمی لەگەڵ حکوومەتەکانی تر بەپێی سیستەمی حکوومەتی ئەلیکترۆنی E.Government، گرینگییەکی بەرچاوی سیاسیی هەیە. لەبارەی پێوەندیی نێوان حکوومەتێکی ئەلیکترۆنیی هەرێم لەگەڵ حکوومەتی ناوەندا ٤ بنەما و پێوەری سەرەکیی هەیە کە پێویستە ڕەچاو بکرێن، چونکە چوونە ناو هەر پڕۆژەیەک یان ستراتیجییەتێکی هاوبەش ناڤبەر

ئەو دوو لایەنە لەسەر ئەو چوار بنەمایە دەوەستێ و هەر جۆرە کەمایەسییەک لەو ڕێژەیەدا پێوەندی و هاوکاریی نێوان حکوومەتی هەرێمی و دەسەڵات لە ناوەند لەبار دەبات، ئەو چوار پرەنسیپە بریتین لە:

١- هاوکارییەکی ڕاست و دروست هەبێ، کەسێک کە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە و لەسەر بنەمای ڕاستییەکان لەگەڵ هەرکەسی تردا کار بکا، ئەوە ڕاستەوخۆی ڕێز و خۆشەویستی دێتە ئاراوە. ئەوە بەو مانایە نییە هەموو لایەنەکانی پێوەست بەحکوومەتی ئەلیکترۆنی لە یەک ئاستی یەکساندا بن، چونکە شارە گەورەکان دابەش دەبنە سەر کۆمەڵە بچووکەکان و بەپێی قەبارەی شارەکە، گەورەیی و بچووکیی ئەو کۆمەڵانە گۆڕانیان بەسەردا دێ.

٢- پێویستە گفتوگۆکانی نێوان ناوەند و هەرێم لەسەر بنەمای لێک گەیشتنی دوولایەنە بێ. سەرنەکەوتنی ئەو بەشە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی پرۆسەکە بەرەو شکست هەنگاو بنێ. پێویستە حکوومەتی ناوەندی و شارە گەورەکان گوێ لە پێکهاتە و لایەنە بەقەبارە بچووکەکانی تری بگرن، بەتایبەت ئەوانەی دوورن و کەمتر بەردەست دەکەون.

٣- سەرکەوتن و کاریگەربوونی حکوومەتێکی ئەلیکترۆنی پێوەستە بەمەرجێک، ئەگەر هاتوو توانی بەشێوەیەکی ئاسان و ساکار لە نێوان حکوومەت و لایەنەکانی تری کۆمەڵگەدا پێوەندی دروست بکا و هەریەک لە هاوواڵتیان، کۆمپانیاکان، ڕێکخراو و دامەزراوەکان لە حکوومەت نێزیک بکاتەوە و پێوەندییەکی تەندروست لەگەڵ ڕەهەف بکا. بۆ هێنانە ئارای داتایەکی ڕوون و جێگەی متمانەی گشتی، پێویستە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان بکرێت.

٤- بەمەبەستی گەیشتن بەئاستێکی ستاندەرد لە داتا و زانیاری، پێویستە پێناسەی گشتی بۆ هەموو زانیاری و داتاکان بکرێ و بەپێی پلان ڕێک بخرێن.

لێرەدا ئاماژە بە ٧ پڕۆژەی ستراتیجی دەکەین کە لە سەرخستنی حکوومەتێکی ئەلیکترۆنیدا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە و دواجار پێوەندییەکی ئەلیکترۆنی لە نێوان حکوومەتەکانی هەرێم و ناوەنددا دێتە ئاراوە و ئامارەکان بەپێی بەرنامە و پلانی پێشەکی دێنە دابەشکردن. پێڕۆکردنی پلانێک لەسەر بنەمای ئەو ٧ پڕۆژانە لەلایەن یەکەتیی "فلێمیش Flemisch" تایبەت بەلێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی دامەزراندنی حکوومەتی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی فلاندەر لە فینلەندا پەسند کراون و پێوەندیی نێوان شارەکان و کۆمەڵەکان دەخاتە ڕوو، ئێستە لەلایەن بەرپرسانی ئەو هەرێمە بەشێکە لە سیاسەتی حکوومەتی ئەلیکترۆنی و کاری پێ دەکرێ کە بریتین لە:

١- دابینکردنی نامیلکەیەک لە ڕێنوێنیی تایبەت بەچۆنیەتیی پێوەندییەکانی ناوەخۆی حکوومەت و داوودەزگاکانی تری وڵات.

لەو بەشەدا پێویستە خزمەتگوزاری و بەرهەمەکان بەسەرجەم ئاست و جۆرەکانیانەوە بخرێنە

ناو نامیلکەیەک لە شێوەی نووسراوێکی رێنوێنیکار و هەر خزمەتگوزارییەک و بەرهەمێکی ولّات ژمارەی تایبەت بەخۆی هەبێ و زنجیرەی بەرهەمەکان تێکەڵ نەکرێن. پێویستە ئەو بڵاڤۆکە لە رێگەی نووسینگە و شوێنەکانی حکوومەتییەوە بگاتە دەستی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بۆ نموونە لە رێگەی مالّپەر و پێگەکانی ئینتەرنێتییەوە. هەروەها بەپالّپشتیی داوودەزگاکانی حکوومەتی و ئامادەکردنی بەشێوەیەک بگاتەوە دەستی هەموو هاووڵاتیان و بۆ ئەو مەبەستە سوود لە شوێنە گشتییەکان وەربگیرێ. هاوکات پێویستە خوێندنەوە و تێگەیشتنی خوێنەر لەو نووسراوەیە ئاسان بێ و سەرجەم هاووڵاتیان بتوانن بەسانایی لەو نامیلکەیە تێ بگەن کە مەبەست تەنیا پێدانی زانیاری لەسەر خزمەتگوزاری و کالّاکانە.

٢- ناوەندێکی شیاوی یاساییی سەر بەحکوومەتی ناوەندی

ئەرکی ئەو ناوەندە پالّپشتیکردنە لە پێشکەوتنەکانی ئەو زنجیرە پرۆژە و بیرۆکانەی بەمەبەستی پەرەپێدانی حکوومەتی ئەلیکترۆنی دێنە پێشکێشکردن. هەروەها پێویستە هاوکاریی حکوومەتە هەرێمییەکان بکا لەوەی ئاگەداری ئەرکی خۆیان لە چوارچێوەی حکوومەتێکی ئەلیکترۆنی لە ناوەنددا بن و ئامرازەکانی سەرخستنی ئەو پرسەیان بخرێتە بەردەست، بۆ ئەوەی تەنانەت بەرپرسانی هەرێم بزانن چۆن دەتوانن حکوومەتێکی ئەلیکترۆنی بەڕێوە ببەن.

٣- هاوبەشکردنی ئەو زانیارییانەی جێگەی متمانەن

ئەزموونەکانی پێشووتر بۆ حکوومەتی ئەلیکترۆنی، بەتایبەت لە بەلجیکا و ناوچەکانی فینلەندا جەخت لەسەر گرینگیی یەک پێوەر و پرەنسیپی نەگۆر دەکەنەوە، واتە پێویستە سەرجەم هاووڵاتیان، کۆمپانیا و رێکخراوەکان لە یەک سەرچاوەی حکوومەتی وەربگرن و ئەو داتا و زانیارییانە بەردەوام لەلایەن حکوومەتەکەوە سوودی لێ وەربگیرێ بۆ ئەوەی متمانەی بەکارهێنانی گشتییی وەربگرێ. بەشێوەیەک کە دەسەڵاتداران بڕیار بدەن زانیارییەکانی جێگەی دڵنیاییی جەماوەر و حکوومەت وەک سەرچاوەیەک سوودیان لێ وەربگیرێ.

بۆ ئەوەی لەو بەشەدا حکوومەتە هەرێمییەکان بتوانن هاوکاریی پێویست پێشکێش بکەن و کارا بن، پێویستە ئەو مافەیان هەبێ لەبارەی هەندێک لە تایبەت بە خۆیان پرسیان پێ بکرێ راوێژیان لەگەڵدا بکرێ.

٤- دامەزراندنی سەکۆیەک بۆ هاوبەشکردنی داتاکان

ئەو سیاسەتە لە فینلەندا پێڕەو کراوە، بەهۆیەوە سەرجەم زانیارییەکانی بەردەست لە نێوان داوودەزگاکانی سەر بەحکوومەتدا خراوەتە خانەیەکی هاوبەشی بۆ ئەوەی بەیەکەوە سوودی لێ وەربگرن. بۆ ئەو مەبەستە حکوومەتە هەرێمییەکەش مافی دانان و هەڵگرتنەوەی زانیارییەکانی پێ دراوە. بوونی سەکۆیەک بۆ ئەوەی تێیدا ورده زانیارییەکان بخرێنە سەر یەکتری و دواتر

سوودگەیێن بکرێن، ئەو متمانەیە بەحکوومەتەکانی هەرێمی دەدا و دڵنیایان دەکا لەوەی سەرجەم زانیارییەکان بەشێوەیەکی ڕەسمی ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێ و ئەوانیش دەتوانن لەو مامەڵەی پێدان و وەرگرتنەوەی زانیاریدا بەشداربن و ڕۆڵ بگێڕن.

٥- دانانی سەکۆیەکی جۆری بۆ پۆلینکردن، ڕاستاندن و بەیاساییکردنی زانیارییەکان IAM

پێویستە سەرجەم هاوواڵتییان، کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بتوانن بەشێوەیەکی یاسایی دەستیان بەسەرجەم خزمەتگوزارییەکانی حکوومەتی ئەلیکرۆنی بگا و مافی ئەوەیان لەو زانیارییانە سوودمەند بن کە پێویستییانە ، بەڵام پێویستە لەو کارەدا ڕەچاوی لایەنی یاسایی بکرێ. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، پێویستیمان بەسەکۆی پۆلینکردنی زانیارییەکان هەیە کە بەپێی ئەزموونەکان سوودێکی بەرچاوی لە کاراترکردنی پرسەکەدا هەیە و لایەنەکان باشتر دەستیان بەزانیارییەکان ڕادەگا. دەکرێ حکوومەتە هەرێمییەکە دەستی بەسەرجەم ئەو زانیارییانە بگا کە پێویستییەتی و حکوومەتی ناوەندی بەهەموو شێوەیەک پاڵپشتی لە گەیشتنی زانیاری بەحکوومەتە هەرێمی و لۆکاڵییەکان بکا.

٦- دیاریکردنی هەندێک پێوەر و بنەمای بۆ ئاڵوگۆڕی داتا و زانیارییەکان

سەرجەم حکوومەتە ئەلیکترۆنییەکان پێویستییان بەپەرەپێدان و دنەدانی ئەو بەشە لە زانیارییەکانیان هەیە کە لەگەڵ لایەنەکانی تردا دستوویانەتە خانەی هاوبەش و بەیەکەوە سوودی لێ وەردەگرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا پێویستە ڕەچاوی هەندێک بنەما و پێڕۆ بکرێ لەوەی چۆن دەکرێ زانیارییەکان چەندان جار سوودیان لێ وەربگیرێ و ئاخۆ ئاژانس و لایەنەکان چۆن دەتوانن دەستیان بەو بانکەی زانیارییەکان بگا و مەرجەکان کامانەن.

هەوڵدەدەی کێبڕکێ

٧- پێشکێشکردنی پرۆژە لەلایەن حکوومەتە هەرێمییەکان بەمەبەستی ئاسانکاریکردن لە پێدانی زانیاری و هاوبەشکردنی زانیاری و داتاکان لەگەڵ حکوومەتەکانی تردا

لە حەتەوم و دوا پرۆژەی ستراتیجیدا کە پشتڕاستە بە ٤ بنەمای سەرەکیی تر و پێشتر باسیان کرا، پێویستە حکوومەتە هەرێمییەکان لە پێدانی زانیارییەکانی خۆیان بەحکوومەتی ناوەند هاوکار بن، هەروەها حکوومەتی ناوەند بەمەبەستی سەرخستنی پرۆژەی گشتگیر بۆ دەستەبەرکردنی حکوومەتێکی ئەلیکترۆنی وەلامی پێشنیاز و بۆچوونەکانی هەرێمە جیاجیاکان بدەنەوە و بەگوێرەی توانا هاوکاریان بکەن، دواتر زانیارییەکانیان لێ وەربگرن تا حکوومەتێکی ئەلیکترۆنیی بەربلاو بێتە بەرهەم.(١)

سوودەکانی پێڕەوکردنی حکوومەتی ئەلیکترۆنی چین؟

بەکارخستنی ئەو شێوە لە حکوومەت و جێبەجێکردنی وەک ستراتیجیی سەرەکی لە راییکردنی کاروبارەکانی حکوومەتدا چەند سوودێکی بەرچاوی هەیە کە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان و ئاگەداریی گشتیی لە خزمەتگوزارییەکانی حکوومەتی لێ دەکەوێتەوە، نموونەی ئەو سیستەمە بەحکوومەتی کینیا لە ئەفریقیاوە دیارە، بەڵام قازانج و تەنانەت مەبەستەکانی حکوومەتی ئەلیکترۆنی بەگشتیی بریتین لە:

١- هاوواڵتییان بەئاسانی و هەرزانتر دەستیان بەخزمەتگوزارییە گشتییەکان رادەگا.

٢- ئەرکەکانی حکوومەت بۆ کەمترین ئاستی خۆی کەم دەکرێتەوە.

٣- ئاستی پێوەندی و هاوکاریی نێوان یەکەکانی حکوومەتی و پێکهاتە ڕەسمییەکان لەگەڵ کەرتی بازرگانی و پیشەسازیدا بەرز دەبێتەوە.

٤- بەڕێوەبردنی باشتری کاری ڕەسمیی داوودەزگاکانی حکوومەتی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا.

٥- بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ئاژانس و ڕێکخراوەکانی سەر بەحکوومەت.

٦- کۆمپانیاکان، هاوواڵتییان و سەرجەم پێکهاتە جۆراوجۆرەکان دەتوانن سوود لە زانیارییەکان وەربگرن و گۆڕینەوەی زانیارییەکان لە نێوانیاندا بێتە ئاراوە.

٧- پەرە بەڕووبەری یاساییی کاروبارەکان دەدرێ و دەسەڵاتی یاساییی پرسەکان زیاتر دەکا.

٨- جۆریی ژیان و باری گوزەران بۆ ئەو بەشە لە کۆمەڵە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەبارتر دەبێ و بەرز دەبێتەوە.

٩- گەرموگوڕیی زیاتر بەچالاکیی جەماوەری دەدا و هاوواڵتییان بەرفرەوانتر بەشداریی

هەوڵنامەی کێبڕکێ

پرسگەلەکان دەبن.[٢]

حکوومەتی ئەلیکترۆنی کە جۆرێک لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حکوومەتە لەسەر بنەمای تەکنەلۆجیایە کە تێیدا بەتایبەت کۆمپیوتەر و ئامرازەکانی تری گەشەپێدانی وەک ئینتەرنێت و تەلەفۆنیۆن و مۆبایل دەخرێنە خزمەت هاوچەرخکردن و مۆدرنیتەکردنی حکوومەت تا بتوانێ خزمەتگوزارییەکانی هەریەک لە حکوومەتی ناوەندی و دەسەلاتە هەرێمییەکان بەرز بکاتەوە. بەپێی هەندێک ئەزموونی ئەو جۆرە لە حکوومەت بۆ هەرێمی "نیوکاسڵ"ی بەریتانیا، دەرکەوتووە بەهۆیەوە خزمەتگوزارییەکانی بواری ئاوەدانکردنەوە گەشەی کردووە و خزمەتگوزارییەکانی حکوومەت باشتر دەگاتە دەستی هاوولاتیان. ئەو جۆرە لە دەسەلاتداری کۆمەڵگەش سوودمەند دەکا و بەگشتی بواریکی باشتر بۆ بەکاربردنی زانیارییەکان دەڕەخسێ.[٣]

لایەنە نەرێنییەکانی حکوومەتی ئەلیکترۆنی

تا ئێرە باسی لایەنە باشەکانی حکوومەتی ئەلیکترۆنی کرا و زۆربەی دەرهاویشتە ئەرێنییەکانی خرانە روو کە هەمان بەرزکردنەوەی دۆخی ئێستەی خەڵک و حکوومەتە بۆ بەرزترین ئاست کە دواجار پاشەکەوتنی پارە و کاتی بۆ هەموو لایەک لێ دەکەوێتەوە. جۆرێک دیودەری دێتە ئاراوە کە سەرجەم زانیارییەکانی ناو حکوومەت و کۆمەڵگە بەدەستی هەمووان دەگا. کۆمەڵگەی ئەلیکترۆنی بەرەو جڤاگێکی بەستراوە بەپێوەندییەکانی مۆبایل دەڕوا و هەموو تێکەڵبوون و پێوەندییەکان لەسەر تۆڕی مۆبایل و تەلەفۆن دەبێ، واتە حکوومەتی ئەلیکترۆنی هەموومان بەرەو پێوەندیی ئەلیکترۆنی دەبا. ئەگەر هاوکات دەستت بەتۆڕەکانی پێوەندی نەگا، ئەوە بەشێوەی Off Line بۆت ڕەوانە کراوە و زانیارییەکە چاوەڕێت دەکا.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، حکوومەتی ئەلیکترۆنی لە هێز و پێگەی مرۆڤەکان کەم دەکاتەوە و بەڕێوەچوونی کاروبارەکان زیاتر بەپێی تەکنەلۆجیا دەبێ و دەستی کار کەمتر سوودی لێ وەردەگیرێ.

١- بێکاری، بەرچاوترین لایەنی نەرێنیی ئەو حکوومەتە ئەوەیە سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی گشتیی حکوومەتی لەسەر سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بنیات دەنرێ، بەجۆرێک کە پێویستیی بەچەند کەسێکی سنووردار هەیە بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی بکا و لە ئەنجامدا هەلێکی زۆری کار لەناو دەچێ و ژمارەیەکی زۆر خەڵک بێ کار دەبن.

٢- نەخوێندەواران، سوودوەرگرتن لە حکوومەتی ئەلیکترۆنی بەندە بەتێگەیشتن لە زمانی تەکنەلۆجیا و زۆرجار لەوبارەیەوە بەکاربەر تووشی کێشە دەبێتەوە و تا رادەیەک زیانی پێ دەگا. حکوومەتێکی ئەلیکترۆنی بۆ گەیشتن بەئامانج و مەبەستەکان و پێکانی نیازەکان

پێویستیی بەبوونی هێزی خوێندنەوە و زانینی کۆمپیوتەر لەلایەن بەکاربەرانەوە هەیە، چونکە پێویستە هاوکاریی ئەوانە بکرێ کە توانای خوێندن و نووسینیان نییە، بەتایبەت کە زۆر جار پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و هاوواڵاتییان خوێندەواریەکی باش و پێشکەوتوویان نییە و لێرەدا گرینگیی هەبوونی نووسینگەیەکی تایبەت بەگەیاندنی هاوکاریی ئەو بەشە لە کۆمەڵگە پێویست دەکا.

٣- بواری تەکنیکی، سەرکەوتنی حکوومەتێکی ئەلیکترۆنی پێویستی بەتوانای دەسەڵات لە دابینکردنی هێڵی خێرا و پێشکەوتووی ئینتەرنێت و باشترین جۆری کۆمپیوتەرە. بۆیە لەگەڵ هەر جۆرە ناجێگیرییەکی بواری تۆڕەکانی ئینتەرنێت و جۆری کۆمپیوتەردا ئاڵۆزی دەکەوێتە ناو کاروبارەکانی حکوومەتی ئەلیکترۆنی و لە ئەنجامدا پشێویی بەهەموو لایەن و سەرچاوەکانەوە دیار دەبێ.

٤- تەنانەت زۆرجار لایەنی پاراستنی تەناهیی حکوومەتێکی ئەلیکترۆنی کێشەی تێ دەکەوێ و لە ئەنجامدا هەڕەشە لە هەموو سەرچاوەکانی زانیاریی حکوومەت و وڵاتەکە دەکرێ و پێویستە بایەخی پێ بدرێ. چونکە خەڵک بەگشتی گرینگیی بەلایەنی تەناهیی ئەو زانیارییانە دەدەن کە بەهۆی ماڵپەر یاخۆ پێگەیەکی ئینتەرنێتییەوە پێیان دەگا و تەنانەت دەترسن لەوەی زانیارییەکانی تایبەت بەخۆیان وەک پۆستی ئەلیکترۆنی و ناوونیشانەکانی تری تایبەت کەڵکی خراپی لێ وەربگیرێ کە ئەوە لایەنێکی خراپی هاتنە ئارای حکوومەتی ئەلیکترۆنییە.(٤)

چاوەڕوانیی هاوواڵاتییان لە حکوومەتی ئەلیکترۆنیدا

هاوواڵاتیان حەز دەکەن بزانن خزمەتگوزارییەکانی حکوومەتی ئەلیکترۆنی بۆ ئەوان چییە. بۆ گەیشتن بەوەڵامی ئەو پرسیارە دەکرێ پشت بەلێتوێژینەوەیەکی "پەیمانگەی پێوەندییەکان و سیاسەت" لە ئەمەریکا ببەستین کە هەزار و دوو هاوواڵاتیی ویلایەتی تەکزاسی لەخۆ گرتووە و بەهۆیەوە پرسیارەکانی خەڵک پۆلین کراون.

ئەوان حەزیان دەکرد بزانن قازانجەکانی حکوومەتی ئەلیکترۆنی بۆ سەر باری ژیان و کەرتی خزمەتگوزاریی گشتی چییە. هەروەها ئەوان دەبێ ئاگەدار بن لەوەی داهاتووی ئەو جۆرە حکوومەتە بەرەو کوێ دەڕوا، یاخۆ دابینکردنی ئەو جۆرە لە حکوومەت چەند پارە و بودجەی پێویستە و لایەنی تەناهییەکەی چۆن دێتە پاراستن و ڕۆڵی خەڵک چی دەبێ. لێتوێژینەوەکە ڕۆڵی جۆری کۆمپیوتەر، خێراییی هێڵی ئینتەرنێت، ئاستی داهات، پەروەردە و لایەنی کولتووریی چین و تۆژەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵگە لە خوێندنەوەی حکوومەتی ئەلیکترۆنی بەگرینگ وەردەگرێ. بەشێوەیەکی گشتی ئەو لێتوێژینەوەیە پاڵپشت بەوەڵام و بۆچوونی هاوواڵاتییان ئاماژە

بەچاوەڕوانی و نیازەکانی خەڵک لە حکوومەتێکی ئەلیکترۆنی دەکات کە بڕێتین لە:

' نوێکردنەوەی بەڵگەنامەی هاوواڵتیان بەشێوەی ئەلیکترۆنی بێ ئەوەی پێویست بەئامادەبوونی کەسەکە خۆی بکا.

* تۆمارکردنی دەنگی دەنگدەران لە پرۆسەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی وڵاتدا.

* زانیاری لەبارەی شوێنە گەشتەوەرییەکان و خزمەتگوزاریی گرتنەوەی شوێنێک پێش ئەوەی سەردانی بکەی تا لە کاتی گەیشتندا چاوەڕێ نەکەی. (بۆ نموونە وەرگرتنی پسوولە بۆ چوونە لای پزیشک).

* دەنگدان لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە.

* دەستگەیشتن بەبازاڕەکانی فرۆشتنی کەلوپەل، ئەو ناوەندانەی فرۆشتن کە لەلایەن حکوومەتەوە بەڕەسمی هاتوونەتە ناسین.

* جێبەجێکردنی کاروباری یاسایی بۆ وەرگرتنی بەڵگەی لەدایکبووان، مردووان و هاوسەرکاری.

* زانیاریی ورد لەسەر ئەو شوێنەی هاوواڵتی خۆی تێیدا دەژی.

* وەرگرتنی هەندێک بەڵگەنامەی تایبەت کە بەهەموو کەس نادرێ، بۆ نموونە وەرگرتنی مۆڵەتی ڕاوکردن لە ئەوروپا (مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک).

* دەستگەیشتن بەزانیارییەکانی بواری پزیشکی و پێوەندیی لەگەڵ ناوەندەکانی پاراستنی تەندروستیی نیشتمانی.

هەوڵێکی کێبڕکێ

بەرەنجام

حکوومەتی ئەلیکترۆنی ئاراستەیەکە لەسەر بنەمای گۆڕانکارییە بەردەوامەکان هەنگاو دەنێ و ناوەڕۆکی پێوەندیی کەرتی بازرگانی و خەڵکی ئاساییە لەگەڵ حکوومەتدا. ئامانجی ئەو دیاردەیە ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی پێویستییەکانی خەڵک لە ڕووی زانیاری بێ ئەوەی هیچ جۆرە نیگەرانییەک هەبێ. خزمەتگوزارییەکان بەشێوازی جۆراوجۆر دابەش دەکرێنە سەر هاوواڵتیان و ئەنجامی باشی لێ دەکەوێتەوە. لە ئەنجامی تێکەڵبوونی هاوواڵتیان بەو جۆرە حکوومەتە، متمانەی گرووپ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بەیەکتری زیاتر دەکا و تێگەیشتن لە ویست و داواکارییە جۆراوجۆرەکانی خەڵک ئاسانتر دەبێ، جگە لەوەی هیچ جۆرە هەڵاواردنێک لەو پرۆسەیەدا نییە و هەموو کەس و لایەنەکانی بەبێ جیاوازی دەتوانن سوود لە زانیارییەکان وەربگرن، چونکە لە حکوومەتی ئەلیکترۆنیدا E.Government داتا و زانیاری دۆست و هاوڕێی هەموانە.

مافیا

دەوڵەتی سامان و خوێن

ئەمال عەوێزە

سەربردەی پەیدابوون و دامەزراندنی مافیا، زۆرە لەوانە: لە سەربردەی یەکەمی پەیدابوونەکە دەڵێن پاش داگیرکردنی دووگەی سیسیلیا لەلایەن فرەنسییەکانەوە مافیا پەیدا بووە، بۆ بەرپەرچدانەوەی داگیرکردنەکە، لە مانگی مایی ساڵی ١٢٨٢ خەڵکی ئەو دووگەیە کە هێشتا نەبووبووە بەشێک لە وڵاتی ئیتاڵیا، بەئاشکرا ناڕەزایی و تۆڵەکردنەوە لەناو خەڵکەکە سەرهەڵدەدا و گەشە دەکا. پیاوێک بەناوی (جان بروسیدا) لە پالیرموی پایەتەختی دووگەکە سوێند دەخوا خاکەکەیان لە داگیرکەران پاک بکاتەوە، بۆیەش ئەو لەگەڵ دەستەیەک لە هاوڵاتییانی دووگەکە ڕێکخراوێکی نهێنی بەناوی Morte alla francia Italia anela دادەمەزرێنێ، کە ماناکەی دەبێتە (مردن بۆ فرەنسییەکان هاواری ئیتاڵیایە) یان ماناکەی (ئیتاڵیا هیوای مردن بۆ فرەنسییەکان دەخوازێ)، پیتی یەکەمی وشەکان دەبێتە وشەی مافیا. ئەوەش دەبێتە سومبلی دەستە نهێنییەکە بۆ کارکردن و بەرژەوەندیی کێشە نیشتمانییەکان. ئەگەرچی گومانیش لەو بۆچوونە دەکرا چونکە لەو دەمانە ئیتاڵیای یەکگرتوو هێشتا دانەمەزرابوو، ئەو فرەنساییانەی چووبوونە ناو دووگەکە و پیش ڕزگارکردنی سیسیلیا (عەرەبەکان بە سیسیلیا دەڵێن سەقلیە) لە چالاکیی نەدیار و کتوپڕدا هەموویان لەناوچوون، پیاوەکانی بروسیدا دەست بەسەر دووگەکە دادەگرن. ئەوەیان سەربردەی یەکەمی دامەزراندن و سەرهەڵدانی مافیا بوو.

سەربردەی دووەم: چیرۆکی دووەمی سەرهەڵدانی ئەو بزاڤە لەسەر زاری جوزیف جوبونانویە کە لە کتێبی (پیاوی شەرەف) نووسراوە، ئەو دەڵێت مافیا لەگەڵ سەرهەڵدان و یاخیبوونی خەڵکی سیسیلیا بووە دژ بەداگیرکەرانی فرەنسی کە لە ساڵی ١٢٨٢ کردوویانە، لە هەفتەی ژانەکانی

(*) ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

پێش جەژنی قیامەت، لەو ڕۆژەدا پیاوانی باج وەرگرتن بۆ گرتن و بەدوا داچوونی ئەو کەسانەی باجیان نەداوە، لە بەردەم کڵێساکانی بالیرموی پایتەختدا و پێش نوێژی ئێوارە کە دەوەستن، تا ئەوانەی باجیان نەداوە و خۆیان لە باجەکان دەدزنەوە بگرن. لەو دەمانە کیژە نازدارەکەی سیسیلیا لەگەڵ دایکی بەرەو کڵێسا دەچوو، سەربازێکی فرەنسی پەلاماری دەدا و کیژەکە دەباتە پەنای کڵێساکە و تا لەوێ دەستدرێژیی بکاتە سەر، بۆیە دایکی هاوار دەکا، کیژەکەم کیژەکەم، دەنگی ئەو ژنە سیسیلیاییە ئاگر لە هەناوی پیاوانی دوورگەکە بەردەدا، هاوارەکەی ئەو دەبێتە دروشمێک بۆ سەرهەڵدانەکەیان و سومبلی خاکە داگیرکراوەکەیان، بەوەش یاخیبوون و ناڕەزاییەکان دەگاتە شارەکانی تری سیسیلیا، پیاوانی مافیا ئەو چیرۆکە بۆ بەرپابوونی مافیا بەشکۆدارتر دەزانن.

سەربردەی سێیەمیش: بەبۆنی قاوەیەکی عەرەبییەوەیە، بۆ سەرهەڵدانی مافیا دەگێڕدرێتەوە، دوکتۆر ئوسامە شەعلان لە ئینسکلۆپیدیایە گچکەکەی خۆیدا لەسەر زاری تۆژەرێکی ئەمەریکایی دەڵێت: کەوا وشەی مافیا، لە وشەیەکی عەرەبییەوە هاتووە، (مفیای) واتە نوا یان پەنا، کە موسڵمانەکان لە سەدەی نۆیەمی زاینیدا هێرش دەکەنە سەر دوورگەی سیسیلیا زۆربەی خەڵکەکە لە ترسی موسڵمانەکان ڕادەکەن، خۆیان لە ناوچە شاخاوییەکان حەشار دەدەن، لەوێ کۆمەڵگەیەکی نهێنی لەو خێزان و ئەو هۆزانە دادەمەزرێنن تا بەرگری و دژایەتیی عەرەب و موسڵمانەکان بکەن.

کە فرەنساییەکانیش پەلاماری دوورگەکەش دەدەن، ئەوەیان دووبارە دەبێتەوە، چونکە فرەنسییەکان خەڵکەکە دەبەنە کاری بەزۆرەملێ و زەویی داگیرکراوەکانیان پێ خۆش دەکەن، ئەوانیش لە دەست ئەو کارە دژوارە ڕادەکەن، خۆیان لەناو شاخەکاندا دەشارنەوە تا بێکاری بۆ فرەنسییەکان نەکەن، بەوەش کۆمەڵەی نهێنی دادەمەزرێنن.

هەندێ نووسەر و توێژەری تریش لە چەندان کتێب بۆ سەرەتای پەیدابوونی ئەو دەستە نهێنییانە بۆچوونی تریان هەبوو، کەوا لە ساڵی ١٨٦٠ کە ئیتاڵیا بەسەر چەند ولایەت و هەرێم دابەش کرابوو، لەوانەش دوورگەی سیسیلیا، کە لەلایەن چەند چەتەیەک بەناوی (لاتیفوندی) بەڕێوە دەچوو، کە دەسەڵاتیان لەسەر خەڵکی ڕەشوڕووتی، ناو گوندەکانی شازادە و دەرەبەگەکان چەسپاندبوو، کارەکانی ئەو دەرەبەگانە لەلایەن پیاوانی لاتیفوندییەوە جێبەجێ دەکرا، بەتایبەتی لە هەرێمە خۆرئاواییەکانی دوورگەکە کە لە شارەکانی بالیرمو و ئاجریجانتی و ترابانی تێدا بوو. لەناو شاخەکاندا، لە گوندە لاچەپەکاندا، خەڵکە هەژارەکە لەسەر ئەو بەرزاییانەوە خەریکی بژێویی خۆیان بوون، زۆر بەزەحمەتی زادی ڕۆژانەیان دابین دەکرد، ئینجا شازادە و دەرەبەگەکان، ئەوانەیان دارکاری کردووە و کاری زۆر قورسیان پێ کردوون، لە کێڵگەکانیان بەخۆڕایی کاریان پێ کردوون، خۆشیان لە شارە گەورەکانی ناپۆلی و ڕۆما و بالیرمو خەریکی کەیف و سەفا دەبن، میللەتەکەش لەناو نەخوێندەواری و نەخۆشی و برسییەتی دەتلانەوە، لە ئەنجامی ئەو زۆرداریە و

هاوڵاتیمەی کێشێ

لە ئاکامی زەبروزەنگی زۆردارەکان لەو ناوچە شاخاوییانەدا بنکە و هێلانەی دەستەکانی مافیا لە کوردانی بەجەرگ و چاونەترسەکان دروست دەبێت. ئەو دەستانە باج و سەرانە لە ئاغا و دەرەبەگەکان دەستێنن، کەسیش جورئەت ناکا لە داواکانیان ساردی یان کەمتەرخەمییەک بکا، ئەوانە و لەودەمانە دەستە و چەتەکانی مافیا دادەمەزرێن. لەو ڕۆژانە کەس بۆی نەبوو مەڕومالاتەکانی بلەوەڕێنێ ئەگەر باج و خاوەی نەدابووایە، کەس گەنمەکەی نەدەدرییەوە ئەگەر سەرانە و پارەی نەدابووایە، ئەگەرنا کە بەیانی لە خەو هەڵدەستا، دەیبینی بەرهەم و داهاتەکەی تێکدراوە و ئاژەڵەکانی سەر بڕاوە، ئەگەر هەر باج و پارەی نەدەبووایە ئەو سێیەمین ئاگەدارکردنەوە و گەڤکردنەکە کوشتنی خۆی بوو، چەند پیاوێکی دەمامکدار دەچوونە سەری، بەو تفەنگەی جووتیارەکان ناویان نابوو، گورگینە، چونکە ئەوان بەو تفەنگانە گورگیان کوشتووە ئەگەر پەلاماری مێگەڵەکانیان دابووایە، دەیانکوشت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی تۆمار کراون لە نێوان سالانی ١٩٠٠ هەتا ١٩٢٥ هەزاران لادێیی بوونەتە قوربانیی دەستی ئەو چەتە و ڕێگرانەی دەستەکەی لاتیفوندی، هێدی هێدی کۆمەڵەکە دەستیان درێژ دەبێت، دەگاتە ئاو هەموو تۆژەکانی کۆمەڵگەکە، کە بەزمانی ئیتاڵیایی پێیان دەوت، ئومو، ئەو وشە ئیتاڵیاییەش بەمانای پیاو دێت، ئەوەش نیشانەی جوامێری و پیاوەتیی دەستەکە بووە، چونکە لەو دەمانە لەناو ڕێکخراوەکە تەنیا پیاوان کاریان کردووە.

قسەیەکی تریش هەیە گوایە دەستەواژەی مافیا بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٦٣ و دوو ساڵ دوای دامەزراندنی مەلەکەتی ئیتاڵیا پەیدا بووە، کە تێیدا دوورگەی سیسیلیاش لەژێر بەیداخی یەکەتیی ئیتاڵیادا بووە، کە لەسەر دەست و فەرماندەیی جوزینی گاریبالدیی ڕزگارکەری سیسیلیا و ناپۆلی لە بن دەستی بنەماڵەی بوربۆنی لە ساڵی ١٨٦٠ دەرهێناوە، لەو فەرمانڕەواییەدا کێشەی زۆر لەسەر باج و پەیڕەوکردنی ئاداپەروەری تێدا ڕووی داوە، کە بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی تایبەتمەندی و هەژاریی دانیشتوانە هەژارەکانی نەکردووە. باجەکەی سەرشانی لە دانیشتوانی هەرێمی لومباردیای لە ڕووی ئابوورییەوە کە بە هەرێمە دەوڵەمەند و گەشەدارەکە ناسراوە زۆر بووە. بۆ گەشەکردنی ئابوورییە ساوا و لاوازەکەی ئیتاڵیا حکوومەتی ناوەندیی باجی گومرگی زۆرتریان لەسەر کارە بازرگانییەکانیان داناوە، ئەوانەی لەگەڵ فرەنسییەکان کاری کردووە داناوە، بەوەش ڕەچاوی گوزەرانیی جووتیارەکانی باشووریان نەکردووە، ئەوانەی دانەوێڵەیان بۆ بەرهەمهێنانی مەشرووب و میوە بۆ فرەنسا ناردووە، دیارە کەوا فرەنسییەکانیانیش بەهەمان شێوە کاریان کردووە و باجیان زۆر کردووە و بەوەش باری سەر شانی ئەو جووتیارانەیان قورستر کردووە. لەو دەمانە و لەگەڵ چەوسانەوەی خەڵکەکە، کەسێک بەناوی جوزینی ماتزینی لەسەر یاخیبوونەکەی بەردەوام دەبێت و یەکگرتنەکەی ولاتەکەی پێ باش نابێت، کە لەژێر فەرمانڕەواییی فیکتور ئیمانوئیلی دووەم پاشای سیردینیا کرابوو، بۆیەش لە ساڵی ١٨٧٠ یاخیبوونەکەی لە باليرمو شۆڕشێکی لێ بەرپا دەبێت، پاش ئەوەی لە خەڵکی

دوورگەکە سوپایەکی یەکگرتوو ساز دەکا، بەوەش مافیا دادەمەزرێ و قەوارەیەکی یەکگرتوویی بەخۆیەوە دەبینێ، ماتزینی لەو پلانەدا سوود لە بێکاریی خەڵکەکە و ئازایەتییان وەردەگرێ، هەموویان لەژێر فەرماندەیی خۆی کۆ دەکاتەوە و دروشمێک بۆ خۆی بەناوی (ماتزینی بواری دزیکردن و سووتاندن و ژەهراویکردن دەدا)، لەو دروشمەوە وشەی مافیا وەک گەمەیەکی گچکە لەسەر کەنارەکانی سیسیلیا دروست دەبێت، بەوەش وشەکە و دەستەکە گەورە دەبێت، دەبێتە وشەیەکی تەریبی مردن، زۆرتر شێوە و ئاکاری درەندەیی وەردەگرێ.

مافیای ئیتاڵیایی

لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە وڵاتە یەکگرتووەکان لەژێری ناوی کوزا نوسترا، ڕێکخراوە ئیتاڵیاییەکە دەست دەکات بە چالاکییەکانی و کاری دزی و قاچاخی و سۆزانی و هێنانی مادە بێهۆشکەرەکان، لەگەڵ ئەوانەشدا پارە و سەرانە لە بازرگان و دەوڵەمەندەکان دەستێنێ. لەگەڵ ئەو چیرۆکانەی بۆ سەرهەڵدانی مافیا نووسراون و قسەیان لەسەر کراوە، هەندێک لەوانە هەموو کارەکانی کاول و خاپووربوون دەکەن، دەڵێن ئەو قسانە هەموو سەربردە و ورێنەی کەسانی مەست و سەرخۆشەکانە، کەسانێک بۆ قازانجی خۆیان هەڵیان بەستاون، کە بۆ مەرامی کارە بەدکاری و تاوانەکانیان بەکاریان هێناون، بەوەش قەوارەیەکیان لە جیاتیی پێکهاتەی خێزان و نیشتمان ساز کردووە و کردوویانە بە سێبەر و نوای خۆیان.

مافیا لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا، لە وشەی Mafia وە هاتووە کە لە فەرهەنگی زمانی ئیتاڵیایی بوونی هەیە، ماناکەی ئازایەتی و کەرامەتە. دەڵێن ئەو وشەیەش لە فەرهەنگی زمانی سیسیلیای پەتی بەمانای لووتبەرزی و خۆبەزلزانین هاتووە، توێژەرەکان دەڵێن ریشەی وشەکە لە زاراوەی توسکانی کۆن هاتووە، کە مانای نەداری و هەژاری دەگەیەنێ، دەڵێن بەو کەسانەش دەڵێن ئەوانە سەرمەستانە و شێتانە شەیدای دەسەڵات و کورسی بوون. زانای کۆمەڵناسی جوزینی پیتری لە ساڵی ١٨٨٩ وتوویەتی ئەو وشەیە لە زمانی سیسیلیایی واتەی فیتس و فۆرم جوان و بالاّزراقی و نازی مێینەش دەگەیەنێ، ئەو وشەیەش لە ناوی ئەو کێژە (Mafiuse Dda Mafia) هاتووە کە گەنجانی سیسیلیا باسی لەنجە و نازی ئەویان کردووە، ماناکەشی ئەوەیە ئای کە تۆ جوانیت، نازت زۆرە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا سەرچاوەیەکی ڕوون و دیار بۆ ئەو وشەیەش زۆر باش دیار نییە. بەڵام وشەکە لەو دەمانەوە پەیدا بووە کە فرەنسییەکان بە زوڵم و زۆردارانە حوکمی ئەو دوورگەیان کردووە.

لە ساڵی ١٨٣٨ ئەو وشەیە وەک مانا و دەربڕینێکی تاوانبارانە لەناو ڕاپۆرتە قەزاییەکانی نووسراوە، کە لە دادگەی تراپانی وەک هێمایەک بۆ ناساندنی دەستەیەکی نهێنیی ترسناک و بەدکار ناوی هاتووە، کە ئەوان بۆ مەرامە تایبەتییەکانیان هەموو پێناوێکی کردووە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان. بەڵام دەستەواژەی مافیا وشەیەک بووە نیشانەی ڕێکخستن و دەستەکانی ئەو

هەڤپەیڤا کتێب

بنەماڵە دڕندە چەکدارانە بوون کە شەڕی ئەو کەسانەیان کردووە کە لە بن سێبەری ئەوان ڕای کردووە و گوێڕایەڵی ڕێنوێنیی و داواکانیان نەدەبوون، دیارە کەوا ئەوان مەبەستیان دەزگاکانی دەوڵەت و یاساکانیان بووە، کە لەگەڵ سیستەمی ڕێکخراوە بەدکارانەکان گونجاو نەبوون، یان ئەوانەی لە ڕەفتار و ڕێنوێنیی پیرۆزەکانی کۆمەڵگەوە دوور بوون.

لە ساڵی ١٩٢٢ حوکمە فاشییەکە ناوبانگی بەدکارانەی مافیای بە هەل زانیوە تا یاسای ئاوارتە و توندکار دژ بەسەرکردەی بنەماڵەکان، یان دەستە چەکدارەکان بچەسپێنێت و سزای ماوە درێژیان بۆ ببڕێتەوە، بەوەش توانییان دەست لە کەسانی ئۆپۆزسیونی شەریفیش لەناو دوورگەکە بوەشێنن، بەبیانووی ئەوەی ئەوانە دەستیان لەگەڵ دەستە چەکدارییەکەدا هەیە، بەوەش خەڵکەکە سۆزیان بۆ مافیاکان دەجووڵێتەوە و ئەو یاساییە ناسراوەی دوورگەی سیسیلیا پەیڕەو کرد کە دەڵێت:

(وا باشە دەبێ کێشەی خۆمان لەناو سیسیلیاییەکان بمینێتەوە و کەسانی بێگانە لێمان تێ نەگەن، هەموو ئاژاوەکانی لەناو خێزانەکانەوە دەرنەچێت) چونکە پۆلیسەکە و قازییەکە هەردووکیان کەسانی بێگانەن ئەوانە دوژمنن، هەرچەند پۆلیس کارەکانی خۆشی بەباشی جێبەجێ بکا، هێشتا ئەو کەسێکی بێگانە و نەویستە. هەرچەند لەناو کافتریاکانیش لە بالیرمو خەڵک دەکوژران و تاوان دەکرا، کەس لە شوێنی خۆی نەدەجووڵایەوە و قسەیان بۆ لێکۆڵینەوە نەدەکرد و وەڵامی دروستیان نەدەدایەوە. ئەوش هەتا ئەو ساڵانەی دوایی پەیڕەو دەکرا، لە ساڵی ١٩٩١ لە گوندی قاڤارا لە کردەوەیەکی کۆمەڵکوژیدا ١٥٠ کەس کوژرا، ژمارەی تاوان ئەوەندە زۆر بووە کەم کەس بەمردنی خۆی مردووە، لەو ساڵەدا تەنیا یاوێکی تەمەن هەشتا ساڵی بە زۆری تەمەنەوە مردووە. گوندی برانکاسیو کە دەکەوێتە نزیک پالیرمو دوژمنکاریی نێوان دوو بنەماڵە ماوەی دوازدە ساڵی خایاندووە و لە ئەنجامدا تەنیا حەوت کەسی گەنجی تێدا دەمێنێتەوە و ئەوانی تریان هەموو دەکوژرێن. لەگەڵ ڕووداوی زۆر و کۆمەڵکوژییەکانی مێژووی مافیای ئیتاڵیایی لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا، تاکی ئیتاڵیایی شانازی بەوە دەکا، کەوا کوڕی ئەو دەستەیە و لەو سەردەمە نەژیاوە شەڕەچەقۆیەک بکا کە ڕەمز و چەکی مافیوزی یەکەمی ئەو دەمانەی هەڵنەگرتووە.

***

لەگەڵ ڕۆژگاردا مافیا جۆران چەکیان هەبووە و بەو چەکانە ناسراون، لەوانە تفەنگی لیبورا کە مافیاکانی کوزا نوسترا لە سیسیلیا بەوە دەناسرانەوە، پاشان ئەو چەکە دەبێتە چەکی دەستی ئەندامانی مافیا، کە لە مشار دەچوو، دەستێکی گچکە و پانی هەبوو. کە سەرێکی وەک چەقۆ بەکار هاتووە و بەئاسانی لەناو چاکێت جێگەی بووەتەوە. ئەو چەکە تایبەتییانەی پیاوانی مافیا گەیشتووەتە ئەمەریکا، کە هەموو لایەک ئاماژە بەوە دەدەن، کەوا چەکێکی بەکار بووە بۆ کوشتن و سەربڕین، ئەگەرچی چەکێکی ئاساییی سادەش بووە، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی چەکی سووک و

خێرا مافیاییەکان دەستبەرداری ئەو چەکە بوونە.

لەگەڵ ئەو تفەنگە تایبەتییانەی چەتەکانی مافیا بە ئۆتۆمۆبێلی ڕەش کە سیمایەکی کلاسیکی هەبووە ناسراون، شانازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کەسێکی تاوانباری ناسراوی وەک ڤیل دیریزیوی شیکاگۆیی، کە دەوری هەبووە لە بڵاوبوونەوەی ئەو ئۆتۆمۆبێلە و بەخێرایی دیزاینەکە پەسند بکرێت و لەناو هەموو ویلایەتەکانی ئەمەریکا بڵاو ببێتەوە، ئەو ئۆتۆمۆبێلانە لەگەڵ ئەوەی ڕەنگی ڕەش بووە، لایتەکانی وا ساز کرابوو، شەوانە ڕووناکییەکانی لەلایەن پۆلیسەوە دیار نەبێت، هەروەها ئەو ئۆتۆمۆبێلانە دوگمەیەکی هەبوو، سندووقی تایبەتی چەک و زەخیرەکانی دەکردەوە و دەشاردەوە، لە خێرایيش زۆر بەتین بووە و بەخێراییش دەردەچوو، بەئاسانیش لە بەرچاوان گوم دەبوو، بۆیەش مافیاییەکان زۆر لە سەرکەوتنەکانیان دەگێڕنەوە بۆ ئەو جۆرە ئۆتۆمۆبێلانە. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە پۆلیسی ئەمەریکایی لاساییی ئۆتۆمۆبێلەکانی مافیایان کردووەتەوە و ئەوانەیان بە سەرکەوتوو زانیوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، بۆیەش پیاوانی مافیا بەفێڵەکانی پۆلیس گەیشتوون و شتی تریان دۆزیوەتەوە، کە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم بگونجێن، دەستەکانی مافیای ناو ئیتاڵیا و ئەمەریکا زانیارییەکانیان گواستووتەوە و سوودیان لە پسپۆڕیی یەکتری بینیوە.

بۆیەش مافیای باوک لە ئیتاڵیا سوودی زۆریان لە کیژەکەیان لە ئەمەریکا وەرگرتووە و زاراوە و شێوە و بەرنامەیان وەرگرتووە، لە جیاتیی ڕەشاشەکان دینامێتیان بەکار هێناوە، لە جیاتیی ئەسپسواری ئۆتۆمۆبێلی ئەلفا ڕومیویان بەکار هێناوە.

دە ڕێنوێنییەکە و مافیوزو

بزاڤی مافیا لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا بەزیندوویی ماوەتەوە و بە زەبری چەک و پارە چالاکیی زۆر کاریگەری هەبووە، بەکەڵک وەرگرتن لە شکۆ و قەوارە خورافییەکەی و بەرنامە دێرینەکەی خۆی بەردەوام بووە و منەتی دەوڵەتە زلهێزەکان و سەرکردە گەورەکان و میللەتانی نەزانیوە، سەرەڕای ئەوەی مافیا تاوان و دەستدرێژیی زۆری دەکرد و بەرنامەی دزی و کوشتنی هەبووە، بەڵام پابەند بووە بەپیرۆزییەکانی داوونەریتی کۆنی ئیتاڵیایی، ئەو تایبەتمەندییەی لەناو گوندە شاخاوییەکان هەبووە پەیڕەویان کردووە، ئەوانیش وەک سوپا و هێزە بەدیسپلینەکان، یاسا و بەرنامەیان هەبووە، ئەوەی لەو یاسایانە لای دابێت، یان پێشێڵی یەکێک لە بەندەکانی کردبێت، سزای مردنی بەرکەوتووە، وەک ئەوە بووە خیانەت لە وڵات بکەیت، بۆیەش ئەو ڕێکخراوەیەی کە لە ئیتاڵیا پەیدا بووە و لە ئەمەریکا گەشەی کردووە، بووە بەقەوارەیەکی جیهانی و هەموو بەربەست و سنوورەکانی پەڕاندووە. کەس ناتوانێ سەرسامبوونی خۆی بە فیلمەکان بشارێتەوە کە باسی مافیای تەقلیدیی کردووە، کە هەموو لەسەر بنچینە سەرەکییەکەی خۆی دامەزراوە، کە لە دڵسۆزی و گوێڕایەڵیی کوێرانە خۆی دەبینێتەوە.

دەرهێنەری ئیتاڵیایی فرانسیس فۆرد کۆپۆلا لە سێیەنە سینەماییەکەی بەناوی (باوکە ڕۆحییەکە) بەرجەستە بووبوو، کە ئەکتەر مارلۆن براندو و ئال باتشینو، کە هەردووکیان بەڕەگەزنامە ئیتاڵیایی بوون، ڕۆڵیان لەو فیلمەدا گێڕابوو. لە فیلمەکەدا لێهاتوویی بنەماڵە و ڕەچەڵەکی مافیایان نیشان دابوو، کە چۆن ئەندامەکان، کەسە نزیکەکانی ئەو دەستەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی بڕوادارن ڕەفتار دەکەن، لەو سێ بەشەی فیلمەکەدا زۆر بەوردی بنەماڵەی مافیا چ لەسەر پێوەندییەکانی ناوەخۆ، یان لەسەر خەڵکە نزیکەکانی خۆیان، یان ئەوانەی بەهیچ شێوەیەک بڕوایان بەکارنامەکەیان نەبووە و هیچیان لە بارەیەوە نەزانیوە، کە چۆن ئەندامەکانیان ئەگەر لە سیسیلیاش دوور بن، ئەوا هەڕەمی باوی خۆیان لەدەست نەداوە و ئەگەر لە زەمان و شوێنی تریش ژیابن، ئەوان ڕۆحی پیرۆزی باوکیان بە گەورەیی پاراستووە، کە ئەندامانی بنەماڵەکەیان بە گەورەیی ڕاگرتووە و دەستیان ماچ کردووە، لە پێناوی ئەو پیرۆزییەدا خۆیان بەکوشت دەدەن.

باوکە ڕۆحییەکەیان بەرپرسە لە ناساندنی مافیوزوی نوێی بنەماڵەکە، ئەوان پەیڕەوی ئەوە دەکەن، کەوا باوکە ڕۆحییەکە ناولەپی هەموویان دەسوتێنێ، ئەوەش تەقلیدییەکی کۆنە، ئەو کەسەش لە سەرەتادا ئەو ئەزموونەی لەسەر تاقی دەکەنەوە، ئەگەر کەسەکە هەستیش بەژان بکا، ناکرێ هاوار بکا، گەرماییی ناو دەستی لەسەر خۆڕاگرییەکە ساردی ناکاتەوە، ئەگەر ئەو کەسە لەو تاقیکردنەوەیە دەرچوو، پاش ئەو ئەزموونە خوێنی ئەو لەگەڵ خوێنی باوکە ڕۆحییەکە ئاوێتە دەکەن، بەوەش ئەو دەبێتە ئەندامێکی ئەو بنەماڵەیە، هەتا مردن بەپیرۆزیی لەو بنەماڵە پیرۆزەدا دەمینێتەوە، سوێندیش بۆ بنەماڵەکەش دەخۆا، دڵسۆزی و پەیمان بۆ سەرۆک و یاساکانی دەردەبڕێ، بەردەوام دەبێت بۆ کارکردن تا سەرکەوتن، جا ئەگەر لەسەر هەق بن، یان دەستدرێژییش بکەن.

ماچی مردن

لە مافیاوە زاراوە و چەمکی ڕەمزی باوکی ڕۆحی پەیدا بووە. ئەوەی بەدرێژاییی ژیانی لە بەردەم پێشەواکەیان (کابو) دەبێتە ڕابەر و کەفیلی سەرباز و ئەندامانی خێزانەکەی، پێشەواش یان کابوکەیان دوا بڕیاری هەموو مەسەلەکان لەلای ئەوە، یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان لەلای ئەوەوە دەردەچوو، ئەو پرۆسەیەش بە ماچێک کۆتاییی دەهات، کە کابو، ناو دەمی ئەو کەسەی ماچ دەکرد، کە دوا بڕیایی لەداردانی بۆ دەردەچوو، لەگەڵ بڕیار و ماچەکەش، کابو یەک وشەی لە دەم دەرنەدەچوو.

دیارە کەوا ئال باتشینو لە فیلمە سێ بەشەکەی کە بەناوی باوکە ڕۆحییەکە کردوویەتی، تێیدا باوکە ڕۆحییەکە دەمی فریدوی برای ماچ دەکا، ئەوەش ئاماژەی دوا بڕیاری کوشتنەکەی بووە بەدەستی خۆی. ماچ بۆ ماوەیەکی درێژ سیما و نیشانەی مێژوویی مافیا بووە، ماچکردن، پرۆسەیەکی ئاسایی بووە لە نێوان پیاوەکانی مافیا لە دوورگەی سیسیلیا، پاش ئەوەی چەندان

سەرکردە لەو ڕێکخراوەش هەڵگەڕاونەتەوە، بەڵام ئەو ڕەمزە و ئەو ماچکردنە هەر ماوە، تا ئەو دەمانەی لاکی لوسیانو، لەسەر زۆر لە نەریتە باوەکانی مافیا شۆڕشی کردبوو، ماچی مردنی هەڵگرتبوو، بۆ ڕەواندنەوەی ترس و دڵەڕاوکێیەکان لەناو پیاوەکانیدا ماچکردنەکەی گۆڕیبوو، بەدەستگوشین. واتە ماچی مردن ماوەیەکی زۆر یەکێک بووە لە سیفەتەکانی ئەو بزاڤە و نیشانەی مردن بووە.

بێدەنگی

ئەندامانی مافیا هەموو بەرنامە و کاری ڕۆژانەیان لە دیسپلینی سەربازییەوە نزیک بووە، زۆر تووندکار بوون، بە وردی ڕێنوێنییەکانی وەک خۆی جێبەجێ کردووە و لاملیان نەکردووە، هەمووش بۆ ئەوە بووە تا بە باشی بەرنامە و دۆسیەی بنەماڵەکەیان ڕاپەڕێنن، یەکێک لەو ڕێنوێنییانە بێدەنگییە، کە تێیدا ناکرێ لە ڕووداوی تاوانێک، یان لە درێژەی لێکۆڵینەوەکاندا بەهیچ شێوەیەک نهێنییەکان ئاشکرا بکرێن، یان سەرەداوی ڕووداوەکان باس بکرێ. لەناو هاوواڵتییانی ئیتاڵیایی، سیستەمێک هەیە، کەس لە کاتی زانینی زانیارییەک قسە بۆ پۆلیس ناکا، ئاگەداری دەسەڵاتدارەکان ناکەنەوە، ئەوەی بەچاوی خۆیان دەیبینن، یان ئەوەی دەیبیستن، هەرگیز نایدرکێنن، چونکە ئەوەیان، بەندە بە مان و نەمانی ئەو کەسە و خزم و کەسەکانی، ئەوەی زانیارییەک ئاشکرا بکا کە بە زیانی مافیا بکەوێتەوە، یان هاوکاریی دەسەڵاتداران بکا، بۆ ئەوەش هیچ بیانوویەک قبوول نییە و ناکرێ سازش لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بکرێ، ئەوەی قسەش بکا، دەستی هەبێت لە ئاشکراکردنی هەر شتێکی ئەو ڕێکخراوەیە، یەک سزای لەسەر جێبەجێ دەکرێت، ئەویش کوشتنە.

پاش چەمکی بێدەنگی، مەسەلەی ئابڕوو و شەرەف لەناو پیاوەکانی مافیای سیسیلیا ماوەیەکی زۆر بایەخی پێ دراوە، دەبێ پیاوانی ئەو ڕێکخراوە ڕێزی ژنانی دوورگەکەیان بگرن، ناکرێ بەچاوی سووکەوە سەیریان بکرێت، نیازیان لەگەڵ ژنەکانیان داوێنپیسانە نەبێت، ئەگەر ئەوە لەناو یەکێک لە گرووپەکانیان دەرکەوتبوایە، دیارە کەوا چارەنووسی ئەو ئەندامە کوشتن بووە. کە تۆڕەکانی مافیا گەشەی کردووە و زۆر بووە، کوزا نوسترا کاری سۆزانیی کردووە و چەندان تۆڕی ژنانی سۆزانیی بەڕێوە بردووە، کە تێیدا نەدەکرا کێژی ئیتاڵیایی، مێینەی تەمەن گچکە لەو تۆڕانە بەکاربهێنن، هەروەها تۆڕەکانی مافیا ژنانی ڕەشپێستیان بەکار نەهێناوە و بڕوایان وا بووە، ئەو ژنە زنجیانە بەخێرایی نەخۆشیی ترسناک بڵاو دەکەنەوە.

مافیا کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ بووە

لە سەدەی نۆزدەم، پیاوانی مافیا ڕێکخراوەکەیان گەشە پێ دەدەن، تا دەبێتە کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆیی بەرنامەڕێژ لەسەر بنچینەی تاوان و ڕێزنەگرتنی دەسەڵات و لاساری یاساکانی

دەوڵەت، لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگەکەش ئەو تۆڕانە کار و تاوانەکانیان لە گوندەکانەوە دەپەڕێتەوە ناو شارەکان، بەوەش شەڕ و ناکۆکی لەناو مافیای گوندەکان دەقەومێ، ئەوەش فاکتەرێک بووە تا وەرزێرەکان لە ژیانی کوڵەمەرگی و دەردەسەری بمێننەوە. سەرەتا رێکخراوەکانی مافیا بازرگانیکردنیان بەمادەی بێهۆشکەرەوە قەدەخە کردبوو، یان بڵێین بە حەرامیان دەزانی، بەڵام لە بالیرمو مافیا دەست بەو کارە دەکا، مادەی بێهۆشکەر ڕەوانەی دەرەوەش دەکا، پارەیەکی زۆر لەو کارە قازانج دەکەن، پاشان ئەو بازرگانییە دەبێتە سەرچاوەی یەکەمی پارە و سامان کۆکردنەوەیان لەناو دوورگەی سیسیلیا و دەرەوەش.

ڕۆژانە و هەتا ئێمڕۆش سامان پەیداکردن و بازرگانیکردنی ئەندامانی مافیا لەگەڵ رۆژگاردا گۆڕاوە و ماوەیەک ئیدارەی چەندان کارگە و ڕێستورانتی گەورە و کۆمپانیای تەئمینیان کردووە، ئەوانەش ڕووپۆشی کارەکانی زۆر بە سەرمایەی وەک قومار و بەقاچاخبردنی مەشرووب و سۆزانیکردن و پارە بەقازانج دان و فێڵکردن و هەڵخەڵەتاندن و دزینی ئۆتۆمۆبێل، لەگەڵ ڕفاندن و کوشتن بووە.

کوسکیە

خێزان یان گرووپ ناوکی مافیا بووە، ئەندامەکانی بەپراکتیک بەو خێزانانەوە گرێ دراون، پێوەندییەکانیان لە پێوەندییەکانی خزمایەتی و هاوسەرکارییەوە دەچێت، ئەوانە کاری ڕۆژانەیان ئەوە بووە کە نامە و ڕاسپاردە بۆ دەوڵەمەندەکان ڕەوانە بکەن، تا ژیانیان دابین بکەن، بە چاودێریی پیاوەکانیانەوە ژیانیان بپارێزن، وەک پاسەوانێی تاکەکەسی، دیارە کەوا چارەنووسی ئەو کەسانەش بووە کە پارەیان نەداوە و سەرپێچیی داواکانی چەتەکانی مافیایان کردووە، سزاکەش یان تەقاندنەوە بووە یان ڕفاندن و کوشتن، ئەندامانی مافیای ئیتاڵیاییش زۆر ڕێزی ژنانی خۆیان گرتووە و دەستدرێژییان نەکردووەتە سەریان.

هەیکەلی ڕێکخستنی مافیاش لەسەر شێوەی دەستەیی بووە، بەو دەستە کەسانەیان وتووە، کوسیکە (Cosche)، هەر دەستەیەک لە بیست کەس پێک هاتووە، هەموویان بە ڕێنوێنیی و یاساکانی ئەو ڕێکخراوە پابەند بوونە هەیکەلەکەیان شێوەی هەرەمیی هەبووە، سەرۆک، یان سەرە گەورەکە، ناوی کابو بووە، ئەو حاکمی بەهێزی دەسەڵات و دەستەکەش بووە، لە هەموشیان بەدەسەڵاتتر بووە، بەشی زۆری دەسکەوتەکەش بەر ئەو دەکەوت.

کابو، واتە سەرۆک دەستەکە، دوو ڕاوێژکاری هەبووە، ئەوان ئامۆژگارییە یاساییەکانیان وەرگرتووە، ڕێنوێنییەکانیش لە شێوەی ڕاپۆرت نەبووە، ئەو دوو ڕاوێژکارە ناکۆکییەکانیانی ناو خێزانەکەیان چارەسەر کردووە و ئاگایان لە لایەنی ئابووری و چالاکییەکانیان بووە، ئەو دوو کەسەش ئەندامانی دەستەکە بوون و زۆریش بەناوبانگ نەبوون، بەڵام زۆر بڕوایان پێ کراوە، سەرۆکەکە جێگریشی هەبووە، ئەویش ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکەوە دانراوە، کە پلەی دووەمی لەو

هەواڵنامەی کێبڕکێ

زنجیرەیە هەبووە، ئەو کاپتنی بەرپرسی کاپتنەکانی تری ناو خێزانەکە بووە، ئەگەر سەرۆکیش گیرابووایە، ئەوە جێگرەکەی دەبووە سەرۆک. لە دوای ئەوانە دوو کاپتنەکە بە پلە و پایە ئەژمار دەکران کە زۆرجار لە کورەکانی سەرۆک و لەلایەن کەسە دووەمەکەوە دانراون، بەڵام بەپراکتیک سەرۆک دایدەنان، کاپتنەکە سەرۆکی دەستەیەک بووە، لەناو هەموو خێزانێکی مافیا چوار هەتا شەش دەستە هەبووە، هەریەک لەوانە هەتا دە سەربازی هەبووە، کاپتنەکە خێزانە گچکەکانی بەڕێوە بردووە، بەڵام ئەو بەپێی ڕێنوێنییەکانی سەرۆک کاری کردووە، دەبووایە ئەو بەشێک لە دەسکەوتەکە بداتە سەرۆکەکە.

لە پاش کاپتنەکە، ئەفسەر و سەرباز (مافیوزو) ڕیز دەبن، ئەوانە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بەسەرۆکەوە نەبووە، مەرجیش نەبوو ڕاستەوخۆ لەناو خێزانەکەوە بن، بەڵام دەبوو ئەو کەسانە ئیتاڵیایی یان سیسیلیایی بن، دیارە کەوا سەربازەکان بە کار و ئازایەتیی خۆیان جێگەیان لەو خێزانەدا کردووەتەوە، ئینجا پاشان سەرۆک دایدەمەزراندن. لە دەرەوەی تۆڕەکەش چەند کەسێکی یاریدەر هەیە و ئەوانەش ئەندامی خێزانەکە نین، بەڵام کاری سنووردارییان پێ دەسپێرن، یان کاری پێناوییان پێ دەکەن، تا ئەندامە کاراکان ژیانیان نەکەوێتە مەترسی و ئاشکرا نەبن، ئەو ئەندامانەی ناو خێزانەکە کە سیفەتی ئەندامی خێزانیان نەبوو، مادە بێهۆشکەرەکانیان بۆ دەفرۆشتن. کەسانی کاراکەر لەو ڕێکخراوە و لەناو خێزانەکان، بۆ ئیتاڵییەکان سنووردارە و بەس، کەسانی ڕەگەزی تر ئەگەر کارکەریش بن، پۆستی باڵا و کاری ترسناک وەرناگرن، تەنیا وەک سەربازێک دەمێنێتەوە، سەرکردایەتییش لە پۆستی سەرۆک کابو بەمیراتە و دەبێ کوڕی سەرۆک بێت، پۆستەکەش بەدرێژاییی ژیانە و ناگۆڕدرێ. بنچینەکانی ڕیزبەندی سەرکردایەتی بەشێوەیەکی تۆندکار بەڕێوە دەچێت، پارە و سامانەکەیان بە ڕێژەیەکی دیاری تایبەت مامەڵە و دەستاودەستی پێ دەکرێ، ئەندامانی ئەو خێزانە دەتوانن تەنیا لەگەڵ سەرکردایەتییەکەیان هەڵسوکەوت بکەن، هەموو ڕێنوێنییەکان ڕاستەوخۆ لەوان وەردەگرێ، بەبێ ئەوەی ئەفسەرەکان ڕۆڵیان لەو پێناوەدا هەبێت، سەرکردایەتییەکەش لەگەڵ سەرووی خۆی بەو شێوەیە و ڕیزبەندەکەی سەرکردایەتی و ڕێنوێنییەکان بەو شێوەیە، بە دۆزینەوەی سەرە داوێک سەرکردایەتی نادۆزرێتەوە و تۆڕەکەیان ئاشکرا نابێت.

چالاکی و بەهرەداراییەکان

کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم، دەستەکانی مافیا پەیدا بوون، خێزانەکانی ئەو دەستانە کۆششکار بوون، خەسڵەت و سیمای تایبەت بەخۆیان هەبێت، بە مەرجێک کۆپی هیچ گرووپ و لایەنێک نەبێت، پیاوەکانیان لە پێکداداندا وریا و نیشانشکێن بوون، لە بازدان و دەربازبوون کارامەبوون، بەهرەو چالاکیی وایان هەبوو، بە دەگمەنی دەناسرانەوە، هەموو بڕیارەکان دوا بڕیار و دوا قسەش تەنیا بۆ سەرۆکی خێزانەکە بووە، بەڵام ئەندامانی گرووپەکەش ڕەزامەندییان لەسەر

دەردەبڕی، هەموویان پابەند بوون لە پێناوی پاراستن و ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و بەرزڕاگرتنی کەرامەتی بنەماڵەکە و چوارچێوە و شیرازەکەیان پتەو کردووە و کاریان بەردەوام بووە بۆ کۆکردنەوەی سامان و بەهێزکردنی ڕێکخراوەکە. هەموو خێزان و گرووپێکی ئەو ڕێکخراوەیە حەقی هەبوو، سوپای سەربەخۆی مەیدانیی هەبێت، لەگەڵ هەموو ڕینوێنییە توندکارەکانیش بنەماڵەکە لە هەندێ لایەندا لەگەڵ ئەندامانەکانیان نەرمیشیان نواندووە و بەشداریان لە بەرنامەکانی گۆڕانی کار و چاکسازییەکان کردووە و پرسیان پێ کراوە.

بەپێی پەیڕەوی تایبەتی ئەو ڕێکخراوە، دەکرێ گرووپەکان بچنە ناو خێزان و گرووپی هاوشێوە و بەیەکەوەش بنەماڵەی گەورەتر دامەزرێنن، کەسی بەهێز و دەستڕۆیشتووی ناویان بکەنە سەردارى ئەو خێزانە گەورانە، بەوەش ڕێکخراوەکە لە ڕووی دیسپلین و سامان و ڕێکخستنەوە بەهێزتر و ساماندارتر دەردەکەو. ئەو هەموو خێزانە گچکە و گەورانەش بەرەنجام کەسێکی دیار و گەورە لە سیسیلیا بەرپرسی یەکەمیان دەبێت، هەندێ جاریش وا ڕێک کەوتووە لەو سەرکردایەتییەدا چەند کەسی بەئەزموون، کەسانی وریا لە چالاکی و خاوەن سەربردەی دێرین لەو بوارەدا هاوشانی سەرۆکەکەش کاری کردووە. ژمارەی خێزانەکانی ئەو ڕێکخراوەیەش بە ژمارە و قەوارە چەندان شێوازیان هەبووە، بۆ نموونە لە سەرەتای سەدەی بیستەم بنەماڵەی مافیای لاکی لوسیانو، لە شیکاگۆ ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی پێنجسەد کەس، هەموویان لەگەڵ پێوەندیی خوێن و خزمایەتیش بنەماڵەکان توند و بەردەوام پێژانە بەیەکەوە گرێ دراون.

دە ڕاسپاردەکە

ئەگەرچی پیاوانی مافیا تاوانی زۆریان کردووە و خەڵکێکی زۆریش بوونەتە قوربانیی چالاکییە دڕندەکانیان، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە کەوا ڕێکخراوەکە پابەند بووە بە بەها ئەخلاقی و ئاینییەکان، بەهیچ شێوەیەک غەدریان لە قوربانییەکانیان نەکردووە، هەموو کوشتنەکانی لە پشتەوە و کوشتنە ڕووبەڕووەکانیش پاش دانوستاندن و دیالۆگ بووە، دەڵێن (ویلی موریتی) بەوە دەناسرا کەوا زۆر حەزی لە قسەکردن بووە، لە کاتی دانوستاندنەکانیدا زۆر نەرمونیان بووە، بۆیەش ناویان لەو پیاوە ناوە، بکوژە ڕەحیم و بەخشندەکە. لە بەرامبەردا نەیار و دوژمنانی مافیا سەربازە مافیوزوییەکان بە گوللەی غەدر بەئاسانی کوشتووە، دیارە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کەوا نەیارەکان ترسیان لەو سەربازانە هەبووە و دەیانزانی کەوا کەسایەتیی مافیوزو هەیبەتی هەیە و ناوێرن ڕووبەڕوویان ببنەوە، بۆیەش لە دوورەوە دەیانکوژن، نزیکیان نابن، هەروەها بەوەش دەناسرێنەوە کەوا دەست و دەمانچەیان سواڕە و ئامادەسازییان تا ڕادەیەکی زۆر وریایانە، نیشانەیان ڕاستە و زووش دەست دەکەنەوە، بۆیەش نەیارەکانیان ئامادەن بەغەدریش واتە لە پشتڕاش بیانکوژن، چونکە بواری کوشتنی مافیوزوییەکان ئاسان نەبووە هەموویان سامیان هەبووە. بنەماڵەی مافیاییەکان بۆ پێوەندییەکانی دەرەکییان دوو میتۆدی گرینگیان هەبووە:

لەناو گێژاوی شەڕ و ململانێی موخابەراتی خۆیان دوور ڕادەگرن، بەوەش خۆیان لە شەڕ و دژایەتیی موخابەرات دوور دەکەنەوە، چونکە لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی ئەنجوومەنی بنەماڵەکان یاسایەکیان داڕشتووە، لەوەدا کوشتنی ئەندامی هەر بنەماڵەیەک لەناو ئەو ڕێکخراوەدا ئاسایی بووە، ئەگەر دەستی هەبووبێت لە بەکوشتدانی یەکێک لە سەرکردەکانی بنەماڵەیەکی تر، دیارە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەش پێویستی بەبڕیار و پەسندی ئەنجوومەنی بنەماڵەکانەوە نەبووە، ئەگەر بکوژەکە، کەسێکی دیار و ناسراوی بنەماڵەیەک بووبێت، ئەوا ئەنجوومەن بڕیاری دەدا، پاش کوشتنی؛ هەموو سامانەکانی ئەو کەسە لەسەر ئەندامانی بنەماڵەکانی تر دابەش بکا، ئەگەر کەسەکە پایەداریش بووبێت، ئەوا پاش بڕیاری ئەنجوومەنی بنەماڵەکە پیاوە گەورەکەی ڕێکخراوەکەیان کوشتووە. هەموو ئەندامانی ئەو ڕێکخستنە کە بوونەتە ئەندام، سوێندیان بەئەندامبوونیان خواردووە، لە سوێندەکەش بەڵێن دەدا ئەو ئەندامە نوێیە بەبنچینە سەرەکییەکان پابەند بێت، بەپێچەوانەش ژیانی دەکەوتە مەترسی و بە کوشتن تۆڵەیان لە لادانەکەی دەکردەوە، بنچینەکانی ئەندامبوون و بەڵێنەکانیش ئەوانەن:

* یاسای بێدەنگبوون (ئومبرتا)، نهێنی نەدرکاندن و ئاشکرانەکردنی ڕێکخستنەکانی ئەو ڕێکخراوەیە، ئەگەر بەتوندترین سزا و لێکۆڵینەوەشی لەگەڵدا بکرێ.
* جێبەجێکردنی کوێرانەی ڕێنوێنییەکانی سەرۆکەکەیان.
* ئەگەر هەر ئەندامێکی ئەو خێزانانەی ناو ڕێکخراوەکە، هەڕەشە و غەدری لێ کرا، دەبێ هەموو ئەندامەکان ئامادە بن، تۆڵەی بۆ بکەنەوە.
* هەموو ڕێکخراوەکانی هاوشێوەی مافیای ئیتاڵیایی بە دۆست بزانن، هاوکارییان بکەن، لە کاتی پێویستدا بەهانایانەوە بچن، ڕێزی ژنانی ئیتاڵیایی بگرن.
* بەهیچ شێوەیەک پێوەندییان بەدەسەڵاتی ڕەسمییەوە نەبێت.

کە کەسی وەرگیراو لەو ڕێکخراوە سوێندی تایبەتی خوارد و بووە ئەندام لە یەکێک لەو خێزانانە، خێزانەکە ئامادەیی دەبێت، هەموو پێداویستییە مادییەکانی بۆ دابین بکات، لە کاتی ئەنجامدانی نەبەردییەکی سەرکەوتوو پاداشت دەکرێ، هەروەها ئەو ئەندامە دەبێ لەلایەن ڕێکخراوەکە خانوو و چاودێریی تەواو بۆ خۆی و ماڵ و منداڵەکانی دابین بکا، هەر ئەندامێک کە دووچاری هەر کارەساتێک دەبێت، ئەوا بنەماڵەکە ناچارە کۆمەکی بکات، بەپەلە دەستی کۆمەک و پشتیوانیی بۆ درێژ بکا.

لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٧ پۆلیسی سیسیلیا، لیستی دە ڕێنوێنییەکی ڕێکخراوەکەی دەست کەوتووە، کە لە شوێنی تایبەتی سەرۆکی مافیوزو سلڤاتوری بیکولو دەستیان کەوتبوو، ئەوانەش هەموو ڕێنوێنیی بوونە بۆ بەرژەوەندیی مافیوزو، کە بڕێتی بوون لە:

* هەرگیز خۆت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەهاوڕێیەکانت نیشان مەدە، کۆشش بکە، دیتن و

ناسینەکەت، بەهۆی کەسی دووەمەوە بێت.

* سەیری ژنی هاوڕێیەکانت مەکە.
* ئەو شوێنەی پۆلیسی تێدا بێت، تۆ لەوێ دوور بکەوە لەوانە نزیک مەبە.
* هەموو دەمێک بۆ بەردەم ژوزا نوسترا ئامادە و ساز بە، ئەگەر ژنەکەت لەسەر منداڵبوونیش بوو.
* ڕێزی کات و ژوانەکان بەجوانی بگرن، لە کاتی دیاریکراودا ئامادە بە و دواکەوتن بەهیچ شێوەیەک قبووڵ نییە.
* زۆر ڕێزی هاوسەرەکەت بگرە و بە گەورەیی سەیری بکە.
* لە کاتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەناو بنەماڵەکە ئاراستەتان دەکرێ، کۆشش بکە، ڕاستگۆ بیت، درۆیان لەگەڵدا مەکە.
* پارە و سامان لەگەڵ ئەندامەکانی گرووپەکەت و گرووپەکانی تر شیاوی بایەخ نییە.
* ئەو جۆرە کەسانە لە خۆتان و لە ئەندامانی گرووپەکانتان نزیک مەکەنەوە، خزم و کەسی پیاوانی پۆلیس، خزم و کەسی پیاوانی بەگومان لە بەڵێنەکانمان، کەسانی بەدڕەوشت، کە بڕوایان بە بنەماکانی ئەخلاقی نییە.

دیارە کەوا مافیا بەجێبەجێکردنی ئەو خاڵانەیە خۆی گرتووە و ناوی دەرکردووە، ئەگەرچی خۆیشی زۆری کەسانی بێ تاوانیان ڕشتووە، بەڵام ئەزموون و بەرنامەکەیان نیشانەی شۆکە بۆ مان و خۆڕاگرییان.

لانکەی مافیا

کە ئیتاڵیا بە ولاتی هونەرو سپاگێتی و پیتزا و مونالیزا و ئێتۆمۆبێلی فیراری ناسرابێت، ئەوە هەموو لایەک باش ئەوەش دەزانن کەوا بە ولاتی مافیاش ناسراوە، لە مێژووی تاوانی ڕێکخراودا چوار باڵی سەرەکیی مافیا لە نیمچە دوورگەی ئیتاڵی هەبووە، کە بووبوونە ناوکی دامەرزاندنی مافیای ئیتاڵیایی ئەمەریکایی (ئەودەمانە بەناوی کوزا نوسترا ناسرا بوو)، کە پاشان مافیای چینی بەناوی (تریاد) و مافیای ژاپۆنی بەناوی (باکوزا) و مافیای تورکی بەناوی (باباس) و مافیای ئەلبانی، هەتا چەتەکانی مافیای جامایکی و زۆری تر کە لەسەر نەخشەی مافیای ئیتاڵیاییەوە دامەزراون. هەموو شانازییەکانی پەیدابوونی مافیای ئیتاڵیی دەگەڕێتەوە بۆ چوار گرووپ و بنەماڵە، یەکەمیان لە کورلیونی سیسیلیا بەناوی (La Cosa Nostra) دامەزراوە و ئەو ناوەی هەڵگرتووە و یەکێکە لە ناودارترین دەستەی مافیا لە ئیتاڵیا، مێژوونووسی ناودار مارکۆ مونییر لەساڵی ١٨٦٣ بەناوی (ئەوان دەستەیەکی ڕاوورووتی ڕێکخراو بووە، کە دامەزراوێکی میللیی نهێنی بووە و مەبەستی سەرەکییان نانەوەی ئاژاوە و بەدکاری بووە).

دەستەی دووەمیش نهێنی بووە و ناوی (کامورا) بووە، کە لەناو گرتووخانەکانی ناپۆلی لە

ئیتاڵیا دامەزراون، ئەو گرووپە ناویان (کامورا) بووە، بنکە و چالاکییەکانیان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم لەو شارەدا دامەزراوە. بنەماڵە و دەستەی سێیەمیش رێکخراوێکی نهێنیی بەدکار و زیانگەیێن بووە، ناویان بە (ندرانجینا، یان ئورنوراتا سوسیتا) ناسراوە، کە بە زمانی ئیتاڵیایی مانای کۆمەڵە بەڕێزەکە بووە. ئەوانە لە هەرێمی کالابریای ئیتاڵیایی و لە سەدەی بیستەم دامەزراوە. دەستەی چوارەم و کۆتایی، (ساکرا کورونا ئونیتا) بووە و لە شاری باری ئیتاڵیاییەوە سەری هەڵداوە.

لە ساڵی ١٩٠٠ گرووپەکانی مافیای ئیتاڵیایی لە خۆرئاوای سیسیلیا کۆبوونەتەوە و لەناو خۆیاندا یەکەتیی فیدراڵییان دامەزراندووە و دەسەڵاتیان بەسەر هەموو بەرژەوەندییە ئابووریەکانی هەرێمەکاندا گرتووە، ئەوەش وای کردووە مۆسۆلینی سەرکردەی فاشی لە ئیتاڵیا بەدەستی پۆڵاین و لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا زەبری لێ داون، تا بەیەکجاری لەناویان ببات، بەڵام شکانی سوپا و حکوومەتی ئیتاڵیا لە شەڕەکە، بواری ساز کردبوو مافیا سەرلەنوێ سەر هەڵبداتەوە.

لە پاش چەندان ناکۆکی و ململانێی خوێناوی لە سالەکانی هەشتاکان و نەوەتەکاندا کە لە نێوان دەستەکانی ئەو گرووپانەی مافیا ڕووی داوە، ژمارەیەکی زۆری سەرکردە دیارەکانی مافیا لەناوچوون، بۆیەش دەستەیەکی نوێی پیاوانی مافیا سەریان هەڵداوە و دەسەڵاتیان گرتووتە دەست و فەرمانڕەواییان کردووە و ناویان بە پیاوە یاخە سپییەکان ناسرابوو، ئەوانە تاوان و کارەکانیان لەگەڵ تاوانە تەقلیدییەکان جیاواز بوون، گۆڕانی زۆریان بە بەرنامە و پلانەکانیان کردبوو، بۆیە میدیای ئیتاڵیایی دەستەواژەیەکی نوێیان بەناوی شتە نوێیەکە (Cosa Nuova) داهێناوە، ئەوەش دەستەواژە کۆنەکە (La Cosa Nostra)ی نەهێشتووە، کە زووتر وتوویانە بەوەش ڕێکخراوەکە گۆڕان و نوێکاریی کردووە.

هەتا ئەمڕۆش پۆلیسی ئیتاڵیایی دان بەوەدا دەنێت کەوا، ئەو دەستانە بوونیان ماوە و پشتاوپشت ئەو کارەیان جێ هێشتووە و لەسەر بەرنامەی باپیرانیان دەڕۆن، بۆیەش لە مانگی مایوی ساڵی ٢٠١٠ پۆلیس کەسێک بەناوی میکیلی کیریکای تەمەن ٥٨ ساڵانە دەگرێت، کە سەرکردەیەکی مافیای کامورای بووە لە ناپۆلی، ناوی ئەو لە ڕیزبەندی ژمارە سەد کەسی هەڵاتووی دەستی دادگە و پۆلیس بووە، ئەو لەناو ڤیلایەکی گچکە و لە گەڕەکی فیومشینو لە

هەوڵدانەمەی کتێب

دەرەوەی ڕۆما گیرابوو، کە کاری بازرگانیی ئاساییی بەمادەی بێهۆشکەر دەکرد، پۆلیس باش کۆنترۆڵی ناوچەکە و ماڵەکەیان کردبوو، بۆیە بواری دەربازبوونی نەمابوو، لە ناو ئاپۆرەی پۆلیسەکان ئەو وتبووی دەستتان خۆش کە منتان لەو شوێنە لاچەپە دۆزییەوە و پیرۆزباییی ئەو چالاکییەتان لێ دەکەم. زووتریش و چەند هەفتەیەک بەر لە گرتنی ئەو کەسە، دەسەڵاتدارانی ئیتاڵیایی کەسێکی دیاری ئەو بنەماڵەیەیان گرتبوو، ئەویش ئینتونیوو کریستیڤارو بوو، ئەو تیمساحە درێژەکەی بۆ ترساندنی خەڵکەکە و ساماندارەکانی، بۆ پارە وەرگرتن بەکار هێناوە، کە درێژییەکەی لە یەک مەتر زیاتر بوو، کێشی نزیکەی٤٠ کیلۆگرام دەبوو، کە لەناو باڵکۆنەکەی و لە ماڵەکەی لە شاری ناپۆلی لە خواروو ئیتاڵیا ڕای گرتبوو.

کامورا

کامورا یەکێکە لە ناودارترین و کۆنترین بنەماڵەی مافیا لە ئیتاڵیا، گۆرانبێژی جەزائیری رابی ناودار (لوتگی دوبل کانون) بەگۆرانی و ستایشەکانی پەسنی ئەو بنەماڵەی کردووە. کامورا، واتە پارێزگاریکردن، ئەوان لە شارەوە پەیدا بوون، ئەوەش بەپێچەوانەی بنەماڵەی کوزا نوسترایە کە لە گوندەکانەوە پەیدا بوون، بۆیەش کامورا ڕەگ و ڕیشەی لەناو خەڵکەکە داکوتاوە، بەتایبەتی خەڵکە برسی و هەژارەکان، ئەوانە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم لە ناپۆلی ئیتاڵیاوە پەیدا بوون، قسەی واش هەیە، گوایە ئەو بنەماڵە مافیایە لەو مێزووەش کۆنترن، لەناو ئەو بنەماڵەیەدا ژنان زۆر ڕۆڵی ئەکتیڤیان هەبووە و لەناو هەیکەلەکانیاندا کوشتن و گرتنیان زۆر لە ناودار بوو، بەتایبەتی ژنەکانیشیان گیراون.

پاش ئەوەی دوو ساڵ کامورا دەسەڵاتی مافیا دەگرێتە دەست، نووسەری ئیتاڵیایی ڕوبرتو سڤیانو کتێبێکی لەسەر سەرکردایەتی و ڕۆژانەی گرتووخانەکان نووسیبوو، کە بە ڕەواجترین فرۆشتنی هەبووە، کتێبەکەش وەرگێڕدرابووە سەر چەندان زمان وەک فرەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، نووسەر کتێبەکەی لەسەر شێوازی ڕۆمان بووە و لە ئەورووپا و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناوی دەرکردبوو، خەڵاتی ئەدەبی ئیتاڵیایی ڤیاردجیوی وەرگرتبوو. بەڵام نووسەرەکەی پاش ئەوەی ناوبانگی دەرکردووە، لە جیاتیی سوودوەرگرتن و شانازی خۆی شاردووەتەوە و بەیەکجاری خۆی لە بەرچاوان ون کردووە، بۆیەش وەزارەتی ناوەخۆ ئەرکی چاودێریی سەلامەتیی ئەو نووسەرە دەگرنە ئەستۆ و مااڵ و شوێنی نیشتەجێ لە بەرچاوان دەشارێتەوە، چونکە ئەو ڕێککراوە دەستی دەگەیشتە هەموو شوێنێک. لە ئاماریکی تایبەتی سڤیانوی نووسەر ئاماژە بەوە دەدا، کەوا کامورا لە ناوچە نزیکەکانی ناپۆلی ٣٦٠٠ کەسی کوشتووە، ئەو لە ساڵی ١٩٧٩ لەو ناوچەیە ژیاوە، بۆیە کوڕەکەی لە شاری ناپۆلی وتبووی: تا ئازاریان بدەم، من دەزانم لە کێندەرێیان دەدەم.

لەو کتێبەی سڤیانۆ کە ژێدەرەکەی لە کاری زۆر و گەڕان و پێوەندییە وردەکان و شیکارەکانەوە

بووە، ئەو توانیویەتی کار و چالاکییەکانی سەرکردەی مافیا کامورا بەهەموو وردەکارییەوە بنووسێتەوە، ئاماژەی بەو کارانە داوە کە لە سەردەمی جیهانگیریدا پەیڕەو بوون، وەک مادە بێهۆشکەرەکان، شێوازەکانی وەرگرتن و ستاندنی پارەی بەزۆر، مۆدە و جلوبەرگە سازکراوەکان، کارەکانی بەڕێکردن و بارکردن، بەتایبەتی لەگەڵ چەتە چینییەکان، هەروەها پۆلیتکیش ڕۆڵی لەسەر چالاکییەکانیان هەبووە.

ئیتاڵیا لەناو باوەشی مافیادایە

نووسەری ڕۆژنامەنووس فرانک فیفیانو لە ساڵانی حەفتاکاندا دیمانەیەکی لەگەڵ ژنی یەکێک لە بنەماڵە دەسڕۆیشتووەکانی مافیا لە دوورگەی سیسیلیا کردووە، کە ناوی دایکە (جونز) بووە، ئەو لەو دیمانەیەدا وتبووی، کەوا لەو دوورگەیەدا ١٨٦ بنەماڵەی مافیا هەبووە، لەوانە حەفتا و شەشیان لە (بالیرمو)ی پایەتەختی سیسیلیا و گوندەکانی دەڤەری کاسیلاماری کار و چالاکییەکانیان نواندووە.

ئەو بنەماڵانە لەناو ئەنجوومەنێکی ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان کۆ بوونەتەوە، کە سێ کەس سەرکردایەتیی کردووە، یەکێکیان ناوی (جیتانو بادالمنتی) بوو، کە سەرکردەی مافیاکانی دەڤەری گوندی کاسیلاماری بووە، پێش دامەزراندنی ئەو جڤاتە، ڕێکخراو و گرووپەکانی مافیا پێکهاتەیەکی ناوچەیی بوون، تەنیا لەناو دوورگەکە کاریان کردووە، سەرەتا بەرنامەیان بەگەندەڵکردنی بەرپرسە گچکەکانی دەوڵەت بووە، ئەو دەستانەش دەسکەوتیان کەم و ئاسایی بووە، بەڵام پاش بەکارابوونی ئەو ئەنجوومەنە، تاوانی بە پێستەم لە سیسیلیا کۆنترۆڵی ڕێژەی ٢٠٪ ئابووریی پیشەسازیی ناو ئیتاڵیای کردووە. لە سەرەتای نەوەتەکاندا داخوازی و کارنامەیان گەشە دەکا، چالاکییەکانیان دەپەڕێتەوە ناو هەموو وڵاتانی ئەوروپا و زۆربەی وڵاتانی تری جیهان، بەڵام زۆربەی بنەماڵە ناوارەکانیان لەگەڵ بیرۆکەی ستراتیجییەتی کاری هاوبەش نەبوون، لە ساڵی ١٩٧٨ ساڵانە و بەردەوام لە ئەنجامی ئەو کارانە و گەشەبوونی چالاکییەکانی ئەو دەستانە ٩٠٠ کەسی ئیتاڵیایی دەبنە قوربانیی ململانێ و چاوچنۆکییەکانیان، کە تێیدا زۆر لە بەرپرسان و قازییەکانیش دەبنە قوربانیی ئەو بڕاڤە دەسترەشە.

تۆڕەکانی ناو دەستەکە و بنەماڵەکانی مافیا ئەوەندە زۆر و ئاڵۆز دەبن، کەسیان ئاگای لە کەس نامێنێت، بەئاسانی هێڵەکانیش ناناسرێتەوە، نازانداریێت کامیان بۆ کام لایەن و لە بەرژەوەندیی کام ئاراستە کار دەکەن، لە دوا شەرمەزراییەکان و ساڵێک پێش ئیمرۆ، دوا بڕیار لە کەسێکی هاوپەیمانی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیایی سلفیو برلوسکۆنی بەسزای نۆ ساڵ زیندانیکردن بەتاوانی پێوەندیبوونی لەگەڵ دەستەکانی مافیا درابوو.

چەند ساڵێک پێش ئێستا بەتاوانی بوونی چەند مامەڵەیەکی ناشەرعیی نێوان خۆی و سەرۆکی

یەکێک لە دەستەکانی مافیای ناو دوورگەی سیسیلیا سەرۆک وەزیرانی پێشوو جیولیو ئەندریوتی راپێچی لێپرسینەوە و دادگە کرابوو. لە ساڵی ١٩٩٢ حکوومەتی ئیتاڵیایی هەڵمەتێکی دژوار بەرووی ئەو کەسانەی داوا کراون و نەگیراون دەکات، ڕووبەڕووی لاسارەکان دەبێتەوە لە ئەنجامدا هەڵمەتێکی ڕووبەڕووبونەوەیەکی ترسناک و خوێناویی لێ دەکەوێتەوە و زۆریش لەو تاوانبارە داواکراوانە دەکەنە دەستی دادگە و دەگیرێن، سامانە زۆرەکانیان کە بە دەیان ملیار یۆرۆ مەزندە دەکرا دەستی بەسەردا دەگیرێت و حوکمی کوشندە و تۆندیشیان بەسەریاندا دەچەسپێنن، بۆیە مافیا لەناو خۆیدا و یەکلایەنە ئاگربەست و کەشێکی هێمنانە ڕادەگەیەنێ، بەو پرۆسەیەش مەبەستی بووە ڕای گشتی و خەڵکەکە لە کارە ترسناکەکانی لە بیر بباتەوە و کەمێک ڕوویان جوانتر بکەنەوە، دیارە ئەوەشیان مەسەلەیەکی سیاسی بووە و بەس.

بروفینزانزوی سەرکردەی مافیا بڕیار دەدا کار و بەرنامەکانی بەرەو ئاراستەی بزنسی ئابووری و دارایی گەورە ببات، تا نیشان بدا کەوا ئەوان فاکتەری زیندووی ئابووریی ئیتاڵیایین، ئەوانن کەوا دەتوانن ئابووریە لاوازە سستەکە ببووژێننەوە و بەرهەمدار بن، پاش ئەو بەرنامەیە خۆیان وا نیشان دابوو کەوا ڕێکخراوەکەیان پاوەری سیاسی و کۆمەڵایەتیی سیستەمدارە و دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئابووریی وڵاتەکە بکات و بەرنامەکانی گەشەسەندن بەرەو بواری باشتر و ئەکتیڤتر ببات، تا دەسەڵاتدارەکان ناچار دەبن، بێنە بن سێبەری ئەوان و کۆمەکیان بکەن.

هەوواڵنامەی کێشە

سلفیۆ بیرلسکۆنی، سەرۆک وەرزیرانی ئیتاڵیا

بەڵام بەرەنجام دەرکەوت کەوا سیاسەتی مافیا لەو دەمانەی ئاشتی و ئاگربەستیان ڕاگەیاندبوو، زۆر ترسناکتر بوو لەو کاتانەی شەڕیان دەکرد و دەسەڵاتداران چاودێرییان دەکردن، چونکە دەرکەوت ئەوان باش دەتوانن و توانای ئەوەیان هەیە بخزێنە ناو دەزگاکانی سیاسی و ئابووریی دەوڵەت و بازاڕە ئازادەکە، ئەوان کارامەن لەوەی تۆڕی پتەو لە نێوان پێکهاتەی خەڵکە هەژار و دەسەڵاتدارە گەورەکان ڕایەڵ بکەن، بەوەش بوار ساز دەکەن، فاکتەری سەرەکی بن لە کاریگەری لەسەر دید و هەڵوێستە سیاسییەکان و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەوانیش.

حکوومەتی ئیتاڵیایی لەبەر ڕۆشناییی یاساییە ئاوارتە ناسراوەکە بە یاسای ژمارە ١٠٩، توانی گەورە سەرکردەکانی مافیا ملکەچ بکا دان بەسەرچاوە و چەندی سەرمایەکانیاندا بنێن، دادگەش سەرپشک بکا ئەگەر بزانن سەرچاوە دارایییەکانیان بە شێوەی ناشەرعی پەیدا دەبن، هەموو سامانەکانیان زەفت بکرێت.

لەگەڵ بزاڤی حکوومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بە کارە ناشیرین و ناشەرعییەکانی مافیا، کۆمەڵگەی ئەهلیی ئیتاڵیاییش لەوانە کەوتبووە خۆ، بزاڤێک بەناوی (لیبیرا) کارکەر بوو، بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا و دژایەتیکردنی مافیا و کۆششکار بوون هەموو ئەو زەویوزارانە لە سەرکردایەتیی مافیا وەربگیردرێتەوە کەوا بە زۆر و بە خوێن و بە غەدر دەستیان کەوتبوو، ئەوان پاش ئەوەی نزیکەی یەک ملیۆن ئیمزا بۆ دژایەتیی مافیا کۆ دەکەنەوە، لەگەڵ کۆمەڵە نوێیەکانی هاوکار لە باکور و باشوورەکەی کەوتبوونە کار بۆ دژایەتیکردنی مافیا. ئەوانە بەیەکەوە گەیشتنە مەیدان و توانرا زۆرتر لە هەزار و پێنجسەد دەستە و سەنتەر یەک بگرن تا دادپەروەری و یاسا سەروەر بێت، ئەوان باش لەوە تێ گەیشتبوون بۆ سەرکەوتن لەو بزاڤە و دژایەتیکردنی ڕاووڕووت و چالاکییە نایاساییەکان دەبێت کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵکەکە بەگشتی لەو پرۆسە چاکسازییە و لەو کارە مەیدانییە بەشدار بن و کارەکە هاوکاریی گشتیی دەوێت، ناکرێ ئەو ئەرکە زەحمەتە بەتەنیا بخرێتە سەرشانی پیاوان و دەزگاکانی ئاسایش و بە لاوازی لەو مەیدانە بمێنێتەوە، پاش ئەوەی بزاڤی لیبیرا شوێنی دەستی بەدیار دەکەوێ، چەندان بزاڤی تری وەک (توبیزو) و (ئەمازاتیتسی توتی) هاوشانی لیبیرا کەوتبوونە کارکردن.

***

چاودێرانی ئیتاڵیایی هەست دەکەن کەوا لەو بوارەدا کارکردن و دەسکەوتی سەرکەوتن لە قەڵاچۆکردنی مافیا و چالاکییە دژواریەکان زۆر بەسستی بەڕێوە دەڕوا، ئەگەر سەرکەوتنیش هەبێت ئەوا لاوازە و ئاستی کەمە، بەڵام شەڕەکە بەردەوام بووە، هاوشانی ئەو بەرنامەیەش لە بواری سیاسیش هەڵمەتەکە بەردەوامە و هەڵمەتە ئەمنییەکان دژ بەبااڵەکانی سەربازیی مافیا گەشەی کردووە، دیارە کەوا ئیتاڵیاییەکان هاوکاری و بەرنامەڕێژی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای ویستووە بەتایبەتی لە هەڵمەتە گەورەکەی مانگی فبرایری ساڵی ٢٠٠٨ ئەو هەنگاو و پێشهاتە باشە و زۆریش کاریگەری دەبێت، بەڵام بۆ زەبر وەشاندن لەو ڕێکخراوەیە، دەبێ زەبرەکە

لە بڕبڕەی پشتی مافیا بدرێ، ئەویش پێوەندییە دەرەکییەکان و پێوەندییە نهێنییەکانیەتی، بەتایبەتی ئەو گرێبەستانەی لە ئاستەکانی سیاسی و دارایی و ئابووری و دامەزراوی بەپێی یاساش قەدەخە نەبوون، هەندێک ڕایان وابوو کەوا سیاسەتی چەپڵەلێدان بۆ گرتنی هەر ئەندامێکی ناو گرووپەکانی مافیا و پاش ناڕەزایی و ڕەخنەگرتن لە ئەنجامی ئاشکرابوونی تۆڕ و لایەنی شاراوەی دۆسیەکان، نابێتە مایەی شانازی و دەسکەوت بۆ زەبر وەشاندن لەو ڕێکخراوەیەدا، بگرە دەبێتە هەناسەدانێک بۆ ئەوان تا ببووژێنەوە و چالاکییەکانیان گەشەدارتر بکەن.

کە هەردوو قازی فالکۆنی و بورسیللینو سەرقاڵی دۆزینەوەی تۆڕەکانی مافیا بوون، کاریان دەکرد دۆسیەی یاساییان لەسەر ساز بکەن، بەپێی یاسا تاوانباران بگرن، لەو دەمانە و لە گەرمەی کارکردنی دادگە، هەڵمەتێکی دژواری ڕێکخراو دژیان ساز کرا، هەردوو قازییەکەیان بە تاوانی پشتیوانی و لایەنگیریی سیاسی و خزمەتکردنی ئەجندەی حزبەکان شەرمەزار کردبوو، وتبوویان ئەوانە بەرنامەیان چەپگەرییە و بەوەش تاوانباریان کردبوون، بۆیەش دۆسیەکە دادەخرێ. بەڵام لەلایەن مافیاوە دۆسیەکەیان داناخرێ و هەوڵی کوشتنیان دەدرێت، چونکە ئەوانە و زۆر لە پیاوانی دەزگا سیاسییەکان و ئایینیەکانی لەناو ئەو دۆسیەیەدا قسە و سەربردە و هەڵبەستەی زۆر سەرسام و سەرسوڕهێنەریان لەسەر دەگوترا و ئاشکرا دەبوو، کەوا ئەوانە دەستیان لەو دۆسیانەدا هەبووە، لەوانە برلوسکۆنی و دووسەد نەوەد کەسایەتیی سیاسی و لە هەموو حزبەکان و میدیاکاران و ئەفسەرە پلەدارەکان و پیاوانی دەزگاکانی ئاسایش، کەواتە دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا بوونی هەبووە.

ئەوە و لەلایەکی تریش مودەعی گشتیی ئیتاڵیایی تایبەت بەقەڵاچۆکردنی تاوانەکانی مافیا (پییرو گراسو)ی ناسراو بەڕاوچییەکەی مافیا، زووتر ئاگەداری چالاکی و جموجۆڵەکانی مافیای لەناو جیهانی فوتبۆل کردبوو، ئەوەشی لە دیمانەیەکی میدیایی لەگەڵ ڕۆژنامەی (لاگازیتا دیلو سپۆرت) وتبووی، فوتبۆل کەوتووەتە بەر ئاگر و تیربارانی پیاوانی مافیا، دەسەڵاتداران ئاگەدار دەکاتەوە کەوا ئەو مەسەلەیە و ئەو دۆسیەیە ڕیسکی زۆری لەسەرە و ناکرێ بەچاوی کەمەوە سەیری بکرێت. ئەو وتبووی کەوا ڕێکخراوی مافیا وەرزشییەکانی ئیتاڵیایی لە ساخکردنەوەی پارەی ڕەشی دەسکەوتەکانیان بەکار دەهێنن، ئەو دڵنیاش بوو کەوا سپۆرت خاک و زەوینەیەکی بەپیتە تا جۆران فێڵ و ساختە لەو ولاتە سەربگرێت و بیکەن. ئەو هۆشیاریی دابوو کەوا یانە گەورەکان شوورەکانیان بۆ دەربازبوونی ئەو تۆڕانە پتەوترە و مافیا ناتوانێت بەئاسانی بچێتە ناو ئەو یانانە، بەڵام یانە گچکەکان زۆرتر دەسەڵاتی مافیا بەسەریاندا دەشکێت و بەئاسانی بەرنامە ساختەکانیان تێدا دەکەن، بەڵام لەوەش دڵنیا بوو کەوا یانە گەورەکان چاویان زۆر لەسەرە و دەزگاکانی میدیا و ژوورنالیستان ئاگەدارن و مەترسییان لەسەر کەمترە، بۆیەش داواکار بوو یاسای نوێی تووندکار دابڕێژن بۆ پاراستنی یانە وەرزشییەکان لە چەتەکانی مافیا، چونکە یاسا

کۆنەکان پێویستییان بەهەموارکردن هەیە و بەوەش جێبەجێکردن و چەسپاندنی یاساکان لاریی تێدایە.

لە مانگی یۆلیۆی ساڵی ٢٠٠٩ دادگەی سیسیلیای ئیتاڵیایی پەنجا کەسایەتیی لەناو تۆڕە لۆکالییەکانی مافیا بەسزای گرتن دادگەیی کردبوو، لەوانە سزاکان هەتا بیست ساڵیش زیندانیی تێدا بوو. حکوومەتی ئیتاڵیایی بە شانازییەوە باسی ئەو بڕیارەی دادگەی کردووە، کەوا توانرا ئەو هەموو تاوانبارە سزا بدات، کە زۆریان لە بنەماڵەی (لو بیکولو) بوو، کە تاوانی زۆریان کردووە و پارە و سەرانەی زۆریان لە بزنسمان و بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی ئەو دوورگەیە وەرگرتووە. ئەوەش یەکەم جارە کەوا دەستەیەک لە پیاوانی کار و بازاڕ هاوکاریی پیاوانی پۆلیس و لێکۆڵینەوەکانیان کردووە و ئاسانکارییان لە دۆسیەکان کردووە، لەو کەسەش داوا کراوە قەرەبووی مادی بدەنە قوربانییەکان، ئەوانەی بە سەر و بە ماڵ زیانیان بەدەستی ئەو تۆڕانەوە لێ کەوتووە. لەوانەی لەو هەڵمەتەدا گیراون و دادگەیی کراون کالوجیرو لو بیکولویە، کە کوڕی یەکێک لە پاشا ناودار و گەورەکانی مافیایە لە دوورگەی سیسیلیا، کە زووتر و لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە گیرابوو.

ئەو سەرکەوتنەی پۆلیس و گرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ناو تۆڕەکانی مافیا، مانای ئەوە نییە ئەو تۆڕانە بنبڕ کران، بۆیەش دەسەڵاتدارانی ئیتاڵیایی ڕادەگەیەنن، کەوا زانیاریی تریان لەسەر بوونی پێوەندیی پیاوانی دەزگا ئەمنییەکان بە پیاوانی مافیا لە سیسیلیا دەرکەوتووە و کار لەسەر ئاشکراکردنی ناوەکان دەکرێت، بەتایبەتی ئەوانەی دەستیان لە کوشتنی دوو گەورەپیاوانی دادگە و لێکۆڵینەوەکان کە پێش حەڤدە ساڵ ڕوویان دابوو، هەبووە.

هەوڵدانەوەی چێژ

بەرهەمە تاڵەکە

ئەگەرچی لەو ماوەیەدا مافیا، پارە و سەرانە وەرگرتن و کوشتنی خەڵکی کەم کردووەتەوە، بەڵام لە توێژینەوەیەکی مەیدانیدا دەرکەوتووە کەوا هێشتا مافیا کۆمپانیا ئیتاڵیاییەکان و کەسایەتییە دیارەکانی بزنسمان بە بیانووی سەلامەتی و پاراستنی ڕۆژانەیان پارەیان لێ وەردەگرێت، پارە و قەرزی بەسوودی زۆریان لەسەر دەکاتە ماڵ، سالانە پارەی مافیا لە بازاڕەکانی ئیتاڵیا دەگاتە ١٠٠ ملیار یورو، بەوەش سەرمایە و پارەکەیان لە سەرووی پارەی کۆمپانیای فیاتە کە تایبەتە بەبەرهەمهێنانی ئوتۆمۆبێل لە ئیتاڵیا، یان لە داهاتی مەحەلیی هەموو وڵاتی میسر زۆرترە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (لا ریبولیکا)ی ئیتاڵیایی ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی سەرانە و پارە دەدەنە تۆڕەکانی مافیا دەگاتە سەد و شەست هەزار کۆمپانیا، کە بە چەندان شێوە و بەرنامە پارەیان لێ وەردەگرن، وەک سەرانە، ناچارکردن بۆ پارە پێدان لە کەسانی دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان، لەناوبردنی نەیار و ئۆپۆزسیونی سیاسییەکان بە پارە، بازرگانیکردن بە چەک، بازرگانیکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان، کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان بۆ سەرفکردنی بەرهەمی

کۆمپانیایەکان، ساختەکردن لە پێشبڕکێ و موزایەدەکان. ئەوانە سالانە پێنجسەد یۆرۆ لە بوتیکە گچکەکان و پێنج هەزار یۆرۆش لە کۆمپانیا گەورەکان وەردەگرن، خاوەنکارەکان لەو پارە و سەرانەیەدا دوودڵ نین، زۆریش ترسیان هەیە، چونکە دەزانن مافیا بڕوای تەواوی بەو دەستەواژەیە هەیە کە دەڵێت: مردن کۆتاییی بەرگریکردنەکەیە.

کەسانی سەرمایەدار لە کەرتی تایبەتی کاریان لە توێژینەوەیەک کردووە، تێیدا بۆیان دەرکەوتووە کەوا کەرتی بازرگانی سالانە شەست ملیار یۆرۆ کە دەکاتە نزیکەی شەست ملیۆن دۆلار لە بوارەکانی پاراستن و قەرزدانی گرانبەها و دزین و پارەی خۆپاراستن سەرف دەکەن. لەو توێژینەوەیەدا دیارە کەوا هەشت ملیار یۆرۆ ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو گیرفانی چەتەکانی ڕێکخراوی مافیا، لەوانە سەد و شەست هەزار بوتیک و کۆمپانیای گچکە لە بری گیان پاراستن و ئاگەداربوون دەدەنە ئەو ڕێکخراوەیە، بەوەش دیارە کەوا تاوانی سیستەمکراو بەهەموو شێوەکان و لە ئەنجامی چالاکییەکانیان لە خواروی ئیتاڵیادا بەتایبەتی لە دوورگەی سیسیلیا، ڕێکخراوەکە کۆششکاریشە کەوا چالاکییەکانی بەرەو باکوری ئیتاڵیاش ببات، دیارە کەوا ناچارکردن بۆ سەرانە دان، لە باکوری ولات هەتا لەناو رۆماش دەگاتە نزیکەی ١٠٪ ی چالاکییەکانیان.

مافیا ماوەی سەد و پەنجا ساڵە لە زێدی خۆی ماوەتەوە، بەڵام ئاستی کار و چالاکییەکانیان بەرز و نزمیی بەخۆیەوە دیوە، دیارە کەوا ئەو ڕێکخراوە بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆیەوە هەموو ئاستەنگ و گرفتەکانی تێ پەڕاندووە، لە هەرسێ سیستەمە سیاسییەکەی فەرمانڕەواییی ولاتدا، لیبرالییەکان، فاشییەکان، کۆماریییەکان مافیا بەخۆڕاگری ماوەتەوە، ڕووبان بە هەزار شێوە و ئاکار ڕاگرتووە، وەک قەوارەیەکی یەکگرتووە خۆیان نواندووە، مافیا جیهانییە هاوردە ڕووسییەکە، ئەلبانییەکە، چینییەکە، نایجیرییەکە و هەموو مافیاکان لەناو خاکی ئیتاڵیایی شوێنیان دیارە و بوونیان هەبووە. ئەگەرچی دەسەڵاتداران کۆششیان زۆر کردووە بۆ دژایەتی و لەناوبردنی مافیا، بەڵام مافیا هەر ماوەتەوە، بەڵام بە لاوازی و سستی نەک وەک قەوارەیەکی کاریگەری دژوار، تا ئیمڕۆش ئەو ڕێکخراوەیە لە چەند شوێنێکی ئەو جیهانەدا بوونیان هەیە و کار دەکەن، لەگەڵ نەمانی سنوور و کەمبوونەوەی نێوانی شوێنەکان مافیای ئیتاڵیایی بەرەو زۆر پارچەی ئەو جیهانە پەڕیوەتەوە و کاریان کردووە و بوونیان هەیە.

***

بەشێکە لە وتارێکی ئەمال عەوێزە، کە لە ڕۆژی ١١ و ١٢ و ١٣ی ئۆگستی ٢٠١٠ لە "جریدة کویت"ی، وەک زنجیرە لەسەر مافیا، بڵاو کراوەتەوە.

بەدەزگابوونی ڕۆشنبیری

سەلاح حەسەن پالەوان

یەکێک لە بنەماکانی هەڵسەنگاندنی هەر چالاکییەکی مرۆیی بڕێتییە لە هەڵسەنگانی بنەما و ژێرخانەکانی ئەو چالاکییە و دەستکەوت و بەرهەمەکانی ئەو چالاکییە، لە سیاسەتدا ئەو بنەمایانە خۆیان لە بری ستراتیج و تەکتیکی سیاسییەکان دەبینێتەوە، هەروەها خۆی لە پیادەکردنی پەیڕەو پڕۆگرامەکان دەبینێتەوە، لە ئابووریدا گرفتەکە پێوەستە بە چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی بازاڕ و کالا و خستنەبەر و بەکاربردن و ململانێی نێوان شێوەکانی بازاڕ و گەشەکردنی ئابووریی جیهان... هتد، لە زانست و تەکنەلۆجیادا مامەڵەکردنە پێوەندیی بەڕێی ئەو توانا زانستی و تەکنیکییانە هەیە کە لە بەردەستان، بەڵام لە کۆی گشتیشدا هەر هەموویان پێکەوە کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە لە شێوەی دەستنیشانکردن و دیاریکردنی داهاتوو و توانای کولتووری هەر کۆمەڵگەیەک.

سیستەمی کولتووریی هەر کۆمەڵگەیەک لە پاڵ سیستەمی ئابووری و سیاسەت و زانستدا، ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێ لە گەیاندنی پەیامی چالاکیی کۆمەڵگە و هەروەها گەیاندنی ئەو بەهایانەی کە کولتوورێک لە کۆی سەرجەم چالاکییەکانیدا بەدەستی دێنێ، هەموو گەشەکردنێک لە کۆمەڵگەیەک دەبێ گشتگیر و هەمەلایەن بێت، بەکەمبوونی لایەنێک و سەرکەوتنی لایەنێک توانا و هێزی ئەو کۆمەڵگەیە سەنگی و لاریی تێ دەکەوێ.

لای یۆنانییەکان لە پاڵ گەشەکردنی سیاسی و سەربازی و ئابووریی ئەو سەردەمەیاندا، گەشەکردنی ڕۆشنبیرییش لە ئاستێکی بالادا بوو، کاتێ یۆنانییەکان هێزی سەربازی و چەکخوازیی خۆیان ڕەوانەی ولاتانی دەرەوە دەکرد، هەمان کات شان بەشانی ئەو هەموو تووندوتیژییە سەربازییە توانا کولتووری ڕۆشنبیرییەکانیشیان بەو ولاتانەدا بڵاو دەکردەوە، هەروەها پرسیارە گرانەکانی بیر و فەلسەفەشیان دەگەیاندە بست بەبستی ئەو زەوییانەی کە داگیریان دەکرد. هەروەک ئاشکرایە زۆر لە شانۆکاران و شایەرانی ئەو سەردەمەی یۆنان لەسەر

زەوینە داگیرکراوەکانەوە ڕوویان دەکردە ئەسینای سەنتەری فەلسەفە و بیر. نەک ئەوەش زۆر لەو بیرکەرە و هزرڤانانە شان بەشانی سەرباز و سەرکردەکانیان ڕوویان لەسەر زەوینی داگیرکراو دەکرد و بۆ گەڕان بەدووی فیکر و عەقڵدا.

زۆربەی ئەو سەرکەوتنە ڕۆشنبیریسانەی ئەو کاتەی ئەورووپا، جۆرێک گەشەکردن بوو لە لایەنەکانی تریشەوە، ئەگەر تەماشای شێوەی بنیاتی سیاسی و ڕۆشنبیریی سەردەمی دەوڵەتە ئیسلامییەکان و ڕێنیسانس و شۆڕشی زانستی و... هتد بکەین جۆرێک پێوەندیی لە نێوان گەشەکردنی ڕۆشنبیری لەلایەک و گەشەکردنی بەشەکانی تری چالاکی مرۆیی لەلایەکی ترەوە هەبووە.

کەواتە مەسەلەی سیستەمی ڕۆشنبیری بەشێوەیەک لە شێوەکان پێوەستە بەبوونی بنەمایەکی سیستماتیزمی پتەوی هەموو بوارەکانی تر، ڕاستە چالاکیی ڕۆشنبیری تا ڕادەیەکی زۆر چالاکییەکی تاکەکەسییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چالاکییەکە هەوڵی ئەوە دەدا کە بەسوود وەرگرتن لە بارودۆخەکانی دەوروبەری، ببێتە خاوەن هێز و توانای تەواو.

ئەگەر بیری گەشەکردنی ئابووری و بیناسازی و زەویداریی دەروازەیەک بووبێ بۆ خۆشگوزەرانی و ڕەفاهییەت، ئەوە گەشەکردنی ڕۆشنبیرییش جۆرێکە لەو خۆشگوزەرانییە، زۆربەی دەوڵەمەندو سامانداڕەکان مال و سەراکانیان بەو کارە هونەرییانە دەڕازاندەوە کە سەرچاوەکەی کاری هونەرمەندان و پیشەخوازەکان بوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ساختمان و بنیات و کۆشک و تەلارەکانیان ڕەنگدانەوەی دەستڕەنگینیی هونەرمەندان بوو. هەتا توانای پولداری زیاتر بووایە، بارودۆخی سیاسی سەقامگیرتر دەبوو، ئەوەندە زێدەتر بە ڕووی داهێنان و بیری هونەرمەندان و پیشەخوازەکان دەکرایەوە، تا برەو بەکاری داهێنان بدەن، سەرەڕای ئەوەی کە لە سایەی ئەو خۆشگوزەرانی و ڕەفاهییەتەش ئەو بوارە دەڕەخسا کە عەقڵ و شیعر و مۆسیقاش بچێتە پێشێ و گەشەکردن بەخۆیەوە ببینێ.

وەک ئاشکرایە کە ڕێنیسانسی ئەورووپایی، سەرەتای خۆشگوزەرانیی ئەورووپا بوو، خۆشگوزەرانی لە ئاستەکانی هونەری و زانستی و ئەندازەیی و فیکری ئەگەرچی بۆ چینێکی تایبەتیش بوو، کە لەگەڵ خۆیدا ئەو شەپۆلە گۆڕانکارییە هونەری و فیکری و سیاسییەی خوڵقاند کە هەموومان نموونەکانیان لە بەرچاومانن. هەروەها ئەورووپای پاش شەڕی جیهانیی دووەمیش ئاماژەیەکە بۆ ئەو حاڵەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە.

ئەگەر لەو ڕوانگەیە و لەو بۆچوون و لێکدانەوە تەماشای کۆمەڵگەی کوردەواری بکەین و لێکدانەوەیەکمان بۆ سیستەمی ڕۆشنبیریی ئەم کۆمەڵگەیە هەبێ، وا پێویست دەکا سەرەتا بزانین ئێمە وەک گەشەکردن لە چ ئاستێکداین، وەکو مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەم گەشەکردنە لە چ پلە و پایەیەکدایە، ئاخۆ توانیومانە بەسەر ئەو تەگەرانەدا سەرکەوین کە هەموو کات ڕێگر بووە لە بەردەم شوناسنامە و ناسینەوەی توانا کولتوورییەکانمان.

وەک ئاشکرایە کە کۆمەڵگەی کوردی، کۆمەڵگایەکی تازە گەشەکردووە، لە سەدەی بیستەوە پێی هاویشتووەتە نێو دنیای نوێ و ئاشنا بووە بەسیستەمی نوێی ژیان و لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریییەوە گەشەکردنێکی تا ڕادەیەک سستی بەخۆیەوە بینیوە، لە پاش ژیانێکی دوورو درێژی داگیرکردن و چەوسانەوە و جینۆساید تازە بەتازە هەناسەیەکی هاتووەتە بەر و لە هەوڵی خۆپێگەیاندندایە، هەروەها سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەشی بەدەستی خۆی نەبووە، ئەمەش بۆ خۆی کاریگەرییەکی تری هەبووە بۆ خوڵقاندنی دواکەوتوویەتی لە زۆربەی زۆری بوارەکانی تری ژیان. کۆمەڵی کوردی لەو کۆمەڵگایانەدا هیچ جۆرە ڕێنیسانس و ڕاپەڕینێکی ڕۆشنبیری تێیدا ڕووی نەداوە، سەرەڕای ئەوەش مێژووە ڕۆشنبیرییەکەی مێژوویەکی سستە و لە ڕووی هەندێ لە بوارە ڕۆشنبیرییەکانی وەک فەلسەفە و میتۆلۆجیا و کۆمەڵناسی خاوەنی فەرهەنگێکی زمانەوانی یەهەژارە... کە ئەمەش بۆ خۆی کۆمەڵێ حاڵەتی هەژاری و کەمبوودی لەنێو کۆمەڵگاکەمان و لە نێو هۆش و بیری ڕۆشنبیرانماندا دروست کردووە، لەمەش خراپتر بێ سەرچاوەیی و نەبوونی چاوگەکانی نووسین و بنەماکانی بۆ گەڕانەوە هەژارییەکی بەکتێبخانەوە و سامانی نەتەوەییمان داوە، خاوەنی ئینسکلۆپیدیایەکی تایبەت بە کۆمەڵگاکەمان نین، مێژووشمان بە پەرەوازەیی نووسراوەتەوە، کارەکانمان لەسەر شتە نەنووسراوەکان کردووە، زیاتر پابەندی گێڕانەوە بووین.

هەموو ئەم هۆکارانە وامان لێ دەکەن دیسانەوە ئەم پرسیارەمان لا دروست بێت، ئاخۆ ئێمە خاوەنی سیستەمێکی ڕۆشنبیریی پتەوین؟ یان نەخێر؟، ئاخۆ توانیومانە ئەو خاڵانە دەستنیشان بکەین کە سیستەمی ڕۆشنبیریمانی لە بەردەوامیدا دواخستووە؟ ئاخۆ گرفتی ئێمە لە کەمبوودییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، خۆمان بەو کەمبووبانەوە بەستووەتەوە؟

ئاشکرایە وەک نەتەوە هەردەم لە ململانێدا بووین، لە ململانێی نێوان بوون و نەبوون، ئیرادە و نائیرادەدا، لە سنووری دەرەوە و ناوەوەی ڕووداوەکان بووین، بەشێک بووین لە ڕابردوو و داهاتوو، ئێستامان وەک خاڵێکی سست تەماشا دەکرا و بەگومانەوە دەمانڕوانییە چارەنووسمان. ئەمڕۆش هەر هەمان نەتەوە خاوەنی بڕێکی زۆر شێواز و پەیڕەو و بەرنامەی ڕۆشنبیرییە کە کەم تا زۆر لەگەڵ ئەو گەشەکردنە ناگونجێ کە ئەمڕۆ دنیای ڕۆشنبیری بەخۆیەوە دەیبینێ، خۆسنووردارکردن لەنێو یەک بازنەی خۆڕۆشنبیرکردندا وای لێ کردووین کە زۆربەمان لەیەک بچین، هەموو کلاسیکییەکانمان لەیەک بچن و هەموو سەلەفییان لەیەک و مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزمەکانیشمان ((گەر بەناویش هەبن)) لەیەک بچن. ئەم لەیەکچوونە بەرەنجامی ئەو مێژووەیە کە وای کردووە بەگومانەوە تەماشای شتە ناوازە و لەیەکنەچووەکان بکەین و لە هەموو شێوە ناچوونییەکێک سڵ بکەینەوە، هەروەها کەم تا زۆر دڵنیا نەبین لەوەی ئاخۆ ڕەنگەکان هەموو پێکەوە جوانن، یان تەنیا یەک ڕەنگی، بۆیە ئەوەی زیاتر مەسەلەکانی لای ئێمە ئاڵۆز کردووە نەبوونی ئەو زمانەیە کە دەسەڵات و بۆچوونەکان لە یەکدەنگی دەسەنێتەوە.

هاوڵاتیانی کێشی

بەدەزگابوونی ڕۆشنبیری

بەدرێژاییی مێژووی ڕۆشنبیریمان هەر لە پەیدابوونی یەکەمین لاپەڕەی نووسراوی کوردی تا یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، بەدەزگابوونی ڕۆشنبیری شێوەیەک بووە لە دەرەوەی خانەی ڕۆشنبیر ڕووی داوە، سیاسییەکان دەرەوەی سیاسەت دەیانجووڵێنێ و ئەدیبەکانیش دەرەوەی ئەدەب، لە سەردەمی بەخونچەبوونی بیری گرووپ و گرووپکاریی ئەدەبی و ڕۆشنبیریشدا هەرگاڤ لە دەرەوە هێزێکی لە پشتەوە بووە وای کردووە ئەو هێز و دەزگایە دروست بێت و بێتە بەرهەم، ژمارەیەکی زۆر لەو هەوڵانەشی لە سەردەمە جیاجیاکان بۆ پێکهێنانی دەزگای ڕۆشنبیری دەدران،کەسەکانیسیاسیبوون، ئێمە هەر هەموومان ئەوە دەزانین کە پێکهێنانی دەزگای ڕۆشنبیری بەمەبەستی بەهێزکردنی گەشەپێدان و پتەوکردنی ڕۆشنبیری نەبووە، بگرە شتی تری لە پشتەوە بووە و هەروەها بەزۆری ئەو هێزانەش لە دەرەوەی ڕۆشنبیریی کوردییەوە بوون، گەر بڕوانینە مێژوومان دەبینین هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە تا شەست و حەفتاکانیش بەدەزگابوونی ڕۆشنبیری لە دەرەوەی ڕۆشنبیرانەوە بووە و کاری لەسەر کراوە، زۆربەی دامەزرێنەرانیشی کەسانی نارۆشنبیر بوون.

ئەمە لە ڕووی دامەزراندنەوە، بەڵام کەس بڕێن و بڕوانینە ئەم مەسەلەیە لە ڕووی ئەوەی یەکەمین شێوەی پێوەندیی ئەم دەزگایە چۆن بووە، یێم وایە یەکەمین شێوەی پێوەندیی دەزگایانەی ڕۆشنبیری بڕێتیی بووە لە پێوەندیی نێوان بێژەر و گوێگر، ئەمەش دەکرێ بۆ هەر چالاکییەکی ڕۆشنبیری شێوەیەک دەستنیشان بکرێ: لە شیعردا، شاعیر و جەماوەر، لە حیکایەتدا حیکایەتبێژ و گوێئاگردان، لە گۆرانیدا گۆرانی و شایەر، لە کتێبدا فاڵ و چاپ و...

ئەمانە پرەنسیپی سەرەتاییی دەزگای ڕۆشنبیرین، کە لەگەڵ ئەمانەشدا دانیشتن و شەوچەرە و شایی و ڕا و بۆچوون.. هەبوون و لەو میانەشدا مومارەسەی ئەرکە ڕۆشنبیرییەکان کراوە، ژمارەیەکی زۆر لەو دەزگایانەی کە تایبەتن بەخوێندنەوەی بەسەرهاتەکان لە تەنیا ڕۆشنبیرێک و ژمارەیەکی زۆر نارۆشنبیر پێکهاتوون، واتە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دەیانەوێ بەشێک لەو دەزگایە بن کە سوود یان چێژێکی هونەری یا ئەدەبییان پێ دەدا. ئەم دەزگایانە توانیویانە تا ماوەیەکی دوور و درێژ چێژگەیێن بن و سەردەمانێکی دوو و درێژ لە ڕووبەرێکی فراواندا هێز و توانای مەزنیان داوەتە ڕۆشنبیریی گشتی. پاشان ئەم شێوە دەزگایانە لایەنێکی ڕێکوپێکتریان گرتووەتە خۆ و زیاتر گەشەیان کردووە و لە شێوەیەکی پەراگەندەوە بوون بەدەزگای ڕێکخراو، بەڵام لای ئێمە ((واتە لە مێژووی کوردا)) ئەم شێوە دەزگایانە تەنیا لە ڕووی ئەدەبییەوە بەزۆری بەدی دەکرێ، بەتایبەت شیعر و حیکایەت، یان دەزگای ئاینی لە شێوەی حەلقەی سۆفیگەری و زیکر و تەکیەکاندا، پێش سیاسەت ئەوەی ئێمە و مێژوومان دەسوورانەوەی ئاین بووە.

یەکەمین بەدەزگابوونی ڕۆشنبیری لە چوارچێوەی پێوەندییەکی ڕێکخراوی توندوتۆڵدا

دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی یەکەمین دەزگای سیاسیی ڕێکخراو. واتە بۆ ئەو کاتەی کە میللەت وەک گەلێک بیری لە ئایندە و بوونی خۆی کردەوە، ئەم جۆرە دەزگایانە لە بەراوردکردنی لەگەڵ دەزگاکانی پێشتر واتە ئەوانەی پێش پێکهاتنی سیستەمی سیاسی دامەزرابوون، بڕێک ڕێکخراوتر بوون، پێشتر لە نێو چوارچێوەی پێوەندیی خێزان و خێڵ و هۆز و سنووری جوگرافیدا بوون. بەڵام هەموو کات ئەوە هەبووە کە شێوەی ڕێکخستنەکە خۆبەخۆیی دەستی پێ کردووە، نەک لە ئەنجامی کۆمەڵێ دەسپێکردن و خۆئامادەکردن و نەخشە بۆ دانان. بەدەزگابوونی ڕۆشنبیری ئاکامێک بوو لە ئاکامەکانی بەدەزگابوونی سیاسەت. نەبوونی دەوڵەت و دەزگای دەوڵەتی ڕێگەی خۆش نەکردووە بۆ ئەوەی خاوەنی کۆمەڵێ ڕەهەند و دەزگای ڕۆشنبیری و ڕێچکەی فیکریی تایبەت بەخۆمان بین، ئەگەر باسکردنمان لە ڕۆشنبیری بەمانا فراوانەکەی بێت، واتە وەک بڕێک چالاکیی فیکری و هونەری و ئەدەبی... ئەوا ڕۆشنبیری بەم شێوەیە لای ئێمە بەرجەستە نەبووە، بگرە لای ئێمە دەزگای ئەدەبی و ئایینی دوو دەزگای دەستەبالا بوون و هەردەم بەردەوام ئامادە بوون. لێرەدا دەمەوێ تەنیا لەبارەی دەزگای ئەدەبییەوە بدوێم. واتە ئەو دەزگایەی کە زیاتر گرینگیی بە شیعر و چالاکییە ئەدەبییەکان داوە، ئەگەر ئێمە بەشێوەیەکی زانستی لە وردەکارییەکانی ئەم دەزگایە بکۆڵینەوە وا باشە ئەوەندە وردبینانە تەماشای دواوە نەکەین، بگرە تەنیا بۆ ئەو سەردەمانە بگەڕێینەوە کە کوردێ وەک گەشەکردنی سیاسی گەشەکردنی ئەدەبیی بەخۆیەوە بینیوە.

چۆن بیر لە دەزگای ئەدەبی ڕێکخراو کرایەوە؟

کاتێ عەقڵ لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ پێوەندییە کولتووری و سیاسی و بارودۆخە جوگرافی و سۆسیۆلۆجییەکاندا ئەوەی بەبیردا هات کە دەبێ لەنێو دەزگایەکدا ئاوڕ لە مێژوو بداتەوە، کە دەزگای ڕاستەقینە بێت و ئامانجەکان بپێکێ نەک ئاوڕدانەوەیەک بێت تەنیا بەمەبەستی خەون بینین بەڕابردووەوە. ئەو کاتە بەڕاستی هەلومەرجی دەزگای ڕاستەقینە خۆڵقا، واتە هەلومەرجی پێکهێنانی زەمینەی دروستکردنی دەزگای ڕاستەقینە سەری هەڵدا.

بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە هێشتا ئێمە نەمانزانیوە ئەو دەزگایانە لە کوێن و لە چ سەردەمێک و زەوینەیەکدا دامەزراون و چۆن و بەچ شێوەیەک هاتوونەتە نێو مەیدانی ژیانەوە، چۆن توانیویانە بەسەر ئەو هەموو مێژووانەدا باز بدەن کە ڕێگر بوون لە بەردەم گەشەکردنیان.

ئاخۆ دەرکەوتنی ئەو دەزگایانە تەنیا جوینەوەی شتە کۆنەکان بوو؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەڵێین مەبەستی زیندووکردنەوەی شتە جوانەکانی ڕابردوو بوو، هەڵگرتنی وێنە جوانەکان و کوژاندنەوەی ئەو پەڵانە بوو کە بەر دیدە و بیرکردنەوەی مرۆڤیان گرتبوو، هەروەها گەڕان بوو لەژێر گڵ و سەرچاوەکانی مێژوو بەدووی ئەو ڕۆحانەی کە تروسکایی و گەشبینییان پێ بوو، پاشان گەڕان بەدووی هۆکارەکانی مەرگی بەشە گرینگەکانی ئەدەب و نەشونماکردنی زمان و

هەوڵنامەی کتێب

سستیی داهێنان.

بۆیە بیرکردنەوە لە بەدەزگاکردنی ئەدەب وەکو بەشێک لە مێژوو، گەڕانەوە نەبوو بۆ مێژوو، بگرە هەوڵێک بوو بۆ مومارەسەکردنی ئازادییەکانی نەتەوە، ئازادییەکانی بوون، خۆشەویستیی وڵات، زەوی، ژیان، لەمەش بترازێ، هەوڵێک بوو، بۆ ئەوەی ئەدەب بکرێ بەوڵاتی تایبەت بەهەمووان لە جیاتیی ئەو وڵاتە زەوتکراوە. بیرکردنەوەکە تەنیا دەرگەیەک بوو بەرەو دووبارە پشکنین و گەڕان لەنێو هەزری مرۆڤدا. نامۆبوون و نەبوونی پێوەندی لە نێوان زنجیرە داهێنانەکانی مێژووماں، تووشی شێوەیەک نامۆییی کردبووین، نامۆیی بەرامبەر بەیەکتری، نەناسینەوەی یەکتری، مۆرەکردنی نێوان نەوەکان یەک بەرامبەر ئەوی تر، لەمەش زیاتر تەوسکردن بەو سەرچاوانەی کە بەش بەشی نووسەر و شاعیرانی لەم سەردەمەوە تەسلیم بەو سەردەم دەکرد. بێگومان تێنەگەیشتن لە قوولاییی داهێنانەکانی نێو دنیای ئەدەبیش وای کرد بڕێکی زۆر وردبینانە بێن و پرۆست ئاسا بەدووی زەمەنی ونبوودا بگەڕێن. بڕێکی زۆر زەمەن هەبوون لە مێژووماندا ون بوون، بۆیە زەمەنی ئەدەبی و رۆشنبیری پێویستیان بە چەندان دەزگا هەبوو تا بیاندۆزێتەوە، هەرچەندە ئەو دەزگایانە هەوڵیان دا بیاندۆزنەوە و تا ئەم ساتەش و دەزگاکانی ئێستاش سەرقاڵی گەڕانن بەدووی ئەو دەزگایانە، بەڵام نەیانتوانیوە بیاندۆزنەوە.

کەواتە بیرکردنەوە لەو هۆکارانەی وایان کردووە زمان وەک منداڵێکی ئیفلیج تەنیا بە زمانی شاعیران گاگۆڵکێ بکا، بیرکردنەوەیەکی تەندروست بوو، بیرکردنەوە لەوەی کە شیعر تەنیا سەرچاوە و قورئان و نووسراو و تۆمارکراومانە، بیرکردنەوەیەکی دروست بوو. بەو ڕادەیەی کە سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانیش هەر تەنیا بەزمانی شیعر و لەنێو دێری شیعریدا بەدووی عەقڵی فەلسەفی و ئاینی و زانستی و تەنانەت گرفتە کۆمەڵایەتییەکانیشمان گەڕاون.لەبەرئەوەی شیعر تەنیا سەرچاوە بووە.

دەزگای شیعری لەنێو هەموو دەزگاکانی تردا دەستەبالاتر بوو، هەر ئەمەش نەفەسکورتی و هەژارییەکی لە مێژووی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی تردا دروست کردبوو، هەروەها لەبەر نەبوونی ڕوانگەیەک و چاوئەندازێ لەمەڕ داهاتوو ناچار بوو کە شتێک هەبێ تا بتوانێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە و دەستی هەموان بەرەو ئەودیوی سنوورە تەسکەکان بەرێت و وایان لێ بکا بەشێک بن لە پێوەندیی نێوان ئەمڕۆ و دوێنێ، بەشێک لەو هێزەی کە هەوڵی پڕکردنەوەی توانا و هێزەکانی بیرکردنەوە دەدەن. بۆیە پەیدابوونی بیری دەزگای ئەدەبییش بۆ ئەوە نەبوو تەنیا مینبەرێک بێت بۆ ئەدەب و بەشە ئەدەبییەکان بگرە هەوڵێ بوو بۆ زیاتر ئۆرگانیزەکردنی بەشەکان و دیاریکردنی ئەرکی ڕاستەقینەی هەریەک لەو بەشانە بەشێوەیەکی حەقیقی و دوور لە وەهم و خەیاڵ. بەڵام ئەم بەدەزگابوونە نەیتوانی ڕێگە لە لغاوکردنی عەقڵ و خەیاڵ بگرێ، واتە عەقڵ بەردەوام بوو لە مومارەسەکردنی چالاکییەکانی خۆی. بەدەزگابوونی بەشەکانی کولتوور هەر لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا پێوەندییە ڕۆشنبیرییەکان دەزگایەک بوو زیاتر بواری ڕەخساند بۆ بە

سیستەمکردن.

هەروەک دەزانین زۆربەی ئەو گەلانەی هاوسێ و هاوشێوەی کورد بوون، هەمان شێوەی گەشەکردنیان بەخۆیانەوە بینی، بەڵام لە یەک حاڵەتدا کورد لە هەموویان جیاوازتر بوو، ئەویش ونبوونی شوناسنامەی نەتەوەیی سیاسی بوو، واتە نەبوونی دەزگاکانی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، بۆیە هەر زوو دەزگا رۆشنبیرییەکان هەستیان بەم کەمبوودیە کرد و هەوڵیان دا ئەم بۆشایی و کەموکوڕییە نیشان بدەن، واتە هەوڵیان دا لە شێوەی بەدەزگاکردنی ئەدەبیدا گرفتە نەتەوەییەکان بەزەقی بخەنە ڕوو. هەر بۆیەش ڕووی داهێنان لەنێو تێکستەکان زیاتر بە ڕووی ناوەڕۆکدا شکایەوە تا بە ڕووی جوانکاری و ئیستاتیکیدا. زۆربەی زۆری نووسراوەکان هەوڵدان بوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە پڕ نەکرابوونەوە، پڕکردنەوەی ئەو هەستانەی کە ون بوون.

هەروەک وتمان دەزگا ئەدەبییەکان لای ئێمە لەو دەزگایانە بوون کە زۆر بەرفراوانە هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانیان دا، هەوڵیان دا تەنانەت ئەو کارانەش بکەن کە سیاسییەکان بۆیان نەدەکرا، هەر بۆیە دەبینین زۆر لە شاعیرانمان لە جیاتیی جوانکاریی شیعری و گرینگیدان بەئیستاتیکی و داهێنانی شیعرییبوون بە چارەسەرکەر و ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی، ئەم نموونانەش لای شاعیرانی وەک قانیع و بێکەس و پیرەمێرد... هتد بەدی دەکرێ.

یەکەمین دەزگای ئەدەبیی ڕێکخراو لەسەردەستی پیرەمێرد لە سلێمانی بەئەنجام گەیشت، دەزگایەک کە هەلومەرجەکانی پێکهێنانی دەزگایەکی تێدا بوو، وەک بوونی ڕۆژنامە و چاپخانە و پڕۆژەیەک، پاشان گۆڤاری گەلاوێژ وەک سەرچاوەیەک بۆ پێداچوونەوە و داڕشتنی زمان لە هەوڵێریش پڕۆژەکەی حوسێن حوزنی موکریانی و لە کەرکووکیش هەندێ هەوڵی لەو بابەتە هەبوون، ئەمانە هەر هەموویان هەوڵێک بوون بۆ کۆکردنەوە و ڕاپەڕینێکی ڕۆژنامەوانی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەوڵێک بوون بۆ دووبارە پێداچوونەوە بەمێژوو و کولتوور و توانای نەتەوەیی، پێکهێنانی زمان و هەوڵدان بۆ دووبارە نەخشەدانان بۆ بوونی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو، هەروەها دووبارە هەڵەچنکردنی ئەو هەموو چاپ و بەرهەمانەی کە لە ڕابردوودا هاتبوونە نێو زمانی کوردی. بێگومان ئێمە لێرە باس لەوە ناکەین کە سیستەمی کاریان چۆن بووە، سستی و لاوازییەکانیان چی بوون، ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە ئەمانە سەرەتای بەدەزگاکردنی زانستییانەی ئەدەب بوون. کاتێ یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە دەرچوو، نەبووە دەزگایەکی ڕۆشنبیریی کولتووری، لەبەر چەند هۆیەک لەوانە هۆی جوگرافی و سیاسی و کۆمۆنیکەیشن. هەروەها ئەو ڕۆژنامەیە لە چەندان ڕووەوە بە کۆمەڵگەی کوردەواری نامۆ بوو. بەدەزگابوونی ئەدەبی لە سەردەمی شۆڕشە کوردییەکانیش هەر لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە تا دەگاتە کۆماری مەهاباد و شۆڕشی گوڵان و شۆڕشی ئەمڕۆش، بەدەزگابوونێک بووە کە سیاسەت هێزی مەزنی خۆی تێدا خستووەتە کار، دەق لە ناو کایەی خۆیدا بۆ بەرژەوەندیی زمان و وشە و پێکهاتەی

زمانەوانی کاری نەکردووە، هەروەها ڕەسەنایەتیی زمان و داهێنان ڕۆڵێکی سستیان هەبووە. گەر بمانەوێ داهێنانی تەواو و بەهێز لەنێو ئەو هەموو نووسەر و شاعیرانە بدۆزینەوە کە هەوڵی داهێنانیان داوە، تێبینی دەکەین کە هەردەم لە دەرەوەی سیاسەت و بەدوورەپەرێزی دەق لە سیاسەت و ئایدیۆلۆجیا دەقی ڕەسەن و داهێن هاتووەتە کایەوە، ئەوەندەی داهێنانی شیعری لای نالی و مەحوی بەدی دەکەین لای سالم و کوردی بەدییان ناکەین، ئەوەندە شیعرە ویژدانییەکانی شیخ نووری شێخ سالح داهێنانیان تێدایە، شیعرە نەتەوەیی و سیاسییەکانی تێیدا نین، گۆرانی شاعیر داهێنەرترە لە گۆرانی کۆمۆنیست.... هتد.

پاش گۆڕانکارییە هەمەچەشنەکانی نێو دنیای ڕۆهەڵات و گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە بنیاتە ئابووری و سیاسییەکانی دنیادا، ئەدەب و دەزگا ئەدەبی و کولتوورییەکانیش گۆڕانی مەزنیان بەخۆیانەوە بینی، ئەو گۆڕانانە لەسەر ئاستی : پێکهاتن و دامەزراندن و وابەستەبوون و دەرپەڕین بوون. واتە ئەو دەزگایانەی کە بیریان لە دامەزراندنێکی ئازاد و سەربەخۆ دەکردەوە، ئازاد و سەربەخۆ لە ڕووی هەڵبژاردن و پێکهێنان و بیرکردنەوە، لە دنیای ڕۆئاوادا ئەم شێوە دەزگایانە پاش شۆڕشە مەزنەکانی تەکنەلۆجیادا ڕوویان دا، لای ئێمەش پاش هەر شێوەی گۆڕانکارییەکی جیهانی و لۆکاڵیدا گۆڕانێک لە ڕەوتی ڕۆشنبیریمان ڕووی دەدا، کاتێکیش ئەم ڕووداوانە ڕوویان دەدا، دەزگا ئەدەبی و هونەرییەکانمان زیاتر ڕوویان لە داهێنان کرد، کاتێ کە ڕوانگە وەکو دەزگایەکی شیعری پەیدا بوو، لە پشتەوەی سیاسەت و نەتەوە هەوڵی داهێنانی پێ بوو بۆیە دامەزرا، بەڵام وابەستەبوونی بەهەوڵە رابردووەکان وای لێ کرد تەنیا بتوانێ لە سنووردێکی تایبەتدا بسووڕێتەوە، ڕوانگە هەوڵێک بوو بۆ نوێترین شێوەی دەزگای ئەدەبی، بەڵام دەزگایەک بوو نەیتوانی هەموو بەشەکانی تری ڕۆشنبیریی کوردی بگرێتەوە، لە منداڵدانی ئەو کاتەی دنیای مۆدێرن و گەشەکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، دەزگا ئەدەبییەکانیش هەوڵی نوێبوونەوەیان دەدا، ئەگەر بۆ ئێمە ئەو دەزگایە دەزگایەکی مۆدێرنی ئەدەبی بووبێ، بەڵام بۆ پێویستییەکانی کۆمەڵگا و گرفتە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگا، ڕەهەندێکی کامڵ و گشتگیر نەبوو، هەر لەم بارەیەوە باڵی ئایدیۆلۆجی لە زۆربەی کارە ئەدەبی و فیکرییەکانی ئێمە سنووردارییی دەخستە نێو داهێنانەکانەوە.

دەزگای هاوچەرخ

هاوچەرخییەتیی ئێمەش لەگەڵ ئەو هەموو هاوچەرخییەتییەی کە ئەمڕۆ لە دنیادا ڕوویان داوە، کەم تا زۆر گەشەکردنی بەخۆیەوە بینیوە، مەسەلەی بەدەزگابوونی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و گەشەکردنی کولتووری پێوەندییان بەو گۆڕانکارییە مەزن و گەورانەوە هەیە کە لەسەر ئاستی جیهاندا ڕوویان داوە، هەر لە سەرهەڵدانی زانستی سیبرانی و جیهانییەتی و بەجیهانیبوون، تا فەراهەمبوونی شێوازە هەرە پێشکەوتووەکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن و نووسینی دیجیتاڵی و

بچووکبوونەوەی جیهان لەسەر ئاستی ئاسۆیی و گەورەبوونی لەسەر ئاستی ستوونی و پەیدابوونی شەپۆلەکانی گەیاندن بەشێوەیەکی ناچاوەڕواننەکراو. ئەمڕۆ بیرکردنەوە و روانین لەربارەی باری ڕۆشنبیریمانەوە ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە کە ئاستی ڕۆشنبیری لەو ئاستەدایە کە وردە وردە بەرەو سەرکەوتن دەڕوا، هەروەها هەوڵیش دەدا هەموو ئەو چالاکییانە پێشکێش بکا کە وەرگر پێویستییەتی. دەستنیشانکردنی سیما و باری ڕۆشنبیریی ئەمڕۆمان ئاسانتر لە چاو جاران لەبەرئەوەی ئەمڕۆ هەلومەرجی ئەو کارە لە بەردەستدایە. ئەو هەلومەرجانە دەکرێ لەم خاڵانەدا کۆ بکرێنەوە:

- فرەیی لە بڵاوکراوەکان.
- پۆلینبوونی کارە ڕۆشنبیرییەکان بەپێی تێماکانیان.
- بوونی دەزگای تایبەت بەهەر کارێکی ڕۆشنبیری (دەزگای ئەدەبی، دەزگای هونەری، دەزگای فیکری و فۆلکلۆری و کەلەپوور و وەرگێڕان و سایکۆلۆجیا و سۆسیۆلۆجیا ..... هتد).
- زیادبوونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.
- کۆچ و گۆڕینەوەی زانیاری.
- زیادبوونی کۆبوونەوە و سیمینار و دەزگا زانستییەکان و ئینستیتوی لێکۆڵینەوە و کۆڕەکانی زانیاری و زمانەوانی.
- فرەبوونی زانکۆکان و زیادبوونی پێوەندی لە نێوان بەشە ئەکادیمییەکان و داهێنانە ئیندقیدیۆڵەکان.
- سەرهەڵدانی شێوەکانی تری ڕاگەیاندن، سەرەڕای ڕاگەیاندنی پەڕاوی و شەفەوی، واتە سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی.

ئەمانە و کۆمەڵێ هۆکاری تری ئابووری و سیاسییش بەشدارن لەو گۆڕانکارییانەی کە ئەوانیش لای خۆیانەوە بەشدارن لە پێشکەوتن و بەخشینی لایەنی جوانکاری و پێشکەوتنخوازی بەهەموو ئەو بەرهەمانەی پێشکێش کراون و خراونەتە بەردەست. گەشەکردنی وتارەکانیش بۆ خۆی هۆیەکی تری ئەو وتارانەی کە تا ڕادەیەک نامۆ بوون و یان هەر نەبوون، بۆ نموونە وتاری مۆدێرنیزم و پەیدابوونی زاراوە مۆدێرنەکانی نێو وتاری ڕۆشنبیری، نەک ئەمەش کەم تا زۆر بەشێک لەو وتارانە تا ڕادەیەک بوون بەوتاری ڕۆژانە و باوی نێو وتاری کوردی. سەرەڕای پەیدابوونی فرەیی زمان و فرەیی مەوداکانی خوێندنەوە و کشانی کۆمەڵێ سەرچاوەی نوێ بۆ نێو کولتووری کوردی. سەرهەڵدانی شەپۆلی کۆچ و پەیدابوونی ڕۆشنبیریی تاراوگە هۆکاری پەیدابوونی شێوەی نوێی نووسین و ئایدیا و وێنە هونەرییەکان بوون.

پێویستە ئەو ڕاستییەش بوترێ مانیریی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی دەزگاخوازی تا ڕادەیەک لەمڕۆدا تێکەڵ و پێکەڵییەکی بەخۆیەوە بینیوە، بەهۆی تێکەڵ و پێکەڵبوونی هەموو چالاکییە

هەوڵنامەی کێبڕکێ

زەینییەکان لە نێوان خۆیاندا، بەهۆی نەمان و سڕینەوەی سنووری نێوان هونەر و چالاکییە رۆشنبیرییەکان لەگەڵ یەکتریدا.

هاوچەرخییەتی دەزگاکان، هاوچەرخییەتی روانینەکانە، هاوچەرخییەتی ئەو هەموو گۆڕانکارییانەیە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە دنیادا ڕوو دەدەن، هەروەها زۆربەی ئەو پێوەندییانەی کە ئەمڕۆ هاتوونەتە نێو ژیانی ئابووری و سیاسیمانەوە، وایان کردووە بڕێکی زۆر پێوەندیی نوێ بۆ نووسین و دامەزراندنی دەزگای نوێ فەراهەم بێت. دەزگاکانی ئەمڕۆمان تا ئەم ساتەش لەنێو کۆمەڵێ بازنەدا دەسووڕێنەوە کە تەنیا سووڕانەوەی خۆی دەبینێ، تا ئەم ساتەش نەیتوانیوە بەشێوەیەکی گشتگیر هەموو ئەو گرفتانەمان بۆ دەستنیشان بکا کە چەندان سەدەیە بەدەستییەوە دەنالێنین، هەروەها نەیانتوانیوە، وەلامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە نەوەکانی ڕابردوو دەیانکرد و، نەوەکانی ئەمڕۆش بەردەوام دەیکەنەوە. دەزگاکانی ئەمڕۆمان لە هەندێ ڕووەوە باری عەقڵ و هزری خوێنەر و بینەر و وەرگریان تووشی شێوەیەک لە سەرلێشێواندن کردووە، بەردەوام ئەو وەلامانەیان پێیە کە وەلامی پرسیارەکانی سەردەم نین، هەروەها شێوەی بەڕێوەبردنی ژیانی هاوچەرخ لای ئەوان ئەوەندە ناجێگیرە، هەر بەڕوانینی دێرین مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

کەواتە بیری دەزگاخوازی و بەڕێوەبردنی دەزگا، ئەرکێکە تا ئەم ساتەش لای ئێمە کولتووریکی سست و تەمەڵخوازییە، لە جیاتیی دەزگاخوازی گەلاڵەبوونی گرووپ و گرووپکاری لای ئێمە گەلاڵە بووە، هونەرمەند و نووسەر و ڕۆشنبیر هەندێ جار لە بازنەی سەرلێشێواندن دەسووڕێنەوە، گرووپکاری لای بڕێک لە ڕۆشنبیرانی ئێمە لەسەر ئاستی داهێنان و بیری داهێنان و دامەزراندن نییە، بگرە لەسەر ئاستی خێڵەکی و پێوەندییە تاکەکەسییەکانە، پێوەندیی خێڵەکی لەسەر شێوازی کۆبوونەوەیان، ئاخاوتنیان، بەرگریکردن لە خۆیان و گۆشەگیریشیان هەر خێڵەک ئامێزە، دواجار پێوەندیی خێڵەکی لە عەقڵیاندا تا دێ گەشە دەکا، کە ئەمەش کۆبوونەوە و پاشماوەی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەیە لەگەڵ خۆیاندا هێناویانەتە نێو ڕۆشنبیرییەوە، کاتێ کە بەرەو نێو دنیای بیر و عەقڵ و داهێنان هەنگاو هەڵدێنین تووشی شێوەیەک لە نامۆبوون دەبن و ناشتوانن بەئاسانی ئازاد بن لە مێژووی خۆیان. ڕۆشنبیر بیر لە تۆڵەسەندنەوەی هونەری و داهێنان ناکاتەوە، بگرە دەکەوێتە نێو ململانێی لاوەکییەوە.

کەواتە ئەمڕۆ دەبێ پێکهێنانی دەزگاکان لەسەر ئاستی گۆڕانکاری لە عەقڵدا ڕوو بدا، واتە یەکەم دەبێ گۆڕان لە ڕۆشنبیر خۆی لە خۆیدا ڕوو بدا، پاشان دەزگاکان خۆیان. ئەو گۆڕانەی کە زیاتر پێوەندییەکان لە بەرچاو بگرێ، واتە پێوەندییە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکان.

براوەی خەڵاتی نۆبلی ئاشتیی ساڵی ٢٠١٠

شیاوبۆ: من هیچ دوژمنێکم نییە

ڕابەر یونس عەزیز



"من هیچ دوژمنێکم نییە و هیچ رقم نییە. هیچ کام لەو پۆلیسانەی چاودێری، دەستگیر، لێپێچینەوەیان لەگەڵ کردم، ئەو داواکارانەی تاوانباریان کردم، یان ئەو دادوەرانەی مەحکومیان کردم، هیچیان دوژمنی من نین. لە کاتێکدا من ناتوانم ئەو چاودێریکردن و گرتن و تاوانبارکردن و مەحکومکردنە قبوڵ بکەم، من ڕێز لە پیشەکانتان و کەسایەتیتان دەگرم..."

خەڵاتی نۆبلی ئاشتی بۆ ساڵی ٢٠١٠ لە ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردوو (١١-١٠-٢٠١٠) بە فەرمی ڕاگەیەنرا کە بۆ چالاکوانێکە بە درێژاییی دەیان ساڵ بەشێوەیەکی ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی لەپێناو دیموکراسی و مافی مرۆڤدا کاری کردووە. ئەو چالاکوانە ناوی لیو شیاوبۆیە و یەکەمین چینییە ئەو خەڵاتە وەربگرێ. شیاوبۆ بەهۆی دەربڕینی ناڕەزایی لەبارەی ڕەوشی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە چین لە دژی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە ئێستە لە گرتیگەدایە و حوکمی ١١ ساڵی بۆ بڕاوەتەوە. ئەمە جاری سێیەمە خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ دەبەخشرێتە کەسانێک کە لەلایەن حکوومەتەکانی خۆیانەوە بەند کراون و بە تاوانبار ئەژمار کراون لە دوای سەرکردەی نەیارانی بورمی، ئونگ سان سوو کی، کە لە ساڵی ١٩٩١ خەڵاتی نۆبلی پێ بەخشرا، هەروەها دوای چالاکوانی ئەڵمانیایی داکۆکیکەر لە ئاشتی کارل ڤۆن ئۆسێتزکی لە ساڵی ١٩٣٥دا.

سەرەتای چالاکیی شیاوبۆ و قەسابخانەی گۆڕەپانی تیانانمێن

شیاوبۆ سەرەتا وەکو وانەبێژ لە مادەی ئەدەبی چینی لە زانکۆی پەکین کاری دەکرد. بۆ یەکەم جار کە خرایە بەندیخانەوە بەهۆی بەشداریکردنی ئەو بوو لە خۆپێشاندان و مانگرتنەکانی قوتابییان لە ساڵی ١٩٨٩دا لە دژی دەسەڵاتداران لە گۆڕەپانی تیانانمێن لە پەکینی پایتەخت. ئامانجی ئەو مانگرتنە داواکردنی چاکسازیی سیاسی و دیموکراسیی و ئازادیی ڕادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ بوو. لەو مانگرتنەدا لیو شیاوبۆ بەشدار بوو.

مانگرتنەکە لە گۆڕەپانی تیانانمێن لە ١٣ی مانگی نیسانی ١٩٨٩ لەلایەن قوتابییان و مامۆستایانەوە دەستی پێ کرد و هەر زۆر بەخێرایی بەرەی سەند و لە ٨٠٠ قوتابییەوە بوو بە ٣٠٠٠ و لەلایەن گشت چین و تۆێژەکانی کۆمەڵگەوە هەر لە قەشە بووزییەکانەوە بگرە تا دادوەران و پۆلیس پاڵپشتییان لێ کرا، هەموو بەیەکەوە هانی قوتابییانیان دەدا. بەڵام دواتر سوپای ڕزگاریی گەلی چین بەچەک و دەبابەوە کشانە نێو گۆڕەپانەکە و دەستیان کرد بە دەستڕێژیکردن لەو خەڵکە کە بەشێوەیەکی ئاشتییانە و دیموکراسییانە مانیان گرتبوو و ناڕەزاییان دەردەبڕی. لە ئەنجامی ئەو قەسابخانەیەدا ٤٠٠ تا ٨٠٠ کەس لە مانگرتووان کوژران هەرچەندە مەزەندەی ئەوە هەیە هەزاران کوژرابن، چونکە سوپا دوای ئەنجامدانی ئەو قەسابخانەیە هەموو بەڵگەیەکی لە دوای خۆی سڕییەوە.

بەڵام ئەم ڕووداوە و گرتنی شیاوبۆ نەبووە هۆی تەمێبوونی و تەنیا کارەکەی لە دەست دا نەک دەنگە ڕاشکاوانەکەی. هەر زوو دوای ئازادکردنی دەستی کردەوە بە نووسین و گوتارە ڕەخنەئامێزەکانی لە دژی پارتی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار. لەو ڕۆژەوە کە سوپای چین بێ ڕەحمانە کەوتە گیانی مانگرتووان لە تیانانمێن، لیو بوو بە یەکێک لە قسەلەڕووترین و ڕاشکاوترین چالاکوان لە بواری مافی مرۆڤ و داکۆکیکردن لە دیموکراسی لە وڵاتی چین.

لە ساڵی ١٩٩٦ بە تۆمەتی "تێکدانی یەکڕیزیی گەل" لیو بۆ ماوەی سێ ساڵ ڕەوانەی کامپێکی

پەروەردەیی کـرا دوای ئەوەی ڕەخنەی لە پارتی کۆمۆنیست گـرت. هەر دوای ئازادبوونی، لیو دووبارە دەستی کردەوە بە چالاکییەکانی لە دژی پارتی دەســـەڵاتدار. بەڵام ئەوەی لە هەمـــوو شـــتێک زیاتر ئەوی کردە دوژمنی ئاشکرای پارتی کـۆمـۆنیـست ڕۆڵی ئـەو بوو لە نووسینەوەی "یاداشتی ٠٨"

لـەو ڕۆژانـەدا، لیـــــــو بـە پایسکلەکەی لە کامپەکەوە دەچووە لای ئەو ناوەندانەی کەسانی بیانی کاریان لێ دەکرد بۆ ئەوەی نووسینەکانی بە فاکس بنێرنە کۆمار و بڵاوکراوەکانی دەرەوە.

یاداشتی ٠٨ مانیفێستێک بوو لەلایەن بیرمەندانی چینییەوە نووسرابوو و ئیمزا کرابوو کە داوای چاکسازیی سیاسی و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی پارتی کۆمۆنیستی دەکرد، وێڕای داواکاری بۆ گرەنتیکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین و دەسەڵاتێکی دادوەریی سەربەخۆ. ئەو یاداشتە لە ساڵی ٢٠٠٨دا، لە ١٠ی کانوونی یەکەمی یادی ٦٠مین ساڵوەگەڕیی جارنامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بڵاو کرایەوە.

بیرۆکەی ئەو مانیفێستە لە "یاداشتی ٧٧"ی چیکی سەرچاوەی گرتبوو کە لە ساڵی ١٩٧٧ بڵاو کرایەوە و داوای چاکسازیی دەکرد لە کۆماری کۆمۆنیستیی چیکسلۆڤاکیا.

کاتێک یاداشتی ٠٨ بڵاو کرایەوە لەلایەن ٣٠٣ بیرمەندی چینی ئیمزای لەسەر کرابوو. لەو کاتەوەش تا ئێستە لەلایەن چەندان هەزار کەسی ترەوە لە ناوەوە و دەرەوەی چیندا ئیمزا کراوە. نووسەری ئەو یاداشتی ٠٨ە لیو شیاوبۆ بوو. هەر دوو ڕۆژ پێش بڵاوبوونەوەی یاداشتی ٠٨، پۆلیس لیویان لە شوقەکەی خۆی دەرهێنا بۆ شوێنێکی نادیار ڕاپێچیان کرد و بۆ ماوەی شەش مانگ لە گرتیگەیەکی تەنیایی بەندیان کرد بێ ئەوەی کەس بزانێ لە کوێیە یان ژنەکەی یان پارێزەرێکی بتوانێ پێوەندیی پێوە بکا.

لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٩دا، لیو بە فەرمی تۆمەتبار کرا بە "هاندان بۆ وەرگێڕانی دەسەڵاتی دەوڵەت" کە تۆمەتێکە دەسەڵاتدارانی چین دەیدەنە پاڵ هەر کەسێک کە جورئەت بکا ڕەخنە لە پارتی کۆمۆنیست بگرێت. لیو بە ١١ ساڵ زیندانی حوکم درا و لەو کاتەوە لە گرتیگەی زینژۆو لە هەرێمی لیاونینگ لە باکوری پەکین بەند کراوە.

بیر و باوەڕی نەگۆڕی شیاو بۆ بۆ بەدەستهێنانی ئازادی بەشێوەیەکی ئاشتییانە

شیاوبۆ باوەڕی وا بوو کە چین هەر دەبێ بەشێوەیەکی هەنگاو بەهەنگاو ئازادی و دیموکراسی پێشکێش بە خەڵکەکەی بکا و خەڵکیش لە بەرامبەردا هەر دەبێ بەردەوام هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە بدەن "بەشێوەیەکی ئاشتییانە و دوور لە توندوتیژی"

لە لێدوانێکدا لە بەرامبەر دادگە لە ساڵی ٢٠٠٩دا کە تێیدا بە ١١ ساڵ زیندانی حوکم درا، شیاوبۆ گوتی: "من باوەڕم زۆر پتەوە کە پێشوەچوونی سیاسیی چین هەرگیز ناوەستێ، من لێوانلێوم لە گەشبینی و چاوەڕوانیی ئازادی بۆ چین لە داهاتوودا، لەبەرئەوەی هیچ هێزێک ناتوانێ ڕێ بە ئارەزووی مرۆڤ بۆ ئازادی بگرێ... چین لە کۆتاییدا دەبێتە وڵاتێکی سەروەریی یاسا کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ سەروەرن. من هەروەها گەشبینم کە ئەو پێشوەچوونە لەو دادگەییکردنەشدا ڕەنگ بداتەوە، هەروەها بەپەرۆشەوەم بۆ حوکمی تەواو و دادوەرانەی ئەو دادگەیە _ حوکمێک کە بەرگەی تاقیکردنەوەی مێژوو بگرێ"

شیاوبۆ هەردەم هەوڵی دەدا بەشێوازێکی ئاشتییانە و ناتوندوتیژ گۆڕان لە سیاسەتی حکوومەت و ئازادی ڕادەربڕین دیموکراسی بێنێتە ئاراوە. دەگوترێ کە لەبەر هەوڵەکانی لیو نەبووایە گۆڕەپانی تیانانمێن دەبوو بە یەک گۆمی گەورەی خوێن و قەسابخانەیەکی سەرتاسەری و هەزارەها کەس زیاتر دەکوژران لەبەرئەوەی هەندێک لە قوتابییەکان چەکیان پێ بووە ویستویانە بەچەک وەڵامی سەربازەکان بدەنەوە، بەڵام لیو قسەی لەگەڵ کردوون و قایلی کردوون چەک دانێن و بەئاشتییانە گۆڕەپانەکە جێ بێڵن. بەدرێژاییی ئەو هەموو ساڵانەی خەباتی لەپێناو ئازادی و دیموکراسیدا کردوو، شیاوبۆ هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە هێز و توندوتیژی بەکار بێنێ و ڕقی لە کەس ببێتەوە! لە کاتی دادگەییکردنەکەی خۆیشیدا کە ١١ ساڵ حوکمی بەسەردا سەپێنرا بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ وەرگێڕانی دەسەڵات، لیو داکۆکی لەوە کرد کە ئەو تەنیا ویستوویەتی گۆڕانکارییەکی هەنگاو بەهەنگاو بەشێوەیەکی ئاشتییانە بێتە ئاراوە.

وێڕای ئەوەی کە چەندان جار لەلایەن حکوومەتەوە سزا دراوە و گیراوە، بەڵام ئەو هەر ئامادە نەبووە هەوڵێستی خۆی بۆ هێنانە دی ئازادی و دیموکراسی بەشێوەیەکی ئاشتییانە بگۆڕێت. لە یەکێک لە گوتارەکانیدا دەڵێ "من هیچ دوژمنێکم نییە!" هەر ئەم هەڵوێستە نەگۆڕەشی بوو کە بووە هۆی ئەوەی لیژنەی نۆبڵ بە شیاوی ئەو خەڵاتەی بزانن.

سانسۆرکردن بەربەست بوو لە بەردەم گەیاندنی دەنگی لیو بە دەرەوە

هەرچەندە لیو دەیان ساڵ کەمپینی ئاشتییانە و دوور لە توندوتیژیی بۆ دیموکراسی و مافگەلی مرۆڤ کردووە، بەڵام بەهۆی سانسۆرکردنی میدیا و پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی چینەوە دەنگی ناڕەزاییی ئەو نەگەیشتووەتە بەر گوێی هاوبیرانی لە ناوەوە و

دەرەوەی چین. لە کاتی گواستنەوەی هەواڵی پێدانی خەڵاتی نۆبڵ بە لیو، کە لیژنەی نۆبڵ پەسنی لیوی دەکرد بۆ ئەو "خەباتە لەمێژینە و دوور لە توندوتیژییەی بۆ مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لە چین" وەشانی هەردوو کەناڵی بی بی سی و سی ئێن ئێن لە چین وەستێنران. (گاردیان، ٨ تشرینی یەکەم). لە هیچ شوێنێکی میدیای حکوومیی چینی ناوی شیاوبۆ نەدەبینرا لەسەر وێبسایتەکانیان. زۆر لە بەکارهێنەرانی مۆبایل تەنانەت ڕایان گەیاند کە نەیانتوانیوە کورتەنامە بنێرن کە ناوی شیاوبۆی بەچینی تێدا بووە، (نیویۆرک تایمز، ٨ ئۆکتۆبەر)

لە دەنگدانێکی ئینتەرنێتی دەرکەوتووە کە ژمارەی ئەوانەی شتیان لەبارەی شیاوبۆوە بیستووە لەگەڵ ئەوانەی نەیانبیستووە نێزیکەی وەکو یەکە. هەر لەبەرئەوە کۆمیتەی نۆبڵ دوای ئەوەی خەڵاتەکەی دا بە لیو، ڕۆژی شەممو لە ڕێککەوتی ٩-١٠-٢٠١٠ ڤیدیۆیەکی لەبارەی ناوبراو لەسەر وێبسایتەکەی خۆی بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر بەو چالاکوانە ئاشنا بن.

کاردانەوەی نێودەوڵەتی لەبارەی خەڵاتکردنی لیو

خەڵاتکردنی لیو بە نۆبڵ کاردانەوەی نێودەوڵەتیی لێ کەوتەوە و کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتیی لێ کەوتەوە بۆ داوای ئازادکردنی ئەو چالاکوانە لە حکوومەتی چین. سەرۆکی لیژنەی خەڵاتی نۆبڵ گوتی: "چین پێشێلی چەندان ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی دەکات کە ئیمزای لەسەر کردوون هەروەها پێشێلی چەندان دەقی یاسایی نێوخۆییش دەکات لەبارەی مافە سیاسییەکانەوە"

دوا بەدوای ئەوە، گۆتیاری وەزارەتی دەرەوەی چین، ما ژاوزوو، ناڕەزایی دەربڕی و گوتی کە: "لیو تاوانبارێکە سەرپێچیی لە یاسای چینی کردووە. هەڵبژاردنی ئەو بۆ ئەو خەڵاتە بەتەواوی پێچەوانەی پرەنسیپەکانی خەڵاتەکەیە و سەرشۆڕییە بۆ خۆی خەڵاتی ئاشتی هەروەها بۆ لیژنەی نۆبڵ کە خەڵاتەکە بدەن بە کەسێکی وا" دواتر باڵوێزی نەرویج لە پەکین لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بانگ کرا بۆ وەزارەتی دەرەوەی چین بۆ ئەوەی ناڕەزاییی خۆیان بەرامبەر ئەو ڕێزلێنانەی لیو دەربڕن. (بی بی سی، ٨ تشرین یەکەم)

سەرۆکی ئەمەریکا باراک ئۆباما گوتی لیو "ئازادیی خۆی بە قوربانی بیر و باوڕەکەی کردووە" و داوای کرد ئازاد بکرێ. هەر ڕۆژێک دوای ئەوەی خەڵاتەکە درا بە لیو، سەرۆکی تایوانیش داوای لە بەرپرسانی چین کرد کە چالاکوانی بواری مافی مرۆڤ لیو شیاوبۆ ئازاد بکەن.

"ئەگەر لیو ئازاد بکرێ، ئەو هەنگاوە جێی ڕێز و پێزانینی زۆری وڵاتی تایوانە" ما ینگ جیو لە کۆبوونەوەیەکدا کە لەلایەن کۆمسیۆنی کاروباری هاووڵاتییانی دەرەوەی تایوانی لە تایپێی پایتەختدا بەبۆنەی گەڕانەوەی هاووڵاتییانی تایوانی بۆ ئاهەنگگێڕانی ڕۆژی نیشتمانی، وای گوات. (فۆکەس تایوان، ١٠ تشرینی یەکەم) گۆتیاری حکوومەتی ئەڵمانیاش ستێفن سایبێرت گوتی پێویستە چین لیو ئازاد بکا بۆ ئەوەی بتوانێ لە ڕێوڕەسمی خەڵاتوەرگرتنەکەدا ئامادە بێ. هەروەها وەزیری دەرەوەی فرەنسا بێرنارد کۆشنەریش داوای ئازادکردنی لیوی کرد.

''خەڵاتی نۆبل''ی ئەمساڵ درا بە ماریۆ ڤارگاس یۆسا

''بۆ نەخشەکێشانی ئەو لە ستروکتوورەکانی دەسەڵات و وێنەی بەهێزی بەرەنگاربوونەوە، یاخیبوون و تێکشکانی تاکەکەس''

لە سوێد، هەر لە سەرەتای مانگی ئەیلوولەوە، پایز ڕەنگەکانی بەسەر دار و درەختەکاندا دەپڕژێنێت. ٧ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ، هەر لە گەرد و گوڵی بەیانییەوە، باڕێزەیەکی توند هەڵی کردبوو. درەختەکان دەلەرینەوە و گەڵای ڕەنگین دەوەرین. ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی تایبەت بوو. ئەکادیمیای سویدی ناوی ئەو نووسەرەی ئاشکرا دەکرد، کە ''خەڵاتی نۆبل''ی ئەمساڵی پێ ڕەوا دەبینێ. یەکەم پێنجشەمەی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێک ئەکادیمیا ئەم کارە دەکات. هەموو ساڵێکیش مەزەندەی زۆربەی ناوەندە ئەدەبی و کۆوار و ڕۆژنامەکانی جیهان لە وەرگری ''خەڵاتی نۆبل'' هەڵە دەردەچێ. ئەمساڵیش هەر وا بوو. کۆوار و ڕۆژنامەکانی سوێدیش هەڵە بوون. بیست ساڵ زێترە، ناوەندە ئەدەبییەکان و ڕۆژنامەکانی سوێد، هەموو ساڵێک لەناو لیستی ئەو نووسەرانەی کە ئەوان مەزەندە دەکەن ئەو خەڵاتەی پێ ڕەوا ببینرێت، ناوی ''توماس ترانسترۆمەر'' ی شاعیری خۆیان هەیە. توماس شاعیرێکە، لەمێژە سنووری جوگرافیی سوێدی بەزاندووە و لە جیهاندا ناسراوە. کە حەڤدە ساڵ لەمەوبەر بە ''دێرک وەلکەت'' ڕاگەیانرا، خەڵاتی ئەمساڵی پێ دەبەخشرێ، بە ڕۆژنامەنووسێکی سوێدی گوت: جا بۆ من، خۆ ئێوە خۆتان ''توماس''تان هەیە.

دەوروبەری نیوەڕۆ، باکە نەمابوو، بەڵام بارانەکە نم نم بەسەر ستۆکهۆڵمدا دەباری و لەبەریدا گەڵا سیسبووەکان خۆیان ڕانەدەگرت و دەوەرین. بەردەرگەی ژووری کۆبوونەوەی ئەندامانی ئەکادیمیای سوێدی، جمەی دەهات لە ڕۆژنامەنووس. پەیامنێری زۆربەی ئاژانسەکانی وڵاتان لەوێ بوون و ڕووی کامیراکانیان لەو دەرگەیە کردبوو، کە ڕێک سەعات (١)، سکرتێری هەمیشەیی ئەکادیمیا لێیەوە دێتە دەرەوە و ناوی ئەو نووسەرە ئاشکرا دەکات، کە ئەکادیمیا ''خەڵاتی نۆبل''ی پێ ڕەوا دەبینێ. کە سەعات بووە ١، ''پێتەر ئێنگلوند''ی سکرتێری هەمیشەیی ئەکادیمیا، لە ژووری کۆبوونەوە هاتە دەرەوە و لە بەردەم ڕۆژنامەنووسەکاندا گوتی:

''خەڵاتی نۆبل''ی ساڵی ٢٠١٠ لە ئەدەبدا دەبەخشرێتە نووسەری پێرووییی، ماریۆ ڤارگاسسص.

(*) وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی

"بۆ نەخشەکێشانی ئەو لە ستروکتوورەکانی دەسەڵات و وێنەی بەهێزی بەرەنگاربوونەوە، یاخیبوون و تێکشکانی تاکەکەس".

یەکسەر، ئەم هەواڵە لە هەموو جیهاندا بڵاو کرایەوە. هەر کەسێک گوێی لە هەواڵی ڕادیۆ گرتبێ، یان سەیری دەنگوباسی تەلەڤزیۆنی کردبێ، ئەم هەواڵەی بەسەردا ڕەت نەبووە. لەمێژە لای ئیسپانیزمانەکان و ئەوروپاییەکاندا، "ماریۆ ڤارگاس" ناوێکی دیارە و دەزانن، کە شوێنێکی تایبەتی لە ئەدەبی ئیسپانیزماندا هەیە، بەڵام لە بەشەکانی تری جیهاندا وا نەبووە. ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێ، کە لەو بەشانەی جیهاندا، گرینگی نەدراوە بە وەرگێڕان و ناساندنی نووسەری شایستە.

سکرتێری هەمیشەیی ئەکادیمیای سوێدی، پێتەر ئێنگلوند لە وەڵامی ڕۆژنامەنووساندا گوتی:

– ئەو کار لەگەڵ زۆر دەنگ و زۆر کەسی جودادا دەکات.

– لەبارەی شتی زۆر سەرنجڕاکێشەوە دەنووسێ، بێگومان زۆر باسی ئەمەریکای لاتین و گرفت و دژواریی لەوێدا دەکات. ئەگەر ئەو بابەتێکی سەرەکی هەبێ، ئەوا جودابوونەوە، یاخیبوون و خۆئازادکردنە.

"ماریۆ ڤارگاس" ساڵی ١٩٣٦ لە پێروو لەدایک بووە و لە ئیسپانیا دەژی. ئەم پایزە لە نیۆیۆرک چەند سیمینارێکی هەیە و لە زانکۆی Princeton ی نیۆرک پرۆفیسۆری میوانە و وانە دەڵێتەوە. دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، یەکسەر ڕۆژنامەنووس و ئاژانسەکانی هەواڵ خۆیان گەیاندە شوێنی ئەو لە نیۆیۆرک. پەیامنێری ڕۆژنامەی "ئافتۆنبلادێت"ی سوێدیش لەوێ بوو. "ماریۆ ڤارگاس" باسی ئەوەی کرد کە سەعات دوای شەشی بەیانی بە زەنگی تەلەفۆن لە خەو هەستاوە و دەنگەکە لە تەلەفۆنەکەی ترەوە گوتوویەتی "خەڵاتی نۆبڵ"ت لە ئەدەبدا پێ دەبەخشرێ و لە ماوەی چل خولەکدا ڕادەگەیەنرێ، من بیرم بۆ ئەوە چوو کە ڕەنگە سوعبەت بێ.

– زۆر زۆر ئاسوودەم. بێگومان کەمێک شڵەژاوم. ئەمە بەیانییەکی ناڕاستەقینەیە لە ژیانی منداا.

– هەر بە ڕاستی چاوەڕێی ئەوە نەبووم. چەندان ساڵ لەمەوبەر ناوی من هێنرابوو، بەڵام بێ ئەوەی بزانم بە جیدی بووە یان، نا. وام دەزانی ئەکادیمیای سوێدی بەتەواوی فەرامۆشیان کردووم، هەر نەشمدەزانی لەم مانگەدا خەڵاتەکە ڕادەگەیەنرێ.

– ئیسپانیزمانێکی بە وزەیە، زمانێکی داهێنەر و مودێرنە.

– هەتا دوارۆژی ژیانم دەنووسم.

– وا نیشانمان دا، کە ئەمەریکای لاتین دەتوانێ بیرمەند و هونەرمەند، مۆسیقاژەن و نووسەر بەرهەم بهێنێ.

ئینگێر ئێنکڤیست پرۆفیسۆرێکی ژنە لە زمانی ئیسپانیدا و لە زانکۆی لوند لە سوێد کار دەکات. ساڵی ١٩٨٦ دوکتۆرانامەکەی لەبارەی "تەکنیکی گێرانەوە لای ماریۆ ڤارگاس"ەوە نووسیوە. ئەو ڕۆژە بە کارێک لە ستۆکهۆڵم بوو. ئەویش لە بەر دەرگەی ژووری کۆبوونەوەی

ئەندامانی ئەکادیمیای سوێدی، لەناو ئاپۆرەی ڕۆژنامەنووسەکاندا وەستا بوو. لە خۆشییاندا شڵەژا بوو. بۆ ڕۆژنامەی Sydsvenskan گوتی:

– سی ساڵە خەریکی ئەوم و لە چاوەڕوانکردندا زۆر ڕەشبین و بێ هەست بووبووم. ئیتر بە ڕاستی هۆم هەیە کە بڵێم "لە ئاکامدا"... "خەڵاتی نۆبڵ" خەڵاتوەرگری ناسراو و هێژای پێویستە. ئەوەتا کەسێکی وامان هەیە. من هەر شتێکی ئەو نووسیویەتی، خوێندوومەتەوە. من دەزانم ئەو کەسێکی شایستەیە و شانازی دەداتە خەڵاتەکە. بۆ ئەو کەسانەی بەرهەمەکانی ماریۆ ڤارگاس"یان نەخوێندووەتەوە، ئینگێر پێشنیازیان بۆ دەکات، کە ڕۆمانی "خانووە سەوزەکە" بخوێننەوە. ئەگەر ڕۆمانێکی خۆش و بە زەوقیشیان دەوێ، با "پووڕە یولیا و نووسەر" بخوینێتەوە. کە ڕۆمانێکە، باسی سەردەمێکی ژیانی خۆی دەکات. ماریۆ ڤارگاس لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا، لەگەڵ یولیای لە خۆی بەتەمەنتر، بوون بە ژن و مێرد. پێشتر یولیا ژنی خزمێکی ماریۆ ڤارگاس بووە. پاشان ئەویش یولیا تەڵاق دەدا و لەگەڵ "پاتریسیا"ی ژنی ئێستای دەبنە ژن و مێرد. ئینگێر لەبارەی گەورەیی "ماریۆ ڤارگاس"ەوە دەڵێ:

– ئەگەر ئەو بە نووسەرە گەورەکانی تری ئەمەریکای لاتین بەراورد بکەین، پێم وایە ئەو زۆر جیاوازە. ئەو پانی و قوواڵییەکی تری هەیە. هەروەها نەک هەر گەشەی بە شێوازی و بابەت داوە، بەردەوام بووە و ژانری تری تاقی کردۆتەوە و بووە بە ڕۆژنامەنووس و گوتارنووسێکی بەتوانا. ئەو لە نووسەرە گەورەکانی تر، مارکیز و کۆرتەزار کاملتەرە کە لە ساڵانی شەست و حەفتاکان دەرکەوتن.

ئاژانسی TT Spektra ی سوێدی، پێوەندیی بە ڕەخنەگر و وەرگێڕ "پێتەر لاندێلیۆس"وە کرد، کە ڕۆمانەکانی "ماریۆ ڤارگاس" ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی سوێدی و گوتی: "لەمێژە، هەموو جیهانی ئیسپانیزمان چاوەڕێی ئەوەن، هەر بەڕاستی ئێستا وەختی هاتبوو". ئەو ئێستا خەریکی وەرگێڕانی دوا ڕۆمانی "ماریۆ ڤارگاس"ە و چەند هەفتەیەک لەمەوبەریش لە مەدرید یەکتریان بینی. "من دڵنیام لەوەی، کە هیواخوازی ئەو خەڵاتە بوو، بەڵام باسی ئەم مەسەلەیەمان نەکرد".

لەو بیست ڕۆمانەی کە نووسیویەتی، شازدەیان تەرجەمەی سوێدی کراون. "یانس نوردێنهۆک" کە شەش ڕۆمانی ئەوی کردووە بە سوێدی، دەڵێ: "زمانی ڤارگاس پاراو و بێ گرێیە، کە هەندێک جار دەتوانرا ١٥ لاپەڕە تەرجەمەی سوێدی بکرێ بێ گونجاندن یان گۆڕان... زمانی ئەو زۆر بە زەبرە. هەر بەڕاستی نووسەرێکی گەورەیە".

"ماریۆ ڤارگاس" چەند شاکارێکی گەورەی نووسیوە. ساڵی ١٩٦٣ بە ڕۆمانی "شار و سەگەکان" لە جیهان ناوی دەرکەوت. کە ساڵانی هەشتا گابریێل گارسیا مارکیز، "خەڵاتی نۆبڵ"ی پێ بەخشرا، ئەو پێی دڵخۆش نەبوو. ڕۆژنامەی DN ی سوێدی، ئەوان بە "دوو کەڵەشێرەکەی ئەدەبی ئەمەریکای لاتین" ناو دەبات. چونکە هەر لە تەمەنی گەنجییەوە، هاوڕێی نزیکی یەکتری بوون. بەڵام ساڵی ١٩٧٦، لە مەکسیکۆ، لە سینەمایەک، دەبێتە شەڕیان و "ماریۆ ڤارگاس" چەند بۆکسێک دەسرەوێنێتە مارکیز و نزیکەی سی ساڵ دوژمنی سەرسەختی یەکتری بوون. هۆی

شەڕەکەیان بە شاراوەیی مایەوە، هەتا چەند ساڵێک لەمەوبەر کە ماردیز هەشتا ساڵی پڕ دەکردەوە. ئەوسا وێنەیەکی مارکیز بڵاو کرایەوە، کە هاوڕێیەکی هەردووکیان، لە کاتی شەڕەکەدا گرتبووی و لە وێنەکەدا ڕووی مارکیز شین هەڵگەڕابوو. ئەوسا هاوڕێکەیان درکاندبووی، کە هۆی بۆکسلێدانەکان ئەوە بوو، کە مارکیز خۆی لە مەسەلەیەکی دڵپیسیی نێوان "ماریۆ ڤارگاس" و ژنەکەیدا هەڵقورتاندبوو.

ئەویش، وەک مارکیز و زۆربەی نووسەرانی تری ئەمەریکای لاتین، لە تەمەنی گەنجیدا، چەپڕەوێکی توند و مارکیسییەکی سەرسەخت بوو و بەرگریی لە کاسترۆ دەکرد. بەڵام ئێستا خۆی بە لیبڕاڵ دەزانێ. ئەو هەموو ژیانی، هاوکات لەگەڵ نووسیندا، سیاسەتیشی کردووە. کە ساڵی ١٩٨٧ حکوومەت ویستی بانکەکانی پێروو خۆماڵی بکات ئەو دژی ئەم هەوڵەی حکوومەت بووەوە و وەک سەرکردەیەکی سیاسی خۆی نیشان دا. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٠ی سەرۆکایەتیشدا، خۆی هەڵبژارد و دۆڕاندی. دوای ئەوە، ساڵی ١٩٩٣ پێرووی بەجێ هێشت و چوو لە ئیسپانیا ژیا. حکوومەتی ئیسپانیایی هاونیشتمانییان پێ ڕەوا بینی، بێ ئەوەی ناچار بکرێ، دەستەبەرداری هاونیشتمانیی پێرووییبێ و ئەکادیمیای ئیسپانیاییش بە ئەندامی خۆی هەڵی بژارد. ئەو هەر لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکانیشەوە ئەندامی ئەکادیمیای پێروویشە.

– من کەسێکی لیبڕالم، کە باوەڕم بە ڕێفۆرمی کۆمەڵایەتی و خەبات دژی هەژاری و ناهاوسەنگیی کۆمەڵایەتی هەیە. لەبەر ئەزموونەکانی ئەمەریکای لاتین لە توتالیتاریدا، بۆ من ئەمە سروشتییە کە ئازادی لە سەرووی هەموو شتێکی ترەوە دادەنێم.

– ئەمڕۆ خەبات دژی تیرۆریزم و گەندەڵی وەک گرینگترین پرسی سیاسی دەبینم، چونکە دیاردەیەکن دەتوانن زۆر خێرا دامەزراوەی دیموکراتی تێکبدەن. من پێم وایە، کە ئەمە ئەرکێکی ئەخلاقیی نووسەرە کە بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ بکات.

ماریۆ، لە گوتارێکدا، بە ناوی "ئەدەب پێویستە بۆ ئەوەی هەستە خەوتووەکان بەخەبەر بێن" کە سێ ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆژنامەی SvD بڵاو کرایەوە. نووسیویەتی: "میدیای بیسراو و بینراو ناتوانن بە هەمان شێوەی ئەدەب یارمەتیمان بدەن کە لە قووڵایی و بەرزاییەکانی مرۆڤ تێ بگەین. ئەگەر ئەدەب ئەو ڕۆڵە نەبینێتەوە، کە هەیبوو، سەختتر دەبێ دژی بەربەری ببینەوە.

ئەزموونی بەخشینی "خەڵاتی نۆبڵ"، یەک ڕاستیی سادەمان پێ دەڵێ، ئەویش ئەوەیە، هەموو ئەو نووسەرانەی کە خەڵات کراون، پێشتر بەرهەمەکانیان تەرجەمەی سوێدی کراون و لێکۆڵینەوەی زانستییان لەبارەوە نووسراوە. هەندێک جار، ئەندامانی ئەکادیمیای سوێدی، خۆیان ئەو کارانەیان کردووە. یان وەک لە حاڵەتی "ماریۆ ڤارگاس"دا، وا نزیکەی چل ساڵە، کۆمەڵێک وەرگێڕ و نووسەر کاریان لەسەر کردووە و نزیکەی بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەریش هەر لە سوێد دوکتۆرانامەی لەسەر نووسراوە. زمانی سوێدی، بە بەراورد لەگەڵ زمانە گەورەکاندا زمانێکی بچووکە، بەڵام لە ناساندن و دەرخستنی نووسەری نەناسراودا، هێزێکی گەورەی هەیە.

ماریۆ ڤارگاس یۆسا

نووسەر و سیاسی و ڕۆژنامەوانی گوتارنووس و براوەی پاداشتی نۆبلی ئەدەبی ٢٠١٠، پێرویی جۆرج ماریۆ پێدرۆ ڤارگاس یۆسا لە ٢٨ ئازاری ١٩٣٦ بووە. ڤارگاس یۆسا یەکێکە لە ناودارترین ڕۆمانnووس و گوتاروانی ئەمەریکای لاتین و گەورە داهێنەری ئەم نەوەیەی ئێستا. هەندێ ڕەخنەگر وا دەزانن کە لەناو نووسەرانی سەردەمی بووژانەوەی ئەمەریکای لاتینLatin American Boom گەورەترین کاریگەری نێونەتەوەیی و زۆرترین خوێنەری لە هەموو دنیا هەبووە. (لەبەر قەشەنگ نیگارکێشانی دەسەلآت و وێنە سەرنجڕاکێشەکانی بەرگریی تاکەکان و یاخیبوون و بەزین) پاداشتی نۆبلی ئەدەبیی ٢٠١٠ی پێ درا.



ڤارگاس لۆسا

ئەو کەلّەمێردە لە١٩٩٠ (ئەو دەستەواژەیەی نووسییەوە کە هەموو دنیای گرتەوە) کاتێک کە لەسەر تەلەڤزیۆنی مەکسیکی جارێ دا کە (مەکسیکۆ دیکتاتۆرییەکی تەواوە.) ئەو ڕستەیە دوای دەیە سالّێک کرا بە پەند.

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: تاهیر تەیب ئەحمەد (مامکاک)

ڤارگاس یۆسا لە١٩٦٠ەکان بەم نۆڤلانەی وەک (شار و سەگەکانLa ciudad Y 105 Porro ١٩٦٣/١٩٦٦) و (خانووە کەسکەکە La casa verde ١٩٥٦/١٩٦٨) و کارە گەورەکەی (دەمەتەقێی ناو کاتێدرالّ Conversacionen la Catedral ١٩٦٩/١٩٧٥) ناوودەنگی دا. لە فرە بواری ئەدەبیی وەکو ڕەخنەی وێژەیی و ڕۆژنامەوانیدا دەنووسێ. نۆڤلّەکانی گالّتەجاڕی و پۆلیسی و نۆڤلّی مێژوویی و سیاسی و ترسێنەریشن. هەندێکیانی بوونەتە فیلم، لەوانە (کاپتن پانتۆیا و ئەرکێکی تایبەت ١٩٧٣/١٩٧٨) و (پووڕە خولیا و سیناریۆنووس ١٩٧٧/١٩٨٢).

تێڕوانینی ڤارگاس یۆسا لە کۆمەڵگەی پێڕوڤی و شارەزاییی خۆی وەک کابرایەکی ئەو ووڵاتە کاریان لە زۆربەی نووسینەکانیدا کردووە. هەندێ بابەتی ئەملا و ئەوڵای دنیاشی لە نووسینەکانیدا جێ کردوونەتەوە. لە کاتی پیشەکەشیدا گۆڕانی لە ڕێشەن style و ڕێڕۆ -ap proachیە پێوەست بەمۆدێرنیزمی ئەدەبییەکەیدا ڕووی داوە بەرەو گەمەی پاش مۆدێرنیزم post modernismی بووەتەوە.

ڤارگاس یۆسا وەک زۆر لە نووسەرانی ئەمەریکای لاتین، لە چالاکیی سیاسیدا گلاوە و لە ژیانی خۆیدا، هەنگا و بەهەنگاو لە چەپی سیاسییەوە بەرەو ڕاست بووەتەوە. لە دەسپێکدا پشتیوانیی شۆڕشی فیدێل کاسترۆی لە کوبا کردووە و پاشان لێی هەڵگەڕاوەتەوە. لە١٩٩٠، هاوڕێ لەگەڵ هاوپەیمانیی ڕاستی ناوەڕاست، فرێنتێ دیمۆکراتیکۆ خۆی بۆ سەرۆکی پێرو هەڵبژاردووە و پشتیوانیی چاکسازیی لیبراڵە نوێیەکانی کردووە. لە ئەنجامیشدا، پشتیوانیی پاڵێوراوانی پارێزگارە نەرمڕۆیەکانی کردووە.

سەرەتا و یەکەم کارە گەورەکان

یەکەم نۆڤلّی ڤارگاس یۆسا (شار و سەگەکان) بوو لە ١٩٦٣ هاتە وەشاندن. ئەمە لەو کاتەدا نووسییەوە کە لە ئەکادیمیای سەربازی قوتابی بووە و باسی ئەزموونی خۆی لە ئەکادیمیای سەربازی لیۆنیزیۆ پرادۆ، لە لیما، دەکا. ئەم نووسینە خێرا سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا و سەرکەوت. هێندە تەکنیکی ئاڵۆزی ئەدەبیی بەکار هێنابوو کە یەکسەر سەرنجی ڕەخنەگرانی ڕاکێشا و پاداشتی ڕەخنەی ئیسپانیPremio deia Critica Espanola ی وەرگرت. ئەم ڕەخنە تونده‌ی لە دەزگای سەربازیی پێرویی گرت، ململانێی لە پێرو نایەوە. هەندێک لە جەنەڕاڵەکان پەلاماری نۆڤلّەکەیان دا و بەگوتەی ئەوان کارەکە نیشانەی (دانەهێنانی مێشکە degenerate mind) و ڤارگاس یۆسا لە ئێکوادۆری وەرگرتووە بۆ ئەوەی سوپای پێرو بشکێنێ.

لە ١٩٦٥یش خانووە کەسکەکەی دەرکرد کە باسی قەحپەخانەیەکی دەکرد ناوی (خانووە کەسکەکە La c casa Verde بووە و باس دەکا چۆن ئەفسانەکانی لەو خانووەوە دەردەچن کار لە ژیانی کەسایەتییەکانی دەکات. کە یەکێکیان سۆزانییەک دەبێ ناوی بۆنیفاسیایە و خەریکە پەیمانێک لە کلّێسا وەردەگرێ تا بیکاتە باشترین سۆزانیی ناو خانووە سەوزەکە. نۆڤلّەکە

دەمـودەست ڕەخنەی هاوسـۆزی پەیدا کـرد و ڤـارگاس یـۆسـاش بەیەکێک لە دەنگە گـرینگەکـانی چیرۆکی ئەمـەریکای لاتینی ناسرا. خانووە کەسکەکە لە ١٩٦٧، یەکەم پاداشتی نۆڤـلّی گالیگۆسی جیهانیی وەرگرت و لە ڕیزی خوان کارلۆس ئۆنێتی و گابریێل گارسیا ماکێز دانیشت.

بەتەنیا ئەم نـۆڤـلّە هەندە پاداشـتەی وەرگرت کە دانەرەکەی گەیاندە گـەورە کەسـایەتییـەکانی بووژاندنـەوەی ئەمـەریکای لاتینـی. هەندێ لە ڕەخنـەگـران، تـا ئێسـتـاش وا دەزانـن کـە (خـانووە کەسکەکە)ی ڤـارگاس یۆسـا قـەشـەنگترین و گـرینگترین بەرهـەمی نووسـەرە. ڕەخنەگری ئەدەبیی ئەمـەریکای لاتینی جـیراڵد مـارتن، لەبارەی خـانووە کەسـکەکەوە دەنووسـێ: (یەکێکە لە گـەورەترین ئەو نۆڤـلانەی لە ئەمەریکای لاتین وەدەرکەوتووە.)

تەمـەنی ڤـارگاس یۆسـای ٣٣ سـاڵ بوو، کـە سێیـەم نۆڤـلّی، بەناوی دەمەتـەقێی ناو کاتێدراڵ، لە ١٩٦٩ چاپ کرا. ئـەمە باسی کـوڕە وەزیرێک و ڕانەندەکەی دەکـا. هـەردووک بەڕێککەوت لە تەوێلەی سەگان بەیەک دەگەن و قسە لەگەڵ یەکتری دەکەن و ئیتر قسە قسە ڕادەکێشێ و دەچن لە باڕێکی نزیک کە ناوی کاتێدراڵە، قسـەکانی خـۆیان تەواو دەکەن. لە کـاتی قسـەکاندا، کـوڕە وەزیر دەیەوێ بزانێ باوکی چ ڕۆڵێکی لە کوشـتنی کابرایەکی پێـڕوێیی نەناسـراودا هـەبووە و لەوێوەڕا ئیـتـر هـەر قسـە دەکا و هـەر کارەساتـەکانی دەسـتی دیکتاتۆر ئاشکرا دەکا. پێداچوونی کـوڕە وەزیر ئەنجامی خـراپ دەبێ و کـەسێک بێ لێ پێـچـینـەوە دەکـوژرێ و پاشـەڕۆژیش ڕووناکیی پێـوە دیـار ناکـەوێ. نۆڤـلّەکە هێرش دەباتە سـەر دیکتاتۆرەکان و ڕوون دەکاتـەوە چۆن دیکتاتۆریی دەست بەسـەر ژیاندا دەگرێ و چۆنیش وێرانی دەکا. ئەمەیان تاڵترین نۆڤـلّی ڤارگا یۆسایە.

حـەفتاکان و ئاشـکرابوونی گاڵتـەجارِی

لە ١٩٧١، ڤارگاس یۆسا (گارسیا مارکێز: چیرۆکی بتکوژێکی Garcia Marquez: historia de un dicidio)ی بڵاو کردەوە. ئەمەیان تێزی دوکتۆراکەی بوو کە پێشـکێشی پاشکۆی زانکۆی مەدریدی کـرد. هەرچەندە ڤـارگاس یۆسـا ئەم کـتێـبـە درێژدادڕەی لەبارەی گـابریێل گـارسـیـا مـارکێـزی برادەرییـەوە نووسی کـە پاداشـتی نۆبـلی ئەدەبیی وەرگـرتبـوو، وەلێ پاشـان بۆ مـاوەی سی سـاڵ وێکڕا نەئاخـاوتن. لە ١٩٧٦، لە کۆشکی هونەریی بێـلاس، لە مـەکسـیکۆ سـیـتی، ڤـارگـاس یۆسـا مشـتێکی لە دەمی گارسـیا مارکێز دا و برادەرایەتییـەکەیانی بڕاندەوە. هیچ کـام لەم دوو نووسـەرە باسی هـۆی نـهـێنیی شـەڕەکـەیان بەئاشکرا بـۆ کـەس نەکـرد. وێنەیەکی فـۆتۆگـرافـیی گـارسـیـا مـارکێـزی بەچاوی مـۆر هـەڵگەڕاوەوە، لە ٢٠٠٧ بڵاو بووەوە و سـەرلەنـوێ باسـەکـەی لەناو خـەڵکی جـۆش داوە. هـەرچەندە دەیان سـاڵ بوو بێـدەنـگ بوون، بـەڵام لە ٢٠٠٧، ڤـارگـاس یۆسـا ڕێگەی دا بەشـێکی کـتێبـەکەی بۆ بـەرکـوڵی چلەمـین سـاڵوەگـەڕی گـارسـیـا مـارکێز بنووسـێتـەوە و پـاشـتـریش دووبـارە لە ئیسپانیا و لە هـەموو ئەمـەریکای لاتیندا بڵاو بووەوە.

لە دوای ئەم کـارە هـەرە دیارەی دەمەتەقێی ناو کاتێدراڵ، ئیـتر ڤـارگاس یۆسـا وازی لەم چەشنە

کاره ڕژدانه هێنا و چیی تر بابەتی سیاسی و کێشەی کۆمەڵایەتیی نەوروژاند. پسپۆڕی ئەدەبی ئەمەریکای لاتین، ڕایمۆند ل. ویلیەمز ئەم سەردەمە بە(وەرزی دۆزینەوەی گاڵتە) ناوزەد دەکا. یەکەم کۆششی بۆ پێکەنین، لە ١٩٧٣، نۆڤێڵی (کاپتن پانتۆپا و ئەرکی تایبەت) بوو. ئەم نۆڤێڵە کورتە قۆشمەچییە، چەند دیمەنە قسەیەک و بەڵگەنامەی سەبارەت بەهێزە چەکدارەکانی پێرو و فەیلەقێک قەحپە نیشان دەدا کە ناونووس کراون بۆ ئەوەی بۆ سەنگەرەکانی سوپا و بنکە سەربازییە دوورەدەستەکانیان ببەن. ئەمەشیان هەروەک خانووە کەسکەکە وابوو بەڵام بەشێوازێکی جودا نووسرابوو. هاندەر و ویستی نووسینی نۆڤێڵ لەوەوە هات کە ڤارگاس یۆسا بۆ خۆی بینی چۆن سۆزانییان بەکرێ دەگرتن و بۆ لەشکری پێرویان دەبردن بۆ ئەوەی لە جەنگڵەکاندا لەگەڵ سەربازان بمێننەوە.

لە ١٩٧٤ تا ١٩٨٧، ڤارگاس یۆسا خودووی خۆی خستە سەر نووسین، وەلێ هەندێ کاتیشی بۆ کار تەرخان کرد. لە ١٩٧٥، فیلمێکی کارتۆنیی لەسەر نۆڤێڵێکی خۆی دەرهێنا. ئەمەشیان نەسەرکەوتی بوو. پاشتر بەسەرۆکی ئینتەرناشنانڵ پێن Internatianal PEN هەڵبژێردرا. ئەمە کۆمەڵەی نووسەرانی سەرتاسەری دنیایە. هەر لەم سەردەمەدا، ڤارگاس یۆسا لە گەلەک دەزگای جیهانی لە کۆنفرانسان گوتاری خوێندەوە.

لە ١٩٧٧، (پووره خولیا و سیناریۆنووس (La tia Julia Y el esclibidor)، بڵاو کردەوە. ئەمەش لە بنەڕەتدا لەسەر ژنهێنانی یەکەمی خۆی بووە و باسی خولیا ئەرکیدیی کۆنە ژنەکەی دەگێڕێتەوە و نۆڤێڵەکەشی پێشکێش کردووە. هاوسەرەکەی پاشتر یاداشتەکانی خۆی نووسییەوە و ناوی کردە (ئەوەی ڤارگاسی بچووک نەیدرکاندووە Lo que Var guitas no digo) و ئەویش باسی پێوەندیی نێوانیان دەکا. ڕەخنە لە شووەکەی دەگرێ، چونکە وەکو خۆی دەڵێ، بایەخی بەو یارمەتییانە نەداوەکە پێشکێشی کردووە تا بەرهەمەکانی بنووسێتەوە. پووره خولیا و سیناریۆنووس نموونەیەکی فرە دیارە لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان و ئەندێشە لە ئەدەبدا. ئەم نۆڤێڵەش لە ١٩٩٠ لە هۆڵیوود بووە فیلم ناوی (ئاواز لە سبەینێ) بوو.

نۆڤێڵەکانی دواتر

نۆڤێڵی چوارەمی (شەڕی کۆتاییی جیهان لە ١٩٨١ بڵاو بووەوە. مێژوونووسێکی لە ڕێشەنی ڤارگاس یۆسا دەناسرێ و لەوێوە بەرەو ڕەوشتی مرۆڤی فرە گۆڕ messianism و ناعەقلان irrationalی چوو. ئەم چیرۆکە باسی مێژووی بەرازیل دەکا و چونکە نووسەرێکی غەیرە بەرازیلی نووسیتییەوە، لە بەرازیل باوی نەبوو. ڤارگاس یۆسا یێژێ، ئەمەیان ئەستەمترین کارەکانیەتی و لە هەموو کارەکانی تریشی بالاترە.

لە پاش شەڕی کۆتاییی جیهان، هەموو نووسینەکانی تری ڤارگاس یۆسا لەوانی پێشانی کورتترن. لە ١٩٨٣ (ژیانی ڕاستەقینەی ئەلیخاندرۆ مایا (ی تەواو کرد. ئەم نۆڤێڵە زەینێکی چڕ

دەداتە ئەو یاخیبوونەی لە ٢٩ ئایاری ١٩٦٢ لە شاری ئەندیانی جاوجا، قەوما. هەمان ساڵ، سەرۆکی پێرو لە ڤارگاس یۆسای خواست تا لەگەڵ کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی هەشت ڕۆژنامەوان کار بکا کە گوندنشینەکانی یوچواراکێ کوشتبوویانیان. ئامانج ئەوە بوو دوای لێکۆڵینەوە، ڕاستییەکان بەڕای گشتی بگوترێ. ڤارگاس یۆسا زنجیرەیەک گوتاری بەمەبەستی بەرگریکردن لە خۆی بڵاو کردەوە، چونکە لەو ئەرکە پشکدار بووبوو. لە ١٩٨٦ نۆڤێلێکی تری بەکۆتا هێنا. کێ پالۆمینۆ مۆلێرۆی کوشت؟(Quien mato a palomino molero) (ئەم نۆڤێلەی بەماوەیەکی کورت پاش لێکۆڵینەوە لە کوشتارەکەی گوندی یوچواراکێ نووسییەوە. ڕەخنەگران لەو بۆچوونەدان، کە ئەمەیان باسی ئەزموونی خۆی لەگەڵ کۆمیسیۆنەکە دەکا پتر لەوەی کە چیرۆکی کوشتارەکەی یوچواراکێ بگێڕێتەوە. پاشتر نۆڤێلێکی تریشی لەبارەی هەمان کوشتاری یوچواراکێ نووسییەوە و ناوی (مردن لە ئاندیز Lituma en los Andes)ی لێ نا و لە ١٩٩٣ لە بەرشلۆنە، هاتە وەشاندن.

بیست ساڵی برد تا ڤارگاس یۆسا نۆڤێلێکی تری نووسییەوە؛ (جەژنی بزن -La fiesta del chi) vo نۆڤێلێکی سیاسی بوو لە ٢٠٠٠دا چاپ بوو. بەبۆچوونی ولیەمز، لە (شەڕی کۆتاییی جیهانەوە) تا ئەو دەم، ئەمەیان تۆکمەترین و ئومێدگەیێنترین نۆڤێلی ڤارگاس یۆسا بووە. باسی دیکتاتۆرییەتیی ڕافایێڵ تروجیلۆ دەکا کە لە ١٩٣٠یەوە تا کوشتنی لە ١٩٦١، حوکمی کۆماری دۆمێنیکانی کرد. ئەم کتێبە کاریگەرییەکی گەورەی لە ئەمەریکای لاتین هەبوو، چونکە بەیەکێک لە باشترین نۆڤێلەکانی ڤارگاس یۆسا دەژمێردرێ.

لە ٢٠٠٦، ڤارگاس یۆسا (کچە خراوەکە Tra vesuras de la hina mala)ی نووسییەوە. ڕۆژنامەنووس کاترین هاریسن مکورە لەسەر ئەوەی کە ئەم چیرۆکە دووبارە نووسینەوەی (مادام بۆڤاری)یەکەی (گۆستاڤ فلاوبێرت)یە کە لە ١٨٥٦ چاپ بووە. بەڵام ڤارگاس یۆسا بەرگریی لێ دەکا و دەڵێ ئەمە ئەزموونی ئەو پەنابەرە ڕواڵەیە کە کچێکی پەنابەری ڕواڵی خۆش ویستووە و لەگەڵ مادام بۆڤاری دەیان ساڵیان بەین بووە.

ژیان و تێوەگلانی سیاسی

ڤارگاس یۆساش هاوشێوەی زۆربەی ڕۆشنبیرەکانی ئەمەریکای لاتین، لایەنگر و پشتیوانیی شۆڕشی فیدێڵ کاسترۆی کوبایان کردووە. کە لە زانکۆ قوتابی بووە، بەتێروتەسەلی مارکسیزمی خوێندووە و پاشان لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەی کوبا، هزری کۆمیونیستی هەڵگرتووە. بەڵام پەیتا پەیتا تێ گەیشتووە کە سۆشیالیزمەکەی کوبا لەگەڵ ئەوە یەک ناگرێتەوە کە ئەو بۆ خۆی بەئازادییە گشتییەکانی زانیوە. پاشان کە ڕێژیمی کاسترۆی، هێبێرتۆ پادیلای شاعیری بۆ ماوەی یەک مانگ لە ١٩٧١، زیندانی کرد، نووسەر بەڕەسمی خۆی لە ڕێژیمی کاسترۆ دوور خستەوە و لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕووناکبیران بۆ کاسترۆیان نووسی و کارەکەیان پرۆتستۆ کرد. ڤارگاس یۆسا

خـۆی بەکـەسـایەتیـیـەکی لیـبـرالّ دەزانێ نەک چەڕۆ نە ڕاسـڕۆ و لەوەتەی وازی لە چەڕۆییی جارانیشی هێناوە، هەردەم دژی دیکتاتۆریی چەپ و ڕاست بووە.

پسپۆڕی خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکان، میشا کۆکۆتۆڤیچ کە پسپۆڕی ئەدەبی لاتین ئەمەریکایە، بەکورتی دەڵێ ڤارگاس یۆسای نۆڤڵنووس بەوە ئیدانە کراوە کە(کەڵتەڕی نەتەوە ڕەسەنەکان -in digenous cultures)ی بەتەگـەرەیەکی ساکـار لە پێش تەحـقـیـقکردنی نموونەی تازەکـردنەوە ڕۆئاواییـیـەکەی خـۆی دەزانێ. لەو لێکۆڵینـەوەیەش کە تێیدا هاوبەش بوو، ئەو هەترەسانەی خـۆی بینی و ئەو کاردانەوانەی ڕاپۆرتەکانی پەیدایان کرد، نووسەریان شۆک کرد.

ڕێشـەن style دارشـتن و ئامادەکاری و بابەتە سـەرەکییەکان

ڕێشـەنی ڤارگاس یۆسـا، لە بابەتی مێژوویی و ئەزمـوونی تایبـەتی خـۆی چاوگ دەگرن. جا هەر لە ئەزمـوونی خـۆی لە ئـەکـادیمیـای سـەربازییـەوە تا دەگـاتە گـەندەڵی ناو کـۆمـەڵی پێـڕوڤی و تا دیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵ و سـەرکوتکاری ئۆپۆزیسیـۆن تا دیکتاتۆریی حوکمـڕانەکان هـەمووی باس دەکا. لە خـانووە کەسکەکە(یێ بەها ڕاگرتنی دەزگا میـرییـەکانی پێرو) بەدیار دەخا و باسی پێشێلکردنی مافەکانی پاڵە و کرێکاران دەکا کە چۆن سوپا سەرکوتیان دەکا.

لە سـەرەتا هـەر باسـی پێروی لە نۆڤـڵـەکانیدا باس دەکرد، پاشـان سـنووری بەزاند و لە شـەڕی کۆتاییی جیـهاندا بەرازیلی ئامـانجـە. لایەنی کارەکتـەرەکـانی ئەم نۆڤـڵـەی ڕیالیسـتـە و ڕێز لە ڕاسـتـیـیـە بـنەڕەتییـەکـان دەگرێ و دەڵێ: (من کـۆرم نەکـردووە،) بەڵام هەر لە هـەمـان شـوێندا دەشڵێ: (خۆ ئەمە دیرۆک نییە، ئەمە نۆڤڵە. بۆیە من ئازادیی زۆرم لە نووسینیدا هەبووە.)

نۆڤـڵـی (ڕێگەی بەهـەشت The way to paradise) لەسـەر بـنەمـای سـەربردەی چاکـسـازیی کۆمەڵایەتیی فلۆرا تریستان نووسراوەتەوە. کارەکتەرەکانی ئەم نۆڤڵە ناتوانن بەهەشت بدۆزنەوە، بەڵام خـۆ دەتوانن کـەسـانێک لەگـەڵ خـۆیان هان بدەن تا لە گـەڕاندا نەوەستن. ڕەخنـەگـر باربرا مـۆژیکا دەڵێ: (ڕێگەی بەهەشت، لە ئازایەتی کـەمـە و ناتوانێ هـەمـوو شـتـێک بڵێ، وەک پێـویست زیندوو نییە و دیدی سیاسیی کەمە و زیرەکانە نەیگێڕایتەوە.)

نووسـینەکـانی ڤـارگـاس یۆسـا وەک نوێخـاز modernist و دوانوێخـاز post modernist هاتنە ناسین. هـەندێ ڕەخنەسـاز دەڵێن کـارە سـەرەتاکانی ڤـارگـاس یۆسـا هاوچەرخ بوونە. پسـپـۆڕی ئەدەبی م. کیت بوکەر دەڵێ ئەم نۆڤڵانەی لە پێشدا نووسـیـبوویانی، هەمـوو شـێوە هەڵوێسـتێکی ڕژدبوونیان تێدا هـەیە و کـە بەڕاشکاوانە لایەنی هونـەری نوێخوازییـە. کەچی پێ دەچێ کـە نۆڤـڵـە نوێتـرەکـانی وەک پووڕە خـولیـا و سـیـناریۆنووس، هێـمـای دوانوێخـوازی تێدایە. چونکە ئەمـانە تۆنێکی زۆر سووکتر و مەزاق Farcical و گاڵتەیان تێدایە. ئەمانە کەسایەتیی دوانوێخوازینە.

کیت بوکـەر مکوڕە لەسـەر ئەوەی کە لە نـۆڤـڵـی خـانووە کەسکەکـە، ڤـارگـاس یۆسـا تەکنیکێکی تۆکمـەی ڕێشـمـەکردنی دوو دەمـەتەقێی جیاوازی کردووە و دوو وتووێژی دوو سـەردەمی جیـاوازی

بەیەکەوە نووساندووە و فلاشباکێکی تەماوی داهێناوە.

ئەمانەش هەندێک لە نووسینەکانیەتی:

* ئەندێشۆک Fiction
* ١٩٥٩ دێدەوان Los jefes
* ١٩٦٣ سەردەمی پاڵەوانەکە La ciudad Y los Perros
* ١٩٦٨ خانووە کەسکەکە (The Green House)
* ١٩٧٥ دەمەتەپێی ناو کاتێدراڵ Conversacion en la catedral
* ١٩٧٣ کاپتن پانتۆژا و ئەرکی تایبەت Pantaleon Y las visitadoras,
* ١٩٩٧ پووڕە خولیا و سیناریۆنووس La tia Julia Y el escribidor
* ١٩٨١ شەڕی کاتایی دنیا La guerra del fin del mundo
* ١٩٨٤ ژیانی ڕاستیی ئالیخاندرۆ مایتا Historia de Mayta
* ١٩٨٦کێ پالمینۆ مۆلێرۆی کوشت Quien mato Palomino molero
* ١٩٨٧هەقاتخوان El hablador
* ١٩٨٨بۆ گەورەڕاگرتنی سێپتێمبری Elogio de la madrastra
* ١٩٩٣ مردن لە ئەندێز Lituma en los Andes
* ١٩٩٧ تێبینییە نووسراوەکانی دۆن ڕیگۆبێرتۆ Los cuadernos de don Rigoberto
* ٢٠٠٠ جەژنەی بزن La fiesta del chivo
* ٢٠٠٣ ڕێی بەهەشت El paraiso en la otra esquina
* ٢٠٠٦ کچە خەراوەکە Travesuras de la nina mala
* ٢٠١٠ خەونی سەڵتی El sueno del celta
* نا–ئەندێشۆک Non- Fiction
* ١٩٧١ گارسیا مارکێز: چیرۆکی بت کوشتن Carcia Marquez: historia de un deicidio
* ١٩٧٥ فشەکەری ئەبەدی La orgia perpetua: Flauberty “Madame Bovary
* ١٩٩٠ ڕاستیی نووسەرێک La verdad de las mentiras
* ١٩٩٣ ماسیی ناو ئاو El pez en el agua. Memorias
* ١٩٩٦ شارە کۆنە خۆشەکە La utopia arcaica
* ١٩٩٧ نامەکانی بۆ نۆڤەڵنووسێکی لاو Cartas a un joven novelista
* ٢٠٠١ زمانی سۆز El lenguaje de la passion
* ٢٠٠٤ موستەحیل ڕەهاکردن La tentacion de lo imposible
* ٢٠٠٧ وەک بەرکۆڵێک بۆ لۆس ترۆس EI Pregon de Sevilla
* ٢٠٠٩ سەفەرێک بۆ ناو ئەندێشەم EI Viaje a al ficcion

هەولێری کتێب

ئاکۆ غەریب

هەواڵنامەی کێشت

نووسین و ئامادەکردنی: ئاغاله

ئاکۆ لە سەرەتای نەوەتەکان لەناو شار خۆی ناساند، بێگومان ئەو لە کۆتاییی هەشتاکان نمایشی لە شاخ و ئێران کردبوو. بەرامبەر بەناوی "ئاکۆ غەریب" شێوازی نیگارکێشانی واقیعی دێتە بەرچاومان. ئاکۆ لە ساڵی ١٩٦٢ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە و پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٥ تەواو کردووە.

ئەو کارانەی لێرەدا دەیخەینە ڕوو بە دوو قۆناخ دەیانناسێنم،

قۆناخی یەکەم

بڕێتییە لە بابەتی ڕووداوی هەشتاکان کە بەسەر کوردەکان هاتووە لە عێراقدا وەک هەڵاتن و ئەنفالکردن و بەجێمان لە کۆچ و هەڵاتندا، لەگەڵ دوا کاروانی پێشمەرگە و (هێزی پشتگیری). ئەگەر بڕوانینە ئەو کارانەی مرۆڤە بێ چارەکان چۆن بە ناچاری لە ڕێگەی هات و نەهاتی بەفر مل دەنێن. ئەو هەستەی زستان و بێ چارەییە لە جووڵەی ئەسپەکان و مرۆڤەکان و سەگە برسییەکان دەبینی لە سەرما و ترس و برسییەتیدا ئەژنۆ دەلەرزێنن و هەست بەو بواره دەکەی کە ئەوەش لە دیمەنی فیلمە سینەماییەکان دەچێ و نێگارکێشی بەبێ ترس کێشەی ئەکادیمی و پەیکەروەری (ئەنەتۆمی) خۆی کێشاوە بەو بابەتە قورس و پڕ لە جووڵانەدا. نیگارکێش خۆی لەناو ئەو ژیان و

سـروشـتـه سـەخـتـه ژیاوە. کە دەتوانین بۆ دیکۆمـێنتی ژیانی ڕۆژانی نەتـەوە و خـەڵکی بێ تاوان بەکاریان بەرین. هەرچەندە لێرەدا من مـەبەسـتم نییە بڵێم نیگارکێشـان کاری دیکۆمـێنتکردنە و جوانی و بەرزی هونەر لە بیر بکەین.

من کـە ئەو کـارانەی ئەوم یەکـەم جـار بینی لەسـەر ڕووپەڕی ڕۆژنامـەکـاندا وام زانی کـاری نیگارکێشە ڕووسـەکانە، ئەو هاتووە، کۆپیی کردووە. لە پاشـان کە خۆیم ناسـی جا تێ گەیشـتم، خۆی خاوەنی داهێنان و داڕشتنی تابلۆکانە.

قۆناخی دووەم

لە نـاوەڕاسـتی نەوەتـەکـانەوە دەست پـێ دەکـات بـەبابـەتی مـێـژووی و ڕۆژانی پاڵـەوانە کـوردە مێژوویـیەکانە کە بەرامبەر بە دوژمنانی کورد بەرهەڵستییان کردووە. کە زۆر کەم نیگارکێشـمان هەیە ئێـسـتـا ئەو بابەتانە نیگار بکێـشـن. لە سـاڵانی (حـەسـەن فـەلاح)ی کـۆچکردوو بابـەتی (بەردەقـارەمـان)ی نیگار کێشـاوە لە پـاش ئەوە نیگارکێشـێکی ترم نەبینـیوە ئەو بابەتە وەک ئاکۆ بەوردەکـاری و ئەکـادیمـی داڕێژێ بەناوی (شـەڕی دەربەندی بـازیان)، فـیـگـەرەکـانـی بەهێـزێکی ئەکادیمی سەرکەوتوو کردووە کە نزیکە لە دانانی کارەکتەرەکانی (دێلاکروا و فرۆمنتان).

دیارە من ئەو سکێـچ و دیراسـانەم بینیوە کە بۆ ئەو تابلۆیە کردوویـەتی هەروەها بیـرمـان نەچـێ تابلۆی (مامە یارە)ش هەر بەهەمان شێواز ئەنجامی داوە.

بۆیە تابلۆکانی ئەو قۆناخـەی زیاتر گێـڕانەوە و زیندووکردنەوەی سـابەتە مێژوویـیەکانە. چونکە ئاکۆ خـۆشەویستی و قوڵبوونەوەی لە چیرۆکی مێژووی بەتـەوەکـەی هەیە. هەر بۆیە دوو کـۆڕاسـەی لەسـەر شێوازی بیناسازی و ڕابردووی مێژووی شارستانی کوردی لە کوردستانی عێراقدا بە چاپ گەیاندووە (تەلارسازی لە هەولێر و تەلارسازی لە کۆیە) ناویانە.

هەروەها ئاکۆ غەریب یەکێکە لەو نیگارکێشە بەتوانایانە لە کاری (ڕەنگی ئاوی) کە هێـزی فلـچە و ڕۆنی ڕێگەکانی جوانترین شـێوازی ڕەنگی ئاویـی بەرجەسـتە کردووە کە من بەسـەرکـەوتووترین نیگارکێشی کوردی دەبینم لە سروشتدا.

شەڕی بەر دەرکی سەرا

شەڕی دەربەندی بازیان

مامەیارە

پانۆرامای ئەنفال

شاخی پیرەمەگرون

گەڕەکی قەزازەکان لە سلێمانی


هەوالنامەی کتێب

پانۆرامای ئەنفال

پانۆرامای ئەنفال

پانۆرامای ئەنفال

شەقامی پیرەمێرک لە سلێمانی



ڕەنگی ئاوی، سروشت

ڕەنگی ئاوی، سروشت



شەرەفخانی بدلیسی

نالی شاعیر



کوردی شاعیر

پۆرترێتی هونەرمەند

هەندێک زانیاری لەبارەی ئەکادیمیای سوێدی و ''خەڵاتی نۆبل''ەوە

کورتەیەکی مێژوویی

ئەکادیمیای سوێدی ساڵی ١٧٣٩ گوستافی سێیەم دایمەزراند. لە ٢٠ی ئادار لە شووڕای پاشایەتی نامەیەک خوێنرایەوە، تێیدا شا ڕای گەیاندبوو کە بڕیاری داوە ئەکادیمیای سوێدی دابمەزرێ و هەژدە ئەندامی هەبێ. پاشان ناوی ئەو سێزدە ئەندامە خوێنرایەوە، کە شا خۆی هەڵی بژاردبوون. لە ٥ی نیساندا بە فەرمی ئەکادیمیای سوێدی ڕاگەیانرا.

پێڕەوی ئەکادیمیا، کە بەشی زۆری شا خۆی نووسیبووی، زۆر لە ڕێساکانی ئەکادیمیای فرەنسایی دەچێ. ئەرکی سەرەکیی ئەوە بێ، کە کار لەسەر "پاکی، بەهێزی و گەورەیی" زمانی سوێدی بکات. واتە، پاراویی، دەربڕین و ناواریی. بۆ ئەوەی بەم ئامانجە بگات، دەبێت ئەکادیمیا فەرهەنگێکی وشە و ڕێزمانێک دابنێ. بێجگە لەمەیش دەبوو ئەکادیمیا پێشبڕکێی ساڵانە لە ڕەوانبێژی و هونەری شیعر لەبارەی بابەتی دیارکراودا، ساز بکا.

بەڵام گوستافی سێیەم مەبەستێکی نیشتمانپەروەرییشی لە ئەکادیمیادا هەبوو. هەموو ساڵێک مێدالیایەک دروست بکرێ و کتێبێک لەبارەی ژیانی ناوداڕێکی سوێدییەوە بنووسێ. هەروەها ڕۆژی ئەکادیمیا ١٢/٢٠ یاد بکرێتەوە، کە ڕۆژی لەدایکبوونی گوستافی ئەدۆلفی دووەمە.

لەم ڕۆژەدا بە کۆبوونەوەیەکی گشتیی، یاد دەکرایەوە. هەموو ئەندامانی کۆشکی شایەتی و پایەدارەکان ئامادە دەبوون و ڕەونەقێکیان دەبەخشییە، ئاهەنگەکە. ئەوانەی لە ڕەوانبێژی و هونەری شیعردا خەڵات دەکران زۆر کاریان لە بەشداربووەکان دەکرد. بێگومان شتێکی تری ئەو ڕێورەسمە خوێندنەوەی یاداشت بوو.

(*) ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی

سالانی سەرەتا، بۆ ئەکادیمیا سەردەمێکی باش بوو. شا بە جیدی لە خەمی ئەکادیمیاکەیدا بوو و بە زۆر شێوە یارمەتی دەدا. بە ئامەدەبوونی لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا، ڕەونەقی پێ دەبەخشی و زۆرجاریش لە کۆبوونەوە داخراوەکانی هەفتانەیشدا بەشدار دەبوو.

دوای مردنی گوستافی سێیەم لە سالی ١٧٩٢ باری ئەکادیمیا خراپ بوو و تەنانەت لەبەر هۆی سیاسی دوو سال لە کارکردن کەوت. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو هەژدە کەسە پایەی خۆیان وەکو شیاوترین کەس لە بواری ئەدەب و زماندا هێشتەوە.

لە سالانی ١٨١٠ لەلایەن نوێنەرانی ڕەوتی نوێی ئەدەبییەوە، ئەکادیمیا دووچاری پەلاماری توند بوو و دەیەیەکیش دواتر لاوازییەک لە کاروبارەکانی هاتە پێشەوە. سکرتێری هەمیشەیی "نیلس ڤون ڕووسێنستێین"، کە هەر لە دامەزراندنەوە هەتا تەمەنی پیریی ئەو پۆستەی هەبوو.

یەکەم جار سالی ١٨٣٤ ئەکادیمیا سەرۆکێکی بەهێز و بە توانای هەڵبژارد. ئەوسا "بێرنهارد ڤون بێسکۆ" بوو بە سکرتێر. لەو ماوەیەی ئەو سکرتێر بوو کاروبارەکان چالاکتر بوون و ناوودەنگی ئەکادیمیا لای ڕای گشتی باشتر بوو.

لە دوای مردنی بێسکۆ لە سالی ١٨٦٧دا، هەتا سالی ١٨٨٤ ئەکادیمیا بێ سکرتێر بوو، ئەوسا "کارڵ داڤید ئاف ویرسێن" کارەکەی پێ سپێردرا. لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا ئەدەبی سوێدی دەوڵەمەندتر بووبوو، زۆر شاعیری گەورەیش بۆ ئەکادیمیا هەڵبژێردرابوون. بەڵام ئەکادیمیا لای نووسەرانی نەوەی نوێ خۆشەویست نەبوو، "کارڵ داڤید"یش کە کاریگەریی زۆر بوو لە ئەکادیمیا، هیچ شتێکی وای بۆ ئەو ڕەوتە ئەدەبییە نوێیانە نەبوو.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، دوای دوودڵییەک، ئەکادیمیا ئەرکێکی خستە ئەستۆی خۆی، کە کاروباری ئەو نەبوو و هێز و کاتێکی زۆری دەبرد: بەخشینی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبڵ. کە ئەلفرێد نۆبڵ سالی ١٨٩٦ لە ئیتاڵیا، لەناو ڤیلاکەیدا مرد، لە وەسیەتنامەکەیدا ئەرکی بەخشینی خەڵاتی بە ئەکادیمیا سپاردووە.

لە دوا نیوەی سەدەی بیستدا کاری ئەکادیمیا بایەخدانێکی بەرچاوی بە ئەدەب داوە. ڕێژەی نووسەر لەناو ئەکادیمیا زیادی کردووە. لەمێژە پێشبڕکێی هونەری شیعر و ڕەوانبێژی نەماون، بەڵام بەخشینی ئەو خەڵاتە ئەدەبییانەی کە بوونەتە ئەرکی ئەوان، زیادی کردووە. ئەمەیش وای کردووە کە ئەندامەکان دەبێ کاتێکی زۆر بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی پاڵێوراوەکان دابنێن. ئەمەیش بەتایبەت "خەڵاتی نۆبڵ" دەگرێتەوە کە بووە بە گرینگترین کاری ئەکادیمیا.

بایەخی میدیا بە ئەکادیمیا لەبەر ئەو تایبەتمەندییەی، کە ئەو "خەڵاتی نۆبڵ" لە ئەدەبدا دەبەخشێ، وای کردووە کە ئەکادیمیا و ئەندامەکانی، کەوتوونەتە ژێر چاودێرییەکی چڕی ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە.

هەولێری کتێب

پێڕەوەکان

بەشی زۆری پێڕەوەکانی ئەکادیمیای سوێدی شا گوستافی سێیەم خۆی دای ڕشتووە تا ڕادەیەکی زۆر لە پێڕەوەی ئەکادیمیای فەرەنسایی دەچێ.

ئامانجی سەرەکیی ئەکادیمیا ئەوەیە کە "کار بۆ پاکیی، بەهێزیی و شکۆمەندیی زمانی سوێدی بکات"، لێرەدا وشە سەرەکییەکان "پاکیی، هێز و شکۆمەندییە"، بە زمانی نوێ نزیکەی دەبن بە "پاراویی، دەربڕین و ناوداریی" لە پێڕەودا ئەکادیمیا ڕاسپێردراوە کار لەسەر دانانی فەرهەنگێکی وشە و ڕێزمانێک بکات. بێجگە لەمەیش سالانە پێشبڕکێ لەسەر بابەتی دیارکراوی ڕەوانبێژی و هونەری شیعردا ساز بکات. مەبەست وا بوو کە ئەکادیمیا وەک دادگەیەکی بالای چێژوەرگرتن بێ.

هەر لە پەرەگرافی یەکەمدا هاتووە، کە ئەکادیمیا هەژدە ئەندامی هەیە. ئەوە زانراوە کە گوستافی سێیەم سەرەتا وای نیاز بوو، بیست بێ، نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەکادیمیای فەرەنسایی. بۆ لە ئاکامدا لەسەر هەژدە وەستا، تەواو ڕۆشن نییە. بەڵام زانیارییەکی کۆن هەیە، کە ئەو بۆیە ئەو ژمارەیەکی هەڵبژارد، چونکە ئەو پێی وا بوو گوتنی وشەی "هەژدە" لە بۆنە فەرمییەکاندا، زۆر لە "بیست" بەئاوازترە.

گوستافی سێیەم هەر خۆی سێزدە ئەندامی یەکەمی هەڵبژاردبوو. مەبەست وا بوو کە ئەوان خۆیان پێنج ئەندامەکەی تر هەڵبژێرن و پاشانیش کە کورسی چۆڵ دەبێ بە هەڵبژاردنی ئەندامی نوێ خۆیان نوێ بکەنەوە. بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکە ڕەوای هەبێ، بۆ پەسندکردن دەخرێتە بەردەست شا، کە پارێزەری ئەکادیمیایە. لە پێڕەوەکاندا بە ڕوون سپاسکرا هاتووە، کە کەس ناتوانێ داوا بکات بە ئەندامی ئەکادیمیا هەڵبژێردرێ، هیچ ئەندامێکیش ناتوانێ گفت بدا دەنگ بە پالێوراوێک بدات.

ئەندامێتی دەبێ هەتاهەتایە بێت. پێڕەوەکان تەنیا دوو ڕێگەیان داناوە بۆ دەرچوون لە ئەکادیمیا: مردن و دەرکردن. دەرکردن لەبەر دوو هۆ دەبێ: یەکێکیان سەرپێچیکردن لە پەیامی یاسا و موڕاڵ و ئەوی تریان سەرپێچیکردنە لە "پاراستنی نهێنی" کە هەموو کاروبارە ناوەخۆییەکانی ئەکادیمیا دەگرێتەوە.

کۆبوونەوەکانی ئەکادیمیا

ئەکادیمیای سوێدی دوو جۆر کۆبوونەوەی هەیە: گشتی (بەرانبەر بە جەماوەر) و تایبەت (کە هەر خۆیانن). کۆبوونەوەی گشتی سالی یەک جارە و لە ڕۆژی ئەکادیمیا، لە ١٢/٢٠ دەبێ. کۆبوونەوە تایبەتەکان هەفتەی یەک جارە، بێجگە لە پشووی جەژن و مانگەکانی هاویندا، کە ئەوسا ئەکادیمیا پشووی هەیە.

کۆبوونەوە تایبەتەکان

لە ماوەی ساڵێکی کارکردندا، هەموو ڕۆژانی پێنجشەمە کاتژمێر پێنجی ئێوارە کۆبوونەوە دەکەن. ئەم کۆبوونەوانەی هەفتانە، کە نزیکەی کاتژمێرێک و نیو دەخایەنێ، کۆبوونەوەی داخراون. بێجگە لە ئەندامەکان، کەسی تر بۆی نییە لەو کۆبوونەوانەدا بەشدار بێت. "بێجگە لە شا، یان منداڵی شای بێگانە ئەگەر ئارەزوویان هەبێ ئەکادیمیا ئەو شانازیی پێ بدرێت" وەک کە لە پێڕەودا هاتووە.

بەرنامەی کار لە کۆبوونەوەیەکی ئاساییی هەفتانەدا نزیکەی پازدە خاڵ دەبێ، بەشی زۆری کاتی کۆبوونەوەکان گفتوگۆکردن دەبێت لەبارەی ئەو هەموو خەڵات و کۆمەکەی ئەکادیمیا دەیانبەخشێ.

لە ماوەی ساڵێکی کارکردندا، زۆرجار "خەڵاتی نۆبڵ" گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێ. لە بەهاردا لیستی پێشنیازکراوەکان و پاڵێوراوەکانی "کۆمیتەی نۆبڵ" گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت و پەسند دەکرێن. لە سەرەتای پایزدا دەنگ بڕیار بدرێت و ناوی وەرگری "خەڵاتی نۆبڵ" ئاشکرا بکرێت. پاشان ئامادەکاریی دەکرێ بۆ ئاهەنگی بەخشینی خەڵاتەکە لە ١٢/١٠.

لە دوای هەموو کۆبوونەوەیەکدا، سکرتێر پرۆتۆکۆل دەنووسێتەوە کە چی کراوە. هەتا ئێستایش پرۆتۆکۆلی ئەکادیما سکرتێر خۆی بە دەستدەینووسێ و لەناو فایلی ساڵانەدا دادەنرێ، کە لە ئەرشیڤی ئەکادیمیاد دەپارێزرێ. پرۆتۆکۆلەکان وەموو بەڵگەیەک کە پێوەندیی بە کاری ناوەخۆی ئەکادیمیاوە هەیە، نهێنیی ڕەهای دەکەوێتە سەر.

بەشداربوون لە کۆبوونەوەی هەفتانە بێ پاداشتە بەڵام لە پێڕەودا دەڵێ کە لە هەر کۆبوونەوەیەکدا ١٨ مێدالیای زیو، کە وێنەی دامەزرێنەری لەسەرە، وەک یەک بەسەر ئامادەبووەکاندا دابەش دەکرێن. دەتوانرێ هەڵبگیرێن، یان بە پارە بگۆڕدرێنەوە. لە سەرەتادا بەهایان کەم نەبوو. بەڵام ئێستا لە کاتی گۆڕینەوەیاندا، نرخێکی سیمبولی دەدرێ. بێجگە لە مێدالیا، ئەندامەکان خەرجی هاتوچوونیان بۆ کۆبوونەوەکان دەدرێتەوە.

ئەندامانی ئەکادیمیای سوێدی

ئەکادیمیای سوێدی هەژدە ئەندامی هەیە. دەڵێن گوستافی سێیەم سەرەتا وای نیاز بوو بیست بێ، نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەکادیمیای فرەنسایی، بەڵام پاشان بڕیاری دا هەژدە بن، چونکە ئەم وشەیە خۆشتر دەزرینگایەوە. ئەندامیەتی ئەبەدییە و ئەندامەکان ناتوانن دەست لە کار بکێشنەوە.

هەڵبژاردن بۆ ئەندامیەتی ئەکادیمیا بە دەنگدانی نهێنی دەبێ و بەر لەوەی ئەنجامەکەی

ڕابگەیەنرێ، بۆ ڕەزامەندیی، لە بەردەم شا کە پارێزەری ئەکادیمیایە، دادەنرێ.

سەرەتا نووسەران کەمینە بوون و زۆربەی ئەندامان فەرمانبەری پلە بڵند بوون. دەکرێت نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، بە سەردەمی شاعیرە گەورەکان بناسرێ لە ئەکادیمیای سوێدیدا، بەڵام نیوەکەی تری سەدەکە بەشێوەیەکی بەرچاو زانای تێدا بوو، بەتایبەت مێژوونووس و زمانناس. لە سەدەی بیستدا بەشی نووسەران زیادی کرد، تا لە کۆتاییی سەدەکەدا ژمارەیان لە نیوەی ئەو هەژدەیە زێتر بوو. ئێستایش وا باوە زمانناس، ئەدەبناس و مێژوونووس هەبن. تێیدا ڕەگەزی ژن دیارکراو بووە: هەتا ئێستا هەشت ژن بۆ ئەندامیەتی ئەکادیمیا هەڵبژێردراون. (شەش لەو هەشتە ئێستا ئەندامن.)

ئەندامانی ئێستای ئەکادیمیا:

کورسیی ژمارە ١ نووسەر، لۆتا لوتاس، ١٩٦٤/٢/٢٨ (ساڵی ٢٠٠٩ هەڵبژاێردرا)

کورسیی ژمارە ٢ پرۆفیسۆر، بو ڕالف ١٩٤٥/١٠/٤ (ساڵی ١٩٩٩ هەڵبژاێردرا)

کورسیی ژمارە ٣ پرۆفیسۆر، ستۆرێ ئەلێن، ١٩٢٨/١٢/٣١ (ساڵی ١٩٨٠ هەڵبژێردرا)

کورسیی ژمارە ٤ پرۆفیسۆر، ئەندێرس ئولسۆن، ١٩٤٩/٦/١٩ (ساڵی ٢٠٠٨ هەڵبژێردرا)

کورسیی ژمارە ٥ پرۆفیسۆر، یۆران مالمکڤیست، ١٩٢٤/٦/٦ (ساڵی ١٩٨٥ هەڵبژێردرا)

کورسیی ژمارە ٦ نووسەر، بیرگیتا تروتزیگ ١٩٢٩/٩/١١ (ساڵی ١٩٩٣ هەڵبژێردرا)

کورسیی ژمارە ٧ پرۆفیسۆر، کنوت ئانلوند، ١٩٢٣/٥/٢٤ (ساڵی ١٩٨٣ هەڵبژێردرا)

کورسیی ژمارە ٨ نووسەر، یێسپەر سڤێنبروو ١٩٤٤/٣/١٠ (ساڵی ٢٠٠٦ هەڵبژێردرا)

کورسیی ژمارە ٩ نووسەر، تۆرگنی لیندگرێن ١٩٣٨/٦/١٦ (ساڵی ١٩٩١ هەڵبژێردرا)

کورسیی ژمارە ١٠ پرۆفیسۆر، پێتەر ئێنگلوند ١٩٥٧/٤/٤ (ساڵی ٢٠٠٢ هەڵبژێردرا)

سکرتێری هەمیشەیی

کورسیی ژمارە ١١ پرۆفیسۆر، ئوف لیندێ ١٩٢٩/٤/١٥ (ساڵی ١٩٧٧ هەڵبژێردرا)

کورسیی ژمارە ١٢ نووسەر، پار ڤێستبێرگ ١٩٣٣/١١/٢٠ (ساڵی ١٩٩٧ هەڵبژێردرا)

کورسیی ژمارە ١٣ پرۆفیسۆر، گوننێل ڤالکڤیست ١٩١٨/٦/١٩ (ساڵی ١٩٨٢ هەڵبژێردرا)

کورسیی ژمارە ١٤ نووسەر، کریستینا لوگن ١٩٤٨/١١/١٤ (ساڵی ٢٠٠٦ هەڵبژێردرا)

کورسیی ژمارە ١٥ نووسەر، شاشتین ئێکمان ١٩٣٣/٨/٢٧ (ساڵی ١٩٧٨ هەڵبژێردرا)

کورسیی ژمارە ١٦ پرۆفیسۆر شێل ئێسپمارک ١٩٣٠/٢/١٩ (ساڵی ١٩٨١ هەڵبژێردرا)

هەوڵنامەی کێبڕکێ

کورسیی ژمارە ١٧ پرۆفیسۆر، هۆراس ئێنگدالْ ١٩٤٨/١٢/٣٠ (١٩٩٧ هەڵبژێردرا)

کورسیی ژمارە ١٨ نووسەر، کەتارینا فرۆستێنسۆن ١٩٥٣/٣/٥ (ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژێردرا)

دامەزراوەی نۆبڵ

دامەزراوەی نۆبڵ دامەزراوەیەکی تایبەتە، ساڵی ١٩٠٠ لەسەر بنەچەی وەسیەتنامەی نۆبڵ و پێڕەوەکانی پاشکۆی وەسیەتنامەکە، دامەزرا. حەوت ئەندام بە ڕیوەی دەبات، کە هاونیشتمانی سوێدی یان نەرویجین. ئەرکی سەرەکیی ئەم دامەزراوەیە، ئەوەیە بە شێوەیەکی باش سەرپەرشتی ئەو سامانەی ئەلفرێد نۆبڵ بکات و سوودی ساڵانەی وەک خەڵات دابەش بکرێت. هەروەها بەرژەوەندیی هاوبەشی خەڵاتدەرەکان بپارێزێت، کە لە وەسیەتنامەکەدا هاتووە. ئەرکی تریشی ئەوەیە زانیاریی بڵاو بکاتەوە و ساڵانەیش ئاهەنگی "خەڵاتی نۆبڵ" بە ڕێوە ببات.

ئینستیتوتی نۆبڵ

ئەکادیمیا "ئینستیتوتی نۆبڵ"یشی دامەزراند، کە پسپۆڕی ئەدەبیی زمانی جودای تێدایە، یەکێک بۆ فرەنسایی و ئیسپانی، یەکێکیش بۆ ئینگلیزی و هۆڵەندی، یەکێک بۆ پورتوگالی، یەکێک بۆ ئەڵمانی و سکەندەڤیافی و یەکێکیش بۆ ئەدەبی ئیتاڵی. ئەرکی پسپۆڕەکان ئەوەیە کە هاوکاریی کۆمیتەی نۆبڵ بکات، لەبارەی نووسەرە پێشنیازکراوەکان و ڕا و بۆچوونیان بنووسن. واتە هەڵسەنگاندنێکی زانستی لەسەر بەرهەمی نووسەرە پێشنیازکراوەکان بنووسێ.

کۆمیتەی نۆبڵ

ئەکادیمیای سوێدی لە کارەکانی نۆبڵدا، "کۆمیتەی نۆبڵ"ی هەیە، کە لە ٤ –٥ ئەندامی ئەکادیمیا پێک هاتووە و بۆ سێ ساڵ دانراون. ئەرکی کۆمیتەکە ڕێکخستنی گفتوگۆکانی خەڵاتە لە ئەکادیمیادا، بەوەی کە ناوی پێشنیازە گەیشتووەکان بنووسێ، ڕێکیان بکات و پێشکێشیان بکات، هەروەها لێکۆڵینەوەی جودایان لەبارەوە بکات و لە کۆتاییشدا ڕا و بۆچوونی خۆی لەبارەی بڕیاری خەڵات بگەیەنێتە ئەکادیمیا.

نهێنی

هەموو دۆکۆمێنتەکانی ئەکادیمیای سوێدی کە پێوەندییان بە "خەڵاتی نۆبڵ"ەوە هەیە، هەروەها ڕێنوێنییەکانی کۆمیتەی نۆبڵ و ڕا و بۆچوونی پسپۆڕەکان و نامەی نێوان ئەندامانی ئەکادیمیا و پێشنیازەکان، پەنجا ساڵ نهێنییان لەسەرە.

هەوالنامەی کتێب

چۆن وەرگری'' خەڵاتی نۆبڵ'' هەڵدەبژێردرێ

بۆ ئەوەی بەخشینی "خەڵاتی نۆبڵ" بە کەسێک باسی لێوە بکرێت، دەبێ ئەو کەسە کەسێکی شایستە ئەوی پێشنیاز کردبێ. ئەوانەی بۆیان هەیە پاڵێوراو پێشنیاز بکەن بۆ "خەڵاتی نۆبڵ" ئەمانەن:

* ئەندامانی ئەکادیمیای سوێدی و ئەکادیمیا، دامەزراوە و ڕێکخراوی تر، کە پێکهاتە و ئەرکی هاوشێوەی ئەکادیمیای سوێدی هەبێ.
* پرۆفیسۆرەکانی ئەدەب و بابەتە زمانەوانییەکان لە زانکۆ و خوێندنەگە باڵاکاندا.
* ئەوانەی پێشتر "خەڵاتی نۆبڵ" یان لە ئەدەبدا وەرگرتووە.
* سەرۆکی ڕێکخراوەکانی نووسەران کە نوێنەرایەتیی گەشەی ئەدەبی دەکەن لە وڵاتی خۆیاندا.

پێشنیاز لەلایەن خەڵکی سەر بەشوێنی ترەوە، بێجگە لەمانە، ڕەچاو ناکرێ. ناشکرێ خۆت وەک پاڵێوراو پێشنیاز بکەیت، واتە "خەڵاتی نۆبڵ" داوا ناکرێت.

پێشنیاز بۆ پاڵاوتن دەبێت پێش ١ی شوبات گەیشتبێ، بۆ ئەوەی بکرێت لە ماوەی ساڵدا ڕەچاو بکرێ. لەگەڵ پێشنیازەکەدا ڕوونکردنەوەیەک هاوپێچ بێت، بەڵام مەرج نییە. پێشنیازە گەیشتووەکان دەکەونە ژێر نهێنی ڕەهاوە.

ئەکادیمیای سوێدی لە کارەکانی نۆبڵدا، "کۆمیتەی نۆبڵ"ی هەیە، کە لە ٤ – ٥ ئەندامی ئەکادیمیا پێک هاتووە و بۆ سێ ساڵ دانراون. ئەرکی کۆمیتەکە ڕێکخستنی گفتوگۆکانی خەڵاتە لە ئەکادیمیادا، بەوەی کە ناوی پێشنیازە گەیشتووەکان بنووسێ، ڕێکیان بکات و پێشکێشیان بکات، هەروەها لێکۆڵینەوەی جودایان لەبارەوە بکات و لە کۆتاییشدا ڕا و بۆچوونی خۆی لەبارەی بڕیاری خەڵات بگەیەنێتە ئەکادیمیا.

بۆ ئەوەی کاروباری پاڵاوتن بەردەوامیی هەبێ، "کۆمیتەی نۆبڵ" لە پایزدا نامە بۆ ٦٠٠–٧٠٠ کەس و ڕێکخراو دەنێرێ، کە مافی پێشنیازیان هەیە و داوایان لێ دەکرێت کە بۆ خەڵاتی ساڵی داهاتوو پاڵێوراو دیار بکەن.

هەموو ساڵێک نزیکەی ٣٥٠ پێشنیاز دەگات. زۆرجار هەمان ناو لە زۆر پێشنیازدا هاتووە و ژمارەی پاڵێوراوەکان نزیکەی ٢٠٠ کەس دەبن. بۆ ئەوەی پاڵێوراوکردنێک ڕەوایی هەبێ، دەبێ هەموو ساڵێک تازە بکرێتەوە. زۆرجار وا دەبێ کە هەمان پاڵێوراو جار لە دوای جار پێشنیاز دەکرێتەوە، هەتا ئەو کەسە خەڵاتەکەی پێ دەبەخشرێ یان ئەوانەی پێشنیازیان کردووە بێ هیوا دەبن، یانیش پاڵێوراوەکە دەمرێ.

کە پێشنیازێک دەگات، یەکەم ئەرکی "کۆمیتەی نۆبڵ" لێپێچینەوە لەوە دەبێت کە بزانێ، لەلایەن

کەسێکی شایستەوە هاتووە. ئەگەر لەلایەن کەسێکی شایستەوە نەهاتبێ، پێشنیازەکە بە لاوە دەنرێت و لە داهاتوودا ڕەچاو ناکرێ. لە پێشنیازە پەسندکراوەکان لیستێک ئامادە دەکرێ، کە لە سەرەتای شوبات دەدرێتە ئەکادیمیا. دوای ئەوەی کە ئەکادیمیا لیستەی پێشنیازی پەسند کرد، "کۆمیتەی نۆبڵ" کاری لەسەر دەکات.

هەر زوو زۆر ناوی ناو لیستی پێشنیاز لا دەبرێن. هۆیەکانی ئەمە جودان. ڕەنگە هەندێک لەو پێشنیازکراوانە لێکۆڵەر بن کە نووسینەکانیان مەرجەکانی بەهای ئەدەبییان نییە، هەندێکی تریان ڕەنگە بێگومان بەرهەمی ئەدەبی بن، بەڵام ئەو جۆرایەتییە باشەی نییە، کە پێویستە، بۆ ئەوەی لەبارەی خەڵاتەکەوە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێ، هەندێکی تر لەبەر هۆی تر، کە ئەدەبی نین پێشنیاز کراون. (سیاسی، ئایدیۆلۆجی، ناسیونالیی ... هتد)

ئەو پاڵێوراوانەی دوای ئەم بژارکردنە دەمێننەوە، لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەر دەکرێ. ئەگەر نووسەرێک لای ئەکادیمیاوە زۆر نەناسراو بێت، دەکرێت بە ڕێگەی "کۆمیتەی نۆبڵ"ەوە داوای ڕا و بۆچوونی خەڵکی شارەزا بکرێ. ئەگەر پاڵێوراو بە زمانێک بنووسێ کە ئەندامانی ئەکادیمیا نایزانن و تەرجەمەی باشیشی نەبێ، دەکرێ ئەکادیمیا کاری تەرجەمەکردن بسپێرێ.

ئەنجامی کاری "کۆمیتەی نۆبڵ" لە لیستی پێشنیاز، لە نیساندا لیستی سەرەتایی ناوی پێشنیازکراوەکان پێشکێشی ئەکادیمیا دەکرێ، کە وا باوە ١٥–٢٠ ناو دەبێ.

دوای ئەوەی ئەکادیمیا لیستی سەرەتاییی پێشنیازکراوەکانی پەسند کرد، دیسان "کۆمیتەی نۆبڵ" کار لەسەر ئەم لیستەیە دەکات و لە کۆتاییی مانگی ئایاردا کۆمیتەکە پێشنیازی خۆی بە لیستێکی ناوی نووسەرە شایستەکان پێشکێش دەکات. لەم لیستەیەدا، کە وا باوە پێنج ناو بێ، ئەکادیمیا خۆی دەتوانێ بیگۆڕێ و زیادی بکات. لەو کاتەدا دوا کاری ئەکادیمیا ئەوەیە ئەو لیستەیە پەسند بکات.

ئیتر لە هاویندا ئەندامانی ئەکادیمیا دەبێ بەرهەمی ئەو پاڵێوراوانەی ماونەتەوە بخوێننەوە، ئەگەر پێشتر نەیانخویندبێتەوە: وا باوە زۆر ناوی گرینگ سااڵ لە دوای سااڵ لە دوا لیستدا هەیە و لە حاڵەتی وایشدا ئەوە بەسە لەوە بکۆڵدرێتەوە کە لە ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی بااڵو کردووەتەوە و ئایا پایەی ئەوی بەهێز کردووە، یان بێ هێز. بێجگە لەمەیش، هەر یەکێک لە ئەندامانی "کۆمیتەی نۆبڵ"یش بۆ هەر یەکێک لە پاڵێوراوەکان هەڵسەنگاندنێک دەنووسن، کە لە یەکەم کۆبوونەوەی پاییزدا دەدرێتە ئەکادیمیا.

کە لە دوای پشووی هاویندا ئەکادیمیا کۆدەبێتەوە، پێویستە ئەندامانی ئەکادیمیا زۆر باش خوێندبێتیانەوە. یەکەم کۆبوونەوەی پایز لە ناوەڕاستی ئەیلوول دەبێ و لەبەرئەوەیش ئێستا بڕیاری بەخشینی خەڵاتەکەیش لە سەرەتا، یان ناوەڕاستی ئۆکتۆبەر دەدرێ، لە ڕاستیدا چەند

هەفتەیەکیان بەدەستەوەیە گفتوگۆ بکەن و بڕیاریان بدەن. بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی خەڵاتوەرگر پەسند بکرێ، پێویستە پاڵیوراوێک زێتر لە نیوەی دەنگە دراوەکان بهێنێ.

وەسیەتنامەی نۆبڵ

ئەلفرێد نۆبڵ، لە دوا دە ساڵی ژیانیدا، سێ وەسیەتنامەی لە یەکتری جودای نووسیی. بەڵام دوا وەسیەتنامە ئەوانەی پێشووی بەتاڵ کردووەتەوە. ساڵی ١٨٩٥، دەمێک بوو لە ئیتاڵیا دەژیا. لە پایزی ئەو ساڵەدا دوو مانگ لە پاریس بوو. لەوێ دوا وەسیەتنامەی نووسیی، کە چوار لاپەڕەیە و مێژووی ١٨٩٥/١١/٢٧ی لەسەرە.

سامانی کۆکراوەی نۆبڵ سی و سێ میلیۆن کرۆنی سوێدی بوو، کە دەکاتە نزیکەی پێنج میلیۆن دۆلاری ئێستا، بەڵام ئەوسا بەهای ئەو مەبلەغە بەقەد چەند میلیارد دۆلارێکی ئێستا دەبوو. کە سەرەتای ساڵی ١٨٩٧ وەسیەتنامەی نۆبڵ ئاشکرا کرا، خەڵکی سوێد و جیهان سەریان سوڕما، کە هەموو سامانی بەخشیوەتە سندووقێک، کە سوودەکەی ساڵانە وەک خەڵات بەسەر ئەو کەسانەدا دابەش بکرێت کە " کە ساڵی پێشتر گەورەترین خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە". لە پەرەگرافێکی وەسیەتنامەی ئەلفرێد نۆبڵ نووسراوە، کە:

"هەموو سامانی ماوەم کە دیار دەکرێن بەم شێوە بە ڕێ ببرێن: ئەو سامانەی لێکۆڵەرەکان دیاریان کرد بکرێنە سەنەد، سندووقێک پێک دەهێنرێ، ساڵانە سوودەکەی وەک خەڵات دەبەخشرێتە ئەوانەی، کە ساڵی پێشتر گەورەترین خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە. سوودەکە بەسەر پێنج بەشی وەک یەکتری دابەش دەکرێ، کە وا دابەش دەکرێ: بەشێک بۆ ئەو کەسەی، کە لە بواری فیزیادا گرینگترین دۆزینەوە یان داهێنانی کردووە، بەشێک بۆ ئەو کەسەی، کە گرینگترین دۆزینەوەی کیمیای، یان پێشوەچوونی کردووە، بەشێک بۆ ئەو کەسەی، کە گرینگترین دۆزینەوەی لە بواری فیسیۆلۆجی، یان دەرماندا کردووە، بەشێک بۆ ئەو کەسەی، کە لە ئەدەبدا نایابترین بەرهەمی بە ئاراستەی نموونەیی بەرهەم هێناوە. بەشێکیش بۆ ئەو کەسەی، کە زیاتر، یان باشتر بۆ برایەتیی گەلان و نەهێشتن یان کەمکردنەوەی سوپای هەمیشەیی و دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی کۆنگرێسی ئاشتی.

خەڵات بۆ فیزیا و کیمیا "ئەکادیمیای زانستیی سوێدی" دەیانبەخشێ، بۆ کاری فیسیۆلۆجی یان دەرمان "ئینستیتوتی کارۆلینی لە ستۆکهۆلم" دەیبەخشێ. بۆ ئەدەب لەلایەن ئەکادیمیاوە لە ستۆکهۆلم هەروەها بۆ تێکۆشەری ئاشتی لەلایەن لیژنەیەکی پێنج کەسییەوە، کە "ستور تینگی نەرویج "پەرلەمانی نەرویج" هەڵیان دەبژێرێ. ئەمە خواستی ڕوونی منە کە لە کاتی بەخشینی خەڵاتەکاندا بایەخ نەدرێ بەهیچ جۆرێک ئینتیمای قەومی واتە شایستەترین کەس خەڵات وەربگرێ، ئەو کەسە یان سکاندەنافیاییە یان نا."

پاریس ۲۷ ی تشرینی دووەم ۱۸۹۵

ئەلفرێد بیرنهارد نۆبڵ

لەبەرئەوە خەڵاتی ئاشتی لە نەرویج دەدرێ، چونکە ئەو کاتەی ئەلفرێد نۆبڵ ساڵی ۱۸۹۵ وەسیەتنامەکەی نووسیی و کە دامەزراوەی نۆبلیش لە ساڵی ۱۹۰۰ دامەزرا، سوێد و نەرویج یەکەتیی نیشتمانیان هەبوو. ساڵی ۱۹۰۵ یەکەتیی نێوانیان هەڵوەشایەوە.

ئەلفرێد نۆبڵ کێ بوو؟

ئەلفرێد بێرنهارد نۆبڵ، لە ۱۰/۲۱/ ۱۸۳۳ لە ستۆکهۆڵم لەدایک بوو. سێیەم کوڕی دایک و باوکێکی هەژار بوو. ساڵێ بەر لە لەدایکبوونی خانووەکەیان ئاگری گرتبوو و ماڵەکەیان سووتابوو. خێزانەکە بێ جێگە بوون و کەوتنە ژێر قەرزێکی زۆرەوە. ئەو ساڵە کارگەکەی باوکی نۆبڵ تەواو شکستی هێنابوو

ئەلفرێد نۆبڵ ساڵانی سەرەتای ژیانی بە هەژاری و برسێتی وەسف دەکات. خۆی و دوو برا گەورەکەی لەسەر شەقامەکانی ستۆکهۆڵم شقارتەیان دەفرۆشت، بۆ ئەوەی کۆمەکی بژێوی خێزانەکەیان بکەن.

کە ئەلفرێد نۆبڵ تەمەنی دە ساڵ بوو، هەموو خێزانەکەی گواستیانەوە بۆ سانکت پیتەرسبێرگ. لەوێ باوکی کارگەیەکی "مین"ی دامەزراند. سوپای ڕووسین و باروتیان لێ دەکڕی و ئیتر باری ئابووریان هەر بەرەو باشی دەچوو.

باوکی نۆبڵ بێ ئەوەی کیمیا و فیزیای خوێندبێ، هەر بە تاقیکردنەوە فێر بووبوو. زۆر بە لایەوە گرینگ بوو، کوڕەکانی خوێندەوار بن. مامۆستای تایبەتی بۆ گرتن. هەر زوو دەرکەوت نۆبڵ بەهرەیەکی گەورەی هەیە و هێندەی نەبرد بە باشی فێری پێنج زمان بوو. لەو سەردەمدا نۆبڵ حەزی دەکرد ببێ بە شاعیر و شیعری دەنووسی. بەڵام باوکی بەهیچ شێوەیەک نەیدەویست کوڕەکەی ببێ بە شاعیر. کە کوڕەکەی ئەدەبیاتی دەخوێندەوە، ئاسایی بوو، بەڵام لێی نەدەگەڕا لە خوێندنەوە زیاتر بێ. باوکی دەیویست لە بری شیعرنووسین، تاقیکردنەوەی کیمیایی بکات، کە نۆبلیش حەزی لێ دەکرد. بۆ ئەوەی لە دنیای شیعر و نووسین دووری بخاتەوە، کە نۆبڵ ١٦ ساڵ بوو، باوکی بە نیازی خوێندن، دوو ساڵ ناردی بۆ پاریس، لەندەن و ئەمەریکا. بەڵام نۆبڵ دەستبەرداری ئەدەب نەبوو. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بە ئینگلیزی داستانێکی شیعریی یادەوەریی خۆی بە ناوی "ڕاز" A Riddle نووسی، کە ٤١٩ کۆپلەیە.

یەکێک لە مامۆستاکانی نۆبڵ لە سانکت پیتەرسبێرگ، ناوی نیکۆڵای زینین بوو، کە پرۆفیسۆر بوو لە کۆلێجی ئەندازیاری. ئەو پرۆفیسۆرە، مەراقی نۆبلی خستە سەر "نیترۆگلیسێرین" کە

مادەیەکی شلی خەست بوو و بۆ دروستکردنی مین شیاو بوو. ئەوسا ئەو مادەیە نەناسراو بوو. مادەیەکی زۆر هەستیار بوو، ئەگەر کەمێک پاڵەپەستۆ بکەوتبایە سەری، دەتەقییەوە.

دوای دە ساڵ و زۆر تاقیکردنەوەی ترسناک، نۆبڵ توانی کۆنترۆڵی "نیترۆگلیستێر" بکات. خاسیەتی تەقینەوەی بهێڵێتەوە، ئەگەر پاڵەپەستۆشی بکەوێتە سەر، وا بە ئاسانی نەتەقێتەوە. نۆبڵ باروووت و جۆرە لێکی لەگەڵ نیترۆگلیسێرین تێکەڵ کرد و گیراوەیەک لە شێوەی کریم، یان هەویر دروست بوو، کە دەتوانرا هەڵبگیرێت و پاڵەپەستۆش بکەوێتە سەری نەتەقێتەوە. بۆ تەقاندنەوەی دەبوو فتیلە بەکار بهێنرێ. ساڵی ١٨٦٧ نۆبڵ داوای کرد، ئەم داهێنانە نوێیە، "دینامیت" بە ناوی ئەو تۆمار بکرێ و ببێتە خاوەنی.

کە شەڕی کریم ١٨٥٣– ١٨٥٦ کۆتاییی هات، سوپای ڕووس پێویستیی بە کڕینی لوغم نەبوو، بۆیە کارگەکەی ئەوان لە کار کەوت و زەرەرێکی زۆریان کرد. ناچار بوون بگەڕێنەوە ستۆکهۆڵم و لەوێ گارگەیەک دابمەزرێنن و تاقیکردنەوەی نوێ بکەن.

نۆبڵ پێی وا بوو، تاقیکردنەوەکانی باوکی زۆرن و نارێکوپێکن. بۆیە زوو زوو تووشی شەڕ و دەمەقاڵی دەبوون. بەتایبەتیش لەسەر ئەوە شەڕ و دەمەقاڵییان دەکرد، کە کامیان بوو یەکەم جار نیترۆگلیسێرین و باروووتی تێکەڵ کرد. لەم بارە گرژەی نێوان باوک و کوڕدا، ئەگەر دایک لای کوڕی نەگرتبایە و مێردەکەی هێور نەکردبایەوە، ئەوا پێوەندیی نێوان باوک و کوڕ تەواو تێک دەچوو.

ڕۆژی شەموو، ٣ی ئەیلوولی ١٨٦٤ ڕۆژێکی گەرم و خۆش بوو. لە ناکاو تەقینەوەیەکی گەورە ستۆکهۆڵمی هەژاند، کارگەکەیان بوو تەقییەوە و بناخەی خانووەکانی دەوروبەری لەرزاند. شەش کەس کوژران، هەندێکیان دەست یان سەریان لێ بووبووەوە. یەکێک لەو کوژراوانە، برا بچووکەکەی ئەلفرێد نۆبڵ بوو. ئەلفرێد نۆبڵ بە سووکی بریندار بوو. دەیان ساڵ ئەم تەقینەوەیە لە زەینی سوێدییەکاندا مایەوە. هەر مانگێک دوای ئەم تەقینەوەیە، باوکی تووشی سەکتەی مێشک بوو و نەخۆش کەوت.

ئەلفرێد نۆبڵ هەتا مردیش لەبارەی ئەم تەقینەوەیە و کوژرانی براکەیەوە بە وردی باسی نەکرد. خۆی لەم بابەتە دوور دەخستەوە، بەڵام هەموو کات لە یادی بوو.

لە ئەمەریکا و ئەڵمانیاش، ئەو مادە کیمیاییە، چەند جارێک تەقییەوە و کارەساتی لێ کەوتەوە. کە نۆبڵ دینامیتی دۆزیبووەوە و نیشانی دابوو، کە دەکرێ بێ ترس هەڵبگیرێ و لە خۆیەوە ناتەقێتەوە، لە چەند لایەکەوە ڕەخنەی توندی لێ گیرا. ئاوگوست ستریندبێرگ یەکێک بوو لە ڕەخنەگرەکان. چونکە دینامیت هەر ئەوانە بەکاریان نەدەهێنا، کە چیایان دەتەقاندەوە و تونێلیان لێ دەدا، تیرۆریستەکانیش بەکاریان هێنا. لە شوباتی ١٨٨٠ لە شوێنی نانخواردنی قەیسەر، ئەلیکسەندەری دووەم، لە سانکت پیتەرسبێرگ، دینامیت تەقییەوە. ساڵێک دواتر لەسەر شەقامی

گشتیی هەمان شاردا، بە دینامیت کوژرا..

نۆبڵ پێوەندیی بازرگانیی لەگەڵ ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپادا هەبوو. لە چەند وڵاتێکی ئەوروپا کارگە و تاقیگەی هەبوو. خۆی سەرپەرشتیی هەموویانی دەکرد. لە نێوان ساڵانی ١٨٦٥– ١٨٧٣ لە هامبێرگ دەژیا. لەوێ تاقیگەیەکی هەبوو. ساڵی ١٨٧٣ چوو لە پاریس ژیا. لەوێش تاقیگەیەکی دامەزراند و بەردەوام بوو لە تاقیکردنەوە و سەرپەرشتی کارگەکانی.

لە پاریسەوە ئاگەدارییەکی لە ڕۆژنامەیەکی نەمسایی بڵاو کردەوە: "پیاوێکی دەوڵەمەند و خوێندەواری بە تەمەن داوای خاتوونێکی پێگەیشتووی زمانزان دەکات وەک سکرتێر و سەرپەرشتیاری ماڵ". بێرتە ڤون سوتنێر، کچێکی سی و سێ ساڵەی نەمسایی بوو، داوای کارەکەی کرد و وەرگیرا. هاتە پاریس و خاوەن کارەکەی بینی. بێرتە لە دەفتەری یادەوەرییدا نووسیویەتی: "قسەکردن لەگەڵ ئەو لەسەر جیهان و مرۆڤ، لەسەر هونەر و ژیان، لەسەر کێشەی ڕۆژ و کێشەی ئەبەدی، خۆشییەکی نایاب بوو". دوای چەند ڕۆژێک نۆبڵ شیعرەکەی کە بە "دەڵێن من ڕازێکم" دەست پێ دەکات، پیشانی بێرتەی دەدا. دوای چەند ڕۆژێکی تر لە بێرتە دەپرسێت کە ئایا "دڵی ئازادە".

نا، دڵی بێرتە ئازاد نەبوو. وازی لە کارەکەی هێنا و بەپەلە بۆ لای خۆشەویستەکەی گەڕایەوە و بوون بە ژن و مێرد. بەڵام پێوەندیی نۆبڵ و بێرتە هەر مایەوە. بە نامە یەکتریان بەسەر دەکردەوە. بێرتە و مێردەکەی چوونە تیبلیسی لە جۆرجیا. بێرتە ڕۆمانی "چەکەکان دانێن"ی نووسیی کە دژی شەڕ و یەکسەر لە دنیا دەنگی دایەوە. وەرگێڕرایە سەر شازدە زمان و بوو بە ناسراوترین ژنی دنیا. لە نیسانی ١٨٩٠ ڕۆمانەکەی بۆ نۆبڵ نارد. نۆبڵ نامەیەکی بۆ نارد و تێیدا نووسیویەتی: "بەرهەمە سەیرەکەتان دەبێ هەموو کەسێک بیخوێنێتەوە و پیری لێ بکاتەوە. چەند کاتی بردووە تا ئەم موعجیزەیە بەرهەم بێنی؟".

بێرتە چالاکترین کەسی سەردەمەکەی بوو، کە زۆر بۆ ئاشتی و تەباییی گەلان کاری کرد. بۆیە ساڵی ١٩٠٥ خەڵاتی ئاشتیی نۆبلی پێ ڕەوا بینرا.

ساڵی ١٨٩١نۆبڵ چوو لە ئیتاڵیا، لە سان ڕێمۆ ژیا. لەوێ لە ڤیلاکەی تاقیگەیەکی دامەزراند و خەریکی داهێنان بوو. هەموو ژیانی هەر وا، ڕەبەن و بێ ژن و منداڵ ژیا. لە ١٨٩٦/١٢/١٠ لە ماڵی خۆی لە "سان ڕێمۆ" لە ئیتاڵیا، دڵی لە لێدان کەوت.

خۆڵەمێشەکەی هێنرایەوە سوێد و لە گۆڕستانێکی ستۆکهۆڵم نێژرا.

ئەم زانیارییانەی لەم ڕاپۆرتەدا هەیە، هەموویان لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراون و وەرگێڕدراون.

1- Kjell Espmark, Litteraturpriset - Hundra a med Nobels uppdrag. Norstedts Förlag 2001.
2- Alfred Nobel, Genier, guld och gala. Bokförlaget DN 1998.
3- John Rosèn, Alfred Nobel, Hans far och hans bröder. 1995 4- www.svenskaakademien.se

پەیامی جەستە

دوکتور فازل جاف

دەکرێ سەدەی بیست بە "سەدەی جەستە" ناو ببرێ، چونکە گرینگترین گۆڕانکارییەکانی زانستی فیزیولۆجی وسایکۆلۆجی بۆسەر جەستەی مرۆڤ لە سەدەی بیست سەدەی جەستەیە، لە بەر ئەوەیە کە لەم سەدەیەدا جەستەی مرۆڤ پێگەیەکی دیاری لە بۆچوونی تێڕامانی فیکر و فەلسەفەدا داگیر کردووە، پێگەیەک لە پارسەنگی کاریگەریی و بەهای جەستەی مرۆڤەوە کەوتووەتە ئاراوە، چیی تر فیکر و فەلسەفە لەم سەدەیدا جەستە وەکو پاشکۆی روح و "دەروون" نفس" شرۆڤە ناکات، نەک هەر ئەوەندە بگرە بەپێچەوانەی فەلسەفەی قۆناخەکانی بەر لە سەدەی بیست، هەر لە سەردەمی شارستانییەتی گریکەوە تا دەگاتە دیکارت کە روح بالادەست بوو و جەستەیش پاشکۆی ڕوح، لێرە بەدواوە جەستەی مرۆڤ جوانترین جەستەی ناو پێکهاتەی سروشتە، بە واتەیەکی تر"جەستەی ئادەمی جوانترین جەستەیە لەنێو سەرجەمی جەستەی گیانلەبەراندا".

جەستەی خۆت نزیکترین جەستەیە لە خۆتەوە، بۆیە دەربڕین و گوزارشتە بەناوبانگەکەی سوکرات "خۆت بناسە"، جەستەی "من" یان جەستەی" خود"یشی دەگرتەوە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە مەبەستی سوکرات لە دەستەواژەی " خۆت" بە ڕادەی سەرەکی و بەر لە هەموو شتێک ناخ و خودی تاکە. سوکرات لەم هاوکێشەیەدا جەستە دەپێکێ، بەڵام ناڕاستەوخۆ. ئەم دەربڕینەی سوکرات خۆی لە خۆیدا گەلێک بۆچوون و لێکدانەوەی جیاجیا هەڵدەگرێت، ڕەنگە لە هەموویان گرینگتر ئەو بۆچوونە پڕ بایەخەی فەیلسووفی وجودی دانیمارکی " سۆرین کیرکیگارد" بێ، کە پێی وایە فەلسەفەی خود و بوونگەرایەتی" وجودیەت" لەسەر ئاستی تیور لەو گوتەی سوکراتەوە دەست پێ دەکات. دیارە پێگەی جەستەیش لە یەکەم هەنگاوی خۆناسینەوە

دەست پێ دەکات، لە هاوکێشەی ڕوح و لەشەوە، یان لە پێوەندیی ئۆرگانیکی "نەفس" و "بەدەن"ەوە.

جەستە نزیکترین پێکهاتەی بوونمانە، ئەمە ڕاستییەکی بێ پێچ و پەنا و سادەیە، بەڵام ئەم ڕاستییە هیچ لەوە ناگۆڕێ کە باسکردن و لێکۆڵینەوە لە جەستەمان، سەختترین ئەرکی ژیانە. جەستە جەستەی خۆتە بەڵام بە زەحمەت لێی تێ دەگەی.

لە یەکێک لە خولەکانی جەستە و کرداری فیزیۆلوجی، داوام لە بەشداران کرد، کە بەر لە ڕاهێنان و مەشقکردن لەسەر جەستە و بنەماکانی جووڵە، با هەر کەسەو لاپەڕەیەک یان کورتەیەک لەبارەی جەستەی خۆی بنووسێ. کەس ئەم داخوازییەی بە گوڕ و جۆشەوە وەرنەگرت، پێیان وابوو ئەم ئەرکە ئاسان نییە، زۆربەیان شڵەژان و هیچیان پێ نەدەنووسرا، زمانی جەستەیان ئەم هەستەی وەکو ئاوێنەیەکی بێ گەرد پێشان دەدا، کە من خۆم ئەم مەشقەم بە یارییەکی ڕوحی و زەینی دەهاتە بەرچاو. ئەمجا هەوڵم دا شتەکەیان بۆ ئاسان بکەمەوە، پارچە مۆسیقایەکی "باخم" خستە کار، مۆسیقایەکی خاوی کڵێسایی، پاشان داوام لێ کردن کە لەسەر نەزمی هەناسە و نەبزو لێدانی دڵیان شتێک بنووسن، پێم گوتن: ئەگەر بێتو هەناسە و نەبز و لێدانی دڵتان بوەستێ، ئەوەم جەستەتان چی بەسەر دێت؟ کە ئەم دووانە وەستان ئیدی ژیان دەوستێ، سەرنجم دا لە کەڵ مۆسیقاکە خاو بوونەوە و هەستیان کرد کە ئەرکیان تۆزیک سووکتر بووەوە، هەرکەسە لای خۆیەوە دەستی بە نووسین کرد. نووسین لەسەر نزیکترین شت لە خۆیانەوە، نووسین لەسەر جەستەیان.

ئەگەر جەستەمان بەدرێژاییی تەمەنمان، هەر لەدایکبووەوە تاکو ئەو ڕۆژەی بەجێی دەهێڵین، لە گەڵماندا بێ، ئیدی بۆ دەبێ ناسینی ئەوەندە سەخت و دژوار بێ؟

بە بڕوای من فەلسەفەی جەستە هاوتەریب لەگەڵ ڕەوتی فەلسەفەی ئینساندا دەڕوات، جا بۆ ئەوەی لە جەستەی خۆت و پاشان لە چەمکی جەستەی ئادەمی بگەیت، پێویستە بیرکردنەوەت لە چوارچێوەی ڕێباز و میتودێکدا بێ، ئەگەر نا، مەحاڵە لە جەستە بگەیت. ڕێباز و میتود وەکو ڕێنوێنیکار و بەڵەد و چاوساخ بەرچاوڕوونیت پێ دەبەخشێ. لەلایەکی ترەوە تێگەیشتن لە چەمکی جەستە و فەلسەفەی جەستە بە درێژاییی مێژوو کارێکی ئاسان نەبووە، چونکە جەستە خاوەن کەلەپوورێکی دێرین و مێژوویەکی کۆنە، بەئاسانی نایەتە شرۆڤەکردن و ساخکردنەوە. نهێنییەکانی جەستە بۆ ئادەمی هەر لە سەرەتای بوونەوە شاراوە بووە و بەشی زۆریان هەر بە شارەوایی دەمێننەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تێڕامان و ڕوانینی مرۆڤ بۆ جەستە و بەهاکانی هەر لە سەرەتای مێژووەوە بەردەوام گۆڕاوە و لە گۆڕاندایە، جەستە هەمان جەستە نییە. مرۆڤ هەر قۆناخە و هەر سەردەمە و دیدی خۆی هەیە بۆ جەستە، ئەم دیدە بەپێی ڕەوتی شارستانییەت و کولتوور و پەرەسەندنی شێوازی ژیان هاتووەتە ئەنجام، ڕۆژ پاش ڕۆژیش جەستەمان وردەکاریی و دژاودژی و ناکۆکی نۆی و نهێنی تازەتر دەگرێتە خۆ. ئاشکرایشە کە

بواره‌كانى زانست به‌رده‌وام كۆده‌كانى جه‌سته‌مان بۆ شى ده‌كه‌نه‌وه و پتر نهێنييه‌كانى جه‌سته‌مان بۆ ده‌رده‌خه‌ن، به‌ڵام لايه‌نێكى هه‌ره گرينگ هه‌يه كه پەى پێبردنى كارێكى سه‌خته و به‌درێژاييى مێژووى فه‌لسه‌فه هه‌روه‌كو خۆى ماوه‌ته‌وه، ئه‌ويش ئه‌و لايه‌نه‌يه كه پێوه‌سته به ڕوحه‌وه، لايه‌نێك كه له ده‌ره‌وه‌ى سنووری جيهانى فيزيكه، ئه‌و لايه‌نه‌ى پێوه‌سته به ميتافيزيک و به‌ستراوه‌ته‌وه به بۆچوون و تێڕامانه‌كان سه‌بارەت به جيهان و گه‌ردوون و سه‌رله‌نوێ ژيانه‌وه، كه ئاين به‌شێكى سه‌ره‌كى له‌و بيركردنه‌وه‌يه پێک دێنێ.

ڕاستييه‌كى تر، كه بوارى ديراسه‌كردنى جه‌سته‌ى به‌رته‌سک كردووه، ئه‌وه‌يه كه كاتێک باس له فه‌لسه‌فه‌ى جه‌سته ده‌كه‌ين، وه‌نه‌بێت ئه‌م فه‌لسه‌فه‌يه له‌ناو ڕه‌وتى مێژووى فه‌لسه‌فه‌دا پێگه‌ى سه‌ره‌كى يان پێگه‌يه‌كى زۆر گرينگى له بير و بۆچوونى و هزرى فه‌يله‌سووف و بيرمه‌نده‌كاندا هه‌بووبێ، راسته پرسى جه‌سته هه‌موو كات بوونى خۆى له‌ناو پرسه‌كانى فه‌لسه‌فه‌دا سه‌لماندووه، به‌ڵام له‌و باوه‌ڕه‌دا نيم كه فه‌يله‌سووف و بيرمه‌نده‌كان ئه‌وه‌نده‌ى كاريان له‌سه‌ر فه‌لسه‌فه‌ى ره‌ها و موجه‌رد. و ديارده‌كانى ده‌ره‌وه‌ى ناخ و ده‌روونى مرۆڤ كردووه، ئه‌وه‌نده بايه‌خيان به جه‌سته دابێت. زۆرجاره‌ى پسپۆڕانى بوارى جه‌سته كۆكن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ى كه جه‌سته به درێژاييى مێژووى فه‌لسه‌فه بابه‌تێكى قسه له‌سه‌ر نه‌كراو بووه و له زۆر ده‌وراندا بێده‌نگى له‌سه‌ر كراوه. هۆكاره‌كانى ئه‌م بێده‌نگبوونه له باسكردنى جه‌سته‌دا زۆرن، ديارە هۆكاره‌كانى ئاين و بۆچوونى ڕوحيى مرۆڤ سه‌بارەت به جه‌سته وه‌كو به حه‌رامكردن و تابوكردن و دانانى كۆت و سنوور، سه‌ركوتكردنى جه‌سته هۆى سه‌ره‌كين، به‌ڵگه‌يشمان ئه‌وه‌يه كه فه‌لسه‌فه‌ى كلاسيكى پانتاييه‌كى ته‌سكى بۆ پێگه‌ى جه‌سته ته‌رخان كردووه، نه‌ک هه‌ر ئه‌وه‌نده ته‌نانه‌ت هه‌ندێک له بيرمه‌ندان به چاوى گومانه‌وه ده‌ڕوانن هه‌ڵوێستى فه‌لسه‌فه‌ى كلاسيكى به‌رامبه‌ر به جه‌سته، ئه‌وه‌تا نيتچه فه‌لسه‌فه‌ى كلاسيكى به "به‌دحاڵيبوونى فه‌لسه‌فه" له جه‌سته" له قه‌ڵه‌م ده‌دا.

سه‌ده‌ى بيست پاش بۆچوونه‌كانى ميرۆلۆپۆنتى و جان پۆل سارته‌ر سه‌بارەت به "ئازادكردنى خود" و "چه‌مكى جه‌سته‌ى ئازاد" و "بيرى ئازاد" و گرينگى پاريزگارى و ڕێزگرتن له ئازادى جه‌سته، تين و ته‌وژمێكى باشى به خۆوه ديت، به‌ڵام بيرمه‌ندانى ئه‌م سه‌رده‌مه پێيان وايه كه ڕۆڵ و كاريگه‌ريى جه‌سته پێويستى به كارى زێده‌تر هه‌يه. هه‌ر بۆيه بيرمه‌ندى عێراقى دوكتۆر «سيار الجميل» ده‌ڵێ: فه‌لسه‌فه ده‌بێ چه‌ند هه‌نگاوێک به‌ره‌و چه‌مكگه‌ليكى نوێتر بنێت، به‌تايبه‌تى پاش گه‌شه‌ى زانست/..../ هه‌نگاوێک به مه‌به‌ستى تێگه‌يشتن له جه‌سته‌و پێكهات و گه‌شه‌كردنيدا.

ئه‌م بۆچوونه ئه‌گه‌رچى گه‌ليک لێدوان و ڕای جياواز هه‌ڵده‌گرێ، به‌ڵام خۆ ئه‌گه‌ر پاش ديكارت ده‌ستپێشخه‌رى و بۆچوونه‌كانى ميرلۆپۆنتى به‌لاوه بنێين، ئه‌وا فه‌لسه‌فه‌ى ئه‌م سه‌رده‌مه‌مان ڕەنگه له پرسى جه‌سته‌دا ئه‌م تين و جۆشه‌ى به‌خۆوه نه‌ده‌دى، به‌ڵگه‌شمان گه‌شه‌ى پێكه‌ى جه‌سته‌ى له ناوجه‌رگه‌ى ڕێبازى فه‌لسه‌فه‌ى فينۆمينولوجياييه.

ئادەمی هەر لە سەرەتای بوونەوە، ئالوودەی جەستەی خۆی بوو، سەرەتا سەرنجی جەستەی خۆی دەدا وپاشان وێنەی دەکێشا، ئەمجا وێنەی جەستەی مرۆڤێکی تری لەسەر دیواری ئەشکەوت و لەسەر تاشەبەردەکاندا دەکێشا، پاشتر وێنەی جەستەی ئاژەڵ و گیانلەبەرەکانی تر، کە وێنەی ئەم جەستانەی دەکێشا دەیویست سەرلەنوێ جیهانی دەوروبەر بنیات بنێ و لێیان تێ بگات، بەڵام تێگەیشتن لە رێگەی سەرلەنوێ بەرجەستەکردنیانەوە. ئەوە بوو هەندێک جار چەند جەستەیەکی لە شێوەی یەک جەستەدا دروست دەکرد، بۆ نموونە جەستەی گایەک بە دوو باڵی باڵداڕێکەوە و بە کەللەسەری مرۆڤەوە. ئەگەر ئەم هەوڵانە بە هەنگاوی یەکەمی مرۆڤ بژمێرین بۆ تێگەیشتن لە جەستە، جا چ لە رێگەی هونەری نیگارکێشانەوە بێ، یان لە رێگەی هونەری پەیکەرتاشییەوە بێ، هەرچۆنێک بێ ئەم جەستانە، بەرجەستەکردنی فۆرم و ڕووی جەستە بووە، زانستی پزیشکی هەنگاوی کۆن و دێرینەی هەیە لە هەڵدڕینی جەستەدا، بە مەبەستی ئەوەی بگاتە جیهانی ناوەوە، جیهانی پێکهاتەی ژیر پێست و کاژی دەرەوە. ئەمەی ئەمڕۆ لە جیهانی زانستدا بەدەست هێنراوە پوختە و ئاکامی تاقیکردنەوەی پزیشەکەکانی سەرەتای میژووە، کە دەیانویست بە کەرەستەی ئەو سەردەمانە بگەنە نهێنییەکانی ناوەوەی جەستە.

جەستە بەپێی لێکدانەوەی پلاتۆن (ئەفلاتۆن) پێک هاتووە لە سێ بەشی سەرەکی: سەر"کەللە"جێگەی ڕوح و عەقلە، سینگ جێگەی ئازایەتییە و دڵ و هەناسەی گرتووەتە خۆ، سێیەم ورگ و گەدەیە: کە جیگەی ئارەزوو و داخوازییەکانمانە. ئەمانە بەبۆچوونی ئەفلاتۆن لەسەر نەزم و سیستەمێکی سروشتی دەڕۆن و ئەرکی خۆیان بەجێ دێنین، نەخۆشی و بیماری نیشانەی تێکچوونی سیستەم بێ سەروبەریی جەستەیە، کە خراپ کار دەکاتە سەر ڕوحی ئادەمی. ئەم نەخۆشییە فیزیکانە کە لە جەستەوە دەست پێ دەکات، پاشتر نیگەتیڤانە کار دەکاتە سەر ڕوح، ئیدی دەبنە مایەی نەخۆشی و دەردەداریەکانی ڕوح لە چەشنی دەبەنگی و گەلۆری و خەڵەفان و گۆمڕایی.

بە لای ئەفلاتۆنەوە مرۆڤی تەندروست ئەو کەسەیە کە هاوسەنگی و هارمۆنیا لە نێوان جەستە و ڕوحدا بخوڵقێنی، وەک چۆن زاڵبوونی روح بەسەر جەستەدا میکانیزمی لەش لە کار دەخات، بەهەمان ڕادەیش زاڵبوونی جەستە بەسەر ڕوحدا دەبێتە مایەی نەزانی و کەمفامی. ئەم هارمۆنیا و هاوسەنگییە، بە ڕای ئەفلاتۆن بە ڕاهێنانی جەستە لە رێگەی مەشق و وەرزشەوە دێتە ئەنجام. هەروەها ڕاهێنانی ڕوحیش لەسەر مۆسیقا و فەلسەفەوە. ئەم بۆچوونە بنەمای فەلسەفەی ئەفلاتۆنە، سەبارەت بە دوالیزمی جەستە و ڕوح لە کۆمارە بە ناوبانگەکەیدا.

لە فەلسەفەی ئەرستۆتالیسدا تێڕوانینی دوالیزمانەی جەستە و ڕوح هەمان ڕیسای هەیە، بەڵام جیاوازیی گەورەی نێوان دیدی ئەفلاتۆن و ئەرستۆتالیس لەوەدایە کە: بابەتی جەستە لەلای ئەرستۆتالیس فیزیکیترە، قابیلی دیراسەکردن و لێکدانەوە و شیکارییە، چونکە دەکرێ

بنەماکانی بەپێی لوجیک و عەقل لێک بدرێنەوە. بۆ تێگەیشتن لە جەستە ئەرستۆتالیس پەنا دەباتە بەر بەشەکان و پێکهاتەکانی جەستە، هەر بەش و پێکهاتێک لە قەوارەی تایبەت و سەربەخۆدا تەفسیر دەکرێ. تێڕوانینی ئەریستوتالیس بۆ ڕوح تێڕوانینێکە لەسەر بناخەی وێنەی جەستە دروست بووە، واتە ڕوح وێنەی جەستەیە، هەر ڕوحیش ئەرکەکانی جەستە کۆنترۆڵ دەکات و ڕێکی دەخات و دەیگونجێنێ. بەم پێیە دوالیزمی جەستە و ڕوح لەلای ئەرستوتالیس هیچ ناکۆکی و دژایەتییەک ناگرێتە خۆ.

ئێمە خۆمان جەستەین، ئەم گوتەیەی فەیلسووفی فرەنسی میرلۆ پۆنتی (١٩٠٨–١٩٦١) بە کوگیتۆ" بۆچوونێکی فیکری"ی جەستە ناو دەبرێ و، لە ڕەوتی فەلسەفەی نوێدا جێگەی کوگیتۆ بەناوبانگەکەی دیکارتی فەیلسووفی گرتووەتەوە، کە دەڵێ "من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم "بە قەدەر ئەویش گرینگە. چونکە هەر نەبێ بابەتی جەستەی، کە نیمچە تابو و بڤە بوو، سەرلەنوێ هێنایە کایەوە. لە ڕوانگەی میرلۆ پۆنتییەوە: ئێمە لە دەرەوەی جەستەی خۆمان نین، بەرانبەر بەجەستەی خۆمان رانەوەستاوین، ئێمە خاوەن جەستەی نین، بگرە ئێمە خۆمان جەستەین.

چۆن ئێمە جەستەین؟ پۆنتی یەکەم فەیلەسووفە کە توانی جەستە بخاتە سەنتەری بوونەوە، بەوەی لە دووفاقەیی و دوالیزمی بیر و بەدەن دەربازی بکا، بەوەی کە بڕوانێتە جەستە هاوکات وەکو: بابەت و ئامراز، کاریگەر و کارتێکراو، کارکەر و کارتێکراو. بەو جۆرە جەستە هەموو شتێکە و هیچ لە دەرەوەی خۆیدا نییە.

لێرەدا، تەنیا ئاماژە بەوە دەکەم کە ئەم دیدە فەلسەفییە، پێگەیەکی فەلسەفی گرینگی بۆ جەستە لە بزاڤی فیکر و بۆچوونی فەلسەفەی نوێدا دابین کرد. پێگەیەکی پڕ لە بەها لە ناوجەرگەی فەلسەفەی گەشەی مرۆییدا. گەشەی مرۆیی گەیاندە ئاستێکی ئەوتۆ کە بە فەلسەفەی نوێی هاوچەرخ لە قەڵەم بدرێ.

ئۆشۆی فەیلەسووفی دانای هیندی دەڵێ: جەستە ڕوحێکی نەبینراوە و ڕوحیش جەستەیەکی نەبینراوە.

ئەم بۆچوونە سەد لە سەد پێچەوانەی گوزارەشتەکەی فەیلسووفی وجودی فرەنسایی میرلۆپۆنتیە، کە دەڵێ ئێمە نەک خاوەن جەستەین، بگرە ئێمە خۆمان جەستەین. چونکە بەلای ئۆشۆە جەستە و ڕوح بەهیچ شێوەیەک لە یەک دانەبڕاون و بەبێ یەکیش بوونیان نییە. هەردوو پێکەوە جەمسەرێک دروست دەکەن.

ئۆشۆ دەڵێ: تۆ دەبێ جەستەی خۆتت پێ قبووڵ بێ، خۆشت بوێت، ڕێزی لێ بگریت، سوپاسی بکەیت... جەستە ئالۆزترین مەکینەیە، لە ڕاستیدا موعجیزەیەکە بۆ خۆی.

ئۆشۆ داوامان لێ دەکات فێری ئەوە بین ستایشی جەستەی خۆمان بکەین، جەستەی

خۆمانمان پێ پەسەند بێ، چونکە هەموو گەردوون و بوون خۆیان لە جەستەماندا دەنوێنن، هەر وەکو دەڵێت: لە جەستەدا ئاوی دەریا هەیە، تیشک و ئاگری ئەستێران هەن، هەوا هەیە، هەروەها خوڵ و خاکی زەویش.

کەواتە بەبۆچوونی ئۆشۆ، هەموو بوون خۆی لە جەستەدا حەشار داوە.

جەستە دەبێ لە ڕوانگەیەکی تردوە تەماشا بکرێت، جەستە دەبێ سەرلەنوێ تاوتوێ بکرێتەوە، بەدیدێکی قوواڵتر و ئینسانیتر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، نەک تەنیا لە دیدی زانست و ئەنترۆپۆڵۆجیا و سۆسیۆلۆجیا و ساکۆلۆجیا و زانستەکانی تردوە هەڵسەنگێنرێت، بگرە لە دیدی خۆشەویستی و هەڵسانگاندن و بەرزڕاگرتنی جەستەوە.

ئۆشۆ دەڵێ" دەبێ فێری ئەوە ببین، چۆن گوێ لە بێدەنگی دڵمان ڕابگرین، واتە میدیاتاسیون، پێویستە جەستەی هەموو کەسێک تەژی بێ لە بەزەیی و سۆز. چونکە ئەگەر بەزەییت بە جەستەی خۆتدا نەیەتەوە و هاوسۆزیت بۆ نەبێ، مەحاڵە سۆز و بەزەییت بۆ جەستەی کەسێکی تر هەبێ. جەستە میکانیزمێکی زیندووە و هەرگیز ئازاری نەداوی. ئەو لەو ڕۆژەوەی کە هەیت بەردەوام خزمەتی کردووی و لەژاهاتوویشدا هەر خزمەتت دەکات، جەستەت هەموو شتێکت بۆ دەکات، تەنانەت ئەوەی کە مەحاڵە بکرێ، هەرگیزیش ناتوانێ لە ڕێگە لا بدات و سەرپێچیت بکا.

تا ئێرە قسەکانی ئۆشۆ ڕەنگە بەس بن، بۆ ئەوەی جیاوازی بیرکردنەوەی ڕوحیی لە بەرانبەر بۆچوونە وجودییەکەی میرلۆپۆنتی بخەینە ڕوو.

بە بۆچوونی ئۆشۆ زانستی پزیشکیی ڕۆئاوایی مرۆڤی وەکو سەرجەمێکی جودا لە یەک شرۆڤە کردووە، ئەمەش یەکێکە لە هەڵە کوشندەکانی زانست. مرۆڤ بەشێکە لە سروشت و تەندروستی مرۆڤیش لە هاوئاهەنگیدایە لەگەڵ سروشت.

چەمکی ڕۆئاواییەکان، بەبۆچوونی ئۆشۆ، لە دیدێکی میکانیکییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەگەر میکانیکەکە سەرکەوتوو بێ، مرۆڤەکەیش سەرکەوتووە. بەڵام بێگومان مرۆڤ میکانیک نییە، مرۆڤ سەرجەمێکی زیندووە، پێویستی بە تیمارکردنی تەنیا ئەو شوێنە نییە کە نەخۆشە، بگرە پێویستی بە تیمارکردنی سەرتاسەرییە. ئەو شوێنەی کە نەخۆشە، نیشانەی ئەوەیە کە هەموو میکانیزمی تووشی کێشە بووە، ئەو شوێنەی کە دەناڵێنێ لەبەرئەوەیە کە لە هەموو بەشەکانی تری جەستە لاوازترە. کێشەکە لەوەدایە، مرۆڤ بە بۆچوونی ئۆشۆ، لە جەستەی خۆی ناگات وەکو جەمسەرێکی گشتگیر.

گرینگە ئەوە بزانیت کە جەستەت هەموو کات ئامادەیە گوێت لێ بگرێ. بەڵام تۆ هەرگیز نایدوێنیت، هەرگیز هەوڵت نەداوە پێوەندی لەگەڵدا دروست بکەیت. تۆ لەناو جەستەتدایت و بەکاری دێنیت، بەڵام هەرگیز سوپاسی ناکەیت.

ئۆشۆی پێی وایە کە سروشت زۆر لە تۆ ژیرترە، چونکە هەموو ئەرکە گرینگەکانی ناو لەشت،

جەستت خۆی بە ئەنجامی دەگەیەنێ، لەوانە: هەناسەدان، لێدانی دڵ، سووڕانەوەی خوێن، خواردن هەرسکردن، تۆ ناتوانیت بڕیار لەسەر هیچ یەک لەمانە بدەیت، ئەگەر هاتبا، بە بڕیاری تۆ کاریان کردبا، دەمێک بوو کێشەی گەورە دەهاتە ڕێگەت.

ئەگەر هەناسەدان، بە دەستی تۆ بووایە، دەمێک بوو مردبوویت، تاکە یەک شانسی ژیانت لە پێشدا نەدەما، چونکە لە هەر ساتێکدا، ئەگەری ئەوە هەیە کە لە بیرت بچێ هەناسە بدەیت. ئەگەر لەگەڵ کەسێکدا بەشەڕ بێی، ڕەنگە لە بیرت بچێت هەناسە بدەیت، کە دەخەویت ڕەنگە لە بیرت چووبایە دڵت دەبێت نابێ لە لێدان بکەوێ، چۆن ئەمانەت بیر دەکەوێتەوە؟ ئەی چی لەبارەی کاری گەدەت لەسەر خواردن دەزانیت؟ تۆ نان دەخۆیت و قووتی دەدەیت و پێت وایە کارێکی گرینگ ئەنجام دەدەیت.

جەستە هەموو ئەمانە بە درێژاییی حەفتا، هەشتا، نەوەت ساڵ بە تەواوەتی ئەنجام دەدات و هێشتا پێت وا نییە، کە جەستەت ژیرە؟

جەستە سەرەڕای ئەو ئەرکە ناوەکییەکانی کە ئاڵۆز و بەردەوامن، ئەرکێکی دەرکیی ڕوون و ئاشکرایشی هەیە، کە ئەرکێکی گرینگ و کاریگەرە، ئەویش ئەرکی ئاخافتن و دیالۆگ و ڕێکخستنی پێوەندییەکانمانە بە دنیا و کەسانی دەوروبەرەوە. ئاشکرایە کە جەستە زمانی خۆی هەیە، بگرە بەر لەوەی بە زمان قسە بکەین و بئاخڤین جەستەمان ڕاستگۆییانە گوزارشت لە مەبەست و خواستەکانمان دەکەن، کۆد و نهێنیەکانی ناخمان بە زمان کونترۆڵ دەکەین، بەڵام بێ خواستی خۆمان جەستەمان دەیاندرکێنێت و گوزارشتیان لێوە دەکات. لەم دۆخەدا دەکرێ بڵێین زمانی جەستە ڕاستگۆترە لە زمانی قسەکردنمان، چونکە خۆمان کۆنترۆڵی ناکەین، بگرە زیاتر گوێڕایەڵی سروشتە، ڕاستە دەتوانین کاریگەرییان بە سەریەوە هەبێ، دەتوانین ڕای بهێنین و مەشقی پێ بکەین، تاکو بە زمانێکی پۆزەتیڤ و کارساز بدوێت و پێوەندیمان بەدەوروبەر بەهێزتر و ڕوونتر بێ، تەنانەت دەتوانین بیکەینە ئامرازێکی کاریگەریی ڕۆژانە بۆ گوتاربێژی و تەکنیکی پێشکێشکردن و نمایش و دانووسان و گفتوگۆ و دیالۆگ، بەڵام لە کرۆک و جەوهەردا هەر سروشت دەیبات بەڕێوە و بە پلەی یەکەم گوێڕیەڵی سیستەمێکی لە خۆمان کە دەکاتە سیستەمی ڕوح و زەین و هەستە و نەستە کە لەسەر ئاستێکی فراوانتر پێوەستە بەگەردوونەوە.

زمانی جەستە، هەموو کۆد و هێما و مانای پێگەی جەستەت دەگرێتەوە کە جەستەت دوور لە گوزارشتی زمان، بێ ئەوەی زمانت مەبەستەکانت بدرکێنێ جەستەت گوزارشتی لێوە دەکات. زانایانی بواری جەستە لەو باوەڕدان کە پەیامەکانی زمانی جەستە بە ئەندازەی زمانی ئاخاوتن مەبەست دەپێکن و کاریگەرن، بۆیە ئەم زانستە هەر لە دێرزەمانەوە جێگەی گرینگیپێدان و بایەخی مرۆڤ بووە، ئەم بایەخپێدانە هەموو مەیدانەکانی ژیانی گرتووەتەوە، لە مەیدانە پراکتیکییە سادەکانی ژیانی ڕۆژانەمانەوە تاکو زانستە مرۆییەکانی وەکو سایکۆلۆجیا و

ئەنترۆپۆلۆجیا و سۆسیۆلۆجیا و بواره جیاجیاکانی هونەر. ئەمە جگە لە پێگەی ناسکی زمانی جەستە لە مەیدانی سیاسەت و ڕۆڵی کاریگەر بۆ سیاسەتمەداران.

کینیزکس واتە زانستی پێوەندی نێوان زمانی جووڵەی لەش و پێوەندیکردن بە کەسانی تردوە. ئەم زانستە تەمەنی گەلێک کۆن نییە، زانایانی سایکۆلۆجیا سی چل ساڵێک دەبێ بۆ دیراسەکردن و تێگەیشتن لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ پەنا دەبەنە بەر کینیزکس. دیارە ئەم زانستە لەم ساڵانەی دواییدا لە بواری تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی مرۆڤی تاک گەلێ ئاکامی مسۆگەر وکۆنتکریتی بەدی هێناوە. کینیزکیس بایەخێکی زۆر بە جەستەی تاک دەدا، لە ڕووی جووڵەوە و پێوەندی بزاڤی لەش لە پێگەی و دۆخی پێوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا، ئەمە تەنیا زمانی جەستە ناگرێتەوە، بە پلەی یەکەم جووڵەکانی لەش دەگرێتەوە، بەڵام بێگومان جووڵە وەکو کۆد و هیما و بەها، دەچنە خانەی زمانی جەستەوە. بۆیە زمانی جەستە و کینیزکس دوو چەمکی نزیکن لە یەکترەوە. بەڵام جیاوازییەکی ناسکیشیان لە نێواندا هەیە. هەندێک جار تەنانەت تەواوکەری یەکترن. ئەگەر یەکەمیان بایەخ بە تاک بدا، دووەم زیاتر جەخت لەسەر ئەدگار و پێوەندی کۆلەکتیف و کۆمەڵ دەدا. بەراوردێکی وێنە ئامێز دێنمەوە، بۆ ئەوەی ئەم جیاوازییە بەرجەستە بکەم، ئەگەر لە زمانی جەستەی یەک کەس بکۆڵینەوە، بێ ئەوەی ڕەفتاری فیزیکی ببەستینەوە بە دەوروبەر، وەکو ئەوە وایە کە دیراسەی درەختێ بکەین، بەڵام لە کینیزکسدا، دیراسەی دارستانێک دەکەین.

پێگەی درەختەکە و پێوەندی بەوانی ترەوە، یارمەتیمان دەدا کە باشتر لێی تێ بگەین.

سەرچاوەکان:

Kropp, kunskap & självuppfattning Liv Duesund

Kroppens språk Jane Lyle Solna bibliotek

Den harmoniska kroppen Jacques Dropsy Spånga bibliotek

Kroppsspråket-din genväg till framgång Ken Cooper Solna bibliotek

Bodylanguage Juluis Fast

Body- Mind- Balancing.Osho 2003.Osho International Foudation .

تطور مفهوم الجسد: من التأمل الفلسفي إلى التيور العلمي، د. يوسف تيبس، عالم الفكر، العدد الرابع، ابريل– يوليو ٢٠٠٩ الكويت

الجسم والجسد والهوية الذاتية: د. عزالعرب لحكيم بنائي، نفس المصدر.

فلسفة الجسد والتفكير الإنساني، رؤية عربية، د. سيار الجميل. نفس المصدر.

عنف على الجسد: د. عبدالرحمان التليلي. نفس المصدر.

فن التنفس: نانسي زاي، العبيكان، نقله الى العربية د. ياسر العيتي، عام ٢٠٠٠ المملكة العربية السعودية.

هەولێر کتێب

ئەو ڕۆژەی ئیدی پانورگا دنیای بۆ نایەتە پێکەنین

میلان کوندێرا

هەوالنامەی کتێب

بەشی یەکەم

دۆزینەوەی گەمە

مەدام گرانگۆزیر، دووگیانە، گیپەی زۆری خواردووە، دەبوو داوودەرمانێکی زۆری بۆ بنووسرێ؛ داوودەرمانەکان هێندە بەهێز بوون کە دیوارەکانی ڕەحمیان نەرم کردبووەوە، گارگانتواسی ئاولەمە چووە دەماڕێکییەوە، بەرەو سەرەوە هەڵکشا و لە گوێی دایکییەوە هاتە دنیاوە. هەر لە یەکەم ڕستەکانەوە کتێبەکە کارتەکانی دەستی ئاشکرا دەکا: گەورەی لێرەدا دەگێڕدرێتەوە جیدی نییە: ئەمەش واتە: لێرەدا حەقیقەتگەل (زانستی یان میتۆدۆلۆجی) ناسەلێنرێن؛ مرۆڤ لە سەری نییە ڕاستییەکان بەو جۆرە وەسف بکا کە لە واقیعدا هەن.

سەردەمی ڕابەلیە خۆشنوود بوو: پەپوولەی ڕۆمان بە دەوروبەردا دەفڕێ لە کاتێکدا هێشتا پاشماوەی کرمێتی لە جەستەی نەبووەتەوە. بەهۆی دەرکەوتنی زەبەلاحییەوە پانتاگروێل هێشتا سەر بە ڕابردووی مەتەڵە ئەفسووناوییەکانە، لە کاتێکدا پانورگە لە داهاتووی ئەو کاتە هێشتا نەزانراوەی ڕۆمانەوە دێت. کتێبەکەی ڕابەلیە دەوڵەمەندییەکی باوەڕنەکردەنی بە چرکەساتی ناوازەی لەدایکبوونی هونەرێکی نوێ دەبەخشێ؛ ئەم کتێبە هەموو شتێکی لەخۆ گرتووە: ئەگەر و نەگەر، خواستە (مەجاز)، ساتیر، دێوودرنج و مرۆڤی ئاسایی، چیرۆکی کورت و خۆش و نەستەق، تێڕامان، سەفەری حەقیقی و خەیاڵی، مشتومڕی مەعریفییانە، لە مەبەست لادان تەنیا لە بەر

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ

پێشاندانی وەستایەتی لە زماندا. وەکو میراتگری سەدەی نۆزدە ڕۆمانnووسی ئەمڕۆ هەست بە تاسەی ئیرەییەک بۆ ئەو گەردوونە فرە ڕەنگە نایابەی ڕۆمانnووسە بەراییەکان و ئەو ئازادییە بەختەوەرە دەکا کە تێیدا دەژیان. وەکو چۆن ڕابەلیە لە یەکەم لاپەڕەکانی کتێبەکەیەوە گارگانتوا لە گوێی دایکییەوە فڕێ دەداتە سەر تەختەکانی دنیا، ئاوا هەردوو پاڵەوانەکەی ئایەتە شەیتانییەکانی سەلمان ڕوشدی لە پاش تەقینەوەی فڕۆکەیەک لە کاتێکدا لە گەرمەی قسەکردندان دەکەونە خوارەوە، گۆرانی دەڵێن، ڕەفتاری سەیر و مەحاڵ دەکەن. لە کاتێکدا «لە سەریانەوە، لە پشتیانەوە، لە ژێریانەوە لە پانتاییی خاڵیدا کورسیی داخراو، پەرداخی پلاستیک، ماسکی ئۆکسجین و سەرنشینیانی فڕۆکەکە» بە دەوریاندا دەفڕن، یەکێکیان، جبریل فاریشتە «لە هەوادا، بە سینگ، پەپوولە ئاسا، خۆی وەکو تۆپ خڕ کردووەتەوە، وەکو واشە دەست و لاقی لە بەردەم نزیکە –بێ کۆتاییدا لەم دەمەو– تاریکییەدا بلاو کردووەتەوە» مەلە دەکا؛ ئەوی تریان، سەلاحەدین چامچا «سێبەرێکی حەز لە نەزم کردووی سەرەو نخوون بوو، لە قاتێکی خۆڵەمێشیدا، هەموو قۆپچەکانی چاکەتەکەی داخراو، باڵەکانی نووساندووەتە ئەملا و ئەولای لەشییەوە[...] شەپقە درێژەکەی بە سەرییەوە». ڕۆمانەکە بەم دیمەنە دەست پێ دەکا، چونکە ڕوشدی وەکو ڕیبەلیە دەزانێ، کە ڕێکەوتن لە نێوان ڕۆمانnووس و خوێنەر هەر لە سەرەتاوە دەبێ لە ئارادا بێ؛ دەبێ ڕوون بێ ئەوەی لێرەدا دەگێڕدرێتەوە جیدی نییە، باشتی زۆر دژواریش بن.

ئاوێتەکردنی شتی ناجیدی و سامناکیش بۆ ئەمە دیمەنێک لە کتێبی چوارەم دەهێنمەوە: کەشتییەکەی پانتاگروێل لە دەریادا تووشی دەبێ بەتووشی پاپۆڕیکی بازرگانی گەڕۆکەوە؛ کاتێ یەکێک لە بازرگانەکان پانورگە بەبێ بەروانکەی پانتۆڵ دەبینێ، چاویلەکەکەی بە کلێتەکەیەوە چەسپێنراو، لەو بڕوایەدایە، دەبێ خۆی گرینگ بکا و وەکو پانورگە شاخی لێ لە سەر نرابێ جنێوی پێ دەدا. پانورگە هەر یەکسەر تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە: بەرانێکی لێ دەکڕێ و فڕێی دەداتە دەریاوە؛ لەبەرئەوەی نەریتی مەڕ وایە، بەدوای بەرانی ڕێبەر دەکەون، ئەوانی تریش بە هەمان شێوە هەموو خۆیان فڕێ دەدەنە ئاوەکەوە. بە دڵگوشراوی بازرگانەکان دەست دەدەنە کوڵک و قۆچی مەڕەکان و بەمە ئەمانیش ڕادەکێشێرنە ناو دەریاوە. پانورگە سەوڵێکی بەدەستەوەیە، نەوەکو بۆ ئەوەی قورتاریان بکا، بگرە بۆ ئەوەی نەیەڵێ سەرکەونە سەر کەشتییەکەی؛ بە وشەی توندوتیژ ئاگەداریان دەکاتەوە، بەوەی باسی هەموو بەدبەختی ئەم دنیا و هەروەها باسی باشی و بەختەوەریی ژیانی ئەو دنیایان بۆ دەکا و جەخت دەکاتەوە، کە مردووەکان لە زیندووەکان خۆشنوودترن. بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکدا پێیان خۆش بێ، لەگەڵ مرۆڤدا بژین، ئاواتەخوازە بۆیان، کە وەکو یۆناس تووشی نەهەنگێک بن. کاتێ هەموو دەخنکێن یانی برای پیرۆزبایی لە پانورگە دەکا، تەنیا ئەوەی بەڕوودا دەدا، کە پارەی داوەتە بازرگانەکان و بەمەش پارەکەی بە فیڕۆ داوە. پانورگە لە وەڵامدا دەڵێ: «گوێی مەدەرێ! بۆ زیاتر لە پەنجا هەزار فرانک خۆشیم لی بینی».

ئەم دیمەنە ناواقیعییە، مەحاڵە؛ بە لای کەمەوە پەندێکی تێدایە؟ بەمە ڕابەلیە دەست قوچاویی بازرگانەکان مەحکوم دەکا، کە سزادانیان لەزەتمان پێ دەبەخشێ؟ یان دەیەوێ دژی دڵڕەقیی پانورگە پڕمان بکا؟ یان تەوس دەکا، دژە کڵێسا، لەبارەی گەمژەییی ئەو وتەدانەی پانورگە بۆ قسە سواوەکانی ئاین؟ دەتوانن خەملێ لێ دەن! هەموو وەڵامێک داوێکە بۆ گەمژەکان.

ئۆکتاڤیۆ پاس: «نە هۆمیرۆس گەمەی ناسیوە نە ڤیرجیل؛ بەوە دەچێ ئاریۆست پێشمەرگەندەی کردبێ، بەڵام گەمە لەگەڵ سێرڤانتەسدا بۆ یەکەم جار ڕوو وەردەگرێ [...] گەمە دۆزینەوەی مەزنی عەقڵی مۆدێرنە». بیرکردنەوەیەکی بنەماکییە: گەمە لە سەردەمی پێش بیرکردنەوەوە لە لایەن مرۆڤەوە پیادە ناکرێ؛ گەمە دۆزینەوەیەکی وا بەستەی لەدایکبوونی ڕۆمانە. کەواتە گەمە پێکەنین، ساتیر نییە، بگرە پتر جۆرێکی تایبەتیی کۆمیدیایە، ئەوەی پاز لەبارەی دەڵێ (ئەمەش ئەو کلیلەیە، بۆ ئەوەی لە جەوهەری گەمە تێ بگەین)، «هەموو شتێکی گەمە خۆی لێ بدا فرەمانای دەکا». هەر کەسێک خۆشی لەو دیمەنە نەبینێ، کاتێ پانورگە مەڕفرۆشەکان دەخنکێنێ، لە کاتێکدا ستایشی ژیانی ئەو دنیا دەکا، هەرگیز هیچ شتێک لە هونەری ڕۆمان تێ ناگا.

ئەو بوارەی حوکمی ئەخلاقیی تێدا هەڵگیراوە

ئەگەر یەکێک لەبارەی زۆرترین هۆی بەدحاڵبوونی نێوان من و خوێنەرەکانم لێی بپرسیبامایە، ئەوا بەبێ سڵکردنەوە وەڵامم دەدایەوە و دەموت: گەمە. هێشتا لەمێژ نەبوو لە فرەنسا دەژیام و هەموو شتێک بووبێتم، لووتبەرز و بەفیز نەبووم. کاتێ پرۆفیسۆرێکی بەناوبانگی پزیشکی ویستی بمبینێ، چونکە ڤالّسی مالّئاوایی حەز لێیە، زۆر کەش و فشم بە خۆمدا هات. بە ڕای وی بەکەسایەتی دوکتۆر سکرێتاسەوە ڕۆمانەکەم پێغەمبەرانەیە، کە گوایە لە شارۆکەیەکی گەرماو دا ژنانی نەزۆک چارەسەر دەکا، بەوەی بە شرینقەیەکی تایبەت بە دزییەوە تۆوی خۆیان تێ دەکا، گوایە من گرفتێکی گەورەی داهاتووم باس لێ کردووە. بانگهێشتم دەکا بۆ سیمینارێک لەبارەی پیتاندنی سناعی. لاپەڕەیەک لە گیرفانی دەردەهێنێ و بەرنامەڕێژیی موحازەرەکەیم بۆ دەخوێنێتەوە. بەخشینی تۆو دەبێ نهێنی، خۆڕایی و (لەم کاتەدا سەیری ناو چاوم دەکا) لە ڕێی خۆشەویستییەکی سێفاقەوە پاڵنەر بێ: خۆشەویستیی بۆ هێلکەیەکی نەناس، کە دەیەوێ پەیامەکەی خۆی بە جێ بهێنێ؛ خۆشەویستیی بەخشەر بۆ تاکگەراییی خۆی، کە لە ڕێی بەخشینەوە بۆ داهاتوو درێژ دەبێتەوە و سێیەم، خۆشەویستیی بۆ ژن و پیاوێکی ئازارچەشتووی بەدبەخت. جارێکی تر سەیری ناو چاوم دەکاتەوە: لەگەڵ هەموو ڕێزێکیدا ڕێ بە خۆی دەدا، ڕەخنە لە من بگرێ: گوایە من بۆم نەلواوە، جوانیی ئەخلاقی تۆوبەخشین بەشێوەیەکی قەناعەت پێهێنەر بەرجەستە بکەم. داکۆکی لە خۆم دەکەم: ڕۆمانەکە کۆمیدییە! دوکتۆرەکەم خەیاڵپڵاوە! مرۆڤ نابێ هەموو شتێک بە هەند وەربگرێ.

– واتە مرۆڤ نابێ ڕۆمانەکانت بە هەند وەربگرێ؟ بە بەدگومانییەوە لێم دەپرسێ. پێم دەبێ

بەتەڵەوە و لەپڕ بۆم ڕوون دەبێتەوە: هیچ شتێک لەوە سەختتر نییە، گەمە لە خەڵک تێ بگەیەنی.

لە کتێبی چوارەمدا زریانێک لە دەریاوە هەڵدەکا. هەموو لەسەر پردەکە وەستاون و هەوڵ دەدەن، کەشتییەکە ڕزگار بکەن. تەنیا پانورگە، کە ترس ئیفلیجی کردووە، هەر گازاندە دەکا: هاتوهاوارە نایەبەکەی چەندان لاپەڕە درێژە دەکێشێ. هەر لەگەڵ زریانەکە بەسەر دەچێ، بەجەرگیی دەگەڕێتەوە و هەموویان لەبەر تەمەڵییان سەرزەنشت دەکا. سەیرەکە لێرەدایە: ئەم ترسنۆکە، ئەم تەوەزەلە، درۆزن و گەمەبازە نەک هەر تووڕەییمان تێدا بێدار ناکاتەوە، بگرە لە کاتی فشەفشکردنیدا لە هەموو کەسێک خۆشترمان دەوێ. ئەم پاساژانەن، کە کتێبەکەی ڕابەلیە سەرومڕ دەکەنە ڕۆمان: واتە: لە بواریکدا، کە حوکمی ئەخلاقیی تێدا هەڵگیراوە.

هەڵگرتنی حوکمی مۆراڵی بێ ئاکاری ڕۆمان ناگەیەنێ، بگرە ئاکارداری دەگەیەنێ. ئاکارێک کە ڕووبەڕووی نەریتی لەبن نەهاتووی مرۆڤ دەبێتەوە، یەکسەر، بەردەوام و هەموو کەسێک هەڵدەسەنگێنێ، حوکمی بە سەردا دەدا، پێش ئەوەی کە مرۆڤ دەرکی پێ کردبێ. لەژێر گۆشەنیگای حیکمەتی ڕۆمانەوە ئەم ئامادەگییە پڕ جۆش و خرۆشە بۆ حوکمدان قێزەونترین گەمژەییە، خەتەرترین ناقوڵایی. نەک ڕۆماننووس بەشێوەیەکی گشتی ڕەوایەتی حوکمێکی ئەخلاقی نکوولی لێ بکا، وەلێ ئەو فرێی دەداتە دەرەوەی ڕۆمانەوە. ئەگەر ئارەزووتان لێیە، لەبەر تەمەڵیی شکات لە پانورگە بکەن، شکات لە ئێما بۆڤاری بکەن، شکات لە ڕاتیگناتس بکەن، ئەمە شتی ئێوەیە؛ ڕۆماننووس هیچ پێوەندییەکی پێیانەوە نییە.

خوڵقاندنی پانتاییەکی خەیاڵی، کە حوکمی ئاکاریی تێدا هەڵگیرابێ، دەستکەوتێکی مەودافراوانی بێ ئەندازە بوو: فیگەرەکانی ڕۆمان تەنیا لەبەر ئەوە دەتوانن بخەملێنن، واتە تاکگەلێک، کە بە ڕەچاوکردنی واقیعێکی لە ئارادابوو بەبیردا هاتوون، وەکو نموونەی باش یان خراپ یان وەکو بەرجەستەکردنی یاسای بابەتی، بەسەر یەکدا کەڵەکە کراو، وەکو بوونەوەری سەربەخۆ، لەسەر ئەخلاقی خۆیان، لەسەر یاسای خۆیان بیناکراو. کۆمەڵگەی ڕۆئاوا خووی بەوەوە گرتووە خۆی وەکو کۆمەڵگەی مافی مرۆڤ تێ بگا؛ وەلێ پێش ئەوەی مرۆڤێک توانیبێتی مافی هەبێ، دەبوو خۆی وەکو تاک بینا بکا، خۆی وەکو تاک لە خۆی بڕوانێ و وەکو تاک تێی بڕوانرێ؛ ئەمە نەیدەتوانی ڕوو بدا بەبێ پیادەکردنێکی درێژی هونەرە ئەوروپاییەکان بەتایبەتی ڕۆمان، کە خوێنەر فێر دەکا زانخواز بێ لەبارەی ئەوانی تر و هەوڵ بدا، لە حەقیقەتگەلێک تێ بگا، کە لە حەقیقەتی خۆی جوداوازن. بەم مانایە سیۆران حەقیەتی، کە کۆمەڵگەی ئەوروپایی وەکو «کۆمەڵگەی ڕۆمان» ناوزەد دەکا و ئەوروپاییەکان بە «کوڕانی ڕۆمان» ناو دەبا.

بە دنیاییکردن

بێ خواکردنی دنیا یەکێکە لە دیاردە نموونەییەکانی سەردەمی نوێ. بێ خواکردن مانای نکوولێکردن لە خدا نییە، بێ خواکردن ئەو بارە دیاری دەکا، کە تێیدا تاک، ئێگۆی بیرکەرەوە،

جێی خوا وەکو بنەمای هەموو شتێک دەگرێتەوە؛ مرۆڤ دەتوانێ باوەڕی خۆی بپارێزێ، لە کلّێسادا بێتە سەر چۆک، لە نوێندا نزا بکا، ئیمانداریی لەو چرکەساتەوە ئیدی هی گەردوونی زاتییەتی. هایدێگەر ئەم دۆخەی وەسف کردووە و دەگاتە ئەو ئەنجامەی: «ئەگەر گەیشتبێتە ئەوێ، ئەوا خواوەندەکان هەلّاتوون. ئەو خالّێتییەی هاتووەتە ئاراوە لە ڕێی تۆژێنەوەی مێژوویی و دەروونی ئەفسانەوە جێیان دەکرێتەوە.»

ئەفسانە، دەقی پیرۆزی ئاینی، لەلایەنی مێژوویی و دەروونییەوە لێیان بتۆژرێتەوە واتە: کردنیان بە دنیایی، بەدنیایی کردنیان. وشەی دنیا (پرۆفان) بنەچەکەی لاتینییە: پرۆفانوم: شوێنی پێش پەرستگە، لە دەرەوەی پەرستگە. بەدنیاییکردن واتە گواستنەوەی پیرۆز بۆ دەرەوە، بۆ مەودای دەرەوەی ئاین. ئەگەر پێکەنین نادیار لە هەوای ڕۆماندا بێ، بەدنیاییکردن لە ڕێی ڕۆمانەوە خراپترین هەموو بەدنیاییکردنەکانە. چونکە ئاین و گەمە لەگەلّ یەکدا تەبا نین.

چوارینەکەی تۆماس مان، یوسف و براکانی، کە لە نێوان سالّانی ١٩٢٦و ١٩٤٢دا نووسراوە نموونەیەکی زەقی «توێژینەوەی میژوویی و دەروونیی» دەقی ئاینین، کە بەدەنگی بە لێو بە خەندە و وەڕەسکەرانەی بلّندی تۆماس مان گێڕاونەتەوە، لەپڕ پیرۆز نامێنن: خوا، کە لە ئینجیلدا لە سەرەتای جاویدانییەوە لە ئارادایە، لای مان دەبێتە داهێنانێکی مرۆڤ، دۆزینەوەیەکی ئەبرەهام، کە لە پاشاگەردانییەکی فرە خواییدا لە سەرەتادا لە سەرەوە، پاشان وەکو تاکە خواوەند ڕێی پێ دەدا بێتە پێشەوە؛ چونکە خوا دەزانێ، بۆ بوونی خۆی سوپاسی کێ بکا، هاوار دەکا: «جێگەی بڕوا نییە، ئەم گونکی زەوییە من چەند باش دەناسێتەوە! دەست پێ نەکەم، بەهۆی ئەوەوە ناوێک بۆ خۆم پەیدا بکەم؟ بە ڕاستیی دەمەوێ پیرۆزی بکەم!» بەلّام پێش هەموو شتێک: تۆماس مان جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ڕۆمانەکەی کارێکی گەپجاڕانەیە. کتێبی پیرۆز هۆکاری پێکەنینمان دەداتێ! وەکو چیرۆکی ژنەکەی پۆتیفار و یوسف؛ ژنەکە، بە ئەشق شێت و شەیدا، زمانی خۆی دەگەزێ و وشە فریودەرەکانی دەلّێ و ئەمجا بە سەری زمان گرتنەوە وەکو منداڵ، «لای من بخەوە، لای من بخەوە»، لە کاتێکدا یوسفی داوێنپاک، سێ سالّ ڕۆژ بە ڕۆژ بە بوردەبارییەوە بۆ ژنە سەر زمانگرەکە ڕوونی دەکاتەوە بۆیان قەدەخەیە بە یەکەوە بنوون. لە ڕۆژە چارەنووسسازەکەدا هەردووکیان بە تەنیا لە مالّەوەن؛ جارێکی تریش ژنەکە سوورە لەسەر ئەوە، «لای من بخەوە، لای من بخەوە»، ئەو جارێکی تر بۆی ڕوون دەکاتەوە، بە بووردەبارییەوە، پەروەردەگارانە، هۆیەکانی، لەبەرچی نابێ بە یەکەوە بنوون، بەلّام لە کاتی ئەم ڕوونکردنەوەیەدا هەرامەکەی ڕەپ دەبێ، خوای گەورە، هەرامەیەکی هێندە نایاب، کە ژنەکەی پۆتیفار بە بینینی ئەم دیمەنە بە تەواوی شێت دەبێ و کراسەکەی لەبەر دادەدڕێ، کاتێ یوسف بە هەرامە هێشتا ڕەپەکەیەوە هەلّدێ، بۆ ئەوەی خۆی قورتار بکا، ژنەکە دەست بە هاوار و قیژە دەکا، شلّەژاو، درەنگ و شێتگیر، داوای یارمەتی دەکا و یوسف بەوە تۆمەتبار دەکا گوایە ویستوویەتی زۆرگیری بکا.

ڕۆمانەکەی تۆماس مان دانپێدانانێکی یەکدەنگانەی پێ بڕابوو: ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی

بەدنیاییکردن وەکو سوکایەتی پێکردن سەیر نەدەکرا، بگرە پاڕێک بوو لە نەریتەکان. لە ڕەوتی سەردەمی نوێدا بێ ئیمانیی دەستی لەوە هەڵگرت، بەگومان یان شەڕەنگێز بێ و ئیمانیش لەلای خۆیەوە دڵنیاییی موژدەبەرانەی یان ناتۆلەرانسیی پێشووی خۆی لە دەست دا. لەم پەرەسەندنەدا شۆکی ستالینیزم دەوری بنەبڕکەری بینی: بەوەی ستالینیزم هەوڵی دا یادەوەریی مەسیحی بەتەواوی بسڕێتەوە، بۆ هەموومان، باوەڕدار و بێ باوەڕ، کافر و خواپەرست، بەشێوەیەکی دڵڕەقانە ڕونی کردەوە، کە سەر بە هەمان ئەو کولتوورەین لە ڕابردووی مەسیحییەتدا ڕەگی داکوتاوە، کە ئێمە بەبێ ئەو کولتوورە تەنیا سێبەری بێ جەوهەرین، چەقاوەسووی بێ وشەین، بێ وڵاتی ئاوەزین.

من بە خوانەناسیی بەخێو کراوم و هەتا ئەو ڕۆژەیش هەستم بە خوانەناسیی دەکرد، کاتێ لە ڕەشترین سالانی کۆمۆنیزمدا بینیم، چۆن فەلەکانیان هەراسان کردبوو. بە جارێ خوانەناسیی شەڕەنگێز و بێ خەمی سەرەتای هەرزەکاریم وەکو گەوجییەکی منداڵانە ڕەوییەوە. من لە هاوڕێ ئیماندارەکانم تێ گەیشتم و بەپاڵنەری هاوهەستیی و هەژان هەندێ جار بۆ نوێژی کلێسە یاوەرییانم دەکرد. وەلێ لەگەڵ ئەوەیشدا من ئەمەم دەکرد، نەگەیشتمە ئەو قەناعەتەی، خوا وەکو بوونەوەر هەیە، کە چارەنووسمان دەئاژوێ. دەمتوانی چی لەبارە بزانم؟ ئەی ئەوان، دەیانتوانی چیی لەبارە بزانن؟. لەوە دڵنیا بوون، کە دڵنیان؟ من لە کلێسایەکدا بەو هەستە سەیرو بەختەوەرە دانیشتبووم، کە بێ باوەڕیی من و باوەڕی ئەوان بەشێوەیەکی سەیر لە یەک نزیکن.

بیری ڕابردوو

تاک چییە؟ شوناسنامەی تاک لە چیدایە؟ هەموو ڕۆمانەکان بەدوای وەڵامێکدا بۆ ئەم پرسیارانە دەگەڕێن. لە ڕاستیدا، ئێگۆیەک لە ڕێی چییەوە خۆی پێناسە دەکا؟ لە ڕێی ئەوەوە کە کەسێک دەیکا، لە ڕێی هەڵسوکەوتەکانییەوە؟ وەلێ کردار هەردەم لە بکەرەکەی هەڵدێ، نزیکەی هەموو کات لە دژی دەوستێتەوە. کەواتە لە ڕێی ژیانی ناوەوەی؟ لە ڕێی بیرەکانییەوە؟ لە ڕێی هەست و نەستە پەنهانەکانییەوە؟ بەڵام ئایا مرۆڤ لە توانایدایە لە خودی خۆی تێ بگا؟ بیرە پەنهانەکانی دەتوانن وەکو کلیل لە خزمەتی شوناسنامەکەیدا بن؟ یان مرۆڤ لە ڕێی دیدگایەوە بۆ شتەکان، بیرۆکەکانییەوە، دنیابینی دیاری دەکرێ؟ ئەمە ئیستاتیکای دۆستەیەڤسکییە: کەسایەتییەکانی ڕەگیان لە ئایدۆلۆجیایەکی ڕەسەندا داکوتاوە و بەپێی ئەم ئایدۆلۆجیایە بە مەنتیقێکی لێ لانەدراو ڕەفتار دەکەن. بەپێچەوانەوە لەلای تۆلستۆی ئایدۆلۆجیای شەخسی زۆر لەوەوە دوورە، بۆ ئەوەی ببێتە شتێکی تۆکمەی بێ شوناسنامە، تاک بتوانێ خۆی لەسەر بینا بکا. «ستێپان ئارکەدیەڤیچ نە ڕەفتارەکانی خۆی هەڵبژارد و نەیش بیر و ڕاکانی، نەخێر، ڕەفتارو بیر و ڕاکانی خۆیان بۆی دەهاتن، هەر وەکو چۆن ئەو نە شێوەی شەپقەکانی نە شێوەی پاڵتۆکانی هەڵبژارد، بگرە ئەوەی هەڵدەگرت، کە مرۆڤ لە بەری دەکرد» (ئانا کارینینا). بەڵام ئەگەر بیرکردنەوەی شەخسی بنەمای

شـوناسنـامـەی تاکێک نەبێ (ئەگـەر لە شـەپقـەیەک گـرینگتـر نەبێ)، ئـەی چی ئەم بنەمـایە پێک دەهێنێ؟

بۆ ئەم گـەڕانـە بێ کـۆتاییـیـە تۆمـاس مـان پشکداریـیـەکی زۆر گـرینگی ئەنجـام دا: ئێمـە لەو بڕوایەداین کـە ڕەفتـار دەکـەین، ئێمـە لەو بڕوایەداین کە بیر دەکـەینەوە، بەڵام ئەوە یەکێکی تـرە، ئەوانی ترن، کـە لە ئێمـەدا بیر دەکـەنەوە و ڕەفتـار دەکـەن: واتە خووی هـەرە کـۆن. نمونەگەلێک، کـە جـارێک لە جـاران بوونەتە ئەفـسـانـە و وەچە بۆ وەچـە گـواسـتـراونـەتەوە، هێـزێکـی ناوازەی فریودەرانەیان هـەیە و لە دوورەوە (وەکو مان دەڵێ) لە «بیری ڕابردوو»ەوە لە دوورەوە دەمانئاژوون.

تۆمـاس مان: «[...] ئایا ئێـگۆی مرۆڤ بەشـێوەیـەکی گشـتی شـتێکی بە تۆکمـەیی بەسـەر خـۆیدا داخـراوە و بە تـوندی لە سـنووری کـات–گـۆشـتـدا چەسپ کـراوە؟ چەندان توخمـی کە خـۆیان لەسـەر بینا دەکا، هـی جیـهانی دەرەوەی ئەو نین؟ [...] و جیاوازی گشتی نێوان ڕوح و ڕوحی تاک هـەموو کـات بە تۆپزیـی بەسـەر مـیـزاجـەکـانـەوە نەبووە وەکـو ئەمـڕۆ، کـە ئێمـە بەجێـمـان هێشـتـووە [...]» بەردەوام دەبێ: «لەم حـاڵەتـەدا دەرکـەوتـەیـەک هـەیە، کە ئێمـە دەمـانـەوێ وەکو لاسـاییکردنـەوە یان بە دواداهاتن ناوزەدی بکـەین، واتـە تێگـەیشـتـنێک لە ژیان، شـێوەگـەلی دراو، شـێمـایـەکی ئەفسـانـەیی، کە لەلایەن باوکانەوە دامـەزراوە، بە مـەنووکە پڕ بکرێ و جارێکی تر بکرێتەوە بەگۆشت.»

ململانێی نێوان یەعقووب و ئێسـاوی بۆ دووبارەکردنـەوەی کێشمـەکێشی کۆنی نێوان ئابل و کاینی برایەتی، لە نێوان ئەوەی خودا خۆشی دەوێ و ئەوی تر، پشتگوێخراو، ڕژد. ئەم ململانێییە، «ئەم شـێـمـای ئەفـسـانـەیـەی لەلایەن باووباپـیـرانـەوە دامـەزراوە»، لە چارەنووسـی یوسـفی کـوڕی یەعقووبدا خـەملاندنێکی تر دەبینێتەوە، کـە ئەویش لە هـۆنێکی خـاوەن مزە (ئیـمـتیاز). هـەسـتی بە گـوناهکردنێکی کۆنی مـزەدارەکـان پاڵنەرە یەعقـووب یوسـف بنێرێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ برا ڕژدەکـانی ئاشت ببێتەوە (دەستپێشخەرییەکی نەگبەتانە: براکانی فرێی دەدەنە بیرەوە).

تەنانەت ئازارەکە، کە بەوە دەچێ پەرچەکردارێکی کۆنترۆڵ نەکراو بێ، تەنیا «لاساییکردنەوە یان بە دواداهاتنە»: ئەگـەر ڕۆمانەکە باس لە ڕەفتاری یەعقووب و شـیـوەنەکـەی بۆ مـردنی یوسف دەکا، مـان ئـاوا ڕاڤـەی دەکـا: «یەکسـەر مـرۆڤ دەیزانی کـە ئـەم وشـانـە هـی خـۆی نەبوون، گـوایە نوحـیش، بەپێی گـۆرانـیـیـە کـۆنەکـان، بەو جـۆرە یان هـاوشـێوە قسـەی لەبارەی لافـاوەکـە کـردووە و یەعقووبیش کـردوونیەتییە هـی خـۆی[...] بەشـێوەیـەکی گشـتی لە دڕدۆنگی خـۆیدا قسـەی زۆری کـرد و شـیـوەنێکی زۆری کـرد کـە لاسـییـکردنـەوە یان نیـوە لاساییکردنـەوە بوون، [...] ئەگـەر کەسیش بڕوا نەکا، کە بە هـۆیەوە ڕاسـتـەوخـۆیی لێ کـەم بووبێتـەوە.« تێبـینـیـیـەکی گـرینگ: لاساییکردنـەوە نەبوونی ئەسـاڵەت ناگـەیـەنێ، چونکە تاک ناتوانێ شـتێکی تر بکا جگە لە لاسـاییرکردنـەوەی ئەو شـتـانـەی کە هـەن؛ هـەرچـەندە ڕاشکاوانـەش بێ، تـەنیـا دۆنادۆنە؛ هـەرچـەندە ڕاسـتـگۆ بێ، تـەنیـا ئـەنجـامـی ئەو بیرۆکە و فەرمانانەن، کە لە بیری ڕابردووەوە هـەڵدەقوواڵێن.

پێکەوەبوونی کاتی جیاوازی مێژوویی لە ڕۆمانێکدا

من بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە، کاتێ دەستم بەنووسینی ڕۆمانی گەمە کرد: هەر لە سەرەتاوە ڕەمەکی زانیم، کە ڕۆمانەکە بە فیگەری یارۆسلاڤ نیگایەکی قوڵ دەگرێتە ڕابردوو (ڕابردووی فولکلۆر) و کە «من»ی فیگەرەکەم خۆی لە میانەی ئەم نیگایەوە بەیان دەکا. چوار بەشدارەکە بەم جۆرە بەرنامەڕێژییان بۆ کراوە: چوار جیهانی کەسایەتی کۆمۆنیستی، کە بەسەر چوار ڕابردووی ئەوروپاییدا سەپێنراون: لودڤیک: بەسەر ئەو کۆمۆنیزمەدا، کە لە سەر هزری تیژی ڤۆڵتێر دەڕوێ؛ یارۆسلاڤ: بەسەر ئەو کۆمۆنیزمەدا وەکو ئارەزوو، کاتی باوکسالاریی، ڕابردووی لە فۆلکلۆردا هەڵگیراو پێکەوە بنێتەوە؛ کۆستکا: بەسەر ئەو کۆمۆنیزمە یوتۆپییەدا کە بەسەر ئینجیلدا سەپێنراوە؛ هێلینا: بەسەر ئەو کۆمۆنیزمەدا کە وەکو سەرچاوەی جۆش و خرۆشێکی مرۆڤی هەستەوەر سەیری دەکرێ. ئەم جیهانی کەسایەتییانە لە چرکەساتی داڕزانیاندا بەرجەستە کراون: چوار شێوەی توانەوەی کۆمۆنیزم؛ ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ: داڕمانی چوار سەرکێشیی کۆنی ئەوروپایی.

لە گەمەدا ڕابردوو خۆی تەنیا وەکو جۆرێکی ڕەوانی فیگەرەکان یان لە باسلادانی وتارگەرییانە بەیان دەکا؛ دواتر ویستم ڕاستەوخۆ لە دیمەندا وەگەڕیان بخەم. لە ژیان لە جێیەکی تری ژیانی شاعیرێکی لاوی ئەم ڕۆژگارەمانم خستووەتە بەردەم ڕوانگەی مێژووی شیعری ئەوروپاییەوە، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی لەگەڵ هەنگاوەکانی ڕامبۆ، کیتس، لیرمەنتۆفدا ئاوێتە بن. لە ڕۆمانی نەمرییدا لە ململانێ لەگەڵ قۆناخە جیاوازەکانی مێژوودا زیاتریش ڕۆیشتووم.

وەکو نووسەرێکی لاو لە پراگ ڕقم لە وشەی وەچە دەبووەوە، چونکە لە تۆنی مرۆڤی مێگەل سڵم دەکردەوە. ئەو هەستەی، بەوانی تردەوە وا بەستە بی، بۆ یەکەم جار لە فرەنسا هەمبوو کاتێ خاکەکەی ئێمەی کارلۆس فوێنتەسم خوێندەوە. چۆن دەشێ مرۆڤێک لە کیشوەرێکی تر، لە ڕێی ڕەوتی ژیان و کولتوورەکەیەوە لە من دوور، هەمان عەشقی ئیستاتیکی دایگرتبێ، وا بکا قۆناخی مێژووییی جوداواز لە ڕۆمانێکدا بە تەنیشت یەکترەوە لە ئارادا بن، عەشقێک، کە من هەتا ئێستا ساکارانە تەنیا بەهی خودی خۆمم دەزانی؟

مەحاڵە مرۆڤ بتوانێ، لە خاکەکەمان، کە خاکی مەکسیکە تێ بگا، بەبێ ئەوەی بە سەر بیری ڕابردوودا داچەمێتەوە. نەک بەشێوەی مێژوونووسێک، بۆ ئەوەی تێیدا ڕەوتی کرۆنۆلۆجی ڕووداوەکان بخوێنینەوە، بگرە بۆ ئەوەی لە خۆمان بپرسین: جەوهەری چرکراوەی خاکی مەکسیکی لە چیدایە؟ فوێنتەس ئەم جەوهەرەی لە شێوەی ڕۆمانە خەونێکدا دارشتووە، کە تێیدا چەند قۆناخێکی مێژووییی لە شێوەیەکی سەرو- مێژووییی شاعیرانە و خەونئامێزدا بە یەکدا دەدەن؛ بەم تەرزە شتێکی بە زەحمەت لە وەسفکردن و بەهەرحاڵ شتێکی هەرگیز لە ئەدەبدا لە ئارادانەبووی خولقاندووە.

دوا جار ئەم هەستە هاوشێوەیەم بۆ خزمایەتیی پەنهانی ئیستاتیکی لە کاتی خوێندنەوەی ئاهەنگێک لە ڤینیسیای فیلیپ سۆلێرسدا هەبوو، ئەم ڕۆمانە سەیرەی، کە پێشهاتەکانی لەمڕۆدا ڕوو دەدەن، بەڵام زمانحاڵێکن بۆ ڤاتەو، سیزان، مۆنێ، تیزیان، پیکاسۆ و ستێنهال، بۆ نمایش و گوزارشتەکانی هونەرەکەیان.

لەم نێوەندەیشدا ئایەتە شەیتانییەکان: شوناسنامەی ئاڵۆزی هیندییەکی ئەوروپایی؛ نەکو خاکەکەی ئێمە؛ نەکو سەروەریی بەسەر خاکی خۆدا، خاکی وێران، بۆ ئەوەی دەرک بەم شوناسنامە شێواوە بکرێ، ڕۆمانەکە لە جێی جیاجیای ئەم هەسارەیەدا ئەم شوناسنامەیە دەپشکنێ: لە لەندەن، لە بۆمبای، لە گوندێکی پاکستان و لە ئاسیای سەدەی حەتەومدا.

پێکەوەبوونی قۆناخی جیاواز لە ڕۆماندا ڕۆمانnوس دەخاتە بەردەم گرفتێکی تەکنیکییەوە: چۆن مرۆڤ دەتوانێ بەیەکیانەوە ببەستێ، بەبێ ئەوەی ڕۆمان یەکەتیی خۆی لە دەست بدا؟

فوێنتەس و ڕوشدی لە بواری فەنتازیادا چارەسەریان دۆزیوەتەوە: لای فوێنتەس فیگەرەکان لە قۆناخێکەوە وەکو دۆنادۆنی خۆیان بۆ قۆناخێکی تر باز دەدەن. لەلای ڕوشدی فیگەری جیبریل فریشتەیە ئەم پێوەندییەی سەروی کات دەخولقێنێ، بەوەی خۆی دەکاتە جیبریلی فریشتە، کە ئەویش لەلای خۆیەوە دەبێتە ماهودی مژدەبەر (شێوەیەکی ڕۆمانگەرای محەمەد).

لەلای سۆلێرس و لەلای من پێوەندییەکە هیچ شتێکی فەنتازی نییە: سۆلێرس: ئەو وێنەو کتێبانەی، کە لەلایەن کەسەکانەوە دەبینرێن و دەخوێنرێنەوە، وەکو پەنجەرە وان بۆ ڕابردوو. لای من هەنووکە و ڕابردوو بە تێمای هاوشێوە و پاڵنەری هاوشێوەوە بە یەکەوە بەستراون.

ئایا دەتوانرێ ئەم خزمایەتییە ئیستاتیکییە ژێرەکییە (ئەوەی دەرکی پێ نەکراوە و دەرکی پێ ناکرێ) بە کارلێکەریی ئاڵوگۆڕکردن ڕوون بکرێتەوە؟ نەخێر. لە ڕێی کاریگەریی هاوبەشەوە؟ نازانم چی کاریگەرییەک. یان هەمان هەوای میژوومان هەڵمژیوە؟ میژووی ڕۆمان بە لۆجیکی تایبەتی خۆی ئێمەی خستووەتە بەردەم هەمان ئەرک؟

میژووی ڕۆمان.. وەکو تۆڵە لە میژوو

میژوو. ئایا مرۆڤ هێشتا دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەم ستەمکارە؟ ئەوەی ئێستا من دەیڵێم دانپێدانانێکی شەخسییە: وەکو ڕۆمانnووس هەموو کات خۆم لە چەقی میژوودا هەست پێ کردووە، واتە لەسەر ڕێگەیەک، لە دیالۆگ لە گەڵ ئەوانەدا، کە لە پێش منەوە بوون، یان تەنانەت ڕەنگ بێ (کەمتر) لەگەڵ ئەوانەدا، کە بە دوای منda دێن. بێگومان من باسی میژووی ڕۆمان دەکەم، نەک میژوویەکی تر، بەو جۆرەیش باسی دەکەم کە دەیبینم: هیچ شتێکی لەگەڵ عەقڵی لە دەرەوەی مرۆڤ لە ئارادای هێگل هاوبەش نییە؛ نە لە سەرەتاوە بڕیاری لەسەر دراوە نەیش لە بیرۆکەی پێشکەوتندا هاوشێوەیە؛ لێوانلێو و سەرومڕ مرۆڤانەیە، لەلایەن مرۆڤەکانەوە چێ کراوە، لەلایەن هەندێ مرۆڤەوە، ئەوەندەش دەتوانرێ لەگەڵ پێشکەوتنی تاقە یەک هونەرمەندێکدا بەراورد

بکرێ، کە هەندێ جار زۆر ئاسایی، هەندێ جار پێشبینی نەکراو ڕەفتار دەکا، هەندێ جار بە بلیمەتییەوە، هەندێ جار بەبێ و هەندێ هەلیش لە دەست دەدا.

من وا خەریکم ڕوونکردنەوەیەک لە بوونە ئەندام لە مێژووی ڕۆماندا دەدەم، لە کاتێکدا هەموو ڕۆمانەکانم قێزبوونەوەیەک لە مێژوو گوزارشت لێ دەکەن، ئەم دەستەلاتە نەیار و نامرۆڤانەیە، کە داوەتنەکراو نەخوازراو، لە دەرەوە ژیانمان داگیر و وێران دەکا. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم ڕەفتارە ناحەدیی نییە، مێژووی مرۆڤایەتی و مێژووی ڕۆمان شتی سەرومڕ جوداوازن. ئەگەر یەکەمیان هی مرۆڤ نەبێ، ئەگەر خۆی وەکو نامۆ، وەکو دەستەلاتێکی لەلایەن ئەوەوە کاریگەرنەکراو خۆی بەسەردا سەپاندووە، ئەوا مێژووی ڕۆمان (شێوەکاریی، موزیک) لە ئازادیی مرۆڤەوە لەدایک بووە، لە داهێنانە زۆر شەخسییەکانییەوە، لە بڕیارەکانییەوە. مانای مێژووی هونەرێک خۆی لە خۆیدا دژی مێژوو دەوەستێتەوە. بەهۆی خەسڵەتی شەخسییەوە مێژووی هونەرێک تۆڵەی مرۆڤە لە ناشەخسیەتی مێژووی مرۆڤ.

خەسڵەتی شەخسی مێژووی ڕۆمان؟ نابێ ئەم مێژووە، بۆ ئەوەی یەک گشت پێک بهێنێ، لە ڕەوتی سەدان ساڵدا لە ڕێی مانایەکی هاوبەشی، خۆگر و لە ئەنجامدا بە پێویست سەرووی شەخسی بە یەک بکرێ؟ نەخێر. من لەو بڕوایەدام کە تەنانەت ئەم مانا هاوبەشە هەموو کات شەخسی، مرۆڤانە دەمێنێتەوە، چونکە لە ڕەوتی مێژوودا ڕوانگەکان بۆ ئەم یان ئەو هونەرە (ڕۆمان چییە؟) بە هەمان شێوە وەکو مانای گەشەکردنی (لە کوێوە دێت و بۆ کوێ دەڕوا؟) پەیتا پەیتا لەلایەن هەموو هونەرمەندێکەوە پێناسە دەکرێ و لەگەڵ هەموو کارێکی هونەریشدا سەرلەنوێ پێناسە دەکرێتەوە. گرینگیی مێژووی ڕۆمان لە گەڕانیدایە بەدوای ئەم مانایەدا، ئەفراندنی بەردەوامی و دووبارە ئەفراندنەوەی، کە بۆ دوایشەوە کارا سەرجەمی ڕابردووی ڕۆمان لە خۆ دەگرێ: بەدڵنیاییەوە ڕابلییە هەرگیز ناوی ڕۆمانی لە کارگانتوا و پانتاگرویلەکەی نەناوە. کتێبەکە ڕۆمان نەبوو، بووە ڕۆمان، بە ئەندازەیەک، وەکو ڕۆماننووسەکانی دواییتر (ستێرن، دیدرۆ، بەلزاک، فلاوبێر، ڤانچورا، گۆمبرۆڤیچ، ڕوشدی، کیش، چامیسیۆ) سروشیان لێ وەردەگرت و بەئاشکرا دەناویان دەنا و بەم شێوەیە هاوئامێزی مێژووی ڕۆمانیان کرد، پتر لەوەیش، وەکو بەردی بناخەی ئەم مێژووە دانیان پێیدا نا.

وشەکانی «کۆتاییی مێژوو» هەرگیز ترس یان دڕدۆنگییان تێدا نەڕواندوم. «چەند خۆشبەختانە دەبوو، بتوانرایە ئەوانە لە بیر بکرێن، کە خوێنی ژیانی کورتمان دەمژن، بۆ ئەوەی بۆ کارە بە فیزەکانیان بە کاری بهێنن، چەند خۆش دەبوو، بتوانرایە مێژووی هاوچەرخ لە بیر بکرێ!» (ژیان لە جێیەکی تر). ئەگەر مێژوو دەبێ کۆتایی بێ (لەگەڵ ئەوەیشدا من ناتوانم ئەم کۆتاییەی فەیلەسووفەکان هێندە بەخۆشحاڵییەوە باسی دەکەن بە کۆنکرێتی وێنا بکەم)، دەبێ پەلە بکا! بەڵام کە گوزارشتی هاوشێوەی «کۆتاییی مێژوو» بۆ هونەر بەکار دەهێنرێ، ئەوا دڵم ترسی لێ دەنیشێ؛ من باش دەتوانم ئەم کۆتاییە وێنا بکەم، چونکە بەشێکی گەورەی بەرهەمی ڕۆمانی

ئەمڕۆ لەو ڕۆمانانە پێک هاتووە کە لە دەرەوەی مێژووی ڕۆمانن: داوای لە گوناە پاکبوونەوە بەشێوەی ڕۆمان، ڕاپۆرت بەشێوەی ڕۆمان، هاوتاکردنی حیساب بەشێوەی ڕۆمان، ئەوتۆبایۆگرافی بەشێوەی ڕۆمان، خەبەرلێدان بەشێوەی ڕۆمان، وانەی سیاسی بەشێوەی ڕۆمان، گیانەلاّی مێرد بەشێوەی ڕۆمان، گیاندانی دایک بەشێوەی ڕۆمان، بێبنکردن بەشێوەی ڕۆمان، منداڵبوون بەشێوەی ڕۆمان، ڕۆمان هەتا بێ کۆتایی، هەتا کۆتایی کات، ڕۆمانگەلێک، کە هیچی نوێ ناڵێن، بەهای ئیستاتیکییان نییە، گۆڕانکاریی لەگەڵ خۆیاندا ناهێنن، نە بۆ تێگەیشتنی ئێمە لە مرۆڤ نە بۆ شێوەی ڕۆمان؛ بە یەک دەچن و بەیانی بە پێرفێکتی دەتوانرێ بەرخۆری بکرێن، ئێوارە بە پێرفێکتی دەتوانرێ فڕێ بدرێن.

بەبڕوای من تەنیا کارە گەورەکان دەتوانن لەناو مێژووی هونەری خۆیاندا سەر هەڵبدەن بەوەی پشکیانی تێدا هەبێ. تەنیا لەنێو مێژوودا مرۆڤ دەتوانێ پەی بەوە ببا، چی نوێیە و چی دووبارەیە، چی دۆزینەوە و چی لاساییکردنەوەیە، بەجۆرێکی تر بیڵێین، تەنیا لەنێو مێژوودا کارێک دەتوانێ وەکو بەها لە ئارادا بێ، کە مرۆڤ دەتوانێ بیناسێتەوە و نرخی بزانێ. بۆ هونەر هیچ شتێکم لەوە دژوارتر بۆ دەرناکەوێ وەکو ئەوەی لە مێژووی خۆی بکەوێتە خوارێ، چونکە کەوتنە نێو پاشاگەردانییەکەوەیە، بەوەی بەها ئیستاتیکییەکان دەرکیان پێ ناکرێ.

ڕەوگەیی و بیناکاری هونەری

کاتێ سێرڤانتەس دۆن کیخۆتەی نووسی، زۆری لەخۆی نەکرد و لە ڕەوتی کارکردندا کاراکتەری زۆر لە پاڵەوانەکانی گۆڕی. ئەو ئازادییەی کە ڕابلێ، سێرڤانتەس، دیدرۆ، ستێرن دەرگیرمان دەکا، پابەندی ڕەوگەیی(ئیرتجال) بوو. هونەری بیناکاریی باڵۆز و تۆکمە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا بووە پێویستیی پابەند. شێوەی ڕۆمان، بەو جۆرەی ئەو کاتە سەری هەڵدا، بە پێشهاتێکی زۆر کورتی سنووردار، جۆرە خاڵێکی یەکتربڕ، کە چیرۆکی جیاوازی کەسانی جیاواز بە یەک دەگەن، لە تێڕامانی پێشهات و دیمەنەوە پێویستی بە پلانێکی تەواو هەبوو: پێش ئەوەی ڕۆماننووس دەست بەنووسین بکا، هەموو کات و دووبارە و سەرلەنوێ پلانڕێژیی بۆ ڕۆمانەکەی دەکرد، دەیژمارد و دەیپێوا، هێڵکاریی دەکرد و ڕاستی دەکردەوە، بەجۆرێکی مرۆڤ پێشووتر هەرگیز نەیکردبوو. مرۆڤ تەنیا دەبێ لاپەڕەی تێبینییەکانی دۆستەیڤسکی هەڵبداتەوە، کە بۆ خێوەکانی نووسیوە: لەو حەوت تێبینینامانەدا، کە لە چاپی– حەوتەوانەدا ٤٠٠ لاپەڕە لە خۆ دەگرن (سەرجەمی ڕۆمانەکە ٧٥٠ لاپەڕەیە)، مۆتیڤەکان لە گەڕاندان بە دوای فیگەردا، فیگەرەکان لە گەڕاندان بەدوای مۆتیڤەکاندا، فیگەرەکان ماوەیەکی زۆر لە شەڕدان بۆ جێگەی یەکەمی بەشداریی؛ ستافڕۆنین دەبوو ژندار بێ، بەڵام «ژنەکەی دەبێ کێ بێت؟» دۆستەیڤسکی دەپرسێ و هەوڵ دەدا ستراڤنۆنین بەدوای یەکدا لەگەڵ سێ ژندا زەماوەند بکا... هتد. (تەنیا دژوازییەکی ڕووکەش: هەتا وردتر ئەم مەکینەی بیناکارییە حسابی بۆ کرابێ، فیگەرەکان ئەوەندە واقیعییانەتر

و سـروشـتـیـیـانەتر دەردەکـەون. حـوکـمی پێـشـوخت دژی ئاوەزی بیناگـەر وەکـو ڕەگـەزێکی «ناهـونەریی»، کـە کـاراکـتـەری «زیندوو»ی کـەسـەکـان دەشـێـوێنێ، تەنیـا لەگـەڵ سـاکـاریی سێنتێمێنتاڵی ئەوانەدا یەک دێتەوە، کە هەرگیز هیچ لە هونەر تێ نەگەیشتوون.)

ڕۆمـانـنووسی ئەم سـەدەیەمـان، کە تاسـەی هونەری وەسـتا کۆنەکانی ڕۆمـان دەکا، ناتوانێ لەو شـوێنە سـەری پەتەکە گرێ بداتەوە کە پچـڕاوە؛ نە دەتوانێ باز بەسـەر ئەزمـوونی گەورەی سـەدەی نۆزدەدا بدا، نـە لە بیـری بکا، بـۆ ئەوەی ئازادیی ناتۆپزی ڕابەلیـە یان سـتـێـرن بـدۆزێتـەوە، دەبێ لەگەڵ داواکارییەکانی بیناکاری هونەریدا هاوئاهەنگییان بکا.

من یەکەم یەکـەم خوێندنەوەی ژاک ل فاتالیستم بیر دەکـەوێتەوە؛ شاگەشکە بە دەوڵەمـەندیی ئەو فرەییـیە بوێرانەیـە، کە تاودانەوە و نوکتە بەر یەک دەکەون، چیـڕۆکێک بە چیـڕۆکیکی تر چـوارچێوە دەگیرێ، سـەرسـام بەو ئازادییـە بیناکارییەی، کـە تەوس بە نەزمی یەکەی پێشـهات دەکا، لە خـۆم پرسی: ئایا ئەم نـانەزمـە نایابە لەسـەر بناخـەیەکی سـەرسـوڕهێنەری، ژیرانـە پێوراوی بینا یان بۆ گەشکەی ڕەوگـەیی ڕووت ڕۆ نراوە؟ بێگومـان لێـرەدا ڕەوگەیی زاڵە؛ وەلی ئەو پرسـیارەی، کـە من کتوپڕ لە خۆمم کرد، تێی گەیاندم کە ئەم ڕەوگەییـە مەستانەیە ئەگەرێکی بیناسازییانەی ناوازەی لە خـۆ گرتووە، ئەگەری بیناگەرییـەکی ئاڵۆزو دەوڵەمـەند، کـە لە هـەمـان کاتدا پێرفێکت حیسـاب کراوە، پێـوراوەو پلانی بۆ کراوە، چـۆن وەکـو پێویست تەنانەت خـەیاڵدانی بیناسـازیـی لە ئەندازە دەرچووی دێرێک پێوراوە و پلانی بۆ دانراوە ئایا مـەبەسـتێکی بیناگەریی ئاوەها وا دەکا ڕۆمـان نازکـیی ئازادیی خـۆی لە دەست بدا؟ ڕەوشـە- کـەمە ئـامێـزییـەکەی؟ بـەڵام ئەگەر بـاش لێی ورد ببینەوە گەمە چییە؟ هـەموو گەمەیەک لەسـەر ڕێسا بینا کراوە، هـەتا ڕێساکان تووندتر بن، گەمە پتر گەمـەیە. بە پێچـەوانەی گەمـەکەری شـەترەنجەوە هونەرمـەند خۆی ڕێساکانی بۆ خـۆی دەدۆزێتەوە؛ ئەگەر بەبێ ڕێسـا ڕەوگەریی دەکا، واتە ئازادتر نییـە لەوەی کـە خـۆی سـیسـتـەمی ڕێسـای خـۆی دەدۆزێتەوە.

ئازادیی ڕابەلیـە یان دیدەرۆ لەگـەڵ پێویسـتییـەکانی بیناکاریدا هاوئاهـەنگ بکرێ، ڕۆمـانـنووسی ئەم سـەدەیـەمـان دەخـاتە بـەر تەگـەرەی تری بیناسـازییـەوە وەکـو ئەوانـەی کـە بەلزاک یان دۆستەیڤسکییان سەرقاڵ کردبوو. نموونەیەک: کتێبی سێیەمی ڕۆمانی خـەوڕۆکانی هێرمان برۆخ «فرەدەنگ»ی، لە پێنج «دەنگ»، پێنج هـێڵی بـەتەواوی بە یەکتر ناوابەسـتـە بینا کراوە، ڕەوگەیەکی ئاواز بۆ دانراو: هـێڵـەکـان نە بە ڕووداوێکی هاوبـەش نە بە هـەمـان فیـگەر لەناو یەکـدا بە یەکـەوە بەسـتـراون، هـەر یەکـەش بە تەواوی شـێـوازی ڕەوشـێکی تری هەیە (A- ڕۆمـان، B- ڕاپۆرت، C- نۆڤێڵ، D- شـیـعر، E- وتار). لە هـەشـتـا و هـەشت بەندی کـتێـبـەکـەدا پێنج ڕیزەکـە بەم شـێـوە سەیرەی خوارەوە بەدوای یەکدا دێن:

A-A-A-B-A-B-A-C-A-A-D-E-C-A-B-D-C-D-A-E-A-A-B-E-C-A-D-B-B-A-E-A-A-E-A-

B-D-C-B-B-D-A-B-E-A-A-B-A-D-A-C-B-D-A-E-B-A-D-A-B-D-E-A-C-A-D-D-B-A-A-C-

.D-E-B-A-B-D-B-A-B-A-A-D-A-A-D-D-E

چی وای لە بڕۆخ کرد، ئەم بەدوایەکدا هاتنە، نەک یەکێکی تر هەڵبژێرێ؟ چی وای لێ کرد، لە بەندی چوارەمدا هێڵی B نەک C یان D بگرێ؟ نەک مەنتیقی کاراکتارەکان یان پێشهاتەکان، چونکە پێشهاتی هاوبەشی پێنج هێڵەکە لە ئارادا نییە. ئەو پێوەری تر ڕاێنوێنییان کردووە: فریوی دراوسێیەتی لە پڕی شێوەکان (شیعر، گێڕانەوە، قسەی نەستەق، تێڕامانی فەلسەفی)، لە ڕەنگاوڕەنگیی میزاجە جیاوازەکان، کە کاراکتەری بەندە جیاوازەکان دەخەملێنن، درێژیی جیاوازی بەندەکان؛ لە کۆتاییدا پەرەسەندنی پرسیارە جەوهەرییە هاوشێوەکان، کە خۆیان وەکو پێنج ئاوێنە بەپێنج هێڵ ڕەنگ پێ دەدەنەوە. بەهۆی نەبوونی چەمکێکی باشترەوە دەمانەوێ ئەو پێوەرانە ناو بنێین موزیکیی و ئەم ئەنجامگیرییە بکەین: سەدەی نۆزدە کاری هونەری بیناسازیی تەواو کرد، بەڵام سەدەکەمان هونەری موزیکگەریی خستە سەر.

ئایەتە شەیتانییەکان بە سێ هێڵی کەم تا زۆر بە یەک ناوابەستە بینا کراوە: A: ژیاننامەی سەڵادین چامچاو جیبریل فاریشتە، دوو هیندی ئەمرۆ، کە لە نێوان بۆمبای و لەندەندا دەژین؛ B: چیرۆکی نێو قورئان، کە باسی سەرهەڵدانی ئیسلام دەکا، C: ڕێپێوانی گوندنشینان بۆ مەکە بەسەر دەریادا، کە لەو بڕوایەدان لێی دەپەڕنەوە، بەبێ ئەوەی پێیان تەڕ بێ و تییدا دەخنکێن.

هەر سێ هێڵەکە لە نۆ بەشی کتێبەکەدا وەردەگیرێنەوە، بەم بەدوای یەکدا هاتنە: A-B-A-C-A-B-A-A (لە موزیکدا گۆڕانێکی ئاوا ڕۆندۆیا پێ دەگوترێ: لە گۆڕینەوە لە گەڵ چەند تێمایەکی لاوەکیدا تێما سەرەکییەکە بە ڕێکوپێکی دەگەڕێتەوە).

لێرەدا ڕێتمی سەرجەمەکەی (لە کەواندا ڕووبەری لایەڕەی نزیکی چاپە فرەنساییەکەی دەنووسم): A(١٠٠) B (٤٠) (٨٠A) (٤٠C) (٢٠A) (٤٠B) (٧٠A) (٤٠C) (٤٠) مرۆڤ دەبینێ، بەشی B و C وەکو یەک درێژن، کە ڕێکوپێکییەکی ڕیتمگەرا بە سەرجەمی دەبەخشێ.

هێڵی A پێنج لەسەر حەوت لە خۆ دەگرێ، هێڵی B حەوتییەک، بە هەمان شێوە هێڵی C حەوتییەکی پانتایی دەگرێ. لەم هاوپێوەندییە چەندایەتییەوە پێگەی سەروەری هێڵی A دەردەکەوێ: چەقی قورساییی ڕۆمانەکە دەکەوێتە سەر چارەنووسی هاوچەرخانەی فاریشتە و چامچاوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کە B وC هێڵی لاوەکین، شەڕەنگیزیی ئیستاتیکی ڕۆمانەکەی تێدا چڕ بووەتەوە، چونکە بەهۆی ئەم دوو بەشەوە ڕوشدی توانیویەتی، گرفتی بنەمایی هەموو ڕۆمانێک (گرفتی شاناسنامەی تاکێک، فیگەرێک) بە تەرزێکی نوێ دابڕێژێ، کە ڕێککەوتنەکانی ڕۆمانی دەروونی تێ دەپەڕێنن: لە کەسایەتی چامچا یان فاریشتەوە بەهۆی وەسفی وردەکاریی باری دەروونییانەوە تێ ناگەین؛ نهێنییەکەی لە تەنیشت یەکەوە بوونی دوو ژیاریيە، ژیاری هیندی و ژیاری ئەوروپایی، کە لە دەروونیاندا دەرگیرن؛ لە ڕەگوڕیشەیاندایە، کە لە خۆیانیان پچڕیوە، لە هەمان کاتدا لە ناخیاندا دەژی. ئەم ڕەگوڕیشانە لە چی شوێنێکدا پچڕاون و مرۆڤ دەبێ چەند

دانەوێ، ئەگەر بیەوێ دەست لە بریندەکە بدا؟ ئەم نیگایە بۆ ناو «بیری ڕابردوو» لە دەرەوەی تێما نییە، ئەم نیگایە کاکڵی شتەکە دەسمێ: پارچە پارچەییبوونی هەردوو بەشدارەکە.

وەکو چۆن بەبێ ئابرەهام لە یەعقووب تێ ناگەین (کە بەگوێرەی تۆماس مان سەدان ساڵ زووتر ژیاوە)، لەبەرئەوەی یەعقوب تەنیا «لاساییکردنەوەی یان بەدواداهاتنی» ئەبرەهامە، جبریلی فەریشتە بەبێ جبرایلی فریشتە، بەبێ ماهوند (موحەمەد)، تەنانەت بەبێ ئیسلامی تیۆکراتی خومەینی پەی پێ نەبراو دەمێنێتەوە، یان ئەو کچە گەنجە تووندڕەو کراوە، کە دانشتوانی گوند بۆ مەکە یان باشتر وایە بڵێین بۆ مەرگ دەبا.

هەموویان ئەگەری خودی خۆین، کە لەناویدا خەوتوون و دەبێ دژیان داکۆکی لە تاکگەراییی خۆی بکا. لەم ڕۆمانەدا تاقە یەک پرسیاری گرینگ نییە، کە بەبێ نیگایەکی نێو بیری ڕابردوو بتوانرێ بپشکنرێ. چی باشە و چی خراپە؟ کێ بۆ ئەوانی تر شەیتانە. چامچا بۆ فریشتە یان فریشتە بۆ چامچا؟ ئەوە شەیتانە یان پەری، کە سەفەری حەجی بە بیری دانیشوانی گونددا هێناوە؟ خنکانیان لە ئاودا نسکۆیەکی کڵۆڵانەیە یان ڕێگەیەکی شکۆمەندانەیە بۆ بەهەشت؟ کێ دەیڵێ، کێ دەیزانێ؟ ئەی ئەگەر ئەم تێ نەگەیشتنە لە ڕاست و لە خراپ ئەو ئازارە بێ، کە دامەزرێنەرانی ئاین بەدەستییەوە دەڵێیتیان؟ وشە درەوێنگە دژوارەکان، کفری ناچیزی مەسیح، «خوایە، خوایە، بۆچی بەجێت هێشتم؟» لە ڕوحی هەموو دیانێکدا دەنگ نادەنەوە؟ لە گومانی ماهوددا ئەو یەقینە شاراوە نییە، کە وجودی مرۆڤی لەسەر بینا کراوە کاتێ لە خۆی دەپرسێ، کێ، خوا یان شەیتان، ئایەتەکانیان بە گوێیدا چرپاندووە؟

لە سێبەری بنەماگە گەورەکاندا

لە منداڵانی نیوەشەوەوە، کە لە ساڵی (١٩٨٠)دا سەرسامییەکی هاوئاهەنگی لێ کەوتەوە، کەس لە جیهانی ئەدەبی ئەنجلۆساکسۆنیدا نکۆڵی لەوە ناکات، کە ڕوشدی یەکێکە لە بەهرەدارترین ڕۆماننووسە هاوچەرخەکان. ئایەتە شەیتانییەکان، کە لە ساڵی ١٩٨٨دا بە ئینگلیزی بڵاو بووەوە، بەو ئاگەدارییەوە وەرگیرا کە مرۆڤ قەرزاربارێ نووسەرێکی گەورەیە. ئەم شەرەفە بە کتێبەکە بەخشرا، بەبێ ئەوەی کەس پێشبینی ئەو زریانە بکا، کە چەند مانگێک دواتر هەڵی کرد، کاتێ ڕابەری ئێران، ئایەتوڵا خومەینی، ڕوشدی لەبەر کوفر بە مەرگ حوکم دا و بکوژی پارەپێدراوی بەرەڵا کردە گیانی، ڕاوێک، کە کۆتاییەکەی دیار نییە.

پێش ئەوەی ڕۆمانەکە بتوانرێ وەربگێڕرێ ئەمە ڕووی دا. بە ڕیزپەڕیی دنیای ئەنگلۆساکسۆنی لە هەموو شوێنێ ئەم سکاندالە پێش ڕۆمانەکە کەوت. لە فرەنسا یەکسەر پاژی ڕۆمانە هێشتا بڵاونەکراوەکەیان لە میدیادا بڵاو کردەوە، بۆ ئەوەی هۆیەکانی حوکمدانەکە ڕوون بکەنەوە. ئەمە ڕەفتارێکی زۆر ئاساییە، بەڵام بۆ ڕۆمان ڕەفتارێکی کوشندانەیە. بەوەی تەنیا پەرەگرافە سەرزەنشتکراوەکانیان نمایشت کرد، بەمە کارێکی هونەرییان هەر لە سەرەتاوە گۆڕییە تەنیا

بەڵگەیەکی سەلماندنی تاوان.

هەرگیز بوختان بۆ ڕەخنەی ئەدەبی دروست ناکەم. چونکە هیچ شتێک بۆ نووسەر بە قەدەر نەبوونی ڕەخنەی ئەدەبی بەد نییە. من باسی ڕەخنەی ئەدەبی وەکو گەیەنەر دەکەم، وەکو ڕاڤە، باسی ئەو ڕەخنە ئەدەبییە دەکەم، کە تێ دەگا، ئەو کتێبەی باسی دەکا چەندان جار بخوێنێتەوە (وەکو مۆسیقایەکی مەزن، کە مرۆڤ دەتوانێ بێ کۆتایی گوێی لێ بگرێ، ڕۆمانە گەورەکانیش بۆ چەندان جار خوێندنەوە خولقێنراون)؛ باسی ئەو ڕەخنە ئەدەبییە دەکەم، کە بێبەزەییانە خۆی بۆ هەنووکەیی دادەخا و ئامادەیە، مشتومڕی کارگەلێک بکا، کە پێش ساڵێک، پێش سی ساڵ، پێش سێ سەد ساڵ سەریان هەڵداوە، باسی ڕەخنەیەکی ئەدەبی دەکەم کە هەوڵ دەدا، پەی بەنوێیەتی کارێک ببا و لە یادەوەریی مێژوونووسیدا هەڵی کۆڵێ. ئەگەر مێژووی ڕۆمان هاوڕێی گەیەنەرێکی ئاوا نەبووایە، ئەمڕۆ نە هیچ شتێکمان لەبارەی دۆستەیڤسکی نە دەربارەی جۆیس نە لەبارەی پرۆست دەزانی. چونکە بەبێ ئەو هەموو کارێک بە تەواوی ڕادەستی حوکمی خۆویستانە و بیرچوونەوەی خێرا دەکرا. ئەم کەیسەی ڕوشدی پێشانی دا (ئەگەر هەر پێویستی بە بەڵگەیش بکردایە)، کە گەیاندنێکی ئاوەها لە ئارادا نەماوە. بەبێ تێبینی، بێ گوناە، بەهۆی دەستەڵاتی شتەکانەوە، بەهۆی گەشەسەندنی کۆمەڵگەوە، ڕۆژنامەگەرییەوە، ڕەخنەی ئەدەبی وەرچەرخایە سەر (زۆرجار ژیرانە، هەردەم خێرا) سەر زانیارییەکی سادە لەبارەی هەنووکەیی ئەدەب.

لە حاڵەتی ئایەتە شەیتانییەکاندا حوکمی مەرگدان بەسەر نووسەردا هەنووکەیی ئەدەبی بوو. لە بارودۆخێکی ئاوای ژیان و مردندا خەریکە شەرمەێنەر دەرکەوێ باسی هونەر بکرێ. بەڕاستی، هونەر چی دەگەیەنێ لە بەرامبەر هەڕەشەی بنەماگە گەورەکاندا؟ لە هەموو شوێنێکی جیهان ڕاڤەکان لە دەوری کێشەی بنەماگەکان چڕ بوونەتەوە: ئازادیی بیروڕا؛ پێویستی بەرگری لێکردنی (بەڕاستی مرۆڤ بەرگری لێی کرد، ناڕەزایی دەربڕدرا، ئاگەدارینامە واژۆ کران)؛ ئاین، ئیسلام و مەسیحی؛ بەڵام ئەم پرسیارەیش: ئایا نووسەرێک ئەو مافە ئاکارییەی هەیە، کوفر بکا و ئیماندارەکان بریندار بکا؟ تەنانەت بەو گومانەیشەوە: ئەگەر ڕوشدی پەلاماری ئیسلام بدا بۆ ئەوەی ڕیکلام بۆ خۆی بکا و ئەو کتێبەی بفرۆشێ کە ناخوێنرێتەوە؟

بە یەکدەنگیی پڕ پەنهانیی (لە هەموو شوێنێکی جیهان سەرنجی هەمان پەرچەکردارم داوە) ئەدەبکاران، ڕۆشنبیران، ئەندامانی بازنە ئەدەبییەکان بە سەر ئەم ڕۆمانەدا چارەیان بە یەکدا داوە. بڕیاریان دا، ڕووبەڕووی هەموو پاڵەپەستۆیەکی بازرگانیی ببنەوە و ئەوەیان ڕەت کردەوە، شتێک بخوێننەوە، شتێک بخوێننەوە کە وەکو بابەتێکی سکانداڵ بۆیان دەردەکەوت. هەموو ناڕەزاییەکانیان واژۆ کرد، بەڵام بەسەلیقانەیان دەزانی، لە هەمان کاتدا بە زەردەخەنەیەکی داندیانەوە بڵێن: «کتێبەکەی؟ نەخێر، نەخێر! من ئەو کتێبەم نەخوێندووەتەوە.» سیاسەتمەدارەکان لەم «باری بێبەزەییە» سەیرەی ڕۆماننووس، کە حەزیان لێی نەبوو، سوودمەند بوون. هەرگیز ئەو بێلایەنییە فەزیلەتئامێزەم لە بیر ناچێتەوە، کە ئەو کاتە سنگی خۆیانیان پێ دەردەپەڕاند: «ئێمە

ئەو تاونبارکردنەی خومەینی مەحکوم دەکەین. ئازادیی بیروڕامان بەلاوە پیرۆزە. بەڵام سەرەڕای ئەوەیش ئیدانەی پەلاماردانی ئیمان دەکەین. پەلاماریکی ناشایستەی کلۆڵانە، کە ڕوحی گەلان بریندار دەکا.»

بەڵام بەڵێ، کەس ئیتر گومانی لەوە نەدەکرد، کە ڕوشدی پەلاماری ئیسلامی داوە، ئیتر دەقی کتێبەکە مانای نەمابوو، لە ئارادا نەمابوو.

شۆکی سێ قۆناخەکە

بارودۆخی سەیر لەم بەسەرهاتەدا ئەوەیە: بەهۆی ڕەگوڕیشەیەوە ڕوشدی سەر بە کۆمەڵگەی ئیسلامە، کە بەشێکی گەورەی هێشتا لە پێش سەردەمی نوێوە دەژی. ئەو کتێبەکەی لە ئەروپا دەنووسێ، لە چاخی سەردەمی نوێدا یان باشتر بڵێین، لە کۆتاییی ئەم قۆناخەدا.

بەهەمان ئەو تەرزەی ئیسلامی ئێران لەو چرکەساتەدا لە میانڕەوییەکی ئاینییەوە وەرگەڕایە سەر تێوکراتییایەکی شەڕەنگێزانە، لە مێژووی ڕۆماندا لەگەڵ ڕوشدیدا وەرچەرخان لە زەردەخەنەی دڵۆڤان و پڕشکۆی ئۆماس مانەوە بۆ فەنتازیای لە سەرچاوەی گەمەی ئازاد و سەرلەنوێ دۆزراوە هەڵهێنجراوی ڕابەلەییەوە. ئەنتیتێزە زیاد پێوەنراوە تونڕەوەکان دایان بەیەکدا.

لەم گۆشەنیگایەوە حوکمدانی ڕوشدی وەکو ڕێکەوت، شێتیی دەرناکەوێ، بگرە وەکو ململانێی نێوان دوو قۆناخ، کە ناتوانێ لەوە قووڵتر بێ: تیۆکراتی لەگەڵ سەردەمی نوێدا لە شەڕدایە و دیارترین خوڵقێنەرانی دەکاتە ئامانج: واتە ڕۆمان. چونکە ڕوشدی کفری نەکردووە. ڕوشدی پەلاماری ئیسلامی نەداوە. ئەو ڕۆمانی نووسیوە. بەڵام بۆ عەقڵی تیۆکراتی ئەمە لە پەلامار بەدترە؛ ئەگەر مرۆڤ پەلاماری ئاینێک بدا (لە ڕێی مشتومڕەوە، لە ڕێی کفرەوە، لە ڕێی بیدعەوە)، پەرستگاپارێزان دەتوانن لەسەر بواری خۆیان، بەزمانی خۆیان بەبێ ماندووبی بەرگری لێ بکەن؛ بەڵام ڕۆمان بۆ ئەوان هەسارەیەکی ترە؛ گەردوونێکی ترە، کە لەسەر ڕاڤەیەکی تر بینا کراوە؛ شەیتانییەکە، کە تاقە حەقیقەت بێدەستەڵاتە و فەرمانایی شەیتانی هەموو یەقینەکان بۆ مەتەڵ لنگەوقووچ دەکاتەوە.

جەغدی لێ دەکەینەوە: ئەمە پەلامار نییە؛ فەرمانایییە؛ بەشی دووەمی ئایەتە شەیتانییەکان (واتە بەشە ڕەخنەلێگیراوەکە، کە باسی محەمەد و سەرهەڵدانی ئیسلام دەکا) لە ڕۆمانەکەدا وەکو خەونی فریشتە بەرجەستە کراوە، کە دواییتر پاش ئەم خەونە فیلمێکی نەنگ دەردەکا، کە خۆی دەوری فریشتە دەبینێ. گێڕانەوەکە بەم تەرزە دوو جار ڕێژەیی کراوە (یەکەم جار وەکو خەون، ئەمجا وەکو فیلمێکی خراپ، کە نسکۆ دەهێنێ)، واتە وەکو بانگاشەیەک پێشکێش ناکرێ، بگرە وەکو داهێنانێکی گەمەئامێز. داهێنانێکی بریندارکەر؟ من دژوازی دەکەم: بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا شیعری ئاینی ئیسلام، جیهانی ئیسلامیی تێ گەیاندم.

با لەم دەرفەتەدا جەخت بکەین: لە گەردوونی ڕێژەگەراییی ڕۆماندا جێگەی ڕق نابێتەوە: ئەو ڕۆمانەنووسەی ڕۆمانێک دەنووسێ، بۆ ئەوەی تەرازووی حیساب هاوتا بکا (جا ئەگەر ئەم تەرازووی حیساب هاوتاکردنە شەخسی بێ یان ئایدۆلۆجی بێ)، کەشتیشکانێکی ئیستاتیکی سەرومڕی مسۆگەرە. ئایشە، ئەو ژنە گەنجە، کە دانیشتووە وڕینەکەرەکانی گوند بەرەو مەرگ دەبا، مۆنستەر (عفریت)یکە، بەڵام فریودەریشە، نازدارە و (لەگەڵ تەقوازی ئەو پەپوولانەی، کە بۆ هەموو شوێنێک یاوەری دەکەن) زۆرجاریش دڵگیرە، تەنانەت لە پۆرترێتی ئایەتوڵڵایەکی کۆچبەردا (پۆرترێتێکی خەیاڵیی خومەینی) تووشی بە تێگەیشتنێکی بەڕێزەوە دەبێ، مۆدێرنەی ڕۆژئاوا بە بەدگومانییەوە چاودێری دەکرێ، بەهیچ کلۆجێ لە سەرەوەی کەوناراگەراییی ڕۆهەڵات نمایشت ناکرێ؛ ڕۆمانەکە «لەلایەنی مێژوویی و سایکۆلۆجی» دەقە پیرۆزە کۆنەکان دەکۆڵێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش پێشان دەدا، بەچی پلەیەک بە تەلەقزیۆن، ڕیکلام و پیشەسازیی ڕابواردنەوە لە پیرۆزییان شکێنراوە، بەلای کەمەوە چەپەکان، کە سەرزەنشتی بێشەرمیی دنیای مۆدێرن دەکەن، دڵۆڤانیی بێ چەند و چوونی نووسەریان بە نسیب دەبێ؟ نەخێر، داماوانە مایەی تەوسن و وەکو ئەو بێشەرمییە خۆی بێشەرمن کە بە دەوریانەوەیە؛ لە کەرنەڤاڵی بێ سنووری ڕێژەگەراییدا هیچ کەسێک لەسەر حەق نییە و کەسیش ڕەها ناحەق نییە، کە ئەم کارە گوزارشتی لێ دەکا.

کەواتە لەگەڵ ئایەتە شەیتانییەکاندا هونەری ڕۆمان شکایەتی لێ دەکرێ. لەبەرئەوە خەمبارترین شت لەم چیرۆکە خەمبارەدا تاوانبارکردنی خومەینی نییە (کە لە لۆجیکێکی دڵڕەقانە، بەڵام هاوپێوەندەوە سەر هەڵدەدا)، بگرە بێ تواناییی ئەورووپا، هونەری ڕۆمان، ئەوروپیترینی هەموو هونەرەکان، بەرگری لێ بکا و ڕوونی بکاتەوە (بە تەحەمولەوە بۆ خۆی و ئەوانی تری ڕوون بکاتەوە)، باشتر بڵێین، کولتووری خۆی ڕوون بکاتەوە و بەرگری لێ بکا. «کوڕانی ڕۆمان» ئەو هونەرەی کە خەملاندبوونی، فڕێیان دا. ئەورووپا، «کۆمەڵگەی ڕۆمان»، دەستبەرداری خۆی بووە.

پێم سەیر نییە ئاینزانەکانی سۆربۆن، پۆلیسی ئایدۆلۆجی سەدەی ١٦، کە چەندان ئاگریان بۆ سووتاندنی مرۆڤ هەڵایساند، ژیانیان لە ڕابەلێ قورس کرد، بەوەی زۆرجار ناچاریان کرد هەڵبێ و خۆی بشارێتەوە. من لە هەمووی سەیرترو شایانی سەرسوڕمانتر ئەو پاراستنەم بۆ دەردەکەوێ، کە پیاوانی دەستەڵاتداری سەردەمی خۆی بۆیان ڕەخساند، بۆ نموونە سەرقەشە دو بیلای، سەرقەشە ئۆدێتو پێش هەموو کەسێک فرانسوای یەکەم، پاشای فرەنسا. ویستیان بەرگری لە بنەماگەیەک بکەن؟ لە ئازادیی بیروڕا؟ لە مافی مرۆڤ؟ پاڵنەری ڕەفتارەکەیان نەجیبانەتر بوو؛ ئەوان ئەدەب و هونەرەکانیان خۆش دەویست.

من سەرقەشە دو بیلای، فرانسوای یەکەم لە ئەوروپای ئەمڕۆدا نابینم. بەڵام ئەوروپا هێشتا ئەوروپایە؟ واتە «کۆمەڵگەی ڕۆمان»ە؟ باشتر بڵێین: هێشتا لە قۆناخی سەردەمی نوێدایە؟ ئایا لە سەروبەندی ئەوەدا نییە بچێتە نێو قۆناخێکی ترەوە، کە هێشتا ناوی نییە و هونەرەکان بایەخێکی زۆریان نییە؟ لەبەرچی مرۆڤ دەبێ سەری سوڕ بمێنێ، بە ئەندازەیەکی زۆر نەوروژا، کاتێ

هونەری ڕۆمان، نایابترین هونەری خۆی، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا حوکمی مردنی بە سەردا درا؟ ئایا ڕۆمان لەم قۆناخە نوێیەدا، پاش سەردەمی نوێ، ماوەیەک ژیانێکی حوکم بە سەردا دراوێک ناگوزەرێنێ؟

ڕۆمانی ئەورووپایی

بۆ ئەوەی ئەو هونەرەی من باسی دەکەم، بەتەواوی دیاری بکەین، ناوی دەنێم؛ ڕۆمانی ئەورووپایی. بەمە مەبەستم ڕۆمانگەلی لە ئەورووپا لەلایەن ئەورووپاییەوە خولقێنراو نییە: بگرە: ئەو ڕۆمانانەی ڕەگەزێکن لە ڕەگەزەکانی مێژوو، کە لەگەڵ دەستپێکی سەردەمی نوێدا لە ئەورووپا کەوتووەتە گەڕ. بێگومان ڕۆمانگەلی تر هەن: ڕۆمانی چینی، ڕۆمانی ژاپۆنی، ڕۆمانی یۆنانی کۆن، وەلێ ئەم ڕۆمانانە بە بەردەوامییەکی گەشەسەندن لەگەڵ مێژووی کەوتنەگەڕ نەبەستراونەتەوە، کە لەگەڵ ڕابەلێو سێرڤانتدا دەستی پێ کردووە.

من باسی ڕۆمانی ئەورووپایی تەنیا لە بەرئەوە ناکەم، بۆ ئەوەی (بۆ نموونە) لە ڕۆمانی چینی جودا بکەمەوە، بگرە بۆ ئەوەی بشڵێم، کە مێژووەکەی لە سەرووی نەتەوەوەیە؛ ڕۆمانی فرەنسایی، ئینگلیزی یان هەنگاری لە توانایدا نییە، مێژووی سەربەخۆی خۆی پێک بهێنێ، بگرە هەموویان لە مێژوویەکی سەرووتەوەی هاوبەشدا پشکیان هەیە، تەنیا یەک ناوکۆییەک پێک دەهێنێ، کە تێیدا چ مانای پەرەسەندنی ڕۆمان، چی بەهای کارەکتاک تاکەکان دەتوانن خۆیان بەیان بکەن.

لە کاتی قۆناخە جوداوازەکانی پەرەسەندنی ڕۆمانی ئەورووپاییەوە نەتەوە جیاوازەکان، وەکو پێشبڕکێی چەند قۆناخی، پێشدەستییان گرتووەتە ئەستۆ لە بەراییەوە ئیتاڵیا بە بۆکاچیۆوە، ڕێخۆشکەری مەزن بوو، ئەمجا فرەنسا بە ڕابەلێیەوە؛ ئەمجا ئیسپانیا بە سێرڤانتس و ڕۆمانی چەتەگەرییەوە؛ سەدەی هەژدەمی ڕۆمانی ئینگلیزی و لە کۆتاییدا، ئەڵمانیای گوێتە دەستی خستە ناو؛ سەدەی نۆزدە بەتەواوی هی فرەنسایە، لەگەڵیدا، لە سێیەکی کۆتاییدا سەرهەڵدانی ڕۆمانی ڕووسی و ڕاستەوخۆ دوای ئەوە ڕۆمانی سکاندناڤی. لە کۆتاییدا سەدەی بیست و سەرکێشی ئەورووپای ناوەڕاست لەگەڵ کافکا، موزیل، برۆخ و گۆمبرۆڤیچدا...

من لەو بڕوایەدا نیم، ئەگەر ئەورووپا تەنیا یەک نەتەوە بووایە، مێژووی ڕۆمانی بیتوانیبا خۆی بە زیندوویەتییەکی ئاوەها، وزە و فرەییەکی بەو جۆرە بەسەر چوار سەدەدا بەر فراوان بکا. هەموو کات و دووبارە ڕەوشگەلی مێژوویی نوێن (بە جەوهەرە نوێیەکەی بوونەوە)، کە جارێک لە فرەنسا، جارێک لە ڕووسیا، ئەمجا لە شوێنێکی تر و جارێکی تر لە شوێنێکی تر سەریان هەڵدا و هونەری ڕۆمانیان بەرەو پێشەوە پاڵنا، سروشی تازەیان پێی دا، چارەسەری ئیستاتیکی نوێیان خستە ڕوو. وەکو مێژووی ڕۆمان بە دەم ڕێگەوە بەشە جیاوازەکانی ئەورووپای یەک لە دوای یەک بێدار کردبێتەوە، کە تایبەتمەندییانی بۆ سەلماندن و لە هەمان کاتدا لە ئاگایی هاوبەشی ئەورووپادا هاوئاوێزانی کردن.

لەم سەدەیەماندا (مەبەست سەدەی بیستەمە–و) بۆ یەکەم جار دەستپێشکەرییە گەورەکانی ڕۆمانی ئەورووپایی لە دەرەوەی ئەورووپادا سەرهەڵدەدەن: لە سەرەتاوە لە ئەمەریکای باکور لە سالانی بیستەکان و سییەکاندا، دواییتر، لە سالانی شەستەکاندا لە ئەمەریکای لاتینی. دوای ئەو لەزەتەی کە هونەری پاتریک چامۆیسۆ، ڕۆماننووسی ئەنتیل پێی بەخشیم، ئەمجا ئەوی ڕوشدی، پێم باشە، بەشێوەیەکی گشتی ناوی بنێم ڕۆمان لە دەرەوەی هێڵی پەنجا و پێنجەمی ئیستوایی یان ڕۆمانی باشوور: کولتوورێکی گەورەی نوێی ڕۆمان، بە هەستێکی ناوازە بۆ واقیع ڕەوشەکەی دیاری دەکرێ، فەنتازیایەکی ئازاد یاوەری دەکا کە هەموو ڕێساکانی ئەگەر دەبەزێنێ.

ئەم فەنتازیایە ئەفسوونم لێ دەکا، بەبێ ئەوەی بە تەواوی بزانم لە کوێوە دێت. کافکا؟ بێگومان. بۆ سەدەکەمان ئەو بوو، کە مەحاڵی لە هونەری ڕۆماندا ڕەوا کرد. لەگەڵ ئەوەیشدا فەنتازیای کافکا لەوەی ڕوشدی یان مارکیز جیاوازە؛ بەوە دەچێ ئەم فەنتازیا فرە گەشەکردووە لە کولتووری زۆر تایبەتی باشووردا ڕەگی داکوتابێ؛ بۆ نموونە لە ئەدەبی زارەکیدا، کە هێشتا هەر زیندووە (چامۆیسۆ پەنا بۆ حەکایەتخوانە کریۆلییەکان دەبا)، یان لە حاڵەتی ئەمەریکای لاتیندا، وەکو فوێنتەس بەخۆشحاڵییەوە جەختی لێ دەکاتەوە، لە باڕۆکیاندا، کە گوایە لە هی ئەورووپا فراوانترە، «شێتانەترە».

کلیلێکی تری بۆ ئەم فەنتازیایە: بە ترۆپیکاڵکردنی (ترۆپیک: ناوچە گەرمەکانی زەوی–و) ڕۆمان. من پشت بەم وێنە فەنتازییەی داهاتوو لای ڕوشدی دەبەستم: فریشتە بە سەر لەندەندا دەفڕێ و حەز دەکا، ئەم شارە نەیارە «ترۆپیکاڵ» بکا: باشییەکانی ترۆپیکاڵکردن کورت دەکاتەوە: «[...] هێنانە ئاراوەی خەوی پاش نیوەڕۆ لە سەرتاپای وڵاتدا، [...] باڵندەی نوێ بە سەر درەختەکانەوە (بەبەغای هیندی، تاوس، تووتی سینەزەرد)، درەختی نوێ بۆ باڵندەکان (دارگوێزی هیندی، تەمەرهیندی، دارهەنجیر بە لقوپۆپی شۆڕەوە)، [...] جۆش و خرۆشی ئاینی، بشێوی سیاسی، [...] هاوڕێیان دەست پێ دەکەن کتوپڕ سەردانی یەکتر بکەن، بەبێ ئەوەی پێشووتر بەیانی کەن، خانەی پیرەکان دادەخرێن، پشتگیریی خێزانی گەورە دەکرێ. خواردنی بە بەهارات تیژترکراو دێتە سەر خوان[...]، خراپییەکان: کۆلێرا، گرانەتا، تاڕەشە، سیسارک، تەپوتۆز، ژاوەژاو، کولتووری جەزبە».

(کولتووری جەزبە: گوزارشتێکی نایابە. ڕەوشی ڕۆمان لە دوا قۆناخەکانی مۆدێرنەیدا: لە ئەورووپا: هەتا بنی ئاسمان شتی ڕۆژانە بەرز کراوەتەوە؛ ڕاڤەیەکی قوڵی خۆڵەمێشی بۆ دەکرێ؛ لە دەرەوەی ئەورووپا: گەردکردنەوەی پێکەوەبوونە ناوازەکان؛ ڕەنگ بە سەر ڕەنگدا. مەترسی: وەڕەسییەکی ڕەنگ خۆڵەمێشی لە ئەورووپا، یەکنەوایی وێنە لە دەرەوەی ئەورووپا.)

لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو ڕۆمانانەی لە خوارووی هێڵی پانیی پەنجا و پێنجەمەوە ئەفڕێندراون کەمۆکەیەک بە چێژی ئەورووپایی نامۆن، درێژبووەوەی میژووی ڕۆمانی ئەورووپین، شێوەکەی، ڕوحی و تەنانەت سەرسوڕهێنەرانە لە سەرچاوەکانی یەکەمەوە نزیکن، لە هیچ شوێنێک ئاوی کۆنی ڕابەلییە هێندە خۆشنود ڕێ ناکا وەکو لە کاری ئەم ڕۆماننووسە نا– ئەورووپییانەدا.

ئەو ڕۆژەی ئیدی پانورگە دنیا ناخاتە پێکەنین

ئەمە وام لێ دەکا جارێکی تریش بۆ لای پانورگە بگەڕێمەوە. لە پانتاگرووێلدا حەز لە خانمێک دەکا، بە هەر نرخێک بووە دەیەوێ ببێتە هی خۆی. لە کڵێسادا لە کاتی نوێژی جەماعیدا (ئەمە کفرێکی نەفرەتی نییە؟) شتی فاحیشانەی دژوار بە گوێی خانمەکەدا دەچرپێنێ و (کە لە ئەمەریکای ئەمرۆدا لەسەر «وەڕەسکردنی سێکسی» سەد و سیازدە ساڵ زیندانی بە نسیب دەبوو)، لەبەرئەوەی ژنەکە نایەوێ گوێی لێ بگرێ، تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، بەوەی کۆئەندامی زاوزێی دەڵەبەبایەک بە جلەکانیدا دەسوێ. کاتێ ژنەکە کڵێسا بەجێ دەهێڵێ، هەموو سەگەکانی ئەو دەوربەرە دوای دەکەون (ڕابەڵی دەڵێ، شەشسەد هەزار و چواردە) و میزی پێدا دەکەن. ئەو کاتەم بە بیر دێتەوە کە تەمەنم بیست ساڵان بوو: خانوویەکی کرێکاران. ڕێبەلییە چیکییەکەم لە ژێر پێخەوەکەدا. ئەو کرێکارانەی کە بەو کتێبە ئەستووڕە زانخواز بوون، دەبوو چەندان جاری لە ژمارە نەهاتوو ئەم چیرۆکەیان بۆ بخوێنمەوە، بەجۆرێکی هەر زوو ئەزبەریان کردبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا مرۆڤی ئاکار کۆنەخوازی جووتیارانە بوون، بەهیچ جۆرێک لە پێکەنینیاندا کەمترین حوکمی وەڕەسکەریان بە بەلاغەت و میزەوە نەدەدا؛ هێندە بە پانورگە سەرسام بوون، کە ناوی پانورگەیان لە یەکێک لە هاوەڵەکانیان نابوو؛ نەخێر، نەک بە ژنبازێک، بگرە بە لاوێک، کە بۆ ساکاری و پاکیی لە ڕادەبەدەری بەناوبانگ بوو، کە شەرمی دەکرد لەژێر دووشەکەدا بە ڕووتی ببینرێ. گوێم لە دەنگیانە وەکو دوێنێ بووبێ: «پانورک (ئەمە گوتنی چیکی ناوەکەی بوو)، بۆ ژێر دووشەکە! یان لە میزی سەگدا دەتشۆین.»

هێشتا گوێم لەو پێکەنینە نایابەیە، کە تەوسی بە هەستی شەرمی هاوەڵێک دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا نەرمونیانییەکی سەرسامکەرانەی بۆ ئەو هەستی شەرمە گوزارشت لێ دەکرد. شاگەشکە بوون بەو شتە فاحیشانانەی کە پانورگە لە کڵێسەدا بە خانمەکەی گوتبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا شاگەشکە بوون کە ژنەکە بە پاکیی خۆی پانورگەی پێ سزا دا، کە ئەویش، بۆ لەزەتی گەورەی هاورێکانم بە میزی سەگ سزا درا. هاوەڵەکانی ئەو کاتەم لەگەڵ کێدا هەوادار بوون؟ لەگەڵ شەرمدا؟ لەگەڵ بێ شەرمیدا؟ لەگەڵ پانورگەدا؟ لەگەڵ ژنەکەدا؟ لەگەڵ سەگەکاندا، کە ئەو (ئیمتیاز)ە مایەی ئیرەیی پێبردنەیان هەبوو، میز بە جوانییەکدا بکەن.

گەمە: بروسکەی خوایی، کە پەردە لەسەر فرەمانایی ئاکاری دنیا و بێ توانایی مرۆڤ لە هەڵسەنگاندنی ئەوانی تردا لا دەدا؛ گەمە؛ مەستیی لە بەرامبەر ڕێژەگەراییی شتەکانی مرۆڤدا؛ ئەو لەزەتە سەیرەی، لەو یەقینەوە سەر هەڵدەدا، کە یەقین بوونی نییە.

بەڵام گەمە، بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ لای ئۆکتاڤیۆ پاث، «دۆزینەوەی گەورەی ئەقڵی مۆدێرنە». نە هەر لە بەراییەوە ئامادە بوو، نەیش بۆ هەمیشەش دەمێنێتەوە.

بەدڵێکی پڕ لە ترسەوە بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە، کە پانورگە ئیدی جیهان نەخاتە پێکەنین.

ئاریان مونشکین
تێڕوانینێکی سیاسی بۆ ڕۆڵی شانۆ

دانا ڕەئووف

هەواڵنامەی کێبڵ

سەرەتایەک

پاریس یەکێکە لە پایەتەختە چڕ و دەوڵەمەندەکانی شانۆی ئەوروپایی و هەردەم دەرگەی شانۆکان بۆ گرووپ و نواندنە جۆراوجۆرەکان ئاوەڵا بووە و زۆربەی تەوژم و ڕێبازە شانۆییەکان لەوێوە، لە پاریسەوە سەرچاوەیان گرتووە.

جووڵانەوە سیاسییە رادیکاڵ و بزووتنەوەی چەپەکان ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان لە گفتوگۆ و زەوینەخۆشکردنی شانۆ و ڕێگەی شانۆدا دیوە و شەقامەکانی پاریس بەهەمان شێوەی هۆڵی شانۆکان جێگای ململانێی سیاسی، فیکری و هونەری بوون.

چەندان دەزگەی هونەری، تیپی شانۆی نەتەوەیی و سەر بەڕێکخراوە فەرمییەکان و سەدان گرووپی سەربەست لە هەموو پاریسدا بڵاو بوونەتەوە. لەناو ئەو گرووپە شانۆییە سەربەستانەدا شانۆی (بوف دی نورد) ی پیتەر بروک و شانۆی (ڕۆژ)ی ئاریان مونشکین دیارن و بینەران نەک تەنیا لە پاریسەوە، بگرە لە هەموو ئەوروپا و ئەمەریکاوە ڕوویان تێ دەکەن[1].

پیتەر بروک و ئاریان مونشکین لە زۆر ڕووەوە لە یەکترەوە نزیکن، هەردووکیان کار لە پڕۆژەیەکی نێونەتەوەییدا دەکەن، هەردووکیان دەیانەوێ شانۆیەکی فرە نەتەوەیی بخوڵقێنن و هەردووکیان لە پاریس کار دەکەن. ئەم دوو هونەرمەندە چەندە لە یەکترەوە نزیکن، هێندەش لە یەکترەوە دوورن و بە دوو ڕێگە و فۆرمی جیاواز کار دەکەن، شێوازی کار و زمانی شانۆ و فۆرمی کارەکانیان دووەرە لە یەکترییەوە[2].

ئاریان مونشکین بەسوود وەرگرتن لە فۆرم و تراديشونی شانۆی ڕۆهەڵات و ڕۆهەڵاتی

ناوەڕاست، بەکارهێنانی جەستە، دەمامک، سەما و گۆرانی و شانۆیەکی فیزیکی و جیهانێکی رەنگاورەنگ، پیتەر بروکیش بە گەڕانەوە بۆ رەهەندە گەوهەرییەکانی مرۆڤ و بەکارهێنانی فۆرمێکی مینیمالیزم کار دەکات[٣].

ئەم دوو ریژیسۆرە و لەگەڵ گرووپ و هاوکارەکانیان، بەمەبەستی پشکنین و تاقیکردنەوەی تواناکانی شانۆ، گەشتی هونەرییان بۆ کیشوەرە دوورەکان، بۆ ئاسیا، ئەفەریقا و هیندستان کردووە و نواندنە شانۆییەکانیان خەسڵەتێکی جیهانی لەخۆ دەگرێ و زمانێکی گەردوونی و هاوبەشیان دەستەبەر کردووە. ئەم دوو ریژیسۆرە دەیانەوێ شانۆیەک دروست بکەن کە هەموو سنوورەکان، کولتوورەکان و چینە جیاوازەکان ببڕێ و ڕاستەوخۆ و بەبێ جیاوازیی رەگەز، تەمەن و نێر و مێ و لە ئەتمۆسفێرێکی هونەریدا لەگەڵ بینەرەکانیان کۆ ببنەوە. ئاریان مونشکین و پیتەر بروک بە پڕۆژە گەورەکانیان سەرلەنوێ مێژووی شانۆیان چ لە رووی ئێستاتیکا، پۆلەتیک و جۆری خۆڕێکخستنەوەوە نووسیوەتەوە و بوونەتە دیاردەیەکی جیاواز و نموونەیەکی باڵای چەندان نەوەی تری شانۆکار لە جیهاندا.

بەڵام ئەوەی ئاریان مونشکین لە پیتەر بروک جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئاریان مونشکین، وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، بەردەوامە لە سوود وەرگرتن و تاقیکردنەوە و قووڵبوونەوەیەکی هەمەلایەنی بەشێواز و فۆرم و چەمکە جۆراوجۆرەکانی شانۆ لە هەموو جیهاندا، بەتایبەتیش فۆرم و تراديشونە دێرینەکانی ئاسیا لە چین، ژاپۆن و هیندستان. بێگومان کۆمیدیای دیلارتی و فۆرمەکانی شانۆیەکی میللی کە زیاتر لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، لە فرەنسا لە برەودا بووە، جێگەی سەرنجی بووە.

ئەمە جگە لەوەی کە ئاریان مونشکین هەموو کات پرسە هەنووکەییەکانی جیهان سەرنجی ڕادەکێشێ و شانۆکەی دادەنرێ بە شانۆیەکی رامیاری زیندوو[٤]. پیتەر بروک بەچەشنی ئاریان مونشکین لە شانۆ گەورەکانی دەوڵەت، وەک شانۆی نەتەوایەتی، شانۆی شار و و شانۆی پادشایەتی... هتد دوور کەوتوونەتەوە، هەرگاف پشتیان کردووەتە ئەم دامەزراوە گەورانە و گرووپی تایبەتمەندیی خۆیان دامەزراندووە، ئەکتەر، شانۆکار و هونەرمەندیان لە هەموو لایەکەوە لە خۆیان کۆ کردوونەتەوە و بڕوایەکی پتەویشیان لەلای جەماوەرێکی گەورە و لە هەموو جیهاندا بە کارە هونەری و ئەزموون و بیر و بۆچوونەکانیان دروست کردووە.

سەرەتایەک بۆ شانۆ، دەروازەیەک بۆ سیاسەت

شانۆی ڕۆژ لە یەکەم سەرەتاکانیەوە، لە دەستپێکی کارە هونەری و هەڵگۆڵینە ئەزموونگەرییەکانییەوە هاوسەنگییەکی هەمەلایەنەیان لە نێوان پرسە سیاسییەکان و دید و بۆچوونە هونەرییەکاندا دروست کردووە.

ئاریان مونشکین هەر لە شەستەکانەوە تاکو ئێستا شانۆیەکی بەهەڵوێست و رامیاری بەرجەستە کردووە و خۆی لە نێوەندی ڕووداوەکانی جیهاندا بینیوەتەوە.

ئەم ڕووداوانەش، لە ئەورووپا بووبێت یان لە ئەفەریقا و ئاسیا، سەبارەت بەگەلانی چەوساوە بووبێت یان بە پەڕاوێزکردن و چەوساندنەوەی ئافرەت، کاری تێ کردووە و ئەم کارتێکردنەش لە شانۆکەیدا، دوور لە هەموو جۆرە پڕوپاگەندە، ئایدۆلۆجیا و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە، ڕەنگی داوەتەوە.

شانۆی ڕۆژ نزیکە لە ژان و ئازارەکانی مرۆڤەوە، شانۆیەکە بە شانۆ و تەکنیکێکی بەرزی هونەری و ئیستاتیکا گوزارشتی لە تەنگژەکانی مرۆڤ کردووە. هەموو ئەندامەکانی شانۆی ڕۆژ پێکەوە دەژین و پێکەوە کار دەکەن، هەموویان بەرپرسیارن لە هەموو شتێک: لە پرۆڤەکردن، پاککردنەوەی شانۆ، خواردن دروستکردن، نۆژەنکردنەوە، دروستکردنی سینۆگرافیا... هتد و هەمووشیان یەک موچەیان هەیە[٥].

ژیان، شانۆ و سیاسەت لای ئاریان مونشکین یەکەیەکی گرینگی شۆڕشێکی بەردەوامە لە پێناوی شانۆیەکی جیاواز و لەپێناوی بەدەستهێنانی یەکسانییەکی هەمیشەیی و پتەوی مرۆڤایەتیدا.

ئاریان مونشکین لە شانۆی قوتابییانەوە دەستی پێ کردووە و لە زانکۆی سۆربۆن قوتابییەکی چالاک بووە، پێوەندییەکانی بەبزووتنەوەی قوتابییانەوە بەهێز بووە، بۆ ئەم مەبەستە و لە سەرەتای شەستەکاندا و لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا گرووپێکی شانۆیی بەناوی (کۆمەڵەی شانۆکارانی قوتابییانی پاریس)ی دامەزراندووە. هەر لەم قۆناخەدا ژان پۆل سارتەر بانگهێشتن دەکا بۆ زانکۆی سۆربۆن تا سەبارەت بە شانۆ قسەیان بۆ بکات.[٦]

ئەو گرووپە شانۆییەی زانکۆی سۆربۆن تەنیا دە کەس بوون و دواتر لە ساڵی ١٩٦٤دا تەنیا ئاریان مونشکین خۆی و دوو ئەندامی تریان دەمێننەوە و ئەم سێ هاوڕێیە پێکەوە شانۆی (ڕۆژ) دادەمەزرێنن. هەر لەم ساڵەدا شانۆنامەی (بۆرژوازییە بچووکەکان)ی مەکسیم گۆرکی پێشکێشی دەکەن، بە شانۆنامەی (چێشتخانە) لە نووسینی ئەرنۆلد ویسکر لە ساڵی ١٩٦٧دا زیاتر دەناسرێن و ڕەخنەگرە شانۆییەکان ئاماژەیەکی جیاوازیان بۆ دەکەن. لە ساڵی ١٩٦٨یشدا و بە شانۆنامەی (خەونی نیوەشەوێکی هاوین) دەبنە یەکێک لە گرووپە دیارەکانی فرەنسا.

ئاریان مونشکین لە (خەونی نیوەشەوێکی هاوین)دا، بەر لە پیتەر بروک دەروازەیەکی نوێی بۆ خوێندنەوەی شەکسپیر دەکاتەوە و بۆ یەکەم جار شەکسپیر لە دەرەوەی ڕێسا تەقلیدییەکانەوە دەخوێنێتەوە.[٧]

هەواڵنامەی کێبڕکێ

شانۆی ڕۆژ و پڕۆژەیەکی هەرەوەزی

شانۆی ڕۆژ لە ساڵی ١٩٦٩دا و بەشانۆنامەی (لێبوکەکان) پێ دەنێتە قۆناخێکی تری کارەکانیانەوە، لێبوکەکان پڕۆژەیەک دەبێت چ لە ڕووی تێکست و چ لە ڕووی ئامادەکردنی نواندنەکەوە بەکاری هەرەوەزی و ڕاگوزاری، پێکەوە بنیاتی دەنێن.

لێبوکەکان کارێکی ئاسایی نابێت، وێنە شانۆییەکان، ناوەڕۆکە قوواڵ و فەلسەفییەکەی، تەنیایی و غەمگینی ڕووکاری ناوەوەی لێبوکێکی گاڵتەئامێز، لەم بەرهەمەدا سێرک و ژیانی ئاسایی، کۆن و نوێی، شانۆی ئیتاڵیایی و شانۆی نوی ژاپۆنی پێکەوە کۆ دەکاتەوە و نواندنێک پێشکەش دەکەن کە زیاتر لە سێرکەوە نزیک بووە وەک لە شانۆ.

لە ساڵی ١٩٦٩دا ئەم گرووپە و لەسەر داوای (ژان فیلەر) کە دامەزرێنەری فیستیڤاڵی ئەڤیگنۆن بووە، بە نواندنی (لێبوکەکان) بەشداری دەکەن و ئەم کارەش دەبێتە یەکێک لە پڕۆژە هەرە بەرز و جیاوازەکانی ئەو ساڵەی فیستیڤاڵی ئەڤیگنون.

شانۆی ڕۆژ گرووپێکی ئاسایی نییە، چ لە ڕووی چۆنیەتی و چ لە ڕووی ئاستی بەرهەمەکانیەوە، میتۆدی کارکردن، بنەمای دارایی و پڕۆفیلە هونەرییەکەیان جیاوازە و بەبێ گومان دادەنرێت بە یەکێک لە باشترین گرووپە شانۆییەکانی ئەورووپا.

شانۆی ڕۆژ بۆ هەر پڕۆژەیەکیان چەندان مانگ، شەو و ڕۆژ مەشق و پڕۆڤە دەکەن و پێکەوە دەژین و هەموو پڕۆڤەیەکیان ڕۆنانی ئەزموونێکی تازەیە بۆ ئەوان. دابەشکردنی ڕۆڵی شانۆنامەکانیش، دوای دوو تا چوار مانگ لە مەشق و پڕۆڤەیەکی بەردەوام دەبێت و ئەکتەرەکان بەر لە بڕیاری کۆتا ئاریان مونشکین لەگەڵ هەموو ڕۆڵ و کارەکتەرەکاندا ئاشنا دەبن[٨]

شۆڕشی فەرەنسی و شانۆیەکی ڕاگوزاری

شانۆی ڕۆژ لە سەرەتای حەفتاکاندا و بە هەردوو شانۆنامەی (١٧٨٩) و (١٧٩٣) سەبارەت بەشۆڕشی فڕەنسی ناوبانگێکی گەورەی هونەریی لەسەر ئاستی فرەنسا و هەمو ئەورووپا بەدەست دەهێنن.[٩]

ئاریان مونشکین لەم نواندنانەدا لە شانە قوواڵ و گرینگەکانی شانۆیەکی میللیی فرەنسی نزیک دەبێتەوە. ڕەخنەگری بەناوبانگی فرەنسی بێرنارد دۆرت دوای بینینی ئەم نواندنانە دەڵێت (شانۆی ڕۆژ گرووپی سەردەمێکە، ئەمە یەکەم جارە لە سەرەتاکانی ژان فیلەرەوە ئێمە ڕووبەڕووی شانۆیەکی ڕاستەقینەی میللیی فرەنسی دەبینەوە.) هەموو ئەکتەر و ئەندامانی شانۆی ڕۆژ پێکەوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم پڕۆژەیە چەندان دێکۆمێنت، وێنە و فاکتە و زانیاری سەبارەت بە شۆڕشی فرەنسی کۆ دەکەنەوە، دوای ئەوە ڕووداو و کەسایەتییەکانیان هەڵبژاردووە و بەڕێگەی ڕاگوزاری

بۆ شانۆ ئامادەیان کردووەتەوە.

شانۆی رۆژ لە دوو تۆپی کتێبی مێژوو و ئەو رووداو و شەڕانەوە کە سەرکردە سەربازییەکانیان کردوویانە، شۆڕشی فەرەنسی ناگێڕێتەوە، بگرە بەو شێوەیەی کە گەلی فەرەنسی، ئەو گەلەی خۆیان دروستکەری شۆڕش بوون و بەو شێوەیەی هەستیان بەو شۆڕشە کردووە و بینیویانە، پێشکێشیان دەکا. ئاریان مونشکین هەموو نواندنەکە لە روانگەی میللەتەوە دەگێڕێتەوە و میللەتیش رۆڵی سەرەکی دەبینێت، کۆمەڵێک ئەکتەر پێکەوە، بە وێنە، بە سەما، بە گۆرانی و بە جەستە گوزارشت لە شۆڕش دەکەن و ئەندێشە دەبێتە واقیع، وێنە ئەفسانەییەکانیش دەبنە مێژوو.(١٠)

بەشی یەکەمی ئەم نواندنە دەسپێک بووە بۆ گێڕانەوەی سەرەتا پڕ لە هیواکانی شۆڕشی فرەنسی.

شانۆی رۆژ بۆ بەرجەستەکردنی ئەم شانۆنامەیە و گێڕانەوەی شۆڕشی فرەنسی، شێوازێکی داستانی هەڵدەبژێرن و بە حیکایەتخوانێک کە دەڵێت: رۆژێک لە رۆژان..... دەست پێ دەکات. بەڵام دواتر نواندنەکە گێڕانەوەی سەرگوزشتە لەخۆ ناگرێ، بگرە دەبێتە ئاهەنگێکی میللی و بەرجەستەکردنی ئازارەکانی میللەت و پێشاندانی پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ.

ئەکتەرەکانیش وەک کارەکتەری لێبوک، گالتەگێڕەکان، پاڵەوانباز و شانۆی بووکەڵە وابوون و جارێک رووداوەکانیان گێڕاوەتەوە و جارێک رووداوەکانیان پێشکێش کردووە، شانۆی رۆژ لە رێگەی رۆچوونە خوارەوە بە ژیانی بێ دەرەتان و چەوساوە و هەژار و هونەرمەندە گەڕۆکەکانی ئەو سەردەمەوە چیرۆکەکەیان گێڕاوەتەوە.

ئاریان مونشکین لەم کارەیدا دەتوانێ زیرەکانە بوارێک لەبەردەم دۆزێنێ و ئەمڕۆدا دروست بکا، بوارێک کە وا لە بینەران بکا بە شێوەیەکی تر بڕوانن نواندنە شانۆییەکە و دیدێکی رەخنەگرانە و بابەتییان هەبێت و لە هەمان کاتدا ئەو بوارەش بۆ بینەران بڕەخسێنێ کە سەرلەنوێ و بە شێوەیەکی تر مێژوو بدۆزنەوە. ئاریان مونشکین دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە ئەو دەیەوێ بەشداری لە مێژوودا بکات، نەک مێژوو وەک خۆی بگێڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەتمۆسفێرە ئاهەنگ ئامێزە میللییەکانی ئەو کاتەی پاریس زیندوو دەکاتەوە، پانتاییی شانۆکە دابەش دەکا بەسەر پێنج شوێنی جیاوازی نواندندا و بینەرانیش توانیویانە بە سەربەستی بەنێو ئەم پێنج شانۆیە، لەناو خودی هۆڵی شانۆ گەورەکەدا بجووڵێن. شانۆنامەکەش لەو خاڵەدا کۆتاییی پێ دێت کە بۆرژوازییەکان و دوای سەرکەوتنی میللەت، دەسەڵات دەگرنە دەست. نواندنی (١٧٨٩) و (١٧٩٣) کە ئاریان مونشکین لەسەر بنەماکانی شانۆی راگوزاری و لەگەڵ ئەکتەرەکان پێکەوە نووسیویانە، چیرۆکێکی مێژوویی، بەپێی زنجیرەی رووداوەکان لەخۆ ناگرێ، ئەکتەرەکانیش بە مانا تەباکەی هونەری نواندن لە رۆڵەکانیاندا بزر نابن، بگرە وەک لەمەوبەر ئاماژەم بۆ کردووە، لە

ڕوانگەی رۆڵی میللەتەوە دەبێتە ئاهەنگێکی میللیی گەورەی شانۆیی.

ناونیشانی شانۆنامەکانیش ١٧٨٩ و بەشی دووەمیش ١٧٩٣ کە کۆمەڵێک رووداو لەو ساڵانەدا لەخۆ دەگرێت، بۆ شانۆی رۆژ و ئاریان مونشکین گەڕانەوە، بەستنەوە و بەرجەستەکردنی رووداوەکانی ساڵی ١٩٦٨ی پاریس دەبێت.(١١)

ئاریان مونشکین لە بەشی دووەمیشدا ١٧٩٣ بەچەشنی بەشی یەکەم، لە خوارەوە، لە میللەتەوە سەیری شۆڕشی فرەنسییان کردووە، بۆ نموونە دانتۆن و مارا کە دوو فیگوری گرینگی شۆڕشی فرەنسی بوون، بوونیان نییە، لە بری ئەوان خەڵکی ئاسایی، نانەوا، ئاسنگەر، کرێکار..... هتد کارەکتەرە سەرەکییەکانی نواندنەکە بوون.

شانۆی رۆژ لە شەستەکاندا شانۆیەکی تایبەتمەندیان نەبووە و هەر نواندنێکیان لەسەر شانۆیەک، یان لە گۆڕەپانی یاری و پانتاییە بەرینەکانی سێرکدا پیشکێش کردووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠دا و لە دەرەوەی شاری پاریس و لە یەکێک لە خانووبەرە گەورە و چۆڵکراوەکاندا، لە هۆڵەکانی کارگەیەکی تەقەمەنیدا دەگیرسێنەوە و بەپێی هەلومەرجی تایبەتمەندیی خۆیان و بە دەست و بازووی ئەندامەکانی شانۆی رۆژ، ئەو شوێنە نۆژەن دەکەنەوە و دەیکەنە پلاتفۆرم و یەکێک لە تەلیسماویترین پانتاییەکانی شانۆ لە جیهاندا.(١٢)

لەم قۆناخەدا ئەندامەکانی شانۆی رۆژ ئەکتەری تەواوەتی و دەرچووی ئامۆژگاکانی هونەری نواندن نەبوون، بە رۆژ کاریان کردووە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی رۆژانەیان و بە شەویش لەگەڵ ئاریان مونشکین ژیاون، مەشقی شانۆ و کارە هونەرییەکانیان کردووە.

ئاریان مونشکین خۆی وانەکانی نواندن، پانتۆمایم، گۆرانی و تەکنیکی دەنگ، ئەکروپاتیک، هونەری راگوزاری و سەمای لە روانگەی پرۆژەکانیانەوە پێ گوتوون و لە هەموو رووبەکەوە هاریکاری و ئامادەی کردوون. راگوزاری و کاری هەرەوەزی، بەتایبەتی لە بواری نووسینی ئەو شانۆنامانەی کە پێشکێشی دەکەن، دەبێتە یەکێک لە مۆرک و سیما گرینگەکانی ئەم گرووپە شانۆییە.

ژیانی مۆلێر دەبێتە سینەما

شانۆی رۆژ لە دوای پێشکێشکردنی هەردوو شانۆنامەی ١٧٨٩ و ١٧٩٣ تووشی تەنگژەیەکی دارایی و تەنگژەیەکی کۆمەڵایەتی و هونەری دەبن. هەندێک لە ئەندام و ئەکتەرەکانی واز لە شانۆی رۆژ دێنن و ئەندامی تازە دێن و سترکتوری شانۆکە گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا دێت.

لەبەر ئەوە شانۆی رۆژ لە ساڵی ١٩٧٦دا پشوویەکی دوو ساڵی لە شانۆ وەردەگرن و لە بری ئەوە ئاریان مونشکین دەکەوێتە وێنەگرتنی فیلمی (مۆلێر) و لە ساڵی ١٩٧٧دا تەواوی دەکات(١٣)

فیلمی مۆلێر تەنیا ژیان و بیۆگرافیای شانۆنامەنووس و ئەکتەری فرەنسی (مۆلێر) ناگرێتەوە، هەرچەندە فیلمەکە بەرجەستەی ژیانی مۆلێر هەر لە منداڵییەوە تا مردنی لەسەر شانۆ دەکا، بگرە لە دیدی خوێندنەوەیەکی دەوڵەمەند و گشتگری زەمەنێکەوە بەرجەستەی ژیانی مرۆڤێکمان بۆ دەکا کە بە شانۆ و لەگەڵ شانۆ و لە پێناوی شانۆدا ژیاوە. هەروەها ئاریان مونشکین و هەر لەم فیلمە درێژە شەش سەعاتییەدا گرفتەکانی نێوان هونەرمەند و دەسەڵات و کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو. هاوکێشەی دەسەڵات و هونەرمەند دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە پرۆسێسی فیلمەکە و لە ژیانی مۆلێر خۆیدا، بێگومان بەستنەوەی ئەم هاوکێشەیە بە تەنگژە چڕەکانی دەسەڵات و پێوەندییەکانی بە هونەرمەندانەوە لە ژیانی هونەری فرەنسای حەفتاکاندا.

هەموو فیلمەکە لەلایەکی تریشەوە ڕەنگدانەوەیەکی ژیانی ئاریان مونشکین و شانۆی ڕۆژ و مۆلێرە لە بەرگێکی تردا و لە کۆمەڵگەیەکی جیاوازدا، بەڵام بەهەمان ئامرازەکانی هونەر و شانۆوە دەردەکەوێتەوە.

شەکسپیر و کۆتایی پرۆسێسێکی هەرەوەزی

شانۆی ڕۆژ دوای چواردە ساڵ لە کاری هەرەوەزی و پڕۆژەی ڕاگوزاری و خوڵقانی نواندنی گەورەی ئەفسووناوی، لە دەرەوەی بازنەکانی پیەس و شانۆنامەی نووسراوەوە، پێ دەنێتە قۆناخێکی نوێی کارکردنەوە. ئاریان مونشکین لە هەشتاکاندا، بە پێچەوانەی کارە ڕاگوزەرییەکانییەوە، ڕوو دەکاتە شەکسپیر و پڕۆژەیەکی گەورە بەناوی (گەشتێک بە جیهانی شەکسپیردا) پێشکێش دەکا.

ئەم پرۆسەیە چەندان ساڵ دەخایەنێ و کۆمەڵێ شانۆنامەی مێژوویی و کۆمێدی لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە: ڕیچاردی دووەم، شەو و ڕۆژی سێزدەیەم، هێنریکی چوارەم (دوو بەش) و هێنریکی پێنجەم.

ئاریان مونشکین هەر خۆی و بۆ ئەم پڕۆژەیە و سەرلەنوێ، بەش بە بەش شانۆنامەکانی شەکسپیر لە ئینگلیزییەوە وەردەگێڕێتەوە سەر زمانی فەرەنسی.(١٤)

ئاریان مونشکین لە دوو مانگی یەکەمی سەرەتای ئەم کارەدا و بە هاوکاریی شانۆی ڕۆژ، شەو و ڕۆژ لەسەر دوو ئاست و بە دوو ئاراستەی جیاواز کاریان کردووە، لەلایەکەوە مەشقێکی کردەیی و توێژینەوەی ئاساییان لەسەر دیمەنەکانی ئەم شانۆنامانە لەگەڵ ئەو ئەکتەرانە کردووە کە تازە و بۆ ئەم پڕۆژەیە پێوەندییان بە شانۆی ڕۆژەوە کردووە، لەلایەکی تریشەوە گەڕاون بەدوای ستایل و شێواز و فۆرمێکی تایبەت بەخۆیان، بە تایبەتی لە ڕێگەی چەندان مەشقی چڕی ڕاگوزارییەوە، بۆ خوێندنەوە و بەرجەستەکردنی شەکسپیرەکەیان.(١٥)

دواتر تەکنیکی شانۆی کۆنی ڕۆمەڵات و مۆدێرنی ئەوروپای تێکەڵاو کردووە: ڕیچاردی دووەم بە

چاکەت و پانتۆڵەوە دەرکەوتووە، بەڵام شانۆ و تەکنیک و کارە هونەرییەکان خۆیان، وەک دیدێکی ریژی لە شانۆی کلاسیکی کۆنی ژاپۆنی (نو) فۆرمەکانی شانۆی ئاسیای ناوەڕاست و شانۆی هیندییەوە وەرگیراوە.

جووڵەی سەمائامێزی ئەکتەرەکان زیاتر چووەتەوە سەر سەمای پەرستگە و سەماکانی دوورگەی بالی و جلوبەرگەکانیشان لە زۆر ڕووەوە لە جلوبەرگی ترادیشونی ولاتی تایلەندەوە وەرگرتووە.

لە شانۆنامەکانی تردا هەموو جیهانە شەکسپیرییەکەیان لە دنیای کارەکتەری لێبوکەکاندا بەرجەستە کردووە و چەمکی لێبوک بووەتە ناوەند و لە بیرۆکەی کارەکتەری لێبوکەوە نواندنەکەیان ڕۆناوە، ئەوەش بەگەڕانەوە و سوود وەرگرتن لە تەکنیک و شانۆی کۆمیدیای دیلارتی و تەکنیکی چەمک و شێوازەکانی لیبوکی مۆدێرن. بەم شێوەیەش شەکسپیر لە هەردوو ڕووی ناوەڕۆک و تەکنیک و فۆرمەوە لە دیدێکی فرە کولتوورییەوە پێشکێش دەکەن و دەروازەیەکی نوێش بۆ خوێندنەوەکانی شەکسپیر لە هەموو جیهاندا دەکەنەوە.(١٦)

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئامانجی بۆ بکرێ ئەوەیە کە ئاریان مونشکین لەم پڕۆژە مەزنە شەکسپیرییەدا چەندە شێواز و فۆرمە میللی و خۆرهەڵاتییەکانی چین و ژاپۆنی بەکار هێناوە، هێندەش لە ڕۆحی ئەنتۆنین ئارتۆ و شانۆی تۆندوتیژ نزیک بووەتەوە و میتۆدە گرانەکەیان بەکار هێناوە.(١٧)

ئاریان مونشکین لە نزیکەوە، بەچەشنی مایرهۆڵد، گۆردن گریک و بریشت لە شانۆی کۆنی ئاسیا و ڕۆهەڵاتی کۆڵیوەتەوە و ئەم شانۆ دێرینانەش لە هەموو پڕۆژەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. گەشتەکەی شەکسپیریش دووپاتکردنەوە و قووڵبوونەوەیەکی هەمەلایەنە بووە بە جیهانگەڕی شانۆی ڕۆهەڵاتدا.(١٨)

هەر لەم ڕووەوە ئاریان مونشکین لەگەڵ هەموو نواندنێکی نوێدا، هونەری شانۆ و ڕیژی و نواندنی نوێ کردووەتەوە و بەهەموو نواندنێکی، شانۆیەکی نوێی خوڵقاندووە.

ئاریان مونشکین و هێلێن سیسوو و هاریکاریییەکی درێژخایەن

هەرچەندە سەرەتای کارە هاوبەشەکانی ئاریان مونشکین و هێلێن سیسوو دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵام لە هەشتاکاندا ئەو هاریکارییە دەگاتە ئاستێکی بەرز و تەواوەتی و تا ئێستاش بەردەوامە.(١٩)

ئەم نووسەرە فرە بەرهەمە لە جەزائیر، لە دایک و باوکێکی جوولەکە هاتووەتە دنیاوە، دایکی بەنەژاد ئەڵمانی و باوکیشی ئیسپانی/ فرەنسییە و ئەم ڕەگەزە جوولەکەییەش ڕۆڵێکی گەورەی لە نووسینەکانیدا گێڕاوە.(٢٠)

زمان له نووسینەکانی هێلێن سیسووردا کارەکتەری سەرەکی و پاڵەوانی یەکەمە، بەسەربەستی لە نێوان ڕاڕەوەکانی فەلسەفە، شیعر و دراماداد دەسووڕێتەوە و تێکستەکانی زمانێکی شیعری و ڕەهەندێکی فەلسەفییان هەیە.[٢١]

پڕۆژەکانی ئاریان مونشکین و هێلێن سیسوو لە بەرەنجامی پێوەندییەکی چڕی هونەری/فیکری و پێداگرتن و بەردەوامیدا دروست بوون، دەسپێکی هەموو پڕۆژەیەک بە وتووێژێکی قوواڵی هەمەلایەنە دەست پێ دەکا. ئەم دووانە پێکەوە هەڵکۆڵین بەدوای بابەتێکدا دەکەن، بەتایبەتی کە بەشێوەیەک لە شێوەکان پێوەست بێت بەسیاسەت و مێژووی هاوچەرخەوە: مونشکین و سیسوو دەیانەوێ ئەوە پێشان بدەن و دەنگ بۆ ئەوانە بگەڕێننەوە کە مێژوو بێدەنگی کردوون، بەم شێوەیەش تراجیدیای گەورە لەدایک دەبێت و ئەفسانە و سیاسەت لە هوروووژمی زمانێکی شیعری باڵا و وێنەی شانۆییدا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە.

هێلێن سیسوو لە ڕوانگەی چەندان شانۆنامەی داستانیی گەورەوە چارەسەری تەوەر و ڕووداوی مێژوویی و کارەساتی هەنووکەیی، بۆ نموونە مێژووی کەمبۆدیا، هیندستان، لافاو و کارەساتە سروشتییەکانی ولاتی چین، بارودۆخی پەناهەندە لە ئەورووپا، کارەساتی تووشبوون بە نەخۆشیی ئایدز.... هتد، کردووە.

مێژووی کەمبۆدیا

هێلێن سیسوو لە ساڵی ١٩٨٤دا شانۆنامەیەک لە دوو بەشدا سەبارەت بەمێژووی کەمبۆدیا دەنووسێ. ئەم شانۆنامەیە بیست و چوار ساڵ لە مێژووی کەمبۆدیا، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٥–١٩٧٩وە دەگێڕێتەوە و لە دوو نواندندا کە هەریەکەیان چوار سەعات بووە پێشکێش دەکەن.

بەشی یەکەم تا ساڵی ١٩٧٠یە و بەشی دووەمیش لە ساڵی ١٩٧٠وە بۆ ساڵی ١٩٧٩ کە کەمێرە سوورەکان دەسەڵات دەگرنە دەست و میللەتەکەیان ئەنفال دەکەن درێژ دەبێتەوە، لە هەردوو بەشەکەشدا (نۆردۆم سیهانۆکی) پادشا لە چەقی ڕووداوەکاندایە.

ئاریان مونشکین هەر لە سەرەتای نواندنەکەوە بینەرانی تووشی ڕامان و ترس و خورپەیەکی هونەری و فیکری کردووە: کە بینەران دێنە ژوورەوە، بەساپیتەی هەموو هۆڵەکەوە، لە دەرگەی هاتنە ژوورەوەوە تا دەگاتە پانتاییی شانۆکەش، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر بووکەڵەی بەبارستەی جیاواز، بەشێوەیەک کە چاویان بڕیوەتە بینەران هەڵواسیوە. ئەم بووکەڵانە بۆ ئاریان مونشکین هێماگەلی ئەو هەزاران قوربانی و خەڵکە بێ گوناهە بووە کە لە کەمبۆدیا و بەدەستی کەمیرە سوورەکان کوژراون.

نواندنەکە، بە ایبەتی بەشی دووەمی، ئاماژەیەک بووە بۆ ئەو وتەیەی کە دەڵێت (لە کەمبۆدیا لە دوای دەسەڵاتی کەمیرە سوورەکان مردوو لە زیندوو زیاتر بووە.)[٢٢]

هەوالنامەی کێشە

خوێنی پیس و نەخۆشیی ئایدز

کارەساتێکی مرۆڤایەتی و ئابڕووچوونێکی نەتەوایەتی پاریس دەهەژێنێ. لە نەخۆشخانەکانی پاریس و لە ڕێگەی گوێزانەوەی خوێنەوە هەزاران کەس تووشی نەخۆشیی ئایدز دەبن و لە بەرەنجامدا، هەزاران کەسی بێ گوناە و لە ناویاندا سەدان منداڵ دەمرن.

ئەوەی زیاتر خەڵک تووڕە دەکات و ڕووداوەکە خۆی دەبێتە کارەساتێکی سیاسی و ئاکاری و لە میدیاکانی جیهاندا ڕەنگ دەداتەوە، ئەوەیە کە پزیشکەکان پێش وەخت زانیویانە ئەو خوێنەی لە نەخۆشخانەکاندا هەڵگیراوە، پیس بووە و بە کەڵکی بەکارهێنان نایەت، بەڵام لەبەر هۆکاری دارایی و بارودۆخی مادیی نەخۆشخانەکانەوە، گوێیان لێ خەواندووە. ئاریان مونشکین و هێلێن سیسوو ئەم ڕووداوە دەقۆزنەوە و دەیکەنە نواندنێکی گەورەی دوور و درێژی شانۆیی.

هێلێن سیسوو کە شانۆنامەکە دەنووسێ تراجیدیای گرێکی بۆ چارەسەرکردن و ڕووبەڕووبوونەوە و خستنەڕووی ئەم کارەساتە بەکار دەهێنێ و خودی ئەسخیلۆس دەکاتە فیگۆرێکی ئافرەت و ڕۆڵی دەرگاوانی ئەو وڵاتە دەبینێت کە بڕیاری مەرگی دراوە.

شوێن گۆڕستانێکی ئێجگار گەورەیە، دەرگاوانەکە دەبێتە جۆرە چاودێرێکی ڕووداوەکان و لە هەمان کاتدا جەستە مردووەکان لەخۆ دەگرێ و ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە دەبا، نواندنەکە لەنێو گۆڕەپانی مەرگەوە، لە زەمەنی ئەسخیلۆس و گرێکەکانەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ئێستا.

لە یەکێک لە دیمەنەکاندا، دوو منداڵی دووانە بەهۆی ئەم گوێزانەوەی خوێنە پیسەوە مردوون، دوو بووکەڵەی گوزارشت ئامێز بە تەنیشت دایکیانەوە دانراوە، بووکەڵەکان وەک دوو جەستەی مردوو کەوتوون، دایکیان بەهێمنی دەگری و هەموو دیمەنەکە بە شێوەیەکی زیندوو ئەو کارەساتە بەرجەستە دەکا.

لەم نواندنەدا کۆرسی شانۆی گرێکی، ڕۆڵێکی هاوشێوەیان هەیە، بەڵام لە فۆرمێکی تازەدا بەستراونەتەوە بە ڕووداوەکانی ئەمڕۆی پاریسەوە، هەروەها پزیشکی مۆدێرن و پارێزەرەکان لە ڕێگەی تراجیدیای گرێکییەوە دەبنە زمانحاڵی چارەسەرێکی هاوچەرخانە.

گۆڕستانەکەش دەبێتە هێماگەلی خاڵی وەرچەرخان و پێکەوە بەستنەوەی ڕابردوویەکی دوور بەئێستاوە، هەر لەم ڕێگەیەوە نووسەر و ڕیژیسۆر لە هەوڵێکی هاوبەشدا رایەڵەکانی مێژوو دەبەستنەوە بە ئێستاوە. ئەم نواندنە لە سەعاتی حەوتی ئێوارەوە دەستی پێ کردووە و لەگەڵ کازیوەی بەرەبەیان، دەوروبەری سەعاتی سێ، لە کاتێکدا کە مردووەکان لەژێر بریسکەی ئەستێرەکاندا هەڵدەستنەوە، تەواو دەبێت[٢٣].

شالاوی لافاو و خەندەقە پڕ لە ئاوەکە

هونەری نواندن لە فۆرمە دێرینەکانی شانۆی ڕۆهەڵات و بەتایبەتی شانۆی بووکەڵە، لەگەڵ شانۆی بووکەڵە و لەناو شانۆی بووکەڵەوە دروست بووە. ئەکتەرەکانی شانۆی دێرینی ژاپۆنی لە پێش هەموو شتێکدا لە شانۆی بووکەڵەدا پسپۆر بوون و تەکنیک و شێوازەکانی هونەری نواندنیان لە شانۆی بووکەڵەوە وەرگرتووە.

ئاریان مونشکین لە ساڵی ١٩٩٩دا شانۆنامەی (تەپڵەکانی سەر خەندەقە گەورە پڕ لە ئاوەکە) لە نووسینی هێلێن سیسوو پێشکێش دەکا و لەم نواندنەدا، شێوازێکی نوێ و تایبەتمەندیی داهێناوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە تەکنیک و فۆرم و شێوازەکانی شانۆی بووکەڵەی ژاپۆنی نزیک بووەتەوە و شتێکی تایبەت بە مونشکینی خوڵقاندووە و توانیویەتی سەرلەنوێ فۆرمە کۆنەکان، لەسەر ئاستێکی باڵا و بەشێوەیەکی تر بدۆزێتەوە[٢٤].

ئەم شانۆنامەیە باسی یەکێک لە لافاوە گەورەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی لە وڵاتی چین دەکا، کە بەشێکی زۆری زەویی کشتوکاڵی و خانووبەرە و ژیانی خەڵکی بوو بەژێر ئاوەوە و کارەساتێکی مرۆییی دروست کردووە. کە ئاوی زەریاکان بەرز دەبێتەوە، چ بەشێک لە وڵاتەکە بکرێتە قوربانی، شارەکان یان زەویوزاری جووتیارەکان یاخۆ ناوچە بازرگانییەکان[٢٥].

(تەپڵەکانی سەر خەندەقە گەورە پڕ لە ئاوەکە) سەرگوزشتەی ململانێ بەردەوامەکانی مرۆڤە لەگەڵ هێزی چاوەڕوانکراو و چاوەڕوانەکراوی سروشت لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ململانێکانی نێوان پیاو و ژن، هەژار و دەوڵەمەند، دەسەڵات و بێ دەسەڵات دەگێڕێتەوە. هێلێن سیسووش شانۆنامەکەی وەک ئەفسانەیەکی دێرین بنیات دەنێ، پێی‌لەسەر خۆپەرستیی مرۆڤ دادەگرێ کە دەبێتە هۆی لێکترازان و وێرانبوونی جیهان.

لە کۆتاییی نواندنەکەشدا بە هوروژم ئاو دێتە سەر شانۆ و هەموو کارەکتەرەکان دەبن بەژێر ئاوەوە. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە کە ئاریان مونشکین لە دیدی تێڕوانین و ڕیژی خۆیەوە، کارەکتەرەکانی کردووەتە بووکەڵە و هەر بووکەڵەیەکیش کەسێک بە جلوبەرگی ڕەشەوە، واتە دوو کەس یەکێکیان ڕۆڵی بووکەڵە دەگێڕێ و ئەوی تریان هەڵگری ئەکتەرە بووکەڵەکانن و لە پشتەوە دەیانجووڵێنن.

ئەکتەرە بووکەڵەکان دەمامکی سپیی جۆراوجۆریان پۆشیوە، سیما و گوزارشتی دەموچاویان لە شانۆی دێرینی ژاپۆنییەوە نزیکە، مۆسیقاش ڕۆڵێکی گرینگ لەم شانۆنامەیە و هەموو شانۆنامەکانی شانۆی ڕۆژ و ئاریان مونشکیندا دەبینێ. دەنگی تەپڵ و ئامێرە ژێدارەکان، داهێنانی ئامێری جیاواز و دروستکردنی دەنگی سروشت و خوڵقاندنی ئەتمۆسفێرە دێرین و ئەفسوونییەکان، هێندەی ڕۆڵی بووکەڵەکان پێگەیان لەم نواندنەدا بەهێز و گرینگە[٢٦].

تەرتوف و گەمەیەکی سیاسی

ئاریان مونشکین لە گەمەیەکی سیاسیی تووندوتیژدا ڕووبەڕووی ئیسلامییە تووندڕۆکان دەبێتەوە و بەشێوازێکی نوێ، لە دەروازەکانی شانۆی کلاسیکی فرەنسییەوە، لە تەرتوفی مۆلێرەوە پەردە لە ڕووکارە ناشیرین و درندە و بەسیاسیکردنی ئیسلامییە فوندەمەنتالیستەکان هەڵدەماڵێ. ئەم خوێندنەوە نوێیەی شانۆی ڕۆژ راستییەکی تری هێز و گەوهەری شانۆمان بۆ دەردەخا: بەستنەوەی تەرتوف بەئیسلامی و فوندەمەنتالیستەکانەوە، بیرۆکەی شانۆنامەکە زیاتر ئاشکرا دەکا، لە پڕ بۆمان دەردەکەوێ بۆچی و چۆن ئەم شانۆنامەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ مۆلێر و بۆ ژیانی هونەریی پاریس، لە هەزار و شەش سەدەکاندا گرینگ بووە، بۆچی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم شانۆنامەیە لە پاریس و لە کۆشکی پادشا و لەسەر شانۆکان قەدەخە کراوە. مۆلێر شانۆنامەی تەرتوف لە ساڵی ١٦٦٤دا دەنووسێ و بۆ ئەوەی بەگژ بیر و بۆچوونە تووندڕۆکانی کڵێسادا بچێتەوە و پەردە لەسەر درۆودەلەسەکانی قەشەکان هەڵبماڵێت و لە هەمان کاتدا دووپاتی ئەوەش بکاتەوە کە چۆن کڵێسا، بەهۆی دەسەڵاتێکی ڕەها و ئاین و بیروباوەڕە ئاینییەکان بۆ مەبەستی خۆیان و لە خشتەبردن و سەرکۆنەکردنی خەڵکی بەکار دەهێنن و ئاینیان کردووەتە دەسەڵات و ئامرازێکی سیاسی.

ئەم مەسەلەیە بۆ ئەو کاتەی فرەنسا مەترسیدار بووە، شانۆنامەکە قەدەخە دەکرێت، دژایەتییەکی زۆری مۆلێر دەکرێ و ناچاریشی دەکەن کە سەرلەنوێ شانۆنامەکە بنووسێتەوە و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی تێدا بکات(٢٧).

ئاریان مونشکین بە نواندنی تەرتوف دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەم شانۆنامەیە ئێستا، هەروەک دوو سەدە لەمەوبەر هەمان کاریگەری سیاسی و دەروونیی خۆی هەیە.

ئاریان مونشکین تەرتوف دەکاتە کەسێکی ترسناکی تووندڕۆی فوندەمەنتالیستی ئاینی یەکێک لە ولاتە عەرەبییەکان، هەموو ئاماژەکان بەرەو جەزائیر دەچێت. کارەکتەری (ئۆرگۆن) دەکەوێتە ژێر باوەڕە دینییەکەی تەرتوفەوە، ملکەچی داواکارییەکانی دەبێت و دەیهێنێتە ماڵەکەی خۆیەوە، پەیمانی دەداتێ کە کچەکەی لێی مارە بکا و لە باریکی دژوار و ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆرگۆن و (دامیس)ی کوڕیشدا، لەسەر بەهەڵەداچوونی ئۆرگۆنی باوکی، ئۆرگۆن هەموو سەروەت و سامانەکەی لەسەر تەرتوف تاپۆ دەکا. تەرتوف لە کاتێکدا کە دەیەوێ ژنەکەی ئۆرگۆن (ئەلیر) لە خشتە بەرێت، ڕاستی و مەرام و پلانەکانی ئاشکرا دەبێت و ئۆرگۆن بەتەواوەتی لە حەقیقەتی کەسایەتیی تەرتوف تێ دەگات.

تەرتوف لە دوای ئەم پەردە هەڵماڵینە، لە بری ئەوەی بە شەرمەزاری لە ماڵەکەی ئۆرگۆن بچێتە دەرەوە، دەیەوێ ئەم ئەوان بکاتە دەرەوە، ئەوە دەهێنێتەوە بیری ئۆرگۆن کە ئەو (تەرتوف) ئێستا خاوەنی مووڵک و ماڵە و دەیەوێ دەستبەجێ بیانکاتە دەرەوە. هەروەها لە هەمان کاتدا و بۆ ئەوەی

گرفتەکە زیاتر خەست بکاتەوە، ئۆرگۆن بەوەش تاوانبار دەکا کە تەزویری لە هەندێک دێکۆمێنتی فەرمیدا کردووە، بۆیە دەیەوێت لە گرتیگەشی توند بکا. بەڵام لە کۆتاییدا پادشا دێت و ئۆرگۆن رزگار دەکا و تەرتوف دەخاتە گرتیگەوە.

ئاریان مونشکین شانۆنامەی تەرتوف، کە یەکێکە لە شانۆنامە کۆمیدیا گرینگەکانی شانۆی کلاسیکی فرەنسی، وەک شانۆنامەیەکی تراجیدی گرێکی پێشکێش دەکات و کارەکتەری ئۆرگۆن دەخاتە چەقی ڕووداوەکانەوە[٢٨].

لەم نواندنەدا شوێن باخچەیەکی ناوەوە، یان پشتەوەی باخچەیەکی میللیی خانووبەرەیەکی تراديشونییە لە ولاتی جەزائیر، بەبێ ئەوەی ناوی هیچ شوێنێک بهێنرێ. تیشکی رۆژێکی بەتین لە سەرەوە و بە شێوەیەکی شاقوولّی خۆی بەسەر شانۆکەدا (شوێنەکەدا) وەشان کردووە، فرۆشیارێکی گەڕۆک بەعەرەبانەیەکەوە مۆسیقا دەژەنێ و بەسەر شانۆکەدا تێ دەپەڕێت. ئاریان مونشکین بۆ ئەم کارەکتەرە مۆسیقای هونەرمەند و گۆرانیبێژی جەزائیری (شەبیب حەسەن) بەکار دەهێنێ کە سالّێک بەر لەم نواندنە، ئیسلامییە تووندڕۆکان لە جەزائیر تیرۆری دەکەن[٢٩].

کارەکتەری ئەم فرۆشیارە گەڕۆکە بێدەنگە و لە بری قسەکردن گۆرانی دەلّێت و مۆسیقا دەژەنێ. ئەم فرۆشیارە چەندان جار لە دوای ڕووداوەکانەوە دەردەکەوێ و بەسەر شانۆدا تێ دەپەڕێت و بەمەش لە چەمکی ئاهەنگ ئامێرگێ و جیکایەتخوانەکانی ولاتانی باکوری ئەفریقا: تونس، جەزائیر و مەغریب نزیک دەبێتەوە، سووديان لێ وەردەگرێت و ڕۆحی شانۆنامەکە و خواندنەکە خۆی لە ئەتموسفێری کۆلان و سەرشەقامەکانی ئەم ولاتانەوە نزیک دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا ئەم کارەکتەرە، وەک فرۆشیارێک پێوەندییەکی خۆڕسکی ئاسایی و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئافرەتە گەنج و کاربەدەستان و خەڵکی ناو خانووبەرەکەدا دروست دەکا.

ئۆرگۆن نوێنەری باوکێکی کۆنەپارێزە و یاساکانی باوکسالاری پەیڕەو دەکات و پاشایەکی بەزەبروزەنگی مالّی خۆیەتی، بەهیچ شێوەیەک بوار بە خێزانەکەی نادا بەبێ ڕەزامەندیی ئەو هیچ کارێک بکەن و هیچ هەنگاوێک بنێن و بەهیچ شێوەیەکیش وەلامی هیچ کەسێک و هیچ پرسیارێک سەبارەت بە تەرتوف ناداتەوە.

تەرتوف کەسێکی پیرۆزە و لە سەروو هەموو بۆچوون و تێڕامان و پرسیارکردنێکەوەیە.

تەرتوف هەموو جارێک بەدەرکەوتن و هاتنە ژوورەوەی بۆ سەر شانۆ، جۆرە مەترسییەک دروست دەکا، هەموو کات بەر لە هاتنە ژوورەوەی لە بڵندگۆکانەوە گوێمان لە چەپڵەڕێزان و پێداهەڵدانی جەماوەر دەبێت، تەرتوفیش بە شێوەیەکی بەردەوام چواردەوری بە کۆمەڵێک ڕیش درێژی چاو دەرپۆقیوی جلوبەرگ ڕەش دەورە دراوە، هەر هەموشیان یەکی چرایەکی سووریان بە دەستەوەیە، وەک هێماگەلی دەستێکی خوێناوی.

ئۆرگـۆن لەم هاوکـێـشـەیـەدا وێنەیەکی گـونجـاوە، ئەویش وەکـو ئەوان جلوبەرگی درێژی ڕەشی لەبەردایە. لە بەرامبەری ئەوان، ژنەکەی ئۆرگۆن (ئەلیر)، کچەکەی (ماریان)، کوڕەکەی (دامیس) و کەنیزەکی ماڵەکـەش (دۆرین) جلی سپـیـیان لە بـەردایە، ڕەش و سپی لە گـەمـەیەکی سـیـاسـی و خـوێناویدا ڕووبـەڕووی یەکـتـری دەبنـەوە. بـەڵام کـە ئـۆرگـۆن مـاریانی کـچی دەدا بە تـەرتوف، دەستبەجێ سەرپۆشێکی درێژ و ئاوڕامان دەدرێت بەسـەر قژە درێژە ڕووتەکەیدا، کە دامیس لەگەڵ ئۆرگۆنـی باوکی بە ڕووی یەکـتـردا دەتەقنەوە و دامیس نـارەزاییی بەرامـبـەر بەهـەڵسـوکـەوتـەکـانی باوکی دەردەبڕێ، ئەوا پیاوە ریش درێژە جل ڕەشەکانی تەرتوف دێن و دامیس دەبەن.

ئاریان مونشکین هەموو ساتە کۆمیدییەکان لەم نواندنەدا دەکاتە ئازار و تراجیدیایەکی قوڵ و تەنانەت لە کۆتاییشـدا ڕێگەیەکی قووتاربوون بۆ ئۆرگۆن و خێزانەکـەی نادۆزرێتەوە. ئەم ڕیژیسـۆرە لە بری پادشـا کـە لە کـۆتاییی شـانۆنامـەکـەدا دەردەکـەوێ و ئۆرگـۆن رزگـار دەکـا، مـووچەخـۆرێکی گـەندەڵ دەهێنێتـە ژوورەوە، بـەمـەش دووپاتی ئەوە دەکاتـەوە کـە هـەمـوو کـۆمـەڵگەکـە لـە بنەڕەتەوە گەندەڵ و تووندڕۆن.

گـرینگیی ئەم نواندنە لەوەدایـە کـە ئاریان مونشکین کـۆمیـدیایەک وەردەگـرێ و تراجیـدیایەکمان پێشکێش دەکات و پێکەنین دەکاتە هـەڵوێستەیەکی تراجیدی و ئەتمۆسفێری ڕیتوالە هونەرییەکە.

ئاریـان مـونشـکـین و شـانـۆی ڕۆژ تا ئێـسـتـا بەهـەمـان وزە و تـواناوە بەردەوام و چـالاکن و کارەکانیان بەهـەمـان شێوە جێگەی سەرنج و ستایشی بینەر و ڕەخـنـەگرەکانە، لە هـەموو ئەوروپا و ئەمەریکادا.

پەڕاوێزەکان:

١- ئاریـان مـونشـکـین لە سـاڵی ١٩٣٩دا لە پـاریس لە دایکێکی ئینگلیـز و باوکـێکی پەناهـەندەی ڕووس لەدایکبووە، باوکی لە جوولەکە ڕووسەکان بووە و وەک پەنابەرێک لە فرەنسا گیرساوەتەوە و لە بواری فیلم و بەرهەمهێنانی فیلم و سینەمادا کاری کردووە و بواڕێکی فراوانی بۆ ئاریان مونشکینێکی منداڵ ڕەخساندووە تا لەنێو ستۆدیۆ و کامێرا و ئەکتەرەکاندا حەزی سینەما و شانۆی تێدا دروست ببێت.

٢- ئاریان مونشکین توانیویەتی شەکسپیر، دراما‌ی گرێکی و شانۆنامەی مۆدێرن، لە دید و بۆچوون و تراديشـونی شـانـۆی ئاسـیـا و ئاسـیـای ناوەراسـتـەوە (چین، هیندسـتـان، ژاپۆن، تایلاند، ڤێـتنام و کەمبۆدیا) چارەسەر و بەرجەستە بکا.

٣- لە مـاوەی ئـەم چل سـاڵەی دواییـدا، بینەران و ڕەخنـەگـر و لێکۆڵەڕەوان لە هـەمـوو جـیـهـانەوە ڕوویان کردووەتە پاریس تا لە نزیکەوە کار و پڕۆژە شانۆییەکانی پیتەر بروک و ئاریان مونشکین ببینن، ئەم دوو ڕیژیسـۆرە لەگـەڵ ئەکتـەر و هونەرمـەندی کولتـووری جیـاواز کار دەکەن و پڕۆژەکانیان لە بۆتەی پڕۆسـەیەکی چڕ و دوور و درێژدا، بـەمـەبـەسـتی لێکۆڵینـەوە و تاقـیـکردنـەوە و دۆزینەوەی چەمکەکـانی هونەری شانۆدا کار دەکەن.

٤- ئەوەی جێگەی ئاماژەیە کە ئەم دوو شـانـۆکـارە گـەورەیە، هـەرگـیـز باسی یەکـتریان نەکـردووە و بەهیچ

شێوەیەک ئاماژەشیان بەکارەکانی یەکتر نەداوە و تەنیا خاڵێکی هاوبەشیش کە ئەم دوو ریژیسۆرە گەورەیە کۆ بکاتەوە، تێڕامان و گەڕانەوە و سوود وەرگرتنە لە شەکسپیر و لە شانۆی تووندوتیژیی ئەنتۆنین ئارتۆ.

٥- ئاریان مونشکین خۆی بەهەموو کارێک هەڵدەستێ، بۆ نموونە دەرگەی شانۆکەیان بە ڕووی بینەراندا دەکاتەوە، بلیتەکانیان لێ وەردەگرێت، گفتوگۆیان لەگەڵ دەکا و پێشوازییان لێ دەکات.

٦- سارتەر لە سیمینارێکدا باسی بڕیشت و شانۆی داستانی و نووسینی شانۆیی و کاریگەرییەکانی بڕێشتیان بۆ دەکا.

٧- شانۆی رۆژ لەم قۆناخەدا زیاتر پەنایان بردووەتە بەر شانۆی جیهانی و دەقی نووسەرە گەورەکان، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز و بە فۆرمێکی نوێ و بە ڕۆحییەتێکی ئەزموونگەری پێشکێشیان کردووە.

٨- لەم شانۆیەدا، رۆڵەکان بە شێوە تەقلیدییەکان دابەش ناکرێن، بگرە ئەکتەرەکان و دوای پرۆڤەیەکی بەردەوام ئەو کارەکتەرانە دەدۆزنەوە کە لەوانەوە نزیکە.

٩- ئەم دوو شانۆنامەیە بۆ تەلەڤزیۆن تۆمار دەکرێ و دواتر لە زۆربەی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی ئەوروپادا بڵاو دەکرێتەوە.

١٠- شانۆنامەی ١٧٨٩ بۆ یەکەم جار و لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧٠دا لەسەر شانۆی پیکۆلۆ Pic-colo Teater لە میلانۆ پێشکێش دەکرێت، دوای ئەوە شانۆی رۆژ دەگەڕێنەوە بۆ پاریس و لەسەر شانۆکەی خۆیان پێشکێشی دەکەنەوە. هەر لەم ساڵەشدا ریژیسۆر و شانۆکاری گەورەی فرەنسی (ژان فیلەر) دەمرێت. ژان فیلەر هەردەم گەڕەکی بووە کە بە شانۆ و لە باوەشی شانۆدا ئاهەنگێکی میللیی گەورە دروست بکات.

١١- دوای پێشکێشکردنی شانۆنامەی ١٧٨٩ بینەران بەهیچ شێوەیەک قایل نابن بڕۆنە دەرەوە، بگرە تا بەرەبەیان لەگەڵ ئەکتەرەکان و ئاریان مونشکین لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە لەناو خۆیاندا دەکەونە گفتوگۆ و وتووێژێکی چڕەوە.

١٢- کە ئاریان مونشکین لە سەرەتای حەفتاکاندا، شانۆکەی دەگوێزێتەوە بۆ دەرەوەی پاریس و بۆ ناو هۆڵێکی کۆنی داخراو، چەندان گرووپی تر لە سەرانسەری فرەنسادا دادەمەزرێن. بەکارهێنانی ئەو شوێنە کۆنەش وەک شانۆ دەبێتە مۆدێل و هێماگەلێک بۆ شانۆکارەکان و هەموو گرووپەکان دەیانەوێ شانۆکانیان ببەنە ئەو جۆرە شوێنانە. بەڵام هەڵبژاردنی ئەو شوێنە بۆ ئاریان مونشکین و لە دەرەوەی شاری پاریس، تەنیا دیدێکی هونەری و پێداویستییەکی داراییی نابێت، بگرە هەڵوێستێکی سیاسی بووە و ویستوویەتی شانۆیەکی میللی دروست بکا.

١٣- ئاریان مونشکین لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت (من فیلمی مۆلێرم نووسیوە و هەر خۆشم دەرم هێناوە، بەڵام زیاد لە دووسەد کەس ئەو فیلمەیان دروست کردووە.)

١٤- شانۆنامەی (شەو و رۆژی سێزدەیەم) بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٢دا لە فیستیڤاڵی ئەفیگنۆن پێشکێشی دەکرێت و دوای ئەوە لە پاریس لەگەڵ ریچاردی دووەم تا هاوینی ساڵی ١٩٨٣ بەردەوام دەبێت، لە هەمان کاتدا خەریکی پرۆژەی هێنریکی چوارەم و هێنریکی پێنجەم دەبن.

١٥- مەشقە چڕ و گرانەکانی شانۆیەکی ڕاگوزاری هەردەم سەرەتایەکی گرینگی هەموو پرۆژەکانیانە،

وێنەیەک، ڕەوشێک، بیرۆکەیەک کە لە دیدی کارەکەوە خۆی وەردەگیرێت، دەبێتە بنەمایەک بۆ ئاریان مونشکین. لەم ڕووەوە ئەکتەرەکانی شانۆی ڕۆژ چەندان جار دووپاتی ئەوەیان کردووەتەوە کە ئاریان مونشکین لە کاتی مەشقە ڕاگوزەرییەکانیاندا بە توانایەکی ئەفسووناوییەوە گوێیان لێ دەگرێت، سەیریان دەکا و تێیان دەگا.

١٦- ئاریان مونشکین لەم پرۆژانەدا بەدوای ئاماژە و جووڵەی دەرەکیی وادا گەڕاوە کە بتوانێت گوزارشت لە هەست و سۆزەکانی ناوەوە بکا.

١٧- شانۆی ڕۆژ لە ساڵی ١٩٨٤دا بە بۆنەی تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئەم شانۆیەدا، سەرلەنوێ و بەشێوەیەکی تەواوەتی و گشتگر هەموو شانۆنامەکانی پرۆژە شەکسپیرییەکەیان لە پاریس و لە فێستیڤاڵی ئەڤیگنۆندا پێشکێش کردووەتەوە.

١٨- لە شەستەکاندا گرووپێکی ئۆپێرای پەکین لە چینەوە سەردانی پاریس دەکەن، ئەم سەردانە دید و بیر و بۆچوونەکانی ئاریان مونشکین سەبارەت بە شانۆ و بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕن. ساڵێک دوای ئەم نواندنە ئاریان مونشکین سەردانێکی یەک ساڵی بۆ وڵاتانی ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست: چین، هیندستان، کەمبۆدیا و ڤێتنام.... هتد دەکات و هەر دوای ئەم گەشتەش شانۆی ڕۆژ دادەمەزرێنێ.

١٩- لە ساڵی ١٩٧٢دا ئاریان مونشکین هێلێن سیسوو لە پرۆژەیەکی شانۆی سەرشەقامدا کۆ دەبنەوە، نواندنەکە هەر دوای چوار چرکە بە هێزێکی پۆلیس ڕادەگیرێ و زۆر بەدڕندانەش هێرش دەکەنە سەر هێلێن سیسوو. ئەو کاتە هێلێن سیسوو گرووپێکی شانۆی سەرشەقامیان هەبووە و پرسە سیاسییە هەنووکەییەکانیان خستووەتە ڕوو، گرووپەکەیان بەناوی Groupe In formation Prison، زیاتر لە بەردەمی گرتیگە، سەرشەقام و باخچە گەورەکاندا نواندنەکەیان پێشکێش کردووە.

٢٠- هێلێن سیسوو لە فرەنسا بە بچووکترین دوکتۆری فەلسەفە ئاماژەی بۆ دەکرێ، ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٦٨دا بڕوانامەی دوکتۆرای لەسەر (جیمێیس جویس) بەدەست هێناوە و لە ساڵی ١٩٦٩شدا بە ڕۆمانی Dedans یەکێک لە گەورەترین پاداشتە ئەدەبییەکانی فرەنسا Prix Medicis وەرگرتووە.

٢١- هێلێن سیسوو تا ئێستا زیاتر لە پەنجا بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە، جگە لە شانۆنامە، بابەتی جۆراوجۆر، ڕەخنەی ئەدەبی، فەلسەفە و لە سەروو ئەمانەشەوە ڕۆمان دەنووسێت. لە زانکۆی هەستەمی پاریس و هەموو ڕۆژانێکی شەممووان سیمیناری نێونەتەوەییەکانی پێشکێش دەکات و قوتابی و لێکۆڵەرەوە لە هەموو جیهانەوە ڕووی تێ دەکەن.

٢٢- ئاریان مونشکین و هێلێن سیسوو لە ساڵی ١٩٨٧دا، بەهەمان شێوە شانۆنامەیەکیان سەبارەت بە هیندستان پێشکێش کردووە.

٢٣- ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٤دا پێشکێش کراوە و لە ساڵی ١٩٩٥یشدا، لەگەڵ شانۆنامەی تەرتوفدا، لە فیستیڤاڵی ئەڤیگنۆندا پێشکێش کراوەتەوە.

٢٤- لەبەر گرینگیی ئەم نواندنە و لە ساڵی ٢٠٠٢دا کراوەتە فیلم و تا ئاستێکی بەرز توانیویانە ڕۆحی شانۆنامەکە، وەک نواندنێکی وێنەیی بۆ فیلم بگوێزنەوە.

٢٥- ئەم شانۆنامەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان شانۆنامەی (بازنەی تەباشیری قەوقاز) ی بێرتۆڵد بریشت - مان بیر دەخاتەوە: کێ خاوەنی زەوییەکانە، پەناهەندە گەڕاوەکان یان ئەو کەسانەی زەوییەکانیان کێڵاوە و بەروبوومەکەیان کۆ کردووەتەوە. لێرەدا پادشایەکی پیری چینی ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی لەم شێوەیە دەبێتەوە.

٢٦- کۆمپۆسیتۆر و هونەرمەندی مۆسیقار Jean-Jaques Lemetre کە زیاتر لە بیست و پێنج ساڵە لەگەڵ ئاریان مونشکین کار دەکا، مۆسیقای هەموو نواندنەکانیان ئامادە دەکات. ئەم کۆمپۆسیتۆرە لە یەکەم ڕۆژی پرۆژەکانەوە لەگەڵ گروپەکەدایە و بە مۆسیقا ئەتمۆسفێر و دەنگە گوزارشت ئامێزەکانیان، بەشێوەیەکی ڕاگوزاری بۆ ئامادە دەکا، ریتمەکان ڕادەگرێ و لە هەمان کاتدا مۆسیقاکەش دەنووسێ. جووڵانەوەی ئەکتەرەکان، دەنگ و پێوەندییەکانیان، دەروازەیەکە بۆ ئەم هونەرمەندە و بۆ مۆسیقاکەی. لە کاتی نواندنی (تەپڵەکانی سەر خەندەقە گەورە پڕ لە ئاوەکە)دا خۆی و بەیارمەتیی یاریدەدەرەکەی و بە درێژاییی نواندنەکە پەنجا جۆر ئامێری مۆسیقی بەکار دەهێنێت.

٢٧- کلێسا فرەنسییەکان هەرگیز لە مۆلێر خۆش نابن، کە مۆلێریش دەمرێت بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن کە بە شێوەیەکی شایستە و بەپێی داوونەریتە دینی و کۆمەڵایەتییەکان بە خاک نەسپێردرێت، تا پادشا ناچار دەبێت مەسەلەکە بکاتەوە و بە چارەسەرێکی مامناوەندی کلێسا بەوە رازی بکات کە تەرمەکەی مۆلێر بە شەو و بە نهێنی بەخاک بسپێردرێ.

٢٨- مۆلێر کە ئەم شانۆنامەیە لە کۆشکی پادشا پێشکێش دەکەن، خۆی ڕۆڵی (ئۆرگۆن)ی بینیوە.

٢٩- لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، تەوژمێکی توندوتیژی ئیسلامییە فوندەمەنتالیستەکان هەموو جەزائیر دەگرێتەوە و ڕۆژانە کوشتارێکی زۆر لەسەر شەقام و شوێنە گشتی و فەرمییەکاندا ڕووئەدات. ئیسلامییە تۆندڕۆکان لە پێش هەموو شتێک و هەموو کەسێکدا دەکەونە کوشتن و تیرۆرکردنی چینە ڕۆشنبیر و هۆشیارەکەی جەزائیر: نووسەر، شانۆکار، هونەرمەندی سینەمایی، مۆسیقی و وینەکێشەکان... هتد دەکەنە قوربانی.

٣٠- هەندێک کەس و لێکۆڵەرەوەکان شانۆی (ڕۆژ) بە ڕۆژی پادشا و ئاریان مونشکین بە شاژنی ڕۆژ ناوزەد دەکەن.

سەرچاوەکان:

1- Johanna Enckell, Skärvor av Artaud, Like , Helsingfors, 2003

2. Margareta och Ulf Sörenson, Teater i Paris, Liber Förlag, 1983

3. Judith G. Miller, Arine Mnouchkine, Routledge, 2007

٤- شانۆنامەی ١٧٨٩ و ١٧٩٣، لەبارەی شۆڕشی فرەنسیەوە بە DVD

٥- شانۆنامەی تەرتوف، لە ئەرشیڤەوە DVD

٦- شانۆنامەی تەپڵەکانی سەر خەندەقە گەورە پڕ لە ئاوەکە، DVD

٧- فیلمی مۆلێر، نووسین و ڕیژی ئاریان مونشکین DVD

نابوکۆ پڕۆژەیەک بۆ وزەی نێودەوڵەتی

ئا: هاوار بازیان

نابوکۆ، پردێکی نوێی گواستنەوەی گازی سروشتییە لە ئاسیاوە بەرەو ئەورووپا کە بەگرینگترین هێڵی هەناردنی وزە لە باشووری دنیادا دێتە دانان. ئەو هێڵە لە ڕێگەی لوولەوە؛ هەرێمە دەوڵەمەندەکان بەگاز و لەوانە ناوەڕاستی باشووری ئاسیا، ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و میسر بەئەورووپا دەبەستێتەوە و وزەی ئەو ناوچانە ڕەوانەی بازاڕەکانی ئەورووپا دەکا. پڕۆژەکە لە سنوورەکانی ڕۆهەڵاتی تورکیاوە دەگاتەوە ئەمسا کە بەناوەندی ئەورووپا لە وەرگرتن و دابەشکردنی گاز و وزەی سروشتی دادەنرێ. ئەو هێڵە بەبەر خاکی هەریەک لە وڵاتانی بولگاریا، ڕۆمانیا و هەنگاریادا تێ دەپەڕێ، بەپێی دوا ڕێک کەوتن و گرێبەستی لایەنەکانی پێوەست بەپرسەکەوە، بڕیارە لەگەڵ تەواوبوونی پڕۆژەکە سالانە ٣١ ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی لە ڕێگەی ٣ هەزار و ٣٠٠ کیلۆمەتر لوولەوە بگاتە کڕیارانی گاز لە بازاڕەکانی ئەورووپادا.

ئاشکرایە کە ناوەڕاست و ڕۆئاوای ئەورووپا بەردەوام کێشەی کەمیی وزەی هەیە و شیمانە دەکرێ ئەو گرفتە تا لانی کەم ٢٠ ساڵی داهاتوو لەگەڵ ئەو بەشە لە دنیادا بمێنێتەوە کە پێوەستە بەچەند هۆکارێک لە بەرهەمهێنان، دابینکردنی تەناهی و گواستنەوەی وزە لە ئەورووپا کە پێشبینی دەکرێ چارەسەکردنیان زۆر بخایەنێ.

بەشی هەرە سەرەکیی ئەو هێڵە لە گواستنەوەی وزە بڕیارە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ لە تورکیاوە دەست پێ بکا و ساڵی ٢٠١٥ بەو لوولانەدا گازی پێویست بگاتە ئەورووپا.

ئەگەر بەکورتی باس لە ئامانجە سەرەکییەکانی پڕۆژەی هێڵی نابوکۆ بۆ گواستنەوەی وزە بکەین بڕێتین لە:

* کردنەوەی سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ دابینکردنی گازی ئەو بەشە لە وڵاتانی ئەورووپایی کە

بەشداریی پڕۆژەکەیان کردووە و بەجۆرێک وەبەرهێنانیان تێدا کردووە، واتە هاوبەشن.

* بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریی ولاتان لە کەرتی گواستنەوەی وزە، بەشێوەیەک کە بتوانن زیاترین سوود لە وزەی یەکتری وەربگرن، ولاتێک بەبەرهەمهێنان و ولاتێکی تر بەوەرگرتنی پارەی گواستنەوە.
* دابەشکردنی ئەرکی پاراستنی تەناهی لە نێوان ولاتانی بەشداری ئەو پڕۆژەیە، بەوەی هەر ولاتێکی بەشداری پڕۆژەکە و تەنانەت سەرجەم ولاتانی تری ئەورووپایی کە دوا مەبەستی پرسەکەن خۆیان بە بەرپرس بزانن لەوەی وزەی پێویستی خۆیان بپارێزن و لەو ڕێگەوە هەموویان بەیەکەوە بەرگرییی لە بەرژەوەندییەکانی بواری وزەی خۆیان بکەن، جگە لەوەی تەناهیی وزەیان پارێزراو بێ.
* ولاتانی دابینکاری گازی هێڵی نابوکۆ دەتوانن لەو ڕێگەوە تێکەڵ بەتۆڕی گازی ئەورووپا بن، واتە هێڵی نابوکۆی ئاسیای ناوەڕاست نوێنەری وزەی ولاتانی ئەو بەشەی دنیا بێ لە هەموو ئەورووپادا.[1]

وردەکارییەکانی هێڵی نابوکۆ چین؟

ئەو پڕۆژەیە لەسەر ڕاسپاردەی یەکەتیی ئەورووپا بەمەبەستی دابینکردنی گازی سروشتی بۆ ولاتانی ئەندام پێشنیاز کراوە تا وزەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەرەو ئەورووپا بگوازێتەوە. درێژیی هێڵەکە ٣ هەزار و ٣٠٠ کیلۆمەترە و نێزیکەی ٧ ملیار و ٩٠٠ ملیۆن یۆرۆی بۆ تەرخان کراوە کە دەکاتە نێزیکەی ١٢ ملیار دۆلاری ئەمەریکایی.



هەواڵنامەی کێبڕکێ

شوێنی دەسپێکی پرۆژەکە تورکیایە و کاروبارەکانی لە نەمساوە رایی دەکرێن، تا ئێستە ١٠ ملیار دۆلاری ئەمەریکایی وەک تەخمینە بۆ پرۆژەکە دانراوە و بەپێی مەزەندەکانی پێشووتر ئەو ڕێژەیە تا ١٢ ملیار دۆلار بەرز دەبێتەوە. پرۆژەکە لە ٢٨ی شوبات/فێبرایەر ساڵی ٢٠٠٢ هاتە ڕاگەیاندن و بڕیارە لە ١٥ی حوزەیران/یۆنیۆی ٢٠١٥ بەکۆتا بێ.

ئەو لایەن و ناوەندانەی تا ئێستە بەشێوەی دارایی لە پرۆژەکەدا وەبەرهێنانیان کردووە و لە ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشدا کە لە ٩ی حوزەیران/یۆنیۆی ئەمساڵ (٢٠١٠)دا ئاشکرا کرا پێک هاتوون لە،

* بانکی وەبەرهێنانی ئەورووپایی EIB
* بانکی ئەورووپایی بۆ کاروباری بنیاتنانەوە و پەرەپێدان EBRD.
* بانکی دنیایی بۆ پارەدارکردنی نێودەوڵەتی IFC.
* ٣ پەیمانگەی هاوبەشی نێودەوڵەتی بۆ پارەدارکردنی پرۆژەکان IFIs کە تەنیا ئەو ٣ لایەنە بەشێوەی هاوبەش زیاتر لە ٤ ملیار یۆرۆ پرۆژەکەیان دابین کردووە کە دەکاتە نێزیکەی ٥١٪ کۆی گشتیی تێچووی هەموو پرۆژەکە.

هێڵی لوولەکانی نابوکۆ، دەکەوێتە نێوان تورکیا بەرەو نەمسا کە لە "ئەرزەڕۆم"ەوە دەست پێ دەکا بۆ هەڕێمی "بومگارتن" لە نەمسا و دواتر دابەشی هەموو ئەورووپا دەکرێ. بەو شێوەیە ئەورووپا پێویستیی بەگازی سروشتیی ڕووسیا نامێنێ کە ساڵانە تووشی چەندان کێشەی تەکنیکی و سیاسی دەبێتەوە. ژمارەیەکی زۆری وڵاتی ناو یەکەتیی ئەورووپا پاڵپشتی لەو پرۆژەیە دەکەن، جگە لەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەبەشداریکردنی کۆمپانیای "گازپرۆم"ی وڵاتەکەی پشتیوانیی لەو پرۆژەیە کردووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا شیمانە دەکرێ وڵاتانی

ئازەربایجان و تورکمانستان بەهاوکاریی یەکتری زیاترین رۆڵیان لەو پرۆژەیەدا هەبێ، بەتایبەت کە لایەنەکانی خوازیاری وزەی نابوکۆ بەگرینگەوە سەیری بەشداریی عێراق و میسر بەهاوکاری لەگەڵ هەردوو وڵاتی تورکمانستان و ئازەربایجاندا دەکەن.

هێڵی نابوکۆ لە ٢ قۆناخدا جێبەجێ دەکرێ، قۆناخی یەکەم، دروستکردنی ڕێڕەوێک کە ٢ هەزار و ٧١ کیلۆمەترە دەکەوێتە نێوان ئەنقەرە لە تورکیاوە تا "بومگارتن" لە نەمسا، جگە لەو ٣٦٠ کیلۆمەترەی تر کە دەکەوێتە نێوان ئەنقەرە و ناوچەی "سیڤاس" لەسەر سنوور.

قۆناخی دووەم، دانان و بەستنەوەی لوولەکانی گواستنەوەی گازە لەسەر سنووری تورکیاوە کە هەمان وەرگرتنی گازی ئاسیایە لەسەر سنووری تورکیا و بەمەبەستی گواستنەوەی بۆ ئەورووپا. لەو قۆناخەدا هەزار و ٦٠٠ کیلۆمەتری تر هێڵەکە درێژ دەبێتەوە کە مەزەندە دەکرێ کۆی ئەو هێڵە لانی کەم تا ٥٠ ساڵی داهاتوو سوودی لێ وەربگیرێ و تێک نەچێ.

ئەو هێڵە کە لە تورکیاوە هاتووە، بەناو بولگاریا و ڕۆمانیادا دەگاتە شوێنی مەبەست لە نەمسا، جگە لەوەی چەند سەرچاوەیەکی تر بۆ دابینکردنی وزەی ئەو هێڵە ئێستە لەسەر سنووڕەکانی نێوان تورکیا و عێراق لە نێزیک "ئەرزەڕۆم"ەوە دەستنیشان کراوە و ڕاستەوخۆ پێوەست بەشاری تەبریز ناوەندی پارێزگەی ئازەربایجانی ڕۆهەڵات لە ئێران دەکرێتەوە. دواتر بەناو دەریای خەزەر (کاسپیەن)دا دەخرێتەوە سەر هێڵی سەرەکیی نابوکۆ لە نێوان تورکیا و نەمسا. لە کۆی گشتیی درێژیی هێڵی نابوکۆ کە ٣ هەزار و ٣٠٠ کیلۆمەترە، بە لە بەرچاوگرتنی تێکچوون و گۆڕانکاریی ڕێگەوبانەکان بەزیاتر دانراوە کە نێزیکەی ٢ هەزار و ٧٣٠ کیلۆمەتری دەکەوێتە ناو خاکی تورکیا، ٤١٢ کیلۆمەتر بەسەر خاکی بولگاریا، ٤٦٩ کیلۆمەتر لە ناو ڕۆمانیا، ٣٨٤ لەسەر خاکی هەنگاریا (مەجەریا) و تەنیا ٤٧ کیلۆمەتری دەکەوێتە ناو خاکی نەمسا کە مەبەستی کۆتای پرۆژەکەیە.

زانیاریيە تەکنیکییەکانی هێڵی نابوکۆ:

* درێژی: ٣ هەزار و ٣٠٠ کیلۆمەتر تا ٤ هەزار کیلۆمەتر.
* بەرفراوانیی تیرەی بۆڕییەکە: هەزار و ٤٢٢ ملیمەتر تا ٥٦ سانتیمەتر.
* جۆری مادەی لوولەکە: پۆڵا.
* توانای هەناردەکردن: ساڵانە ١٣ ملیار مەترسێجا.
* ئەستووریی لوولەکە: ٢٠ تا ٣٦ ملیمەتر.
* قووڵیی ناشتنی لوولەکە لەژێر زەوی: لانی کەم یەک مەتر.
* ڕێژەی پاڵەپەستۆ خستنە سەر لوولەکان: ١٠٠ بەرمیل بەیەک جار.
* بەشی کۆنترۆڵ: ناوەندێکی گشتی بۆ کۆنترۆڵکردنی کاروبارەکان دەبێ کە بە ICCC دەناسرێ، هاوکات لە هەریەک لە شارەکانی ئەنقەرە لە تورکیا، سۆفیا لە بولگاریا، میدیاس لە ڕۆمانیا، بوداپێست لە هەنگاریا و بومگارتن لە نەمسا کە گازەکە پێیاندا تێپەڕ دەبێ کۆنترۆڵێکی

هەرێمی دەبێ و سەرجەمیان پێوەست دەبن بەکۆنترۆڵی ناوەندی.

* لوولەکانی ئەو هێڵە لەلایەنی ژوورەوە و ناوەوە تووشی تێکچوون دەبن و پێویستە رێکارێک هەبێ تا رێگە لە تێکچوونی بلوولەکە بگرێ. بۆ ئەو مەبەستە لە کاتی دانانی لوولەکان رەچاوی ئەو خاڵە دەکرێ و هاوکات ناوەندەکانی کۆنترۆڵ ئاگەداری ئەو پرسە دەبن.
* دەسپێکی پرۆژەکە، بەپێی بەرنامە بڕیارە لە کۆتاکانی ساڵی ٢٠١١ دا دەست بەو کارە بکرێ و لە کۆتاکانی ٢٠١٤ وەک تاقیکردنەوە بۆ یەکەم جار گازی سروشتیی رۆهەڵاتی ناڤین بگاتە ئەورووپا و لەگەڵ دەسپێکی ساڵی ٢٠١٥ کاری ئەو پرۆژەیە تەواو بەکۆتا بێ و بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە.
* چاوەڕوان دەکرێ لە ساڵەکانی یەکەمی پاش تەواوبوونی پرۆژەکە، ئەو هێڵە توانای گواستنەوەی ساڵانەی ٤ ملیار ٥٠٠ هەزار تا ١٣ ملیار مەتر سێجا گازی سروشتیی بۆ ئەورووپا هەبێ. دواتر لە ساڵی ٢٠٢٠ بەدواوە ئەو رێژەیە بۆ ٣١ ملیار مەتر سێجا لە یەک ساڵدا بەرز بێتەوە، لەو بڕە زیاتر لە ١٦ ملیار مەتر سێجای تەنیا لە هەرێمی "بومگارتن"ی نەمسا بۆ دابەشکردنی دەمێنێتەوە.
* بواری دارایی، پرۆژەی هێڵی نابوکۆ لەلایەن کەرتی وەبەرهێنانی هاوبەشەوە پاڵپشتیی دارایی دەکرێ و چەند ناوەند و لایەنی ئابووری و بازرگانیی ئەورووپایی بەشێوەی پشک تێیدا بەشدارن. بەتایبەت ئەو بەشە لە بانکەکان کە بایەخ بەپەرەپێدانی بازرگانی و ئابووری دەدەن. وەک پێشتر باس کرا کۆی گشتیی ئەو وەبەرهێنانە دەگاتە ٧ ملیار و ٩٠٠ ملیۆن یۆرۆ (نێزیکەی ١٢ ملیار دۆلاری ئەمەریکایی) لەو رێژەیەدا ٧٠٪ی لەلایەن دامەزراوە داراییەکانی ئەورووپاوە دابین کراوە و ٣٠٪ەکەی تری لەلایەن وڵاتانی بەشداری پرۆژەکەوە هاتووەتە دابینکردن.

قۆناخەکانی پێگەیشتنی پرۆژەی هێڵی نابوکۆ لە سەرەتاوە تا ئێستە

* لە ٢٠٠٢/٢/٢٨ گفتوگۆ سەرەتاییەکانی تایبەت بەنابوکۆ لە نێوان هەردوو کۆمپانیای OMV Gsa & Power GmbHی نەمسایی و بۆتاش BOTASی تورکیایی دەستی پێ کرد.
* لە ٢٠٠٢/٦/٣٠ پێنج کۆمپانیای OMVی نەمسایی، MOL زنجیرە کۆمپانیاکانی هەنگاریایی، کۆمپانیای بولگارگازی بولگاریایی، ترانسگازی رۆمانیایی و بۆتاش BOTASی تورکیایی یاداشتێکی لێک گەیشتنیان لەبارەی پرۆژەی نابوکۆوە ئیمزا کرد.
* لە ٢٠٠٥/٦/٢٨ گرێبەستێکی گشتگیر ناسراو بە JAV لە نێوان ٥ هاوبەشە سەرەکییەکەی هێڵی نابوکۆ هاتە ئیمزاکردن کە تایبەت بوو بەرێککەوتن لەسەر دانانی یاسا و رێنوێنییەکانی پێوەست بەپرۆژەکە.
* لە ٢٠٠٨/١/٨ کۆمپانیای "پێنس پێن"ی بەریتانیایی ڕای گەیاند ئامادەیە سەرپەرشتیی ئەندازەییی پرۆژەی نابوکۆ لە ئەستۆ بگرێ و بەمەبەستی سەرخستنی پرۆژەکە هاوکار بێ و بۆ ئەو مەبەستە تەندەرێکی لە یەکەتیی ئەورووپا وەرگرت.

* لە ٢٠٠٨/٢/٢٨ کۆمپانیای RWEی ئەڵمانیایی وەک شەشەم هاوبەشی هێڵی نابوکۆ تێکەڵ بەپرۆژەکە بوو و بەشداریی خۆی ڕاگەیاند.
* لە ٢٠٠٨/٦/١١ یەکەم گرێبەست بەمەبەستی دابینکردنی گاز لە ئازەربایجانەوە بۆ هێڵی نابوکۆ لە بولگاریا لەگەڵ بەرپرسانی ئازەربایجانی ئیمزا کرا، ئەو ولاتە بەڵێنی دا تا ٥ ساڵی داهاتوو ئاستی ڕەوانەکردنی گاز بۆ پرۆژەکە ٥ هێندەی ئێستە بەرز دەکاتەوە و جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی بەشێوەی کارا بەشداریی ئەو پرۆژەیە لە ناوچەکەدا دەکا.
* لە ٢٠٠٩/٥/١٢ وردەکاریی ئەندازیاری و پلانەکانی تری پێوەست بەهێڵی نابوکۆ کە پرۆژەیەکی فرە نەتەوەیە ئاشکرا کرا و کۆمپانیاکانی هەر ٥ ولاتی پشکداری پرۆژەکە (بێ لە کۆمپانیا ئەڵمانییەکە) بەڕاوێژکردن لەگەڵ کۆمپانیای "پێنس پێن"ی بەریتانیایی چۆنیەتیی دانان و دامەزراندنی ئەو هێڵەیان خستە ڕوو و کۆمەڵێک پێشنیاز ئاڵوگۆڕ کران. لەو قۆناخەدا پاش بەدواداچوونی زۆر، وردەکارییە هونەرییەکانی هێڵی نابوکۆ باس کران و پلانی هێڵەکە ئاشکرا کرا.
* لە ٢٠٠٩/٧/١٣ ئەمجارەیان حکوومەتەکانی لایەنە بەشدارەکانی پرۆژەی نابوکۆ، واتە بەرپرسانی حکوومەتیی هەریەک لە نەمسا، هەنگاری، ڕۆمانیا، بولگاریا و تورکیا لە ئەنقەرە کۆ بوونەوە و گرێبەستێکی نێوحکوومەتییان ئیمزا کرد IGA. ئەو ٥ ولاتە بەڵێنیان دا لە سەرخستنی پرۆژەی نابوکۆ هەموو جۆرە ئاسانکارییەک پێشکێش بکەن و هاوکار بن لەوەی بەرامبەر هێڵی مەودادرێژیی ٣ هەزار و ٣٠٠ کیلۆمەتری گواستنەوەی گاز هەڵسوکەوتێکی یاساییان هەبێ و ئەرکی یاساییی خۆیان وەربگرن.
* لە ٢٠١٠/٣/٥ تورکیا وەک پێنجەم بەشدار و هاوبەشی نابوکۆ پرۆژەکەی تەواو پەسند کرد و ڕەزامەندیی تەواوی خۆی بەڕەسمی پێشان دا، هەروەکچۆن پێشتر بەرپرسانی حکوومەتی

هەنگاریایی لە (کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ٢٠٠٩)، نەمسا لە (کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ٢٠٠٩)، بولگاریا و رۆمانیا لە (شوبات/فێبرایەری ٢٠١٠) بەڕەسمی ڕەزامەندیی خۆیان لەسەر بەشداریی کۆمپانیاکانی لە هێڵی نابوکۆ ڕاگەیاند.

* لە ٢٠١٠/٤/٢٣ هێڵی نابوکۆ وەک پڕۆژەیەکی نێودەوڵەتیی بواری گواستنەوەی وزە دانی پێ دانرا و لە ئاستی نێودەوڵەتی ئاراستەیەکی یاساییی وەرگرت. لە ئەنجامدا ٣ پەیمانگەی هاوبەشی نێودەوڵەتی بۆ پارەدارکردنی پڕۆژەکان IFIs بەشێوەی هاوبەش ٣ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن یۆرۆیان بۆ پڕۆژەکە دابین کرد (دواتر ئەو ڕێژەیە بۆ ٤ ملیار یۆرۆ بەرز کرایەوە) کە دەکاتە نیزیکەی ٥١٪ کۆی گشتیی تێچووی هەموو پڕۆژەکە و بەو شێوەیە هێڵی نابوکۆ زیاتر ڕەنگ و بۆنی نێودەوڵەتیی وەرگرت، ئەو پارەیە لە ١٧ی نیسان/ئاپریلی٢٠١٠ پێشکێش کرا. هێڵی نابوکۆ پێویستیی بە ٢٥٠ هەزار لوولەیە کە کێشەکەی دەگاتە سەرووی ٢ ملیۆن تۆن پۆڵا، جگە لە هەندێک کەلوپەل و پێداویستیی تر و زیاتر لە ٣٠ ئامێری پەرچدانەوەی پۆڵا کە لەسەر بودجەی ئەو کۆمپانیا نێودەوڵەتییانە دابین دەکرێ.

* لە ٢٠١٠/٦/٨ هەردوو وڵاتی ئازەربایجان و تورکیا لە ئەنقەرەی پایەتەخت گرێبەستێکیان ئیمزا کرد تایبەت بەچۆنیەتیی گواستنەوەی گاز بۆ تورکیا و ئەورووپا و لەو بارەیەوە هەردوو لایەن بۆچوون و مەرجەکانی خۆیان خستە ڕوو.

* لە ٢٠١٠/٧/٢١ حکوومەتی بولگاریایی گرێبەستێکی ئیمزا کرد و بەو شێوەیە پاڵپشتیی لە هەوڵەکانی یەکەتیی ئەورووپا بۆ هێڵی نابوکۆ کرد ئەو گرێبەستە کە تەواو پاڵپشتیکارانە بوو لە نێوان بەرپرسانی ڕەسمیی بولگاریایی و گرووپی کۆمپانیاکانی تایبەت بەهێڵی وزەی نابوکۆ بوو کە لایەنێکی یاساییی بەپرسەکە دا و هەردوولایەن لەسەر وردەکارییەکانی ئەو هاوکاری و پاڵپشتە ڕێک کەوتن.

* لە ٢٠١٠/٧/٣١ ستافی بەڕێوەبەری کاروبارەکانی نابوکۆ تەندەرێکی تایبەت بەدابینکردنی گاز بۆ پڕۆژەکەیان دوا خست، هۆکارەکەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ژمارەیەکی زۆر داواکار داوای وەرگرتنی ئەو تەندەرەیان کردووە. یەکێک لەو لایەنانە کە بەنیاز بوو لەو پڕۆژەیەدا کار بکا و بەشدار بێ، کۆمپانیای "یوروپیپ Europipe"ی ئەڵمانیایی بوو.

* لە ٢٠١٠/٨/٢٣ دوو لایەنی جێبەجێکار تایبەت بەدابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانە وەک سووتەمەنی و تەنانەت خۆراک ئامادەییی خۆیان لە پڕۆژەکەدا پێشان دا، سەرەڕای دۆخی سیاسیی ناوچەکە لە بەشی گورجستان و عێراقدا ئەو کارە لە ئەستۆ بگرن. لە هێڵی گازی نابوکۆ کە پڕۆژەیەکی نێودەوڵەتییە هیچ لایەنێکی سێیەم بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە لەسەر سنوورەکانی ئێران دەستنیشان نەکرا کە بەشێکی هێڵەکەی لەخۆ گرتووە.

' لە ٢٠١٠/٩/٦ بانکی ئەورووپایی بۆ وەبەرهێنان (EIB)، بانکی ئەورووپایی بۆ بنیاتنان و پەرەپێدان (EBRD) و بانکی دنیایی بۆ پارەدارکردن و هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان (IFC) لە

رێککەوتنێکدا خۆشحاڵی و حەزی خۆیان لەبارەی بەشداریی وەبەرهێنەران بۆ کرێنی پشک لە پرۆژەی هێڵی نابوکۆ خستە ڕوو و لایەنێکی یاساییان بەکاروباری کرێن و فرۆشتنی پشک لە پرۆژەکە دا. لە ئەنجامی ئیمزاکردنی ئەو گرێبەستە سێ لایەنە نێودەوڵەتییە بوو کە ئاستی وەبەرهێنانی هەرسێ ناوەند لە پرۆژەکەدا گەیشتە ٤ ملیار یۆرۆ کە نێزیکەی ٥١٪ کۆی گشتیی تێچووی هەموو پرۆژەکەیە.[٢]

ڕۆڵی عێراق و هەرێمی کوردستان لە نابوکۆدا

لە ١٨ی ئایار/مایۆی ساڵی ٢٠٠٩ حکوومەتی عێراق پلانێکی هەرێمی کوردستانی بۆ تێکەڵبوون بەپرۆژە گواستنەوەی وزەی هێڵی نابوکۆ ڕەت کردەوە کە تێیدا مەبەست بێباکبوونی ئەوروپایە لە گازی ڕووسیا و پشتبەستنە بەوزە و گازی ئاسیای ناوەڕاست. هەریەک لە وەزارەتی نەوت و لایەنی ئۆپۆزسیۆنی عێراق ڕایان گەیاند ڕێگە نادەن بەبێ مۆڵەت و ئاگەداریی وەزارەتی نەوت و حکوومەتی عێراقی هیچ جۆرە گازێک لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی دەرەوە بکرێ. سەرەڕای ئەوەی عێراق ڕەخنە لە سیاسەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بواری نەوت دەگرێ، هەوڵێر ژمارەیەک گرێبەستی جۆرووجۆری لە کەرتی وزەدا لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا ئیمزا کردووە کە بەغدا بەنایاسایی ناویان دەبا.

بۆروت گریگ لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوە ستراتیجییەکان لە بڕۆکسل پێی وایە دۆخی کەرتی نەوتی عێراق ئاڵۆزە و هەر جۆرە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەو وڵاتەدا زۆر مەترسیدارە، ئەوە کاریگەری خستووەتە سەر بەشداریی بیانییەکان لە کەرتی وزەی عێراقدا. لەو نێوەندەدا هێڵی نابوکۆ هەیە کە ٣ هەزار و ٣٠٠ کیلۆمەترە و جێبەجێکردنی یەکەم بەشی بەبەشداریی تورکیا، بولگاریا، ڕۆمانیا و هەنگاریا بۆ نەمسا لێ بڕاوەتەوە.[٣]

هەرچەندە تا ئێستە حکوومەتی هەرێم هیچ داواکارییەکی پێشکێش بەپەرلەمان نەکردووە تا پرسی بەستنەوەی گازی هەرێم بەهێڵی نابوکۆ تاوتوێ بکرێ، بەڵام سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان ئاماژە دەکەن پرۆژەی نابوکۆ تایبەت بەگواستنەوەی گازی سروشتی پێویستییەکی زۆری بەعێراق و هەرێمی کوردستان هەیە بۆ ئەوەی هێڵەکانی گواستنەوەی وزە بەرەو ئەوروپا ئامادە بکەن. دیمیتار ئەباجیۆڤ سەرۆکی کاروبارەکانی پرۆژەی نابوکۆ چەندان جار ڕای گەیاندووە کە عێراق گەورەترین پشکی لەو پرۆژەدا هەیە و بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکەدا (بۆ نموونە تورکمانستان) کەمتر پشت بەڕووسیا دەبەستێ. ئەباجیۆڤ پێشبینیی کردووە یەکەم گازی ئەو پرۆژەیە لە عێراقەوە بێ، چونکە ئەو وڵاتە ١٠ ملیار مەتر سێجا گاز هەنارد دەکا. سەرچاوەکان لە زاری بەرهەم سازێ سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان گواستەوە کە ئەو هەرێمە پێش هەر جۆرە هەناردەیەک، سەرەتا هەوڵی دابینکردنی گازی سروشتیی پێویستی خۆیان لە عێراق و دراوسێکانیان دەدەن و سەرچاوەکانی وزەی هی هەموو عێراقییەکانە.

لە کۆتاکانی ئاب/ئۆگستسی ڕابردوودا کۆمپانیای REW ئەڵمانیایی بواری وزە وەک شەشەم هاوبەشی پڕۆژەی هێڵی نابوکۆ ڕای گەیاند بەمەبەستی پەرەپێدانی کەرتی گاز لە هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا مۆر کردووە کە بەپڕۆژەیەکی ژێرخانی ئابووری دێتە دانان. لایەنی ئەڵمانیایی وێڕای باسکردن لەو گرێبەستە ئاشکرای کرد، پەرەپێدانی کەرتی گازی هەرێمی کوردستان دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دابینکردنی گازی هێڵی نابوکۆ کە بڕیارە گازی ئاسیا بەرەو ئەورووپا ڕەوانە بکات. یەکەی خزمەتگوزاریی ئەڵمانیایی جێبەجێکاری پڕۆژەکە لە هەرێم ڕای گەیاند کە مەبەست لە ئەنجامدانی ئەو پڕۆژەیە پێشخستنی ژێرخانی بازاڕ و ئابووریی هەرێمی کوردستان لە بواری گاز و هەناردەکردنی ئەو بەرهەمەدایە. هەر پێوەست بەو باسەوە ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان پێشتر ڕای گەیاندبوو، هەرێم ٤٥ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ و ٢٠٠ تریلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتیی هەیە، هەروەها پێشبینی دەکرێ تا ٥٠ ساڵی تر هەرێمی کوردستان نەوتی هەبێ. ئەڵمانیاییەکان پاڵپشت بەو توانایەی هەرێمی کوردستان رایان گەیاند، لەگەڵ بەردەوامیی گفتوگۆکان لەو بارەیەوە گازی کوردستان لە چوارچێوەی هێڵی نابوکۆوە بەرەو تورکیا و دواتر ئەورووپا دەڕوا. هەر پێوەست بەو بابەتەوە لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان ڕای گەیاند بەستنەوەی گازی هەرێم بەهێڵی نابوکۆ بابەتە وەرچەرخانێک بۆ مێژووی ئابووری و پێشکەوتنی سیاسیی هەرێمی کوردستان و جەختی کردەوە ئەورووپا پێویستیی بەگازی هەرێم هەیە بۆ دەربازبوون لە پاڵەپەستۆی ڕووسیا، هەناردەکردنی گازی هەرێم بۆ ئەورووپا نوێبوونەوەیەک لە ئابووریی هەرێمدا دروست دەکا و قۆناخێکی نوێی سیاسیی بۆ هەرێمەکە لێ دەکەوێتەوە. بۆچوونی پەرلەمانی کوردستان لەو بارەیەوە وایە کە ئەو گازەی لە ڕووسیاوە دەچێتە ئەورووپا زۆرجار کێشەی لێ دروست دەبێ، بەتایبەت لە وەرزی سەرمادا، بۆیە ئەورووپا بۆ ئەوەی لەژێر پاڵەپەستۆی ڕووسیا دەربچێ بەدوای لایەنی تردا دەگەڕێ بۆ دابینکردنی بڕە پێویستی گازی خۆی، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا تا ئێستە داوای تاوتوێی ئەو پرسە لە پەرلەمانی کوردستان نەکراوە. بەڵام لای خۆیانەوە وەک پێشتر باس کرا لە ٢٣ی ئاب/ئۆگستسی ڕابردوودا بەشدارانی پڕۆژەی هێڵی گازی نابوکۆ لە بەیاننامەیەکدا ڕەزامەندییان دەربڕی لەسەر بەشداری پێکردنی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژەکەیاندا. بەپێی ڕێککەوتن و ڕاگەیەنراوەکە ٢ هێڵی گواستنەوەی گاز لە جۆرجیا و عێراق بۆ تورکیا و ئینجا بۆ ئەورووپا دەڕوا.(٤)

سەرچاوەکان:

1- http://www.nabucco-pipeline.com/portal/page/portal/en/Home/the_project

2- http://www.gulfoilandgas.com/webpro1/projects/3dreport.asp?id=102885

3- http://www.reuters.com/article/idUSLI48452120090518

٤- ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس (ئاکانیوز)

گلۆبالیزم چییە؟

ئەردەلان عەبدولا

لە پاش ڕووخانی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆهەڵات، دەستەواژەی (گلۆبالیزم) بەتەواوی لە دنیادا بڵاو بووەوە. بەتایبەت لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو (گلۆبالیزم) بوو بە وێردی سەر زمانی هەموو نووسەران و ڕووناکبیرانی دنیا. هەریەکەوە لە دید و سۆنگەی تایبەتییەوە، هەوڵی شرۆڤەکردنی ئەم دەستەواژەیەی دا. زۆرجار ئایدۆلۆجیا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا لەسەر بیری نووسەران، (چەپەکان) لە دیدێکی چەپ و کۆمۆنیستی و مرۆڤدۆستانەوە بۆ گلۆبالیزمیان دەڕوانی، کە زیاتر بیرێکی ڕەخنەگرانە بوو لە سیستەمی نوێ. بەڵام نووسەرانی سەر بە (ڕاستڕەو لیبڕاڵەکان) لە دیدێکی ئابووری و گەشبینیانەوە، هەوڵی شرۆڤەکردنی ئەم دەستەواژەیان دەدا. دیارە جگە لە ئایدۆلۆجیا، ناوچە و ئاینیش ڕۆڵی هەبووە. بۆ نموونە عەرەبەکان، زیاتر وەکو (پلانێکی ڕۆژئاوا) سەیری گلۆبالیزمیان دەکرد. ئیسلامییە سەلەفییەکان بە (خاچپەرستی نوێ) وەسفی گلۆبالیزمیان دەکرد. خوێندنەوەو گوێگرتن بۆ ئەو هەموو بیر و بۆچوونە جیاوازانە، کارێکی ئاسان نییە. ئایا گلۆبالیزم دیاردەیەکی نوێیە؟ یان دیاردەیەکە کە ڕەگوڕیشەی بۆ سەدەکانی پێشتر دەگەڕێتەوە. ئایا گلۆبالیزم دیاردەیەکی تەندروستی باشە، یان دیاردەیەکە کە جگە لە ئاژاوەی ئەلکترۆنی و کێشەی ئابووری گەورە و هەژاری، هیچ سوودێکی تری نییە. ئایا گلۆبالیزم هیوایەکە بۆ دەوڵەتانی دنیای سێیەم، بۆ ئەوەی سامانە مرۆڤی و سروشتییەکانیان بەکار بهێنن و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی پێیە؟ یان چەوساندنەوە و وا بەستەیی بۆ ڕۆئاوا و تالانکردنی سامانی ئەم وڵاتانە دەگەیەنێ. ئایا گلۆبالیزم مانای کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیستی نوێ دەگەیەنێ؟ یان سیستەمێکی نوێی دنیاییە، کە ئاشتی و خوشگوزەرانی و برایەتی بۆ مرۆڤایەتی دەهێنێ؟. ئەم هەموو پرسیار و گومانانە لەبارەی گلۆبالیزم دەکرێ. هەرکەسە و لە دید و بەرژەوەندیی خۆیەوە، هەوڵی شرۆڤەکردنی ئەم دیاردەیەی داوە. من لێرەدا هەوڵ دەدەم، بەکورتی

شرۆڤەیەکی خێرا لەسەر پرسی گلۆبالیزم بنووسم، هیوادارم تیشکێک بخەمە سەر ئەم سیستەمە نوێیەی دنیا.

گلۆبالیزم کەی سەری هەڵدا

لەسەر سەرەتای دروستبوونی گلۆبالیزم چەندان بۆچوونی جیاواز هەیە. بەپێی بیرمەندی ئەمەریکایی فۆکۆیاما، لە کتێبە بەناوبانگەکەی (کۆتاییی مێژوو و دوایەمین مرۆڤ) دا، ئەو پێی وایە لە پاش ڕووخانی بلۆکی ڕۆهەڵات، مرۆڤایەتی پێ دەنێتە قۆناخێکی نوێوە، کە سیستەمی لیبرالیزم و کەپیتالیزم هەموو دنیا دەگرێتەوە و ئەمەش کۆتاییی مێژووی مرۆڤایەتییە، یان ڕاستر ئەمە دوایەمین قۆناخی مرۆڤایەتییە. واتە گلۆبالیزم لای ئەم برادەرە لە کۆتاییی سالانی هەشتا و سەرەتای نەوەتەکانەوە دەست پێ دەکات. دیارە فۆکۆیاما ناوی (گلۆبالیزمی) بەکار نەهێنا، بەڵام پاش ئەو ڕۆژنامەنووس و نووسەری بەناوبانگی ئەمەریکایی تۆماس فریدمان لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (سەیارەی لیکساس و داری زەیتوون)، ئەو وەسفی سیستەمی نوێی دنیا دەکات و، پێی وایە کە پاش ڕووخانی سۆڤیەت، سیستەمێکی نوێی دنیای هاتە کایەوە، کە بە گلۆبالیزم دەناسرێ. سیمای سەرەکی ئەم سیستەمە نوێیەش، زاڵبوونی بیری سەرمایەداری و لیبرالیزمە، کە ئەمەریکا سەرۆکایەتی ئەم بیرە و دنیایش دەکات. دیارە بەگشتی نووسەرە لیبرالەکانی ئەمەریکا، لە پاش ڕووخانی سۆڤیەت دەکەنە سەرەتای گلۆبالیزم. بەڵام نووسەرە چەپەکان دژی ئەم بۆچوونەن و پێیان وایە گلۆبالیزم زۆر لەپێشترە. بیرمەندی گەورەی ئەمەریکایی نعوم تشومسکی. بەتایبەت لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (٥٠١ سال، پەلاماردان بەردەوامە). پێی وایە گلۆبالیزم درێژکەرەوەی هەمان سیستەمە کە لە ساڵی ١٤٩٢ دەستی پێ کرد. واتە ئەو کاتەی بۆ یەکەمین جار کریستۆف کۆلۆمبۆس پێی نایە کیشوەری ئەمەریکاوە. لە پاش ئەویش پول سوئیزی هەمان شت دەڵێ. لە وتاری (چەند خاڵێک لەبارەی گلۆبالیزم) دەڵێ: (گلۆبالیزم دۆخێک یان دیاردەیەک نییە تازە سەری هەڵدابێ، بگرە ڕەوتێکە، کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ئارادایە. لە ڕاستیدا لەو سەردەمەوە کە سەرمایەداری وەکو فۆرمێک کە توانای ئەوەی هەیە لە کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا بمێنێتەوە، هاتە کایەوە. واتە لە چوار یان پێنج سەدە لەوە پێشەوە گلۆبالیزم لە ئارادابووە). نووسەری ناوداری میسری سەمیر ئەمین پێی وایە (ئەمە درێژکەرەوەی هەمان سیستەمی سەرمایەدارییە، کە مەیلی فراوانخوازی لەناو هەناوی سەرمایەداریدا بووە.) پاشان بەسەردەمی زێڕینی سەرمایەداری وەسفی دەکات، کە بۆ ماوەی پەنجا ساڵە بەردەوامە. نووسەرێکی میسریش بەناوی دوکتۆر نبیل راغب لە کتێبی (قنعة العولة السبعة) بۆچوونێکی جیاوازی بۆ گلۆبالیزم هەیە. ئەو زیاتر لە سۆنگەی کولتوورییەوە هەوڵی مێژووی گلۆبالیزم دەدا. د. راغب دەڵێ: (سەرەتای بیری گلۆبالیزم دەگەڕێتەوە بۆ ٣٣١ ساڵ پێش زاین، بۆ سەردەمی ئەلکسەندەری مەکدۆنی، پاش ئەوەی بەسەر دارای سێیەم یئمپراتۆریەتی فارسیدا سەرکەوت،

هەوڵدانی کتێبی

دەستی کرد بە سیاسەتێکی نوێ. ئەوە بوو بۆ خۆی کچی دارای ئیمپراتۆری فارسی هێنا و زۆربەی جەنەڕاڵە گەورەکانی هان دا، کە ژنی فارسی بهێنن، بۆ ئەوەی تێکەڵاوی لەگەڵ فارسدا دروست بکەن. واتە سیاسەتێکی عاقڵانەی بەکار هێنا، هەوڵی یەکخستنی مرۆڤایەتی بوو، بەبێ گوێدانە ڕەگەز و ئاین. پاشان لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک ئەندازیار و دوکتۆر و فەیلەسووفی هێنایە ناوچەکانی ئێران و میزۆپۆتامیا و میسر، بۆ ئەوەی کولتووری رۆمانی بڵاو بکاتەوە. ئەمەش سەرەتای گلۆبالیزمە)

وەلێ بەبۆچوونی من پێم وا نییە گلۆبالیزم تەنیا لە سۆنگەی سیستەمی ئابووری و سیاسییەوە، چەقی داری بیرکردنەوەمان ڕابگرین. من پێم وایە گلۆبالیزم چەندان وێزگەی هەیە. گلۆبالیزم بڵاوبوونەوەی هزرێکی (سیاسی، ئابووری، کولتووری) دەگەیەنێ بە دنیادا. هەر بۆیە من پێم وایە گلۆبالیزم، لەگەڵ پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی دروست بووە. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هزرێک توانی لە زیندانی ناوچەیەک، وڵاتێک، پەل بۆ تەواوی دنیا بکێشێ. بەتایبەت کاتێک لە کیشوەری ئاسیاوە پەڕییەوە بۆ کیشوەری ئەورووپا و پاشان دنیا. کێشەی گەورەی نووسەر و بیرمەندە چەپەکان ئەوەیە، کە زیاتر لە سۆنگەی (سیستەمی ئابووری و سیاسی) و ڕەخنەگری لە سیستەمی سەرمایەداری، هەوڵی شرۆڤەکردنی گلۆبالیزم دەدەن. ئەم جۆرە بیرکردنەوانەش ناتوانێ، پێناسەیەکی گشتگیریمان بداتێ، چونکە هەر وەک پێشتریش باسم کرد، کە گلۆبالیزم چەندان باری هەیە، دەبێ لە هەموو بارەکانەوە سەیری ئەم دیاردەیە بکەین.

سیماکانی گلۆبالیزم

نووسەری ئەمەریکایی تۆماس فریدمان پێی وایە گلۆبالیزم سێ سیمای سەرەکی هەیە. یەکەمیان: لەناوچوون و شکستی بلۆکی ڕۆهەڵات و سۆڤیەت مانای لەناوچوونی بیری کۆمۆنیزمە و، زاڵبوونی بیری سەرمایەداری و لیبرالیزم بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا لە دنیادا. فریدمان پێی وایە سیستەمی سۆسیالیزم و دیکتاتۆری هیچ شانسی نەماوە. بگرە سیستەمی سەرمایەداری و دیمۆکراسی، تەواوی دنیا داگیر دەکات. ئەو دەوڵەتانەی کە ئەم سیستەمە قبووڵ ناکەن، هیچ شانسی ژیان و بەرەوپێشچوونیان نییە. دووەم: زاڵبوونی ڕۆڵی بازاڕە دراوییەکانی دنیا (بۆرسە) بەتایبەت بۆرسەکانی (نیۆرک، تۆکیۆ، فرانکفۆرت، لەندەن، پاریس). ئەو پێی وایە، ئەم بۆرسانە کاریگەریی گەورەیان بەسەر چارەنووسی مرۆڤایەتییەوە دەبێ. سێیەمیان : پاڵانسی نێوان تاک و دەوڵەت وەکو جاران نامێنێ، زیاتر بە شانسی تاک دەشکێتەوە. دەوڵەتەکان هێندە ناتوانن وەکو جاران کۆنترۆڵی تاک بکەن. هۆکەشی ئەوەیە، کە شۆڕشێکی گەورەی ئەلکترۆنی (تەلەفون، ئینتەرنێت، سەتەلایت) وای کردووە، کە تاک زانیاری زیاتر وەربگرێ و لەژێر ڕکێفی دەوڵەتدا نەمێنێ. هەر ئەم شۆڕشە ئەلکترۆنییەش هەموو دەرگە و ڕێگرە کۆنەکانی تێک شکاندووە. ئەمڕۆ تاک دەتوانێ

هەواڵنامەی کێبڕکێ

زۆرترین زانیاری وەربگرێ، دەتوانێ سەفقەی بازرگانی و کاری رۆشنبیری و سیاسی زیاتر بکا. دەوڵەتیش هێندە کۆنترۆڵی تاکی بۆ ناکرێ. دیارە ئەم بۆچوونەی فریدمان، لەدیدێکی ئەمەریکانەوە بۆ گلۆبالیزم دەڕوانێ، بەڵام هەندێک ڕاستیشی تێدایە. بیرمەندی بەناوبانگی ئەمەریکایی سامئوێل هینگتون، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (شەڕی شارستانییەکان)، پێی وایە سیمای سیستەمی نوێی دنیا، (شەڕی ئاین و کولتوورە جیاوازەکانی دنیا) دەبێ. هینگتون دەڵێ: (لە پاش ڕووخانی سۆڤیەت، شەڕی نەتەوە و ئاینە جیاوازەکانی دنیا پەرەی سەند) بەڵگەشی بۆ ئەم بۆچوونە، شەڕی ناوەخۆیەکانی بەلکان و سۆڤیەتی جارانە. دیارە زۆر کەس بەتایبەت چەپەکان دژی ئەم بۆچوونە وەستانەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا راستییەکیشی تێدایە. چونکە ئەمڕۆ لە تەواوی دنیادا مەسەلەی ئاین و ڕەگوڕیشەی کولتووری، تەواوی دنیای گرتووەتەوە. دوکتۆر نەبیل راغب لە کتێبی (آقنعة العولمة السبعة)دا، پێی وایە گلۆبالیزم حەوت دەمامکی (قناع)ی هەیە. یەکەمیان: حکوومەتی نهێنی. دووەمیان. دەمامکی ئابووری. سێیەمیان: دەمامکی سیاسی. چوارەم: دەمامکی تەکنەلۆجی، پێنجەم دەمامکی ئەمنی. شەشەم : دەمامکی ئیعلامی (میدیا). حەوتەم کولتووری. کێشەکە لەوەدایە کە بەشێکی زۆری نووسەرە عەرەبەکان، زیاتر لە سۆنگەی (پلانێکی نهێنی ڕۆئاوا) دژی گەلانی عەرەبی، سەیری دیاردەی گلۆبالیزم دەکەن. هەرچەندە من پێم وایە هێشتا دەستی نهێنی لەناو سیستەمی ئابووری و سیاسی دنیادا باوی ماوە. من پێم وایە گلۆبالیزم وەکو هەموو دیاردەیەک، لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیفی خۆی هەیە. من لێرەدا هەوڵ دەدەم بەکورتی سیماکانی گلۆبالیزم دەستنیشان بکەم.

لایەنە پۆزەتیفەکانی گلۆبالیزم

١- لە ڕووی سیاسییەوە

ئەمڕۆ بەگشتی سیستەمی دیموکراسی لە تەواوی دنیادا بلاو بووەتەوە. هەموو گەلانی دنیا باوەڕی تەواویان بەوە هێناوە، کە سیستەمی دیموکراسی باشترە لە سیستەمی دیکتاتۆری. ڕابەری مەزنی هیندی (جەواهیر نەهرۆ) لەبارەی دیمۆکراسی دەڵێ: (نالێین سیستەمی دیموکراسی باشە، بەڵام بەداخەوە لەو باشترمان نییە). دیارە جگە لە هەندێک وڵات نەبێ وەکو (چین، وڵاتانی عەرەبی)، بەشێکی زۆری دنیا باوەڕیان بەم ڕاستییە سیاسییە هێناوە. لە هەمان کاتیشدا دەوڵەتی سۆسیالیزمی و پارتی کۆمۆنیستی ڕادیکاڵانە، ئەو ڕەونەقەی جارانی نەماوە. ئەمەش لایەنێکی پۆزتیفی گلۆبالیزمە، چونکە هەتا سۆڤیەت مابوو، خەڵکێکی زۆر باوەڕی بەسیستەمی دیکتاتۆری تاکڕەوی سیاسی هەبوو. بەڵام ئەمڕۆ جگە لە خەڵکانێکی کەم نەبێ، کەس سێیوی خۆی ناخاتە سەبەتەی سیستەمێکی دیکتاتۆرییەوە.

٢- لە ڕووی ئابوورییەوە

هیچ کاتێک سامان بەم شێوەیەی ئەمڕۆ زۆر نەبووە. کاتێک سەیری بازاڕ و بانکەکان دەکەین،

نازانین ئەم هەموو سامانە زۆرە چۆن دروست بووە. دیارە ئەم کەڵەکەبوونی سەرمایە زۆرە، زیاتر ڕۆئاوای گرتووەتەوە. بەڵام بەشێکی زۆری دنیایش سوودمەند بوون لێی. بۆ نموونە لەم چەند ساڵەی دواییدا، چین و هیندستان گەشەیەکی خێرای ئابووریان کردووە، کە زۆرجار وەکو دوو زلهێزی نوێی دنیا دەناسرێن. وڵاتێکی وەکو چین، هەتا ساڵی ١٩٧٨، تەنیا ٠،٨٪ بەرهەمی دنیای پێک دەهێنا، بەڵام ساڵی ٢٠٠٦ گەیشتە ٨٪ ی دنیا. واتە دە قات زیادی کردووە. ساڵی ٢٠٠٨ گەیشتە ١٢,٥٪ ی دنیا. ئەم ساڵ چین بوو بەسێیەمین ئابووری دنیا و یەکەمین هەناردە (ئیکسپۆرت)ی دنیا. ساڵی ٢٠٠٨ بازرگانی دەرەکی چین گەیشتە ٨٠٢,٦ملیارد دۆلار. ئەمڕۆ ٣/٢ تەلەفونی دەستی دنیا، لە چین دروست دەکرێ٥ ,١٨٪ کەلوپەلی کارەبایی (تیڤی. ڕادیۆ، تەسجیل) دنیا دروست دەکات. ١٣,٤ ٪ بەرهەمی ئەلکترۆنی دنیا دروست دەکات. زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کۆمپانیا کە لە ١٧٠ وڵاتەوە هاتوون، لە چین سەرمایەگوزاری دەکەن. هەموو ئەم گەشەسەندنەی چین، لە سایەی گلۆبالیزمدا بوو. وڵاتێکی تر کە جێگەی ئاماژەیە، هیندستانە. ئەم وڵاتە هەتا ساڵی ١٩٨٠، ئابووری هیند ساڵانە تەنیا ٣،٥٪ گەشەی دەکرد. لێ پاش ساڵی ١٩٩١، کاتێک دەست کرا بە ریفۆرمی ئابووریی، گەشەیەکی خێرای بە خۆیەوە بینی. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٤، ئابووریی هیند شەش قات گەشەی سەند. ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ گەیشتە ٩,٢ ئەم گەشە خێرایەی ئابووریی هیندی وای کرد کە بەرهەمی نیشتمانی و پیشەشازی لەم وڵاتەدا زۆر پێش بکەوێ. ئەمڕۆ هیند زیاتر لە ٨٠٠ جۆر بەرهەمی پیشەسازی و کاڵای جیاواز بەرهەم دەهێنێ. جێگەی ئاماژەیە ساڵی ١٩٦٠ تا ١٩٦٩هەموو بەرهەمی نیشتمانی هیند ٤٧,٨٦ ملیارد دۆلار بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٩ هەموو بەرهەمی نیشتمانی ٩٧,٥٣ ملیارد دۆلار بوو.. ئەمڕۆ بەرهەمی نیشتمانی هیند دەگاتە ١٠٣٠ ملیارد دۆلار. بۆرسەی نیودەلهیش دەگاتە ١٨٠٠ ملیارد دۆلار. واتە لەماوەی ٥٠ ساڵی پێشوودا، بەرهەمی نیشتمانی هەزار قات زیادی کردووە. لە هەمان کاتیشدا وڵاتانی بەرازیل و ڕووسیاش، لەم چەند ساڵەی دواییدا گەشەی باشیان کردووە. یەکێک لە خاڵە پۆزەتیفەکانی گلۆبالیزم، نەمانی ترسی سەرمایەگوزاری و گواستنەوەی سەرمایە لە ڕۆئاواوە بۆ وڵاتانی تری دنیا. ئەمەش یارمەتی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو دەدا، کە لەو حاڵەتەی تێیدان، هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێن.

٣- شۆڕشی نوێی تەکنەلۆجی

لەگەڵ گلۆبالیزمدا، شۆڕشێکی مەزنی تەکنەلۆجی لەدایک بووە. ئینتەرنێت و سەتەلایت و تەلەفونی دەستی، بیۆتەکنیک، سیما گرینگەکانی شۆڕشی نوێن. ئەم ئامێر و داهێنانە نوێیانە، بەجارێک مرۆڤایەتییان لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی تر گواستەوە. بۆ نموونە جاران پێوەندیی هێندە ئاڵۆز و سەخت بوو، کە چەندان ڕووداو و کارەساتی گەورە ڕووی دەدا، بەڵام زۆر کەم کەس ئاگەداری دەبوون. بەهێزترین گۆڕانکاری کە ئەم شۆڕشە نوێیە کردی، سڕینەوە و نەهێشتنی ڕۆڵی (شوێن) بوو. ئەمڕۆ (شوێن) هەمان ڕۆڵی جارانی نەماوە. تۆ دەتوانیت لە دوورەدەستترین

هەولێر کتێبخانەی گشتی

شۆڕشی دنیاوە، ئاگەداری و پێوەندی (بازرگانی، کۆمەڵایەتی، سیاسی) لەگەڵ کەسێکی تر ببەستیت. تۆ ئەمڕۆ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، دەتوانیت سنووری گەلان، ئاینە جیاوازەکان، کولتوور و هزرە سیاسییە جیاوازەکان ببڕیت. دەتوانیت بەئاسانی کام شۆڕش دووڕە بیگەیتێ. ئەوە ئینتەرنێتە توانی بەڕە لەژێر پێی حکوومەتە دیکتاتۆر و ملهوورەکان دەر بکا. بەبڕوای من، هیچ شۆڕشێک، داهێنانێکی مرۆڤ، نەیتوانیوە هێندەی ئینتەرنێت ئازادی بە مرۆڤایەتی بدا.

٤- نزیکبوونەوە و دیالۆگی نێوان ئاین و نەتەوە جیاوازەکانی دنیا

ئینتەرنێت و تیۆرییەکان توانیویانە نامۆبوونی ئاین و نەتەوە جیاوازەکان کەم بکەنەوە. ئەمڕۆ بەهۆی شۆڕشی زانیارییە، هەموو کەسێک دەتوانێ، شارەزایی لەسەر هەموو گەلانی دنیا هەبێ. لێرەدا ئەگەر مرۆڤ بیەوێ دەتوانێ لانی کەمی ڕاستی دەست بکەوێ. لەلایەکی ترەوە گەشەسەندنی پیشەسازی سپی (گەشتوگوزار)، ڕێگەیەکی باشە بۆ ناساندن و دیالۆگ لە نێوان گەلانی دنیادا. ئەم ساڵ ژمارەی گەشتیارانی دنیا گەیشتە نزیکەی ١,٢ ملیارد کەس. ئەمەش هەم لە ڕووی ئابووریشەوە خزمەتێکی باشی ئابووریی ئەو وڵاتانە دەکات بەتایبەت تازەپێگەیشتووەکان. بۆ نموونە وڵاتانی (میسر و تونس، مەڕۆکی، کینیا، تایلاند) گەشتوگوزار بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئابووریان دەژمێرێ.

٥- بڵاوبوونەوە و پێشکەوتنی بیری ئاشتیپارێزی و مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزی

لەم چەند ساڵەی دواییدا، بیری ئاشتیپارێزی و مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزی، گەشەیەکی باشی بەخۆوە دیوە. هیچ کاتێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەم گەشەیەی بەخۆوە نەدیوە. بگرە ئەمڕۆ هیچ سیاسییەکی دنیا ناتوانێ خۆی بە دژی ئەم بیرانە دابنێ بە فاشیست و دیکتاتۆرەکانیشەوە. لەلایەکی ترەوە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزی، لە پێشکەوتنی بەردەوامدان. ئەمەش سوودێکی باشی دەبێ بۆ چارەنووسی مرۆڤایەتی.

خاڵە نێگەتیڤەکانی گلۆبالیزم

١- لە ڕووی سیاسییەوە

بەشێکی زۆری ئەو دەوڵەتانەی کە پەیڕەوی سیستەمی سەرمایەداری و دیموکراسییان کرد، تووشی کۆمەڵێک کێشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بوونەوە. بڵاوبوونەوەی گەندەڵی بەشێوەیەکی زۆر لە دنیادا، یەکێکە لە سیما قێزەونەکانی گلۆبالیزم و دیمۆکراسییە. دیارە گەندەڵی زۆر لە پێشتر هەبووە، بەڵام هیچ کاتێک لە مێژوودا، سیاسییەکان هێندەی ئەمڕۆ، بێ ئابڕوو نەبوون. دزین و تاڵانکردنی سامانی نیشتمانی، بەڕێژەیەکی ئێجگار ترسناک لە هەموو دنیادا بڵاو بووەتەوە. خاڵێکی تریش کەزۆر جێگەی تێڕامانە، ڕووخان و لەناوچوونی حکوومەت و بڵاوبوونەوەی ئاژاوەگێڕی و توندوتیژی لە دنیادا. لەبەشێکی زۆری وڵاتانی ئەفریقیا، دەوڵەت ناوەندی هیچ بوونێکی نییە. هیچ دەزگایەکی حکوومی کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی پێ ناکرێ. ئەمەش

یەکێکە لە ترسەکانی دنیا. لە هەمان کاتیشدا بەنەمانی ڕۆڵی حکوومەت، کاری خراپی کردووەتە سەر ژیانی چینە هەژارەکانی کۆمەڵگە.

٢- گەشەسەندنی بیری ڕاسیزم و پارتە فاشیستەکان لە دنیادا

لە پاش ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەت، تەوژمێکی گەورەی بیری ڕاسیزم، هەموو دنیای گرتووەتەوە. لە ئەورووپا و ئەمەریکا، خۆی لە پارتە ڕاسترەوەکاندا دەبینێتەوە. لە دنیای ئیسلامیشدا خۆی لە پارتە ئیسلامییە سەلەفییەکاندا دەبینێتەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش، بیری ڕاسیزم پۆستاڵی هزری بۆگەنی، بەسەر زەویدا دەکشێنێ. پەلاماردانی ڕەوەندی موسڵمانان لە ڕۆژئاوادا، بووەتە کاری ڕۆژانەی بەشێکی زۆری میدیاکان و پارتە ڕاسترەوەکان. دەرکردنی چەندان یاسای ڕەگەزپەرستانە دژی بێگانەکان بۆ نموونە (دژی جلوبەرگی ژنانی موسڵمان). هەرچەندە ئەمەش لە دەوڵەتی فاشیزمی تورکیاوە سەری هەڵدا. ئەوان یەکەمین جار یاسای قەدەخەکردنی سەرپۆشیان داهێنا. ئەمڕۆ پارتە فاشیست و ڕاسترەوەکانی ئەورووپا، دەنگێکی باشی خەڵکیان بەدەست هێناوە و چوونەتە ناو پەرلەمانەوە. لە زۆر شوێنیشدا وەکو (نەمسا و ئیتاڵیا، دەنیمارک) لەناو دەسەڵاتیشدان. لە دنیاسەی ئیسلامیشدا، هێرشکردنە سەر کریستی و جوولەکە و غەیرە ئیسلامەکان، بووەتە کاری ڕۆژانەی میدیا و پارتە ئیسلامییە سەلەفییەکان. بۆ نموونە لە عێراقدا کریستەکان کۆڕەوێکی گەورەیان لەم وڵاتەدا کرد، بەتایبەت پاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە.

٣- بڵاوبوونەوەی شەڕی ناوەخۆ و زاڵبوونی میلیشیاگەری لە دنیادا

هیچ کاتێک مێژووی مرۆڤایەتی هێندەی ئەمڕۆ شەڕی ناوەخۆی بەخۆوە نەدیوە. لە بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەفەریکا، دەوڵەت لەناو چووە و دەسەڵاتێکی میلیشیاگەری جێگەی گرتووەتەوە. ئەمەش وای کردووە، کە دۆزەخێک بۆ ئەو گەلانە دروست بکا. کێشەکە لەوەدایە، کە بەشێکی زۆری ئەم میلیشیانەش لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی ڕۆژئاواییەوە یارمەتی دەدرێن. ئەوانیش لەبەر بەرژەوەندی خۆیان، چونکە زیاتر لە میلیشیاکان قازانج دەکەن تا دەوڵەتی ناوەندی. لەلایەکی تریشەوە بڵاوبوونەوەی دەزگای ئەمنی جیاواز (پاسەوانی تایبەت، دژەتیرۆر)، کە ئەمانەش ڕۆڵی میلیشیا دەبینن لەناو هەناوی ڕۆژئاوادا.

٤- ڕووتانەوەی چینە هەژار و دەوڵەتانی باشوور

ئەمڕۆ تەواوی کۆمەڵگەکانی دنیا بەسەر دوو چینی دژ بەیەک دابەش بوون. چینێکی کەمینە کە لەوپەڕی خێر و خۆشیدا دەژی، هەموو پێداویستی و ئارەزووەکانی تێر کردووە. لە بەرامبەردا چینێک کە زۆرینە پێک دەهێنن، لەوپەڕی هەژار و برسییەتی و نەخۆشی و بێ کاریدا دەژی. ژیانێک کە هیچ سیمای ژیانی مرۆڤی پێوە نییە. ئەمڕۆ بە ملیۆنان کەس لەگەڵ (جرج و پشیلە و سەگ) لەناو کەلاوەکانی شارەکاندا دەژی. ئەم ساڵ ژمارەی هەژار و برسییەکانی دنیا گەیشتە ١

نەخشەی جیاوازی نێوان گەلانی باشوور و باکور. داهاتی تاک بە دۆلار لە ساڵێکدا

هەوارگەی کتێب

ملیارد کەس. کە بەشی زۆریان لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفەریکا و ئەمەریکای لاتینە. هەر یەک سانیە ٣ منداڵ لە برساندا دەمرن. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش دووری نێوان ئەم دوو چینەش درێژتر دەبێ. وای لێ هاتووە جۆرە سیستەمێکی ئەرستۆکراتی مۆدێرن دروست بووەتەوە. ئەم جیاوازییە گەورەیەش کۆمەڵگەکانی دنیای تووشی چەندان کێشەی جۆراجۆری (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی) کردووەتەوە. بۆ نموونە لە وڵاتی ئەندەنووسیا، ٣٠٠ هەزار کەس خاوەنی سامانێکی زۆر و لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا ژیان بەسەر دەبەن. لە بەرامبەردا زیاتر لە ٢٣٠ ملیۆن کەس، کە زۆربەیان لەوپەڕی هەژاریدا دەژین. بەداخەوە ئەمە حاڵی زۆربەی وڵاتانی دنیایە. لەلایەکی ترەوە گلۆبالیزم جیاوازی نێوان باکور و باشووری گۆی زەوی زۆرتر کردووە. ئەمڕۆ ئەمەریکا و ئەوروپا و ژاپۆن، کە هەموویان ٢٠٪ ی کۆی دانیشتوانی دنیا پێک دەهێنن، خاوەنی هەموو شتێکن. توانیویانە ژیانێکی خۆشگوزەران و ئاسوودە بۆ خۆیان دابین بکەن. ئەم کەمینەیە خاوەنی بەهێزترین ئابووری، باشترین و بەهێزترین سوپا و چەک و تەقەمەنی، مۆدێرنترین تەکنەلۆجیا، خۆشگوزەرانترین ژیان. لە بەرامبەر زۆرینەی دانیشتوانی دنیا، کە لە زۆر شتدا بێ بەشە. جگە لە نەخۆشی و هەژاری و شەڕ، خاوەنی هیچ سەرمایەیەک نییە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی پیشەسازی و گەشەکردنی سەر بە UN، دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکان، لە ئەنجامی بازرگانی لەگەڵ

دەوڵەتانی باکوردا، ساڵانە ٥٠ ملیارد دۆلار زەرەر دەکەن. هەر هەمان ڕاپۆرت دەڵێ: (لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٨٩، جیاوازیی نێوان دەوڵەتانی باکور و باشوور، بەڕێژەی ٥٠٪ زیادی کردووە). هەر بۆیە بەشێکی زۆری گەلانی باشوور خۆیان بەیەکەمین زەرەرمەندی گلۆبالیزم دەزانن.

٥- بڵاوبوونەوەی شەڕی نەتەوەیی و مەزهەبی

یەکێک لە سیما جوانەکانی بلۆکی ڕۆهەڵات، کۆکردنەوەی مرۆڤایەتی بوو بەبێ گوێدانە سەر ڕەگەز و نەتەوە و ئاین. لێ بەداخەوە لە پاش نەمانی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆهەڵات، بیری مەزهەبی و ئاینی و فاشیزمی، بەشێکی زۆری دنیای گرتەوە. هەر بەنەمانی بلۆکی ڕۆهەڵات، شەڕێکی خوێناوی بەلکانی گرتەوە، کە بە هەزاران کەس بوونە قوربانی و بە ملیۆنان ئاوارە و ماڵوێران بوون. لە ڕەواندا شەڕێکی نێوان هوتۆتووتسی، زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەس بوونە قوربانی. لە سوودان حکوومەتە فاشیستە عەرەبییە ئیسلامییەکەی عومەر بەشیر، زیاتر لەنیو ملیۆن خەڵکی سڤیلی دارفووری کوشت و ملیۆنان کەسیشی ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ کرد. ئەمڕۆ لە تەواوی دنیا، بیری مەزهەبی و ئاینی، لەگەشەسەندنێکی ترسناکدایە. لە پاش نەمانی ئایدۆلۆجیا، خەڵکی زیاتر خۆی فڕێ داوەتە زەلکاو و بیری مەزهەبی و ئاینی. لە وڵاتێکی وەکو عێراق، شەڕێکی تایەفەگەری خوێناوی هەڵگیرساوە، کە بە هەردوو ئاوی دیجلە و فوراتیش ناتوانێ ئاگری ئەم شەڕە بکوژێنێتەوە. لەلایەکی تریشەوە پێوەندیی نێوان هەردوو ئاینە گەورەکەی دنیا (ئیسلام و مەسیحی) زۆر درز و ناخۆشی تێ کەوتووە. هەروەک پێشتریش باسمان کرد، کە لە ڕۆئاوا ئیسلام بووەتە نیشانە بۆ ڕاستڕەوەکان، لە ڕۆهەڵاتیش کریستیانەکان بوونەتە قوربانی گرووپە تووندڕەوە ئیسلامییەکان. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش، پێوەندیی نێوان ئەم دوو ئاینە خراپتر دەبێ.

٦- زۆربوونی مافیا و تاوان و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە

جاران تەنیا لە ئیتاڵیا، مافیا ڕۆڵی هەبوو. بەڵام ئەمڕۆ لە تەواوی گۆی زەویدا مافیا ڕۆڵی هەیە، بەتایبەت لە ڕووسیا و ئەورووپای ڕۆهەڵات و ئەمەریکای لاتین و چین و هیندستان. لە زۆر شوێندا دەسەڵاتی مافیا لە دەسەڵاتی حکوومەت زۆرترە. هەر بۆیە بازرگانیکردن بە تلیاک و کۆکاین و مادەی هۆشبەرەکان، ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەکات. لەلایەکی تریشەوە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بەتایبەت منداڵان و ژنان، لە زۆربوونێکی ئێجگار ترسناکدایە. هەروەکو سەدەکانی پێشوو خەریکە کۆیلایەتی دروست دەبێتەوە. ئەم دیاردەیە لە پاش شەڕی یەکەمی دنیاەوە نەمابوو، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا، بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە زۆر خراپ زیادی کردووە. خاڵێکی تر کە جێگەی تێرامانە، زۆربوونی ڕێژەی تاوان لە دنیادا. بۆ نموونە کاتێک سەیری هەواڵەکانی میدیاکان دەکەیت، پڕیەتی لە تاوانی تووندوتیژی. لە مەکسیک و بەرازیل، زۆربوونی تاوان بەیەکێک لە کێشە سەرەکییەکانیان دەژمێرێ. جاران لە ئەمەریکای لاتین گەنجێک خەونی بە گیفارا و شۆڕشگێڕییەوە دەبینی، بەڵام ئەمڕۆ هەموو خەون بەوەوە دەبینن، کە ببنە سەرۆکی باندێکی مافیا.

دیاردەی توندوتیژی بەتایبەت لەناو منداڵان و لاواندا، بەڕێژەیەکی خراپ زۆر بووە. چەندان جار لە ئەڵمانیا، خوێندکارێک بە چەک پەلاماری قوتابخانەکەی داوە و کۆمەڵێک کەسی کوشتووە. ئەم دیاردەیەش سەرەتا لە ئەمەریکا سەری هەڵدا و بە دنیادا بڵاوی کردەوە.

٧- زۆربوونی ئاوارەیی و کۆچ لە دنیادا

لە پاش نەمانی سنوورە پۆڵاینەکانی نێوان ڕۆهەڵات و ڕۆئاواو کرانەوەی بەشێکی زۆری سنوورەکانی دەوڵەتانی دنیا. دیاردەی کۆچ و ئاوارەیی ڕووی لە زیادبوونە. ڕۆژانە بەسەدان کەس خۆیان دەگەیەنن کەنارەکانی ئیتاڵیا و ئیسپانیا. بە هەزاران کەس بوونەت قوربانیی کۆچ و لەناو زەریای ئەتلەسی و دەریای سپی ناوەڕاست خنکاون. هیچ کاتێک کۆچ بەم شێوە زۆرەی ئێستا نەبووە. ئەمڕۆ بەشێکی زۆری گەنجانی ئەفەریکا و ئاسیا، ژیانی خۆیان دەکەنە قوومارێک و دەیخەنە سەر مێزی قاچاخچییەک بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە ئەوروپا. لە ئەمەریکای لاتینیش بەهەمان شێوە، تاکە هیوای گەنجانی ئەو وڵاتانە، ئەمەریکا و کەنەدایە. دیارە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان دەوڵەتانی باکور و باشوور. جێگای ئاماژەیە دەوڵەتانی عەرەبی و تورکیا، زۆری سەگی پاسەوان بۆ دەوڵەتانی ئەوروپا دەبینن، زۆر نامرۆڤانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو پەنابەرانە دەکەن، کە دەیانەوێ بەرەو ئەوروپا کۆچ بکەن.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێم، کە ئێمە بمانەوێ یان نەمانەوێ، تێکەڵی سیستەمی گلۆبالیزم بووین. بەبێ ویستی خۆمان حوکمان دەکات لێرەدا قسە لەسەر ئەوەیە، ئایا ئێمەی کورد چۆن دەتوانین سوود لەم سیستەمە نوێیەی دنیا وەربگرین؟. ئایا گلۆبالیزم سوودمەندە بۆ ئێمە یان زەرەرمەندە؟. هەوڵ دەدەم لە وتارێکی تردا، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە و هەندێک شتی تریش لەم بارەیەوە باس بکەین.

سەرچاوەکان:

١- د. نبيل راغب. اَقنعة العولمة السبعة. دار الغريب للطباعة و النشر. القاهرة٢٠٠١، ص ١٢٥, ١٧, ١٣

٢- دنیاگیری بە چ ئامانجێک؟. پول سوییزی. سەمیر ئەمین. هەری مەگداف. جیووانی نەریگی. وەرگێڕانی. جوامێر مارابی. چاپی یەکەم. چاپخانەی بینایی. سلێمانی. ٢٠٠٧ لاپەرەکانی. ٥, ١٠, ١٢

٣- صموئيل هنتنغتون. صدام الحضارات و اعادة بناء النظام العالمي. نقله الي العربية : د. مالك عبيد اَبو شهيوة. د. محمود محمد خلف. الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع. ١٩٩٩

٤- نعوم تشومسكي. ٥٠١ سنة الغزو مستمر. ترجمة. مي النبهان. دار المدى. الطبعة الثانية. دمشق.

٥- ئەردەڵان عەبدوڵا. چین زلهێزی نوێی دنیا. چاپی یەکەم. دەزگای ئاراس. هەولێر. ٢٠١٠

6- Spiegel Special. Globalisierung. Die Neue Welt. Nr.7. 2005.

7- Noam Chomsky. Profit Over People. Neulibralismus und Globale Weltordnung. Europa Verlag. Hamburg . März. 2003 S137.

8- Armut und Reichtum in der Welt . bpb. Informationen zur politischen Bildung (Heft 274)

9- Tourism 2020 Vision. www. unwto. org

ئاخۆ هیندستان دەبێتە زلهێزی نوێی جیهان؟

ئەردەلان عەبدولا

هەولێر

ماوەیەکی زۆرە ولاتە مەزنەکەی هیند، بووەتە جێگەی قسە و باسێکی گەرمی بەشێکی زۆری پسپۆرانی سیاسی و ئەکادیمی لە جیهاندا. بەشێکی زۆری ئەوروپایی و ئەمەریکاییەکان، بەچاوێکی ترس و ڕقەوە سەیری پێشکەوتنی هیند دەکەن. لێ بەشێکی کەمیان بەچاوێکی مرۆڤدۆستانە و ئابووریانە سەیری ئەم کیشوەرە مەزنە دەکەن. من یەکێکم لەو کەسانەی کە هیندستان وەکو کیشوەرێک دەبینم. چونکە ئەم ولاتە چ لە ڕووی جوگرافی و ڕووبەری زەوی و دانیشتوان و کولتوور و ئاین و نەتەوەوە، زۆر لە ولاتێک مەزنتر و فراوانترە. هەر بۆیە من بە کیشوەری هیندستان ناوی دەهێنم. دیارە جێگەی داخە هەتاوەکو ئەمڕۆش هیچ وتارێک یان لێکۆڵینەوەیەکمان لەبارەی ئەم ولاتەوە بە کوردی نییە. ئەویش لەبەرئەوەی ئێمە تەنیا شارستانی و دەرسی پێشکەوتن لە ڕۆئاواوە دەبینین. من لێرەدا هەوڵ دەدەم تیشکێک بخەمە سەر چیرۆکی پێشکەوتنی ئەم کیشوەرە مەزنەی جیهان.

جوگرافیای هیندستان

هیندستان دەکەوێتە باشووری ڕۆئاوای کیشوەری ئاسیا، حەوتەمین ولاتی جیهانە لە ڕووی ڕووبەری زەوییەوە. ڕووبەرەکەی دەگاتە ٣,٢٨٧,٥٩٠ کیلۆمەتر دووجا. درێژییەکەی نزیکەی ٣٠٠٠ کم. زیاتر لە ٧٠٠٠ کم ڕووبەری سەر ئاوی هەیە. کە ئەمەش یەکێکە لە خاڵە گرینگەکانی ئەم ولاتە. هیندستان دراوسێی شەش دەوڵەتە (چین، بەنگلادیش، پاکستان، بۆتان، میانمار، نیپاڵ). لەگەڵ بەنگلادیش درێژترین سنووری هەیە ٤,٠٥٣ کم پاشان چین بە درێژاییی ٣٣٨٠ کم. لە باشووریشەوە سنووریکی دەریاییی لەگەڵ ولاتی سریلانکا هەیە. هیندستان ولاتێکە سروشتێکی هەمەجۆری هەیە. بەرزترین چیای جیهان (هیمالایا)، بوونی پێدەشتێکی زۆر، بیاوان،

گـرد و دۆڵی زۆر. هـەر لەبـەر ئەمـانـە و بوونی ڕووبەرێکی زۆری جـوگـرافی، لە ڕووی ئـاووهـەواوە، هـەموو جۆرە ئـاووهـەوایەکی هـەیە. لە باکوری ووڵاتەوە، بەحوکمی زنجیرە چیاکانی هیمالایا، هـەموو کات بەفرە و بەرگی سپی دەپۆشێت. ناوەڕاست و باشووری ووڵات، ئـاووهـەوایەکی نیـمـچە فێنک و باراناویی هـەیە.

دانیشـتوان

ئـەمـرۆ هیندسـتـان دووەمین وڵاتی جیهانە لە ڕووی دانیشتوانەوە. نزیکەی ١،١٤٨ ملیـارد کـەسـە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ژمارەی دانیشتوانی زیاد دەکات. جێگەی ئـامـاژەیە، سـاڵی ١٩٥٠ ژمـارەی دانیـشـتـوانـی هیند، نزیکەی ٣٥٠,٤٤٥ ملیـۆن کـەس بوو. ئـەم ڕێژەیە هـەتـاوەکـو ئەمڕۆ سێ جار زیادی کردووە.

ئاین

هیندسـتـان بەوڵاتی فـرە ئـاینی جـۆراوجـۆر دەژمـێـردرێ. لێ بەهێـزترین ئاین هیندۆسـیـیـە. لە ٨٠٪، پاشـان ئیـسـلام، ١٣,٤٪، کـریـستی٢,٣ سـیـخ ١,٨ هـەروەهـا بـودی و زەردەشـتـی و چەندان ئاینی تر هـەیە.

زمان

ئەمـرۆ لە هیندسـتـان زیاتر لە ٦٠٠ زمـان و دیالێکت هـەیە. لێ زمـانی ڕەسـمی هـەردوو زمـانی هیندی و ئـینگلیـزی، پاشـان ٢١ زمـانی تریش بـە ڕەسـمی سـەلێنراون. پـاش هیندی ئـەم زمـانانە دێن:

Maithili, Konkani, Kashmiri, Kannada, Gujarati, Dogri, Bodo, Bengalisch, Asamiya, Telugu, Tamil, Sindhi, Sanskrit, Santali, Panjabi, Oriya, Nepali, Meitei, Marathi, Malayalam Urd.

هیندستان باخچەی ئاژەڵی جیهان

بە حوکمی گەورەیی و هـەمەجۆریی ئـاووهـەوا و سروشتی جیاواز، هیندستان بە دەوڵەمەندترین ووڵاتی جیـهان دەژمـێردرێت لە ڕووی سـامانی ئـاژەڵییـەوە. زیاتر لە ٩٥٠ جـۆری ئـاژەڵ، ١٢٠٠ جۆرە

هەوالنامەی کتێب



باڵنده و ٢٥٠٠ جۆری ماسی هەیە. جگە لەوەش دەوڵەمەندترین وڵاتە لە ڕووی مانگاوە، نزیکەی ٣,٣٠٠ ملیۆن مانگای هەیە. بەڵام بەهۆی ئاینی هیندۆسییەوە کە مانگا پیرۆزە لایان، ناتوانن سوود لە بەرهەمی گۆشتی مانگا ببینن.

کولتوور

وڵاتی هیند بەیەکێک لە شارستانیە کۆن و دێرینەکانی جیهان دەژمێردرێت. دەقە پیرۆزەکانی ئاینی هیندۆسی، یەکێکە لە دەقە دێرینەکانی مرۆڤایەتی. دیارە زیاتر بە زمانی سەنسکریتی نووسراون، کە یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی جیهان. فیدان Veden یەکێکە لە دەقە دێرینەکانی ئاینی هیندۆسی کە لە سەدەکانی نێوان ١٣بۆ ٥ پێش زاین نووسراوە. پاشان هەردوو کتێبی Ramayana und Mahabharata. کە لە نێوان ٥٠٠ بۆ ٧٠٠ پێش زاین نووسراون.

ئاخۆ هیندستان دەبێتە زلهێزێکی جیهانی؟

ئەمە پرسیارێکە کە زۆر لە پسپۆرانی بواری سیاسی و ئابووری پێوەی خەریکن. لەم چەند ساڵەی دواییدا ئابووریی هیندستان گەشەیەکی زۆر باشی بەخۆوە دیوە. لە هەمان کاتیشدا لە بواری های تێک، سۆفتوێر، کۆمپیوتەر، پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە دیوە. هەر بۆیە زۆر بەگەرمی باس لە بەهێزبوونی ئەم وڵاتە دەکرێت.

لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەم زلهێزە نوێیەی جیهان دەربخەم.

خاڵە بەهێزەکان

١- سوپا

سوپای هیندستان بەیەکێک لە سوپا بەهێزەکانی جیهان دەژمێردرێت. ١،١ ملیۆن هێزی پیادەی هەیە. ١٥٠ هەزار هێزی ئاسمانی، ٥٣ هەزار هێزی دەریایی و ٨٠٠ هەزار هێزی یەدەگیشی

هەیە. سوپای هیندستان خاوەنی ٣٢٦٤ تانک، ٧٣٣ باڵەفڕەی جەنگی، ١٧ U-Boote، ٢١ کەشتیی دەریاییی جەنگی، ١٩٩ هەلیکۆپتەر. لە ساڵی ١٩٧٤وە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمییە. ساڵی ٢٠٠٥ خاوەنی ٧٤ بۆمبی ئەتۆمی بوو. لە ڕووی داراییشەوە وەزعی باشە. ساڵی ٢٠٠٥ بودجەی وەزارەتی بەرگریی هیندستان گەیشتە ١٨،٨٦ ملیارد دۆلار. کە ئەمەش لە چاو وڵاتانی تری ئاسیاوییە زۆرە، دیارە جگە لە وڵاتی چین و وڵاتانی کەنداوی فارسی، کە ئەمانە ڕێژەیەکی خەیاڵی بۆ سوپا خەرج دەکەن.

٢- ئابووری

کاتێک ساڵی پار کۆواری Forbes ی ئەمەریکایی ناوی دەوڵەمەندترین پیاوی جیهانیی بڵاو کردەوە، لەناو ١٠ پیاوە دەوڵەمەندەکانی جیهان، چواریان خەڵکی هیندستان بوون. Lakshmi Mittal چوارەمین دەوڵەمەندی جیهانە، کە خاوەنی گەورەترین کارگەی ئاسنە لە هیندستان. ئەم ڕێژە زۆرەی دەوڵەمەندەی هیند، بووە جێگەی تێڕامان و پرسیار لای زۆربەی پسپۆڕانی جیهان. ساڵی ٢٠٠٨، ژمارەی ملیاردێرە هیندییەکان گەیشتە ٥٤، کە ژمارەیان لە ژاپۆن زیاترە. سامانی ئەمانە دەگاتە ٢٥٠ ملیارد دۆلار. هەموو کاتێک هیند وەکو فەقیرخانەی جیهان سەیر دەکرا، کەچی لە پڕ ئەم هەموو دەوڵەمەندەی لە هیند لەدایک بوون. بەپێی هەندێک ئەکادیمیی مێژووییی ئینگلیزی، هیند و چین بۆ ماوەی ١٨ سەدەی پێشوو لە ٨٠٪ بەرهەمی ئابووریی جیهانیان پێک دەهێنا. لێ لە پاش داگیرکردنی ئەم دوو وڵاتەوە، بە شێوەیەکی ترسناک ئابووریی ئەم دوو وڵاتە وێران کرا. دیارە ئەویش لەلایەن داگیرکەرە ئەوروپاییەکانەوەیە.

ئەوەی کە زیاتر بووەتە جێگەی پرسیار و لێکۆڵینەوە، گەشەسەندنی خێرای ئابووریی هیندستانە. لە پاش ڕزگاربوونی هیندستانەوە لە دەستی ئینگلیز، هەتا ساڵی ١٩٨٠، ئابووریی هیند ساڵانە تەنیا ٣،٥٪ گەشەی دەکرد. لێ پاش ساڵی ١٩٩١، کاتێک دەست کرا بە ریفۆرمی ئابووری، گەشەیەکی خێرای بەخۆیەوە بینی. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٤، ئابووریی هیند شەش قات گەشەی سەند. ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ گەیشتە ٩,٢ ئەم گەشە خێرایەی ئابووریی هیند، وای کرد کە بەرهەمی نیشتمانی و پیشەشازی لەم وڵاتەدا زۆر پێش بکەوێت. ئەمڕۆ هیند زیاتر لە ٨٠٠ جۆر بەرهەمی پیشەسازی و کاڵای جیاواز بەرهەم دەهێنێت. لە هەمان کاتدا هیند خاوەنی سیستەمێکی بانکی باشیشە، زیاتر لە ٢٧ بانکی جیاواز وەکو شادەماریکی باش، خوێن دەدەنە ئابووریی هیند. ئەوەی جێگەی تێڕامانە، بەشی زۆری سەرمایەگوزاری لە هیندستان لەلایەن سەرمایەدارانی هیندییەوەیە. لە ٩٠٪ سەرمایەگوزاری هیند پێک دەهێنن. ئەمڕۆ بەرهەمی نیشتمانیی هیند دەگاتە ١٠٣٠ ملیارد دۆلار. بۆرسەی نیودەلهیش دەگاتە ١٨٠٠ ملیارد دۆلار. ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە. جێگەی ئاماژەیە ساڵی ١٩٦٠ تا ١٩٦٩هەموو بەرهەمی نیشتمانیی هیند ٤٧,٨٦ ملیارد دۆلار بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٩ هەموو بەرهەمی نیشتمانی ٩٧,٥٣ ملیارد دۆلار بوو. واتە لە ماوەی ٥٠ ساڵی پێشوودا، بەرهەمی نیشتمانی هەزار قات زیادی کردووە.

٣- هاى تێک تەکنەلۆجى

خاڵێکى گرینگى تر ئەوەیە کە بووەتە جێگەى سەرنج و تێڕامانێکى زۆر، گەشەسەندنى خێراى هاى تێک و کۆمپیوتەرە لە هیند. ئەمڕۆ ٣/١ هەموو بەرنامەى Software ى جیهان لە هیندستان دروست دەکرێ. بەشێکى زۆرى بەرنامەى کۆمپیوتەرى ئەمەریکایى لەلایەن ئەندازیارە هیندییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێ. سەرۆکى کۆمپانیاى مایکرۆسۆفت Bill Gates وتى بەشى زۆرى کارمەندە تەکنیکییەکانمان خەڵکى هیندن. ئەم ساڵ زیاتر لە ١٧ ملیارد دۆلارى لە هیندستان سەرمایەگوزارى کردووە.

دیارە جگە لە هاى تێک، هیندستان گەشەیەکى باشیشى لە بوارى بیۆتکنۆلۆجى و دەرمانسازى کردووە. ئەمڕۆ کۆمپانیاکانى هیند وەکو Ranbaxy,Wockhardt,Dr,Reddy خاوەنى ناوێکى جیهانین. تەنانەت لە هیند توانییان دەرمانى نوێ بۆ نەخۆشیى ئایدز بدۆزنەوە.

ئینتەرنێت و تەلەفۆنى دەستى

ئەمڕۆ لە هیندستان زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن تەلەفۆنى دەستى هەیە. ئەمەش ژمارەیەکى ئێجگار زۆرە و بازارێکى زۆر گەورەشە. لەهەمان کاتیشدا ڕۆژ لە دواى ڕۆژ خەڵکى دەچنە ناو تۆڕى ئینتەرنێتەوە. ساڵى ٢٠٠٧ ژمارەیان گەیشتە نزیکەى ٧٠ ملیۆن کەس.

٤- زانست و خوێندن

هەر لە دێرزەمانەوە خوێندن پایەیەکى باشى هەبووە لە هیند. بەتایبەت پاش ڕزگاربوونى لە دەستى ئینگلیز. جەواهیر نەهرۆ، پێشەواى مەزنى هیند، یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانى حکوومەتەکەى، پێشخستنى خوێندن بوو لە هیند. گەر بڕوانینە بکەیت هەتا ئەم چەند ساڵەى دواییش، لە عێراقدا سەدان مامۆستاى زانکۆ و دوکتۆرى هیندى لە عێراق کاریان دەکرد. لە ئێران بەشێکى زۆرى سیستەمى تەندروستیى ئەو وڵاتە لەلایەن دوکتۆرە هیندییەکانەوە بەڕێوە دەبرێت. ئەمڕۆ لە هیندستان ٣٨٠ زانکۆى حکوومەتى و ئەهلى هەیە. زیاتر لە ١٥٠٠ پەیمانگەى هەمەجۆر هەیە. هەر بۆیە ساڵانە ٥٠٠ هەزار ئەندازیارو تەکنیکى و پسپۆڕى هەمەجۆر، خوێندن تەواو دەکەن. لە بوارى زانستى کۆمپیوتەرە و گەشەیەکى زۆرى کردووە. ساڵانە ٢٣٠٠ پسپۆڕى پلە بەرز خوێندن تەواو دەکەن. لە وڵاتێکى وەکو ئەڵمانیا ساڵانە تەنیا ١٧٠٠ پسپۆڕە. هەر بۆیە ساڵى ١٩٩٨ حکوومەتى ئەڵمانى پشتى بەپسپۆڕە هیندییەکان بەست، بۆ ئەوەى سیستەمى کۆمپیوتەرى ناوەندى دابمەزرێنێ، زیاتر لە ٤٥ هەزار پسپۆڕى هیندییان بۆ ئەڵمانیا هێنا. بوونى ئەم هەموو زانکۆ و پەیمانگەیانە، کە ساڵانە لەشکرێکى گەورەى پسپۆڕ و تەکنیکى پەروەردە دەکات، بە یەکێک لە سامانە نەتەوەییەکانى هیند دەژمێردرێ. هەر ئەم لەشکرە زۆرەى پسپۆڕانیش واى کردووە کە بەشێکى زۆرى کۆمپانیا گەورەکانى جیهان، سەرمایەگوزارى لەم وڵاتەدا بکەن. دەبێت ئەوەش بڵێم، کە لە ڕووى ئابووریشەوە ئەم کۆمپانیایانە قازانجێکى زۆر دەکەن، چونکە مووچەى مانگانە لە هیند زۆر لە وڵاتانى ڕۆئاوا کەمترە.

٥- گەورەترین دیموکراسیی جیهان

ئەوەی کە زیاتر من و هەزاران کەسی تریشی لە جیهاندا سەرسام و خۆشحاڵ کردووە، کە هیندستان گەورەترین وڵاتی جیهانە، بەڵام خاوەنی سیستەمێکی دیموکراسی و دەستوور و یاسایەکی مرۆڤانەیە لە جیهاندا. دەستووری هیندی کە باشترین و گەورەترین دەستووری جیهانە، خاوەنی ٣٩٥ پەرەگرافە. لە ٢٦ یانوەری ١٩٥٠ بۆ یەکەمین جار، موژدەی لەدایکبوونی دەستووری هیند بڵاو کرایەوە. ئەمەش باشترین و گرینگترین کار و بەرهەمی جەواهیر نەهرۆ بوو. دەبێت ئەوەش بڵێم، کە هیندەکان سوودێکی باشیان لە دەستووری سالّی ١٩٣٥ وەرگرت کە ئینگلیزەکان دایانڕشتبوو، ئەو دەستوورەی ئینگلیز لە ٢٥٠ پەرەگراف پێک دەهات. لە هەمان کاتیشدا لە پاش ڕزگاربوونی هیندەوە، دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتییانە و دیموکراسییانە بەڕێوە دەچێت. چەندان پارتی سیاسی و کۆمەڵەی مەدەنی لەم وڵاتەدا هەیە. ئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆ هیند، چونکە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی سێ، هەر هەموویان پاش ڕزگاربوونیان لە دەستی داگیرکەری ئەورووپایی و ئەمەریکایی، تووشی کێشەی ناوخۆ و دیکتاتۆری و سیستەمی خوێنمژی عەسکەرتاری بوون. لێ خۆشبەختانە هیندستان هیچ لەم جۆرە سیستەمانەی بەخۆوە نەبینی. دیارە نابێت مەزنی گاندی و نەهرۆ لە بیر بکەین، چونکە ئەوان بەباوکی هەموو هیندەکان دادەنرێن. نابێت وتە بەناوبانگەکەی نەهرۆ لە بیر بکەین کاتێک وتی (من نالّێم سیستەمی دیموکراسی باشە، بەڵام بەداخەوە سیستەمێکی لەو باشترمان لا دەست ناکەوێت). هیندستان لە ڕووی ئیداریەوە لە ٢٨ هەرێم (ولایەت) و ٦٠٠ ناوچەی ئیداری پێک دێت. هەموو هەرێمێک پەرلەمان و حکوومەتی تایبەت بەخۆی هەیە. واتە سیستەمێکی فیدراڵی پەیڕەو دەکات. ١٤ پارتی سیاسییش هەن کە بەشداریی پەرلەمانی هیندستان دەکەن. لە هەموشیان بەهێزتر، پارتی کۆنگرێس و پارتی بەهاراتا جاناتایە. یەکەمیان ١٤٥ پەرلەمانتاری هەیە، دووەمیان ١٣٨. پاش ئەوانیش پارتی کۆمۆنیستی هیندی دێت، کە ٤٣ پەرلەمانتاری هەیە. ئەم پارتە زیاتر ماویستییە. لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک سەندیکای کرێکاری و پیشەیی و هونەری و کولتووری هەن. دیارە ٥ سەندیکا لە هەموویان بەهێزترن. بەتایبەت سەندیکای BMS (Bharatiya Mazdoor Sangh) کە زیاترە لە ٢,٧٦٩,٥٥٦ ئەندامی هەیە.

٦- کشتوکاڵ

هەر لە دێرزەمانەوە هیندستان بەوڵاتی بەهارات و بۆن و سەوزایی ناسراوە. گەورەیی ڕووبەری ئەم وڵاتە و، بوونی ئاووهەوایەکی شێدار و باراناوی، بووەتە هۆی ئەوەی بەرهەمێکی زۆری هەمەجۆری کشتوکاڵی لێ بەرهەم بهێنرێ. ئەمڕۆ ٥٩٪ خەڵکی هیندستان بە کشتوکاڵەوە خەریکن. بەشێکی زۆری بەهاراتی جیهان لەم وڵاتەوە بەرهەم دەهێنرێت. ئەمڕۆ هیندستان دووەمین بەرهەمهێنی (برنج، گەنم، چا، لۆکە)ی جیهانە. دیارە جگە لە چەندان بەرهەمی تری وەکو (جۆ، پەتاتە، پاقلەمەنی، میوە و سەوزە). ئەمەش سامانێکی باشی ئابووریی هیند پێک دەهێنێ.

۷- سینەما Bollywood

هەموومان بەخۆشییەکی زۆرەوە سەیری فیلمە هیندییەکانمان دەکرد. بەشێکی زۆرمان بە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی سینەمای هیندی سەرسام بووین، بەتایبەت (دارا مەندەر، ئەمیتا باباجان). لە پاش هۆلیودی ئەمەریکا، بۆلیودی هیندی دێت. سینەمای هیندی بووەتە یەکێک لە مونافیسە سەرەکییەکانی هۆلیودی ئەمەریکایی. ئەمڕۆ شەوانە بەشێکی زۆری خەڵکی ئاسیا و ئەفریقیا، سەیری فیلمی هیندی دەکەن. ساڵانە فیلمێکی زۆری بەرهەم دەهێنرێ. ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتە ٩٣٤ فیلم، بەڵام ئەمساڵ ٨٠٠ فیلم. واتە ڕۆژانە نزیکەی دوو بۆ سێ فیلم بەرهەم دەهێنرێ. ئەمەش بەرهەمێکی زۆرە. هەر ئەم سینەمایەش لە ڕووی کولتوورییەوە بەسامانێکی بەهێزی نیشتمانی دادەنرێ و یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم زلهێزە نوێیە.

۸- تیڤی و ڕۆژنامە

لەوانەیە لاتان سەیر بێت، گەر بڵێم زۆرترین فرۆشی ڕۆژنامە بەزمانی ئینگلیزی لە هیندستانە. ڕۆژنامەی Times of India ڕۆژانە ٢ ملیۆن فرۆشی هەیە. ژمارەی خوێنەری ڕۆژنامە و کۆوار و کتێب لە هیندستان، ساڵی پار گەیشتە ٢٢٠ ملیۆن کەس. ئەمەش ژمارەیەکی ئێجگار زۆرە. زیاتر لە ٥٥ هەزار ڕۆژنامە و کۆوار، بە زیاتر لە ١٠٠ زمان بڵاو دەکرێتەوە. زیاتر لە ٥٠٠٠ ڕۆژنامەی ڕۆژانە هەیە. ئەمەش نیشانەیەکی باشە بۆ دڕوستیی ئازادیی بیروڕا.

تیڤی، هۆکارێکی تری ڕاگەیاندنی هیندستان پێک دەهێنێ. خەڵکێکی زۆر سەیری تیڤی دەکەن. هەر بۆیە زیاتر لە ٤٠٠ کەناڵی تیڤی لەو وڵاتەدا هەیە.

۹- دووەمین وڵاتی جیهان لە ڕووی دانیشتوانەوە

ئەمڕۆ هیندستان دووەمین وڵاتی جیهانە لە ڕووی دانیشتوانەوە. بوونی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانیش، لەلایەکەوە بە خاڵی بەهێزی هیند دەژمێردرێ. بوونی ژمارەیەکی زۆری هێزی کاری هەرزان، وای کردووە کە ساڵانە سەدان کۆمپانیای جیهانی ڕوو بکەنە ئەم وڵاتە و سەرمایەگوزاریی تێدا بکەن. لەلایەکی تریشەوە ئەم ژمارە زۆرەی خەڵک بووەتە بازاڕێکی گەورەی جیهانیش. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئابووریی هیند ئەوەیە کە پشت بە بازاڕی ناوەخۆ دەبەستێت، هەر ئەمەش وای کرد کە هیند لە هەردوو کێشە گەورەکەی ئابووریی جیهان لە ساڵی ١٩٩٨ و ساڵی ٢٠٠٨، کەمتر زیانی بەربکەوێت.

خاڵە لاوازەکانی ئەم زلهێزە نوێیە

پاش ئەوەی کە خاڵە بەهێزەکانم دەستنیشان کرد، پێم خۆشە بەکورتی باسی خاڵە لاوازەکانیش بکەم. چونکە هیندستانیش وەکو هەموو وڵاتێک خاڵی لاوازی خۆی هەیە، دیارە گەر چارەسەریان نەکات، ناتوانێت هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێ.

١- کێشە ناوەخۆییەکان

بوونی چەندان ئاین و نەتەوەی جیاواز

ئەوەی جێگەی ترس و دڵەڕاوکێیە، بوونی ئەو هەموو ئاین و نەتەوە جیاوازەیە کە لە هیندستانە. ئەمەش وای کردووە کە ڕۆژانە کێشە و ئاژاوەی جۆراجۆر دروست بێت. بەتایبەت لە نێوان هیندۆس و ئیسلامەکاندا، چەندان جار وڵاتی بەرەو ترسی شەڕی ناوەخۆ بردووە. بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دوایدا شەڕی نێوان ئەم دوو ئاینە زۆر بووە. لەلایەکەوە ڕۆژانە هەستی نەتەوەپەرستی و ئاینی لای هیندۆسەکان بەهێز دەبێت، ئەمەش کاردانەوەی خراپ لای موسڵمانەکانی ئەم وڵاتە دروست دەکا. لە پاش ئەندەنووسیا و پاکستان، هیندستان زۆرترین موسڵمانی جیهانی تێدا دەژی. دیارە ئیسلام مێژوویەکی دێرینی لەم وڵاتەدا هەیە، بۆ ماوەی شەش سەدە لەلایەن موسڵمانە مەغۆلییەکانەوە داگیر کرابوو. ئەمەش ڕق و کینەیەکی مێژوویی لە نێوان هیندۆسی و موسڵمانەکانی هیند دروست کرد. پاشان ئینگلیزەکان هێندەی تر ئاگریان بەم ڕق و کینەیەدا کرد، بەتایبەت پاش ئەوەی ساڵی ١٩٤٧ کێشوەری هیند بەسەر پاکستان و هیندستان دابەش کرا، زیاتر لە ١ ملیۆن کەس گیانیان لەدەست دا زیاتر لە ١٥ ملیۆن کەس ئاوارە بوون. ئیسلامەکان بۆ پاکستان ڕایان کرد، هیندۆسیش بۆ هیندستان. لە پاش دروستبوونی پاکستانیشەوە، هێندەی تر ئاگری شەڕی تایەفەگەری دروست بوو. خاڵێکی تریش بوونی دەوڵەتە ئیسلامییە تووندڕۆکانی کەنداو بەتایبەت سعوودیە، هێندەی تر ئاگری ئەم شەڕەی خۆش کرد. سعوودیە هەتاوەکو ئەمڕۆش ناهێڵێت هیندۆسی لە سعوودیە کار بکەن، تەنیا ڕێگە دەدات موسڵمانەکان لەم وڵاتەدا کار بکەن، ئەمەش هێندەی تر هیندۆسەکانی تووڕە کرد. لەلایەکی ترەوە سعوودیە یارمەتیی پاکستان و هێزە تووندڕۆ ئیسلامییەکانی هیند دەدات. خاڵێکی

هەوالنامەی کێشتر

تر وەکو لە پێشیشەوە ئاماژەم پێ کرد دروستبوونی گیانی نەتەوەپەرستی و تایەفەگەری هیندۆسی، بەتایبەت پاش دروستبوونی پارتی (بەهاراتا جاناتا BJP) هێندەی تر ئاگری شەڕەکە تیژتر بوو. ساڵی ١٩٩٢ ئەندام و لایەنگرانی ئەم پارتە چوون مزگەوتی سوور (بابری)یان سوتاند، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی شەڕێکی خوێناویی نێوان هیندۆس و موسڵمانەکان لەم وڵاتە. دیارە جگە لە موسڵمانەکان، سیخ و کریستییەکانیش زۆرجار تووشی جەنگی تایەفەگەری لەگەڵ هیندۆسەکان بوون. ساڵی ١٩٨٤ ئەندێرا گاندی لە دژی سیخەکانی ئەو وڵاتە شەڕێکی خوێناویی بەرپا کرد، لە ئەنجامدا زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار سیخ بوونە قوربانی و بەشێکی زۆری پەرستگە و شوێنە پیرۆزەکانیان سووتێنران. لێ ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە، هێشتا ئاسۆی دەوڵەتی مەدەنی بەرقەرارە. جێگەی ئاماژەیە سەرۆک وەزیرانی ئێستا هیند Dr. Manmohan Singh سەر بەئاینی سیخە. هەتا چەند ساڵێکیش لەمەوپێش، سەرۆکی هیندستان موسڵمان بوو، ئێستاش جێگری سەرۆک Mohammad Hamid Ansari سەر بەئاینی ئیسلامە.

ڕاستە هەتاوەکو ئەمڕۆش شەڕەکە زۆر توند نەبووە، لە هەمان کاتیشدا هێشتا حوکمی یاسا و دەوڵەتی مەدەنی بەرقەرارە و ئاین لە دەوڵەت جیا کراوەتەوە، ئاینییانە ترسیان بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە هەیە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا بوونی ئەم شەڕە تایفی و ئاینییانە ترسیان بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە هەیە.

هەژاری

ڕاستە ئابووریی هیند لەم چەند ساڵەی دواییدا گەشەی باشی کرد، لێ ئەم گەشەیەش لەسەر حیسابی هەژاران بوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سنووری نێوان هەژاران و دەوڵەمەندەکان زیاتر دەبێت. ئەمڕۆ نزیکەی ٧٦٪ هیندییەکان کە ژمارەیان دەگاتە (٨٣٦ ملیۆن کەس) ژیانێکی مەمرە و مەژی دەژین. ٢٢٪ هیندییەکان کە ژمارەیان دەگاتە (٢٣٧ ملیۆن کەس) ڕۆژانە بە ١٢ ڕوپیە (١،٣ دۆلار) دەژین. واتە ژێر هێڵی هەژاری دەژین. بەتایبەت جووتیارەکان هیند لە حاڵەتێکی ئێجگار خراپدا دەژین، بەشێکی زۆریان بەهۆی نەخۆشی و قەرزارییەوە خۆیان دەکوژن. لە ماوەی ١٤ ساڵی پێشوودا ١٤٠ هەزار جووتیاری هیندی بەهۆی قەرزاری و بێ دەرامەتییەوە خۆیان کوشتووە. لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بەکارهێنانی پەینی کیمیایی، سااڵنە هەزاران جووتیاری هیند تووشی نەخۆشیی کوشندە دەبن و گیان لە دەست دەدەن. بەشێکی زۆری ئەو مادەد کیمیاییانە، ژەهری کوشندەیان پێوەیە، جووتیارە هیندییەکانیش هیچ بەرگێکی تایبەتی دژە کیمیاییان نییە تا لە بەری بکەن، هەر بۆیە بەشێکی زۆری ئەو مادە ژەهراوییانە دەچێتە لەشیانەوە. جێگەی ئاماژەیە لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا بەشێکی زۆری ئەو جۆرە مادانە قەدەخە کراوە، بەڵام کۆمپانیا ئەوروپاییەکان لە هیندستان دەیفرۆشن و قازانجێکی باشیش دەکەن. بەتایبەت کۆمپانیا گەورەکانی ئەڵمانی وەکو (Bayer,BASF,Roche). گاڵتەجارییەکە لەوەدایە هەندێک بازاڕی ئەورووپایی لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەرهەمی جلوبەرگی هیندییان قەدەغە کرد بەبیانووی ئەوەی

هەوواڵنامەی کێبڕکێ

لۆکەی هیندی مادەی کیمیایی زۆری تێدایە!. هەر خۆشیان ئەو مادە کیمیاییانە بەو ولاتە دەفرۆشن.

نەخۆشی

ڕاستە حکوومەتی هیند لە پاش ڕزگاربوونی، هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی بەسەر کێشەی نەخۆشی زاڵ بێت. ڕاستە توانی لەشکرێکی گەورە لە دوکتۆر و برینپێچ و زانا و پسپۆڕی تەندروستی پەروەردە بکات. لە هەمان کاتیشدا توانی ژیانی خەڵکی درێژتر بکاتەوە، بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٠ درێژی تەمەن ٥٠ ساڵ بوو. لێ ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتە ٦٣ ساڵ. مردنی منداڵانیش ساڵی ١٩٧٠ بۆ هەر ١٠٠٠ منداڵێک، ١٣٤ منداڵ دەمردن. بەڵام ساڵی ٢٠٠٤، گەیشتە ٦٠ منداڵ. لەگەڵ هەموو ئەم پێشکەوتنەشدا، بەڵام هێشتا لە هیندستان نەخۆشیی (کۆلێرا، سیل، مەلاریا، نەخۆشیی دڵ) زۆر بڵاوە. لەم چەند ساڵەی دواییشدا بەشێوەیەکی ئێجگار ترسناک نەخۆشی ئایدز بڵاو بووەتەوە. لەلایەکی ترەوە بودجەیەکی ئێجگار کەم بۆ تەندروستی دادەنێن، هەمووی دەگاتە ٣،٢ ٪ هەموو بودجەی حکوومەت پێک دەهێنێ. ئەم بودجە کەمەش بۆ ئەو هەموو نەخۆشییە زۆرانەی هیند، ئێجگار کەمە.

خراپیی باری منداڵان

نیوەی منداڵانی هیند بەدەست کەمخۆراکییەوە دەنااڵێنن. هەر بۆیە ساڵانە ٢،١ ملیۆن منداڵ لە هیندستان دەمرن. لە هەمان کاتیشدا بەشێکی زۆری منداڵان، کاری گران و ڕۆژانەیان پێ دەکرێت. هێشتا کاری منداڵان، لە زۆر شوێنی هیندستاندا ئاساییە. ئەمەش ڕێژەیەکی ترسناکە بۆ ولاتێک، کە دەیەوێ ببێتە زلهێزی نوێی جیهان.

خراپیی باری ژنان

ڕاستە ئاینی هیندۆسی، چەندان پەیامی مرۆڤدۆستانەی لەگەڵ خۆی بۆ جیهان هێنا. بەتایبەت لەبارەی ئاشتی و برایەتی و دژی توندڕەوی. لێ بەداخەوە بۆچوونێکی ئێجگار خراپی لەبارەی ژنانەوە هەیە. هەتاوەکو ئەمڕۆش ژنان لە باربێکی خراپدا دەژین لە زۆر بواری ژیاندا دەچەوسێنرێنەوە، بەتایبەت لە بواری خوێندن و کارکردندا. ساڵی ١٩٨٠ یەکەمین خۆپیشاندانی ژنان دژی چەوساندنەوەی پیاوان کرا. جێگەی ئاماژەیە پارتی کۆنگرێس چەند هەنگاوێکی باشی نا لە بواری خزمەت بەژنان، لێ نەیتوانی وەکو کۆمۆنیستەکانی چین ژنان لە دەستی پیاوان ڕزگار بکات. لە بەشێکی زۆری لادێکانی هیندستاندا، کاتێک منداڵێک لەدایک دەبێت، گەر کچ بێت دەیکوژن، بەتایبەت لە باکوری ولاتدا. هەر بۆیە زۆر لە ڕێکخراوەکانی ژنان، بەجینۆسایدی ژنان لە هیندستان وەسفی دەکەن. لەبەرئەوەشە ژمارەی ژنان لە ژمارەی پیاوان کەمترە. ساڵی ٢٠٠١ بەرامبەر هەر ١٠٠٠ پیاو ٩٣٣ ژن هەبوون. ئەم ڕێژەیەش ئەنجامی خراپی باری ژیانی ژنانە لەم ولاتەدا. دیارە لێدان و سووکایەتی و سزادان لە زۆربەی ماڵەکاندا لە دژی ژنان دەکرێت. لە

هەواڵنامەی گێتێ

هەندێک لادێی هیندستاندا دەشیانفرۆشنەوە و بازرگانییان پێوە دەکرێ، هەروەکو زەمانی کۆیلەیەتی کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت. هەرچەندە حکوومەتیش لە زۆر شوێندا ناهێڵێ، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە کۆنترۆڵی ئەم دیاردەیە بکا.

بوونی سیستەمی کاست

بەداخەوە یەکێک لە خاڵە خراپەکانی تری ئایینی هیندۆسی، بوونی سیستەمی کاستییە. کە کۆمەڵگە بەسەر چەند چینێکی بەرز و ناوەڕاست و نزم دابەش دەکات. سیستەمی کاستی هیندی لە چوار چین پێک دێت.

یەکەمیان Brahmanen، واتە چینی مامۆستا و خوێندەواران، کە ئەرکیان ئەوەیە خەڵکی تر فێری خوێندن و نووسین و رۆشنبیری بکەن. دووەم چین Ksatriyas واتە شەڕوانەکان، کە ئەرکیان پارێزگاریکردن و بەرگریکردنە لە گەل و نیشتمان. سێیەمینیان. Vaisyas واتە چینی بازرگان و جووتیارەکان. کە ئەرکیان ئەوەیە خواردن و پێداویستی خەڵکی ئامادە بکەن. بەڵام ئەمڕۆ زیاتر جووتیاران خۆیان لە چینی چوارەمدا دەبینەوە کە پێیان دەڵێن Sudras کە چینی کرێکاران و هەژاران دەگرێتەوە، ئەمانەش زۆرەکو خزمەتکاری ئەوانی تر ناو دەبرێن. هەرچەندە لە پاش ڕزگاربوونی هیندستان بەپێی دەستووری هیند سیستەمی کاستی هەڵوەشاندەوە، بەڵام هەتاوەکو ئەمڕۆش لە زۆر شوێندا کاری پێ دەکرێ. خۆی لە خۆیدا بوونی ئەم جۆرە سیستەمە، کە بەرگێکی ئایینی و پیرۆزیان پێ داوە، زیانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی گەورەی بە هیند گەیاندووە.

خراپیی سیستەمی ئیداری و بیرۆکراتی و گەندەڵیی حکوومەت

ڕاستە هیندستان وڵاتێکی دیموکراسی و ئازادە، بەڵام ئەم فیلە گەورەیەی حکوومەت، لەشکرێکی گەورەی مووچەخۆری لە خۆی کۆ کردووەتەوە. هیندستان خاوەنی گەورەترین

مووچەخۆری حکوومەتییە لە جیهاندا. زیاتر لە ٣٠ ملیۆن مووچەخۆری حکوومەتیی هەیە. ئەمەش ژمارەیەکی ئێجگار ترسناک و گەورەیە. لەگەڵ ئەوەی کە ئەم ژمارە زۆرەی مووچەخۆرەی هەیە، کەچی کاروباری حکوومەتیش باش نابرێت بەڕێوە. تەنیا ١٥٪ ی هیندییەکان لە کاروباری ئیداری ڕازین. بیرۆکراتی هێندە قێزەون و زەرەرمەندە، کە بەپێی یەکێک لە لێکۆڵینەوەکان، بۆ ئەوەی موعامەلەیەکی ئیداریی بەڕێوە بچێت، ١٤٢٠ ڕۆژی دەوێت تا جێبەجێ دەکرێت. لەلایەکی ترەوە هیند زۆرترین ڕێژەی مامۆستای لە جیهاندا هەیە، ژمارەیان دەگاتە ١٢ ملیۆن. بەشی زۆریان مووچەیەکی ئێجگار کەمی مانگانە وەردەگرن، هەر بۆیە بەشێکی زۆریان لە پاش دەوام، وانەی تایبەتی بەپارە بەخوێندکاران دەڵێنەوە.

لە ڕووی دادوەریشەوە، لە زۆر شوێندا دادوەرەکان گەندەڵی دەکەن، حوکمی یاسا بەرقەرار ناکەن. لە هەمووشی خراپتر بوونی ژمارەیەکی کەمی دادوەرانە. سالآنە ٨٠٪ گرتییەکان دەبێت بۆ ماوەی زیاتر لە سالێک بوەستن تا لە دادگە دەدرێن. زیاتر لە ٢٥ ملیۆن کێشەی جۆراوجۆر هێشتا چاوەڕێی حوکمی دادگە دەکەن. سالآنە ١٤ ملیۆن کێشە دەچنە دادگەوە، کە بەشێکی زۆریان دەبێت بۆ ماوەی چەند سالێک بوەستن.

گەندەڵی

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئەمڕۆی ژیانی سیاسی و دادوەریی هیند گەندەڵییە. لە زۆربەی دەزگا حکوومەتییەکاندا، گەر پارە نەدەیت، بچووکترین کاری ڕۆژانەت بۆ ناچێت بەڕێوە. گەندەڵی بەشێکی زۆری دەزگا حکومەتییەکانی هیندی گرتووەتەوە. لە هەمان کاتیشدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ڕۆڵی بازرگان و دەوڵەمەندەکانیش زیاد دەبێت. وەکو یەکێک لە بازرگانەکانی هیند بەئاشکرا وتی (حکوومەت لە گیرفانماندایە). بەشێکی زۆری سیاسی و دادوەر و ئەفسەری پۆلیسی، پارە و دیاری لە بازرگانەکان وەردەگرن. گەندەڵییش یەکێکە لە ترسە گەورەکان بۆ ژیانی سیاسی و ئابووریی هیند، گەر چارەسەر نەکرێ، لە داهاتوودا زیانی زۆر بەم وڵاتە دەگەیەنێ.

٢- کێشە دەرەکییەکان

پاکستان یان پیسستان

ئینگلیزە داگیرکەرەکان پاش ئەوەی بۆ ماوەی چەندان سالآ وڵاتە دەوڵەمەندەکەی هیندیان دزی و تالآن کرد. پاش ئەوەی بەدڕندەترین شێوە، گەلی هیندیان چەوساندەوە. ئاگری ڕق و کینەیان دانەمرکایەوە، پاش ئەوەی بەجێشیان هێشت، گەورەترین کێشەی ئابووری و کۆمەلآیەتی و سنوورییان بۆ بەجێ هێشتن. یەکێک لەو سیاسەتە نەگریسانەی کە ئینگلیزە دڕندەکان پەیڕەویان دەکرد، (فرق تسد) هیندۆسی لە دژی ئیسلام، سیخ، مەسیحی، دەکردن بەگژ یەکتریدا. ئەمەش تەمەنی ئەوانی درێژتر کرد. لە پاش ئەوەی بەیەکجاری ملی داگیرکەری و خوێنمژییان شکاند و کۆتا بەحوکمی نەگریسی ئەوان هات، ئینجا کەوتنە داڕشتنی پلانێکی تر لە دژی ئەم گەلە مەزنە.

ئەوە بوو هیندستانیان لە نێوان ئیسلام (پاکستان و پاکستانی ڕۆهەڵات، پاشتر بوو بە بەنگلادیش)، هیندۆسی بۆ هیندستان دابەشکرد. هەر ئەم دابەشکردنەش شەڕێکی نەبڕاوەی لە نێوان هیند و پاکستان دروست کرد. هەتاوەکو ئێستا دووجار شەڕ لە نێوان پاکستان و هیندستان ڕووی داوە. یەکەمیان ساڵی ١٩٤٧ تا ١٩٤٩ دووەمیان ساڵی ١٩٦٥ دیارە هۆکاری سەرەکیی هەردوو شەڕەکەش هەرێمی کشمیرە، کە پاکستان بەکەڵگایی دەیەوێت لە هیندستانی بستێنێ. گاڵتەجاڕی لەوەدایە ناوی پاکستان واتە وڵاتی (پاک). بەڵام ئەم وڵاتە لەوەتەی دروست بووە، ئەوەی پێی بڵێیت پاکی تێیدا نییە. ئەمڕۆ وڵاتی پاکستان بووەتە جێگەی ترس و ناخۆشی بۆ هەموو دراوسێکانی، لە پێش هەموشیانەوە هیند وئەفغانستان. لەلایەکی تریشەوە ماوەی چەندان ساڵە بووەتە کانیاوێکی قێزەون بۆ دروستبوونی بیری ئیسلامی تووندڕۆی و تیرۆریستی. هەرچی قاعیدە و تاڵیبان، ئیسلامییە تووندڕۆکانی جیهان هەیە، لە پاکستان لەدایک بوون. جێگەی ئاماژەیە کاتی خۆشی ئینگلیز پاکستانی بۆیە دروست کرد بۆ ئەوەی هیچ کاتێک هیندستان ئیسراحەت نەکات و هەموو کاتێک لە کێشە و شەڕدا بێت. دەبێت ئەوەش بڵێم کە پاکستانییەکان بەتایبەت پارتی ئیسلامیی پاکستان، هەموو کاتێک دۆستی نزیکی ئینگلیزە داگیرکەرەکان بوون. لە پاش ڕزگاربوونیشیان زیاتر پشتگیریی ئەمەریکای ڕۆئاوایان دەکرد، بەپێچەوانەی هیندستانەوە کە زیاتر لە سۆڤیەت نزیک بوو. هیند یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی دەوڵەتانی بێلایەنی جیهان. لە هەمان کاتیشدا پشتگیریی گەلانی چەوساوەی جیهانیشی دەکرد، لەدژی داگیرکەرانی یارمەتیی مادی و سیاسی و مۆراڵی دەدان. بەداخەوە جگە لە کورد یارمەتیی هەموو گەلانی ژێردەستەی جیهانیان دا. پاکستان بەپێچەوانەوە هەموو کاتێک لە سەنگەری ئیمپریالیستی جیهانی بوو، یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی حلفی سەنتۆ کە زیاتر لە دژی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد دروست بوو. هەر بۆیە بەدڵنیاییەوە گوناهە ناوی پاک لەم وڵاتە بنرێ.

ئەمڕۆ پاکستان بەیەکێک لە ترسە گەورەکان، بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی گەلی هیندی مەزن دادەنرێ.

چین

لە پاش ڕزگاربوونی هەردوو وڵات لە دەستی داگیرکەرانی بێگانە، هیوای ئەوە دروست بوو کە ئەم دوو وڵاتە مەزنە ببنە بنەمایەکی بەهێز بۆ ئەوەی سیستەمێکی جیهانیی نوێ دوور لە سۆڤیەت و ئیمپریالیستی ئەمەریکایی دروست بێت. ئەوە بوو هەردووکیان بەشداریەکی ڕژدیان لە کۆنگرەی باندۆنگی ١٩٥٥ کرد. ئەم کۆنگرەیەش بوو بەبەردی بناغەی ڕێکخراوی گەلانی بێلایەن، کە هەردوو سەرۆک وەزیران نەهرۆی هیند و Zhou Enlai چین، ڕۆڵی سەرەکییان بینی.

لێ بەداخەوە پاش چەند ساڵێک سیاسەتی تووندڕۆیانەی ماو، لەسەر هەرێمی تیبت، هەردوو وڵات لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٢ شەڕێکی نەگریسیان هەڵگیرساند. پاشتر دانەدانی سەرۆکی تیبتییەکان دەلای لاما، لەلایەن هیندستانەوە. هێندەی تر چینی تووڕە کرد.

هەولێر ئاڵەمی کێبن

هەوڵەکانی ئاشتی

لێ پاش ئەوەی کۆتا بەڕێژیمی ماو هێنرا، ئەوە بوو دینگ خیاوپینگ هاتە سەر کار و بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٨١ هەردوو ولآت لەسەر سنوور، گفتوگۆی ئاشتییانەی دەست پێ کرد. ئەم دانیشتنەش سوودی باشی هەبوو، کەمێک شەڕی ئیعلامی لە نێوان هەردوو ولآت کەم کردەوە. ساڵی ٢٠٠٥ بۆ دووەم جار گفتوگۆی تر کرا، ئەوە بوو چین هەندێک لە ناوچە سنووریەکانی کە پێشتر داگیری کردبوون دایەوە بەهیندستان. لە ٢٠٠٦/٠٦/١٦ بۆ یەکەم جار سنووری وشکانیی هیمالایە لە نێوان هەردوو ولآت کرایەوە. ئەمڕۆش هەردوو ولآت پێوەندییەکی باشی بازرگانی لە نێوانیاندا هەیە. ساڵی ٢٠٠٨ گەیشتە نزیکەی ٣٧ ملیارد دۆلار.

بە بڕوای من وەکو پێشتریش لە کتێبی (چین زلهێزی نوێی جیهان) ئاماژەم پێ کردووە، چین و هیندستان پێکەوە دەتوانن گەورەترین ڕۆڵ لەسەر شانۆی جیهان بگێڕن. پێکەوە دەتوانن بەڕە لەژێر پێی ڕۆئاواییە ئیمپریالیستەکان دەربکەن. هیوادارم لە داهاتوودا ئەم گرژی و ناخۆشییە لە نێوانیاندا نەمێنێ.

٣- کێشەکانی وزە

کارەبا

کارەبا بەیەکێک لە خاڵە گرینگەکانی ئابووریی جیهان دادەنرێ. لێ هێشتا هیندستان نەیتوانیوە بەسەر ئەم خاڵە بەهێزەدا زاڵ بێت. تەنیا ٥٥,٨٪ ماڵە هیندییەکان کارەبایان هەیە. لە شارەکان کەمێک باشترە دەگاتە نزیکەی ٨٣٪ بەڵام لە لادێکاندا ٤٣,٥٪. کارەبا کوژانەوەش بووەتە ڕۆتینێکی ڕۆژانە. کارەبا بەیەکێک لە کێشە گەورەکانی هیند دەژمێردرێ. هەرچەندە لەم بوارەدا حکوومەت چەندین هەوڵی ڕژدی داوە، بەڵام هێشتا کەمە.

نەوت

ڕاستە لە هیندستان نەوت هەیە، بەڵام بەشی ناوەخۆی ناکات. ئەمڕۆ ڕۆژانە هیند پێویستی بە ٢,٤٥٠ ملیۆن بەرمیل نەوت هەیە. بۆ ئەوەی ئەم ڕێژە زۆرەشی دەست بکەوێت، دەبێت لە بازارەکانی جیهان نەوت بکڕێ. بەتایبەت ولآتانی کەنداو.

گەر هیندستان بیەوێ بەم شێوەیەی ئێستای ئابووری گەشە بکا، ساڵانە ئابووریەکەی بە ڕێژەی ٨٪ گەشە تۆمار بکات، ئەوا پێویستییەکی ئێجگار زۆری بە کارەبا و نەوت و گاز دەبێت. ئەمەش بەیەکێک لە خاڵە لاوازەکانی هیند دەژمێردرێ، چونکە ئەم ولآتە لەم سامانە سروشتییانە زۆر هەژارە.

٤- کێشەی ژینگە

لە پاش گەشەسەندنی ئابووریی هیندستان، ژینگە بەشێوەیەکی ترسناک پیس دەکرێت. لەلایەک

هەوڵنامەی کێشە

خراپیی سیستەمی ئیداری و گەندەڵی، لەلایەکی تریشەوە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان، هۆکاری پیسبوونی ژینگەن لە هیند. تەنیا لە ١٦٪ ماڵە هیندییەکان سیستەمی ئاوەڕۆی باشیان هەیە. بەشێکی زۆری ڕووبارەکانی هیند، بەهۆی پاشەڕۆی خەڵکی و کارگەکان، پیس بوون و زیانی بۆ سەر ژیانی خەڵکی هەیە. لەلایەکی ترەوە کارگەکان هیچ پەیڕەوی یاساکانی ژینگەپارێزی ناکەن. ساڵی ١٩٨٤ گەورەترین کارەسات ڕووی دا، کاتێک کارگەیەکی گەورەی کیمیایی ئەمەریکایی Union Carbide Corporation (UCC) لە شاری Bhopal، سووتا. بووە هۆی مردنی ٧٠٠٠ کەس و پاشتریش ١٥ هەزار کەسی تریش بەهۆی کاریگەریی ئەو کیمیاییەوە مردن. هەتاوەکو ٢٠ ساڵیش پاش ئەو ڕووداوە هێشتا کاریگەریی کیمیایی ترسی بۆ ژیانی خەڵکی مابوو. جێگەی ئاماژەیە هیچ کاتێک نە ئەمەریکا و نە ئەو کۆمپانیایە، نەچوونە ژێر باری بەرپرسیاریەتییەوە. زۆر بەویژدانێکی ئاسوودەوە، کارەساتەکەیان خوڵقاند و پاشانیش گەڕانەوە بۆ ئەمەریکا. ئەم کارەساتە لە پاش ڕووداوی چێرنۆبڵیندێنی سۆڤیەت، گەورەترین کارەساتی ژینگەیی بوو لە جیهاندا. گاڵتەجاڕی لەوەدایە ئەمەریکا و ڕۆئاوا، ڕەخنەیان لە سۆڤیەت دەگرت کەچی خۆیان هیچ یارمەتیی هیندستانیان نەداو خۆشیان نەکرد بە خاوەنی

کورد و هیندستان

هەموومان وتە بەناوبانگەکەی پێشەوای مەزنی هیند، جەواهیر نەهرۆمان لەبیرە، کاتێک لەدژی تورکە توندڕۆ و سیاسەتە فاشیستەکەی مستەفا کەمال، بەدێرێک ڕەخنەیەکی ئێجگار گرینگی ئاراستەی ئەم دەوڵەتە کرد. نەهرۆ دەڵێت:

«پێم سەیرە گەلێک پێشتر خۆی چەوساوە بووبێت و خەڵک بکات لە دژی داگیرکەرانی. کەچی کاتێک ڕزگاری بوو، کەوتە ئازاردان و چەوساندنەوەی گەلێکی تر، کە کوردیان ناوە».

هەر ئەم ڕەخنەیەی نەهرۆ بووەتە وێردی سەر زمانی زۆر لە پسپۆڕانی بواری کوردۆلۆجی. ئەم ڕستەیە خزمەتێکی باشی پێشکێش بەگەلی کورد کردووە. جێگەی خۆیەتی من لێرەدا سوپاسێکی گەورە ئاراستەی ئەم پێشەوا مەزنەی هیند بکەم.

هەروەک پێشتریش باسم کرد، هیندستان لە پاش ڕزگاربوونی، بوو بەدایکێک بۆ پشتگیریکردنی گەلانی چەوساوەی جیهان. لێ بەداخەوە هیچ یارمەتییەکی مادی و سیاسی و ئابووریی گەلی کوردی نەدا. بگرە پاش مردنی نەهرۆ و هاتنە سەر کاری کچەکەی (ئەندیرا گاندی)، بەپێچەوانەی باوکییەوە هەڵسوکەوتی کرد. ئەم ژنە یەکێک بوو لە دۆستە نزیکەکانی ڕێژیمی بەعسی فاشیستی عێراق و سووریا. بەشێکی زۆری ناپاڵمەکانی سوپای عێراق، لە کارگەکانی هیند دروست کراون. لە هەمان کاتیشدا بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی UN، لەسەر چەکی کیمیاوی عێراق. بەشێک لە کۆمپانیاکانی هیندستان، مادەی کیمیایی و ژەهراوییان بەڕێژیمی بەعس فرۆشتووە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئێمەی کورد دەتوانین سوود لەم کیشوەرە مەزنەی جیهان

ببینین. بەتایبەت لە بواری (کۆمپیوتەر و هـای تێک). کە هیند زۆر لە ڕۆئاوا پێشکەوتووترە. لە هەمان کاتدا دەتوانین سوود لە زانکۆ مۆدێرنەکانی هیند ببینین. خوێندکاران بۆ ئەو زانکۆیانە بنێرین. لەلایەکی ترەوە ئێمەش وەکو هەموو وڵاتانی تر، سوود لە پسپۆڕ و زانایانی هیند ببینین. لە هەمان کاتیشدا، ئەزموونی هیند بۆ ئێمە زۆر گرینگە. چونکە ئەوان بە قۆناخێکدا تێ پەڕیون، کە ئێستا کورد خۆی تێدا دەبینێتەوە. سیستەمی یاسایی و دادوەری و سیاسیی هیند، بۆ ئێمە زۆر گرینگە. لە زۆر ڕووەوە وڵاتی کوردستان لە زۆر حاڵەتدا لە هیند دەچێت. بوونی چەندان زمان و نەتەوە و ئاینی جیاواز. دەتوانین بۆ ئەم کێشانە سوود لە دەستووری هیند وەربگرین.

لە ڕووی نەخۆشخانەشەوە، ئەمڕۆ لە ئەوروپا و ئەمەریکا، خەڵکێکی زۆر بۆ چارەسەری نەخۆشی دەچنە هیندستان. چونکە زۆر باشە و نرخیشی زۆر هەرزانە. ئێمەش دەتوانین بۆ چارەسەری نەخۆشەکانمان، خەڵکی لە جیاتی بۆ ئێران و تورکیا بنێرین، کە دوژمنی کوردن و نەخۆشەکانیش باش چارەسەر ناکەن. باشترە نەخۆشەکانمان بۆ هیندستان بنێرین.

دوا وشە

هەروەک یەکێک لە پسپۆڕەکانی ئەڵمانیا وتی (بمانەوێ یان نا، هیند هەر دێت). واتە هەر دەبێت بەزلهێزی نوێی جیهان. بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە چۆن و چی نوێی پێیە. لە هەمان کاتیشدا ڕاستە هیند لە بواری های تێک و کۆمپیوتەردا هەنگاوی باشی ناوە و ئابووریی هیندیش دڵخۆشکەرە. بەڵام لە هەمان کاتدا هیند بەدەست کۆمەڵێک کێشەی جۆراجۆرو ترسناکەوە دەناڵێنێت. بەدڵنیاییەوە گەر نەتوانێ ئەم کێشانەی چارەسەر بکات، ناتوانێ چیی تر هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت. دیارە گەر بمانەوێت لەسەر کێشوەری مەزنی هیندی شارەزاییی تەواومان هەبێت، پێویستیمان بە چەندان کتێب و لێکۆڵینەوە هەیە. من لێرەدا تەنیا تیشکێکم بۆ سەر ئەم کیشوەرە مەزنە نووسیوە. هیوادارم توانیبێتم، خزمەتێک بەخوێنەرانی کوردزمان کردبێت.

سەرچاوەکان:

1- www. Wikipedia .de. Indien

2-www.bpb.de.Indien

3-Indien. Informationen296 /3Quatral.2007.Bundeszentrale für Politische Bildung. Bonn

4- Indien. Aus Politik und Zeitgeschichte . 22Mai.2008.Bundeszentrale für Politische Bildung. Bonn .

5- Indien. www.auswaertiges-amt.de

6. Indien. www.globalisierung. insm. de.

٧- الهند.. عوامل النهوض وتحديات الصعود. مركز الجزيرة للدراسات-قسم البحوث والدراسات. محرر الملف: محمد عبد العاطي .www.aljazeera.net

٨- چین زلهێزی نوێی جیهان. ئەردەلان عەبدوڵا. چاپی یەکەم. دەزگای ئاراس. هەولێر. ٢٠١٠

لە وڵاتێکی تر

ئێرنست هێمنگوەی[1]

شەڕ هەرگاڤ لە کاتی پایزاندا دەقەومان؛ بەڵام ئێمە چیی تر تێیاندا نەدەگلاینەوە. پایزی میلانۆ سارد بوو و ڕۆژیشی زۆر زوو لێ ئاوا دەبوو. کاتێ کە گلۆپەکانی سەرشەقامەکان دادەگیرسان، سەیرکردنی خیابانەکان لە کولانکەکانەوەڕا خۆش دەبوو؛ لەیستۆکی[2] فرە چەشن بەسەردەڕەی دووکانەکانەوە هەڵدەواسران. بەفر نەرم نەرم دەکەوتە سەر کەوڵی ئەو ڕێوییانەی کە کلکەکانیان لەگەڵ شنەی با دەهەژانەوە و ئەملا و ئەولایان دەکرد. گێوییە چوستەکانیش، لە برسان، بە گرانی دەجووڵانەوە. باڵندەی چکۆڵە چکۆڵەش لەگەڵ (با)دا بڵند دەبوونەوە و پەڕەمووچەکانیشیان دەنوشتانەوە. پایزێکی سارد بوو؛ با لە کێوەکانەوەڕا هەڵی دەکرد.

ئێواران کە تازە تاریکی زەویی دەئامێز دەگرت، ئێمە دەچووینە ئەخۆشخانە. بۆ چوونە ئەخۆشخانەش چەند ڕێگەیەکی جیاواز هەبوو کە هەر هەموویان بەناو شاردا ڕەت دەبوون! دوو لەو ڕێگەیانە قەرە بەقەرەی دوو جۆگەلەدا دەڕۆیشتن. بەڵام هەردووکیان دوور بوون. چارەمان نەبوو؛ بۆ ئەوەی بچووبایە خەستەخانەکە، دەبوو بەسەر یەکێک لەو سێ پردانەدا بپەڕیبایەوە کە لەسەر جۆگەکاندا کرابوون. ژنێک شابەڕووی برژاوی لەسەر یەکێک لەو پردانە دەفرۆشت. کە دەمانکڕی، دەست و گیرفانی گەرم دەکردینەوە.

بیمارستانەکە چەندە کۆن بوو، ئەو ئەوەندەش جوان بوو! لە دەروازەیەکییەوەڕا دەچووینە ژوورێ، بەناو هۆڵێکدا ڕەتمان دەدا و لە دەروازەیەکی ترەوەڕا دەرباز دەبووینە دەرەوە. شیوەن و گریان و سەردوولکە لێدان هەموو کات لەناو ئەو هۆڵەدا دەستی پێ دەکرد! بەشە تازەکانی نەخۆشخانەکە لە بەرد دروست کرابوون و کەوتبوونە پشتی چینە کۆنەکانەوە. ئێمە هەموو ئێواران لەوێ کۆ دەبووینەوە. هەموومان مرۆڤی ڕووناکبیر بووین؛ باس و خواسی هەموو دنیامان دەهێنا گۆڕێ. لەسەر ئەو ئامێرانە

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مامکاک

دادەنیشتین کە بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی ئێمە تەرخان کرابوون.

دوکتۆرەکەمان هاتە کن ئەو مەکینەیەی من لەسەری ڕوونیشتبووم. لێی پرسیم: (پێشی ئەو شەڕە، زۆر ئارەزووت لە چ بوو؟ وەرزشت دەکرد؟)

گوتم: بەڵێ! تۆپێنم دەکرد.

گوتی: باشە! دیسان لە جاران چاکتر یاری دەکەی.

من ئەژنۆم نەدەنوشتاوە. قاچیشم تا دەگەیشتە گۆزینگم، بێ کڵاوەچۆک، ڕاست ڕاکشابوو! ئەرکی ئامێرەکە ئەوە بوو زانۆم بنوشتێنێتەوە و وای لێ بکا کە بجووڵێتەوە. سواربوونی ئامێرەکە وەکو سواربوونی پایسکلێکی سێ پێچکە بوو. ئامرازەکە دەگەیشتە ئەو جێیەی لاقم، کە پێویست بوو بچەمێتەوە. ئیدی بۆ خۆی دەهەژایەوە؛ کەچی لنگم نە بای لێ بوو نە باران! هەروەک خۆی بەڕاکشاوی دەماوە.

دوکتۆرەکە گوتی: (ئەمانەت هەموو لە بیر دەچنەوە! تۆ گەنجێکی بەختەوەری و وەک پاڵەوانێکیش دووبارە تۆپێنبازی دەکەیەوە.)

لەولاتری من مەکینەیەک هەبووکە مێجەرێکی لەسەر دانیشتبوو دەستی مێجەرەکە وەک دەستی منداڵان بچووک بوو. لەناو دوو پارچە کەوڵی درێژدا پێچرابووەوە. مەکینەکە ڕای دەهەژاند و پەنجە درێژەکانی بە یەکتری دادەدان. دوکتۆرەکە ڕووی خۆی لە من وەرگێڕا و زەینی دەستی مێجەرەکەی دا.

مێجەر پرسی: «کاپتن، دوکتۆر، ئاخۆ منیش دانێی تۆپێنم پێ دەکرێ؟» بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ، مێجەرەکە گەورەترین و نەقۆڵاترین شمشێروەشێنی ئاڵایی بوو.

ژووری دوکتۆرەکە لە پشتەوە بوو، جا دوکتۆرەکە چوو لەوێ وێنەی دەستێکی هێنا. وێنەکە هێندە لاواز بوو کتومت دەستی مێجەر بوو! بەڵام دەستی مێجەر ئێستا بەهۆی لە مەکینەدانی ئەستوورتر خۆی دەنواند. مێجەرەکە بەدەستە ساغەکەی وێنەکەی وەرگرت، بەوردی تێی ڕاما، ئینجا پرسی: بڕینە؟

دوکتۆرەکە گوتی: لە کاری پیشەسازیدا ئاوای لێ هاتووە.

مێجەرەکە گوتی: «زۆر نایابە، زۆر نایابە!» پاشان دایەوە دەستی دوکتۆرەکە.

– متمانەت پێی هەیە؟

مێجەرەکە گوتی: «نا!»

سێ کوڕی تریش هەبوون هەموو ڕۆژێک دەهاتن. هەرسێکیان هاوزێی من بوون و خەڵکی میلانۆ بوون. یەکێکیان دەبوو ببێتە پارێزەر و ئەوی تریان دەبووایە ببێتە نیگارکێش و ئەوەکەی تریشیان خۆی بۆ سەربازی ئامادە کردبوو. جاروبار کە لە مەکینەکان قورتارمان دەبوو هەموو وێکڕا بەپیاسە دەگەڕاینەوە بۆ «کافێ کۆڤا» کە دەرگەکەی بە دەرگەی «سکالا»وە بوو. ئەگەر هەر چوارمان پێکڕا باینا، ئەوە دەوێراین بەڕێگە نزیکەکەی ناو گەڕەکی کۆمیۆنیستەکاندا ڕەت ببین. چونکە ئێمە ئەفسەر بووین؛ دانیشتوانی ئەوێ گەلەک ڕقیان لە ئێمە دەبووەوە. هەندێ جاران کاتی کە لەوێوە ڕەتمان دەدا،

لە ناوەوەی مەیخانەیەکەوەڕا بەتەغار جنێومان بۆ دەهات. کوڕێکی تریش هەبوو ناوە ناوە لەگەڵماندا دەهات و بەئەوەوەڕا دەبووینە پێنج کەس. ئەو کوڕە هەردەم ڕووی خۆی بەدەسماڵێکی ئاوریشمی ڕەش دادەپۆشی؛ چونکە دفنی نەمابوو و دەبوو دەموچاوی بنیات بنرابایەوە. ئەو پێنجەمینەمان هەرکە یەکەمین جار، لە ئەکادیمیای سەربازییەوە گەیشتە بەرەی شەڕ، سەعاتێکی نەبرد کە بریندار کرا. ڕووی کوڕەکەیان ساز داوە. ئەو کوڕە لە بنەماڵەیەکی خانەدان بوو، کەپووەکەی وەکو خۆی لێ نەهاتەوە؛ بۆیە چووە ئەمەریکای باشوور و لەوێ لە بانکێکدا دەستی بەکار کرد و ئیدی ئێمە هیچ خەبەرێکی ترمان لێیەوە بۆ نەهات و نەشمانزانی پاشان چی بەسەر هات. تاقە شتێک کە ئێمە دەمانزانی ئەوە بوو کە شەڕ و کوشتار هەر بەردەوام بوو، بەڵام چیی تر ئێمە تێی نەدەئاڵاینەوە.

لە کوڕە ڕوخسار بەپەڕۆ ئاوریشمە ڕەشە پێچراوەکە بترازێ، هەر چوارەکەی ترمان یەک چەشنە مێداڵمان وەرگرتبوو. ئەویشیان بۆیە وەبەری نەکەوتبوو چونکە زۆر لە بەرەی شەڕ نەمابووەوە. کوڕە ڕەنگ زەردە باڵبەرزەکەش، ئەوەی کە زۆری نەمابوو ببێتە پارێزەر، کرابووە سەرداری (ئاردیتی)یەک، سێ مێداڵی لە هی ئێمەی وەرگرتبوو؛ ماوەیەکی دوور و درێژ لەگەڵ مردندا ژیا بوو، بەدەگمەن لە بەرەکانی شەڕدا دوور خرابووەوە. ئێمە، لە نەخۆشخانەکە بەیەکتری گەیشتنمان بترازێ، هیچ پێوەندییەکی ترمان بە یەکەوە نەبوو، پاش نیوەڕۆیان لەوێ گرد دەبووینەوە. بۆیە کاتێ کە بەو شەقامە ناهەمواری شاردا ڕەتمان دەدا و بارەو (کۆڤا) شۆڕ دەبووینەوە، دەبوو هەر بەتاریکاییدا بڕۆین. ڕووناکی و دەنگی گۆرانی گوتن لە مەیخانەکانەوەڕا دەهاتنە دەرەوە. هەندێ جار کە ژنان و پیاوان لەسەر پێڕۆی شەقامەکاندا خڕ دەبوونەوە، دەبوو ئێمە دابەزیبایە سەر شەقامەکە، ئەگینا ناچار دەبووین پاڵیان بدەین تا لێیان دەرباز ببین؛ بۆیە لەکەرخی ئەوانەی کە ئێمەیان خۆش نەدەویست، تۆند یەکترمان دەگرت و وامان دەنواند کە کارەساتێک ڕووی داوە و ئەوان نازانن چییە!

ئێمە خۆمان حەزمان لە کۆڤا بوو. کۆڤا خۆش بوو، گەرم بوو، زۆر ڕووناکیش بوو، هەندێ دەمیش پڕی غەڵبەغەڵب بوو؛ دووکەڵ هەموو لایەکی دادەپۆشی. هەموو کات کچان لەسەر مێزەکاندا هەبوون. چەندان دیمەنی قەشەنگیش لە هەوراز خەلانەیەکی، بەقەد دیوارییەوە هەڵواسرابوون. وەکو بۆم ئاشکرا بوو کچۆڵەکانی ناو کۆڤا گەلێ نیشتمانپەروەر بوون؛ بگرە لە هەموو هاوڵاتیانی ئیتاڵیا وڵاتپارێزتر بوون. لەو باوەڕەشم کە هەنووکەش هەر وەسا بن!

کوڕەکان زۆر بەڕێزەوە تەماشای مێداڵەکانی منیان دەکرد. تا ئەو کاتەی کە لێیان پرسیم چۆن مێداڵەکانم وەرگرتووە و منیش بەڵگەنامەکانی وەرگرتنی مێداڵەکانم نیشانیان دا. لاپەڕەکان زۆر بەڕەوانی نووسرابوونەوە و بەقسەی قەڵەوی واتای خۆبەختکردن ئاخندرابوون. بەڵام ئەگەر ئەو سوخەتانەی کە باس کرابوون لێیانت بسڕیبانایەوە، بەڕاشکاوی ئاشکرا دەبوو کە من بۆیە ئەو مێداڵانەم پێ درابوون چونکە ئەمەریکایی بووم و بەس! لە پاش ئەمە هەرچەندە لە دڕی بیانییەکان لایەنگری ئەوانیشم دەکرد، بەڵام هیچ چارەی نەبوو؛ ڕەوشتیان لە ئاست مندا گۆڕا! ڕاست بوو، هاوڕێیان بووم، بەڵام ڕاستتر ئەوە بوو کە لە دوای خوێندنەوەی ئەو هەموو پێداهەڵگوتنەدا، بۆیان سەلما کە من هەرگیز وەک یەکێک لەوانم لێ نەدەهات! بەشان و شەوکەت هەڵدادانەکەی من لە هی

ئەوان جیاواز بوو! هینەکەی ئەوان وەکو ئەوەکەی من نەبوو. ئەوان فرە ئەرکی جۆراوجۆریان ڕاپەڕاندبوو تا مێدالّەکانیان وەدەست هێنابوو. ڕاستە من بریندار بووم؛ بەلّام هەموومان لەو ڕاستییە ڕاستترمان دەزانی، ئەویش ئەوە بوو کە من بەقەزاوقەدەر زامدار بووبووم. لەگەلّ هێندێش هەرگیز شەرمم بەبرینپێچەکانم نەبوو. زۆرجارانیش کە کۆکتێلێکم هەلّدەقۆراند وام دەزانی کە من هەر هەموو ئەرکەکانی ئەوانم ڕاپەڕاندووە و مێدالّەکانیش هەر هەموو من خۆم وەریانم گرتوونە! بەلّام کاتی چوونەوە مالّەوەم بەشەو، کاتی تێپەڕبوونم بەناو ئەو خیابانە چۆلّ و هۆلّانە و بەو بایە سارد و بەو هەموو دووکانە داخراوانە و بەتێکۆشانی مانەوەم لە نزیکی ڕووناکاییی ئەلەتریکەکانی شەقامەکاندا، ئەمانە هەموو ئایەخیان دەکردمەوە و دلّنیایان دەکردم کە نەخێر من هەرگیز ئەو تەحرە کارانەم نەکردووە و پڕ لە مردنیش دەترسم و زۆر کەڕەتیش هەیە کە بەشەو دەکەومە ناو نوێنەکەمەوە، لەخۆڕا دەترسێم بمرم و لێکیش دەدەمەوە و دەڵێم: (دەبێ ئەمجارە کە دەمبەنەوە بۆ بەرەی شەڕ...چ بقەومێ؟)

سێ کەسە خاوەن مێدالّەکان بەبازی ڕاوێ دەچوون، بەلّام من هەرگیز وا نەبووم! هەرچەندە دەلوا کە ئەو کەسانەی هەرگیز نێچیریان ڕاو نەکردووە من بەبازی ڕاو بشوبهێنن؛ بەلّام سێ کەسەکە شارەزا بوون و دەیانزانی کە من هەرگیز وانیم. هەر ئەمەش بووبووە هۆی لەیەکتری جودابوونەوەمان. برادەرایەتییەکی چاکم بەتەنیا لەگەلّ ئەو کوڕەدا هێشتەوە کە لە یەکەم ڕۆژی چوونە بەرەی شەڕدا بریندار کرابوو؛ ئەویش بۆیە چونکە تا ئێستاش نایەوێ بزانێ من چۆن ئاوام لێ هاتووە و بۆ خۆیشی باسی خۆی ناکا؛ بۆیەش لەلای ئەوانی تردا باسم نەدەکرا! منیش بۆیە خۆشم دەویست چونکە وێ نەدەچوو کۆششی ئەوە بکا تا ئەویش ببێتە بازێکی تر!

مێجەرەکەی کە جاران نەقۆلّاترین شمشێروەشێنی ئیتالّیایی بوو باوەڕی بەئازایەتی نەبوو زۆربەی ئەو کاتانەش کە ئێمە لەسەر مەکینەکان دادەنیشتین مێجەر ڕێزمانەکەی بۆ چاک دەکردمەوە. لێی ڕاهێنابووم چۆن بەئیتالّیایی بئاخڤێم. وێکڕا بەئیتالّی، زۆر بەسانایی، دەئاخاوتین. ڕۆژێک بە زمانی سووتاو گوتم: زمانی ئیتالّیایی زۆر ئاسانە؛ بۆیە من زۆر چێژی لێ وەرناگرم! قسەکردنی پێ گەلەک ئاسانە.)

مێجەر گوتی: ها! بەلّێ؟ ئەگەر وایە تۆ بۆچی فێری ڕێزمانەکەی نابی؟

ئینجا دەستمان بەفێربوونی ڕێزمانەکەی کرد. هەر زوو بۆم ئاشکرا بوو کە زمانی ئیتالّی گەلەک یێ قورسە؛ بۆیە بەر لە ئاخاڤتن هەموو جارێک دەبوو گرامەرەکە تاووتوێ بکەم بیبێژم ئینجا بیڕێژم. دلّنیامە مێجەرەکە باوەڕی وابوو کە هیچ سوودێک لە ئامێرەکان وەرناگرێ، بەلّام هێشتا هەموو ڕۆژێک لە یەک دەمدا دەهاتە نەخۆشخانەکە و هەرگیز ڕۆژێکیش دوا نەدەکەوت!

هەموو وامان لێ هاتبوو باوەڕمان بەئامێرەکان نەمابوو. ڕۆژێکیان مێجەرەکە چیی تر دانی پێ بەخۆیدا نەگیرا و هەرچی دەباخەلّێیدا بوو هەمووی بەگۆڕێ وەرکرد و گوتی: «ئەم شتانە هەر هەموویان بەبێ سوودن.» مەکینەکان هەموو تازە بوون؛ دەبوو ئێمە بسەلێنین کە سوودگەیێن بوون. مێجەر گوتی: ئەمە گێلایەتییە. هەموو بیردۆزەکان وەکو یەکترین.

من فێری ڕێزمانەکە نەبووم. مێجەرەکە پێی گوتم کە گوایە پیاو لە هوڕایەتیی من شەرمەزار دەبێت.

بەڵام چونکە مێجەر خۆی بێ هۆش بوو؛ بۆیە خۆی لەگەڵ منداڵ ماندوو دەکرد. مێجەرەکە پیاوێکی وردیلە بوو. بەقیتی لەسەر کورسییەکەی خۆی ڕووەنیشت. چاوی دەبڕییە دیوارەکەی بەرانبەر خۆی. دەستی هەر لەناو ئامێرەکەدا بوو، بەرز و نزمی دەکردەوە و قایش و قڵۆشەکانیش پەنجەکانیان هەڵدەپەڕاند. پرسیاری لێ کردم: ئەگەر ئەم شەڕە کۆتاییی بێت تۆ خۆت بەچ خەریک دەکەیت؟ هەڵەی ڕێزمانی نەکەی، ها!!

– دەچمە وڵاتە یەکگرتووەکان.

– ژنت هاوردگە؟

– نەخێر، بەڵام ئومێدەوارم.

بەتووڕەییەوە گوتی: لە تۆ حۆلترم نەدیتووە، پیاو نابێ ژن بێنی، نا!

– لەبەر چ، سنیۆر ماگیۆر؟

– بانگم مەکە سنیۆر ماگیۆر.

– بۆ چی نابێ پیاو ژن بێنی؟

بە تووڕەییەوە گوتی: نابێ ژن بێنی، واتا نابێ ژن بێنی. چونکە ئەگەر پیاو ناچاریش بوو هەموو شتێکی لە دەست بدا، هەرگیز نابێ خۆت بدۆڕێنی. پێویستە بەدوای شتێکدا بگەڕێی کە لە دەستی نەدەی، ئەو شتە بدۆزیتەوە کە نەیدۆڕێنی.)

زۆر بەتوند و تووڕەییەوە قسەی دەکرد و چاوی ڕێبووە پێشەوەی خۆی.

– بۆ پیاو دەبێ بەزەروورەت لە دەستی بدات؟

مێجەر سەیری دیوارەکەی دەکرد و گوتی: (لە دەستی بدا.) پاشان سەری خۆی دانواند، زەینی خۆی دایە مەکینەکە. دەستە چکۆلەکەی خۆی بەپەلە لەناو قایش و ئاوزێنەکەدا دەرکێشا و شەقێکی بەتوندی خێواندە ڕانیەوە و بەنەرمەهاوارکردنێکەوە گوتی: دەیدۆڕێنێ و چیی تریش دەودەوانێم لەگەڵدا مەکە. پاشان بانگی ئەو کابرایەی کرد کە مەکینەکانی بەگەڕ دەخستن و گوتی: وەرە ئەم قوزەڵقورتە ڤەمرینەوە.

بۆ بەتیشک چارەسەرکردن و شێلان، مێجەر چووە ژوورێکی تر. جا گوێم لێی بوو لە دوکتۆرەکەی خواست ئەگەر بتوانێ تەلەفۆنەکەی بەکار بهێنێ و ئیدی دەرگەکەی داخستەوە. کە گەڕاوە ژووری، من چووبوومە سەر ئامێرێکی تر. مێجەرەکە پەستەکێکی لەبەر کردبوو و کڵاوێکیشی لەسەر نابوو. یەکسەر هاتە نک ئامێرەکەی منی لەسەر دانیشتبووم. بەدەستە ساغەکەی لە ئامێزی گرتم. گوتی: زۆر زۆر داخوازی لێبووردنت لێ دەکەم.

سێ چوار جاران تەپەی لە پشتمەوە هێنا.

دووبارە گوتی: من نەگەرەکمە کە دڵڕەق بم. بەڵام هاوسەرەکەم لەمێژ نییە مردووە. تکایە بمبووڕە.

منیش بەزەییم پێیدا هاتەوە و گوتم: حا! من لێبووردن لە تۆ دەخوازم.

لێم دوور کەوتەوە و لچی خۆی کرۆشت و گوتی: زۆر زەحمەتە تا لێی ڕادێم.

لە کولانکەکەی پشت منەوەڕا چاوی دایە دەرەوە و دەستی بەنزگران کرد: بەڕاستی بەخۆم ناوەستم.

هەر ئەو هێندەی پێ گوترا و قوڕگی گیرا و ئیدی نزگرە بەدوای نزگرەی لێ هات و سەری هەڵبڕییەوە و چاوی لە مۆلەق وەستا و ئەشکی بەسەر هەردوو ئەنیدا هاتە خوارەوە. دیسان لچی خۆی کرۆشت و قیت قیت بەلای دەزگاکەی منداڕەت بوو و لە دەرگەدا چووە دەرەوە.

پاشتر دوکتۆرەکە تێی گەیاندم کە ژنە مردووەکەی مێجەر گەلەک منداڵ بوو. تا ئەو ڕۆژەش کە مێجەریان بەهۆی زامدارییەوە لە شەڕ دوور خستەوە، ئەو ژنە هەر لەسەری دانیشت ئینجا پاشان شووی پێ کرد. لە دوای مێردکردنەکەیان ژنەکەی بەهۆی نەخۆشیی سیپەلاکەوە مرد. تەنیا چەند ڕۆژێک نەخۆش کەوت؛ کەس نەبوو لەو باوەڕەدا بێت کە ئەو ژنە ئاوا بەسووک و ئاسانی و زوو مەرگ ئافەرین دەبێت! مێجەر لە پاش مردنی هاوسەرەکەی بۆ ماوەی سی ڕۆژان نەهاتە بیمارستانەکە. پاشان لە کاتی ئاشناییی خۆیدا هاتەوە پارچە قەیتانێکی ڕەشی لە قۆڵی خۆی پێچابوو.

کە مێجەر هاتەوە چەند وێنەیەکی برینی جۆراوجۆر، بەر لە چارەکردن و پاش لە مەکینەدانیش لە چوارچێوەدا گیرابوون و بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوون. لە بەرانبەر ئەو مەکینەیەی مێجەرەکە بەکاری دەهێنا سێ وێنەی دەستیی وەکو دەستی مێجەر بەدیوارەوە بوون. هەموویان بە تەواوەتی چاک بووبوونەوە. نەمزانی دوکتۆرەکە وێنەکانی لە کوێ پەیدا کردبوون؛ من تا ئەو کات هەر وام دەزانی کە ئێمە پێشەنگ بووین و کەسێک بەر لە ئێمەمانان ئەو مەکینانەی بەکار نەهێنابوون. بەڵام هێشتاکە وێنەکان کارێکی ئەوتۆیان لە مێجەردا نەکرد؛ چونکە هەر خەریکی تەماشاکرنی دەرەوەی دەلاقەکە بوو...

پەڕاوێزەکان:

(١) لەبارەی ئێرنست هێمنگوەی

ئێرنست هێمنگوەی (١٨٩٨–١٩٦١) ڕۆماننووسێکی هەرە ناودار و مەزنی ئەمەریکایی بوو. سەرەتای نووسینی بە شیعر دەست پێ کردووە. پاشتر کورتە چیرۆکی داڕشتووە. زۆر لە ڕەخنەگران چیرۆکەکانی لە ڕۆمانەکانی بەبەهاتر دەزانن. تەنانەت ئەو کورتە چیرۆکانەی لە ڕۆمانەبە ناوبانگەکانی وەک (خۆر دیسان هەڵدێتەوە) و (خاتر لە چەک خاستن – ١٩٢٩)ش بەنرختر هەڵدەسەنگێنن.

ڕۆمانە ناودارەکانی هێمنگوەی ئەمانەن:

١– زەنگ بۆ کێ لێ دەدرێ–١٩٤٠

٢– پیرەمێرد و دەریا – لە ١٩٥٢ (پاداشتی نۆبڵ)ی وەرگرتووە.

هێمنگوەی لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا شوفێری ئۆتۆمۆبێلێکی فریاگوزاری بووە. لە بەرەکانی شەڕ، لە ئیتاڵیادا بریندار بووە و لە شاری میلانۆدا تیمار کراوە. ئەم کورتە چیرۆکەی باسی ژیان لە نەخۆشخانەدا دەکات.

(٢) بووکەشووشە، بووکۆکە.

هەواڵنێری کتێب

پێڕست

ئاسۆی واتە. دوکتۆر محەمەد شەریف ئەحمەد 5
کۆماری کوردان لە مەهاباد. ئارکی رووزڤێلتی گچکە. لە ئینگلیزییەوە: عەوف عەبدورەحمان 12
دوا سااڵەکانی مستەفا بارزانی. باڵیۆز: دیڤید کۆرن. لە ئینگلیزییەوە: تاهیر تەیب ئەحمەد... 33
حاجی قادری کۆیی و دڵداری. مەسعوود محەمەد. 56
نامەیەکی ئیسماعیل بێشکچی . لە تورکییەوە: فورات کەلەکچی 82
یەشار کەمال و دۆزی کورد. جەم ئەرجییەس. لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە 85
ئەدەبی کوردی لە یەکەتیی سۆڤیەت. د. تۆسنێ ڕەشید. لە کرمانجییەوە: هۆشی خەیرەدین مراد 100
پۆشاکی کوردی هەم کەلەپوورە، هەمیش ناسنامە. محەمەد فەریق حەسەن 116
جلوبەرگی کوردی لە گەڕنامەی ڕۆئاواییەکاندا 122
فایلی حەسەنکەیف. ئایشە دیدەم بایقاس. لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە 139
گەشتێک بەمێژووی نەتەوەی کورددا. مۆبین د. لە فارسییەوە: فوئاد ڕەحیم 155
شیعر و مانەوەی زمانی کوردی. تاهیر تەیب ئەحمەد (بامکاک) 168
لەبارەی پێوەندییە دەرەکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە. د. مارف عومەر گوڵ 179
شەڕەجنێو، وەک شەڕی سارد!. محەمەد فەریق حەسەن 183
چەمکی "نەتەوە". دوروتەئا وایدینکر. لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر 199
پەیامێک لەبارەی لێبووردەییەوە. ڤۆڵتێر. لە عەرەبییەوە: عەبدورەزاق عەلی 217
قۆناخەکانی کۆکوژیی ئەرمەنییەکان لە مێژووردا. د. ڤاهاکن. لە تورکییەوە: هەوار ئیسماعیل ... 244
کاتێک بەغدا مەڵبەندی زانستیی دنیا بوو. جیم خەلیلی. لە ئینگلیزییەوە: ڕابەر یونس عەزیز 250
موجاهیدینی خەڵق، مەتەڵێکی سیاسەت. لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید 256
بڵاوبوونەوەی جیهاد... . تیمۆسی مایکل. لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح 264
لێبووردەیی ئیسلامی لە نێوان ئەمەریکا و میسردا. ئەحمەد سوبحی. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی 281
لەسەر شەرەفی فادیمە کوشتن و شەرم. ئوننی ڤیکان. لە ئینگلیزییەوە: ئەحمەد ئەسکەندەری 290
سیفەتەکانی خوا خوا لە چی دەچێ؟. کۆمەڵێ نووسەر. لە ئینگلیزییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان 313
پێویستە ئەفغانستان مافەکانی ئافرەتان بپارێزێ. لوورا بوش. لە ئینگلیزییەوە: عومەر عەلی 341
ئافرەتی ئەسینی لە سەردەمی کلاسیکیدا. د. ئیمام عەبدولفەتاح. لە عەرەبییەوە: چنوور نامیق ... 344
سێکسفرۆشی و گەشتەوەریی سێکسی لە کوبا. چارڵز ترامبوول. لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید 355

هەوڵێکی کتێب

ئازادیی بەکارهێنانی ئینتەرنێت. هیلاری کلینتۆن. لە ئینگلیزییەوە: عومەر عەلی غەفوور 381
حکوومەتی ئەلیکترۆنی. سارا بوولنس. لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان 390
مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن. ئەمال عەوێزە. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی 399
بەدەزگابوونی ڕۆشنبیری. سەلاح حەسەن پاڵەوان 420
براوەی خەلاتی نۆبڵی ئاشتیی ساڵی ٢٠١٠. ڕابەر یونس عەزیز 430
"خەلاتی نۆبڵ"ی ئەمساڵ درا بە ماریۆ ڤارگاس یۆسا. لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی 435
ماریۆ ڤارگاس یۆسا. لە ئینگلیزییەوە: تاهیر تەیب ئەحمەد (مامکاک) 440
ئاکۆ غەریب. نووسین و ئامادەکردنی: ئاغالە 447
هەندێک زانیاری لەبارەی ئەکادیمیای سوێدی و "خەلاتی نۆبڵ"ەوە. لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی 465
پەیامی جەستە. دوکتور فازل جاف 477
ئەو ڕۆژەی ئیدی پانورگا دنیای بۆ نایەتە پێکەنین. میلان کوندێرا. لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ 485
ئاریان مونشکین تێڕوانینێکی سیاسی بۆ ڕۆڵی شانۆ. دانا ڕەئووف 505
نابوکۆ پڕۆژەیەک بۆ وزەی نێودەوڵەتی ئا: هاوار بازیان 522
گلۆبالیزم چییە؟. ئەردەلان عەبدولا 531
ئاخۆ هیندستان دەبێتە زلهێزی نوێی جیهان. ئەردەلان عەبدولا 541
لە ولاتێکی تر. ئێرنست هێمنگوەی. لە ئینگلیزییەوە: مامکاک 557

هەولێر کتێب